

بابەت و نووسراوەکانی
هاوڕێ لوقمان زەهرایی
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# نێوەرۆک


## بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ ............ لاپەڕەی......... ١٠

١- کۆنفرانسی "سەربەخۆیی کورد، دێموکراسی و ئارامی ناوچە"

٢- سەفەر بۆ تالینا

٣- با هەڵەکانی ڕابردوو دووپات نەبنەوە

٤- پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران یان بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد

٥- ئایا کورد لە جینوسایدی ئەرمەنییەکاندا تاوانبارە و دەبێ داوای لێبوردن بکا؟

٦- دیالۆگ بۆلە یەکترگەیشتن نەک یەکتر تاوانبار کردن

٧- بناغەکانی حیزبی دێموکرات؟

٨- دەسەڵات، کۆمەڵگا، دێمۆکراسی

٩- هەڵسەنگاندنێک لەسەر قسەکانی د. ئیبراهیم یەزدی، سکرتێری گشتیی "نهضت آزادی ایران"

١٠- کلیلی چارە سەری کێشەی ئەتۆمی ئێران لە دەستی چین دایە

١١- ئێرانی ئەتۆمی

١٢- کوردستان ڕزگار بکەن

١٣- سەردانی عەلی لاریجانی لە ئیسپانیا

١٤- دیپلۆماسی چالاکی ئێران و ستراتیژی دیالۆگ

١٥- وتەکانی د.عەبدوڵڵا ئەبریشەمی و بۆچوونی من

١٦- ناسیۆنالیزم زیندووە ولە هەڵ و مەرجێکی باشدا دەژی وئوروپایی بوون هێشتاش لە خەون دەچێ

١٧- هەڵسەنگاندنێک لەسەر دیمانەیەکی د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی
١٨- کورد و گۆرانکاری لە ئێراندا
١٩- ڕاو و بۆ چوونی "زاوای کوردان" د. عەلی رە زا نوری زادە لە سەر کێشەی سیاسی گەلی کورد
٢٠- نامەی ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێران بۆ جۆرج بوش سەرۆک کۆماری ئامریکا
٢١- کورد بوون یان ئێرانی بوون؟
٢٢- "شیرین عبادی" و تێرۆانینی بۆ مافی کوردان
٢٣- پیرۆزبێ یادی ١٥ساڵەی ڕاپەرینی گەلی کوردستان
٢٤- کۆنفرانسی "سەربەخۆیی کورد، دێموکراسی و ئارامی ناوچە"
٢٥- دێموکراسی و هەژاری (ئەو سەردێرە هی وەرگێری بابەتەکەیە)
٢٦- سەفەر بۆ تالینا

## بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٧............ لاپەڕەی......... ١٣٤

٢٩- هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی ئێران و کوردەکان؟
٣٠- کورد و عەجەم و بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی
٣١- تێرۆریزمی دەولەتی فارس و کاریگەری لە سەرخەباتی رزگاری خوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان
٣٢- تێروانینێک لە سەر ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"
٣٣- چاوخشاندنێک بە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا
٣٤- لێک دابڕان بۆچی و یەکگرتنەوە لە پێناو چیدا؟
٣٥- بۆ شەهیدانی لە قەناره دراوی چوارچرا
٣٦- ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا پلانی هێرشی نیزامی بۆسەر ئێرانی بە دەستەوەیە
٣٧- خۆ نوێ کردنەوە پێویستیکی حەیاتی
٣٨- خۆکوشتنی لاوەکان دابەزیوە بۆ نیوە
٣٩- " تورکیە گۆرانی بە سەردا هاتووە، من نا"

## بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٨............ لاپەڕەی......... ٢٠٢

٤٠- رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا
٤١- خودایە لە بەڵای لابەلا بمان پارێزی
٤٢- حدکا ودروست کردنی رێکخراوی ئاینی؟
٤٣- کورد وکێشەی سەرۆک کۆماری لە ئێران
٤٤- کامەیان بۆگەنیون" ناسیۆنالیزم یان کۆمونیزم"؟
٤٥- چەند سرنجێک لە سەر وتاری "چرا تجزیە طلبی را باید محکوم کرد"
٤٦- بە بۆنەی ١٦هەمین ساڵی تێرۆری میکۆنۆس
٤٧- مانگرتنی زیندانیانی کورد وهەڵوێستی میدیا وحیزبە فارس زمانەکان
٤٨- بەرژەوەندی ئێران وسوریە لە شەڕی نێوان روسیە وگورجستان دا
٤٩- فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو ئاکامەکانی
٥٠- دەهەمین ساڵی شەهید بوونی د.قاسملوو وهەڵوێستی نەتەوەیی گەلی کوردلە رۆژهەڵاتی کوردستان
٥١- کەمپەینی ئازاد کردنی کەمال شەریفی
٥٢- کورتە سرنجێک لە سەربیرەوەریەکانی "جواد علی زادە"،"قفس در قفس"
٥٣- ماموستایانی ئاینی وسۆسیالیزمی دێموکراتیک، کوجا مەرحەبا ؟
٥٤- شەڕی جیهانی بە چەکی ئابوری
٥٥- لە سەرەوە بوونی تەمەنی جان مەککەین بۆتە خۆراکی دەمەتەقە لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا
٥٦- ئۆباما "سەرۆک کۆماری جیهانی"
٥٧- کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاسایشی نەتەوەیی؟
٥٨- "گوناحە، حەرامە،عەیبە"
٥٩- بە یادی ٥٩ خونچە بە ناحەق هەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان، مەهاباد
٦٠- رۆژهەڵاتی کوردستان وپێناسەی خاکەکەی
٦١- تێڕوانینیک لە سەر وتوێژی کاک عبداللە مهتدی لە گەڵ "تلاش آنلاین"

٦٢- کڕنۆش بۆ چوارچرا

٦٣- ئایا سەربەخۆیی تاوانە؟

٦٤- بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

٦٥- تیرۆانینێک لە سەر بۆ چوونەکانی "د.محسن سازگارا" لە مەڕ مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران

٦٦- ئاوڕدانەوەیەک لە پێوەندیەکانی نێوان کۆماری کوردستان و ئازربایجان

## بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩............ لاپەڕەی......... ٣٩٤

٦٧- مەرگی ئایەتوڵلا مونتەزیری، جوڵانەوەی سەوز وعاشورا

٦٨- شانۆگەری مەسخەرەی دڕاندنی وێنەی خومەینی وهەڕەشەی خامنەای

٦٩- پرۆژەی بە ناو "کرانەوەی دێمۆکراسی لە تورکیە" و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی DTP

٧٠- بە بۆنەی ٣٠ هەمین ساڵی داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا لە تاران

٧١- وەزعیەتی کۆماری ئیسلامی دوای ١٧هەمین ساڵی تێرۆری میکۆنوس

٧٢- بە بۆنەی ٣٠هەمین ساڵی فەتوای خومەینی

٧٣- هەڵسەنگاندنی قسەکانی ئایەتوللا خامنەایی لە نوێژی هەینی تاران

٧٤- حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕووداوەکانی ئێران

٧٥- هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران و چەند سرنجێک

٧٦- ڕوانگەی د.قاسملوو لە سەرنەتەوە(ملت) و ناسیۆنالیسم

٧٧- کوردوگەمەی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا

٧٨- چەند سرنجێک لە سەرپەیامە نەورۆزییەکەی پرێزیدێنت ئۆباما

٧٩- تراژیدیای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی ئوروپا وئامریکا

٨٠- "دینی بێ سیاسەت وەکو مرۆڤی بێ خانەولانە وایە" "مامۆستا حەسەن ئەمینی"

٨١- پیرۆزایەتی دەسەڵات لە کۆمەڵگا دا

## بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠١٠ ............ لاپەڕەی......... ٣٧٢

٨٢- پەیوەندیە گرژە دیپلۆماتیەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و بریتانیا

٨٣- بێ ئاکامی کۆبونەوەکانی ژێنف و هەڵوێستی رۆژئاوا

٨٤- پاکستان و مەترسی پەرەئەستاندنی فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی

٨٥- داهاتووی ئەفغانستان و ستراتیژی نوێ ئامریکا؟

٨٦- سیاسەتی شەڕانگێزانەی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست وهەڵوێستی میسر

٨٧- نیگەرانی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ مافەکانی مرۆڤ لە ئامریکا

٨٨- روانگەی جێنشینی ئیمامی زەمان لە هەمبەرچەکی ناوەکی

٨٩- تێرۆریزیمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئامانجەکانی

٩٠- نامە بێ وڵامەکانی ئەحمەدی نژاد بۆ رێبەرانی دونیا

٩١- دەسەڵات وسەڵاحیەتی وەلی فەقی وئەرکەکانی مەجلیسی خوبرەگان؟

٩٢- هەڵوێستی تورکیە بە رامبەربە گەمارۆکانی سەرئێران

٩٣- کۆماری ئیسلامی ئێران ومافی گەلی فەلەستین؟

٩٤- هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئامریکا وئیسرائیل

٩٥- راهێنانی گەنجانی موسولمان بۆدژایەتی کردنی فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی

٩٦- چارەنووسی نادیاری سێ بارمتەی ئامریکایی لە ئێران

٩٧- کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق وچەند سرنجێک

٩٨- بە بۆنەی ساڵرۆژی کودتای سپای پاسداران

٩٩- بە بۆنەی مەرگی بە ناحەقی چوار رۆلەی ئازادیخوازی کورد

١٠٠- بە بۆنەی ٣١ کەمین ساڵی شۆرشی گەلانی ئێران

١٠١- کۆماری ئیسلامی ئێران وسیاسەتی نژاد پەرەستی

١٠٢- دەست لە کارکشانەوەی دیپلۆماتێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی و چەند وتەیەک

## بابەت و نوسراوەکانی سالی ٢٠١١ ............. لاپەڕەی......... ٤٣٣

١٠٣- دونیا ١٠ ساڵ دوای کارەساتی ١١ی سیپتامبر
١٠٤- بۆ شاعیری نەتەوەیی گەل و نیشتمان، مامۆستا هێمن موکریانی
١٠٥- چەند بابەتێک بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٠٦- قەیرانی سیاسی بەحرەین و سیاسەتی ئاژاوەگێرانەی کۆماری ئیسلامی
١٠٧- چاوخشاندنێک بە مەنشوری جوڵانەوەی سەوز
١٠٨- گەردەلوولی دێموکراسی خوازی و دارمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان
١٠٩- بومەلەرزەی سیاسی وڵاتانی عەرەبی و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی
١١٠- خەباتی یەکگرتووی خەڵکی تونس و ڕاونانی دیکتاتۆر

## بابەت و نوسراوەکانی سالی ٢٠١٢ ............. لاپەڕەی......... ٤٦٧

١١١- کۆبونەوەی بەغدا و چەند سرنجێک
١١٢- کۆبونەوەی ئیستانبول و ئاکام و دەسکەوتەکانی بۆ هەردوولاینی بەشدار
١١٣- بە بۆنەی ١٠هەمین ساڵیادی دامەزرانی ماڵپەری گیارەنگ
١١٤- کۆنفرانسی دۆستانی سوریە و قەیرانی پەروەندەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی
١١٥- هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەمی شۆرای ئیسلامی ئێران و ڕۆانگە و هەڵویستی کوردەکان
١١٦- ئێران، ٣٣ ساڵ دوای شۆرشی ١٩٧٩

## بابەت و نووسراوەکانی سالی ٢٠١٣ ............. لاپەڕەی......... ٤٨٩

١١٧- چەند وتەیەک لە مەرِ مەرگی سەرۆک نێلسۆن ماندەلا.

١١٨- چاوخشاندنێک بە ڕێکەوتننامەی کۆماری ئیسلامی و گروپی ٥+١ ..
١١٩- ڕووداوە مێژوویی و سیاسیەکان و کاریگەرییان بۆ سەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی.
١٢٠- چاوخشاندنێک بە شێوازی شێعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس وخستنە ڕووی ڕوانگەکانی شاعیر.
١٢١- بەبۆنەی ٣٣ هەمین ساڵی فەتوای خومەینی.
١٢٢- بە یادی ٥٩ خونچە بە ناحەق هەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان، مەهاباد.
١٢٣- چەند وتەیەک لە مەڕ خۆکاندید کردنی هاشمی ڕەفسنجانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری.
١٢٤- شەڕی گروپە مافیاییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی وهەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.
١٢٥- بە بۆنەی ١٠ ساڵ کاری پڕ بایەخی ماڵپەری گیارەنگ.
١٢٦- جوانێ ماڵاوا. ئامادە کردن و وەرگێرانی بۆ کوردی.
١٢٧- ئەو سێدارەی پێشەوا قازی بۆ ئەبەد بە زیندوویی هێشتەوە.
١٢٨- سەنگسار.
١٢٩- چەند سرنجێک لە سەردانوستاندنی بەرێزئۆجالان و دەوڵەتی تورک.
١٣٠- داوی مەرگ.

## بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١٤ ............ لاپەڕەی......... ٥٦٤

١٣١- "ڕۆژهەڵات میحوەری" و چەند سرنجێک
١٣٢- هەڕەشەی تێرۆریزمی فوندامێنتالیزمی ئیسلامی و ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد
١٣٣- بە بۆنەی ٢٥مین ساڵی تیرۆری ڕێبەری هەڵکەوتوی کورد د.عەبدولرەحمان قاسملوو.
١٣٤- چەند وتەیەک لە سەر کۆمەڵە چیرۆکەکەم
١٣٥- چەند وتەیەک لە سەر ڕۆمانەکەم "شارەکەم، بلێ ڕۆژێک بتبینمەوە؟"
١٣٦- ڕێکەوتننامە شوومەکەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر و ئاکامە کارەساتاوییەکانی بۆ سەر کورد
١٣٧- ئێران ٣٥ ساڵ دوای شۆرشی ١٣٥٧ی هەتاوی
١٣٨- ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ڕوانگەی لە مەڕخویندنی بە زمانی زگماکی.
١٣٩- سووکایەتی کردنی پان تورکیستەکانی ورمێ بە کورد و ناسنامەی کوردی وچەند وتەیەک

١٤٠- مەرگی تراژیکی فەریناز خوسرەوان و هەڵوێستی جەماوەری و نەتەوەیی خەڵکی مەهاباد

١٤١- بیروراو گەلاڵەی پێشنیاریی بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!

١٤٢- هەڵسەنگاندنی دوو چەمکی لێبوردن و ئاشتەوایی نەتەوەیی و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان بۆ سەر کۆمەڵگا

١٤٣- رۆژهەلاتی کوردستان ٧٠ ساڵ دوای کۆماری کوردستان.



# بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٦

## کۆنفرانسی " سەربەخۆیی کورد، دێموکراسی و ئارامی ناوچە"

### بەشی یەکەم

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئامریکا (K.N.C) بە هاوکاری زانکۆکانی هەولێر و سلێمانی لە رۆژی ١٠ی نوامبری ٢٠٠٥ لە شاری هەولێر و دواتریش لە سلێمانی کۆنفرانسی سەربەخۆیی کوردیان رێک خست.

باسەکانی کۆنفرانس لە سێ تەوەر پێک هاتبون کە بریتی بوون " لە یەکەم: کاریگەری رابوونی دەولەتی کوردی لە سەردەولەتانی دراوسێ ودێموکراسی لە ناوچەکە دا، دووهەم: دەولەتی کوردی راستییەکی واقیعییە وگفتگۆ لە سەرچۆنیەتی ئەوڕاستییە و سێهەم: باس لەو کۆسپ وتەگەرانە کە رووبەروی دەوڵەتی کوردی دەبنەوە".

هەلبەت بەشداری هێزە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو کۆنفرانسە دا جێگای سرنج بوو.

لە سەرەتا دا بەش بە حالی خۆم وەکوو کوردێک دەس خۆشی لە بەرێوەبەران وپێکهێنەرانی ئەو کۆنفرانسە دەکەم. پێکهێنانی کۆنفرانسی لەو چەشنە لە مەڕتاوتوی کردن و دیالۆگ لە مەڕ دیاری کردنی چارە نووسی گەلی کورد ودروست کردنی دەوڵەتی کوردی شتێکی گەورە وپیرۆزە. ئەگەر چی ئاکامی کۆنفراس دەسکەوتێکی زەق وبەرچاوی سیاسی بۆ کورد لێ نەکەوتەوە، بەلام باس کردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان لە ژێر چاوەدێری حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان خۆی دەکرێ وەک هەنگاوێکی گرینگ وپیرۆزسەیر بکرێ و دەتوانێ رێگا خۆشکەرێک بێ بۆ

هەنگاوەکانی داهاتوو، تاکوو هێزە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بتوانن زۆرتر لە یەکتر نزیک بکاتەوە ولە بابەت ئەومەسەلە گرینگ وچارەنووس سازە پتر دیالۆگ بکەن کە ئاوات وئارەزووی زۆربەی هەرە زۆری خەلکی کوردستانە.

بێ گۆمان لێک نزیک بوونەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بە تایبەت ئەوانەی بڕوایان بە مافی چارەی خۆ نووسین هەیە، و وەلانانی کێشەکانیان ودارشتنی سیاسەتێکی ستراتیژیک بۆدابین کردنی مافی سەربەخۆیی بۆ گەلی کوردستان پێویستە بکرێتەئاجەندای خەباتی سیاسی و بە هەموویان هەوڵ بدەن کە کێشەی سیاسی گەلی کورد وەکوو کێشەی سیاسی نەتەوەیەک لە جیهانی دەرەوەدا بخەنە بەر باس وکێشەی کورد بە کێشەی نیو خۆی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دانەنێن وبەلکوو وەکوو کێشەی نێونەتەوەیی بخرێتە روو وهەوڵ بدرێ ببرێتە بەردەم نەتەوە یەکگرتۆکان وزەخت بکرێ کە نەتەوە یەکگرتۆکان ئەرکی خۆی لەو پەیوندیە دا بگێرێ وئەو مافە بە نەتەوەی کوردیش بدرێ کە وەکوو هەموو گەلانی دیکەی جیهان لە رێگای رێفراندۆمەوە و بە دوور لە سیاسەتی داگیرکاری و دەست تێوەردانی داگیر کەرانی کوردستان چارەنووسی خۆی دیاری بکا.

دیارە چارەسەر کردنی کێشەی سیاسی نێو هێزەکانی سیاسی کوردستان خۆی دەتوانێ بێتە هۆی بە هێز کردنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەلی کورد داو هەروەها بردنە سەری سەنگ ودەنگی کورد لە دونیا داوبردنە پێشی دۆزی ڕەوای مافی دیاری کردنی چارە نووس بۆ گەلی کوردستان.

ئەمرۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە هەر بەشەی کوردستان بە داخەوە بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی نەتەوەی کورد، سیاسەتێکی هاوبەش بەرێوە نابەن، زۆرتر بەرژەوەندی حیزبی بالی بە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی داکێشاوە. من ڕام لە گەڵ ئەو کەسانە نیە کە دەڵێن هەر بەشەی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە وبە داخەوە کێشەی کورد وەکوو کێشەی یەک نەتەوە سەیر ناکەن. کێشەی کورد کێشەی سیاسی نەتەوی دابەش کراوی کوردە، مەسەلەیەکی فەرهەنگی یان ئابوری نیە کە کاریگەری داگیرکەرانی بە سەرەوە بێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە داگیرکەرانی کوردستان کێشەی کورد وەکوو کێشەی یەک نەتەوە سەیر دەکەن وهەمووکات سیاسەتی هاوبەشیان بۆ لە نێو بردنی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دا بەرێوە بردوە. لە راستی دا کوردستان کۆلۆنێکی لە بیرکراوە.

ئەو رووداوانەی کە لە دوای شەری سارد وهەلوەشانی یەکێتی سۆڤیەت ولە دایک بوونی دەیان دەولەتی نوێ لە سەر نەقشەی جیهان پەیدا بوون وهەلوەشانی یوگوسلاوی بە هۆی شەری قەومی وسەربەخۆیی تەیموری شەرقی وئێستاش کە کۆسۆڤۆ داوی سەربە خۆیی دەکا ولە ژێر چاوەدێری نەتەوەیەکگرتۆکان باس لە داهاتوی ئەو ناوچەیە دەکرێ کە زۆربەی ئالبانی زمانن.

ئێمە بە ئاور دانەوەیەک لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان وتەنانەت هێزەکانی بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ولاتانە بە راست و چەپ و ئیسلامیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن فاشیستانە دژایەتی مافە رەواکانی گەلی کورد دەکەن وبە هەموویان هەولٚ دەدەن دەنگی حەقخوازانەی گەلی کورد کپ بکەن..

با لە پێشدا چاو لە باشوری کوردستان بکەین. لە ماوەی زیاتر لە هەشتا سالٚ وئێستاشی لە گەلٚ بێ عەرەبەکان بروایان بە کێشەی کورد نەبووە و نیە و لە دوای رووخانی حکومەتی سەدامیش وهاتنە سەر وە کاری شیعەکان و لە دەست چوونی دەسەلاتی سونیەکان، سەرەرای کێشەی سیاسی و مەزهەبی نێوان سونە وشیعە، هەر دووک لا دژایەتی کورد دەکەن و داواکاریەکانی کورد بۆ تەنانەت بەشداری هاوبەش لە دەسەلاتدا بە نارەوا دەزانن وهەروا شوونیستانە خۆیان بە خاوەنی هەموو عێراق دەزانن وخاکی کوردستان بە بەشێک لە عێراقی عەرەبی دەزانن و هەر دووک لا هەولیان داوە کە عێراق بەرەو حکومەتێکی ئیسلامی بەرەن، کە بە بروای من تا رادەیەکی زۆرسەرکەوتوون و ئەوە لە دەستوری عێراق دا رەنگی داوەتەوە. سونیەکان هەموو هەولٚیان ئەوەیە کە ئەو جارە بێنەوە نیو دەسەلات و لە رێگای هەلبژاردن خۆیان بخزێنە نێو حکومەت وپارلمان ودیسان زۆر زیاتر لەوەی کە کردویانە دەسکاری قانونی ئەساسی بکەن. پرسیار ئەوەیە کە بەراستی عەرەبەکانی دەسەلاتدار لە عیراق کە زۆربەیان ئیسلامین بروایان بە دێموکراسی هەیە یان نا. دیارە وەلامی ئەو پرسیارە لای من روونە کە ئەویش نایە. ئەمرۆ لە عێراق هێزە ئیسلامیەکان دەوەر دەگێرن وا دەبینین چۆن حکومەتی عەلاوی وجەعفەری نەک هەر هیچیان بۆ گەرانەوەی خەلکی دەرکراوی کەرکوک وناوچە کانی دیکەی کوردستان نەکردوە بەلکوو رۆژ لە گەلٚ رۆژ دەژایەتی بە شیوەی جۆراوجۆر دەکەن بۆسەر نەگرتنتی ئەو رێکەوتنامانەی کە لە گەلٚ هاوپەیمانی کوردستان بەستویانە وهەمان سیاسەتی رێژیمی سەدام بەرێوە دە بەن. لێرە پرسیارێکی دیکە دێتە پێش کە لە دوای هەلبژاردنی ١٥ مانگی ١٢ ئایا ئەوان کە هەر دەسەلاتداری سەرەکی دەبن چ سیاسەتیکی دیکە بە نیسبەت کورد دادەرێژن؟ تۆ بلێ ئەوان بە

کەلک وەرگرتن لە مافی دەنگی زۆرینە وکەمینە لە پارلمان وحکومەتدا، ئەو جارەش مافی کورد پێشێل نەکەن وکورد نەیدۆڕێنێ؟

کورد خۆی بە پەسەند کردنی دەستوری نوێ عێراق ، مافی دیاری کردنی چارەی خۆ نووسینی لە کیس خۆی داوبەهانەی نەماوە کە بلێ زولمم لێ دەکرێ ومافم دەخورێ، چونکە ئەو جارە لە دروست کردنەوەی عێراقی دوای سەدام کورد خۆی دەوری سەرەکی گێراوە وتەنانەت سەرۆک کۆماری ئەمرۆی عێراق کوردە.

بە بڕوای من نەبوونی یەک سیاسەتی هاوبەشی نەتەوەیی لە سەر کەرکوک وناوچە داگیر کراوەکانی دیکەی کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی کە تاکوو ئێستا چارەنووسی ئەو ناوچانە دیار نیە ویەکێک لە هەڵە گەورەکانی هاوپەیمانی کوردستان لە داڕشتنەوەی دەستوری عێراق دا دیاری نەکردنی سنووری کوردستان بوو. دەبۆایە بە هەر جۆرێک بێ سنووری کوردستانیان لە دەستوور دا گونجاندبا. کێشەی کورد بە درێژایی مێژووی خویناوی، کێشەی خاکە کە لە لایەن داگیر کەرانی کوردستانەوە داگیر کراوە وسەروەت وسامانی گەلەکەمان دزراوە،کەوابوو داگیر کەرهەر وا سووک وسادە ئامادە نیە دوو دەستەکی کەرکوک وناوچەکانی دیکە بداتەوە بە کوردان!!! داگیر کەران باش دەزانن کە هاتنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە بۆ باوەشی نیشتمانی دایک واتە کوردستان، چۆن پێگەی کورد لە بواری ئابوری وئینسانی وخاکەوە بە هیز دەکا رێگا خۆشکەری سەربەخۆیی لەو پارچە لە نیشتمانی داگیر کراوی کورد دەبێ. من ئەو کێشەیە زۆر لێل دەبینم. لەو پەیوندیە دا تەنیا عەرەبەکانی عێراق نین کە دژایەتی ئەو کێشە ئالۆزە دەکەن، بەلکۆ دەولەتانی دابەش کەری کوردستان وەکوو بریتانیا و فەرانسە و ئێستاش دەولەتی زلهێزی جیهان، ولاتی ئامریکا و هەروەها ولاتانی عەرەبی وتورکیە وئێران.

کورد لە نێو خۆی دا زۆر ناتەبایە وتاکوو ئێستا زۆری وەدەست نەهێناوە، لە سەردەمی سەدامیش هەر سێ پارێزگای ئێستا بە دەست کوردانەوەیە بە کوردستان ناسرابوو. لە دەستووری نوێ عێراق دا نەک هەر باسی نەتەوەی کورد نەکراوە بەلکوو زۆرتر باس لە خێل وعشیرە کراوە وتەنانەت ئەنفالی گەلی کوردستان وشەهید کردنی هەلەبجە و وێران کردنی ٤٠٠٠ شارو گوندی کوردستان هەرهیچ ئیشارەی پێنەکراوە کە وەکوو سیاسەتی ژێنۆسایدی گەلی کورد چاو لێبکرێ وقەرەبووی ئەو هەموو زەرەرو زیانەی لە گەلی کوردیان داوە بکرێتەوە وداوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن.

وا دبینین چون عەرەبەکانی شیعە وسونە بۆ داسەپاندنی دەسەلاتی ڕەشی خۆیان چۆن خەلکی پێتاوانیان کردۆتە نیشانە وتیرۆریسمی ئیسلامی چۆن دڕندانە عێراقی کردوتە قەسابخانە.
دەستێوەردانی داگیر کەرانی کوردستانیش لە کاروباری سیاسی عێراق خۆی بۆتە هۆی دروست کردنی کێشەی گەورە وبە دۆست زانینی حکومەتەکانی داگیر کەری کوردستان لە لایەن هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستان ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ دەستێوەردانی داگیرکەران لە کاروباری عیراق، بە تایبەت ئێران وتورکیە کە ڕاستەوخۆ دەستیان لە کێشە سیاسیەکانی نێو خۆی عێراق دا هەیە وهەموو هەولیان ئەوەیە کە کورد بە هیچ نەگا. کە وابووبە خۆداهاتنەوەی هێزەکانی کوردی لە پەیوەندیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی وتورکیە زۆر گرینگ وپێویستە. ئەو قسەی من بەو مانا نیە کە بۆیان نیە پەیوەندیا هەبێ، نا، بەلکوو خالە لاوازەکانیان بە هێز بکەن وبوێرانە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی داگیر کەران دا راوەستن وپشت بە گەلەکەی خۆیان ببەستن و هەوڵ بدەن زۆرتر هاوکاری بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن ونەبنە ڕێگرلە بەرامبەر خەباتی هێزە سیاسیەکانی بەشەکانی تری کوردستاندا وئەو راستیە با باش بزانن کە بە نەمان ورووخانی کۆماری ئیسلامی وئالۆگۆر لە سیستمی دەسەلاتی حکومەتی سوریە دا گەلی کورد لە باشوری کوردستان قازانجی یەکجار زۆر دەکا وکورد بەرەو سەربەخۆیی لانی کەم لە و بەشەی کوردستان دەبا.

## کۆنفرانسی "سەربەخۆیی کورد، دیموکراسی و ئارامی ناوچە"

### بەشی دووهەم

ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەشیکی دیکە ی نیشتمانی داگیرکراومان بە چەندین سەدەیە لە ژێر دەسەلاتی فاشیستی فارس دەنالێنێ و هەر دەم کورد لەو بەشەی کوردستان لە سەرەتایترین مافی ئینسانی بێ بەش کراوە وسەرەرای ئەوەی کە خاکەکەی داگیر کراوە وسەروەت وسامانی ولاتەکەشی بە تالان براوە، کورد لە سەرزێدو نیشتمانی خۆی وەکوو پەنابەر ژیاوە.

لە دوای کودەتای سەربازی رەزاخان لە دژی ئەحمەد شای قاجار دواین پاشای قاجارییەکان بە پشتیوانی بریتانیا و بە دەستەوە گرتنی دەسەلات ودواتریش دانیشتن لە سەر تەختی پاشایەتی ئێران و دامەزراندنی بنە مالەی

پاشایەتی پە هلەوی.

رەزا خان بە چاو لێی کردن لە ولاتانی فەرانسە و ئیتا لیا هەولی دا بە قەولی خۆی" دەولەتێکی مۆدێرن" لە سەر ئەساسی یەک ولات و یەک نەتەوە پێک بێنێ.
بەلام ئەو سیا سەتەی رەزا خان لە سەر ئەساسی توانەوەی گەلانی دیکە ئێران لە نێو نەتەوەی دەسەلاتدار، واتە نەتەوەی فارس دارێژرا وهەموو هە ولی ئەوە بوو کە ناسیۆنالیزمی فارس بکاتە هەمە کارەی ئێران ، بۆ ئەو مەبەستەش کەلکی چاکی لە ئاینی شیعە وەرگرت، وەکوو ئاینی سەرەکی ولات. هەر چەند ئەو کات ئاین راستەوخۆ لە دەسەلاتی سیاسی دا نەبوو، بەلام رۆلی ئاخوندە شیعەکان لە ژیانی کۆمەلایەتی وفەرهەنگی خەلک دا زۆر بەرچاو بوو.

رەزا خان لە هەنگاوی یەکەم دا هەوڵی گۆرینی فەرهەنگی خەلکی ئیران داو بۆ ئەو مەبەستەش بریاری دەرکرد کە کەس بۆی نیە لیباسی سونەتی خۆی لە بەر بکا ودەبێ هەموو فێر بن کە کۆتو شەلوار لە بەر کەن وشەبکە لە سەر بکەن.

ئەو هەلوێستەی رەزا خان لە گەڵ بەرەنگاری توندی کوردەکان بەرەو روو بوو، تەنانەت لە ناوچەی سەردەشت "ئۆمەر ئاغای قەلەرەشێ " لە دژی بریاری رەزا خان راپەری. هەروەها رەزا خان بە سەپاندنی زمانی فارسی وەکوو زمانی رەسمی گەلانی ئێران، سیا سەتی تواندنەوەی زمانیش گرتە بەر ولە ئیداراتی دەولەتی وبە تایبەت لە مەدرەسەکان مندالان بێ بەش کران لە قسە کردن  و خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان ، بە تایبەتی رۆلەکانی گەلی کوردستان.

لە بواری سەربازییەوە بە هەزاران سەرباز وژاندارمی دز وپیاو کوژ رەوانەی کوردستان کران وخۆیان بوونە هەمە کارەی ناوچەکە و گەلی هەژار وزەحمەتکێشی کوردیان کردە دیل وبەردەی خۆیان. کەس بۆی نەبوو دژی ژاندارم وئاغاکان گلەیی وگازەندە بکا وهەر جۆرە دژایەتی وراپەرینێک بە کوشتن، زیندان وما ڵ تالان کردن ودەربەدەری وەلامی دەدرایەوە.

ژیانی خەلک لەو پەری هەژاری دابوو، رادەی بێسەوادی یەکجار لە سەرێ بوو، تەنانەت لە شارە کوردنشینەکانیش مەدرەسەی زۆر کەم تێدا بوو، و بە شێوەی جۆراوجۆر پێشی گەشە سەندنی ناوچا کورد نشینەکانیان دەگرت و سیاسەتیان بە دواکەوتویی هێشتنەوەی ناوچە کوردنشینەکان بوو.

ئەو سیاسەتە گلاو وچەپەلانەیە لە لایەن حەمە رەزا شای کوڕی رازاخان درێژەی پێدرا. بە پشتیوانی دەولەتانی ئامریکا و ئینگلیس حەمەرەزا شایان لە جێگای بابی دانا ودەستیان بە سەر نەفتی ئێراندا گرت.

حەمە رەزا شا بە دامەزراندنی دام ودەزگای نوێ وەکوو دروست کردنی سوپایەکی نوێ وبە هێز، بە هەزاران پارچە چەک و تۆپ وتانک وفرۆکەیان کری بۆ سەر کوتی گەلانی ئێران بە تایبەت گەلی خاک داگیر

کراوی کورد. بە لەشکر وسوپای تازەوە هێزی داگیرکەری پە هلەوی کوردستانیا ن زۆر زیاتر لە جاران میلیتاریزە کرد. بە دامەزراندنی سازمانی جاسوسی ناو خۆ بەنێو "ساواک" بە هەزاران ئازادیخوازی کوردیان لە رۆژهەلاتی کوردستان وتەنانەت لە باشوری کوردستانیش شەهید کرد.

لە بواری جوغرافیەوە خاکی کوردستانیان دابە ش دابەش کرد وبەشێکی زۆریان خستە سەر ناوچە ئازەریەکان وەکوو ورمێ و سەلماس و ماکۆوهەموو شارو شارۆچکەکانی دیکە ی ناوچەی ورمێ وناوچەی موکریان کە ئەمرۆ بە " ئوستانی ئازەربایەجانی رۆژئاوا" پێناسە دەکرێ وبەشکەی دیکەشیان خستە سەر ناوچە فارس نشینەکان کە بریتین لە: ئوستانەکانی کرماشان وئیلام و بەشی سێهەمی کوردستانیان ناو نا" ئوستانی کوردستان". هەمان سیا سەتی تەعریب کە تاکوو ئەمرۆش لە سەراسەری کوردستانی گەورە دا بەردەوەمە.

لە بواری بەرێوە بردنی ئیداریەوە، تەواوی کاربەدەستانی ناوچە کوردنشینەکان لە خەلکی ناوچەکانی ئێران بوون، بە تایبەتی تورک وفارس.

لە هەمووی گرینگتر قانونی ئەساسی ئێران هەر پێناسەی نەتەوەی فارسی دەکرد ولە ئێران دا بوونی نەتەوەکانی دیکە بە ئاشکرا حاشای لیکرابوو، هەموو هەولیان سرینەوەی ئاسەواری گەلانی دیکەی ئێران بوو. ناو لینانی زۆر شوێنیستراتژیک بە نێو فارسەکان کراوە، بۆ وێنە " خلیج فارس" کە عەرەبەکان بە "خەلیجی عەرەبی" ناوی لێ

دەبەن.

تەنانەت نێوی ئێستای ئێران لە سەردەمی رەزا خان دا پەیدا بوو، کە لە سەرراسپاردەی رەزاخان بە وەزارەتی دەرەوە، ئەو نێوە لە نێو کۆمەلی نەتەوە یەکگرتۆکان بە رەسمی دانی پیدانرا. دەنا ئێرانی پێش رەزاخان بە "ممالکی محروسه" دەناسرا.

بە هۆی زۆلم وزۆری ودیکتاتۆری حەمە رەزا شا، گەلانی وەزالە هاتوو لە ستەم وجەوری ئەو رێژیمە پۆلیسیە لە سالی ١٩٧٩ راپەرین وشایان بۆ هەتا هەتایە لە ئیران دەرپەراند. بە لام بە داخەوە ئاخۆندە چاو چنۆکەکان جلەوی دەسەلاتیان بە دەستەوە گرتوو، ئەو جار بە نێوی ئیسلام وبرایەتی لە قانونی ئەساسی ئیراندا ،هیچ مافێک بۆ گەلانی دیکەی غەیری فارس قایل نەبوون وئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمامیان لە سەر ئەساسی "ولایت فقیه" دامەزراند وخۆمەینی ببوو بە نوێنەری خودا لە سەرعەرز بە قەولی خۆیان.

ئەو جار گەلانی دیکە ئێران هەم کەوتنە بەر چەوسانەوەی ئاینی وهەم چەوسانەوەی ناسیۆنالیستی فارس کە تاکوو ئیستاش درێژەی هەیە.
کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی بەرەنگاری کۆنە پەرەستی بۆوە وئامادە نەبوو کە زۆلم وزۆری ئاخوندەکان قەبو ڵ بکا.

بە لام ناسیۆنالیسمی کوردی لە بەر لاوازی ولە بەر هۆی مانەوەی شۆرشەکە لە ناوچەیەکی تەسک کراو دا وبوونی کێشەی سیاسی لە نێوان حێزبی دێموکرات وەکوو ئالا هەلگری خەباتی نەتەوایەتی وکۆمەلە وەکوو هێزیکی چەپی رادیکال کە دژایەتی مەسەلەی نەتەوایەتی دەکرد وبە کۆنە پەرەست وسازشکاری ناو دەبرد وخەبات لە دژی ناسیۆنالیزمی کوردی بە قەولی خۆیان بە ڕەوا دەزانی بۆ ڕزگاری چینی کرێکاری ئێران، ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانی گەشە بکا.

لە دوای پاشە کشەی هێزەکانی کوردی دژ بە رێژیم بۆ باشوری کوردستان، بواری سیاسی وسەربازی ئالو گۆری بە سەرداهات.

لە نێو خۆی ڕێژیمیش شەری دەسەلات هەر بەردەوام بووە ،تاکوو مەسەلەی " ٢ خرداد" ی سا لی ١٣٧٦ بە ڕێبەری خاتەمی سەری هەلدا وخەلکیان بە درۆ و دەلەسان لە دەوری خۆیان کۆ کردەوە وماوەی ٨ ساڵ تەمەنی ڕێژیمیان درێژتر کردەوە.

خاتەمی بە شوعاری "جامعە مدنی و مردم سالاری" خەلکی هەلخەلەتاند. ئەو هیچ بەرنامەیەکی بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو شوعارە نەبوو. خاتەمی لە هەموو شوێنێک دەیکوت کە پارێزەری کۆماری ئیسلامی ئێرانە وگوێ بە فەرمانی" ڕێبەری ئینقلابە" .

بە داخەوە کوردیش فریوی قسەکانی خاتەمیان خوارد ولە هەر دوو دەورەی هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری خاتەمی دا دەنگی چاکیان دا. بە شێک لە هێزەکانی کوردی دژی ڕێژیم خەلکیان هان دا کە لە هەلبژاردن دا بەشدار بن، کە بە نەزەری من سیاسەتێکی زۆر هەڵە بوو.

بەلام لەو نێوە دا پێویستە ئاماژە بە دەوری هەلسوراوانی بواری سیاسی لە کوردستان دا بکەین، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە خۆیان بە نێو" ئیسلاح تەلەبی کورد" پێناسە دەکەن. لە راستی دا هەلوێستی ئەو تاقمە هەلوێستێکی نەتەوەیی نەبوو ونیە.

ئەوان بە ئەندام بوون لە حیزبەکانی " مشارکت و سازمان انقلاب اسلامی" دا خزمەتیان بە داگیر کەران کردوە بۆ بەرژەوەندی شەخسی وگروهی خۆیان و هیچ کات دڵسۆزی گەڵ وخاکی خۆیان نەبوون، بە هەلوێست وسیاسەتەکانیان کێشەی سیاسی کوردیان کردوە بە کێشەی ئیداری وفەرهەنگی وبۆ ئیسپاتی قسەکانیان دایم ئیشارەیان بە خالی ١٥ی نێو دەستور وهێندیک خالی بێ مانا وپروپوچی نیو دەستور کردوەو کە فارسەکان خۆشیان هیچ کات بڕوایان پێ نەبۆ و نیە.

لە راستیدا دەوری سیاسەتوانانی کوردی بە گشتی لە دروست کردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە نێو خۆی ئێران و کوردستان دا سیفر بووە. لە بواری فەرهەنگی چالاکیان کردوە، بەلام ئەویش ئەوە نیە کە زۆر جێگای دڵ خۆشکەرە بێ، چۆنکە کێشەی نەتەوایەتی ئامانجی خەباتیان نەبوو، دەبێ بلێم بەشکیان هەر دوورە پەرێز وچاو لێکەری

رووداوەکان بوون وخاوەن هە ڵوێستی نەتەوایەتی نەبوون ،بە تایبەت ڤیشری  ئاکادەمیکی کۆمەلی کوردستان کە هەردەم زۆر خۆ پارێزبوون.

رووداوەکانی باشوری کوردستان لە دوای ڕاپەرین وبە رووخانی رێژیمە سەدامی جینایەتکار، هەستی نەتەوایەتی لە نێو چێنی هەژار وبێ بەشی کوردستان دا، بە تایبەت لە نێو لاوان دا بە هێز کردووە وهەلکردنی ئالای پیرۆزی کوردستان ودانی دروشمی نەتەوایەتی نیشاندەری ئەو راستیانن. راپەرینی خەلکی شاری پێشەوا قازی مەحەممەد لە هاوینی رابردوو لە دوای شەهید کردنی شوانە قادری گەیشتە لووتکە وزۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوەو لاوان نیشانیان دا کە ئامادەی خۆ بە خت کردنن بۆ ڕزگاری نیشتمان لە دەستی داگیر کەر. خۆ پێشاندانی خویندکارانی کوردی زانکۆکانی تاران ئەو هەستە نەتەوەییەی بە هێزتر کردووە.

بە لام ئەگەر چاوێک لە سیاسەتی حیزبەکانی بە نێو ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامی بکەین کە زۆربەیان فارسن وجگە لە جەماعتێکی هەلخەلەتاو کە خۆیان بە کۆمونیستی کریکاری وحیکمەتیست پێناسە دەکەن کوردیشن وبۆ بەرژەوەندی ناسیۆنالیسمی فارس خەبات دەکەن وبێ حورمەتی بە ناسیۆنالیسمی کوردی دەکەن.

هێزەکانی دیکەش بە راست وچەپەوە، کە "سەلتەنەت تەلەب ویان ئیرانیست و جەماحەتی میللی ـ مەزهەبی و حیزبی گەلی ئێران وکۆماری خوازەکان و چەپەکان و مجاهیدین خەلک" پێک دێنن.

ئەوانە لە کاتی کوشتاری گەلی کورد لە کاتی ڕاپەرینەکانی هاوینی رابردوو بە دەستی جە نایەتکارانی پاسدار و ئینسان کوژی ئەحمەدی نژاد، نەک هەر هیچ هە ڵوێستیان نەگرت، بەلکوو بە تەواوی بێ دەنگیان لێکرد.

بۆ وان کورد دوژمنە بە قەولی خۆیان کورد بە هێنانە پێشی دروشمی فێدرالی لە سەر ئەساسی نەتەوەیی ـ جوغرافی،" ئێرانی ئازیزیان" پارچە پارچە دەکا. ئەوە لە وتارەکانی داریوشی هومایون وحوسێن باقر زادە دەردەکەوێ کە چۆن هێرش دەکەنە سەر حیزبی دێموکرات.

پرسیار ئەوەیە کە بە راستی هێزە سیاسیەکانی رۆژهە لاتی کوردستان دەتوانن ئەو فاشیستانە رازی بکەن کە

دژایەتی داواکانی گەلی کورد نەکەن وبۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ هێزە کوردیەکان بکەونە بەرە یەکی بە هێزەوە ودامەزرانی کۆمارێکی دیموکراتی فیدرالی لە سەر ئەساسی نەتەوەیی وجوغرافی بکەنە ئامانجی بەرەوە.

من بڕوا ناکەم کە ئەوە روو بدا، چونکە ئەوان خۆیان بە خاوەنی هەموو ئێران دەزانن وکورد و گەلانی دیکەی ئێران دەبێ هەر وا نۆکەری وان بن. زۆر لەو فارسانە کە سالانێکی دوورو درێژە لە ئوروپا وئامریکا ژیاون و ژێستی دێموکراسی خوازی دەگرن، هەر وا مێشک بۆگەنیون وکۆنە پەرەست ودواکەوتوو. وا دیارە دێموکراسی غەربی کاری لە مێشک وبیری کۆنە پەرەستانەی وان نەکردوە.

ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دروستکەری "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ" ە سیاسەتێکی ژیرانەیە بۆ تێک شکاندن ولاواز کردنی ناسیۆنالیزمی فارس. زۆر پێویستە ئەو سیا سەتە چڕوپڕتر بکرێتەوە وهەوڵ بدرێ کە پلانی رووخانی رێژیم دا بڕێژرێ وبە یەکگرتوویی هەوڵ بدرێ کە خەباتی جەماوەری هەموو ناوچەکانی ئێران بگرێتەوە ورێگای رووخانی کۆماری ئیسلامی هەموار بکرێ.

بێگومان ئۆپۆزیسیۆنی فارسەکانی ناو خۆ ودەرەوە پێ خۆشە کە کۆماری ئیسلامی بمێنێتەوە وبە لام گەلانی دیکەی ئێران بە هیچ مافێک نەگەن.

ئەرکی نەتەوەیی خۆمان زۆر گرینگە لە کوردستاندا، پیویستە هەموو ئەو هێزانەی کە بە ڕاستی بڕوایان بە مافی چارە نووسی گەلی کورد هەیە لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە وزۆر ئازایانە وبوێرانە ڕەخنە لە ڕابردوی خۆیان بگرن ولە بیری ڕزگاری نەتەوەی کورد دابن و ئەوەش دەبێ قەبول بکەن کە حیزبی دێموکرات هەم بە تەمەن وهەم لە بواری هێز وتوانا وهەم لە بۆاری پێگەی جەماوەری بوونی لە نێو خەلک دا زۆر بە هێزتر وخۆشەویسترە و لە راستیدا هەر حیزبی دێموکراتیش بووە کە خەباتی لە پێناو مەفی نەتەوایەتی گەل کورد دا کردوە وکۆمەلەی شۆرشگێر تاکوو پێش جیا بوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر دژایەتی مەسە لەی نەتەوایەتی دەکرد ولە دژی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ رازی کردنی جەماعەتی فارسی نێو حیزبی کۆمونیستی ئێران بە رێبەرایەتی مەنسوری حیکمەت دەجولایەوە، ئەویش بە کردەوە نەک بە دروشم. کە بە داخەوە بە هۆێ ئەو سیاسەتانەیان کە لە حیزبی کۆمونیستی ئێراندا بەرێوەیان دەبرد زەبری زۆر قورسیان لە کێشەی نەتەوایەتی داو دوای دروست بوونی حیزبی

کۆمونیستی کرێکاری ئێران وپاشا نیش جەماعەتێک لە وان جیا بونەوە وئەمرۆ خۆیان بە حیکمەتیست دەناسێنن، ئەو دژایەتیە و سوکایەتیە بە گەلی کورد هەروا بەردەوامە.

پێویستە ئەو هێزانەی کە خۆیان بە هیزی میللی دەزانن بە تایبەت حیزبی دێموکرات هەوڵ بدەن کە هەستی نەتەوایەتی لە نێو رۆژهەلاتی کوردستان دا زۆر بە هێزتر بکەن، ئەوەش بە خەباتی سیاسی وکۆمەلایەتی ولە رێگای راگەیاندن ودانانی کانالی تەلەڤیزیۆنی وبە هێز کردنی وتاری سیا سیان وزۆر گرینگی دان بە لایەنی نەتەوەیی. پێویستە خەبات بۆ دێموکراسی باڵ بە سەر کێشەی ئەساسیمان کە کێشەی نەتەوایەتیە دا نەکێشێ. زۆربەی گەلانی دونیا کە ڕزگار بوون لە ڕیگای دێموکراسیوە نەبوون بە دەولەت، بەلکوو لە رێگای بە هێز کردنی ناسیۆنالیسمی نەتەوەکەیان بووە کە توانیویانە دەولەتی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن.

لە زۆر ولاتیش دێموکراسی هەیە بەڵام چەوسانەوەی نەتەوەیی هەر بەر دەوامە، نموونەی فەرانسە، ئیسپانیاو وەلاتە یەکگرتۆکانی ئامریکایە کە لە سەر ئەساسی دەسەلاتی سپی بونیاد نراوە وڕەشەکان کە زۆربەی بە ڕەگەز ئافریقین دەچەوسێنرێنەوە.

---

## سەفەر بۆ تالینا

رۆژی ٨ی مانگی مای لە گەڵ ژومارەیەک لە کارگێرانی ئیدارەی پشتگیری لە پەنابەران چووین بۆ تالینا پایەتەختی ولاتی ئێستۆنیا. پێشتر بەرنامەی سەفەرەکەمان وا رێکخرابوو کە سەردانی زیندانی ژنان بکەین وپاشانیش سەردانی ئەنستیتۆی لێکۆلینەوە و گەشە پێدانی دێموکراسی لە و ولاتە بکەین.

کاتێک لە کەشتی هاتینە خوار هەوایەکی سارد وناخۆشی هەبوو، هەمووومان لە سەرمان خۆمان لە نێو بالتۆکانمان دا حەشار دا. پاش ماوەیەک چاوەڕوانی سواری مینی بوسێکی تاکسی بووین وبەرەو زیندانی ژنان کە تەنیا زیندانی ئەو ولاتەیە بە نێو شەقەمەکانی شاردا کەوتینە رێ. (لە ئێستۆنیا بە تاکسی دەلێن "تاکسۆ").

چاو ساغەکەمان کە ژنێکی فینلاندی بوو وزمانی ئێستۆنی باش دەزانێ ولە ئۆفیسێکی توریستی لەو شارەدا کار دەکا دەستی کرد بە قسە کردن لە سەر شارەکە. هەولین ڕستەی کە باسی لێکرد هیوای خواستن بوو کە ڕۆژەکەمان بە خۆشی بچێتە سەر وخۆ پێشان دان تێکی نەدا. ئاخر کەمایەتی بە ڕەگەز روسی ئەو ولاتە بە هۆی لابردنی پەیکەری سەربازی روس کە ماوەیەک لە مەوبەر بە بڕیاری حکومەتی ئەو ولاتە لە مەیدانی ناوەندی شار لابرابوو بۆ ماوەی چەندین رۆژ خۆپێشاندانیان کرد.

ئەو پەیکەرە بۆ روسەکان سەمبولی فیداکاری وسەرکەوتن بە سەر داگیر کەری ئالمانی نازی لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی دایە.

بە تێپەرین بە شەقامە جۆراوجۆرەکانی شاردا گەیشتنە ئەو مەیدانەی کە پەیکەرەکەیان لێ لابرد بوو، بە چەندین ماشێنی پۆلیسی لێ بوو، مەترسی خۆپێشاندان هەر لە ئارا دابوو وشار حالەتی تا ڕادەیەک نائەمنی پێوە دیار بوو. لە شوێنی پەیکەرە ژمارەیەکی زۆر گولی ڕەنگارەنگیان چەقاندبوو. دوای دوور کەوتنەوە لە مەیدانەکە بە نێو چەندین شەقامی دیکە دا تێپەرین کە هێندێک لە دوکان و رستورانەکان خەسارەتی زۆریان بەرکەوتبوو، بەشکێان هەر داخرابوون وبەشکێان کرابوونەوە.

بە نێو بەشی کۆنی شارەکە دا تێدەپەرین، چاو ساغەکەمان هەروا باسی شارەکە ومێژوو وحەشیمەتی شارەکەی دەکرد. ناوبراو کوتی کە حەشیمەتی شارەکە ٤٠٠.٠٠٠ کەسە کە ٣٠ دەرسەدی روسی زمانن." گەرەکەکانی روسەکان لە گەرەکی ئیستۆنیایەکان جیا کراوەتەوە و ڕادەی بێکاری ودزی وشەڕو هەڵلا لە نێواناندا زۆرە".

دیمەنی شاری ئێستۆنی زۆرتر لە دیمەنی شاری ولاتانی دواکەوتوو دەچێ. ئوتوبوسەکانی کە بەشکێان بە کارەبا کار دەکەن یەکجار کۆنن وهی سەردەمی سۆڤیەتن. قەتارەکانی نێو شاریش کە بە کارەبا کار دەکەن یەکجار کۆن وبەد قەوارە بوون.

بەرە بەرە لە زیندانی ژنان کە مەبەستی سەردانی ئێمە بوو نزیک بووینەوە و دیمەنی زیندان لێمان دەرکەوت. لەگەڵ گەیشتنمان بۆ بەر دەرکی زیندانەکە پاسەوانێک هاتە دەرو کوتی کە سێ سێ دەبێ بچنە ژوور و ئەگەر کەڵ

و پەلی زیادیتان پێیە دەبێ لە نێو مینی بوسەکەدا جێی بهێلن.

ئێمەش بە پێی دەستوری پاسەوانەکە چوینە نێوبەشی یەکەمی زیندانەکە کە بەشی پشکنین و پرسیار کردن بوو. پاسەکانیان لە هەمووان ئەستاندوو و هاوڕێ لە گەڵ ژنە کارمەندێکی سۆسیاڵ و پاپێکی ژن بەرەوە بەشەکانی دیکەی زیندان وەرێ کەوتین.

کارمەندە سۆسیالەکە دەستی کرد بە باس کردن لە زیندانەکە وڕادەی زیندانیەکان و هۆکاری حکوم درانیان.
لە گەڵ یەکەم هەنگاو هەلێناوە مرۆڤ هەستی بە مەترسی و دڵ تەنگی دەکرد. خانۆکانی زیندان کە لە بەرد دروست کرابوون بە شێوەیەکی بەرچاو دیوارەکانیان داڕزابوون و دیوارە بەردینەکان دیمەنێکی زۆر خەمیاویان هەبوو. دیوارێکی بەردینی بە بەرازیی ٣ تا ٤ میتر دورران دەوری زیندانەکەی تەنیبوو. دیوارەکانی دووهەم و سێهەمیش بە بەرزایی چەند میتر بە تێل بەند وسیمی خاردار دروست کرابوون. بە پێی قسەکانی ژنە کارمەندەکە ژمارەی زیندانیەکان "١١١" کەس بوون لە کەم تەمەنترینیان ١٦ساڵ بوو. چوینە نێو یەکەمین ساختومانی زیندانیەکان. لە هەر کام لە ژوورەکاندا ١٦ تەختی خەوی تێدا بوو کە دوو و سێ تەبەقە بوون. هیچکام لە ژوورەکان پەردەیان پیوە نەبوو، لە هیچکامیشیاندا تاقە گولدانێک لە بەر پەنجەرەکانیان بە دی نەدەکرا.

هۆکارەکەی بە پێی قسەکانی کارمەندی سۆسیا لەکە "مەترسی لە حەشاردانی موخەدیرات لە ژێر پەردەکان ولە نێو گڵی گوڵدانەکاندا بوو"، هە ر بۆیەش هەم پەردە هەڵاوەسین وهەم گوڵ ڕاگرتن یاساخ کرابوو.

بە پێی قسەکانی کارمەندی سۆسیالەکە نەخۆشی جۆراوجۆری وەکوو "ئایدز، نەخۆشیەکانی پەیوەندیدار بە سێکس وماده بێهۆشکەرەکان وحەساسیەت" لە نێو زیندانیەکان دا هەیە وبە پێی ئیمکان هەوڵ دراوە کە دەرمانیان بۆ دابین بکرێ وچارەسەریان بکەن. ناوبراو کوتی کە ٧٠% لە زیندانیەکان روسن. پاش ماوەیەک گەڕان بە نێو هۆدەکانی زیندانە گشتیەکاندا بردیانین بۆ دیتتنی ژنێکی گەنجی زیندانی کە تەمەنی ١٧ ساڵ بوو ومنداڵێکی ٨ مانگەی لە ئامێز دابوو.

دیمەنێکی سرنج ڕاکێش بوو منداڵێکی ساوا لە زیندان دا پەروەردە بکرێ. ژنە پاپەکە دەیکوت کە منداڵەکان تا

تەمەنی ٤ ساڵی حەقیان هەیە لە گەڵ دایکیان لە زیندان دا بژین وپاشان ئەگەر زیندانی دایکیان درێژەی هەبێ ئەوە ڕایان دەگوێزن بۆ خانوی بێ سەپەرەستان. پاش ئەو چاو پێکەوتنە بردیانین بۆ دیتنی زیندانی ئینفرادی.

لە رووبەرووی زیندانە ئینفرادیەکە پاسەوانێک لە سەر بەرزایەک بە بەرازایی ٦ تا ٧ میترکە بە بورجی چاوەدێری بە ئێمەیان ناساند چاوەدێری زیندانیەکانی دەکرد.

قفلێکی گەورە لە دەرکی خانۆیەکی بەردین ودیوار داتەپێو کە زۆرتر لە کەلاوە دەچوو تاکوو شوێنی ژیان درابوو. لە چەندمیتری ئەو زیندانە گۆگایەکی گەورە زبڵ هەلداربۆوە ودەورو بەری بۆنێکی یەکجار ناخۆشی لێدەهات. دەرکەی زیندانە ئینفرادیەکە کە چەندین ژووری تێدا بوو بە رووومان کرایەوە وبە هۆی تەنگە بەری داڵانی چونە ژوورەوە ناچار بووین یەک یەک خۆ بە نێو دالەنەکە دابکەین وبچینە ژوورەوە. نورێکی کز نیو دالانەکەی ڕووناک کردبوو وتا ڕادەیەک نێو دالانەکە تاریک بوو. بە شۆخی لە یەکێک لە هاورێیانی خۆم پرسی "مۆمت پێ نیە؟".

ژوورە ئینفرادیەکان هەموویان بە یەک ئەندازە نەبوون، دوو ژووریان کە هەر کامەی نەفەرێکی تێدا بوو لە هی سێهەمیان کە تەنیا میترونیوێک درێژایی و نیو میتر پانایی دەبوو جیاواز بوو. بە پەنجەرەی بچووکی دەرگای ژوورەکاندا توانیمان چاو لە نێو ژوورەکان بکەین کە هەرکامیان ژنێکی تێدا بوو.

ژووری سێهەم بە تاڵ بوو. بە قسەی کارمەندی سۆسیالەکە ئەو ژوورە بچوکە تایبەتە بەوانەی کە کارێکی زۆر ناڕەوا لێیان رووده دا وبە پێی بڕیاری بەرپرسی زیندان لە ٥ رۆژ تاکوو ٤٥ رۆژ لەو ژوورە دا ڕایان دەگرن.

بە دیواری ئەو ژوورە تەنگ و سارد و برشودارەوە تەختێکی دروست کراو لە تەنەکە بە ئالقەیەکی ئاسنین بە قەفڵ بە دیوارەکەوە قایم کرابوو. چاوساغەکەمان دەیکوت ئەوانە کە دێنە ئەو ژوورە بە ڕۆژ بۆیان نیە لە سەر ئەو تەختە درێژ بن و تاکوو ساعەت ١٠ی شەو بۆیان نیە بخەون و زیندابانەکان ناچاریان دەکەن کە هەر بە خەبەر بن و دابنیشن.

کەفی عەرەزەکە کە زۆر نم داربوو لە تەختە بوو وهەموو برشوی هێنابوو. سەندەلێکی چکۆلەی دروست کراو لە

ئاسن و دەست شویەکی ژەنگ هەڵیناو دیکۆری ژوورەکە بوون. دارودیواریش کە هەمووی لە بەر برشوو ڕەش هەڵگەرابوو.

لە پشتی تەختەکە کە بە دیوار قایم کرابوو نێوی دەیان کەسی لێ نوسرابوو، دیار بوو کە ئەو ژووره تەنگ وسارد وتاریکە میوانداری لە ژۆر کەسان کردبوو.

پاش هاتنە دەر لەو زیندانە ئینفرادیە ڕۆیشتن بەرەوە دیتنی بەشەکانی دیکەی زیندان کە شامیلی کتێبخانەیەک، سالۆنێکی وەرزیش کردن وژوورێکی عیبادەت و ژووری دەرمانگا بوو.

لە ژووری چاوەدێری زیندان کە لە ڕێگای کامێراوە هەموو زیندانەکە دەبینرا پاسەوانێکی ورگ زلێ زەلام لە پشت میزێک لە سەر سەندەلێکی چەرخ داری کۆن دانیشتبوو. لە تەنیشتی چەپی کاناپەیەکی کۆنی کاڵ بووەی بە چەند جێگا دڕاو دانرابوو و لە لای دەرکەکەش هەر بە هەمان شێوە کاناپەیەکی لە هەمان نەوع وشێوە دانرابوو. پاسەوانەکە چاوی لە تەلەڤیزیۆنە کۆنەکان کە دیار بوو هی سەردەمی سۆفیەت بوون دەکرد تاکوو ئاگای لە جم وجۆلی زیندانیەکان بێ بە ڕێگای وەرگێرە کەمانەوە ولامی پرسیارەکانی دەدایەوە.

پاشان سەرمان لە گارگەی زیندانەکە دا کە بەشەکانی خەیاتی وکاری دەستی وکورسی فێر کردنی زمانی ئیستۆنی دەگرتە خۆ.

پاش ٣ ساعەت چاو لێکردن وپرسیار زیندانمان بەرەوە ناوەندی لێکۆلینەوە و گەشە پێدانی دێموکراسی بە جێ هێشت.

ولاتی ئیستۆنی لە سالی ١٩٩٢ سەربەخۆی خۆی دوای ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت وەدەست هێنا. لە سالی ٢٠٠٦ بۆتە ئەندامی یەکێتی ئوروپا

## با هەڵەکانی ڕابردوو دووپات نەبنەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکو کۆنترین پارتی سیاسیی کوردی لەنێو هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە مێژووی ٦٠ ساڵ خەباتەوە و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و خاوەنی سێ ڕێبەری شەهیدی ناودار و بلیمەت و سەدان کادر و پێشمەرگەی گیانبەختکردوو بە داخێکی زۆر گرانەوە بۆ جارێکی دیکەش تووشی لەتبوون و لێکدابڕان بوو. هەڵبەت حیزبی دێموکرات تەنیا هێزی سیاسیی کوردی نییە کە بۆ چەندین جار تووشی لەتبوون بووە، بەڵکو ئەو نەخۆشییە لەنێو هەموو پارتە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا هەیە و تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێ دەرمانی چارەسەری نەدۆزراوەتەوە.

لەو پەیوەندیەدا پرسیارێکی زۆر سادە بە مێشکی ئینساندا دێ کە ئایا هۆی دابڕان و لەتبوون لەنێو پارتە کوردییەکان دەبێ چی بێ؟ باشە بۆ دەبێ ڕێبەرانی پارتە سیاسییەکان نەتوانن تەحەمولی یەکتر بکەن و ڕێز و حورمەت بۆ بیروڕای یەکتر و ئەندامانیان دابنێن؟ ئایا چارەی کێشەکان لێکترازان و دوژمنایەتی یەکتر کردنە یان هەڵبژاردنی ڕێگای دیالۆگ و تۆلێرانسە کە دەتوانێ دەرمانی دەردەکان بە شێوەی ڕیشەی بێ؟ ئایا هۆکاری لێکجیابوونەوە کورسی دەسەڵاتە یان هۆی فکری و سیاسیشی لە پشتە؟

بۆ وەڵامدانەوە بە ئەو پرسیارانە دەکرێ ئاوڕێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەینەوە کە کۆنترین پارتی سیاسی کوردییە و بە داخێکی گرانەوە لە ڕۆژی ٦ی دیسامبری ٢٠٠٦ دا بۆ جاری سێیەم ئەو مێژووە تاڵەی سێپات کردەوە.

لە ڕوانگەی منەوە کێشەکانی حیزبی دێموکرات هەر تەشکیلاتی و شەڕی کورسی نەبووە، بەڵکو نەخوێندنەوەی دروستی دیموکراسی و لێکدانەوەی لە بەرژەوەندیی ڕێبەریدا بووە و ڕێزنەگرتن بووە لە مافەکانی ئەندامان وەکو پێکهێنەری زۆرینەی حیزب کە تاکو ئەمڕۆیشی لەگەڵ بێ هەر بەردەوام بووە. هەڵبەت ماناکردنەوەی سەقەتی دیموکراسی و بەکارهێنانی "سانترالیزمی دیموکراتیک" بۆ بەڕێوەبردنی حیزب سەرچاوەی کێشەکانی دەرونحیزبیین.

زیاتر لە ٣٠ ساڵە کە لە حیزبی دێموکراتدا ئا ڵوگۆڕی دەسەڵات لە ڕێبەریدا بە شێوەیەکی نادیموکراتیک بەڕێوەچووە و شەڕێکی نامەشروع بۆ گەیشتەن بە دەسەڵات لە ئارادا بووە کە هەموو کات حیزبی بە چەند بەش دابەش کردووە و دەستەبەندی و باندبازی و ناوچەگەرایی گەرای لە ناخی ئەو حیزبەدا داکوتاوە. لە حیزبدا هیچ کات هەوڵ نەدراوە کێشەکانی ڕێبەرایەتی بە ڕێگای دیالۆگ و تۆلێرانسەوە چارەسەر بکرێن و هەموو کات شانتاژی نێو باڵەکان سەرپۆشی کێشەکانی کردووە و قوربانی ئەو ساتوسەودایانەش لەتکردنی حیزب و لە گیانی یەک بەردانی ئەندامانی حیزب و بەشیکی زۆری کۆمەڵانی خەلکی کوردستان بووە کە پشتیوان و یارمەتیدەری حیزب بوون.

بێگومان لەگەڵ لەتبوونی حیزب ڕیزەکانی خەڵکیش لەت دەبن و لە بەرامبەر یەکتردا سەنگەر دەگرن و بە داخێکی گرانەوە خوێنی دەیان لاوی کورد بە خۆڕایی ڕژاوە. دەسەڵاتی ڕێبەری هیچ کات شوێنی شیاوی نەداوە بە بەدەنەی حیزب کە زۆرینەی حیزب پێکدێنێ و ئەو زۆرینەیە زۆرتر بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی حیزبی و بۆ دانی دەنگ بەکارهاتووە، دەنا زۆرینەیەکی بەشدار لە بڕیاردان نەبووە.

هەر جارەی کە حیزب تووشی قەیرانی نێوخۆیی بووە و تاکو لەتبوون ڕۆیشتووە، بەتایبەتی لە کۆنگرەی هەشت و ئەم جارەی ئێستاش هیچ ڕێگا بە بەدەنە نەدراوە کە بیروڕای خۆی بۆ چارەسەری کێشەکان دەرببڕێ و ڕێگر بێ لە لێکدابڕان و بەداخەوە هەموو کات هەر لە پەراوێزی کێشەکاندا ڕاگیراوە. دیارە بۆ شەڕی دەسەڵاتی ئەندامانی ڕێبەری بەشێک لە ئەندامانی ساویلکەی حیزب وەکو گۆپاڵ بەکارهاتوون و بەداخەوە ئەو ئەندامە ساویلکە و توندڕەوانە کوێرکوێرانە ڕێخۆشکەری دووبەرەکیی نێو حیزب بوون.

ئەگەر لە حیزبدا ڕێگا درابا کە زۆرینەی حیزب واتە بەدەنە کەڵکیان لە مافی ڕێفراندۆمی دەرونحیزبی وەرگرتبا و هەوڵیاندابا ببنە هێزێکی فشار بۆسەر ڕێبەری حیزب و بە ڕێگایەکی سەردەمیانە و دیموکراسیانە و بە دوور لە توندوتیژی و بێ حورمەتی بە یەکتر، دەکرا زۆر بە ئاسانی چارەسەری کێشەکان کرابان و حیزب بۆ چەندین جار تووشی لەتبوون و لێکدابڕان نەبایە لە حیزبدا هەموو کات ڕێبەرایەتی بە مانای حیزب بووە نەک بەدەنە و ڕێبەرایەتی لەگەڵ ئەوەی هەڵەی گەورەی سیاسی کردووە، بەڵام ئامادە نەبووە کە دان بە هەڵەکەیدا بنێ و لەڕاستیدا لەو هەڵە سیاسییانەی کە کردوونی بەدەنەی حیزبیشی کردووە بە شەریکی خۆی، بۆ نمونە: چوونەنێو

شورای میللی مەقاومەتی موجاهیدینی خەڵک و دواییش دەرکرانی حیزبی دێموکرات لەو بەناو بەرە میللییەدا، دەرکردنی بەیانیەی هاوبەش لەگەڵ پانئێرانیستەکان و سکانداڵی نامەکەی عەلیرەزا نەزمی ئەفشاری دژی کورد. یانی هەموو ئەو هەڵە سیاسییانە ڕێبەری حیزب کردوویەتی، بەڵام لەسەر بەدەنەش بۆتە ماڵ. لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە بەشێک لە بەدەنە هەموو کات هەر چاوی لە دەمی ڕێبەری بووە و بەدەنەیەکی خەڵاق و ڕەخنەگەر لە کردەوەکانی ڕێبەری نەبووە و ئێستایشی لەگەڵ بێ سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە ئەورووپا و ئەمریکا دەژین و ساڵانێکی دوورودرێژە تەجروبەی دیموکراسی دەکەن، بەڵام بە هزر و بیر هەر ئەو مرۆڤانەن کە سەردەمانێک هەڵوی چیا سەربەرزەکانی کوردستان بوون. بەداخەوە ئێستایش عەقڵی نیزامی و خێڵەکی و ناوچەگەرایی بەسەریاندا زاڵە و خوێندنەوەیەکی نوێیان بۆ خەباتە پیرۆزەکەمان نەبووە و هەر چاوەڕوانی ئەوەن کە سەرکردەکان لە کۆیەرا دەڵێن چی.

کاتێک ئینسان دەچێتەنێو ژوورەکانی پالتاک جگە لە بێحورمەتی و جنێوی سووک و دەست بۆ یەکتر خوارکردنەوە و تۆهمەت لە یەکتردان چی دیکەی گوێ لێ نابێ، بەتایبەت لەدوای ئەو دابڕانە تازەی نێو حیزبی دێموکرات. وشەی "لادەرانی تازە" لەنێو ژوورەکاندا بە لایەنی ڕێزدار ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەگوترێ و ئاگری ڕەق و کینە لە قسەکانیان و هەڵسوکەوتیان دەبارێ و تووی دوژمنایەتی لەنێو یەکتردا دەچێنن، غا فڵ لەوەی کە هەردووک لا دۆڕاون و بوونەتە قوربانی عەقڵیەتی هێندێک پاوانخواز کە دەیانهەوێ هەموو کەس وەکو ئەوان بیر بکاتەوە و بەڵێ قوربانیان بۆ بڵێ و حیزب بکەن بە کلوبی شەخسی خۆیان.

ئەوەی کە زۆر جێگای داخ و کەسەرە خۆڕانان بە ناوی سێ شەهیدی گەورەی کورد و کوردستان، شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتۆر قاسملو و دوکتۆر شەرەفکەندی یە.

دونیای ئەمڕۆی سیاسەت لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت و بە یەکجەمسەریبوونی جیهان ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و ئیتر ئەو دروشم و شێوەی بەڕێوەبردنی حیزبی بەکەڵک نایەن و دەبێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ و ئیدی هیچ بڕوبیانویەک نییە بۆ خۆدەربازکردن لە خۆ نوێکردنەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمی ئێستامان. کەڵکی خراپ وەرگرتن لە ناوی ئەو سێ شەهیدە سەرکردەیە لە پلەی یەکەمدا خەیانە بە خوێنیان و بە ڕێبازیان. دەبێ ئیدی ڕێبەرانی حیزب لەدوای لەتبوونی حیزب بە خۆیاندا بێنەوە و هەر لە ئێستاوە بناخەی چاکسازی لە

بەرنامە و ئەساسنامەدا دابڕێژین. هیچ کەس بە دروشمدان و نانخواردن بە ناوی شەهیدانی سەرکردە ناتوانێ ئیدەعای ئەوە بکا کە درێژەدەری ڕێگایانە. کورد میللەتێکی داماو و بێبەشە و پێویستی بە بیر و ئەندێشەی نوێ هەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاربوون لەژێر ستەمی نەتەوایەتی.

دەبێ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شەهامەتەوە ڕەخنە لە ڕابردوویان بگرن و بۆ یەکجاری دەرس لە مێژوو وەرگرن و بە کردەوەی نوێخوازیان دڵی دایکانی شەهیدان سارێژ بکەنەوە. ئەوان دەبێ نیشان بدەن کە ئیدی ئامادە نین هەڵەکانی ڕابردوو دووپات ببنەوە و ڕێگاش بە هیچ کەس نادەن کە کایە بە خوێنی شەهیدانی سەرکردە بکەن. ئەو شەهیدە مەزنانە مڵکی گەلی کوردن و تەنیا هی حیزبی دێموکرات نین.

پێویستە بەڕاستی و بە تەواوی حیزب خۆ لە بیری ئێرانیچێتی دوور خاتەوە و سیاسەتەکانی لە مەیدانی کردەوەدا زۆر زیاتر بە نەتەوەیی بکا و لە ڕاگەیاندنیدا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێکبهێنێ و لەجیاتی هەوڵدان بۆ پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران بەبێ دوودڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیێتە ئامانجی ئەمرۆ و دواڕۆژی و لە بەرنامەشدا بیگونجێنێ. دەبێ حیزب خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەی هەبێ بۆ دیموکراسی و ڕێز گرتن لە مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە ڕیزەکانی حیزب و دەرەوی حیزبدا و دەبێ حیزب بە ڕاشکاوانە باس لە جوغرافیای ڕۆژهەلاتی کوردستان بکا و ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بۆ خەباتێکی نوێ بە هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی هان بدا و لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دەبێ مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەست بە بوونی خۆی وەکو کورد و نەتەوەیەکی جیاواز لە فارس پێناسە بکا.

١٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

## پاراستنی چوار چێوەی عەرزی ئێران یان بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد

لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٦ کەسێک بە نازناوی " دلبخوین" لە ماڵپەری بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان هەوالێکی بڵاو کردەوە لە مەڕ" ڕێککەوتنی بە نەهێنی باڵی مستەفا هیجری لە گەڵ ڕەزا پەهلەوی". دیارە ناوبراو وەکوو بەڵگە بۆ ئەوهەواڵەی بەشێک لە ڕێککەوتنەکەی بڵاوکردۆتەوە. ڕۆژی دواترنوێنەرایەتی دەرەوەی ولاتی حیزبی دێموکرات ئەو هەواڵەی وەدرۆخستەوە.

هەرلەوپەیوەندیەدا لە ڕێکەوتی ٢٢ ی نوامبری ٢٠٠٦ هەوالێک لە لایەن کەسێکەوە کە بە پێشمەرگەیەک لە کۆیە خۆی ناساندووە لە ماڵپەری بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان دا بڵاوبۆتەوە، لە مەڕ" ڕێککەوتن لە گەڵ ڕەزا پەهلەوی لە لایەن بالێ مستەفا هیجری."نێوەرۆکی هەواڵەکە بەوشێوەیە " باڵی هیجری لە کاتێدا هەواڵی ڕێککەوتن لە گەڵ ڕەزا پەهلەوی وەدرۆ خستەوە کە هەرئەو ڕۆژە ڕوونکردنەوەکەیان لە تیشک تیڤی بڵاو کردەوە، مستەفا هیجری ئەندامانی دەفتەری سیاسی لەوڕێککەوتنە ئاگادارکردوبە دەستی خۆی ڕێککەوتننامەکەی دانێ وبە مجۆرە دانی پێدانا کە هەوا. ڵەکە ڕاست بوو. "

هیوادارم ئەو ڕێککەوتنە ڕاست نەبێ،چونکە بە دڵنیایەوە ئەوبەندانەی کە لەو ڕێککەوتنە داهاتوون لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلەکەمانە وکورد ئەوجارەش دەدۆڕێ وسەلتەنەت تەلەبەکان بۆ گەیشتن بە دەسەلاتی لە دەست چویان کورد وەکوو پەیژە بە کاردەهێنن وبەشی کورد هەر" مرزدارغیور" دەبێ لە داهاتووی سیاسی ئێرانی پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی دا.

بە لام ئەوەی ڕوون وئاشکرایە ئەوەیە کە بە داخەوە تاکووئێستاشی لە گەڵ بێ بیری ئێرانیچیێتی لە نێو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات وسازمانە سیاسەیەکانی دیکە ی ڕۆژهەلاتی کوردستان دا زۆربە هێزە.

ئێستا کە ئەو هەواڵە لە سەرحیزبی دێموکراتە من ناچارم باسی سیاسەتەکانی ئەو حیزبە بکەم کە کۆنترین ڕێکخراوی سیاسیە لە نێوهەموو پارچەکانی کوردستاندایە. لە گەڵ ئەوەیکە حیزبی دێموکرات هەموو کات خۆی

وەکوو حیزبێکی میللی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا پێناسە کردووە ،بە لام ئەوەی ڕاستی بێ سیاسەتەکانی حیزب هیچ کات نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستەی کە مرۆڤی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان خۆی وەکوو کورد بناسێ وهەموو کات کێشەی کورد زۆرتر وەکوو کێشەیەکی نێو خۆیی خۆی بەرجەستە کردووە تاکوو مەسەلەیەکی نەتەوەیی ونێو نەتەوەیی.

بە داخەوە حیزبی دێموکرات هیچ کات بە روونی پێناسەیەکی نەبووە بۆ ئەو دوژمنەی کە شەڕی لە دژی دەکا وداوای مافیشی لێ دەکا. ئێستاش بۆ من وزۆر کەسی دیکە جێگای پرسیارە کە حیزبی دێموکرات دەسەلاتی داگیرکاری فارس چۆن پێناسە دەکا؟

ئایا رۆژهەلاتی کوردستان بە خاکێکی داگیر کراو پێناسە دەکا یان نا ؟ چۆن دەکرێ بە دەسەلاتێکی داگیرکەربلێین "برافارسە کانمان"؟
ئایا فارسەکان ئێمەی داماوی کورد کە چەوساوەی دەستی ئەوانین وبێ بەشین لە بچوکترین مافی ئینسانی خۆمان بە چاوی برا سەیردەکەن یان بە چاوی سووک ودواکەوتوو؟

بۆ وان زمانی کوردی "گویش"ە واتە زاراوەیە نەک زمانی سەربەخۆ. ئەوان کورد نەک بە نەتەوە سەیر ناکەن بەڵکوو بە خێل وعەشیرەت ناومان دێنن. ئەوان کوردان بە" مرزبانان غیور" ناودەبەن ولەوەش زیاتر بە کوردان ڕەوا نابین. یانی کورد سنوری ولاتیان بۆ بپارێزێ وئەوانیش ئاغایەتی بە سەرکورد ونەتەوەکانی دیکەی غەیری فارسی ئێراندا بکەن !

مەسەلەیەکی زۆرگرینگ کە رێبەرانی حیزب هەمووکات لە سیاسەتەکانیاندا دووپاتیان کردۆتەوە، پێ داگرتن لە سەرپارازتنی چوارچێوەی عەرزی ئێران بووە ودڵنیا کردنی سازمانە سیاسیەکانی فارسی بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێرانە بە لانەدان لەوخەتە سوورە.

ئەو سیاسەتە کاریگەری زۆرنیگاتیڤی بووە لە سەرگەشەی هەستی نەتەوایەتی وبڕوا بە خۆکردن وەکوو کورد، وەکوو گەلێکی دابەش کراو وخاک داگیرکراو.

لە هەمووی خۆشتر ئەویە کە فارسەکان بەردەوام بە کورد دەڵێن "تجزیە طلب" واتە جیاوازی خواز و ڕێبەرانی کوردیش بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان ئەو گوناهە گەورە لە سەر خۆیان لابەرن و"برا فارسەکان" لێیان دلگیرنەبن ومەتمانەیان پێ بکەن بە سوێند وقورعان خواردن بە" برا فارسەکانیان" دەڵێین کە بابە ئێمە لە هەرئێرانیەک ئێرانیترین وئێمە هیچ کات بیر لەجیا بوونەوە ناکەین وپارازتنی چوارچێوەی عەرزی ئێران بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

بە بڕوای من بڕوا بە خۆ نەبوون وخۆ بە کەم زانین لە بەرامبەرداگیرکەردا وای لە ڕێبەرانی سیاسی کورد کردووە کە هیچکات نەیان توانیوە لە رووی فارسەکاندا بە بێ ترس ودڵە ڕاوکێ باس لە مافی دیاری کردنی چارەنووس بکەن ولەو فکرە کە بە نێوی ئێرانیچتی لە سەرمان تاپۆ بووە خۆ ڕزگاربکەن.

ئەوەیکە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات یان سازمانە سیاسیەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان هەوڵی پەیوەندی گرتن و نزیک بونەوە لە گەڵ سازمانە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژبە کۆماری ئیسلامی دەدن بۆکەوتنە نێو بەرەیەک بۆخەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی وهەوڵ دان بۆ رووخانی ئەورێژیمە شتێکی باشە و دەبێ هەوڵ بدرێ ئەو کارە درێژەی هەبێ. بە لام نابێ ئەو پەیوەندی وهاوکاریە بە دزی ببێ ومەسەلە چارە نووس سازەکان کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە لە پشتی پەردەوە سات وسەودایان لە سەربکرێ. رۆلەکانی گەلی کوردستان مافی خۆیانە لە هەر جۆرە رێککەوتنێک کە پەیوەندی بە دوارۆژی کوردستانەوە هەیە ئاگاداربن ورووناکبیران ونوخبەکانی کۆمەلگای کوردستان مافی خۆیان بە ئاشکرا لە سەرئەومەسەلە گرینگە بیروڕای خۆیان دەرببڕن ورەخنە بگرن. هەڵبەت ئەوهاوکاریە یان پێکهێنانی بەرەیەک یان هەر رێککەوتننامەیەک کە پێک دێ ،دەبێ لە گەڵ ئەو سازمان ولایەنە سیاسیانەی ئۆپۆزیسیۆن بکرێ کە لە پلەی یەکەم بڕوایان بە کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاوازهەیە وچەند میلییەتی ئێران بە فەرمی قەبوڵ دەکەن ودامەزرانی سیستمێکی دیموکراتیکی فیدراڵ لە سەرئەساسی جوغرافی ونەتەوەیی دەکەنە سیاسەتی پارتەکانیان وبە کردەوە کاری بۆ دەکەن وبە ئاشکرا لە دام ودەزگای راگەیاندنیان باسی لە سەردەکەن وکۆبونەوەی جۆراوجۆری لە سەرپێک دەهێنن. بە بڕوای من ئەگەرهەر رێککەوتنامەیەک مۆر بکرێ نابێ رێگای دیاری کردنی مافی چارەنووس لە کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ببسرێ ودەبێ بۆ هەمیشە حیزبی دێموکرات یان سازمانەکانی کوردی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان خۆیان لە فکری شووینیستانەی پارازتنی چوارچێوەی عەرزی ئێران ڕزگار بکەن وبە هیچ جۆررێگا نەدەن

ئەوبیرە راسیستانەیان بە سەردا بسەپێندرێ. گەلی کورد مافی خۆیەتی لە فارسەکان وباقی نەتەوەکانی دیکە ی ئێران جیا بێتەوە ورۆژێک دەولەتی سەربە خۆی خۆی پێک بێنێ.

کێشەکانی عێراق وباشوری کوردستان پێمان دەلێن کە کورد نابێ بە هیچ جۆرلە بستێک لە خاکی داگیرکراوی خۆش بێ ودەبێ لە قانونی ئەساسی داهاتووی ئێران بە رەسمی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان دیاری بکرێ و وەکوو مەسەلەی کەرکوک وناوچەکانی دیکەی باشوری کوردستانی لێ نەیە کە لە دەستوری دایمی عێراق دا هیچ ئێشارەیەکیان بە کوردستانی بوونیان نەکراوە وتەنانەت کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز لە دەستوردا باسی لێ نەکراوە. ئەوەتا دەبینین کە کورد تاکوو ئێستاش نەیتوانیوە کەرکوک وباقی ناوچەکانی دیکەی کوردی بگەرێنیتەوە سەرخاکی کوردستان وبەردەوام عەرەبی سووننە وشیعە دژایەتی دەکەن.

لە پەیوەندی لە گەڵ داهاتوی ئێران کە زۆرلە عێراق ئالۆزترە ،بە هۆی بوونی شەش نەتەوەی سەرەکی جیاواز،بەڵام لە هەمان کاتدا تا ڕادەیەکی زۆرئاینی ئیسلام بە سوونی وبە شیعە وە لێکیان گرێ دەداتەوە.

بۆ نموونە فارسەکان وئازەریەکان وتورکەمەنەکان شیعەن وکوردەکان وعەرەبەکان وبەلوچەکان وتەنانەت لۆرەکانیش سوونین. دیارە لە نێو کوردا شیعە وئاینەکانی دیکەش هەن کە ئەوەش لە یەک دەست کردنی کورد لە بواری سیاسیەوە کاریگەری نیگاتیڤی بووە ودەشتوانێ لە داهاتووش هەی بێ وبۆ ئەوەی ئەو گاریگەریە بە بواری مەنفی دا بە سەر گەلی کورد دا نەشکێتەوە دەبێ سیاسەت تێکەڵ بە ئایین نەکرێ.

کورد دەتوانێ کاتێک کاریگەری لە سەرسیاسەتەکانی ئێران وداهاتووی خۆی هەبێ کە ببێتە خاوەنی دەنگێکی یەکگرتوو وببێتە خاوەنی بەرنامە وسیاسەتێکی نەتەوەیی هەم لە نێو خۆی ئێراندا وهەمیش لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا ببێتە خاوەن دیپلۆماسی نەتەوەیی.

کێشەی سیاسی کورد لە پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەی ئامریکا دا جێگای گرینگی هەیە وکورد دەتوانێ بۆ چارەسەی کێشەی نەتەوایەتی خۆی کەڵکی باشی لێ وەربگرێ و بێ گومان ئامریکا وئوروپاش پێویستیان بە کورد هەیە بۆ چەسپاندنی سیاسەتەکانیان. کورد دەبێ لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرێ ، چونکە بەرژەوەندیەکانی ئوروپا و

ئامریکا لە مەڕ رۆژهەلاتی ناوەراست وپەرەسەندنی دێموکراسی وخەبات لە دژی فوندامینتالیسمی ئیسلامی و تێرۆریزم وریژیمە سەرەرۆیەکان لە بەرژەوەندی کورد دایە.

هەرچەند بیروئەندێشە یان پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراست مەسەلەیەکی زۆرسادە نیە کە بە سالێک وچەندین سالْ جێ بە جێ بکرێ وبە سەدان کەندوکۆسپی لە سەررێگایە ، بە لام بۆ ئێمەی کورد دەکرێ بلێم تەنیا هیوایە بۆ خۆ رزگارکردن لە ژێردەستی داگیرکەران وشکاندنی هێژمونی سیاسی وکولتوری فارس لە ئێراندا.

بێ گومان خەباتی یەکگرتوانەی گەلانی بێ بەشی ئێران و کۆبونەوەی هەمووان لە بەرەیەکدا دەتوانێ کورد لە وەدەست خستنی مافەکانی باشتر یارمەتی بداولە بواری سیاسیەوە پاشەکشەی باش بە فارسەکان بکا وکورد بە تەنێ نەمێنێتەوە. بە لام لەورێککەوتنانەش کە لە گەڵ سازمانەکانی دیکەی گەلانی بێ بەشی ئێران لە سەر داهاتوی ئێران دەکرێ، دەبێ رێگای دیاری کردنی مافی چارەنووس بە کراوەیی بمێنێتەوە وهیچ پارت و سازمانیکی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان نەک هەر نەبێتە لەمپەرلە بەرامبەریدا، بەڵکوو دەبێ لایەنی کوردی هەوڵ بدا لەهەموو رێککەوتنەکان دا کە بێ گومان دەبێ بە ئاشکرابێ ئەو خالە گرینە بچەسپێنێ، یانی دیاری کردنی مافی چارەنووس بۆ هەموو گەلانی دیکەی غەیری فارس بە فەرمی دانی پێدابنرێ ولە قانونی ئەساسی داهاتووی ئێراندا بنوسرێ .

٩ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

---

## ئایا کورد لە جینوسایدی ئەرمەنییەکاندا تاوانبارە و دەبێ داوای لێبوردن بکا؟

ئەوە دەوڵەتی عوسمانی بووە کە پلانی قەلاچۆکردنی ئەرمەنییەکان و کوردەکانی دارشتووە و لەدوای هەڵوەشانی ئیمپراتوری پڕ لە زوڵمیان کەمالیستەکان تاکو ئەمرۆش ئەو سیاسەتەیان درێژەپێداوە و حاشا لە قەلاچۆی ئەرمەنییەکان و بوونی کورد لە تورکیا دەکەن.

لە هەفتەنامەی دیمانە لە ڕێکەوتی ٣ی نوامبری ٢٠٠٦ دا دیمانەیەک لەگەڵ کاک سۆران عەلیپوور لەمەڕ کوشتاری ئەرمەنییەکان بڵاوکراوەتەوە و ناوبراو ڕای وایە کە کورد دەبێ داوای لێبوردن لە ئەرمەنییەکان بکا. هەروەها بەڕێز هەژێن هەر لەو بوارەوە وتاری نووسیوە و ئەویش هەر پێی وایە کە کورد دەبێ داوای لێبوردن لە ئەرمەنییەکان بکا و بۆ ئەو مەبەستەش هیندێک سەرچاوەی وەکوو بەڵگە دەستنیشان کردووە کە گۆیا کورد بە تاوانبار دەزانن. وەکو کوردێک پێم خۆشە بیروڕای خۆم لەو بارەوە دەرببڕم.

کاک شۆڕش غەفوری کە دیمانەکەی لەگەڵ کاک سۆران عەلیپوور کردووە، پێش ئەوەی دەست بە پرسیارەکانی بکا خۆی پێشەکییەکی نووسیوە و دەڵێ: "گوتاری باڵادەست لە نووسینەوەی مێژووی کورددا گوتاری ناسیۆنالیستییە و ئەو گوتارە باڵادەستە پێت دەڵێ کە کورد نەتەوەیەکی زوڵملێکراوی خاکداگیرکراوی بێتاوانە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە کوشتاری ئەرمەنییەکان پاساودەدا."

لە یەکەم پرسیاریدا لە کاک سۆران دەپرسێ "هیندێک سەرچاوە و دیکۆمێنت وای دەردەخەن کە کورد و بەتایبەت هۆزەکان دەستیان هەبووە لە کوشتاری ئەرمەنییەکاندا. ڕۆڵی کورد لەو کوشتارەدا چی بووە؟" کاک سۆران پاش ئیشارەکردن بە چوار جۆر نووسین و سەرچاوە وەکو بەڵگەی مێژوویی لە چەند دێر خوارتردا دەڵێ "ئەوەی کە بۆ ئێمە گرینگە چەندێتی وچۆنیەتی بەشداریکردنی کوردە لەو کوشتارەدا. ئەو بەشداریکردنە لە ئاگاییەوە بێ یان بێئاگایی، بە هاندانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سەرۆک هۆزەکان بوو بێ یان کاردانەوەیەک بووبێ بەرامبەر بە هەڵوێستی پارتە ئەرمەنییەکان، وەک هەچناک کە لەساڵی ١٨٨٦ و داشناک کە لە ساڵی ١٨٩٠دا دامەزران و خەباتی چەکدارییان دژی دەوڵەتی عوسمانی دەستپێکردبوو، لە هیچ حاڵەتێکدا نابێتە پاساو بۆ ئەوەی کە ئێمە نەتوانین بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و دوور لە ئیحساسەوە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە کوردیش بەشدار بووە لە کوشتاری ئەرمەنییەکاندا."

کاک سۆران لە چەند دێر خوارتردا دەڵێ: "دواکەوتوویی و کورتبینیی و هەژاریی کوردەکان و زۆر جاریش پاڵنەری ئابووری هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەشداریکردن لەو کوشتارانەدا. لەگەڵ ئەوەدا کە کوردەکان هاوشان لەگەڵ تورکەکان و بەپێی سیاسەتی پلان بۆداڕێژراوی دەوڵەتی عوسمانی بەشداری لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا کرد، بەڵام بەشێکیش لە کوردەکان چ لەنێو هۆزەکان و چ لە شارەکاندا و تەنانەت لە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیش ئەو

کەسایەتیانەی کە دوورخرابوونەوە یان هەڵاتبوون بەرەنگاری ئەو هەڵوێستە بوونەوە و دژایەتی ئەو کوشتارەیان کرد. زۆربەی ئە و ئەرمەنیانەی کە لە و ڕەشەکوژییەدا ڕزگاریان بوو لەلایەن کوردەکانەوە پەنایان درا و ڕزگارکران. ڕۆشنبیرانی کوردیش بۆ نموونە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کە دوای ساڵی ١٨٩٨ چەند ژمارەیەکی لە قاهیرە دەرچوو بە ئاشکرا داوای دژایەتیکردنی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد و بانگەوازی ئاشتی و برایەتی لە نیوان کورد و ئەرمەندا بڵاودەکردەوە. هەروەها لە پەراوێزی کۆنگرەی ئاشتی، ساڵی ١٩١٩ لە پاریس، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کە شەریف پاشای نوینەری کورد و بۆغۆز نۆبار، پاشای ئەرمەنییەکان، لەوپەڕی سەرسوورماوی زلهێزەکاندا ڕێکەوتنێکی هاوپەیمانیان مۆر کرد."

ناوبراو لە کۆتاییدا دەڵێ "سەبارەت بە بەشداری کورد لەو ڕەشەکوژییەدا پێویستە بەر لە هەموو شتێک لە بونیادی ئەو عەقڵیەت و گوتارە باڵادەستە بدرێ کە هەوڵدەدا هەموو شتێک بخاتە خزمەت ئایدۆلۆژیی ناسیۆنالیستییەوە و لەوێوە هەوڵدەدا مێژوویەکی بێخەوش کە لەڕاستیدا بوونێکی عەینی نەبووە و تەنها شتێکی زەینییە پێشکەش بە تاکی کوردی و دەرەوەی خۆیشی بکا. پاشان داوای لێبوردنێک لەسەر ئاستی گشتی ڕەسمی بە ئەرمەنییەکان قەرزدارین".

لە وڵامی بۆچوونەکانی کاک شۆڕش و کاک سۆران دا کە بەداخەوە زۆرتر لەڕووی ئیحساسەوە دەریانبڕیوە نەک لەڕووی دیدێکی سیاسی و مێژوویی و مەنتیقیەوە و زۆر نارەوا ناسیۆنالیزمی کوردیان داوەتە بە پلاری ڕەخنە و بە کۆمەڵکوژی گەلی ئەرمەنی تاوانبار دەکەن و ژێستی عیسا مەسیح دەگرن و خۆیان کردووە بە نوێنەری گەلی کورد و داوای ئەوە دەکەن کە کورد داوای لێبوردن لە گەلی ئەرمەن بکا، دەلێم کە کۆمەڵکوژی گەلی ئەرمەن دەکەوێتە خانەی ژینۆسایدی نێودەوڵەتییەوە و بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان ئەو دەوڵەتەی بڕیاری تاوانەکەی داوە و یان دەوڵەتانی دوای ئەو دەبێ دان بە تاوانەکەدا بنێن و بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی قەڵاچۆکراو بکەن و خەسارەتی پێبدەنەوە، هەروەکو چۆن ئاڵمانییەکان لەدوای تێکشکانی نازییەکان بە فەرمی داوای لێبوردنیان لە جوولەکەکان کرد و تاکو ئەمڕۆش هەر خەسارەتیان دەدەنەوە. یانی ئەوە دەوڵەتی ئاڵمانی هیتلەری بوو کە بەپێی پلانی دارێژراو دەستیکرد بە قەڵاچۆی جوولەکەکان.

بۆ کۆمەڵکوژی گەلی ئەرمەن کە جێگای شەرمەزرای بۆ کۆمەڵگەی تورکیایە و جێگای ڕەخنە و بێحورمەتی بە گیانی

ئینسانەکان لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە و دەربڕینی داخ و پەژارەیە بۆ ئەو جینایەتە سامناکە، ئەوە لە پلەی یەکەمدا دەوڵەتی عوسمانی و تورکە گەنجەکانی کە دوایی بە کەمالیستەکان ناوبانگیان دەرکرد تاوانبارن و پاکتاوی ڕەگەزیی بەپێی پلانێکی لەپێشداداڕێژراو بەڕێوەچووە. ئەوەی کە هۆزەکانی کورد لە ڕیزی سوپای حمیدیە وەکو سەرباز خزمەتیان کردووە و لەڕووی زەخت و زەبروزەنگ و نەداری و نەفامییە بووبێ کە بەشداری شەڕی دژی ئەرمەنییەکان بوونە بەو مانایە نییە کە کورد پلانی جینۆسایدی گەلی ئەرمەنی داڕشتبێ و چاوی لە خاکی ئەرمەنییەکان بووبێ و وەکو داگیرکەر جووڵابێتەوە.

کورد خۆی دەسەڵاتدار و خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە کە وێڕای عوسمانییەکان پلانی قەڵاچۆکردنی ئەرمەنییەکانی داڕشتبێ. کورد خۆی لەدوای دابەشکردنی خاکەکەی لە ١٥١٤ لەلایەن عوسمانییەکان و سەفەوییەکانەوە هەموو کات هەر بۆ داگیرکردنی خاکەکەی پیلانیان لەدژی گێڕاوە و بە دەیان ڕاپەڕینی کوردان بەدەستی داگیرکەران لە خوێن وەردراوە و ئەوەی ڕاستی بێ کورد هیچ کات وەکوعەرەب و تورک و فارس داگیرکەر نەبووە. ئەگەر کورد داگیرکەر بوایە بێگومان ئەمڕۆ ئەوە حاڵی نەدەبوو، و ئەویش دەیتوانی ببێتە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی.

ئەوە دەوڵەتی عوسمانی بووە کە پلانی قەڵاچۆکردنی ئەرمەنییەکان و کوردەکانی داڕشتووە و لەدوای هەڵوەشانی ئیمپراتوری پڕ لە زوڵمیان کەمالیستەکان تاکو ئەمڕۆش ئەو سیاسەتەیان درێژەپێداوە و حاشا لە قەڵاچۆی ئەرمەنییەکان و بوونی کورد لە تورکیا دەکەن.

باشە کاتێک ئیستعماری بریتانیا سەربازی هیندی دەنارده شەڕی هێزەکانی شێخ مەحمودی نەمر بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی کوردەکان، ئایا سەربازە هیندییەکان تاوانبارن یان دەوڵەتی بریتانیا؟ کامەیان دەسەڵاتداری عێراق و تەنانەت دونیاش بوون؟ ڕاستە کورد لەگەڵ ئەرمەنییەکان بە پیلانی عوسمانییەکان دە شەڕ وەردراوە و تورکەکان ویستوویانە ئەرمەنییەکان بەدەستی کوردەکان بەکوشت بدەن و تاوانی قەڵاچۆیان بخەنەملی کوردان، بەڵام لە زۆر شوێنی کوردستاندا کوردەکان پەنای ئەرمەنییەکانیان داوە و شاردوویانەوە. تەنانەت بە قەولی کاک سۆران "ڕۆشنبیرانی کوردیش، بۆ نموونە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کە دوای ساڵی ١٨٩٨ چەند ژمارەیەکی لە قاهیرە دەرچوو بە ئاشکرا داوای دژایەتیکردنی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن و بانگەوازی ئاشتی و

برایەتی لە نێوان کورد و ئەرمەندا دەکەن و هەروەها لە پەراوێزی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩، شەریف پاشا، نوێنەری کورد و بۆغۆز نۆبار، پاشای ئەرمەنییەکان، ڕێکەوتنێکی هاوپەیمانیان مۆر کرد."

ئەو هەڵوێستەی ڕووناکبیرانی کورد لەو سەردەمدا و بەستنی پەیمانی کورد و ئەرمەن لە پاریس لە ١٩١٩ ئەوە دەردەخا کە کورد هەموو کات دژی پیلانی دەوڵەتی عوسمانی بووە و ئەو شەڕەیان مەحکومیش کردووە. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ چەند ڕووناکبیری تورک ویژدانیان وەخەبەرهاتووە و ڕەخنە لە جینۆسایدی گەلی ئەرمەن دەگرن دەبێ بڵێم زۆر درەنگ بووە و لەڕاستیدا دەبێ کۆمەڵگەی تورکیا و لە پلەی یەکەمدا پارلمان و دەوڵەتی کەمالی داوای لێبوردن لە گەلی ئەرمەن بکەن.

بەڵام با مەسەلەیەکی زۆر گرینگمان لەبیر نەچێ، ئەویش ئەوەیە کە گەلی کورد وەکو قاتڵانی زیاتر لە میلیۆن و نیوێک ئەرمەنی بە دونیا نەناسێنن و ئەوە هەڵەیەکی سیاسی و مێژوویی دەبێ کە جینایەتی تورکەکان بخەینەسەر شانی گەلەکەمان و تورکان هان بدەین کە ئێمەی کورد بە عامیلی جینۆسایدی گەلی ئەرمەن بە دونیا بناسێنن و ناوی ئەو کردەوە و هەڵوێستەشمان بنێنن ئازایەتی و ڕەخنەلەخۆگرتن. ئێمە دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان بدەین کە جینۆسایدی گەلی خۆمان بەدەستی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان بخەینە ڕۆژەڤەوە و وەکو مەسەلەیەکی سیاسی بیخەینەبەر باس؛ جینۆسایدی گەلێکی خاکداگیرکراو و پارچەپارچەکراو و زمان و کەلتور قەدەغەکراو.

ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین دۆستایەتی زیاتری گەلی ئەرمەنی بکەین، بەتایبەتی ئەو ئەرمەنیانەی کە لە کوردستان دەژین و هاوسێ و دۆست و ئاواڵی کوردانن و ڕێگا نەدەین کە داگیرکەر بۆ مەبەستە چەپەڵەکانی ئەو دوو گەلە بەگژیەکدا بکا. من وەکو تاکێکی کورد داخ و کەسەری خۆم بەبۆنەی ئەو کۆمەڵکوژییە بەدەستی تورکەکان دەردەبڕم و هاوخەمی خۆم بە گەلی ئەرمەنی دۆست و برا ڕادەگەیەنم.

١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦

# دیالۆگ بۆلە یەکترگەیشتن نەک یەکترتاوانبارکردن

لە رێکەوتی ٢٨ی سپتامبری ٢٠٠٦ لە ماڵپەڕی دیمانە داهەڵسەنگاندنێکم لە سەربابەتەکەی کاک سامڕەند بلاوکردەوە وحەوتوویەک دواتر کاک سامڕەند ولامێکی بە بابەتەکەی من دابووە وناوبراو پێی وایە کە گۆیا من هێرشی نارەوام کردۆتە سەروبە ئانقەست نێوەرۆکی نوسراوەکەی ویم گۆریوە وگۆیا نێوەرۆکی بابەتەکەی شێواوە. بۆ پاساو هێناوە بۆ بیروبۆچونەکانی سەرەتای وتارەکەی بە شی کردنەوەی وشەکان وبابەتی زەمانەوانی دەست پێ کردووە و وای هاوار لێ بەرز بۆتەوە وەک ئەوەیکە زولمێکی زۆر نارەوای دەرحەق کرابێ وشەخسییەتی لەکەدارکرابێ.

پێم خۆشە ئەوە بۆخوێنەرانی هێژا بلێم کە من کاک سامڕەند لە نزیکەوە ناناسم وهیچ کات لە ژیانمدا وشەیەکەم لە گەڵ ناوبراو نەکوتووە وتەنیا دووراودوور نێوم بیستووە وئاگاداری ئەوە هەم کە ئەندامی حیزبی دێموکرات بووە وبە قەولی خۆشی کە دەلێ "سەیرە لە حیزبی دێموکراتدا کادرێکی ٢٨ ساڵە داوای باس لەوبایخانە بکا وەبەرهێرش کەوێ!". هیوادارم ئەوجار بە تەواوی قسەکانی کاک سامڕەندم نەقڵ کردبێ.

رەنگ بێ لە وشەکانی کە کاک سامڕەند بە کاری هێناون وبە قەولی خۆی وەکوو خۆیان نەگویزراونەتەوە کەمترخەمی کرابێ بە لام هیچ مەبەستی تایبەتی لە پشت نەبووە ونێوەرۆکی بابەتەکەش کە جێگای باس ورەخنەی من بووە هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە. لە راستیدا شێوازی نووسینی کاک سامڕەند بۆ من گرینگ نیە وکەیفی خۆیەتی چۆن دەنووسێ وهەرچەند وەکوو مامۆستایەکی زمانەوانی تێکستەکەی منی خستۆتە ژێر زەرڕەبینەوە، بە لام وا باشە کاک سامڕەند چاوێکیش بە نووسینەکەی خۆی دا بخشێنێتەوە وببینێ کە چەندین هەڵەی نووسینی تێدایە. وەکوو نموونە کاک سامڕەند لە سەردێری بابەتەکەی دا وشەی حقوق بە یەک ( و) دەنووسێ و لە چەند دێرخوارتر بە دوو دانە وو.

سرنج بدەنە ئەو رستانەی کاک سامڕەند:

"بەرێز لوقمان زەهرایی، هەڵەیەکی ئاکادیمی ومەسئوولیەتێکی حقوقی."

"لێرە دا ناوبراومەسئوولیەتێکی ئاکادیمی وحقووقی دەکەوێتە ئەستۆی کە واداری دەکا ئەمینداری بپارێزێ " .
هەروەها کاک سامڕەند (ر) ی کز بە (ڕ) ی قە ڵەو دەنووسێ. "رۆژی ۲۱ی مانگی سیپتامبرلە سایتی دیمانە دا بابەتێکم بڵاوکردەوە بە ناوی بناغەکانی حیزبی دێموکڕات."

خوێنەرانی هێژا ئەگەر بە وردی سەیری بابەتەکەی کاک سامڕەند بکەن دەبینن کە وشەی دێموکرات لە ڕستەکانی خوارەوە بە (ر) ی کز نووسراوە.
تێبینی. من نووسەری ئەو بابەتە بۆ دەست نیشان کردنی هەڵەی نووسینی کاک سامڕەند ژێرئەو سێ وشەم خەت کێشاوە.

بۆ ئەوەیکە ماڵپەرێ بە رێزی دیمانە وەکوو مینبەرێکی دیالۆگ ولە یەکترتێگەیشتنی شارستانیانە وسەردەم بە کاربهێنین ونەبێتە شوێنی چەلەحانە وسەری خوێنەرانی هێژا بە شتی بێ کەڵک وقسەی بێ سوود نەهێشێنین بەوەندە بەسەندە دەکەم ودەچمە سەر ئەسلی بابەتەکە.

جێگای خۆیەتی بلێم کە، ئەوە کاک سامڕەندە کە نەک هەرلە بابەتەکەی من نەگەیشتووە بەڵکوو نووسینەکەی منی بە پێچەوانەوە مانا کردۆتەوە.

کاک سامڕەند لە زمانی منەوە ئاوا دەڵێ "ڕەخنە گری بەرێزوڵاتانی ڕۆژاوایی بە سێکۆلارو دوورلە دین وباوەڕ دەزانێ."
من لە کاک سامڕەند وخوێنەرانی هێژا دەپرسم لە کام ڕستەی نووسینەکەمدا من کوتومە کە رۆژئاوایەکان بێ دینن؟ من کوتومە لە رۆژئاوا ئاین تێکەڵ بە سیاسەت ناکرێ وئەوە کۆمەلە مەدەنیەکان وکلیسایە کە ئەرکە ئاینیەکان بە ڕێوە دەبەن!

کاک سامڕەند، بە داخەوە جەنابت لە مانای وشەی سێکۆلاریزم خراپ تیگەیشتووی وپێت وایە کە سێکۆلاریزم یانی

دژایەتی لە گەڵ ئاین.

کاک سامڕەند دەڵێ "لە زۆر جێگا سەرۆکی کلیسا ئۆتۆماتیک سەرۆکی وڵاتە". بریا ناوبراو نێوی ئەو وڵاتەی بۆباس کردباین.

ئەگەرمەبەستی واتیکانە دەبێ بە بەرێزی بڵێم کە واتیکان ناوەندیکی سیاسی نیە وبەڵکوو ناوەندێکی ئاینیە کە رێبەری کاتۆلیکەکانی دونیا دەکا وپاپی سەرۆکیشی بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێ نەک ئۆتۆماتیک. خۆ سەلتەنەت نیە کوڕجێگای باب بگرێتەوە.

بەڵام ئەوەیکە لە بابەتەکەی کاک سامڕەند دەردەکەوێ ناوبراو لە سێ وشەی حەقیقەت ،عەداڵەت وتەمەدون هەڵسەنگاندنێکی ئاینیانەی هەیە نەک کۆمەلایەتیانە وزانستیانە. ناوبراو کۆماری کوردستان بە دەسەلاتێکی ئاینی پێناسە دەکا نەک بە دەسەلاتێکی دێموکراتیک. ڕاستە کە بەشێک لە سەران وبەڕێوە بەرانی کۆماری کوردستان پیاوانی ئاینی بوون بە لام کردەوە هەڵویست و سیاسەتەکانی کۆمارلە دەسەلاتێکی ئاینی زۆر دووربووە وهەوڵەکانی زۆرتر دێموکراتیک بوون.

دامەزرانی یەکیتی ژنان وهاتنە مەیدانی خەباتی سیاسی هاوسەری پێشەوا قازی مینا خانم و هاندانی ژنان بۆ خەباتی سیاسی شان بە شانی پیاوان و ریگە دان بە خوێندنی کچان لە مەدرەسە وێرای کوڕان خۆی بیری نویخوازی ودێموکراتیکن کە پێشەوا قازی مەحەممەدی هەرگیز نەمر لە کۆماری کوردستاندا بەرێوەی بردووە. لە ڕاستیدا پەیرەوی کردن لە حەقیقەت وعەداڵەت وتەمەدون لە ڕوانگەی کۆمەلایەتی وزانستیەوە دارێژراوەن نەک لە ڕوانگەی ئاینیەوە.

جێگەی داخە کە "کادرێکی ٢٨ ساڵەی حیزب" کۆماری کوردستان بە کۆمارێکی ئاینی بە خەڵک دەناسێنێ ولە ڕاستیدا کاک سامڕەند غەدرێکی زۆرگەورە لە حیزبی دێموکرات وکۆماری کوردستان ومێژووی کورد دەکا و ئەوە سەیرە کەخۆشی بە ڕێرەودڵسۆزی ڕێبازی پێشەوا پێناسە دەکا.

لە سەر بابەتەکەی من چەند کەسێک بیرورای خۆیان دەربڕیوە و دوو کەسیان منیان بە کۆمۆنیست ناو زەد کردووە. پێم خۆشە بەو بە رێزانە بلێم کە من هیچ کات چەپ نەبووم وقەتیش بڕوام بە فکری چەپ نەبووە کە بتوانێ کورد لەو ژێردەستیە ڕزگاربکا و ڕاشم وایە کە ئەوەندەی ئاینی ئیسلام دەوری نیگەتیڤی بووە لە بەربەست کردن و پەرە نەستاندنی بیری نەتەوە .

خوازی گەلی کورد زۆر زیاتر لەوە بیری چەپ دژایەتی کردووە وکۆسپ بووە لە بەردەم هۆشیاری نەتەوایەتی ودەبێنن کە چە پەکانی کوردستان چلۆن بونەتە دار دەستی فارسی داگیرکەرو ئێستاشی لە گەڵ بێ چەند لایەنی سیاسی بە ناو کۆمۆنیست دژبە خەباتی نەتەوایەتی دەجولێنەوە وئیهانەت بە مێژووی پڕلە خوێن وقوربانیمان دەکەن وناسیۆنالیزمی کوردی بە کۆنە پەرەست ودوا کەوتوو و دەست کردی بێگانە دەزانن وشەڕ لە دژی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ڕەواتردەزانن لە شەڕبە دژی کۆماری ئیسلامی کە دوژمنی زەحمەتکێشان وچینی کرێکاریشە. ئەوەیکە من لاینگری لە کۆمەڵگایەکی سێکۆلاردەکەم و پەرەسەندنی دێموکراسی بە زەرووڕەتێکی پێویست دەزانم بە مانای ڕەد کردنەوەی ئاینی ئیسلام وئاینەکانی دیکە لە کوردستان دا نیە، بەڵکوو بە هۆی فرە ڕەنگی ئاینی لە کۆمەڵگای کوردستان دایە کە دێموکراسی وسێکۆلاریزم دەتوانێ زەمانەتی پارازتنی مافەکانی هەموو تاکەکانی نێوکۆمەڵگا بکا وهیچ ئاینێک نەکەوێتە ژێر زەختی ئاینێکی تر. ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردی دا هەموومان رێزو حورمەت لە ئاین وپیرۆزیەکانی یەکتر بگرین و بڕوامان بە دەربڕینی بیرو ڕای ئازاد ومافی ئینسانەکان هەبێ و ئاین تێکەڵ بە سیاسەت نەکەین بێ گومان دەتوانین لە گەڵ ژیانی سەردەم ونوێخوازی خۆمان بگونجێنین ولە زانست وپێشکەوتنی شارستانیەتی سەردەم ودوا نەکەوین.

دەبێ بە هەموومان هەوڵ بدەین کە کێشەی ڕەوامان بۆ ڕزگاری لە دەستی داگیرکەرتێکەڵ بە ئاین و رادیکالیزمی ئیسلامی نەکەین تا وەکوو فەلەستینمان بە سەرنەیە. ئەوەتا دەبینین کە نێوی PKK بە داخەوە وەکوو سازمانێکی تێرۆریستی کەوتۆتە نێو لیستەی ڕەشی ئامریکا وئورووپا و زۆر دژواری هاتۆتە سەر ڕێگای خەباتی کوردەکانی باکور وتورکیەش بە کەلک وەرگرتن لە وشەی تێرۆریزم وبە تێرۆریست ناسینی خەباتی حەق خوازانەی گەلەکەمان لە باکورحەقانیەت بە سیاسەتە جینایەتکارانەکەی خۆی بۆ سەرکوتی گەلی کورد دەدا.

بێ گومان خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی نابێ لە هیچ کات وزەمان دا بخرێتە ژێرسێبەری خەبات بۆ وەدیهێنانی

دیموکراسی ودەبێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی روناکبیران و سیاسەتوانانی پارتە میللیەکانی کورد هەوڵی بێ وچان بدەن، بە لام خۆ ناکرێ کۆمەڵگای ئێمە سەبرکا تاکوو بە ڕزگاری نەتەوایەتی دەگا وجا ئەوسا دەست بکرێ بە خەبات بۆ دامەزراندنی سیسمێکی سیاسی دێموکراتیک.

دێموکراسی هیچ کات لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دا سەقامگیرنابێ ئەگەرهەوڵ بۆ پێکهێنانی ئاڵ وگۆری بنەرەتی لە بوارەکانی کۆمەلایەتی وئابوری وفەرهەنگی دا نەدرێ وبە کردەوە نوێخوازی لە هەموو بوارەکاندا ڕەنگ دانەوەی نەبێ.

لە بابەت پرسیارەکەی رێزدار د.ئەبریشەمی کە لە وتارەکەی دا ئاراستەی منی کردووە و لە منی پرسیارکردووە " دەکرێ لەو بەرێزە بپرسین: فریودان وچەوسانەوەی کورد وخەڵکی موستەعمەرات لە لایەن داگیرکەران وفرەخوازان چ پێوەندییەکی بە مەفهومگەلی وەک " حەقیقەت " یان ئایین و... وە هەیە؟."

لە ولامی بە رێز د.ئەبریشەمی دا دەلێم کە داگیرکەرتەنیا بریتانیای مەزن وفەرانسە کە زۆرینەی موستەعمەراتی دونیانیان لە ژێر دەست دا بووە ناگرێتەوە. ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە لە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کوردستان لە لایەن دەولەتانی ئیستیعماری دابەش کرایەوە وبۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان پشتیان لە کورد کرد. بە لام نابێ ئیمپراتوری ئیسلامی عوسمانی وەکوو دەسەلاتێکی داگیرکەرو کۆلۆنیالیست کە بە نێوی ئاینی ئیسلامی سووننە لە دابەش کردنی خاکی کوردستان لە ١٥١٤ لە گەڵ ئیپمراتوری سەفەوی کە ئەویش ئەساسەکەی لە سەرئاینی شیعە دامەزرابوو لە بیربکەین کە بە شێکی گەورەی خاکی کوردستانی خستە ژێردەسەلاتی خۆی وسەرەڕای ئەوەیکە کۆلۆنیالیزمی عوسمانی بەشێکی بەرچاوی لە خاکی ئوروپاشی داگیرکردبوو.
سیاسەتی داگیرکاری ئیمپراتوری عوسمانی کە خۆیان بە ڕێبەری هەموو موسولمانان پێناسە دەکرد وخوتبە بە نێو سولتانەکانی دەخوێندرایەوە بۆ بە هۆی لەت کردن ودابەش کردنی کوردستان وگەلەکەی وتاکوو ئەمڕۆشی لە گەڵ بێ کورد هەرداری ئەو داگیرکاریە دەخوا.

جێگای وە بیرهێنانەوەیە کە لە سەردەمی شاکانی سەفەوی دا بە کوردیان کوتووە "کافر یزیدی" وبەو شێوە بۆ داگیرکاری خاکی کوردستان وڕشتنی خوێنی ژن وپیاو ومندالی کورد لە ئاین کەلکی زۆریان وەرگرتووە و کوردیان

کە موسولمانی سوونني بووە بە کافرزانیوە ولە راستیدا دەسەلاتی شاکانی سەفەوی ودوای ئەوانیش دەسەلاتێکی کۆلۆنیالیستی ئاینی داگیرکەربووە.

ئەگەر باسی سەردەمی ئێستاش بکەین ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو دەسەلاتێکی داگیرکەری ئاینی ماوەی ٢٧ ساڵە بە نێوی " امت اسلام " کورد وگەلانی دیکە ی ئێران دەچەوسێنێتەوە ولە هەمووماف‌ێکی ئینسانی بێ بەشی کردوون.

٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦

---

## بناغەکانی حیزبی دێموکرات"؟

"بناغەکانی حیزبی دێموکرات" سەردێڕی وتارێکە بە قەڵەمی کاک سامڕەند نووسراوە و لە ماڵپەڕی دیمانە لە ڕێکەوتی ٢١ی سپتامبری ٢٠٠٦ دا بڵاوکراوەتەوە. بە پێویستم زانی بیروڕای خۆم لەسەر نەزەراتی ناوبراو دەرببڕم. مرۆڤەکان ئازاد لەدایک دەبن و هیچ کەس بۆی نییە ئەو ئازادییەیان بە ناوی ئایینەوە لێ زەوت بکا.

بە بۆچوونی کاک سامڕەند حیزبی دێموکرات دەبێ بگەڕێتەوەسەر ئەو ژێرخانەی کە لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا دانراوە کە ئەویش بریتیە لە سێ ئەسل: "حەقیقەت، عەداڵەت ، تەمەدون ". کاک سامڕەند ڕای وایە کە حیزب دەبێ پەیڕەوی "حەقیقەت" بێ بۆ چارەسەری کێشەکانی کە ئەمڕۆ بەرۆکی حیزبی گرتووە و بۆ کۆتاییهێنان بە جیناحبازی. لە ڕوانگەی کاک سامڕەند حیزب دەبێ گرینگی بە لایەنی ئایینی بدا کە ویست و داخوازی تەک تەکی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردییە.

لە بابەت وشەی "عەداڵەتەوە" ناوبراو دەڵێ "مەفهوومی عەداڵەت واتایەکی قووڵ و بەرفراوانی هەیە و حیزبەکەمان لەبەر تەسکبوونەوەی بیر و فیکر دەپارێزێ و مەیدان بە ئاچغبوونی فیکر و ئیدەی سیاسی خەڵاق

والا دەکاتەوە و سەرئەنجام وشەی "تەمەدون" پایەیەکی قورس و قایمە کە بینای حیزبەکە تەراز ڕادەگرێ و ئیمکانی خۆگونجاندن لەگەڵ هەر جۆرە پێشکەوتنێکی سەردەمیانە بۆ حیزب دەڕەخسێنێ."

لە کۆتایی باسەکەیدا کاک سامڕەند ڕای وایە کە "ئەگەر هەردوو باڵی نێو حیزب کۆشکی حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو سێ ئەسڵە دابڕێژنەوە ئەوە کۆتایی بە دووبەرەکی نێو حیزب دێ و وەحدەتێک کە لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا هەبووە دەگەڕێتەوە نێو حیزب."

بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی کاک سامڕەند کە پشتی بە سێ وشەی "حەقیقەت، عەدالەت و تەمەدون" بەستووە پێمخۆشە مانای ئەو سێ وشە لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستاندا بدۆزمەوە و کاریگەریان و جێگە و پێگەیان لەسەرخەباتی سیاسی، کۆمەلایەتی، کەلتوری و ڕۆشنبیریدا دەستنیشان بکەم.

بۆ ڕۆچوونە نێو باسەکەم لە پلەی یەکەم باسی ئەوە دەکەم کە کورد وەکو یەکێک لە کۆنترین گەلانی جیهان و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، بەداخەوە لە هەزارەی سێیەم و سەدەی بیستویەکەمدا نەک تاکو هێشتا نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بەڵکو بێبەرییە لە بچووکترین مافەکانی ئینسانی خۆی، لانیکەم لە سێ بەش لە خاکی کوردستانی دابەشکراو و داگیرکراودا.

کۆمەڵگەی کوردی بەپێی دابەشبوونی بەسەر سێ نەتەوەی جیاوازی داگیرکەردا شوناس و پێناسەی لێ ئەستێندراوەتەوە و بەتەواوی لێیان شێواندووە و کەلتوری داگیرکەر بڕستی لێ بڕیوە و یەکێک لەو ئەسلانەی کە کاک سامڕەند ئیشارەی پێدەکا واتە "حەقیقەت" کوردی پێچەوسێنراوەتەوە و لەڕاستیدا پێشی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی لە بوارەکانی کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری، کەلتوری و سیاسی بەربەست کردووە.
کورد لە بەڕێوەبردن و هەڵبژاردنی ئایینەکەیشی هەموو کات هەر پاشکۆ بووە و ئەوەندەی هەست و سۆزی ئایینی لە بیر و هزری مرۆڤی کورددا دەوری هەبووە و هەیە ئەوەندە بەهێزکردنی هۆشیاریی نەتەوایەتی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەوری نەبووە و نییە. تەنیا بەسە ئاوڕێک لە مێژووی خۆمان بدەینەوە کە چۆن تورکەکانی عوسمانی بە ناوی ئایین کوردیان هەڵخەڵەتاندووە و وەکو گۆپاڵ بە گژ ڕووس و ئینگلیس و ئێران و ئەرمەنی و ئاسۆرییەکاندا کردووە.

من خۆم کەسێکی مەزهەبی نیم و دژی ئیسلامیش نیم، بەڵام پێمخۆشە ئەوە بە کاک سامڕەند و هەموو ئەوانەی کە وەکو ئەو بیردەکەنەوە بڵێم کە با سیاسەت تێکەڵ بە ئایین نەکەین. ئایین مەسەلەیەکی شەخسییە، پێوەندیی نێوان خودا و مرۆڤە.

کۆمەڵگەی کوردستان هەمووی موسوڵمان نین و تەنانەت هەموویان موسوڵمانی سوونی نین، بەڵکو بەشیک لە کوردەکان شیعەن. جگە لەوە کورد یەزیدی، جوولەکە، مەسیحی و ئەهلی حەق و ئایینی جۆراوجۆری دیکەیشی تێدایە. هەڵبژاردنی ئایینێک و تێکەڵکردنی بە سیاسەت، پێشێلکاری مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەی بەدواوەیە. با هیچ دوور نەڕۆین باس لە ئێران بکەین کە چۆن شیعە ئایینی ڕەسمی وڵاتە و لە قانونی ئەساسی ئێرانیشدا وەکوو ئایینی فەرمی ئیرانە و سوونییەکان و باقی ئایینەکانی دیکە هیچ بەشێکیان لە دەسەڵاتدا نییە و حاڵی کوردی داماو دەبینین کە چۆن لە ماوەی ٢٧ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی فارس و شیعە وەکو کۆیلە ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن.

کاک سامڕەند پێیوایە کە حیزبی دێموکرات پشتی لە ئایین کردووە و دەبێ حیزب بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی و ئاوڕ لە ئایین بداتەوە و ئەساسنامەکەی لەسەر ئەساسی ئایینی دابڕێژێتەوە و نابێ بەرەو سێکۆلاریزم بڕوا و دەبێ مەعنەویات لە سیاسەتەکانیدا ڕەنگ بداتەوە تاکو چارەسەری کێشەکانی نێوخۆی پێبکا. دەمهەوێ بە کاک سامڕەند و هەموو ئەوانەی کە وەکو ناوبراو بیردەکەنەوە ئەوە بڵێم کە هەرچەند حیزب ئیدەعای سێکۆلاربوون دەکا و خەبات بۆ وەدیهێنانی سیستمێکی دیموکراتیک دەکا و لە ئەساسنامەکەیدا باسی جودایی دین لە سیاسەت دەکا بەڵام لە کردەوەدا زۆری ماوە تاکو وەکو حیزبێکی سێکۆلار بێتە بەرچاو. هەڵبەت سازمانە سیاسییەکانی دیکەی کوردیش لەو بوارەدا نەک هەر لە حیزبی دێموکرات لە پێشتر نین بەڵکو زۆریش لە دواترن.

ڕادیۆ کوردستان هێشتاش بەرنامەکانی بە خوێندنەوەی قورعان دەستپێدەکا. ئەوەش بەو مانایەیە کە حیزبی دێموکرات هێشتا زۆر دوورە لە سێکۆلاریزم و دیموکراسی. دیارە دیموکراسی و سێکۆلاریزم دژی ئایین نین، بەڵام ئایین تێکەڵ بە سیاسەت ناکەن. کەوابوو بۆ پارتێکی سیاسی کە ئیدەعای سێکۆلاربوون دەکا و ئامانجی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیکە نابێ بە قوتکردنەوەی ڕۆڵی ئیسلام کە ئایینی زۆرینەی گەلی کوردستانە مافی باقی ئایین و کەمینەکانی دانیشتووی کوردستان هەر لە ئێستاوە پێشێڵ بکا. لە کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار و

دیموکراتدا وەکو ئەوەی لە ڕۆژئاوادا لە ئارادایە پارتە سیاسییەکان ناچن لە دامودەزگای حیزبیان تەبلیغ بۆ ئایین بکەن، بەڵکو ئەوە دامودەزگا مەدەنییەکان و لە پلەی یەکەمدا کلیسایە کە ئەرکە ئایینیەکان بەڕێوەدەبەن.

حیزب کە ئیدەعای سێکۆلاریزم دەکا دەبێ بە کردەوە هەوڵ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار بدا و ئەویش بە ئاڵوگۆڕ لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەدا و بە گۆڕینی دابونەریتە دواکەوتووەکانی وەکو ژنبەژنە، گەورە بە بچووک، لەسەر پشتی لانک مارەکردن، یەکسانی کچ و کوڕ لە هەڵبژاردنی هاوسەر، یەکسانی ژن و پیاو لە کار و خوێندندا و زۆر مەسەلەی گرینگی دیکە.

لەسەر ئەو بڕوایەم کە بۆ دابینکردنی ژیانێکی هاوچەرخ و بەختەوەرانە و بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی یەکجاری لەدەستی داگیرکەر، حیزبی دێموکرات دەبێ لە دوو بواردا زۆر چالاک بێ. یەکەم بواری نەتەوایەتی و حیزب دەبێ بە سیاسەتەکانی هەوڵ بدا هۆشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز کە مرۆڤی کورد خۆی بناسێ و هەست بە بوونی خۆی وەکو کورد بکا نەک وەکو ئێرانی. ئیرانیبوون پێناسەی ڕاستەقینەی کورد نییە، بەڵکو بەسەریدا سەپاوە بۆ شێواندنی پێناسەی ئەسڵیەکەی کە کوردبوونیەتی. دووەم، بە کردەوە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی دەروون حیزبی و لەوێشەوە بۆنێو کۆمەڵگە و بە کردەوە خەبات لە دژی کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی بکرێ. دەبێ عەقڵیەتی کۆمەڵگە بگۆردرێ کە ئەویش بە پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵە مەدەنییەکان دەکرێ. ئەگەر حیزب و سازمانە کوردییەکانی دیکە بە سیاسەتەکانیان و کردەوەکانیان ببتە بەربەست لە بەردەم پەرەسەندنی دیموکراسی لەنێو کۆمەڵگەدا بێگومان دەستی پارتە ئیسلامییە ڕادیکالەکان ئاواڵەتر دەبێ و کۆمەڵگە نەک هەر بەرەوپێش ناچێ بەڵکو زۆرلەوەی هەیە زیاتر بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کە هەموو کات دوژمنان کەڵکیان لێوەرگرتووە جیاوازی و ناکۆکیی ئایینی لە کوردستان بووە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیاندا تاکو ئەمڕۆش سەرکەوتوو بن. حیزب تاکو زیاتر پەرە بە دیموکراسی نێوخۆیی و کۆمەڵگە بدا و زیاتر هەوڵ بدا کە بیر و هزری کۆمەڵگە بەرو نوێخوازی بەرێ ئەوەندە زیاتر ڕێز لە مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەگرێ.

لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدایە کە تاکەکان بە مافەکانیان دەگەن و دەتوانن بە سەربەستی ڕەخنە و گازەندەی

خۆیان لە دەسەڵات بگرن. هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر ئەساسی ئایدۆلۆژییەکی تایبەت دابمەزرێ بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا. جا ئەو ئایدۆلۆژییە چ ئایین بێ چ کۆمونیزم و یان دەسەڵاتێکی لەشکری.

لە بابەت وشەی دووەم، واتە "عەدالەت" کە کاک سامڕەند باسی لێدەکا دەبێ بڵێم لە دەسەڵاتێکی ئایینیدا عەدالەت بەڕێوەناچێ. هۆیەکانیشی زۆر ڕوونن. دەسەڵاتێکی ئایینی تێکەڵ بە سیاسەت کراو هەموو کات پیرۆزییەکی تایبەت دەدا بە خۆی، چونکە ئایین، بەتایبەت ئایینی ئیسلام، وەکو شتێکی پیرۆز و نەگۆڕاوە و ختنەژێر پرسیاری دەسەڵاتێکی دامەزراو لەسەر ئایینی ئیسلام بە واتای ختنەژێر پرسیاری پەروەردەگارە. لانیکەم لە ڕوانگەی ئەوانەی کە موبەلیغی ئایینن.

ئەوە نموونەی زۆر زەق و بەرچاو کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە ویلایەتی فەقی خۆی وەکو جێگری خودا لەسەر زەوی پێناسە دەکا و کەس بۆی نییە ڕەخنە لە نیزام بگرێ، چونکە ئەگەر ڕەخنە لە حکومەت بگیرێ بە واتای ڕەخنەگرتنە لە شتە پیرۆزەکان. کەوابوو عەدالەتی سیستمێکی سیاسی لەسەر بناغەی ئایین لە کوێدایە؟ جگە لەوەی کە ئایینەکان و نەتەوەکانی دیکە دەکەونەژێر چەوسانەوە و بێبەش دەکرێن لە هەموو مافە ئینسانییەکان. لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا کە ئایین تێکەڵ بە سیاسەت کراوە ئەوەی نرخی نەبێ مرۆڤە کە نەک هەر وەکو بوونەوەرێکی خاوەن ماف سەیری ناکەن بەڵکو بۆ لەنێوبردنی پشتدەبەستن بە کتێبە ئاسمانییەکان. ئەوەتا دەبینین کە ئیسلامییە کۆنەپەرەست و رادیکالەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دوبارەی جڵەوی دەسەڵات لە عێراق و هێنانەوەی سەر حوکمی دەسەڵاتی چەپەڵی بەعس و تاڵەبان ئەو وڵاتەیان کردۆتە قەسابخانە و ڕۆژ نییە بە سەدان ئینسانی بێتاوان نەکوژرێن.

لە بابەت سێیەمین وشە، واتە "تەمەدون"، کە کاک سامڕەند باسی دەکا دەبێ بڵێم بە دابینکردنی مافی نەتەوایەتی و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و ئایینە کە دەتوانین باس لە تەمەدون و پێشکەوتنی شارستانیەتی سەردەم بکەین نەک گەڕانەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی. مرۆڤەکان ئازاد لەدایکدەبن و هیچ کەس بۆی نییە ئەو ئازادییەیان بە ناوی ئایینەوە لێ زەوت بکا. ئینسانەکان مافی هەڵبژاردنیان هەیە نەک کەسێک یان کۆمەڵێک خۆیان بکەن بە کوێخایان و لەجیاتی ئەوان هەڵبژێرن و بڕیار بدەن. هیچ دەسەڵاتێک کە لەلایەن ئینسانەوە بەڕێوەدەچێ پیرۆز

نییە. لە کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار و دیموکراتیکدایە کە کەسایەتییەکان جێگای خۆیان دەدۆزنەوە و گرینگیان وەکو مرۆڤ پێدەدرێ و ڕێگای پێشکەوتنیان لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەموار دەکرێ. با هیچ دوور نەڕۆین بەراوەردی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکان بکەین؛ کامەیان خاوەنی عیلم و زانست و ژیانی خۆشە؟ لە کامەیاندا مافەکانی مرۆڤ پارێزراوە و عەدالەت و تەمەدون گەشەی زیاتری کردووە؟ لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا مرۆڤ هیچ قیمەتێکی نییە، بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژئاوییەکاندا مافی ئاژەڵ و پەلەوەرکانیش پارێزراوە.

٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦

---

## دەسەڵات، کۆمەڵگا، دێمۆکراسی

لە کۆمەڵگاکانی دواکەوتوو دا کە دەسەلات خاوەنی سەرو مالی خەلکە ولە جیاتی وان بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدا، کێشەی ئازادیە سیاسیەکان و پێشێل کردنی مافی تاکەکان بە بەردەوامی گرفتی سەرەکی بووە وبەردەوام کەسانی ڕووناکبیرولایەنگرانی نوێ خوازی کەوتونەتە ژێر زەخت وتوند وتیژی دەسەلاتداران وهەردەم بە چاوی نەیارو ناحەزی " گەل ودەسەلات " سەیرکراون ودەکرێن و لە راستیدا جیا بیران ونویژە ن خوازان ئامانجی پاکتاو وراودوونان بوونە. دیاردەیەکی زۆر باو لە کۆمەلگا دواکەوتوەکاندا پیرۆزی دەسەلات وسەرۆکەکانیانە وئەوان خۆیان لە سەرەوەی هەموو یاسا وریسا کان دەبینن وزۆرینە واتە گەڵ دەبێ کرنۆشیان بۆ بەرێ وبێ هیچ دژایەتی کردنێک فەرمانەکانیان جێ بە جێ بکرێ.

دەسەلاتداران بەردەوام هەوڵ دەدەن کە تاکەکانی کۆمەڵ بە مافەکانیان ئاشنا نەبن وچاو وگویان نەکرێتەوە وبە شێوە وسیاسەتی جۆراوجۆر پێش بە پەرەسەندنی کۆمەلگا دەگرن کە دەکرێ چەند نموونە باسبکەین وەکوو: کەلک وەرگرتن لە ئاین وبلاو کردنەوەی جەهل و خورافات بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ نوێ خوازی وترساندنی خەلک لە دۆزەخ و لە قیامەت.

پارازتنی سوونەتەکان وبە ڕێوەبردنی کۆمەڵ لە سەر بنامەی سیاسەتێکی خێڵەکیانە وگەڕانەوە بۆ دەورانی بەربەریەت.

پێش گرتن بە فێر بوون وزانستی سەردەم وبێ بەش کردنی خەلک لە ئیمکاناتی ژیان وسیاسەتی بەستراوەیی زۆرینەی کۆمەڵگا بە دەسەلاتەوە وپێناسە کردنی دەسەلات وەکوو وەلی نیعمەت وجێ نشینی خودا لە سەر زەوەی.
پەرە پێدان بە پێشێل کردنی مافی ژنان ودانانی جیاوازی ڕەگەزی نێر ومێ و پەرە پێدانی فەرهەنگی پیاو سالاری بە کەلک وەرگرتن لە ئاین بۆ دانی ڕەوایی بەو دابەش کردنە وناسینی ڕەگەزی مێ وەکوو ڕەگەزی لاوازتر لە ڕەگەزی نێر.

پێش گرتن بە خوێندنی کچان لە مەدرەسە وبە حەرام وکوفرزانینی فێر بوون بۆ ڕەگەزی مێ وبۆ ئەو مەبەستەش بە شێکی بەرچاو لە ماموستایانی ئاینی ئەو دەورە دەگێرن ولە ڕاستیدا دەبنە بەشێک لە دەسەلات بۆ پارازتنی بەرژەوندیەکانی شەخسیان.

چارەسەر کردنی کێشە کۆمەلایەتیەکان بە شیوازی عەشیرەتانە وپشت گوی خستنی یاسا ودادگا ولە ڕاستیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا پێشێل کردنی مافی تاکەکان بە تایبەت هی ژنان کە زۆر جارلایەنی سەرەکی کێشەکانن کە بە نێو کێشەی ناموسەوە بە دەستی باب و برا وکەس و کاریان دەکوژرێن و بۆ ڕەوایتی دان بەو کردەوە کۆنەپەرەستانەیە دینی ئیسلام دەکەنە پاڵ پشتی کردەوەکانیان.

دەسەلاتدارە کۆنەپەرەستەکان بۆ ڕاگرتنی دەسەلاتیان بە شیوەیەکی بەربلاو ڕیگا بە دابە کۆنەکان دەدەن کە لە کۆمەڵگا دا دە وری بە هێزو سەرەکی ببینن ولە ساویلکەیی خەلکانی بێ سەواد کەلکی زۆر خراپ وەردەگرن و وا فێری خەلک دەکەن کە بە وژیانەی هەیانە شوکور گوزاربن وناشکوری نەکەن چونکە دژایەتی پەروەردگارە.

دە سەلاتداران هەردەم دەیانهەوی خۆیان بکەنە بە کاریزما لە کۆمەلگا دا و لە ڕاستیدا لە خۆیان بوتێک دروست دەکەن تاکوو خەلک بیان پەرەستن ولە ئەمرو فەرمانیان دەرنەچن وتەنانەت لە دوای نەمانیشیان سێبەریان لە سەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا دا هەر بە پیرۆزی بمێنێتەوە.

كۆمەڵگای كوردی ئێمەش بێ بەش نیە لەو كێشانە و بە هۆی دابەش بوونی خاك وگەلەكەی وكەوتنە ژێر چەكمەی داگیر كەران بە داخەوە تاكوو ئێستاشی لە گەڵ بێ نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی كیانێكی سەربەخۆ ویەكگرتوو وكولتوری ڕەنگاو ڕەنگ و دواكەوتوانەی داگیر كەران بڕستی لە كولتور وزمان وبوارەكانی دیكەی ژیانی كورد دا بڕیوە. هەڵبەت ئەوەش با بلێم ئەگەر كورد خاوەنی دەولەتی سەربە خۆی خۆشی بوایە، بە لام ئەگەر بە شێوازێكی دواكەوتوانە ودیكتاتۆریانە لە لایەن دەسەلاتدارانەوە بە ڕێوە چووبا ئەو كاتیش وەكوو ئێستا پێویستیمان بە گۆرانكاری ونوێ خوازی هەبوو.

گەلی كورد لە دوو سەدەی ڕابردوودا بۆ وەدەست هێنانی مافەكانی وبۆ ڕزگاری لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی خەباتی زۆری كردووە وبۆ ئەو مەبەستەش لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمەوە پارتی سیاسی پێهێناوە وهەولێ داوە شێوازێكی نوێ بۆ خەباتەكەی بگرێتە پێش . خەباتی چەكداری بە هۆی هەل ومەرجی ناوچە وسیاسەتەكانی داگیر كەرانی كوردستان بۆتە شێوازی سەرەكی بۆ خەباتی پارتەكان لە هەموو پارچەكان كوردستاندا وتاكوو ئەمڕۆش ئەو شێوازە خەباتە بەردەوامە.

دەكرێ بلێین زۆربەی پارتە سیاسیەكانی كوردی لە سەدەی ڕابردوو بە هۆی دوو جەمسەری سیاسی لە دونیادا، واتە كۆمونیزم وكاپیتالیزمدا هەڵگری بیری چەپی بوون وبەشێكی بەر چاویان لە سالانی ڕابردوو دا دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی بوون لە جیاتی كورد بوون خۆیان بە لاینگری بیری نێو نەتەوەیی پێناسە دەكرد وئەو چەند پارتەش كە خۆیان بە ئالاهەڵگری بیری ناسیۆنالیستی كوردی دەزانی ودەزانن ولە گەڵ ئەوەی داوای خودموختاری ودێموكراسیان دەكرد بە كردووە لە راستیدا كەوتونەتە ژێر كاریگەری بیری چەپ وزۆر سەركردەیان هەبوو كە بە لایەنی چەپ دا بایداوەتەوە.

لە دوای تێك ڕمانی ئیمپراتوری پڕ لە زولم وچەوسانەوەی بەرەی بە ناو كۆمونیزمی سۆڤییەت و هاوبیرانی و دروست بوونی دەیان دەولەتی نوێ لە سەر گۆی زەوی وبە جەمسەری بوونی یەك دەسەلاتی بە ڕێبەرایەتی ئامریكا ولە گەڵ پەرەسەندنی تێكنۆلۆژیا وبە جیهانی بوونی زۆرتری ئابوری وگۆرینی دەسەلاتە سەرەرۆیەكانی یوگوسلاوی وتالیبانی ئافغانستان وسە ددامی دیكتاتۆر لە ڕیگای هێرشی نیزامی وشۆرشی نارنجی گەلانی بالكانی تینوی ئازادی، ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست زۆر زیاتر لە جاران بۆتە مەیدانی ململانەی ئامریكا وهاوپەیمانانی لە

لایەک وبەرەی کۆنە پەرەست ودیکتاتۆرەکان وتیرۆریستەکانی ناوچە لە لایەکی تر.

هەڵبەت ئامریکا وهاوپەیمانانی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گۆیا دەیهانهەوێ لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا دێموکراسی سەقامگیر بێ وبۆ ئەوە مەبەستەش پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەیان خستۆتە روو وئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەگەر لە عێراق دا سەر کەوتوو بن ودێموکراسی سەقامگیر بێ، ئەوسا نۆرەی ولاتانی دیکەی ناوچەش دێ.

ئەوەێکە ئێستا هێزەکانی ئامریکا لە عێراقنن ورووخانی دیکتاتۆری بەغدا لە بەرژەوەندی کوردان دابووە هیچ شک وگومانی تێدا نیەو کوردی باشوری کوردستان توانیویێتی لەو دەرفتە کەڵک وەرگرێ وپاش سالانێکی دوورودرێژ شەڕی خۆ خۆری ئێستا خاوەنی پارلمان وحکومەتی یەکگرتون. بە لام ئەوەی کە کورد پێوسیتی پێیەتی بە گشتی وبە هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستانیشەوە هەوڵ بۆ خۆ گونجان وگرتنە پێشی رێبازی پێشکەوتن ونویخوازیە وبۆ ئەو مەبەستەش پێویستە رۆژ لە گەڵ رۆژ پارتە سیاسیەکانی کوردستان پەرە بە دێموکراسی نێو حیزبی و کۆمەلگا بدەن.

ئەوەیەکە ئەندامان وتەنانەت سەرۆکەکانی هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا هەڵ قولاوی گۆمەڵگای کوردەوارین وهەڵگری کولتوری کوردەوارین جێگای هیچ پرسیار وشک وگومان نیە ورێبەرانی پارتە سیاسیەکان وەکوو بە . شێک لە نوخبەکانی کۆمەڵگای کوردی رێبەری خەبات کە دەسەلاتەکەیان بە دەستەوە یە دەبێ ئەوە باش بزانن کە نابێ خەلک وەلا بنێن لە دەسەلات وبڕیاردان ودەبێ ئەوە بزانن کە ئەوە ئەوان نین کە زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی پێک دێنن، بە لکوو ئەوە کۆمەلانی جەماوەری خەلکن کە زۆرینەن ومافی خۆیان کە ڕەخنە لە دەسەلات بگرن وکەم وکۆریەکان دەست نیشان بکەن و دەسەلاتیش بە دڵ فراوانیەوە گوێ بۆ ویست وداخوازو ڕەخنەکانی خەلک بگرێ و میدیاکان بە بێ ترس وخۆف لە دەسەلات بتوانن دەوری خۆیان لە روونکردنەوەی کۆمەلانی خەلک ببینن وخەلک لە ڕاستیەکان ئاگادار بکەن.

زۆربەی پارتە سەرەکیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان خۆیان بە چاو ساخ ونوێنەری خەلک دەزانن ولە سیاسەتەکانیان دا هەر باس لە دێموکراسی دەکەن وژێستی دێموکرات بوون دەگرن.

کاتێک کێشەیەک یان شەڕی نێو خۆیی لە سەر دەسەلات دەکەوێتە نێو پارتەکانی کوردستان ئەوەی ئیدی کێشەی فلان سەرکردەو ڕێبەرو فلان گروپ وجیناح نیە، بەڵکوو ئەوە شەڕی کۆنەپارێزی ونوێ خوازی وبڕوا بوون بە مافەکان ویان پێ شێل کردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیە کە دەسەلاتدارن خۆیان بە دەم ڕاستیان دەزان وتا ئەو کات کاریان پێیانە کە دەنگیان بۆ دەدەن ودوایش زۆرینە واتە جەماوەر دەخرێتە پەراوێزەوە ولە پرسە گرینگ وچارە نووسزازەکاندا پرسی پێ ناکرێ.

دێموکراسی تەنیا بە مانای چون بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان وهەڵبژاردنی گرۆپێک بو دەسەلات نیە ، بە لکوو پارازتنی مافی تاکەکانی نێو کۆمەڵە ورێگا دان بە دەنگە موخالیف وجیاوازەکان وچارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشە گرینگەگانە بە ڕێگای دیالۆگ وڕێز لێنان لە یەکتر. با لە بیرمان نەچێ لە جیاتی دوژمنایەتی یەکتر ودوژمن بە خۆ خۆش کردن بەرژەوەندی گەل وولات لە سەرەوەی بەرژەوەندی تەکی وحیزبیەکانمان دابنێنن وبا لە ڕێگای دەنگی زۆرینەی کۆمەڵگا چارەسەی کێشەکانمان بکەین، واتە ریفراندۆم.

٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦

---

## هەڵسەنگاندنێک لەسەر قسەکانی د. ئیبراهیم یەزدی، سکرتێری گشتیی "نهضت آزادی ایران" لەسەر پرسی سیاسی کورد

لە ئێران هیچکات کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەهۆی کوردبوونیانەوە گیروگرفتیان نەبووە و ئەگەر کێشەیەکیش هەبووبێ لەسەر دەسەڵات بووە.

د. ئیبراهیم یەزدی لە سایتی ڕێنسانس دا لە ڕێکەوتی ٣ی ئووتی ٢٠٠٦ دا دیمانەیەک لەگەڵ د. ئیبراهیم یەزدی بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن هەفتەنامەی "هاوار"ەوە سازدراوە. بەو بۆنەوە بە پیویست دەزانم ڕوانگەی خۆم لەسەر هەڵوێست و سیاسەتەکانی ناوبراو کە بێگومان بۆچوونی حیزبەکەیشی بەرامبەر بە کوردە، دەرببڕم. پێویستە ئەوە

بڵێم کە ناوبرا یەکەمین وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی کاتیی تازەدامەزراوی مەهەندیس بازرگان لە سەرەتای ئیقلابی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران بوو کە بەنی سەدریش سەرۆککۆماری بوو.

یەکەم پرسیار کە ئاراستەی ناوبراو دەکرێ ڕوانگەی پارتی ناوبراوە لەمەڕ کێشەی قەومییەتەکان بەگشتی و بە شکڵی خاس لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێراندایە. ناوبراو دوو ڕوانگە بۆ ئەو کێشانە دەخاتە ڕوو: یەکەم، ڕوانگەی میللی و ڕوانگەی دینی یان ئیسلامی و بۆ ئیسباتی بۆچوونەکەی خۆی پەنادەباتە بەر کتێبی ئاسمانی قورعان و لە ڕوانگەی دینی ئیسلامەوە کە مرۆڤەکان هەمووی یەکسانن هەڵوێستی پارتەکەی دەخاتە ڕوو و دەڵێ بڕوامان پێیەتی. لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە کە لایەنی سیاسی مەسەلەکە دەگرێتەوە ناوبراو دەڵێ کە ئێمە هەموومان ئێرانین و بە تێکرا پەیوەستین بەو وەڵاتەوە و هەموومان خاوەنی هۆوییەت و مێژووی هاوبەشین و هیچیەک لە قەومەکانی ئێرانی ناتوانێ ئیدعای ئەوە بکات کە لەوانی تر ئێرانی ترە، هەرچەند بە شەهامەتەوە دەتوانم بڵێم کە کوردەکان یەکێک لە کۆنترین ئەقوامی ئێرانین و یەکەمین دەوڵەتی ناسراویان لە مێژوودا لەسەرخاکی ئێران دامەزراندووە و لە هیچیەک لە قۆناغەکانی مێژوودا کوردەکان خۆیان وەکو قەومێکی جیا لە ئێران سەیر نەکردووە و بۆیە ڕوانگەی ئێمە بە نیسبەت مەسەلەی کوردستان بەو شێوەیە کە کوردەکان هاونیشتمانانی ئیرانی ئێمەن و ئەگەر ستەمێکیش لەئارادا بێ لە هەموو ئێمە کراوە و ئەو ستەمە فەرەقەومی و تەنانەت فەرەمەزهەبیش و تەنیا تایبەت بە کورد نییە.

ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ کە یەکێک لە هۆیەکانی تایبەتی مەسەلەی کورد بەهۆی چۆنیەتی پێکهاتەی تایبەتی کۆمەڵی کوردستانە لە بواری شناختی کۆمەڵناسییە.

لە وەڵامی یەکەم هەڵویستی د. یەزدیدا دەبێ بڵێم کە ناوبراو و پارتەکەی هەڵوێستێکی زۆر ڕاسیستانەیان لەسەر کێشەی سیاسیی کورد هەیە و بە ئاشکرا حاشا لە پێناسەی کوردبوون دەکا و گەلێک بەناو کورد یان هۆویەتیک بەناو کورد لە مێژووی ئێراندا بۆ ئەوان وجودی خاریجی نییە و ئەوەی هەیە هاووڵاتیبوونە کە بە قەولی ناوبراو پێکهاتەی نەتەوەی ئێران پێکدەهێنێ. ناوبراو زۆر بە ئاشکرا ئینکاری بوونی ستەمی میللی و دینی لەسەر کورد دەکا و بە شێوەیەکی شووینیستانە چەواشەکاری مێژوو دەکا و لە ڕاستیدا پشتی سیاسەتی تواندنەوەی کورد دەگرێ و لە چەند میللییەتیبوونی ئێران حاشا دەکا و قەومی فارس کە کەمینەی دەسەڵاتدارە لە ئێراندا دەخاتە تای

ترازووەکەوە لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی ئێران. ئەو ناڵێ کە مەزهەبی شیعە و زمان و کەلتوری فارس و یان بە قەولی خۆیان "پارس" بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو دەسەڵاتی موتڵەق بووە بەتایبەت لەدوای هەولی ڕەزاخان بۆ بە قەولی خۆی دروستکردنی دەوڵەتی مودێرن لە ئێراندا لەسەر ئەساسی یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک دەوڵەت.

ئەوەی کە کە کوردەکان لە هیچیەک لە قۆنەغەکانی مێژوودا خۆیان وەکو قەومێکی جیا لە ئێران سەیر نەکردووە ڕاست نییە و درۆیەکی تەواو هەڵبەستراوە. کوردەکان ئەوەندە لەژێر ستەمی نەتەوایەتیدا بوون و هەن کە تا ئەمڕۆش ناتوانن ناوی کوردی لە شوناسنامەدا لە منداڵەکانیان بنێن و لە قوتابخانە بە کوردی دەرس بخوێنن و زمانی فارسی وەکو زمانی داگیرکەر بەسەر ڕۆڵەی کورددا سەپاوە و کۆماری ئیسلامی ئەگەر بۆی لوابا هەموو کوردی دەکرد بە شیعە. کورد بە ئارەزووی خۆی ناسنامەی سیاسیی ئێرانیبوونی هەڵنەبژاردووە بەڵکو بەسەریدا سەپاوە. ئەگەر دەرفەتێکی لەبار پێکبێ کە کورد ئازادانە لە ئێراندا بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا ئەوسا دەبینین کە کوردستانیبوون هەڵدەبژێری یان ئێرانیبوون. هەر وەکو چۆن دیتمان لە باشووری کوردستان زیاتر لە ٩٠ لە سەدی گەلی کوردستان لە ڕێفراندۆمدا دەنگیان بە کوردستانیبوون دا تا بە عێراقیبوون.

لە پرسیارێکی دیکەدا کە ئایا ئەو گیروگرفتانە بە خاتری کوردبوونی خەڵکی ئەو ناوچانە نییە و لە پرسیاری دواییشدا کە سەرکوتکردنی گەلی کورد لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیدا ئایا هۆی ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە کە ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتدار دژایەتی کردووە و هەوڵی توانەوەی داوە و ئایا هەمووی ئەو سەرکوتانە ناکرێ وەکو نیشانەیەک بۆ لەبەرچاو نەگرتنی مافی گەلانی دیکەی ئێران سەیر بکرێ.

ناوبراو دەڵێ: نەخێر هۆی کوردبوون نییە، مەگەر قەشقاییەکان یان بەختیارییەکان کوردبوون؟ لە کاتێکدا لە سەردەمی ڕەزاشا و لەدوای ئەویش سەرکوتکراون و لە بواری ئابووریشەوە هەر بە دواکەوتوویی ماونەتەوە. بێگومان لەو سەروبەندەدا و لەدوای ئەویش ئەگەر فارسەکانیش لە شوێنێکی وەکو ئەسفەهان و شیراز یا هەر جێگایەکی دیکەی ئێران وەکو کوردەکان خۆڕاگریان کردبا لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە سەرکوت دەکران، بۆیە دەمهەوێ دووپاتی بکەمەوە کە ئەو سەرکوتانە بە خاتری کوردبوونیان نەبوون بەڵکو بەهۆی پێکهاتەی شناسی کۆمەڵناسانەیە و توانای بەربەرەکانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا بووە. ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ

لە ڕوانگەی پارتەکەی ئێمەوە کوردەکان بەشێک لە میللەتی ئێرانن و ئێمە ناڵێین میللەتی فارس، بەڵکو دەڵێین میللەتی ئێران و بۆیە پێمانوایە کێشەی کورد ڕیشەی لە نەتەوەی کوردیدا نییە بەڵکو مەسەلەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی کوردەکان بەدرێژایی پێکهاتنی دەوڵەتی مودێرن.

د. یەزدی سەرکۆنەی خۆڕاگری گەلی کورد لە بەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکاری ڕەزاخاندا دەکا و بە نەزەری جەنابی کوردیش دەبا ملی بۆ توانەوە لەنێو فارسدا ڕاکێشا با و بەرگری لە مانەوە و هۆوییەتی خۆی نەکردبا. ئەو بۆچوونەی ناوبراو لە ماوەی ٢٧ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش بە نیسبەت کورد هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە و بۆ ناوبراو و پارتەکەی ئێران یەک نەتەوە و یەک دەسەڵاتە و کورد بۆی نییە وەکو نەتەوەیەکی جیاواز بوونی خۆی بسەلمێنێ و دەبێ بە ئێرانیبوون شانازی بکا و وەکو هاووڵاتییەکی ئێران هەڵسوکەوت بکا نەک وەکو گەلێکی جیاواز. کاتێک دەڵێ هەموومان ئێرانین بەو مانایەیە کە هەموو پێکهاتەی دانیشتوانی ئێران سەربە یەک نەوەن و ئەگەر مافی کەسێک پێشێل بکرێ بەو مانایە نییە کە نەتەوەیەکی جیاواز دەچەوسێندرێتەوە، بەڵکو ئەوە پێشێلکردنی مافی تاکێکی کۆمەڵگەیە و لەو پێوەندییەدا دەڵێ ئێمەش وەکو فارس زوڵمان لێدەکرێ و زۆر جار وەزارەتی ئیرشاد ناهێڵێ نووسراوەکانمان بڵاوببنەوە و یان لە قوم مزگەوتی سۆفییە شیعەکان دادەخەن.

ناوبراو پێویستە ئەوە باش بزانێ کە داخستنی مزگەوتی سۆفییە شیعەکان هۆکاری شەڕی دەسەڵاتە لەنێو ئاخوندەکاندا و هیچ پێوەندی بە مەسەلەی پێشێلکردنی مافی نەتەوەوە نییە و پارتی د. یەزدیش تاکو ئێستا هەڵوێستێکی وایان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نەگرتووە کە بکەونە ژێر زەخت و زۆرەوە بەڵکو هەموو کات هەوڵی ئەوەیان داوە کە بەشداری لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بکەن، چونکە ئەوان خۆیان پارتێکی میللی - مەزهەبیین وخۆیشیان لە هێنانەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا بەشدار و چالاک بوون.

لە پرسیارێکی دیکەدا کە ئێوە چ ڕێگەچارەیەکی بەکردەوە بۆ لابردنی ئەو ستەمە پێشنیار دەکەن و ڕا و بۆچوونتان لەسەر فیدرالیزم کە ئەمڕۆ بۆتە باسی کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆر چییە، ناوبراو دەڵێ: لە پلەی یەکەمدا ئێمە هەموومان دەبێ قەبوڵ بکەین کە ئەو ستەمە هاوبەشە و هەموومان بە جۆرێک دەگرێتەوە و ئەگەر جووڵانەوەی دیموکراسیخوازی سەرکەوێ و بە ئاکامی دڵخواز بگات، دەکرێ وەکو سەرکەوتنێک بۆ گەلی ئێران سەیر بکرێ. بۆیە هاووڵاتیانی کورد، عەرەب و یان ئازەری بەرەوڕووی پرسیارێکی مێژوویی دەبن کە تەکلیفی خۆیان

لەگەڵ مەسەلەی یەکگرتنی میللی چۆن ڕووندەکەنەوە؟ بۆیە بۆچوونی ئێمە وایە کە ئێران هی هەموانە و هەموو لایەک بەبێ جیاوازیی قەومی، نەژادی، دینی و جینسی دەبێ لە مافی هاووڵاتیەتی بەرابەر بەهەرەمەند بن.

ناوبراو لەمەڕ پرسی فیدرالیزم دەڵێ: مێژوو و تەجروبە پێمان دەڵێ کە فیدرالیزم لە هیندێک وەڵاتدا نەتەنیا ڕێگەچارە نییە، بەڵکو دەتوانێ ببێتە هۆی گیروگرفتی زۆر جیددی. بۆوێنە لە عێراق فیدرالیزم تەنیا ڕێگەچارەیە، چونکە وەڵاتێکی بە پێکهاتەی تایبەت کە ٤٠ لە سەدی کوردن و سوونی مەزهەب و هیچکات لە مێژوویشدا خۆیان بە عەرەب نەزانیوە. بەڵام لە ئێران هەلومەرجەکە بەتەواوی جیاوازە.

کوردەکان هیچکات لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەهۆی کوردبوونیانەوە گیروگرفتیان نەبووە و ئەگەر کێشەیەکیش هەبووبێ لەسەر دەسەڵات بووە. بە بڕوای من لە ئەفغانستانیش بەهۆی پێکهاتەی جیاواز فیدرالیزم باشە، بەڵام بۆ ئێران جیاوازە و بۆی هەیە بێتە هۆی توندتربوونی ناکۆکییەکان و دەبێ ئەوەیش لەبەرچاو بگرین کە هیندێک هیزی دیکەیش هەن کە بە هەڵسوکەوتەکانی ئێمە حەساسەن و بۆی هەیە هەوڵبدەن کەڵکی خراپ لەو هەلومەرجە وەربگرن و بۆیە ئێمە دەبێ وشیار بین و ئیزن نەدەین کە لە هەلومەرجێکی ئاوا حەساسی مێژووییدا ڕێگەچارەهایەک پێشنیار بکرێن کە ببنە هۆی زیانی هەموان.

ناوبراو باس لە جووڵانەوەی دیموکراسیخوازی دەکا و ژێستی دیموکراتبوونمان بۆ دەگرێ و لە هەمان کاتدا ڕەدی بوونی وجودی گەلانی دیکەی ئێران دەکاتەوە و دژی سیستەمی فیدرالیزمە بۆ ئێران و بە شتێکی زۆر خراپ و دەسکردی بێگانەی دەزانێ و بە توندی ڕەدی دەکاتەوە. ئەو لە قسەکانیدا بەردەوام ئاماژە بەوە دەکا کە ئەگەر کورد ستەمی لیکرابێ ئەوە بەهۆی کوردبوونی نەبووە بەڵکو لەسەر گەیشتن بە دەسەڵات بووە.

ئەوەی کە شووینیزمی فارس هەموو ئێران بە ملکی باب و باپیری دەزانێ و کەس بۆی نییە دژایەتی و داوای ماف بکا ڕیشەی زۆر قووڵی لە کەلتورەکەیاندا داکوتاوە و هەر کەس کە داوای ماف و خەبات بۆ ڕزگاری لەژێر ستەمی نەتەوایەتی بکا زوو بەرچەسپی کۆنەپەرەستی و نۆکەری بێگانەبوونی لێدەدرێ، هەروەکو لە قسەکانی د. یەزدی دا دەردەکەوێ کە ئەوە بێگانەکان کە دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەردەدەن دەنا گەلی ئێران بە قەولی وی خوازیاری فیدرالیزم نییە و ئەگەر داوای فیدرالیزم بکرێ ئەوە بە زەرەری هەموانە.

کەلتوری شووینیست بەپێ عادەت هەموو کات دژی قەبوڵکردنی گەلانی دیکەیە کە لەسەر یەک خاک دەژین و فارسەکانیش لەو شێوە بیرکردنەوە دەستی باڵایان هەیە و سەرەڕای ئەوەی کە کەمینەی ئێران پێکدەهێنن، ئامادە نین دان بە بوونی فرەگەلیی ئێراندا بهێنن و دەسەڵات لەگەڵ گەلانی دیکە بەش بکەن.

باشە ئەگەر ئێران فرەنەتەوە نییە ئەی چۆن دەوڵەتی پەهلەوەی ناوی بەشیک لە پارێزگاکانی وەڵات کە تاکو ئەمڕۆش هەر بەو شێوە پەیڕەودەکرێ بە ناوی گەلانی دانیشتووی ئەو ناوچانە ناودێر کردووە و پێیان دەڵێ ئوستانی کوردستان، لۆرستان، ئازەربایجان، بەلوچستان، تورکەمەنسەحرا و غەیرە؟ کەوابوو هەرچەند کوردستانیان دابەشکردووە و هەر بەشەیان بە لایەک داداوە، هەر ئەوەی کە دەڵێن ئوستانی کوردستان بە واتای ئەو شوێنە دەگەیەنێ کە کوردی تێدا نیشتەجێن و هۆویەتیان جیاواز لە فارسەکان و دانیشتوانی فارس نین و بە هەمان شێوە بۆ بەلوچستان و تورکەمەنسەحرا و ئازەربایجانیش. (مەبەستم لە ئازەربایجان پارێزگای ورمێ نییە، چونکە ئەو پارێزگایە بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان.)

پارتیی ناوبراو هەمان سیاسەت بەڕێوەدەبا کە باقی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دیموکرات و چەپ و ڕاستی سەراسەری دەرەوە و تەنانەت نێوخۆی دژ بە کۆماری ئیسلامی پەیڕەوی لێدەکەن و ئەویش درێژەدان بە سیاسەتی ئینکاری نەتەوەکانی ستەملیکراوی ئێرانە. کەلتوری دیموکراسی لەنێو فارساندا شتێکی زۆر نامۆیە و زۆر کەمیان تێدا هەڵدەکەێ کە ددانی خێر بە کورد و مافەکانیدا بنێن

٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

## کلیلی چارەسەری کێشەی ئەتۆمی ئێران لە دەستی چین دایە

ئەو بابەتە بە قەلەمی François Heisbourg لە ڕۆژنامەی فەرانسەوی زمانی Le Monde دا بڵاو بۆتەوە. وێڕای وەرگێرانی ئەو بابەتە لە زمانی فەرانسە بۆ سەر زمانی کوردی، بە پێویست دەزانم بیروڕای خۆشم لە مەڕئەو مەسەلە گرینگە دەربڕم.

دوای کریزی عێراق، کێشەی ئێران بەو شێوە خۆ دەردەخا کە تەواوی عونسورە خراپەکان وێکرا کۆ بونەتەوە وەکوو: جۆرج دەبلیو بوش، چەکە کۆکوژە وێرانکارەکان، رۆژهەلاتی نێوەراست، نەفت وئیسلام. بە لام ئەو تێرمانە سەرەرای هاوئاهەنگ بوونیان، بە دوو شێوەی زۆر لێک جیاواز کۆتاییان پێ دێ.

کێشەی عێراق بوو بە هۆی تێک ڕمانی نەزمێکی دامەزراو بە بێ ئەوەیکە بناغەکانی نەزمێکی نوێ جێگای بگرێتەوە بۆ چارە. سەری شێواوی وئالۆزی پەیوەندیەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وهاوپەیمانانی لە مەرکێشەکانی پەیوەندیداربە رۆژهەلاتی نێوەڕاست.

کریزی ئێران بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ بونیاتنانی سیستمی داهاتوی نێو نەتەوەیی. بە داخەوە ئەو سیستمە نوێیە شانسێکی زۆر کەمی هەیە کە بتوانێ خۆ لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی دیموکراسیە ئوروپییەکان بگونجێنێ.

یەکەمین مەسەلە کە لە هەموو مەسەلەکانی دیکە گرینگترە وبە شێوەیەکی سروشتی جێگای موناقیشەیە، داهاتووی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانە لە مەڕپەرە نەستاندنی چەکە ناوکیە کۆ کوژەکان. ئەوپەیماننامانە بە پێچەوانەی ئەو پێش بینیە گوماناویانەی کە کرابوون، بە شێوەیەکی بەرچاو تاکوو کۆتایی دەیەکانی ١٩٩٠ کاریان پێکراوە.

بێجگە لە پێنج ولاتی خاوەنی چەکی ناوەکی کە بە شێوەیەکی فەرمی لە پەیمانی پەرەنەستاندنی چەکە کۆ کوژەکان (TNP) ناسراون، تەنیا سێ ولات چەکی ناوەکیان وەچنگ کەوتووە کە بریتین لە : ئیسرائیل لە کۆتایی سالاکانی ١٩٦٠، هیندوستان کە یەکەم تاقیکردنەوەی لە ١٩٧٤ دا ئەنجام دا و سەرەنجام پاکستان.

ئەو ولاتانە بە هۆی هەڵوێستیان پەیمانی (TNP) یان ئیمزا نەکرد بوو وئامادە نەبوون بەو پەیمانە پەیوەست بن. لەوەتی پەیمانی (TNP) دروست بووە لە ساڵی ١٩٦٨ ولاتانێکی زۆر وازیان لە ودەست هێنانی چەکی ناوەکی هێناوە.

ئەو ولاتانە بریتین لە: (برێزیل، ئارژانتین، تایوان وکۆرەی باشور)، هەروەها هیندێک ولاتی وەکوو (ئافریقای جنوبی، ئوکراین، بلاروس وقازاقستان) ئامادەیی خۆیان بۆدەست هەلگرتن لە بەرنامە ناوەکییەکانیان ڕاگەیاندووە.

تەنیا ولاتێک کە هەلوێستێکی زۆر توندوتیژی لە خۆی نیشان دا عێراق بوو کە لە لایەن بازرەسانی (UNSCOM)، کۆمیسیۆنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چەک کردن) لە کاتی شەڕی یەکەمی خەلیج لە سەرەتاکانی نیوەی یەکەمی ساڵەکانی ١٩٩٠ بەردەوام لە ژێرچاوەدێری دابوو تا کۆتاییان بە بەرنامە ناوەکییەکانی هێنا.

بە داخەوە ڕێکەوتنە وەدەست هاتووەکانی پەیمانی پەرە نەستاندنی چەکە کۆ کوژەکان کە لە لایەن ئاژانسی نێو نەتەوەیی بۆ ئینێرژی ئەتۆمی (AIEA) بە ڕێوە دەچێ هەڕەشەیان لە سەرە وئەووەش دەتوانێ سەرەتایەک بێ کە لە داهاتوو دا لایەنەکانی دیکەش بگرێتەوە.

ئێران وەکوو زلّ هێزی ناوچەکە خوازیاری وەدەست هێنانی چەکی ناوەکییە کە لە لایەن زۆربەی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوە .
ڕاستەوە دژایەتی دەکرێ. ولاتانی عەرەب هەلوێستیان ئەوەیە کە ئەوانیش دەبێ توانای وەدەست هێنانی چەکی ناوەکیان هەبێ کە زۆربەیان زۆردرەنگ پەیوەست بوون بە پەیمانی بلاو نەبوونەوەی چەکە کۆ کوژەکان. ئوروپییەکان بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن وهەوڵ دەدەن تاران ڕازی بکەن کە ڕێزلە قانونەکان وڕێگا چارە . سەریەکانی ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (AEIA) بگرێ،

چونکە کەم تەرخەمی دەتوانێ ببێتە هۆی هەڕەشە بۆ نائەمن کردنی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ودەست هێنانی بۆمبی ئەتۆمی دەبێتە مەسەلەیەکی هەمەگیر، بە تایبەتی کە ئیسرائیل خاوەنی چەکی ناوەکیە.

نێوبژیکەرانی ئوروپایی هەموو کات هەوڵیان داوە وهەوڵ دەدەن نیشان بدەن کە دەبێ لە سەرئەو ڕێکەوتنە گشتیانە بەردەوام بن کە ئاژانسی نێو نەتەوەیی ئینێرژی ئەتۆمی (AEIA)تاکوو ئێستا دەست نیشانی کردووە بۆ

پێش گرتن لە هەرجۆرە هەوڵێک بۆ پیتاندنی یورانیۆم و دژایەتی کردنی لەو چەشنە لە هەموو بوارەکانی دیکە دا.

لەو ڕوانگەوە رۆژهەلاتی ناوەراستی خاوەن چەکی ناوەکی دەتوانێ کاریگەری ڕاستەو خۆی لە سەربەرژەوەندیەکانی ئورو.

پیەکان دابنێ ، چونکە ئەوە بە مانای کۆتایی هاتنی ئۆتۆریتەی (TNP) یە لە سەرکۆرەی خاکی.
ئاکامی دەتوانێ بەو شێوە بێ کە ولاتانی شەرقی ئاسیا بە تایبەتی ژاپۆن وکۆرەی باشوریش هەوڵ بدەن بۆ وەدەست هێنانی چەکی ناوەکی.

روو بە روو بوونەوە لە گەڵ هەل ومەرجێکی ئاوا دەکرێ وەکوو هیپۆتێزێکی ئەمنیەتی لە بەرامبەرئێراندا چاوی لێ بکرێ.

هێرشێکی نیزامی بۆ سەر ئێران دەتوانێ لە گەڵ گیروگرفت وبەربەستی زۆر بەرەو روو بێ بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ئەنجامانەی کە لە شەڕی عێراق وە چنگ هاتوون. یەکەم : گیرو گرفتی تەکنیکی وعەمەلیاتی بۆ وەشاندنی زەبرێکی کاریگەر زۆرن و لە ناو بردنی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێرانیەکان بۆ ماوەیەکی دوروو درێژ تەنیا دەکرێ لە رێگای عەمەلیاتێکی ورد بینانە ودەقیق لە سەر ئامانجە دیاری کراوەکان جێ بە جێ بکرێ، وەکوو ئەوەی لە سەر ریئاکتۆری "ئۆسیراک "ی عێراق لە لایەن فرۆکەکانی ئیسرائیلی بەرێوە چوو لە سالی ١٩٨١.

لەوە گرینگتر کردەوەیەکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی پێک هاتنی گرژیکی مەترسیدارلە نێوان رۆژئاوا ودونیای موسولمان.

جگە لەوە دەبێ ئەووەش زیاد بکەین کە ئێران دەتوانێ بێتە هۆی پێک هاتنی گرژی لە مەڕچوونی نەفت بۆ دەرەوە، ئەووەش بەواتای بوونی کاریگەری لە سەرئابوری جیهانە.

لە مابەینی دروست بوونی کاتاسترۆفێکی گەورە بە هۆی شەڕەوە وسیاسەتێکی ئارام کەرەوەی کە ئەنجامەکانی بۆ کۆنترۆلی پەرە نەستاندنی چەکی ناوەکی بێ، چون دەکرێ کاریگەری پەیمانی پەرە نەستاندنی چەکە کۆ کوژەکان وەکوو خۆی بمێنێ؟

ئا لێرەدایە کە رۆلی کاریگەرانەی چین وەکوو ولاتێکی نوێ زلّ هێزخۆی دەردەخا. ئەوەیکە کاریگەری سیاسەتی چین لە مەڕ پرسی ئەتۆمی کۆرەی باکورهیچ گومانی تێدا نیە، ئەو ڕاستیە لە داهاتوو دا شامیلی کێشەی ئێرانیش دەبێ.

لەو پەیوەندیە دا چین دەتوانێ لە کورت خایەندا بۆ پارازتنی بەرژەوەندیەکانی وەزەیی خۆی هەموو بریاراتی ئەنجومەنی ئاسایش کە بێتە هۆی تەریک خستنەوەی جیدی رێژیمی ئێران ویتۆ بکا.
چین هیواداره لەو پەیوەندیە دا بە رێکەوتنامەیەکی تایبەتی لە سەر سەرچاوەکانی دابین کردنی هیدرۆکەربۆن بگا.

ئەوە دەتوانێ تا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبێ لە سەر بەرژەوەندیەکانی ئابوری چین کە لە سیاسەتەکانی گەشە پێدانی نێو نەتەوەیی پەیرەویان لێ دەکا.

بە لام دەبێ ئەوە فەرامۆش نەکرێ کە ئاکامەکانی ئەو کێشەیە ڕەنگە بێتە هۆی ئەوەیکە لە ئاسیای شەرقی ولاتانی وەکوو: کۆرەی باشور، ژاپۆن، تایوان وتەنانەت چینیش سیاسەتەکانیان ببێتە هۆی دارمانی پەیمانی پەرەنەستاندنی چەکە کۆ کوژەکان وئەوە دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ ئالوگۆر و زیاد بوونی هاودەردی بە تایبەتی لە نێو ئەنجومەنی ئاسایش وهیوادار بوون بەوەیکە بەرەیەکی هاوبەش بەرامبەر بە ئێران دروست ببێ لە مەڕسات وسەودا وناچار کردنی ئێران بۆ رێزلێنان لە پەیمانە نێو نەتەوەیەکانی پەیوەست بە پەرەنەستاندنی چەکە کۆ کوژەکان.

بە شێوەیەکی دیکە ئوروپیەکان وەکوو ئامریکاییەکان بە قازانجیانە کە لە مانگەکانی داهاتوو دا تێبکۆشن کە چین هان بدەن کە بە شێوەیەکی رێک وپێک نێوبژی بکا لە نێوان وتوێژکەرانی ئوروپی وروسیە لە مەڕ دۆسییەی ئێران .

ئەگەر ئوروپییەکان بتوانن ئێران بگەڕێننەوە سەرمیزی وتووێژ لە مەڕ ڕێزلێنانی لە پەیمانی پەرەنەستاندنی چەکە کۆکوژەکان کە لە لایەن ئاژانسی نێو نەتەویی وزەی ناوەکی (AIEA) دیاری کراوە، دەکرێ ئەو کردەوە وەکوو یەکێک لە سیاسەتەکانی سەرکەوتووی ئوروپا سەیر بکرێ، بە لاَم بە چ نرخێک؟

لە لایەکی ترەوە ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا چین پشتیوانیکی حەتمی لە نێو ئەنجومەنی ئاسایش لە دەست دەدا لە مەڕکێشەی تایوان؟

کریزی ئێران دەتوانێ ببێتە دەرفەتێک بۆ تاقی کردنەوەی جیدی بوونی ڕێبازی ئەو سیاسەتەی چین نێوی لێناوە سیاسەتی ئاشکرای ئاشتی خوازانە. دونیایەکی دوو جەمسەری چینی ـ ئەمریکی وا خەریکە دروست دەبێ، هەر چەند ئێستا دژوارە کە ئاستی ئەو بەربەرەکانیە یان هاوکارییە دیاری بکرێ.

ئەوەی کە ئێمە دەزانین ئەوەیە کە چ هەڵوێستی واشینگتۆن وچ چین لە مەڕ پەیوەندیەکانیان لە گەڵ ئوروپا پەیوەستە بە تێرۆانینەکانی ئێمە لە سەر کێشە ئەساسیەکان لە پەیوەندیەکانی چینی ـ ئەمریکی.
ئێمە یەکەمین هەولی خۆمان لە مەڕ هەڵگرتنی ئامبارگۆی فرۆشتنی چەک بە چین تاقی کردەوە، بۆیە کریزی ئێران ئەوهەولاَنە بە هێزترو سەریعتردەکا.

یەکیکی دیکە لە شەرتەکانی گەورەی سەرکە وتنی ئوروپا لە کێشەی ئێراندا پەیوەستە بە تێڕوانینی ئەمریکییەکان لە مەڕپێدا چوونەوەی قوڵ لە سیاسەتەکانیاندا بە نیسبەت ئێران.
سیاسەتی کراوەی واشینگتۆن بە نیسبەت تاران هەر وەکوو لە سالی ١٩٧١ بە نیسبەت چین بەرێوە چوو، دەتوانێ کاریگەری زۆرتری لە سەر پەیمانی پەرەنەستاندنی چەکە کۆ کوژەکان هەبێ.

دەست هەڵگرتن لە وتاری پێناسە کردنی ئێران وەکوو "میحوەری شەرارەت" وهەڵگرتنی سانکسیۆنی ئەمریکی لە سەرئێران، دەتوانێ لە سەر ڕاوە دەرکەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست بەرووی واشینگتۆن دا بکاتەوە. بە لاَم وادیارە بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە زۆردرەنگ بووە ،چونکە دەکرێ بکوترێ کە نە جۆرج بوش ریچارد نیکسۆنە ونە کۆندالیزا رایس هێنری کیسینجێرە.

ئیمکانی گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی ئێران پەیوەستە بە هەڵوێست و رۆلی ولاتی چین.

خوێنەری هێژا ئەوەی سەرەوەی بۆ چوونی رۆژنامەوانێکی فەرانسەوییە لە سەرکێشەی ئەتۆمی ئێران. پێویستە ئەوە بکوترێ کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دا گرژی وئالۆزێکی زۆر لە مەڕهەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژە دانی پیتاندنی یورانیۆم لە سیاسەتی جیهانیدا هاتوتە ئاراوە و ئێستاشی لە گەڵ بێ ئەو کێشە یە چارەسەرنەکراوە.

لە دوای پێشکەش کردنی گەلالەی پێشنیارکراوی ولاتانی ٥+١ بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە ودوای چەندین دانیشتنی نوێنەری سیاسەتەکانی دەرەوەی ئوروپا خاوییەر سۆلانا لە گەڵ عەلی لاریجانی، ئێران هێشتا بە شێوەیەکی فەرمی بە نوسراوە ولامی داخوازیە کانی کۆمەلی نێو نەتەوەیی نەداوەتەوە بۆ ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم وکاربەدەستانی بالای کۆماری ئیسلامی هەموو هەولیان ئەوەیە کە بە قسەکانیان کۆمەلی نێو نەتەوەیی هەڵخەلەتێنن وبە قەولی خۆیان هێشتا بە تەواوی ئەو پێشنیارانەیان تاوتوێ نەکردووە وپێویستیان بە کاتی زۆرتر هەیە. بە لام ئەوەی ڕاستی بێ قسەکانی رێبەری کۆماری ئیسلامی وسەرۆک کۆماربە باشی هەڵوێستی ئێران دەردەخا کە ئامادە نیە دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەلگرێ وئەو قەیرانە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکا.

ئێران بۆ ئەوەیکە زەختی کۆمەلی نێو نەتەوەیی لە سەرخۆی کەم کاتەوە وسرنجی جیهان بۆلای کێشەیەکی نوێ ڕاکێشێ لە رێگای حیزبوللای دەست کردی خۆی لە لوبنان دەستی کرد بە هێرش بۆ سەرسنورەکانی ئیسرائیل وبە دوای بە دیل گرتنی دوو سەربازی ئیسرائیلی شەڕێکی ماڵ وێرانکەری بە سەرخەلکی لوبنان دا سەپاند ولەو نێوەدا بە تایبەتی جنوبی لوبنان کە لە ژێردەسەلاتی حیزبوڵلا دایە کاول کارییەکی زۆری بە خۆیەوە دیوە وبە هەزاران لوبنانی وبە دەیان ئیسرائیلی کوژراون و بە هەزاران لوبنانی لە ماڵ وحالی خۆیان ئاوارە بوون و تاکوو نووسینی ئەو بابەتە هێشتا ئاگر بەس پێک نەهاتوە وشەڕهەر بەردەوامە.

دەکرێ لە چەند خاڵ دا ئامانجی سیاسەتەکانی ئێران لەو قەیرانە نوێیەی ئیسرائیل ولوبنان بخەینە روو.

**یەکەم:** ڕاکێشانی بیرو ڕای جیهان بە تایبەت ولاتانی بڕیاردەر بۆ سەر کێشەیەکی نویێ وکەم کردنەوەی زەختی کاتی لە سەر خۆی.

**دووهەم:** هەوڵ دان بۆ وەچەنگ هێنانی کاتی زیاترلەو قەیرانە دا تاکوو درێژە بە پەرە پێدانی پیتاندنی یورانیۆم بدا.

**سیهەم:** بزواندنی هەستی موسولمانانی دونیا وڕاکێشانی پشتیوانی ئەوان بۆلای خۆی کە وا نیشان دەدا بەرگری لە مافی فەلەستینیەکان دەکا وئەوە ئیسرائیل وئامریکان کە دوژمنی سەرەکی ولاتانی ئیسلامین.

**چوارەم:** نیشاندانی هێزی خۆی بە ئامریکاو هاوپەیمانانی کە هەرکات ئێران ئیرادە بکا دەتوانێ قەیرانی نوێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست بکا وبەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا لە مەترسی باوێ.

**پێنجەم:** ئێران بە قەولی خۆی دەیهەوێ لەو قەیرانە کەلکی سیاسی زۆر گەورە وەرگرێ وکێشەی لوبنان وەکوو کارتێک لە وتووێژەکانی لە سەر بەرنامە ناوەکیەکەی بە کار بێنێ ورۆژئاوا ناچاربکا مڵ بۆ داخوازییەکانی ڕابگرێ.

لە لایەکی دیکەوە ئێران وا خەریکە تورکیە بۆ نێو ئەو شەڕە لە گەڵ خۆی ڕاکێش بکا وڕێگای بە هێزەکانی تورکیە داوە کە لە خاکی ئێرانەوە عەمەلیاتی هاوبەش لە دژی گریلاکانی PKK لە باشوری کوردستان بەرێوە بەرن وبەو کارەی ناوچەکە هەرچی زۆرتر ئالۆزتر بکا. مەبەستی ئێران لەو سیاسەتەی خۆ نزیک کردنەوەی زیاتر لە تورکیە وەکوو هاوپەیمانی ئامریکا وئەندامی ناتۆیە و دەیهەوێ بە تیرێک چەند نیشان بپێکی.

**یەکەم:** دوور خستنەوەی تورکیە لە ئامریکا و زۆرترنزیک کردنەوەی لە خۆی ولە ولاتانی ئیسلامی.

**دووهەم:** هێرش بۆ سەر باشوری کوردستان بە بیانوی بوونی گریلاکانی PKK ،بە لاَم لە ڕاستیدا بۆ لە نێو بەردنی حکومەت وپارلمانی کوردستان ودام ودەزگاکانیەتی ولە نێو بردنی ئەحزابی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە باشورجێگیرن.

**سێهەم:** شیواندنی هەرچی زیاتری عێراق تاکوو ئامریکا لە هەولەکانیدا بۆ ئارام کردنەوەی ئەو ولاتە دا سەرکەوتوو نەبێ.

**چوارەم:** ئێران دەتوانێ هەر کات بە پێویستی زانی چەکدارەکانی سپای مەهدی ژێردەسەلاتی موقتەدا سەدەربە دژی هێزەکانی ئامریکا وسوونیەکان بووروژێنێ .

بێ گومان ئەوە سیاسەت وئارەزووی تورکەکانیشە کە هێرش بۆ سەر باشوری کوردستان بەرن وبە بیانووی بوونی PKK لە ناوچە سنووریەکان ئەو کیانە کوردیە لە نێو بەرن.

بەڵام ئایا ئەنجامی ئەو سیاسەتانەی ئێران ئاکامەکەی بە کوێ دەگا و دووکەلی ئەو شەڕە لە کۆتایی دا بە چاوی دەولەتی ئێران دا ناچێتەوە؟ ئایا ئێران بە درێژکردنەوەی ئەو شەڕە دەسکەوتی تاکتیکی وستراتیژی چەندە ودەست دەهێنێ؟

ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لەدوای ناهومید بوون لە ولامی ئێران بە داخوازیەکانیان بڕیاریان دا کە دۆسییەی ئێران بگەڕێننەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ولەوێ بڕیاری نوێ لە سەر بدەن و لە دواین بڕیار دا تاکوو کۆتایی مانگی ئۆگوست دەرفەتیان بە ئێران داوە دەست لە پیتاندنی یورانیۆم هەڵبگرێ، دەنا دەکەوێتە ژێر گەمارۆی ئابوری و سیاسی. ئەو هەلوێستە بوو بە هۆی ورووژانی ئێران بە تایبەت کە چین و روسیەش لە گەڵ ئەو بڕیارە لە گەڵ ئەندامانی دیکە دایمی ئەنجومەنی ئاسایش وئالمان هاودەنگ بوون.

من لە گەڵ بیرو بۆ چوونی ئەو رۆژنامە وانە فەرانسەویە نیم کە دەلێ ئامریکا لە رێگای وتووێژی ڕاستەوخۆ دەتوانێ قەناعەت بە کۆماری ئیسلامی بێنێ کە دەست لە پیتاندنی یورانیۆم هەڵگرێ. جگە لە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران چەند مەسەلەی دیکەش جێگای سرنجن.

یەکەم ئەوەیکە: هەرچەند رێکەوتنێک لە نێوان رۆژئاوا وکۆماری ئیسلامی لە سەرڕاگرتنی پیتاندنی یورانیۆم زۆر دژواردەبینم. ئەگەر وا فەرزکەین کە ڕێکەوتنێک دروست بێ، ئەی کێشەکانی دیکە ی وەکوو: یارمەتیدان وپشتیوانی لە تێرۆریزمی نێو نەتەوەیی لە لایەن کۆماری ئیسلامی، دوژمنایەتی کردن لە گەڵ ئیسرائیل ودەست تێوەردان لە کاروباری ولاتانی دیکە بە تایبەت عێراق وفەلەستین وئەفغانستان وکێشەکانی نیو خۆی ولات وەکوو نەبوونی ئازادی ودێموکراسی وقەیرانی ئابوری وگرانی وکێشە کۆمەلایەتیەکان خۆ بە چارە سەرنەکراوی دەمێننەوە.

ئێران بە تەواوی دژی پلانی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەیە ودێموکراسی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بە تەواوی نامۆیە، بۆیە یەکیان دەبێ چۆک بەوی دیکە دابدا. وەزعیەتی ئابوری ئێران زۆرخراپە وئەگەر بێتوو بکەوێتە ژێر گەمارۆی ئابوری نێو نەتەوەیی بێ گومان لە پلەی یەکەم خەلکی ڕەش ورووت تووشی کارەسات دەکات وڕەنگ بێ

ناڕەزایەتیەکان لە نێو خۆی ولاتدا روو لە زیاد بوون بکەن. ئەگەرهەل ومەرجێکی وا بێتە ئاراوە و نارەزایەتی گەلانی ئێران روو لە زیاد بوون بکا وشەقام وکۆلانەکان بگرێتەوە ئەوکات دەکرێ هیوادار بین کە پشتیوانی ولاتانی رۆژئاوا ولە سەرەوەی هەمووان ئامریکا لە داخوازەکانی گەلانی ژێر دەستی ئێران بۆ ڕزگار بوون لە دەستی کۆماری ئیسلامی بە هێزتر دەکا. ئێستا هیندێک جم وجۆڵ لە ئامریکا لە مەڕ پەیوەندی گرتن بە نارازییانی سیاسی وخەباتکارانی بوارەکانی مەدەنی لە ئارادایە.

بێ گومان ناهومێد بوون لە رێکەوتنێک لە گەڵ ئێران لە مەڕ ڕاگرتنی پیتاندنی یورانیۆم رۆژئاوا بە گشتی وئامریکا بە تایبەتی دێنێتە سەرئەو باوەرە کە لابردنی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ زۆر قەیرانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست وجیهانیش چارە سەر بکا. ئەو ئالۆزییە کە لە نێوان لوبنان وئیسرائیل دروست بووە بە قازانجی ئیسرائیل تەواو دەبێ ومەترسی دار بوونی کۆماری ئیسلامی باشتر بۆ دونیا دەر دەخا. کۆماری ئیسلامی بە هەوڵ دان بۆ وەدەست هێنانی چەکی ناوەکی و بەکارهێنان ویارمەتی دانی تێرۆریستان دەیهەوێ مڵ هوڕی بکا ومانەوەی خۆی مسۆگەر بکا.

لە بەرامبەرئەوە دا رۆژئاوا دوو رێگای لە بەردەمە، یان چاو پۆشین لە بەرنامە ناوەکیەکانی ئێران وگەیشتن بە رێکەوتنێک لە گەڵ ئێران وقەبوڵ کردنی ئێران وەکوو پارتنێرێکی ئەتۆمی، یان هەوڵ دان بۆ لابردنی کۆماری ئیسلامی.

٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

---

## ئێرانی ئەتۆمی

هەڵسوکەوتی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لەمەڕ کێشەی ئەتۆمی ئاڵوگۆڕێکی ئەساسی بەسەردا هاتووە. پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە نزیک بە سێ مانگ لەمەوبەر کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەمریکی دوو پلانیان بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە لە نەزەردا بوو. یەکەم ئەوەی کە بەگوێرەی قسەکانی

دۆنالد رامسفێلد، وەزیری بەرگری، ژمارەیەک هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران بکرێ تاکو ئەو وەڵاتە کە یەکێک لە سەرچاوەکانی تیرۆریزمی نێونەتەوەییە ناچار بکرێ دەست لە بەرنامە ناوەکییەکەی هەڵبگرێ. بۆ ئەو هێرشانە دەیانەویست لە جۆرە بۆمبێک بە ناوی ١١ - B ١ کە هەڵگری نووکی (کلاو) ئەتۆمی بێ کەڵکوەرگرن و بتوانرێ دیوارەکانی چەند قاتی دروستکراو بە بێتۆن تێک بڕمێنێ. ئامانجی ئەو هێرشانە بەتایبەتی دامودەزگای نەتەنزی هەڵکەتوو لە ٢٥٠ کیلۆمەتری تاران بوو، ئەو شوێنەی کارگەی پیتاندنی یۆرانیۆمی لێیە. پلانی دووەم: بەپێی قسەکانی یەکێک لە پایەبەرزانی پێنتاگۆن، کۆشکی سپی نەزەری وا بووە کە دەکرێ بە گۆڕانی ڕێژیم چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێ و ئەوەش بە مانای شەڕە.

ڕا و بۆچوونەکان بەو شێوە دەچوونە پێش کە لەناکاو مەسەلەکان بەتەواوی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات. لە کۆبوونەوەی یەکەمی ژوئەن لە شاری وییەندا بە ئامادەبوونی وەزیرانی دەرەوەی پێنج وەڵاتی ئەندامی هەمیشەیی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان کە بریتین لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا، چین، فەرانسە، بریتانیا، رووسیە و وەڵاتی ئاڵمان، نووسراوەیەکیان گەڵاڵە کرد کە بە شێوەیەکی نەرم نووسراوە و بە دوورە لە هەر جۆرە هەڕەشەیەک. ئەو گەڵاڵەیە هیندێک پێشنیاری نوێ لەخۆدەگرێ بۆ چارەسەریی کێشەکە.

ئەو پێشنیارانەی کە ئاغای خاویێرسۆلانا، کاربەدەستی پایەبەرزی یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە، لە ڕۆژی ٦ی ژوئەن لە تاران پێشکێشی عەلی لاریجانی، دەبیری شورای ئەمنیەتی میللی نیزام و وتوێژکەری ئەسلی لەمەڕ ئەو کێشەیە، کرد.

هەرچەند کە ناوەرۆکی ئەو دۆکومێنتە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەکرا بەڵام دەزانین کە هەر شەش وەڵات ئەو مافەیان بۆ ئێران کە پەیمانی بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی ئیمزا کردووە قەبوڵ کردووە کە ئەو وەڵاتە کەڵک لە ئێنێرژی هەستی بۆ کاروباری سیڤیل وەربگرێ و لە هەمان کاتدا بەڵێنی ئەوەیان بە ئێران داوە کە راکتۆری ئاوی سووک بۆ ئەو وەڵاتە دابین بکەن و کۆتایی بە ئامبارگۆی ئابووری لەسەر هەڵگرن و پارچەکانی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری بۆ دابین بکەن. هەروەها ئامادەیی ئەوەیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی کە پشیوانی لە ئەندامبوونی ئێران لە ڕێکخراوی بازرگانی نێونەتەوەیی (OMC) بکەن کە تاکو ئێستا ئەمریکا ١٨ جار لە دژی ئەندامبوونی ئێران ویتۆی بەکارهێناوە.

ئیمتیازی تایبەتی ئەمریکا لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە حکومەتی ئەمریکا کە تاکو ئێستا ئامادە نەبوو شانبەشانی پێنج وەڵاتەکەی دیکە لەسەر مێزێک دانیشێ و وتووێژ لەگەڵ ئێران بکا، ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بەو شەرتەی ئێران دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵگرێ.

وا دیارە تاران بە هەمان شێوە دەیهەوێ زەختی خۆی بەکاربێنێ و کات بۆ خۆی دیاری دەکا بۆ بیرکردنەوە لە پێشنیارەکان و وەڵامدانەوەیان. یەکەمین نیشانەکان دڵخۆشکەرن. لاریجانی قەبولی کردووە کە ژمارەیەک هەنگاوی بەکەڵک لەنێو پێشنیارەکاندا دەبینرێن. بە هەمان شێوە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، منوچهر متکی، بەتەواوی قەبولی کردووە کە وەڵاتەکەی دەبێ نیگەرانییەکانی کۆمەڵی نێونەتەوەیی لەبەرچاو بگرێ و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ئۆپتیمیست دەڕوانێتە ئەو کێشەیە و دەڵێ "ئەوە هەنگاوێک بۆ پێشەوەیە بە نیسبەت ساڵی ڕابردوو. ئەو کات ئەوروپییەکان بەمەیان دەگوت ئەوە پلانی ئێمەیە، یان قەبوڵی بکەن یان مەیکەن. بەڵام ئێستا بە ئێمە دەڵێن ئەوە پێشنیاری ئێمەیە کە دەتوانین گفتوگۆ و موتاڵای لەسەر بکەین و لەڕێگەی دیپلۆماتیکەوە بە ئەنجام بگەین، ئەوە شتێکی پۆزەتیڤە".

بەڵام چۆن دەتوانین ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ئەمریکا هەڵسەنگێنین؟ دەبێ بگوترێ کە لەسەر مافی ئێران بە حەشیمەتی ٧٦ میلیۆن، بۆ دەستڕاگەیشتن بە تیکنۆلۆژی ئەتۆمی بۆ کاروباری سیڤیڵ هیچ کێشەیەک نییە و ئێران وەکو وەڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنەری هیدرۆکەربۆن، ناچارە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی وزە بۆ داهاتوو کە بتوانێ جێگای کەمبوونەوەی نەفت بگرێتەوە، هەوڵبدا. سەرەڕای ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە زیاتر لە هەزار جار دامودەزگای ڕێژیم بازرەسی کراوە، بە لام ئاژانسی ئێنێرژی نێونەتەوەیی ئەتۆمی (AIEA) نەیتوانیوە کەمترین بەڵگە لەسەر کۆماری ئیسلامی بۆ ئیسپاتی ئەوەی کە بەرنامە ناوکییەکەی بۆ مەبەستی نیزامییە بخاتەڕوو.

ڕووسیە و چین بڕوایان وایە کە ئێران دەبێ کەشوهەوایەکی وا پێکبێنێ کە متمانەی پێ بکەن. لە هەمان کاتدا بەرگری لە مافی تاران دەکەن بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئینێرژی هەستەیی بۆ ئامانجی سیڤیڵ. ئەو دوو وەڵاتە دژایەتی هەر جۆرە گەمارۆیەکن لە دژی ئێران، ئەگەر بێتو ئەو مەسەلەیە بڕواتە نەتەوەیەکگرتووکان. ئەوان لە کۆبوونەوەی باڵای سازمانی هاوکاری شانگهای (OCS) کە لە نیوەی ژۆئەن لە وەڵاتی چین بەڕێوەچوو، پشتیوانی خۆیان بۆ ئێران دووپات کردەوە.

لەو پێوەندیەدا هیندێک مەسەلە دەبێ ئیشارەیان پێ بکرێ. بۆ نموونە سەرنەکەوتنی بەرنامەی داگیرکاری عێراق و هەڵوێست وهەڵسوکەوتی دوولایەنەی شیعەکانی نزیک بە ئێران کە وێدەچێ باشترین هاوپەیمانی واشێنگتۆن بن. هەروەها هەڕەشەی ئێرانییەکان بۆ مینرێژکردنی تەنگەی هرمز لە کاتی هێرش بۆسەر وەڵاتەکەیان. ئەو تەنگەیە ڕێگای گوازتنەوەی ٢٠% لە نەفتی جیهانە. ئێران دەخوازێ کە ناردنەدەرەوەی نەفت و گاز بە پارەی یورۆ بەڕێوە بچێ. هەروەها لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆری لە پارەکانی لە بانکەکانی دەرەوە بردۆتەوە بۆ نێوخۆی وەڵات.

تاران لەو مەسەلە بێ خەبەر نییە کە لە حاڵی حازردا دۆلار وەکو پاشنەی ویلایەتە یەکگرتۆکان وایە. ئیمکانی تیکهەڵچوونێک زۆرە، بەڵام هەردووک لا بە قازانجیانە بە ڕێکەوتنێک بگەن.

سەرچاوە: Ignacio Ramonet لە ڕۆژنامەی Le Monde Diplomatique.

وەرگێڕانی لە فەرانسەوییەوە:

٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

## کوردستان ڕزگار بکەن

ئەو بابەتە بە قەلەمی ریچارد بالیت ماموستای زانکۆی کۆلومبییای ئامریکا لە بواری مێژووی رۆژهەلاتی ناوەراست و نوسەری شەش کتێبی گرینگ لە بواری رۆژهەلاتی ناوەراست وجیهانی ئیسلام نوسراوە. دواین کتێبی ناوبراو "دەرفەتێک بۆ شارستانیەتی ئیسلامی ـ مەسیحی" یە کە لە سالی ٢٠٠٤ بڵاو بۆتەوە. ناوبراو بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنە لە سیاسەتەکانی ئامریکا دەگرێ.

شایانی باسە ئەو بابەتە لە لایەن " آرشین ایرانی " کراوەتە فارسی ولە رێکەوتی ٣٠ی ژوییەی ٢٠٠٦ لە سایتی "

ایران امروز" دا بڵاو کراوەتەوە ومنیش کردوومە بە کوردی وئەو چەند دێرەی سەرەوەش هەرپەیوەستە بە بابەتە کە کوردە ناسیۆنالیستەکان ئامانجێکیان هەیە: پێک هێنانی دەولەتێکی کوردی لە باکوری عێراق. سیاسەت داڕێژەرانی ئامریکایی ڕێز لە دۆستە سیکولارە کوردەکانیان دەگرن، بە لام وا هەڵس وکەوت دەکەن کە گۆیا لە حاست داخوازی سەربەخۆیی کوردستان بە تەواوی کەڕن. ئەو ڕەفتارە لە سیاسەتی ئامریکا بە نیسبەت عێراق ڕەنگبێ لە سالانی داهاتوو دا ئال وگۆری بە سەردابێ.

دەولەتی بوش دوو بۆچوونی لە دژی سەربەخۆیی کوردەکان هەیە : یەکەم ، دەولەتێکی یەکگرتوو بە پێک هاتەی چەند قەومییەتی وچەند مەزهەبی باشترین دەرفەتە بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی ئامریکا. بیرۆکەی پێک هێنانی هاوسەنگێک لە عێراق دا کە لە سەردەمی ڕاگەیاندنی هەلبژاردنەکان دەستی پێ کردووە، باس لە دروست کردنی حکومەتێک دەکا کە لەودا کوردە سێکولارەکان، شیعە مەزهەبەکان وسوونی نارازیەکان چاوەدێری یەکتری دەکەن وتا ئەو کاتەی کە کوردەکان بە گەرم وگۆری پشتیوانی  لە یەکێتی خاکی عێراق دەکەن ئەو خەیالە نامومکینە درێژەی دەبێ..

دووهەم: ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردەکان دەبێتە هۆی وروژاندنی تورکیە ورێگا خۆشکەر دەبێ بۆ هێرشی نیزامی تورکیە وتەنانەت ئێرانیش. هەر دوو هاوسێ لەوە دەترسێن کە ئەندێشەی پێک هێنانی دەولەتی کوردی لە باکوری عێراق ڕەنگ بێ لە سنورەکان تێپەڕ بێ وبێتە هۆی بە هێز بوونی زێدە خوازی سیاسی کوردەکان لە نێو سنوری ولاتەکانیان دا.

ئەگەرشەڕی نێو خۆ لە نێوان عەرەبە سوونیەکان وشیعەکان روو بدا، ئەو بۆ چوونانە ئال وگۆریان بە سەر دادێ. هیچ کەس بڕوا ناکا کە کوردستان بێتە مەیدانی سەرەکی ئەو شەڕە. چەکدارە کوردەکان بە توندی ناوچەکانی خۆیان دەپارێزن و وێناچێ کە لایەنەکانی دیکەی شەڕەکە داوای هاوکاری لە کوردەکان بکەن کە داخیلی ناوچە عەرەبییەکان بن. جگە لەوە سەرەرای سوونی بوونی کوردەکان، ڕێبەرەکانیان بڕوایان بە جۆرێک لە بیروباوەڕی عەلمانی وناسیۆنالیزمێکی کۆن هەیە کە جێگەی پەسەندی سیاسەت گوزارانی ئامریکاییە. بڕوا ناکرێ کە کوردەکان بە هۆی سوونی بوونیان یارمەتی عەرەبە سوونیەکان بدەن لە شەڕی دژ بە زۆرینەی شیعەکان.

ئەو هەل ومەرجە دەبێتە هۆی پەرە سەندنی ڕوانگەی شەڕی نێو خۆی دوو لایەنی نێو کۆمەلگا، لە کاتێکدا لایەنی سێهەم چاوەدێری ئەو شەڕە دەبێ. بۆ کوردەکان ئەو هەل ومەرجە هەم دەبێتە هۆکاری مەترسی وهەمیش ڕەخسانی دەرفەت. مەترسییەکە گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەعسیەکانە کە وەکوو کەمایەتێکی غەیری عەرەب لە ژێر فەرمانی دەولەت دا بوون ، ئەوە لە کاتێکدا دەتوانی روو بداتەوە کە لایەنێکی عەرەبەکان سەرکەوتنی تەواو بە دەست بێنێ.

دەرفەتەکەش بەو شێوەیە کە ئەگەر لە لایەکەوە دەرگیری شەڕ بن لە بەرامبەردا بە وەرگرتنی ئیمتیازی سیاسی وەکوو سەربەخۆیی تەواو و بەدەستەوە گرتنی سەرچاوە نەوتیەکانی باکور پشتیوانی دەکرێن.

سەربەخۆیی سێهەمین ڕێگا چارەیە کە وەکوو نورێکی کز لە تاریکایدا خۆی دەنوێنێ ورەنگ بێ سیاسەت گوزارانی ئامریکایی لە دواین بڕیاریاندا ئەوە هەلبژێرن.

کوردستانی سەربەخۆ لە باکوری عێراق ولاتێکی بچوک وگەمارۆ دراو بە وشکایی دەبێ. ژیانی ئابوریەکەی بەسراوە بە کونترۆلی سەرچاوە نەوتییەکانی باکور دەبێ. کوردەکان هیوادارن کە لە ڕێگای سیاسیەوە کونترۆلی ئەو سەرچاوانە بە دەستەوە بگرن ، بە لام لە کاتی ڕوودانی شەڕی ناو خۆیی وعەمەلیاتی نیزامی بە پشتیوانی ئامریکا ئیمکانی هەیە بە ژمارەیەک لە ئامانجەکانیان بگەن کە ڕەنگ بێ لە ڕێگای دیالۆگەوە پێی نەگەن.

سەرەڕای بوونی نەفتیش، کوردستانی سەربەخۆ لە بواری ئابوریەوە وابەستە بە هاوسێکانی دەبێ، چونکە لولە نەوتەکان دەبێ لەو ولاتانەوە ڕەد بن. گوازتنەوەی نەوت لە ڕێگای جنوبەوە کە ناوچەیەکی شەڕ لێدراوە لە کردەوە دا زۆر دژوارە. کەوابوو دەبێ لە نێوان تورکیە وئێران وسوریە بگوزەرێ. باری ئالۆزی عێراق و ئاکامەکانی دەتوانێ ئەو بۆ چوونە بە هێز بکا کە لە ڕوانگەی ئامریکاوە بوونی دەولەتێکی چکۆلەو لاوازی کوردی کە بۆ سات وسەودای حەیاتی خۆی پێویستی بە دەرەوەی سنورەکانی هەیە و بەستراوە بە ئابوری تورکیەوە دەبێ ئیمکانی هەیە.

سات وسەودای کوردستان لە ڕێگای سنورەکانی تورکیەوە دەتوانێ ببێتە لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم زێدە

خوازیەکانی ئێران کە ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکایە. لە لایەکی ترەوە، ناردنە دەرەوەی کەل وپەل لە ڕێگای ئێرانەوە یان دوستی ئێران واتە سوریە بێ شک دەبێتە هۆی دژایەتی کردنی ئامریکا بۆ سەربەخۆیی کوردەکان.

شەڕی نێو خۆ بۆی هەیە بێتە هۆی سەرکەوتنی عەرەبە شیعەکانی عێراق کە لە ژێر سەیتەرەی ئێران دان. ئەگەر ئیمکانی وەدی هاتنی شتێکی وا لە زیاد بوون دابێ ، دیپلۆماتەکانی ئامریکایی دەبێ لە نێوان کوردەکان وتورکەکان ڕێکەوتنێک پێک بێنن تاکوو لانیکەم بەشیک لە عێراق وبەشێکی بەرچاو لە بەرهەمە نەوتیەکان لە دەستی ئێرانیەکان دەربێنن.

تورکیە دەبێ لە شک وگومانی سەبارەت بە داهاتووی عێراق دەست هەڵگرێ. هەڕەشەکانی هێرشی نیزامی تورکیە بۆ سەر کوردە ڕاپەریوەکانی PKK کە لە سالەکانی پێش شەڕی یەکەمی کەنداوی فارس دەستی پێ کردبوو و ئێستا توندوتیژتر بووە، بە مانای دژایەتی سەرسەختانەی تورکیە لە گەڵ سەربەخۆیی کوردەکانە.

سەرەرای ئەوەیکە دەسەلاتدارانی تورکیە دژایەتیی بیری دەولەتی کوردی دەکەن لە هەمان کاتدا حەز دەکەن ببنە ئەندامی یەکیتی ئوروپا. لێرە دا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا هێرشی نیزامی لە دژی دەولەتی تازە دامەزراوی کوردی لە باکوری عێراق نیشانەی کۆتایی هاتنی گفتگۆکان بۆ پەیوەست بوون بە یەکێتی ئوروپا نیە؟

ولامی ئەو پرسیارە دژوارە، بەلام بە لە بەرچاو گرتنی گیرو گرفتەکانی کە لە ئاکامی هێرشی تورکیە بۆ سەر قیبرس هێشتاش هەرماون، ئیمکانی ئەوە چاوەڕوان دەکرێ.

ئەگەر ئوروپا وئامریکا سیاسەتەکانیان لە مەڕ سەربەخۆیی کوردستان بگۆڕن، دەتوانن دوو مزگێنی بە ژنێرالە تورکەکان بدەن.

یەکەم: کاتێکی دیاری کراو بۆ پەیوەست بوون بە یەکێتی ئوروپا و ڕاگوێزتنی هێزەکانی نیزامی ئامریکا لە ناوچەکانی عەرەبی عێراق بۆ کوردستان.

دووهەم: مافی جێگیر بوونی دایمی هێزەکانی ئامریکا کە بە جیدی کاری بۆ دەکەن و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە سەر بەخۆیی کوردستان دەکەن و چاوەدێری ئەوەش دەکەن کە کوردەکان لە سەر سنورەکانی تورکیە سەر بزێوی نەکەن.

بوونی رێگایەکی ناوبڕیۆ ئوروپا وپێناسە کردن وەکوو دۆستی ئامریکا لە ناوچەکە دا لە هێرشی پڕخەرج وبێ ئاکام بۆ سەر کوردستانی سەربەخۆ سیاسەتێکی گونجاوترە و دەتوانێ سەرنج ڕاکێشتر بێ.

لە پازدە ساڵی ڕابردوو دا سیاسەت گوزارانی ئامریکایی لە هەر دوو حیزب گوێیان بۆ هەر جۆرە پێشنیارێک بۆ ئاڵ وگۆڕلە سنورەکانی عێراق دا بەستووە. ئەو سنورانە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دا دیاری کراون. کاتی پێدا چوونەوە بەو سیاسەتە دا نزیکە. هەتاکوو ئامریکیەکان بە نیسبەت داهاتووی عێراق بێ هیواتر بن، بێ گومان باس بۆ ڕزگار کردنی کوردستان بە هێزتر دەبێ.

٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

---

## سەردانی عەلی لاریجانی لە ئیسپانیا

ئەو بابەتە لە رۆژنامەی El Pàis ئیسپانیایی دا لە رێکەوتی ٦ی ژوییەی ٢٠٠٦ دا بڵاو بۆتەوە.

سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا José Luis Rodríguez Zapatero ئەمرۆ لە کۆشکی مۆنکۆلا پێشوازی کرد لە دەبیری شواری ئەمنیەتی میللی ئێران عەلی لاریجانی کە لە بابەت ئیمکانی پێکهاتنی رێکەوتنێک لە نێوان ئێران وکۆمەڵگای نێو نەتەوەیی لە مەڕ کێشەی تیکنۆلۆژی ئەتۆمی ئێران وتوێژیان کرد.

عەلی لاریجانی ڕایگەیاند کە هیچ بەربەستێک نابینێ لە مەڕ ئیمکانی گەیشتن بە رێکەوتنێک لە گەڵ کۆمەلی نێو

نەتەوەیی، بە ڵام کاتێکی دیاری کراوی دەست نیشان نەکرد.

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی دا لە دوای کۆبونەوە لە گەڵ زاپاتێرۆ سەرۆک وەزیران و وەزیزی دەرەوەی ئیسپانیا میگوئێل ئانخەل مۆراتینۆس عەلی لاریجانی ڕایگەیاند کە ولاتەکەی بە دیدێکی پۆزیتیف و "بە جیدی کار دەکا" لە سەرئەو پێشنیارەی کە شەوی رابردوش لە کۆبونەوە لە گەڵ نوێنەری پایەبەرزی یەکیتی ئوروپا خاوییەر سۆلانا باس و وتوێژیان لە سەرکردووە و جێگای مشت ومرە. زاپاتێرۆ و مۆراتینۆس داوایان کرد کە لەو دەرفەتەی کە بە ئێران دراوە لە لایەن ئەندامانی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و ئالمانیا کەلک وەرگرێ.

ئێران هێشتا ولامێکی بە پێشنیاری پێشکێش کراو نەداوەتەوە و ڕێکەوتێکی بۆ ئەو مەبەستە دیاری نەکردووە، بە ڵام کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هیواداره کە تا پێش ١٥ مانگی ژوئیە ڕۆژی کۆبونەوەی ولاتانی G8 هەڵوێستی ئێران روون بێتەوە.

وتووێژکەری سەرەکی بەرنامەی ناوەکی ئێران ئاماژەی بەوە کرد کە دەست پێکردنی گفتوگۆکان بۆ ولام دانەوەی بە پێشنیارەکانی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی نابێ ببەسترێتەوە بە ڕێکەوتێکی دیاری کراو. ناو براو ئەوەی دووپات کردەوە کە بۆ دەست گەیشتن بە ڕێکەوتنامەیەک ئێران هیچ شتێکی زیاتر لە مافی بەرحەقی خۆی داوا ناکا کە ولاتانی دیکە ی ئیمزا کەری پەیمانی قەدەغە کردنی پەرە پێدانی چەکی ئەتۆمی پەیرەوی دەکەن.

لاریجانی شەوی ڕابردوو گەیشتە مادرید دوای چاو پێکەوتنی لە گەڵ نوێنەری پایە بەرزی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکێتی ئوروپا خاوییەرسۆلانا.
سۆلانا لەو چاو پێکەوتنە دا باسی ئەوەی کرد کە ئێران ولامی پێشنیاری پێنج ولاتی ئەندامی هەمیشەیی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و ئالمانی نەداوتەوە، هەروەها بە یەکێتی ئوروپا وروسیە وچینێشەوە.

وەرگێرانی بابەت لە زمانی ئیسپانیایی بۆ سەر زمانی کوردی

٨ی جوولای ٢٠٠٦

# دیپلۆماسی چالاکی ئێران وستراتیژی دیالۆگ

بە قەلەمی "مونا نەعیم Mouna Naïm لە رۆژنامەی فەرانسەوی Le Monde دا لە رێکەوتی ٢٨ی ژوئەنی ٢٠٠٦ بڵاو کراوەتەوە.

لە رۆژهەلاتی ناوەراستەوە تاکوو ئەفریقا و لە ئوروپا وە بۆ ئاسیا وێرای لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندیەکانی تایبەتی روسیە وچین، "منوچهر متکی" وەزیری دەرەوی ئێران هەولێ روونکردنەوە سیاسەتی ئێرانە.

لە کویت تاکوو ڤییەن بە گۆزەر کردن بە بروکسێلدا، "علی لاریجانی" دەبیری شۆرای بەرزی ئەمنیەتی میللی و وتوێژکەری بەرنامەی ئەتۆمی ئێران هەر بەو شێوە لە جموجۆڵ دایە.

هەروەها سەرۆک کۆمار مەحمود ئەحمەدی نژاد درێژە بە گەشتی نێو خۆی ولات دەدا وبۆ خەلک قسە دەکا. ناوبراو لە لایەن رێبەری ئاینی ولات عەلی خامەنەیی کە دەسەلاتی سەرەکی ولاتی بە دەستە پشتیوانی دەکرێ.

هەموویان بە دوای یەک شت ویەک ئامانجدان، ئەویش ڕاکێشانی هەرچی زیاتری پشتیوان بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ درێژە دانی بەرنامە ئەتۆمیەکەیان، بە قەولی خۆیان بۆ مەبەستی ئاشتی خوازانە.

ئەحمەدی نژاد بە شێوەیەکی پۆپۆلیستانە زەمینە خۆشدەکا بۆ سیاسەتی دانوستان. لە لایەکەوە هەوڵ دەدا لە نێو خۆی ولاتدا هەستی ناسیۆنالیستی خەلک لە دژی رۆژئاوا بە تایبەتی لە دژی ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا وەکوو ولاتێکی چاو چنۆک وداگیرکەر بجولێنێ.

ئەو دەیهەوێ گەل دەلنیا بکا لەوەیکە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا وتەنیا بەرگری لە مافی هەموو ئێرانیەکان دەکا بۆ وەدەست هێنانی وزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی بە کارهێنانی ئاشتی خوازانە. ئەو وا نیشان دەدا کە ئەو بەرنامەیە لە پێناو پێشکەوتن وگەشە کردنی ولاتە لە هەموو بوارەکاندا وئەوانەی دەیانهەوێ کۆماری ئیسلامی لەو

تێکنۆلۆژییە بێ بەش بکەن خۆیان خاوەنی چەکی ناوەکین. لەو پەیوەندیەدا ڕێبەری روحانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی دژ کردەوەی زۆر توند دەکا ئەگەر بێتوو ولاتەکەیان ببێتە ئامانجی هێرشی سەربازی.

بەلام ئایا ئەو هاوپشتیوانیە لە رێژیم چەندە دەتوانێ لە بەرامبەر رۆژئاوا دا، واتە ویلاتە یەکگرتۆکانی ئامریکا و یەکێتی ئوروپا کە زۆر بە هێزن کاریگەر بێ کە سوورن لە سەر ئەوەیکە پێش بەو ریسکانە بگرن کە بەرنامەی ئەتۆمی تاران رەنگی نیزامی بە خۆیەوە نگرێ؟

هەتاکوو ئیستا ئێران توانیوێتی بە لوتف ومەرحەمەتی چین و روسیە پێشی چوونی دۆسیە ئەتۆمییەکەی بۆ شورای ئەمنیەت بگرێ هەروەها مەسەلەی گەمارۆکان وەدوا بخرێ.

رۆژئاوا ئامادە بووە کە پێشنیاری نوی بدا بە ئێران کە ماوەی نزیک بە سالێکە باسی لە سەرە وزۆر بەرژەوەندی ئێرانی تێدایە بەو شەرتەی واز لە پیتاندنی یورانیۆم بێنێ.
هەروەها بە ئیران بەلێن دراوە کە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکاش ئامادەیە لە سەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران وتووێژ بکا ئەگەر بێتوو ئێران ولامی ئەرێنی پێشنیارەکانی رۆژئاوا بداتەوە کە لە رێکەوتی ٦ ژۆئن دراوە بە ئێران.

لەوکاتەوە تۆنی قسەکانی دەسەلاتدارانی ئێران بە تەواوی بە رامبەر بە رۆژئاوا گۆڕاوە. تاران ڕایگەیاندوە کە بە شێوەیەکی جیدی خەریکی هەڵسەنگاندنی ئەو بەستەیە و لەو پەیوەندیەدا ڕایگەیاندوە کە هیندێک لە بابەتەکان پۆزیتیڤن، بەلام هیندێک لەو داواکاریانەی بۆ قەبوڵ ناکرێ.

ئێران دەلێ کە دەست لە پیتاندنی یورانیۆم هەڵناگرێ، بە لام بەلێنی دەدا کە ولامی نەهایی هەتاکوو نیوەی مانگی ژوئیە بداتەوە.

ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا هیوادارە کە تاکوو نیوەی مانگی ژوئیە ولامی ئێران وەرگرێتەوە وباقی ولاتانی رۆژئاواش بە چاوەرۆانیەوە چاوەرێن.

هەتاکوو ئێستا ئێران هەولی داوە وسەرکەوتووش بووە کە کات بگۆزەرێنێ، بەڵام رۆژی درکاندنی ڕاستیەکان وا نزیک دەبێتەوە.

وەرگێر لە زمانی فەرانسە بۆ سەر زمانی کوردی

٢٩ی جوولای ٢٠٠٦

---

## وتەکانی د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی و بۆچوونی من

لە پەراوێزی دیمانەکەی د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی لە ١ی ژوییەی ٢٠٠٦ لە دیمانەدا و چەند قسەیەک... ئێستا کە باسی ئێران دەکەین خۆمانیش لەو قەیرانی شوناسەدا تاوانبارین. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ئەوەندەی بۆ ئیسلام و کۆمۆنیزم کارکراوە و هەوڵدەدرێ، بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کورد کار نەکراوە.

پرسیار دەکرێت: زۆر جار باس لە ئێرانیبوونی کورد دەکرێ. دەگوترێ کوردەکان ڕەسەنترین ئێرانین و زۆر قسەی لەم بابەتە کە ڕۆژانە تەحویلی کوردەکان دەدرێ. پرسیار ئەوەیە، ئێرانیبوونی کورد بۆ چی تا ئێستا نەبۆتە هۆکارێک بۆ ناساندنی ناسنامە و شوناس و کەلتوری کوردی لەو وەڵاتە؟ بە پێچەوانە، لەم کەلتور و شوناسە هەمیشە لە ڕاستای بەهێزکردنی شوناس و کەلتور و زمانەوانی فارس سوود وەرگیراوە؟

د. ئەبریشەمی لە وەڵامدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و باس لە سەردەمی پێش قاجارەکان دەکا و ئیشارە بەوە دەکا کە ئێرانی ئەوسا بە شێوەی "ایالات و ولایات" بەڕێوەچووە و وەڵاتێکی فرەگەلی و فرەدەسەڵاتی پێوەندیدار لەتەک یەک بووە. چەشنێک فیدراتیف بووە کە پێیان دەگوت "ممالک محروسە". ناوبراو باسی تێکڕمانی ئەو چەشنە لە حکومەت دەکا بەدەستی قاجارەکان و پاشانیش ڕەزاخان بە دروستکردنی دەوڵەت/ نەتەوە زمانی فارسی کرد بە بنەمای دەسەڵات و پاوانخوازی نەتەوایەتی بۆ دەسەڵاتی نوێ لە ئێراندا. لە کۆتایشدا د. ئەبریشەمی پێیوایە کە

ئێرانیبوون لە کوردان ئەستێندراوەتەوە! لە درێژی وەڵامی پرسیاری دواییشدا د. ئەبریشەمی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە ئێراندا بە چەشنی ڕەسمی (لە وتاردا نەک بە کردەوە) ڕێز لە کورد گیراوە و بەدرێژایی مێژوو فارسەکان وەک تورکەکان و عەرەبەکان نەسلکوژ نەبوون.

لە سەرەتادا حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە ئیدارەکردنی وەڵاتێک بە شێوە ی فیدراتیف وەک ئەوەی ئەمڕۆ پێناسەی بۆ دەکەن مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە و هەموو ئەو وەڵاتانەی کە ئەمڕۆ هەڵگری ئەو پێناسەیەن چارەسەری کێشە نەتەوایەتییەکانیان نەکردووە، هەرچەند بە وەڵاتانی خاوەن سیستەمی فیدراتیف پێناسە دەکرێن. ئەگەر وەکو نموونە ئیشارە بە وەڵاتی پانوبەرینی رووسیە بکەین دەبینین کە بە دەیان نەتەوەی غەیری ڕووس لەسەر ئەو خاکە دەژین و بێبەش کراون لە دیاریکردنی مافی چارەنووس.

ئەو سەردەمەیش کە ئێرانی ئەمڕۆ بە "ممالک محروسه" پیناسە کراوە و دەسەڵاتی سیاسی لەژێر چنگی شاکاندا بوو کە خۆیان بە جێنشینی خودا لەسەر زەوی دەزانی و هەموو بڕیارەکان بەدەست ئەوانەوە بوو،

دەسەڵاتە بچووکە ناوچەییەکان هیچ کاریگەریان لە بڕیاراتی شاکاندا نەبووە و هەموو کات بە زەبری هێز و هەڕەشە باجیان لە خەڵک ئەستاندووە و ڕەوانەی ناوەندیان کردووە. ئەوەی کە ئیتنیکی جۆراوجۆر لەژێر دەسەڵاتی شاکاندا کۆکراونەتەوە شتێکی ئارەزوومەندانە نەبووە و هیچ کات کورد وەکو گەلێکی جیاواز لە فارس سەیری نەکراوە و ئەگەر کەسێک یان کەسانێک لە دەرباری شاکاندا پلە و پایەیەکی بەرزیان هەبووە بە مانای داننان بە کوردبوونیان وەکو ئێتنیکێکی جیاواز نەبووە.

لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی قاجارەکان و دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوە لەلایەن ڕەزا شاوە، ئەو جارە کورد مۆرکی ئێرانیبوونی لە نێوچاوان درا و لەڕاستیدا ئەو پێناسە نوییە کە تاکو ئەمڕۆیش لەسەر کورد تاپۆکراوە هەوڵدانێکی دیکە بووە بۆ سڕینەوەی پێناسەی ئەسڵی کورد کە کوردبوونیەتی. هەر وەکو چۆن جوغرافیای کوردستان و دێموگرافیی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان دەڵێن "آزربایجان غربی". هەروەها لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام بەهۆی بوونی کوردی شیعە هەوڵدراوە بەتەواوی لە کوردبوون بشۆردرێنەوە و لایەنی ئایینی بەسەر لایەنی نەتەوەییدا زاڵ بێ. دانی پێناسەی ئێرانیبوون بە کوردان دژایەتی

ڕاستەوخۆ بووە لەگەڵ گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی و هەموو کات دەسەڵاتی داگیرکاریی فارس لە ئێرانیبووندا بەرجەستە بووە.

د. ئەبریشەمی دەڵێ "بە چەشنی ڕەسمی لە وتاردا نەک بە کردەوە ڕێز لە کورد گیراوە و فارسەکان نەسلکوژ نەبوون". پێم سەیرە کاک دوکتۆر دەڵێ کە فارسەکان لە وتاردا ڕێزیان لە کورد گرتووە و نەسلکوژ نەبوون. بریا کاک دوکتۆر باسی ئەو وتارەی بۆ کردباین کە ڕاستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێ. ئایا لە ئێرانی فارساندا وتار و کردەوە هەموو کات بەیەکەوە نەبوون؟ ئایا لە قانونی ئەساسی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا باسێک لە مافەکانی کورد کراوە و ئایا تاکو ئەمڕۆ هەوڵیان سڕینەوەی کورد و ناسنامەی کوردی نەبووە؟ نەسلکوژی یانی چی کاک دوکتور؟ یاساخکردنی خویندن بە زمانی زگماکی نەسلکوژی نییە؟ داگیرکردنی خاکی کوردستان و گۆڕینی جوغرافیا و دیمۆگرافیی کوردستان نەسلکوژی نییە؟ فەرمانی جیهادی خومەینی لە نەورۆزی ۱۹۸۰دا بۆسەر کوردستان و کوژرانی هەزاران سیڤیلی کورد و ئێعدامکردنی ۵۹ لاوی سابلاغی لە ڕۆژێکدا نەسلکوژی نییە؟ تێکدانی دێهاتی کوردستان و تێکڕمانی ئابووریی کوردستان و ڕێگا بەربەستکردن لە بەسەنعەتیبوونی کوردستان و کشتوکاڵی مودێرن نەسلکوژی نییە؟ ئەی قەدەغەکردنی دانانی نێوی کوردی لەسەر منداڵان لە شوناسنامەدا نەسلکوژی نییە؟ موعتادکردنی سەدان لاوی کورد بە پێی سیاسەتێکی داڕێژراو لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە و بڵاوکردنەوەی نەخۆشیی ئەیدز لەلایەن ژنانی فاسیدەوە لەنێو لاوانی کوردستاندا نەسلکوژی نییە؟

پرسیار دەکرێت: پێتوایە کێشەی ئەمڕۆی کورد لە ئێراندا کێشەیەکی نەتەوەییە یا مەزهەبی؟ یان تۆ پێتوایە کێشەیەکە هیچ کام لەوانە نییە؟ هۆی پێکەوەنەسازانی کورد و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا چۆن لێکدەدەیتەوە؟
بە بڕوای د. ئەبریشەمی "کێشەی ئەمڕۆی کورد لە ئێراندا نە لەسەر نەتەوەگەرییە و نە لەسەر مەزهەبە، بەڵکو لەسەر پاوانخوازی دەسەڵاتە. یانی دەسەڵاتداران چ لە سەردەمی کۆندا و چ لە سەردەمی نوێدا دژی دیموکراسی بوون و پاوانخوازن.

دیارە کاتێک دەسەڵات بە مەزهەب یان مەسلەک وەکو ئایدۆلۆژی بلیند دەکرێ بمانهەوێ و نەمانهەوێ پاوان و قەدەغە دێتەگۆڕێ". د. ئەبریشەمی ڕای وایە کە بەر لە ئینقلابی ساڵی ۱۹۷۹ قەدەغە و قۆرغی مەزهەبی لە ئارادا نەبووە و دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی ئاخوندەکان بۆ ماوەیەک پاوانخوازی نەتەوایەتی لە کزیدا بوو، بەڵام

دوایە تەواو پڕڕەنگ بوو.

کاک دوکتور، من پێموایە ئەو کێشەیە لە پلەی یەکەمدا کێشەیەکی کەلتورییە کە سیاسەت و ئایین دەوری سەرەکی تێدا دەگێرن. قەبوڵ نەکردنی کەلتورێکی جیاواز لە چوارچێوەی وەڵاتێکدا تەنیا تایبەت نییە بە گروپێک بەڵکو ڕیشەی قووڵی لەنێو کۆمەڵدا داکوتاوە. چاوچنۆکی و داگیرکردنی خاکی گەلانی تر جگە لە فکرێکی ڕاسیستیانە هیچ نێویکی دیکەی ناتوانی لێ بنێی؛ خەڵکی دیکە بە بچووکی چاولێکردن و خۆ بە زڵ زانین. باشە خۆ ئۆپۆزیسیۆنی فارس زمانی نێوخۆ و دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بەشداری دەسەڵاتی سیاسی نین و دژایەتی کۆماری ئیسلامیش دەکەن و خوازیاری گۆڕینی ئەو نیزامەن، بەڵام بۆ لەسەر کورد یەک هەڵوێستیان هەیە و پشتی کۆماری ئیسلامی دەگرن؟ ئەگەر بڵێین کە خەڵکی کوچە و شەقام خەڵکانی لە بواری زانست و سیاسەتەوە لە پلەیەکی نزم دان ئەی ئەو هەمووە بەناو ڕووناکبیرەی نێوخۆ و دەرەوە چی؟ خۆ ئەوان باش تێدەگەن. ئەی ئەوان بۆ ئینکاری هۆوییەتی کوردی دەکەن و بە عەقڵیەتی سەدەکانی ناوەڕاست لە سەردەمی مۆدەرنیتەدا لەگەڵ کورد هەڵسوکەوت دەکەن؟

بێگومان کێشەی کورد لە ئێراندا کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەیی‌یە نەک تەنیا بەشداری لە دەسەڵاتدا. چونکە دەکرێ بەشداری لە دەسەڵاتدا بکرێ وەکو شاروەندێک، تەنانەت تاکەکان پۆستی گرینگی دەوڵەتیشیان هەبێ لە حکومەتدا. هەر وەکو چۆن لە کابینەی د. بەختیاردا و لە کابینەی مەهەندیس بازرگاندا وەزیری کورد هەبوون یان بە قەولی خۆت لە سەردەمی ساسانیەکاندا کورد لە دەسەڵاتدا بووە یان لە حکومەتی خاتەمی‌دا د. ڕەمەزانزادە وەکو کوردێکی شیعە قسەکەری حکومەت بوو.

گرفتی سەرەکیی ئێمەی کورد قەیرانی شوناسە، بەتایبەت لەدوای ئەوەی کە پێناسەی ئێرانیبوون بە کورد دراوە. کورد تەنیا لە ئێراندا ناژی و گەل و خاکێکی دابەشکراوە. دەبێ لەپێش هەموو شتێکدا پرسیار لە خۆمان بکەین کە ئایا ئێمەی کورد خۆمان وەکو نەتەوە سەیر دەکەین یان نا؟ ئایا ئێمەی کورد کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی نین دەتوانین ئیدەعا بکەین کە نەتەوەین بەپێی ئەو پێناسەی کە ئەمڕۆ بۆ ناسینی نەتەوە لە دونیادا باوە؟

من پێموایە کە ئێمەی کورد هەموو پێکهاتەی نەتەوەیەکمان هەیە، چونکە خاوەنی زمان، مێژوو، کەلتور و خاکی

خۆمانین، بەڵام ئەوەی مەسەلەکەی ئێمەی ئاڵۆز کردووە بوونی پێناسەیەکی دیکەیە کە بەبێ ویستی خۆمان بەسەرماندا سەپاوە. ئێستا کە باسی ئێران دەکەین خۆمانیش لەو قەیرانی شوناسەدا تاوانبارین. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ئەوەندەی بۆ ئیسلام و کۆمۆنیزم کارکراوە و هەوڵدەدرێ، بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کورد کار نەکراوە. هەڵبەت لە پلەی یەکەمدا بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیرانی نێوخۆی وەڵات بەداخەوە ئەوەندەی هەوڵیان بۆ ئێرانیبوون داوە بۆ کوردبوونیان نەداوە و زۆرتر لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیانەوە هەڵسوکەوتیان کردووە. نموونەی زۆر زیندووی ئیسلاحتەڵەبانی کوردن لە ئێراندا کە مافەکانی نەتەوایەتی کوردیان لە قالبی هێندێک داخوازیی فەرهەنگی و ئیداریدا خولاسە کردۆتەوە. ئەوان هیچ کات گوێیان بۆ دەنگی خەڵک ڕانەگرتووە و خواستەکانی خەڵکیان نەدیوە و هیچ کات بە شەهامەتەوە هەوڵیان نەداوە باسی کێشەی کورد وەکو کێشەی نەتەوەیەکی جیاواز بێننە بەر باس و هەموو کات هەر ئەوەیان دوپات کردۆتەوە کە گەلی باڵادەست دەخوازێ.

ڕۆڵی سازمان و حیزبە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە هەڵگری بیروباوەری چەپ و مەزهەبیین کاریگەری زۆر مەنفی هەبووە لەسەر ئەو قەیرانە شوناسە و سیاسەتەکانیان لە خزمەت بەرژەوەندیی گەلی باڵادەستدا بووە. چونکە چ ئەوانەی کە کورد بە ئۆمەتی ئیسلام دادەنێن و چ ئەوانەی کە کێشەی کورد بە کێشەی تەبەقاتی دەزانن و دژی ناسیۆنالیزمی کوردی سیاسەت دەکەن لە قووڵترکردنەوەی ئەو قەیرانی شوناسەدا دەوری باڵایان گێڕاوە و دەیگێڕن. ئەوان بە تەبلیغکردن بۆ زمان و کەلتوری فارسی و عەرەبی زەربەی زۆر گەورە لە گەلەکەی خۆیان دەدەن. بەڵام ئەوەی کە ئێمەی کورد چۆن دەتوانین خۆمان لە قەیرانی شوناس دەرباز بکەین و لەنێوان ئێرانیبوون و کوردبووندا یەکیان هەڵبژێرین ئەوە باسێکی تێروتەسەلی دەوێ کە لەو وتارەدا جێگای نابیتەوە.

٨ی جوولای ٢٠٠٦

## ناسیۆنالیزم زیندووە ولە هەڵ ومەرجێکی باشدا دەژی و ئورووپایی بوون هێشتاش لە خەون دەچێ

ئەوە سەردێری بابەتێکە کە لە رۆژنامەی Helsingin Sanomat لە رێکەوتی ١١ی ژوییەی ٢٠٠٦ دا بڵاو بۆتەوە.

من نامهەوێ ڕاستەوە خۆ تەرجومەی بابەتەکە بڵاو کەمەوە، بەلکوو دە مهەوێ بیروڕای خۆم لە مەڕ ئەو مەسەلە گرینگە کە ئەمرۆ لە ئورووپا دا روو دەدا باس بکەم.

نوسەری بابەتەکە کە کەسیکی فەنلاندیە باس لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی ئیفراتی لە ئورووپای دێموکراسی خوازدا دەکا ولەو پەیوەندیە دا دەلێ کە لە سەنتەری بازاری شاری هاگ لە ولاتی هولەندا لە پەیوەندی لە گەڵ بازییەکانی مۆندیالی تۆپی پێدا چاوم کەوت بە ژومارەیەک کلاوی سەربازی کە بە ڕەنگی نارنجی رەنگ کرابوون و بە تایبەت دروست کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە لاینگری سەر سەختی تۆپی پێن. بە پێێ هەوالەکان ئەو کلاوە لە لایەن کەسێکی هولەندی بە نێوی Weno Geerts تەرحەکەی داڕێژراوە و لە ماوەی ئەمساڵدا ١٠٠٠٠٠ دانەی لێ فرۆشراوە. شێوەی کلاوەکە لە سەر ئەساسی کلاوانی سەربازانی ئالمانی هیتلێری داڕێژراوە وبە زمانی هولەندی لە سەری نووسراوە "وا بگرن هاتین".

ئەوەی راستی بێ مانای ئەو وشەیە خستنە رووی ناسیۆنالیزمی هولەندییە. لە گەڵ ئەوەیکە یاریەکانی موندیالی تۆپی پێ بۆ خۆشی وشادی گشت لایەکە، لە هەمان کاتدا خۆ دەرخستنی ناسیۆنالیزمە کە ولاتانانی جیهان لە بەرامبەر یەکتر دا ڕادەگرێ.

پارەکە فەرانسەویەکان لە رەفراندۆمێکدا قانونی ئەساسی ئورووپایان ڕەد کردەوە، هەروەها هۆلەندیەکان.

لە فەرانسە بە پێی ڕاپرسێک کە کراوە ٣١% لە فەرانسەویەکان دەخوازن کە حیزبی ناسیۆنالیستی ئیفراتی

فەرانسەوی " Front National " بە ڕێبەرایەتی Jean-Marie Le Pen خۆی بۆ سەرۆک کۆماری فەرانسە بۆ ساڵی داهاتوو کاندید بکا.

لە بەلژیک لاوێکی ١٨ ساڵە لە مانگی مایدا تفەنگ بە دەست دەڕوا بۆ سەنتەری شاروتەقە لە ژنێکی حامیلە ی بە ڕەگەز ئافریقایی خەلکی ولاتی مالی و کوڕە دوو سالانەکەی دەکا وهەر لە جێدا هەردووکیان دەکوژێ وژنێکی بە ڕەگەز تورکی خەلکی تورکیە بە توندی بریندار دەکا. هۆی کوژرانی ئەو کەسانە جیاوازی ڕەگەزیان بووە. قاتل ئەندامی Vlaams Belangi کە گروپێکی راسیستی هولەندی زمانەکانی بەلژیکە و زۆردژی خاریجیەکانن و پارتێکی بە هێزە و بە پێ ڕاپرسی لاینگرانی خۆ لە ٢٥٪ دەدەن.

لە ئوروپادا دروست بوونی ئەحزابی راسیست لە زیادا بووندایە و لە سالی ٢٠٠٤ وە بە هۆی زیاد بوونی ئەندامانی یەکێتی ئوروپا ڕادەی گروپە راسیستەکان چۆتە سەر. ئەمرۆ لە سەدەی بیست ویەکەمدا لە جەرگەی ئوروپادا ناسیۆنالیزم بە هێزەو دەسەلاتداران ناتوانن لە حیساباتی سیاسیدا پشت گوێان بخەن.

خوێنەری هێژا ئەوە تەرجومەی بەشێکی بەرچاو لە وتارێکە کە بە زمانی فەنلاندی بە قەلەمی Heikki Aittokoski نوسراوە.

ئەوەی ناوبراو نووسیوێتی ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەمرۆ بەرەو رووی یەکێتی ئوروپای خاوەن سیستمی دێموکراتی بۆتەوە. بە لام هۆیەکانی دەبێ چ بن کە یەکێتی ئوروپا نەیتوانیوە بە سەر ئەو مەسەلە گرینگە دا زاڵ بێ، یان لانیکەم بتوانێ تا رادەیەکی بەرچاو بەسەرناسیۆنالیزمی ئیفراتی دا زاڵ بێ.

ئەوەیکە خەلکی فەرانسە وهولەندا ودانمارک قانونی ئەساسی یەکێتی ئوروپا ڕەد دەکەنەوە دەکرێ لە چەند بواردا سەیری بکرێ.

یەکەم گیروگرفتەکانی نێو خۆی یەکێتی ئوروپادا وەکوو: بێکاری یەکجار زۆر،فەقیری ، بوونی بە میلیۆن سەرڕەشی قارەکانی فەقیری دونیا بە تایبەت خەلکانی ئاسیایی وئافریقایی بە ناسنامە وڕەگەز وئاینی جیاوازەوە.

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ولاتانی ئوروپای نەیان توانیوە قەیرانی بێکاری چارە سەربکەن ولە راستیدا هەم حیزبە چەپەکان وهەمیش راستەکان خەتاکەی دەخەنە ئەستۆی یەکترو لەو نێوەدا ئەحزابی دژی خاریجی بۆ گەیشتن بە دەسەلات بوونی خاریجیەکان لە سەر خاکی خۆیان بە هۆی سەرەکی قەیرانەکانی نێو ولاتەکانی خۆیان دەزانن. شەپۆلی بەردەوامی پەناخوازان بەرەو ئوروپا کە وا دیارە بەو زووانە کۆتایی نایە بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ ولاتانی یەکێتی ئوروپا. سەرەرای گرتنە بەری رێ وشوێنی توند لە لایەن ئوروپییەکانەوە، ئاچاخچیانی مرۆڤ بە پارەیەکی زۆر بە شەو ورۆژ بێ وچان لە رێگای قاچاغەوە پۆل پۆڵ پەنابەر ڕەوانی یەکێتی ئوروپا دەکەن. ئەحزابی راسیستی ئوروپایی لە ئیحساساتی خەلکی ساویلکە کەلکی خراپ وەردەگرن وناسیۆنالیزمی توندی ئیفراتی لە نێو مێشکی خەلکی خۆیاندا پەروەردە دەکەن ولە سیستمی دیموکراسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان کەڵکی زۆرخراپ وەردەگرن.

مەسەلەیەکی گرینگ کە ئەمرۆ لە ئارادایە بوونی ئەحزابی ئیسلامی فونداминتالیزمە کە بە قەولی خۆیان جیهاد لە دژی سەلیبییەکان دەکەن وفەرهەنگی غەربی بە دژی کولتورو زمان وژیانی خۆیان دەزانن.

لە گەڵ ئەوەیکە شەڕی ئیسلامیە توندرەوەکان لە گەڵ بەهاکانی غەربی دایەو دەکرێ بلێین کە شەڕی کۆنە پەرەستی ونویخوازیە وکوشتن وخۆ تەقاندنەوە ئیسلامی وەکوو ئاینێکی توندرەو شەڕخوازنیشان داوە وکولتوری ولاتانی ئیسلامی وەکوو کولتوری خوێن ڕشتن پێناسە دەکرێ.

بوونی میلیۆنی خەلکانی ولاتانی ئیسلامی لە یەکێتی ئوروپادا بۆتە هۆی ترسی زۆری خەلکانی ئوروپایی کە کولتورەکەیان بکەوێتە ژێر کاریگەری خەلکانی موسولمان. ئینتێگرە نەبوونی خەلکانی ولاتانی ئیسلامی وجیهانی سێهەم بە گشتی بە کولتوری ئوروپایی و زاوو زێیەی بە ردەوام وزۆری وان بۆتە جێگەی مەترسی. ڕادەی بوونی منداڵ لە نێو ئوروپاییەکان بە نیسبەت بیانیەکان زۆر لە خوارێیە وڕادەی کوران لە کچان کەمترن.

بۆ نموونە ئەگەر ولاتێکی وەکوو فەنلاند وەکوو نموونە لە بەرچاو بگرین کە پانتایی خاکەکەی بە نیسبەت دانیشتوانی یەکجار زۆرترە، گرفتەکانی یەکێتی ئوروپاش لەو ولاتەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

یەکەم بێکاری: فەنلاند بە حەشیمەتی ٥.٢٠٠٠٠٠ کەسەوە وبوونی زیاتر لە سەد هەزار بێگانە لە و ولاتە ڕادەی بێکاری زۆر لە سەرێیە وبە پێی ئامارە رەسمیەکان ٣٠٠٠٠٠ کەس بێکارهەیە، لە گەڵ ئەوەیدا کە ولاتێکی پێشکەوتوە.

بەڵام کاریگەری سیاسەتەکانی ولاتانی یەکێتی ئوروپا وئەحزابی راسیستی لێرەش بە باشی هەست پێدەکرێ و زۆرینەی خەلکی ئێرە بە بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئوروپادا نارازین وهۆیەکەشی بەوە دەزانن کە لەوەتی فەنلاند لە سالی ١٩٩٤ وە بۆتە ئەندامی یەکێتی ئوروپا ڕادەی خاریجیەکان زیادی کردووە وڕادەی بێکاری لە دوای قەبوڵ کردنی پوولی یورۆ وەکوو پوولی رەسمی فەنلاند زیادی کردووە ونرخی کەڵ وپەل وخواردەمەنی چۆتە سەرێ.

دووهەم: ڕادەی زاوو زێ لە فەنلاند زۆر لە خوارێیە وبە پێی ئامارەکان تاکوو سالێ ٢٠١٥ ڕادەی خانەنشینان لە فەنلاند دەبێتە چەند قات وئەو کات بە هۆی کەم بوونی هێزی کار ناچار دەبن لە ولاتانی دیکە را خەلک بێنن وکە ئەوەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی ڕادەی بیانەکان لە فەنلاند.

بە تایبەت خەلکی ئێرەش بە شیوەیەکی گشتی خۆشیان لە خەلکانی موسولمان نایە ورووداوەکانی ١١ی سیپتامبر ودوای ئەو دژایەتی زیاتری بە نیسبەت خەلکانی ولاتانی موسولمان ساز کردووە.
لێرەش ئەحزابی راسیست هەن کە پەیوەندیان بە ئەحزابی ولاتانی دیکەوە هەیە بە تایبەت بە هی سوئد وئالمان و ولاتانی دیکەی سکاندیناوەوە. هەر چەند زۆر بە هێز نین وەکوو هێزێکی سیاسی، بەلام ئاڵ وگۆرو هەڵوێستی ولاتانی دیکەی ئوروپا کاریگەری لە سەر وانیش دادەنێ.

بەلام بە گشتی ئەگەر باسی یەکێتی ئوروپا بکەین هەم ئەحزابی راسیستی وهەمیش ئەحزابی ئیسلامی لە دێموکراسی ئوروپا بۆ بە هێزکردنی خۆیان کەڵکی خراپیان وەرگرتوە و هەر کامیان بە پێی سیاسەتەکانیان هەوڵیان داوە جێگە وپێگەی خۆیان پتەو بکەن.

ئێستاش کە تورکیە وەکوو ولاتێکی بە فەرهە نگی رۆژهەلاتی وئایینی ئیسلامیەوە دەخوازێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئوروپا ترسی خستۆتە نێو دڵی ئوروپییەکانەوە. چونکە بە بوونی ئەندام بوونی تورکیە ڕێگا بۆ تورکەکان بە

تەواوی دەکرێتەوە بێن بۆ ئوروپا ولە بەرژەوەندیەکانی ئوروپا کە لە تورکیە دەست ناکەون کەلک وەرگرن. هەروەها بوونی چەند میلیۆن تورک لە ولاتانی یەکێتی ئوروپا ئەوەی نیشانداوە کە چ تورکەکان وچ عەرەبەکانیش نەیان توانیوە خۆیان لە گەڵ کولتوری ئوروپیەکان ئینتێگرە بکەن وبە شێوەیەکی بەر بلاو تێکەڵ بن بە ژیانی ئوروپییەکانەوە. بۆیە ئەو جیاوازە فەرهەنگی و زمانی و ئاینیە و بە هێزبوونی پێگەی ئەحزابی ئیسلامی فۆندامێنتالیزم لە ئوروپا و تەقینەوەکانی لەندەن و مادرید وکوژرانی سەدان کەسی بێ تاوان رووخسارێکی زۆر دزێوی لە ئیسلام نیشان داوە.

من پێم وایە کە یەکێتی ئوروپا لە گەڵ ئەوەی زۆرتر یەکێتیکی ئابوریە، نەیتوانیوە بە سەرلایەنی سیاسی کە ناسیۆنالیزمی ئوروپاییە دا زاڵ بێ وکەم ڕەنگی کاتەوە وهەڵگرتنی ویزا لە نێو ئەندامانی یەکیتی وهاتووچۆی تاکەکانی ئوروپایی بە بێ گیرو گرفت نەیتوانیوە سنورەکانی ناسیۆنالیزم بشکێنێ. ئەوەیکە زۆر جارلە نێو راگەیەندراوی کوردی دا دەنووسرێ کە گۆیا سنورەکان لە یەکێتی ئوروپادا کەم ڕەنگ بوونەوە و وردە وردە سنورەکان بە تەواوی لادەچن لێکدانەوەیەکی زۆرهەڵە وبێ بناغەیە.

بە هاتنی ئەندامانی نوێ بۆ نێو یەکێتی ئوروپا گیرو گرفتەکان زیاد دەبن وکەم نابنەوە وچونکە لە پلەی یەکەمدا حشیمەتی ئەو یەکێتیە زیاد دەبێ وبە هەمان ڕادەش ولاتانی دواکەوتوو وهەژار وەکوو رۆمانی وبولغارستان وتورکیە و ولاتانی دیکەی ئوروپا کە سەردەمانێک بە ئوروپای شەرقی ناو زەد دەکران خاوەنی ئابوریەکی زۆر لاوازن وخەلکی فەقیریان زۆرە وڕادەی بێکاری زۆر لە سەرێیە. کە وابوو یەکێتی ئوروپا کە بەردەوام لە کێ بەر کێ ئابوری لە گەڵ ئامریکا وچین وژاپۆندایە ناتوانێ هەموو ئەو کێشە ئابوریانە چارە سەر بکا. هەروەها بوونی کێشەی کۆمەلایەتی لە نێو ئەو ولاتانەش وای کردووە کە دەسەلاتداران لە چارەسەرییان زۆر عاجزبن.

ئەگەر بێتوو ئەحزابی ناسیۆنالیستی ئیفراتی لە ولاتانی گەورەی ئوروپایی وەکوو فەرانسە وئالمان وسۆئد وئۆتریش و هیندێک ولاتی چوکتر وەکوو بلژیک ولوگزامبورگ وهولەند دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن، ئەو سا بە دڵنیایەوە دەبێ فاتیحەی یەکیتی ئوروپا بخوێنین.

*لە ماڵپەری دیمانە دا دیمانەیەک لە گەڵ د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی لە بابەت کورد و ئێرانی بوون ساز دراوە و بەرێزیان بیرو ڕای خۆی لەو بارەوە دەربڕیەوە.*

**حەز دەکەم هەڵسەنگاندنی خۆم لەو بارەوە دەربڕم.**

**پرسیار:** زۆر جارباس لە ئێرانیبوونی کورد دەکرێ، دەکوترێ کوردەکان ڕەسەنترین ئێرانین وزۆرقسەی لەم بابەتە کە ڕۆژانە تەحویلی کوردەکان دەدرێ. پرسیار ئەوەیە، ئێرانیبوونی کورد بۆ چی تا ئێستا نە بۆتە هۆ کارێک بۆ ناساندنی ناسنامە وشوناس وکولتوری کوردی لەو ولاتە؟ بە پێچەوانە،لەم کولتور وشوناسە هەمیشە لە ڕاستای بە هێز کردنی شوناس وکولتور وزمانەوانی فارس سوود وەرگیراوە؟

د.ئەبریشەمی لە ولام دا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و باس لە سەردەمی پێش قاجارەکان دەکا وئیشارە بەوە دەکا کە ئێرانی ئەوسا بە شێوەی " ایالات و ولایات" بە رێوە چووە ولاتێکی فرە گەلی وفرە دەسەلاتی پێوەندیدار لە تەک یەک بووە ، چەشنیک فیدراتیف بووە کە پێیان دەکوت "ممالک محروسه ". ناوبراو باسی تێک ڕمانی ئەو چەشنە لە حکومەتە دەکا بە دەستی قاجارەکان و پاشانیش رەزاخان بە دروست کردنی دەولەت - نەتەوە زمانی فارسی کرد بە بنەمای دەسەلات و پاوانخوازی نەتەوایەتی بۆ دەسەلاتی نوی لە ئێراندا. لە کۆتایش دا د.ئەبریشەمی پێوایە کە ئێرانیبوون لە کوردان ئەستێندراوەتەوە!

لە درێژی ولامی پرسیاری دوایش دا د.ئەبریشەمی لە سەر ئەو بڕوایەیە کە لە ئێراندا بە چەشنی رەسمی ( لە وتاردا نەک بە کردەوە) رێز لە کورد گیراوە وبە درێژایی مێژوو فارسەکان وەک تورکەکان وعەرەبەکان نەسل کوژ نەبوون.

لە سەرەتادا حەز دەکەم ئەوە بلێم کە ئیدارە کردنی ولاتێک بە شێوە ی فیدراتیف وەک ئەوەی ئەمرۆ پێناسەی بۆ دەکەن مێژوو.

یەکی زۆر کۆنی نیە وهەموو ئەو ولاتانەی کە ئەمرۆ هەلگری ئەو پێناسە ن چارە سەری کێشە نەتەوایەتیەکانیان نەکردووە،هەر چەند بە ولاتانی خاوەن سیستەمی فیدراتیف پێناسە دەکرێن. ئەگەر وەکوو نموونە ئێشارە بە ولاتی پان وبەرینی رووسیە بکەین دەبینین کە بە دەیان نەتەوەی غەیری رووس لە سەر ئەو خاکە دەژین وبێ بەش کراون لە دیاری کردنی مافی چارە نووس.

ئەو سەردەمەش کە ئێرانی ئەمرۆ بە "ممالک محروسە" پیناسە کراوە و دەسەلاتی سیاسی لە ژێرچەنگی شاکاندا دا بوو کە خۆیان بە جێنشینی خودا لە سەر زەوی دەزانی وهەموو بڕیارەکان بە دەست وانەوە بوو، دەسەلاتە بچوکە ناوچەیەکان هیچ کاریگەریان لە بڕیاراتی شاکاندا نەبووە وهەموو کات بە زەبری هێزوهەڕەشە باجیان لە خەلک ئەستاندووە وڕەوانەی ناوەندیان کردووە. ئەوەیکە ئیتنیکی جۆراوجۆرلە ژێردەسەلاتی شاکاندا کۆ کراونە تەوە شتێکی ئارەزوومەندانە نەبووە وهیچ کات کورد وەکوو گەلێکی جیاواز لە فارس سەیری نەکراوە وئەگەر کەسێک یان کەسانێک لە دەرباری شاکاندا پلە و پایەیەکی بەرزی هەبووە بە مانای دان نان بە کورد بوونیان وەکوو ئێتنیکێکی جیاواز نەبووە.

لە دوای رووخانی دەسەلاتی قاجارەکان و دروست کردنی دەولەت/نەتەوە لە لایەن رەزا شاوە ، ئەو جارە کورد مۆرکی ئێرانی بوونی لە نێو چاوان درا ولە راستیدا ئەو پێناسە نوییە کە تاکوو ئەمرۆش لە سەرکورد تاپۆکراوە هەوڵ دانێکی دیکە بووە بۆ سڕینەوە پێناسەی ئەسلی کورد کە کورد بوونێتی ، هەروەکوو چۆن جوغرافیای کوردستان ودێموگرافی کوردستان ئاڵ وگۆری بە سەرداهاتووە وبە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستان دەلێن " آزربایجان غربی ". هەروەها لە پارێزگاکانی کرماشان وئیلام بە هۆی بوونی کوردی شیعە هەوڵ دراوە بە تەواوی لە کورد بوون بشۆردرێنەوە ولایەنی ئاینی بە سەرلایەنی نەتەوەیی دا زاڵ بێ.

دانی پێناسەی ئێرانی بوون بە کوردان دژایەتی ڕاستەوە خۆ بووە لە گەڵ گەشە سەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی وهەموو کات دەسەلاتی داگیر کاری فارس لە ئێرانی بووندا بەرجەستە بووە.

د.ئەبریشەمی دەلێ کە" بە چەشنی رەسمی لە وتار دا نەک بە کردەوە رێزلە کورد گیراوە وفارسەکان نەسل کوژ نەبوون".

پێم سەیرە کاک دوکتور دەڵێ کە فارسەکان لە وتاردا ڕێزیان لە کورد گرتوە ونەسل کوژ نەبوون. بریا کاک دوکتور باسی ئەو وتارەی بۆ کردباین کە ڕاستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێ. ئایا لە ئێرانی فارساندا وتار وکردەوە هەموو کات بە یەکەوە نەبوون؟

ئایا لە قانونی ئەساسی ڕێژیمەکانی پەهلەوی وکۆماری ئیسلامیدا باسێک لە مافەکانی کورد کراوە وئایا تاکوو ئەمرۆ هەوڵیان سڕینەوە کورد وناسنامەی کوردی نەبووە؟

نەسلی کوژی یانی چی کاک دوکتور؟ یاساخکردنی خویندن بە زمانی زگماکی نەسل کوژی نیە؟ داگیرکردنی خاکی کوردستان وگۆرینی جوغرافیا ودێموگرافی کوردستان نەسل کوژی نیە؟ فەرمانی جیهادی خومەینی لە نەورۆزی ١٩٨٠ دا بۆ سەر کوردستان و کوژرانی هەزاران سیفیلی کورد وئێعدام کردنی ٥٩ لاوی سابلاغی لە رۆژێکدا نەسل کوژی نیە؟ تێکدانی دێهاتی کوردستان وتێک ڕمانی ئابوری کوردستان و ڕێگا بەر بەست کردن لە بە سەنعەتی بوونی کوردستان وکشت وکالی مودێرن نەسل کوژی نیە؟ ئەی قەدەغە کردنی دانانی نێوی کوردی لە سەرمندالان لە شوناسنامە دا نەسل کوژی نیە؟

موعتاد کردنی سەدان لاوی کورد بە پێی سیاسەتێکی دارێژراو لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە وبلاو کردنەوەی نەخۆشی ئەیدز لە لە لایەن ژنانی فاسیدەوە لە نێولاوانی کوردستاندا نەسل کوژی نیە؟
پرسیار: پێتوایە کێشەی ئەمرۆی کورد لە ئێراندا کێشەیەکی نەتەوەییە یا مەزهەبی؟ یان تۆ پێتوایە کێشەیەکە هیچ کام لەوانە نیە؟

هۆی پێکەوە نەسازانی کورد ودەسەلاتی سیاسی لە ئێراندا چۆن لێکدەدەیتەوە؟

وڵام: بە بڕوای د.ئەبریشەمی" کێشەی ئەمرۆی کورد لە ئێراندا نە لە سەرنەتەوەگەرییە ونە لە سەرمەزهەبە، بەلکوو لە سەر پاوانخوازی دەسەلاتە. یانی دەسەلاتداران چ لە سەردەمی کۆندا وچ لە سەردەمی نویدا دژی دێموکراسی بوون وپاوانخوازن.

دیارە کاتێک دەسەلات بە مەزهەب یان مەسلەک وەکوو ئایدۆلۆژی بلیند دەکرێ بمانهەوێ ونەمانهەوێ پاوان وقەدەغە دێتە گۆرێ". د.ئەبریشەمی ڕای وایە کە بەرلە ئینقلابی سالی ١٩٧٩ قەدەغە وقۆرغی مەزهەبی لە ئارادا نەبووە ودوای هاتنە سەر دەسەلاتی ئاخوندەکان بۆ ماوەیەک پاوانخوازی نەتەوایەتی لە کزیدا بوو، بە لام دوایە تەواو پڕڕەنگ بوو.

کاک دوکتور،من پێم وایە ئەو کێشەیە لە پلەی یەکەمدا کێشەیەکی کولتورییە کە سیاسەت وئاین دەوری سەرەکی تێدا دەگێرن.

قەبوڵ نەکردنی کولتورێکی جیاواز لە چوارچێوەی ولاتێکدا تەنیا تایبەت نیە بە گروپێک بەلکوو ریشەی قوولی لە نێو کۆمەڵ داکوتاوە. چاو چنۆکی وداگیر کردنی خاکی گەلانی تر جگە لە فکرێکی راسیسیانە هیچ نێوێکی دیکەی ناتوانی لێ بنێێ.

خەلکی دیکە بە بچووکی چاو لێکردن وخۆ بە زڵ زانین. باشە خۆ ئۆپۆزیسیۆنی فارس زمانی نێو خۆ ودەرەوەی کۆماری ئیسلامی بەشداری دەسەلاتی سیاسی نین ودژایەتی کۆماری ئیسلامیش دەکەن وخوازیاری گۆرینی ئەو نیزامەن، بەلام بۆ لە سەر کورد یەک هەڵوێستیان هەیە وپشتی کۆماری ئیسلامی دەگرن. ئەگەر بلێێن کە خەلکی کوچەو شەقام خەلکانی لە بواری زانست وسیاسەتەوە لە پلەیەکی نزم دان ئەی ئەو هەمووە بە ناو رووناک بیرەی نێوخۆ ودەرەوە چی؟ خۆ ئەوان باش تێدەگەن ، ئەی ئەوان بۆ ئینکاری هۆوییەتی کوردی دەکەن وبە عەقلیەتی سەدەکانی ناوەراست لە سەردەمی مۆدەرنیتە دا لە گەڵ کورد هەڵس وکەوت دەکەن؟

بێ گومان کێشەی کورد لە ئێراندا کێشەیەکی سیاسی ونەتەوەییە نەک تەنیا بەشداری لە دەسەلاتدا. چونکە دەکرێ بەشداری لە دەسەلاتدا بکرێ وەکوو شاروەندێک، تەنانەت تاکەکان پۆستی گرینگی دەولەتیشیان هەبێ لە حکومەتدا. هەروەکوو چون لە کابێنەی د. بەختیاردا و لە کابینەی مەهەندیس بازرگاندا دا وەزیری کورد هەبوون یان بە قەولی خۆت لە سەردەمی ساسانیەکاندا کورد لە دەسەلاتدا بووە یان لە حکومەتی خاتەمی دا د.رەمەزانزادە وەکوو کوردێکی شیعە قسەکەری حکومەت بوو.

گرفتی سەرەکی ئێمەی کورد قەیرانی شوناسە، بە تایبەت لە دوای ئەوەیکە پێناسەی ئێرانی بوون بە کورد دراوە. کورد تەنیا لە ئێراندا ناژی وگەل وخاکێکی دابەش کراوە. دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا پرسیار لە خۆمان بکەین کە ئایا ئێمەی کورد خۆمان وەکوو نەتەوە سەیر دەکەین یان نا؟ ئایا ئێمەی کورد کە خاوەنی دەولەتی نەتەوەیی نین دەتوانین ئیدەعا بکەین کە نەتەوەین بە پێی ئەو پێناسەی کە ئەمرۆ بۆ ناسینی نەتەوە لە دونیا دا باوە؟

من پێم وایە کە ئێمەی کورد هەموو پێکهاتەی نەتەوەیەکمان هەیە، چونکە خاوەنی زمان ،مێژوو، کولتورو خاکی خۆمانین، بە لام ئەوەی مەسەلەکەی ئێمەی ئالۆز کردووە بوونی پێناسەیەکی دیکەیە کە بە بێ ویستی خۆمان بە سەرماندا سەپاوە. ئێستا کە باسی ئێران دەکەین خۆمانیش لەو قەیرانی شوناسە دا تاوانبارین. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەوەندەی بۆ ئیسلام وکۆمونیزم کارکراوە وهەوڵ دەدرێ بۆ بە هێز کردنی ناسیۆنالیزمی کورد کار نەکراوە.

هەڵبەت لە پلەی یەکەمدا بەشێکی بەر چاو لە رووناکبیرانی نێو خۆی ولات بە داخەوە ئەوەندەی هەوڵیان بۆ ئێرانی بوون داوە بۆ کورد بوونیان نەداوە وزۆرتر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی شەخسی خۆیانەوە هەلس وکەوتیان کردووە. نموونەی زۆر زیندووی ئیسلاح تەلەبانی کوردن لە ئێراندا کە مافەکانی نەتەوایەتی کوردیان لە قالبی هیندێک داخوازی فەرهەنگی وئیداری دا خولاسە کردۆتەوە. ئەوان هیچ کات گوییان بۆ دەنگی خەلک ڕانەگرتوە وخواستەکانی خەلکیان نەدیوە وهیچ کات بە شەهامەتەوە هەوڵیان نەداوە باسی کێشەی کورد وەکوو کێشەی نەتەوەیەکی جیاواز بێننە بەرباس وهەموو کات هەر ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە گەلی بالا دەست دەخوازێ.

رۆلی سازمانە وحیزبە سیاسیەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە خاوەنی بیروباوەری چەپ ومەزهەبین کاریگەری زۆرمەنفی هەبووە لە سەر ئەو قەیرانە شوناسە وسیاسەتەکانیان لە خزمەت بەرژەوەندی گەلی بالا دەستدا بووە. چونکە چ ئەوانەی کە کورد بە ئۆمەتی ئیسلام دادەنێن وچ ئەوانەی کە کێشەی کورد بە کێشەی تەبەقاتی دەزانن ودژی ناسیۆنالیزمی کوردی سیاسەت دەکەن لە قولترکردنەوەی ئەو قەیرانی شوناسە دا دەوری بالایان گێراوە ودەیگێرن. ئەوان بە تەبلیغ کردن بۆ زمان وکولتوری فارسی وعەرەبی زەربەی زۆر گەورە لە گەلەکەی خۆیان دەدەن. بە لام ئەوەیکە ئێمەی کورد چۆن دەتوانین خۆمان لە قەیرانی شوناس دەربازبکەین ولە نێوان ئێرانی بوون وکورد بوون یەکیان هەلبژێرین ئەوە باسێکی تێرو تەسەلی دەوێ کە لەو وتارە دا جێگای نابیتەوە.

٦ی جوونی ٢٠٠٦

# کورد وگۆرانکاری لە ئێراندا

کۆماری ئیسلامی بە هۆی سیاسەتە فریودەرانەی لە مەڕ بەرنامەی ئەتۆمییەکەی وئەوەیکە ئیدەعا دەکا کە پیتاندنی یورانیۆم بۆ مەبەستی ئاشتی خوازانەیە وزۆرتر بۆ وەدەست هێنانی وزەی کارەبایە وبە هیچ جۆر بە مانای دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی نیە کەوتۆتە ژێر زەختی ئامریکا و ولاتانی ئوروپای رۆژئاوا، بە تایبەت سێ ولاتی ئالمان وئینگلیس وفەرانسە کە لایەنی وتووێژی چەندین سالە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بوون.

بڕوا نەکردن بە کۆماری ئیسلامی کێشەی سەرەکی نێوان لایەنەکانی غەربیە وکۆماری ئیسلامیش تاکوو ئێستا سوور بووە لە سەر درێژە دان بە پیتاندنی یورانیۆم.

هەلوێستی ولاتانی چین وروسیە وەکوو دوو ئەندامی دایمی شۆرای ئەمنیەت تاکوو ئێستا بالانسی کێشەکانی بە قازانجی کۆماری ئیسلامی داخستووە ونەبوونی یەک هەڵوێستی ولاتانی ١+٥ بۆتە هۆی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەروا سوور بێ لە سەر پیتاندنی یورانیۆم.

بێ گومان بەرژە وەندییەکانی چین وروسیە وەکوو دوو ولاتی گەورە وبە هێزی ناوچەکە ودژایەتی کردنیان لە گەڵ ئامریکا لە مەڕ پەرەسەندنی دەسەلاتی سیاسی وئابوری ولشکری ئامریکا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست کە سەرچاوەی دابین کردنی بەشی زۆری سوتەمەنی جیهانە زۆر جیاوازە. چین وەکوو ولاتیکی زڵ هێز چ لە بواری حشیمەتەوە و چ لە بواری خاکەوە وچ وەکوو زڵ هێزێکی ئابوری کە لە داهاتوو دا بەرژەوەندیەکانی ئامریکا دەخاتە مەترسیەوە پێویستی بە نەفتی ئێران بۆ ئابوریەکە.

یەتی . کێشەیەکی دیکە چین لە گەڵ ئامریکا لە سەر دوورگەی تایوانە کە داخوازی سەر بەخۆیی دەکا وچین ئیدەعای خاکی لە سەر ئەو دوورگەیە دەکا وبە هی خۆی دەزانێ و هەڕەشەی هێرش بۆ سەر ئەو ولاتە دەکا ئەگەر بێتوو سەربەخۆیی ڕابگەیێنێ.

روسیە لە چەندین سەدەی ڕابردوو چ لە دەورانی تزار وچ دوای شۆرشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ هەموو کات سەرەرای بوونی کێشەی سیاسی لە گەڵ ئێران لە سەر خاک وسنورەکان هەولی داوە وەکوو زڵ هێزێکی جیهان خۆی وەدەر خا ولە بریاراتی نیو نەتە وەیی دا لە سەر دابەش کردنی جیهان هاوشانی ئامریکا بێ. لە دوای تێک ڕمانی یەکێتی سۆفییەت روسیە ئەو سەنگە سیاسیە نێو نەتەوەییەی نەماوە ولە بواری ئابوریەوە ئەو هێز وتوانایەی نیە کە شان لە شانی ئامریکا بدا.

روسیە کەخەوەن بە سەردەمی یەکێتی سۆفیتەوە دەبێنێ لە ماوەی سالانی رابرددو دا دژایەتی پەرەسەندی دەسەلاتی ئامریکای بۆ ولاتانی تازە دامەزراو و ولاتانی بالْکان کردوە ودژی پەرەسەندی ناتۆیە بۆ ئەو ولاتانەی کە سنووری هاوبەشیان لە گەڵ روسیە هەیە ویان لانیکەم نزیکن لە ولاتانی دۆستی روسیە.

روسیە بۆ دروست کردنەوەی ئابوری تێک تەپیوەکەی پێویستی بە سەرمایە هەیە و کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە لایەن ئامریکاوە لە سالی ١٩٧٩ وە گەمارۆی ئابوری کەوتۆتە سەروناتوانێ دەستی بە چەک وچۆڵ وتێکنۆلۆژی نوی ئامریکا ڕابگا بۆتە بازارێکی گەورە بۆ کرینی کەڵ وپەلەکانی روسیە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. تەنانەت بە هۆی گەمارۆی ئابوری ئامریکا بۆ سەر ئێران، کۆماری ئیسلامی ناتوانێ فرۆکەی نەفەر هەلْگر لە ئامریکا بکرێ. روسەکان فرۆکە کۆنەکانی خۆیان لە بازاری ئێراندا خورد دەکەنەوە.

روسیە بە پارەیەکی یەکجار زۆر بنکە وپێگەی جۆراوجۆری بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەست ڕاگەیشتن بە سوختی هەستەیی دامەزراندوە ومەهەندیسەکانی روسی چۆنیەتی بەرهەم هێنان و پیتاندنی یورانیۆم فێری ئێرانیەکان دەکەن.

هەروەها روسیە هەوڵ دەدا لە کێشەی پەینی ئیسرائیل وفەلەستین دەوری خۆی بگێری وبە بانگ کردنی رێبەرانی حەماس بۆ موسکو پەیامێکی توندی دا بە واشنگتۆن. روسیە لە نێو خۆیدا کێشەی ئیتنیکی هەیە وچەندین سالە شەڕی ئەرتەشی روسیە لە دژی چیچێنەکان بەردەوامە کە بە تێرۆریستیان ناو دەبا وئامریکاش جاروبار بۆ ئەوەیکە زەختێک بخاتە سەر روسەکان مەسەلەی مافی مرۆف لە روسیە وچیچیەن دێنێتە گۆرێ.

لە دوای هاتنە سەر کاری مەحمودی ئەحمەدی نژاد وەکوو سەرۆک کۆماری ئێران هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی توندوتیژتر بووە و ئەحمەدی نژاد چەندین جار ڕایگەیاندووە کە ئیسرائیل دەبێ لە سەر گۆی زەوەی بسڕدرێتەوە وهەڕەشەی کردەوەی تێرۆریستی لە ئامریکا دەکا ولە راستیدا شەڕی ئێران وئامریکا وا لە عێراق دا بەرێوە دەچێ. کۆماری ئیسلامی لە قەیرانی ئەتۆمیەکەی دا هەوڵی داوە چ لە نیو خۆ وچ لە دەرەوە روخسارێکی میللی بدا بە کێشەکە کە گۆیا ئەوە خواستی بە قەولی خۆی گەلی ئێرانە کە دە یهەوێ بەردەوام بێ لە پیتاندنی یورانیۆم. لە نێو خۆش بە پروپاگەندە ونیشاندنی ئەوەیکە ئامریکا و ولاتانی ئوروپای رۆژئاوا مافی خەلکی ئێران دەخەنە ژێر پێ هەوڵ دەدا خەلک لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە.

زەخت وزۆر و هەڕەشەی حکومەتی تازە بە دەسەلات گەیشتوی ئەحمەدی نژاد هەر روو بە دەرەوە نەبووە، بەرەو ناوخۆش تاکوو ئێستا بەردەوام بووە ولە سەرکوت کردنی دەنگی نارەزایەتی گەلانی بێ بەشی تاکوو ئێستا بە بێ دوو دڵی سیا سەتی "مستی ئاسنینی " بە کار هێناوە وبچوکترین داخوازی بە گولە ولام داوەتەوە.

ڕاپەرینەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دوای شەهید کردنی شوانە سەید قادر کە لە مەهاباد سەری هەڵدا وزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتوە وبە دەیان کوردی بێ تاوان شەهید وبریندارکران وبە سەدانیش کەوتنە نێو زیندانەکان ودوای ئاشکەنجەو ئازاری لە رادەبەدەر حوکمی زیندانی درێژ خایەن بە سەر ژومارەیەکی زۆریان دا سەپا.

هەروەها رووداوەکانی شارەکانی ماکۆ ودەروبەری رووداوی زۆر دڵ تەزینی لێکەوتەوە وخەلکیکی زۆر شەهید وبریندار بوون و ڕەوانەی بەندیخانەکان کران.

ئەو زەبرو زەنگە هەر تایبەت بە کوردستان نەبووە، بەلکوو ناوچەکانی خوزستان، بەلوچستان ولە ماوەی چەند رۆژی رابردوو دا لە دوای بڵاو بوونەوە کاریکاتۆرێک لە رۆژنامەی رەسمی ئێراندا وبێ حورمەتی کردن بە زمان وفەرهەنگی ئازەربایجان بوو بە هۆی ئەوەی کە شارەکانی تورک نشین نائارامی یەکجار توند بە خۆیەوە ببینێ وتەنانەت شارە کوردیە کانی ورمی و نەغەدەشی کە حە شیمەتی تورک نشینیان تێدایە گرتەوە ولە و شارانە کوردەکان وێرای تورکەکان هاتونەتە سەرشەقامەکان و پشتیوانی خۆیان لە تورکەکان دەربڕیوە.

دەولەتی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ژێر زەختی نێو خۆ ودەرەوە وئەوە دەرفەتێکی زێرینە تاکوو بە یەکگرتویی وبوونی بەرنامەی روون بە دونیای دەرەوە نیشان بدرێ کە کۆماری ئیسلامی نوێنەری گەلانی ئێران نیە وهەموو لایەک خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامین.

رۆژهەلاتی کوردستان کە لە ماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن رێژیمەوە وەکوو دوژمن سەیری کراوە وتاکوو ئێستاش هیجی بۆ نەکراوە بە رووخانی کۆماری ئیسلامی قازانجی زۆر گەورە دەکا وپێویستە ئەو جارە هێزەکانی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان دەرس لە ڕابردووی خۆیان وباشوری کوردستان وەرگرن وبە لە یەک نزیک بوونەوە وهاوکاری کردنی یەکتر بەرژەوەندی نەتەوەیی بخەنە سەر بەرژەوەندی حیزبی وتاکە کەسی.

گیرو گرفتی ئێمەی کورد هەر تەنیا رووخانی کۆماری ئیسلامی نیە، بەلکوو پارازتنی بەرژەوەندی نەتەوایەتیمانە لە دوای نەمانی ئەو رێژیمە.

ئێمە کێشەی گەورەی خاکمان هەیە چ لە گەڵ فارسەکان لە ناوچەکانی ئیلام وکرماشان کە بە هی خۆیانی دەزانن چ لە گەڵ تورکەکانی ئێران کە بەشێکیان لە سەرخاکی کوردستان دەژین و ئەوان خۆیان بە" ئازەربایجانی رۆژئاوا" پێناسەی دەکەن کە پارێزگای ورمێ دەگرێتەوە.

پێویستە ئەحزابی کوردستانی یەک دەنگ دیفاع لە مافەکانی گەلی کورد بکەن وبۆ ئەو کارە پرۆژەی روونیان هەبێ وهەر لە ئیستاوە لە کەسانی پسپۆر وشارەزا لە بوارەکانی مێژوو، سیاسەت، جوغرافیا، کۆمەڵ ناسی کەلک وەرگرن وهەوڵ بدەن بە کۆ کردنەوە بەلگە مێژوویەکان راستی کوردستانی بوونی پاریزگای ورمێ و ناوچەکانی دیکەش کە کێشەیان لە سەرە بسەلمێنن.

لە سەر ئەو بڕوایەم کە پێویستە هێزەکانی کوردی بۆ دارژتنی دیپلۆماسی نەتەوەیی کە بە داخەوە لێێ بێ بەشین هەوڵ بدەن ولە دەرەوەی ولات یەک دەنگ باس لە مافەکانی گەلی کورد و داکۆکی لە خاک وسنووری کوردستان بکەن چ لە گەڵ دەولەتانی زڵ هێز وچ لە گەڵ لایەنەکانی ئازەرەی وفارس دا.

من پێم وایە دەبێ بە دیالۆگ وگفتوگۆ ئێمە لە گەڵ ئازەریەکان وبە گەڕانەوە بۆ مێژوو پێشی خولقانی شەڕی نێوان دوو گەلی کورد وئازەری لە داهاتوو دا بگرین.

دیاری کردنی سنورەکانی کوردساتن تاوان نیەو ئەرکی نەتەوەیی هەر حیزب ولایەنێکی کوردیە کە خەبات دەکا بۆ وەدیهێنانی ئامانجی نەتەوایەتی گەلی کورد بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەموو کات ئاڵا هەڵگری خەباتی نەتەوایەتی بووە و ئێستاش دروشمی فیدرالی جوغرافی ونەتەوایەتی هەڵگرتوە وبۆیە پێویستە رۆلەکانی گەلی کوردستان سنووری خاکی خۆیان بزانن تاکوو لە داهاتوو دا بتوانن داکۆکی لێ بکەن.

ئەویکە دەلێم سنوورەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دیاری بکرێ بەو مانایە نیە کە شیر وتیر لە تورکەکان هەڵگرین وبکەوینە کوشتنیان. نا بە هێچ جۆرێک کورد نابێ هەوڵی ئەوە بدا کە بە شەڕ چارەسەی کێشەی سیاسی لە گەڵ تورکەکان بکا چونکە ئەو هێزوتوانا لەشکری وئابوری وسەربازییەمان نیە کە بەرەنگاری چەند دەولەتی دراوسێ ببینەوە کە داکۆکی لە تورکەکانی ئێران دەکەن.

نە ئێمە دەتوانین ئەوان لە سەر ماڵ وحالیان دەرکەین ونە ئەوان دەتوانن بە زۆر پارێزگای ورمێ بکەن بە هی خۆیان .

دەبێ بە سیاسەتی دروست وسەردەمیانە ئەو کێشە سنوریانە چارەسەر بکرێ ورێز لە مافی مرۆڤی کورد وتورک و ئەرمەنی و جوولەکە بگیرێ کە لەو ناوچانە دا بە یەکەوە دەژین.

ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کوردیش لە ناوچەکانی ئازەربایجانی شەرقی دا دەژین کە ناوەندەکەی تەورێزە. ئەوانیش دەبێ لە داهاتوو دا ژیان وئازادیان گارانتی بکرێ، هەروەکوو چون پێویستە دیفاع لە کوردەکانی ناوچەکانی خوراسانیش بکرێ ومافەکانیان دەستە بەر بکرێ.

پێم خۆشە ئەوە بلێم با ئێمە بە شەرمەوە سیاسەت نەکەین ولە گەڵ خۆمان وگەلی خۆمان روو راست بین وئەوندەش دروشمەکانی دەیاندەین بە پیرۆزی چاویان لێ نەکەین وپێمان وابێ کە هەر فیدرالی دوا چارە سەرە بۆ کێشەی گەلەکەمان.

با هیندە بۆ رازی کردنی فارسە شۆوینیستەکاندا دەست بە قورعان دانەدەین کە جیاوازی خوازنین. ئەوە ئێمەی کوردین کە دەبێ مەشرووعیەتی نەتەوە بوونی فارسەکان ببەینە ژێر پرسیار کە نیوەی حەشیمەتی ئێران پیک ناهێنن وهیچ کات زۆرینە نەبوون.

کێ دەتوانێ زەمانەتی ئەوە بکا کە لە دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی سیستمێکی دێموکراتی فیدرالی دیتە سەر کار؟ کێ دەتوانێ پێش بینی بکا کە ئیران وەکوو یوگوسلاوی لێ نایە وهەر پارچە ی بۆ لایەک نارِوا؟

فەرهەنگی قەبوڵ کردن لە نێوان گەلی باڵا دەست دا هەر وجودی نیەو بە سالانێکی دوورو درێژمان دەوێ تاکوو بتوانین بە کۆمەلگایەکی مەدەنی بگەین. هێزەکانی بەرەی شۆوینسیت چ لە نێو تورکە توندرەوەکاندا کە هەموو خاکی کوردستان بە هی خۆیان دەزانن وهەرِەشەی قەتلەعامی کوردان دەکەن وچ بە تایبەتی لە نێو فارەسەکاندا کە ئێران وئێرانی پیرۆزیکی تایبەتی هەیە وکەس بوی نیە ئەو پیرۆزییە لە نێو ببا و چوارچێوی عەرزی ئێران لای وان لە کتێبە ئاسمانیەکان پیرۆزترە. هێزی دێموکرات خوازی کۆرپەیەکی هێشتا لە داییک نەبووە لە ئێراندا وبێ گومان بەو زووانەش لە دایک نابێ. با دەرسێک لە عێراق وەرگرین وبزانین کە دێموکراسی لە گەڵ شیعە ئیمکانی نیە!

با حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ کێشە سەرەکییەکان وچارەسەریان بۆ دەنگی گەڵ بگەرێنەوە وبا گەڵ دواین بریار لە سەر فیدرالی یان سەربەخۆیی بدا. با دانیشتوانی پارێزگای ورمێ لە پلەی یەکەم دا پریار بدەن کە چۆن دەیانهەوێ لە گەڵ تورکەکان کە بە دەیان سالە بە یەکەوە دەژین سنورەکانیان دیاری بکەن وچارەسەری کێشەکان بکەن.

ئەمرۆ هێزەکانی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان دەتوانن لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە وکەس کەس وەلا نەنێ وبا ئەوەی دەتوانێ خزمەتی گەڵ ونیشتمانی خۆی بکا، چ وەک تاک یان چ وەک حیزب وسازمان بەشدار بێ.

من پێم وایە بە لە خۆ بردوویی و هەست کردن بەوەی کە ئەمرۆ کورد لە رۆژهە لاتی کوردستان دا لە ژیانێکی پڕ لە دیلی دا دەژی دەکرێ لایەنە کوردیەکان لە بەرەیەک دا کۆ ببنەوە وهەر لە ئێستاوە حوکومەتێکی کاتی دابمەزرێنن کە لە کاتی ئاڵ وگۆر دا بتوانێ بەر سەر هەل ومەرجە کە دا زاڵ بێ وکورد بێ ساحیب نەمێنێتەوە

ودوایش پاش ٦ مانگ تا سالێک هەلبژاردن بکرێ وهەر حیزبەی بۆ خۆی هەوڵ بدا لە رێگایەیەکی دیموکراتیانەوە دەنگی گەڵ وەدەست بێنێ وریزیش لەو دەنگە بگرێ.

٣٠ی مای ٢٠٠٦

---

## ڕاو و بۆ چوونی "زاوای کوردان" د. عەلی رە زا نوری زادە لە سەر کێشەی سیاسی گەلی کورد

کاک خالید محەممەدزادە لە ماڵپەڕی دیمانە دا، لە رێکەوتی ١ی مەی ٢٠٠٦ وتوویژێکی لە گەڵ د.عەلی رەزا نوری زادە بڵاو کردۆتەوە کە بە پێویستم زانی ڕاو بۆچونی خۆم دەربڕم.

***پرسیار:" تۆ خەباتی کوردەکان لە بەشەکانی کوردستان چۆن لێکدەدەیتەوە، بە ڕای تۆ تێکۆشانی کوردەکان خەباتێکی ڕەوایە یا تێکۆشانێکە هەروەک غەیرە کورد دەڵێن بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەو ولاتانەی کوردیان تێدا نیشتەجێن؟***

**وەڵام:** "نموونەکەی عێراقە. کوردەکان زۆرلێبوردنیان لە خۆ پێشان داوە. بۆ کوردەکانی عێراق هەموو شتێک بۆ جیا بوونەوە ئامادە بوو. هیچ کات لە بیرم ناچێ کاتێک کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تالەبانی قسەیان دەکرد ودەیا نکوت ئێمە کوردستانی خودمختار لە چوارچیوەی عێراقێکی یەکگرتومان دەوێ، ئەمە لە حالێکدا بوو کە گروپە چەپەکان هەمیشە شوعاری بێ سوودیان دەدا. یا ئەو ناسیۆنالیستانەی کە زۆر توندڕەون وشوعاری جیا بونەوەیان دەدا. بەڵام رێبەرانی گەورەی کورد کەسانێکی عاقڵ وبیرمەندن کە بەرژەوەندی خەلکی کوردیان لە بەرچاو گرتوە بۆ مانەوەی لە عێراقی یەکگرتوو دا. من لەو بڕوایە دام کە کوردەکان لە ئێرانیشدا گەیشتونەتە ئەو ئاستە لە تێگەیشتن و ئاگایی وهەر بۆیە ئێوە هیچ کات شوعاری جیاواز ی خوازی لە ئێراندا جگە لە هیندێک هێزی بچووک نەبیستووە ،کە ئەمانەش هیچ بنکەیەکیان نیە."

خوێنەری هێژا، د. نوری زادە هەر لە سەرەتاوە لە وڵام دانەوەی دروستی پرسیارەکە تەفرە دەڕوا وڕوونی ناکاتەوە کە تێڕوانینی بۆ خەباتی سیاسی کوردان چیە وئایا ئەو خەباتە بە ڕەوا دەزانێ یان ناڕەوا؟

بە بێ ئەوەی کەس باسی جیا بوونەوەی کرد بێ یەکسر دەچێتە سەرعێراق وبۆ ئەوەی بە کوردانی ڕۆژهەلات بلێی نەکا لە بیری جیاوازی خوازی دابن، قسەکانی بە ڕێزان مام جەلال تالەبانی وکاک مەسعود بارزانی و هەوڵەکانیان بۆ مانەوە لە گەڵ عێراق دەکاتە بنەمای بیرو بۆچونە چەوتەکەی و دەلێ کە ئەوان زۆر دڵ سۆز ولە خۆ بردون لە پێناو پارازتنی چوارچێوەی عەرزی عێراق وکوردستانێکی خودموختار دا.

د.نوری زادە هەوڵی سازمانە چەپەکان ویان بە قەولی خۆی هیندێک ناسیۆنالیستی کورد کە دروشمی جیا بوونەوە دەدەن لە نێو خەلک دا بە ناڕەوا دەزانێ وپێوایە ئەو کەسانە نە لە باشوری کوردستان ونە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بنکەو جەماوەرییان نیە.

تۆ بلێی د.نوری زادە لە کام رفراندۆم دا بۆی روون بو بێتەوە کە گەلی کورد سەر بەخۆیی ناوێ و دەنگی بە مانەوە لە گەڵ ئێران ویان عێراق داوە؟ ئایا دەنگی زیاتر لە ٩٥% گەلی کورد لە باشوری کوردستان بۆ جیا بونەوە بێ بناغەیی وپڕوپوچی قسەکانی ناگەینێ؟ تۆ بلێی ئەگەر لە دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئازادانە بتوانێ لە دەنگ دانێکی ئازاد دا چارەنووسی خۆی دیاری بکا، دەنگ بە مانەوە لە گەڵ فارسە شوونیستەکان وتورکە گورگە بۆرەکان بدا؟

د.نوری زادە نەسیحەتی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا کە عاقڵ بن وباسی جیا بونەوە نەکەن وبیری سەربەخۆیی لە مێشکیان بەرنە دەرو بە ئێرانی بوونی خۆیان فەخر وشانازی بکەن.

تۆ بلێێ هۆی چ بێ کە کورد هەر کوتی دەمهەوێ خۆم بۆ خۆم بم و"ئاغا بالا سەرم" نەبێ وخۆم نیشتمانی خۆم بەرێوە بەرم و چارە نووسی خۆم بە دەستی خۆم دیاری بکەم، فارسە شۆوینیستەکان یەک لەوان د.نوری زادە باس لە یەکپارچەیی ئێران دەکەن؟!

ئایا ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەوان تەواوی ئێران بە نیشتمانی کوردانیش کە کوردستانی داگیر کراوە بە هی خۆیان دەزانن وکەس بۆی نیە لە سەدەی بیست ویەکەم دا باس لە ماف وئازادییەکانی بکا وئێران هی فارسە وئێرانێش بە مانای ولاتی فارسانە؟

ئایا ئەو گەلانەی کە جیا بونەتەوە ودەولەتی نەتەوەیی خۆیان پێک هیناوە وکۆتاییان بە دەسەڵاتی داگیرکەر هێناوە، کارێکی چەوت وهەڵە یان کردووە؟ ئەگەر بوونی دەولەتی نەتەوەیی خراپە، ئەی بۆچی عەرەب ٢٢ دەولەتیان هەیە و وا فەلەستینیەکانیش داوای دەولەتی سەر بەخۆی خۆیان دەکەن؟

*پرسیار: بە رێز نوری زادە، ئەگەر رۆژێک کوردەکانی ئێران وبە تایبەت حیزبە سیاسیەکانیان خوازیاری جیا بوونەوە بن لە ئێران، ئایا ئێوە دیسان لە داخوازی کوردەکانی ئێران پشتیوانی دەکەن؟*

وەڵام " چاو لێ بکە، دەمهەوێ شتێکت پێ بلێم، من وەکوو ئینسانێکی کە هێڵی فکری د. محەممەد موسەدیقم قەبولە و هەڵم بژاردوە و بە شوێن ئەو هێلەوەم ،لەو بڕوایە دام کە کوردەکان خاوەنی ئەسلی ئیرانن.

واتە لەو بڕوایە دام رۆلێک کە کوردەکان لە ژیانەوەی مێژوو وشارستانی ئێراندا بوویانە ئەوەندە گەورەیە کە لە چوار چێوەی سەر زەمێنێکی بچووک بە ناوی کوردستان جێگای نابێتەوە. ئەو رۆلە زۆر گەورەترە. بە ڕای من کوردەکان بە ئەدەبیات وکولتوریان زۆردەتوانن خزمەت بکەن بە دەولەمەند کردنی ئێران . هەر چەند ناتوانین بە زۆر هیچ کەس لە جیگایەکدا ڕابگرین. من لەو بڕوایە دام ئەگەر ئێمە دیموکراتی واقیعین وئەگەر قەبوولمانە کە کاک مستەفا هیجری بە هەمان ڕادە لە ئێراندا مافی هەیە کە منی عەلی رەزا نوری زادە فارس ویا ئەوەی دیکەی ئازەری هەیەتی وئەگەر لە هەڵبژاردنێکدا بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا وەک ئەوەی لە عێراق دیتمان وئێمەش قەبوولمان کرد بڕوات هەبێ هیچ کوردێک داوای جیا بونەوە ناکا.

خوێنەری بەرێز، لێرە دا شوینست بوونی د. نوری زادەی " دۆستی کوردان" دەردەکەوێ و بێ پەردە دژایەتی خۆی لە گەڵ گەلی کورد نیشان دەدا. ئەو خۆی بە قوتابی مەکتەبی "د. محمد مصدق" دەزانێ، کە ناسیۆنالیسمی تۆخی فارسە.

ناوبراو هەمان قسەکانی شۆوێنیستە فارسەکانی دیکە دەکاتەوە ودەڵێ کە "کوردەکان ئێرانی ئەسیلن". ئێمەی کورد هەموو کات بە " مرزدار غیور" ناوزەد کراوین وخاتەمی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانی ئیسلامیش دەیفەرموو کە" کورد لە هەموو ئێرانیەک ئێرانیترن ". لە راستیدا بە وشە بێ مانایانە هەموو کات هەوڵیان داوە کورد هەڵخەڵەتێنن وشووتیمان لە بن هەنگلی بنێنن.

ناوبراو پێ وایە کورد زۆرتر بە رێگای فەرهەنگیەوە باشترە بوونی خۆی لە ئێران بپارێزێ وهەوڵەکانی بۆ ئێران وەگەڕبخا تاکوو بە قەولی وی کورد بیر لە" کوردستانێکی قەوارە بچووک بکاتەوە."

دڵنیام کە د.نوری زادەش مافی کوردان لە مافی فەرهەنگی وشاروەندی دا دەبینێ، نەک لە مافی سیاسی وئەگەر پرسیاری لە سەر ڕووبەری خاکی رۆژهەلاتی کوردستان لێ بکەن، بە دڵنیایەوە دەڵێ  پارێزگای کوردستان، کە ئەویش بە مانای شاری سنە و شارو شارۆچکەو دێیەکانی دەوروبەرێتی !

ناوبراو لە درێژەی وڵامەکەی دا باس لە واقیعبینی وبڕوا بوونی بە دێموکراسی دەکا وبۆ گەیاندنی پەیامەکە ی لە زمان حیزبی دێموکرات وبەرێزکاک مستەفا هیجری وەکوو سەرۆکی ئەو حیزبە قسان دەکا و وا نیشان دەدا کە گۆیا ئەوان دژ بە سەربە خۆیین ورازین بە مافی بەرابەری شاروەندی لە ئێراندا ودە لێ ئەگەر" مافەکانی شاروەندی جێ بە جێ بکرێ بە دڵنیایەوە هیچ کوردێک بیر لە سەربەخۆیی ناکاتەوە."

ئەووەندەی من شارەزای سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بم، ئەو حیزبە داوای ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵ لە سەر بناغەی نەتەوەیی وجوغرافی دەکا وخەبات ناکا بۆ مافی فەرهەنگی وشاروەندی. حیزبی دێموکرات هەموو کات کوتویەتی کە گەلی کورد مافی خۆیەتی رۆژێک بێتە خاوەن دەولەتی نەتەوەیی و هیچ کاتیش دژایەتی بیرسەربەخۆیی نەکردۆە وپێوایە کە ئەمرۆ هەوڵ دان بۆ دابین کردنی مافەکانی کورد بە شێوەی فێدرالی رێبازێکی گونجاوە.

ناوبراو خۆی وەک دێموکراتێک نیشان دەدا، بەڵام دژایەتی جیا بوونەوەی کورد دەکا وخۆی دەکا بە کویخا ودمڕاستی گەلی کورد وحیزبی دێموکرات و ئیزن بە خۆی دەدا لە جیاتی وان بیر بکاتەوە وبڕیاری کۆتایش

هەرخۆی دەیدا وبە نوێنەرایەتی کوردان دەڵێ کە " ئەگەر مافەکانی شاروەندی جێ بە جێ بکرێ، هیچ کوردێ داوای جیا بونەوە ناکا."

ئەو فکرە کۆنەپەرەستانە وراسیستانە لە نێو مێشکی زۆر لەو بە ناو روناکبیرە فارسانە دا هەیە کە خۆیان دەکەن بە قسەکەری خەلکی دیکە وبە ئارە زووی خۆیان وبۆ بەرژەوەندەبیەکانیان مانای دێموکراسی لێک دەدنەوە.

دەنا بڕوا بوون بە مافی سیاسی ئینسانەکان ونەتەوە جیاوازەکان لە بنەماکانی دێموکراسین، نەک وەک ئەوە ی د.نوری زادە لێکی دەداتەوە .

***پرسیار: ئیوە پێتان وایە لە ئێراندا میللەتی جیاواز نیشتەجێن یا یەک میللەت هەیە وئەویش میللەتی ئێرانە. تۆ کام یەک لە و دەستە واژانەت قەبووڵە؟***

وەڵام،" ئەگەر بڕوانینە مێژوو دەبینین ئیران هەمیشە " ممالک محروصە" بووە ، یا لە نیزامی پاشایەتیدا بە شایان دەکوت شاهی شاهان، بۆیە دەردەکەوێ لە زۆر شوێنی ئێراندا کۆمەلێک شا هەبوون کە بە شای ئێرانیان کوتوە شاهی شاهان.

مەسەلەی مێللەت وناسیۆنالیزم چەمکێکی نوێیە. لە ڕابردوو هەموو پێکەوە دەژیان وخالێ هاوبەشیان هەبووە. من لەو بڕوایە دام لە ئێراندا ئەقوامی جۆراجۆر دەژین. هیندێک پییان خۆشە ناوی ئەمە بنێنن میللەت.

دەبێ بزانین مانای ئەم دەستە واژەیە چۆن لێک دەدرێتە وە. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە بلێێ، میللەتەکانیان بە زۆر هێناوە لە پاڵ یەک داناوە ونێویان ناوە ئێران، نا من لە گەڵ شتی وا نیم وموخالیفم. بەڵام من لەو بڕوایە دام بوونی ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی ئێراندا دەژین بوونێکی دلخوازانە بووە وبە ویستی خۆیان بووە نەک بە زۆرە ملی. ئەگەرجیا لە مە بۆایە باوەر بکە لێک جیا دەبووینەوە. بۆیە ئەو پەیوەندیانەی ئێمە لە ئێراندا بوومانە دەریدەخا کە پێکەوە ژیانمان زۆرە ملی نەبووە.

لە راستیدا ئیمە تا پێش کۆماری ئیسلامی قسەیەکمان لە شیعە وسوننە نەبووە وقسەیکمان لە کوردو بەلوچ نەبووە.

".

خوێنەری هێژا، د. نوری زادە پێێ وایە کە گەلانی ئێران لە ماوەی سەدان ساڵ دا بە خۆشی وئاشتی ژیاون وئەو بەیەکەوە بوونە دڵخوازانە بووە وبە زۆرە ملی نەبووە ونموونەکەی " ممالک محروصە" یە کە لەو سەردەمەدا شای گەورە هەبوون وشای چکۆلە و کەس زولمی لە کەس نەکردووە!

وادیارە  ئیمام مەهدی ئەو دەم زهوری کردووە ودونیا بەهەشتی بەرین بووە وگورگ ومەڕ بە یەکەوە ئاویان خواردۆتەوە؟!

دەنا باش بوو کە د.نوری زادە هیندە درۆیان نەکا و وەکوو کەوەکەی سەر لە بن بەفر نەنێ وپێ وابێ کەس نایبینێ.
مێژوو وەک شاهیدی زیندوو شاهیدی بۆ دڵ ڕەقی وزالمی شاهی شاهان دەدا کە بە زۆری سەرنێزە وبە کوشتاربڕاج و خەراجیان بە سەر میر نشینەکانی کوردی دا فەرز کردووە وهەموو کات بە فرت وفێڵ هەولێان داوە لە ناویان بەر. نموونەکانی قەلای دم دم ومیرنشینەکانی دێبوکری وئەردەلان بووە کە بە دەستی چەپەڵی شاهی شاهان لە نێو چوون. کەس بۆی نەبووە لە حاست شاکانی ئەو سەردەم دەنگی ناڕەزایەتی دەربڕێ ولە ڕاستیدا بە زۆری زەبرو زەنگ وڵاتەکەیان ئیدارە کردووە وگەلانی دیکە، یەک لە وان کوردیان بە زۆرە ملی لە گەڵ خۆیان ختسووە.

وا دیارە لە لای فارسان "مرغ یک پا دارد" وگەلانی دیکە دانیشتووی ئێران بە قەوم دەبێ بناسرێن وفارسیش بە نەتەوە؟!

باشە کە باس لە میللەتی ئێران بە قەولی وان دەکرێ ودەڵێن ئێران یەک میللەت ویەک نەتەوەیە، فارسەکان خۆیان لە کوێ ئەو میللەتە دا ڕاوەستاون. ئەگەر بە ئیعترافی خۆیان ئیران لە ئەقوامی جۆراوجۆر پێک هاتوە ویەک میللەتە ویەک دەولەت، فارسیش یەکێک  لەو قەومانە یە کە بە گوفتەی وان" ملت شەریف وبزرگ " ی ئێران پیک دێنن.

د.نوری زادەی" دۆستی کوردان" زۆر ڕووهەڵمالاوانە ئیدەعا دەکا کە گۆیا تا پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەک بە ناوی" شیعە وسووننە وکورد وبەلوچ نەبووە ."

جێگای خۆیەتی کورد بە گشتی دوعا بکەن کە خودا تەمەنی د.نوری زادە زۆر لەوەی کە هەیە درێژتر بکا وحەیفە ئەو" دۆست ودڵسۆزەی گەلی کوردستان" وا زوو لەو دونیایە بڕوا.

زۆر شەرمە کەسێک ئاوا راسیستانە مێژوو بەرئاوەژوو نیشان بدا و بە رۆژی ڕووناک کۆلێک درۆ بکا. وا دیارە مێژووی نوسراوی دەستی فارسان وا نوسراوە کە کورد لە لایەن " رضا قولی خان پنج شیر" کە دوایە بە کودتای سەربازی بە پشتیوانی ئیستعماری ئینگلیس ئاخرین حکومەتی خانەدانی قاجاری تێک رووخاند وخۆی کرد بە شای ئێران وبنەمالەی پەهلەوی دامەزراند زولمی لێ نەکراوە وسەرداری قارەمانی کورد سمکۆ نەخۆشی هەبوو کە دەست بداتە چەک و لە دژی زولم و جەنایەتی رەزا خان خەبات بکا؟
وادیارە کورد ئەوەندە تێروپڕ بووە وئەوەندە ئازادی لە لایەن "محمد رەزا شاە پەهلەوی" پێ دراوە کە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ وبە حەزوو ئارەزووی خۆی دەسەلاتی ناوەند ڕەد بکاتەوە ودەولەتی سەر بەخۆی خۆی دابمەزرێنێ؟

وا دیارە لە خۆراییە کە حیزبی دێموکراتی دۆستی د.نوری زادە ٦٠ ساڵە بۆ دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد خەبات دەکا؟

رەزا شا وکوڕەکەی بە سیاسەتی شەڕ وکوشتارهەوڵیان داوە بە قەولێ خۆیان یەک میللەت ویەک دەولە ت لە ئێراندا دروست بکەن وگەلانی دیکەی ئێران لە گەلی فارس دا بتوێننەوە وئەو سیاسەتە ئیستاش لە لایەن کۆماری ئیسلامی بەریوە دەچێ.

لە زەمانی شا رۆلەی کورد ئەگەر نێوێ عومەر، عوسمان ویان ئەبوبەکر بۆایە ئەوپەرێ بێ رێزیان پێ دەکرد وبە سەدان جار ئەوسەربازە کوردانەی نێویان عومەر،عوسمان وئەبوبەکر بووە تەحقیر کراون وئازاریان داون.

د.نوری زادەش دەلێ لە پێش کۆماری ئیسلامی نە ستەمی نەتەوایەتی هەبووە ونە ستەمی مەزهەبی.

خوێنەری هێژا، ئەگەربەو شێوە بیر کردنەوە لە سەرگەلی کورد ومافە سیاسیەکانی، نژادپەرەستی تۆخ وناسیۆنالیستی پان ئێرانیستی فارس نەبێ، چ نێویکی دیکەی دەتوانین لە سەر دابنێین؟

لە راستیدا من جیاوازیک لە مابەین خاتەمی، شیرین عیبادی و د. نوری زادە نابینم بۆ شۆوینسیت بوونیان.

کورد دەبێ شانازی بە دۆستایەتی د. ئیسماعیل بێشکچیەوە بکا کە بە خاتری داکۆکی کردن لە مافی بەرابەری کورد وتورک لە تورکیە سالانیکی زۆر لە زیندان دا بوو، نەک بە ناسیۆنالیستیکی بەرچاو تەنگی وەک د.نوری زادە.

١٥ی مای ٢٠٠٦

---

## نامەی ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێران بۆ جۆرج بوش سەرۆک کۆماری ئامریکا

ئێران بە هۆی بوونی قەیرانی ئەتۆمی و کەوتنە ژێر زەختی ئامریکا و ژمارەیەک لە ولاتانی ئوروپای رۆژئاوا هەوڵ دەدا بە شێوەی جۆراوجۆر فێل و تەلەکە بنوێنێ و وا نیشان بدا کە بەرنامەکانی بۆ سوختی ناوەکی خێر خوازانەیە و مافی خۆشێتی ئۆرانیۆم بە ئارەزووی خۆی بە پیتێنێ.

ئێران لە دوای ئاشکرا بوونی بەرنامە ناوەکیەکانی لە لایەن "ئاژانسی نێو نەتەوەیەویی وزەی ئەتۆمیەوە" بۆ ماوەی نزیک بە سێ ساڵ گفتوگۆ لە گەڵ سێ ولاتی: ئالمان وفرانسە وئینگلیس بەردەوام هەولێ داوە درۆ و وەخت کوژی بکا و بە داخەوە لەو کارەشی دا زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو ولاتانە ئامادە بوون بە دانی زۆر وادە وبەلێنێ ئابوری و تکنۆلۆژی ئێران رازی بکەن دەست لە پیتاندنی ئۆرانیۆم هەلبگرێ، بە لام تاکوو ئێستا بێ سوود بووە.

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو دا ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێرانی ئیسلامی نامەیەکی ١٨ لاپەری بۆ جورج بوش سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا نارد.

دوای ئاشکرا بوونی ناوەرۆکی نامەکە حکومەتی ئامریکا رایگەیاند کە هیچ شتێکی تازەی تێدا نەبووە کە باس لە چارەسەری قەیرانی ئەتۆمی ئێران بکا. لە لایەکی دیکەوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وشەخسی ئەحمەدی نژاد ناوەرۆکی نامەکەیان زۆر گەورە کردەوە وهات وهاوارێکی زۆریان کە تاکوو ئێستاش بەردەوامە ساز کرد.

با بزانین ناوەرۆکی نامەکە چ بوو؟

ئەحمەدی نژاد لە نامەکەی دا دەلێ کە "سیاسەتەکانی ئامریکا بۆتە هۆی رژانی خوێنی بێ گوناهەکان لە سەراسەری دونیا دا و هێرشی ئامریکا بۆ سەر عێراق و پشتیوانی لە ئیسرائیل مەحکوم دەکا. "
ئەحمەدی نژاد پێوایە کە" نیزامی دێموکراسی رۆژئاوایی ولیبرالیسم نەیانتوانیوە داواکاریەکانی مرۆڤایەتی وەدی بێنن وتووشی شکان هاتون."

ئەحمەدی نژاد لە نامەکەی دا دەلێ کە" ئێمە دەمانهەوێ چارەسەری کێشە ئەساسیەکانی جیهان بکەین ولە رێگای دینەوە ئەو کارە مسۆگەرە و ئەگەرهەموو لایەک روو لە ئاین وعەدالەت بکەن کە پەیامی هەموو پەیامبەرانە، ئیدی هیچ کێشەیەک لە دونیا دا نامێنێتەوە کە چارەسەر نەکرێ.

" ئەحمەدی نژاد نەسیحەتی بوش دەکا کە هەتا درەنگ نەبووە بڕوا بێنێ بە باوەڕەکانی ئینسانیەت وولامی پۆزەتیف بە نامەکەی بداتەوە، تاکوو داهاتوو رووناک بێ."

لە نوێژی رۆژی هەینی دانیشگای تاران بە ئیمامەتی ئاخوند ئەحمەد جەننەتی دمڕاستی " شورای نگهبان" کە لە ژێر چاوەدێری شەخسی رێبەرهەلسوکەوت دەکەن لە قسەکانی دا کوتی" کە نامەی ئەحمەدی نژاد بۆ سەرۆک بوش زۆر باش بووە و نووسینی ئەو نامە بە ئەمری خوداوند بووە و ئەو نامە شتێکی بێ وێنەیە کە لە مێژوو دا بێ وێنە بووە.

"جەننەتی کوتی پێشنیار دەکا کە مەتنی نامەکە لە مەدرەسەکان وزانکۆکان وەکوو دەرس بلێنەوە وپێویستە کە رادیو وتەلەویز.

یۆنی نیزامیش بەردەوام بیخوێننەوە. ناوبراو پێ وایە کە خودا لوتفی بە نیسبەت ئێران وکۆماری ئیسلامی هەیە وئەو دەستی غەیبە کە فریای سەرۆک کۆمار کەوتوە."

ئەحمەدی نژاد لە سەفەری سێ رۆژەکەی بۆ ولاتی ئەندۆنەزی دا چەندین جار دووپاتی کردەوە کە لە نیو چونی ئیسرائیل حەتمیە وکوتی ئەگەر رۆژئاو پشتیوانی ئیسرائیل نەکا، ئەو ولاتە لە ماوەیەکی کورت دا لە ناو دەچێ! ئەوەی راستی بێ کۆماری ئیسلامی هەر لە رۆژی هاتنە سەر کاریەوە تاکوو ئەمرۆ بۆ هەموو سیاسەتەکانی دژی مرۆڤایەتی پەنای بردۆتە بەر خودا وپێغەمبەر وبۆ مانەوەی خۆی بە دایم ئایینی وەکوو ئالەتێکی باش وبە هێزوکاریگەر بە کار هێناوە و گەلانی ئێران و گەلانی دونیا ی بە تایبەت خەلکانی ساویلکەی ولاتانی ئیسلامی پێ هەڵخەلەتاندووە.

ئێستاش کە کەوتۆتە نێو قەیرانێکی نێو نەتەوەیی پەنا بۆ هەموو کردەوەیەکی فێڵ بازانە وهەڵخەلەتێنانە دەبا. یەکێک لەو کردەوانە نووسینی نامەیە بۆ سەرۆک کۆماری ئامریکا.

لە گەڵ ئەوەیکە ناوەرۆکی نامەکە رێگا چارەیەکی بۆ قەیرانی ئەتۆمی ئێران دەست نیشان نەکردووە، هەرەشە و گۆڕەشەشی تێدایە.

ئەحمەدی نژاد پێ وایە" جیهانی رۆژئاوا و دێموکراسیەکەی تووشی شکست بووە وهۆیەکەشی دوور کەوتنەوە لە باوەرە ئینسانیەکان ونەبوونی عەدالەتە و ناوبراو پێ وایە کە ئەوەی کە بە سەر یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو هات بە سەر رۆژئاواش دێ". تۆ بلێی لە جیهانی ئیسلامی بە گشتی وئێرانی ئیسلامی مرۆڤ قەدرو قیمەتی هەبێ ورێز لە مافەکانی بگیرێ وئازادیەکانی پێ شێل نەکرێ وعەدالەتی کۆمەلایەتی حاکم بێ؟؟؟!

تۆ بلێی جیهانی ئیسلامی وئیرانی شیعەی دوازدە ئیمامی جگە لە پەیامی مەرگ وشەڕو بەدبەختی چی دیکەیان بۆ

هاوولاتیانی خۆیان بە دیاری هێنا بێ؟؟؟!

ئاخوند جەننەتی کۆنەپەرەست ناوەرۆکی نامەی ئە حمەدی نژاد بە" ئیلهامی ئیلاهی نێو دەباو دەڵێ کە بە وانە لە قوتابخانەکان بکوترێنەوە."

بە بڕوای من نووسینی ئەونامە چەند مەبەستی لە پشتەوە یە:

یەکەم، ئێران دەیهەوێ بەوکارەی ئاشتی خواز بوونی خۆی نیشان بدا وبە دونیا نیشان بدا کە بەڵێ ئامادەیە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە وتەنانەت سەرۆک کۆماری ئێران شەخسەن نامەی بۆ سەرۆک بوش ناردوە.

دووهەم، کەلێن خستنی زیاتر لە نێوان ئەندامانی هەمیشەیی شۆرای ئەمنیەت.

سێهەم، نیشان دانی ئەوەی کە بەڵێ ئەوە زۆرتر ئامریکایە کە تەرەفی کێشەکەیە وئامریکا خۆی بە تەنێ دژایەتی ئێران دەکاو تەحریک کردنی زۆرتری موسولمانانی جیهان لە دژی سیاسەتی ئامریکا وکۆ کردنەوەی دەنگ بۆ خۆیان.
چوارەم، ئەویکە رۆژئاوا دژایەتی پێشکەوتنی ولاتانی ئیسلامی دەکا وناهێلێن کە جیهانی ئیسلامی لە تەکنۆلۆژی ناوەکی کەلک وەرگرێ.
پێنجەم، نیشاندانی ئیسرائیل وەکوو دوژمنی سەرەکی موسولمانان، بە تایبەتی گەلی فەلەستین.

هیچ گۆمانی تێدا نیە کە کۆماری ئیسلامی ترسی هێرشی نیزامی ویان تەحریمی ئابوری وسیاسی هەیە ودەیهەوێ بە هەر جۆرێک بووە وبە پارازتنی بەرنامە ناوەکیێکەی، خۆی لەو قەیرانە نێو نەتەوە ییە ڕزگار بکا.

کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتانەی کە ئیشارەم پێ کرد، هەوڵ دەدا وەخت بۆ خۆی بکرێتەوە وباش دەزانێ کە ئەفکاری خەلکی ئامریکا دژی هەلایسانی شەڕێکی دیکەن ولە لایەکی دیکەش سەرۆک کۆماری بوش دوو سالی دیکە تەواو دەبێ وڕەنگ بێ ئەو جار دێموکراتەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا سەر کەون.

ڕەنگ بێ تاکوو ئەو دەمێش ئێران بتوانی بە ڕادەی پێویست ئۆرانیۆم بەرهەم بێنێ ویەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆی دروست بکا؟!

ئەو هەڵ ومەرجەی کە ئێستا لە ئارادایە، تا رادەیەکی زۆر وەکوو سەردەمی پێش تەحریمی عێراق دێتە بەر چاو، پاشانیش دیتمان کە عێراق بە هۆی هاوکاری نەکردنی لە گەڵ بازرەسانی نێو نەتەوەیی لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی کەوتە ژێر زەختی زۆر ولە ئاکامیش دا بە هێرشی سەربازی. دیتمان کە تەنانەت شەخسی کۆفی عەنان وەک سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان بۆ بەرگری لە شەڕ شەخسەن خۆی سەفەری بەغدای کرد و چاوی بە سەددام کەوت ،بە لام هەموو هەوڵە دیپلۆماتیەکان بێ ئاکام مانەوە.

روسیە وچین دەیانهەوێ لە سیاسەتی نێو نەتەوەیی پەراوێز نەکرێن وبە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتی ئامریکا دەکەن وداوای بەشی خۆیان دەکەن، هەروەک چۆن لە مەسەلەی عێراق دژایەتی ئامریکا وبریتانیایان کرد چونکە بەرژەوەندی گەورەیان لە عێراق دا هەبوو. لە ئێرانیشدا بەرژەوەندی زۆر گەورەیان هەیە وبازاری ئێران بۆ کەڵ وپەلی وان زۆر گرینگە وچەک وچۆلی زۆری سەربازیان بە ئێران فرۆشتوە و بە هاوکاری وان ئێران لە بواری بەرنامە ئەتۆمییەکەی گەیشتۆتە ئەمرۆ.

ئیستا ئالمان وفەرانسەش دەیانهەوێ قەرە بووی سیاسەتی رابردوویان بکەنەوە ودەیانهەوێ رۆلی خۆیان لە بڕیاراتی نیو نەتەوەیی دا بگێرن وحیسابیان بۆ بکرێ.

رووداوەکان زۆرتر بەو ئاقارە دا دەچن کە ئیران بکەوێتە ژێرتەحریمی ئابوری وسیاسی بەشێکی زۆر لە ولاتانی دونیا.

١٢ی مای ٢٠٠٦

# کورد بوون یان ئێرانی بوون ؟

## ئاوڕدانەوەیەک لە قەیرانی شوناسی کوردی لە ئێران دا

دەسەلاتدارانی ئێران وحیزب وسازمانەکانی ناوخۆ وئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری دەرەوەی ولات هەرکە باس لە کێشەی کورد دێتە گۆڕێ لە گەڵ ئەوەی ڕاستەوخۆ وناراستەوخۆ دژایەتی مافەکانی کورد دەکەن، هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بە شێوەی چەواشەکارانە کە لە مێژە ساڵە بۆتە پیشەیان، پێناسەی کورد بوون لە کورد بستێنەوە ولە باشترین حالەت دا بۆ هەڵخەلەتاندنی کورد وبیروڕای گشتی خەلکی ئێران وجیهان، کورد بە "ئێرانی ئەسیل وڕەسەن" یان " مرزدارغیور" پێناسە بکەن!

بەڵام ئایا پێناسە کردنی نەتەوەی کورد لە بواری سیاسیەوە وەکوو" ئێرانی وبەشێک لە گەلی ئێران "چەندە بواری بۆ کورد ڕەخساندووە کە هەست بە بێگانەیی بە دەسەلات وکولتوروزمانی گەلی حاکم نەکا؟
ئایا کورد توانیێوێتی تەنانەت وەکوو "ئێرانی" خاوەنی مافی هاوبەش لە گەڵ گەلی دەسەلاتدار بێ وهەست بە چەوسانەوە نەکا؟

ئایا کورد وەکوو "ئێرانی" ڕێگای پێ دراوە بەشداربێ لە دەسەلاتی سیاسی وپۆستە گرینگەکانی وەکوو سەرۆک کۆماری، سەرۆک وەزیران یان خۆد وەزیروسەرۆکی پارلمان ویان سەفیری پێ بڕابێ؟

براستی تاکوو ئەمرۆ "ئێرانی بوون" کام دەسکەوت و ماف و ئازادی بۆ کوردان دابین کردووە وکورد بۆ چی دەبێ بە" ئێرانی بوون" شانازی بکا؟

ئایا ئێمە دەبێ "ئێرانی بوون" تەنیا وەکوو پێناسەی سیاسی شاروەندی ئەم ولاتە چاولێ بکەین یان مەسەلەی خاکیش بە "ئێرانی بوونەوە" دەمان بەستێتەوە؟

ئەگەرئێمە ئێران وەکوو واحیدێکی جوغرافیایی چاولێ بکەین وئێرانی بوون وەکوو پێناسەی سیاسی بۆ خۆمان قەبول بکەین، چۆن وبە چ شێوازێک دەتوانین پێناسەی کوردیمان لەو پێناسە ئێرانیە جیا بکەینەوە؟

ئایا کاتێک باس لە خاک وئالا ومێژوومان دەکەین چۆن لە ئێران وئێرانی ومێژووی ئێران جیای دەکەینەوە؟

ئایا کاتێک باس لە چوارچێوەی ئەوخاکەی کە بە هی خۆمانی دەزانین و بە کوردستان پێناسەی دەکەین و پشتاوپشتمان لە سەری ژیاوە وخوێنی لە سەر ڕژاوە" ئێرانی بوونمان" ناکەویتە ژێر پرسیارەوە؟

ئاخر مەگەر" ئێرانی بوون " بە واتای قەبول کردنی یەک خاک وئالاونەتەوە ودەولەت نیە؟ کەوابوو کاتێک باس لە شوناسی کوردیمان دەکەین دەبێ ڕێگا چارەسەی ئەو قەیرانە شوناسە بدۆزینەوە وئایا دەکرێ هەم بڵێین کوردین وهەمیش ئێرانی؟

لە پێناسە کردنی خۆمان وەکوو کورد وئەو دوژمنەی  کە لە گەڵی لە شەڕداین وهەردەم ئینکاری ئێمەی کورد دەکا چەند گرفتی زۆر گەورە وسەرەکیمان هەیە.

لە گەڵ ئەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە درێژایی دوو سەدەی رابردووهاوشان لە گەڵ خەباتی سیاسی خەباتی چەکداریشی کردووە بۆ وەدست هێنانی مافەکانی، بە لام کێشەی سەرەکی تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ جیاوازی داواکاریەکان وئامانجەکان بووە کە حیزب وسازمانە سیاسیەکان بەرزیان کردۆتەوە.

لە سەردەمێک دا کۆمار دادەمەزرێنێ ولە دوایدا ئەو دروشمەکە دەبێتە دێموکراسی بۆ ئێران وخودمختاری بۆ کوردستان .لە لایەنی سازمانە چپە کوردیەکانیشەوە  دروشمی ڕزگاری چینی کرێکاروزەحمەتکێش ودژایەتی ئامانجە نەتەوایەتیان دێتە گۆرێ وخەبات لە دژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتە ئامانجێکی ستراتیژیک.

ئەگەر باسی ئێستاش بکەین دەبینین جگە لە یەک دوولایەنی چەپ نەبێ باقی حیزب وسازمانە سیاسیەکان داوای فیدرالی بۆتە ئامانجی خەباتیان. هۆکاری ئەو شێوە سیاسەت کردنە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە  کورد خۆی

پێناسەیەکی بۆ خۆی وەکوو نەتەوە وبۆ خاکەکەی وەکوو خاکێکی داگیرکراونەبووە. لە سەردەی ئێستاشمان دا کوردکێشەی خۆی بە کێشەیەکی ناوخۆیێ ئەو ولاتەی تێیدا دەژی بە دونیای دەرەوە دەناسێنێ وهەردەم داگیر کەری خاک ونێشتمانی وەکوو" برا " ناوزەد دەکا.

بەلام لە بەرامبەردا داگیرکەرنەک هەرکورد بە "برای خۆی" نازانێ بەڵکوو زۆرزیاتر لە جاران خۆی بە حەقداروخاون ماڵ دەزانێ وکورد بە تێکدەروئاژاوەگێر وشەڕفرۆش وتەجزیە تەلەب وتەنانەت بە "تێرۆریست" بە دونیا دەناسێنێ.

ئەو قەیرانی خۆ نەناسینە وسیاسەتە جۆراوجۆرەکانی ئەحزاب وسازمانەکانی کوردی رۆژهەلات وای کردووە کە داگیرکەرهەموو کات بۆ داسەپاندن وبەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی سەرکەوتووبێ وکوردیش جگە لە ماڵ وێرانی ودەربەدەری وبێ بەشی چیدیکەی لە دەستی "برا فارسەکانی" دەست نەکەوتووە.

مەسەلەیەکی دیکە کە زۆر گرینگە پێناسە نەکردنی ئەو دوژمنەی کە کورد بە درێژایی چەندین سەدە لە رۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵی لە شەڕ دابووە.

ئایا کێشەی کورد تەنیا لە گەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بووە کە هەڵگروپێناسەی گەلی فارسیان کردووە ودەکەن یان نەخێرلە گەڵ گەلی فارس بە گشتی بووە وهەیە؟

ئایا کام دەستەواژە دەتوانین بە نیسبەت دەسەلات داری فارس لە ئێران دا بەکاربێنین؟
دەکرێ بلێین "برا فارسەکانمان" ؟ ئەگەروابلێین ئەی بۆ مڵ کەچی ئەمرو وفەرمانی" برا فارسەکانمان" نابین وخۆمان لە "ئێرانی بوون دا" ناتوینینەوە؟

ئەگەر وەکوو دوژمن سەیری دەسەلاتی فارس لە کوردستان دەکەین چ پێناسەیەکمان بۆ ئەو دوژمنە هەیە؟
ئایا ئەو دوژمنە دوژمنی کاتیە وپاش ماوەیەکی دیکە باروبەرگنەی دەپێچیتەوە ودەڕوا وچاوی لە ئاو وخاک وسەروەت وسامانی ولاتەکەمان نیە؟

ئایا وەکوو داگیرکەرسەیری دەکەین کە لە ولاتێکی دیکە را هاتوە وخاکی ئێمەی داگیرکردووە وگەلەکەمانی کردۆتە دیل ویەخسیروخۆی بۆتە خاوەن ماڵ وئێمەش بووینە بێگانە لە سەرخاکی خۆمان؟

بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە دەبێ ئێمە بە وردی مێژووی ولاتی خۆمان وفارسەکان بزانین وبە چاوێکی ورد سەیری رووداوە مێژوویی وسیاسیەکان بکەین ودوژمنەکەمان وەکوو خۆی کە هەیە بناسین!

بە بڕوای من بە هەموو پێوانەیەکی سیاسی ومێژوویی وحقوقی وئابوری وکولتوری، کوردستان ولاتێکی کۆلونی کراوە، یانی کوردستان لە لایەن دەسەلاتێکی سیاسی بێگانەوە کە پێناسەی گەلێکی دیکە دەکا داگیرکراوە.

ئەو دەسەلاتە داگیرکەرە هەر لە ١٥١٤ کە کوردستانی لە نێو خۆی وتورکانی عوسمانی بۆ یەکەم جاردابەش کرد لە کوردستان حاکم بووە وهەیە. جا فەرق ناکا کە بە شێوازی پادشایی سەلتەنەتی بووبێ یان کۆماری ئیسلامی! لە هەموو قۆناغەکانی بەرێوە چوونی ئەوسیاسەتە داگیرکاریە دا ،ئاینی شیعە وناسیۆنالیزمی فارس دەوری سەرەکیکان بینیوە ودەیبینن.

بۆهەڵسەنگاندنی زیاتری ئەو بابەتە وکاریگەری وگۆرانکاری لە سەرگەلی کورد لە ئێران دا پێویستیمان بە هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراجۆرەکانی ئەو کێشە ئالۆزە هەیە کە بەرۆکی گەلی کوردی گرتووە.

### ١- لایەنی سیاسی

دروست کردنی دەولەت . نەتەوە وەکوو بیرێکی رۆژئاوایی سەرەتایەکی زۆر بە هێزودا پلۆسێنەرانە بوو بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە لە سەردەمی شاکانی ئێران تاکوو رووخانی قاجارەکان هەولێ سڕینەوەی پیناسەی کورد نەدراوە، بەلام جیاوازیەکە لەوەدایە کە دەسەلاتی شاکانی ئەوسەردەم دەسەلاتێکی زۆر سانترال وبە هێز نەبوو وئەوان ناچار بوون بۆ پارازتنی دەسەلاتی سیاسی خۆیان لە گەڵ میرنشینە کوردیەکان بسازێن وبە وەرگرتنی باج وخەراج مامەلەیان لە گەڵ بکەن.

به ڵام له گەڵ رووخانی ئاخرین دەسەلاتی پاشای قاجاربه دەستی رەزا خان به پیلان وپشتیوانی ئیستعماری بریتانیا وهێنانه سەرکاری رەزاخان وکردنی به شای ئێران ودواتریش لابردنی ئەو ودانانی حەمه رەزاشای کوڕی سیاسەتێکی نوێ هاته ئاراوه وئەویش به لاسه کردنەوەی ولاتانی ئوروپای رۆژئاوا هەولی دامەزراندانی دەولەتێکی به هێزی سانترال گەرا درا که مەبەستی سەرەکی به هێز کردنی دەسەلاتی ناسۆنالیزمی فارس ومەزهەبی شیعه وتواندنەوەی گەلانی دیکەی ئێران له نێو گەلی فارس دا بووە.

بۆ ئەو کاره زمانی فارسی کرا به زمانی نووسین وخوێندنی فەرمی هەموو ئێران وبه دروست کردن فەرهەنگی زمان ودروست کردنی مێژووی درۆ وپڕ له چەواشەکارانه، سرینەوەی یەکجاری ناسنامەی گەلانی دیکه دەستی پێ کرد. قەدەغه کردنی جل وبەرگی نەتەوایەتی وداسەپاندنی جل وبەرگی رۆژئاواییش یەکێک لەو سیاسەتانه بوون بۆ نەهێشتنی هیچ ئاسەوارێک له گەلانی دیکەی ئێران به تایبەتی گەلی کورد .

به هێز کردنی دەسەلاتی خان وئاغاکان له گوندەکانی کوردستان له دژی چینی زەحمەتکێش که زیاتر له ٨٠% دانیشتوانی کوردستانیان پێک دەهێنا وئاوالە کردنی دەستی سوپا له کوشت وبڕی کوردان وسیاسەتی تێرۆر وتۆقاندن سیاسەتێکی دیکەی دەولەتی پەهەلەوی بوو. سیاسەتی ئینکاروتواندنەوه له دوای نەمانی دەولەتی پەهلەوی وبه هاتنه سەرکاری کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا به بێ وچان درێژەی هەبووە.

## ٢- لایەنی حقوقی

بۆ جێ به جێ کردنی لایەنی سیاسی وبەرەو پێش بردنی سیاسەتی ئینکاروتواندنەوه لایەنی قانونی رێگا خۆشکەر بووه بۆ داپلۆسان وداگیرکاری. له دەستوری بنەرەتی دەولەتی پەهلەوەی وکۆماری ئیسلامی دا دان به بوونی گەلی کورد وەکوو گەلێکی جیاوازوبه بوونی ئاینی جیاواز دانەنراوه وقانونی ولات هەموو لایەک وەکوو ئێرانی پێناسه دەکا. ئەو له کاتێدا بووه که ئێران وئێرانی چ له ناوخۆ وچ له نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا له دەسەلات وکولتور وزمان وئاینی فارس دا بەرجەسته بۆتەوه ومێژووی ئێران یانی مێژووی فارس.

## ٣- لایەنی مەزهەبی

مەزهەبی شێعە بە درێژایی سەرهەڵدانی ولە دوای بە فەرمی ناسینی وەکوو مەزهەبی رەسمی دەولەتی سەفەوی بەردەوام لە خزمەت وپشتیوانی دەولەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران دا بووە وهەمووکات دەور و دەسەلاتی زۆربە هێزیشی لە نێو فارسەکان وشیعەکانی دیکەی ئێراندا هەبووە بە دایم دژایەتی سوونی مەزهەبیەکانی کردووە ولە ڕوانگەی وانەوە سوونی مەزهەبەکان یەک لەوان کورد موسولمان نین.

ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە یارمەتی دەر بووە بۆ ئەوەی تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ کورد لە بواری مەزهەبیشەوە لە ئێراندا بچەوسێندرێتەوە وهەر ئەوەش ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی خۆمەینی لە گەلاوێژی ١٩٨٠ حوکمی جیهاد لە دژی گەلی کوردستان دەربکاو کورد بە کافرپێناسە بکا ودەرکردنی ئەو فتوایە ئێستاش ئاسەواری لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دا بە روونی دەبینرێ.

### ٤- لایەنی جوغرافیایی

ڕێژیمی حەمە رەزاشا بۆ ئەوەی باش بتوانێ سیاسەتی ئینکاروتواندنەوە پەیرەوبکا خاکی رۆژهەلاتی کوردستانی دابەش دابەش کرد وهەرپارچەی بۆ لایەک هەڵداوە وبەشێکی زۆری خستۆتە ژێر دەستی خۆیان ،یان ژێر دەستی تورکە ئازەریەکان. لە بواری ئیداریەوە پارێزگاکانی کرماشان وئیلام سەر بە بەشە فارس نشینەکەن وپاریزگای ورمێ کە ئەوان بە "ازربایجان غربی" پێناسەی دەکەن دراوەتە دەستی تورکە ئازەریەکان. تەنیا پارێزگای سنە نەبێ کە بە " استان کردستان " پێناسەی دەکەن کە ئەویش بە درێژایی ئەو سالانە هەوڵیان بە فارس کردنی داوە. چۆکەلە نیشاندانی خاکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ نیشاندانی ئەوەیە کە کوردان وەکوو نەتەوە پێیناسە نەکەن وزۆرتر وەکوو خەلکێکی کۆچەری کە لە پارێزگای سنە نیشتەجن حیسابیان بۆ بکەن ولە حالەتێکی وادا کوردستان وەکوو خاک بۆئەوان بوونی نیە .

### ٥- لایەنی دیموگرافی

ئینکار کردن وچۆکەلە نیشاندانی حەشیمەتی کوردەکانی رۆژهەلات لە سەرژمێری سەراسەریدا هەمووکات سیاسەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بووە وبەردەوام هەوڵیان داوە کە ڕێژەی کورد لە ئێران دا زۆرکەم نیشان بدەن وبۆ

ئەو مەبەستەش ئەوان تەنیا دانیشتوانی پارێزگای سنە وەکوو دانیشتوانی کورد سەرژمێری دەکەن دیارە ئەویش نەک وەکوو کورد بە جیا بەڵکوو وەکوو کوردەکانی دانیشتووی ئێران لە پاریزگای سنە.

حەشیمەتەکانی پارێزگاکانی کرماشان وئیلام و ورمێ بە فارس وئازەری سەرژمێری کراون.

کوردەکانی دانیشتوی خوراسانیش لەو قاعیدە بە دوور نەبوون وئەوانیش لە مێژە هەولی فارسیزە بوونیان لە گەڵ دراوە.

## ٦- لایەنی ئابوری

کوردستان بە هۆی بێگانە بوون بە دەسەلاتی ناوەندی وبە هۆی دژایەتی لە گەڵ سیاسەتی فارسیزە کردن لە بواری ئابوریەوە نەک هیچ گەشەی نەکردووە ، بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە زۆر لە دواکەوتوویدا ڕاگیراوە . لە گەڵ ئەوەی کوردستان خاکی بە پیت وبەرەکەتی هەیە بۆ کشت وکاڵ وسەرچاوەی ئاوی یەکجار زۆری هەیە بۆ دروست کردنی بەنداو ودابین کەردنی وزەی کارەبا وشوێنی زۆرخۆشی هەیە بۆ گەشت وسیاحەت وئیمکانی دامەزرانی کارخانەجاتی سەنعەتی هەیە و پڕە لە کانگای جۆراوجۆری ژێر زەوی وەکوو مس وئاسن وزێر وتەنانەت نەفتیش، بە ڵام هەروا بە ئانقەست بە دواکەوتوویی راگیراوە و هیچ کام لە دەولەتانی دەسەلاتداری تاران ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە ولە دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ ئاوەدان کردنەوە وگەشە پێدانی کوردستان خۆیان پارازتۆوە. بە هۆی گەشە نەکردنی ئابوری بواری ژیان خەلک زۆر لە خوارییە وخەلکانی هەژار بۆ پەیدا کردنی کار بە ناچارروو لە شارە غەیرە کوردەکان دەکەن وبە پوولێکی کەم کاری تاقەت پروکێن دەکەن کە نموونەی کاری کورەخانەیە.

دەرسەدی بێکاری لە کوردستان دا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە وگرانی وئاوسانی دراو بڕستی لە چینی هەژار ودەست تەنگی کوردستان کە زۆربەی حەشیمەتەکەی پێک دەهێنێ بڕیوە.

نەبوون وجێ بەجێ نەکردنی پرۆژەی جیاواز بۆ دابین کردنی کار بۆ خەلک وفەسادی مالی وئیداری وڕشوە خواردنیش هۆکاری دواکەتوویی بواری ئابوری کوردستانن.

قاچاخچێتی بۆتە پیشەی بەشێکی زۆرلە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان وخەلکانی زۆر دەست تەنگ بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان هاتوچۆی دیوی عیراق وتورکیە دەکەن وزۆر جاردەکەونە بەرگوللەی پاسدارانی ئێرانی وسەربازانی تورک.

## ٧- لایەنی کولتوری وزمانی

بە نیسبەت لایەنی کولتوریش دەولەتی فارس بە درێژایی دەسەلاتی خۆی هەولی سڕینەوەی کولتوری کورد وگەلانی دیکەی غەیری فارسی داوە وبە دایم وبە کردەوە سیاسەتی داسەپاندنی کولتوری فارس داوە. بۆ وێنە جێژنی نەتەوەیی نەورۆزهەربە هی فارس پێناسە دەکرێ وهەوڵ دراوە کە چونیەتی گرتنی ئەو جێژنەش هەر فارسانە بێ. نموونەی "سفره هفت سین" ویان "حاجی فیروز."

داسەپاندنی جل وبە رگی فەرەنگی بە نێو وپێناسەی فارس هەولێک بووە بۆ نیشان دانی ئەوەیکە کە فارسەکان پشتاوپشتیان هەر وەکوو فەرە نگیەکان لیباسیان پۆشیوە. ئەو جۆرە سیاسەتی کولتورییە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و لە بەر کردنی جل وبەرگی نەتەوەیی تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە تایبەت لە نێو لاوانی کورد دا کەم بۆتەوە. زمانی فارسی زمانی خوێندن، نووسین ومیدیا ،کولتور، سیاسەت وبە گشتی هی هەموو بارەکانی ژیانە ومندالانی کورد ناچار دەکرێن کە بەو زمانە بخوێن و بنووسن وخۆیان بناسن. هەڵبەت خۆ ناسین وەکوو ئێرانی بە مێژوو وزمان وئەدەبیاتی فارسیەوە.

## ٨- لایەنی کۆمەلایەتی

لایەنی کۆمەلایەتیش وەکوو لایەنەکانی دیکە پڕە لە کێشە وئالۆزی بۆگەلی کورد لە ئێراندا بە گشتی .رێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی تاران و بە تایبەتی لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەرکارنەک هیچ هەولی بۆ چارەسەریان نەداوە، بەڵکوو زیاتریش بوون. ڕێژەی زۆربوونی بێکاری لە نێو لاواندا ونەبوونی ئیمکانی مالی بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش هۆکارگەلی سەرەکین بۆ خۆ کوشتنی لاوان. کێشە ژنان وکچان رۆژ لە گەڵ رۆژ لە هەڵکشان دایەوە وبە هۆی رەفتارە سوونەتیەکانی بنەمالەکان وبە زۆر بە مێردان وگەورە بە بچوک وژن بە ژنە ودەست وپێ زنجیر

کردنیان بە چەکی ئاین ڕێژەی تەلاق وخۆ کوشتن لە نێو ژنان دا زۆر چۆتە سەرێ ونابەرابەی نێوان ژن وپیاو لە ئاستێکی بەرزدایە. دەم کوت کردنی خەباتی ژنان وبەربەست کردنی ڕێکخراوەکانی سەر بە ژنان بە شێوەیەکی بەربڵاوسیاسەتێکی بێ پسانەوە وبەرنامە بۆ دارێژراوی ڕێژیمی ئێران بووە.

بەکار هێنان وفرۆشتنی مادە سڕکەران لە سەراسەری ئێراندا وڕێژەی لاوانی کوردی گرفتاربە ومادە سڕکەرانە بە شێوەیەکی سەرسام هێنەر چۆتە سەرێ وگرفتێکی یەکجار گەورەی کۆمەلایەتی بۆ کۆمەڵگای کوردستان دروست کردووە. ڕێژیم نەک هەر هیچ هەنگاوێکی بۆ پێشگیری لە بڵاو کردنەوەی مادە سڕکەرەکان لە کوردستان دا هەڵ نەگرتوە، بەڵکوو لە ڕێگای پیاوانی خۆیەوە موخەدیرات لە نێو خەلک دا بە شێوەیەکی بە ربڵاو بڵاو دەکاتەوە.

### ٩ - لایەنی ڕۆشنبیری

ئەو لایەنە هەموو کات سانسۆری توندی لە سەر بووە وڕێگا بە نووسەران وڕوناکبیرانی کورد نەدراوە کە بتوانن ئازادانە بە زمانی کوردی نەزەراتی خۆیان بڵاو کەنەوە وتەنانەت چیرۆک نووس وشاعیرانی کوردیش لە تیغی سانسۆری ڕێژیم بێ بەش نەبوون وئەوەی کە دەسەلاتدارن پێیان خۆش نەبێ ئیزنی بڵاو کردنەوە پێ نەدراوە . لە بواری میدیاوە زۆرترئەوەی کە لە تەلەویزیۆن ورۆژنامەکان وحەفتەنامەکاندا بڵاوبۆتەوە بەشی زۆری سیاسەت و بۆچونەکانی ڕێژیم بووە نەک هی نووسەرانی کورد.

لە ڕاستیدا کورد خاوەنی مێدیایەکی ئازاد وسەر بەخۆ نیە. نەدانی مۆلەت بە کۆرە ئەدەبی وهونەریورۆشنبیریەکان و گرفت دروست کردن بۆدروست کردنی کۆمەلە مەدەنیەکان وداخرانی یەک لە دوای یەکی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان رۆشنبیری کوردی خستۆتە تەنگەژەوە و ئەوەی زورنا بۆ کۆماری ئیسلامی لێنەدا موحکومە بە لە ناو چون.

بە ئاماژە پێ کردنی بە کورتی بە بوارە جۆراوجۆرەکانی کە لە سەرەوە هێناومە بەرباس ونیشان دانی ئەوەیکە کورد لە ڕوانگەی دەسەلاتدارانی ئێرانی حیسابی مرۆڤیشی بۆ ناکرێ چ بگا بە "ئێرانی بوون" لە سەر ئەو بڕوایەم کە پێویستە یەکێک یان بلێم سەرەکیترین بابەتی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان باس ولێکدانەوە و هەڵ سەنگاندن وگرتنی هەڵوێست وستراتیژی روون وشەفاف لە مەڕقەیرانی شوناسی کوردی لە ئێراندایە.

## "شیرین عبادی" و تێڕوانینی بۆ مافی کوردان

لە ماڵپەڕی "دیمانە" دا دیمانەیەک لە لایەن کاک "خالید محەممەدزادە" لە ڕێکەوتی ٦ی ئاوریلی ٢٠٠٦ لە گەڵ " شیرین عبادی" پێک هێنراوە.

من پێشتر دوورو نزیک ئاگام لە ڕوانینی "عبادی" لە سەر کێشەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هەبووە وناوبراو دایم هەولی داوە نە شیش بسووتێ ونە کەباب. لەو دیمانەش دا بە بڕوای من بۆ چوونەکانی لە سەرکورد زۆرتر بۆچوونی شۆوینیستێکی فارسی ئێرانیە.

من جیاوازێک لە بیرو بۆچوونی ناوبراو لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ودژ بەرانی کۆماری ئیسلامی نابینم. با چاوێک لە وتوێژی ناوبراو بکەین وباش ئەو پارێزەرەی مافەکانی مرۆڤ بناسین کە خەلاتی "نۆبێلی" وەرگرت. ناوبراو بە دایم خۆی وەکوو ماف زانێک و وەکوو کەسێک کە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکا پێناسە دەکا.

پرسیاری یەکەم ودووهەم پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە وباس لە ٨ی مارس دەکا ولە هەڵوێستی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو ڕۆژە دا لە گەڵ ژنانی خۆ پێشاندەر لە تاران.

ناوبراو لە ولام دا دەلێ "کە گۆیا ئەو کاتی ڕووداوەکە لە ئێران نەبووە، بە لام دەلێ پاساوی دەولەتی ئێران بۆ ئەو کردەوە توندە کە گۆیا خۆپێشاندەران مۆلەتی ڕەسمیان نەبووە بە ڕاست نازانێ ودەلێ کە لە یاسای ئێران کۆبونەوەی هێمانەو ئاشتیخوازانە پێویستی بە مۆلەت وەرگرتن نیە وهەڵسوکەوتی هێزە نیزامیەکان باش نەبوو بە رامبەر ئەو ڕۆژە وژنانی ئێران، پیێ وایە ئەو کردەوانە سوود نە بە حکومەتی ئێران ونە بە کۆمەڵگای ئێرانیش ناگەێنن ."

"عبادی" نە سەرکۆنەی کردەوەکانی هێزەکانی ڕێژیم دەکا ونە مەحکوومی دەکا کە چۆن ژنانیان داوەتە بەرلێدان وبێ حورمەتی،

تەنانەت ژنە شاعیری ناسراوی ئێرانی "سیمین بهبهانی" لە کوتان وبێ حورمەتی کردن بێ بەش نەبوو. ناوبراو زۆرترغەمی سوود وبەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیە، تاکوو مافەکانی پێشێل کراوی ژنان لە ئێران دا.

پرسیاری سێهەم وچوارەم لە سەرپێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە لە ئێراندایە. لە خاتو "شیرین عبادی" پرسیار دەکرێ کە چۆن سەرەرای بوونی توندوتیژی لە ئێراندا دەتوانێ جم وجۆڵی هەبێ و ئەو کە خۆی لە نێو خۆی ولات دا دەژی تا چەندە ئەو پێشێلکاریانە بە راست دەزانێ وتا چەند ئەو شتانەی دەکوترێ راستن؟

لە ولام دا خاتو "شیرین عبادی" دەلێ: "هەلاواردنی جینسی هەیە بۆ وێنە ئەگەر ئۆتومبێلێک لە خیاباندا لە ژن وپیاوێک بدا، قەرە بوو کردنەوەکە دوو بەشی بە پیاوەکە دەدرێ وبەشێکی دەدرێ بە ژنەکە. یان شاهیدیدانی دوو ژن بە رامبەرپیاوێک لە دادگا دا. ناوبراو درێژە دەدا ودەلێ، ئێمە هەروەها هەلاواردنی بە پێ مەزهەبمان هەیە. بۆ نموونە لە ماوەی ٢٦ی سالی رابردوو دا ئێرانیە سوننی مەزهەبەکان داوایان کردووە کە رێگەیان بدەن مزگەوتێک بۆ خۆیان لە شاری تاران دروست بکەن، بەلام بە داخەوە ئەم رێگە پێدانە تاکوو ئێستاش بە برایانی سوننە مەزهەب نەدراوە."

بە راستی دەبێ دەست خۆشی بە "شیرین عبادی" کە وەکوو ماف ناسێک و وەکوو کەسێک کە بە قەولی خۆی داکۆکی لە مافەکانی خەلکی ئێران دەکا ولەو پێناوەش دا بە داخەوە خەلاتی ئاشتی "نۆبێل" ی پێ دراوە ئاوا مافەکانی مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی ورازی کردنی کۆماری ئیسلامی شی دەکاتەوە.

ناوبراو کە خۆی بە حقوقدان دەزانێ، پێشیلکاریەکانی بەرینی مافی ژنان لە ئێراندا لە بەر چاو ناگرێ وباس لە بێ بەش کردنی ژنان لە مافەکانیان وەکوو نیوەی کۆمەڵ ناکا. باس لەو هەمووە نەهامەتیە ناکا کە لە ماوەی ٢٦ سالی رابردوو لە سایەی کۆماری ئیسلامی وقانونی ئەساسیەکەی بە سەر ژنان هاتوە. باس لە سەنگسارکردنی ژنان ناکا، باس لە بە مێرد دانی کچان ناکا لە تەمەنی ٩ سالانەوە کە "خومینی" بە ڕەواو حەلالی زانیوە. باس لە ئازادیە سیاسیەکانی ژنان ومافە کۆمەلایەتی وئابوریەکانیان ناکا.

تۆ بلێی مافەکانی مرۆڤ هەر لە وخالە دا کۆ بکرێنەوە کە خاتو "عبادی" ئاماژەیان بۆ دەکا.

یان ناوبراو باس لە هەلاواردنی مەزهەبی دەکا وفرمێسکی حەرام بۆ هاونیشتمانانی سوننی مەزهەب هەڵدەرێژێ ودەلێ" کە لە دروست کردنی مزگەوتێک لە تاران بێ بەش کراون."

لە راستیدا ئەو بە ناو ماف پارێزە بە ئاشکرا حاشا لە بوونی گیروگرفتی سیاسی وقەومی ونەتەوەیی لە ئێراندا دەکا وکێشەکە بە مەزهەبەوە دەبەستێتەوە و روونیشی ناکاتەوە مەبەستی لە کام هاونیشتمانی سوننی مەزهەبە.

یانی گەلانی ئێران بە گشتی وبە قەولی خاتو "عبادی" سوننی مەزهەبیەکان هیچ کێشەی سیاسی وکۆمەلایەتی وئابوری وفەرهەنگیان نیە، تەنیا نەبوونی مزگەوت نەبێ؟

یانی ئەگەر سوننی مەزهەبیەکان لە تاران مزگەوتیکیان دروست کرد ئاو بە ئاوردادەکرێ وئێران دەبێتە بەهەشتی بەرین؟

باشە خاتو "عبادی" بۆ نالێێ کە ئێران هی فارس وشیعەیە وگەلانی دیکەی ئێران ویان بە قەولی ناوبراو سوننی مەزهەبیەکان لە قانونی ئەساسی ئیراندا بە بەشەریش حیساب نەکراون وقانونی ئەساسی ئێران لە سەر مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی بونیاد نراوە و "ویلایەتی فقیە" کە لە شەخسی رێبەری مەزهەبی ولاتدا خۆی دەنوێنی هەمە کارەی مملەکەتە ولە جیاتی ٧٠ میلیۆن دانیشتوانی ئێران بیر دەکاتەوە وبڕیار دەدا.

بۆ ناوبراو باس لە زیندانیە سیاسیەکان، لە تیرۆری چالاکانی سیاسی وئەدەبی ورۆژنامەوانان ناکا. بۆ باسی داخستنی دەیان گۆڤارورۆژنامە ناکا. ئەی ئەوانە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ نین لە ئێراندا؟

بۆ باس لە زیندانیە سیاسیەکانی کورد وئیعدامی لاوانی کورد ناکا. تەنیا باس لە کۆنە پاسداری زیندانی " اکبرگنجی" ولە تەنیشت ویشەوە باسی "ناسر زرافشان" دەکا. تۆبلێی لە ئێراندا هەر ئەو دوو کەسە زیندانی سیاسی بن؟

پرسیارەکانی ٩ و ١٠ باس لە پەیوەندی لە مەڕ نامە نووسین بۆ لەیلا زانا بە هاوکاری خاتو" دانیل میتران" دەکا

کە ئەو کاتەی لەیلا زانا لە زیندان بووە بۆیان ناردووە وپشتیوانی خۆی لە مافەکانی فەرهەنگی کوردان لە تورکیە دەربڕیوە. هەر لەو پەیوەندیەش دا لە مەڕ مافەکانی کورد لە ئێراندا دەڵێ" هەروەک چۆن پیویستە لە تورکیە کوردەکان مافیان هەبێ بە زمان وکولتوری خۆیان بخوێنن وپاریزگاری لێبکەن، ئاواش ئێران ولاتیکی فرە کولتورە وخەلک دەبێ مافی ئەوەیان هەبێ زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن وبیپاریزن، ئەوە کوردەکانیش دەگرێتەوە. هەڵبەت لە ولامی پرسیارێکی دیکە لە خوارتر ناوبراو دووپاتی دەکاتەوە و دەلێ کە پێ وایە خوێندنی زمانی زگماکی لە پاڵ زمانی فارسیدا پێویستە وئەوەش رێزدانانە لە فرەکولتوری لە ئێراندا.

وادیارە "عبادی" زگی بە کوردەکانی ئێران وتورکیە دەسوتێ وخێرمان پێ دەکا وقسە کردن بە زمانی زگماکی خۆمان وخویندن بە زمانی دایک بۆمان بە ڕەوا دەزانێ. ئەو باسی فرە کولتوری ئێران دەکا، بە لام یان مانای فرە کولتوری نازانێ ویان خۆی گێل دەکا. دەنا لە ولاتێک دا ئەگەر فرە کولتوری هەبێ بە مانای بوونی نەتەوە وقەومی جیاواز هەیە، نەک یەک میللەت ویەک دەولەت.

ئەو وەکوو هەموو شۆوێنیستە فارسەکانی دیکە تەنیا مافی فەرهەنگی بە کوردان ڕەوا دەبینێ ووەکوو ئەوەیکە هەموو ئێران، بە کوردستانیشەوە ملکی باب وباپیری خۆی وهاوزمانەکانی بێ کە بە ئارەزووی خۆیان ماف بۆ خەلکانی دیکە دیاری بکەن.

ناوبراو دەلێ کە زمانی زگماکی دەبێ لە تەنیشت زمانی فارسی بخوێندرێ وئەوەش ئەو مانایەی هەیە کە بۆ ناوبراو کێشەیەکی بە نێو نەتەویی ویان بوونی گەلانی دیکە لە ئێراندا بوونی نیە.

قسە کردن بە زمانی زگماکی مافێکی سروشتی وخواداوەندیە وکەس ناتوانی بە سەر خەلکی دیکە دا فە خروشانازی بکا و بلێ فلان گەڵ ونەتەوە بۆی هەیە بە زمانی زگماکی خۆی قسە بکا و یان فەرهەنگی خۆی بپارێزێ.

خۆ کورد لە باشوری کوردستان لە قانونی ئەساسی عیراق دا دانی پێ هێنرابوو، تەنانەت ئۆتۆنۆمێکی کارتۆنیشیان پێ دابوو و دەشی توانی لە سەردەمی سەددامی جەنایەتکار تاکوو زانکۆش بە زمانی کوردی دەرس بخوێنێ. بە لام ئایا تاکوو ئەمرۆش چارەی کێشەی سیاسی کوردی کردووە؟

پرسیاری ١٤، "دەکرێت بە پێی ئەزموونی خۆت کرۆکی کێشەی کوردەکان لە ئێران دیاری بکەیت وتۆ پێتوایە کێشەی کورد لە ئێراندا چیە؟ یا خود ناکۆکییەکان هیندە گەورە بن شیاوی چارەسەرنەکردن بن؟"

ولام" کێشەی کوردەکان هەر ئەو کێشانەن کە خەلکی ئێران هەیانە وبۆ هەموو ئێرانیەک کێشەکان وەک یەکە وجیاوازی لە نێوان جۆرایەتی کێشە دا نیە. کوردەکانیش بەشێکن لە ئێران وهەمان کێشەی ئەوانیان هەیە. واتە بۆ سەرانسەری هاوولاتیانی ئێران کێشەکان یەکگرتوویی وهاو چەشنیان هەیە وناکرێ کێشەی کورد لە کێشەی عەرەب وبەلوچ وفارس جیا بکرێتەوە، هەموو ئێرانیەکان وەک یەکن."

خاتو"عبادی" زۆر بە ئاشکرا حاشا لە بوونی کێشەی سیاسی کورد دەکا ورووە هەڵمالاوانە دەلێ کورد کێشەیەکی تایبەتی لە ئێراندا نیە. ئەو کورد وعەرەب وبەلوچ وفارس دەخاتە تای ترازۆکەوەو هەموان وەکوو یەک دەبینێ. ئەو قسەی خاتو" عبادی" هیچ جیاوازێکی لە گەڵ قسەی سەرانی کۆماری ئیسلامی پێشوو وئێستا وهێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی فارس زمان بە چەپ وراستەوە، بە سەلتەنەت تەلەب وکۆماری خوازوبە مارکسیستەوە وموجاهیدەوە نیە وئەویش سیاسەتی ئینکار کردنی گەلی کورد وگەلانی دیکەی غەیری فارس لە ئێراندایە.

یانی فارس کێشەی نەتەوایەتی هەیە وستەمی نەتەوایەتی لێ دەکرێ لە ئیراندا؟ یانی فارس ستەمی زمانی وکولتوری لێ دەکرێ لە ئێراندا؟ یان هەوڵ دراوە هوویەتی نەتەوەی فارس لە ئێراندا بسڕدرێتەوە؟

تۆ بلێێ کەسێکی وا کە بەردی ماف خوازی ودلسۆزی بۆ مرۆڤە بێ بەشەکان لە سینگی دەداو ئاوا بیر دەکاتەوە،ئەگەر دیکتاتۆر با دەبا چۆن بیری کردباوە؟

مەگەر دەسەلات وزمان وکولتوری بە زۆر داسەپاوەی فارس لە ئیراندا حاکم نیە؟ مەگەر بە نێو پارازتنی چوارچێوەی عەرزی ئێران بە دەیان ساڵ نیە لشکری داگیر کەری فارس کوردستانی داگیر کردووە وبە هەزاران کوردی بێ چارەیان کوشتوە.

مەگەر جەنایەتەکانی نەغەدە وقارنێ وقەلاتان وسەرچناروسنەو مەهاباد ودەیان شارو گوندی کوردستان بە دەست

داگیرکەری فارسەوە نەخولقاوە کە ئەمرۆ خاتو" عبادی" فارسەکانیش وەکوو کورد وبەلوچ وعەرەب بێ بەش وماف خوراو پێناسە دەکا؟

پرسیارەکانی ئاخر پەیوەندیان بە ئامریکا وعیراق وئێرانەوە هەیە وبەو شیوە پرسیار لە ناوبراو دەکرێ: " ئایا رۆلی ئامریکا لە عێراقدا چۆن هەلدەسەنگێنن وبوونی ئامریکا لە و ولاتە دەبێتە هۆی پیادە کردنی دێموکراسی وەک هیندێک کەس بانگەشەی بۆ دەکن یا بە پێچەوانەوە، ئایا بوونی ئەوان دیموکراسیەت لە ناوچەکە پێشدەخات؟

وەڵام " من دەبێ بلێم کە هەر لە سەرەتاوە موخالیفی هاتنی ئامریکا بۆ عێراق بووم ودژ بە هاتنی سوپای ئامریکا بووم. راستە کە دوای رووخانی سەدام هەڵبژاردنی ئازاد لە عێراقدا ئەنجامدرا، بە لام هاتنی ئامریکا زۆر گران تەواو بوو بۆ عێراقیەکان.

ناوبراوله درێژەی قسەکانی دا دەلێ: "بوونی هێزی نیزامی ئامریکا ئاشتی ودێموکراسی لە ناوچەکە دا دەخاتە مەترسیەوە وتێکچونی ئاشتی ودۆخی دیموکراسی ناوچەکەش وئەوەش قازانجی هیچ نەتەوە گەل وولاتێک نیە بە کوردیشەوە."

خاتو "عبادی" بوونی هێزەکانی ئامریکا بە تێکچوونی ئاشتی وئارامی ودێموکراسی ناوچەکە دەزانێ. ئەوە بۆ چوونە سیاسەتی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامیە، تۆ بلێێ خاتو "عبادی" هەر داکۆکی لە مافی مندالان وژنان بکا وکاری بە سیاسەت نەبێ!؟

ئایا پێش هاتنی هێزەکانی ئامریکا بۆ عیراق ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست کە سەرچاوەی تێرۆریسم ودیکتاتۆری وپێشێلکاری مافەکانی گەلانە و بە هاتنی هێزەکانی ئامریکا ئاسایش ودێموکراسیەکەی تێک چوو بێ؟ باشە ئەو ناوچە کەی ئارام بووە کەی دێموکراسی تێدا بووە کە بە هاتنی هێزەکانی ئامریکا تێک چوو بێ؟

ئەو دەلێ بوونی هێزەکانی ئامریکا زەرەری بۆ هەموو لایەک هەیە وبۆ کوردیش. ئەگەر مەبەستی زەرەی بۆ رێژیمە

تۆتا .

لیترەکانی ناوچە ویەک لەوان  کۆماری ئیسلامیە، ئەوە قسەکانی زۆر راستە، چونکە کۆماری ئیسلامی وریژیمی بەعسی سوریە وتورکیەی ئاتاتورک لە ئاڵ وگۆر لە ولاتەکانیان دەترسێن وبە بوونی کێشەی سیاسی گەلێکی بێ بەش وخاک داگیر کراوی وەکوو کورد، ئەوانیش ناچار دەبن لە بەرامبەر مافەکانی کوردان وگەلانی دیکەی سەر خاکی ئەو ولاتانە هەلویست بگرن.

بەلام کورد لە باشوری کوردستان تاکوو پیش راپەرینەکەی ١٩٩١ و تا پێش رووخانی رێژیمی سەددام هیچ مافێکیان نەبوو کە بۆ لە دەست دانی نیگەران بن، لە راستیدا لە دوای رووخانی سەدام توانیویانە شتێک وەدەست بێنن.

خاتو "عبادی" دەترسێ کە مەبادا "ئێرانی ئازیزی" بکەوێتە بەر پەلاماری ئامریکا وهاوپەیمانانی وکۆماری ئیسلامی لە نێو بچێ وکوردیش لەو بەشەی بە مافەکانی بگات یان بە قەولی خۆی وهاوبیرانی کورد "ئێران ئەجزیە بکا."

لە کۆتایی دا سپاسی کاک " خالید محەممەدزادە" دەکەم کە خاتو" شیرین عبادی" بە مە ناساند. هیوادارم لەو کارە بەردەوام بێ و کەسانی دیکەی ماف خواز ودڵسۆزمان پێ بناسێنی. با کورد باش بزانێ دوست ودوژمنی کێیە.

١٠ی ئەپریلی ٢٠٠٦

---

## پیرۆزبێ یادی ١٥ ساڵەی ڕاپەرینی گەلی کوردستان

لە رێکەوتی ٥ی مارسی ١٩٩١ لە شاری رانیە ی باشوری کوردستان یەکەمین چەخماخەی راپەڕین بۆ ڕزگاری لە دەستی داگیرکەر لێدرا ولە ماوی دووحەوتوودا سەراسەری کوردستان بە کەرکوکیشەوە لە داگیرکەرپاک کرایەوە.

باشوری کوردستان کە بە درێژایی ٨٠ساڵ لە لایەن ئیستعماری بریتانیا بە زۆرەملی بە عێراقەوە لکاوە، بەردەوام بۆ وەدەست هێنانی ئازادی وسەربەستی مەڵبەندی شۆرش وسەرهەڵدان بووە ورژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بە تایبەت "بعث "

لە کوشتن وسوتاندنی گوندەکانی کوردستان وجێ بە جێ کردنی پرۆسەی "انفال" وبە کارهێنانی چەکی شیمیایی لە دژی خەڵک وپێشمەرگە وخوڵقاندنی جەنایەتی هەلەبجە لە سەروبەندی نەورۆزی سالی ١٩٨٨ دەستیان نەپاراستوە وسیاسەتی ژێنۆسایدیان لە هەمبەرگەلی کورد لە وپارچە لە نیشتمانی داگیرکراوی کوردان بەرێوەبردووە.

لە دوای داگیرکردنی ولاتی کویت لە لایەن لەشکری عێراق وئیدعای ئەوەیکە ئەو ولاتە یەکێک لە پارێزگاکانی عێراقە، ولاتانی دونیا ولەو سەرەوەی هەموومان ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا کەوتنە خۆیان ولە دوای هەوڵێکی زۆری دیپلۆماتیک وناردنی دەیان نوێنەر بۆلای دیکتاتۆری عێراق وسەرنەکەوتنی هەوڵەکانیان، بریاری شەریان بۆ دەرپەراندنی سپای داگیرکەری سەدام حوسێن داوله هەڵمەتێکی سەربازی دا کە بە "تۆفانی سەحرا" ناوبانگی دەرکرد، هێزەکانی عیراقیان تەفروتونا کرد وتا ئەودیوی سنورەکانی عێراق ڕاویان نان.

تێکشکانی سوپای عێراق لە شەڕدا بووبە هۆی دابەزینی ورەی لەشکریانی سەدام حوسێن لە ناوخۆی عێراقیش دا وئەوسام و هەیبەتەی کە سوپای عێراقی لە بواری سەربازیەوە هەیبوو بە تەواوی دارما، بە تایبەت لە بابت شەڕ وپێکدادان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا.

گەلی کوردستان کە ساڵانێکی زۆربوو بە دەست سپای داگیرکەری عەرەبەوە شپرزە کرابوو، ڤین وهەستی تۆلە ئەستاندنەوەی گڕگرتووی لە نەورۆزی ١٩٩١ وەکوو گڕکان بەرەو ڕووی بەعسیە فاشیستەکاندا تەقیەوە وهەموو ویکرا، جەماوەروهێزی پێشمەرگەوتەنانەت بەشێکی زۆرلەوانەی کە چەکداری رێژیم بوون ڕاپەرین ودوژمنی داگیرکەریان ڕامالی و کوردستان کەوتەوە دەست خاوەنی ئەسلی خۆی.

دوای کۆڕەوە گەورەکەی کە بە میلیۆن مرۆڤی کورد لە ترسی تۆلە ئەسەتاندنەوەی سپای داگیرکەرئاوارەی ئێران

وتورکیه بوون، بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتۆکان لە سەرعێراق ولە بەرژەوەندی کوردستان دەرچوو کە بە فەرمی ناوچەی دژە فرین دیاری کراو وتاکوو ڕووخانی دەوڵەتی داگیرکەری بەعس لە ٢٠٠٣ دا ئەوناوچانە هەروا لە لایەن فرۆکەکانی هاوپەیمانان (ئامریکا وبریتانیا وفەرانسە) پارێزران وکورد بە دوورلە دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی سەرەرای گیروگرفت وشەڕی نێوخۆیی لە سەردەسەلات، توانی حووکمی ئەوناوچانە بکا.

لە دوای هەرەس هێنانی دیکتاتۆری سەددام، وەزعی عێراق بە تەواوی گۆڕاوبە دەیان حیزبی جۆراوجۆری ئیسلامی عەرەبی سووننە وشیعە بۆ وەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی لە بەغدا وناوچەکانی تری عێراق کەوتنە دژایەتی کردنی یەکتر.

لە راستیدا، دوژمنایەتی کۆنیان لە سەرراوە سەری هەڵدایەوەو ئەوەش بووبە هۆی شەڕوپێکدادانی چەکداری لە نێوان گروپە چەکدارە سوننە وشیعەکانی دژ بەیەکتروعێراق بۆتە مەیدانی شەڕی تێرۆریستانی رەنگاورەنگ ولە شاری فەلوجە دا کوشت و کوشتارلە نێوان سوپای عێراق وکۆنە بەعسی وگروپی القاعیدە بە توندی دەستی پێ کردووە ورۆژ لە گەڵ رۆژ وەزعە ئالۆزتر و شپرزەتردەبێ، بەتایبەت لە دوای تەقاندنەوەی مەزارەکانی ئیمامانی شیعە لە سامرا.

دەست تێوەردانی دەوڵەتانی ئێران وتورکیە وسوریە لە سیاسەتی نێو خۆی عێراق وناردنی تێرۆریستان لەو وڵاتانەوە بۆ نێو خاکی عێراق بۆشێواندن وئالۆزکردنی هەرچی زیاتری وەزعەکە ودژایەتی ئاشکرایان لە گەڵ دەسەلاتی کوردی ولە گەڵ دێموکراسی وفێدرالی کە خواست وداواکاری سەرەکی کوردانە وجێ بە جێ نەکردنی مادەی ٥٨ بۆئاسایی کردنەوە کەرکوک وناوچەکانی بە عەرەب کراوی کوردستان وگەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئامانجی سیاسەتی چەپەڵیانە.

لە راستیدا زۆربەی حیزبە ئیسلامیەکانی شێعە کلکیان بە دەست ئاخوندەکانی ئێرانە ولە تاران را سیاسەتیان بۆ دیاری دەکرێ.

چاوەدێرانی سیاسی عێراق بۆچون ورای جۆراوجۆریان لە سەرئەو وڵاتە هەیە وپرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ داهاتوی

عێراق بەرەوکوێ دەچێ وبڵێی ئەو وڵاتە کە ئێستا بۆتە شوینی شەڕی دەوڵەتان ویەک لەوان کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی ئامریکا، بتوانێ بە سەرئەوهەموو گیروگرفتە سیاسییە دا زاڵ بێ وبەرەودامەزرانی سیستمێکی دێموکراتی وفیدرالی بڕوا؟

تۆبڵێی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بتوانێ بەرە بەرە جێ پێ خۆی دامەزرێنێ و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاڵ و گۆریان بە سەردابێ وگەلانی ئەوناوچەش تام وچێژلە ئازادی ودێموکراسی ببینن وبۆهەتاهەتایە دیکتاتۆری وکۆنە پەرەستی خاشە بڕبکرێ؟

ئایا ئامریکا دەتوانێ شیعە وسووننە رازی بکا وبیانخاتە چوارچێوەی دەوڵەتێکی میللی لە عێراق وکۆتایی بە شەڕوخوێن ڕشتن بێنێ وبە قەولی خۆی شەڕی دژی تێرۆریستان بباتەوە؟

ئایا عیراق بەرەو شەڕیکی هەمەلایەنەی نێوخۆ ناچێ وئاکامەی پارچە پارچە بوونی ئەو وڵاتەی لێناکەوێتەوە ؟ ئایا تێرۆریستانی القاعیدە و کۆنە بەعسیی وچەکدارەکانی موقتەدا سەدری سەربە کۆماری ئیسلامی رێگا دەدەن عێراق ئارامی بە خۆیەوە ببینێ؟

ئەوەی لەونێوەدا بۆ کوردی باشور زۆرگرینگە، یەکێتی وتەبایی ویەکریزی وەسەر یەکخستنەوەی دووئیدارەییە کە دەتوانێ دەسکەوتەکانی راپەرین بپارێزێ وبە گرتنە بەری سیاسەتی نەتەوەیی وکوردستانی وراکێشانی پشتیوانی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان جێگە وپێگەی کوردی باشورلە بەرامبەر ناحەزان ودوژمنان دا بە هێزبکرێ وئاکامی ئەوسیاسەتەش دەتوانێ بێتە گارانتی بۆئەوەی دەسکەوتەکانی راپەرین بپارێزرێن وباشوری کوردستان ببێتە پێگەیەکی بە هێزبۆبەشەکانی دیکەی کوردستانی داگیرکراو.

٨ی مارچی ٢٠٠٦

## دێموکراسی و هەژاری (ئەو سەردێرە هی وەرگێری بابەتەکەیە)

"زیاتر لە نیو میلیۆن فەنلاندی لە ژێر سنووری فەقری دیاری کراوی یەکێتی ئوروپا دا دەژین"

ئەوە سەردێری بابەتێکە کە لە رۆژنامەی "١٠٠"، رێکەوتی ٢٢ی فێوریەی ٢٠٠٦ لە بەشی هەوالەکانی نیوخۆ، لاپەرە ٥ دا بلاو کراوەتەوە.

شایانی باسە ئەو رۆژنامە هەموو رۆژێ لە شاری هێلسینکی دەردەچێ و بە خۆرایی بە سەر خەلک دا بلاو دەکرێتەوە.
بە گوێرەی لیکۆلینەوەیەک کە لە لایەن Stakes " بلاو کراوەتەوە، "سیاسەتی ئێستای حکوومەت دەبێتە هۆی زیاد بوونی فەقیری، بە تایبەت ریسکی چونە سەری هەژاری لە نێو بنەماڵە منداڵدارەکان دا لە زیاد بوون دایە".

هێلسینکی:" جیاوازی داهاتی دانیشتوانی فەنلاند هەروا لە پەرەسەندن دایە وزیاتر لە نیو میلیۆن فەنلاندی لە ژێر سنووری فەقری دیاری کراوی یەکێتی ئوروپا دا دەژین. بەو سیاسەتەی ئێستای حکوومەت هەژاریی گەشە دەکا.

ئەو بنەماڵانەی کە ژن وپیاوەکە کار دەکەن، بواری ژیانیان باشە، بەلام پەرەسەندنی هەژاری زۆرترلە و بنەماڵانەی کە چەندین منداڵیان هەیە، یان منداڵی ساوایان هەیە، یان ئەو بنەماڵانەی کە بە تەنیا ژنەکە یان پیاوەکە سەرپەرەستی منداڵەکانن لە زیاد بوون دایە.

سەرەرای گەشە سەندنی فەقیری، بەشێکی زۆر لە فەنلاندیەکان بە نیسبەت سالانی پێشترگوزەرانیان باشترە. جیاوازی ژیان و گوزەران بە تایبەت لە نێو ئەو کەسانەش دا دەبینرێ کە کاردەکەن وئەوانە ی بێکارن.

ئەو کەسانەی کار دەکەن، هەم داهاتیان چۆتە سەر وهەمیش لە بواری مالیات دان، برێک کەمترلە جاران مالیات "زەریبە" دەدەن "بە گوێرەی قسەکانی "Mikko Kautto " مامۆستای زانکۆ ٦٠٠.٠٠٠ فەنلاندی لە ژێرریسکی

خەتی فەقردەژین و ئەو ڕادەیە بە نیسبەت ڕادەی داهاتی سەرانەی گشتی لە هەڵکشان دایە.

بە نەزەرەی ناوبراو، ئەو کەسانەی کە بە تەنیا دەژین وداهاتی مانگانەیان ٩٠٠ یۆرۆیە دەکەونە ژێر خەتی هەژاری. نابراو لە سەر ئەو بڕوایەیە کە تواناى کرینی شتومەکی ئەو کەسانەی لە ژێر خەتی هەژاری دەژین بە نیسبەت ولاتانی ئالمان ودانمارک لە خوارترە ".

ئەوە بەشێک لە وەرگێراوی وتارەکەی کە بە فەنلاندی نوسراوە ومن حەز دەکەم کەمێک لە سەری بدوێم.

خوینەری بەرێز ئەوە راستیەیکی تالە کە لە ولاتی فەنلاند کە پلۆرالیزمی سیاسی ودێموکراسێکی بەرین دابین کراوە وتەنانەت سۆئێدی زمانەکانی فەنلاند هەموو مافەکانیان دابین کراوەو زمانەکەیان ددوهەمین زمانی رەسمی فەنلاندە هەژاری لە پەرەسەندن دایە.

لە ولاتێک دا کە مێدیا ودەسەلاتی دادوەری تەواو سەربەخۆن وحکوومەت بە هیچ جۆر ناتوانی رێ وشوێنیان بۆ دیاری بکا، لە کاتێک دا تاکی فەنلاندی زۆر سەربەست وئازادە، بە لام بە داخەوە هەژاری لەو ولاتە هەروا لە زیاد بوون دایە.

لێرە دا پرسیارگەلێکی زۆردێتە ئاراوە، کە هۆیەکانی هەژاری لە سیستمی دێموکراسی دا چیە؟ هەڵبەت ئەوە تەنیا تایبەت بە فەنلاند نیە وبەلکوو لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا وەکوو گەورەترین دێموکراسی دونیا، رۆژ لە گەڵ رۆژهەژاری ڕادەی دەچێتە سەرو بە پێ هیندێک سەرچاوە لەو ولاتە دا ٣٠.٠٠٠٠٠٠ ئینسانی هەژار دەژی.

ئەو ڕادە بۆفەنلاند بە حەشیمەتی ٥.٣٠٠.٠٠٠ یەکجار زۆرە ودەبێ بلێین کارەساتە. شایانی باسە بەشێکی بەرچاو لە پەنابە .

رانیش دەکەونە ژێر خەتی فەقر.

لیرە نزیک بە ٣٠٠.٠٠٠ هەزار بێکار هەیە، کە ئەوەش خۆی کارەساتە وحکوومەتە یەک بە دوای یەکەکان هەولیان

نەداوە ئەو گیرو گرفتە گرینگەی کۆمەڵ چارەسەر بکەن ودەبینین کە ڕادەی بێکاری هەروا لە زیاد بوون دایە.

لێرە لە فەنلاند رۆژ لە گەڵ رۆژ خەلک بە هۆی بێکاری ویان کەم دەرامەتی زۆرتر بە سۆسیاڵ ودایرەکانی دیکەی حکوومەتی مەحتاج دەبن ولە مانگ دا بە هەزاران کەس پارەی بێکاری وەردەگرن. گرانی خواردەنە مەنی وشتوومەک لە دوای گۆرانی" مارکی فەنلاند بە یۆرۆ" زەختی خستۆتە سەر خەلک. خەلکی زۆریش هەن کە داهاتی مانگانەیان زۆر لە خوارێیە وئەوانیش هەموو مانگێ ناچاران داوای هاوکاری لەدایرەکانی سۆسیال بکەن. بێ کاری وکەم دەرامەتی وسەختی ژیان بۆتە هۆی دروست بوونی دەیان کێشەی روحی وفکری وبنەمالەیی.

ڕادەی ئەو کەسانەی کە ئالکۆلی زیاد مەسرەف دەکەن وپێیان دەلێین " ئالکۆلی " رۆژ لە گەڵ رۆژ لە پەرەسەندن دایە. ڕادەی تەلاق وجیا بونەوە زۆر لە سەرێیە. مەسرەفی زۆری ئالکۆڵ وفشاری روحی وبنەمالەیی راستەو خۆ کار دەکاتە سەر مندالەکان وبە دەیان منداڵ یان لە گەڵ دایکیان دەژین ویانیش لە گەڵ بابیان. بە دەیان مندالیش بە هۆی کێشەی قوولی بنەمالەیی لە ناوەندەکانی تایبەت بە مندالان چاوەدێری دەکرێن. مەسرەفی ئالکۆڵ هەر تایبەت بە گەورەکان نیەو بەلکوو مندالانی ١٢ ساڵ بۆ سەرەوەش بە شێوەیەکی بەربلاو ئالکۆڵ دەخۆنەوە وسیگار دەکێشن.

ڕادەی بەشداری خەلک لە هەلبژاردەنەکانی شارەوانی وپارلمان وسەرۆک کۆماری دا زۆر جار ناگاتە ٦٠ دەرسەد.هۆیەکەی ئەوە نیە کە خەلک لێرە هەموویان لە خۆشی دا دەژین وئازادیان هەیە، نا، هۆیەکەی ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە خەلک بڕوایان بە حیزبەکان نەماوە.

لە کاتی هەلبژاردن دا حیزبەکان زۆر وادە وبەلێنی بە خەلک دەدەن تاکوو دەگەنە دەسەلات، دوای ئەوە، نە کەس فەقیر وهەژاری لە بیرە ونە خەلکی بێ کارو چارەڕەش.

کەوابوو، ئەوە دەمانخاتە سەر ئەو باوەرە کە لە دێموکراسی دا نابەرابەری یەکجار زۆرە وداهاتی ولات وەکوو یەک بەش ناکرێ ورۆژ لە گەڵ رۆژ ئەو جیاوازیە دەچێتە سەر.

لە ڕاپۆرتێک کە بلاو کرابۆوە لە ولاتی فەنلاند ٤٠٠ کەس بەشی زۆر سەروەت وسامانی ئەو ولاتەیان لە دەست دایە. فەقیرترینیان خاوەنی چەند میلیۆن یۆرۆیە.

باشە ئەگەر سیستم دێموکراسی بێتە هۆی جیاوازی لە نێو چینەکانی کۆمەڵ و ژومارەیەکی بچوک ببنە خاوەنی هەموو سەروەتی ولات، جیاوازی فەنلاند و ئامریکا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و ولاتانی دیکتاتۆری لێدراو ودواکەوتوو چییە؟

ئەگەر نان نەبێ، دێموکراسی بە کەلکی چی دێ؟

١ی مارچی ٢٠٠٦

## بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ۲۰۰۷

# هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی ئێران وکوردەکان ؟

### بەشی یەکەم

*تێروانینێک لە سەر بابەتەکەی کاک حامید فەرازی لە مەڕهەڵبژاردنی داهاتووی مەجلیسی ئێران*

**کاک حامید بۆ جاری دووهەم بابەتێکی بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێران لە ژێر سەردێری "ئێمە و هەڵبژاردن" بڵاو کردۆتەوە وهەوڵی داوە هۆکارەکانی بەشداری کردن یان نەکردنی کوردان بخرێتە بەرباس ولێکۆڵینەوە. منیش وەکوو تاکێکی کورد بە پێویست دەزانم بیروڕای خۆم لە سەر ئەومەسەلە دەرببڕم.**

**لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ولە ماوەی تەمەنی ۲۸ ساڵەی تاکوو ئێستا حەوت جارهەڵبژاردن کە هەر چوارساڵ جارێک پێک دێ بەرێوە چووە وهەرجارەش بۆ بردنی خەڵک بۆ سەرسندوقەکانی دەنگدان شێوەی جۆراوجۆرو هەڵخەڵەتێنەرانەیان بە نیسبەت گەلانی ئیران بەکاربردووە وئەوەی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ ودیکتاتۆرە خوازیاری بووە وەدی هاتووە.**

**مەجلیسی شۆرای ئیسلامی هیچ کات نەیتوانیوە دەنگی ڕاستەقینەی گەلانی ئێران بێ وزۆرتر ئەوکەسە ولایەنانەی کە باوەڕیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ووەفاداری خۆیان بە ویلایەتی فەقی دەربڕیوە توانیویانە بگەنە مەجلیس. هەڵبەت بۆ گەیشتن بە مەجلیس هەموو ئەو کەسانەی کە چ لە لایەن حیزبەکانی نێو چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی وچ وەک تاک پاڵیوراون ویان خۆیان پالاوتوە لە ژێرفیلتێری وەزارەتی ناوخۆ و"شورای نگهبان" گوزەراون ودوای تێپەرکردنی هەموو ئاستەنگەکان کە لە لایەن ئاخوندەکانەوە دانراون تێپەڕ بوون وەکوو نوێنەری خەڵکی ناوچە و شارەکانی خۆیان سەریان لە مەجلیس دەرهێناوە.**

لە پەیوەندی بە خۆ پالاتن وهەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئێران دا چۆنیەتی وچەندایەتی شێوازی هەڵبژاردن ودیاری کردنی کاندیداکان بە تەواوی دژی دێموکراتیکن، واتە ئەوە خەڵک نین کە کاندیداکان هەڵدەبژێرێن، بەڵکوو ئەوە دەزگاکانی سەربە نیزامن کە کاندیداکان بۆ خەڵک هەلدەبژێرن. یانی ئەگەر سەلاحیەتی هەرکام لە کاندیکان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ و"شورای نگهبان" تەئید نەکرێن هیچ کاندیدایەک ناتوانێ بگاتە مەجلیس.

ئەوەی کە خەڵک دەبەنە سەر سندوقەکانی دەنگ دان زۆرترشانۆیەکی مەسخەرەیە ولە راستیدا بێ حورمەتی وسووکایەتی کردن بە مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێرانە.

مەسەلەیەکی دیکەی کە جێگای تێرۆانینە دەسەلات وسنوری هەرکام لە نوێنەرانی مەجلیسە کە لە راستیدا زۆرتر دەبێ نێوی بنرێ مەجلیسی کارتۆنی یان بە شێوازێکی دێکە بازیچەی دەستی رێبەری دیکتاتۆری ولات کە عەلی خامنەییە.

بە سرنج دان بە قانونی ئەساسی ئێران ودابەش بوونی دەسەلات بۆمان دەردەکەوێ کە قسەی هەوڵ وئاخرویلایەتی فەقی دەیکا وئەوانەی دیکە کاریان بەڵی قوربانە وبەس.

قانونی ئەساسی کۆماری لە لایەن "مجلس خبرگان رهبری" کە رێبەرەکەی وزۆر لە ئەندامانی لە لایەن وەلی فەقی واتە رێبەری مەزهەبی ولات وبە قەولی خۆی "جێ نشینی ئیمامی زەمان" دیاری دەکرێ وبە ئەمروفەرمانی ئەوناوەرۆک وبەندەکانی قانونی ئەساسی دادەرێژرێ.

ئەگەرچاوێک بە ئەسلەکان و ماددەکانی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران دا بگێرێن دەبینین کە لە زۆر بوارەوە دژایەتیان لە گەڵ یەکترهەیە ولە راستیشدا تەنیا شەرعیەت ودەسەلات دەدەدا بە فارسەکان وبە مەزهەبی شیعە. با چاوێک لە ناوەرۆکی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین.

لە ئەسلی دووهەمی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی دا هاتووە "جمهوری اسلامی نظامی است برپایه ایمان بە:

١- خدای یکتا واختصاص حاکمیت وتشریع به اوولزوم تسلیم در برابراو.

٢- وحی الهی ونقش بنیادی آن دربیان قوانین .

٣- معاد ونقش سازنده آن در سیرتکاملی انسان به سوی خدا.

٤- عدل خدا درخلقت وتشریع

٥- امامت ورهبری مستمرونقش اساسی آن درتداوم انقلاب اسلام

٦- کرامت وارزش والای انسان وآزادی توام با مسئولیت اودربرابرخدا، که ازراه : الف ـ اجتهاد مستمر فقهای جامع الشرایط براساس کتاب وسنت معصومین سلام والله علیکم اجمعین. ب ـ استفاده از علوم وفنونوتجارب پیشرفته بشری وتلاش درپیشبرد آنها، ج ـ نفی هرگونه ستمگری وستم کشی وسلطه پذیری، وقسط وعدل واستقلال سیاسی واقتصادی واجتماعی و فرهنگی وهمبستگی ملی را تأمین می کند".

مانا وناوەرۆکی ئەو وتانە جگە لە پێناسە کردنی کۆماری ئیسلامی وەکوونیزامێکی خودانـاردە وپیرۆزبـۆجێ بـە جێ کردنی فەرمانەکانی خودا لە سەرعەرز چیدیکە ناگەیێنێ و وەلی فەقیش کە جێنشینی ئیمامی زەمانـە وتـاکووهـاتنی ئەوئەرکەکان ڕادەپەڕێنێ. کەواتە ئینسانەکانی ژێردەسەلاتی ئەوکۆمارە ئیسلامیە دەبـێ لـە ژێرئەمروفـەرمانی یـەک کەس دابن وبۆیان نیە لە دژی بوەستن . ئەو مەسلەحەتی هەمووان دەزانێ وئەوە کە دەبـێ بڕیـارلـە سـەرگیان ومـاڵ وچارەنووسی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایە بدا. واتە ئـەو شەخسـە ڕدێـن درێژوعـەبا لـە بەرومەنـدیل لـە سـەرە لـە هەمووکەس عاقلتروتێگەیشتووترە.

ئەگەر نەبێتە ئیهانەت وبە قەولی کوردەواری خۆمان تەشبی بـە گـوڵ بـێ، وەلـی فـەقی شـوان ومیللـەتی ژێردەسـتی مێگەل .

لە ئەسلی ٤ دا دەڵێ " کلیه قوانین ومقررات مدنی، جزایی ، مـالی ،اقتصـادی،اداری، فرهنگی، نظـامی، سیاسـی وغیراینها باید بر اساس موازین اسلامی باشد. این اصل براطلاق بـا عمـوم همـه اصـول قـانون اساسـی وقـوانین و مقررات دیگرحاکم است و تشخیص این امر برعهده فقهای شورای نگهبان است."

لەو ئەسلەش دا بە هەمان شێوە دارشتنی یاساکان دەبێ لە سەر ئەساسی ئیسلامی بن وهەڵس سەنگاندن ونەزەردان وچارەنووسی بڕیاردان لە سەرژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران بە دەستی تاقمێک ئاخوندی کۆنە پەرەستی دژ بە ئازادی وسەربەستی کە لە شۆرای نیگەهبانی رێبەری " دا کۆ بونەتەوە دەدرێ وتاکەکانی کۆمەڵگا لێرەش دا هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە وبە گێل ونەفام سەیرکراون.

لە ئەسلی شەشەم دا دەڵێ " در جمهوری اسلامی ایران امورکشوربایدا بە اتکا آرا عمومی اداره شود، از راه انتخابات، انتخاب رییس جمهور،نمایندگان مجلس شورای اسلامی، اعضای شوراهاونظایرانیها، یا ازراه همه پرسی در مواردی که دراصول دیگراین قانون معین می گردد."

لەو ئەسلە دا باس لە بەشداری خەڵک لە هەڵسوراندنی کاروباری ولات دا دەکا وئیشارە بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو نوێنەرانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی وشۆراکانی شارەکان دەکا. باس لە هەڵبژاردن دەکەن وبەشداری جەماوەر لە بەرێوە بەردنی ولاتەکەیاندا. لە راستیدا ئەوئەسلە بە تەواوی لە گەڵ ئەسلەکانی سەرەوە کە ئاماژەم پێکردوون دژایەتیان هەیە وزۆر لە یەکتر جیاوازن. ئەو ئەسلەیان تەنیا بۆیە گونجاندووە کە بە عەقلی خەڵک پێ بکەنن، دەنا ئەوان نە بڕوایان بە دەنگدانی ئازاد هەیە ونە ئامادەن خەڵک بەشداری بە رێوەبردنی کارەکانی ولات بکەن ونە بڕوایان بە ڕاپرسی هەیە. ئەگەرراست دەکەن با بێن راپرسی لە گەلانی ئێران بکەن تاکوو دەرکەوێ چەند دەرسەد کۆماری ئیسلامی قەبوڵە.

لە ئەسلی دوازدە دا دەڵێ " دین رسمی ایران ، اسلام ومذهب جعفری اثنی عشری است واین اصل الی الابد غیرقابل تغییر است."

ئەوەش بە مانای دیکتاتۆری بێ ئەم لاوئەولای پان فارسیزم وشیعیزمە وناسینی مەزهەبی شیعە وەکوو دینی رەسمی ئێران وئەبەدیەتی ونەگۆری، نەفی کردنی گەلانی دیکەی ئێرانە ولە بەرچاو نەگرتنی مافەکانی یەکسانە بۆیان. ئەو خاڵە زۆر بەربەست لە بەردەم گەلانی دیکە ئێران بە تایبەت سونی مەزهەبەکان وئاینەکانی دیکە دادەنێ وئەوان بۆیان نیە کە رۆژێک بیرلەوە بکەنەوە کە کەسێکیان لە جێگای عەلی خامەنەیی دابنیشێ یان ببێتە سەرۆک کۆمارویان پۆستە گرینگەکانی دیکەی نیزام بە دەستەوە بگرێ. لە یەک واتا دا هەموو غەیرە شیعەکان دەبێ لە

ژێرئەمروفەرمانی شیعەکان دابن.

لە ئەسلی پازدە دا دەڵێ " زبان وخط رسمی ومشترک مردم ایران فارسی است. اسناد ومکاتبات ومتون رسمی وکتب درسی باید با این زبان وخط باشد ولی استفاده اززبانهای محلی وقومی درمطبوعات ورسانه های گروهی وتدریس ادبیات آنها در مدارس درکنارزبان فارسی آزاد است ."

لێرەش دا بە زۆری وناڕەوا زمانی فارسی وەکوو زمانی فەرمی هاوبەشی قسە کردن ونووسین گەلانی ئێران پێناسە دەکا وئامادە کردن وچاپ وبڵاو کردنەوەی بەڵگەنامە دەولەتیەکان وکێتبە دەرسیەکان دەبێ حەتمەن بە فارسی بن. واتە زمانی گەلانی دیکەی ئێرانی خراوەتە پەراوێزەوەهەوڵی سڕینەوەیان لە ژێرکاریگەری زمانی فارس بە رەسمی ناسراوە.

باشە فارسی کەی زمانی هاوبەشی گەلانی غەیری فارسە ئەگەر بە زۆری دانەسەپاوە ؟ ئەگەر مەبەستیان تواندنەوەی زمانەکانی گەلانی دیکەی ئێران نیە بۆ ڕێگا نادەن کە مندالەکانی وانیش لە مەدرەسە ی سەرەتایی را تاکوو زانستگا بە زمانی زەگ ماکی خۆیان بخوێنن وخۆیان وناسنامەیان بە زمانی خۆیان بناسن. لە راستیدا بە کارهێنانی وشەی زمانی فارس وەکوو زمانی مشترک " یان هاوبەش سیاسەتی پان فارسیزمە بۆ ئاسێمیلە کردنی زمانەکانی دیکە لە زمانی فارسی دا.

لە ئەسلی شازدە دا دەڵێ "ازآنجا کە زبان قرآن وعلوم ومعارف اسلامی عربی است وادبیات فارسی کاملا با آن آمیختە است این زبان باید پس از دورە ابتدایی تا پایان دورە متوسطە درهمە کلاسها ودر همە رشتەها تدریس شود."

ئەگەر ئاورێک لە مێژوو بدەینەوە بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی عەرەبی زمانی دەسەلاتداری داگیرکەری عەرەبەکان بووە پێش لە ١٤٠٠ وزمانی زگ ماکی دانیشتوانی ئەو کاتی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران نەبووە وتەنانەت ئیسلامیش بە هۆی شەڕ وداگیرکاری لە لایەن ئەو قەومە جیاوازانەی ئەو سەردەم قەبوڵ کراوە ولە راستیدا فەرهەنگی ئیسلامی . عەرەبی بە شێکی زۆر لە فەرهەنگ ومێژووو ئاینی ئەو سەرەدمی سڕیوەتەوە. دەنا

پێش هاتنی ئیسلامی زۆر ئاین ومەزهەبی جۆراوجۆرهەبوون کە دەکرێ ئیشارە بە مەسیحەت ویەهودیەت وزردشت بکرێ.

ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە پێناسە نەکردنی زمانی گەلانی غەیری فارسە وئەوان بۆیان نیە باس لە پەروەردە بە زمان و کولتوری خۆیان بکەن، بە لام زمانی عەرەبی کە زمانێکی زۆرسەختە بە زۆربە سەرمندالانی مەدرەسە دا دەسەپێ و سیاسەتی امت اسلامی" لە سەرگەلانی غەیری فارس وغەیری موسولمان پیادە دەکرێ.

لە ئەسلی ١٩ دا دەلێ "مردم ایران ازهرقوم وقبیله که باشند از حقوق مساوی برخوردارند ورنگ ،نژاد،زبان ومانند اینها سبب امتیازنخواهد بود."

لەو ئەسلە دا بە ئاشکرا درۆیەکی گەورەیان نووسیوە وبە قەولی کوردەواری خۆمان شووتی لە بن هەنگڵی خەڵک دەنێن. لێرە دا باس لە حقوقی بەرابەر ویەکسان دەکەن بۆ هەمووان بە بێ جیاوازی. ئەی بە رەسمی ناسینی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی کە وەلی فەقی رێبەری دەکا ئیمتیاز ونابەرابەری نیە ؟ ئەی بە فەرمی ناسینی زمانی داسەپاوی فارسی وەکوو زمانی خوێندن و نووسین وپەروەردە نابەرابەری ونایەکسانی ناگەیێنێ ؟ من کە دەلێم ناوەرۆکی ئەو ئەسلانە زۆر لە گەڵ یەکتر ناتەبان لە خۆرایی نیە وبە پشت بەستن بەوئەسلانە وناوەرۆکەکانیان کە ئاخوندە شیعەکان خۆیان دایاننــاوە وحکومەتی پێ دەکەن نائینسانی بوونی قانون ئەساسیەکەیان دەردەخا.

مەسەلەیەکی دیکە کە گرینگە ئاماژەی پێ بکەم باس کردن لە "اقوام ایرانی" بە قەولی وانە کە خۆیان وەکوو فارسەکان بە نەتەوە پێناسە دەکەن وباقی گەلانی غەیری فارس بە "قەوم". ئەگەر قەرار بێ ئێران بە قەولی وان یەک نەتەوە یان میللەت بێ، خۆ ناکرێ فارسەکان بە تەنیا نەتەوە بن وباقی گەلانی دیکە قەوم. ئەگەر بە واتا وسیاسەتی وان ئێران یەک نەتەوەیە فارسەکانیش یەکێک لە قەومەکانی ئێران پێک دێنن وکەمینە یەکن وەکوو هەموو کەمینەکانی دیکەی ئێران وبۆیان نیە خۆیان بە زۆرینە وبە نەتەوە پێناسە بکەن وباقی بە کەمینە وبە قەوم. ئەگەر چاوێک لە پێکهاتەی ناوچەکان ودانیشتوانی ئێران بکەین بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە فارسەکان کەمینەن نەک زۆرینە.

لە ئەسلی ٢٠ دا دەڵێ "همه افراد ملت اعم اززن ومرد یکسان درحمایت قانون قراردارند وازهمه حقوق انسانی، سیاسی، اقتصادی، اجتماعی وفرهنگی با رعایت وموازین اسلام برخوردارند."

بە چاولێکردن لە و ئەسلانەی سەرەوە بێ مانا بوونی ئەو دروشمانە مان بۆ دەردەکەوێ وبۆ هەموو کەس ئاشکرایە کە لە کۆماری ئیسلامی دا نەک هەرپیاوەکان وەکوو یەک مافیان نیە ومافەکانیان بە ئاشکرا پێ شێل دەکرێ بەڵکوو ژنان وەکوو ئینسان حیسابیشیان بۆ ناکرێ چ بگا بە لە بەرچاوگرتنی مافەکانیان . ئەساسی کۆماری ئیسلامی لە سەر دژایەتی مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە ودیموکراسی ومافی مرۆڤ وگەڵان وبەرابەری ژن وپیاو لەونیزامە دا هیچ مانایەکی نیە.

لە ئەسلی ٢٣ دا دەڵێ " تفتیش عقاید ممنوع است وهیچکس را نمیتوان بە صرف داشتن عقیدەای مورد تعرض ومواخذه قرارداد.

ئینسان بەو ئەسلە پێکەنینی دێ، وەکوو ئەوەی ئێران بەهەشتی سەر رووی عەرز بێ بۆ ئازادی ودێموکراسی وپارازتن ورێز گرتن لە مافەکانی مروڤ وهیچ جۆر چەوسانەوە ئینسان بە دەست ئینسان لە ئارادا نەبێ .لە ئەسلەکانی ٢٤ و ٢٥ دا کە ئەوانیش هەرپەیوەندیان بە ئەسلی ٢٣ وە هەیە دەنووسێ "نشریات ومطبوعات در بیان مطالب آزادند مگرآن کە مخل بە مبانی اسلام یا حقوق عمومی باشد. احزاب، جمعیت ها، انجمن های سیاسی وصنفی وانجمنهای اسلامی یا اقلیتهای دینی شناختە شدە آزادند، مشروط بە این کە اصول استقلال، آزادی، وحدت ملی ،موازین اسلامی واساس جمهوری اسلامی را نقض نکنند. هیچکس را نمی توان از شرکت درآنها منع کرد یا بە شرکت دریکی ازآنها مجبورکرد."

زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کە پڕن لە چالاک وانانی سیاسی، مەدەنی ،رۆژنامەوانان ونوسەران وقەتلی سەدان کەسی سیاسی وفەرهەنگی ئەو دروشمە پڕوپوچانە وەدرۆدەخەنەوە. باشە خۆکرێکاران وخوێندکاران وژنان وفەرهەنگیان کە داوای مافەکانی مەدەنی وسینفی خۆیان دەکەن هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیە، ئەی بۆچی بەکوشتن ولێدان وگرتن وئەشکەنجە وەڵامیان دەدەنەوە؟ خۆ ئەنجومەنە کرێکاریەکان وژنان وماموستایان دروشمی رووخانی رێژیم نادەن، داوای حەقی خۆیان دەکەن.

ئەوان داوا دەکەن کە وەکوو مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێ وحەق دەستە نەدراوەکانیان پێ بدرێ ومافە ئینسانی وخودادایەکانیان پێشێل نەکرێ ،ئەی بۆ چی وەکوو "ارازل واوباش وضد انقلاب" سەیریان دەکرێ وحوکمی زۆر ناڕەوایان لە سەر دەدرێ؟

ئەگەر بمهەوێ باس لە هەموو ئەسل وماددەکانی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەم وەختی زۆری دەوێ وبێگومان خوێنەریش حەوسەلەی خوێندنەوە ئەو هەموو چەرەندیاتەی نیە. لە بەشی دووهەمی ئەو بابەتە ئاوڕێک لە سەر کورد و هەڵبژاردن لە ئێراندا دا دەدەمەوە و وبیرو بۆچوونەکانی خۆم لە سەر وتارەکەی کاک حامید فەرازی دەردەبڕم.

### هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی ئێران وکوردەکان؟

## بەشی دووهەم و کۆتایی

لە بەشی یەکەمی ئەو بابەتە دا بە ئاماژە کردن بە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران وشرۆڤە کردنی بەشێک لە ئەسلەکانی هەوڵم دا ناتەبایی ونایەکسانی ئەو قانونە بخەمە بەرباس وناوەرۆکی قانونی ئەساسی بە نیسبەت هەڵبژاردن ومافەکانی تاک وکۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا بخەمە بەردیدەی خوێنەران.

بێگومان لە هەروڵات وسیستمێک دا بۆ بەرێوەبردنی ولات ودابەش کردنی دەسەلات ، یاسای بنەڕەتی وڵاتە کە نیشاندەری دێموکراتی بوون یان دیکتاتۆری بوونی دەسەلاتی سیاسی لەوممەلەکەتە دایە. هەر بۆیەش بە بێ هەڵسەنگاندنی یاسای بنەڕەتی ئێران ناتوانین وەکوو پێویست هەموو لایەنەکانی دەسەڵات و چۆنیەتی و چەندایەتی بەشداری خەڵک لەو دەسەلاتە دا ببینین.

لەوبەشە دابە پێویست دەزانم پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی وکوردەکان وبە شداری کردن یان نەکردنی کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وهۆکارەکانی تاوتوێ بکەم وڕوانگەی خۆم لە سەربۆچونەکانی کاک حامید فەرازی دەرببڕم.

کێشەی کورد لە ئێراندا بە گشتی بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی پێ نەکردووە ،بەڵکوو مێژوویەکی دوورودرێژ وپڕلە خەبات وبەرخۆدان وشکست ونەهامەتی بە دوای خۆی دا ڕادەکێشێ.
چەندین فاکتەری گرینگ لەوپرسە چارەسەر نەکراوە دا دەورو ڕۆلی خۆیان دەگێرن کە گرینگترینیان سیاسەت وئاینن.

کورد بۆ بەدبەختیانی یان ئەگەر بڵێین لە بەر نەهامەتیانی نەتەوەیەکی یەک دەست لە بواری ئاین ومەزهەبەوە نیە وئەوە خۆی کێشەیەکی زۆر گەورەی لە نێو کوردان دا دروست کردووە وهۆکارێکی سەرەکی بووە کە کورد نەتوانێ وەکوو نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە بەرامبەرداگیرکەردا خۆی رێک بخاو داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکاو وەکوو زۆرگەلی سەرگۆی زەوی ببێتە خاوەنی چارەنووسی خۆی ودەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ.

دابەش بوونی کوردستان بە سەر چوارپارچە دا ودابەش بوونی خودی کوردان لە نێوخۆی هەرکام لە م بەشانە داکێشەکانی هیندەی ترئالۆزکردووە ولە راستیدا ئێستاشی لە گەڵ بێ بە چاولێکردن لە باقتی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردی رۆژهەلاتی کوردستان کە بابەتی سەرەکی ئەو وتارەیە بۆمان دەردەکەوێ کە یەکگرتوویی سیاسی وخۆ پێناسە کردن وەکوو کورد دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئاین ومەزهەبە جیاجیاکان وتەنانەت لە پلەی دووهەم و سێهەمیش دایە. بە چاوخشاندنێک بە پێکهاتەی حەشیمەتی پارێزگاکانی کوردستان ئەومەسەلە زۆر بە باشی زەق دەبێتەوە . بۆ وێنەی پارێزگاکانی ئیلام وکرماشان لە بواری جیاوازی مەزهەبی وئاینی وتەنانەت زاراوە یشەوە جیاوازی زۆربەرچاویان لە گەڵ پارێزگاکانی سنە وورمێ هەیە ولەوناوچانە دا جگە لەوەی کە عەشیرەتەکان دە ورو رۆلی سەرەکی وکاریگەر دەبینن، ئاین ومەزهەبی جیاواز بۆتە کێشەی گەورە لە نێوان موسولمانە سونی وشیعەکان لە لایەک ودژایەتی ئەوانیش لە گەڵ ئاینی یارسانەکان یان زەردوشتیەکان. موسولمانەکان تەحەمولی باقی دینەکانی دیکە ناکەن وبە شێوازێکی خراپ هەڵس وکەوتیان لە گەڵ دەکەن وبە چاوێکی سووک سەیریان دەکەن.

ئەو جیاوازیە تەنانەت لە نێوکوردانی ئاوارەی ئۆردوگای ئەلتاش کە زۆریان سەربە ناوچەکانی پارێزگای کرماشانن چ ئەوکات کە هەموویان لە یەک ئوردوگا دا دەژیان وچ ئێستا کە بەشێکی بەرچاویان لە تاراوگە دەژین بە باشی دەبینرێ. جا ئەو کولتورە پشتاوپشت هاتووە وسالانێکی زۆری دەوێ تاکووکەمرەنگ ببێتەوە ونەبێتە ئاستەنگ لە

بەردەم یەکێتی نەتەوەیی.

دیاردەیەکی دیکە کە بۆتە هۆی کێشەی زۆرلە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان دا ناوچە گەرایی لە سەر ئەساسی زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردین وهەرناوچە یەک هەوڵ دەدا کە زاراوەی خۆی بەسەر ناوچەکانی دیکە دا بسەپێنێ وبە قەولی خۆیان زاراوەکەیان ببێتە زمانی رەسمی نووسین وقسە پێ کردن.

ئەودیاردە بەرچاوتەنگانەیە کە زۆرترلە نەزانیەوە سەرچاوە دەگرێ تاکوو لە دڵ سۆزی بۆ خاک ونیشتمان بۆتە هۆی ئەوە یکە لە ناو پارتە کوردیەکانی رۆژهەلاتیش دا ڕەنگ بداتەوە وخەڵکی هەرناوچەیە ک خۆی لەویتربە عاقڵتروپێشکەوتوتر وکوردتربزانێ وهەوڵ بداکە هاوخوێن وهاوسەنگەری خۆی بە شێوازی زۆر ناحەزونامرۆڤانە لە مەیدان وەدەرنێ وئاکامەکەشی تاکوو ئێستا هەرپارچە پارچە بوونی حیزبەکانی بە دواوە بووە.

لە کۆمەڵگایەکی ئاواپڕلە کێشە وقەیران دا بێگومان شکست ونەهامەتی وسەرنەکەوتنی خەبات وتێکۆشان لە پێناوئازادی ورزگاری زۆر کارێکی دژوارە ورێک خستن وئاشت کردنەوەی لایەنەکانی دژبەیەک لە پێکهاتەیەکی ئاوادا کاری حەزرەتی فیلە.بۆکۆماری ئیسلامی زۆر سادەیە کە بتوانێ لە رێگای دروست کردنی شەڕی نێوان ئاین ومەزهەب و زاراوە جیاوازەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کوردان لە گیانی یەک بەرداوشەڕی کورد بە کورد بکا وخۆی بە ئاسودەیی پاڵی لێبداتەوە. کورد بۆچی نەیتوانیوە لە دوای ۲۸ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە خۆی حالی بێ کە چی دەوێ وهەرکەس ولایەنێک سازێک نەژەنێ. دەبێ بلێین کورد لە پلەی یەکەم دا خۆی خەتابەری سەرەکیە بۆ چارەسەرنەبوونی کێشەکەی وئێستاشی لە گەڵ بێ، برۆا بە خۆنە بوون وخۆبەکەم زانین لە بەرامبەرفارسەکان دا گرفتی سەرەکی تاکی کوردە چ لە کۆمەڵگا وچ لە نێو پارتە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا کە بەشێک لە نوخبەی کۆمەڵگا لە خۆیان دا کۆدەکەنەوە.

لە دوای کۆتایی هاتن بە خەباتی چەکداری هێزە سەرەکیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو حیزبی دێموکرات وکۆمەلە وپاشە کشەیان بۆباشوری کوردستان بۆشایەکی گەورەی دەسەلاتی سیاسی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان دروست بوو. ئەو دوورکەوتنەوەیە بەرە بەرە هێزوتوانا وهێژێمونی ئەوانی لاوازکردوویان لێهات ئیدی بە کردەوە هیچ کاریگەرێکیان نەمێنێ ولە دوورەوە بە بڵاو کردنەوەی هیندێک پەیام ووتاری بێ کەڵکی رادیۆیی وبە دانی

دروشمی بێ بنەما وبێ کاریگەرزۆرتر ببن بە چاولێکەری ڕووداوەکان و سەرەرای بێ دەسەلاتیان هێشتاش دروشمی رووخانی ڕێژیم بە دوای خۆیان دا ڕادەکێشن بە بێ ئەوەی ئیمکانی جێ بە جێ کردنی ئەو دروشمەیان هەبێ.

بەڵام لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی بۆ نیشان دانی مەشروع بوون وگەلی بوونی خۆی وبۆ ئەوەی ژێستی دێموکراتیانە بگرێ وبە دونیای دەرەوە نیشان بدا کە بەڵی ئەوانیش بڕوایان بە هەڵبژاردن وهەڵبژێران هەیە هەرچوارساڵ جارێک شانۆیەک بۆهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماروبۆ نوێنەرانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی وشۆرای شارودێیەکان وەرێ دەخا وبە هەزارفرت وفێل هەوڵ دەدا خەڵک بەرێتە سەرسندوقەکانی دەنگ دان کە بە داخەوە تاکوو ئێستا سەرکەوتوو بووە ودرێژەی بە تەمەنی خۆی داوە.

پرسیارێکی زۆرگرینگ کە بە مێشکم دا دێ ئەوەیە کە دەسکەوتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لەو بەناوهەڵبژاردەنانە دا چی بووە وئایا کورد براستی بۆ بەشداری لەوهەڵبژاردەنانە داخاوەنی پلان وبەرنامە وستراتیژی روونی سیاسی بووە ؟ ئایا بە وردی هەموو لایەنەکانی کێشەکان هەلسەنگێندراون وبە ڕادەی پیویست لە سەریان موناقیشە کراوە؟

ئایا لە دوای هەرهەڵبژاردنێک دا نوخبەکانی کوردوهێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تاووتوێ شکست وسەرنەکەوتنەکانیان کردووە وهۆکارەکانیان دەست نیشان کردووە؟

ئایا بەشداری میلیۆنی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لە مەڕهەڵبژاردنی خاتمی بۆ سەرۆک کۆمار وبۆ مەجلیسی پێنج وشەش حیزبە سیاسیەکانی تووشی سەر سوورمان نەکرد ؟ ئایا ئەوان توانیان هۆکاری بەشداریی خەڵک وئاکامەکانی تاووتوێ بکەن ودەرسی پێویستی لێ وەرگرن ولە سیاسەت وریبازیاندا بە کاری بێنین؟

ئایا بەشدار بوونی تاکەکان لە هەڵبژاردن دا لە رووی ناعیلاجی بوو وهەرکەس خۆی چۆنی پێ مەسلەحەت بوو ولە گەڵ بەرژەوەندی خۆی دەیخوێندەوە بەشداری دەکرد یان نا؟

ئایاهێزە سیاسیەکانی کوردی ئۆپۆزیسیۆن کۆماری ئیسلامی و چالاک وانانی مەدەنی و سیاسی و فەرهەنگی

ناوخۆتوانیــان هــاوڕا ویــەک دەنــگ داخوازیــەکانیان و شــەرت و مەرجــەکانیان بــۆ بەشــداری لــە هــەرکام لــەو هەڵبژاردەنانە دا گەڵاڵە بکەن و یەک دەنگ بچنە پێش؟

ئایـا بـۆ لـە کاتێکدا بـە هـەزاران کـورد لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان بەشداری هـەڵبژاردەکـان بـوون زۆربـەی هێـزە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بایکۆتیـان کرد؟ جیـاوازی نێـوان داخوازی حیزبـەکان وخـەڵک لـە چیدا بووکە سیاسەتێکی دوو لایەنە پەیرەوکراوئاکامی ئەو سیاسەتانە چی لێکەوتەوە؟

ئەوە پرسیارهایەکن کە هـەرتاکێکی کـورد دەبـێ لـە خـۆی ولـە حیزبـە سیاسیەکان وچالاکـانی نـاوخۆی ولاتـی بکـا وهەمووەمان وێکرا وڵامەکانیان وەربگرینەوە.

کورد لە دەورانی سەرۆک کۆماری مەحەممەد خاتمی دا ولە هەڵبژاردەنەکانی مەجلیسی پێنجەم وشەشەم چالاکانە بەشدار بوون ولە مەجلیسی شەشەم دا فراکسیۆنی پارلامێنتارانی کورد دروست بوو، بە ڵام ئایا سەرەرای بەشداری زۆر بەرچاو وچالاکی کوردەکان لەهەردووک هەڵبژاردن دا هیچ کـام لـە سـەرەتاییترین مافـەکانی خرایـە بـە ربـاس ومونـاقێشە وکێشەی کورد ببووبە کێشەی سەرەکی دەولەتی کۆماری ئیسلامی؟

ئایا ڕێفورم خوازانی کورد خاوەنی هیچ پلان وبەرنامەیـەک بـوون وچەنـدە توانیـان بـەرەی بـە نـاو"اصلاح طلب"ی لاینگری خاتەمی رازی بکەن تاکوو پشتیوانی لە ژومارەیەکی هەرچەند کەم لە داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بکەن؟ ؟ ئایا ئـەو ڕێفـورم خـوازە کوردانـە تەنانـەت توانیـان ئەسلی پـازدە ونـۆزدەی قـانونی ئەساسـی کـە خۆیـان زۆریـان تەبلیغ پێوە دەکرد ودەهۆڵیان بۆ دەکوتا بخنە بواری جێ بە جێ کردنەوە؟

ئەگەرنەیانتوانی، بۆچی هۆکارەکان وئاستەنگەکانیان بۆ خەڵک روون نەکردوە؟

ئایا براستی نوێنەرانی کورد لـە مەجلیسـی شورای ئیسلامی خـاوەنی هیچ ڕێـز وحورمـەتێک هـەن ووەکـوو نوێنـەری هەرچوارپارێزگای کوردان سەیردەکرێن وسنوری دەسەلات وسەڵاحیەتیان چەندە؟
کاتێک نوێنەری کورد لە مەجلیس دا بێ دەسەلات ودەستەوەستان بێ بوونی چ خێرێکی بۆ خەڵک هەیە؟

دیارە بۆ شەخسی خۆی هەیەتی چونکە مانگانە پارەیەکی باش وەردەگرێ!

لەپەیوەندی لە گەڵ وتارەکەی کاک حامید فەرزی داکە پێم وایە تاکوو ئێستا تا ڕادەیەکی باش ژمارەیەکی زۆرلە مەسەلەکانم ورووژاندووە وهیندێک پرسیاری گرینگی تاکوو هێشتا بێ ولامم مەترەح کردوون دەمهەوێ تێبینی وبیروڕای خۆم باس بکەم.

دوو ساڵ لە مەوبەرلە غیابی پارتە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ،خوالێخۆشبوو ئاغای ئەدەب و هاورێیانی " بەرەی یەکگرتووی کورد" یان پێک هێنا کە بە ئیدەعای خۆیان پارتێکی سیاسی نیە.

هەرچەند هەڵبژاردنی ناوەکە خۆی ئەو پرسیارە دێنێتە پێش کە بەرە چۆن لە تاکەکان پێک دێ وئەوان لە سەرچ ئەساسێک ئەو ناوەیان هەڵبژارد وئامانجی ئەسلیان چیە وبۆ تاکوو ئێستا هیچیان دیارنیە؟

لە پەیوەندی بە مەسەلەی هەڵبژاردن وبەشداری کردن یان نەکردنی کوردان،کاک حامید وەکوو یەکێک لە ئەندامانی بەرە لە بەشێک لە وتارەکەی دا دەنووسێ "لە ناوبەرەی یەکگرتووی کوردیشدا تا ئێستا ئیجماعێکی ئەوتۆلەوبارەوە ساز نەبووە، تەنانەت من خۆم لە ناو بەرەدا لەو دەنگانەم کە هیچ گەش بین نیم بتوانین کاردانەوەیەکی ئەوتۆمان لە سەرهەڵبژاردنی ئەو دەورەیە ببێ."

یەکەم پرسیارکە دێتە پێش ئەوەیە کە تێڕوانینی بەرە لە مەڕهەڵبژاردەنەکان بۆ مەجلیسی هەشتەم چیە ؟ ئایا ئەوان بەشدار دەبن یان بایکۆتی دەکەن ؟ ئایا ئەگەر بڕیاری بەشداری کردن بدەن خۆیان وەکوو کورد بە تەنیا کاندیداکانیان دیاری دەکەن وبە چ شەرت ومەرجێک ئامادەن لە گەڵ یەکێک لە لایەنەکانی ناوەوە ودەرەوەی دەسەلات رێک بکەون وبەرنامەکانیان بۆ دەنگدەرانی کورد چیە وچەندە دەتوانن بەلێنیەکانیان جێ بە جێ بکەن؟ ئایا بەرەی یەکگرتووی کورد ئامادەیە لە گەڵ هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان هاوکاری بکا وبە پێچەوانەشەوە؟ حیزبەکان چۆن دەڕوانە بەرەوچەندە مەوادی هاوکاری وهاو خەباتی لە بەینی خۆیان وبەرە دا دەبینن؟

کاک حامید لە درێژەی باسەکەی دا ئیشارە بە خالێکی گرینگ دەکا ودەلێ "رێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردندا لە هەموو شارەکانی کوردستان وەک یەک نییە. بۆ نموونە لێکدانەوەی خەڵک لە حوکومەت و سیاسەت لە هەندێ لە شارەکانی وەک ئیلام و قوروە و بیجارجیاوازە و رێژەی دەنگ دانیان زۆر زیاترە لە هی شارەکانی وەک مەریوان ومەهاباد. بۆیە ئەگەر پێمان وایە خەڵکی ئەو شارانەش کوردن و دەمانەوێ پرۆژەیەکمان هەبێ بۆ هەمووکوردستان باش وایە ڕاستی وواقیعەکانی ناو هەموو کۆمەڵگای کوردەواری بەدی بکەین ."

من لە سەرەوە ئاماژەم بە جیاوازای مەزهەبی وئاینی کوردەکانی ئەو ناوچانە کرد وکوتم کە کێشەیەکی گرینگی کۆمەڵگای کوردانە ولە راستیشدا هەروەکوو کا ک حامیدیش ئاماژەی پێ کردووە کوردانی موسولمانی شیعە ڕوانگەکانیان لە مەڕ رێژیم ومەسەلەی نەتەوایەتی زۆر جیاوازە وبە هۆی مەزهەبی هاوبەشیان لە گەڵ فارسەکان گرێ دراوییان بەو وانەوە زۆرترە. منیش ڕام وایە کە حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەبێ خاوەن پرۆژە وبەرنامەی نەتەوییانە بن تاکوو بتوانن کوردەکانی ئەو ناوچانە کە یان شیعەن ویان خاوەنی ئاینێکی جیاوازن لە دەوری یەک کۆ بکەنەوە وئە و گیروگرفتانەی کە بە هۆی جیاوازی ئاینی ومەزهەبی دروست بووە کەم بکەنەوە. بە لام ئەو کارە هەر بە تەنیا بە حیزبەکان ناکرێ بەڵکوو هەمووچالاک وانانی سیاسی ومەدەنی ورۆژنامەوانان ئەرکی سەرشانیانە کە لەو پێناوە دا هەنگاوهەڵێنەوە وبە نووسین وبەکۆبونەوە وسمینارخەڵک روون بکەنەوە. بۆ بەشداری کردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا وچۆنیەتی داخوازەکان وشەرت ومەرجەکان پێویستە هەم حیزبە سیاسیەکان پرۆژە وبەرنامە وتاکتیک وستراتیژی خۆیان هەبێ وهەم چالاک وانانی بوارە جیاجیاکانی ناوخۆی ولات.

کاک حامید لە کۆتایی بابەتەکەی دا ئیشارە بە مەسەلەیەکی جێگای سرنج دەکا ودەلێ "من لەگەڵ ئەو دەنگانە نیم کە ناوێرن لەخۆیان هیچ پێشکەش بکەن وتەنیا چاویان لەدەمی رووناکبیرانی حوکومەتی لەناوەند بڕیوە بزانن ئەوان بە چ ئەنجامێک دەگەن.ئەو دەنگانەی ئاستی داخوازییەکانی گەلی کورد تا رادەیەکی زۆر دادەبەزێنن بەو پێودانگە کە دەبێ بە نەرمی بچینە پێشەوە. بەلام لەگەڵ ئەو لایەنانەش نیم کەدەنگ نادەن وهیچی تریش ناکەن،ئەوانە تووشی چەشنێ لە ئینفعال، بێ هەڵوێستی بوونە ولەراستیدا ئاسانترین و بێ دەردی سەرترین رێگایان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە،بەداخەوە لە هەموو ئەو دەنگ نەدانانەدا سەداقەت نابینرێ.من پێم وایە دەبێ خۆمان ئامادە کەین بۆ تێپەڕ بوون لەو سیاسەتە نەفی گەرایانەی بەرێباز و، پتر بەدروشم،توندو رادیکاڵە،

کەچی بەداخواز وئارمانج سازشکارو مەحافزەکارانەیە و...هەنگاو بنێین بەرەو شێوە سیاسەتێکی، واقیع گەرایانەی ئارمان گەرا."

منیش پێم وایە کورد دەبێ خاوەنی دەنگ ورەنگی خۆی بێ وبڕیاربۆ چارەنووسی خۆی بدا وڕێگا نەدا کە وەکوو هەمیشە لە ناوەند ولایەنەکانی نێو دەسەلات ودەرەوەی دەسەلات بیکەنە بازیچەی دەستی خۆیان وبە وادە وبەلێنی بێ بنەما وپڕوپوچ بیکێشنە سەرسندوقەکانی دەنگدان وئەوکارەی لە گەڵ بکەن کە جەماعەتی بە ناو" اصلاح طلب " یان ڕێفورم خوازلە ماوەی هەشت ساڵ دەسەلاتدارییان لە گەڵیان کرد وهەموو وادە و بە لێنیەکانیان بە درۆ دەرچوو. منیش پێم وایە کە حیزب وسازمانەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان نابێ هەر لە دوورەوە چاولێکەری ڕووداوەکان بن وچاوەڕێی قەزاوقەدەربن وبەهانەشیان پاراستنی دەسکەوتەکانی باشوری کوردستان بێ. زۆربەیان لە لێکدانەوە سیاسیەکانیان دا ڕایان وایە کە بەڵی شنەی دێموکراسی لە بەغداوە هەڵی کردووە وهاکە گەیشتە تارانیش و بە سیاسەتی خۆش باوەڕانەیان ئەندامان ولاینگران وخەڵکیان لە چاوەڕوانی لێدانی ئامریکا لە ئێران دا ڕاگرتووە.

بە داخەوە بە هۆی بۆشایی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ونەبوونی حوزوری حیزبە سیاسیەکان لە نێو خەڵکدا کێشەی کورد چەندین ساڵە خراوەتە پەراوێزەوە وکۆماری ئیسلامیش بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدا شتێک بە ناوکێشەی کورد لە ئێران ودەرەوەی ئێراندا بەرجەستە نەبێتەوە.

بۆیە ڕۆژەف کردنەوەی خەباتی ڕەوامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەبێ هەموو لایەک هیمەت بکە ین وتەکانێکی بەهێز لەوێنەی" سونامی"لە خۆمان بدەین وپشت ئەستور بە هێزی خۆمان وبە باوەڕ بە سەرکەوتن بۆ داهاتویەکی روون بڕوانین .

١٥ی دێسەمبەری ٢٠٠٧

## کورد و عەجەم و بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی

لەم رۆژانەدا دا لە دوو هەواڵی جیاواز دا کە لە ماڵپەری بۆ رۆژهەلات بلاوکرانەوە تەنگەژەی بەشێک لە حیزب وسازمانە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستانمان لە گەڵ تورکە شۆڤینیستەکانی ئەندامی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و "بەرەی نەتەوەکانی بندەستی ئێران" خوێندەوە کە تەنانەت باس لە لێک دابڕان وئینشعاب لە نێو رێکخراوی دووهەمیان دا دەکرێ.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە ٢٠ی فێوریەی ٢٠٠٥ لە شاری لەندەن لە لایەن پێنج رێکخراوی سیاسی کە بریتین بوون لە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، جنبش (جولانەوەی) فدرال دمکرات ئازەربایجان، حزب همبستگی دمکراتیک اهوازو سازمان دفاع ازحقوق ملی خلق ترکمن پێکهات.

لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە دوای دامەزرانی ئەو کۆنگرەیە ژومارەی ئەندامانی بۆتە ١٦ کە دوو لایەنی کوردی پەیوەست بوو بەو کۆنگرەیە بریتین لە: پارتی ئازادی کوردستان وکۆمەڵەی فەرهەنگی ومەدەنی کوردەکانی خوراسان.

ئامانجی کۆنگرە "دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدرال لە سەر ئەساسی میللی و جوغرافی بۆ داهاتووی ئێرانە.."

لە بەرنامەی کۆنگرە دا هیچ ئیشارەیەک بە مەسەلەی خاک نەکراوە کە گرنگترین کێشەی گەلانی ئێرانە لە داهاتوو دا بە تایبەتی لە مابەینی کورد وئازەری کە سنورێکی دوورو درێژیان پێکەوە هەیە.

هێچکام لە لایەنەکان هیچ پلان وبەرنامەیکیان پێشکەش نەکردووە بۆ چارەسەی ئەو کێشە گرینگە. هەرچەند لە نێو بەرنامەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران باسی ئەو کێشە گرینگە نەکراوە بەلام سازمانە ئازەریەکانی نێو ئەو

ڕێکخراوەیە ڕاشکاوانە وبە بێ دوو دڵی هەموو شاروشارۆچکەکانی پارێزگای ورمێ بە "آزربایجان غربی" پێناسە دەکەن و لایەنی کوردیش لە بەرامبەریان دا متەقی لێنایە وبە قەولی خۆیان ئەمرۆ نابێ ئەو مەسەلە زەق بکرێتەوە وببێتە هۆی دروست بوونی کێشە لە نێو کورد وئازەری دا.

لە نێو کۆنگرە دا کەسێکی رەگەز پەرەستی وەکوو نەزمی ئەفشارڕاشکاوانە باس لە بە قەولی خۆی " ٤٠٠ میلیۆن تورک " دەکا ولە قسەکانی دا نالێ " آزربایجان ایران" بەڵکوو دەڵێ " آزربایجان جنوبی
".

ناوبراو بە ئاشکرا پارێزگای ورمێ بە ملکی بێ ئەم لاوئەو لای تورکان دەزانێ وئیدەعا دەکا کە کوردەکان کۆچەرین وخاکی تورکانیان داگیر کردووە دەبێ ریشەی کوردان لە سەر خاکی بە قەولی خۆی تورکان پاک بکرێتەوە. هەڵبەت ئەوە تەنیا بۆ چونی ئەو تورکە کەمالیستە نیە ولایەن ئازەریەکانی دیکەی نێو کۆنگرە و دەرەوەی کۆنگرەش زۆربەیان هەرئەو بۆچوونەیان هەیە.

نەزمی ئەفشار پێشترشکری شکاند بوو ولە نامەیەک دا بۆ بە رێز کاک مستەفا هیجری ئەوەی سووکایەتی بوو بە کورد ومێژووی کوردستان وبە رێبەری شەهید سمایل ئاغای کردبوو وناوبراوی وەکوو "مرۆڤ کوژو جەردە" ناساند بوو. بە داخەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرامبەرئەوبێ حورمەتیانەی ئەو بەچکە ئاتاتورکە هیچ هەڵوێستێکی نە نواند. ناوبراو کە خۆی بە رێبەری "کمیسیون دیپلوماتیک آزربایجان" پێناسە دەکا وئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرالە بۆ جارێکی دیکە هەڵوێستی دژ بە کورد خۆی لە نامەیەکی پڕ لە ئیهانەت وبێ حورمەتی بە کوردوکوردستان کە بۆ ئەو رێکخراوەیەی ناردووە دەربڕیوە.

ماوەیەک لەمەوبەر کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ڕاگەیەندراوێکی لە مەڕهەڕەشەکانی تورکیە بۆ هێرش بۆ سەرباشوری کوردستان بڵاو کردوە وئەو کردەوەی تورکیە مەحکوم کرابوو کە چی عەلی رەزا نەزمی ئەفشار لە دژ کردەوەیەکی زۆر توند دا لە رێکەوتی ٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ دا کە بێ گومان پشتیوانی لایەنەکانی دیکەی ئازەری نێو کۆنگرە ودەولەتی تورکیەشی لە پشتە زۆر رووهەڵمالاوانە وبێ ئەخلاقانە پیت وحکومەتی هەرێمی کوردستان بە تێرۆریست ناو دەبا .

هەروەها ناوبراو سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ناوەکەشی بە هەڵە نووسیوە بە کوشتنی تورکەمەنەکانی کەرکوک تاوانبار دەکا.

هەر دوای بلاو بوونەوە نامەی پڕ لە سوکایەتی وشەڕ فرۆشانەی ناوبراو، دە قی ڕاگەیەندراوی کۆنگرە لە مەڕ مەحکوم کردنی هێرشی تورکیە بۆ سەر باشوری کوردستان لە سایتی ئەو ڕێکخراوەیە لابرا.

بە دوای لابردنی ئەو ڕاگەیەندراوە لە سایتی کۆنگرە سێ لە چوار لایەنی کوردی نێو ئەو کۆنگرەیە هەڵوێستیان گرت ودژایەتی خۆیان لە گەڵ لابردنی ئەو ڕاگەیەندراوە دەربڕی.

ئەوەی تاکوو ئێستا بێ دەنگ وبێ هەڵوێست بووە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو دامەزرێنەری سەرەکی ئەو کۆنگرەیە. بە لام بۆ چی بێ دەنگ وبێ هەڵویستن ئەوە پرسیارێکە کە دەبێ هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بکاو ڕێبەری ئەو حیزبەش دەبێ ولامی ئەو پرسیارە بە کۆمەلانی خەلکی کوردستان بداتەوە وروونی کاتەوە کە چۆن نەزمی ئەفشاربە ئارەزووی خۆی سووکایەتی بە کوردوکوردستان دەکا وزۆر ئاوسارپساوانە هەڵس وکەوت دەکا وئەوانیش ناوێرن لە بەرامبەری دا هەڵوێست بگرن!

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد بە پێی هەواڵی ماڵپەری بۆ ڕۆژهەلات "بەرەی نەتەوەکانی بندەستی ئێران" کە دوو ساڵ بە سەر دامەزرانی دا تێدەپەڕێ بە هۆی هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئازەریەکانی نێوئەو ڕێکخراوەیە تووشی لێک ترازان بووە وهەر سێ لایەنی کوردی واتە: پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان ویەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان لە ڕاگەیندراوێکدا جیا بوونەوەی خۆیان لەو بە ناو بەرەیە ڕاگەیاندووە.

پرسیارێکی زۆر گرینگ کە دێتە پێس ئەوەیە کە براستی حیزب وسازمانە سیاسیەکانی کوردی بۆ کام مەبەست وئامانجی سیاسی تێکەڵ بەو جۆرە کۆنگرە وبەرانە دەبن؟

ئایا بەرژەوەندی ڕێکخراوەیانە وبۆ دژایەتی لە گەڵ یەکترە کە هەر چەند دانەیان لە گەڵ یەکێک لەو بە ناو بەرانە کەوتوون یان نەخێر بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستانە؟ ئایا براستی بە شناختی تەواو لە سەرهەر کام لەو

بە ناو حیزب وسازمانە غەیرە فارسانە بە تایبەت ئازەریەکان کەوتونەتە نێو ئەو بەرانە یان نەخێر زۆرتر لە رووی بێ بەرنامەیی ونەبوونی زانیاری تەواو لە سەرکۆمەڵگای ئێرانە؟

بە بڕوای من حیزب وسازمانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان خاوەنی بەرنامە وپلانی نەتەوەیی نەبوون ونین وهەربۆیەشە کە هەرلایەنەی سازی خۆ دەژەنێ وکەس خەتی کەس ناخوینێتەوە.

دەنا ئەگەر بەرژەوەندی گەلی کورد ئامانجی سەرەکی هەموو حیزبەکان بوایە کە بەداخەوە تاکوو ئێستا نیە، هەموویان لە جیاتی شەڕی دەسەلات وخۆ خۆری دەهاتن بە رێک وپێکی کێشەکانی نێوخۆیان لە رێگایەکی ئاشتی خوازانە وپێشکەوتوانە چارەسەر دەکرد وهەرکامیان نەدەبوون بە چەند پارچە!

نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو بەشەکانی کودستان بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد ئێستاشی لە گەڵ بێ نەتوانێ لە سێ بەشی کوردستانی داگیرکراودا چوکترین مافی ئینسانی بۆ خۆی دەستەبەربکا. لە رۆژهەلاتی کوردستان دوای نزیک بە ٣٠ ساڵ دەسەلاتی شومی کۆماری ئیسلامی حیزب وسازمانە سیاسیەکان بە هۆی سیاسەتەکانی ناکارامە وسەرنەکەوتویان نەیان توانیوە بە سەر کێشەکانیان دا زاڵ بن ولە جیاتی هەوڵ دان بۆ یەکتر حەزف کردن وخۆ خۆری  پرۆژەیەکی نەتەوەیان نەخستۆتە  ڕوو بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان.

ئێستاشی لە گەڵ بێ هەرهەموویان لە ئەدەبیاتی سیاسیان دا بە خاکی رۆژهەلاتی کوردستان دەلێن" کوردستانی ئێران" وبە پارێزگای ورمێ دەلێن " آزربایجانی غربی ". تەنانەت هیندێکیان بە پارێزگای سنە دەلێن " ئوستانی کوردستان " غافل لەوەی کە ئەوان خۆیان بەو سیاسەت وهەڵوێستانەیان ڕاشکاوانە سیاسەتەکانی داگیرکەر تەئێد دەکەن وخاکی کوردان بە هی ئازەری وفارس پێناسە دەکەن. لەولاشەوە ئێدەعا دەکەن کە بەڵی خەباتی نەتەوایەتی دەکەن بۆ ڕزگاری گەڵی کورد.

هێندێک لەو سازمانە کوردانە بۆ بازار گەرمی باس لە پێکهێنانی بەرە دەکەن بەلام ئامادە نین لە گەل هاو خوێن وهاوڕەگەزی خۆیان دانیشن ووتوێژ بکەن وهەوڵی دروست کردنی بەرەیەکی کوردستانی بدەن. بە لام بۆدروست

کردنی بە قەولی خۆیان بەرە لە گەڵ لایەنەکانی غەیری کوردی سەروملٚ دەشکێنێن ولە حاست ئەواندا زۆرخۆیان وگەلەکەیان بە کەم دەزانن.

ئەوەتا دەبینین کە ئاکامی پێکهێنانی بەرە لە گەڵ تورکە شوڤینیستەکان جگە لە شکست وناکامی سیاسی هیچی لە پەیدا نەبووە وبە سیاسەتی پڕ لە هەڵە ودژ بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد نەزمی ئەفشارەکان بە دەستی حیزبی سیاسی کوردی دروست دەبێ وگەشە دەکا.

حیزب وسازمانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە جیددی دەبێ بە سیاسەتەکانیان دابچنەوە بە چاوێکی زانستیانە ورەخنەگرانە سیاسەتەکانیان لە سەرڕاوە دابرێژنەوە وئەگەر براستی بڕوایان بە کورد وەکوو نەتەوە وبە کوردستان وەکوو خاکێکی داگیرکراوهەیە دەبێ هەرهەموویان وێکرا ویەک دەنگ پلان وبەرنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش بۆ ئەو کێشە ئالۆزە دابنێن وهەموویان یەک دەنگ بچنە نێو بەرە یا هەرشتێکی دیکە کە بەرژەوەندی کورد دەپارێزێ. بەو هیوایە کە هەموو حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە دروشم دانی بێ کەڵک وخەڵک هەڵخە لەتێانە خۆ بپارێزن و بۆ جارێکیش کە بووە بیرلە بەرژەوەندی نیشتمانی بکەنەوە.

١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

---

## تێرۆریزمی دەولەتی فارس وکاریگەری لە سەرخەباتی رزگاری خوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

### به بۆنەی ١٥ هەمین ساڵی تێرۆری میکۆنۆس

١٥ ساڵ لە مەوبەر لە رۆژی ١٧ سیپتامبری ١٩٩٢ د.سادق شەرەفکەندی سەرۆکی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ چەند هاورێی دیکەی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە رستۆرانی میکۆنۆسی برلینی ئالمان تێرۆرکران.

کۆماری ئیسلامی ئێران زۆری هەوڵ دا کە لە ڕێگای دیپلۆماسی وئابوریەوە زەخت بخاتە سەر دەوڵەتی ئالمان تاکوو پێشی بەرێوە چوونی دادگای ئەو جەنایەتە بگرێ وسەرەرای نارازی بوونی دەوڵەتی ئالمانیش، دادگای سەربەخۆی ئەو وڵاتە بڕیاری خۆی دا وپاش ٣ ساڵ و چەند مانگ لێکۆلینەوە وهێنانی ژمارەیەکی زۆر خەلک وەکوو شاهید بۆ دادگا وخەرج کردنی پارەیەکی زۆر، سەرەنجام لە بڕیارێکی مێژوویی وئازایانە دا سەرانی پلە یەکی رێژیمی ئاخوندەکانی بە دەست تێدا بوون لەو جەنایەتە وەکوو تاوانباربە جیهان ناساندو چەند کەس لە بەرێوەبەرانی ئەو تێرۆرە ش بە زیندانی دوورودرێژ حوکم دران. بڕیاری دادگای فیدرالی ئالمان رووخساری دڕندانە وتێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ومەزلومیەتی گەلی کوردی بە دونیا ناساند وئەو راستیەی بۆ مرۆڤایەتی وجیهانی ئازاد خستە روو کە ئەو دەوڵەتە پێشێل کەری هەموو قانونە نێو نەتەوەیەکان وماف و ئازادیەکانی گەلانی ئێرانە.

تێرۆر کردنی د.شەرفکەندی وهاورێیانی یەکەمین تێرۆری دەوڵەتی داگیرکەی فارس نەبووە و بە درێژایی دوو سەدە ی رابردوو بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد ئەو شێوە دڕندانەو بێ ئەخلاقیەیان کردووتە پیشە و لە هەل ومەرجی جیاواز و لە دەرفەتی گونجاو دا رێبەرانی کوردیان تێرۆر کردووە.

تێرۆر کردن تەنیا بە لە بەین بردنی کەسێک و بە دەرکردنی لە مەیدان دا نیە وشێوازی جیاوازی دیکەشی هەیە بەڵام تێرۆری جەستەیی کەسایەتیە کوردەکان مێژوویەکی دوورودرێژ وتاڵی هەیە کە کاریگەری کردووتە سەر خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستانی گەورە بە گشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی.
لەو وتارە دا هەوڵ دەدەم لایەنە جیاوازەکانی تێرۆری دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی داگیرکەری فارس بخەمە بەرباس و کاریگەریان بۆ سەر کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بخەمە بەردیدەی خوێنەران.

تیرۆریزم وەکوو شێوازێک لە ترس ودڵ راوکێ وتۆقاندن پێناسە دەکرێ کە گروپێک یان دەوڵەتێکی دیکتاتۆر و سەرەرۆ بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی وداسەپاندنی سیاسەتەکانی بە کاری دەهێنێ و لەتێرۆر وەکوو کەرەسەیەک بۆ حەزف کردنی دژ بەرانی کەڵک وردەگرێ. هەرچەند جگە لە تیرۆری دەوڵەتی چەندین شێوازی دیکەی تێرۆرهەن کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان ئامانجیان لە نێو بردنی نەیاران ودژ بەرانی خۆیانە، بە لام دەکرێ جیاوازی تێرۆری دەوڵەتی لە گەڵ گروپێکی مافیایی لە وەدا ببینین کە ئامانجی تێرۆری دەوڵەتی لە نێوبردنی گەلێکی جیاواز لە خۆیەتی لە رێگای جۆراوجۆرەوە، بە لام تێرۆری گروپێکی مافیایی زۆرتر کەسێک یان

تاقمیکی بچوکتر دەکاتە ئامانج وشەڕی ئەسلی لە سەر مادده سرکەرەکان و پارە یە و لە هەمان کاتیش دا داسەپاندنی دەسەلاتی گروپی وتایفەیی گروپێکە بە سەر گروپێکی دیکەدایە وئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی گەلێکی جیاواز لە خۆی نیە.

کاتێک باس لە تێرۆری دەولەتی دەکەین وئامانجی سەرەکی ئەو وتارەشە، ئاماژە بە تێرۆری دەولەتی فارس لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانە کە مێژوویەکی دوورو درێژ وپڕلە تراژیدیای هەیە.

سیاسەتی دەولەتانی یەک لە دوای یەکی ئێران بە تایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری رەزاخان هەوڵ دان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی سیاسی گەلی کورد بووە وبۆ ئەو مەبەستەش بۆ بەرەنگار بوونەوە ودامرکاندنەوەی خەباتی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان ولە کاتی شکست وسەر شۆریان لە بەرامبەرشۆرشگێرانی کورد پەنایان بۆ تێرۆر کردنی سەرۆکانی جولانەوەکان بردووە وبە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو نامرۆڤانە کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردیان بە فروت وفێڵ خستۆتە نێو داوی خۆیان وبێ بەزەیانە تێرۆریان کردوون.

دوو مەسەلەی گرینگ لە بەرێوە بردنی ئەو سیاسەتە چەپەڵانەیە دا دەوروکاریگەری سەرەکیان بووە کە یەکیان پان فارسیسیزمە کە بە پان ئیرانیستیش پێناسە دەکرێ کە بوونی گەلی کورد ئینکاردەکا وبۆ ئەو کورد وکوردستان بوونی نیە و یەک نەتەوە ویەک ئاڵا ویەک دەولەت  کە پێناسەی فارسەکان بکا سیاسەتی نەگۆریانە وبۆ ئەو مەبەستەش ئامادەن هەموو رۆژهەلاتی کوردستان خاپوربکەن.

ئەوەی دیکەیان فونداميێنتالیزمی مەزهەبی شیعەیە کە بۆ لە ناو بردنی نەیارانی دەولەتی داگیرکەری فارس پەنا دەباتە بە شەرع ولەو ریگایەوە شەرعیەت وڕەوایی دەدا بە کوشت وکوشتار وبە ئێعدام وتێرۆری دژبەرانی کورد لە ناو خۆی کوردستان ولە دەرەوەی کوردستان. دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی وبە کافر ناسینی کوردان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆئەو سیاسەتە کە لە ماوەیەکی کورت داولە دوای دەرکردنی حوکمی جیهادەکە کوشتاری جەنایەتکارانەی سەدان کەس لە کوردەکانی شاری نەغەدەی لێکەوتەوە ولە دوای ویش کوشتاری گوندەکانی قارنێ،قەلاتان، سەوزی، سەرچنار، قەرەگۆل بەڵگەی حاشا هەلنەگری تیرۆریست بوونی نیزامی ئاخوندەکان وپان ئێرانیستەکان نیشان دەدا.

جێ بە جێ کردن وبەرێوە بردنی سیاسەتی تێرۆری دەولەتی فارس لە رۆژهەلاتی کوردستان کاریگەری جۆراوجۆری لە سەر کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی ولە سەرجولانەوە بە تایبەتی داناوە.

لێدانی سەری جولانەوەکە بۆ لە ناو بردن یان لاوازکردنی کە بۆ ئەو مەبەستەش لە پلەی یەکەم دا رێبەریان رێبەرانی جولانەوەکەیان کردۆتە ئامانج وبۆ ئەو مەبەستە بە فێل وتەلەکە وبە زمان لوسی و وادە و بەلێنی وتەنانەت بە سوێند بە قورعان خواردنیش رێبەرانی کوردیان هەڵخەلەتاندووە وناجوانمێرانە شەهیدیان کردوون. جەعفەرئاغای برای سمکۆیان بە فرت وفێل کێشاندە تەورێز ولە سەرسەفرەی نان خواردن تێرۆریان کرد. سمایل ئاغای شکاک ناسراو بە سمکۆیان بە وادەو بەلێنی لە عێراقەوە هێنایەوە رۆژهەلاتی کوردستان ولە نزیک شاری شنۆ بە بیانوی چاو پێکەوتن لە گەڵ کاربەدەستانی حکومەت لە کەمینی ژاندرمان کەوت و شەهید کرا.

پێش رووخانی کۆماری کوردستان مەحەمەد نانەوازادە کە وەزیری بەرگری کۆمار بوو لە پیلانێکی پێشتر دارێژراودا ولە دەرفەتێکی لەباردا ئەو فرۆکەی کە ئەویان سوارکردبوو بە شێوەیەکی گومان ئاوی خستە خوارەوە وکوتیان کە ئیشکالی تیکنیکی بووە.

پێشەوا قازی مەحەمەدیان بە وادە وبەلێنی درۆ کە ئەگەر خۆی تەسلیم بکا کاریان بە خۆی و سەرانی حکومەتی کوردی وبە خەلکی کوردستان نیە هەڵخەلەتاندو لە ئاکامیش دا جگە لە پێشەوا قازی مەحەمەد وبراوئامۆزاکەی ١١ کەسیان لە ئاغاکانی فەیزوڵا بەگی لە سەقز لە سێدارە دا وبە دەیان کەسی دیکەیان لە شارەکانی مەهاباد وبۆکان وشنۆ ونەغەدە کوشت.

پێشەوا قازی مەحەمەد لە وەسیەتنامەکەی دا دەفرموێ " بڕوا بە عەجەمان مەکەن و پێش بینی ئەوەش دەکا کە لە داهاتوودا زۆرکەسی دیکە لە سەرانی کورد وەکوو ئەو دەکەونە داوی عەجەمان وبە دەردی ئەو دەچن ."

بە داخێکی زۆر گرانەوە پێش بینی پێشەوا قازی مەحەمەد وەڕاست گەڕا.

لە سەردەمی راپەرینی سالەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ چەندین ڕۆلەی ئازای کوردیان بە دەستی تێرۆریستەکانیان لە

باشوری کوردستان تێرۆر کرد کە نموونەی شەهید خەلیل خۆشەوی و سەدیقی ئەنجیری ئازەر بوون.

کاروانی تێرۆری چالاکان و رێبەرانی خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە هاتنە سەرکاری دەسەلاتی شومی ئاخوندەکان نەک هەر کەم رەنگ نەبووە بەڵکوو کۆماری ئیسلامی زۆر زیاترلە رێژیمی پەهلەوی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانە وچەپەلانەی درێژە پێدا وهەرلە سەرەتای دەسەلاتی نیگریسیان لە شاری مەهاباد لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی سەرگورد عەباسی وسەروان ئەحمەدی چەلەبیان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد دا تێرۆر کرد.

تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوڵای قادری ئازەرسەرەتای دەست درێژی تیرۆریزمی نێو دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە دەرەوەی سنورەکانی کوردستانە . کۆماری ئیسلامی بە بیانوی چارەسەری کێشەی کورد زۆرلە مێژ بوو کە پیلانی لە داو خستنی رێبەری بلیمەت ولێوەشاوی گەلی کورد د.قاسملووی دارشت بوو، تەنیا لە دەرفەت دەگەرا تاکوو جێ بە جێ بکا وبە داخەوە ئەو جارەش رێبەری کورد کەوتە داوی عەجەمان وزۆر دڕندانە وجەنایەتکارانە لە سەر مێزی بە ناو وتووێژ شەهیدیان کرد.

نەسرین قاسملوو دواین جار وپێش رۆیشتنی د. قاسملوو بۆ ئۆتریش بە دوکتوری شەهید دەڵێ " باوکت پێ کوتبوی کە ئەگەرعەجەمت بینی یان رابکە یان بیکوژە ". بە داخەوە ئەو قسەیەش وەراست گەرا وداگیرکەر بە ئامانجی چەپەڵی خۆی گەیشت وحیزبی دێموکرات وگەڵی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی بێ بەری کرد لە رێبەرێکی ئاوا هەڵکەوتوو لێوەشاوە.

دوای راپەرینی گەلی کورد لە باشوری کوردستان وبە هۆی شەڕی نێوخۆیی یەکێتی وپارتی لە سەر دەسەلات بۆشایەکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامی وتێرۆریستەکانی دروست بوو وبە کەلک وەرگرتن لە لاوازی نێوان پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان توانیان زۆر بە سانایی چەند سەد کەس لە کادر وپێشمەرگەی حیزبی دێموکرات وکۆمەڵە ویەکێتی شۆرشگیران وسازمانی خەبات بە شێوەی جۆراوجۆرلە نێو شارو گوندەکانی باشوری کوردستان تێرۆربکەن کە لە نێویان دا دەکرێ ئیشارە بە کاک غەفورهەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ونوێنەری حیزب لە بەغدا، کاک سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، کاک سەعید یەزدانپەنا سەرۆکی یەکێتی

شۆرشگێران،مەنسوری ڕەشە هەورامی وشاپوری فیروزی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆرشگێر وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ودەیان کادروپێشمەرگەی دیکەی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشوری کوردستان.

تەقاندنەوەی پاسی هەڵگری تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەر رێگای ئێنزێ . بۆلێ وشەهید کردنی چەندین کەس وبریندار بوونی دەیان کەسی دیکە.

دەستی چەپەلی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی گەیشتە کوردە پەنابەرەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە شارە جۆراوجۆرەکانی باکوری کوردستان وتورکیە کە وەکوو پەنابەر گیرساونە تەوە وچاوەڕوانی رۆیشتن بۆ ولاتێکی ئوروپایی وئامریکای بوون وهەن ولەو نێوە دا بە چەندین کەسیان لێ شەهید کراوە کە دەکرێ باس لە مەحەمەد قادری فەرماندە هێزی پێشووی ئەفشینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین.

٣ ساڵ وچەند مانگ دوای تێرۆرکردنی د.قاسملوو وهاورێیانی لە وییەن، ئەو جارتێرۆریزمی دە ولەتی فارس لە برلین گیانی د.سادق شەرەفکەندی سەرۆکی هەڵکەوتووی حیزبی دێموکرات وکاک فەتاح عەبدولی وکاک همایونی ئەردەلان و کاک نوری دەهکردی ئەستاند.

بە چاو لێکردن لەو سیاستەی داگیرکەرانی کوردستان پێویستە کاریگەری ئەو تێرۆرانە لە سەرخەباتی نەتەوایەتی ولە سەر کۆمەڵگای کوردستانیش تاووتوێ بکەین ودەکرێ لە وپەیوەندیە دا ئاماژە بە چەندین خاڵ بکرێ.

**یەکەم: بواری سیاسی**

بۆتێک شکاندنی خەباتی ڕزگاری خوازانە ویان لانیکەم لاوازکردنی جولانەوەکە هەموو کات سەرۆکی جولانەوەکە وکەسانی نزیک بەویان کردۆتە ئامانجی تێرۆرکە لە سەرەوە ئاماژەم بە ناوی سەرۆکەکان کرد.

دەکرێ بلێین کە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی مەحەمەد وهاورێیانی گورزێکی ئەوەندە کوشندە لە پێکەری

کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی بووە کە تاکوو ساڵانێکی دوورودرێژ و ئێستاشی لە گەڵ بێ کاریگەری نیگاتیڤی خۆی هەربە جێ هێشتووە وئاسەوارەکانی هەست پێ دەکرێ. داگیرکەران بەو سیاسەتە چەپەڵەیان بە کوردیان کوت کە بۆی نیە باس لە ماف وئازادی و سەربەخۆیی بکا ودەبێ دیلی وکۆیلەتی داگیرکەری فارس قەبوڵ بکا. شەهید کردنی د.قاسملوو زەبرێکی دیکەی وەها سامناک بوو لە حیزبی دێموکرات ولە کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کە لە ڕاستیدا کوردی ئەو پارچەی کوردستانی هەتیو کرد و ئێستاشی لە گەڵ بێ حیزبی دێموکرات جێ خۆی نەگرتۆتەوە وزامی ئەو برینە گەورەی کە لە جەستەی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بووە سالانێکی دوورو درێژی دەوێ تاکوو سارێژ بێتەوە.

بە هەمان شێوە شەهید کردنی د.شەرەفکەندی بۆ جارێ سێهەم ئەژنۆی حیزبی دێموکراتی شکاند و حیزبەکەی لاواز کرد و بووبە هۆی ئەوەی کە کەسانێکی پاوانخواز وناسیاسی لە ئاکامی باند بازی و پاوان خوازی جلەوی حیزب بە دەستەوە بگرن و لە ئاکامیشدا حیزب تووشی لەت بوون بکەن.

سیاسەتێکی دیکە داگیرکەری فارس هەوڵ دان بووە بۆ بە کارهێنانی کەسانی لاوازوخۆ فرۆش لە نێوریزی شۆرش وحیزبەکاندا بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکەن بۆ کاری تێرۆر. چەندین جارنموونەی وا لە حیزبی دێموکرات دا روویداوە.

- هەوڵ دان بۆ پەرە پێدانی سیستمی سیخوری وجاشێتی لە کوردستان دا سیاسەتی بەردەوامی داگیرکەری فارس بووە.
- سیاسەتێکی دیکە فارسەکان وەرێ خستنی پروپاگەندەی پڕلە چەواشەکاران وتۆهمەت لێدان لە حیزبەکان وخەباتی ڕزگارخوازانە کە گۆیا دەست کردی سەددام و ئامریکا و ئیسرائیل و سەهیۆنیزمە بە کارهێنانی پارتە سیاسەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە دژی پارتە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان.

### دووهەم: بواری تەندروستی ودەروونی

کرداره تێرۆریەکان لە بواری جەستەوە زەرەربە مرۆڤ دەگەینن وئەگەرکەسی پەلاماردراو نەکوژرێ لانیکەم زۆرجار وا هەبووە کە بە سەختی بریندار بووە ویان بەشێک یان هەموو ئەندامی جەستەی لە کار کەوتووە و لە ڕاستیدا

مروڤەکەی بە تەواوی لە ژیان کردووە و کاری بۆتە دوکتورودەرمان و نەخۆشخانە.

ئەوە جگە لەوەی کە لە بواری دەروونیەوە ئەومرۆڤە هەتا کۆتایی ژیان لە ترس و وەحشەت ودڵە ڕاوکێ دا دەژی. دیارە ئەو بوارە دەروونیە هەرکاریگەری بۆ سەرئەو شەخسە بە تەنیا نیە بەڵکوو کاریگەری گەورەتری بۆ سەر کۆمەڵگا بە گشتی وبنەماڵە ودۆستان وهاوخەباتیانی ئەو کەسەوە هەیە بە تایبەتی ودەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هیچ هەلْ و مەرجێکدا مرۆڤی شۆرشگێر و خەباتکار هەست بە ئارامی و ئاسودەیی نەکا و لە سێبەری خۆشی بسلەمێتەوە و لە دەوروبەری بە دایم بە گومان بێ و بە زەحمەت بڕوا بە هەموو کەسێک بکات.

بواری دەروونی بە هۆی کرداری تێرۆری دەولەتی داگیرکەر وا لە مرۆڤی شۆرشگێر دەکا کە لە شۆرش وخەبات سارد بێتەوە و ترس لە گیانی کە نەکا لە ناکاو بە دەستی تێرۆریستێک یان بە هۆی بۆمبێکەوە لە ناو بچێ وای لێدەکا کە لە فکری چارە کەوێ، بە تایبەتی ئەگەرهیچ دەرەتانی ئەوەی نەبێ کە بتوانێ وێرای هاوسەنگەرانی چالاکی سیاسی وسەبازی لە نێو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان ئەنجام بدا. بە شێکی زۆرلەو تێکۆشەرانەی کە ماوەی ٥ تا ٦ ساڵە لە تورکیە بێ چارەنووس ماونەتەوە، سەرچاوە لە سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران وەردەگرێ کە لە باشورلە دژی خەباتکارانی نێوپارتە سیاسیەکانی رۆژهەلات وژن ومندالەکانیان بە رێوەیان بردووە.

پیویستە ئیشارە بەو مەسەلەش بکرێ کە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی تێرۆروتۆقاندنی لە ولاتانی دیکەی جیهانیش بەرێوە بردووە وتەنانەت دەستی لە جولەکەکانی نیشتە جێ لە ئوروپا وئامریکاش نەپاراستوە.

ئەمرۆکە دەبینین کە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی چۆن هەموو عێراق و ئەفغانستان و لوبنان و ئیسرائیل و ناوچەکانی ژێر دەستی فەلەستینیەکانیشی داگرتوە و بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتی پارە وچەک وتەقەمەنی لە رێگای سپای پاسداران و سپای قودسەوە دەگەیێنێتە تێرۆریستان.

ئەمرۆ ئیدی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی سەرچاوە لە فوندامێنتالیزمی مەزهەبی شێعە و وردەگرێ و هەرکەس و لایەن و گروپێک بێتە سە رێگای لە ناوی دەبا. ئەگەر بێتوو ئەو رێژمە تێرۆریست وتێرۆریست پەروەرە دەستی بە چەکی ناوەکی ڕابگا، لە پلەی یەکەم دا کارەساتێکی گەوەرە یە بۆ کوردستان و پاشانیش بۆ ناوچە و بۆ جیهان .

ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە بوونی چەکی ناوەکی و ناسرانی وەکوو ولاتێکی خاوەن ئەو چەکە زۆر بە سانایی دەتوانێ سیاسەتەکانی بە سەرخەلکی ناوچە وجیهان دا دیکتە بکا وتەمەنی مانەوەی خۆی زۆر باشتر مسۆگەر بکا ولە هەمان کاتیشدا دەستی ئاوەلەتر دەبێ بۆ کوشتن وتیرۆری نەیاران و دژبەرانی نیزامەکەی بە گشتی و گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی.

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

## تێروانینێک لە سەر ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە کۆنگرەی شەشەمی خۆی پاش باس ومونافیشەیەکی زۆر سۆسیالیزمی دێموکراتیکی وەکوو ئامانجی دوارۆژی خۆی پەسەند کرد کە تاکوو ئیستاش لە بەرنامەی هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات دا ماوە و ئێستاش زۆر کەس هەن کە پێیان وایە لابردنی ئەو دروشمە لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات خەیانەتە بە رێبازی شەهید د.قاسملوو ولادانی حیزبە لە خەتی فکری ئەو رێبەرە بلیمەتە.

شەهید د.قاسملوو لە کتێبی "کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم" دا ڕوانگەکانی خۆی لە مەڕ سۆسیالیزم وگرینگی دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستی بۆ دوا رۆژی کوردستانی "ئێران" دیاری کردووە وبە باشترین سیستمی سیاسی پێناسە ی دەکا. من هەوڵ دەدەم بەش بە بەشی بابەتەکان لە ڕوانگەی خۆمەوە شرۆڤە بکەم وبیروڕای خۆم بخەمە بەر دیدەی خوێنەران.

### ١- سۆسیالیزم" ئامانجی دواڕۆژی حیزبە کەمان".

### مەسەلەی "نەتەوەیی" و "کۆمەلایەتی"

"یەکەم پرسیار کە دێتە پێش ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) کە حیزبێکی "مارکسیست

"یان "مارکسیست ـ لێنینیست" یان "کۆمونیست" و بە گشتی حیزبی چینی کرێکار نیە، بۆچی باسی سۆسیالیزم دەکا؟ لە وڵام دا دەڵێ "حدکا" .هەرچەند حیزبێکی دێموکراتی ـ میللی یە، بەڵام هەر لەو کاتەدا حیزبێکی پێشرەوە. حیزبی پێشرەوە بەومانایە کە دیهەوێ هاورێ لە گەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان، مەسەلەی کۆمەلایەتیش چارەسەر بکا ".

لە بابەت مەسەلەی نەتەوایەتی ئیشارە بە سێ جۆر دەکات: "

*یەکەم" سەربەخۆیی*

*دووهەم: فیدرالیزم*

*سێهەم: خودموختاری" .*

لە بابەت خودموختاری دەنووسێ " ئیمە بە لە نەزەر گرتنی وەزعی کوردستانی ئێران و وەزعی تایبەتی ئێران و وەزعی گشتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی نێوەراستدا، خودموختاریمان هەڵبژاردووە وپێمان وایە بە وەدەست هێنانی خودموختاری مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران دا چارەسەر دەکرێ وئەو کاتە رێگا خۆش دەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتی ولە نێو بردنی پاشکەوتوویی گشتی ولاتەکەمان. لە باری مەسەلەی کۆمەلایەتی یەوە، بە بڕوای ئێمە رێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی، پێکهێنانی سۆسیالیزمە. ئەساسی سۆسیالیزم لە ڕاستی دا لە نیو بردنی چەوسانەوەی ئینسانە. ح.د.ک.ئ. دەیهەوێ چەوساندنەوە لە کۆمەڵدا بە تەواوی لە بەین بچێ ولە بەر ئەوە پێکهێنانی سۆسیالیزمی وەک ئامانجێکی دوارۆژ بۆ کۆمەڵی خۆمان لە بەرچاوە". (کورتە باس، ل ٩ - ٧).

بە بڕوای من حیزبی دێموکرات بە دیاری کردنی ئامانجی دوارۆژ کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکە نابێتە پێشرەو. من پێشرەوە بوون لە دروشم دان دا نابینم، بەڵکوو پێشرەو لەوە دا دەبێنم کە چەندە سیاسەتەکانی حیزب لە نێو خەلک دا بڕەوی هەیە وچەندە ئەو دروشم وسیاسەتانە دەتوانن کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کە کێشەی سەرەکیە چارە سەر بکەن. ئایا ئەگەر حیزبی دێموکرات بە هەر دووک لایەنیەوە سۆسیالیزم لە بەرنامەکەیان دەرهاوێن پێشرەو بوونیان دەکەوێتە ژێر عەلامەتی پرسیار؟ من کە باوەر ناکەم! لەو بەشە دا لە

سەر دوو مەسەلەی دیکە هەڵوێستە دەگرم.

**یەکەمیان خودموختاریە و دووهەمیان سۆسیالیزمە.**

خودموختاری چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی ناکا و هۆیەکەشی زۆر ڕوونە، چونکە خودموختاری ناسنامەی سیاسی بۆ کورد دروست ناکا وکورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز لە ئێراندا پێناسە ناکا و کورد ناکاتەشەریکی دەسەڵاتی سیاسی، ئابوری، مالی، گۆمرۆکی، دەرەوە ونیزامی و هتد.

کورد لە سیستمێکی خودموختار دا کە سیاسەتە کەلانەکانی لە لایەن ناوەندەوە دیاری دەکرێ ناتوانێ ئابورێکی سەربەست وجیاوازی لە گەڵ ناوەند یان هەموو وڵاتی هەبێ.

ئەگەر وا فەرزکەین کە دەسەڵاتی ناوەند دەسەڵاتێکی دیموکراتیک وسکۆلار بێ و خودموختاریش بۆ کوردستان دابین بکا، ئابوری وڵات بە حوکمی دەسەڵاتی سیاسی وهەل ومەرجی جیهانی، پەیرەوەی لە ئابوری بازاری ئازاد دەکا و ئەوە دەوڵەتی ناوەندە کە سیستیمی ئابوری ومالی و بەرنامەی درێژخایەنی ئابوری بۆ سەراسەری وڵات دادەرێژرێ و هەموو ناوچەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە. بۆخۆبەستنەوە بە بازاری ئازاد،دەبێ کەرتی خسوسی بەهێز بکرێ ولە ئاکامیشدا بەشی زۆری بانک و کارگەو کارخانە گەورەکان و کارتیکە ئابوریەکان دەکونە دەستی ئەو بەشە کە هەم بازاری بە دەستەوەیە و هەمیش خوڵقێنەری کار بۆ هاووڵاتیانە.

یانی کورد ئەگەر خاوەنی خودموختاریش بێ ناتوانێ سیستمێکی ئابوری و سیاسی جیاواز لە ناوەند پەیرەو بکا. کورد کە خۆی سەربەخۆ نیە چون دەتوانێ لە کوردستان دا سیستمێکی سۆسیالیستی دابمەزرێنێ کە لە گەڵ ناوەند جیاواز بێ؟ ئایا دەکرێ لە وڵاتێکدا پەیرەوەی لە دوو سیستمی ئابوری و سیاسی بکرێ؟ بێ گومان نەخێر. پرسیارێکی گرینگ کە پێویستە بێتە بەرباس ئەوەیە کە، بۆچی حیزبی دیموکرات سۆسیالیزمی دێموکراتیکی بۆ هەموو ئێران لە بەرنامەی دا نەگونجاندووە؟

ئەگەر وەڵام ئەوە بێ کە حیزب دێموکرات حیزبێکی سەراسەری نیە و زۆرتر حێزبێکی ناوچەیەیە کە لە ڕۆژهەلاتی

كوردستان چالاكی سیاسی هەیە، ئەوكات ئەو پرسیارە دێتە پێش كە چۆن و بە كام هێزو دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری حیزبی دێموكرات دەتوانێ سۆسیالیزمی دێموكراتیك لە كوردستاندا پیادە بكا؟

ئایا لە رۆژهەڵاتی كوردستان دا تەنیا حیزبی دێمۆكرات وەكوو هێزێكی سیاسی لە مەیدان دا هەیە، یان حیزب وسازمانی دیكەش هەن؟ مادام لە هەڵ ومەرجی ئیستا دا چەندین رێكخراوی سیاسی لە رۆژهەلاتی كوردستاندا بوونیان هەیە وچالاكی سیاسیان هەیە، حیزب دێموكرات ناتوانێ بیرو بۆچوون و سیاسەت وپێگەی ئەو رێكخراوانە لە بەرچاو نەگرێ. بێ گۆمان ئەگەر ئاڵ و گۆر لە ئێراند دا پێك بێ و كۆماری ئیسلامی نەمێنێ، بە دەیان رێكخراوی دیكە دروست دەبن ودێنە مەیدانی خەباتی سیاسی.

## سۆسیالیزم لە بەرچی ئامانجی "دوارۆژە"؟

لەو بەشەدا وێرای ئاماژە كردن بە بوونی سێ جۆر دروشم وەكوو "دروشمی رۆژ، دروشمی تاكتیكی ودروشمی ستراتیژیك" وشی كردنەوەیان، د.قاسملوو دەنووسێ "بۆ ئێمە دامەزرانی سۆسیالیزم ئەسلێكی زۆر گرینگە. بۆ گەیشتن بەو ئەسلەش ئیستا لە ئاسۆی خەباتی گەلی كورد دا، سێ قوناغی ستراتیژیكمان لە بەرچاوە:

*قوناغی یەكەم .* وەدەست هێنانی خودموختاری یە. پاش وەدەست هینانی خودموختاری، هەتا پێكهێنانی هەڵ ومەرجی پیادە كردنی سۆسیالیزم دەبیتە قۆناغی دووهەم... ئەگەر "حدكا". بتوانێ ئەو بەرنامەی ئێستا هەیەتی، پاش وەرگرتنی خودموختاری لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا جێ بە جێ بكا، سەركەوتنێكی مێژوویی یەكجار گەورەی وەدەست هێناوە. بە دوای جێ بە جێ بوونی بەرنامەكەمان دەست دەكەین بە دانانی بەرنامەیەكی تازە بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم. ئەوە قوناغی سێهەمە. دامەزرانی سۆسیالیزم بۆ خۆی ماوەیەكی زۆری دەوێ. لەوانەیە ژیانی دوو یان سێ نەسلی بۆ تەرخان بكرێ. وڵاتی زۆر پێشكەوتوو لە ئوروپای رۆژهەلاتدا، وەك" ئەلمانی دێموكراتی " یان "چێكۆسلۆواكی" كاتێك دەستیان كرد بە دامەزرانی سۆسیالیزم، لە باری ئابوری وكۆمەڵایەتەوە بە سەدان ساڵ لە ئێمە لە پێشتر بوون، بەڵام هێشتا نالێن كە لە وڵاتی ئەواندا سۆسیالیزمی تەواو، واتە ئەوەی پێی دەكوترێ: سۆسیالیزمی پێشكەوتوو پیادە كراوە". (كورتە باس، ل. ١٢ - ١٠)

لەو بەشەدا ئەوەی جێگای سرنج و جێگای پرسیارە بۆ من ئەوەیە کە بەڕاستی بۆچی کێشەی نەتەوایەتی هێندە گرینگی پێ نەدراوە وەکوو بە کێشەی کۆمەلایەتی دراوە؟ بە کام مەنتیقی سیاسی خودموختاری وەکوو چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی پێناسە کراوە؟

لە بابەت دامەزراندنی سۆسیالیزم وەکوو سیستمی دوارۆژی ولات لە کوردستاندا، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا حیزبێکی سیاسی دەتوانێ بۆ نەسلی داهاتوو دروشم دیاری بکا وهەرلە ئێستاوە لە بەرنامەکەی دا بیگونجێنێ و بەو سیاسەتەی بلێ پێشرەوە بوون ؟ لە گەڵ ئەوەی ئەو بۆچوونە ئەو کات دارێژراوە کە د.قاسملوو شەهید نەکرا بوو وبەرەی سۆفیەت لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا زۆر بە هێز بوو، بەلام هەرەس هێنانی دیواری برلین ورمانی ئیمپراتوری یەکێتی سۆڤیەت وتەنانەت دابەش بوونی چێکۆسلۆواکی بە دوو ولاتی کۆماری چێک وسلۆواک ودابەش بوونی یوگوسلاوی بە چەندین ولاتی بچوک ئەو راستیە دەردەخەن کە مەسەلەی نەتەوایەتی لە پلەی یەکەم دایە وبە بێ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە دونیادا بە گشتی ورۆژهەلاتی ناوەراستدا بە تایبەتی ئیمکانی بوونی ئاشتی نیە.

چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بە دامەزرانی دەولەتی نەتەوەیی کۆتایی پێ دێ، نەک بە خودموختاری. گۆرانی سیستمی ئەو ولاتانەی کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ لە سەر ئەساسی بە قەولی خۆیان سۆسیالیزم و کۆمونیزم دامەزرابوون نیشانی دا کە بوونی نیزامێکی سۆسیالیستی نەک هەر ولام دەری کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکان لەو ولاتانە نەبوو، بەڵکوو دیکتاتۆری و هەژاری بە دواوە بووە. سۆسیالیزمی سۆڤیەت لە ڕاستیدا دەسەلاتی سیاسی رووسەکان بووبە سەردەیان گەلی ژێردەستیان کە بە ناوی بەرابەری ویەکسانی دەیان چەوساندنەوە ولە راستیدا دەسەڵاتی تاکە حیزبی لەو ولاتانەدا دەسەلاتێکی سەرکوتگەر و داپلۆسێنەر بوو. ئەو ولاتانە نەک هەر ئابوریەکەکان هیچ گەشەی نەکرد، بەڵکوو ئەمرۆش لە گەڵ سەدان گیروگرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەو روون کە نموونەی ڕادەی بێکاری و هەژاری زۆرە لەو ولاتانەدا.

ئەگەر باسی ئێران وکوردستان بکەین دەبینین کە کوردستان ١٧ ساڵ دوای شەهید بوونی د.قاسملوو هیچ گەشەیەکی ئەوتۆی لە باری ئابورییەوە بە خۆیەوە نەدیوە وسالانێکی دوورودرێژی دەوێ تاکوو لە کوردستاندا شاهیدی بوونی سەرمایەدار و پرۆلێتاریا بین. ئەگەر سەرمایە وسەرمایەدار نەبێ، سۆسیالیزم لە دژی کام نیزامی سەرمایەداری

دەبێتە ئالترناتیف؟ ئەگەر ئەزمونی رووسیە کە بازدان بە سەر سەرمایەداری دا بوو لە کوردستان دووپات بکەینەوە بێ گومان شکست دێنێ.

هەڵبەت بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم جگە لە بوونی ولاتێکی پێشکەوتوو لە بواری سەنعەتیەوە، هیندێک کێشەی دیکەش هەن کە د.قاسملوو خۆی ئیشارەیان پێ دەکا وەکوو: "کێشەی نەتەوایەتی، کێشەی زەوی وزار لە نێوان دەرەبەگ و وەرزێر دا ،جیا کردنەوە مەزهەب لە دەوڵەت، سێکۆلاریزم بە مانای واقعی خۆی دەبێ جێگیر بکرێ، دەنا دێموکراسی مانای نابێ".

ئەوەش با زیاد بکەین کە لە هەمووی گرینگترسیستمی پەروەردە دەبێ بە تەواوی ئاڵ وگۆری بە سەردابێ وکێشە کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر بکرێن وداب ونە ریتە کۆنە سوونەتیەکان بە تەواوی لە ناوبچن.

لە بابەت دروشمی خودموختاریش حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران لە کۆنگرەی ١٣ی خۆیدا دروشمی خودموختاری گۆری بۆ فیدرالیزم کە بێ گومان کاریگەری ئاڵ و گۆڕەکانی ناوچە و جیهان وبەتایبەت باشوری کوردستان بە سەرئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتەوە دیارە.

ئەگەر باسی لایەنی سێهەمی مەسەلەکە بکەین، لە دوای راپەرینی ١٩٩١ گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە دژی دەسەلاتی داگیرکەری بەعس و دامەزرانی پارلمان و دام ودەزگای حیزبی و خۆ بەرێوە بردنی کوردەکان لە ماوەی ١٦ سالی رابردوو دا گوتاری نەتەوایەتی لە نێو چین وتووێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە باشور بەرەو سەربەخۆیی گۆراوە وزیاتر لە ٩٠% لە خەڵکی باشوری کوردستان لە ریفراندمێکی ئازاد دا دەنگی بە سەربەخۆیی دا وگەشە کردنی هۆشیاری نەتەوایەتی هەر تایبەت بە باشوری کوردستان نیە و هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە.

رۆژهەلاتی کوردستانیش لەم سالانەی دوایی دا ئاڵ و گۆری بەرچاوی سیاسی و فەرهەنگی بە خۆیەوە دیوە ورزگاری لە دەست داگیرکەری فارس و هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی دەولەتی نەتەوەیی رۆژ لە گەڵ رۆژ زۆرتر گرینگی وزەرورەتی خۆی دەنوێنێ و ئەوە لە نووسین وهەڵویستی رووناکبیران دا بە باشی دەردەکەوێ.

شەهید د.قاسملوو لە پێناسەی سۆسیالیزم دا دەنووسێ "سۆسیالیزم وەک نیزامێک کە دژی سەرمایەداریە هاتۆتە مەیدان وکاتێک ئێمە دەلێێن: سۆسیالیزممان دەوێ ئەوە بەو مانایەیە کە سەرمایەداری ڕەددەکەینەوە وبڕوامان بەوە هێناوە کە سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەلایەتی لە لایەن مێژووە مەحکوومە.

لەم قسەیە بە هاسانی دەردەکەوێ کە دروشمی رووخانی سە رمایەداری، کاتێک دەبێ هەلْ بگیرێ کە ئیمکانی دامەزرانی سۆسیالیزم وەک ئەرکێکی هەرە نزیک پێکهاتبێ. (هەمان سەرچاوە ، ل . ١٥)

د.قاسملوو لە درێژەی ئەو باسە دا دەنووسێ "کاتێک دەلێین:" بمرێ ئیمپریالیزم" لە راستی دا بە دژی سەرمایەداری دروشممان هەلگرتوە، چونکە ئیمپریالیزم سیستمی جیهانی قوناغی ئیستای سەرمایەداریە. بەلام ئەگەر بێینە سەرباری نێو خۆی کوردستان، مەسەلەکە دەبێ بە جۆرێکی دیکە لە بەرچاو بگیرێ. واتە لە پێش دا دەبێ بپرسین کە ئێمە لە کوردستاندا بە دژی کام سەرمایەداری دەبێ دروشم هەلبگرین؟ ئەو سەرمایەداریە لە کوێیە ؟ (هەمان سەرچاوە، ل. ١٦).

بە بڕوای من دروشمی "بروخێ ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئامریکا" کە سالانێکی دوورودرێژ حیزبی دێموکرات دەیدا لە جێی خۆیدا نەبوو وئەو دروشمە جگە لە خۆ هیلاک کردن هیچ دەسکەوتێکی بۆ حیزب بە دواوە نەبوو، هەرچەند حیزب دواتر ئەو دروشمەی لە بەرنامەی خۆی فرێ دا.

لێرە دا پرسیارێک دێتە پێش کە براستی نیزامی سەرمایەداری بە سەرۆکایەتی ئامریکا کە ئەمرۆ لەوپەری بە هێزی دایە بە کێ وبە کام هێز ودەسەلات دەتوانرێ برووخێنرێ؟ خۆ سەرمایەداری دیوار نیە بەسەریەک دا بتەپێ وبرووخێ.

سیستمی سەرمایەداری وەکوو داوی جالجالۆکە هەموو دونیای تەنیوە ولە راستیدا گلۆبالیزمی ئابوری وسیاسی وفەرهەنگی و تێکنۆلۆژی کە بەرهەمی سەرمایەداریە پاشە کشەی بە سۆسیالیزم و کۆمونیزم کردووە و جگە لە چەند ولاتی دواکەوتووی وەکوو کوبا وویتنام و کۆرەی شیمالی نەبێ هیچ کام لە ولاتانی دیکەی دونیا خەبات ناکەن بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم. تەنانەت چینی کۆمونیست سیاسەتی بازاری ئازادی گرتۆتە بەر و ئەمرۆ بۆتە

یەکێک لە غولەکانی ئابوری جیهان. ئیدی ڕێگای توندوتیژی گرتنە بەر بۆ دامەزرانی نیزامێکی سۆسیالیستی یان کۆمونیستی لە باو کەوتووە وکاسترۆکان وچەگواراکان بوون بە ئەفسانە.

دەبێ بلێم کە، بە داخەوە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دواتر پاشکۆی ئێرانیشی پێوەلکا، ئەوەندەی شەڕوهەڵلا لە سەر سۆسیالیزم وچەپایەتی کراوە نیو ئەوەندە هەوڵ بۆ بەهێز کردن وبە ڕۆژڤ کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی نەدراوە ولە ڕاستیدا پێناسە کردنی حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی" دێموکراتی . میللی " زۆرتر بواری ڕواڵەتی هەبووە، دەنا سیاسەتەکانی دارێژراو لە لایەن ڕێبەری حیزبی دێموکرات کەوتۆتە ژێرکاریگەری سیاسەتی وڵاتانی سۆسیالیستی بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت.

لە گەڵ ئەوەی زۆر کوتراوە کە یەکێتی سۆڤییەت دۆستی ستراتیژکمانە و ئیمپریالیزم دوژمنی سەرەکیمان، بەڵام سیاسەتی ئەو بە ناو دۆستانە بە نیسبەت کورد سیاسەتێکی تەواو دوژمن کارانە بووە.

لێرەدا پرسیارێکی گرینگی دێتە پێش و ئەویش ئەوەیە کە، ئەمرۆ کە بەرژەوەندیەکانی ئامریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی کورد تاکوو ڕادەیەک یەک دەگرێتەوە ودۆستی جارانیشمان، واتە یەکیتی سۆڤیەت نەماوە، کورد دەبێ کام سیاسەت لە بەرچاو بگرێ، ئایا هەردەبێ وەدوای سۆسیالیزم وکۆمونیزم داوێڵ بین وئامانجی دوارۆژمان دامەزرانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستی بێ، یان نەخێر خۆمان لە گەڵ شەپۆلی سیاسەتی جیهانی کە ئامریکا سەرکردایەتی دەکا ڕێک خەین؟

ئایا دروشمی ڕووخانی سیستمی سەرمایەداری باوی ماوە و ئێمەی کوردی داماو وبێ بەش کە کۆماری ئیسلامیمان پێ نارووخێ، دەتوانین ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئامریکا بڕووخێنین؟

ئەمرۆ کە لە جیهاندا بە گشتی ولە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بە تایبەتی شەڕی تێرۆریسم وئیسلامی سیاسی لە گۆڕێ دایە وکورد لە گەڵ چوار دەولەتی داگیرکەر بەرەورووبە، خۆ پیناسە کردن وەکوو کۆمونیست و سۆسیالیست دەتوانێ چ دەسکەوتێک بۆ کورد بە دیاری بێنێ، جگە لە دروست کردنی کێشەی زیاتر وپەیدا بوونی دوژمنی زۆرتر؟

ئەگەر بەراوەردێک لە نێوان وڵاتانی پێشووی بەرەی سۆسیالیستی بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت ووڵاتانی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دروشمانە هەر لە سەر کاغەز جوانن ودەنا مەحالە لە جیهانی پڕ لە ئاژاوەی ئەمرۆدا بتوانین سیێتمێکی سیاسی و ئابوری وەها دابمەزرێنین کە چەوسانەوەی ئینسان بە دەست ئینسانی تێدا نەبێ.

بۆچارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان وبۆ ئەوەی گەلەکەمان لە ژێر سایەی سیاسەتی ژیرانە وسەردەمیانە دا بەرەو ژیانێکی ئاسودە بەرین دەتوانین کەلک لە ئەزمونی وڵاتانی سکاندیناوی وەربگرین کە لە راستیدا هەم دێمۆکراسی و ئازادی هەیە وهەمیش کێشە کۆمەلایەتیەکان کە کێشەی چینایەتیش دەگرێتە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر چارەسەر کراون.

لەو وڵاتانە دا لە گەڵ ئەوەی سیستمی سەرمایەداری حاکمە بەڵام بە شێوازێکی مۆدێرن کێشەی نێوان کریکار وخاوەن کار چارەسەر کراون وهەموو کرێکاران لە مافی بیمە بەرخوردارن وماوەی کار کردنیان لە حەوتوو دا ٤٠ ساعەتە وحەق دەستی باشیش وەردەگرن ورۆژانی شەممە ویەکشەممەش پشوودانە. کرێکاران بە دەیان سەندیکای کرێکاریان هەیە کە داکۆکی لە مافەکانیان دەکا ولە کاتی پێویست دابۆ زیاتر چەسپاندنی داخوازەکانیان مان دەگرن وهیچ کەسیش لە سەر مانگرتن ڕەوانەی زیندان ناکرێ وسزا نادرێ وهیچ کرێکارێکیش وتەنانەت رێکخراوە بە ناوچەیەکانیش باس لە رووخانی سەرمایەداری ناکەن و هەموویان خوازیاری رێفورمن لە سیستمی سەرمایەداری. لە وڵاتانی سکاندیناوی دا سیستمێکی سۆسیال بە شیوەیەکی زۆربە هێز دامەزراوە وکەسێک کە بێ کاردەبێ پارەی بیکاری لە لایەن دەولەتەوە پێ دەدرێ ولە هەمان کاتدا ڕادەیەکی زۆر لە کرێ خانوو، پارەی دوکتور و دەرمان وکارەبای لە لایەن دەولەتەوە بۆ دابین دەکرێ.

بۆ ژنان یەک ساڵ مەرەخەسی واتە پشوو دان دوای منداڵ بوون دیاری کراوە و لە ماوەی ئەو یەک سالە دا پارەی ئێش یان پارەی بابەتی منداڵ بە خێو کردنیان پێ دەدرێ، ئەوە سەرەرای ئەوەیە کە لە دەورانی حامیلە بوون دا و تەنانەت چەند مانگ دوای منداڵ بوونیش لە ژێرچاوەدێری دوکتور و دایرەی تایبەت بە ژنان و منداڵان دان و کۆرپە ساواکەیان بە بەلاش داودەرمانی بۆ دابین دەکرێ.

بۆ منداڵ تاکوو دەبێتە ١٧ ساڵ پارەی مانگانە دابین دەکرێ وئەگەر کەسێک ١٠ منداڵیشی هەبێ ، پارەی هەر ١٠ منداڵەکەی پێ دەدرێ. سیستمی پەروەردە بە خۆڕایی وخوێندن تاکوو تەمەنی ١٦ ساڵی ئیجبارییە.

بۆ لایەنی ئازادیەکەش ئەوە هەر باسی ناکرێ کە ئازادی ڕا دەربڕین بە تەواوی دابین کراوە. هەر ٣ کەس دەتوانن کۆمەڵە یان ئەنجومەنی خۆیان دروست بکەن. ئازادی ڕۆژنامەوانان و ڕۆژنامەکان هیچ بەربەستێکی لە پێش نیە ولە ڕاستیدا میدیای ئازادی ئەو وڵاتانە دەوری دەسەلاتی چوارەم دەگێرێ و لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە هەموو هاووڵاتیان بە بێ جیاوازی لە بەرابەر یاسا دا مافی وەکوو یەکیان هەیە. دەسەڵاتی سیاسی و مەزهەبی بە تەواوی لێک جیا کراونەتەوەو ئەوە پێی دەڵێن سکۆلاریزم بە تەواوی جێگیرکراوە وهێچ ئاین یان مەزهەبێکی جیاواز بۆی نیە خۆی بەر سەر خەلک دا فەرز بکا و لە لایەن دەولەتەوە بودجەی تایبەت بۆ کلیسا وهەموو ناوەندە مەزهەبیەکانی دیکەش دیاری کراوە و تەنانەت کلیسا بۆی هەیە مالیات لە ئەندامانی وەر بگرێ.

بە بڕوای من هەوڵ دان بۆ پێک هێنانی نیزامێکی سۆسیالیستی بۆ دوارۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە ئۆتۆپیا شتێکی تر نیە. کێشەی کورد سۆسیالیزم وکۆمونیزم نیە، بەڵکوو دروست بوونی کیانێکی کوردیە وساز کردنی هۆویەتی نەتەوەیی یە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە لە ڕوانگەی منەوە وەختی ئەوە هاتوە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو ئامانجی دوارۆژ لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات لاببرێ.

١٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

# چاوخشاندنێک بە بەرنامە وئەساسنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا

## بەشی یەکەم

### سەرەتا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو کۆنترین پارتی سیاسی کوردی لە ماوەی ٦١ ساڵ خەباتی سیاسی وچەکداری دا تووشی زۆر کەندولەندی سیاسی هاتوە . لە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە کۆمەڵێکی سیاسی ورۆشنبیری ناسیۆنالیستی کوردی بوو، هەلْ و مەرجی گونجاوی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئەو دەرفەتەی بۆ کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ورێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی کەسایەتی هەڵکەوتوو و لێوەشاوەی کورد شەهید پێشەوا قازی مەحەمەد ڕەخساند کە لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٦ی هەتاوی دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردی ڕابگەیێنێ و سابلاغ بکا بە پایەتەختی کۆمار.

کورد بوویە خاوەن ئالا ودەولەت ولەشکر ودام ودەزگای حکومەتی خۆی وبە ڕاگەیاندنی کۆمار لە راستیدا ڕەد کردنەوە و وەدەرنانی داگیرکەری فارس لە بەشێک لە خاکی کوردستانی تاکوو ئێستا داگیرکراو بوو.

دامەزرانی کۆماری کوردستان پەیامێکی روون هەم بۆ هەموو نەتەوەی کورد بە گشتی بوو کە کوردستان یەک خاکە وکوردیش یەک نەتەوەیە و هەمیش بۆ داگیرکەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان بووکە کورد دیلی و کۆیلەتی قەبوڵ ناکا وکورد خۆی دەبێ ودەیهەوێ حاکم بە سەر چارەنووس وخاک و ولاتی خۆی دابێ.

لە دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات بە هۆی زەختی زۆری دەسەلاتی حەمە رەزاشا تووشی چارەنووسێکی زۆر تاڵ دەبێ و بەشێکی بەرچاو لە رێبەرانی لە سێدارە دەدرێن ویان بە زیندانی درێژ خایەن حکوم دەدرێن و بەشێکی بەرچاوی ئەندامانیشی پەرەوازەی کۆماری ئازەربایجانی سەربە سۆڤیەت و ولاتی عێراق دەبن.

ئەو قەیرانەی کە تووشی حیزبی دێموکرات بوو دواتر لە تاراوگە بوو هۆی دروست بوونی چەند بەرەکی لە نێو ئەندامانی حیزب لە سەر چۆنیەتی ڕێبازی حیزب و شێوازی بە ڕێوە بردنی حیزب.

لە راستیدا رووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارە دانی پێشەوا قازی مەحەمەد زەربەیەکی یەکجار قورس بوو لە ناسۆنالیزمی کوردی بە گشتی و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی.

بە دروست بوونی بلۆکی غەرب بە سەرکردایەتی ئامریکا وبلۆکی شەرق بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت و بوونی ئەحزابی سەر بە سۆڤیەت وەکوو حیزبی تودەی ئێران ئالۆزی فکری وسیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی گرتەوە ولاینگرانی بیری چەپ و سۆڤیەت و لاینگرانی بیری نەتەوە خوازی کەوتنە سەنگەری دژ بەیەکەوە. ئەو دژ بە یەک بوونە نەک هەر بە قازانجی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نەشکایەوە بەڵکوو بووبە هۆی زیاتر لێک دابڕانی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکتر.

بە نێو خۆکردنی کێشەی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وناساندنی وەکووکێشەی نیو خۆی ئێران یەکەم هەنگاوە بۆ پاشە کشە بە ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان ولە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.

لکاندنی پاشکۆی ئێران لە کەوانەدا بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەموار کردنی ئەو ڕێگایە بوو کە دەسەلاتی داگیرکەر و پارتە سیاسی چەپ ومیللی مەزهەبیەکانی ئەو سەردەم خوازیای بوون. هەڵگرتنی دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان ولابردنی بە یەکجاری کەوانە لە دەوری نێوی ئیران وەکوو پاشکۆی حیزب دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی چواردا،بە هێز کردنی ئەو سیاسەتە بوو. جیا بوونەوە تاقمی حەوت کەسی لە کۆنگرەی چوارەم کە تەبلیغی ڕێبازی حیزبی تودەیان لە نێو حیزبی دێموکرات دا دەکرد نیشان دەری ئەوە بوو کە لایەنگرانی بیری چەپ وسۆڤیەت لە حیزبی ذیموکرات دا ئەویش لە رێبەری ئەو حیزبە دا زۆر بە هێزە بەڵام بە جیا بوونەوە ئەو کەسانە بیری چەپ بەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە رنەدا وشەڕوهەڵلا لە سەرچەپایەتی وکاریگەری و ڕەنگ دانەوەی لە سیاسەتەکانی حیزبدا هەروا بەردەوام بوو و لە کۆنگرەی پێنچەمیش دا هەڵلای زۆر لە سەر دروست بوو و لە کۆنگرەی شەشەم سەرەرای دروست بوونی کێشەی زۆر لە نیو ئەندامانی کۆنگرە سەرەنجام بووبە بڕیاری کۆنگرە و سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو ئامانجی دوارۆژی حیزب دیاری کرا و تاکوو ئێستاش لە بەرنامەی حیزبدا هەرماوە.

ئەوەیکە ناسنامەی حیزبی چیە وچۆن دەکرێ ئەو حیزبە پێناسە بکرێ هەموو کات لە نێو ئەندامانی داجێگای باس بووە کە بەڕاستی حیزبی دێموکرات حیزبێکی نەتەوەیە وداکۆکی لە بیری کوردستانی دەکا یان حیزبێکی چەپیە وڕوانگەی چەپایەتی بەسەری دا زاڵە.

بە بڕوای من حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان بەرەبەرە تووشی قەیرانی شوناس دەبێ و تاکوو دێ ئەو قەیرانە قوڵتر دەبێتەوە. واتە لە لایەکەوە لە نێو خەلک دا خۆی وەکوو حیزبێکی میللی ولە راسیدا تا ڕادەیەکیش مەزهەبی پێناسە دەکا وئەوەش لە بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە بە خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورعان دەست پێ دەکا بە باشی دەردەکەوێ ولە لایەکی دیکەوە بە چاو خشاندنێک بە پێکهاتەی ئەندامانی حیزب کە زۆریان لە تەبەقەی چینی هەژاری لادێین و لە چوارچێوەی بنەمالەیەکی موسولمان ونوێژکەر دا پەروەردە بوون ئەو پێناسە دەتوانین بە هێزتر ببینین.

لە لایەنی سێهەم بەشێک لە نوخبەی ڕێبەری حیزب کە کەسانی وەکوو شەهیدان د.قاسملوو و د.شەرفکەندیان تێدایە و هەڵگری بیری چەپ و دێموکراسین و پێناسەی حیزب لە دونیای دەرەوە زۆرتر وەکوو حیزبێکی چەپ و دێموکرات دەکەن و وەرگرتنی حیزبی دێموکرات وەکوو ئەندامی چاوەدێری ئینترناسۆنالیست سۆسیالیست دەکرێ نموونەی بە هێزی بۆ ئەو بۆچونە بێ.

بوونی قەیرانی شوناسی حیزبی دێموکرات سەرچاوە لە قەیرانی شوناسی کوردی لە ئێران دا دەگرێ کە قەیرانە هۆوییەتە.

واتە جیا نەکردنەوەی کورد بوون لە ئێرانی بوونە وئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات نەتوانێ وەکوو هێزێکی سیاسی گەورەوخاوەن پێگەی جەماوەری پێناسە ی ناسنامەی کوردی رۆژهەلات بکا. لە لایەک شەڕی چەکداری لە دژی دەسەلاتی ناوەند کە دەسەلاتێکی داگیرکەرە دەکا ودروشمی دیموکراسی بۆ ئیران وخودمختاری بۆ کوردستان دەدەدا ولە لایەکی دیکە داوای رووخانی ئەو رێژیمە دەکا کە داوای مافی لێدەکا. ئەو سیاسەتە پارادۆکسالە نەک تاکوو ئێستا هیچ خێری بۆ گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نەبووە، بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوەی کە دوو سەرۆکی لێوەشاوە وهەڵکەوتوو لە دەست بدا.

مەسەلەیەکی گرینگ کە حیزبی دێموکرات تاکوو ئیستا ئاوڕی لێ نەداوەتەوە ئەوەیە کە پێناسەیەکی بۆ ئەوە دوژمنەی کە شەڕی لە دژی دەکا نیە. سەرەڕای بە ڕوالەت گۆڕینی دروشمەکەی لە کۆنگرەی ١٣ دا بۆ فیدرالێ ، هێشتا سیاسەتەکان و هەڵوێستەکانی هەرهی سەردەمی شەڕی سارده . یان حیزبی دێموکرات پێدا چونەوەیەکی قولی بەسەر سیاسەتەکانی دا نەکردووە ودروشمی خودمختاری کە ساڵانێکی زۆر پیرۆزێکی تایبەتی هەبوو و وەکوو سیاسەتی" ژیرانە و واقعبینانە " سەیری دەکرا بە بێ هیچ گیروگرفتێک جێگای خۆی بە روالەت دا بە فیدرالی.

لەو ئال وگۆر کردنەی دروشمەدا پێناسەی حیزبی دێموکرات و کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هەر ونە. یانی لە بەرنامەی فیدرالیش دا ئەوکێشە گرینگە ،واتە کێشەی ناسنامە کە بە خاکەوە پەیوەستە هەرئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. بەشدارانی کۆنگرەی ١٣ دڵیان بەوە خۆشە کە حیزب دێموکرات پاش زیاتر لە نیو سەدە ماڵاوایی لە ئاڵای کوردستان کە خۆی وەکوو یەکەم حیزب لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هەڵی کرد بڕیاری دا ئالای کوردستان لە بنکەکانی هەڵبکا. چ عەجایب کەشفێک؟ !

## قەیرانی تەشکیلاتی و ئیدارە کردنی حیزب

جگە لە قەیرانی سیاسی کە بەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتوە وتاکوو ئێستاش هەربەردەوامە قەیرانی رێکخستن یان بە واتەی ئەدەبیاتی کوردی رۆژهەلات تەشکیلات وئیدارە کردنی حیزبی زۆر لاواز کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تێکۆشانی دا بە چەندین جار تووشی لەت بوون ولێک دابڕان بووە. هۆکارەکانیشی دەکرێ لە چەند خاڵ دا ببینینەوە:

*یەکەم: قەیرانی خودی شوناسی حیزبی دێموکرات*

*دووهەم: قەیرانی فکری وسیاسی لە حیزبی دیموکرات وشەڕی ڕاست وچەپ لە حیزبدا*

*سێهەم: پاوان کردنی تەواوی دەسەلات لە نێو رێبەری حیزب دا ولە رێبەریش دا لە دەستی دەفتەری سیاسی دا*

*چوارەم: بە رێوەبردنی حیزب لە سەر ئەساسی "سانترالیزمی دێموکراتیک"*

*پێنچەم: رێگە نەدان وبەشداری پێ نەکردنی ئەندامانی حیزب لە بڕیارەکان وبەڕیوە بردندا*

*شەشەم: خوێندنەوەی سەقەت لە چەمکی دێموکراسی وکەڵک وەرگرتنی خراپ بە قازانجی دەسەلاتی شەخسی و*

گرووپی

حەوتەم: نەسپاردنی کار بە کاردان و زۆر جار دیاری کردنی کەسانی بەرپرس لە سەر ئەساسی خزمایەتی وناوچەیی.

هەشتەم: پەرەپێدان بە ناوچە گەرایی ودروست کردنی باند وتاقم لە نێو کۆمیتەی ناوەندی وکۆمیتەکانی دیکەی حیزبدا

نۆهەم: لە کاتی بوونی قەیرانەکان پرس نەکردن بە ڕای گشتی حیزب بۆ چارەسەری قەیران

دەهەم: گرینگی دان وپارازتنی قازانجی شەخسی وگرووپی بە سەر بەرژەوەندی گشتیدا

یازدەهەم: سات وسەوداوشانتاژی ئەندامانی رێبەری لە کۆنگرەکاندا

دوزادەهەم: ڕەخنە لە خۆ نەگرتن ولێ نە پرسینەوە لە هەڵە تەشکیلاتی وئیداریەکان بە پێ پێویست ودا پۆشینی گەندەلی مالی هیندێک لە بەرپرسانی حیزبی لە لایەن بەرپرسانی سەرەوەتر.

سیزدەهەم: دانی دەسەلاتی زۆر بە کەسێک ولێ نە پرسینەوەی

چاردەهەم: هەوڵ دان بۆ دروست کردنی کاریزما لە ئەندامانی رێبەری

پازدەهەم: دووپات بونەوەی قەیرانەکان وهە ڵەکان وچارەسەر نەکردنیان لە سەر ئەساسێکی زانستیانە

شازدەهەم: هەوڵ نەدان بۆ چاکسازی وخۆ نوێ کردنەوە

حەڤدەهەم: رێگە نەدان بە ژنان ولاوان بۆ هاتنە نیو رێبەرایەتی بە شێوەی پێویست

هەژدەهەم: پێ نەسپاردنی بەرپرسایەتی بە ژنان لە ڕەدە جیاوازەکانی نێو حیزب

نۆزدەهەم: نەبوونی بەرنامەی روون وبە پێژ بۆ دژایەتی لە گەڵ سوونەتە دواکەوتۆکانی نێو کۆمەڵ

بیستەم: نەبوونی ستراتیژی روون وبە بەرنامە دارێژراو بۆ پەروەردە کردن ودانی زانیاری سەردەم بە ئەندامانی حیزب بە گشتی.

## چاو خشاندنێک بە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### چەند سرنجێک لە سەر پێشەکی بەرنامە

لە پێشەکی بەرنامەی حیزب دا سەرەتایەکی دوورو درێژنوسراوە کە بەشێکی بەرچاوی هیچ پەیوەندی بە مێژووی

حیزبەوە نیە وئەو بەشە کەمەش کە پەیوەندی بە حیزبەوە هەیە کەم وکۆری زۆری تێدایە.

بەرنامەی حیزبێکی سیاسی کتێبی مێژوویی نیە کە باس لە رووداوەکانی مێژووی گەلەکەی بکا ودەورو رۆلی مێژوو نووس بگێرێ. بە بڕوای من لە پێشەکی بەرنامەی حیزب دا پێویستە ئەو چەند خالە گرینگە لە بەرچاو بگیرێ.
باس کردن لە سالی دامەزرانی حیزب، شوێنی دامەزرانی

باس کردن لە ناوی حیزب لە کاتی دامەزرانیدا وئەو ئاڵ وگۆرکەی کە لە ناوەکە دا کراوە. یانی کاتی دامەزرانی حیزب، نێوی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) بووە کە دواتر پاشکۆی ئێرانی پێوە لکاوە.

ناوی سەرۆکانی حیزب لە کاتی دامەزرانیەوە تاکوو دواین کۆنگرە
ساڵ وشوێنی گیرانی کۆنگرەکانی حیزب وئەو بڕیارە گرینگانەی کە لە کۆنگرەکاندا دراون.
باسێکی کورت لە مێژووی خودی حیزب
باس لە کۆماری کوردستان وساڵی ڕاگەیاندنی کۆمار، نێوی سەرۆک کۆمار، پایەتەختی کۆمارو دەسکەوتەکانی

*پێرەوی نێو خۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*

*ماددەی یەکەم: ناو و ناوەرۆکی حیزب*

ناوی حیزب "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" ە.
بە بڕوای من پێویستە نێو وساڵی دامەزرانی حیزب هەم بە کوردی وهەم بە ئینگلیسی بنوسرێ وشوێنی دامەزرانی حیزب ئیشارەی پێ بکرێ.
دەبێ باس لە ئالآی کوردستان وئارمی حیزب بکرێ وناوەرۆکی شی بکرێتەوە.
٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو شێوە پێناسەی بۆ دەکرێ " حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشرەوە وشۆرشگێری خەلکی کوردستانی ئێرانە وچین وتوێژە نیشتمانپەروەرو ئازادیخوازی گەلی کورد لە ریزەکانی خۆی دا کۆ دەکاتەوە".

بە بڕوای من خۆ ناساندنی حیزب وەکوو "حیزبی پێشرەوە وشۆرشگێر "جگە لە دروشمێکی خاڵی چیتر نیە.
بۆ حیزب پێشرەو بوون وشۆرشگێر بوون پێناسە نین، بەڵکوو زۆرتر شوعارن. بە واتایەکی تر حیزبی دێموکرات لە سەرچ بیروباوەڕێک دامەزراوە وپرنسیپە گرینگەکانی کە حیزبی لە سەر دامەزراون دەتوانن ببن بە پێناسە بۆ حیزب.

بۆیە لە ڕوانگەی منەوە پەیرەوی نێوخۆ پێناسەیەکی روون لە حیزب بە دەستەوە نادا. من ڕام وایە کە دەبێ بنوسرێ کە حیزبی دێموکرات بڕوای بە مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هەیە، بڕوای بە ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ، بەرابەری ژن وپیاولە کۆمەڵگادا ،عەدالەتی کۆمەلایەتی ،کۆمەڵگایەکی ئازاد و پێشکەوتوو، بە ئاشتی جیهانی ودونیایەکی بە دوور لە چەکی ناوەکی وبە پارازتنی ژینگە هەیە.

### ماددەی دووهەم: ئەندامانی حیزب

لە پەیرەوی حیزبدا هاتوە کە " هەموو هاونیشتمانێکی دانیشتووی کوردستانی ئێران وهەموو کوردێکی ئێرانی دەتوانێ ببێ بە ئەندامی حیزبی دێموکرات ".

بۆ کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەڵێ " دەتوانن لە ڕێکخراوو ئەنجومەنەکانی لاینگری حیزب ببن بە ئەندام ئەگەر کەسێک زیاتر لە ٥ ساڵ لە کوردستانی ئێران ژیا بێ، دەتوانێ ببێ بە ئەندامی حیزب".

بە کارهێنانی وشەی هەموو هاونیشتمانێکی دانیشتووی کوردستانی ئێران بە واتەی خەلکانی غەیری کوردی دانیشتووی کوردستانیش دەگرێتەوە کە تورکی ئازەری، ئەرمەنی، ئاسۆری و فارسیش دەگرێتەوە.

کاتێک حیزب ئیدەعا دەکا کە حیزبێکی کوردی وناوچەییە وحیزبێکی سەراسەری نیە بەو مانایەیە کە کەسانی غەیری کوردی دانیشتووی کوردستان دەتوانن ببن بە ئەندامی حیزب و بە پێی ئەساسنامەی حیزبیش هەموو مافی ئەندام دەیانگرێتەوە و وەکوو ئەندامانی دیکە ی حیزب بۆیان هەیە لە کۆنگرە داخۆیان بۆ ئەندامی کۆمیتەی

ناوەندی وتەنانەت بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی وسکرتێری حیزبیش کاندید بکەن. ئەگەر بەو ڕوانگەوە سەیری حیزب بکەین ئەو دەم حیزبی دێموکرات ئیدی حیزبێکی تۆخی کوردی نیە وبەڵکوو حیزبێکی ئێرانیە کە لە کوردستان چالاکی هەیە.

ئەگەر قەرار بێ کە دانیشتووانی غەیرە کوردی کوردستان بتوانن ببن بە ئەندامی حیزب، بۆ چی حیزب خۆی وەکوو حیزبێکی سەراسەری پێناسە ناکا تاکوو ئەویش بتوانێ لە ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەندام گیری بکا و تەنیا حیزبێکی تۆخی کوردی نەبێ؟

بەڵام بۆ چی کوردەکانی بەشەکانی دیکە کوردستان ئەگەرزیاتر لە ٥ ساڵ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نەژیا بن ناتوانن ببن بە ئەندامی حیزب، بە لای منەوە شتێکی زۆر سەیرە.

بە ڕای من بە ئەندام وەرگرتنی کوردەکانی بەشەکانی دیکە کوردستان لە حیزبی دێموکرات دا نابێ وەکوو مەسەلەی میللیەت سەیری بکرێ .حیزب بە وەرگرتنی ئەندام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تواناتردەبێ و پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتی بە هێزتر دەبێ و زۆرتردەبێتە حیزبێکی کوردستانی.

لە پەیوەندی لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی ولات هیچ باسێک لە پەیرەوەی حیزبدا نەهاتۆتە گۆرێ کە لە بواری تەشکیلاتیەوە لە چ ڕەدەیەک دا جێ دەگرن و ئایا وەکوو ئەندامانی نێو خۆی حیزب چاویان لێ دەکرێ یان نا؟

بۆ ئەندامانی نێو خۆی حیزب ڕەدەی تەشکیلاتی دیاری کراوە وجیاوازی پێشمەرگە، کادر ورەدەی کادر دیاری کراوە، بەڵام بۆ ئەندامانی دەرەوە کە بە دەیان پێشمەرگە وکادری دێرین و لێوەشاوەیان لە نێو دایە هێچ ڕەدەیەکی تەشکیلاتی دیاری نەکراوە کە ئەوەش خۆی بە یەک چاو سەیر نەکردنی ئەندامانی حیزب دەردەخا.

### *ماددەی پێنجەم: مافەکانی ئەندامی حیزب*

لەو بەشە دا تەنیا ئاماژە بە بەشێک لە مافەکانی ئەندام کراوە وئیشارە بەوە نەکراوە ئەی ئەگەرتەنانەت

ئەوەنـدە مافـەش لـە لایـەن بەرپرسی ئۆرگـانێکی حیزبـی یـان ئەنـدامێکی رێبـەری پێشـێل بکـرێ چ میکـانیزمی دێموکراتیک لە حیزب دا دەتـوانێ زەمانـەتی پـارازتن وبـەرگری کـردن مافەکانی ئەنـدامی مـاف پێشـێل کـراو بـێ؟ ئەگەر هاتوو ئەندامی ناحەق دەرحەق کراو شکایەتیشی کرد وهیچ ولامێکی وەرنەگرتـەوە چـی، ئایـا ئـەوکات کـێ بەرپرسە؟ یانی ئەندام دەبێ چەند ساڵ ڕاوەستێ تـاکوو کۆنگرە دەگیـرێ وئـەوکات شکایەتەکەی ڕەوانەی کۆنگرە بکا؟ ئایا کۆنگرەی حیزب کۆبونەوەیەکی سیاسی بـەرینی حیزبیـە یـان دەزگایـەکی قـانون دانـان وقەزاییـە؟ کۆنگرە ناتوانێ وەکوو دەزگایەکی قەزایی هەڵس وکەوت بکا، تەنیا بوونی دەزگایەکی قەزایی سەر بە خۆ لە نێو حیزبدا دەتوانێ بەو مەسەلە گرینگە ڕابگا.

مەسەلەیەکی گرینگی دیکە پارازتن ورێزگرتنە لە مافی کەمینە لـە نـاو حیزبـدا کـە لـە لایـەن زۆرینـەوە نەخرێتـە ژێرزەخت وبە هۆی بوونی بیروڕای جیاواز مافەکانی پێ شێل نەکرێ.

یەکێک لە هۆکارەکانی جیا بونەوە ولێک دابڕانی حیزب لە سەراسەری مێژووی ٦١ ساڵەی دا ئەوە بووە کـە کەمینـە خستراوەتە پـەراوێزەوە وبـە چـاوی نـەیار سـەیری کـراوە. بـۆ کۆتـایی هێنـان بـەو تـە جروبـە تـالـە وچەنـد پـات نەبوونەوە پێویستە مافەکانی کەمینەی حیـزب بـە روونـی لـە پـەیرەوی نێـو خـۆی حیـزب دا دیـاری بکـرێ وئەگـەر زۆرینە خوازیاری لە بەرچاو نەگرتنی ئەو مافانە بێ دەزگای قەزایی حیزب دەبێ چارەسەری ئـەو کێشـە یـە بکـا، نەک کۆنگرە. یانی یاسا با سەروەر بێ نەک بڕیاری شەخس و گروپ.

### ماددەی شەشەم: سزادانی ئەندام

لەو بەشەش دا هەر چەند ئاماژە بەوە کراوە کە سزادانی ئەندام لە لایەن رێکخراوی حیزبی هـەر ئەندامێکـەوە بـە زۆربەی دەنگ بڕیاری لە سەر دەدرێ بەڵام بەو شێوە سزادانی ئەندام بە دوورە لە ئەسلی دێموکراتی و پارازتنی مافی مرۆڤ.

سزادانی ئەندام حیزبی دەبـێ لـە ئەستۆی دزگـای قـەزایی حیـزب بـێ نـە ک بەرپرسی کۆمیتەیـەک یـان ئەنـدامێکی رێبەری.

دووپاتی دەکەمەوە مادام باس لە سزا دەکرێ مەسەلەی ماف دێتە گۆڕێ کە تەنیا دەزگای قەزایی سەلاحیەتی ئەوەی هەیە کە دوای لێکۆلینەوە ی تێروتەسەڵ وعادەلانە ئەندام سزا بدا یان بە بێ خەتای بناسێنی.

ئایا بەرپرسی رێکخراوەیەکی حیزبی ئەوەندە لە بواری حقووقیەوە شارەزای هەیە کە عادەلانە لە مەسەلەکان بکۆلێتەوە و بڕیارێکی ئەوتۆ بدا کە لە یاسا دەرنەچێ؟ ئایا ئەندامی ماف پێشێل کراو کەسێک دەبێ داکۆکی لێ بکا؟

کەوابوو پارازتنی مافی مرۆڤ کە یەکێک لە ئەسلە ئەساسیەکانی دێموکراسیە دەبێ لە حیزبی دێموکرات دا کە خۆی بە دێموکرات پێناسە دەکا بە تەواوی لە بەر چاو بگیرێ وبە بێ بڕیاری دادوەر ئەندام نابێ سزا بدرێ.

*ماددەی هەشتەم: کۆنگرەی حیزب*

لە خاڵی سێهەم دا دەلێ کە" کۆنگرەی نائاسایی لە سەر داخوازی کۆمیتەی ناوەندی، یان دوو لە سێ پێرسۆنێلی تەواو وەختی حیزبی پێک دێ ".

بەکار هێنانی وشەی "دوولە سێی پێرسۆنێلی تەواو وەختی حیزب" ناحەقێکی گەورەیە کە لە ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی ولات دەکرێ وئەوان لەو مافە دیموکراتیە بێ بەش کراون ولە راستیدا هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە.

دانی بڕیارێکی لەوچەشنە پێشێل کردنی ئاشکرای مافی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی ولاتە وزۆرینەی رێبەری حیزب بۆ ئەوەی بە تەواوی دەست بە سەر حیزب دابگرێ وباند وتاقمی سەربەخۆی لە نێو حیزب لە کوردستان دا بە هێز بکا مەسەلەیەکی ئاوای لە پەیرەوی نێو خۆدا گونجاندووە.

مەسەلەیەکی دیکەی نادێموکراتی لەوپەیوەندیە دا ئەوەیە کە کۆمیتەی ناوەندی ئەو ماف وحەقە بۆ خۆی قایل دەبێ کە بە ئارەزووی خۆی ئەندامانی حیزب بە حەقی دەنگ دانەوە بەشداری کۆنگرە بکا.

لە تێبینی ژومارە ١ دا دەلێ "کۆمیتەی ناوەندی حەقی هەیە ئەو پەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە سێی ژمارەی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی لە ئەندامانی حیزب ڕاستەوە خۆ وبە حەقی دەنگ دانەوە لە کۆنگرە دا بەشداربکا".

ئەو جۆرە بڕیارە ڕاستەو خۆ پێشێل کردنی ئەساسنامەی حیزبە کە دەلێ "دەبێ هەموو ئەندامێکی حیزبی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دیاری بکرێ". ئەو کارەی کۆمیتەی ناوەندی ڕاستەوخۆ پێشێل کردنی مافی دێموکراتی هەر ئەندامێکی حیزبە کە خوازیاری بەشداری لە کۆنگرەیە ولە هەمان کاتدا باند بازی نێو حیزب بە هێزتر دەکا وکێشەی گەیشتن بە دەسەلات ودابەش کردنی ئالۆزتر دەکا. پاشان کێ دەلێ ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ بە دەنگی کۆمیتەی ناوەندی و بە مافی دەنگدانەوە دەچن بۆ کۆنگرە لە لایەن ئەندامانی ئۆرگانەکانی خۆیانەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ؟ تۆ بلێی ئەو کەسانە لە سەر ئەساسی لێوەشاوەیی وکارزانی هەڵبژێردرێن یان لە سەر ئەساسی خزمایەتی ،دۆستایەتی ،ناوچەگەرایی یان باندبازی؟

*ماددەی دەهەم: کۆمیتەی ناوەندی*

خالی ٢ باس لە ئەرک ودەسەلاتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا کە یەکێک لە ئەرکەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی وسکرتێروجێگری سکرتێری حیزبە.

بە بڕوای من بۆ ئەوەی حیزب زیاتر دێموکراتیزە بکرێ وئەو دێموکراتیزە کردنە راستەو خۆ کاریگەری هەبێ لە سەرکۆمەڵگای کوردیش ،واباشە یەکەم شەخسی حیزب لە گەڵ جێگرەکانی بە دەنگی ڕاستەوخۆی ئەندامانی کۆنگرە هەڵبژێردرێن. بەو جۆرە پێش بە باند بازی و سات وسەودای نێو کۆمیتەی ناوەندیش دەگیرێ وئەوددەم یەکەم شەخسی حیزب سەرۆکی هەموو حیزبە نەک هەرهی کۆمیتەی ناوەندی. مەسەلەیەکی زۆر گرینگ لەو پەیوەندیە داش ئەوەیە کە بە ڕێوە بردنی حیزب لە حالەتی سانترالیزم بگۆردرێ بۆ دەسانتالیزم و ئۆرگانەکانی خوارەوەش لە هەڵبژاردن و دابەش کردنی دەسەلات دا بەشداربن.

ئەگەر چەند کەس هەبن کە خۆیان بۆ سەرۆکی حیزب یان جێگری سەرۆک بپالێون و خاوەنی بەرنامە وپلانی خۆیان بن بۆ داهاتووی حیزب ئەو کات کێ بەر کێ بۆ وەدەست هێنانی پۆستی سەرۆکایەتی شێوازێکی دێموکراتیک

دەگرێتە خۆ وبە دوور دەبێ لە باند بازی نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وبەدەنەی حیزبیش دەنگ وڕەنگیان دیار دەبێ.

بە بڕوای من ئەو هاورێیانەی کە دەخوازن ببن بە سەرۆک یان جێگری سەرۆک پێویستە ساڵێک بەر لەکۆنگرە دەست بکەن بە تەبلیغی بیرو بۆچونیان لە سەر حیزب وسیاسەتەکانی وڕوانگە وبۆچونیان بۆ ئەندامانی حیزب بخەنە روو.

زور جوانترە بە یەکەم شەخسی حیزب بکوترێ سەرۆکی حیزب نەک سکرتێری حیزب. لە نێو ئەحزابی پێشکەوتووی ئوروپایی دا سکرتێری حیزب ئەرکی ڕاپەراندنی کارەکانی نێو حیزبی لە ئەستۆیە نەک سەرۆکایەتی کردنی حیزب.

لە خالی دووهەم دا، لە پەیوەندی لە گەڵ ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی دا باس لە "دیاری کردنی حەقی ئەندامەتی وبەرپرسیارەتی کۆمیتەی ناوەندی لە مەڕ داهات ودەرکەوتی حیزب کراوە".

یەکێک لە کێشەکانی کە هەموو کات لە نێو حیزبە کوردیەکاندا بۆتە هۆی ناکۆکی وبە کار هێنانی دەسەلات بە شێوەی ناڕەوا کۆنترۆل کردنی سەرچاوە مالیەکانی حیزب بووە لە دەستی چەند کەسدا کە ئەویش سەرۆکی حیزب وچەند کەسێکی لەو نزیک دەگرێتەوە. بۆ گۆرینی ئەو شێوازە پێویستە کە لە کۆمیتەی ناوەندی دا یان لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە کۆمیتەیەک لە کەسانی پسپۆر ولێزان لە کاروباری مالی هەڵبژێردرێ کە ئەرکیان دانانی پلان وبەرنامەی روون وئاشکرا ورێک وپێک بێ بۆ حیزب و ئاگایان لە هەموو سەروەت وسامانی حیزب هەبێ وهەر سێ تا شەش مانگ جارێک ڕاپۆرتی دەرکەوت و داهاتی حیزب بدەنەوە بە کۆمیتەی ناوەندی و ئەگەر گەندەلی مالی لە لایەن کەسێکەوە رووی دا بازرەسانی کۆمیتەی ناوەندی لە مەسەلەکە بکۆلنەوە وبە هاوکاری بەشی قەزایی کێشەکە چارەسەر بکەن. بوونی شەفافەیەت لە درکەوت وداهاتی حیزبی پێش بە گەندەلی ودزی دەگرێ.

لە سەر ئەو بڕوایەم کە شێوازی بەرێوە بردن و هەڵبژاردن بۆ رێبەری کردنی حیزب پێویستی بە ئاڵ وگۆری بنەرەتی هەیە ودەکرێ بە شێوازی مەجلیسی و شورایی حیزب بە رێوە بچێ کە لە نێو ژومارەیەک لە ئەحزابی سیاسی دا جێی خۆی گرتوە.

بەڵام پێویستە بە پێی بەربلاوی وگەورەیی و بچوکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ویان لە سەر ئەساسی پاریزگاکانی کوردستان رێژەی نوێنەران لە مەجلیسی حیزب کە لە راستیدا دەوری پارلمان لە نێو حیزب دا دەگێرێ دیاری بکرێ کە لانی کەم دەتوانێ پێکهاتەیەک بێ لە ٣٥ - ٤٠ کەس.

ئەرکەکانی ئەو مەجلیسە لە پلەی یەکەمدا سەرۆک و دوو یان سێ جێگری سەرۆک بۆ حیزب دیاری دەکا و ڕادەی ئەندامانی شورای بەرێوەبەری کە دەکرێ لە ١١ بۆ ١٥ کەس بێ دەست نیشان دەکا.
ئەو مەجلیسە لە نێو خۆیدا دەبێ دابەش بکرێ بە سەر چەندین کۆمیتەی جیاواز وهارکامیان بەرپرسانی خۆیان بۆ دیاری بکرێ.

١- کۆمیتەکان دەکرێ بەو شیوازە بن:
٢- کۆمیتەی پارازتنی مافەکانی مرۆڤ
٣- کۆمیتەی چاوەدێری ولێکۆلینەوە
٤- کۆمیتەی پلان وبەرنامە
٥- کۆمیتەی ژنان
٦- کۆمیتەی بەشی پەیوەندیەکان کە ئەویش خۆی دەبێ دابەش ببێ بە سەر چەند کۆمیتەی دیکە دا وەکوو:
٧- کۆمیتەی پەیوەندیە کوردستانیەکان
٨- کۆمیتەی پەیوەندیە ئێرانیەکان
٩- کۆمیتەی پەیوەندیەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات کە ئەویش خۆی پێویستە دابەش بکرێ بە سەر چەند بەش دا:
١٠- بەشی پەیوەندی بە ڕاگەیاندن ومیدیای ولاتانی دەرەوە بە گشتی
١١- بەشی دیپلۆماسی لە پەیوەندی بە ولاتانی دەرەوە
١٢- دامەزرانی بە فەرمی دەفتەری نوێنەرایەتی لە ولاتە جۆراوجۆرەکان
١٣- بەشی پەیوەندی گرتن بە کۆر وکۆمەلە مەدەنیە نێو خۆیی ونێو نەتەوەییەکان
١٤- کۆمیتەی بەرنامە وبودجە
١٥- کۆمیتەی لاوان

١٦- کۆمیتـەی راوێژکـار، بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێویسـتە لـە پسپۆرانی بـاری سیاسـی، ئـابوری، نیزامـی، حقـوقی و کۆمەلایەتی پێک بێ.

١٧- کۆمیتەی ڕاگەیاندن

١٨- کۆمیتەی ئاموزش

١٩- کۆمیتەی پەروەردە

٢٠- کۆمیتەی قەزایی

٢١- مەجلیسی حیزب جگە لەو ئەرکانە پێویستە چاوەدێری بە سەرکارەکانی شورای حیـزب دابکـا کـە پێکهـاتوو لـە سـەرۆک ودوو یـان سـێ جێگـری و ١١ تـا ١٥ ئەنـدامی دیکـە کـە ڕاسـتەوخۆ بـە دەنگـی ئەنـدامانی مـەجلیس هەڵدەبژێردرێن.

٢٢- مەجلیسی حیزب پێویستە هەر ٦ مانگ جارێک کۆ ببێتـەوە وبـە کـارو ئەرکـەکانی شـورای حیـزب و دەرکـەوت و داهاتی حیزب دا بچێتەوە.

٢٣- مەجلیسی حیزب کە هەڵبژێردراوی کۆنگرە دەبێ بۆ ماوەی ٣ تا ٤ ساڵ تێکۆشانی دەبێ وپێویستە بە وردی چاوەدێری کارەکانی شورای حیـزب بکـا وشـورای حیـزب دەبـێ بـە شێوەی سیسـتماتیک راپـۆرتی کاروتێکۆشـانی خـۆی بداتەوە بە مەجلیسی حیزب.

ئەرکەکانی شۆرای حیزب بەڕێوەبردن و ڕاپەراندنی سیاسەتەکانی دیاری کراو لە لایەن مەجلیسی حیزبەوەیە.

١١ی جوولای ٢٠٠٧

## لێک دابڕان بۆچی ویەکگرتنەوە لە پێناو چیدا؟

لە دوای لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وجیا بونـەوەی بەشێکی بـەرچاو لـە ئەنـدامانی رێبـەری و کادرو پێشمەرگە کان وخۆ پێناسە کردنیان وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان ، ڕەوتێکی زۆر تاڵ وتەجروبە کراو

کەوتە نێو هەر دووک لا وبە داخەوە کار کێشایە بێ حورمەتی وسوکایەتی بە یەکتر کردن وئەوەی نەدەبا کوترابا وبیسرابا کەوتە سەر سایتەکانی ئینترنێت وناو وناتۆرە وبوختانی زۆر ناڕەوا وتەنانەت هیرش بۆ سەر ژیانی شەخسی تاکەکان وبنەمالەکانیان گەیاندە لوتکە و ئەوەی داگیرکەری فارس پێ خۆش بوو هاتە دی ولە ئاکامیش دا زنجیرە تێکهەلچونێکی خوێناوی لێ کەوتەوە کە چەندین کەس لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەقۆ وپاچ وپێمەرە لە لایەن هاورێیانی دوێنێ خۆیان بریندار کران وماڵی ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سوتینرا وتەنانەت ژنان ومندالی کادرو پێشمەرگەکانیشیان لەوسوکایەتی وتێهەلدانە بێ بەش نەکران.

دوای دیخالەتی هێزەکانی ئاسایش، وا ماوەیەکە بە خۆشیەوە وەزعەکە ئارام بۆتەوە، بە لام تا ئەو کاتەی ماڵ وبنکەکانی هەر دووک لا لە نزیک یەک بن وچاویان لە چاوی یەکتربێ ئەگەری دووپات بوونەوەی ئەو جۆرە رووداوانە کە دەکرێ بە کارەسات ناویان ببەین هەر هەیە ولە ڕاستیدا مرۆف پێکەنینی بە عەقلی ئەو کەسانە دێ کە پلان دارێژەرو بە رێوە بەری ئەو هێرشانە بوون و خۆیان بە دێموکرات وەسف دەکەن وشەرعیەت وئیزن بە خۆیان دەدەن کە خوێنی لاوی کورد بە دەستی لاوی کورد برێژرێ، تاکوو بە قەولی خۆیان حیزبی دێموکراتیان لە لارێ بوون ڕزگار کرد بێ ونیشان بدەن کە وەفا دارن بە رێبازی رێبەرانی شەهید. ئایا بە و جۆرە سیاسەت وهەڵ سوکەوتانە دەلێن دیموکراسی وداکۆکی کردن لە ڕادەربرینی ئازاد ورێز گرتن لە مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا؟ ئەگەر رێبەرانی حیزبە کوردیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە حیزبی دێموکراتیشەوە ئاوا دەیان هەوێ لە داهاتوو دا دەسەلاتداری رۆژهەلاتی کوردستان بن وئاوا بۆ پارازاتنی دەسەلاتی حیزبیان دەستە ویەخەی یەکتر بن و ئەندامانی رێکخراوەکانیان بکەنە دەستە چیلەی ئاگری شەڕی دەسەلاتی خۆیان، من سەد جار ئاوات بە دەسەلاتی داگیری فارس دەخوازم.

باشە ئەگەر ئەمرۆ حیزب وسازمانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کە یەک میتر خاکی ئازاد کراویان لە رۆژهەلاتی کوردستان بە دەستەوە نیە تاکوو بنکەی پێشمەرگەی لێ دابنێن وهەموویان وا بە چەندین ساڵە کەوتونەتە ژیانی ئوردوگایی نە توانن بیرو ڕای ئازاد ودژ بە یەکتر لە نێو چوارچێوەی رێکخراوەکانی خۆیاندا لە یەکتر تەحەمول بکەن ، سبەی رۆژ کە دەسەلاتی سیاسیان لە رۆژهەلاتی کوردستان کەوتە دەست دەبێ چۆن بە رەو رووی سەدان ڕەخنە ودەنگی نارازی خەلک لە سیاسەتەکانیان ببنەوە؟

ئایا دەکرێ حیزب یان سازمانێک کە ئامادە نەبێ لە نێوخۆیدا ئاڵ وگۆر پێک بێنێ وچاو بە هەڵەکانی دا بخشێنێتەوە وچاکسازی پیویست لە نێو خۆیدا پێک بێنێ ئیدەعای دێموکرات بوون ونوێنەر ورێبەری جولانەوەی ڕزگاری خوازانەی گەڵی کورد وچینی کرێکار وزەحمەتکێش بکا؟

ئایا بە بێ لە خۆ بوردوویی و مایە لە خۆدانان وبەرژەوەندیەکانی گەل ونیشتمان وەسەر بەرژەوەندیەکانی شەخسی ورێکخراوەیی خستن دەکرێ باس لە شۆرشگێر بوون بکەین؟

ئەوانە هەمووی پرسیارهایەکن کە بەرەورووی هەموو حیزب وسازمانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەبنەوە وناکرێ بە بێ ولامی پیویست ودۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاو و سەردەمیانە کە ئامانجی دابین کردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بێ باس لە ڕزگار کردنی گەل ونیشتمان بکەن!

بۆ ئەوەی لە باسەکەمان کە باسی لێک دابڕان ویان تێکەڵ بونەوەی لە سەراوەی هەر دووک لایەنی حیزبی دێموکراتە لامان نەدابێ دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین کە براستی لێک دابڕان بۆچی و تێکەڵ بونەوە لە پێناو چیدایە؟

ئایا عەقلیەتی پاوان خوازی وناوچەگەرایی لە نێو هیندێک لە ئەندامانی رێبەری و بەشێک لە کادرەکانی هەردووک لاکۆتایی پێ هاتووە و ئامادەن کە پێی لە هەڵەکانیان بنێن ولاپەرێکی نوێ لە هەلس وکەوت وپەیوەندیەکانیان هەڵ بدەنەوە وبەرژەوەندی نەتەوەیی بە گرینگتر لە بەرژەوەندی شەخسی خۆیان بزانن؟ من کە بروا ناکەم. تێکەڵ بونەوە دەبێ لە سەر بناغەی گۆرینی عەقلیەتی کۆن ورەخنە لە ڕابردووی خۆ گرتن وباوەر بە نوێ خوازی وچاکسازی بێ ، نەک دابەش کردنەوە پۆستەکانی رێبەری ورازی کردنی دڵی یەکترلە سەراوە! تێکەڵ بونەوە دەبێ بە پرس کردن بە ئەندامان وبەدەنەی هەر دووک لا بێ ودەبێ بەدەنە دەورو نەخشی خۆی پێ بدەن وهەموو بڕیارە گرینگ وچارەنووس سازەکان بە ناوی حیزب بە بێ بەشداری بەدەنەی حیزب نەدرێن!

کاتێک دەڵێین حیزب هی هەمووانە، دەبێ هەموو ئەندامێکی ئەو حیزبە بەشدار بێ لە ئەرک ومافی وەک یەک ولە دیاری کردنی چارە نووسی حیزبەکە ی و ئیدی چەند کەسێک نەبنە ڕدێن سپی وکویخای هەموو حیزبەکە وسەروەت

وسامانی هەموو حیزبەکە لە ژێر دەستیان دابێ وکەسیش نەبێ لێیان بپرسێتەوە وخۆشیان لە سەرەوەی هەموو یاسا وڕێسایەک دابنێن!

حیزبی دێموکرات بە داخەوە چەندین جار تووشی لەت بوون ولێک دابڕان هاتوە وتەنانەت تێکەڵ بونەوەش کە رووی داوە ئاکامی پۆزیتیفی نەبووە وزۆرتریەکتر رازی کردن وچاو بەست کردن خەلکی کوردستان بووە تاکوو بە خۆ داچونەوە وڕزگار کردنی حیزب لەو تەنگەژەیە کە هەر دەم هەڕەشەی دووبارە لەت بوونەوەی لێ کردوە.

لە ڕاستیدا تێکەڵ بونەوە هیچ خێری لە پلەی یەکەم دا بۆ خودی حیزب وپاشانیش بۆ رۆژهەلاتی کوردستان وجولانەوە نابێ ئەگەر سەداقەت، راستگۆیی وبڕوا ومەتمانە بە یەکتر کردن وئاڵ وگۆری قولی سیاسی ،تەشکیلاتی و ریز گرتن وپارازتنی مافی ڕادەربڕین ودابەش کردنی دەسەلات بە سەر هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی و نوێ کردنەوەی رێبەری وچاکسازی بە دواوە نەبێ.

با عاتیفانە بۆ مەسەلەکان نەچین وپێمان وابێ ئەگەر ماوەیەک یا خو چەند مانگی دیکە هەر دووک لایەنی حیزبی دێموکرات لە ژێر زەختی لایەنی دەرەکی ناچار بە بە ناو یەکگرتنەوە بکرێن ئیدی بە یەکجاری کۆتایی بە کێشەکانی دەرون حیزبی دێ و کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ڕزگار دەبێ.

لە ڕاستیدا بە بێ لە بەرچاو نەگرتنی ئەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە باسم کرد یەکگرتنەوە کارەساتی پتری بۆ گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە دوا دا دێ وئەو کولتورە کە خوازیاری دابەش کردنی دەسەلاتی سیاسی لە نێوئەندامانی رێبەری بە شێوەی فیفتی فیفتی وسات وسەوداو شانتاژە دەبێتە شتێکی داسەپاو وریز گرتن لە ڕا ومافەکانی تاکەکەکانی حیزب وکۆمەڵگا مانایەکی نابێ و باس کردن لە کۆمەڵگای مەدەنی و یەکسانی لە نێوان ژن وپیاو دا و پێشکەوتنخوازی و دێموکراسی و هەڵبژاردن ومافی خۆ پالاوتن بۆ هەمووان بە شێوەی یەکسان شتێکی زۆر بێ مانا دەبێ و ئەو کات دەسەلاتی حیزبی وحکومی زۆرتر لە دەسەلاتی سەرۆک عەشیرەتێک وئاغایەک دەچێ تاکوو حیزبێکی سیاسی وحکومەتێکی پێشکەوتوو ودێموکراتیک.

٣٠ی ئەپریلی ٢٠٠٧

# بۆ شەهیدانی لە قەنارە دراوی چوارچرا

شار لە دڵە ڕاوکە دا دەژی،گەورە وبچوک غەمبارن، ژنان ڕەشیان پۆشیوە وپیاوان دەستە وەستان دۆش داماون کەس مەیلی بۆ هیچ ناچێ وتۆزێکی غەماوی ئاسمانی شاری داگرتوە. لە هەر کوچە و شەقامێک ولە نێو هەرماڵێک تازیە بەردەوامە. تازیە بۆ مەرگی کۆمارە جوانەمەرگە کەیان، بۆ کوژانەوەی چرای رووناکی ماڵەکانیان، بۆ ئاوا بوونی ئەستێرەی بەختیان. تازەیە دارن بۆلە دەست دانی ئازادیان، بۆ گۆڕ کرانی هیواکانیان وبۆ سوتاندنی خەرمانی بەرهەم هاتویان.

دڵەکان زام داران وئەسرین لە چاوەکاندا قەتیسماوە ونەورۆز بۆ هەمووان بۆتە خەزان.

کەس هەست بە خۆشی ناکا وتەنانەت مندالەکانیش لە یاری کردن وەستاون وکۆلانەکان وەخۆیان ناگرن. شاربە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە وبە قامەتێکی چەماوە وە چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتێکی دیکە دەکا وماتەمێکی قووڵ باڵی بە سەردا کێشاوە و شەوە زەنگێکی تاریک بەری ڕۆژی گرتوە.

ژنان دەستەکانیان بەرەوئاسمانە و داوای ڕەحم وکەرەمی یەزدان دەکەن وپیاوان دەستە دەستە خۆیان لە مزگەوتەکان داوێن و قورعان هەڵدێن و دوعا دەکەن وتەڵەبی یارمەتی لە خالەقی زەوی وزەمان دەکەن.
پرسیارێک مێشکی گەورەوبچوکی بە خۆیەوە ئالۆز کردووە، بلێی ئەو جار چ کارەساتێک چاوەڕوانی شارەکەیان بکا؟ هەواڵی جوراوجور بلاو دەبنەوە، بە لام هیچیان پەیامی خۆشیان پێ نیە.

هەموو شتێک کۆتایی هات. ئاخر خودایە، ئەو خەونە خۆشە بۆ وا زوو تەواو بوو، بۆ تەنیا یازدە مانگی خایاند، نەدەکرا چەند ساڵێکی دیکەش درێژەی کێشابا؟

ئاخ، ئاخ وهەزار جار ئاخ، ئەو یازدە مانگە هە رگیز لە یادان ناچێ وکوردان لەو ماوە کورتە دا تامی راستەقینەی ئازادی وسەربەخۆییان چێشت و لە دونیای رووندا بەهەشتیان بە چاوی خۆیان دی.

ئەهریمەنە شەو پەرەستەکان کە بە دیتنی هەتاو کوێر بوون وچاویان بە هەڵاتنی ئەستێرەی بەختی کوردان لە ئاسما نی کوردستانی بە زۆر داگیرکراودا هەڵنەدەهات، بە باڵە قەلە ڕەشە ئاساییەکانیان بەری رووناکی چرای مالەکانیان گرت وبە تیغی ڕەش وخوێناوی زۆرداریان سەری کۆتری ئازادیان گۆشاوگۆش بڕی وکۆرپەی ساوای سەربەستیان لە لانکە خنکاند و پۆستالی ڕەش و گلاویان خاکی کوردستانی نەجس کردەوە.

شەو پەرەستان شادیان کرد بۆ مەرگی رووناکی ، بۆلە گۆڕنانی ئاواتی میلیۆنان مرۆڤی بێ بەش لە مافەکانیان. ئەوان خوێنی مرۆڤە بێ تاوانەکانیان ڕشت تاکوو هەستی دڕندانەیان بۆ چەند ساتێک دامرکێنن.

زگیان دڕی تاکوو گورگ ئاسا برسێتیان لە گۆشت وخوێنی ئینسانە پاک وبێ گوناهەکان تێر بکەن.

ئەوان کاوڵیان کرد وسوتاندیان تاکوو ڕێگای باپیرە موغۆلەکانیان کوێر نەکەنەوە وبیرەوەریەکانیان لە یادان نەسڕنەوە وهەر دەم بە پیرۆزی بیانپارێزن.

ئاخر زوحاکە مار لە شانەکان بۆ تێر کردنی مارەکانی سەر شانیان پێویستیان بە مێشکی لاوان وگۆشتی تازەی دەم ساتوری ژنان وپیاوانی کورد هەبوو ولە قەسابخانەی ولاتی داگیرکراوی کورداندا ئەو گۆشتە جوان وتازەیە یان بە خۆرایی دەست دەکەوت.

ئەوان ترسیان لێ نیشتبوو کە نەکا کاوەی پەیام هێنەری ئاشتی وئازادی تەخت وبەختی زۆرداریان لێ بڕووخێنێ وئالای ڕزگاری چەوساوەکان لە سەر قەلای بە کەڵە دروست کراوی هەژارانی کوردستان هەڵبکا وتەپلی سەرکەوتن بە گویان دا بچرپێنێ.

هەر بۆیە کاوەی فرشتەی ئازادیان لە نێو دیوارە بەردینەکان ولە پشت میلە ئاسنەکاندا بەند کردبوو وبە دەیان ئینسان کوژیان لە دوروبەی دانابوو.

شار چاوەروان بوو، خەو لە چاوان زڕا بوو وخواردن لە لێوان حەرام بوو بوو. دڵەکان خورپە یان دەکرد وگویەکان

قوت بوون بۆ بیستنی رووداوێکی تازە. هەوالی جۆراوجۆر بلاو دەبوونەوە، بە لاَم هیچان خەبەری خۆش نەبوون.
رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ بوو ،خۆر وردە وردە لە کەڵ هاتە دەر وتیشکی جوانی شاری لە ئامێز گرت.

پیاوان بە بێ مەیلی وبە جەستەیەکی شەکەتەوە لە مالەکانیان هاتنە دەرتاکوو برۆنە بۆ کاروکاسبی.

لە چوارچرا، لە گانگای بیری ئازاد، لە چاوگەی ئەوین وخۆشەویستی ،لە سوێنگەی ئازادی وسەربەخۆیی ،لە قیبلەگای میلیۆنان کوردی چارەڕەش وچەوساوە،لەوشوێنەی کە پێشەوای مەزن مزگێنی دامەزرانی دەولەتی کوردی بە هەمووان دابوو، لەوشوێنەی کە بە هەزاران کوردی بێ بەش بە بیستنی هەوالی دامەزرانی دەولەتی کوردی زەماوەندی سەرکەوتنیان گێرابوو، لەو شوێنەی کە پێشەوای ئازا ودلێریان، کاوەی زوحاک کوژیان هیوا وئەوینی ژینێکی نوێ بۆ بە دیاری هێنابوون، تەرمی سێ فرشتە، سێ مێرخاس، سێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی بە تەم داگیراوی کوردستان بە پەتی سێدارەی ئەهریمەن خنکێنرابوون.

بیستنی هەوالێ شەهید کرانی پێشەوا وهاورێیانی وەکوو بۆمب دەنگی دایەوە ولە هەر ماڵ وکوچەوشەقامێک ببووبە گریان وقوڕ پێوان . شار بە کوڵ بۆ شەهیدان گریا وتف ولەعنەتی لە کورد کوژان کرد.

لە گەڵ بلاو بونەوە ئەو هەوالە جەرگ برە لە هەموو شارو گوندی کوردستان خەلک تازیە یان گێراو ئالای ڕەشیان هەڵکرد.
کورد کوژان پێیان وابووبە شەهید کردنی فریشتەکانی ئازادی، چرای ڕووناکی مالی کوردان بۆ یەکجاری دەکوژێننەوە.

بەلاَم ئەی پێشەوا ئازا ومێر خاسەکەی کوردوکوردستان، تۆ بە مەرگی خۆت بۆ جارێکی دیکە لە دایک بوویەوە.
ئەوەتا لە دوای ٦٠ ساڵ بە سەرشەهید کرانت دا، هەموو ساڵێ لە رۆژی ٢ی رێبەندان، لە بیرەوەری کۆمارە جوانە مەرگەکەماندا ولە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە بیرەوەری شەهید کرانت دا بە میلیۆنان کورد بەرەو چوارچرا کڕنۆش دەبەن وسەری رێزوئەمەگ ناسی و وەفاداری لە ئاست گیانی پاکی تۆ وهەموو شەهیدانی کۆماری کوردستان دادەنوێنن.

ئەی پێشەوا وەفادارەکەی خاک ونیشتمانی داگیر کراوی کوردان سەرهەڵبڕوچاو لێبکە کە چۆن بە هەزاران رۆڵەی رێگا پیرۆزەکەت بە دانی دروشمی بمرێ داگیرکەر وبە شەکاندنەوەی ئالای کوردستان کە بە دەستی تۆی بە رێزی رێبەر لە چوارچرا لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار هەڵکرا دڵی کورد کوژان دەلەرزێنن ومژدەی هاتنەوەی کاوەی پەیامبەری ئاشتی وئازادی دەدەن بە گشت لایەک.

٢١ی مارچی ٢٠٠٧

---

## ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا پلانی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێرانی بە دەستەوەیە کە لە ماوەی ٢٤ ساعەت بەرێوەی ببا"

بە گوێرەی هەواڵی حەتونامەی (New Yorker) کە لە ٢٦ی ژانویە دا بڵاو کراوەتەوە، ستراتیژی نوێ ئامریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە " تێکهەڵچونێکی ڕاستەوخۆ" لە گەڵ ئیران بێنێتە ئاراوە.
لەو هەواڵە دا هاتووە کە گروپێکی تایبەتی پینتاگۆن خەریکی هەڵسەنگاندن وداڕشتنی پلانێکی نیزامین بە ئەگەری هێرش کردن وچونە نێو خاکی ئێران لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، ئەگەر سەرۆک کۆمار فەرمان دەرکا .
رۆژنامەوان سایمور هێرش (Saymour Hersh) کە پێشتر بە دەیان وتاروبابەتی لەوبارەوە نووسیوە ڕادەگەیێنێ کە ئەرتەشی ئامریکا وهێزەکانی زەربەت بۆ عەمەلیاتی تایبەت لەم دوایانەدا تەمریناتی خۆیان زیاد کردووە وئامادە ن بۆ دژ کردەوە لە دژی چونە سەری نفوزودەسەلاتی ئێرانیەکان لە ناوچەدا.

بە پێی بابەتەکەی ناوبراو، وەزارەتی بەرگری ئامریکا لەوماوەیەدا گروپێکی تایبەتی پێکهێناوە کە خەریکی هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی ئیمکانی هێرش بۆ سەر ئێرانن، ئەگەر سەرۆک کۆمار ئەمەر دەرکا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر دا بەرێوە دەچێ.

ئەرکەکانی ئەو گروپە هەڵسەنگاندن ولێکدانەوەیە لە سەر ئامانجە ئەتۆمییەکانی ئێران ، چۆنیەتی هێرش کردن

و یان پلانی رووخانی رێژیمی حاکم لە تارانە. جگە لەمانە ئە و گروپە خەریکی بە رێوە بردنی بەرنامەیەکە لە دژی ئەو ئێرانیانەی کە یارمەتی وپشتیوانی دەدەن بە چەکدارە عێراقیەکان لە ناو خاکی عیراقدا.

ئێران زۆر لە گروپە سوونییە یاغی بووەکان خەتەرناکترە (New Yorker) وێرای ئاماژە کردن بە درێژە پێدانی سیاسەتی زەخت وفشار لە بواری دیپلۆماتیکدا لە سەتحی نێو نەتەوەیدا، بە بێ درکاندنی سەرچاوەی هەواڵەکە باس لە هەوالێک دەکا ولە زمان یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی ڕاگەیاندنی ئەمریکی دەلێ کە هێزەکانی ئەمریکی درزیان کردۆتە نێو خاکی ئێران وتەنانەت ٥٠٠ کەس لە ئێرانیەکان لە لایەن هێزەکانی ئامریکاوە لە عێراق دەس بەسەرکراون.

لە مانگی ئوت فەرمانی ئەوە دەرچوو کە هەتا ئیمکانی هەبێ ئێرانیەکانی چالاک لە عێراق دەزگیر بکرێن بۆ ئەوەی زانیاری زیاتریان لێ وەدەست بهێندرێ.
ئەو شێوە ئۆپێراسیۆنە نەهێنیە هەم لە لوبنان وهەمیش لە سوریە بەرێوە چووە وئامانجی ئەو کارە بە هێز کردنی گروپە سوننیەکان بووە کە لە لایەن عەرەبستانی سعودیەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ بۆ لاواز کردنی شیعەکانی نزیک بە تاران.
هیندێک جار ئەو گروپانە حەتتا لە لایەن عەرەبستانی سعودیەوە هەم لێیان کوژراوە وهەمیش پشتیوانی ماڵیان لێ کراوە.

لە وتارەدا بە پێی قسە کانی (Flaynt Everett) ئەندامی پێشووی دام ودەزگای بوش،" حکومەتی ئامریکا هەوڵ دەدا ئەو بیروبۆچونە بچەسپێنێ کە ئێران زۆر لە گروپە سوننیە یاغی بووەکان بۆ بەرژەوەندی ئامریکا خەتەرناکترە."بەرەو شەرێکی سارد لە نێوان سوننی وشیعەدا ئاغای هێرش لە تەواوی باسەکەی دا باس لە " گۆرینی ستراتیژی " دەکا و بۆ روونکردنەوە ی ئەو سترایژیە نوێیە ئیشارە بە "شەرێکی ڕاستەوخۆ" لە گەڵ تاران دەکا. ئەوەش ئاڵ وگۆرێکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا.

دیپلۆماسی ئامریکی هەوڵی بە هێز کردنی دیپلۆماسی عەرەبستانی سعودی دەدا لە ناوچە کەدا دەدا. وەزیرانی دەرەوە وبەرگری ئامریکا (Condoleezza Rice& Robert Gates) لە زۆر کۆبونەوەدا باسیان کردووە کە هیچ

پلانێکی نیزامی بۆ هێرش کردنە سەر ئێران لە ئارادا نیە. بە لام بە بڕوای (New Yorker) پیاوی پشتی پەردەی ئەو سیاسەتە لە دژی ئێران (Dick Cheney) دیک چێنیە کە لە لایەن (Elliot Abramas) راوێژکاری کاروباری ئەمنیەتی میللی، (Zalmay Khalilza) باڵوێزی پێشووی ئامریکا لە عێراق و سکرتێری شورای ئەمنیەتی مێللی عەرەبستانی سعودی (emir Bandar Ben Sultan پشتیوانی لێ دەکرێ.

ئاغای هێرش دژایەتی ئاشکرای خۆی لە گەڵ ئەو ستراتیژییە نوێیە ناشارێتەوە ولە سەر ئەو بڕوایەیە کە " زۆربەی ئەو هێرشانەی کە لە عێراق لە دژی ئامریکایەکان دەکرێن لە لایەن هێزە سوننیەکانەوە ئەنجام دەدرێن نەک لە لایەنی شیعەکانەوە."

ئاکامی ئەو کردەوانە بۆتە هۆی ئەوەیکە گروپە ئیرهابیە سوننیەکان کە خوێندنەوەیەکی دیکەیان لە ئیسلام هەیە ودژی ئامریکیەکانن ولاینگری لە ئەلقاعیدە دەکەن بە هێزتر بکرێن.

(Martin Indyk)باڵوێزی پێشووی ئامریکا لە ئیسرائیل وئەندامی دام ودەزگای (Clinton) دەلێ کە رۆژ هەلاتی ناوەراست بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو حالەتی شەری سارد لە نیوان سوننی وشیعە دەڕوا.

سەرچاوە رۆژنامەی Le Monde فەرانسەوی زمان وەرگێر لە فەرانسە بۆ کوردی

٢٦ی فێبرێور ی ٢٠٠٧

---

## خۆ نوێ کردنەوە پێویستیکی حەیاتی

لە دوای لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وخۆ پێناسە کردنی ئۆپۆزیسیۆنی نێو خۆی حیزب لە ژێرناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان . ئێران و بلاو کردنەوی نوسراوەیەک بە نێوی "هێلە گشتیەکانی رێبازی ئێمە" و باس لە خۆ نوێکردنەوە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی وپەیوەندی رێبەری وبەدەنە ورێگە دان بە ژنان ولاوان بۆ هاتنە نێو ریزی رێبەری حیزب وهێندێک بابەتی دیکە مەسەلەی خۆ نوێکردنەوە بۆتە

بابەتی باس وخواسی رۆژ.

لەوپەیوەندیە دا پرسیارێکی زۆرسادە بە مێشکی ئینسان دا دێ ئەویش ئەوەیەکە کە ئایا زەروورەتی خۆنویکردنەوە وهەست کردن بەو مەسەلە گرینگە چەندە لە نێو پارتە سیاسیەکانی کوردستان دا گرینگی پێدراوە وچەندە زەمینەی لە باربۆ ئاڵ وگۆرلە نێویان دا هەیە؟

ئایا نویخوازی تەنیا ئەرکی حیزب وسازمانە سیاسیەکانە وتەنیا ئەوانن کە دەتوانن ئاڵ وگۆر پێک بهێنن وئایا ئەوان نوێنەرایەتی هەموو چین وتوویژەکانی کۆمەڵگا دەکەن و ئەو توانایەیان هەیە کە بە بێ بەشداری کۆمەلانی هەراوی خەلکی کوردستان ئەو ئەرکە گرینگە بە جێ بگەینێ؟ ئەرکی روناکبیران وبیرمەندان وچینی خوێندەواری نێو کۆمەڵگا چیەوئەوان چۆن وبە چ شێوەیەک دەتوانن بەشداری ئاڵ وگۆربن وکاریگەری خۆیان لە سەرسیاسەتەکانی حیزبەکان و گۆرانکاریەکانی نێو کۆمەڵگا دابنێن؟

پارتە سیاسیەکان چۆن و بە چ شێوازێک دەتوانن چاکسازی لە خۆیاندا پێک بهێنن وئەو نوێخوازیە بە کام رێگای دێموکراتیک لە نێو کۆمەڵگا دا رەنگ دانەوەی دەبێ ؟ ئایا دێموکراسی وەکوو چە مکێکی رۆژئاوایی چۆن لە نێو حیزبەکان دا بەکاردەبرێ و مانا دەکرێتەوە ولە بەرژەوەندی کێ یان چ کەسانێک بە کار دەبرێ وچەندە رێبەرانی حیزبە سیاسیەکان بڕوایان بە مافەکانی تاک لە کۆمەڵگا دا هەیە؟

ئایا پەیوەندی چینی روناکبیران وخاوەن قەلەمانی نێو کۆمەڵگا لە گەڵ حیزبەکان لە چ ئاستێک دایە وهەردوولا توانیویانە لێکدانەوەیەکی هاوبەش ویان بە جیا لە یەکتر لە سەر نوێخوازی پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەن وزەمینەیەکی لە باربۆدیالۆگ وڕەخنە بگرنە بەر وبە یەک زمان داکۆکی لە خۆ نوێ کردنەوە بکەن؟

ئایا نوێ بونەوە بە مانای لاواز کردن وپشت کردن لە کولتوری باب وباپیرانە ولە تەنگەژە خستنی ئایینە وبە قەولی ئیسلامیە توندرەوکان پشت لە خودا وپێغەمبەرکردن وکافر بوونە؟.

گومان لەوە دانیە بیروئەندێشە وهەوڵ دان بۆ نوێخوازی شەهامەت وهەست بە بەر پرسیارێتی لە ئاست گەڵ وخاک وبەرژە .

وەندی نەتەوەیی دەخوازێ وکارێکی هەروا سادە نیە. گۆمانیش لەوە دانیە کە هەموو کاتێک کەسانێک وگروپی بەرژەوەندی خواز چ لە نێو حیزب وچ لە نێو کۆمەڵگادا هەن وپەیدا دەبەن کە هەموو هەوڵیان دەخەنە گەڕ تاکوو دژایەتی نوێخوازی بکەن وبە هەموو شێوازێکی لۆاو بۆیان هەوڵی ئاستەنگ کردن ولەبار بردنی بیری پێشکەوتن دەدەن ونوێبونەوە لە گەڵ نەمان ومەرگی خۆیان وقازانجەکانیان دا دەبینن وبۆیە دەکەونە چەواشە کاری و بەرێوە بردنی سیاسەتی پۆپۆلیستی بۆ هەڵخەلەتاندنی چین وتوێژەکانی نیو کۆمەڵگا، جا ئەو سیاسەتە چ بە ڕیگای ئایینەوە بێ ویان بە ڕێگای ئایدۆلۆژێکی تا یبەتەوە بێت.

من بڕوام بەو نیە کە حیزب بە تەنیا بتوانێ کۆمەڵگا بگۆرێ وهەرکەس وابیر بکاتەوە تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبێ ، چونکە حیزب خۆی خاوەنی هەموو ئەو توانایانە نیە کە پێویستی بە گۆرانکاریە وهەموو ئەو پسپۆروشارەزا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی سەردەم لە حیزب دا کۆ نەبونەتەوە و تەنانەت بە شێکی زۆر لە روناکبیرانی نێو کۆمەڵگا خۆیان لە دەرەوەی سیاسەتەکانی حیزب دا دەبینن. حیزب بە بێ کۆمەڵگا وەکوو ماسێکی تینوی ئاو وایە کە ئەگەر نەخرێتەوە نێو ئاو گیان دەدا.

هیچ شک و گومانی تێدا نیە کە ئێمەی کورد زۆر پتر لە گەلانی دیکە پێویستیمان بە خۆ نوێکردنەوە هەیە ودەبێ وەکوو نان وئاو گرینگی بۆمان هەبێ. بەڵام لە کوێرا دەبێ دەست پێ بکەین وچۆن دەست پێ بکەین؟
ئێستا کە باس لە خۆنوێکردنەوەی پارتە سیاسیەکان ویەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە هێلە گشتیەکاندا باسی لێ کراوە دەکەین، پێویستە لە پلەی یەکەم دا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاورێکی ڕەخنەگرانە لە ڕابردووی خەباتی سیاسی پێش خۆی وسەردەمی خۆی لە ماوەی ٦١ ساڵ خەباتی سیاسی وچەکداری وکۆمەلایەتی بداتەوە وهەڵسەنگاندنێکی بە شێوەیەکی زانستیانە وسەردەمیانەی لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەبێ.

ئەو هەڵانەی کە لە بواری سیاسی وتەشکیلاتی وچەکداری کراوە ولایەنی لاواز وبە هێزی بە شێوەیەکی رێک وپێک و شەفاف بخرێتە بەر باس ولێکۆلینەوەی تێروتەسەلیان لە سەربکرێ.

پێویستە بە وردی چاو بە بەرنامە وئەساسنامەی حیزب دا بخشێندرێتەوە وکەسانی پسپۆرلە بوارەکانی سیاسی ،

مێژوویی ، ئابوری، حقوقی،کۆمەلایەتی وجوغرافی دیاری بکرێن کە بە پێی پێداویستەکانی سەردەم شێوازێکی نوێ وبەرنامەیەکی پێشکەوتوانە کە ڕەنگدانەوەی داخوازەکانی نەتەوە خوازی بێ دابڕێژرێتەوە ودیموکراسی ومافەکانی مرۆڤ و یەکسانی ژن وپیاولە کۆمەڵگادا بە شێوەی سەردەم مانا بکرێتەوە. پێویستە حیزب بە شێوەیەکی مودێرن تاریفی ناسیۆنالیزمی کوردی بکاو هەوڵ بۆ گەشە کردنی بدا ولە سیاسەتەکانی دا ڕەنگ بداتەوە. پێویستە هاوپەیوەندێکی بە هێز لە نێو حیزب وروناکبیرانی نێو خۆی کوردستان ودەرەوەی کوردستان پێک بێت وحیزب بە دڵ ئاوایی گوێ لە ڕەخنە وپێشنیاری روناکبیران بگرێ وهەوڵ بدا بە نوێخوازی سرنجی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بۆلای خۆی رابکێشێ. حیزب دەبێ لە نێو خۆیدا چەندین ناوەند دروست بکا بۆ بەرنامە رێژی وبۆپێکهێنانی رێفرمی بەردەوام وبە هاوکاری لە گەڵ پسپۆرانی دەرەوەی حیزب. مەسەلەیەکی گرینگ کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەویش ئەوەیە کە حیزب خۆی لە سەمبول گەرایی وتەقەدوس گەرایی بە تەواوی بە دوور بگرێ ولە هیچ کەس بووت دروست نەکا .ئەوە زۆرگرینگە بۆ پەرەسەندنی دیموکراسی دەرون حیزبی و بۆ بەرگری کردن لە دیکتاتۆری دەرون حیزبی ونێو کۆمەڵگا. حیزب دەبێ بە تەواوی خۆی لە سیاسەتەکانی پۆپۆلیستی دوورخاتەوە وبە وادە وبەڵێنی خەلک بە خۆرایی دڵخۆش نەکا وبە دروشمی بێ نێوەرۆک خەلک فریو نەدا.

پێویستە لێکۆلینەوەیەکی زانستیانە لە گلۆبالیزاسیۆن وسیاسەت وئابوری جیهانی بە شێوەیەکی زانستیانە بکرێ بۆ ئەوەیکە رێبەرایەتی داهاتووی حیزب لە داڕشتنی سیاسەتەکانی بە نیسبەت جیهانی دەرەوە ویەکێتی ئوروپا وئامریکا ولە پێوەندی لە گەڵ کێشەکانی ناوچە ودونیادا بتوانێ سیاسەتێک بگرێتە کە لە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی گەلی کورد دا بێ.

لە پێوەندی لە گەڵ داهاتوی ئێران وچوارچێوەی عەرزی ودیاری کردنی مافی چارە نووس بۆ گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ولە پێوەندی لە گەڵ سازمان وحیزبەکانی سەراسەری ئێرانی دا حیزب پێویستە سیاسەتێکی شەفافی هەبێ وئەو سیاسەتە شەرمنانەی کە تاکوو ئێستا بەرێوە چووە دەبێ ئاڵ وگۆری بە تەواوی بە سەردابێ وپێویستە چیدیکە بە ئێحساسەوە و شەرمەوە لە گەڵ ئەو سازمانانە رووبەروو نەبینەوە.

١٦ی جانێوێری ٢٠٠٧

# خۆکوشتنی لاوەکان دابەزیوە بۆ نیوە

لە فینلاند لە ماوەی ١٥ سال دا ڕێژەی خۆ کوشتنی لاوانی تەمەن ژێر ٢٠ ساڵ بۆ نیوە دابەزیوە. ڕێژەی خۆکوشتنی لاوان لە سالی ١٩٩٠ دا گەیشتە ٧٤ کەس، بە لاَم لە ٢٠٠٥ ڕا ئەو ڕادەیە بۆ ٣١ کەس دابەزیوە.

بە بروای (Jouko Lönnquist) پرۆفیسۆری ناوەندی تەندروستی میللیەوە هۆکاری دابەزینی ڕێژەی خۆ کوژی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەیکە کە پێراگەیشتن بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی نەفسی وئەفسردگی گرینگی زۆرتری پێ دەدرێ.

لە پایەتەخت ودەوروبەری ڕێژەی خۆ کوشتن لە سالْدا لە ١٠ کەسەوە بۆ ٧ کەس دابەزیوە. جیاوازی ڕێژەی خۆ کوشتن لە بواری بژاردەنەوە زۆر گرینگ نیە. ئاماری سالی ڕابردوو لە پایزی ئەمسالْدا ئامادە دەکرێ، بە لاَم دەکرێ بلێین پێشکەوتن لەو بارەوە بەردەوام دەبێ.

بە بڕوای پرۆفیسۆر لۆنکیست هۆیەکانی کەم بونەوەی ڕێژەی خۆ کوشتن دەگەرێتەوە سەر ئەوەیکە زۆرتری زەختەکان و هەوڵەکان لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٦ - ١٩٩٦ و پاش ئەویش خراوەتە سەر پێشگرتن لە هەوڵ دان بۆ ڕوودانی ئەو کارە.

لە بابەت کەم بوونی ڕادەی ئەو پارەی کە بۆ منداڵان ولاوان ودوکتوری نەفسی دیاری کراوە زۆر قسە وباسی لە سەر کراوە وناوبراو ڕای وایە کە ئیمکانی چارە سەری کێشەکە هەیە.

زەخت وفشارهۆی خۆ کوشتنی گەنجەکانە، بە لاَم هۆکاری بەشێکی بەر چاو لە گیروگرفتی نەخۆشییە نەفسیەکان نازانراوە.

بە پێی لێکۆلینەوەی پرۆفیسۆری زانکۆی کۆوپیۆ (Mauri Marttunen) ماوری مارتونێن، هۆی مەرگی لاوەکان

لە هەرسێ كەس یەكیكان بە هۆی مادە سڕكەرەكان ونیوەشیان بە مەستی خۆیان كوشتوە.

زۆر جاران بی دەنگی گەنجێك بۆتە هۆی دروست بوونی كێشەی زۆر گەورە وبە بڕوای لۆنكیست دەرنجامی یاخی بوونی گەنجان دەبێتە هۆی دروست بوونی حالەتێكی زۆر ناخۆش، بە لام گیروگرفتی بێ دەنگی گەنجێك ئیمكانی گەشەكردنی هەیە وتا ماوەیەكی دوورودرێژ وتا چارەسەری دەتوانێ بەردەوام بێ.

كچێكی ١٥ سالانە لە بەشی دیالۆگی گەنجەكان لە ئینترنێت دا دەنووسێ كە" بە چەندین جاربیرم لە خۆ كوشتن كردۆتەوە وتەنانەت بەرنامەشەم بۆ داڕشتوە، بە لام پەشیمان بومەتەوە. چونكە رووناكێك لە ژیانمدا بەدی كراوە، بە لام ئەویش كاتی بووە". دایك وبابی ئەو كچە لەو مەسەلە ئاگادار نەبوون.

لە ڕاپرسێك كە لە قوتابیان كراوە بیری خۆ كوشتن بە شێوەی جیدیی لە ١٠ بەشی گەنجەكان دا بووە. لە ئاكامی لێكۆلینەوەی دوكتوری نەفسی وا دەركەوتووە كە نیوە لە گەنجەكان بیری خۆ كوشتن لە سەری داوەن وپێنج بەشیش بەو كارە هەستاوەن.

بە پێی قسەكانی لۆنكیست لە هەر ٣ گەنج كە ویستویانە خۆیان بكوژن ، پێشتریش هەوڵیان بۆ ئەو كارە داوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی فینلاندی زمانی Helsingin Sanomat

بە قەلەمی: Päivi Punkka-Hänninen

١٥ی جانێوێری ٢٠٠٧

# " تورکیە گۆرانی بە سەردا هاتووە ، من نا"

## کارناسی کێشەی کورد کریستینا کۆیوونێن ئامادەیە بچێتە بەردەم دادگا

کۆیوونێن لە ١٥ی دیسامبردا لە جنوبی شەرقی تورکیە لە فرۆکە خانەی شاری وان دەزگیرکراو و پاشانیش لە و ولاتە دەریان کرد .بە پێی قسەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیە هۆی دەزگیرکردنی ئەو فەنلاندیە قدەغە بوونی ئەو شەخسەیە لە سەفەرکردن بۆ تورکیە .کۆیوونێن ئاگاداری بڕیاری ئەوتۆ نەبووە وتاکوو ئێستاش بە فەرمی هۆکاری ئەو یاساخ بوونەی بە نامە پێێ ڕانەگەیەندراوە.

سەبەبی سەفەرەکەی کۆیوونێن ئەوە بووە کە ناوبراو دەیهەویست ئە وکێتبانەی کە پەیوەندیان بە سەفەر کردنەوە هەیە بۆ ئەو کەسانە بەرێ کە لە ئامادە کردنی دا یارمەتیان داوە.

لە کاتی دەزگیرکرانم دا خۆم نەدۆڕاند ونەترسام.بە تەنیا لە پشت دەرگا قفل لێدراوەکاندا پێویستی بە بڕوا بەخۆ بوون نەبوو، بەخۆشیەوە.

ئەو ١٦ دەهەمین سەفەری کۆیوونێن بۆ تورکیە بوو ولە سەفەرەکانی رابردووی دا هیچ کات تووشی گرفتی وا نەببوو.
بە شێوەی زارەکی بە کۆیوونێن یان ڕاگەیاندووە کە ناوبراو بۆ ئەمنیەتی میللی تورکیە جێگای مەترسیە. بە لام هیچ روونکردنەوەیەکیان پێ نەداوە.

کۆیوونێن دەلێ لە ماوەی ٨ سال سەفەری رابردووم دا بە تەواوی بە سەربەستی جولامە تەوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە تورکیە گۆرانی بەسەر داهاتووە، بە لام من نا.
بە هۆی ئەوەیکە ئەو لێکۆلەرە هیچ شتێکی نیە تاکوو لە کاربەدەستانی بشارێتەوە، بۆیە ئامادەیە بچێتە بەردەم دادگا.

کۆیوونێن خوازیاری پێی ڕاگەیشتن بەو قەزییە وهەڵوەشانەوە ئەو بڕیارەیە، هەرچەند ئەو پرۆسەیە ئالۆزە. بۆی نیە هیچ کەس بە بێ هۆ لەو ولاتە دەربکەن. بێگۆمان ئەو مەسەلە پەیوەندی بە کوردانەوە هەیە کە کاربەدەستانی حکومەت دژی دەوەستنەوە.

حەز دەکەم کە سزا بدرێم ،نەک ئەوەیکە رێگای هاتنم بۆ ئەو ولاتە نەبێ.

کولتوری کوردەکان زارەکیە نەک بە نوسراوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە تاکوو ئێستا کتێبەکانی بە زمانی کوردی قەدەغەن. بۆیە نووسین وبلاوکردنەوەی لە مەڕ کولتوری کوردەکان بۆ کۆیوونێن مەسەلەیەکی گرینگە. بەشێک لە هزروئەندێشەی لێکۆلەری کێشەی کوردان بە دایم لە تورکیە جێ دەمێنێ. سەفەرکردنی زۆر بۆ دەرەوەی ولات کاریگەری خۆیان لە بواری هەڵس وکەوت لە سەر ناوبراو داناوە، بە لام هۆویەتی فینلاندی خۆی هەموو کات لە دەرەوەی سنورەکان پارازتووە.

شێوازی ژیان لە تورکیە لە باری تەکنیکیەوە هیندێک وەکوو ئێرە دەچێ، بە لام هەڵس وکەوت ولێکتر نزیک بوونەوە لە گەڵ روحیاتی من دەنگونجێ. لە فینلاندیش دەستم کردووە بە و شێوازە ژیانەی کە لە تورکیە هەمە. بە بڕوای کۆیوونێن گۆرینی شوێن دەبێتە هۆی ئەوەیکە مرۆڤ گۆرینی کات هەست پێ بکا. ئەوهیچ کات پێش وەخت بەرنامە رێژی ناکا ومەیلی بۆ ئەنجامی شتێک زۆرجار زۆربە هێزە.

بە هۆی تەعمیراتی ناتەواوی مالەکەم ناتوانم بە باشی کەل وپەلەکانم بدۆزمەوە، بە لام دەزانم کە لە نێوکیفی سەفەرەکەمدا چی تێدایە ودیسکی بچکۆلەی داتاکەشم بە ملم هەلاوەسراوە.
نووسینی خولقێنەرانە بۆ کۆیوونێن گرینگە وئەو هیوادارە کە لە داهاتووش دا بتوانێ زۆرتر نوسەربێ تاکوو رۆژنامەوان.

زۆر شت هەن کە بە ئەندازەی کتێبەکە پێویستان بە نووسینی زۆر هەیە وناکرێ بە کورتی بلاو بکرێنەوە. وەکوو پرۆسەیەک بۆ نووسینی بابەتێکی درێژ پێویستیمان بە حالی بوون وتێگەیشتن هەیە وکات وبیر کردنەوەی زۆری دەوێ. نابێ تێکەڵ وپێکەل وبە عەجەلە ئەنجام بدرێ.

تا ئەوكاتەی كە بڕیاری قەدەغە كردنی سەفەر بۆ توركیە هەڵدەوەشێتەوە كۆیوونێن بە نیازە لەو دەرفەتە كەڵك وەرگرێ وزمانی توركیەكەی باشتر بكا. ئەو بە شێوەیەكی باش و ڕەوان توركی قسە دەكا، بەلام ئەو زمانە هەربۆ قسە كردن بەكاردەهێنێ.لە نامەی ماستێرەكەی دا كە لەسەر كوردان نوسراوە كۆیوونێن تووشی بڕیاری ئاوها نەبووە.

ناساندنی من لە لایەن توركیەوە وەكوو كەسێكی جێگای مەترسی هیچ ڕێگرنابێ لە حەزوعەلاقەی من بە ڕووداوەكانی كە لەو ولاتە ڕوودەدەن، بە پێچەوانەوە بە گۆرتردەبم.

وەكوو كەسێكی هەڵسوراوی مەسایلی نەتەوەیی ئەو كردەوە زۆرترهانم دەدا بۆ سووربوونم لە مەڕدرێژە دان بەو كارە.

كریستینا كۆیوونێن لە چەند دێر دا:

كارناسی كێشەی كوردان، لێكۆلەر، ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ، نوسەر وكارمەندی سۆسیال.

لە ٩ی ژوئەنی ١٩٥٩ لە دایك بووە.

لە هێلسینكی دەژی

دوكتۆرای لە زانستی سیاسەت هەیە.

نامەی دوكتۆراكەی بە نێوی (The invisible war in North Kurdistan) واتە "شەڕێكی شاراوە یان نادیارلە شیمالی كوردستان" كە لە ٢٠٠٢ ئامادە بوو.

دوو كتێبی نووسیوە: (Teetä Kurdistanissa) واتە " چا خواردنەوە لە كوردستان " و (Sankarimatkailijan Kaakois-Turkki) واتە " سەفەری توریستێكی قارەمان لە جنوبی شەرقی توركیە."

كتێبێكی لە سەر شاری وان نووسیوە بە نێوی (Urartun lapset) و نزیك بە ٢٠٠ دانە وتاری لە سەركێشەی كوردا نووسیوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی Helsingin uutiset ی فینلاندی

٧ی جانێوێری ٢٠٠٧

# بابەت و نوسراوەکانی سالی ٢٠٠٨

## رۆژهەلاتی کوردستان لە سالی ٢٠٠٨ دا

سالی ٢٠٠٨ بۆ رۆژهەلاتی کوردستان سالێکی پڕلە ڕووداوی جۆراجۆروبەرخۆدان لە بەرامبەر دەسەلاتی شومی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. بۆئەوەی بە باشی ئاوڕمان لە ڕووداوەکانی ئەم سالە دابێتە وخەبات وخۆراگری رۆلەکانی گەل لەوپارچە دابڕاوە لە نیشتمانی گەورەمان وسیاسەت وتاکتیکەکانی داگیرکەران بۆ کپ کردنی دەنگی حەقخوازانەی گەلەکەمان لە رۆژهەلاتی کوردستان وکەم وکوڕییەکانی خەباتەکەمان بخەینە ڕوو، واباشە هەم لە ڕوانگەی سیاسیەوە وهەمیش لە ڕوانگەی مەدەنیەوە تاووتوێ ڕووداوەکان بکەین.

لە سالی ٢٠٠٨ جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتۆکان پێی نایە شەستەمین سالی پەسەندکرانی خۆی ولە راستیدا دوای شێست سالْ بە سەرپەسەند کرانی داهێشتاش دەسەلاتدارانی ئێران ئامادە نین کە رێزلەومافانە بگرن کە دەولەتە ئیسلامێکەی خۆیان ئیمزای ناوەتەوە ژێری وبچوکترین داوای مەدەنی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە پیلان لە دژی حکومەتەکەیان پێناسە دەکەن وبە شێوەیەکی زۆردڕندانە وبە لێدانی تۆهمەت گەلی وەکوو" دشمن خداو ضد انقلاب وارازل واوباش" سەرکوتی چالاکوانانی بواری مافە مەدەنیەکان دەکەن وحوکمی ئیعدام وزیندانی درێژخایەنیان بەسەردادەسەپێنن.

لە ماددەی یەکەمی جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتۆکان دا هاتوە کە " هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک بوون ولە باری ئابرۆ وکەرامەت ومافەکانیانەوە لە گەلْ یەک بەرابەرن وهەموویان خاوەنی عەقل وویژدانن ودەبێ بە گیانێکی برایانە لە گەلْ یەک دا بجوولێنەوە". ئەگەر ئێمە لە بواری ئابورییەوە سەیری مافە مەدەنیەکان بکەین ،دەبینین کە رۆژهەلاتی کوردستان بە هۆی سیاسەتی ڕەگەزپە رەستانەی ئاخوندەکانەوە بە تەواوی پشت

گوێ خراوە وهەمان سیاسەتی راسیستانە بەرێوە دەچێ کە لە سەردەمی دیکتاتۆری رەزاشا ومەحەممەد رەزاشا بەرێوە چووە کە ئەویش، وابەستە کردنی هەرچوار پارێزگای کوردستان لە بواری ئابورییەوە بە ناوچە تورک وفارس نشینەکانەوە بووە وبۆ ئەو مەبەستەش هیچ پرۆژەیەکی درێژخایەنی ئابوورییان بۆ دروست کردنی کارگە وکارخانە وزۆر شوێنی تری دیکە کە دەتوانێ کار بۆ هاوولاتیان دابین بکا بە رێوە نەبردووە وتەنانەت بۆ گەشە سەندنی بواری تەندروستی وخوێندن وخۆش گوزەرانی بودجەیەکی ئەوتۆیان بۆ ئەوپارێزگایانە تەرخان نەکردووە و هەوڵیان داوە کە مرۆڤی کورد ناچاربکەن کە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان وبەرێوە بردنی ژن ومنداڵی ڕووبکاتە شارە تورک نشین وفارس نشینەکان ومل لە کرێکاری وکاری کورەخانە بنێ وبە حەق دەستێکی کەم کاری تاقەت پروکێنیان پێ بکەن و تەنانەت بە سوکایەتی سەیری مرۆڤی کورد بکەن و ئاکامەکەشی لە زۆر حالەتدا دەرکردن وتەنانەت دەست درێژی کردن بۆ سەرناموسی کچی ١٥ ساڵەی کورد بووە کە کچکە لە بەر پاراستنی ئابڕووی خۆی بە ناچارخۆی کوشتووە وحکومەتی "عدل الهی" کۆماری ئیسلامی لە وخاوەن کارەی کە ئەو کردەوە دژی ئینسانی و ئەخلاقییەی ئەنجام داوە نەکۆلێتەوە وعەدالەت و دادپەروەری بەرێوە نەچووە. لە ماددەی ٢٣ی جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتۆکان لە مەڕکارکردن دا، لە خاڵی یەکەم دا هاتووە کە " هەرکەس مافی ئەوەی هەیە کە کاربکا وکاری خۆی بە ئازادی هەڵ بژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەرانە و جێگای رەزامەندی بۆ کارتێداکردن داوابکا ولە بەرامبەربێکاری دا پشتیوانی لێ بکەن".

بێ گومان ئەو خاڵە لە نیزامی "مقدس جمهوری اسلامی ایران" دا نەک هەر بەرێوە ناچێ، بەڵکوو ئەگەر خەڵک داوای جێ بە جێ کردنی لە لایەن حکومەتەوە بکەن وداوای دابین کردنی مافی بێکاری لە کاتی بێکاری دا لە حکومەت بکەن دەکەونە بە ئازار وزیندان وئەشکەنجە. رێژەی بێکاری لە رۆژهەلاتی کوردستان بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران بەردەوام لە هەڵکشان دابووە ورێژەی بێکاری لە نێو لاوانی بە تایبەتی خوێندەوارودانیشگاهی دا زۆر لە سەرێیە وزۆر کەس بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان ناچارە دووکار بکا، ئەوە لە نێو قەشری فەرهەنگی کۆمەڵگا دا، واتە ماموستایان زۆر بەرچاوە وزۆریان بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی سەختی بنەماڵەکەیان هەڵسورێنن دەبێ دوو کاربکەن. بە شێک لە خەڵکی کوردستان ، بە تایبەتی خەڵکانی سنورنشین لە ڕووی ناچاری ونەداری ڕوویان لە کاری پڕ مەترسی "قاچاخچێتی" کردووە وبە کۆڵ وبە ئەسپ بارلەو دیوی سنوری دەستکردی داگیرکەربۆ ئەو دیوی سنوردەبەن وزۆرجاریان دەکەونە سەرمین ویان دەکەوەنە کەمینی جاش وپاسدارە دزەکانی رێژیم و لە ئاکام دا هەم گیانیان لە دەست دەدەن وهەمیش بارەکانیان.

بواری کۆمەڵایەتی وپێشێل کردنی مافە مەدەنیەکانی کوردانی رۆژهەلاتی کوردستان وئێران بوارێکی دیکەیە کە مافەکانی تاکەکان بە ئاشکرا ژێرپێ دەخرێ وهەرکەس لەوبارەشەوە نارەزایەتی دەببرێ بە سزای توند مەحکوم دەکرێ. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی لاوانی کورد لە سیاسەت دوور ڕابگرێ وئەوانی تووشی بە کار هێنانی ماددە سڕکەرەکان کردووە وکەسانی سەر بە حکومەت لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ هیچ بەربەستێک وئازادانە لە کوچە وشەقام وتەنانەت لە نێو زیندانەکانیش لاوانی کورد ئالودەی ئەو ماددانە دەکەن. ئەو سیاسەتە چەپەڵانەیە نەک هەرلاوان بەرەو نەمان ڕادەکێشی، بەڵکوو بۆتە هۆی دروست بوونی دەیان گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بۆ بنەمالەکانیانیش ولە راستیدا ئەوانیش ژیانیان بە هۆی جگەر گۆشەکانیانەوە کەوتۆتە بوارێکی یەکجار سەخت وناخۆش.

ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵ لە سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکانیان بێ بەشن ویاساکانی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی لە دژی یەکسانی وبەرابەری ژن وپیاو دارێژراون وفشاری داب ونەریتە سوونەتیەکان وەکوو زنجیرلە دەست وپێی ژنان ئالاوان و رێگای هەر جۆرە نارەزایەتی دەربرینێک لە لایەن ژنانەوە بەربەست دەکرێ و بە توندی دەکەونە بە هێرشی دام ودەزگا جۆراوجۆرە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی. سەرەرای زەبروزەنگی رێژیمی ئاخوندەکان ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافە ئینسانیەکانیان زۆر چالاکانە لە مەیدان دان وبە دروست کردنی رێکخراوی ژنان وەکوو"انجمن زنان آذرمهر" وبڵاو کردنەوەی بیروبۆچونەکانیان لە گۆڤارورۆژنامەکاندا وبە پێکهێنانی کۆروکۆبوونەوە و بەشداری کردن لە کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا بۆ دژایەتی لە گەڵ یاساکانی کۆماری ئیسلامی نیشانیان داوە کە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان ئامادەن نرخیشی بۆ بدەن. دەکرێ وەکوو نموونە ئاماژە بە بەرێزان : هانا عەبدی کە بە ٥ ساڵ زیندان ودوور خرانەوە حوکم دراوە، زێنەب بایزیدی کە بە ۴ ساڵ زیندان ودوورخرانەوە حوکم دراوە، سەما بەهمەنی کە بە ٣ ساڵ زیندان حوکم دراوە و رووناک سەفارزادەش کە هێشتا چارەنووسی نادیارە وچەندین کەسی تر. هەرلەوپەیوەندیە دا بە سەدان کەس لە چالەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی دان وژمارەیەکیان کە ماموستا، خوێندکار، چالاکی مەدەنی ویان رۆژنامەوانن حوکمی ئیعدام وزیندانی دوورودرێژیان بۆ براوەتە کە دەکرێ وەکوو نمونە ئاماژە بە بەرێزان : فەرزاد کەمانگەر، ماموستای قوتابخانەی سەرەتایی،عەدنان حەسەن پور، رۆژنامەوان، هیوا بوتیمار، چالاکی سیاسی، فەرهاد حاجی میرزایی، فەرهاد وەکیلی وچەند کەسی دیکە بکەین کە حوکمی ئیعدامیان بۆ براوەتەوە وبەرێز مەحەممەد سەدیق کەبودوەند سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان حوکمی نارەوای ١١ ساڵ زیندانی بەرسەرداسەپاوە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو گیراو

حوکم دراوانە هەوڵیان داوە لە ژێر سێبەری یاساکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەبەر کردنی بەشێک لە مافە مەدەنیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێ بکۆشن، بە لام کۆماری ئیسلامی هەموو جۆرچالاکیکی مەدەنی بە هەڕەشە بۆ سەردەسەلاتە دیکتاتۆریەکەی خۆی پێناسە دەکا وبە توندی لە دژی دەوستێتەوە، بە تایبەت ئەگەر ئەو چالاکوانە کورد بێ وتەنانەت ئەگەر باس لە مافە مەدەنیەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات بکا. دادگاکانی کۆماری ئیسلامی کە سیاسەتەکانی ڕێژیم بەڕێوە دەبن سەربەخۆ نین و بە هیچ جۆر ڕێگایان بەو گیراوانە نەداوە کە لە دادگایەکی کراوە وعادلانە وبە کەڵک وەرگرتن لە پارێزەرداکۆکی لە خۆیان ومافەکانیان بکەن وهەموو ئەو تۆمەتە ناڕەوایانەی کە بە ناحەق دراوەتە پاڵیان ڕەد بکەنەوە.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێو نەتەوەیی (Amnesty International) لە راپۆرتێک دا کە لە مانگی ژوئەنی ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاوی کردوە بە ڕوونی ئاماژە بە هەڵاواردنی جینسی وڕەگەزی وئیتنیکی وئاینی ومەزهەبی کوردەکان لە ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکا وپەردە لە سەرپێشێل کردنی مافەکانی ١٢ میلیۆن کورد لە ئێران دا لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندەکانەوە هەڵدەداتەوە. لە ژێر سێبەری یاساکانی دژ بە مافی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی ،ڕێژەی خۆ کوشتن ویان کوشتنی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرزبونەوەدایە وزۆرجارهەواڵی کوشتن یان خۆ سوتاندنی ژنان لە ڕێگای ڕاگەیەنەکان دا دەبیسن ودەخوێنینەوە ولە راستیدا کۆماری ئیسلامی بۆ ریشە کێش کردنی ئەو دیاردە ناحەزەی نێو کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوەتەوە. ڕێژەی تەڵاق لە نێوبنەماڵەکان دا بە هۆی کێشەی بێ کاری وبێ داهاتی وسەختی ژیان وزۆرکەم وکۆری دیکەی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزدایە ولە لایەکی دیکەشەوە زۆر لە لاوانی کورد بە هۆی نەبوونی کاروپیشەونەبوونی سەرچاوەیەکی داهات بۆ بژیوی ژیان ناتوانن ژیانی هاوبەش پێک بێنن. لە بواری فەرهەنگیەوە ئەگەر سەیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەتوانم بلێم کە لەوبوارەشدا کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی پێشتر زۆر ڕەشترە. منداڵی کورد ناتوانێ بە زمانی زگماکی خۆی کە مافی سروشتی خۆیەتی بخوێنێ وپەروەردە بکرێ ودەبێ منداڵی کورد بە فەرهەنگ وزمانی داگیرکەر پەروەردە بکرێ وبە زمانی داگیرکەریش مێژووی ئێران کە لە راستیدا مێژووی فارس بەرجەستە دەکاتەوە بناسێ. ڕۆژنامەوانان ونوسەران بۆیان نیە کە ئازادانە وبە سەربەستی باس لە مافە مەدەنیەکان بکەن وڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان پێک بێنن. لە ساڵی ٢٠٠٨ دا وەزعی چاپەمەنی کوردی بە نیسبەت ساڵانی پێشوو نەک هەر باشتر نەبوو، بەڵکوو زۆریش خراپتربووە. ڕۆژنامەوانانی کورد کەوتنە بەرپەلاماری هێرشی دام ودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وژومارەیەک ڕۆژنامەوان خراونە

بەندیخانەوە. لە راستیدا بوونی چاپەمەنێکی سەربەست کە تەنانەت بتوانێ باس لە مافە مەدەنیەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکا بوونی نیە وهەموو شتێک لە ژێر سیاسەتی سانسۆری رێژیمی ئیسلامی ئێران دا بە رێوە دەچێ. کوردی نووسین وکوردی خوێندنەوە وچاپ کردنی کتێبی کوردی دەبێ لە حەوت خانی رۆستەم بگوزەرێ وریژیم رێگا بە بڵاوکراوەیەک دەدا کە هیچ زیانی بۆ سەردەسەلاتەکەی نەبێ.

ئەگەربمان هەوێ لە بواری سیاسیەوە مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵ سەنگێنین دەبێ بلێم کە سیاسەتی مستی پۆلایین لە بەرامبەر داوا سیاسیەکانی گەلی کورد بەرێوە چووە وکوشتن وبڕین وبێ سەروشوێن کردنی چالاکوانانی سیاسی گەیشتۆتە تروپکی خۆی ودەولەتی ئەحمەدی نژاد بۆ سەرکوت کردنی هەرچی زیاتری دەنگی خەباتی حەق خوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەدان میلیۆن بودجەی تەرخان کردووە وجگە لە دانانی دەیان دەکەلی پارازیت بۆ لە کار خستنی دەنگ ورەنگی کاناڵە کوردیەکان وهەوڵیان داوە بە بەرنامەی چەواشە کارانە لە دەزگا ڕاگەیندەنەکانیان رووخساری حیزبی دێموکراتی کوردستان ودەیان ساڵ خەباتی ئەو حیزبە لە بەرچاوی خەڵک ڕەش بکەن وکۆمەلێک خەڵکی جاش و خۆفرۆشیان بۆ دروست کردنی ئەو جۆرە بەرنامانە بە پارە کریوە. سیاسەتێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دان بۆ بە هێزتر کردنی سیستمی جاشایەتی وئاوەدان کردنەوە کۆنە پایەگاکانی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاکێشانی خەڵک بە تایبەتی لاوان بۆ نێو ریزی "بەسیج " ە وبۆئەو مەبەستە ش بە دانی وادە وبەلێنی هەوڵی ڕاکێشانی لاوان دەدن وپێیان ڕاگەیاندون کە لاوەکان دەتوانن لە جیاتی سەربازی ببن بە "بەسیج" ولە ناوچەکانی خۆیان خزمەت بە رێژیم بکەن. سیاسەتێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دان بۆ کۆنترۆل کردنی سنورەکان نێوان باشورورۆژهەلاتی کوردستانە وبۆ ئەو مەبەستەش دەستی کردووە بە دروست کردنی دیواری دوورودرێژ،بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان رێگربن لە هاتووچۆی "ضد انقلاب" بۆنێو خاکی ئێران. هەروەها کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی زەخت بخاتە سەر حکومەتی باشوری کوردستان وبە قەولی خۆیان سەرکوتی "تیرۆریستانی" حیزبی دێموکراتی کوردستان وپژاک بکەن وپێش بە چالاکیان لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بگرن، بە دەیان جار گوندەکانی سەرسنوری باشورورۆژهەڵاتی کوردستانیان تۆپ باران کردووە وزیانی زۆری گیانی ومالیان لە گوندنشینان داوە وئێستاش ماوەی زیاتر لە یەک مانگە کە ئەو تۆپ بارانە بەردەوامە. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ودوژمنایەتی ئەو دەولەتە ڕەگەزپەرەستە بۆ هەموو کەس ئاشکرایە وئەوان لە هەموورێگایەک ولە هەموو جۆر پیلان وسیاسەتێکی چەپەڵ کەڵک وەردەگرن بۆحاشا کردن لە کورد وپرسە سیاسیەکەی لە ئێران دا.

ئەوەی لێرە دا زۆر جێگای سرنجە، لێک بڵاوی وسەر لێشێواوی ژومارەیەک زۆرکوردی بە ناو "رێفورم خواز" لە ناو خۆی ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان دایە کە بەداخەوە لە گەڵ گەلەکەی خۆیان زۆرنامۆن وهەرگیزنەیان وێراوە خۆیان لە قەرەی کێشەی سیاسی گەلەکەیان بدەن ولە باشترین حالەتدا کەوتونەتە سەنگەری داگیرکەران لە دژی داخوازی گەلەکەیان وهەموو هەوڵیان ئەوەبووە کە داخوازی رەوای گەلەکەیان بە هیندێک مافی شاروەندی وبە چەند ماددەی بێ ناوەرۆکی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ئێران گرێ بدەن وهەوڵ وخەباتی ٦٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەواشە بکەن ودڵیان بەوەخۆش کردووە کە دەتوانن لە نێو رێژیم دا" رێفۆرم" پێک بێنن وبۆ ئەو مەبەستەش ئێستا هیندێکیان چالاک بونەتەوە وداوایان لە خاتەمی کردووە کە بۆ جاری سێهەم خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران بپالێوی، ئەوە لە حالێکدایە کە ئەوبە نێو" رێفۆرم خوازە" کوردانە هیچ پرۆژە وبەرنامەیەکیان نیە کە بیخنە بەردەم خاتەمی بۆ ئەوەی هەوڵێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن. کێشەیەکی گەورە کە بە گشتی بەرۆکی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووە، بوونی قەیرانی خۆ پێناسە کردنە کە ئەوە نەک لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لاوازێکی زۆر گەورەیە ،بەڵکوو لە نێوحیزبە سیاسیەکانی کوردی دژ بەری کۆماری ئیسلامیش زۆر زەق وبەرچاوە وکێشە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبانە بۆتە هۆی لێک دابڕان ودابەش بوونی هێزوتواناکان ولە ئاکام دا لاواز بوونی هەموویان.

سەرەرای ئەوانەش بەشێکی زۆریان ئامادە نین کە هاوکاری لایەنێک یان چەند لایەنی دیکە بکەن وبە داخەوە لە جیاتی ئەوەی بە رێگای دیالۆگ وتۆلێرانسەوە لە یەکتر نزیک ببنەوە، هیندێکیان دەهۆلی شەڕلە دژی هاوسەنگەرانی دوێنیان لێ دەدەن وخەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی کە دوژمنی سەرەکی هەموانە بۆتە خەبات لە دژی یەکتر. نەبوونی پلان وبەرنامە بۆ ئەوەی یەک دەنگ بەرەو رووی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە ونەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی کە ئامانجی رێک خستنی خەباتی ناوخۆودەرەوە بێ لە ئارادانیە وتەنانەت لە کاتی مانگرتنی زیاتر لە ١٠٠ چالاکی مەدەنی لە ناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کە نزیک بە دوو مانگی خایاند ئەو حیزبانە نەیان توانی یەک دەنگ ببنە پشتیوانێکی بە هێز بۆ ئەو داوا رەوایانە وهەرکام بە جیا هەڵوێستی خۆی گرت. پرش وبلاوی وبێ بەرنامەی ئەوهێزانە وای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە کە بێتە تەنیا مەیدان داری ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان وبە ئارەزووی خۆی سیاسەتی گۆرینی دێموگرافی وجوغرافی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بباتە پێشەوە وبە بێ بەربەست ئاسەوارە مێژووییەکانی دۆزراوە لە سەر خاکی کوردستان بە تاڵان بەرێ. جێگای خۆیەتی کە ساڵی ٢٠٠٩ بکرێ بە ساڵی بە خۆ داچوونەوەی هەموو ئەو لایەنانەی کە جگە لە

خۆیان کەس ولایەنی دیکەی سیاسیان قەبوڵ نیە وپێیان وایە کە ئەوان دەبێ بڕیار دەروێ نیشاندەری خەڵکانی دیکە بن.

٢٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

---

## خودایە لە بەڵای لابەلا بمان پارێزی

### وەلامێک بە وتەکانی کاک "ئارێس زارعی".

کاک ئارێس لە بابەتێکی دووردرێژ دا کە دەکرا هەمووی لە لاپەرێک دا کۆکردباوە، بە قەولی خۆی وڵامی "تۆهمەتە بێ بەڵگەکانی " منی "کۆنە پەرەست ودژی یەکسانی خوازی ودژی تێکۆشەرانی ڕێبازی سوسیالیسم وکومونیسم" ی داوەتەوە وا تێگەیشتووە کە من یەکێک لە نەیاران وتەنانەت دوژمنانی حیزبەکەی ئەومم. ناوبراوبە نیشان دانی کۆمەلێک دروشمی سوواولە مۆد کەوتوو دەیهەوێ بیسەلمێنێ کە بەڵێ ئەوە حیزبی کۆمونیستی ئێرانە کە موژدەی ڕزگاری دەدا بە گشت لایەک ولە سەردەستی ئەو حیزبە "گەلی وجەماوەرییە" ئازادی باڵ بە سەرهەموو ئێران دا دەکێشێ وزەحمەتکێشان لە سێبەری خەبات وتێکۆشانی ئەو حیزبە دا دەحەسێنەوە وئێران بە گشتی دەبێتە بەهەشتی بەلێن پێ دراو. من پێم خۆشە بە کاک ئارێس بلێم کە من یەک کەس لە ئەندامانی کۆمەلە وحیزبی کۆمونیستی ئێران ناناسم ودۆستایەتیم لە گەڵیان نیە وبە خۆشیەوە دوژمنایەتیم لە گەل هیچیشیان نیە. کەوابوو با کاک ئارێس دڵنیا بێ کە من هیچ کێشەی شەخسیم لە گەڵ هیچ کام لە ڕێبەران وئەندامانی حیزبە کەی ئەو وهەموو حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان نیە وهیچ بەرژەوەندیشم لەوەی دا نیە کە لە خۆڕا هەڵ بکوتمە سەر لایەنیکی سیاسی ویان کەسایەتێکی حیزبی. ئەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە حەزیان لە ڕەخنەکانی من نیە وزۆرجارمن و کەسانی دیکەی ڕەخنەگەر لە سیاسەتە چەوت وهەڵەکانیان وەکوو سەگ دەشوبهێنن ولە خراپترین حالەتدا وەکوو دوژمن سەیرمان دەکەن دووپات دەکەمەوە کە من لە نووسین دا بە تەواوی سەربەخۆم ورێگا بە هیچ کەس نادەم بۆمن خەت ونیشان دیاری بکا کە چۆن بنووسم ولە سەرچی بنووسم.

من بە خۆشیەوە لە ژێر کاریگەری ئەمروفەرمان هیچ کەس دا نیم وهەموو ئەو شتانەی کە دەیاننوسم بیروباوەڕی خۆمن، نەک ئەوەی لە لایەن لایەنێکی سیاسیەوە پێم دیکتە بکرێ ومنیش ئەنجامی بدەم. ئەوەی کە کاک ئارێس پێی وایە " من وەکوو دەروێشی جەنابی شێخ جەزم بووم ولە مل راوەشاندن زیاترچیتر هەست پێ ناکەم" بە داخەوە ئەوە لە خۆی قەوماوە. هەموو کەس دەزانێ کە ئەندامانی ئەحزابی کۆمونیستی لە کوردستان ویەک لەوان حیزبی کۆمونیستی ئێران هیچ ئازادی دەربرینی بیروباوەڕیان لەناو حیزبەکەی خۆیان دانیە وئەگەر رەخنەیەک لە کاروکردەوەکانی رێبەری حیزبەکەیان بگرن، هەر زوو دەکەونە بە "قەهری انقلابی" رێبەرەکەیان ولە ئاکامدا بە کۆڵێک تۆهمەت وبوختانی ناڕەواو وهەڵبەستراو لە حیزبە "خۆشەویستەکەیان" دەدەردەکرێن.

حیزبی کۆمونیستی ئێران نمونەی بەرچاوی ئەو جۆرە پارتانەیە کە لە سەردەستی رەحمەتی "منصورحکمت ورێبەرانی کوردی ئەو حیزبە "  کۆمەڵێکی زۆر خەڵک بە تاوانی جیا جیا لە حیزب دەکران. هیوام وایە کاک ئارێس کە لە عەکسەی را وێدەچێ جەوانێکی بە هەست وبە ئێحساس بێ بە چاوکراوەیی لە هەڵس وکەوت وسیاسەتی حیزبەکەی و رێبەرییەکەی بروانێ ومرید ئاسا سلاواتان لە دیداری شێخەکەی لێ نەدا. حیزبێک کە تەحەمولی رەخنەی ئەندامانی خۆی نەبێ ومافەکانیان بە سانایی پێ شێل بکا چۆن دەتوانێ گەلێک ویان چینێک لە ژێر ستەم ڕزگار بکا. ئەوە نیە حیزبی کۆمونیستی تۆ تەحەمولی بیروباوەڕی جیاواز ناکا وکۆمەڵێک لە ئەندامانی رێبەری وخوارەوەی خۆتان دەڵێن" با لە ژێرناوی کۆمەڵە درێژە بە خەبات بدەین نەک لە ژێر ناوی حیزبی کۆمونیستی ئێران".

لە ولام دا کۆمەڵێک بەربەستیان بۆ دروست کردوون و ناچاریان کردوون کە یان حیزب بە جێ بهێلن ویان عاقل بن وبێ دەنگ دابنیشن. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کە ئەو کەسانەش تێگەیشتوون کە حیزبی کۆمونیستی ئێران هیچ توانایی وکارایی نیە وتەنیا وتەنیا بە هەدەردانی کاتە و بەس.

ئەوەیکە من دەلێم حیزبی کۆمونیستی ئێران هەرهیچ خێری بۆ گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نەبووە وکاری بۆتە دژایەتی کردنی ئامانجە نەتەوەیەکانی ئەو گەلە وبە ئەدەبیاتێکی پڕلە جنێو وسوکایەتی خەباتی ڕزگاری خوازی کردۆتە ئامانجی پەلامارەکانی خۆی بە خۆرایی وبێ بەڵگە نیە و ئەوەی ئەو حیزبە دەیکا شتێکی تازە نیە وهەرلە سەرەتای دامەزرانیەوە ئەوە بۆتە رێبازی سیاسی وستراتیژی. من لە درێژەی ئەو بابەتە دا بە هێناوەی

کۆمەڵێک بەڵگە لە کتێبی "رێبازی کۆمەڵە لە تۆی بەڵگەکانیدا" لە نووسینی رێزدار ئەیوب زادە ،هەڵبەت لە سەرئیزنی بەرێزیان ، وڵامی تۆهمەتەکانی کاک ئارێس دەدەمەوە وبە بەڵگە نیشانی دەدەم کە ئەوەی من دەیلێم لەخۆڕا نیە.

کاک ئارێس بە قەولی خۆی بۆ ئەوەی بە بەڵگە ولامی منی دابێتەوە ئیشارە بە ٥ خاڵ دەکا کە بە بڕوای من جگە لە کۆمەڵێک دروشمی حیزبی بۆ هەڵخەلەتاندنی کەسانی وەکوو کاک ئارێس وخەڵکی ساویلکە نەبێ، ناکرێ وەکوو بەڵگە وسەنەدی مێژووی سەیریان بکرێ. با لە ڕوانگەی کەسێکی شارەزاولێکۆڵەر سەیری حیزبی کۆمونیستی ئێران بکەین وبا بزانین کە حیزبی کۆمونیستی ئێران بەو سیاسەتە چەوتانەی چ "دەستە گولێکی" لە سەری زەحمەتکێشانی کوردستان داوە. رێزدار ئەیوب زادە بۆلێکۆڵینەوە لە سەر کۆمەلە وحیزبی کۆمونیستی ئێران، یەکێک لە گرینگترین بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بە ناوی"پێشرەو" هەڵبژاردووە وتێروانین وسیاسەت وستراتیژی ئەو حیزبە ی بە نیسبەت رۆژهەلاتی کوردستان وخەباتی نەتەوایەتی وچینایەتی هەڵسەنگاندووە کە شایانی رێزوسپاسە. بۆ ئاگاداری خوێنەران بابەتەکانی ئەو کتێبە لە هەشت بەش دا وبە شێوەی زنجیرە وتارلە ماڵپەری" هەڵوێست" دا بڵاوکراوەتەوە."

لە بەشی یەکەم ولە دەستپێکی بابەتەکە دا هاتووە " یەکەم ژومارەی پێشڕەو لە پووشپەری ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوی گەیشتە دەستی خوێنەران. لە سەرەتادا پێشڕەوپتربڵاو کراوەیەکی فیکری وتیۆریک بوو تا گۆڤارێکی سیاسی /تەبلیغی. بە لام کاتێ حیزبی کومونیستی ئێران لە ئاکامی رێککەوتنی کۆمەڵە و "سەهەند" دا پێکهێنرا، پێشڕەویش بوو بە ئۆرگانی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە). لە گۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە دا کۆمەلێک بڕیار دراون کە بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە رۆژهەلاتی کوردستان جێگای سرنجن. "بۆ وێنە لە بڕیارنامەکە دا حاشا لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان کرابوو وبزووتنەوەی کوردستان بە درێژەی ڕاپەرینی ڕیبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩) لە قەڵەم درابوو. ڕاستە کۆمەڵە دواترهێنەدەی نەخایاند لە ژێر زەختی ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەکانی کوردستان ولە ترسی تەریک کەوتنەوە لە کۆمەڵی کوردەواریی، بۆ ڕاستکردنەوەی رێبازی ڕاست ئاژۆیانەی کۆنگرەی دووهەمی کەوتە خۆ، بە لام لە گەڵ ئەوەش بیرۆکەی لادەرانەی ئەم کۆنگرەیە لە نێوکۆمەڵە دا بە شێوەیەک لە شێوەکان درێژەی بە ژیانی خۆی داوهەرئەوە دواتر بوو بە پاڵپشتێکی گەورە بۆ خۆسەپاندنی ئاسانی ڕوانگەی شوڤێنیستیی مەنسووری حیکمەت کە لە قالبی کۆمۆنیزمی

کریکاریدا بوو بە ڕێبازێکی تاقانە لە نێو کۆمەڵە دا".

ئەو پاراگرافەی سەرەوە بە باشی بۆمان روون دەکاتەوە کە کۆمەڵە هەر لەسەرەتاوە بڕوای بە مەسەلەی کورد وبە کێشەی نەتەوایەتی نەبووە و ڕێبەرانی کوردی کۆمەڵە زۆر ساویلکانە کەوتونە تە داوی بابایەکی ڕەگەزپەرەستی فارسی وەکوو"منصور حکمت" وپشتیان لە ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلەکەیان کردووە وهەر لە دوای کۆنگرەی دووهەمیان بەرەبەرە کەوتونەتە دژایەتی وبەربەرەکانی ناسنامەی کوردی گەلەکەیان.

"ئەدەبیاتی سیاسی پێشڕەو بەرهەم وهەڵێنجاوی ئەم بیرە بوو، ئیغراق وتێگرتن، بە ئەنقەست نەیارداتاشین، نوقم بوون لە دنیای خەیاڵی وئووتۆپیادا وخۆ بە کەم زانین لە حاست ڕووناکبیرانی نەتەوەی باندەست کە ئەوسا بە هاوچینەکانیان ناوزەدیان دەکردن، ئەدەبیاتی سیاسی کۆمەڵەی پێ نەخشێنرابوو. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە هەوڵدان بۆ لە بەریەکترازاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ئەرکێکی لە بیرنەکراو سەیردەکرا. کۆمەڵە لە گەڵ ئەوەی هێزوتوانای مادی ومەعنەویی خۆی لە بزووتنەوەی کورد وەردەگرت، کەچی لە ئاستی تیۆری ونەزەریدا هەتا بڵێێ هەڵگری سیاسەتێکی چەواشەکارانە بوو. بیری نەتەوەیی کوردوبزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی وەک کۆسپی سەرڕێگای خەباتی پرۆلتاریا لە قەڵەم دەدا". "بە لای" پێشڕەو" وەوە خەباتی چینایەتی گرفتی سەرەکیی کۆمەڵی کوردەواری بوو.

لەو نێوەدا وریاکردنەوەی کرێکاران وزەحمەتکێشان بۆ هاتنە ناو ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیست، بە جێگەیاندنی ئەرکێکی سەرەکی بوو. پێشڕەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کرێکاری کورد لە " خورافەی ناسیونالیستی" ڕزگاربکا وخۆی بە بەشێک لە هاوچینەکانی دیکەی لە ئێران بزانێ وچارەنووسی خۆی بەوانەوە گرێبدا".

" پێشڕەو دەیویست مرۆڤێکی نوێی کورد دروست بکا کە چیترخۆی بە ناسنامەی ئێتنیکی ونەتەوەییەوە پێناسە نەکا وبە درێژایی چەندین ساڵ بۆ هێنانە دیی ئەو خەونە دەیڕاواند. کەچی تا ئیستاشی لە گەڵدا بێ هەربۆی نەهاتە دی. واتە بەوئالیاژ وعەیارە نەیتوانی مرۆڤێکی نوێێ کورد واتە" خلق کارگر" دروست بکا ومافی دەسەلاتداریێتی وسەروەری نەتەوەیی لە بیر کورد بباتەوە".

"پێشڕەو و دۆزی نەتەویی کورد"

" ئەگەرناسیونالیزم لە کورتترین مانای خۆیدا بریتی بێ لە دوکترین وگوتاروبنەمایەک کە خوازیاری پێکەوەنانی مالێک بۆ نەتەوە بە هۆی دەوڵەتی نەتەوەییەوە بێ، ئەوا دەتوانین بڵێین هەردەم وکاتی دەسپێکی کاری پێشڕەو هەتا رۆژگاری ئێستا پێشڕەو لە ململانێیەکی نارەوای بێ نێوبڕدا بووە بە دژی پێکەوە نانی کیانێکی سیاسی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان." پێشرەولای وابوو: " لا چوونی ستەمی میللی بە مانای باشتربوونی هەلومەرجی ژیانی جەماوەرێکی بەرینی خەڵکی کوردستان نیە ... لاچوونی ستەمی میللی نە مانای کۆتایی پێهاتن ولە نێوچوونی چەوسانەوەیە ونە مانای دابینکردنی بیمەی بێکارییە، نە مانای کەمبوونەوەی سەعاتکارە ونە مانای لاچوونی ستەمە لە سەر ژنان، نە مانای ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕونە مانای ئازادی پێکهێنانی رێکخراوو مانگرتنە. ئەگەر لە دەورەکانی ڕابردوو دا ناسیۆنالیزم مەسەلەن مانای ئەوە بوو باج وبەرتیلی حکومەتی مەرکەزی وفیۆدالیزم نەمێنێ ولەم بارەیەوە بە ژیانی جەماوەرێکی بەرینەوە گرێداربوو وقودرەتێکی بەرینی بۆ هەڵخڕاندنی خەڵک هەبوو، ئەمرۆ ناسیۆنالیزم لە کوردستان هیچ کام لەو خاسییەتانەی نییە وهیچ لایەنێکی پێشکەوتنخوایی کۆمەلایەتی تێدانییە".

هەروەکوو لەهەڵسەنگاندنە بە پێزەی رێزدار ئەیوب زادە بۆمان دەردەکەوێ، حیزبی کۆمونیستی ئێران تەنیاوتەنیا دژایەتی لە گەڵ بیری نەتەوەخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەبووە وهەیە وبۆ ئەومەبەستەش لە هیچ جۆر سیاسەتێکی چەواشەکارانە وناحەزانە لە دژی خەباتی رزگاری خوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان کۆتایی نەکردووە وئەمرۆشی لە گەڵ بێ هەر لە سەر بیری بابای شۆڤینیست رەحمەتی "منصورحکمت" دژایەتی گەلی کورد دەکا وبە کۆمەلێک دروشمی خەیالاوی کە خۆی باوەڕی پێیەتی لای وایە کە خەباتی "چینی کریکار" دیارە لەوجۆرەی ئەوان بڕوایان پێیەتی لە دژی بورژواناسیۆنالیستی کورد سەردەکەوێ وسۆسیالیزمی جێگای هیواوهۆمێدیان لە ئێران دا جێگیردەبێ.

من بۆ ئەوەی چیدیکە وتارەکەم لەوە زیاتر درێژنەبێتەوە وبۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش تاقەتی خوێندنەوەی ئەو بابەتەی هەبێ بەوەندە بەسەندە دەکەم وبەوهیوایە کە بە بەلگەوە ولامی کاک ئارێس زارعیم دابێتەوە وبەوئاواتەی رێبەرانی حیزبی کۆمونیستی ئێران لەو سیاسەتە هەڵەی کە تاکوو ئێستا لە دژی گەلی خۆیان لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوەیان بردووە دووری بکەن ولە خۆڕاو بێ مانا دژایەتی ئامانجە نەتەوەیەکانی گەلەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەن. ئەوان سۆسیالیست یان کۆمۆنیست دەبن مافی خۆیانە، کەس پێشی پییان نەگرتوە، بەڵام سۆسیالیستێک یان کۆمۆنیستێک بن کە پشتگری مافەنەتەوایەتیەکانی گەلەکەی خۆیان بکەن ولە هەمان کاتیشدا بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێ بکۆشن. بێ گومان بە بێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی ودروست کردنی ناسنامەی نەتەوەیی، خەبات لە پێناو کۆمەڵێکی یەکسان ودوورلە "چەوسانەوە" خە یاڵە وبەس. بەوهیوایەش کە دیالۆگی مابەینی تاکە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی دیالۆگێکی سالم وسودمەند بێ وبەو هیوایە کە حیزبەکان بە گشتی تەحەمولی بیروباوەڕی جیاوازوڕەخنەی ڕەخنەگرانی سیاسەتەکانیان بکەن وئەوەی لە نیهایەت دا هەمووی ئێمەی کورد بە ناسیۆنالیست وکۆمونیست وسۆسیالیست وئیسلامیست وسیکۆلاریست ولائیست بەیەکەوە گرێ دەداتەوە کوردبوونمانە وبەس.

١٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

---

## حدکا و دروست کردنی ڕێکخراوی ئاینی؟

لە هەواڵێکدا کە لە ماڵپەری "کوردستان میدیا" ماڵپەری فەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا خوێندمەوە، موژدەی دامەزرانی ڕێکخراوێکی ئیسلامی بە ناوی"یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران" لە لایەن ئەو حیزبە بە خەڵک دراوە.

لە ناوەرۆکی هەواڵەکە ولە داکۆکی کردنی ئەندامانی ئەو حیزبە لە دامەزرانی ڕێکخراوێکی لەوچەشنە ،هیچ جێگای شک وگومان ناهێڵێتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی ئەو ڕێکخراوەی دامەزراندووە. پێویستە لە پێشدا ئاورێک لە ناوەرۆکی ڕاگەیندراوەکە بدەمەوە وپاشانیش ناکۆکی وناتەبایی نێوان بەرنامە وسیاسەتەکانی حدکا ودروست کردنی ڕێکخراوێکی ئیسلامی بخەمە بەردیدەی خوێنەران.

مەسەلەیەکی گرینگ کە لێرە دا دێتە بەرباس وجێگای هەلوێستە کردنە، ئەوەیە کە حدکا بۆچی ڕێکخراوی ئاینی دادەمەزرێنێ وئایا دروشمی گۆنگرەی ١٤ی ئەو حیزبە واتە "کۆنگرەی گەشە کردن وبە جەماوەریترکردنی خەبات" یانی بە ئیسلامی کردنی زیاتری کۆمەلگای کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستانە؟ لە بەشێک لەونووسراوە داهاتووە " لە ڕوانگەی (یزاکا) وە دینداربوون، نەک هەرنابێ بەلەمپەرێک لە سەر رێی داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ ومافە نەتەوایەتی وئیتنیکییەکان بە تایبەتی، بەڵکوو شێلگیرانە پشتگیری دەکا لە هەرچەشنە هەوڵێکی رەوا بۆ چەسپاندنی ئەومافانە". دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی ئیسلامی لە لایەن حدکا لە گەڵ چەند خاڵ لە بەرنامەی ئەو حیزبە ناتەبایە وئەو حیزبە بەوهەنگاوەی زۆرتر وەکوو حیزبێکی سوونەتی ئیسلامی پێناسە دەکرێ، تاکوو وەکوو حیزبێکی دێموکرات ومۆدێرن کە ئەندامی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنالیست سۆسیالیستە کە هەموو ئەندامەکانی ئەحزابی دێموکرات، سۆسیالیست و سۆسیاڵ دێموکراتن وهەمووشیان پابەندەن بە سیستمی سیکۆلاری ولاتەکەیان ولەو ولاتانە جگە لە تورکیە نەبێ، سیاسەت وئاین بە تەواوی لێک جیا کراوەتەوە وئیدی کلیسا کاری بە سیاسەت کردن نیە وئەرکە ئاینیەکانی خۆی بەرێوە دەبا وبۆی نیە دیخالەت لە سیستمی سیاسی وڵاتەکانیان دا بکا.

لە راستیدا هەوڵ دان بۆبە زیاترئیسلامی کردنی کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەک هیچ خزمەتێک بە دێموکراسی وکێشەی نەتەوایەتی ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانە جێگە وپێگە ی گروپە ئیسلامیە رادیکالەکان لە داهاتوو دا بە هێزتردەکا وکێشەی زۆرگەورە بۆچارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و دامەزرانی سیستمێکی سێکۆلار ودێموکرات لە ئێران دا بە گشتی ولە رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی دروست دەکا. ئەوە نمونەکەمان لە باشوری کوردستان لە بەرچاوە کە گروپە ئیسلامیەکان ئەوەی بڕوایان پێی نەبێ مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردە وئەوەی بۆیان گرینگ نەبێ دێموکراسی ومافی مرۆڤ ویەکسانی ژن وپیاوە وئاکامەکەشی دژایەتی کردنی توندی ئەوچە مکانەیە ودروست بوونی سازمانەگەلێکی وەکوو "انسارواسلام" ی لێ کەوتۆتەوە.

لە هەرکۆمەڵگایەکدا ئەگەر گرۆپێکی ئاینی، مەزهەبی، ئیتنیکی وتەنانەت مەزهەبیش کەمینە بن ومافەکانیان وەبەرچاو نەگیری وپشت گوێ بخرێن، ئیدی ئەو کۆمەڵگایە وئەوسیستمەی کە دەسەلاتی بە دەستەوەیە ناتوانێ ناوی دێموکرات وماف پارێزلە سەر خۆی دابنێ، چونکە لە سیاسەتەکانی دا هەڵاواردنی نەتەوەیی، ئیتنیکی، جینسی، ئاینی ومەزهەبی پەیرەو دەکرێ وبە ناوی ئاین وزۆرینە مافی بەشێک لە دانیشتووانی وڵات دەخرێتە

ژێرپێ. هیچ دوور نەڕۆین ولاتی ئێران نمونەی بەرچاوی ئەو جۆرە دەسەلاتانەیە کە هەموو شتێک لە دەستی فارس وشیعە دایە، کورد ونەتەوەکانی دیکە وئاین ومەزهەبەکان وئیتنیکەکانی دیکە بێ بەرین لە بچوکترین مافی ئینسانی.

بۆباشتر شرۆڤە کردنی ئەوبابەتە پێویستە بە کورتی ئاورێک لە بەرنامەی حدکا پەسەند کراوی کۆنگرەی ١٤ی ئەو حیزبە بدەینەوە.

لە بەرنامەی حدکا لە فەسڵی یەکەم، ئامانجە گشتیەکان، لە خاڵی ٢ دا هاتووە " ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهێنانی کۆمەڵێکی دیموکراتیکی سۆسیالیستی یە". دروست کردن کۆمەلێکی وا بۆ دوا رۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بوونی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی ،فەرهەنگی وئابوری پێک دێ وکۆمەڵگا بۆ گەیشتن بەوئامانجە دەبێ رێزی تەواو لە تاکەکانی خۆی بگرێ وهیچ کەس بە هۆی بوونی بیروبۆچوون وبە تایبەت ئاین یان مەزهەبی جیاوازنەخرێتە پەراوێزەوە و وەکووهاونیشتمانێکی دەرەجە 3 سەیری نەکرێ. کەوابوو بوونی دەسەلاتێکی ئاینی لە دەسەلات دا نەک هەر یاریدەری ئەومەسەلە نابێ، بەڵکوو کۆمە ڵگاش تووشی زیاترلێکدابڕان دەکا. کورد هەمووی موسولمانی سوونی نیە وموسولمانی شیعە وئاینەکانی دیکەش وەکوو ئەهلی حەق ومەسیحی ویەهودی وزەردشتی لە کوردستان بوونیان هەیە وباشترین رێگا بۆ رێک خستنی کۆمەڵانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ووەدی هێنانی ئامانجە نەتەوایەتیەکان، پەیرەوی کردن لە سیاسەتێکی دێموکراتیک وسێکۆلارە کە هیچ ئاینێک تێکەڵ بە دەسەلات نەکرێ وئاین ومەزهەبەکان ئەرکە کۆمەلایەتی وئاینیەکانی خۆیان بەرێوە بەرن.

خالێکی دیکە کە لە بەرنامەی حدکا دا پێویستە ئاماژەی پێ بکەم، لە فەسڵی دووهەمی بەرنامە ولە پەیوەندی بە چۆنیەتی ئیدارە کردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داهاتووە و لە خاڵی ٣ دا نوسراوە" حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای سێکولاریزم دادەمەزرێ وبۆ پاراستنی پیرۆزیی ئایین، هەر دوو دامەزراوەی ئایین وحکوومەت لە یەکدی جودا دەکاتەوە".
ئەگەر بە وردی سرنجی ئەودوو خاڵە بدەین بە باشی ناتەبایی لە نێوان بەرنامە وتێروانینی حدکا لە مەڕ دامەزراندنی رێکخراوێکی ئیسلامی بۆ رۆژهەلاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ ولە راستیدا حدکا بەو کارەی نەک

هیچ یارمەتێک بە خەباتی سیاسی ومەدەنی و دێموکراتیک لە رۆژهەلاتی کوردستان ناکا، بەڵکوو رێگا بۆ ئیسلامیە توندرەواکانیش خۆش دەکا کە زیاترهەوڵی خۆیان بۆ بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگای کورد لـە رۆژهـەلاتی کوردستان بدەن وکۆماری ئیسلامیش دەتوانێ کەڵکی باش بۆ پەرە پێدانی ئیسلامی سیاسی خۆی لەوکردەوەی حدکا وەرگرێ.

گەلانی ئێران ماوەی ٣٠ ساڵە بە دەست ئیسلامی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەنالێنن ودیتمان کە چۆن ئیمام خومەینی بە پشت بەستن بە ئاینی ئیسلام ومەزهەبی شیعە فەرمانی جیهادی لـە دژی گەلەکەمان لـە رۆژهـەڵاتی کوردستان دەکرد وکوردی بە کافرپێناسە کردوئاکامی ئەو سیاسەتە بۆ کورد یەکجار زۆرگران تەواو بووە وزیانەکانی ئینسانی، ئابوری، کۆمەلایەتی، سیاسی وفەرهەنگی ئەو سیاسەتە ئەوەندە گەورەن کە سالانێکی زۆری دەوێ تـاکوو قەرەبوو بکرێنەوە. حدکا بە پێناسە کردنی خەباتی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلام وتێکەڵ کردنـی ئـەو خەباتە لە گەڵ ئاین نەک هیچ خزمەتێک بـە بـەرەوپێش چوونی خـەباتی نەتـەوایـەتی و" بـە گـەشـە کـردن و بـە جەماوەریتر کردنی خەبات "ناکا، بەڵکوو زەربەیەکی قورس لە جەستەی خەباتی نەتەوایەتی ودیموکراسی خوازی لە رۆژهە ڵاتی کوردستانیش دەدا.

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

---

## کامەیان بۆگەنیون " ناسیۆنالیزم یان کۆمونیزم" ؟

لە ماڵپەری بۆرۆژهەلات، بابەتێکم لە ژێر سەردێری" ئەوە بزووتنـەوەی ناسیۆنالیستی کوردە کە بۆگـەنی کـردووە نەک حیزبی کمونیستی ئێران" بە قەڵەمی کاک "عرفان عوسمان" کە لە وڵامی کـاک ناسر رەزای دا نووسیویێتی و بەقەولی خۆی وڵامی ناسیۆنالیزمی کوردی داوەتەوە،خوێندەوە. من بەش بە حالی خۆم دەست خۆشی لە رێزدار ناسر رەزازی دەکەم بۆ ئەو لێکدانەوە جوانەی کە لـە سـەرحیزبەکانی رۆژهـەلاتی کوردستان بـە گشتی ولـە سـەر" حزب کمونیست ایران" بە تـایبەتی کردوویـەتی ومنیش دەنگی خۆم دەخەمە پـاڵ دەنگی خۆشەویست کـاک ناسـر رەزازی ودەلێم نەک هەر"حیزبی کمونیستی ئێران" هیچ قازانجی بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نـەبووە، بـەڵکوو

بۆتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵێکی زۆرگیروگرفتی سیاسی لە سەر ڕێگای خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەراستی کاتێک گوێ بیسی قسە ولێکدانەوەکانی کاک ئیبراهیم عەلی زادە وئەندامانی دیکەی ڕێبەری ئەو حیزبە لە سەر کورد بە گشتی وڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی دەبم، هیچ جیاوازێک لە نێوان ئەوان وپان ئیرانیست وسەلتەنەت تەلەبەکان هەست پێ ناکەم. هەموویان یەک ئامانجیان هەیە، هێرش کردنە سەرخەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وبلاوکردنەوە پرۆپاگەندەی ژاراوی لە دژی گەلی کورد وهیچیان پێ نیە جگە لەوەی بە قەولی خۆیان "دژایەتی ناسیۆنالیستی کۆنەپەرەستی کورد بکەن".

حیزبی کۆمونیستی ئێران بە هۆی بێگانە بوون بە کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی جێگە وپێگە لە ناوخەڵک دا وبە هۆی سەر لێشێواوی بووبە چەند پارچە. لە پێشدا "حیزبی کۆمونیستی کارگەری".ی مەنسورحیکمەتی لە دروست بوو، ئەویش زۆری نەخایاند خۆی بوو بە دوو، "حیزبی کۆمونیستی کارگەری ئێران" لە ناو زگی هاتە دەر. پاشانیش دتیمان لەو جەماعەتەش تاقمێک جیا بوونەوە خۆیان بە "حیکمتیست" ناساند. ئەو جەماعەتە کە زۆربەی ئەندامەکانیان کوردن وەکوو دەروێشەکانی شیخی زەمبیلیان لێ هاتووە وڕۆژ هەتا ئێوارە بۆ" شیخ مەنسوری حیکمەت" لە سەروگوێلاکی خۆیان دەدەن وتەنیا وتەنیاش کاریان بۆتە دژایەتی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ودژایەتی زمان وناسنامەی کوردی. دەتوانم بە ڕاشکاوی بلێم کە ئەوانە هەمووی بەرهەمی ئەو ئاوە پیسە بوون کە "حیزبی کۆمونیستی ئێران" لە دوای خۆی ڕشتی و کۆمەڵێک" سازمان" یان باشترە بلێم عەشیرەی بۆگەنی لێ لە دایک بوو.

بریا ڕێبەرەکانی "حیزبی کۆمونیستی ئێران" کە هەمووشیان کوردن وەخۆهاتبانەوە وبە قەولی کاک ناسر رەزازی، "هەستیان بە بۆگەنیو بوونی حیزبەکەیان وئەفکاری حیزبەکەیان کردبا". زۆرسەیرە جەماعەتێک کە لە کوردستان لە دایک بوون وپشتاوپشتیان لە سەر ئەوئاو خاکە داگیرکراوە ژیاون ومردوون، ئاوا ساویلکانە بۆ دڵ خۆش کردنی داگیرکەر هێرش بۆ سەر نەتەوەکەیان دەکەن وبە هەموو جور دژایەتی ئامانجە نەتەوایەتیەکانی ئەوگەلە بێ ماف وچارە ڕەشە دەکەن. ئاخرلە کام وڵاتی دونیا ولە مێژووی کام نەتەوەی سەرگۆی زەوی نوسراوە ودیتراوە کە کەسی چەپ ،جا چ سۆسیالیست بێ یان کۆمونیست، یان پارتێکی سۆسیالیست وکۆمونیست لە دژی نەتەوەکەی خۆی بجولێتەوە ولە بەرژەوەندی نەتەوەی باڵا دەست وداگیرکەردا چالاکی سیاسی بکا؟ باشە ئێوەی بە ناو کۆمونیست مەگەر ئیدەعا ناکەن کە لە پێناولابردنی ستەمی چینایەتی ونەتەوایەتی خەبات دەکەن وئامانجتان دروست بوونی

دونیایەکی بێ چەوسانەوەیە و یەکسانی ئینسانەکانی سەرکورەی خاکی ئامانجی خەباتەکەتانە ؟ باشە ،ئەگەرکورد لە ژێرباری ستەمی سیاسی وچینایەتی کە داگیرکەران لێی دەکەن ڕزگاری نەبێ،
ئەو یەکسانیە و"رفع ستم" بە قەولی ئێوە چۆن دروست دەبێ؟ بۆچی هەموو میللەتانی دونیا مافی ئەوەیان هەیە کە ببنە خاوەنی چارەنووسی خۆیان تەنیا کورد نەبێ؟

مەگەرلە هەموو دونیا لە ڕێگای خەباتی نەتەوایەتی دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نەبوون ونابن ؟ بۆ عەرەب بۆی هەیە زیاتر لە ٢٠ دەولەتی هەبێ، بەڵام کورد بۆی نیە یەک دەوڵەتی هەبێ ؟ ئەگەر بە قەولی ئێوە ناسیۆنالیزم بۆ کورد خراپە دەبێ بۆ نەتەوەکانی دیکەش هەرخراپ بێ! ئەگەربە قەولی ئێوە" ناسیۆنالیزمی کوردی بۆگەنی کردووە، ئەی ناسیۆنالیزمی فارس وتورک وعەرەب چی، ئەوان بۆنی عەترو گوڵاویان لێی دێ؟ خۆ کوردی داماو خاکی کەسی داگیرنەکردووە ومافی هیچ نەتەوەیەکی پێ شێل نەکردووە تاکوو تاوانبار بێ! کورد مافی خۆیەتی بەرگری لە مانەوەی خۆی بکا ولەوپێناوەشدا حەقی خۆیەتی بۆ مانەوە وبۆ دروست کردنی ناسنامەی خۆی لە هەموو شێوازێکی خەبات کەڵک وەرگرێ ! ئەوە کوردستانە کە داگیرکراوە وداگیرکەرانی فارس وتورک و عەرەبن کە تەنگیان بە کورد هە ڵچنیەوە وسەروەت وسامانی وڵاتی کوردان بە تاڵان دەبن وکورد قەڵاچۆ دەکەن. کەی کوردێک چاوی لە داگیر کردنی شارێکی عەرەبەکان، تورکەکان ویان فارسەکان بووە؟ کەی کورد چووە لە سەر خاکی داگیرکەر شەڕی داگیرکەر بکا؟ ئایاهەمووکات هەرماڵ وێرانیەکە بۆ کورد نەبووە وبەردەوام کوردستان نەبۆتە تاقیگەی سەدان چەکی جۆراوجۆر؟

ئایاهەر داگیرکەرە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کوردستان نەبوونە کە شەڕیان بە کورد فرۆشتووە وسیاسەتی ژێنۆسایدیان پەیرەو کردووە؟

ئایاخوڵقاندنی تاوانی ئەنفال وهەڵەبجە ودەرسیم وقامیشلی ودانی حوکمی جیهاد لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ناسیۆنالیزمی کوردەوە بووە یان لە لایەن ناسیۆنالیزمی داگیرکەری کوردستان بووە؟ ئایا ناسیۆنالیزمی کورد هەستاوە بە رووخاندنی هەزاران گوندی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان یان ئەوە ناسیۆنالیزمی داگیرکەر بووە کە هەزاران گوندی کوردستانیان لە گەڵ خاک تەخت کردووە وبە هەزاران کوردیان لە زێدونیشتمانی خۆیان ڕاگوێزتووە؟

کورد بە درێژایی مێژووی خەباتی سیاسی حاشای لە بوونی ناسیۆنالیزمی داگیرکەر وهەموو ئەو نەتەوە وئاینە جیاوازانەی کە لە کوردستان دەژین نەکردووەو ئێستاشی لە گەڵ بێ داوای دیموکراسی وپێکەوە ژیان لە گەڵ ناسیۆنالیزمی داگیرکەر دەکا. سەرەرای ئەوهەموو زوڵم وماڵ وێرانیە کە دەرحەق بە کورد کراوە، کورد ئامادەیە لە گەڵ ناسیۆنالیزمی داگیرکەر بە ئاشتی وتەبایی بژی، بەڵام ئایا ناسیۆنالیزمی داگیرکەربچوکترین مافی ئینسانی بە کورد ڕەوا دەبینێ؟ لە کوێ دونیا دیتراوە وبیستراوە کە گەلێکی گەورەی وکوو کورد ونیشتمانێکی گەورەی وەکوو کوردستان بوونی لە سەر نەخشەی جوغرافیای جیهان نەبێ ولە سەدەی ٢١ یەکەم دا نەتوانێ بە زمانی خۆی بنووسێ وبخوێنی وقسە بکا؟ ئاخر خۆ نووسین وخوێندن بە زمانی زگماکی ماف نیە ،ئەوە شتێکی سروشتیە وهەر ئینسانێک بە هەر زمانێک کە یەکەم جار زمان دەگرێ ووشەی دایە وبابە فێر دەبێ، هەربەو زمانەش پەروەردە دەکرێ وبەوزمانەش خۆی ومێژووی ولاتەکەی دەناسێ. کوردی داماووبێ بەش دەبێ بە فارسی وتورکی وعەرەبی مێژووی داگیرکەرفێربێ وبە کولتوری ئەوان پەروەردە بێ و بە وڵاتە داگیرکراو ولەت لەت بۆکەی خۆی بلێ "کوردستانی ئێران وئێراق وتورکیە وسوریە" . ئێوەی بە ناو "پێشکەوتوو وچەپ وکۆمونیست" ش ئیدعا دەکەن کە " ناسیۆنالیزمی کوردی بۆگەنی کردووە" وبەردەوام هێرش بۆ سەر زمان وکولتوری نەتەوەیی خۆتان دەکەن.

پەندی پێشینیان زۆر جوانە ولە جێی خۆشی کوتراوە وبە تەواوی ئێوە دەگرێتەوە. " تفی سەرەوژووهەربە ڕووی خۆت دادەکەوێتە و هەزارساڵ بکەی بێگانە پەرەستی، ئاخری هەر دێنی نشووستی."

١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

---

## کورد و کێشەی سەرۆک کۆماری لە ئێران

لە ماڵپەری بۆ رۆژهەڵات بەشی فارسیەکەی بابەتێکم لە ژێر سەردێری" مردم ایران از خاتمی معجزە نمی خواهند" بە قەڵەمی د.محمد علی توفیقی خوێندەوە. ناوبراو لە کۆبونەوەیەک دا کە لە تاران بەستراوە بەشداری کردووە وهاوڕا لە گەڵ بەشدارانی کۆبونەوەکە وەکوو کوردێکی سوننی داوای کردووە کە "محمد خاتمی" سەرۆک کۆماری

پێشووی ئێران دیسان وبۆ جاری سێهەم خۆی بۆ سەرۆک کۆماری ئێرانی ئیسلامی بپالێوێ. د.توفیقی بە قەولی خۆی "اصلاح طلب "ە ولە هەمان کاتیش دا ئەندامی شورای مەرکەزی" سازمان مجاهیدین انقلاب اسلامی" یە. لە راستیدا لە نوسراوەکەی د.توفیقی هەمان هەست بە خۆبچوک زانین وبێ دەسەلاتی وداماوی لە بەرامبەر قەومی دەسەلات دار دەبینرێ کە چۆن بێ دەسەلاتانە وداماوانە وبۆ رازی کردنی دەسەلاتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی هەر بەهەمان ئەدەبیات قسە دەکا کە دەسەلاتدارنی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لە مێژە ساڵە کردوویانەتە بنێشتە خۆشە سەرزاریان ودەیجونەوە. زۆر سەیرە کەسێکی کوردی ئاکادمی کە پلەی بەرزی خوێندنی تەواو کردووە وخۆی پزیشکە ئاوا گەلەکەی خۆی بۆ هیندێک بەرژەوەندی کاتی خۆی وهاوبیرانی سوک وبێ قیمەت دەکا ودەیهەوێ کەسێک بێتەوە سەر دەسەلات کە لە ماوەی هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری بچوکترین هەنگاوی لە پێناو باشترکردنی ژیانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵنەهێنایەوە وبەردەوام بە سیاسەتی فریودەرانەی وبە بزەی شەیتانیانەی وبە کوتنی "ئێمە هەموومان ئێرانین وکورد لە هەرئێرانێک ئێرانیترە" لە ئەمروفەرمانی رێبەری ئایینی ولات دەرنەچوو.

بە دەیان کەس لە ژێر سەرۆکایەتی ئەودا بێ بەزەیانە تێرۆر کران، بە رۆژی روونـاک هێرش کرایە سەر شوێنی حاوانەوەی خوێندکارانی زانستگای تاران وبە سەدان قوتابی کەوتنە بەر پەلاماری لات وچەقۆکێشەکانی بە ناو"لباس شخصی" وبە دەیان کەس حەوالەی زیندانەکان کران. دەیان رۆژنامەوان گیران ورۆژنامە وگۆڤارەکانیان داخران، بەڵام خاتەمی لە جیاتی پشتیوانی لەوخوێندکارانە بکا کە لە سەرەتاوە لە پشتی راوەستابوون، ئەوانی بە "تیکدەروئاژاوەگێر" ناساند وگوێ خۆی لە حاند ئەو هەمووە تاوانە بەست. باشە د.توفیقی دەکرێ خزمەت ودەسکەوتەکانی هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری "محمدخاتمی" بۆ گەلانی ئێران بە گشتی وبۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتیمان بۆ باس بکەی؟ با ئێمەش وزۆر خەڵکی دیکەش کە لە ریزی "ریفورم خوازی" دانەبووین ئاگاداری کاروکردەوە جوان وبەنرخەکانی خاتەمی ودەولەتەکەی بین وهەروا لە تاریکی دا نەمێنینەوە. خاتەمی هەرلەسەرەتاوە بە کۆمەلێک دروشمی بێ ناوەرۆک جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، دەنا هیچ پرۆژەیەکی بۆبە دێموکراتی کردن ئێران نەبوو. ئەو بە سیاسەتە چەوتووهەڵەکانی گەلانی ئێران لە خشتە برد ولە ئاخریش دا هەموولایەکی ناهۆمێد کرد. خاتەمی خۆی بە دەیان جارکوتویەتی کە لە "ئەمروفەرمانی رێبەری شۆرش" دەرناچی وئەو" تەنیا تەداروکاتچیی"یە. ئەوبۆجارێکیش شەهامەتی نەبوو ڕەخنە لە سیاسەت و کردەوەکانی سەرۆک ئایینی وڵات عەلی خامەنەیی بگرێ ودایم خۆی بە خزمەت گوزاری شێخی جەماران زانیوە.

خاتەمی جگە لە درێژکردنەوە هەشت ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی کە خۆشی بەشێکە لە ونیزامە هیچی دیکەی نەکرد و بۆ فریودانی دەوڵەتان و خەڵکانی دونیا دروشمی " گفتگوی تمدنها" ی بەرزکردبووە، ئەوە لە کاتێدایە کە تەمەندون وشارەستانیەتی گەلانی ئێران ویەک لەوان کورد بە شێوەی سیستەماتیک حاشای لێ دەکرێ وسیاسەتی ژێنۆساید لە هەموو بوارەکاندا بە نیسبەت گەلانی ئێران بە گشتی وکورد بە تایبەتی بەرێوە دەچێ.

پێم خۆشە لە د.توفیقی پرسیار بکەم کە بەراستی تۆ وهاوبیرەکانت بە تایبەتی ئەو کوردەکانەی کە ئالآی "رێفورم خوازیتان" هەڵگرتوە وخۆتان کردووە بە کوێخای گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ،چ پرۆژە وبەرنامە وپلانی کارتان هەیە بۆ داهاتووی ئەو گەلە داماو وماف خوراوە. ئایا ئەوبازیە کە دیسان دەستتان پێ کردووتەوە هەرهەمان گەمەی سیاسی هەشت ساڵ دەسەلاتی خاتەمی بە ناو"رێفۆرم خواز" نیە کە بە دروشمی بێ مانا وبە وادە وبەڵێنی درۆ دەتانهەوێ دیسان کوردەکان بەرنەوە سەر سەندوقەکانی دەنگدان ودەنگیان بۆ بەرژەوەندی خۆتان پێ بدەن؟ ئایا ویژدانەن بە هاتنەوە سەرکاری خاتمی زاماکانی گەلەکەمان کە ٣٠ ساڵە بێ بەزەیانە لە بن دەسەلاتی شومی ئاخوندەکان دا دەچەوسێتەوە سارێژدەبنەوە وکورد دەکەوێتە خۆشی وژیانێکی شیاوی ئینسانی سەردەمی ئەمرۆی بۆ دابین دەکرێ وئیدی چیدی هەست بەوەی ناکا کە هاوولاتی دەرەجە 3یە وئێرانی بوونی تەنیا بۆ فارسەکان ودەسەلاتی ئەوان نیە؟ باشە تۆی کوڕە کورد کە خاوەنی دوکتورای چت لە خاتەمێکی عەبا شۆریان پاسدارێکی وەکوو ئەحمەدی نژاد کەمترە کە هەوڵ نادەی بە پشتیوانی گەلەکەت یاسای بنەڕە تی کۆماری ئیسلامی بگۆرێ وبۆ ئەوەی تۆی کوردی سوننیش بتوانی خۆت بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بپالێوی ورۆژێک لە رۆژان تۆ ویان کەسانی دیکە ببن بە سەرۆک کۆماری ئێران؟! باشە کورد بۆ هەر فێرە نۆکەری داگیرکەر وبێگانە بکا وتاکەی ئێوەی بە ناو رۆشنبیرونوخبەی کۆمەڵگا وەخۆ نایەنەوە و بیرێکی جییدی وئەساسی لە چارەنووسی خۆتان وگەلەکەتان ناکەنەوە؟ لە کۆتایی ئەوبابەتەم دا ئەو دێرە شێعرە وەبیر تۆ و هەموو ئەو کوردانە دێنمەوە کە بڕوایان بە توانایی خۆیان وبە پشتیوانی گەلەکەیان نیە وهەموو کات کاسە لێسی سەرسفرەی داگیرکەرەن.

هەزار ساڵ گەربکەی بێگانە پەرەستی ئاخری هەر دێنی نشووستی

١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

## چەند سرنجێک لە سەر وتاری "چرا تجزیه طلبی را باید محکوم کرد"

یەکێک لە دۆستان بابەتێکی بۆ ناردووم کە بە قەڵەمی " سام قندچی" لە ژێر ناوی" چرا تجزیه طلبی را باید محکوم کرد" نوسراوە. سەرتاپای بابەتەکە ڕەگەزپەرەستی لە وشەکانی دەبارێ وپان ئیرانیسم لە دەریای راسیسم دا شەپۆلان دەدا. ناوبراوخۆی وەکوو "تحلیل گرسیاسی وآینده نگر" بە خەڵک ناساندووە ولەوبابەتە پڕلەڤین وشووینیستانە دا خۆی کردووە بە قەیومی گەلانی ئێران وبیری جیاوازی خوازی کە سەرچاوەکەی لە کوردانەوە دەزانێ بە تاوان وخەیانەت دەناسێنێ. ناوبراو بۆ ئەوەی بە بێ پێشەکی هەڵ نەکوتێتە سەر گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان برێک باس لە بیری سەربەخۆیی خوازی ئامریکا لە بریتانیا لە دەورانی جێفرسۆن دا دەکا وپاش "تجزیه وتحلیل" بابەتەکە بە قەولی خۆی ، ئەوجاربسم الله لە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەخۆ دەکەوێ وئەوەی بێ حورمەتیە بە مێژووی ئەو گەلە خاک داگیرکراوەی دەکا. ناوبراو لە بەشێک لە فەرمایشتەکانی دا دەفەرموێ" حال اجازه دهید همین قاعده را درمورد کشور خودمان و ادعاهای گوناگون تجزیه طلبانەای کە مطرح است بکاربریم. بنظرمن، خواست های نیروهای تجزیه طلب . فعلا "ایرانی" از خواست های جنبش سراسری مدنی وسیاسی ایران عقب تراند ودر نتیجه در تجزیه طلبی شان بوی ترقی خواهی برای مردم به مشام نمی رسد.
اما خواست های جنبش سراسری مدنی وسیاسی ایران چیستند وچرا تجزیه طلبان از آن عقب افتادەاند ؟ بنظر من، جنبش ایران مدت هاست که به سکولاریسمی تحول یابنده وگسترده رسیده است که از عهد انقلاب مشروطه تاکنون، به بیان ها واشکال مختلف خواستار جدائی قومیت ومذهب وایدئولوژی از ساختار سازمان های مدنی وسیاسی شده است. این در وظعیتی است که از همان تاریخ تاکنون تجزیه طلبان ما، بجای ایجاد تشکلاتی که به قوم ومذهب معینی متعلق نباشند همواره قوم گرایی را تشویق کردەاند، مثلا در کردستان " اسماعیل آقا سیمیتکو" یک مستبد قوم گرا بود وهیچ برنامه مدرنی حتی در حد مدرنیسم رضا شاهی در دیدگاهای خود نداشت و ایل "شکاک" بر رهبری او با قتل عام آشوریان و ارامنه در خوی وسلماس منتهای قساوت را اعمال کرد. اما می دانیم که حرکت او نزد جریانات تجزیه طلب به یک نماد مبارزاتی تبدیل شده است وبرخی از تجزیه طلبان افسوس میخورند که چرااسماعیل آقا نتوانست در درگیرهایش با رضاشاه او را به قتل برساند.

به سرنج دانێک بە قسەکانی سام قندچی بۆمان دەردەکەوێ کە ناوبراودژی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندایە

و پێ وایە کە لە ئێراندا کێشەیەکی سیاسی بە ناوی کێشەی نەتەوایەتی نیە وئێران یەک نەتەوەیە وهەردەبێ بش بێ وئەوە کوردەکانن کە سەرچاوەی ئاژاوەگێری وجیاوازی خوازین. ئەو هەموو مەسەلەکان بە قەولی خۆی بە کێشەی "قەوم وعەشیرەتان " دەزانێ وهەر بۆیەشە کە جولانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە سەرۆکایەتی سمکۆ وخەباتی ئەو لە دژی رەزاشا بە هەلس وکەوتێکی عەشیرەتیانە ناودەبا کە جگە لە تالان وکوشتارونۆکەری بێگانە هیچ ئامانجێکی نەبووە. ئەو دەسەلاتی شومی رەزاشا کە تەنیا ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی گەلانی دیکەی ئێران وداسەپاندنی دەسەلاتی بێ ئەم لاوئەم لای فارسەکان بووە بە مودرنیسم ناودەبا وکوردەکان بە مرۆڤ کوژپێناسە دەکا. ئەوپێ وایە کە لە سەردەمی مەشروتە وە تاکووئێستا ڕێکخراوەکان لە جیاتی ئەوەی لە نێو تەشکیلاتی خۆیان دا لە جیاتی باس لە جیاوازی نەتەوایەتی کە ئەوبە " قوم گرایی بۆ تجزیە طلبی" ناوی دەبا، دەبوایە باس لە ئێران ومیللەتی ئێران بکەن، کە نەیان کردووە.

ئەو قسانەی ئەو فارسە ڕەگەز پەرەستە کردوونی قولایی دوژمنکارانەی سیاسەتی ئەوبە ناو سیاسەتوان وحیزبە جۆراوجۆرە سەراسەریەکانمان بۆدەردەخا کەهەموویان هەریەک شت کاوێژدەکەنەوە ویەک سیاسەت پەیرەو دەکەن، ئەویش دژایەتی لە گەڵ کورد بە هەموو شێوازێک.

ناوبراولە درێژەی باسەکەی دا هەربەوەندە ناوەستێ وئەو جارهێرش دەکاتە سەرحیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ولە وبارەوە دەلێ " توجه کنیم کە همین بازگشت بە ماقبل مشروطیت اکنون جزونویدهای تجزیە طلبان کنونی حزب پژاک برای مردم ایران است و همە قساوت هائی کە جمهوری اسلامی در برابرآنها از خود نشان می دهد نمی تواند این برنامەهای ارتجاعی را ذرەای بە بیانیە جفرسون برای جدائی نزدیک کند. و درهمین حال، همانگونە کە سیمیتکو در دورهای مختلف توسط جناح های گوناگون دولت انگلستان حمایت می شد تا چاەهای نفت موصل را برایشان حفاظت کند. امروزنیزاین ها آلت دست نیرهای بیگانە دیگرند ونظیرسیمیتکو بە جنبش دموکراسی خواهی ایران لطمە می زنند.درپیام آنها نە تنها نوید جامعە بهتری وجود ندارد بلکە با سوء استفادە از احساسات پاک کردهای آزادیخواە، برنامەشان را برمداربازگشت بە قرون وسطای تی جامعە قومی ومذهبی تنظیم کردەاند وبس".

لە راستیدا ئەو کابرایە بۆ درۆ کردن وبوختان هەڵبەستن رووی ڕەژی سپی کردۆتەوە ،ئاخر بڵی تۆی بە ناخێر"

تحليل گر سياسی" نابێ برێک مێژوو موتالا بکەی وجا ئەوجارکاغەزی بێ چارە ڕەش بکەیەوە. تۆ شەرم ناکەی بە بێ بەڵگە ولە خۆڕایی شەهید سمکۆ بە نۆکەری بریتانیا تاوان باردەکەی. ئاخر، کەی سمکۆ لە عێراق ژیاوە تاکوو "چالە نەوتەکانی موسڵ" بۆ بریتانیا بپارێزێ. دەڵێن کەسی درۆزن ڕوو هەڵماڵاوە وحافیزەی زەعیف. ئاخر لە سەردەمی دیکتاتۆری ڕەزاشای باپیرە گەورەت دا کە بە دەسیە وپشتیوانی بریتانیا کودتای لە ئاخرین پاشای قاجارەکان کرد وهاتە سەردەسەلات وخۆی کرد بە شای ئێران ،کەی " جنبش دموکراسی خواهی" ،"جولانەوەی دێموکراسی خوازی" لە گۆڕێ دا بووە تاکوو شەهید سمکۆ دژایەتی بکا. ئەو بە ناو شۆڕشی مەشروتەش هەر ئاخوندەکانی کە ئێستا نەوەکانیان لە سەردەسەلاتن دژایەتیان دەکرد وکوردی داماونەک هەردژایەتی نەکردووە ،بەڵکووهەرنەخشیشی تێدا نەبووە. پاشان پژاک ،کوا حیزبێکی بە قەولی تۆ" تجزیە طلب" وبە قەولی من سەربەخۆیی خوازە؟ پژاک هەر دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامیش نادا، ئەوسیاسەتەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕەچاو دەکا وپێیان وایە دەبێ لە سیستمی ئێراندا ریفورم بکرێ. سام قندچی لە بەشێکی دیکەی نوسراوەکەی دا ئاوا باس لە ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا" حزب دموکرات کردستان وحزب کوملە نیز کە سال هاست اشتباە خود درايجاد حزب برمبنای قوميت را تصحيح نکردەاند، با عدم اتخاذ موضع روشن برسرتجزيە طلبی، درميان جوانان کرد بە همان گمراهە حزب پژاک دامن می زنند، چراکە وحشت دارند حمايت کسانی را کە با احساسات تجزيە طلبانە بە صفوف آنها پيوستەانداز دست بدهند. ناوبراو لە بەشێکی دیکە بابەتەکەی دا "کۆماری کوردستان بە دەسکردی ڕوسەکان وپێشەواقازی مەحەممەد بە کمونیست دەناسێنێ وپێ وایە کە پێشەوا قازیش بە سیاسەتی ڕوسەکان هەر ویستویەتی ئێران پارچە پارچە بکا. سام قندچی داوای خودمختاری وفيدراليش هەر بە پارچە کردنی ئێران دەزانێ وپێی وایە کە ئەو داوایانە زۆر کۆنەپەرەستانەن وخەڵکی ئێران بۆ سەدەکانی ناوەراست دەگێڕنەوە ولە سەرئەو بڕوایەشە کە دەبێ حیزبی دێموکرات وکۆمەلە بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە جیاوازی خوازنین، ئەندامانیان بە رووحێکی ئێرانیەوە بار بێنن ووەکوو حیزبێکی ناوچەیی هەڵس وکەوت نەکەن ولە هەموو بەشەکانی ئێران ئەندام گیری بکەن وتەنیا باس لە سکولاریزم بۆ داهاتوی ئێران بکەن".

لە ولامی ئەو کابرا ڕەگەزپەرەستە دا دەڵێم کە کۆمەلە هیچ کات سازمانێکی ناسیۆنالیستی وسەربەخۆیی خواز نەبووە وئێستاشی لە گەڵ بێ بە هەمووکۆمەلەکان کە چەند دانەن باس لە مافی نەتەوایەتی وبە تایبەتی سەربەخۆیی هەرناکەن وهەر بە لاشی دانارۆن. باسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش ئەگەر بکەین، ئەوە دەبێ مزگێنێ بدەم بە سام قندچی کە لە دوای کۆنگرەی ١٣ دەوە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ ڕێبەری ئەو حیزبە

خەریکی بە هێزتر کردنی سیاسەتی ئێرانیچێتی خۆیەتی و ئەوە لە سیاسەت وهەڵوێستیان دا بە باشی دیارە وئەوە " سیروس جان ملکوتی" تەندوری ئێرانیچێتی بۆ گڕداون وتازەش هەر زۆرعەیبە واز لەو سیاسەتە دروستە بێنن وبادانەوە لای کورد عەیبە. باسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بکەیەن ئەویش هەر داوای سەربەخۆیی ناکا ولای ئەویش ئەو سیاسەتە جارێ نەکەوتۆتە رۆژەوەوە ئەویش هەر بە ئارەزووی فیدرالی و دێموکراسی بۆ ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی خەبات دەکا. هینێک سازمانی بچوکی دیکەش هەن کە سەنگێکی ئەوتۆیان نیە وزۆرتر هەر بونەتە پاش خانی ئەو چەند حیزبە ی کە باسم کردن. یانی دەبێ سام قەندچی شوکرانە بژێر بێ کە بە داخێکی زۆرگرانەوە لە رۆژهەلاتی کوردستان حیزبێکی گەورەوە وجەماوەری بە دی ناکرێ کە باس لە سەربەخۆی بکا وسامییەکان نیگەران بکا. لە کۆتایی ئەوبابەتە دا پێم خۆشە جارێکی دیکەش ئەوە بلێمەوە کە کورد دەبێ بۆ دامەزرانی دەولەتی سەربەخۆی نەتەوی خۆی لە هەموو پارچەکانی کوردستان سیاسەت بکا وخەبات لە پێناو فیدرالی وبە دێموکراسی کردنی ئەو ولاتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە جگە لە هەدەردانی وەزە وتوانا وکورد گوتەنی وەدوای کڵاوی بابردووکەوتن چیدیکە نیە وئەوە عێراق نمونەی زیندووی بە یەکەوە ژیان وفیدرالی ودێموکراسیە.

٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

---

## بە بۆنەی ١٦ هەمین ساڵی تێرۆری میکۆنۆس

١٦ ساڵ لە مەوبەر لە رۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ د.سادق شەرەفکەندی سەرۆکی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ چەند هاورێی دیکەی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە رستۆرانی میکۆنۆسی برلینی ئالمان تێرۆرکران.

کۆماری ئیسلامی ئێران زۆری هەوڵ دا کە لە رێگای دیپلۆماسی و ئابوریەوە زەخت بخاتە سەر دەولەتی ئالمان تاکوو پێشی بەرێوە چوونی دادگای ئەو جەنایەتە بگرێ وسەرەرای نارازی بوونی دەولەتی ئالمانیش، دادگای

سەربەخۆی ئەو وڵاتە بڕیاری خۆی دا وپاش ٣ساڵ و چەند مانگ لێکۆڵینەوە وهێنانی ژمارەیەکی زۆر خەلک وەکوو شاهید بۆ دادگا وخەرج کردنی پارەیەکی زۆر، سەرەنجام لە بڕیارێکی مێژوویی وئازایانە دا سەرانی پلە یەکی رێژیمی ئاخوندەکانی بە دەست تێدا بوون لەو جەنایەتە وەکوو تاوانبارەبە جیهان ناساندو چەند کەس لە بەرێوەبەرانی ئەو تێرۆرە ش بە زیندانی دوورودرێژ حوکم دران. بڕیاری دادگای فیدرالی ئالمان رووخساری دڕندانە وتێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ومەزلومیەتی گەلی کوردی بە دونیا ناساند وئەو راستیەی بۆ مرۆڤایەتی وجیهانی ئازاد خستە روو کە ئەو دەولەتە پێشێڵ کەری هەموو قانونە نێو نەتەوەیەکان وماف و ئازادیەکانی گەلانی ئێرانە.

تێرۆرکردنی د.شەرفکەندی وهاورێیانی یەکەمین تێرۆری ئەنجام دراو لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان نەبووە و بە درێژایی دوو سەدە ی رابردوو بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد ئەو شێوە دڕندانەو بێ ئەخلاقیەیان کردووتە پیشە ولە هەل ومەرجی جیاواز ولە دەرفەتی گونجاو دا رێبەرانی کوردیان تێرۆر کردووە.

تێرۆر کردن تەنیا بە لە بەین بردنی کەسێک و بە دەرکردنی لە مەیدان دا نیە وشێوازی جیاوازی دیکەشی هەیە بەڵام تێرۆری جەستەیی کەسایەتیە کوردەکان مێژوویەکی دوورودرێژ وتاڵی هەیە کە کاریگەری کردووتە سەر خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستانی گەورە بە گشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی.
تیرۆریزم وەکوو شێوازێک لە ترس ودڵ راوکێ وتۆقاندن پێناسە دەکرێ کە گرووپێک یان دەولەتێکی دیکتاتۆر و سەرەرۆ بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی وداسەپاندنی سیاسەتەکانی بە کاری دەهێنێ و لەتێرۆر وەکوو کەرەسەیەک بۆ حەزف کردنی دژ بەرانی کەڵک وردەگرێ. هەرچەند جگە لە تیرۆری دەولەتی چەندین شێوازی دیکەی تێرۆرهەن کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان ئامانجیان لە نێو بردنی نەیاران ودژ بەرانی خۆیانە، بە لام دەکرێ جیاوازی تێرۆری دەولەتی لە گەڵ گرووپێکی مافیایی لە وەدا ببینین کە ئامانجی تێرۆری دەولەتی لە نێوبردنی گەلێکی جیاواز لە خۆیەتی لە رێگای جۆراوجۆرەوە، بە لام تێرۆری گرووپێکی مافیایی زۆرتر کەسێک یان تاقمیکی بچوکتر دەکاتە ئامانج وشەڕی ئەسلی لە سەر مادده سرکەرەکان و پارە یە و لە هەمان کاتیش دا داسەپاندنی دەسەلاتی گرووپی وتایفەیی گرووپێکە بە سەر گرووپێکی دیکەدایە وئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی گەلێکی جیاواز لە خۆی نیە .

سیاسەتی دەوڵەتانی یەک لە دوای یەکی ئێران بە تایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری رەزاخان هەوڵ دان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی سیاسی گەلی کورد بووە وبۆ ئەو مەبەستەش بۆ بەرەنگار بوونەوە ودامرکاندنەوەی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان ولە کاتی شکست وسەر شۆریان لە بەرامبەرشۆرشگێرانی کورد پەنایان بۆ تێرۆر کردنی سەرۆکانی جولانەوەکان بردووە وبە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو نامرۆڤانە کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردیان بە فروت وفێڵ خستۆتە نێو داوی خۆیان وبێ بەزەیانە تێرۆریان کردوون.

دوو مەسەلەی گرینگ لە بەرێوە بردنی ئەو سیاسەتە چەپەڵانەیە دا دەوروکاریگەری سەرەکیان بووە کە یەکیان پان فارسیسیزمە کە بە پان ئیرانیستیش پێناسە دەکرێ کە بوونی گەلی کورد ئینکاردەکا وبۆ ئەو کورد وکوردستان بوونی نیە و یەک نەتەوە ویەک ئاڵا ویەک دەولەت کە پێناسەی فارسەکان بکا سیاسەتی نەگۆریانە وبۆ ئەو مەبەستەش ئامادەن هەموو رۆژهەلاتی کوردستان خاپوربکەن.

دووهەمیان، فوندامێنتالیزمی مەزهەبی شیعەیە کە بۆ لە ناو بردنی نەیارانی پەنا دەباتە بە شەرع ولەو رێگایەوە شەرعیەت ورەوایی دەدا بە کوشت وکوشتار وبە ئێعدام وتێرۆری دژبەرانی کورد لە ناو خۆ و لە دەرەوەی کوردستان. دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ی هەتاوی وبە کافر ناسینی کوردان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆ ئەو سیاسەتە کە لە ماوەیەکی کورت دا ولە دوای دەرکردنی حوکمی جیهادەکە کوشتاری جەنایەتکارانەی سەدان کەس لە کوردەکانی شاری نەغەدەی لێکەوتەوە ولە دوای ویش کوشتاری گوندەکانی قارنێ ، قەلاتان ، سەوزی، سەرچنار، قەرەگۆل، ئیندرقاش، چەقەڵ مستەفا بەلگەی حاشا هەلنەگری تیرۆریست بوونی نیزامی ئاخوندەکان وپان ئێرانیستەکان نیشان دەدا.

جێ بە جێ کردن وبەرێوە بردنی سیاسەتی تێرۆرلە رۆژهەلاتی کوردستان کاریگەری جۆراوجۆری لە سەر کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی ولە سەرجولانەوە بە تایبەتی داناوە.

لێدانی سەری جولانەوەکە بۆ لە ناو بردن یان لاوازکردنی کە بۆ ئەو مەبەستەش لە پلەی یەکەم دا رێبەریان رێبەرانی جولانەوەکەیان کردۆتە ئامانج وبۆ ئەو مەبەستە بە فێل وتەلەکە وبە زمان لوسی و وادە و بەلێنی و

تەنانەت بە سوێند بە قورعان خواردنیش ڕێبەرانی کوردیان هەڵخەلەتاندووە وناجوانمێرانە شەهیدیان کردوون. جەعفەرئاغای برای سمکۆیان بە فرت وفێل کێشاندە تەورێز ولە سەرسەفرەی نان خواردن تێرۆریان کرد. سمایل ئاغای شکاک ناسراو بە سمکۆیان بە وادەو بەلێنی لە عێراقەوە هێنایەوە رۆژهەلاتی کوردستان ولە نزیک شاری شنۆ بە بیانوی چاو پێکەوتن لە گەڵ کاربەدەستانی حکومەت لە کەمینی ژاندرمان کەوت و شەهید کرا.

پێش رووخانی کۆماری کوردستان مەحەمەد نانەوازادە کە وەزیری بەرگری کۆمار بوو لە پیلانێکی پێشتر دارێژراودا ولە دەرفەتێکی لەباردا ئەو فرۆکەی کە ئەویان سوارکردبوو بە شێوەیەکی گومان ئاوی خستە خوارەوە وکوتیان کە ئیشکالی تیکنیکی بووە.

پێشەوا قازی مەحەمەدیان بە وادە وبەلێنی درۆ کە ئەگەر خۆی تەسلیم بکا کاریان بە خۆی و سەرانی حکومەتی کوردی وبە خەلکی کوردستان نیە هەڵخەلەتاندو لە ئاکامیش دا جگە لە پێشەوا قازی مەحەمەد و براوئامۆزاکەی ١١ کەسیان لە ئاغاکانی فەیزولا بەگی لە سەقز لە سێدارە دا وبە دەیان کەسی دیکەیان لە شارەکانی مەهاباد وبۆکان وشنۆ ونەغەدە کوشت.

پێشەوا قازی مەحەمەد لە وەسیەتنامەکەی دا دەفرموێ " بڕوا بە عەجەمان مەکەن و پێش بینی ئەوەش دەکا کە لە داهاتوودا زۆرکەسی دیکە لە سەرانی کورد وەکوو ئەو دەکەونە داوی عەجەمان وبە دەردی ئەو دەچن ."

بە داخێکی زۆرگرانەوە پێش بینی پێشەوا قازی مەحەمەد وەڕاست گەڕا.

لە سەردەمی راپەرینی سالەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ چەندین رۆلەی ئازای کوردیان بە دەستی تێرۆریستەکانیان لە باشوری کوردستان تێرۆر کرد کە نموونەی شەهید خەلیل خۆشەوی وسەدیقی ئەنجیری ئازەربوون.

کاروانی تێرۆری چالاکان ورێبەرانی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە هاتنە سەرکاری دەسەلاتی شومی ئاخوندەکان نەک هەر کەم ڕەنگ نەبووە بەڵکوو کۆماری ئیسلامی زۆر زیاترلە رێژیمی پەهلەوی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانە وچەپەلانەی درێژە پێدا وهەرلە سەرەتای دەسەلاتی نیگریسیان لە شاری

مەهاباد لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی سەرگورد عەباسی وسەروان ئەحمەدی چەلەبیان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد دا تێرۆر کرد .

تێرۆری د.قاسملوو وعەبدولای قادری ئازەرسەرەتای دەست درێژی تیرۆریزمی نێو دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە دەرەوەی سنورەکانی کوردستانە . کۆماری ئیسلامی بە بیانوی چارەسەری کێشەی کورد زۆرلە مێژ بوو کە پیلانی لە داو خستنی رێبەری بلیمەت ولێوەشاوی گەلی کورد د.قاسملووی دارِشت بوو، تەنیا لە دەرفەت دەگەرِا تاکوو جێ بە جێ بکا وبە داخەوە ئەو جارەش رێبەری کورد کەوتە داوی عەجەمان وزۆر درِندانە وجەنایەتکارانە لە سەر مێزی بە ناو وتووێژ شەهیدیان کرد.

نەسرین قاسملوو دواین جار وپێش رۆیشتنی د. قاسملوو بۆ ئۆتریش بە دوکتوری شەهید دەلێ " باوکت پێ کوتبوی کە ئەگەرعەجەمت بینی یان رِابکە یان بیکوژە ."

دوای رِاپەرینی گەلی کورد لە باشوری کوردستان وبە هۆی شەرِی نێوخۆیی یەکێتی وپارتی لە سەر دەسەلات بۆشایەکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامی وتێرۆریستەکانی دروست بوو وبە کەلک وەرگرتن لە لاوازی نێوان پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان توانیان زۆر بە سانایی چەند سەد کەس لە کادر وپێشمەرگەی حیزبی دێموکرات وکۆمەڵە ویەکێتی شۆرشگیران وسازمانی خەبات بە شێوەی جۆراوجۆرلە نێو شارو گوندەکانی باشوری کوردستان تێرۆربکەن کە لە نێویان دا دەکرێ ئیشارە بە کاک غەفورهەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ونوێنەری حیزب لە بەغدا، کاک سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، کاک سەعید یەزدانپەنا سکرتێری یەکێتی شۆرشگێران،مەنسوری رِەشە هەورامی وشاپوری فیروزی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆرشگێر وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ودەیان کادروپێشمەرگەی دیکەی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشوری کوردستان.

تەقاندنەوەی پاسی هەڵگری تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەر رێگای ئێنزێ . بۆلێ وشەهید کردنی چەندین کەس وبریندار بوونی دەیان کەسی دیکە.

دەستی چەپەلی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی گەیشتە کوردە پەنابەرەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە شارە جۆراوجۆرەکانی باکوری کوردستان وتورکیە کە وەکوو پەنابەر گیرسا بونەوە وچاوەڕوانی رۆیشتن بۆ ولاتێکی ئوروپایی وئامریکای بوون وهەن ولەو نێوە دا بە چەندین کەسیان لێ شەهید کراوە کە دەکرێ باس لە مەحەمەد قادری فەرماندە هێزی پێشووی ئەفشینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین.

٣ ساڵ وچەند مانگ دوای تێرۆرکردنی د.قاسملوو وهاورێیانی لە وییەن، ئەو جارتێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە برلین گیانی د.سادق شەرەفکەندی سەرۆکی هەڵکەوتووی حیزبی دێموکرات وکاک فەتاع عەبدولی وکاک هومایونی ئەردەلان وکاک نوری دەهکردی ئەستاند.

بە چاو لێکردن لەو سیاستەی داگیرکەرانی کوردستان پێویستە کاریگەری ئەو تێرۆرانە لە سەرخەباتی نەتەوایەتی ولە سەر کۆمەڵگای کوردستانیش تاووتوێ بکەین ودەکرێ لە وپەیوەندیە دا ئاماژە بە چەندین خاڵ بکرێ.

یەکەم: بواری سیاسی بۆتێک شکاندنی خەباتی رزگاری خوازانە ویان لانیکەم لاوازکردنی جولانەوەکە هەموو کات سەرۆکی جولانەوەکە وکەسانی نزیک بەویان کردۆتە ئامانجی تێرۆرکە لە سەرەوە ئاماژەم بە ناوی سەرۆکەکان کرد.

دەکرێ بلێین کە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی مەحەمەد وهاورێیانی گورزێکی ئەوەندە کوشندە لە پێکەری کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بووە کە تاکوو ساڵانێکی دوور و درێژ وئێستاشی لە گەڵ بێ کاریگەری نیگاتیڤی خۆی هەربە جێ هێشتووە وئاسەوارەکانی هەست پێ دەکرێ. داگیرکەران بەو سیاسەتە چەپەلەیان بە کوردیان کوت کە بۆی نیە باس لە ماف وئازادی وسەربە خۆیی بکا و دەبێ دیلی وکۆیلەتی داگیرکەری کوردستان قەبوڵ بکا.

شەهید کردنی د.قاسملوو زەبرێکی دیکەی وەها سامناک بوو لە حیزبی دێموکرات ولە کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کە لە ڕاستیدا کوردی ئەو پارچەی کوردستانی هەتیو کرد و ئێستاشی لە گەڵ بێ حیزبی دێموکرات جێ خۆی نەگرتۆتەوە وزامی ئەو برینە گەورەی کە لە جەستەی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی

کوردستان بووە سالانێکی دوورو درێژی دەویَ تاکوو سارێژ بێتەوە.

بە هەمان شێوە شەهید کردنی د.شەرەفکەندی بۆ جاریَ سێهەم ئەژنۆی حیزبی دێموکراتی شکاند و حیزبەکەی لاواز کرد وبووبە هۆی ئەوەی کە کەسانێکی پاوانخواز وناسیاسی لە ئاکامی باند بازی وپاوان خوازی جلەوی حیزب بە دەستەوە بگرن ولە ئاکامیشدا حیزب تووشی لەت بوون بکەن.

سیاسەتێکی دیکە داگیرکەری کوردستان هەوڵ دان بووە بۆ بە کارهێنانی کەسانی لاوازوخۆ فرۆش لە نێوریزی شۆرش وحیزبەکاندا بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکەن بۆ کاری تێرۆر. چەندین جارنموونەی وا لە حیزبی دێموکرات دا روویداوە.

ـ هەوڵ دان بۆ پەرە پێدانی سیستمی سیخوری وجاشێتی لە کوردستان دا سیاسەتی بەردەوامی داگیرکەری کوردستان بووە.

ـ سیاسەتێکی دیکە داگیرکەران وەریَ خستنی پروپاگەندەی پڕلە چەواشەکاران وتۆهمەت لێدان لە حیزبەکان وخەباتی ڕزگارخوازانە ی گەلی کورد بووە کە گۆیا دەست کردی سەددام وئامریکا وئیسرائیل و سەهیۆنیزمە.

دووهەم: بواری کۆمەلایەتی کرداره تێرۆریەکان لە بواری جەستەوە زەرەربە مرۆڤ دەگەینن وئەگەرکەسی پەلاماردراو نەکوژریَ لانیکەم زۆرجار وا هەبووە کە بە سەختی بریندار بووە ویان بەشێک یان هەموو ئەندامی جەستەی لە کار کەوتووە ولە ڕاستیدا مرۆڤەکەی بە تەواوی لە ژیان کردووە وکاری بۆتە دوکتورودەرمان و نەخۆشخانە.

ئەوە جگە لەوەی کە لە بواری دەروونیەوە ئەومرۆڤە هەتا کۆتایی ژیان لە ترس و وەحشەت ودڵە ڕاوکیَ دا دەژی. دیارە ئەو بوارە دەروونیە هەرکاریگەری بۆ سەرئەو شەخسە بە تەنیا نیە بەڵکوو کاریگەری گەورەتری بۆ سەر کۆمەڵگا بە گشتی وبنەماڵە ودۆستان وهاوخەباتیانی ئەو کەسەوە هەیە بە تایبەتی ودەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هیچ هەڵ ومەرجێکدا مرۆڤی شۆرشگێر وخەباتکار هەست بە ئارامی وئاسودەیی نەکا ولە سێبەری خۆشی بسلەمێتەوە ولە دەوروبەری بە دایم بە گومان بیَ وبە زەحمەت بڕوا بە هەموو کەسێک بکات.

بواری دەروونی بە هۆی کرداری تێرۆری دەولەتی داگیرکەر وا لە مرۆڤی شۆرشگێر دەکا کە لە شۆرش و خەبات سارد بێتەوە و ترس لە گیانی کە نەکا لە ناکاو بە دەستی تیرۆریستێک یان بە هۆی بۆمبێکەوە لە ناو بچێ وای لێدەکا کە لە فکری چارە کەوێ، بە تایبەتی ئەگەرهیچ دەرەتانی ئەوەی نەبێ کە بتوانێ وێرای هاوسەنگەرانی چالاکی سیاسی وسەبازی لە نێو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان ئەنجام بدا. بە شێکی زۆرلەو تێکۆشەرانەی کە ماوەی ٥ تا ٦ ساڵە لە تورکیە بێ چارەنووس ماونەتەوە ، سەرچاوە لە سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران وەردەگرێ کە لە باشورلە دژی خەباتکارانی نێوپارتە سیاسیەکانی رۆژهەلات وژن ومندالەکانیان بە رێوەیان بردووە.

پێویستە ئیشارە بەو مەسەلەش بکرێ کە کۆماری ئیسلامی سیاسەتی تێرۆروتۆقاندنی لە ولاتانی دیکەی جیهانیش بەرێوە بردووە وتەنانەت دەستی لە جولەکەکانی نیشتە جێ لە ئوروپا وئامریکاش نەپاراستوە.

ئەمرۆ دەبینین کە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی چۆن هەموو عێراق وئەفغانستان ولوبنان وئیسرائیل و ناوچەکانی ژێر دەستی فەلەستینیەکانیشی داگرتوە وبە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتی پارە وچەک وتەقەمەنی لە رێگای سپای پاسداران وسپای قودسەوە دەگەینێتە تێرۆریستان.

ئەمرۆ ئیدی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی سەرچاوە لە فونداميێنتالیزمی مەزهەبی شێعە وەردەگرێ و هەرکەس ولایەن و گروپێک بێتە سەر رێگای لە ناوی دەبا. ئەگەر بێتوو ئەو رێژمە تێرۆریست وتێرۆریست پەروەرە دەستی بە چەکی ناوەکی ڕابگا، لە پلەی یەکەم دا کارەساتێکی گەوەرە یە بۆ کوردستان و پاشانیش بۆ ناوچە وبۆ جیهان.

رێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە بوونی چەکی ناوەکی و ناسرانی وەکوو ولاتێکی خاوەن ئەو چەکە زۆر بە سانایی دەتوانێ سیاسەتەکانی بە سەرخەلکی ناوچە وجیهان دا دیکتە بکا وتەمەنی مانەوەی خۆی زۆر باشتر مسۆگەر بکا ولە هەمان کاتیشدا دەستی ئاوەلەتر دەبێ بۆ کوشتن وتێرۆری نەیاران ودژبەرانی نیزامەکەی بە گشتی وگەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

## مانگرتنی زیندانیانی کورد وهەڵوێستی میدیا وحیزبە فارس زمانەکان

کۆمەلێک لە زیندانیانی کوردی نێو زیندانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان وئێران لەدوای بڵاو کردنەوەی ڕاگەیەندراوێک لە ۲٥ی ئووتی ۲۰۰۸ بە فەرمی مانگرتنی خۆیان لە خواردن تا وەدی هاتنی داخوازیەکانیان ڕاگەیاند ولە ماوەی ۲۱ رۆژدا رێژەی مانگرتوان لە خواردن گەیشتۆتە سەرەوەی سەد کەس کە بە پێی هەواڵەکان حالی چەند کەسیان بەرەو خراپ بوون دەچێ. لەوماوەدا لە زۆربەی هەرە زۆری ڕاگەیندراوە کوردیەکانی کوردستان بە گشتی ورۆژهەلات بە تایبەتی باسەکانی پەیوەندیدار بەو مانگرتنە کە بۆ جێ بە جێ کردنی کۆمەلێک داوای ڕەواوئینسانی دەستی پێ کردووە وتاکوو ئیستاش درێژەی هەیە ولەو نێودا هەڵوێستی شووینیستانەی ڕاگەیاندنی فارس زمان وزۆربەی حیزبە بە ناو سەراسەرییەکانیان جێگای تێرامانە وبێ دەنگیان بەشی هەرە زۆریان ویان هێرش کردنی هیندێکیان بۆ سەرنەتەوەی کورد روخساری دوژمن کارانەی ئەو بە ناو حیزب ومیدیيايانە دەردەخا کە ئامادە نین باس لەو مەسەلە گرینگ وئینسانی وئەخلاقیە بکەن و خۆیان لە هەرجۆرە هەواڵێک کە پەیوەندی بەو مانگرتوە کوردانە ومەسەلەی کوردەوە هەبێ پارازتووە. کانالی TV بەشی فارسی ئامریکا کە دەبێ بێ لایەن بێ وسیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا بڵاو بکاتەوە کە بە پارەی باج دەرانی ئامریکی هەڵدەسورێ، وەکوو مێدیایەکی ئازاد وبێ لایەن هەڵس وکەوتی نەکردووە و تاکوو ئەمرۆشی لە گەڵ بێ وێرای سایتی بی بی سی ورادیۆ فەردا بێ دەنگیان هەڵبژاردووە، وەکوو ئەوەی ئەو هەواڵە پەیوەندی بە "ئێرانی ئازیزیانەوە" نەبێ.

حیزبە سیاسیەکانیان کە بە دایم خۆیان کردووە بە دمراستی کورد دەزانن ولە جیاتی کورد بیردەکەنەوە وبڕیار دەدەن و "کورد بە ئێرانی ئەسیل دەزانن" بە هەمان شێوە خۆیان لە باس کردن لە هۆکارەکانی مانگرتنی رۆلەکانی کوردی نێو زیندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وئێران پاراستووە و ئاورێک لە" مرزداران غیور ایران زمین" نادەنەوە. هەشن کە وەکوو هەمیشە لە دوورەوە حەپە حەپیانە وبە کاروانی ڕزگاری نەتەوەی کورد دەوەڕن ومانگرتنی رۆلە ئازاکانی نەتەوەی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە" جولانەویەکی کۆنە پەرەستانە "دەناسێنن وبە قەولی خۆیان "جریانات ناسیونالیست وقوم پرست" کەڵکی خۆیانی لێ وەردەگرن. بە ئاوڕدانەیەکی خێرا لە هەڵوێستی ئەو بە ناو میدیاو حیزب وسازمانە فارس زمانانە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوانەی کە خۆیان وەکوو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری دژبەکۆماری ئیسلامی ئێران "دەناسێنن وئیدعای" دێموکراسی ومافی

مرۆڤ ویەکسانی وئینسانیەت دەکەن" جگە لە کۆمەڵێک بیروئەندێشەی کۆنە پەرەستانە و تەواویەت خوازوراسیستی دژ بە کوردهیچی دیکە نین وئەوەش پەیامێکی گرینگە بۆ ئەو حیزبە کوردیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە قسە باس لە "خەباتی نەتەوایەتی ودابین کردنی مافەکانی گەلی کورد لە ئێرانێکی دیموکراتیک وفیدراڵ دا دەکەن " وبە دایم بۆ پەیوەندی لە گەڵ هێزە سەراسەریەکانی فارس زمان بە تایبەت لە گەڵ یان ئیرانیستەکان کێ بەرکێیانە وتەنانەت بەشێک لە بەرنامەکانی تەلەویزیۆنی خۆیان لە ئیختیار ئەوان ناوە وپێیان وایە بەو کردەوەیان" رێگای دێموکراسی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی خۆش دەکەن ومافەکانی گەلی کورد دابین دەکەن".

لێرە دا پرسیارێکی زۆر سادە دروست دەبێ وئەویش ئەوەیە کە باشە ئەگەر ئەمرۆ " ئۆپۆزیسیۆنی بە ناو سەراسەری فارس زمان" ئامادە نەبێ کە پشتیوانی لەداخوازە ڕەواوئینسانیەکانی گیراوە کوردەکانی نێو زیندانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و ئێران بکەن کەداوای هەموو زیندانیەکانە، ئەی سبەی ئەگەرکۆماری ئیسلامی کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی فارس لە ئێراندا دەکا نەما دەبێ چۆن ولامی داخوازەکانی کورد لە مەڕ ماف وئازادیان بدەنەوە وتۆ بلێیی بە هەمان شێوەی کۆماری ئیسلامی کە هەڵگری زمان وکولتوری ئەوانە وبگرە خراپتریش بە سەر کورد نەهێنن؟ لێرە دا جێگای خۆیەتی کە حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە سیاسەت وبۆچونەکانیان بە نیسبەت" ئۆپۆزیسیۆنی بە ناو سەراسەری " دا بچنەوە وئەوەندە لە خۆراو بە بێ لێکدانەوە وادەی سەرخەرمان بە گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نەدەن ولە جیاتی سیاسەتی ئێرانیچێتیان کە لە مێژە شکستی هێناوە ئاورێکی جیددی وەمەسەلەی نەتەوایەتی بدەنەوە و هێز و تواناکانیان سەرفی سیاسەتێکی بێ مانا وهەرەس هێناو نەکەن.

دەکرێ لێرە ئاماژە بەچەند خاڵ بکەم کە بۆ چی"ئۆپۆزیسیۆنی بە ناو سەراسەری" خۆی بێ دەنگ کردووە ویان وەک دەروێشەکانی مەنسورحیکمەتی دژ بە کورد کاریان بۆتە هێرش کردن بۆ سەر خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد. یەکەم فارسەکان وەکوو کەمایەتێکی ئێران کە زۆر لە مێژە دەسەلاتی بە دەستەوەیە ئامادە نیە هەروا بە سانایی هێژمونی خۆی بە سەر ئێران وگەلانی ئێراندا لە دەست بدا و بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە خۆی دەکا تا وەکوو دەسەلاتی سەدامی دیکتاتۆرلە دەسەلات وەلاننرێ. دووهەم، ئەوان باش دەزانن کە رۆژهەلاتی کوردستان ئەو هێزو توانایەی هەیە کە لە خەباتی سیاسی ومەدەنی لە ئێراندا پێشرەوە بێ و خەون وئاواتەکانی چەندین سەدەی وان کە فەرمانرەوایی وحاکمیەتی موتلەق بە سەرگەلانی ئێران ویەک لەوان کوردە تێک بشکێنی و گومانیشی تێدا نیە کە رۆژێک دەبێ ئەو بوتە تێک بشکێ ودەسەلاتی فارس بە سەرئێراندا ئەگەر بە تەواوی تێک نەشکێندرێ

پێویستە زۆرلاوازبکرێ تاکووچیدیکە نەتوانێ گەلانی دیکەی ئێران بە یەخسیری ودیلی لە ژێرچنگی خۆی دا ڕابگرێ. لە راستیدا ناسیۆنالیزمی فارس چ لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا کە نوێنەرایەتی دەکا لە دەسەلات دا وچ لە "ئۆپۆزیسیۆنی بە ناو سەراسەری دا" کە بە قەولی خۆیان دژایەتی کۆماری ئیسلامی دەکەن لە ڕوانگە وبۆ چوون دا بە نیسبەت کورد وکێشە سیاسیەکەی هیچ جیاوازێکیان نیە. دەکرێ لە چەند وشە دا تاریفی ناسیۆنالیزمی فارس کە چەندین سەدەیە دەسەلاتی زاڵ وباڵا دەست بووە بکەین. ناسیۆنالیزمی فارس راسیستە بە مانای تەواوی وشە، هێرش بەرو داگیرکەرە وهیچ ئاڵ وگۆرێک هەڵناگرێ ودژی دێموکراتیکە وهەر لەو ڕوانگەشەوە هەم دەسەلات دارانی ئاخوندی وهەم " ئۆپۆزیسیۆنی فارس زمان " لە سیاسەت وهەڵویستیان دا بە نیسبەت کورد وگەلانی دیکەی ئێران هاوبیرن وهیچ جیاوازێکیان نیە وبۆ تواندنەوەی کورد سیاسەتی ژێنۆسایدی سیاسی، فەرهەنگی ،کۆمەلایەتی وئابوری و زمانی بە ڕێوە دەبەن . هەربۆیە دەتوانم بلێم کە لە گەڵ ئەو ڕوانگە وبۆچونە ڕێکەوتن ودیالۆگ و تێگەیشتن لە یەکترو ڕێزگرتنی ئەوان لە کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز وخاوەن خاک وماف ودابەش کردنی دەسەلات لە دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی یەکجارسەختە ولە راستیدا ئاسنی سارد کوتانە وبەس.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

## بەرژەوەندی ئێران و سوریە لە شەڕی نێوان روسیە و گورجستان دا

وڵاتی گورجستان کە سەردەمانێک بەشێک لە یەکێتی سۆڤیەت بوو، لە دوای هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمپراتوریە لە ١٩٩١ وەکوو زۆروڵاتی دیکەی ژێردەسەڵاتی روسەکان توانی بە بێ شەڕسەربەخۆیی خۆی ڕابگەینێ . پەیوەندیە سیاسی ودیپلۆماسیەکانی ئەو وڵاتە بە روسیەوە لە کاتی سەرۆک کۆماری "ئێدوارد شەواردنادزە" زۆرترلە ژێر کاریگەری روسیە دابوون وپاش سەرکەوتنی شۆرشی مەدەنی گەلی گورجستان کە بە "شۆرشی نارنجی" ناوبانگی دەرکرد وبە هاتنە سەرکاری "میخائیل ساکاشویلی" لە ٢٠٠٤ لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد وبە دەنگی ڕاستەوخۆی دەنگدەرانی گورجی، کێشەی نێوان روسیە وگورجستان ولە مەڕقەیرانی سیاسی جیا کردنەوەی "ئابخازیا و ئوستیای باکور" لە گورجستان بەپلان وپشتگری روسیە، بۆجارێکی دیکە هاتەوە گۆرێ وگورجستان بە توندی دژی

جیاکردنەوەی ئەو ناوچانە لە خاکەکەی هەلوێستی گرت.

بوونی هێزەکانی روسیە کە ئەوکات بە ٣ هەزارکەس مەزندە دەکران وداوای پارلمانی گورجستان بە شێوەی فەرمی بۆ ئەوەی ئەوهێزانە تا کۆتایی ٢٠٠٨ ئەوولاتە بە جێ بهێلن وبێ ئاکام مانەوەی ئەم داوایە وجێ بە جێ نەکردنی لە لایەن روسەکانەوە، گرژی وئالۆزی نێوان ئەو دوو ولاتەی زیاترکرد. سیاسەتی بەرەورۆژئاوای گورجستان وداواکردنی بۆ بوون بە ئەندامی ناتۆ، روسەکانی زۆرتورە کرد و ئەوانیش وەکوو دژکردەوە،بەردەوام هەرەشەی ئەوە دەکەن کە ولاتانی پێشووی سۆڤیەت بۆیان نیە ببن بە ئەندامی ناتۆ، چونکە ئەمنیەت وئاسایشی روسیە دەکەوێتە مەترسیەوە.

روسەکان لە دوای کێشەی یوگوسلاوی ودابەش کردنی ئەو ولاتە لە لایەن ئامریکا و ئوروپاوە ودروست بوونی چەند ولاتی بچووک ودواتریش کێشەی سربستان لە گەلٚ کوسۆڤۆ وهەلٚوێستی ناتۆ وبۆمباران کردنی سربستان وهێزەکانی سربی لە کۆسۆڤۆ بۆ وەدەرنانی ئەوان لە کۆسۆڤۆ وپشتیوانی لە موسولمانەکانی ئالبانی زمانی کۆسۆڤۆ وبە فەرمی ناسینی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ، روسیە ی زۆرخستە پەراوێزەوە وئەوەش وایکرد کە روسەکان هەست بە سوکایەتی بە خۆیان بکەن وبۆ وەدەست هێناوەی "ئابروی لە دەست چویان" وجێگە وپێگەی پێشوویان لە سیاسەتی جیهانی دا چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاوولەبار بوون و"میخائیل ساکاشویلی" بە وسیاسەتەی کە گرتی بەر وبە ناردنی لەشکربۆ چارەسەری کێشەی سەربەخۆیی خوازی " ئابخازیا وئوستیای باکور" ئەو دەرفەتە زێرینەی کە روسەکان دەمێک بوو چاوەڕوانی بوون ڕەخساند ولەشکری روسیە بە ناوی ""بەرگری لە قەلاچۆکردنی" خەلٚکی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی بروسکە ئاسا پەلاماری هێزەکانی گورجستانی دا ولە ماوەی چەند رۆژان دا زەبرێکی قورسی سەربازی وئابوری لە گورجستان وەشاند وچەندین شاری گورجستانی داگیرکرد وهەرەشەی لابردنی ساکاشویلی کرد.

بۆئارام کردنەوە دۆخەکە، فەرانسە وەکوو سەرۆکی کاتی یەکێتی ئوروپا وفینلاند وەکوو سەرۆکی کاتی شورای ئەمنیەت وهاوکاری ئوروپا وەخۆکەوتن وبە سەفەرکردن بۆهەردووک ولات توانیان ئاگربەس پێک بێنن وقەراردرا کە هێزەکانی روسیە وگورجستان بگەرێنەوە بۆ شوێنی پێش شەرەکە. روسەکان لەو ماوەیەدا بە بروبیانوی جیاوازهەولٚیان داوە ئەستەنگ بخەنە بەردەم رێکەوتنەکە ولە هەنگاوێکی نوێ دا لە ٢٧ی ئووتی ٢٠٠٨ هەم پارلمانی سەرەوە وهەم پارلمانی خوارەوەی روسیە "دوما" بە تێکرای دەنگ سەربەخۆیی هەردووک ناوچەی

"ئابخازیا وئوستیای باکوریان" بە فەرمی ناساند وداوایان لە سەرۆک کۆمارکرد کە ئەویش هەمان هەڵوێستی هەبێ ولە ئاکام دا سەرۆک کۆماری روسیەش لە رێگای میدیاوە سەربەخۆیەکەی بە فەرمی ڕاگەیاند. ئەوهەڵوێستەی روسەکان دژایەتی توندی ئامریکای بە دوای خۆیدا هێناووهاوکات ژمارەیەک لە وڵاتانی یەکێتی ئورۆپا وەکوو ئالمان وفەرانسە وبریتانیا وسۆئێد ئەوکردوەی روسی یەیان مەحکوم کرد وئەوەیان بە لە ژێر پێنانی سەروەری سیاسی گورجستان وەسف کرد.

دەتوانین بلێین، ئەوەی لە ناوچەی قەفقاز ڕوودەدا، بە تایبەت لە گورجستان دا، شەڕی ئامریکا وروسیەیە لە سەرکۆنترۆل کردنی ناوچەکەیە وئەنجامەکەشی لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی دایە. واخەریکە هاوپەیمانێک لە دژی ئامریکا لە ناوچەکەدا بە سەرۆکایەتی روسیە دروست ببێ ولەوهاوپەیمانیەش دا دووولاتی داگیرکەری کوردستان واتە کۆماری ئیسلامی ئێران وسوریەش خۆیانی تێدا دەبیننەوە. کۆماری ئیسلامی وسوریە لەوکێشەیە دا بەهۆی بوونی کێشەیان لە گەڵ ئامریکا وئیسرائیل کەوتونەتە پشتگری کردن لە روسەکان وبەو کارەشیان بە ئاشکرا کەوتونەتە بەرەی دژ بە رۆژئاوا. لە راستیدا هێرشی سەربازی روسیە بۆسەرگورجستان ودروست بوونی گرژی نێوان رۆژئاوابە سەرکردایەتی ئامریکا لە گەڵ روسیە،هەلێکی باشی بۆکۆماری ئیسلامی ڕەخساند کە ئەگەربۆماوەیەکی نادیاریش بێ کێشەی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی لە دەستوری کاری وڵاتانی ٥ی زێدە یەک دانەمێنێ ومیدیاکانیش هەمووهەواڵەکانیان بۆ کێشەی قەفقاز تەرخان کردووە. کۆماری ئیسلامی بە فەرمی پشتیوانی لە سیاسەتی شەڕخوازانەی روسیە دەربڕی وبە فەرمی کەوتە پشتگیری روسەکان. قازانجی ئەو پشتگریە بۆرێژیمی ئاخوندەکان ئەوەیە کە، لە ئەگەری دەرچونی هەرجۆرە بڕیارنامەیەک لە دژی کۆماری ئیسلامی لەلایەن شورای ئەمنیەت ،روسیە دەتوانێ زۆربە سانایی وبۆ دژایەتی ئامریکا دەنگی ویتۆی خۆی بەکار بێنێ.

سیاسەتەکانی ئامریکا وئوروپا بە نیسبەت کێشەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەووڵاتەی تووشی گیروگرفتی جیپدی بکا و ئەوەش بۆ کۆماری ئیسلامی یانی بەدەست هێنانی ئیمتیازی زیاترو سووربوونی ئەووڵاتە لە مەڕپیتاندنی ئۆرانیۆم ولە ئاکامیشدا دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم. درێژبونەوە و بەردەوام بوونی قەیرانی سیاسی نێوان روسیە و گورجستان دەبێتە هۆی چونە سەرنرختی نەفت لە بازارەکاندا و ئەوەش خۆی لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی دایە. لە دوای پەلاماری نیزامی روسەکان بۆ سەر گورجستان سەرۆک کۆماری سوریەش کە لە مێژە لە گەڵ ئامریکا و ئیسرائیل کێشەی هەیە بە پەلە خۆی گەیاندە مۆسکۆ وپشتیوانی وڵاتەکەی لە سیاسەتی داگیرکاری

روسیە ڕاگەیاند وتەنانەت باسی ئەوەش دەکرێ کە روسەکان بە تەمان بۆدژایەتی ئامریکا سیستمی دیفاعی موشەکی لە سوریە دابمەزرێنن وبە فرۆشتنی چەک وچۆڵی زیاتربەوولاتە وبە کۆماری ئیسلامی وبەوکارەش ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست زۆرتربەرەو نائارامی دەڕوات و کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و سوریە وفەلەستینیەکان قولتردەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، هەڵوێستی ولاتانی یەکێتی ئوروپا بە نیسبەت کێشەی قەفقاز وەکوو یەک نیە ونەبوونی سیاسەتێکی دەرەوەی یەکگرتوولە نێوولاتانی ئەندامی ئەویەکێتی یە وپێویستی زۆری بەشێک لەوولاتانە بە گازی روسیە، بۆتە هۆکارێک کە سیاسەتێکی یەکگرتویان بە نیسبەت روسیە نەبێ و هیندێک لە ولاتانی یەکێتی ئوروپا سیاسەتێکی زۆرنەرم و نیانتروتەنانەت بێ لایەنەتربگرنە بەرکە ئەوەش لە بەرژەوەندی روسیە دایە.

کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان لەوهەلە زێرینە کە بۆی دروست بووە دەتوانێ کەڵکی زۆرباش وەرگرێ و تاماوەیەکی نادیارخۆی لە ژێرزەخت وزۆری رۆژئاوا دەربازبکا و بەوشێوە کات لە بەرژەوەندی ئاخوندەکانی دەسەلاتداری ئێران دادەبێ ودەرفەتی زیاتریان بۆ دەرەخسێنێ بۆپیتاندنی هەرچی زیاتری ریژەی ئورانیۆمی ٢٠ دەرسەدی و بۆدرێژە پێدانی سیاسەتی تێرۆریستیان لە ناوچە دا. لەلایەکی دیکەوە، ماوەی سەرۆک کۆماری جۆرج دەبلیۆبوش چەند مانگی دیکە تەواودەبێ وئەوەش دەرفەتێکی دیکەی زێرینە بۆکۆماری ئیسلامی ولە ئەگەری هەڵبژێرانی باراک ئۆبامای کاندیدای دیمۆکراتەکانی ئامریکا بە سەرۆک کۆماری ئامریکا، دەتوانێ ئاڵ و گۆڕبە سەر سیاسەتەکانی دەرەوەی ئامریکا لە هەمبەر پرۆگرامە ناوەکییەکەی کۆماری ئیسلامی دابێنێ. هەرلە ئێستاوە ڕوانگە نەرم ونیانەکانی باراک ئۆباما وەکوو پاڵێوراوی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی زۆربەرچاون ولە بەرامبەردا هەڵوێستی رەقیبەکەی ئۆباما واتە جان مەککەین زۆرتوندترن لە دژی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی رێژیمی ئاخوندەکان.

کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەست هێنانی پشتیوانی زیاتری روسیە بۆلای خۆی، واخەریکە بە دانی ئیمتیازی زۆرترلە مەڕ دەریای خەزەرو کرینی چەک و چۆل وبەستنی گرێ بەستنی دەیان میلیۆن دۆلاری بۆکرینی موشەکی پێشکەوتووی زەوی بۆئاسمان دژبەفرۆکە وهەروەها پشتیوانی لە سیاسەتەکانی روسیە لە مەڕکێشەی نێوان ئەرمەنستان وئازەربایجان لە سەر ناوچەی کێشە لەسەری "ناگۆرنۆقەرەباغ."

٢٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

## فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئاکامەکانی

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ هەتاوی بەرابەر بە ١٣٨٠ی زایینی ئایەتوڵلا خومەینی رێبەری نوێ بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران کە ئاخوندێکی کۆنە پەرەست بوو بە فەرمانێک کە لە ڕاگەیەنە رەسمیەکانی ولات دا بڵاو کرایەوە بە فەرمی حوکمی جیهادی بۆ سەرگەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند و ڕشتنی خوێنی مرۆڤی کورد وکاوڵ کردنی زیدونیشتمانی بە حەلاڵ زانی وهەر دوا بە دوای دەرکردنی ئەو فەتوایە بە هەزاران پاسدار وبەسیجی بۆ بە جێ گەیاندنی فەرمانی ئیمامی مەزنیان ڕوویان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد وئەوەی ناپاکی وخەیانەت وجەنایەت بوو دەرحەق بەو گەلە مەزلوم و بێ بەشە و بەشداربووە لە ئینقلاب دا کردیان وزۆر دڕندانە وێنەی مۆغۆلەکان گرتیان ،بردیان وئیعدامیان کرد وبە دەیان گوندیان خاپور کرد وبە هەزاران بنەماڵەیان ڕەش پۆش وتازیەبار کرد. لە دوای ٢٩ ساڵ بە سەردەرکردنی ئەو فەتوایە ئێستاش سیاسەتەکانی دەوڵەتی نەتەوەی دەسەلات دارهەروا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە وئێستاش رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەزاران بەکرێ گیراوی لێ مۆڵ دراوە کە رۆژ نیە خوێنی مرۆڤی کورد بە بیانوی جۆراوجۆر نەرێژن وبەندیخانەکان پرن لە گەنجانی کورد کە جگە لە ئازادی وژیانێکی ئینسانی داوایەکی دیکەیان نیە.

ئێمە ناکرێ هەروا بە سادە یی لەو مەسەلە بگوزەرێن وپێمان وابێ کە ئەوە هەڵەیەکی رێبەری ئاینی وڵات یان حکومەتی کاتی ئەو سەردەم بووە.لە راستیدا ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژەی هەمان سیاسەتی رەزاخان ومەحەمەد رەزاشای پەهلەوی بوو کە ئامانجیان دروست کردنی یەک میللەت ویەک دەولەت ویەک ئاڵا بوو. کەوابوو دەتوانین بە ڕاشکاوی بلێین کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە هەوڵ رۆژی دامەزرانیەوە تاکوو بە ئەمرۆ نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی فارسی کردووە کە لە قالبی "ئوممەتی ئیسلامی " وبە ناوی ئەوەی کە "هەموومان موسولمانین وئێرانین" سیاسەتی کردووە وبۆ سڕینەوە ناسنامەی گەلانی دیکەی غەیری فارس وبە تایبەت کورد لە ئێران دا تێکۆشاوە و وەکوو داگیرکەرهەڵس وکەوتیان کردووە. ئەوان هیچ کات کوردیان بە بەشێک لە خۆیان وتەنانەت لە ئێران حیساب نەکردووە وبۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو شێوازەکان بۆ سڕینەوە ی ناسنامەی کورد کەڵکیان وەرگرتووە. لە یەکەم پلە دا نەک لە قانونی ئەساسی ئێران دا هیچ جێگایەک بۆ کورد وگەلانی دیکەی غەیری فارس دیاری نەکراوە، بەڵکوو هەر حیسابی مرۆڤیشیان بۆ نەکراوە و وەکوو ئاژەڵ هەڵس وکەوتیان لە گەڵ

کراوە. ئێمە تەنیا لە گەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرەف نین ، بەڵکوو لە گەڵ کولتورێکی خۆداسەپاووداگیرکەر وزۆر راسیست بە رەو رووین کە لە قالبی ئێران وئێرانی دا پێناسە بۆ ئەو وڵاتە لە نێو خۆ ولە دەرەوەی سنورەکانی دەکا وئێستاشی لە گەڵ بێ ئێرانی یانی فارس وکە باسی ئێرانیش دەکرێ یان دەسە لاتی فارس ،یان بە وتەی هیندێکیان " وڵاتی پارس".

ئەو ڕوانگە تەنیا لە نێو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا بەدی ناکەین بەڵکوو لە نێو خەڵکی ئاسایی سەرکوچە وشەقامیش دا هەر دەبینرێ وهەرکە باس لە کورد ومافەکانی دەکرێ، دەستەوبەجێ وشەی "جیاوازی خوازی" لە زاریان دێتە دەر، وەکوو ئەوەی کە کوردستان ملکی باب وباپیریان بێ کە ئیزن بە خۆیان دەدەن لە جیاتی کورد بیربکەنەوە ولە جیاتی کورد بڕیاربدەن. ئەو شێوازە بیرکردنەوە وسیاسەت کردنە زۆر لە نێوبە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران دا بە هێزە وبە راست وچەپ وئیسلامی دا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاوڕان. ئێستاشی لە گەڵ بێ یەک بە ناو لەو حیزبە دیموکرات وچەپ وپێشکەوتن خوازانە نوسراوەیەکیان لە مەڕ مەحکوم کردنی فەتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەرنەکرد وبۆیەک جاریش نەمان دیت ونەمان بیست کە تەنانەت کەسایەتێکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی فارس لە سەر کورد وداوا ڕەواکەی هەڵوێستی گرتبێ و وێنەی "ئیسماعیل بێشکچی " تووشی گیران وزیندان بووبێتەوە. زۆر لە بە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" کۆماری ئیسلامی حەز ناکا کە کۆماری ئیسلامی بە هەر قیمەتێک بڕووخێ وزۆرینەیان دژی هێرشی نیزامی ئامریکان بۆ سەرپێگە ئەتۆمییەکانی ئێران ویان ڕووخاندنی ڕێژیم بە هێزی سەربازین. ئەوەش لەبەر دڵسۆزی ئەوان بۆ ئێران وگەلانی ئێران یان بە قەولی خۆیان " ملت ایران" نیە وبەڵکوو لەوەی دەترسێن کە "ئێرانی ئازیزیان " کە بە مل هوری وبە زەبرزەنگ بە یەکەوە لکاوە لە بەریەک هەڵوەشێ وئێران بە قەولی وان ببێتە " یوگوسلاوی " دووهەم.

ئەوان باش دەزانن کە کورد هێزی ئەو جولان وئاڵ وگۆرەیە وبۆیە پێیان خۆشە کوێربن بەڵام کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە وێنەی باشور نەبێتە خاوەن جێگە وپێگەی خۆی. ئاخر ئەو بە ناو" دێموکرات وپێشکەوتن خوازانە " کە ساڵانێکی زۆرە لە ئوروپا وئامریکا دەژین، هێشتاش لە باری فکرەوە هەر لە سەردەمی چەنگیزخان دا دەژین وهیچیان بە دەست نیە هەڕەشە وگوڕەشە دەکەن وتەنانەت ئامادەن لە کاتی هێرشی ئامریکا بۆ سەر ئێران بگەرێنەوە و شان بە شانی پاسدارانی جەهل ونەزانی لە سەنگەرێکدا شەرێ ئامریکا بکەن، تەنیا بۆئەوەی کۆماری

ئیسلامی ئێران یان باشتر بلێم ناسیۆنالیزمی فارس کە چەندین سەدەیە بێ وچان دەسەلاتداری یەکەمی ئێرانە تێک نەشکێ ودوچاری شکست وسەرشۆری نەبێ. بە ڕای من پێویستە ئێمە خەباتەکەمان تەنیا وتەنیا بە ڕەورووی کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕێژێمێکی سەرەرۆ وتێرۆریست نەبێ، بەڵکوو دەبێ تەکلیفی خۆمان لە گەڵ ناسنامەی ئێرانی بوون کە بە زۆر بە سەرمان داسەپاوە وبە داخەوە تاکوو ئێستاش لە سەرمان بۆتە ماڵ یەک لا کەینەوە.

ناسنامەی ئێرانی بوون هیچ پێناسەیەکی ئێمە وەکوو نەتەوە ناکا وهیچ مافێکمان پێ ڕەوا نابینێ جگە لە کۆیلەتی .قەیرانی ئێمە قەیرانی ناسنامەمانە کە لە ژێر پەردەی ئێرانی بوون دا هەوڵی سڕینەوەیان داوە ودەیدەن. باشە ئەگەر ئێمەش هاوولاتێکی ئێرانین بۆچی هیچ مافێکمان نیە، ئەوە چ ئێرانی بوونێکە کە ئێمە وەکوو ڕەش پێستەکانی ئافریقا کە لەلایەن سپی پێستەکانەوە دەچەوسێنرانەوە دەچەوسێینەوە. بۆچی غەیری فارسێک بۆی نیە جێگای خامەنەیی ویان ئەحمەدی نژاد بگرێتەوە ویان بتوانێ ببێتە وەزیریان سەفیرلە یەکێک لە وڵاتانی دەرەوە؟ بۆچی دەبێ زمانی داگیرکەر زمانی پەروەردەی منداڵی کورد بێ وبە کولتوری فارس پەروەردە بکرێ ؟ ئایا ئەوە تەنیا خەتای کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو حکومەتێکی سەرەرۆ ودیکتاتۆرو مەزهەبیە کە ئێمە لە مافەکانمان بێ بەش کراوین ،یان نەخێرئەوە کولتوری زالی دەسەڵاتە کە نوێنەرایەتی فارسەکان دەکا وبە هەر ڕەنگ وشیواز ورووخسارێک بێ هەر دژایەتی کورد دەکا؟ کوردستان وەکوو وڵاتێکی کۆلونیزە کراوداگیرکراوە وبۆیە ئێمەی کوردیش دەبێ هەربەو ڕوانگەوە سەیری زێد ونیشتمانمان بکەین ودەبێ ئامانجمان چارە سەری یەکجاری کێشە بێ نەک کەم کردنەوە ئێش وئازارەکە بە شێوەی کاتی.

ئێمە لە دوای ٢٩ ساڵ فەتوای خومەینی بۆ سەرگەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نەمان توانیوە کە ئەو هێرشە درندانەیە وەکوو ژێنوسایدی گەلەکەمان لە لایەن کولتوری دەسەلات دار بە دونیا بناسێنن وهەر بە دەرکردنی بەیاننامەیەک وئەگەر جاروباریش بووبێ بە ڕێک خستنی وتووێژ وسمینارئەویش لە نێوخۆمان بۆ خۆمانمان قەنەعەتمان کردووە و بۆ ناساندنی ئەو تراژیدی نەتەوەییە بە جیهان کۆتاییمان کردووە. زەق کردنەوە وبە دوا دا چوون وناساندنی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە کە دەرحەق بە گەلی کورد کراوە وداوا کردن و ناساندنی بڕیاردەران وبەڕێوەبەرانی دەبێ بکرێ بە ئەرکێکی نیشتمانی ،بە تایبەتی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێویستە بۆ ئەو مەبەستە بەرنامە وپلانی ڕێک وپێک و هاوبەش دابنێن وچالاکانی مەدەنی وروناکبیرانیش دەوری خۆیانی تێدا بگێرن.

لە مێژووی مرۆڤایەتی دا زۆر ڕووداو ڕووی داوە کە بۆ گەل یان گەلانێکی سەر گۆی زەوی بۆتە هۆی دروست کردنی ناسنامە، نموونەی زەق وبەرچاوی قەتلە عامی یەهودییەکان بە دەستی فاشیستەکانی ئالمانی هیتلێری بوو کە بە " هۆلۆکاست" ناسراوە ئەوە بۆ یەهودیەکان ببوبە هۆویەت ولە ئاکامدا دا دامەزرانی دەولەتی ئیسرائیل. قەتلەعامی موسولمانانی کۆسۆڤۆ بە دەستی سێربەکان، قەتلە عامی دانیشتوانی " تەیموری شەرقی" بە دەستی دەوڵەتی موسولمانی ئەندۆنێزێ. بۆیە دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین کە ئایا فەتوای قەلاچۆ کردنی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وسیاسەتی ژێنۆسایدی ئەوە گەلە کەمترە لە و تاوانانەی کە دەرحەق بە گەلانی دیکە کراوە ولە ئاکام دا توانیویانە کەڵکی باشی لێ وەرگرن وناسنامەی نەتەوەیی خۆیانی پێ دروست بکەن ؟ ئەگەرئێمەی کورد بە تایبەت حیزبەکان هێندە شەڕی دەسەلاتی شەخسی وگروپی خۆیان نەکەن و کۆک وتەبا بن وئامانجی هەموولایەکمان ڕزگاری نەتەوەیی بێ ، بڵێیی نەتوانین لە فەتوای خومەینی وکولتوری فەرمان ڕەوا بۆ سڕینەوەی پێناسەمان ،ناسنامەی کوردی خۆمانی پێ دروست بکەین وبۆ هەمیشە خۆمان لە کۆڵ ناسنامەی بە زۆر داسەپاوی داگیرکەر کە بە ناسنامەی "ئێرانی" ناسراوە ڕزگار بکەین؟

١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

---

## ئەو پیاوەی دەیهەویست باراک ئۆباما بکوژێ

" ئەگەر ئەو ڕەشە هەڵبژێرێ، من بە دەستی خۆم دەیکوژم" ئەوە قسەکانی کابرایەک بوو کە لە بەر دەم کۆمەلێک خەڵک دا کردوویەتی. ئەو پیاوە شەممەی رابردوو لە فلۆریدا دەسگیرکرا. ئەوە لە کاتێکدایە کە باراک ئۆباما لە ماوەی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا هەوڵی داوە دۆست ولاینگرپەیدا بکا. " رایمۆند هانتێرگەیسەل" شەممەی رابردووله لایەن هێزەکانی ئەمنییەتی ئامریکایی کە بۆ پارێزگاری لە سەرۆک کۆمارەکانی ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا وپاڵێوراوانی سەرۆک کۆماری دیاری کراون لە شاری "مییامی" دەست بە سەرکرا.ئەو بە تاوانی هەڕەشەی کوشتن دەسگیرکراوە. ناوبراولە بەردەم هیندێک کەس کوتویەتی " ئەگەر ئەو ڕەشە هەڵبژێردرێ ،بە خۆم بە دەستی خۆم دەیکوژم ". لە ژووری هۆتێلەکەی لە "مییامی" پۆلیس ژمارەیەک

چەکی گەرم، چەکی سارد و ڕادەیەک تەقەمەنی دۆزیوەتەوە. " رایمۆند هونتێرگەیسەل " هەروەها کوتویەتی کە دەخوازێ فیشەکێک لە کەڵەی جۆرج دەبەلیۆبوش بدا، بە لام ناوبراوبە هۆی ئەوهەڕەشەوە نەکەوتۆتە بە رتۆمەتی تاوان. ناوبراو بە هۆی هەڕەشەی کوشتن لە ئۆباما دەست بە سەرکراوە و ئیمکانی ئەوەی پێ نەدراوە کە بە زەمانەت ئازاد بکرێ.

سەرچاوە، رۆژنامەی فەرانسەوی Le Post.fr وەرگیراو لە گۆڤاری Le Point

٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

## ١٩ هەمین ساڵی شە هید بوونی د.قاسملوو وهەڵوێستی نەتەوەیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، ئەم ساڵیش بەرینترویەکگرتووتر لە سالانی پێشوو لە رۆژی ٢٢ی پووشپەردا نارەزایی ودژکردەوەی خۆی بە بۆنەی ١٩ دەهەمین ساڵی شەهید کرانی رێبەرەکەیان بە دەستی دەوڵەتی کوردکوژی ئاخوندەکان نیشان داو لە دژکردەوەیەکی نەتەوەیانە ویەکگرتوودا زۆربەی دوکان وبازاری شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان داخران وخەڵکێکی یەکجار زۆرنەچونە سەرکار وشەقامەکانی شارەکان تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر چۆڵ بوون.

ئەو هەڵوێستە مەدەنیانە وئاشتی خوازانە پەیامێکی ڕوونی بۆ داگیرکەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەک وبۆ حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەکی ترەوە بە دواوە بووکە دەکرێ لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵیان سەنگێنین.

رۆانگەی نەتەوەیی ئەو حەرەکەتە نیشاندەری چونە سەری ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی گەل وسوور بوونی لە سەرڕێبازی شەهیدانی ڕێگای ڕزگای وئازادی دەگەیێنێ و ناردنی پەیامێکی ڕوون بوو بۆ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری

ئیسلامی کە بە شەهید کردنی د.قاسملوو گەلی کورد بە چۆک دا نەهاتووە وبەڵکوو قایمتروقورستر لە جاران بەرەو وەدی هێنانی ئازادی و سەربەستی هەنگاو دەنێ وزەخت وزۆروهەڕەشە وگوشاری داگیرکەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن پاشەکشە بەو گەلە زیندوو ڕاپەریوە بکەن. ئەو هەڵوێستە جەماوەرییە ترس ودڵە ڕاوکێی خستە دڵی داگیرکەران وئەوان لە یەکگرتوویی گەل زراویان چووە وبۆیە هەمووهەوڵە نزۆکەکانیان بۆ تێک شکاندنی ئەو یەکگرتووییە بێ ئاکام مایەوە ونەیان توانی ئیرادەی گەل تێک بشکێنن ودوکان وبازار بە خەڵک بکەنەوە. سەرەرای مۆڵ دان وکۆ کردنەوەی سەدان بەکرێ گیراو لە ناو شەقام و کۆڵانەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەل چاو ترسێن نەکراولە ئاکام دا هەوڵی کورد کوژان بێ ئاکام مایەوە وسەریان وەبەرد کەوت ولمبۆزیان لە قوروەردرا. ئەو یەکریزی ویەکگرتوویی گەل نیشانی دا کە هیچ دەسەلاتێکی سەرەرۆ وداگیرکەر ناتوانێ لە حاست ئیرادە وهەڵوێستی گەل دا خۆ ڕابگرێ وسیاسەتەکانی خۆی داسەپێنێ وتاکوو سەریش هیچ گەلێک لە ژێر سیاسەتی توانەوە وفەوتان دانامێنی وهەوڵی خۆ ڕزگارکردن وڕامالینی داگیرکەرلە زێد ونیشتمانەکەی بەردەوام دەبێ.

ئەو یەکگرتووییە بە کۆماری ئیسلامی کوت کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕێژێمە بە هی خۆی نازانێ وبوونی ئەو دەسەڵاتە خۆداسەپاوە بە ناڕەوا دەزانێ ولە خۆینێ بە ناحەق ڕژاوی سەرکردە ناودارەکانی خۆش نابێ ولە کاتی خۆی دا تۆڵە لە تێرۆریستان دەکاتەوە.

لایەنی دیکەی بە هێزی ئەوحەرەکەتە نەتەوەییە پەیامێکی ڕوون بوو کە بۆ هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نارد و ئەویش فێر بوونی دەرسی ئەخلاق وخۆڕاگری ویەک ریزی ویەک دەنگی لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەش دابوو، ئەو دوژمنەی کە لە سەدەی ٢١ یەکەم دا ژیانێکی ئازاد وسەربەست بەوگەلە دابەش کراو ونیشتمان لەت لەت کراوەی ڕەوا نابینێ وسیاسەتی حاشا لێ کردن وتواندنەوەی ئەو گەلە بە شێوازێکی زۆر دڕندانە پەیرەوە دەکا کە یەکێک لە ڕێگاکانی تێرۆرکردنی ڕێبەرانی ئاشتی خوازی ئەو خەباتە بەرحەق وڕەوایەیە کە داکۆکی لە بوونی خۆی دەکا. گەل بەوهەڵوێستە بێ وێنەیەی سەلماندنی کە یەکریزە وهیچ جیاوازێک لە نێو هیچکام لە شاروناوچەکانی کوردستان دا نیە وهەموویان یەک داخوازیان هەیە وحیزبەکان بۆیان نیە شەهیدەکان دابەش بکەن و بۆ دەسەلاتی شەخسی وگروپی خۆیان کۆمەڵانی خەلک بە سەرخۆدی وناخودی دابەش بکەن وپەرە بە ناوچە گەرایی بدەن.

هەموو حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، بە تایبەتی ئەوانەی ئیدەعا دەکەن کە درێژەدەری رێبازی رێبەرانی شەهیدی سەرکردە بە تایبەتی د.قاسملوون دەبێ ئەو پەیامەی گەلیان وەرگرتبێ ولە ئاست یەکریزی ویەک دەنگی گەل دا سەری کرنۆش دابنوێنن وبۆ چارە سەری کێشەکانیان لە شێوازی ئاشتی خوازانە و دێموکراتیانە کەڵک وەرگرن وهیچ کەس ولایەنێک بۆی نیە بە ناوی شەهیدانی سەرکردە تەجارەت بکا وهەوڵ بۆ نانەوەی ئاژاوە ودووبەرەکی بدا و خۆی بە سەر لایەنەکانی دیکە دا بسەپێنێ وخۆی بکا بە شۆرە سواری مەیدانی خەباتی کوردایەتی وئەوانی تر بە دوژمن ونەیارسەیر بکا. ئەو قەزاوەتە گەل دەیکا وحوکمی نەهایش هەرگەل دەیدا کە کێ بەراستی دڵسۆزی ئەو ئاو وخاکەیە وکێ تاجری سیاسی.

جێگای خۆیەتی حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە جیاتی دروشم دانی بێ ناوەرۆک وبازار گەرمی بۆ خۆ نیشان دانیان بێنە مەیدان وبە کردەوە ولامی ئەرێنی بەوهەڵوێستەی گەل بدەنەوە وبۆئاشتەوایی نیشتمانی هەنگاوی پێویست وبە کەڵک هەڵێنەوە وپشتی گەلەکەی خۆیان بگرن وپشت ئەستور بە هێزی لە بڕان نەهاتووی جەماوەر وبە هومێد بە داهاتوویەکی روون وگەش ریزەکانیان یەک بخەن ویەک دەنگ و یەک بڕوا بەرەو ڕووی داگیرکەر ببنەوە.

١٣ی جوولای ٢٠٠٨

---

## کەمپەینی ئازاد کردنی کەمال شەریفی بکەین بە کەمپەینی ڕزگار کردنی هەمووگیراوە کوردەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان

بە دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی شەهید کرانی شێخ غەریبی شاعیر ودەسگیرکردنی کەمال شەریفی رۆژنامەوان کە دوو ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون لە ناو شاری سەقزدا، کەمپەینی پشتیوانی بۆ ئازاد کردنی کەمال شەریفی لە لایەن ماڵپەری بۆرۆژهەڵات هەم لە دەرەوەی وڵات وهەمیش لە باشوری کوردستان وەرێخراوە وتاکوو ئێستا بە سەدان کەس پشتیوانی خۆیان لەوکردەوە مرۆڤ دۆستانەیە دەربڕیوە. منیش وەکوو تاکێکی کورد

پشتیوانی خۆم لەو کەمپەینە دەردەبڕم وسیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مەڕسیاسەتی مستی پۆلایین بە نیسبەت چالاکوانانی مەدەنی، رۆژنامەوانان، خوێندکاران وژنانی چالاکی کورد بە توندی مەحکوم دەکەم.

کۆماری ئیسلامی لە بواری پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ وسەرکوت کردنی جودابیران وداخستنی گۆڤارو رۆژنامە کان وزیندانی کردنی چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی پەروەندەیەکی زۆر ڕەشی هەیە وتاکوو ئێستا لە لایەن رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتۆکان بە دەیان جارمەحکوم کراوە ،بە ڵام لە بەر ئەوەیە ئەو مەحکوم کردنانە بواری ئیجرایی وحقوقیان نەبووە، نەیان توانیوە پێش بە کۆماری ئیسلامی ئیران بگرن ورێژیمی ئاخوندەکان جارلە گەڵ جارهارترودڕندەتروبەربڵاوترلە پێشوودرێژەی بە پێشێلکاری مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران داوە ولە راستیدا ئێرانی فرە نەتەوە بۆتە زیندانێکی گەورە بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران بە گشتی وبۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی .لە گەڵ گەشە کردن وبەرەوپێش چوونی خەباتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ناو زانکۆکانی ئێراندا لە لایەن خوێندکارە کوردەکانەوە وداواکردنی داخوازە ڕەواکانی گەلی بێ بەشی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە شێوەیەکی هێمنانە وئاشتی خوازانە وبە دوور لە توندوتیژی ، کۆماری ئیسلامی دژ کردەوەی زۆر توندی لە خۆی نیشان داوە. گرتن وسازکردنی پەروەندەی پڕلە درۆ ودەلەسە لە لایەن دەزگای قەزایی ئێرانەوە ولێدانی بەرچەسپی ناڕەوا وەکوو " جوڵانەوە لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و خەیانەت کردن بە ئێران " لە دژی چالاکوانان بۆتە شتێکی ئاسایی وتاکوو ئێستا بە دەیان چالاکوانی ئاشتی خوازی کورد بێ تاوان کەوتونەتە نێو زیندانە سامناکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە و لە ژێر گوشاری ئەشکەنجەی رووحی وجیسمی ناچاریان کردوون کە دان بە تاوانگەلێک دابنێن کە هەرگیز ئەنجامیان نەداوە. دادگا بێ دادەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ یەک جاریش دەرفەتیان بە گیراوە کوردەکان نەداوە کە لە دادگایەکی عادلانە وئاشکرا دا بتوانن لە رێگای پارێزەرەوە دیفاع لە خۆیان بکەن وهەموو ئەو تۆمەتەناڕەوایانەی کە داویانە پاڵیان بە بەڵگە وە ڕەد بکەنەوە.

دادگا فەرمایشەکانی ئاخوندەکانی دەسەلاتداری ئێران زۆر بێ شەرمانە وبە بێ لە بەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ وکۆنوانسیۆنە نێو نەتەوەییەکانی پەیوەندیدار بە مافی ئینسانەکان کە کۆماری ئیسلامیش ئیمزای کردووە حوکمی زۆرناڕەوا ودژی ئینسانیان دەرحەق بەوچالاکوانانە دەرکردووە . بۆ بەشکیان حوکمی ئیعدام وبۆ بەشێکیشیان زیندانی چەندین ساڵەیان بە سەرداسەپاندوون.

له ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا به باشی دەرکەوتووه کە وەرێ خستنی کەمپەینی جۆراوجۆرچ لە ناو خۆ وچ بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بۆ ئازاد کردنی چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ ورۆژنامەوانان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر کاریگەر بووه و هەموو کات دەنگی ماف پارێزان له دونیا دا پاشه کشەی بە ڕێژیمی مەلاکان کردووه وئەوان ناچارکراون کە لە ئاست داخوازی ڕەوای کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا سەرشۆربکەن. بە لام راستیه کی حاشا هەڵنەگریش هەیە کە دەبێ باسی بکەین، ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئازاد کردنی گیراوە کوردەکان زۆر کەمتەر خەمی کراوه وبه داخەوه ئەو هەمووه هەوڵەی کە بۆ ئازاد کردنی گیراوه فارسەکان دراوه بۆ کوردەکان نەدراوه وله مێدیاکانی نێوخۆ ودەرەوەش دا ڕەنگ دانەوەی یەکجار زۆرکەمی بووه. ئەوەش بۆ ئەوه دەگەرێتەوه کە گیراوه کوردەکانی نێو چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو رۆڵەی بێ باب وابوون ،زۆر بێ پشت وپەنا. هەڵبەت بەشێکی زۆری بۆکەمتەرخەمی حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وهەموو رۆژنامەوان وڕووناکبیران وچالاکانی سیاسی دەرەوەی وڵات دەگەرێتەوه کە خەمی گیرانی رۆڵەکانی نیشتمانه داگیرکەراوەکەی خۆیان نەخواردووه وزۆر کەس ئامادە نەبووه کەمێک مایه لە خۆی دابنێ وهەوڵ بۆ ڕزگار کردنی ئەو رۆڵە بێ تاوانانە بدا کە لە راستیدا لە سەرداخوازی ڕەوای ماف خوازی گەلەکەیان گیراون وحوکم دراون. ئێستا جێگای خۆیەتی کە بە هەموو لایەک بە بێ جیاوازی کەمپەینێکی بەرین وەرێ بخەین وهەموو یەک دەنگ بانگە وازی ئازادی هەموو گیراوه کوردەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەین.

ئەگەر ئێمه غەمی خوشک وبراکانی خۆمان کە به ناڕەوا کەوتونەتە نێو سیاچاڵاکانی کۆماری ئیسلامی نەخۆین، ئەی کێ غەمیان بخوا؟ بۆیه با هەموو دەست بەوکارەی پیرۆزه وئینسانی ونیشتمانیه بکەین وهیوام وایه کە هەموو ماڵپەره کوردیەکان وهەموو هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە دوورلە دەمار گرژی وخۆ بە زل زانی وبە هەست کردنی بە بەرپرسیارەتی ئەخلاقی وئینسانی وکوردانەی خۆیان دڵی دایکان وخوشکان وباوکان وبرایانی ئەو گیراوانه شاد بکەن وبه ئازاد کردنیان خۆشی وشادی بگەرێنەوه بۆ نێو ریزی بنەماڵەکانیان.

بۆ هەنگاوی یەکەم پێویستە لیستەیەک لە ناوی هەموو گیراوه کوردەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکرێ وبە دانانی بەرنامە وپلانی رێک وپێک هەوڵ بۆ ئازاد کردنیان بدرێ.

١- هانا عەبدی

٢- رووناک سەفا زاده

٣- مەحەممەد سەدیق کەبودوەند

٤- عەدنان حەسەن پور

٥- هیوا بوتیمار

٦- یاسرگولی

٧- فاتمە گوفتاری

٨- فەرزاد کەمانگەر

٩- کەمال شەریفی

١٠- هیدایەت غەزالی

١١- سەباح نەسری

١٢- فەرهاد حاجی زادە

١٣- حەبیبوڵلا لەتیفی

١٤- دەروێش عەلی موتیعی

١٥- سەلاح تاسە

بەو هیوایە، بە هەوڵ وتێکۆشانی دڵسۆزانەی هەموو لایەک ئەو زیندانیانە هەرچی زووتر لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان بێ وبگەڕێنەوە باوەشی گەرمی بنەماڵەکانیان.

٢ی جوولای ٢٠٠٧

## کورتە سرنجێک لە سەربیرەوەریەکانی "جواد علی زادە" ، " قفس در قفس"

لە بەشی فارسی ماڵپەری بۆرۆژهەلات دا دوو بەش لە بیرەوەرییەکانی ئەو خوێندکارە زیندان دیتویە ولە ماڵپەری ڕێنێسانیس نیوزدا بەشی سێهەم وکۆتایی ئەو بابەتە کە هەڵگری زۆر لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتیە بڵاو بۆتەوە و

ناوبراو وەکوو کەسێکی لاینگری مافی مرۆڤ وخوێندکاری ئەو ڕشتەیەش لە زانستگا، پەردەی لە سەرجەنایەتەکانی ئەشکەنجە گەرانی وەزارەتی ئیتلاعات لە زیندانی ئەوین دا هەڵداوەتەوە کە چۆن بێ شەرمانە وبێ ئەخلاقانە وبە ئارەزووی خۆیان پەروەندەی پڕ لە درۆ وتۆمەت بۆ خوێندکاران دروست دەکەن ولە ژێر ئەشکەنجەی جیسمی ورووحی ناچاریان دەکەن کە ئەوانەی ئەو ئینسان کوژانە دەیان هەوێ بیخەنە سەر کاغەز ودان بە تاوانێک دابنێن کە هەرگیز ئەنجامیان نەداوە. ئەشکەنجەگەران بە لێدانی تۆمەت گەلێکی وەکوو" خائین بە گەڵ و ولات و ئاسایشی نەتەوەیی ،نۆکەری بێگانە، خۆفرۆش و جیاوازی خواز" دەیانهەوێ ڕێگا بۆ سیاسەتە گەلاوەکانیان وبۆ ڕشتنی خوێنی زیاتری لاوانی ئێران خۆش بکەن ودژبەرانیان هەرچی زیاتر بخەنە ژێرگوشار و سیاسەتی ترس ووەحشەت لە دەسەڵات، لە کۆمەڵگا دا زیاترپەرە پێ بدەن وبە دژبەرانیان بلێن کە ئاکامی دژایەتی نیزام جگە لە زیندان و مەرگ چی دیکەی لێ شین نابێتەوە. لە لایەکی دیکەوە بە ساز کردنی شانۆسازی "ئیعترافاتی دەسکردی خۆیان" و نیشان دانی لە سەرتەلەویزیۆن ،دەیانهەوێ نیشان بدەن کە بە لێ، ئەوە دوژمنانی " نیزامی پیرۆزی ئیسلامی ئێرانن " کە لاوانی ولات هەڵدەخە لەتێنن وبە گژ دەسەڵاتیان دادەکەن، دەنا ئێرانی ئیسلامی " ئازادترین ودێموکراترین ولاتی سەرگۆی زەوییە ".

لە بیرەوەریەکانی ئەو خوێندکارە داجگە لە دڕندەیی بەڕێوەبەران وئەشکەنجە گەرانی زیندان دەرحەق بە زیندانیان، ژیانی پڕلە دەرد وئازاری زیندان، مەسەلەیەکی زۆر گرینگ جێگای تێرامانە، ئەویش ڕق وقینی داگیرکەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت نەتەوەی کورد بە گشتی یە وئەوە لە پرسیارەکانی مرۆڤ کوژەکانی "موسولمانی خوداپەرەست" بە زەقی دەردەکەوێ کە چۆن باسی خوێندکارە کوردەکان دەکەن وچۆن کورد بە " خائین بە ئێران" دەزانن وتەنانەت چۆن باسی باشوری کوردستان وبەرێزان مام جەلال تالەبانی وکاک مەسعود بارزانی دەکەن. بۆ ئەوەی باشترسیاسەتەکان وبۆچونەکانی داگیرکەرانی کوردستان بناسین، وا باشترە ئاورێکی کورت لە بیرەوەریەکانی ئەو خوێندکارە بدەینەوە کە خۆی کەسێکی غەیری کوردە بە لام دیفاع لە مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەلات وبەشەکانی دیکە ی کوردستانی داگیرکراودا دەکا وخۆی شاهیدی زیندووی ئەو ڕووداوانە وبیرکردنەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سەر گەلی کوردە. لە بەشی یەکەمی ئەو بابەت دا، سەردێرەکەی کە لە لایەن نوسەرەوە دانراوە ولە زاری چۆماغ بە دەستانی " لباس شخصی " دێتە دەرو بەوچەند خوێندکار کە لە تاکسی دەیانهێننە خوارێ دەکوترێ ،زۆرسرنج ڕاکێشە. "تجزیه طلبا ،وطنفروشا، پیادەشین ". واتە "جیاوازی خوازەکان ووتەن فرۆشەکان دابەزن ". بە کارهێنانی ئەو جۆرە تۆمەتە دوژمنکارانەیە لە لایەن ئینسان کوژەکانی کۆماری

ئیسلامی لە خۆرایی نیە وئەوە ماهیەتی ئەسڵی ئەو رێژیمە وڕوانگەی ڕاستەقینەی داگیرکەرانی کوردستانە بە نیسبەت گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەردەخا.

ئەگەرلە ئێران دا رێژیمێکی قانونی ودیموکراتیک لە سەرکار بووایە وریزی لە مافەکانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران یەک لەوان کورد گرتبا وبە هاوولاتی دەردەجە ٣ حیسابی بۆ نەکردبان، قەت چەند پاسداری ئاوسار براونەیان دەتوانی لە خۆرا وبە بێ بەڵگە ئەوچەند خوێندکارە لە سەرشەقام تاوانبار بە " خەیانەتکارو وەتەن فرۆشی " بکەن .

پاسداری ئەشکەنجە گەری زیندان لە کاتی لێ پرسینەوە دا داوا لەو خوێندکارە دەکا کە لە بابەت خوێندکارە کوردەکان زانیاریان پێ بدا وبۆیە داوای لێ دەکا کە " ناو ونیشانی وشوێنی لە دایک بوون وژیان وقەد، رەنگی چاو وهەل ومەرجی خوێندنیان و ڕوانگەی سیاسیان وکامەیان سەر بە کام حیزبی سیاسی کوردین بۆلە سەرکاغە بنووسێ ". لە جێگایەکی دیکە ئەشکەنجە . گەرەکە " کوردەکان بە خەیانەت بە ئێران تاوانبار دەکا". پاسداری ئەشکەنجەگەربۆئەوەی قسەکانی خۆی بە سەرتاوانباردا بسەپێنێ دەڵێ " کردها با ایران نیستن. همین مسعود بارزانی وجلال طالبانی کە تا دیروز آوارە کوەها بودن، بە محض اینکە شمال عراق روآمریکا بە اونا داد، کردهای آوارە رو از سراسردنیا جمع کرن اونجا تا ازاونجا علیە ایران فعالیت کنن". کابرا درێژە بە قسەکانی دەدا ودەڵێ " دولت نیم بند مسعود را آمریکا بە زۆرایجاد کردە. اون خیلی دوام نمیارە". " پاشوندن دم و دستگاه مسعود برامون کە کاری نداره"." آمریکا نباشە، اونا ماندگار نیستن". لەو وتانە دا کە لە زاری ئەشکەنجەگەرێکی زیندانی ئەوین دێتە دەرێ بە ڕوونی ترس ودڵە ڕاوکێی کۆماری ئیسلامیمان لە مەڕ جم وجۆڵی ئاشتی خوازانە وسەردەمیانەی خوێندکارە کوردەکان لە زانستگاکانی ئێران بۆناساندنی پیناسەی کوردیان وداواکردنی مافەکانیان دەردەکەوێ.

دەزگا سەرکوت کەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بە لارێ دابردن وخستنە پاڵی تۆمەتی جۆراوجۆرلە دژی خوێندکارەکان ، هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە پێش بە خەباتی مەدەنیانەیان بگرن و بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێک تۆمەتی ناڕەوا ودروست کراو وەکوو" خەیانەت کردن بە ئێران وهەوڵ دان بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیان " دەدەنە پاڵ تاکوو بە سانایی وبە بێ هیچ بەربەستێک بیانخەنە زیندان وژێر ئەشکەنجە وئازارەوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە زینندانیش دا دوژمنایەتی خۆیان بە نیسبەت حکومەتی هەرێمی کوردستان ناشارنەوە و" دروست بوونی ئەو دەسەڵاتە کوردیە بە دەسکردی ئامریکا دەزانن " ودەلێن ئەگەر" حەزمان لێ بێ هەڵوەشاندنی دام ودەزگای مەسعود زۆر کارێکی ئاسانە". ئەو قسەی کابرای ئەشکەنجەگەر بە باشی دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت گەلی کورد لە باشوری کوردستان وحکومەت ودەسەڵاتی کوردی دەردەخا ولە راستیشدا کۆماری ئیسلامی بۆ زەربە لێدان لە وحکومەتە کوردیە تاکوو ئێستا دریغی نەکردووە و بە ناردنی تێرۆریستان ودانی چەک وتەقەمەنی وپووڵ بە گروپە ئیسلامیە توندرەوەکان یەک لەوان "انساراسلام" وبە ناردنی کەسانی ئالودە بە نەخۆشی ئایدز ومادە سڕکەرەکان بۆ شارەکانی باشوری کوردستان و بە تۆپ باران کردنی گوندەکانی باشوری کوردستان وئاوارە کردنی سەدان بنەماڵەی فەقیروهەژارنیشانی داوە کە دوژمنی ڕاستەقینەی گەلی کوردە .

٢٧ی جوولای ٢٠٠٨

---

## مامۆستایانی ئاینی و سۆسیالیزمی دێموکراتیک، کوجا مەرحەبا ؟

لە بەشی تایبەت بە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بابەتێکم لە ژێر سەردێری " رەخنە وپێشنیاری کۆمەلێک لە مامۆستایانی ئاینی - ئەندامانی نەهێنی حیزب لە شاری شنۆ، بۆ کۆنگرەی ١٤ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران " خوێندەوە. لە بابەت ئەو داواکارییە کە بە زمانی مامۆستایانی شنۆیی نوسراوە ولە سایتی ناوەندی حیزب دا بڵاو کراوەتە دوو بۆچونم هەیە. یەکیان، یان رێبەری حیزب بۆ خۆی ئەو جۆرە شانۆسازیانە وەرێ دەخا وبە ناوی مامۆستایان ئەو بابەتەیان بڵاو کردۆتەوە ویانیش ئەگەرمامۆستایانی ئاینی ئەو بابەتەیان بۆ حیزبە خۆشەویستەکەیان نوسیوە دەبێ بلێم کە ئەو مامۆستایانە دۆ ودۆشاویان تێکەڵ کردووە. ئاخر بەڕێزینە، سۆسیالیزمی دێموکراتیک وئیسلام کوجا مەرحەبا ؟ ئێوە لەو چەند خاڵەی کە ریزتان کردوون لە خاڵی ۴ داباس لە مانەوەی " سۆسیالیزمی دێموکراتیک " دەکەن لە بەرنامەی حیزبدا. تازە داواکاریەکەشتان ویان باشتر بلێم تێگەیشتنتان لە سیاسەتی ستراتیژی وئامانجی دوا رۆژی حیزبە خۆشەویستە کەتان زۆرهەڵەیە وئێستاش نازانن دروشمی ستراتیژی حیزبەکەتان وئامانجی دوارۆژچن وکامەیان بە سەرکامەیان دا ئەولەوییەتی هەیە.

لە خاڵی ٤ دا ئاوا هاتووە " ئێمە داوامان وایە سیاسەتی بنەڕەتی حیزب هەر لە سەر سوسیالیزمی دیموکراتیک بمینیتەوە".دەبێ بلێم، باس کردن لە سیاسەتەکانی حیزب بەوشێوەیە لە لایەن ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناو خۆی وڵاتەوە گەلێک جێگای داخ وکەسەرە. ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە جیاتی هەڕەشە وگوڕەشە لە سەرتیشک TV وچەواشەکاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وتیغ کێشانیان لە سەر ناوی حیزب وگۆش کردنی ئەندامانیان بۆ دوژمنایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، زۆرباشترە هەوڵ بۆ پەروەردە کردنی ئەندامەکانیان بۆ ناسینی دروشمەکانی حیزب و سیاسەتی تۆلێرانس ویەکتر تەحمول کردن ورێز گرتن لە خوێنی شەهیدان بدەن، نەک بۆ شاردنەوەی کێشەکانی دەروون حیزبیان سیاسەتی برا کوژی وەرێ بخەن و بۆ پارازتنی دەسەڵاتیان کە لە ئۆردوگانی حیزب لە هەولێروکۆیە تێ ناپەرێ بانگی شەڕبدەن.

ئەوان بە خۆیان دەلێن " دێموکرات" بەڵام ئایا کەسی دێموکرات هەوڵ بۆ شەڕدەدا یان بۆ ئاشتی وتەبایی ویەکریزی؟ ئایا حێزبێک کە ئیدەعای دێموکرات بوون دەکا ودەلێ بڕوای بە پلۆرالیزمی سیاسی هەیە، ئامادەیە لە ڕێگای دیالۆگەوە چارەسەری کێشەکان بکا ورێز لە بیروڕا وداواکانی ڕووناکبیران وکۆمەڵانی خەڵک بۆ ئاشتی وتەبایی بگرێ یان بە ڕێگای شەڕەوە دەخوازێ خۆی بە سەر خەڵک دابسەپێنێ وڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە ملکی بێ ئەم لاوئەو لای خۆی بزانێ؟

بە تێروانینێک لە داخوازییەکانی "ماموستایانی ئاینی" لە نێوان خاڵی ٤ وخاڵەکانی تر، ناتەبایەکی زۆرمان بەرچاو دەکەوێ کە پێویستیان بە باس لێکردن هەیە.

لە خاڵی ١ دا نوسراوە " ئیمە وەک ماموستایانی ئایینی وئەندامانی حیزب خوازیاری ئاوردانەوەیەکی بەتین تروزۆرتری حیزب لە ئاینی پیروزی ئیسلامین وداوامان وایە کە حیزب دە داهاتودا بەرنامەی تایبەت وسیاسەتی پۆزیتیوی سەبارەت بە ئایین هەبیت. دانانی بەرنامەی تایبەت وروون کردنەوەی خەلک دەربارەی ئایین وجیاوازی نیوانی ئیسلامی راستەقینە وئیسلامیک کە ریژیم دەینوینی تکایە زۆرپیویستە. دانانی بەرنامەی ئایینی لە میدیاکان وهێنانی ناوی خوا دە دەسپێکی بەرنامەکانی تیشک تی وی دەتوانی ببیت بە هوی دل خوشی خەلک وئاوردانەوەی زیاتری خەلک وە حیزبە کەمان. هەروەها داواکارین حیزب ریزیکی زیاتر لە خەباتی ماموستایانی ئایینی بگریت ".

خاڵی ٥." ئمە داواکارین تیشک تی وی ئاوریکی باش وەبەرنامەکانی خوی بداتەوە ولە بەشی فەرهەنگی وکەلتوری بە خۆی دا بچیتەوە وکەلتوری خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان لە بەرچاوبگریت. مودیلی جوراجوری رۆژئاوایی ورووت بوونی لەشی ژنان ناتوانی سرنج راکیش بیت. تکایە بزانن بوکی بەرنامە بلاو دەکەنەوە وبە تایبەت کومەلیک لە بابەکان بەرنامەکانی تیشک تی ڤی بە هاندەریکی سەرەکی لاوان بۆ پەیرەوی لە جل وبەرگی رۆژئاوایی دەزانن. تکایە بە باشی بیرلەم پیشنیارانە بکەنەوە". لە ناوەرۆکی ئەو داخوازیانە دا پەرە پێدانی رۆلی ئاین لە سیاسەت ومیدیای حیزبی هاتۆتە بەرباس وزۆریش پێ داگری لە سەر دەکرێ کە حیزب ئەو پێشنیارانە وەبەرچاو بگرێ، چونکە داواکاری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانن". ئەوەیکە تا چەند ئەو داواکارییانە داواکاری خەڵکی کوردستانن وئەو ماموستایانە خۆیان کردووە بە کوێخای خەڵک بۆ زیاتر ئیسلامی کردنی کۆمەڵگەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی باسێکی ترە وپێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی تێروتەسەل وزانستیانە هەیە. بەڵام ئەوەیکە ئەندامی حیزبێکی سیاسی باس لە ماوەنەوەی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە بەرنامەی حیزبدا دەکا" ولە لایەکی دیکەشەوە مەسەلەی گرینگی دان بە ئاین لە میدیای حیزب بە شتێکی زۆر پێویست دەزانێ وداواکاری جێ بە جێ کردنێتی وبە قەولی خۆیان " تیشک تی ڤی نابێ فەرهەنگی رۆژئاوایی لە بەرنامەکانی دا بڵاو بکاتەوە" تەواو دەکەونە دژ بەیەکەوە. ئەگەر چەند "ماموستایەکی ئاینی" باس لە "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" دەکەن، دەبێ پێش هەموو شتێک لە مانا و ناوەرۆکی سۆسیالیزم ودێموکراسی وەکوو دوو چەمکی رۆژئاوایی حالی بن وپاشان داوای مانەوەی ئەو دروشمە لە بەرنامەی حیزبەکەیان دابکەن. گەلی کورد ٣٠ ساڵە بە دەستی ئیسلامی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەناڵێنێ وبێ بەشە لە کەمترین مافی ئینسانی کە حەقی خۆیەتی. جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم کە لە ئەساسنامەی حیزب دا باس لە جودایی " دین لە سیاسەت" کراوە و باس لە پلۆرالیزمی سیاسی دەکرێ ودروشمی ستراتیژیکی حیزب دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێرانێکی فیدراڵ دایە وئەوەش بەو مانایە کە حیزب بە قەولی خۆی بڕوای" بە پلۆرالیزمی سیاسی " هەیە.

لێرە دا پرسیارێک دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە یان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێستاش نازانێ خەڵکەکەی چی دەوێ وزانیاری لە سەر کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان نیە ویان ئەو بە ناو" ئەندامە نەهێنیانە" ئاگایان لە سیاسەتەکانی حیزبەکەیان نیە وبەرنامە وئەساسنامەی حیزبەکەیان نەخوێندۆتەوە وئێستاش ئاگایان لە مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە لە سیستمێکی دێموکراتیک دا نیە و جیاوازی و تایبەتمەندیەکانی دەسەلاتێکی دێموکراتیک لە گەڵ دەسەلاتێکی وشکی ئیسلامی لە نمونەی کۆماری ئیسلامی ئێران نازانن . هیوام وایە رێبەری

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جیاتی خۆ خەریک کردن بە شتی لاوەکی ولە جیاتی چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ولە جیاتی دانی دەسەلاتی رەها لە تیشک تی ڤی بە پان ئیرانیستەکان کە قاتڵانی شەهید سمکۆ، پێشەوا قازی ودەیان ئەندامی دیکە چالاکی کۆماری کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهیدانی خەباتی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دەگرێتەوە، هەوڵ بۆیەکریزی هێزەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بدەن. بە داخەوە پان ئیرانیستەکان لە تیشک تی ڤی کە مێدیایەکی کوردیە کەڵکی زۆر باش وەردەگرن بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجە گڵاوەکانیان بۆداهاتوی ئێران وهەموو هەوڵیان ئەوەیە کە کورد وەکوو پەێژە بە کار بێنن بۆهێنانەوە سەرکاری دەسەلاتی رەشی پەهلەوی. هیوام وایە ئەو مەسەلە بە چاوێکی رەخنە گرانەوە بخەنە بەرلێکۆلینەوە وبە چاوی تۆمەت سەیری نەکەن ، چونکە ئەوشتانە قسەکانی کاک سەدیق بابایین کە خۆی لە سەر تیشک تی ڤی باسی کردوون وخۆی شاهیدی هەڵس وکەوتی بەرێوەبەران ودم راستەکانی ئەوحیزبە لە دەرەوەی وڵات بووە کە چۆن باس لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.

٢٢ی جوونی ٢٠٠٨

---

## شەڕی جیهانی بە چەکی ئابوری

خوێنەری هێژا، ئەو وتارە لە رۆژنامەی Helsingin Sanomat کە گەورەترین وپڕ خوێنەرەترین رۆژنامەی فەنلاندیە لە رێکەوتی ١٨ی ژوئەنی ٢٠٠٦ دا بلاو بۆتەوە.

پێشکەشکەری ئەو بابەتە ئاغای"Sauli Niinistö " بۆ ماوەی ١٠ساڵ سەرۆکی حیزبی راستی موحافیزەکاری " kokoomus " و ٨ ساڵ وەزیری دارایی وجێگری سەرۆک وەزیرانی فەنلاند بووە. ناوبراو لە لایەن پارتەکەی خۆی وەکوو کاندیدی پۆستی سەرۆک کۆماری فەنلاند کە لە مانگی ژانوییەی ئەمسالدا بە رێوە چوو دیاری کرابوو کە بە جیاوازێکی زۆر کەم لە دەنگەکاندا بە کاندیدی سۆسیال دێموکراتەکانی خاتو تاریا هالۆنێنی دوراند. ئێستا جێگری سەرۆکی بانکی ناوەندی ئوروپا بۆ سەرمایە گوزارییە. من زۆرتر هەوڵ دەدەم لایەنی بە جیهانی بوون لە

ڕوانگەی ناوبراوەوە بخەمە بەر دیدەی خوێنەران.

ناوبراو لە مەڕ جیهانی بوون ئاوا بیرو ڕای خۆی دەردەبڕێ: چەندین ساڵ لەمەوبەڕ لە بابەتێک دا نووسیبووم کە شەڕی سێهەمی جیهانی شەڕی ئابوری بازارە و ولاتانی غەربی خاوەنی سەنعەت وتێکنۆلۆژییای مودێرن مەیدانداری ئەو شەڕە دەکەن.

لێکدانەوەکەی من ئەمرۆ زۆر بە هێز بووە وسەدەی بیست ویەکەم وەکوو سەدەی گۆرانکاری کەوا بەشێکی ئەمرۆ بەرچاو دەکەوێ جێ پەنجەی خۆی لە مێژوو دا دەهێڵێتەوە.
بە جیهانی بوونی ئابوری کە زۆر جار بە مانای سەرمایە وبەرهەم هێنان بە شێوەکانی پێشکەوتوو و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێناسە دەکرێ ئەمرۆ کەوتۆتە نێو فازێکی نوێ وە.

دەستپێکی لایەنی یەکەمی بە جیهانی بوون بە شێوەیەکی دراماتیکی دەستی پێ کردووە . کەسانێک پێیان وایە کە سەرمایەکان لە بازارەکانی ولاتی چیندا بێ سەرو شوێن دەکرێن. بە لام زۆر بە کەمی ئەو مەسەلە لە بەر چاو گیراوە کە ولاتی چین سەرمایەکی یەکجار مەزنی لە داهاتی سالانەی پاشکەوت کردووە کە خۆی لە ٩٠٠ ملیارد دەدا، یانی نزیک بە یەک بیلیۆن دۆلارکە دەبێ هەوڵ بدرێ ئەو سەرمایە بۆ ئوروپا بگرێتەوە. ئەو ڕادە پاشکەوت کردنە بەو خێراییە لە لەیەن ولاتی چینەوە هەر دوو ساڵ جارێک دوو قات دەبێ.

یەک بیلیۆن دۆلار بە واتای هێزو دەسەلاتی سیاسیە وچۆنیەتی بە کار هێنانی ئەو دەسەلاتە بۆ وێنە لە پەیوەندی لە گەڵ ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکایە کە بە شێوەیەکی زۆر خراپ کەتۆتە ژێر قەرزەکانی چینەوە. کاتێک" هوو جینتائۆ" سەرۆک کۆماری چین بە سەردانێک چوو بۆ ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا زۆرکەس و لایەن پێیان وابوو کە ناوبراو وەکوو هاوبەشێکی سەر سەخت لە سیاسەتی ئابوریدا خۆی دەرخست. ئامریکایە ژێرەکان هەوڵیاندا وا بنوێنن کە قەرزو وقۆڵ نابێ بێتە هۆی نیگەرانی.

بە یەک بیلیۆن دۆلار دەکرێ زانیاری وزانست یەکجار زۆر بکری وئەگەر ستراتیژی کرین بە شیوازێکی ڕێک وپێک پلانی بۆ دابرێژرێ کە لە دەسەلاتی لایەنێک دا بێ، بە کارهێنانی ئەو زانستانە لە بواری سەنعەت

وتێکنۆلۆژییەوە پێویستی بە دەیان ساڵ تەجروبە ولێکۆلینەوە نیە. بە یەک بیلیۆن دۆلاربۆ وێنە دەکرێ تەواوی شیرکەتەکانی بورسی (سەهام) ولاتانی فەنلاندو سۆئد ونۆروێژبکری.

هەتاکوو ئێستا شیرکەتە خاریجیەکانی کریاری چینی سەرچاوە گرینگەکانی ئەساسی ولاتانی رۆژئاوایان وەکوو:

کەرەسەی خاو،

تیکنۆلۆژی ڕاگەیاندن وکارخانە سەنعەتییەکانیان بۆ کرین کردۆتە ئامانج.

خاون وکڕیاری ئەو بەشە گرینگانە شەریکەیەکی گەورەیە بە نێوی " CITICI" کە لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوە خۆی دەسەلاتدارانی چین دایە.

هەرچەند ڕادەی کرینەکە تاکوو ئێستا زۆر بەرچاو نەبوو، بە لام هەر ئەوەندەش کە کراوە بۆتە هۆی شێواوی بازار. بەوهۆیەوە

لانیکەم لە ئامریکا وفەرانسە باسێکی سیاسی لە مەڕ ئەو کێشەیە لە ئارادابووە کە ئایا بە چ شێوەیەک دەکرێ پێشگیری لە کرینی لە ڕادەبەری ئەو کەڵ وپەل وزانستانە لە رێگای شیرکەتە خاریجییەکانەوە بکرێ. کۆنترۆلی ئابوری بازاروبورسە (سەهامی) جیهانیەکان ناتوانن کارساز بن.

لایەنی دووهەمی بە جیهانی بوون دەتوانێ رۆژێک وای لێ بێ کە خاوەنکاری کرێکارێکی ئوروپایی لە جیاتی ئەوەی ئوروپایی بێ چینی بێت ، ئەو کات خاوەنکارەکان کرێکارە ئوروپییەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و بە هێزی کرێکاری ئوروپایی ، زانست وسەرمایە وبەرهەمەکان ڕەوانەی چین دەکرێ.

پوول و دەسەلات لە دونیادا دەستاودەست دەگەرێن. پێشکەوتنی ئابوری کەرەسەیەکی بە هێزی دەسەلاتی سیاسییە ولایەنی دوو.

هەمی بە جیهانی بوون ئەوەیە کە بوونی ئابورێکی بە هێز چەکێکی کاریگەرە لە شەڕی جیهانی دا.

لەوکێ بەرکێیەدا ئوروپا دەبێ بە ئاشکرا هەوڵ بدا کە دوا نەکەوێ و پێگە وجێگەی خۆی بپارێزێ. ئامریکا هێزی هەیە وئەو توا نایەشی هەیە کە بەرەوپێش بچێ.

پێویستە ئەوە بکوترێ کە جگە لە چین ولاتانی دیکە ی وەکوو روسیە وهیند و ڕەنگ بێ لە ئامریکای لاتینیش ولاتی برێزیل لەو کێ بەر کێیە دا بەشداربن. دەتوانین بە تایبەتی باس لە سەرچاوە جیاجیاکانی وزە بۆ وەدەست

هێنانی دەسەلات بکەین کە ئەویش خۆی هەر دەگەرێتە بۆ گرینی رۆلیان لە ئابوریدا.

هاوکاری مابەینی روسیە وچین لە بواری ئینێرژیدا باش دەچتە پێش. بە لام قەراردادی ئیمزا کراوی بەینی سەرۆکی روسیە ویلادیمیر پوتین و سەرۆک وەزیرانی پێشوی ئالمان گێرهارد شرۆیدەر" لە مەر لولە گازی دەریای بالتیک لە ئوروپادا تا رادەیەک رەخنەی لە سەرە.

رەنگ بێ هێشتا زوو بێ ئەو پەیمانە وەکوو هێزێکی سیاسی چاو لێبکرێ و بریاری ئەوە بدرێ کە روسیە لە گەڵ کام ولات هاوکاری دەکا، بەڵام خەت ونیشان خەریکە دیاری دەکرێ.

روسیە ئیمکانی هەڵبژاردنی پارتنێری خۆی هەیە، چونکە لە سنورەکانی جنوبی شەرقی  ولاتی چین هەیە، لە جنوب هیند قەراری گرتوە، لە جنوبی غەربی ولاتانی موسولمان ولە غەربیش ئوروپا و لە لای شەرقیش ئالاسکای ئامریکا هەڵکەوتوە .بە لام روسیە بەرەو کام لا دەروا ؟ یەکەم ئەوەیکە روسیە بە تەنێ نامێنێتەوە وبە نیسبەت چین حەشیمەتی کەمترە وبۆ ئامریکیەکانیش سەرچاوەیەکی زۆر بەرچاوی سەرمایە گوزاری نیە. بەڵام ئوروپا چی، کە وا خەریکە لە کاروان بە جێ دەمێنێ، ئایا دەتوانێ پارتنێرێکی باش بێ بۆ روسیە؟

ئوروپا هەمووکات رۆل وکاریگەری خۆی هەیە، بەڵام لە کاتی کریزدابە شێوەیەکی بەرچاو ئەوە ئامریکایەکانن کە دێنە مەیدان کە تا رادەیەکی زۆر هەڵگری میراتی ئوروپاییەکانن. پێم وایە ئوروپا لە مەر پەیوەندی بە روسیەوە هێشتا لە زۆر بواردا  پێویستی بە فێر بوون هەیە وزۆر مەسەلەی گرینگ هەیە کە دەبێ لە پێشدا لە بەرچاو بگیرێن.

بە بروای من سیستەمی جیهان لە بەردەم ئالوگۆردایە و پوول ودەسەلات پێکهێنەری ئەو ئالوگۆرە ودابەش کردنەن کە کاریگەری لە سەر هەموو لایەک ومەسەلەیەک هەیە. بە داخەوە ئەو ئالوگۆرە وەکوو هەمیشە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئالۆزی وشەر.

وەرگێرلە زمانی فەنلاندی بۆ سەرزمانی کوردی

٢٠ی جوونی ٢٠٠٨

## لە سەرەوە بوونی تەمەنی جان مەککەین بۆتە خۆراکی دەمەتەقە لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا

دوای پرسیارەکانی پەیوەندی داربە نژادوسێکس، پرسیاری سێهەم ویدەچێ ببێتە دەغدەغەی دەنگدەرانی ئامریکایی ئەویش : لە سەرەوە بوونی تەمەنی پاڵێوراوی کۆمارییەکان جان مەککەین، ە. ئەگەرکاندیدای کۆمارییەکان دەنگ بهێنێتەوە، لە کاتی دەست بە کاربوونی لەو پۆستە دا، پێ دەنێتە تەمەنی ٧٢ ساڵیەوە. ئەو کات ئەو بە تەمەنترین سەرۆک کۆماری ئامریکایی لە دەسەلاتدا دا دەبێ.تەمەنی ناوبراو هەم لە لایەن هاوکارەکانی خۆی وهەمیش لە لایەن رەقیبەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی بە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە باسی لە سەر دەکرێ: لایەنێکیان تەجروبە ولێزانی زەق دەکاتەوە ولایەنی تر،گومانی بێ تەجروبەیی دەهاروژێنێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە بۆ بەرێوەبەردنی کاروباری وڵات پێویستی بە تواناوتەندروستیەکی باش هەیە.

حەوتوی رابردوو سێناتۆری دێموکرات وپاڵێوراوی پێشووی سەرۆک کۆماری، جان کێری وهەروەها سوزان رایس یاریدەدەری باراک ئۆباما لە بواری سیاسەتەکانی دەرەوە، جان مەککەینیان وەکوو" کەسێکی سەرلێ شێواو" وەسف کرد. هەروەکوو ماڵپەری " پۆلیتک" ڕوونی دەکاتەوە، ستافی ئاغای مەککەین دەڵێین کە " مەبەست دار" قسان دەکەن وتێدەکۆشن جۆرێک رەفتاربکەن کە وێنەیەکی گونجاولە کاندیدای کۆمارییەکان نیشان بدەن. بە بڕوای دێموکراتەکان، ئەو جۆرە خۆنیشان دانانە وخۆ نزیک کردنەوانە، تەنیا وتەنیا ستراتیژێکی سیاسین بۆ مانۆردان کە لە لایەن کۆمارییەکانەوە لە قالبی شێوازێکی مەقبوڵدا بەرێوە دەبرێ لە ماوەی ئەوکەمپەینەدا.جان کێری بە وشێوە وڵامی تۆمەتەکانی داوە تەوە: " ئەوە نادروست وتەنانەت تا ڕادەیەکیش جێی گاڵتەیە کە، پێمان وابێ چونکە ئێمە لە وشەیەک کەڵک وەردەگرین کە ئامریکاییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیان بە رامبەر بە جان مەککەین بە کاری دێنن، بە مانای ئاماژە کردن بە تەمەنی کەسێکەوە بێ. لایەنی کۆمارییەکانیش بە هەمان شێوە کەڵک لە مەسەلەی تەمەن وەردەگرن، بەڵام بە هەڵگەرانەوەی پرسیارەکە بە قازانجی جان مەککەین.

لە سەرەتادا بە ژمارەیەک جەفەنگی دووپات کراوە کە کاندیداکەیان لە مەڕپرسی تەمەن بە کاری دەهێنا دەستیان پێ کرد، هەروەکوو لە پرۆگرامێکی کورتکراوی تۆمارکراو دا لە (Saturday Night Live) کە

ئامانجی گاڵتە کردن و سوک کردنی لایەنی بەرامبەر بوو بڵاو کرایەوە کە دەیکوت " یەکەمین مە سەلەی گرینگ لە مەڕ بوون بە سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا ئەوەیە کە، زۆر زۆر، زۆر پیر بی" پێش ئەوەی بەوئاکامە بگەی کە" گرینگ ئەوەیە کە، بتوانی چاولە چاوەکانی منداڵەکانت بکەی" ولە حالەتی مندا، منداڵەکانم، منداڵە چکۆلەکانم،نەوەکانم ونەتیجەکانم،ئەوانەی کە لە هەموویان گەنجترن ،واخەریکن لە خانەنشین بوون نزیک دەبنەوە". کۆمارییەکان جگە لەوەی هەوڵ دەدەن رێبەری جان مەککەینی ٧١ ساڵە لە نێوجەماوەرداهەمواربکەن، لە هەمان کاتدا شێوازی پرۆپاگەندیان بە جۆرێکە کە هەرکات باراک ئۆباما هەوڵ دەدا خۆی بنوێنێ وباس لە ئاڵ وگۆڕیکا، کۆمارییەکان هەرباسی تەجروبە دەکەن. لە کاتی کۆبونەوەیەک لە کۆتایی مانگی مای دا، جان مەککەین ئۆبامای بە حالەتێکی تەحقیرەوە بە "کوڕە گەنجەکە" بانگ کرد کە" تەجروبەیەکی یەکجار کەمی هەیە" بە زیاد کردنی ئەوەیکە" کەسێکی زۆر زۆر کەم تەجروبە ونەزانە ."

سەرچاوە: رۆژنامەی فەرانسەوی Le Monde نووسینی بابەت : Cécile Dehesdin

وەرگێران لە فەرانسەوی بۆکوردی

١٩ی جوونی ٢٠٠٨

---

## ئۆباما، " سەرۆک کۆماری جیهانی "

ئەگەرباراک ئۆباما پاڵێوراوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری جیهانی بوایە، سەردەکەوت. لە ڕاپرسێک کە لە زۆرێک لە ولاتان دا لە لایەن ناوەندی (Actitudes Globales del Centro Pew) کراوە نیشاندەری ئەوەن کە پاڵێوراوی دێموکراتەکانیان بۆ کۆشکی سپی پێ لە رەقیبە کۆمارییەکەی جان مەککەین باشترە. ئەوپشتگرییە بە تایبەتی لە ئیسپانیا بە هێزە و٧٢% لە هاوولاتیان ڕایان وایە کە ئیمازێکی باشتریان لە سناتۆری ئافریقایی . ئامریکایی هەیە، لە بەرامبەر ئەمە دا، تەنیا ١٩% جان مەککەین هەڵدەبژێرن. لەو ڕاپرسیە دا ڕوانگەی دژی ئامریکایی کەمێک داکشانی بە خۆیەوە دیوە لە دونیا دا و هۆکاری ئەو دژایەتیە دەگەڕێتەوە بۆکاریگەریەکانی سیاسەتی شەڕلە دژی تیرۆریسم وداگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ دا.لە کاتێکدا بێزراوی لە جۆرج دەبلیۆ بوش لە

باری میژووییەوە لە نێو پێنج قارەی جیهاندا گەیشتۆتە نزمترین ئاستی خۆی، ٦٧% لە ئیسپانیایەکان ڕایان وایە کە گۆڕانی حکومەت " سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا باشتر دەکا ". لەوپەیەوەندیە دا ئیسپانیا هاورێ لە گەڵ فەرانسە لەو وڵاتانەن کە بڕوایان بەو ئاڵ وگۆڕە هەیە، تەنیا ٢٩% و ٢١% لە خەڵک لەو ولاتانە دا پێیان وایە کە مەککەین وئۆباما هیچ جیاوازییەکیان بە نیسبەت بوش نیە.سەرۆکی سەنتەری لێکۆلینەوەکان (Pew) ،ئاندرێو کۆهوت لە روونکردنەوەکەیدا دەلێ، هەڵبەت ئەوەش بە مانایە نیە کە هەموو ئەوانەی ڕاپرسیان لە گەڵ کراوە بڕوایەکی تەواویان بە حکومەتی نوێ دەبێ وهۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو چەند ساڵەی دوایی دا بوش وێنەیەکی خراپ ومەنفی لە خۆی نیشان داوە. ٢١ لە ٢٣ی ئەو وڵاتانەی ڕاپرسیان تێدا کراوە وولامیان داوەتەوە، پشتگری لە ئۆباما کراوە. ئیسپانیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە ڕاپرسیەکاندا سیناتۆری ئافریقی ـ ئامریکی لە پێش نەیارەکەی جان مەککەین دایە وریژەی ٥٣% دی بۆ خۆی تەرخان کراوە.لە فەرانسە ٥١ دەرسەدی دەنگەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.لە ئالمان ٤٩ دەرسەد. تەنیا لە ولاتی ئوردون و ولاتانی یەکێتی ئوروپا جان مەککەین بە دەرسەدێک لە ئۆباما لە پێشترە وئەوەش دەکرێ وەکوو نیشانەی گەمەیەکی تەکنیکی سەیربکرێ. "دونیا ئۆبامای خۆش دەوێ". سەرۆکی گۆڤاری مانگانەی سیاسەتی دەرەوە ،مۆیسێس نائیم دەلێ." ئەگەر ئەمرۆ هەڵبژاردنێکی نێو نەتەوەیی رێکخرابا، ئۆباما دەیبردەوە ".

لە راستیدا، لە بریتانیا، فەرانسە، ئالمان وئیسپانیا زیاتر لە ٧٠% ڕاپرسیەکان نیشان دەدەن کە "برێک یان تا ڕادەیەکی زۆر متمانەیان" بەوهەیە. لە نەزەر دەربرینێکی رێبەرانی سەرەوەی جیهان وەکوو سەرۆک وەزیرانی ئالمان ئانجێلا مێرکێڵ و سەرۆک کۆماری فەرانسە نیکۆلا سەرکۆزی ئەو بۆچوونە بە تەواوی دەسەلمێندرێ. ئاغای کۆهوت دەلێ، جێگای وەبیر هێنانەوەی کە لە ولاتانی ئوروپایی بە شێوەیەکی مێژوویی کاندیدای دێموکراتەکان مەقبوڵترە. ئانالیستی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، داوید بروکس دەلێ "دیاردەیەک بە ناو ئۆباما لە دونیا داهەیە" وئەوەش دیاردەیەکی واقیعیە. ئیدەکانی ئەو کاندیداتۆرە ئاڵ وگۆری لە سەربیروڕاکانی خەڵک لە مەڕپاشترقەبوڵ کردنی ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا لە دەرەوەی سنورەکانی ئەو ولاتە دروست کردووە.

سەرچاوە, رۆژنامەی El Paisی ئیسپانیایی

١٤ی ژوئەنی ٢٠٠٨ نووسینی بابەت. David Alandete واشینگتۆن

١٥ی جوولای ٢٠٠٨

# کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاسایشی نەتەوەیی؟

کۆماری ئیسلامی ئێران بە پشت بەستن بە ئاینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە خۆی وەکوو حکومەتێکی "ئیلاهی" پێناسە دەکا وسەرۆکی مەزهەبی ولات کە ئاخوندێکە خۆی بە جێ نشینی "ئیمامی زمان" دادەنێ و تاکوو هاتنی ئەو، واتە "ئیمامی زەمان یان مەهدی" ئەرکی بەرێوە بردنی دەستوراتی "ئیلاهی" لە سەرزەوی بە ئەستۆیە. بۆ ئەو مەبەستەش دوو دەزگایان بە ناوەکانی "مجلس خبرگان رهبری" و" شورای نگهبان" دروست کردووە کە کاریان داریژتن وچاوەدێری یاسای بن چینەیی ولات، واتە قانونی ئەساسی وچاوەدێری بە سەرکارەکانی حکومەت و" مجلس شورای اسلامی" دایە وهەر دووکیان لە ژێر ئەمرو فەرمانی رێبەری مەزهەبی ولات دان. لە ئەسلی دووهەمی قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی دا هاتووە "جمهوری اسلامی نظامی است برپایه ایمان به:

١- خدای یکتا واختصاص حاکمیت و تشریع به او ولزوم تسلیم در برابراو.
٢- وحی الهی ونقش بنیادی آن دربیان قوانین .
٣- معاد ونقش سازنده آن در سیرتکاملی انسان به سوی خدا.
٤- عدل خدا درخلقت وتشریع
٥- امامت ورهبری مستمرونقش اساسی آن درتداوم انقلاب اسلام
٦- کرامت وارزش والای انسان وآزادی توام با مسئولیت اودربرابرخدا، که ازراه: الف ـ اجتهاد مستمر فقهای جامع الشرایط براساس کتاب و سنت معصومین سلام والله علیکم اجمعین. ب ـ استفاده از علوم و فنون و تجارب پیشرفته بشری وتلاش درپیشبرد آنها، ج ـ نفی هرگونه ستمگری وستم کشی وسلطه پذیری، وقسط وعدل واستقلال سیاسی واقتصادی واجتماعی وفرهنگی وهمبستگی ملی را تأمین می کند."

مانا وناوەرۆکی ئەو وتانە جگە لە پێناسە کردنی کۆماری ئیسلامی وەکوونیزامێکی خودا نارده وپیرۆزبۆجێ بە جێ کردنی فەرمانەکانی خودا لە سەرعەرز چیدیکە ناگەیێنێ و" وەلی فەقیش کە جێنشینی ئیمامی زەمانە " تاکووهاتنی ئەوئەرکەکان ڕادەپەرێنێ. کەواتە ئینسانەکانی ژێردەسەلاتی ئەوکۆمارە ئیسلامیە دەبێ لە ژێر ئەمروفەرمانی یەک کەس دابن وبۆیان نیە لە دژی بوەستن. ئەو مەسلەحەتی هەمووان دەزانێ وئەوە کە دەبێ

بڕیارلە سەرگیان ومالْ وچارەنووسی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە بدا. واتە ئەو شەخسە ڕدێن درێژ و عەبا لە بەرومەندیل لە سەرە لە هەمووکەس عاقلتروتێگەیشتووترە. خۆ پێناسە کردنی نیزامێکی ئاوا فاسید ودژی ئازادی وئینسانی لە سەدەی بیست ویەکەم دا وەکوو نوێنەری "خودا" لە سەر زەوی وهەوڵ دان بۆ پاراستنی ئەو نیزامە بە هەموو شێوازێک جگە لە دروست بوونی گەندەڵی وفەساد وتێرۆر وکۆمەڵ کوژی چی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ ولە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمە دا ئەوە بۆ هەموو کەس ڕوون بۆتەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی گەلانی ئێران دەیان دەزگای جۆراوجۆری ترساندن وتێرۆری پێکهێناوە وهەرکامیان بۆ پارێزگاری لەو نیزامە فاسیدە وتێرۆریستە دەورو رۆلی خۆیان دەگێرن. بۆ سەر کوتی دژبەرانی نیزام زۆر بە سانایی پەروەندە سازی دەکرێ وتاکوو ئێستا بە سەدان کەس تۆمەتی ناڕەوا وجۆراوجۆریان دراوەتە پاڵ کە یەک لەو تۆمەتانە دژایەتی لە گەڵ "ئاسایشی نەتەوەیی" پێناسەی بۆ دەکرێ.

ئایا بەراستی "ئاسایشی نەتەوەیی" لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا مانای چیە وبراستی هەرکەس دژ بە کۆماری ئیسلامی بێ، بە مانای دژبە بەرژەوەندی میللی و بە گەلانی ئێرانە ؟ بێ گومان وانیە. چونکە "ئاسایشی نەتەوەیی " بۆ پارازتنی بەرژەوەندی گەل و ولات بە کار دەبرێ لە دژی دەست درێژی دەرەوە ودابین کردنی ئاسایشی هاوولاتیان و خۆش گوزەرانی وئەمنیەتی شوغلی وژیانی شەخسیان دەگرێتەوە، نەک پاراستنی دەسەلاتێکی ئینسان کوژ ودژ بە ئازادی ودێموکراسی. دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی دژایەتی دژ بەران لە گەڵ خۆیان بە دژایەتی لە گەڵ بەرژەوەندی "میللەتی ئیران" پێناسە دەکەن ولە دام ودەزگای قەزایی وراگەیاندنیان دا کەسانی نەیاری رێژیمەکەیان بەوە تاوانبار دەکەن کە گۆیا "سیخوری ئامریکا، بریتانیا وئیسرائیلن" ودەیانهەوێ "نیزامی موقەدەسی کۆماری ئیسلامی ئێران" بروخێنن.

لێدانی ئەو تۆمەتە لە هەرکەسێک بە مانای "مرتد" واتە کافربوونی ئەو شەخسەیە ولە ئاکامیش دا لە دادگا فەرمایشەکانی کۆماری ئیسلامی دا حوکمی ئێعدامە وەکوو گەورەترین سزا دیاری دەکرێ وبە ڕێوە دەچێ. بەلام بە نیسبەت گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەتوانین بلێین کە هەموو کات لە بازنەی ئەو تۆمەتە دا بووە وهەموو جۆردژ کردەوەیەکی تاکی کورد تەنانەت ئەگەر کۆمەلایەتی، فەرهەنگی ویان ئابوریش بوو بێ بەرچەسپی "دژ بە نیزام وئاسایشی نەتەوەیی وجیاوازی خوازی" لێ دراوە وبە مستی پۆلاین ولامی داخوازەکانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دراوەتەوە. کۆماری ئیسلامی بە میلیتاریزە کردنی کوردستان و دانانی سەدان بنکە وپێگەی نیزامی وەکوو

دەوڵەتێکی داگیرکەر هەڵس وکەوتی کردووە ولە راستی دا هیچ کات کوردی بە بەشێک لە خۆی ولە دانیشتوانی ئێران حیساب نەکردووە وبە دایم بە چاوی دوژمن ونەیار سەیری ئەو گەلە داماو وماف خوراو خاک داگیرکراوەی کردووە. هۆکارەکەشی زۆر روونە، یەکەم کورد فارس نیە وئێرانی بوون تەنیا پێناسەی دەسەلاتی سیاسی وکولتوری فارس لە ناو خۆو دەرەوەی سنورەکانی ئێران دا دەکا ولە راستیدا لە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامیش دا هەموو دەسەڵاتەکە بە فارسەکان دراوە وهیچ باسێک لە کورد نەکراوە و هیچ مافێکیشی بۆ دیاری نەکراوە. دووهەم بەشێک لە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان موسولمانی سونین. سونی بوونیش لە نیگای ئاخوندە شێعەکانەوە بە مانای موسولمان نەبوونە. جگە لە موسولمانی سوننی کورد موسولمانی شیعەشی هەیە وئاینەکانی دیکەش لە کوردستان دا بونیان هەیە کە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر مەسەلەیەکی سادە وبێ گیروگرفت نەبووە. سێهەم، بەربەرەکانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە درێژایی تەمەنی نزیک بە ٣٠ ساڵەی دەسەلاتی شیعەی ئێران کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی فارس دەکا بۆ وەدەست هێنانی مافە سروشتی وئینسانیەکانی وبۆگۆرانی سیستمی سەدەکانی ناوەڕاستی زاڵ بە سەر ئێراندا بۆ دەسەلاتێکی دێموکراتیک وپلۆرالیستی و بۆ سەروەری یاسا و رێزگرتن لە مافی گەلانی ژێر دەستی ئێران و دابین کردنی مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە بێ جیاوازی رەگەزی ژن وپیاو.

ماوەی چەند سالێکە سەرەرای دەیان گیرو گرفتی جۆراوجۆر وفشار وزەختی لە ڕادەبەدەری ریژیمی ئاخوندەکان، رێکخراوە مەدەنی وچالاکوانانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەیدا بوون ولە راستیدا چالاکیەکانی ئەو رێکخراو و کەسانە نە بۆ رووخانی رێژیم بووە و نە قەتیش دروشمی وایان داوە، بەڵکوو هەولیان بۆ باشتر کردنی باری گوزەرانی خەڵک لە کوردستان دا داوە، بە لام رێژیمی ئیسلامی بە زیندان، ئەشکەنجە ولامی ئەوانی داوەتەوە وتاکوو ئێستا بە دەیان نەفەر لەو چالاکوانە مەدەنیانەی دەستگیروڕەوانە زیندان کردووە وتەنانەت بەشکێان لە زیندان دا لە ژێر ئەشکەنجە دا گیانیان لە دەست داوە کە رێژیمی ئاخوندەکان بە خۆ کوژی ناو زیندان بلاوی کردۆتەوە. دەکرێ وەک نمونەی زۆر تازە ئاماژە بە ناسر فەتحولاهی خوێندکاری زانکۆی سنە بکەین کە دوای ئەشکەنجە وئازارێکی زۆر لە زیندان دا گیانیان لێ ئەستاند وشەوکی بە دزی لە شوێنێک لە ژێر خاکیان ڕاکرد بوو و تەنانەت گۆرەکەیان بە سیمان داپۆشیبوو. لە ولامی بنەمالە ی ناوبراو دا وێرای هەڕەشە و گوڕەشەی زۆر، تۆمەتی خۆ کوژیان لە زیندان دا دابوو پاڵ.

دەرچونی حوکمی ئێعدام بۆ ماموستای قوتابخانەی سەرەتایی فەرزاد کەمانگەر نمونەیەکی دیکە لە ناعەدالەتی و

ماف پێشێل کەری کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت گەنجانی کوردە ودەسەلاتدارانی تاران زۆر بێ شەرمانە کۆمەلێک تۆمەتی پروپوچیان داوەتە پاڵ ئەو ماموستا کوردە. دەرچونی حوکمی ئێعدامی بۆ هیوا بوتیمار وعەدنان حەسەن پورچالاکوانانی مەدەنی و رۆژنامە نووسانی کورد نیشانەی ئەو پەڕی دوژمنایەتی وقین لە دڵی ئاخوندە چاو چنۆکەکانی حاکم بە سەر ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان دا نیسبەت بە گەلی کوردە. سەرەرای دەربرینی نارەزایەتی توندی رێکخراوەکانی نێو نەتەوەیی پارێزەری مافی مرۆڤ، رێکخراوی رۆژنامە نوسانی بێ سنور و هەروەها دوای بەخشینی چەندین خەڵاتی رێز گرتن بەو دوو چالاکوانە لە چەندین ولاتی ئوروپایی، حوکمی ئێعدامەکەیان هەروا لە سەر لانەبراوە وکاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سوورن لە سەر بڕیاری دەزگای قەزایی ئێران ولەو پەیوەندیەش دا تاوانی زۆر قورسیان دراوەتە پاڵ وەکوو "هەوڵدان بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی، پەیوەندی لە گەڵ رێکخراوە سیاسیە کوردیەکانی دژی رێژیم، جاسوسی کردن بۆ بێگانەکان و سەرئەنجام هەڵسوران بە دژی ئاسایشی نەتەوەیی ".

ماوەی سالێکە سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان مەحەمەد سەدیق کەبودوەند گیراوە ولە زیندان دا لە ژێر فشارو ئەشکەنجە دا تووشی چەندین نەخۆشی بووە وتەنانەت ئیزنی پێ نادەن بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی سەردانی دوکتور لە دەرەوەی زیندان بکا وخستویانەتە ژێر فشار تاکوو رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە لە سەر دەستی ئەو دروست بووە هەڵوەشێنێتەوە. جێگای ئاماژە پێ کردنە کە ئەو رێکخراوە بە حەق لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دا زۆر چالاک بووە وبۆ لەقاودانی جەنەیەتەکانی کۆماری ئیسلامی وپێ شێل کردنی مافەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا زۆر چالاک بووە وسەر بە هیچ رێکخراوێکی سیاسی دژ بە کۆماری ئیسلامیش نە بووە. بە لاّم هەر ئەوەیکە داکۆکی لە مافی تاکی کورد لە ئێراندا دەکا ورێکخراوێکی کوردیە کەوتۆتە بەرهێرشی داگیرکەرانی کوردستان. دەرچونی حوکمی زۆر قورس بۆ سەر چالاکوانانی ژن، رووناک سەفازادە وهانا عەبدی کە ئەوانیش هەر بەوتاوانانەی سەرەوە تۆمەت بار کراون و وەکوو "محارب" واتە "دوژمنی خودا" سەیریان دەکەن وهەڕەشەی کوشتینیان لە سەرە. پەروین ئەردەلان چالاکی بواری مافەکانی ژنان زیندانی دەکرێ ولە کاتی سەفەر بۆ سۆئێد بۆ وەرگرتنی خەلاتی پێ بەخشراو لە لایەن رێکخراوە نێو نەتەوەیەکانەوە پاسپۆرتەکەی لێ وەردەگیرێتەوە وچونە دەر لە ئێرانی لێ قەدەغە دەکرێ. ئەو تۆمەتانە ی دراوەنەتە پاڵ ناوبراویش وەکوو هی وانی تر وایە، "هەوڵ دان بو رووخانی کۆماری ئیسلامی". زیندانی کردنی یاسرگولی خوێندکاری زانستگا ودواتریش بە هۆی دەربرینی نارەزایەتی دایکی ناوبراو لە مەڕگرتنی کوڕەکەی، ئەویشیان بە تاوانی بێ حورمەتی کردن بە سەرانی نیزام لە زیندان پەستاوتووە.

سەرانی کۆماری ئیسلامی ڕێگا بە کەس نادەن کە بە خراپ باس لە دەسەلاتە گەندەڵەکەیان بکا کە خۆیان بە " پیرۆز وخودا داد دی" وەسفی دەکەن وخۆیان لە سەروی هەموو یاسا وریسایەک داناوە. ئەشکەنجە دانی لە ڕادەبەدەری کاوە عەزیزپور لە زیندانەکانی ورمێ ومەهاباد کە بە هۆی خوێنریژی مەغزی تاکوو ماوەیەکی زۆر لە کۆما دا بووە و دوای عەمەلی جەراحیش ئامادە نەبوون کە بە قسەی دوکتوربکەن و ڕێگای بدەن کە ناوبراولە نەخۆش خانە لە ژێر چاوەدێری دا بمێنێتەوە وپاسدارە جەنایەتکارەکانی ئەو نیزامە فاسیدە بردوویانەوەتە بۆ بەندی خانە و لە ئاکامی خوێن ریژی مەغزی گیانی لە دەست دا. ئێستاش کۆمەلێکی زۆر خوێندکاری کوردی زانکۆکانی ئێران، چالاکوانانی مەدەنی، ژنان چالاک، ڕۆژنامەوانی خاوەن قەلەم لە سیا چالەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دان و چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانیان دەکا.داخرانی یەک لە دوای یەکی حەوتونامە، مانگنامە و وەرزنامەی کوردی سیاسەتی داپلۆسین وبێ دەنگ کردنی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەلاتی کوردستانە ولە راستیدا ڕۆژهەلاتی کوردستان بو کورد بە گشتی و بۆ روناکبیران وچالاکوانان وریکخراوەکانی بواری مەدەنی، خوێندکاران، ریکخراوەکانی ژنان و رۆژنامە وانان بە تایبەتی زیندانێکی گەورەیە و کەس لە وزیندانە گەورە یە دا بۆی نیە بە بێ ئیزنی ئاخوندەکان نەفەس بکێشێ. بە لام ئایا سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە رۆژهەلاتی کوردستان توانیوێتی سەرکەوتن بە دەست بێنێ ورۆلەکانی گەلی کوردی لە وەدەست هێنانی داخوازە ڕەواکانیان پاش گەزبکاتەوە وچۆکیان پێ دادا؟ بێ گومان نەخێر! لە داهاتوش دا خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ ڕامالینی داگیرکەرودەستە بەر کردنی مافە ڕەواکانی بەردەوام دەبێ وسەرکەوتن هەر بۆ گەلە وشکست وسەرشۆری بۆکورد کوژان وداگیرکەرانی کوردستانە.

١٤ی ژوئەنی ٢٠٠٨

---

## گوناحە، حەرامە،عەیبە"

گۆڕانی وەرزەکان وتێپەڕ بوونی کات، تێپەرینی زەمان وتەمەن بەشی گرینگ وسەرەکی ژیانی مرۆڤەکان لە جیهانی هەستی دا پێک دەهێنن ولە راستیدا دەتوانین بلێین کە ئەوەی لە دەورو بەری مرۆڤ ولە سروشت دا ڕوو دەدا

دووپات بونەوەی یەک لە دوای یەکە. بەو واتایە کە سروشت هەرگیز نامرێ، بەڵکوو دووپات بونەوەی وەرزەکانە لە ١٢ مانگی ساڵ دا و لە راستیدا ئەوە سروشت نیە کە ئاڵ وگۆری بەسەر دادێ، بەڵکوو ئەو مرۆڤە کە هەر رۆژ پەڕیک لە دەفتەری ژینی ڕەش دەبێتەوە وساتێک لە تەمەنی کەم دەبێتەوە وپلەیەک لە پیر بوون ومەرگ نزیک دەبێتەوە. ئەوەی راستی بێ لە گەڵ هەر مەرگێک لە دایک بوونێکی نوێ دەست پێ دەکا و لەگەڵ هەرنوێ بونەوەیەکیش مەرگێک لە دایک دەبێ. بەڵام جیاوازی نێوان مرۆڤ وسروشت لەوە دایە کە لە گەڵ ئەوەی ژیانی ئینسانەکانی کاتێکی دیاری کراوە وهەرکەس بە نۆرەی خۆی دەڕوا ودونیای ماددی بە جێ دەهێلی، بەڵام بە لە دایک بوونی ژیانێکی نوێ مەرگێکی تازە لە دایک دەبێ. بە لام سروشت وانیە، بەو واتایە کە سروشت تەنیا دووپات بونەوەی وەرزەکانە نەک پیربوون و مردنی بە یەکجاریان. یانی بەهار هەمیشە هەر وەک خۆی دێتەوە، سەوزو جوان و شۆخ و شەنگە و زستانیش بە بەفر و سەرما پێناسەی بۆ دەکرێ. بەڵام کاتێک ئینسانێک لە دایک دەبێ لە گەڵ ئینسانێکی دیکە لە بواری رەنگ و رووخسار جیاوازە وکاتێکیش کە مرد،ئەو مرۆڤەی کە لە دایک دەبێ وەکوو ئەو مرۆڤە مردووە ناچێ بە رەنگ ورووخسار. هەر چەند ئینسانەکان دەزانن کە ژیانی دونیەوی ژیانێکی کاتی یە وبۆ کەس تاکوو سەر نیە، بەڵام بەوحالەش لە کۆمەڵگە ئینسانیەکان دا مرۆڤەکان بە بەردەوامی لە حەولی ئەوە دان کە فێڵ لە یەکتر بکەن وکڵاو لە سەریەکتر بنێن ودرۆ لە گەڵ یەکتر بکەن.

بە دایم لە پشتە سەر قسە کردن وغەیبەتی ئەم و ئەو کردن، هەوڵ دان بۆ ئەوەی کەسانی "نەیار" لە مەیدان دەرکردن ویان ئەوەندەی بکرێ لاواز بکرێن. بوختان و سوکایەتی و تانەو تەشەر بەنیسبەت کەسانی ناخۆشەویست بۆتە شتێکی ئاسایی و جێگای یەکتر گرتنەوە ودڵ پیسی وحەسادەت وچاوپێی هەڵ نەهاتن بە پێشکەوتنی دەرو جیران وخزم ودۆست وبرادر بۆتەی ناسنامەی مرۆڤی سەرگۆی زەوی وئەوە تایبەت بە گەلێک وکۆمەڵگەیەکی دیاری کراو نیە ولە راستیدا لە هەرشوێنێکی ئەو کورە خاکیە دا کە مرۆڤی لێ دەژی، ئەو جۆرە کردەوە انە وئەو شێوازە بیرکردنەوانە هەیە وهیچ کەس ناتوانێ حاشا لەومەسەلەیە بکا. کۆمەڵگەکان بە پێی کولتور، رەنگ، زمان، ڕەگەز، ئاین، خاک ومێژوودابەش کراون وهەرکامەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسم کردن لە تەواوی کۆمەڵگە جۆراجۆرەکانی ئینسانیدا هەیە وبەشێکە لە ژیانی رۆژانەیان. کە باس لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان دەکەین خۆشمان لە نێوئەواندا دەبینینەوە و بەشێکی پێکهێنەری ئەو کۆمەڵگەیانەین. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە لە بواری سیاسی بە "جیهانی سێهەم" ناسراون داب و نەریتە سوننەتیەکان دەورو رۆلی زۆرسەرەکی دەگێرن و لە راستیدا هۆکارگەلێکی زۆرن کە پێشی پێش وەچوونی ئەم کۆمەڵگەیانەیان گرتوە. ئەگەر

روونتـر بلێم لـەو کۆمەڵگەیانـە دا سێ وشـە کـە زۆرجارکـەڵکی زۆر خراپیـان لـێ وەر دەگیـرێ وکـرداری زۆر دژە ئینسانیان لێ دەکەوێتە بوونەتە بەردی بناخەی ژیـانی ئینسـانەکان وهۆکـارێکن بـۆ رووخـان و دارمـانی کەسایەتی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیـە، جـا فـەرق نـاکـا چ پیـاو بـێ چ ژن. ئـەم سێ وشـەیە "عەیبـە، گونـاحـە، حەرامە" زۆر بونەتە هۆی خوڵقانی تراژیدیای زۆرگەورە لە ژیانی ئینسانەکاندا.

ئەوسێ وشەیە پڕلە کێشە وکێشە خوڵقێنی کۆمەڵگەی رۆژهەلاتین کە کوردیش لێێ بێ بـەری نیە وتەنانـەت پـڕ کارەسـاتترین و تراژیـدیترین ڕووداوەکانیـان لـێ دروسـت بـووە. ئـەو کارەسـات و ڕووداوانـە لـە نێـو چیرۆکـە فۆلکلۆریەکانی کوردیش دا ڕەنگی داوەتەوە کە چلۆن بە دەیان خۆشەویست و ئەویندار نەیانتوانیوە لە بـەر"عەیبـە، گونـاحە، حەرامە" تەنانەت دەستیان وەدەستی یەکتر بکەوێ. بە دەیان ئینسان لە سەر ئـەو سێ وشـەیە کـوژراون، حوکمی نارەوایان لە دژی دراوە وسزای زۆر توندیان دیوە. کچ بە دەسـتی بـاب وبـراو خـزم و کـەس و کـار کوژراوە، تاکوو بە قـەولی خۆیان "پەڵەی ڕەشی ناموسی" لە داوێنی خۆیـان بسـڕنەوە. کچیـان بـە زۆر بـە شوو داوە ونـەیان هێشتووە بە ئارەزووی خۆی مێرد بکا،ئەگەرکچەش دژایەتی کـردووە و ئامـادە نـەبووە ئـەو مەسلەتە ناموبارەکە کە باب وبراکانی لە جیاتی ئەو کردوویانە قەبوڵ بکا، بنەمالەکەی بۆ ئەوەی بە قـەولی خۆیـان تووشی "شـەرمەزاری وعەیبە" نەبن، قسەی خۆیان بردۆتە سەر. یانی ئەوان بەختەوەری کچەکەیان بـۆ گرینـگ نـەبووە وبیـرورا‌و هەست وئێحساسی ئەویان لە بەرچاو نەگرتوە، تەنیا مەبەستیان بە ئەنجام گەیاندنی بەلێنیەکەی خۆیان بووە کە بە بێ ئاگاداری کچەکە بە لایەنی بەرامبەریان داوە. کچی ڕەدوو کەوتویان سەر بڕیوە تـاکوو پـەڵەی " گونـاح و حـەرام، عەیبە" لە داوێنی تایفەیان بسڕنەوە.

هەرگیزلە هۆکاری ڕەدووکەوتنەکەیان نەپرسیوەتەوە، تەنیا ئاکامەکان بۆ وان گرینگ بووە ولە سەرئەو ئەساسـەش بڕیـاری کۆتایـان کـە زۆریـش نائینسـانی ونـارەوا بـووە داوە. زۆر داب ونـەریتی دیکـەش هـەن کـە لـە سـەرکۆمەڵگە بوونەتە ماڵ، بە بێ ئەوەی هۆکاری دروست بوونیان ومێژوویان بۆ کەس ڕوون بێ، کەس خۆی ماندوو ناکـا کـە لـە هۆکارە سەرەکیەکانی لە بواری زانستی بکۆلێتەوە. لە نێو کوردان دا لاق ڕاکێشان لە مەجلیس دا "عەیبـە". ئەگـەر کەسێک لاق ئێشەشی هە بێ لە بەر قسەی ئـەم وئـەو وتـانەوتەشـەری دەوروبـەر نـاوێرێ لـە نێومەجلیسێکدا لاقـی ڕاکێشێ ودەبێ تـاکوو دەڕوا لاقـەکانی لـە بـن خـۆی خڕکاتـەوە. ئـاخر بلـێ ئـەو لاقـە مانـدوو دەبـێ، دەتـەزێ، شل دەبێ، پێویستی بە حەسانەوە هەیـە ولـە هـەمووی گرینگتر پێویسـتە خـوێن لـە دەمارەکـانی دا بگـەڕێ. تەنانـەت

منداڵێش بۆی نیە لاقی درێژ بکا یان درێژ بێ، ئەو کارە بۆ باب ودایکی منداڵەی زۆر "عەیبە". لە مەجلیسدا ئەگەر پوتێک چڵمت لە کەپۆ دا بێ وەهەناسەت نەیەتە دەربۆت نیە لە بەر چاوی خەڵکەکە کەپۆت خاوێن کەیەوە، بۆ، چونکە "عەیبە". منداڵی قور بە سەرئەگەر زگی بتەقێ بۆی نیە لە مەجلیس دا بای لێ بێتەوە ودەبێ خۆی ڕابگرێ ویان بڕۆاتە دەرەوە. ئەگەر بای لێ بێتەوە، ئەوە "عەیبێکی" زۆر گەورەیە وئەو منداڵ "تاوانێکی" گەورەی کردووە. مێرمنداڵ بۆ نیە لە مەجلیسدا قسە لە قسەی پیاوان بکا ورێگای پێ نادەن بیروڕای خۆی دە ربڕێ، بۆ، چونکە "عەیبە". بۆت نیە باس لە ئاین و مەزهەب بکەی و پرسیار لە سەرچۆنیەتی دروست بوونی سروشت و گەردون دروست بکەی، بۆ، چونکە "گوناحە".

ئەو کارە دەست تێوەردان لە کاری خودایە وئینسان بۆی نیە قەرە لە قەرەی باسی وا بدا. کاتێک کەسی موسولمان لە ئاودەست خۆی دەشواتەوە دەبێ بە دەستی چەپ خۆی بشواتەوە، بە دەستی ڕاست "حەرام و گوناحە". ئەگەر بش پرسی بۆ، زۆری وڵامیان پێ نیە! لە مانگی ڕەمەزان دا دەبێ حەتمەن بە ڕۆژوو بێ، دەنا هەم "گوناحێکی کەبیرەیە وهەمیش "عەیبێکی" گەورە. بۆ ،چونکە لە سەر موسولمان فەرزە بە ڕۆژوو بێ! ڕۆژو گرتن بۆ چی باشە ولاینە باشەکانی چن ؟ ڕۆژوونەگرتن بۆ خراپە ولایەنە خراپەکانی چن ؟ زۆر جار وڵامێکی دروست و زانستیانەت دەست ناکەوێ! نوێژ کردن دەبێ بە زمانی عەرەبی بێ، باشە بۆ نابێ نوێژ وعیبادەت کردن بە زمانی کوردی بێ؟ ئایا بە زمانی کوردی خودا پەرەستی ناکرێ؟ یان دوعا ونوێژەکەمان قەبول نابێ ؟ لە وڵام دا تەنیا ئەوە دەبیسی کە قورعان بە عەرەبی بۆ پێغەمبەر هاتووە وبۆیە " گوناحە" عیبادەتەکە بە کوردی بکرێ. بە ڵام بە دڵنیایەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە نوێژ دەکەن لە بەر ئەوەی بێ سەواد یان کەم سەوادن لە مانای ئەو وشانە ناگەن کە بە عەرەبی دەیلێنەوە لە کاتی نوێژ ودوعا کردن وپارانەوە دا کە ڕوویان لە خالەقی زەوی وزەمانە. زۆربەی هەرە زۆریان تووتی ئاسا وشەکانیان لە بەر کردووە ودەیڵێنەوە، تەنانەت ئی وایان هەیە کە بە غەلەتیش وشەکان دەلێتەوە. دەکرێ بپرسین ئەی خودا پەرەستی، ئەگەر گێلانە ونەفامانە بکرێ " گوناح" نیە؟ ئەگەر لە وشەکانی کە تووتی وار دەیلێیینەوە تێ نەگەیەن "عەیب" نیە؟

٨ی جوونی ٢٠٠٨

# بە یادی ٥٩ خونچە بە ناحەق هەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان، مەهاباد

## لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەو کۆمەڵ کوژییە دا

لە نیوە شەو تێپەڕ بووە وخەو لە چاوانم زڕاوە. زۆر حەول دەدەم خەوم لێ بکەوێ، بە ڵام بێ سودە. لە سەر تەختە خەوەکەم دێمە خوار ودەچم برێک ئاو دەخۆمەوە و سەرێک بە ژووری کچەکانم کانیاو وکازیوە کە وێنەی دوو پەپولە لە باوەشی خەودان دا دەکەم تاکوو بزانم مەلافەکەیان لە خۆیان نەکردۆتەوە. دیوەکەیان زۆر فێنکە وبۆ ئەوەی بەری بەیانی سەرمایان نەبێ پەنجەرەی ژوورەکەیان دادەخەمەوە وبە بێدەنگی دەرکەی دیوەکەیان پێوە دەدەمەوە. دەرکەی بالکۆنەکە دەکەمەوە ودەچمە سەر باڵکۆنەکە وپڕ بە سییەکانم هەوای ساف وبێ گەرد هەڵدەمژم. لە راستیدا رووناکی هەوای دەرەوە هیندەی دیکە خەوم لە چاوان دەتارێنێ.

پاش ماوەیەک ڕامان لە سەر شەقام دەگەرێمەوە بۆ ژووری دانیشتن ویەکسەر دەچم بۆ ئاشپەخانە وهەوڵ دەدەم قاوەیەک ساز بکەم. لە پەنجەرە را چاوێکی دیکە لە دەرەوە دەکەم و ورەی ماتۆرێک بێ دەنگی شەو دەشکێنێ. دەچم بۆ ژوورەکەی دیکە ولە پشت کامپیتێرەکەم دادەنیشم وبۆ بەرچاو روونی چرایەکی نە زۆر رووناک هەڵدەکەم. لە وەتی لە تاراوگە دەژیم وهەموو سالێک لە گەڵ هاتنی مانگی جۆزەردان ونزیک بونەوە لە ساڵرۆژی شەهید کرانی ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی مەهاباد، غەم وماتەم جەستە وروحم دا دەگرێ. نەک لە بەر ئەوەی کە ئەوانە هاوشاری خۆم بوون، بەڵکوو لە بەرئەوەی کە ژمارەیەک لە وئازیزە لە دەست چوانە هاوڕێ ورەفیقی دەورانی منداڵی گەرەک ومەدرەسە م بوون. بە دەیان بیرەوەری خۆشم لە گەڵیان هەبووە وبە دەیان جارشەڕە شەقمان کردووە.

لە بیرم هیندێک جاربۆ شەڕە گەرەک ڕوومان لە مەجبورئاوا دەکرد وجارێکیان سەری یەکیان شکا وبە سەری خوێناوییە بردمانەوە ماڵی وبۆ ئەوە مەسەلەکەمان ئاشکرا نەبێ بە درۆکوتمان بەربۆتەوە. ئێستێ کە خەریکی نووسینی ئەو چەند دێرەم بۆ یاد کردنەوەی ئەوخونچە پەڕ پەڕ بووانە، بیرەوەرەیەکانی دەورانی منداڵیم وەکوو فیلمی سینەما بە بەرچاو دا تێپەڕ دەبن.

زۆرباش لە بیرمە کاتێک هەواڵی دڵ تەزێن وسامناکی شەهید کرانی ئەو ئازیزە لە دەست چوانم لە رادیودەنگی کوردستانی ئێران بیست، لە فێرگەی سیاسی . نیزامی حیزب لە بناری کێوی تالش لە نزیک گوندی مەزناوێی ئالانی سەردەشت بووم. لە هاوڕێیانم دوور کەوتمەوە دوورلە چاوی ئەوان فرمێسکی غەم وپەژارەم ڕشت وبە دڵ بۆیان گریام.

ئەو شەهیدە بێ گۆرانە هەرگیز دوای شەهید کرانیان تەرمەکانیان ڕادەستی ئازیزانیان نەکرایەوە، تاکوو لانیکەم سوکنایەک بێ بۆ دلێ دایکی جەرگ سوتاویان وبۆ باوکی پشت چەماویان. بەداخەوە ئاخوند "خالخالی" جەلادی گۆربە گۆر بە بێ ئەوەی تاوانی ئەو هەموو جەنایەتانەی کە دەرحەق بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی کردی نەماوە تاکوو رۆژی خۆی لە دادگایەکی گەلی دا ولە شاری ٥٩ شەهیدەکە دادگایی بکرێ وبە سزای تاوانە چەپەلەکانی خۆی بگا. بەڵام پاسدار "حمید رضا جلایی پور" وهەمووئەو جەنایتکارانەی کە دەستیان لەو کۆمەڵ کوژیە داهەبووە وئێستا زیندوون دەبێ رۆژێک بە تاوانی ئەو کردەوە چەپەڵ ودژی ئینسانیانەنیان مەحکەمە بکرێن وتۆلەی خوێنی ئەو شەهیدانەیان لێ بکرێتەوە.

ئێستاش بزە شیرنەکەی لاوی باڵا بەرز، جوانە مەرگ خدررەنگینم لە بەرچاوانە کە چەندە شیرین بوو. ئەوعاشقی ژیلا بوو،کچە کوردێکی مەهابادی کە ماڵەکەیان لە گەڕەکی هەرمەنیان بوو. یادی عەلی غەوارە دەکەم کە وێرای کەمال چاوشینی، فەریدون شەنگە، مەسعود شێخ مەحەمەدی کە ئەویش دواتر ئێعدام کرا، وێرای چەند هاورێ دیکە لە چایخانەی کانیاولە چواررای ئازادی لە دەوری یەکترکۆ دەبوینەوە وتەختەمان دەکرد وقسەی خۆشمان بۆ یەکتر دەگێرایەوە. یادی ئەو کاتانە بە خێرکە لە گەرەکی خرێ چاوم بە مەحەممەدی عەلیالی وشینەی بازیاردەکەوت. هیوای ئەو کاتانە دەخوازم کە دەچومە دوکانی دڵ و جگەر فرۆشیەکەی کاک مەحەممەد سەقزی لە نزیک مەیدانی ئاردی وسیامەکی شەهیدم دەدیت.

دونیایەک بیرەوەری خۆشم لەو ئازیزانەی کە ناوم بردن لە دەفتەری بیرەوەریەکانی سینگ و مێشکم دا تۆمار کردووە وهیوام وایە رۆژێک بتوانم بۆ جارێکیش کە بووە چاوم بە دایک وبابی ئەوئازیزیان بکەوێتەوە، ئەگەرمابەن یان بمێنن. لە یادی ٢٥ ساڵەی شەهید کرانی ئەو رۆلە بە ئەمەگانەی گەلی کورد دا سەری رێزوئەمەگناسی لە حاست ئەو ئازیزە بێ گۆروبێ نیشانانە دادەنوێنم وهاوخەمی وهاودەردی خۆم لە گەڵ بنەماڵەی هەر ٥٩ شەهیدەکە

دەردەبرم.

بای ئەجەل هاتوو لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم

تاکوودوێنی خونچە بووم ئەمڕۆبە ناحەق هەڵوەریم

٣١ی مای ٢٠٠٨

---

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێناسەی خاکەکەی

شەوی ١٩ی مەی ٢٠٠٨ لە کورد کاناڵ، دیمانەیەک لە گەڵ کارناسی جوغرافیا ڕێزدار ئیبراهیم چوکەلی لە مەڕ نەخشەی جوغرافیایی بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لایەن دانەری نەخشەکە بە "موکریانی کوردستان" ناودێرکراوە بڵاو کرایەوە. من دەست خۆشی لە بەرێز کاک ئیبراهیم چوکەلی دەکەم بۆ ئەو کارە بە نرخ وگەورەیە کە کردویەتی وهیوام وایە نمونەی ئەو ڕۆلە نیشتمان پەروەرە زۆر بن.

بە سرنج دان بە هەڵکەوتی جوغرافی ناوچە وئەو سیاسەت وپیلانانەی کە داگیرکەرە ڕەنگاوڕەنگەکانی خاکی کوردان بۆ گۆرینی شێوازی دێموگرافی ئەو ناوچە گرینگ و ستراتیژیە بەرێوەی دەبن و هەوڵ دانی بێ وچانیان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی ئەو ناوچانە کە سەدان ساڵە نیشتمانی کوردانن، قولایی ئەو ستراتیژیە پڕ لە تاوانە مان بۆ دەردەکەوێ و دەبێ وەکوو زەنگێکیی خەتەرومەترسیدارلە سەر زێد و نیشتمانمان سەیری بکەین و لەو خەوە قوولە کە ساڵانێکی زۆرە لە باوەشی گرتوین وەخەبەر بێن وبە چاوێکی کراوەوە ڕووبەرووی سیاسەتەکانی داگیرکەران ببینەوە. ئەگەربێتو گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە داگیرکاریە داهەڵوێستیکی نەتەوەیی لە خۆی نەنوێنی وبە ڕاشکاوانە وبە شێوەیەکی شەفاف داکۆکی لە زێد ونیشتمان خۆی ولە ناسنامەی کوردی ئەو ناوچانە نەکا ،ڕەنگ بێ تاکوو ٥٠ ساڵی دیکە ئاسەوارێکی ئەوتۆ لە ناسنامەی کوردی موکریانی کوردستان نەمێنێ وکورد لە سەر خاکی خۆی بێتە میوان وبێگانە. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەو

سیاسەتە داگیرکاریە کە چەندین سەدەیە دەستیان پێ کردووە، هەوڵیان داوە کورد وتورک لە بەرامبەر یەکتر دا ڕابگرن وبە بەخشینی زێدونیشتمانی کوردان بە تورکەکان شەڕی نەتەوەیی لە نێوان ئەو دوو گەلە دا دروست بکەن. بە داخەوە ئەوەی تاکوو ئێستا لەو سیاسەتە بێ شەرمانەیە زەرەمەند بووە هەر کورد ە وبەس. بە پێی پیلان وبەرنامەی دارێژراوهەر دێوو خاکی کوردان زۆرتر تورکیزە دەکرێ. بەو مانایە کە تورکەکان هەروا دێن بەرەوقولایی خاکی کوردان دەخزێن وبە بوونی ئیمکاناتی ئابوری ودەسەلاتی ئیداری کە ناسیۆنالیزمی فارس بۆیانی ڕەخساندووە کوردەکان زۆرتر خراونەتە ژێر زەخت و پەراوێزەوە ولە ڕاستیدا لەو بەشە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دوو دەسەلات بە سەر کوردان دا حاکمیەت دەکا. دەسەلاتێک کە پێناسەی سیاسی دەولەتی داگیرکەر دەکا ولە ناسیۆنالیزمی فارس دا ڕەنگ دەداتەوە وئەوەی تریان دەسەلاتێکی ئابوری و ئیداریە کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی تورک دەکا وهاوڕا لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی بە پێێ پلان وبەرنامەی دارێژراو هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش. دەتوانین بلێین کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە گشتی وئەوبەشە لەو حیزبە سیاسیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێناسەی نەتەوەیی بۆ خۆیان دەکەن بە تایبەتی، سیاسەتێکی ڕوون وشەفافیان لە مەڕئەو کێشە گرینگە کە کێشەی سەرەکیمانە وپەیوەستە بە خاک وناسنامە ی نەتەوەیمانەوە نیە و تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ زۆر بە سادەیی سەیری ئەو مەسەلە گرینگ و حەیاتیە دەکەن و چارەسەری ئەو قەزیە حەوالەی دوا رۆژ دەکەن وبە قەولی خۆیان دەیخەنە دەنگدانەوە.

پرسیارێکی گرینگ کە دەکرێ لە و هێزانە بکرێ ئەوەیەکە کە لە سەر ئەساسی کام بەڵگە ونەخشە و دۆکومێنتی نوسراوە وکۆکراوەی مێژووی، سیاسی، کولتوری وئیتنیکی وزانستیەوە لە لایەن ئەوهێزانەوە دەتوانین دڵنیا بین کە لە داهاتوو دا ئەوان دەتوانن دەست نیشانی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی وسنورەکانی موکریانی کوردستانە بە تایبەتی بکەن؟

کام پرۆژەی و بەرنامەی دارێژراویان هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لەو سیاسەتە داگیرکاریە بکەن و سرنجی دونیای دەرەوە بە تایبەتی زل هێزەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان وسازمانە کانی داکۆکی کەرلە مافی مرۆڤ بۆ لای ئەو مەسەلە ئالۆزە ڕاکێشن و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاو بدەن و کام ڕێگا چارەی گونجاو و ئاشتی خوازانە بۆ ئەو مەسەلە پێشنیار دەکەن؟

ئایا ئێمە هەروا دەبێ چاوەڕوانی قەزا وقەدەر بین تاکوو کۆماری ئیسلامی تووشی بەڵایەک دەکا و لە کۆڵمان دەبێتەوە وئایا بە دوعا وپارانەوە وئینشائڵلا وماشائڵلا دەتوانین پێشی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی فارس وتورک بگرین؟ براستی تاکەی هێزە سیاسیەکانی میللی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا بە خەمساردی وبە ترس ودڵە ڕاوکەوە لە سەرئەو سیاسە تە داگیرکارانەیە بێ هەڵویست دەبن وکەی تەکانێک لە خۆیان دەدەن وخۆیان دەکەن بە خاوەنی ئەو قەزیە گرینگە؟

لەکۆتایی دا، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی رێزدار ئیبراهیم چوکەڵی وڕام وایە کە ئەمرۆ دەبێ ئەو مەسەلە بە شەفافیتەوە بە بێ پێچ وپەنا بخەینە بەر باس وگەلەکەمان لە مەترسی ئەو سیاسەتە داگیرکارانەیە کە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی کورد و نیشتمانەکەیەتی وریا بکەینەوە وڕێگای بەربەرەکانی وبەربەست کردنی ئەو سیاسەتە بە ڕۆلەکانی گەلەکەمان نیشان بدرێ.

٢٠ی مای ٢٠٠٨

---

## تێڕوانینیک لە سەر وتوێژی کاک عبداللە مهتدی لە گەڵ " تلاش آنلاین"

لە ڕێکەوتی ٢ی مەی ٢٠٠٨ لە ماڵپەری "رینسانس" دا وتوێژێکی کاک عەبدوڵا موهتەدی کە بە فارسی کراوە بڵاو بۆتەوە ولە راستیدا دووپرسیاری کابرا شوێنیستی فارس کە چەند جار دووپاتی دەکاتەوە وبە سووکایەتی وتەحقیرەوە لە کێشەی سیاسی کورد دەڕوانێ وولامەکانی کاک عەبدوڵا جێگای سرنجن. کابرای فارس دەیهەوەێ بۆی روون بێتەوە کە بۆ چی کۆمەلە خۆی وەکوو "سازمان آزادیبخش" پێناسە دەکات لە کاتێدا بە قەولی وان ئەو "تێرمە سیاسیە ئیتر باوی نەماوە وزۆرتر ئەو سازمان وحیزبە سیاسیانەی کە لە دژی داگیرکەرو وئیستعمارگەران لە سەدەی بیستەم دا وبە تایبەت پاش شەڕی دووهەم جیهانی خەبەتیان کردووە بە کاریان هێناوە وبۆیە بە ئیسرارەوە دووپاتی دەکاتەوە ودەپرسێ کە "جنبش آزادیبخش در کردستان ایران چیست؟ آیا با آنچه کە از مبارزات آزادیبخش ضد نیروهای اشغالگربیگانه و استعمارگرمی شناسیم، همانندی دارد یا خێر؟". کاک عەبدوڵا لە وڵامی

کابرای شونیشت دا دەڵێ " همان طورکه حدس میزدم ما در جائی از کومەلە بە عنوان "سازمان آزادیبخش" اسم نبردەایم. آنچه ما گاه بە کار بردە ومیبریم جنبش آزادیبخش خلق کرد یا مردم کردستان است. اما در مورد اینکە چرا جنبش کردستان را یک جنبش آزادیبخش مینامند، چون این اصطلاح ساختە وپرداختە ما نیست، بلکە اصطلاحی جا افتادە در ادبیات سیاسی کردستان در طول دهەهای گذشتە میباشد. فکر میکنم بە چند دلیل بە کار بردن این ترم نامناسب ونابجا نیست".

ئەوەی بۆ من جێگای پرسیارە ولە کاک عەبدوڵای دەپرسم ئەوەیە کە ئەی کۆمەلە لە پێناو چیدا بە قەولی خۆی سی ساڵە خەبات دەکا ئەگەر خۆی بە ڕێکخراوێکی ئازادی خواز نازانێ؟ ئەگەر کۆمەڵە بڕوای بە خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نیە وبە ناچار "ئەو تێرمە" بە کار دەبا، ئەی بۆ چی لە رادیو ورۆژهەلات تیفی ونوسراوەکانی دا خۆی " وەکوو ڕێبەری جولانەوەی نەتەوایەتی وچینایەتی لە کوردستان دا دەناسێنێ؟

ئەی بە کوشت دانی دەیان ڕۆلەی ئەو خەڵکە زەحمەتکێش وهەژارە کە کۆمەلە بە قەولی خۆی "ڕێبەرایەتیان دەکا" لە پێناو چیدا بووە؟ با کاک عەبدوڵا مۆهتەدی بۆمان ڕوون کاتەوە ئەی ئەو خوێن ڕشتنە وشەڕی نیو خۆ دروست کردنە لە پێناو چیدا بووە؟ کاک عەبدوڵا بۆ ئەوەی کابرای شوینیشت خۆی وکۆمەلە نەکا خودای نەخواستە بە "تجزیە طلب" تاوانباربکا ولامی کابرای شونیستی بۆ نادرێتەوە وناتوانێ پێناسەی حیزبەکەی خۆی بە روونی بکا. لە بابەت پرسیاری دووهەم کە چەندین جار کابرای شونیست دەیکا وپەیوەندی بە ستەمی نەتەوەییەوە هەیە ولامی کاک عەبدوڵا جێگای سرنجی پترە. پرسیارەکە بەم شێوەیە کە " ستم ملی یعنی چە ومنظورتان از ملت ستمگر کیست، طرف ستمگری آن کیست، دولتش کیست وتوسط کدام نمایندە ونظامی این ستم را روا می دارد؟
ملتهای تحت ستم چە کسانی هستند یا جغرافیای سیاسی ودولتهای بە رسمیت شناختە شدە؟ ". کاک عەبدوڵا لە ولامی ئەو پرسیارە دا ڕستەیەکی سەیری کوتوە کە پێم وایە نەک هەر دروست نیە بەڵکوو زۆریش کورد زەرەری لێ دیوە. کاک عەبدوڵا دەڵێ " ستم ملی یعنی ستمی کە بر یک ملت وارد میشود نە ستمی کە از طرف یک ملت وارد میشود". من لە گەڵ ئەو ولامەی کاک عەبدوڵا نیم وپێم وایە کاتێک باس لە ستەمی نەتەوایەتی لە ولاتێکدا دەکرێ ستمی نەتەوەی باڵا دەستە لە دژی نەتەوەی ژێر دەست. بە داخەوە ناسیۆنالیزمی کوردی لە حاست ناسیۆنالیزمی فارس کە داگیرکەرە زۆرترسەنۆک وشەرمنە وتوانای خۆ پێناسە کردنی نیە وئەوە لە ئەدەبیات

وسیاسەتی نەک هەر کۆمەلە بەڵکوو هەموو حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دادەبینین کە پێناسەیەکیان بۆ ئەو دوژمنەی لە گەلی لە شەڕ دان وبۆ چوارچێوەی خاکەکەی خۆشیان نیە. جێگای داخە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرە چاردەی خۆیدا هەمان هەڵەی دووپات کردۆتەوە ونەیوێراوە دەست نیشانی سنوری جوغرافی لانیکەم ئەو چوارپارێزگایە بکا کە بە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێناسە دەکرێن وبە شێوەیەکی زۆر ناروون وموحافیزەکارانە بە وشێوە باسی چوارچێوەی جوغرافی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا."

ماددەی سێیەم: چوارچێوەی جوغرافیایی"

"چوارچێوەی جوغرافیایی کۆماری کوردستان بە لە بەر چاوگرتنی هۆیەکانی جوغرافیایی و ویستی زۆرینەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک دیاری دەکرێ".

لە راستیدا ئەگەر باوڕمان بە بە هێز کردنی هەستی نەتەوەیی وبردنە سەری هۆشیاری نەتەوەیی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا هەیە دەبێ مەسەلەی خاک کە مەسەلەی سەرەکیمانە وشەڕەکە لە سەر ئەوە وەپشت گوی نەخین وبە ڕاشکاوانە وبە بێ ترس باس لە وخاکە وسنورەکەی بکەین کە بە کوردستان پێناسەی دەکەین ودە بێ هەموو ئەو ناو وتێرمانەی کە داگیرکەرلە سەر شاروگوندوناوچەکانی کوردستان ویەک لەوان ڕۆژهەلاتی کوردستان دا دیناوە بۆ یەکجاری لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆمان فرێی بدەین وناوە کوردیەکان بە کار بێنن وخەڵکەکەشمان بە رووحێکی کوردانە پەروەردە بکەین ولە جیاتی بیری ئێرانیێچێتی، تورکچێتی وعەرەبچێتی وشەی کوردستان وکورد بەکاربەرین وبۆ دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەیمان خەبات بکەین نەک بۆ بە هێزکردنی هەستی ئێرانی، عیراقی، تورکی یان سوری بوون.

٣ی مای ٢٠٠٨

# کڕنۆش بۆ چوارچرا

شار لە دڵە ڕاوکە دا دەژیا،گەورە وبچوک غەمبار بوون، ژنان ڕەشیان پۆشیبوو وپیاوان دەستە وەستان دۆش داما بوون.

کەس مەیلی بۆ هیچ نەدەچوو وتۆزێکی غەماوی ئاسمانی شاری داگرتبوو. لە هەر کوچە و شەقامێک ولە نێو هەرماڵێک تازیە بەردەوام بوو. تازیە بۆ مەرگی کۆمارە جوانەمەرگە کەیان، بۆ کوژانەوەی چرای رووناکی ماڵەکانیان، بۆ ئاوا بوونی ئەستێرەی بەختیان. تازەیە داربوون بۆلە دەست دانی ئازادیان، بۆ گۆڕ کرانی هیواکانیان وبۆ سوتاندنی خەرمانی بەرهەم هاتویان.

دڵەکان زام داربوون وئەسرین لە چاوەکاندا قەتیسما بوو ونەورۆز بۆ هەمووان ببوو خەزان.

کەس هەستی بە خۆشی نەدەکرد وتەنانەت منداڵەکانیش لە یاری کردن وەستاوبوون وکۆلانەکان وەخۆیان نەدەگرتن.

شاربە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە وبە قامەتێکی چەماوە وە چاوەڕوانی روودانی کارەساتێکی دیکەی دەکرد وماتەمێکی قووڵ باڵی بە سەردا کێشابوو وشەوە زەنگێکی تاریک بەری رۆژی گرتبوو.

ژنان دەستەکانیان بەرەوئاسمان بلیند دەکردەوە و داوای رەحم وکەرەمی یەزدانیان دەکرد وپیاوان دەستە دەستە خۆیان لە مزگەوتەکان داویشت و قورعانیان هەڵدێنا ودوعایان دەکرد وتەڵەبی یارمەتی لە خالەقی زەوی وزەمانیان دەکرد.

پرسیارێک مێشکی گەورەوبچوکی بە خۆیەوە ئالۆز کرد بوو، بڵێی ئەو جارە چ کارەساتێک چاوەڕوانی شارەکەیان بکا؟

هەواڵی جوراوجور بڵاو دەبونەوە، بە لام هیچیان پەیامی خۆشیان پێ نە بوو.
هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. ئاخر خودایە، ئەو خەونە خۆشە بۆ وا زوو تەواو بوو، بۆ تەنیا یازدە مانگی خایاند ،نەدەکرا چەند ساڵێکی دیکەش درێژەی کێشابا؟

ئاخ، ئاخ وهەزار جار ئاخ، ئەو یازدە مانگە هە رگیز لە یادان ناچێ وکوردان لەو ماوە کورتە دا تامی راستەقینەی ئازادی وسەربەخۆییان چێشت و لە دونیای ڕووندا بەهەشتیان بە چاوی خۆیان دی.

ئەهریمەنە شەو پەرەستەکان کە بە دیتنی هەتاو کوێر بوون وچاویان بە هەڵاتنی ئەستێرەی بەختی کوردان لە ئاسما نی کوردستانی بە زۆر داگیرکراودا هەڵنەدەهات، بە باڵە قەلە ڕەشە ئاساییەکانیان بەری ڕووناکی چرای ماڵەکانیان گرت وبە تیغی ڕەش وخوێناوی زۆرداریان سەری کۆتری ئازادیان گۆشاوگۆش بڕی وکۆرپەی ساوای سەربەستیان لە لانکە خنکاند و پۆستاڵی ڕەش و گلاویان خاکی کوردستانی نەجس کردەوە.

شەو پەرەستان شادیان کرد بۆ مەرگی ڕووناکی، بۆلە گۆڕنانی ئاواتی میلیۆنان مرۆڤی بێ بەش لە مافەکانیان. ئەوان خوێنی مرۆڤە بێ تاوانەکانیان ڕەشت تاکوو هەستی دڕندانەیان بۆ چەند ساتێک دامرکێنەوە. زگیان دڕی تاکوو گورگ ئاسا برسێتیان لە گۆشت وخوێنی ئینسانە پاک وبێ گوناهەکان تێربکەن.

ئەوان کاوڵیان کرد وسوتاندیان تاکوو ڕێگای باپیرە موغۆڵەکانیان کوێر نەکەنەوە وبیرەوەریەکانیان لە یادان نەسڕنەوە وهەر دەم بە پیرۆزی بیانپارێزن.

ئاخر زوحاکە مار لە شانەکان بۆ تێر کردنی مارەکانی سەر شانیان پێویستیان بە مێشکی لاوان وگۆشتی تازەی دەم ساتوری ژنان وپیاوانی کورد هەبوو ولە قەسابخانەی ولاتی داگیرکراوی کورداندا ئەو گۆشتە جوان وتازەیە یان بە خۆرایی دەست دەکەوت.
ئەوان ترسیان لێ نیشتبوو کە نەکا کاوەی پەیام هێنەری ئاشتی وئازادی تەخت وبەختی زۆرداریان لێ برووخێنێ وئالای ڕزگاری چەوساوەکان لە سەرقەڵای بە کەڵە دروست کراوی هەژارانی کوردستان هەڵبکا وتەپڵی سەرکەوتن بە گویان دا بچرپێنێ.

هەر بۆیە كاوەی فرشتەی ئازادیان لە نێو دیوارە بەردینەكان ولە پشت میلە ئاسنەكاندا بەند كردبوو وبە دەیان ئینسان كوژیان لە دەوروبەری دانابوو.

شار چاوەروان بوو، خەو لە چاوان زڕا بوو وخواردن لە لێوان حەرام ببوو. دڵەكان خورپە یان دەكرد وگوێیەكان قوت بوون بۆ بیستنی رووداوێكی تازە. هەواڵی جۆراوجۆر بڵاو دەبوونەوە، بە لام هیچیان خەبەری خۆش نەبوون.

رۆژی ١٠ی خاكەلێوەی ١٣٢٦ بوو، خۆر وردە وردە لە كەڵ هاتە دەر وتیشكی جوانی شاری لە ئامێز گرت.
پیاوان بە بێ مەیلی وبە جەستەیەكی شەكەتەوە لە مالەكانیان هاتنە دەرتاكوو بڕۆنە بۆ كاروكاسبی.

لە چوارچرا، لە گانگای بیری ئازاد، لە چاوگەی ئەوین وخۆشەویستی، لە سوێنگەی ئازادی وسەربەخۆیی ،لە قیبلەگای میلیۆنان كوردی چارەڕەش وچەوساوە،لەوشوێنەی كە پێشەوای مەزن مزگێنی دامەزرانی دەوڵەتی كوردی بە هەمووان دابوو، لەوشوێنەی كە بە هەزاران كوردی بێ بەش بە بیستنی هەواڵی دامەزرانی دەوڵەتی كوردی زەماوەندی سەركەوتنیان گێرابوو، لەو شوێنەی كە پێشەوای ئازا ودلێریان، كاوەی زوحاك كوژیان هیوا وئەوینی ژینێكی نوێ بۆ بە دیاری هێنابوون، تەرمی سێ فرشتە، سێ مێرخاس، سێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی بە تەم داگیراوی كوردستان بە پەتی سێدارەی ئەهریمەن خنكێنرابوون.

بیستنی هەوالێ شەهید كرانی پێشەوا وهاورێیانی وەكوو بۆمب دەنگی دایەوە ولە هەر ماڵ وكوچەوشەقامێك ببووبە گریان وقوڕ پێوان. شار بە كوڵ بۆ شەهیدان گریا وتف ولەعنەتی لە كورد كوژان كرد.
لە گەڵ بڵاو بونەوە ئەو هەوالە جەرگ بڕە لە هەموو شارو گوندی كوردستان خەلک تازیە یان گێراو ئاڵای ڕەشیان هەڵكرد.

كورد كوژان پێیان وابووبە شەهید كردنی فریشتەكانی ئازادی، چرای رووناكی مالی كوردان بۆ یەكجاری دەكوژێنەوە.
بە لام ئەی پێشەوا ئازا و مێرخاسەكەی كوردوكوردستان، تۆ بە مەرگی خۆت بۆ جارێكی دیكە لە دایك بوویەوە.
ئەووەتا لە دوای ٦٢ ساڵ بە سەرشەهید كرانت دا، هەموو ساڵێ لە رۆژی ٢ی رێبەندان، لە بیرەوەری كۆمارە جوانە

مەرگەکەماندا وله رۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە بیرەوەری شەهید کرانت دا بە میلیۆنان کورد بەرەو چوارچرا کڕنۆش دەبەن وسەری رێزوئەمەگ ناسی و وەفاداری لە ئاست گیانی پاکی تۆ وهەموو شەهیدانی کۆماری کوردستان دادەنوێنن.

ئەی پێشەوا وەفادارەکەی خاک ونیشتمانی داگیر کراوی کوردان سەرهەڵبڕوچاو لێبکە کە چۆن بە هەزاران رۆلەی رێگا پیرۆزەکەت بە دانی دروشمی بمرێ داگیرکەر وبە شەکاندنەوەی ئاڵای کوردستان کە بە دەستی تۆی بە رێزی رێبەر لە چوارچرا لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان هەڵکرا دڵی کورد کوژان دەلەرزێنن ومژدەی هاتنەوەی کاوەی پەیامبەری ئاشتی وئازادی دەدەن بە گشت لایەک.

٢٨ی مارچی ٢٠٠٨

---

## ئایا سەربەخۆیی تاوانە؟

لە ماڵپەری بۆ رۆژهەلات دا لە رێکەوتی ٢٢ی مارسی ٢٠٠٨ بابەتێکی کاک عیرفان قانعی فرد.م کە بە فارسی نوسراوە وگویا رووی لە سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران مەحمودی ئەحمەدی نژادە خوێندەوە. ئەحمەدی نژاد لە کۆبونەوەی "سازمان کونفرانس اسلامی" لە داکا شەکری شکاندووە وهێرشی کردۆتە سەر گەلی کورد و"داوای لە تورکیە وسوریە کردووە کە بۆ لەناو بردنی خەباتی کوردە سەرهەڵداوەکان  هاوکاری یەکتر بکەن و بۆ تێک شکانی جیاوازی خوازەکان یارمەتی یەکتر بدەن و ئەو وڵاتانەش دەبێ رێز لە سەروەری خاکی یەکتر بگرن وپێێ لە سەر ئەوەش دادەگرێ کە خەڵکی سیڤیل زەرەریان پێ ناگا. لە راستیدا قسەکانی کۆنە پاسدار ئەحمەدی نژاد شتێکی نوێ نین وئەو سێ دەولەتە زۆر لە مێژە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە کوردستان بەرێوە دەبەن وسەرەرای ئەوەی کە داگیرکەری خاک ونیشتمانی کوردان وسەرووەت وسامانی گەلی کورد بە تاڵان دەبەن. ئەو سێ دەوڵەتە لە گەڵ دەوڵەتی سەددامی گۆڕ بە گۆڕ هەردەم بۆ داسەپاندنی سیاسەتە چەپەلەکانیان سیاسەتی خاکی سووتاویان بەرێوە بردووە ولە هیچ جەنایەت و وەحشی گەرێک کە هەر تایبەت بە خۆیانە ولە باپیرە موغول وتاتارەکانیان بۆیان

بە میرات ماوە دریغیان نەکردووە ولە داگیرکەر لەوەش زیاتر چاوەڕوان ناکرێ. ئەوەی جێگای تێڕامانە ولامی کاک عیرفان قانعی فەرد.ە کە وەکوو مێژوو نووس وروونـاکبیری کورد هەڵوێستی گرتووە وبە قەولی خۆی وڵامی قسەکانی سەرۆک کۆماری ئێرانی داوەتەوە. ئەویش چ ولامێک؟!

بە هێرش کردنە سەر خەباتی ڕزگاری خوازانەی هەموو بەشەکانی کوردستان ولێدانی تۆهمەتی نارەوا لێ یان و ناساندنی هەموویان بە نۆکەر وسیخوری بێگانە، بە قەولی خۆی هەوڵی داوە تاوانی "جیاوازی خوازی" کە دراوەتە پاڵ گەلەکەی بە بەڵگە وسەنەدی مێژوویی ڕەد بکاتەوە. ئەو کاکی بە ناو مێژوو نوس ولێکۆلەرە کە خۆبە زل زانی وفروفیشاڵ لە وتەکانی دەبارێ ،بۆتە دمڕاستی گەلی کوردو خۆی کردووە بە نوێنەری چل میلیۆن کورد کە بەڵی، گەلی کورد سەربەخۆیی ناوێ ودەخوازی لە ژێر سێبەری داگیرکەرانی خاک ونیشتمانەکەی خێرێکی پێ بکەن وبەڵکەم کچە مافێکی فەرهەنگی وئیداری پێ بدەن. من وەکوو کوردێک مافی بێ ئەم لاوئەو لای گەلی کورد دەزانم کە داوای سەربەخۆیی وناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکاو وڵاتی سەربەخۆی خۆی هەبێ. بۆ چی بۆ گەلانی دیکەی سەرگۆی زەوی سەربەخۆ بوون تاوان نیە، تەنیا بۆ کورد تاوانە ؟ بۆ عەرەب زیاتر لە ٢٠ دەولەتی هەیە و وا فەلەستینیەکانیش داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن، بۆ کورد مافی نیە ئەو داوا ڕەوایە بکا؟ بۆ چی "تەیموری ڕۆژهەلات و کۆسۆڤۆ" هەر یەکەی بە چەند سەد هەزار کەسەوە مافیان هەیە دەولەتی سەربەخۆیان هەبێ وخۆیان لە ژێر ستەمی داگیرکارانەی "ئەندۆنزی و سربستان" ڕزگار بکەن بە لام گەلی کورد ئەو مافەی نیە خۆ لە ژێر ستەمی فارس و تورک و عەرەبی داگیرکەر ڕزگار بکا؟ کێن ئەوانەی ئەو مافە بۆ گەلانی دیکە بە حەلال دەزانن بە لام بۆ کورد بە حەرام؟ بۆچی ئێمە ی کورد لە وشەی سەربەخۆیی دەترسین وبە ترس ولەرزەوە وبە ئەسپایی وبۆ ئەوەی داگیرکەری زێدونیشتمانمان گوێان لێ نەبێ باسی لێ دەکەین؟

ئاخر تاکەی ئەو وەزعە دەبێ بەردەوام بێ وتاکەی چارەنووسی خۆمان بدەینە دەستی داگیرکەران وئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان هەڵس وکەوتمان لە گەڵ بکەن؟ پێم خۆشە بە کاک عیرفان قانعی فرد بلێم کە هێرش کردنە سەر خەباتی خوێناوی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان وبە دەسکردی بێگانە ناساندنی هیچ خێرێک بە خۆی ناگەینێ وتەنیا خزمەت بە داگیرکەر نەبێ. دەبێ ئیدی ئەمڕۆ هەرتاکێکی کورد هەوڵ بدا بۆ ئەوەی سیاسەتی نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان دا بە هێز بکاو کورد خۆی وەکوو نەتەوەیەکی جیاوازبە دونیا بناسێنێ وئەو مافە سروشتی ورەوایە لە خۆی نەستێنی بۆ ئەوەی دڵی داگیرکەری خاک و نیشتمانەکەی لە خۆی

نەڕەنجێنی. ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئێمەی کورد لە فارس و تورک و عەرەب جیاوازین و دەبێ لە سیاسەتەکانماندا ئەو جیاوازیە ڕەگەزی و سیاسی و کولتوری و مێژوویە بەرجەستە کەینەوە وئامانجمان سەربەخۆیی نیشتمانی داگیرکراومان بێ نەک بە دەستی خۆمان ببینە ڕێگروبە ناوی مێژوو نووس و لێکۆلەر و رووناکبیر خزمەتی داگیرکەرانی ولاتەکەمان بکەین و بە شانازیشەوە لە رۆژنامەکانیاندا مافی سەربەخۆیی گەلەکەمان بە ناڕەوا بزانین و بلێێن کە ئەوە ئێدەعای دەوڵەتانی بیگانەیە کە دەیکەن دەنا کورد سەربەخۆیی ناوێ یان بە تاوان باسی لێ بکەین.

٢٥ی مارچی ٢٠٠٨

## بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

شار لە دڵە ڕاوکە دا دەژیا، گەورە وبچوک غەمبار بوون، ژنان ڕەشیان پۆشیبوو و پیاوان دەستە وەستان دۆش داما بوون. کەس مەیلی بۆ هیچ نەدەچوو، تۆزێکی خەماوی ئاسمانی شاری داگرتبوو.

لە هەر کوچە و شەقامێک ولە نێو هەرمالێک تازیە بەردەوام بوو. تازیە بۆ مەرگی کۆمارە جوانەمەرگە کەیان، بۆ کوژانەوەی چرای رووناکی مالەکانیان، بۆ ئاوا بوونی ئەستێرەی بەختیان. تازەیە داربوون بۆلە دەست دانی ئازادیان، بۆ گۆڕ کرانی هیواکانیان و بۆ سوتانی خەرمانی بەرهەم هاتویان.

دڵەکان زام داربوون و ئەسرین لە چاوەکاندا قەتیسما بوو و نەورۆز بۆ هەمووان ببوو خەزان. کەس هەستی بە خۆشی نەدەکرد وتەنانەت مندالەکانیش لە یاری کردن وەستاوبوون و کۆلانەکان وەخۆیان نەدەگرتن.

شاربە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە وبە قامەتێکی چەماوە وە چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتێکی دیکەی دەکرد و ماتەمێکی قووڵ باڵی بە سەردا کێشابوو و شەوە زەنگێکی تاریک بەری رۆژی گرتبوو.

ژنان دەستەکانیان بەرەو ئاسمان بلیند بوو و داوای رەحم و کەرەمی یەزدانیان دەکرد وپیاوان دەستە دەستە خۆیان لە مزگەوتەکان داویشت و قورعانیان هەڵدێنا و دوعایان دەکرد و تەڵەبی یارمەتی لە خالەقی زەوی و زەمانیان دەکرد.

پرسیارێک مێشکی گەورەو بچوکی بە خۆیەوە ئالۆز کرد بوو، بڵێی ئەو جارە چ کارەساتێک چاوەڕۆانی شارەکەیان بکا؟

هەواڵی جوراوجور بڵاو دەبونەوە، بە لام هیچیان پەیامی خۆشیان پێ نە بوو.

هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. ئاخر خودایە، ئەو خەونە خۆشە بۆ وا زوو تەواو بوو، بۆ تەنیا یازدە مانگی خایاند ،نەدەکرا چەند سالێکی دیکەش درێژەی کێشابا؟

ئاخ، ئاخ و هەزار جار ئاخ، ئەو یازدە مانگە هە رگیز لە یادان ناچێ وکوردان لەو ماوە کورتە دا تامی ڕاستەقینەی ئازادی وسەربەخۆییان چێشت و لە دونیای ڕووندا بەهەشتیان بە چاوی خۆیان دی.

ئەهریمەنە شەو پەرەستەکان کە بە دیتنی هەتاو کوێر بوون وچاویان بە هەلاتنی ئەستێرەی بەختی کوردان لە ئاسما نی کوردستانی بە زۆر داگیرکراودا هەڵنەدەهات، بە باڵە قەلە ڕەشە ئاساییەکانیان بەری رووناکی چرای مالەکانیان گرت وبە تیغی ڕەش وخوێناوی زۆرداریان سەری کۆتری ئازادیان گۆشاوگۆش بڕی وکۆرپەی ساوای سەربەستیان لە لانکە خنکاند و پۆستالی ڕەش و گلاویان خاکی کوردستانی نەجس کردەوە.

شەو پەرەستان شادیان کرد بۆ مەرگی رووناکی ، بۆلە گۆڕنانی ئاواتی میلیۆنان مرۆڤی بێ بەش لە مافەکانیان. ئەوان خوێنی مرۆڤە بێ تاوانەکانیان ڕەشت تاکوو هەستی دڕندانەیان بۆ چەند ساتێک دامرکێنەوە. زگیان دڕی تاکوو گورگ ئاسا برسێتیان لە گۆشت و خوێنی ئینسانە پاک و بێ گوناهەکان تێربکەن.

ئەوان کاولیان کرد وسوتاندیان تاکوو رێگای باپیرە موغۆلەکانیان کوێر نەکەنەوە و بیرەوەریەکانیان لە یادان

نەسرِنەوە وهەر دەم بە پیرۆزی بیانپارێزن.

ئاخر زوحاکە مار لە شانەکان بۆ تێر کردنی مارەکانی سەر شانیان پێویستیان بە مێشکی لاوان وگۆشتی تازەی دەم ساتوری ژنان وپیاوانی کورد هەبوو ولە قەسابخانەی ولاتی داگیرکراوی کوردانداندا ئەو گۆشتە جوان وتازەیە یان بە خۆرایی دەستدەکەوت.

ئەوان ترسیان لێ نیشتبوو کە نەکا کاوەی پەیام هێنەری ئاشتی وئازادی تەخت وبەختی زۆرداریان لێ برووخێنێ وئالآی رِزگاری چەوساوەکان لە سەرقەلآی بە کەڵلە دروست کراوی هەژارانی کوردستان هەڵبکا وتەپڵی سەرکەوتن بە گویان دا بچرپێنێ.
هەر بۆیە کاوەی فرشتەی ئازادیان لە نێو دیوارە بەردینەکان ولە پشت میلە ئاسنەکاندا بەند کردبوو وبە دەیان ئینسان کوژیان لە دەوروبەری دانابوو.

شار چاوەروان بوو، خەو لە چاوان زرِا بوو وخواردن لە لێوان حەرام ببوو. دڵەکان خورپە یان دەکرد وگویەکان قوت بوون بۆ بیستنی رووداوێکی تازە. هەواڵی جۆراوجۆر بلآو دەبوونەوە، بەلآم هیچان خەبەری خۆش نەبوون.

رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ بوو، خۆر وردە وردە لە کەڵ هاتە دەر وتیشکی جوانی شاری لە ئامێز گرت.
پیاوان بە بێ مەیلی و بە جەستەیەکی شەکەتەوە لە مالەکانیان هاتنە دەرتاکوو برِۆنە بۆ کاروکاسبی.

لە چوارچرا، لە گانگای بیری ئازاد، لە چاوگەی ئەوین وخۆشەویستی، لە سوێنگەی ئازادی وسەربەخۆیی ،لە قیبلەگای میلیۆنان کوردی چارەرِەش وچەوساوە،لەوشوێنەی کە پێشەوای مەزن مزگێنی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی بە هەمووان دابوو، لەوشوێنەی کە بە هەزاران کوردی بێ بەش بە بیستنی هەواڵی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی زەماوەندی سەرکەوتنیان گێرابوو، لەو شوێنەی کە پێشەوای ئازا ودلێریان، کاوەی زوحاک کوژیان هیوا وئەوینی ژینێکی نوێ بۆ بە دیاری هێنابوون، تەرمی سێ فرشتە، سێ مێرخاس، سێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی بە تەم داگیراوی کوردستان بە پەتی سێدارەی ئەهریمەن خنکێنرابوون.

بیستنی هەوالێ شەهید کرانی پێشەوا وهاورێیانی وەکوو بۆمب دەنگی دایەوە و لە هەر ماڵ و کوچەو شەقامێک ببووبە گریان و قورٍ پێوان. شار بە کوڵ بۆ شەهیدان گریا و تف و لەعنەتی لە کورد کوژان کرد.

لە گەڵ بڵاو بونەوە ئەو هەواله جەرگ برِە لە هەموو شارو گوندی کوردستان خەلک تازیە یان گێراو ئاڵای رِەشیان هەڵکرد.

کورد کوژان پێیان وابووبە شەهید کردنی فریشتەکانی ئازادی، چرای روونـاکی مالی کوردان بۆ یەکجاری دەکوژێنەوە.

بە لام ئەی پێشەوا ئازا ومێر خاسەکەی کوردوکوردستان، تۆ بە مەرگی خۆت بۆ جارێکی دیکه لە دایک بوویەوە. ئەوەتا لە دوای ٦٢ ساڵ بە سەرشەهید کرانت دا، هەموو ساڵێ لە رۆژی ٢ی رێبەندان، لە بیرەوەری کۆمارە جوانە مەرگەکەماندا ولە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە بیرەوەری شەهید کرانت دا بە میلیۆنان کورد بەرەو چوارچرا کرِنۆش دەبەن و سەری رێزو ئەمەگ ناسی و وەفاداری لە ئاست گیانی پاکی تۆ و هەموو شەهیدانی کۆماری کوردستان دادەنوێنن.

ئەی پێشەوا وەفادارەکەی خاک ونیشتمانی داگیر کراوی کوردان سەرهەڵبرِوچاو لێبکە کە چۆن بە هەزاران رۆلەی رێگا پیرۆزەکەت بە دانی دروشمی بمرێ داگیرکەر و بە شەکاندنەوەی ئاڵای کوردستان کە بە دەستی تۆی بە رێزی رێبەر لە چوارچرا لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان هەڵکرا دڵی کورد کوژان دەلەرزێنن و مژدەی هاتنەوەی کاوەی پەیامبەری ئاشتی و ئازادی دەدەن بە گشت لایەک.

٢٣ی مارچی ٢٠٠٨

## تیرۆانینێک لە سەر بۆ چوونەکانی "د. محسن سازگارا" لە مەڕ مەسەلەی نەتەوەکانی ئێران یان بە قەولی ئەو "قەومەکانی ئێران"

لە سەرەتادا پێم خۆشە بە کاکی وەرگێر واتە "کۆچەر" بلێم کە خراپ لە قسەکانی "د.محسن سازگارا" تێگەیشتووە. بە بڕوای من قسەکانی "د. سازگارا" نرخی ئەوەی نیە کە لاپەرێکی گەورەی لە رۆژنامەی کوردستان کە بە دوو حەوتوو جارێک دەردەچێ بێ بڕازێندرێتەوە. ناوبراو شتێکی تازەو سەیروسەمەرەی نەکوتوە، بەڵکوو هەمان بەیت وبالۆری کۆنە کە گوێمان پێی پڕ بووە. ناوبراو لە بنەڕەتدا بڕوای بە بوونی وشەیەک بە ناوی گەلانی ئێران نیە ولە هەموو بابەتەکەی دا دەلێ "قەومەکانی ئێرانی". پاشان ئەو باس لە دانی دەسەلاتی زیاتر بە پارێزگاکان دەکا نەک دابەش کردنی دەسەلاتی سیاسی بە شێوەی یەکسان بە سەر هەموو گەلانی ئێراندا و بە فەرمی ناسینی ئێران وەکوو ولاتێکی فرە نەتەوە.

"د.سازگارا" لە ولامی یەکەم پرسیار دا کە ڕای لە سەر ئەو دوو بۆچوونە چی یە کە یەکیان دەلێ "بزوتنەوە نێو خۆیی ودەرەکییەکان بە کەڵک وەرگرتن لە شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک لە دەسەڵات شوێن بە بابەتی دابەشکردنی ئێران وسەرهەڵدانی حکوومەت گەلێکی نوێ لە ناوچە دا بۆ گۆرینی دەسەلات کەوتوون. لێکدانەوەی دووهەم لە سەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە ئەو هێزە شاراوەیەی لە ناوچە سنوورییەکان کە قەوم گەلێکی ئێرانی لێی نیشتەجێن ئەو دەرفەتەی ڕەخساند کە بە هاندانیان بۆ شۆڕش دژی حکومەتی ناوەندی هەلومەرجی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەڵسوکەوتی دەسەڵات یان گۆرینی دەسەلات پێک بێنن، لە بەر ئەوە بە هێز کردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لەو هێزە شاراوانەیان لە بەر چاو گرتوە وبە هیچ چە شنێک بە شوێن دابەشکردنەوە نین."

"د.سازگارا' لە وڵام دا دەلێ" ئێران وڵاتێکە پێک هاتوە لە قەوم گەل وئایین گەلی جیاواز. مێژووی ئێران نیشانی داوە کە ئێرانییەکان لەوانەیە لە پڕگە گەلێکی مێژوو دا لێک دابڕابێتن، بەڵام دیسانەوە یەکتریان دۆزیوەتەوە ویەکیان گرتۆتەوە. خاڵی دووهەم ئەوەیە کە لە سەردەمی بە جیهانیبوون دا کە لە بنەڕەتدا رۆلی نەریتیی دەوڵەت ـ نەتەوەکان کەم دەبێتەوە. زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی بە شێوەیەکی نەریتی لە سەرەتای سەدەی

نۆزدەیەمی زایینی دا درابوو بە دەوڵەتەکان ئێستا دەدرێتەوە بە خەڵک وریکخراوەکان وکۆمپانیا نێو نەتەوەیی یەکان، لە بەر ئەوە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەت ـ نەتەوە گەلی نوێ نەماوە. ئەگەر ئەم رووداوەش بێتە گۆرێ شەڕی قەومیی لێ دەکەوێتەوە. ئەزموونی یوگوسلاوی لەو رووداوە نایابانە بوو کە لە سەردەمی نوێ دا رووی دا کە ئەویش لە ژێرکارتێکردنی ئەڵماندا بوو. کەوابوو دەبێ بوترێ جیهان بەرەو دروستکردن دەوڵەت گەلی نوێ ناچێ وبە جیهانیبوون جێی گرتۆتەوە."

زۆر سەیرە کۆنی پاسداری کۆماری ئیسلامی کە دەستی باڵای هەبووە لە سەرکوتی خەڵک وساڵانێکی زۆر وەکوو دەروێش سڵاواتی بۆ شێخانی جەماران لێداوە وبە سەروماڵ نۆکەرییانی کردووە ئێستا لێمان بۆتە "دیموکراسی خواز"، ئەویش چ "دیموکراسی خوازێک" بە ئینکار کردنی نەتەوە بندەستەکانی ئێران کە بە دەستی قەومەکەی خۆی بە درێژایی چەندین سەدەیە دەچەوسێندرێنەوە وئینکاری بوونیان دەکرێ. ناوبراو باس لە دێموکراسی دەکا، بە لام ئامادە نیە فرە نەتەوە بوونی ئێران قەبوڵ بکا وبەردەوام دەڵێ "قەومەکانی ئێران". هەڵبەت ئەو وزۆر کەسی وەکوو ئەو کە دەکرێ ئاماژە بە "د.علی رەزا نوری زادە"ی "دۆستی حیزبی دیموکراتی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" بکەین لە بنەڕەتدا بڕوایان بە مافی هاوبەش بۆ گەلانی دیکەی بندەستی ئێران نیە وهەموو هەوڵیان ئەوەیە چەواشەکارانە هۆوییتی نەتەوەیی لە گەلانی بندەستی ئێران بە تایبەتی کورد بستێننەوە وبە پێناسە کردنی هەمووان بە ئێرانی بوون بیری ڕەگەزپەرەستانەیان وشووینیستیان پەرە پێ بدەن. "د. سازگارا" دەڵی ئەمرۆ سەردەمی دروست بوونی دەولەت ـ

نەتەوەی نوێ بە سەر چووە وئیدی بە جیهانی بوون جێگای گرتۆتەوە. لە راستیدا ترسی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی هەموو فارسە ڕەگەز پەرەستەکانی نیگەران کردووە وئەوان بە هێناوەی ئەو جۆرە بۆ چوونە بێ بنەماودوور لە راستیانە دەیانهەوێ بە کورد بلێێن کە خۆتان بە خۆرایی هیلاک مەکەن، چونکە هەوڵ دان بۆ دروست کردنی دەوڵەتی سەربە خۆ ئەمرۆ ئیدی مۆدی نەماوە واباشە ئەو کۆیلەتیەی کە بەسەرتان دا سەپاوە وەکوو واقیع قەبوڵ بکەن وهەوڵ بدەن بۆ "پارازتنی چوار چێوەی ئێرانی ئازیز". ناوبراو بۆئەوەی بە قەولی خۆی ئیسباتی ئەو بیرە چەوتەی بکا ئاماژە بە یوگوسلاوی دەکا وهەڕەشە دەکا کە ئەگەر گەلانی دیکەی بندەستی ئێران داوای جیابونەوە لە ئێران بکەن شەڕی قەومی دروست دەبێ وئێران بە دەردی یوگوسلاوی دەچێ. "د.سازگارا" راستیەکان لە خەڵک دەشارێتەوە وهۆکاری شەڕی یوگوسلاوی کە لە ئەساس دا لە سەر ئینکاری نەتەوەکانی دیکەی یوگوسلاوی لە لایەن

سێربەکانەوە ساز بوو چەواشە دەکا ومەسەلەی بە جیاوازی خوازی دەبەستێتەوە. من وەکوو کوردێک ئەو پرسیارە لە "د.سازگارا" وهەموو هاوبیرانی کە ڕادەیان یەکجار زۆرە دەکەم کە منی کورد خۆ نۆکەری بابی تۆ نیم وەکوو سەربازی پێ سووتاو دەسەڵاتی ناموبارەکت بۆ بپارێزم و جەنابیشت وهاوبیرانت لە سەر خاک و زێد و خوێنی منی کورد حاکمیەت بکەی. منی کورد مافی خۆمە لە گەڵ تۆی فارسی داگیرکەری خاک و نیشتمانم نەبم. کێ ئەو مافەی بە تۆ داوە ببی بە کویخاو دمڕاستی منی کورد و لە جیاتی من بیربکەیەوە وبڕیار بدەی؟ بۆ تۆ ئەو مافە بە خۆت دەدەی منی کورد بە قەوم پێناسە بکەی وئینکاری بوونم بکەی وهەموو خاکی کوردستان بە مڵکی باب وباپیرت بزانی و بۆ من مافی ئەوەم نیە کە بلێم داگیرکەر برۆ دەر لە خاکەکەم ودەمهەوێ بۆ خۆم ئاغاو سەروەری خۆم بم؟ "د.سازگارا" لە درێژەی بۆچوونەکانی دا لە مەڕ سیتمێکی فیدراتیوی بۆ ئێران بە ئاشکرا دەڵێ کە وشەی فیدارلیزم لە ئێران دا بێ مانایە، بە لام ئێمە دەتوانین خۆ بەخشانە پێکی بێنین وناوبراو ڕای وایە کە بە زیاد کردنی دەسە ڵاتی هەرێمەکان دەکرێ پرۆژەی دێموکراسی لە ئێران دا پەرە پێ بدرێ و داخوازی قەومیەکان کە کۆمەلێک داخوازی کۆمەڵایەتی و کولتورییە دابین بکرێ.

بڕوا بوونی "د.سازگارا" بە دێموکراسی هەروەکوو هی "رەجەب تەیەب ئوردوغان" وایە کە بوونی گەلی کورد لە تورکیە ئینکار دەکا وباسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وسێکۆلاریزم دەکا. ناوبراویش زۆر بێ شەرمانە حاشا لە بوونی کێشەی سیاسی گەلانی بندەستی ئێران دەکاوداخوازەکانیان بە کولتوری وکۆمەڵایەتی وەسف دەکا. یەکێک لە هەڵە گەورەکانی کە حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کردوویانە و دەیکەن ئەوەیە کە بەداخەوە بە بردنە پێشی سیاسەتی ئێرانیچیتیان بۆ چارە سەر کردنی کێشەی کورد بیری ئێرانی بوون وەکوو پێناسەی سیاسی بۆ کوردانی رۆژهەڵات تەقویەت دەکەن وتاکوو ئیستاشی لە گەڵ بێ نەیان توانیوە مەسەلەی هۆویەتی میللی کورد لە ئێرانی بوون جیا کەنەوە وهیچ شتێکیان بۆ ئەو میللەتە داماوە پێ نیە وبە سیاسەتە سەرنەکەوتووەکانیان رێگا خۆشکەری بیری ئێرانیچتی لە نێو ریزەکانی خۆیان و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دان. ئەگەر سیاسەتێکی نەتەوەیانە پەیرەو کرابا ئەمرۆ "د.سازگارا" وهاوبیرانی ئەوا بە سووکی نەیان دەڕوانی نەتەوەی کوردوداخوازە ڕەوا سیاسیەکانی وپەیتا پەیتا لە قسەکانی دا حاشای لە گەلی کوردو خاکەکەی نەدەکرد و بە قەوم ناوی نە دەهێنا.

١٢ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## ئاوڕدانەوەیەک لە پێوەندیەکانی نێوان کۆماری کوردستان و ئازربایجان

٦٢ ساڵ بە سەر دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردستان دا تێدەپەرێ وئێستاش پاش شەش دەیە کێشەی خاک لە نێوان کوردەکان وئازەریەکاندا هەرچارە سەرنەکراوە وبە بێ گومان یەکێک لە کێشە سیاسیە گرینگەکانی کوردانی رۆژهەلاتی کوردستانە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا رێبەرانی کۆمارولە سەرەوەی هەمووان پێشەوا قازی محەمەد هەوڵیان دەدا کە گرژی نێوان کوردەکان وتورکەکان یان بە قەولی خۆیان ئازەریەکان لە رێگای ئاشتی خوازانەوە بە دیالۆگ ولە یەکتر تێگەیشتن وبە یەکەوە بوون چارە سەر بکەن، بەلام مەزن خوازی ئازەریەکان وپیلانەکانی سۆڤیەت وحکومەتی مەرکەزی ئێران ئەو هەوڵانەی پوچەڵ کردەوە. هیندێک پێیان وایە کە ئەو پەیمانەی کە لە نێوان کۆماری کوردستان و ئازربایجان بەسترا دەکرێ وەکوو مەسەلەیەکی مێژووی وسیاسی گرینگ سەیربکرێ وتەنانەت هیندێک لە حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پێیان وایە کە دەکرێ لە داهاتوو دا بۆ چارسەری کێشەی نێوان کورد وئازەری بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە بکرێنە بنەما بۆ لە یەکتر تێگەیشن و هاوکاری. پێش ئەوەی بچمە سەر بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەڵسەنگێنم بە کورتی ئاورێک لە چۆنیەتی پێوەندیەکانی نێوان کۆماری کوردستان و ئازربایجان دەدەمەوە.

"کۆماری کوردستان بە رەزامەندی دەوڵەتی سۆڤیەت وکۆماری ئازربایجان دانەمەزرا، سۆڤیەت زۆری تەقللا کرد پێشەوا بەوە رازی بکا کوردستانی شمالی لە ژێرچەتری ئوستانی ئازربایجان و حکوومەتی کۆماری ئازربایجان بێلێتەوە، بەلام پێشەوا بە حوکمی مێژووی خەباتی رزگاریی نەتەوەیی لە کوردستان نەچووە ژێر فەرمانی سۆڤیەت وپاسای حکوومەتی ئازربایجان ولێبڕاوانە کۆماری کوردستانی دامەزراند و ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە ئەو دوو کۆمارە لە سەرەتادا نێوانیان لە گەڵ یەکتری سارد وسڕبێ. رێبەرانی کۆماری کوردستان لە سەر سنووری وڵات ودەسەلاتدارەتیان کێشەیان لە گەڵ ئازەری یەکان هەبوو. شارەکانی خۆی وسەلماس و ورمێ لە ئازربایجانی رۆژئاوایان بە خاکی کوردان دەزانی. دەولەتی ئازربایجان ئەو ئیدیعایەی قبووڵ نەبوو، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارانەی پێ تورک بوون وتەنانەت بۆ پاراستنیان لە هێرشی کوردان، هێزێکی کۆک وپۆشتەی

فیدایی لەو شارانە خزاندبوو ".(کوردستان وستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، ل. ٢٢٧).

دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرهەمی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان بوو کە لە شێوەی رێکخراوێکی سیاسی بە نێوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە لە ١٩٣٨ی زاینی دامەزرابوو ڕەنگی دابۆوە و رێباز وئامانجی سیاسی وەسەریەک خستنەوەی هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی بوو. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد وەکوو رێکخراوێکی سیاسی وناسیۆنالیستی کوردی بڕوای بە یەکگرتنی خەباتی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو هەر بۆیە لقێکی لە کوردستانی گەرمێن دامەزرا بوو. بۆ پتەو کردنی ئەو یەکگرتووییە کۆمەڵە وێرا کۆمەڵەی هیوا پەیمانی سێ سنوور دەبەستن لە پێناو هاوخەباتی بۆ ڕزگار کردنی کوردستان لە دەستی داگیرکەر. کۆمەڵە ژیانەوەی کورد پێشەنگی ڕەوتی نوێ بوو دەگژنیزامی سوننەتی ڕاچوو بوو. بڕوای وابوو کە چینی ئاغا وسەرۆک عەشیرەت وشێخ بونەتە هۆی ماڵوێرانی کوردان ولەمپەرێکی گەورەن لە مەڕ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کورد و پەرە سەندنی بیری کوردایەتی و بۆیە ڕیگای چوونە نێو کۆمەڵەیان پێ نەدەدرا و ئەوانیش بە هەموو توانایانەوە دژایەتی کۆمەڵەیان دەکرد و بەرژەوەندیەکانی خۆیان زۆر لە ڕزگاری وسەربەستی پێ گرینگتر بوو. نامەی سەرۆک عەشیرەتێکی دیوی کوردستانی گەرمێن بۆ یەکێک لە ئاغاکانی دیوی کوێستان نیشانەی ئەو پەڕی دژایەتی ئاغاکان و سەرۆک عەشیرەتەکان لە گەڵ بیری کوردایەتی وکۆمەڵە نیشان دەدا. لەونامە دا نوسراوە "دەستی منو دامانی تۆ نەکەی بە هیچ بارێک لە پێناوی کوردایەتی دا تێ بکۆشی، چونکە کوردایەتی مستلزم ی ئەوەیە هەموو لاوە خوێندەوارو گەنجە تازە پێگەیشتووەکان بێنە سەرکاروئێمەش لە ژووری دیوە خانا دابنیشین". (کوردستان وستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، ل. ٢١٧).

سۆڤیەتەکان هەر لە سەرەتاوە دژایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان دەکرد وزۆریان هەوڵ دا رێبازی سیاسی کۆمەڵە بگۆرن وبیکەنە رێکخراوێکی ئێرانی، بەڵام کۆمەڵە رێکخراوێکی کوردستانی بوو ئامادە نەبوولە رێبازی نەتەویی خۆی لابدا وبڕوای بە دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. دوای گۆڕانی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان وپێکهاتنی کۆماری کوردستان دژایەتی سۆڤیەتەکان بە نیسبەت کوردستان بەردەوام بوو.ئەوان ئامادە نەبوون کۆماری کوردستان کە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرد قەبوڵ بکەن وبەردەوام هەوڵیان ئەوە بوو کە کوردستان وەکوو بە شێک لە ئازربایجان حیساب بکەن وئازەریەکانیش بە تەواوی پەیرەوی ئەو سیاسەتەیان دەکرد. هۆکارەکەشی زۆر روون وئاشکرا بووچونکە ئەوان پارێزگای ورمێ یان بە هەموو شاروشارۆچکەکانی بە خاکی

لآلآ ئازربایجان لآلآ دەزانی. بەهۆی زۆر بوونی گرژی وئالۆزی لە نێوان کۆماری کوردستان وکۆماری ئازربایجان لە سەرپارێزگای ورمێ کە هەر لایەی ئیدعای حاکمیەتی بە سەردادەکرد سۆڤیەت هاتە نێوبژی کردن وبۆیە رێبەرانی هەردووک لا لە تەوریزکۆ بونەوە وسەرەئەنجام لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ( ٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦) رێککەوتنامەیەکی دوو قۆڵیان ئیمزا کرد کە دەقەکەی بە شێوەی خوارەوەیە:

لەو جێگایانەی کە پێویست دەزانن هەر دوو حکوومەتی میللی نوێنەری رەسمی خۆیان لە خاکی یەکتر دیاری دەکەن.
لە ئازربایجان ،لەو جێگایانە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن کاروباری دەوڵەتی بە دەست کوردەکانەوە دەبێ.
هەروەها لە کوردستان لەو جێگایانەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئازربایجانین کاروباری دەوڵەتی بە دەست مەئمورانی حکوومەتی میللی ئازربایجانەوە دەبێ.

هەر دووحکوومەت کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئابوری پێک دێنن. بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە بە چاوەدێری سەرۆکی هەر دوو حکوومەت جێ بە جێ دەبن.
لە کاتی پێویست دالە نێوان حکوومەتی میللی ئازربایجان وکوردستان دا هاوکاری نیزامی ساز دەبێ وهەرچی پێویست بێ یارمەتی یەکتر دەدەن.

ئەگەر پێویست بێ لە گەڵ حکوومەتی تاران وتووێژ بکرێ دەبێ بە پەسەندی هەر دوو حکوومەتی ئازربایجان و کوردستان بێ.

حکوومەتی میللی ئازربایجان بۆ پێش خستنی زمان وفەرهەنگی نەتەوەیی ئەو کوردانە کە لە خاکی ئازربایجان دا دەژین و حکوومەتی میللی کوردستانیش بۆ پێش خستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانی یانەی کە لە خاکی کوردستان دا دەژین بە پێی توانا هەوڵ دەدەن.

هەرکەس بۆ تێک دانی دۆستایەتی مێژوویی نەتەوەی ئازربایجان ونەتەوەی کورد ولە نێو بردنی یەکیەتی دیموکراتی میللی یا ئالۆزکردنی ئەم یەکیەتی یە تێ بکۆشێ یەکدەست لە لایەن هەردووک لاوە سزا دەدرێ. (چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، ل. ٨٥ - ٨٦ ).

به بڕوای من ئەو پەیماننامەیە نابەرابەرە ویەکسانی تێدا بەدی ناکرێ ولە راستی دا خۆ بە زل زانی ئازەریەکان وپەیوەندیەکانیان بە سۆڤیەت و پاشانیش بە حوکومەتی مەرکەزیەوە ئەو ڕاستیە بە تەواوی دەردەخا.

لە راستیدا خالی یەک و دوو یەک مانا دەگەیێنن بەڵام دوو جار نوسراونەتەوە. مەسەلەی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە سنوری کۆماری کوردستان وکۆماری ئازربایجان دیاری نەکراوە بەڵام لە هەمان کاتدا باس لە گۆرینەوە نوێنەرو ڕاپەراندنی کارەکان لە ناوچەکانی یەکتر بە دەستی مەئمورانی یەکتر دەکەن. هەموو بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئازەریەکان بۆ یەک ساتیش ئامادە نەبوون کوردستانی بوونی پارێزگای ورمێ بسەلمێن وئامادەش بوون بۆ ئەو کارە شەڕ ساز بکەن وبۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانیان کە بە فیدایی ناسرابوون لە ورمێ مۆڵ دابوو تاکوو بە قەولی خۆیان پێش بە دەست درێژی کوردان بۆ سەر ورمێ بگرن.

لە بەشی یەکەمی خاڵی دووهەم دا باس لە ڕاپەراندنی کاروبارەکان بە دەستی کاربەدەستان یان مەئمورانی کۆماری کوردستان یان بە قەولی خۆیان حکومەتی میللی کوردستان ناکا، واتە دان بە دەسەلاتی سیاسی کۆمار دانانێ ودەلێ "لە ئازربایجان ، لەو جێگایانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن کاروباری دەوڵەت بە دەست کوردەکانەوە دەبێ".

لە بەشی یەکەمی ئەو خاڵە دوو مەسەلەی زۆر گرینگ و حەساس بەرچاو دەکەوێ کە لە گەڵ بەشی دووهەمی جیاوازی زۆریان هەیە.

یەکەم: ناڵی لە ئازربایجان لەوجێگایانەی زۆرینە کوردن کاروباری دەوڵەتی بە دەستی مەئمورانی حکومەتی میللی کوردستان بە رێوە دەچێ بە ڵکوو دەلێ "بە دەستی کوردەکانەوە دەبێ". ئەوەش بەو مانایەیە کە دان بە دەسەڵاتی مەئمورانی رەسمی حکومەتی میللی کوردستان لە سەر خاکی ئازربایجان دا نانێ ومەسەلەی دووهەم و گرینگتر ئەوەیە کە براستی مەبەستیان لە ئازربایجان پارێزگای ورمێ یە کە ناوەندەکەشی شاری ورمێ یە یان مەبەستیان "ئازربایجان شرقی" کە ناوەندەکەی تەوریز بووە وهەیە. بە بڕوای من مەبەستی سەرەکیان لێرە دا پارێزگای ورمێ یە کە ئەوان بە بەشێک لە "ئازربایجان"ی دەزانن. هۆیەکەشی زۆر روون بووە و شەڕی هەردووک لا لە سەر پارێزگای ورمێ بووە نەک پارێزگای تەوریز کە مەودایەکی زۆری هەیە لە گەڵ پارێزگای ورمێ.

لە بەشی دووهەمی خاڵی دووهەم دا کە دەگاتە کوردستان بەو شێوە نوسراوە "هەروەها لە کوردستان لەو جێگایانەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئازربایجانین کاروباری دەوڵەتی بە دەست مەئمورانی حکوومەتی میللی ئازربایجانەوە دەبێ".

لەو بەشە دا دوو مەسەلەی زۆر گرینگ باس کراون کە لە بەشی یەکەمی خاڵی دووهەم دا نەهاتوون.

لێرە دا زۆر بە سەراحەت و ڕاشکاوانە دەلێ لە کوردستان ڕاپەراندنی کارەکانی دەوڵەتی بە دەستی مەئمورانی حکوومەتی میللی ئازربایجانەوە دەبێ. یانی چی ؟ یانی ئەوەیکە دەسەڵاتی خۆی بە رەسمی دەزانێ و لە کوردستانیش مەئمورەکانی ئەو دەسەلاتە سیاسیەن کە ئەرکەکان ڕادەپەڕێنن نەک بابەیەکی کارمەند کە نوێنەرایەتی ئازەریەکان ناکا. مەسەلەیەکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە لەو بەشە دا ئیشارە بە میللیەتی ئازەریەکان دەکا وڕاشکاوانە دەلێ "لە کوردستان لەو جێگایانەی کە زۆربەی دانیشتوانی ئازربایجانین" نەک ئازەرین. ئەوەش ئەومانایە دەگەیێنێ کە مەسەلەکە بە پێناسەی سیاسی وخاکەوە دەبەستێتەوە. ئەو دوو مەسەلە زۆر گرینگن کە لە راستیدا نابەرابەری زۆر لەو بە ناو پەیماننامەیە دا دەردەخا وقورساییەکەی بە لای ئازەریەکاندا دا شکاوەتەوە.
لە خالی پێنجەم دا باس لە ئەگەری وتووێژلە گەڵ حکومەتی ناوەند دا دەکا ودەلێ دەبێ بە رەزامەندی هەر دوو حکومەتی ئازربایجان وکوردستان بێ.

ئازەریەکان لەو خاڵەش دا هەر درۆیان لە گەڵ کوردان کرد و لە وتوێژەکانیان لە گەڵ حکومەتی قەوام دا مەسەلەی کوردستانیان بە ئازربایجانەوە گرێ دەدا وخۆیان کرد بە کوێخای کوردستان وکۆماری کوردستانیان وەکوو بەشێک لە ئازربایجان حیساب کرد وبەڵگە مێژوویەکان راستی ئەو مەسەلە بە باشی دەردەخەن. هەڵبەت ئەوە سیاسەتی سۆڤیەتەکانیش بوو کە نەیان دەویست کورد بە تەنیا دەنگ وڕەنگی خۆی هەبێ وبەڵکوو بەشێک بێ لە ئازربایجان.

دیارە سۆڤیەتەکان چاویان لە وەدەست خستنی ئیمتیازی نەوتی شیمال بووبۆ ئەو مەبەستەش دەیان هەویست هەردوو کۆمارەکە وەکوو کارتی زەختی خۆیان بە دژی دەسەلاتی حەمەرەزاشا بەکار بێنن بۆ وەدەست هێنانی ئیمتیازاتی سیاسی وئابوری.

سیاسەتی حکومەتی قەوامیش هەر ئەوە بوو کە ئالۆزی وکێشە بخاتە نێوان هەردووک کۆمارەکە وبۆیە لایەنی وتویژی حکومەت ئازەریەکان بوون نەک کوردەکان. هەر چەند ئاکامی ئەو سیاستەی قەوام هەڵخەلەتاندنی سۆڤیەتەکان ولە ناو بردنی هەردووک کۆمار بوو.

پاش هاتووچۆیەکی زۆر لە نێوان ئازەریەکان و حکومەتی مەرکەزی دا وباس کردن لە سەر داواکاریەکان وبە چاوەدێری باڵوێزی ئەو کاتی سۆڤیەت لە ئێران "ایوان سا چیکف" رێکەوتنامەیەک لە نێوان ئازەریەکان وحکومەتی مەرکەزی بە دەرهاویشتنی کوردەکان پێک دێ. لە ماددەی ١٠ دا هاتوە کە "ئەیالەتی ئازەربایجان لە ئوستانەکانی ٣ و ٤ پێک هاتووە. واتە پارێزگای ورمێ بە ئازربایجان حیساب کراوە لە سەر رەزایەتی هەرسێک لا.

لە ماددەی ١٣ دا هاتووە کە دەوڵەت موافەقەت دەکا کە کوردەکانی دانیشتووی ئازربایجان لە ئیمتیازاتی ئەو رێککوتننامەیە سوود وەرگرن، یانی بە پێی مادده ١٣ی راگەیەندراوی دەوڵەت تا کلاسی پێنجی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن. لە تێبینی ماددەی ١٣ دا هاتووە: کەمایەتی یەکانی ئازربایجان وەکوو ئاسۆری وهەرمەنی حەقیان دەدرێتێ هەتا کلاسی پێنجی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن". (کوردستان وستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، ل. ٢٩٠ - ٢٩١).

دیارە سۆڤیەتەکان بەو مەعامەلەیە ئیمتیازی نەوتی شیمالیان کە هیچ کات دەستیان پێ ڕانەگەیشت مسۆگەرکرد و بۆ ئەو مەبەستە دوای سەفەری قەوام بۆ مسکۆلە رێکەوتی ١٥ی خاکەلێوی ١٣٢٥( ٤ی ئاوریلی ١٩٤٦) رێکەوتننامەیەک لە تاران بە ئیمزای قەوام وسادچیکۆڤ باڵویزی سۆڤیەت گەیشت کە تێیدا هاتبوو:

لەشکری سوور لە رۆژی ٤ی خاکەلێوەوە تا یەک مانگ ونیو ئێران بە جێ دێڵێ.

شیرکەتی تێکەڵی نەوتی ئێران وسۆڤیەتی پێک دێ ولە رۆژی ٤ی خاکەلێوەوە هەتا حەوت مانگی دیکە رێک کەوتن نامە لە سەر ئەم شیرکەتە بۆ پەسەند کردن دەدرێ بە مەجلیسی پازدە. بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە ناوچەکانی شیمالی ئێران نەوت دەربێنێ کە لە ٢٥ ساڵی یەکەم دا بەشی ئێران ٤٩ لە سەدی قازانج و بەشی دەوڵەتی سۆڤیەتی ٥١ لە سەد بوو. لە پاش ٢٥ ساڵ قازانجی هەردووک دەبوو بە ٥٠ لە سەد.

بە دوای تەواو بوونی ٥٠ ساڵەکە دا ئێران دەیتوانی بە شی سۆڤیەتیش بکرێ وهەموو شیرکەتەکە بکا بە هی خۆی. (چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، ل. ٨٣ - ٨٤).

پاش ٦٢ ساڵ بە سەر تێپەرینی کۆماری کوردستان وئەو پەیماننامەیە دا ئێستاش هیندێک لە حیزب وسازمانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پێیان وایە کە بەڵی گۆیا ئەو رێککەوتننامەیە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد ودەکرێ لە داهاتوو بۆ چارەسەری کێشەکان لە گەڵ ئازەریەکان بکرێتە بنەما. بە بڕوای من خاڵەکانی یەک ودووی ئەو پەیماننامەیە کە پەیوەستن بە خاکەوە بە تەواوی لە زەرەری کورد دایە وبە تەواوی دژی بەرژەوەندی نەتەوەیمانن. منیش پێم وایە کە دەبێ کێشەی خاک لە گەڵ ئازەریەکان بە دیالۆگ و لە رێگای ئاشتی خوازانەوە چارەسەر بکرێ بەڵام بەرژەوەندی نەتەوییمان دەبێ بپارێزرێ وکوردستانی بوونی پارێزگای ورمێ بۆ کوردانی رۆژهەلاتی کوردستان نابێ سات و سەودای لە سەر بکرێ و بە دەردی کەرکوک بچێ.

٢٥ی جانێوێری ٢٠٠٨

---

# بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩

---

## مەرگی ئایەتوڵا مونتەزیری،جوڵانەوەی سەوزو عاشورا

شانۆگەری دڕاندنی وێنەی ئایەتوڵا خومەینی وئەو هات وهەڵلایەی لە لایەن دەوڵەتی کودتا ودام ودەزگای ڕاگەیاندنی ژێردەستی خۆیان وەرێیان خست بۆ ئەوەی هەستی مەزهەبی لاینگرانیان بجولێنن وبە دژ نارازیانی نیزامەکەیانی دابکەن لە لایەک وهەوڵێستی دژبەرانی نیزامەکەیان وداخوازی فەرمی موسەوی وکەروبی بۆخۆپێشاندانی لاینگرانیان لە سەر شەقامەکانیان بۆ مەحکوم کردنی دڕاندنی وێنەی خومەینی لە لایەکی دیکەوە

ئەو راستیە دەردەخا کە کێشەی مەزهەبی دەورێکی سەرەکی هەیەلە بەرەنگابونەوەی دەسەڵات ودژبەرانیان بە سەرۆکایەتی موسەوی وخاتەمی وکەروبی. هێنانە گۆری ناوی خومەینی بۆ ناو کێشەکان بۆتە بابەتێکی گەورەی خۆراکی سیاسی وشەڕی راگەیاندن کە دەوڵەتی کودتا بۆخۆ دەربازکردن لە نەیارانی نیزامەکەی کردویەتی بە تاکتیکی رۆژ ولەو پەیوەندیە دا دژبەرانیشی دەستەوەستان ڕانەوەستاون وئەوانیش هەر بەوچەکە هەوڵیان داوە بەرەو رووی دەوڵەتی کودتا ببنەوە وبە توندی ئەو تاوان وبوختانە ڕەد دەکەنەوە کە دژی خومەینی وڕێبازەکەی بن وبە هەموو هێز وتوانایان نیشانیان داوە کە پابەندن بە خومەینی وڕێبازەکەی.

مەسەلەیەکی گرینگ کە جێگای تێرامان وهەڵوێستە کردنە لە سەری، گەورە کردنەوە کێشەی مەزهەبی لە هەردووک لایەوە کە خۆی بۆتە هۆی کەم رەنگ کردنەوە داخوازە دێموکراتیەکانی گەلانی ئێران بۆ ئاڵ وگۆری بنەرەتی ولابردنی کۆماری ئیسلامی ودروست کردنی فەزایەکی کراوەی سیاسی بۆ دانانی دەسەلاتێکی سێکولار ودێموکراتیک لە داهاتوو دا. ئەو جۆرە سیاسەت کردنەی رێبەرانی جولانەوەی سەوزخۆی کەماسێکی گەورەیە وبۆتە بەربەستێک لە مەرِ دەربڕینی داخوازیە دێموکراتیەکان. لە راستیدا بەرەی دێموکراسی خوازی لە ناو جولانەوەی سەوزدا کەوتۆتە ژێر تەوژمی کێشەی مەزهەبی شیعەکان لە دژی یەکتر.

مەرگی ئایەتوللا مونتەزیری جارێکی دیکە ئەو ململانەیە مەزهەبیە لە نێوان وەلی فەقی ودەوڵەتی کودتا لە لایەک ولاینگران و پەیرەوانی مونتەزیری لەلایەکی دیکە بە تەواوی خستەوە روو. دژایەتی وەلی فەقی لە گەڵ دانانی کۆری پرسەو سەرەخۆشی لەوەوە سەرچاوە دەگرِی کە هیچ کات مونتەزیری عەلی خامنەیی وەکوو وەلی فەقی قەبوڵ نەکرد وهۆی سەرەکی ئەو کارەش لە پلەی یەکەم دا ئایەتوڵلا نەبوونی خامنەیی لە بواری مەزهەبیەوە ولە پلەی دووهەمیش دا شیاو نەبوونی ناوبراو وەکوو "مەرجەعی شیعەکان " لە ئێران وبە قەولی خۆیان لە جیهاندا دایە. مونتەزیری لە دوای مەرگی خومەینی وبە دەسەڵات گەیشتنی خامنەیی وخۆپێناسە کردنی وەکوو وەلی فەقی کە بە فرت وفێل وساختە کاری بەوەدەسەلاتە گەیشت، ئامادە نەبوو ئەو سوکایەتیە لە سەر خۆی قەبوڵ بکا و"لبیک" بلَی بۆ ئەمروفەرمانەکانی خامنەیی وبۆیەش کەوتە بەر غەزەبی وەلی فەقی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وئەو ململانەیە تاکوو رۆژی مردنی مونتەزیری ودوای ویش هەر درێژەی هەبووە.

لە دوای کودتای دەوڵەتی کودتا ودروست بوونی جوڵانەوەی سەوز،دروشمەکانی چینەکانی خوارەوە ومام ناوەندی

بەشدار لە وجوڵانەوەیە دا زۆر جیاواز بووە لە گەڵ سیاسەتی سەرانی ئەو جوڵانەوەیە ولە کاتێکدا سەرانی جوڵانەوە خوازیاری هێندێک ڕێفرومن لە ناو کۆماری ئیسلامی دا وخوازیاری مانەوەی ئەو نیزامەن ،خەڵکی وەزاڵە هاتوو دروشمی نەمان بۆ دیکتاتۆر ونەمان بۆ خامنەیی وئەحمەدی نژاد دەلێنەوە. کوتنی ئەو دروشمانە بە تەنیا بەس نین بۆ ئاڵ وگۆری بنەرەتی ولابردنی ئەو نیزامە. پێویستە پلان وبەرنامەی روون و شەفاف هەبێ بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە چۆک دابێنی وبۆ دونیای دەرەوەش بە تەواوی روون بێ کە ئامانجی جوڵانەوەی سەوز چیە.

دروشمەکانی خەڵک کە رووبەرووی شەخسی خامنەیی وئەحمەدی نژاد دەکرێنەوە وهێندێک دروشمی دیکەی وەکوو" مرگ بر روسیه و چین" کە دوو وڵاتی پشتیوانی سەرەکی ودەرەکی کۆماری ئیسلامین لە لایەک و ناوروونی سیاسەتی سەرانی جوڵانەوەی سەوز بەرامبەر بە داخوازیە دێموکراتیکەکانی خەڵک بۆ ئاڵ وگۆری نیزام لە لایەکی دیکەوە بۆتە هۆی ئەوەیکە دەوڵەتی کودتا هەروا بێ باکانە درێژە بە سەرکوت وحاکمیەتی خۆی بدا وبە شێوەی پێشووش خۆی بە نوێنەری گەلانی ئێران نیشان بدا وسیاسەتی پڕ لە چەواشەو درۆزنانەی لە مەڕ بەرنامە ئەتۆمیەکەی بەرەو پێش بەرێ وبە مانۆری سەیروسەمەرە هەوڵ بۆ کرینی کاتی زۆرتر بدا تاکوو بەتەواوی رێژەی پێویستی یورانیۆم بۆ دروست کردنی بۆمبی ناوەکی بە دەست بێنێ. هاتنی مانگی عاشورای موسولمانە شیعەکان لە ئێراندا جارێکی دیکە ململانەی دەوڵەتی کودتا ودژبەرانی دەخاتەوە خانەی شەڕێکی مەزهەبییەوە وهەرلایەی هەوڵی ئەوە دەدا کە ئەو پەری سوودی سیاسی ومەزهەبی لەو مانگە وەربگرێ وئەو جار کێ بەرکێ دێتە گۆرێ کە کامەیان لە ئیمام حوسێن نیزیکە و رۆڵەی مەکتەبی ئەوە وکامەیان دەکەوێتە بەرەی یەزیدەوە.

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئایەتوڵلا مونتەزیری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە کاروان بە جێ نەمان وهەرکامەیان بە نۆرەی خۆیان تاریف وتەمجیدیان لە مونتەزیری کرد ولە راستیدا هەربەو جۆرە باسی مونتەزیری کرا کە لە ڕاگەیەنە فارس زمانەکاندا باسی لێ وەکرا وهەرماوە هێندێک لایەنی سیاسی کوردی هاوڕا لە گەڵ فارسەکان داوای خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١٠ بۆ ناوبراو بکەن. ئەوەیکە هەر لایەنەی سیاسی کوردی رۆژهەڵات چۆن بۆ مەرگی مونتەزیری هەڵوێست دەگرێ دەگەرێتەوە بۆ بەرژەوەندی حیزبی خۆی و بەداخەوە لەو هەڵوێست گرتنانە دا هەڵویستێکی ڕوونی یەک دەستی کوردی نابینین کە باس لە مونتەزیری بەوجۆرە بکا کە بووە نەک وەک ئەوە ی بەرژەوەندی حیزبی دەخوازێ.

بە بڕاوی منیش کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەکرێ لەو دەرفەتەی کە بە بۆنەی مەرگی مونتەزیری هاتۆتە پێش ئەوپەری کەڵکی سیاسی خۆی وەربگرێ بۆ دژایەتی دەوڵەتی کودتا وبۆ بردنە پێشەوەی ئامانجە نەتەوایەکانمان، بەڵام ئێمەی کورد نابێ بە هەمان شێوە هەڵوێست بگرین وسیاسەت بکەین کە حیزبە سەراسەرییەکان دەیکەن وپێویستە بە تەواوی خۆمان بە دوور ڕابگرین لە کێشەی مەزهەبی شیعەکان و ئایەتوڵلاکانیان و دەبێ ئامانجی سەرەکیمان کە داخوازی نەتەوەییە لە بیرنەکەین وجێگای ستراتیژی وتاکتیکمان لێ نەگۆڕدرێ.

من ڕام وایە کە کورد نابێ لەو ڕووداوانەی کە لە ئێراندا ڕوو دەدا خۆی بخاتە پەراوێزەوە ودەبێ بە دروشم وئامانج ورەنگ وسەمبولی نەتەوەیی خۆیەوە هاوڕا لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران بچێتە پێش وهەوڵ بدا کە ببێتە هاوبەش لەو جولانەوەیەدا نەک ببێ بە بەشێک لە جوڵانەوەی سەوز کە هیندێک کەس و لایەنی فارس زمان وحیزبە سەراسەرییەکان بە جوڵانەوەی دێموکراسی خوازی "ملت ایران" ناوی لێ دەبەن. لە بیرمان نەچێ کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران تەنیا دابین کردنی دێموکراسی بۆ ئێران نیە، بەڵکوو دابین بوونی داخوازیە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە ودروست کردنی پێناسەیەکی کوردیە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات. ئەمرۆ جوڵانەوەی سەوز وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی کۆماری ئیسلامی خۆی دەرخستووە ولەو جوڵانەوەیە دا بیرو ڕای جیاوازی تێدایە، بەڵام هەروەکوو پێشتریش کوتومە روحی ناسیونالیزمی فارس ومەزهەبی شیعە دەوری سەرەکی دەگێری وتاکوو ئێستاش هەرلە چوارچێوەی کێشەی لایەنە مەزهەبیەکانی دەسەڵات ودژبەرانی دا دەخولێتەوە.

بە بڕاوی من تاکوو ئەو کاتەی کە جوڵانەوەی سەوز بە تەواوی خۆی لەوکێشە مەزهەبییەی کە وەکوو سیاسەتی بەرپەرچ دانەوەی دەوڵەتی کودتا بەرێوەی دەبا دوور نەخاتەوە وداخوازییەکانی سەرەکی گەلانی ئێران وەکوو ئازادی و دادپەروەری ودێموکراسی وچارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بە ڕوونی نەخاتە ڕوو وهەوڵ نەدا لایەنەکانی دیکەی سیاسی وەکوو نوێنەرانی گەلانی دیکەی ئێران بە فەرمی بناسێ ودان بە مافەکانیان دانەنێ ناتوانێ ببێ بە ئالتێرناتیڤی سەرەکی کۆماری ئیسلامی. هۆکاری سەرەکی مانەوەی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا بە ڕێوە بردنی دوو سیاسەتی گرینگ بووە. یەکیان کەڵک وەرگرتن لە ئاینی ئیسلام وخۆ پێناسە کردنی بە دەسەڵاتێکی ئاسمانی وبێ عەیب وئیراد ونیشان دانی وەلی فەقی وەکوو نوێنەری خودا لە سەر عەرز و دووهەمیان ناسیۆنالیزمی ئێرانی. بە دوای کودتای دەوڵەتی سپای پاسداران ودانانەوەی بە زۆرەملی ئەحمەدی نژاد وەکوو سەرۆک کۆماری ئێران وپشتیوانی بێ ئەم لاوئەولای وەلی فەقی، چەکی ناسیونالیزمی ئێرانی بەدەستی دەوڵەتی کودتا نەماوە وتەنیا

چەکی مەزهەبیە کە بۆمانەوە وپاراستنی خۆی کەڵکی باشی لێ وەرگرێ، بەڵام لەویشدا ناکۆکی بەرچاو کەوتۆتە نێو ئاخوندە شیعەکان وئەوانیش بوونەتە دووبەش وناکۆکیەکانیان ئەوەندە گەورەن کە هەرکامیان پاشەکشە بکەن دەبێتە هۆی تێدا چوونیان وئەوەش دەرفەتێکی زۆر زێرینی بۆ گەلانی ئێران هێناوەتە پێش کە بتوانن بە یەکگرتویی وهەوڵ وتێکۆشان بۆ هەتاهەتایە کۆماری ئیسلامی ودەوڵەتێکی لە سەر بنەمای ئاینی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

---

## شانۆگەری مەسخەرەی دڕاندنی وێنەی خومەینی و هەڕەشەی خامنەای

دوا بە دوای خۆپێشاندانی بەرینی خوێندکارانی زانستگاکانی ئێران وبەشێکی زۆر لە خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز لە دژی دیکتاتۆری "ولایت فقیە" کە دامەزرێنەرەکەی خومەینی بوو، دارودەستەی خامنەیی دیکتاتۆر ودەوڵەتی کودتا کە هەستیان بە شکست وسەرشۆری لە حاست هەڵوێستی بوێرانە وژیرانەی خوێندکاران کردووە، کەوتونەتە خۆ وبۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرینترو بێ رەحمانەتر بتوانن خەڵکی ئازادی خوازودێموکراسی خوازسەرکوت بکەن وبۆ ئەو مەبەستە بە سازکردنی شانۆگەرێکی مەسخەرە ولە پێشدا ئامادە کراو وبە نیشان دانی وێنەیەکی دڕاوی خومەینی لە تەلەڤیزیۆنەکانی ژێردەستی خۆیان رووهەڵمالاوانە وبە بێ لە دەست دا بوونی هیچ بەڵگەیە ئەوە وەکوو تاوانێکی گەورە دەدەنە پاڵ خوێندکارانی زانکۆکان وبەو جۆرە دەیانهەوێ هەستی ئاینی لایەنگرانی خومەینی کۆچکردوو هەڵخرێنن وبەوشێوە فەزایی سیاسی ئێران هەرچی زیاتر نیزامی بکەن وبۆ کوشتن وحەزفی نەیارانی حکومەتە نامەشروعەکەیان پاساو بهێنەوە کە بەلی وا "ضد انقلاب داخلی ودشمنان خارجی ولایت فقیە" دەستیان داوەتە دەستی یەکتر بۆ ئەوەی "نظام مقدس جمهوری اسلامی ایران" بروخێنن وبۆیە دەبێ لە دژیان بوەستینەوە وبە هەموو شێوازێک لە ناویان ببەین.

عەلی خامنەایی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە تازەترین قسەکانی دا کە ڕۆژی یەکشەممە بۆکۆمەلێک لە قوتابیەکانی

"ڕشتەی ئاخوندی مەدرەسەکانی قوم" کردی، دیسان دەستی بە هەڕەشە و گوڕەشە لە دژبەرانی نیزامە ناشەرعیەکەی کرد و بەرپرسایەتی دڕاندنی وێنەی خومەینی خستە ئەستۆی کاندیداکانی نارازی لە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ولەو پەیوەندیە دا کوتی: "دڕاندنی وێنەی خومەینی ئاکامی هەڵەی کاندیداکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریە " بە ئاماژە بە درێژە کێشانی خۆپێشاندان ونارەزایەتی کۆمەڵانی خەلکی ڕایگەیاند کە " هەڵبژاردن تەواو بوو، بکشێنەوە دوایە".

خامنەیی لە درێژەی وتەکانی دا کوتی "کاتێک تەواوی مرۆڤە فاسیدەکان لە سەلەتەنەت تەلەب و تودەیی و تەنانەت رەقاسەکان و مەیخورەکانی هەلاتوو لە ولات لە هیندێک کەس پشتیوانی ولاینگری دەکەن،

ئەوانە دەبێ چاویان کراوە بێ وبزانن هەڵبەت عەیبێک لە کردەوەکانیان دا هەیە."خامنەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا کوتی" کۆماری ئیسلامی نیزامیکی خوداییە" وبە ئاماژە بە یەکێک لە ئایاتی قورعان کوتی "بە چاوی خۆتان دەبینن کە چۆن دژبەران لە ناودەچن".

قسەکانی خامنەیی هەرچەند زۆر توند وپڕ لە جنێو وئیهانەت وتۆهمەت بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ترس ودڵە ڕاوکێ و پاڕانەوەشی تێدا بوو، ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا کوتی" نابینن کە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی چۆن تروسکەیان دێ وئامادەن وسەفیان بەستووە، شادن وپێدەکەنن، ئەوانە نابینن، وەخۆوەرنەوە، بزانن کە ئێوە برایانی پێشووی ئێمەن، کەسانێکن کە سەردەمانێک بە خاتری ئیمام دەکەوتنە ژێر بێ ڕێزیش". لە لایەکی دیکەوە ٢٣٢ کەس بە ناو نوێنەری خەڵک لە مەجلیسی کارتۆنی شورای ئیسلامی دا بە بڵاو کردنەوە بڵاوکراوەیەک ئەو کردەوەیان مەحکوم کرد، هاشمی رفسنجانی و محمد خاتمی بۆ ئەوەی لە کاروان بە جێ نەمێنن وخۆیان وەکوو ڕێرەوانی خومەینی بە خەڵک نیشان بدەن ئەو کردەوەیان مەحکوم کرد.

یەکێکی دیکە لە سەرانی دەوڵەتی کودتا عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی کارتۆنی شۆرای ئیسلامی لە دواین دانیشتنی مەجلیس دا وێرای مەحکوم کردنی دڕاندنی وێنەی خۆمەینی، وێرای پێ هەڵکوتن بە سیستمی "ولایت فقیە" هەڕەشەی لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی کرد و کوتی "هەر لە سەرەتاوە ویلایەتی فەقی ئاماژەی هێرشی نەیارانی کۆماری ئیسلامی بووە". سەرجەمی ئەو قسانە وخۆپێشاندان و هەڕەشە وگوڕەشەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی

دەولەتی کودتا لە خوێندکاران وخەڵکی وەزاڵەهاتوو ئەوەیە کە ئەو جارە تەکلیفی خۆیان لە گەڵ زانکۆ و خویندکاران و ماموستایانی نارازی یەکلادەکەنەوە و بە دڵنیاییەوە باس لە شەپۆلێکی تازە لە گرتن وزیندانی کردن وەدەرنان و پاکسازی نێو زانکۆکان بکرێ و نەمایشی دڕاندنی وێنەی خومەینی دەستپێکی ئەو پیلانەیە.

خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی پێی شەرمە باس لە دڕاندن وژێر پێ خستنی وێنەکەی خۆی لە رۆژی ١٣ی جوزەردان دا بکا وباوەر بە خۆی بێنی کە میلیۆنان لە خەڵکی وەزاڵە هاتوو لەو وەزعە چیدی خۆی و نیزامەکەیان گەندەڵەکەیان ناوێ و بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە دەستی تۆڵەی خەڵکی بێ بەش و چەوساوە پەنای بردووتە بەر وێنەی خومەینی ودەیهەوێ بەو تاکتیکە فێڵ بازانەیە سەرانی جولانەوەی سەوز بە تایبەت میرحسین موسوی و مهدی کروبی بە خەیانەت بە رێبازی ئیمام تاوانبار بکا و ئەوانیش وەکوو بەشێکی زۆر لە کەسانی دیکە رەوتی بە ناو" رێفۆرم خوازی" بکێشێتە دادگا وسزایان بدا. لایەنێکی دیکەی ئەو تاکتیکەی دەوڵەت کودتا ئەوەیە کە تەفرەقە و دووبەرەکی لە نێوان لاینگرانی جولانەوەی سەوز و هەموو ئەو گروپ و حیزب وخەڵکانەی کە خوازیاری گۆرانن لە لایەک وئەو خەڵکانەی کە زۆر وشک وتوند و کۆنەپەرەست وخۆیان بە مریدی ئیمامی کۆچکردوو دەزانن لە لایەکی دیکەوە دروست بکەن و شەڕەکە لە خۆیان دوور بکەنەوە.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە تەمەنی ٣٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی و ئەو نەهامەتیانەی کە ئەمرۆ بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتووە بە باشی دەتوانین ئەوە دەرک بکەین کە خومەینی وەکوو دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی وسیستمی ویلایەتی فەقی رۆلی ئەساسی وسەرەکی گێراوە لە بەدبەختی وچارەڕەشی و رۆژ ڕەشی گەلانی ئێران وبۆیە بە باوری من گەلانی ئێران مافی خۆیانە کە لە سەرانی کۆماری ئیسلامی بە خومەینیشەوە لێ پرسینەوە بکەن ولە دادگایەکی ئاشکراو عەلەنی دا ئاخوندە دەسەلاتدارەکانی وڵات بە سزای ئەو هەمووە تاوانانەی کە کردوویانە بگەیێنن. کۆماری ئیسلامی بە هێنانە گۆری ناوی خومەینی بۆ نێو شەڕەکەی لە دژی گەلانی ئێران ڕای وایە کە دەتوانێ پاشەکشە بە ڕەوتی ئازادی خوازی و دێموکراسی خوازی لە ئێراندا بکا وخۆی لە چنگی قین وتورەیی کۆمەڵانی خەڵک ڕزگار بکا.

دروشمەکانی خەڵک کە لە دژی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقی وشەخسی خامنەیی دەدرێن پێچەوانەی خەڵکی بوونی نیزامی ئاخوندەکان دەردەخەن و نیشاندەری ئەو راستیەن کە ئیدی تاریخی مەسرەفی حکومەتی ئیستبدادی مەزهەبی

بەسەر چووە وئیتر خەڵک ئامادە نین لە ژێر ریش و پەشم وعەبای ئاخوندەکان دا داهاتووی رۆلەکانیان تووشی کارەسات و چارەڕەشی بکەن. هیچ دەسەڵاتێکی سەرەرۆ و دیکتاتۆر ئەگەر زۆریش دڕندە بووبێ نەیتوانیوە خۆ لە بەرلافاوی ڤین و تورەیی جەماوەری خەڵک کە خوازیاری گۆران و ژیانێکی ئینسانی و سەردەمیانن رابگرێ و چارەنووسی کۆماری ئیسلامیش لە رێژیمی حەمەرەزا شا باشتر نابێ و ئاخرەکەی جێگای هەر زبڵدانی مێژوویە.

١٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

---

## پرۆژەی بە ناو "کرانەوەی دێمۆکراسی لە تورکیە" وبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی DTP

لە رۆژی ١٠ دیسامبر، رۆژی جیهانی ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مافی مرۆڤ ،دادگای بەرزی دەستوری تورکیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتێکی بە هێزوجەماوەری وقانونی کوردی بە ناو DTP بە بەهانەی بوونی هاوکاری وهاوفکری ئەو پارتە لە گەڵ PKK دەرکرد وهەر جۆرە چالاکێکی سیاسی ئەو پارتە یاساخ کرا و ٣٧ کەس لە رێبەرانی ئەو پارتەش بۆ ماوەی ٥ ساڵ چالاکی سیاسیان لێ قەدەغە کراوتەنانەت ئەحمەد تورک سەرۆکی ئەو پارتە وئایسل توغلوک یەکی دیکە لە ئەندامانی رێبەری ئەو پارتە کە نوێنەری کوردەکانن لە پارلمانی تورکیە مافی پارلمانتاریان لێ ئەستێندرایەوە وسەرجەم پارلمانتارانی سەر بە DTP کشانەوەی خۆیان لە پارلمانی تورکان ڕاگەیاند.

ئەو بڕیارەی بە ناو "دادگای بەرزی دەستوری تورکیە" لە ژێر زەخت و فشاری پارتی دەسەڵاتداروحیزبەکانی دیکەی نژاد پەرەستی تورک دراوە ولە راستیدا بڕیارێکی سیاسیە نەک حقوقی. ئەوە یەکەم جارنیە کە پارتێکی کوردی مافی چالاکی سیاسی لێ دەستێندرێتەوە و تاکوو ئێستا چەندین پارتی دیکەی سیاسی کوردی لە باکوری کوردستان بە فەرمانی دادگای بەرزی ئەووڵاتە بە تاوانی" هاوکاری وهاوسیاسەتی لە گەڵ بە قەولی وان PKK " ی تێرۆریست" هەڵوەشاندونە تەوە.

لە دوای ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە سیاسیەیە خۆپێشان ودژایەتی لە گەڵ ئەو بڕیارە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی باکوری کوردستانی گرتەوە وبە هەزاران کورد ڕژانە سەرشەقامەکان ولە گەڵ پۆلیسی دڕندەی تورک تێک هەڵچوون هاتە ئاراوە و پۆلیسی تورک وەکووپیێشەی هەمیشە یی خۆی زۆر وەحشیانە هێرشی کردە سەرخۆپێشاندەران و بە دەیان کەس بریندار بوون وبە دەیان کەسیش دەسبەسەرکران . پۆلیسی تورک بۆ ترساندن وسەرکوتی رۆلەکانی گەلەکەمان لە باکوری نیشتمانی داگیر کراودا تەنانەت دەرگا وپەنجەرەی ماڵەکانیان دەشکاند وخەڵکیان بە زۆرە ملی لە ماڵان دەهێنایە دەرووبە لێدان وبێ حورمەتی پێ کردن ڕەوانەی گرتوخانەیان دەکردن.

ئەوسیاسەتەی دەوڵەتی تێرۆریستی تورک درێژەی هەمان سیاسەتی تێرۆریستانەی ئەو دەوڵەتەیە کە ماوەی ١٠ ساڵە لە دورگەی ئیمرالی لە دژی بەڕیز ئۆجالان بەرێوەی دە چێ ولەو ماوەیە دا هەوڵی زۆریان داوە کە بە ئەشکەنجەی جسمی و روحی وبە فشاروزەختی لە ڕادەبەدەربۆ سەربە رێزئۆجالان پاشەکشە بە خەباتی ڕزگاری خوازی لە باکوری کوردستان بکەن.

لە لایەکی دیکەوە بە پیلان و هاوکاری دەولەتانی ئامریکا و عێراق و تورکیە لە رێگای سەربازیەوە شەڕی دژی کوردیان لە باکوری کوردستان و لە دژی گریلاکانی PKK لە قەندیل توندترکردووە و بە پەرە پێدان بە هێرشی هەوایی و زەمینی بەختی ڕەشی خۆیان زۆرجارتاقی کردۆتەوە کە بە خۆشیەوە تاکوو ئێستا جگە لە شکست ورووڕەشی هیچیان بە نەسیب نەبووە ولە داهاتووش دا ئەوهەوڵانەیان هەر تووشی تێک شکان دەبێ.

مەسەلەیەکی گرینگ وجێگای تێرامان هەڵوێستی فەرمی دەوڵەتی پرێزیدێنت ئۆبامایە لە مەڕداخستنی DTP کە دەڵێن "ئەوە مەسەلەیەکی ناو خۆیی تورکیەیە" کە ئەوگوتەیە خۆی لە ئاقاری سیاسەتەکانی گوێ نەدان بە پرسی کورد لەو وڵاتە چاولێ دەکرێ و زۆرتربۆ رازی کردن و رەزامەندی تورکیە بەرێوە دەچێ. باشە خۆ DTP رێکخراویکی کوردی قانونیە کە لە تورکیە تێکۆشانی هەبووە و تەنانەت بەرێز ئۆباما لە دژی سپای داگیرکەری تورک نەکردووە. ئەگەر هۆکار، تەنیا کوردبونیان نەبێ، ئەی دەبێ هۆکاری دیکەی داخستنی ئەو پارتە چی بێ؟ پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و بەتایبەت دوای گیرانی بەرێز ئۆجالان زۆر هەوڵی ئاشتی خوازانەی داوە و بە چەندین جار ئاگربەسی یەک لایەنەی ڕاگەیاندووە و تەنانەت بۆ رەزامەندی دەوڵەتی تورکیە و سپای ئەو وڵاتە وبۆنیشاندنی قەستی ئاشتی خوازانەی خۆی تاکوو ئێستا بە ناردنەوەی ٤ گروپی ئاشتی

لە کوردستان و ئوروپاوە هەوڵی چارەسەری سیاسی مەسەلەی کوردی داوە، بەڵام کاتی سەردانی بۆ تورکیە لە گەڵ بەرێز ئەحمەد تورک سەرۆکی ئەو پارتەش چاوپێکەوتنی پێک هێنا. خۆ DTP بە شیوازێکی ئاشتی خوازانەش هەوڵی چارەسەری کێشەی کوردی دەدا و چ شەڕی چەکداری لە دەوڵەتی تورک، نەک هەربە ئامێزی کراوە پشتیوانی لەو هەوڵانە نەکردووە بەڵکوو زۆریش دژایەتی کردووە و هەر وەکوو دیتمان لە دوای چونەوەی دواین گروپی ئاشتی، پێکهاتوولە گریلاکانی PKK و کوردە ئاوارەکانی ئۆردوگای مەخمور لە باشوری کوردستان بۆ تورکیە و پێشوازی میلیۆنی خەڵک لەو گروپانە، میدیا و دەولەت و پارتە نژاد پەرەستەکانی دیکەی تورکیە بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان لە گەڵ ئەو هەوڵە ئاشتی خوازانەیەی کوردان دەربڕی و وڵامی دەوڵەتی تورکیە بە داوای ئاشتی کوردان، گۆرینی زیندانی بەرێز ئۆجالان بۆ شوینێکی ناخۆشترو بەرتەسک کردنەوەی هەرچی زیاتری شوێنی ژیانی و پترخستنە ژێر زەخت وفشاری ناوبراو بووە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە گرتن و زیندانی کردنی سەدان کەس لە ئەندامانی DTP و لە کۆتایش دا بە دەرچونی بریاری قەدەغە کردنی چالاکی سیاسی ئەو پارتە کوردیە، هەموو رێگاکانی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتی خوازانەی کێشەی ڕەوای گەلەکەمانیان داخست و مەیدانی شەڕ و کوشتاریان هەڵبژاردو تەنانەت یەکێک لە جێگرەکانی ئەردوگان داوای دووپاتە کردنەوە قەڵاچۆی کوردانی دەرسیم دەکاو بە شانازیەوە ئەو جەنایەتە وەبیر بیروڕای گشتی بە گشتی و کورد بە تایبەتی دەخاتەوە.

ئاکامی بریاری سیاسی هەڵوەشاندنەوەی DTP تەنیا بەڕووکی کوردەکانی باکورناگرێتەوە و بەڵکوو کاریگەری لە سەر چارەنووسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەبێ و پێویستە لە پلەی یەکەم دا حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی ڕوون و شەفاف و نەتەوەیی لە دژی ئەوکردەوەی دەوڵەتی تورکانی هەبێ و پێویستە کە ئەو بریارە سیاسیەی دەوڵەتی داگیرکەری تورک مەحکوم و شەرمەزرا بکرێ و نابێ وابیربکرێتەوە کە ئەو مەسەلە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نیە و پێیان وابێ کە دووکەڵەکەی ناچێتە چاوی ئەوانیشەوە.

حیزبە سیاسیەکانی کوردی نابێ هەڵوەشانەوەی DTP تەنیا وەکووهەواڵێک لە رۆژنامە وتەلەڤیزیۆنەکانیان دا باس بکەن و بەڵکوو پێویستە هەڵویستی ڕوون وشەفاف بنوێنن و بە ئاشکرا ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی کەمالیزمی تورک مەحکوم وشەرمەزار بکەن. نابێ وجێگای خۆشی نیە کە حیزب سیاسیەکانی کورد ومیدیاکانیان ببنە بلینگۆی

دەولەتی تورکیە و هەوڵە فریو دەرانەکەی دەوڵەتی ئەردوگان بە چارەسەری کێشەی کورد ناوبەرن و قسە بێ بنەما وبێ کردەوەکانی ناوبراو بێ یەک و دووبکەنە سەردێری مانشێتی میدیاکانیان و هەمان لێکدانەوەیان هەبێ کە دەوڵەتی تورک و میدیاکانی تورک لە سەرکێشەی کورد لە باکوور هەیانە. پێویستە کە میدیا کوردیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان زۆرتر گرینگی بە گوتاری کوردی وبە ڕووداوەکانی باکوری کوردستان بدەن وهەوڵ بدەن کە زۆرتر زەقیان بکەنەوە ودەرد وئازارەکانی گەل بە گوێ دونیا بگەیێنن. باس" لە گەڕاندنەوەی ناوی گوندە کوردیەکان وخوێندنی چەند واحیدی زمانی کوردی لە زانستگای تورکەکان نە کرانەوەی فەزای سیاسی تورکیە بە بواری دێموکراتیک دادەنرخێندرێ و نەدەکرێ نێوی چارە سەری کێشەی کورد لە باکوری کوردستان و تورکیە ی لێ بنرێ.

تا ئەوکاتەی کە مرۆڤی تورک بە گشتی و دەسەڵاتدارو پارتە سیاسیەکانی تورکی نەگەنە ئەو قەناعەتە کە بوونی کورد وەکوو نەتەوەیەک لەو وڵاتە قەبوڵ بکەن و بە فەرمی لە قانونی ئەساسی وڵاتدا دانی پێدانەنرێ و هەموو مافە سیاسی و مەدەنیەکانی بە شێوەی قانونی دەستەبەر نەکرێ،باس کردن لە پرۆژەی" بە ناوکرانەوەی دێموکراسی لە تورکیە" شتێکی بێ مانایە وخۆ هەڵخەڵەتاندن نەبێ چ شتێکی دیکە نیە. گەلێکی گەورەی وەکوو کورد بە بوونی حەشیمەتێکی دەیان میلیۆنی لە باکوری کوردستان و تورکیە نابێ مافە سیاسیەکانی خۆی لە وەدەست هێنانی چەند " واحیدی زمانی کوردی لە زانکۆ وبوونی کانالێکی تەلەڤیزیۆنی دا ببینێ و میدیاکانی کوردی بەگشتی و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستانیش لە جیاتی ئەوەی هێندە دەهۆڵ بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەردوگان دەکوتن و بە موناسیبەت و بێ موناسیبەت بە شان و باڵی ئەو وحیزبەکەی هەڵدەلێن، باشترە پشتیوانی راستە و خۆلە داواکانی گەلەکەمان لە باکوری کوردستان بکەن و لەو پەیوەندیە دا لە جێگە و پێگەی نێونەتەوەیی خۆیان بۆ کێشەی کورد لە بەشەکانی دیکە کوردستانیش کەڵک وەربگرن.

١٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## بە بۆنەی ٣٠ هەمین ساڵی داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا لە تاران

لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی بەرامبەر بە ٤ی نوامبری ١٩٧٩ی زاینی گروپێکی توندرەوی ئیسلامی ناسراو بە "خوێندکارانی ڕێرەوی خەتیی ئیمام" دوای نیشان دانی چرای سەوز لە لایەن ئایەتوڵلا خومەینی ڕێبەری تازە بە دەسەڵات گەیشتووی شۆرشی گەلانی ئێران هەڵیان کوتایە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران وبە شێوەیەکی توندوتیژدەستیان بە سەرداگرت وژومارەیەکی زۆریان لە دیپلۆمات و کارمەندانی ئەو سەفارەتەیان بە بارمتە گرت ودوای ٤٤٤ ڕۆژ وتوێژو بێنەوبەرەیەکی دووروودرێژ ٥٢ دیپلۆمات و کارمەندی ئامریکایی دوای زیندان و ئازار وئەزیەت وئیهانەتێکی زۆر ئازاد کران. ئەو کردەوە تێرۆریستیەی کۆماری ئیسلامی لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دونیاوە مەحکوم وشەرمەزارکرا. دەوڵەتی ئیسلامی . ئینقلابی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو پێ وابوو کە ئەوە کردەوەیەکی ئەخلاقی و ئینسانی و ئیسلامی و ئینقلابیە بە جێی گەیاندووە وبەو کردەوەی مستێکی توندی لە دمی "امپریالیزم امریکا" داوە و بە وەهەڵوێستەی "شیطان بزرگ"ی وشیار کردۆتەوە کە ئاکامی پشتیوانی لە "شاە معدوم" چیە وئامریکا دەبێ باجی ئەو سیاسەتەشی بدا.

ئەو ڕۆژە کە لە ساڵنامەی ئێرانی دا بە ڕۆژی "دانش آموز" واتە خوێندکاردەناسرێ لە هەمان کات گرینگێکی سیاسی گەورەشی پێ دراوە وئاخوندە کۆنەپەرەستە دەسەڵاتدارەکانی حاکم بە سەر چارەنووسی گەلانی ئێران ماوەی ٣٠ ساڵە وهەموو ساڵێ لەو ڕۆژە دا بە هەزاران کەسیان لە کچان و کوڕانی خوێندکارو کارمەندانی دەوڵەتی وکرێکاران ودەیان گروپی دیکەی بە ناو "بسیج دانشجو" و هێزەکانی سپا ونیزامی دیکەیان هێناوەتە سەر شەقامەکان وبە دانی دروشمی "مرگ بر آمریکا واسرائیل " بە قەولی خۆیان دژایەتی خۆیان و" ملت همیشە در صحنە "ی ئێرانیان نیشانی "شەیتانی گەورە" داوە وبەوکردەوە قێزەونەیان هەویستویانە بە دونیا بسەلمێنن کە هەموو خەڵکی ئێران لە پشتی جەنابی وەلی فەقی عەلی خامنەیی ڕاوەستاوە و"امت مسلمان" ی ئێران پێشرەوەی دوژمنایەتی کردنی ئامریکا وئیسرائیلە لە دونیا دا.

ئەو شانۆ مەسخەرەیە کە هەموو ساڵی وەرێیان خستووە نەک هەر نیشانەی عەقل و تێگەیشتن لە دونیای مودێرن نیە و نەبووە بەڵکوو ڕاستەوخۆ دژایەتی جیهانی ئازاد و ئەرزیشە دیموکراتیکەکان بووە و ڕاستەوخۆ بە گرەوگرتنی

شعوری خەڵکی ئێران بووە کە ئاخوندەکان بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتی شومیان بە داخەوە تاکوو ئێستاش زۆر بە خراپی بەکاریان هێناوە. رێژیمی دژی ئازادی و کورد کوژی کۆماری ئیسلامی لە دوای هەڵبژاردنی دەوەری دەهەمی سەرۆک کۆماری لە ئێران و بە وکودتا بێ تەقەیەی کە سپای پاسداران کردی بۆ جارێکی دیکە دژایەتی خۆیان لە گەڵ خواستەکانی گەلانی ئێران کە هاوکاری وپەیوەندی دۆستانەی سیاسی ودیپلۆماتیک لە گەڵ هەموو وڵاتانی دونیا ولە سەرەوەی هەمووان ئامریکایە دووپات کردەوە . تاقمی کودتاچی پێ وابوو کە ئەو جارەش وەکوو جارانی پێشووهەر وا بە ئاسانی دەتوانێ حوکمی مل هوڕانەی خۆی بە سەر میلیۆنان لە خەڵکی نارازی ئێران دا بسەپێنێ و بە بێ دەنگی درێژە بە دەسەڵاتی شومی مافیایی رێبەرو دارودەستەکەی بدا.

لە دوای ٤ مانگ کە بە سەرکودتاکەیان دا تێدەپەرێ، سەرەرای لێدان وگرتن وئەشکەنجە زیندان ودەست درێژی جینسی وکوشتن وبێ سەروشوێن کردنی جودا بیران و بە مەحاکەمە کێشانی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە دادگاکانی بە ناو شۆرش دا ونیشاندانی لە تەلەویزیۆنەکانی سەر بە دەسەلاتە دیکتاتۆرییەکەیان هێشتا نەک هەرنەیانتوانیوە دەنگی میلیۆنان خەڵکی نارازی کپ و بێ دەنگ بکەن، بەڵکوو خەڵک هەروا بە گۆرتر وبە بڕواتر بە سەرکەوتن لە بەرامبەریان دا ڕاوەستاون و تەنگیان بە کودتاچیان هەڵچنیوە، تەنانەت رۆژی بە ناو"قدس" کە بۆپشتیوانی بە قەولی خۆیان لە خەڵکی فەلەستین وبۆ دژایەتی "سەهیونیزم"ە دیاری کراوە بوو بە سەحنەی میلیۆنان دژبەری نیزامەکەیان وخەڵک بە دانی دروشم گەلی وەک "مرگ بر دیکتاتور، نه غزه نه لبنان، جانم فدای ایران" کاخی وەلی فەقی وسەرۆک کۆمارە داسەپاوەکەیان لەرزاند و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە سەد ئەوەندەی دیکە لە خۆیان و دەسەڵاتەکەیان بترسن و هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بە هەرشێوەیەک کە بۆیان دەلوێ پێش بە خۆپێشاندان و نارەزایەتی خەڵکی وەزاڵە هاتووبگرن.

لە چەند رۆژی داهاتوو دا نۆرەی یاد کردنەوە ساڵرۆژی داگیرکردنی باڵویزخانەی ئامریکایە کە هەرلە ئێستاوە سەرانی کودتا دەیانهەوێ بەکرێ گیراوەکانی خۆیان لە هەموو شارەکانی ئێران کۆبکەنەوە و ڕەوانەی تارانیان بکەن بۆ ئەوەی هێزی خۆیان نیشانی میلیۆنان کەس لە دژبەرانی نیزامەکەیان لە ناوخۆ ودەرەوە وبە رۆژئاوا بدەن ولە لایەکی دیکەوە کەوتونەوە هەڕەشەو گورەشە وکۆ کردنەوە هێزەکانی سپایی و بەسیجی وچۆماغ بەدەستانی بە ناو "لباس شخصی" بۆ سەرکوت کردنی خەڵک ولە ئێستاوە خەڵک وشیاردەکەنەوە کە نەکەن هەڵەی وا بکەن بکەونە شەقامەکانەوە دروشمی دژی وەلی فەقی ودارودەستە کودتاچییەکەی بدەنەوە. وەلی فەقی لە دوای کودتای

بە پیلان وبەرنامەی بۆ دارێژراوی خۆی و سپای پاسدارانی پارێزەری نیزامەکەی لە تازەترین وتەکانی دا کە رۆژی چوارشەممە بڵاوکرایەوە دەڵێ کە "بردنە ژێر پرسیاری هەڵبژاردن گەورەترین تاوانە".

ئەو قسەی وەلی فەقی بەو مانایەیە کە کەس بۆی نیە دژایەتی بڕیاری ناوبراو بکا ودەبێ هەموو لایەک مل کەچی کودتای خۆی ودار ودەستەکەی بن ودەبێ ئەحمەدی نژاد بە سەرۆک کۆمارقەبوڵ بکەن وهەرکەس ولایەنێک دژایەتی بڕیاری رێبەربکا بە مانای دژایەتی کردن لە گەڵ "دەستوراتی ئیلاهی وئیمام زەمانە". وەلی فەقی دەیهەوێ بەو وتانەی دیسان خەڵک وشیارکاتەوە کە نەکەن لە ساڵرۆژی داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا بڕژێنە سەرشەقامەکان و دروشمی بە پێچەوانەی دروشمەکانی حکومەت بدەن،هەروەکوو چۆن لە رۆژی "قدس" دا لە جیاتی " مرگ بۆ اسرائیل" دروشمی " مرگ بر دیکتاتور ومرگ بر روسیه" کوترایەوە وگەلانی ئێران ئەوەیان بە باشی بۆ هەموو جیهان دەرخست کە دوژمنی ئیسرائیل نین وکێشەی فەلەستینیەکان کێشەیەکی لاوەکیە وچ پەیوەندی بەوانەوە نیە.

کۆماری ئیسلامی لە دوای کودتای هەڵبژاردن کەوتۆتە قەیرانێکی بە تەواو مانا چ لە ناوخۆ وچ لە دەرەوەی سنورەکانی دا و بۆئەوەیکە نامەشروع بوونی خۆی ودژایەتی زۆرینەی هەرە زۆری گەلانی ئێران بشارێتەوە پەنای بردۆتە بەر هیندێک فرت وفێلی بە بڕوای من زۆرتر تاکتیکی. لە لایەک بە وتووێژ کردن لە گەڵ وڵاتانی پێنجی کۆی یەک دەیهەوێ بە دونیا نیشان بدا کە هێشتا هەرلایەنی سات و سەوداو دانوساندنورێکەوتن هەر وەلی فەقی و داروودەستەکەین و هەر ئەوانیشن کە نوێنەرایەتی گەلی ئێران دەکەن وبە قەولی خۆیان ئەوانەی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان نارازین،"هیندێک خەڵکی هەڵخەڵەتاو وفریو خواردووی ساویلکەن کە لە لایەن ئامریکاو بریتانیاوە پشتوانیان لێ دەکرێ ودەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەشی فارسی بی بی سی ودەنگ ورەنگی ئامریکا هانیان دەدەن و ئاژاوە لە ناو خۆی ئێراندا دەنێنەوە، دەنا زیاتر لە " ٢٥.٠٠٠.٠٠٠ لە خەڵکی ئێران دەنگیان بە مەحمودی ئەحمەدی نژاد داوە وناوبراو سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی خەڵکە".

لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بە دەست پێ کردنەوە دووبارەی وتووێژەکان بۆ چارەسەری کێشەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ،هەوڵی کرینی کاتی زۆرتر دەدا وبە هەمان شێوەی پێشوو بە گرتنە بەری سیاسەتی بە ناو دیالۆگ ودانوستاندن لە بیری ئەوەدایە کە سەری ئامریکا و ئوروپاییەکان گەرم بکا وهەر رۆژەی بە بیانویەک هەوڵ دەدا خۆ لە جێ بە جێ کردنی داخوازیەکانی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا بدزێتەوە. دەوڵەتی کودتا بۆ نانەوەی زیاتری ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان وڵاتانی پێنجی کۆی یەک و بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانی بە دانی ئیمتیازی

زۆر بە روسەکان و بە چینیەکان خوازیاری گەورە کردنەوە کەلێنی نێوان ئە وڵاتانەیە بۆ ئەوەیکە نەتوانن کۆدەنگ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لە سەر مەسەلە ناوەکیەکەی بدەن وبەو شێوەیە هەم لە ناڵ دەدا وهەمیش لە بزمار.

کەماسی نەبوونی سیاسەتی یەک دەست وشەفافی ئەندامانی پێنجی کۆی یەک ،کۆماری ئیسلامی هان داوە کە هەروا بە سانایی مل کەچی داخوازیەکانی رۆژئاوا نەبێ وهەروەک دەبینین لە دوای دواین رێککەوتن کە لە نێوان هەر دوولایەنی دانوستاندنەکان لە ویەن ولە ژێر چاوەدێری ئاژانسی وزەی ناوەکی بەرێوە چوو، بڕیار دراوە کە ئێران رێژەی ١٢٠٠ کیلۆگرەم بە ٣ دەرسەد ونیو ڕەوانەی روسیە بکا وتاکوو ئەوان دوای پیتاندن بیکەن بە ٢٠ دەرسەد وپاشان ڕەوانەی فەرانسەی بکەن وداوای ئامادە بوونی ئەو ڕادە یورانیۆمە بۆ بەکار هێنانی راکتۆرە ئەتۆمیەکەی تاران بەکار ببرێ. هەواڵەکان و نیشانەکان نیشاندەری ئەوەن کە ئێران هەروا دەیگنخێنێ وبۆدانی وڵامی دروست کات دەکوژێ وئەو جۆرە گنخاندن وپەشیمان بونەوەیە لە قسەکانی عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ئێران دەردەکەوێ و ناوبراو بە ئاشکرا دژایەتی ئەو رێککەوتنامە دەکاوبەو هەڵوێستەی بە ریشی رۆژئاواییەکان پێ دەکەنێ.

مەسەلەیەکی گرینگ و جێگای سرنج کە جێگای تیرامانە، پەیوەندیەکانی سیاسی و ئابوری و ستراتیژیکی چین و روسیە لە گەڵ ئێران و لە ناوچەکە دایە و ئەو دوو وڵاتە ئامادە نین بەرژەوەندیە زۆرەکانیان کە لە ئێران دەستیان دەکەوێ هەروا بە بێ هیچ پاداش و دەسکەوتێکی لەو گرینگتر لە دەست بدەن و کۆماری ئیسلامیش ئەو راستیە چاک دەزانێ کە بۆ دژایەتی کردنی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا پێویستی بە روس و چین هەیە و بۆ ئەو مەبەستەش دمی روسەکان و چینیەکانی باش چەور کردووە و بۆیە ئەوانیش بەتایبەت روسەکان دژایەتی رۆژئاوا دەکەن بۆ داسەپاندنی گەمارۆی ئابوریی زیاترلە سەر ئێران و لە سیاسەتەکانیان باسی مودارا کردنی زیاتری رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا لە گەڵ ئێران دەکەن.

ئەو سیاسەتەی روسیە بۆتە هۆی تورە کردنی خەڵکی ئێران و هەروەکوو ماوەیەک لەمەوبەر دیتمان ،لە خۆپێشاندانەکانی رۆژی "قدس" یەکێک لە دروشمەکانی خۆپێشاندەران "مرگ برروسیە" بوو. خالێکی گرینگ و بەرچاو لەو کێشە ئەتۆمیە دا، سیاسەتی یەک بام و دوو هەوای رۆژئاواییەکانە کە چەندین ساڵە بۆتە هۆی مل هوڕی کردنی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا ولە راستیدا پشتیوانی ماددی ومەعنەوی کۆماری

ئیسلامی لە گروپە ئیسلامیە رادیکالەکانی ناوچە بۆتە هۆی ئەوەی کە رۆژئاوا دەست بە گۆچان لە گەڵ ئێران هەڵس وکەوت بکا. بە بڕوای من ترسی رۆژئاوا لە تێرۆریزمی ئیسلامی پەروەردەکراوی کۆماری ئیسلامی زۆرمەلموسە و هەر بۆیەش تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ نەک هەر نەیانتوانیوە کێشەی ئەتۆمی ئێران چارەسەر بکەن، بەڵکوو نەیانتوانیوە بە سەر تێرۆریستان لە رۆژهەلاتی ناو وەراست دا سەرکەون. سات و سەودا کردنی رۆژئاوا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ خزمەتی تێرۆر و تێرۆریستان دەکا وکۆماری ئیسلامی شێلگیرتر دەکا لە مەڕدرێژە دان بەو سیاسەتەی کە تاکوو ئێستا بەرێوەی بردووە. شەڕە ناو خۆییەکانی ئەفغانستان و پاکستان لە دژی تالیبان نیشاندەری ئەو پەرێ بێ دەسەلاتێ رۆژئاوایە بەرامبەر بە زاڵ بوون بە سەرئەو گروپانە رادیکالانە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە چەک و پارەیان پێ دەدرێ.

ولاتانی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا دان بەو راستیە دانانێن کە ماکەی سەرەکی ئاژاوەکانی ناوچەکە کۆماری ئیسلامیە و بە پێچەوانەوە پێیان وایە ئەگەرلە گەڵ کۆماری ئیسلامی بە ئارامی هەڵس و کەوت بکەن، ئەوە دەتوانن هەم کێشەی ئەتۆمی ئێران چارەسەر بکەن و هەمیش لەرێگای ئێرانەوە کۆنترۆلی گروپە ئیسلامیە رادیکالەکان بکەن. رۆژئاواییەکان بەو سیاسەتە هەلانەیان خۆیان کۆماری ئیسلامیان هان داوە کە گوێ بە ویست وداخوازەکانیان نەدا و" ئەحمەدی نژاد گوتەنی داسەپاندنی گەمارۆی ئابوری لە سەر ئێران وەکوو بڕیاری شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان ،کۆتە کاغەزێکی بێ ئەرزیش نەبێ، چیدیکە نیە". رۆژئاواییەکان لە لایەک باس لە داسەپاندنی گەمارۆی زیاتری ئابوری لە سەرئێران دەکەن ولە لایەکی دیکەشەوە هەڕەشەی هێرشی نیزامی بۆ سەربنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە بە دوور نازانن وبە قەولی خۆیان بەوکارەیان دەیانهەوێ کۆماری ئیسلامی بترسێن و ناچاری بکەن کە مل بۆ داخوازییەکانیان ڕابکێشێ.

لە بەرچاو نەگرتنی داخوازی میلیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران ونەبیستنی هاواری ئازادی خوازیان لە لایەن رۆژئاواوە ودانوستاندن بۆ بە قەولی خۆیان چارە سەری کێشەی ئەتۆمی ئێران لە گەڵ سەرانی کودتا ،جگە لە دانی مەشروعیەت بە کۆماری ئیسلامی و بە دەوڵەتی کودتا چ ناوێکی دیکەی لێ نانرێ وئەو راستیە بە تەواوی دەردەخا کە رۆژئاواییەکان بە سەرکردەیی ئامریکا جگە لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان چی دیکە نابینن وئامادەن بۆ رازی کردنی کۆماری ئیسلامی بە دەیان ئیمتیازی جۆراوجۆر بدەن بەو دەوڵەتە دژی ئینسانیە.جێگای خۆیەتی کە لە سیهەمین ساڵرۆژی داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا لە لایەن قوڵە چۆماغەکانی بە ناو" خوێندکارانی رێرەوی

خەتیی ئیمام" هەموو گەلانی ئێران یەک دەنگ ویەک دەست وبە رەنگ وسەمبولی خۆیانەوە لە دەرەوە ولە ناوخۆبێنە سەرشەقامەکان ودژایەتی خۆیان لە گەڵ بوونی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا دەرببڕن وبە رۆژئاوا وئامریکا نیشان بدەن کە کۆماری ئیسلامی ودەوڵەتی کودتا نوێنەرایەتی ئەوان ناکاو گەلانی ئێران خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامی وهاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی دێموکرات وفیدرالن. پێویستە ئەو پەیامەی گەلانی ئێران زۆر ڕوون وبە شەفافی بە گوێ رۆژئاوا بە گشتی وئامریکا بە تایبەتی بگا کە خوازیاری ژینێکی ئینسانی و مودێرن و سەردەمیانن و دەستی دۆستایەتی و هاوکاری بۆ هەموو گەلان وولاتانی دونیا درێژدەکەن و کێشەی ئەتۆمی ئێران هیچ پەیوەندێکی بە خەڵکەوە نیە و کێشەی سەرەکی گەلانی ئێران نەبوونی ئازادی و دێموکراسی و داد پەروەریە.

٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

---

## وەزعیەتی کۆماری ئیسلامی دوای ١٧ هەمین ساڵی تێرۆری میکۆنوس

لە ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ لە رستۆرانی میکۆنوسی شاری برلینی ئالمان تێرۆریستەکانی نێردراوی کوردکوژانی تاران دەستی ڕەش و تاوانیان بۆ جارێکی دیکە بە خوێنی سەرکردەیەکی دیکەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هاورێیانی سوور کرد وبە پێی بەرنامە وپلانی پێشتر دارێژراو د.سادق شەرەفکەندی، کاک هومایون ئەردەلان، کاک فەتاح عەبدولی وکاک نوری دهکوردی دۆستی حیزبی دێموکراتیان تیرۆرکرد. تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئیران ئەو تاوانەیان وەکوو تاوانی تێرۆری د.قاسملوو وهاوڕێیانی بۆ نەچوو سەر وسەرەرای هەڕەشە وگوڕەشە بۆ تۆلە ئەستاندنەوە وکردەوەی تیرۆریستانە لە دژی کاربەدەستانی دەزگای قەزایی ئالمان، دوای ٣ ساڵ ونیو لێکۆلینەوەی تێروتەسەڵ وهێنانی دەیان کەس بۆ دادگا بۆ شاهیدی دان، بەرزترین دەسەڵاتدارانی ئەو کات وئێستای کۆماری ئیسلامیان ولە سەرەوەی هەمووان وەلی فەقی سەید "علی خامنەای وهاشمی رەفسنجانی" سەرۆک کۆماری ئەوسای ئێران وەکوو بڕیاردەرانی سەرەکی ئەو تێرۆرە ناسێندران وداوای دەسگیر کردنی "علی فلاحیان وەزیری دەزگای جاسوسی وداپلۆسینی بە ناو" اطلاعات" و" محسن رضایی" بەرپرسی سپای پاسداران و"علی اکبرولایتی" وەزیری

دەرەوی رێژیم کە لە بڕیاردەرانی ئەو تێرۆرە بوون لە لایەن دادگای سەربەخۆی ئالمانەوە دەرچوو. ئێستا کە دوای ١٧ ساڵ دەڕوانینە وەزعیەتی سیاسی کۆماری ئیسلامی لە دوای تێرۆری سەدان تێکۆشەری سیاسی کورد وغەیری کورد دەبینین کە ئاخوندە مرۆڤ کوژەکان سەرەرای سیاسەتی زەبروزەنگ وتیرۆری سەدان کەس لە جیابیرانی نیزامەکەیان نەیانتوانیوە دەسەڵاتی رەشی خۆیان بە سەرگەلانی چەوساوەی ئێران دا داسەپێنن ودەنگی هەڵبراوی ئازادی ودیموکراسی ئەو گەلانە خەفە بکەن.

لە دوای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی توندئاژۆی مەحمودی ئەحمەدی نژادوداروودەستە نیزامیەکەی و بەدەستەوە گرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری وپۆستە گرینگەکانی دیکە بۆ یەکەمین جار،کێشەی نێوان باڵەکانی رێژیم لە سەر دەسەڵات لە لایەک وبەربەرەکانی وخۆڕاگری خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە لایەکی دیکەوە رۆژ لەگەڵ رۆژتوندتر بووە و ئەحمەدی نژاد لە ماوەی ۴ ساڵ سەرۆک کۆماری خۆی دا هیچ دەسکەوتێکی ئەرێنی چ لە سیاسەتی ناوخۆیی وچ لە سیاسەتی جیهانی دا بۆ گەلانی ئێران مسۆگەر نەکرد وبەڵکوو بەردەوام بە گرتن و زیندان وکوشتن وبێ سەروشوێن کردنی دژبەرانی سیاسەتی مستی پۆلاینی بەرێوە بردووە، بە تایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستان زولم وزۆری کاربەدەستان و چەکدارە ئینسان کوژەکانیان چەندین بەرابەرزیادی کردووە و بە دەیان رۆژنامەوان وچالاکی مەدەنی حوکمی ئێعدام وزیندانی دوورودرێژیان بۆ براوەتەوە ورۆژنیە بە بیانوی جۆراوجۆر خەڵکی بێ تاوان نەکوژن ولە راستیدا کوردستان وەکوو وڵاتێکی داگیرکراوهەڵس وکەوتی لە گەڵ کراوە ودەکرێ. لە رادەی جیهانیش دا بە هۆی پێ داگرتن لە سەرسیاسەتی درێژەدان بە بەرنامەی پیتاندنی یورانیۆم و پشتگری گرۆپە تێرۆریستیەکان لە لوبنان و فەلەستین وئەفغانستان وعێراق وداوای سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی دونیا تەریک بوونەوەی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی لێکەوتۆتەوە. لە ٢٢ی جۆزەردانی ئەم ساڵ دەوری دەهەمی سەرۆک کۆماری بە بەشداری چوارپاڵێوراوی لە فیلتێر ڕەدبووی "شورای نگهبان" و لە دوای چەندین بەرنامەی موناقیشەی زیندووی تەلەویزیۆنی لە نێوان کاندیداکان دا لە رۆژی دیاری کراودا بە میلیۆنان لە خەلکی ئێران بۆدەنگ دان بە گۆران چوونە سەر سندوقەکانی دەنگ دان وبە پێی ئامارە دروست وفەرمیەکان "میرحسین موسوی " بە زیاتر لە ٢٠ میلیۆن دەنگی دەنگدەران بە سەرۆکۆمار هەڵبژێردرا.

لە بەرامبەردا و لە دژکردەوەیەکی ترسەنۆکانەدا کاربەدەستانی رێژیم بە ئاگاداری وەلی فەقی دەنگی میلیۆنی خەڵکیان دزی ولە کودتایەکی بێ تەقە دا ئەحمەدی نژادیان وەکوو سەرۆک کۆمار بە سەرگەلانی ئێران دا

سەپاندەوە.

لە دوای ئەو هەڵوێستە بێ شەرمانەیەی کودتاچیەکان بە میلیۆن لە خەڵکی تاران وچەندین شاری گەورەی ئێران ڕژانە سەرشەقامەکان و کودتاچیەکانیان رسوا وشەرمەزار کرد و داوای دەنگی دزراوی خۆیان کردەوە. بۆ سەرکوتی دەنگی میلیۆنی خەڵک ماف خوراو، سپای پاسداران، بەسیج وهەموو ناوەندەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو وەحشیانە کە هەرلە خۆیان دەوەشێتەوە لە بەرچاوی کامێرەکانی ناوخۆیی وجیهانی لە سەر شەقامەکان کەوتنە کوشتنی خەڵک وسەدان کەسیان ڕەوانەی زیندانە مەخۆفەکانیان کرد وئاکامی ئەو کردەوانەیان ئاشکرا بوونی جینایەتەکانیان لە زیندانی "کهریزک" وزیندانەکانی دیکە دا بوو کە چۆن پارێزەرانی ئیسلامی راستەقینە دەست درێژی جینسیان کردۆتە سەر کوڕان وکچانی زیندانی وچۆن بە دەیان کەسیان لە ژێر ئەشکەنجە دا کوشتووە وبێ ناوو نیشان لە گۆڕستانی "بهشت زهرا" لە گۆڕیان خستوون.

وەلی فەقی لە دوای داسەپاندنی ئەحمەدی نژاد بە سەرۆک کۆمارولێکەوتنەوەی نارەزایەتی خەڵک لە هەمبەر ئەو سیاسەتانە، لە نوێژی هەینی تاران بە فەرمی پشتیوانی خۆی بۆ دەوڵەتی کودتا دەربڕی وداوای لە خەڵک کرد کە گوێ ڕایەل بن ودژبەرانی خۆی بە توندی وشیارکردەوە کە نەکا پێ لە بەڕەی خۆیان درێژتر بکەن دەنا دەکەونە بەرغەزەبی ناوبراو. هەروگیفەکانی ناوبراو کاریگەری لە سەر نارەزایەتی خەڵک نەبوو وگەلانی ئێران بۆ مافی زەوت کراویان بە دانی دروشمی "مرگ بر دیکتاتور" وڵامی وەلی فەقی یان دایەوە.

وەلی فەقی لە دواین خوتبەی لە نوێژی تاران بۆ جاری دووهەم وئەوجار توندتر لە جاری یەکەم هێرشی کردەوە سەر خەڵک و دژبەرانی وئەوانی بە ئاژاوە گێروتێکدەر ودژی نیزام ناودێرکرد وخۆی لە گەڵ "امام علی" خستە تەرازویەک وکوتی کە ئەویش وەکوو ناوبراو تاڕادەیەک تەحەمولی بە نیسبەت دژبەران ونەیارانی هەیە وئەگەر نارەزایەتیەکان ئیدامەیان هەبێ وئامانجیان دژایەتی نیزام بێ ،ئەوە بە توندی سەرکوت دەکرێن. وەلی فەقی ودارودەستەکەی باش دەزانن کە گەلانی ئێران چیدیکە کۆماری ئیسلامیان ناوێ وزۆر لەمێژە تاریخی مەسرەفی ڕێژیمەکەیان بەسەرچووە و هەربۆیە بە هەموو شێوازێکی دژی  ئینسانی بۆ مانەوەی خۆیان ودەسەڵاتەکەیان تێدەکۆشن وئامادە نین کە هەروا بە سانایی تەسلیمی داخوازی خەڵک بن.

چەند مانگ پێش هەڵبژاردنی دەوری دەهەمی سەرۆک کۆماری وبۆ ڕاکێشانی سرنجی دەنگدەران بۆ دەنگدان بە بەرەی "ریفۆرم خوازان" وکاندیدای ئەوان " میرحسین موسوی "جولانەوەیەک بە ناوی "جولانەوەی سەوز" هاتۆتەوە ئاراوە کە لە دوای کودتای سپای پاسداران چ لە ناوخۆ وچ لە دەرەوە بە شێوەیەکی بەربلاو خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە وبۆتە دژبەرێکی سەرەکی دەولەتی کودتا.هەرچەند ئامانجی سەرەکی سەرانی ئەو جولانەوەیە تاکوو ئیستاشی لە گەڵ بێ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەبووە ونیە و "میرحسین موسوی" بەردەوام داوای جێ بە جێ کردنی بەندەکانی قانونی ئەساسی دەکا و دژایەتی لە گەڵ مانەوەی وەلی فەقی نیە، بەڵام کودتاچیەیان چاوی دیتنی هیچ جۆرە نەیارێکیان نیە وئەحمەدی نژاد وچەندین ئاخوندی کۆنەپەرەستی ئیمای جومعەی شارە گەورەکانی دیکەی ئێران بە لاسایی کردنەوە لە وەلی فەقی داوای گرتن وسزادانی بە قەولی خۆیان" سەرانی ئاژاوە گێری ئەو خۆپێشاندانە" دەکەن کە مەبەستیان لە "خاتمی، موسوی وکروبی" یە. سەرانی کودتا هەوڵیان داوە هەموو کانالە پەیوەندیەکانی ئەو جولانەوەیە بخەنە ژێر کۆنترۆلی خۆیان ومالپەری "قلم " ی سەر بە " میرحوسین موسوی"یان داخست ولە دواین کردەوەشیان رۆژنامەی "اعتماد" و دەفتەری "حزب اعتماد ملی" "کروبی" یان داخست وبە پێ دواین هەوالەکان وەلی فەقی فەرمانی گرتنی "کروبی" داوە.

کۆماری ئیسلامی خەریکە یەک لە دوای یەک سەری ڕۆلەکانی خۆی پان دەکاتەوە کە زەمانێک سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران وسەرۆکی مەجلیس ودەیان پۆستی گرینگی دیکەی حکومەتیان بەدەستەوە بوو، بەڵام لەبەرنۆکەرسفەتیان ئامادە نەبوون بۆ ساتێکیش پشت لە نیزام و وەلی فەقی بکەن وهەردەم پارێزەری ئەو دەسەڵاتە داپلۆسێنەرە بوون کە ئەورۆ بەرۆکی خۆشیان گرتۆتەوە و وا وردە وردە لە مەیدان دەریان دەکا وبێ گومانیش ئەگەر وەزعەکە لەوە خراپتر نەبێ چاکتر نابێ.

لێرە دا چەندین مەسەلەی گرینگ کە گرێدراوی چارەنووسی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانن جێگای تێرامانن وناکرێ هەروا بێ بەرنامە وبە بێ خوێندنەوەیەکی قوڵ بە سەریان دا تێپەڕ بین وبێ ڕەچاوکردنی سیاسەتی شەفاف ونەتەوەیانە چاولێکەری ڕووداوەکان بین. لە لایەک سیاسەتی خودی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە لە مەڕپەرەپێدانی سیاسەتی بە بەسیج وجاشێتی کردنی خەڵک لە کوردستان وهەرچی زیاتر نواندنی زەبروزەنگی چەکدارەکانی رێژیمە کە پاش ۳۰ ساڵ لە دوای فەرمانی خومەینی لە کوردستان هەروا درێژەی هەیە. سیاسەت وهەڵویستی کۆماری ئیسلامی بۆ کورد ڕوونە وتاکوو ئەو رێژیمە لە سەر دەسەڵات بێ ،کورد لە رۆژهەڵاتی

کوردستان چاوی بە کەمترین مافی ئینسانی وسیاسی خۆی ناکەوێ ونەمانی ئەو ڕێژیمە زۆر لە بەرژەوەندی کورد دایە. هەڵبەت نەمانی ئەو نیزامە تیرۆریستە تەنیا لە بەرژەوەندی کورد لە رۆژهەڵات نیە بەلکوو بە قازانجی بەشەکانی دیکە کوردستانی داگیرکراویشە. بە نەمانی کۆماری ئیسلامی، گەلەکەمان لە باشوری کوردستانیش دوژمنێکی گورگ سفەتی لە پێستی مەڕداخۆحاشاردراوی لە کۆڵ دەبێتەوە ودەستی تێرۆریستانی سەربەکۆماری ئیسلامیش بۆ سەر کوردستان وعێراق بۆ هەمیشە کورت دەبێتەوە وحکومەتی هەرێمیش راشکاوەنەتر وئازایانەتر دەتوانێ هەڵویست بگرێ و سیاسەتەکانی خۆی بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان دیاری بکا.

نەمانی کۆماری ئیسلامی بۆناوچەکە ودونیاش هەرقازانجی هەیە وجیهان دەوڵەتێکی تێرۆریست وتێرۆریست پەروەری گەورەی لە کۆڵ دەبێتەوە وگەلانی لوبنان وفەلەستین وئیسرائیل زۆرلە ئاشتی وپێکەوە سازان نزیکتر دەبنەوە.

لایەنی دیکەی گرینگ بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناسینی وردی سیاسەتەکانی "جوڵانەوەی سەوزە" کە دەبێ بە وردبینی وتێبینی زۆرەوە هەڵس وکەوتیان لە گەڵ بکرێ. ئەوەی کە دەمراستانی ئەو جولانەوەیە لە مەڕ مافی گەلانی دیکەی ئێران چ لە ناو خۆ وچ لە کۆرو کۆبونەوەکانیان لە وڵاتانی ئوروپایی بە تایبەت لە پارلمانی ئوروپا دەڕیان بڕیوە بە داخەوە هەمان عەقلیەتی جارانە، بەو جیاوازییە کە ئەوان مافی خوێندن بە زمانی زگماکی لە ناوچە بە قەولی خۆیان "قومی" کیان قەبوڵ دەکەن، لە گەڵ دانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئیداری بە خەڵکانی ناوچە غەیرە فارسەکان.

تێرۆانینی ئەوان بۆ مافەکانی گەلانی دیکەی ئێران هەروەک ماف وئەرکی باب وکوڕ وایە کە دەبێ کوڕ گوێ رایەڵی بابی بێ ولە قسەی بابی دەرنەچێ. بە بڕوای من کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وبە تایبەت حیزبە سیاسیەکان وچالاکانی سیاسی ومەدەنی ناوخۆی کوردستان وئێران نابێ هەروا بە چاو بەسراوەیی وەدوای سیاسەتەکانی جولانەوە سەوز بکەون. جولانەوەی سەوز لە پێش هەموو شتێکدا نمادی شێعەی پەیرەوەی ئیمام حوسێنە کە ئالاکەشیان هەر تەعبیر لەوەدەکا ولە راستیدا داواکانیشیان زۆر رەنگی میلی ـ مەزهەبی پێوەیە، تاوەکوو دامەزرانی سیتمێکی دێموکراتیک وفێدراڵ لە سەر ئەساسی نەتەوەیی وجوغرافی بۆ داهاتووی ئێران.

من ڕام وایە کە پێویستە داخوازەکانی گەلەکەمان بە شێوەیەکی روون وشەفاف وبە بێ دوودڵی لە گەڵ سەرانی

جولانەوەی سەوز باس بکرێ وئێمەی کورد نابێ بە بێ هێچ جۆرێک ببینە پاشکۆی ئەو جولانەوەیە و ئەگەر بە وریایی سیاسەتی لە گەڵ نەکەین ڕەنگ بێ ئامانجیان بەکار هێنانی ئێمەی کورد بێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە داهاتووی ئێران. بە بڕاوی من کێشەی نێوان باڵەکانی ڕێژیم لە داهاتوو دا کەلێنی زۆر گەورەتری لێ دەکەوێتەوە ئەگەر "موسوی وکروبی" بکەونە زیندانەوە مەرحەلەیەکی نوێ لە بەربەرەکانی نێوان خەڵک ودەولەتی کودتا دێتە ئاراوە. ئاگەر دەوڵەتی کودتا بتوانێ لە کورت خایەنیش دا بە گرتن وزیندانی کردنی سەرانی جولانەوەی سەوز ئەو جولانەوە لە ناو خۆ لاواز بکا، بێ گومان ناتوانن لە ناوی بەرن، چونکە لە دەرەوەی وڵاتیش بە سەدان کەس هەن کە خۆیان بە بەشیک لە وجولانەوە دەزانن. مەسەلەیەکی زۆر گرینگ کە نابێ لە بیرمان بچێ و لەوخۆپێشاندانەی دەرەوەی وڵاتیش ولە ناخی جوڵانەوەی سەوزیش دا رەنگی داوەتە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی فارس بە هێزە وئامانجیشی یەک ڕەنگ کردنی ئێرانە لە بواری نەتەوەییەوە وهەڵ کردنی ئاڵای "شیروخورشید" وبەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنەکانی بەشی فارسی دەنگی ئامریکا وبی بی سی فارسی وتەحلیل گەرەکانیان بە تەواوی راستی ئەو بۆچوونە دەردەخا.

هیچ باسێک لە فرە نەتەوە بوونی ئێران لە ئارادانیە، وەکوو ئەوەی هەرتەنیا لە ئێراندا فارسی تێدا دەژی وقوربانیەکانی دەستی دەوڵەتی کودتاش هەرلەوانە. لە ٢٨ی گەلاوێژی ئەم ساڵداوله ٣٠ هەمین سالڕۆژی دەرچوونی فەتوای خومەینی بۆ قەڵاچۆکردنی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە هێرشی دڕندانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند ناوچەی جیاجیای کوردستاندا ١١ کادروپێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید کران بە بێ ئەوەی دوژمنی داگیرکەر زیانێکی بەرکەوێ. ئەو مەسەلە راستێکی حاشا هەڵنەگری بۆ هەمووان دیسان خستەوە ڕوو وئەوویش ئەوەیە کە بۆ کۆماری ئیسلامی هیچ جیاوازی نیە کە رۆلەی کورد ئەندام کام حیزب و رێکخراوی سیاسی بێ، بۆ کۆماری ئیسلامی هەموویان دوژمنن ودەبێ لە ناو بچن. هیندێک لە حیزبەکانی رۆژهەلات بە داخەوە ئامادەن کە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کە دوژمنی سەرەکی نەتەوەکەیان دابنیشن، بەڵام ئامادە نین لە گەڵ هاوخوێن و هاو زمانی خۆیان کۆببنەوە ویەک دەنگ ویەک براو بەرەو ڕووی داگیرکەرببنەوە. ئەو جۆرە بۆچونە و هەڵس و کەوت کردنە جگە لە زیان گەیاندن بەرژەوەندی نەتەوەییمان هیچ قازانجی دیکەی نیە و تەنیا و تەنیا دوژمن خێری لێ دەبینی.

ئێران لە بەردەم ئاڵ وگۆردایە وتەکانێکی بە هێزی یەک گرتوانەی دەوێ تاکوو رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەکوو

ڕێژیمی حەمە رەزا شا بۆ هەمیشە بکەوەیتە نێو زبڵدانی مێژوو. جێگای خۆیەتی کە لە ۱۷هەمین ساڵی تێرۆری سەرکردەی لێوەشاوە وئازا د.سادق شەرەفکەندی وهاوڕێیانی هەردووک حیزبی دێموکرات بۆ شاد کردنی ڕووحی ئەو وشەهید د.قاسملوو وهەموو شەهیدانی دیکەی کوردوکوردستان دەست پێشخەری بکەن بۆ ئاشتبوونەوە ووەلانانی کێشەی لاوەکی بێ مانا ودەست وپێ گر.

با حیزبی دێموکراتی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو کردەوە ئازایانەیان ببنە سەرمەشق وریێ نیشاندەری هەموو ئەو حیزب وسازمانانەی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان کە هەرکامیان بونەتە چەند پارچە.
وەدەست هێنانی ماف وئازادی بە دروشمی زل وبێ پرۆژە وخۆهەڵکێشان وەدی نایە، بەڵکوو تەبایی ویەک ڕیزی ورێزگرتن لە یەکتر وبوونی رووحێکی کوردانە لە خەبات وبەرخۆدان دا، لە ژێر دەستی وبێ مافی ڕزگارمان دەکا.

۱۵ی سێپتەمبەری ۲۰۰۹

## بە بۆنەی ۳۰ هەمین ساڵی فەتوای خومەینی

لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ی هەتاوی ئایەتوڵلا خومەینی رێبەری نوێ بە دەسەلات گەیشتووی ئێران کە ئاخوندێکی کۆنە پەرەست بوو بە فەرمانێک کە لە ڕاگەیەنە رەسمیەکانی ولات دا بلاو کرایەوە بە فەرمی حوکمی جیهادی بۆ سەرگەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ڕاگەیاند و ڕشتنی خوێنی مرۆڤی کورد وکاوڵ کردنی زیدونیشتمانی بە حەلاڵ زانی وهەر دوا بە دوای دەرکردنی ئەو فەتوایە بە هەزاران پاسدار وبەسیجی بۆ بە جێ گەیاندنی فەرمانی ئیمامی مەزنیان ڕوویان لە رۆژهەلاتی کوردستان کرد وئەوەی ناپاکی وخەیانەت وجەنایەت بوو دەرحەق بەو گەلە مەزلوم و بێ بەشە و بەشداربووە لە ئینقلاب دا کردیان وزۆر دڕندانە وێنەی مۆغۆلەکان سەدان کوردیان لە ناوشاری نەغەدە دا قەلاچۆکرد وبە دەیان کەسی دیکەیان لە گوندەکانی قارنێ ،قەلاتان، قەرەگۆڵ، سەوزی، سەرچنار ودەیان شوێنی دیکەی کوردستان مەزلومانە ولەوپەڕی بێ دەسەلاتی دا شەهید کرد. بە سەدان کەسیان ڕەوانەی گرتوخانەکان کرد ولە وێشەوە جەنازەی ئەشکەنجە کراو ئاژنی ئاژنی کراوی سەدان کەسیان تەحویلی

بنەماڵەکانیان دایەوە وئیستاشی لە گەڵ بێ زۆرترین ڕێژەی زیندانیەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردان پێک دێ ولە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵە دا کوردستان ماتەم بار ورەش پۆش بووە.

لە دوای ٣٠ ساڵ بە سەردەرچوونی ئەو فەتوایە،سیاسەتەکانی دەوڵەتی نەتەوەی دەسەلات دارهەروا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە وئێستاش ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەزاران بەکرێ گیراوی لێ مۆڵ دراوە کە ڕۆژ نیە خوێنی مرۆڤی کورد بە بیانوی جۆراوجۆر نەرێژن وبەندیخانەکان پرن لە گەنجانی کورد کەجگە لە ئازادی وژیانێکی ئینسانی داوایەکی دیکەیان نیە. ئێمە ناکرێ هەروا بە سادهیی لەو مەسەلە بگوزەرێن وپێمان وابێ کە ئەوە هەڵەیەکی ڕێبەری ئاینی وڵات یان حکومەتی کاتی ئەو سەردەم بووە. لە ڕاستیدا ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژەی هەمان سیاسەتی ڕەزاخان و مەحەممەد ڕەزاشای پەهلەوی بوو کە ئامانجیان دروست کردنی یەک میللەت ویەک دەولەت ویەک ئاڵا بوو. کەوابوو دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەرلە هەوڵ ڕۆژی دامەزرانیەوە تاکوو ئەمرۆ نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی فارسی کردووە کە لە قالبی "ئوممەتی ئیسلامی " وبە ناوی ئەوەی کە "هەمووماں موسولمانین وئێرانین" سیاسەتی کردووە وبۆ سڕینەوە ناسنامەی گەلانی دیکەی غەیری فارس وبە تایبەت کورد لە ئێران دا تێکۆشاوە و وەکوو داگیرکەرهەڵس وکەوتیان کردووە.

ئەوان هیچ کات کوردیان بە بەشێک لە خۆیان وتەنانەت لە ئێران حیساب نەکردووە وبۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو شێوازەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد کەڵکیان وەرگرتووە. لە یەکەم هەنگاو دا، نەک لە قانونی ئەساسی ئێران دا هیچ جێگایەک بۆ کورد وگەلانی دیکەی غەیری فارس دیاری نەکراوە، بەڵکوو هەر حیسابی مرۆڤیشیان بۆ نەکراوە و وەکوو ئاژەڵ هەڵس وکەوتیان لە گەڵ کراوە. ئێمە تەنیا لە گەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرەف نین ، بەڵکوو لە گەڵ کولتورێکی خۆداسەپاو وداگیرکەر وزۆر ڕاسیست بە ڕەو رووین کە لە قالبی ئێران وئێرانی دا پێناسە بۆ ئەو وڵاتە لە نێو خۆ ولە دەرەوەی سنورەکانی دەکا وئێستاشی لە گەڵ بێ ئێرانی یانی فارس وکە باسی ئێرانیش دەکرێ یان دەسەڵاتی فارس ،یان بە وتەی پان ئیرانیستەکان " وڵاتی پارس".

ئەو ڕوانگەیە تەنیا لە نێو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا بەدی ناکەین بەڵکوو لە نێو خەڵکی ئاسایی سەرکوچە وشەقامیش دا هەر دەبینرێ وهەرکە باس لە کورد ومافەکانی دەکرێ، دەستەوبەجێ وشەی "جیاوازی خوازی" لە زاریان دێتە دەر، وەکوو ئەوەی کە کوردستان ملکی باب وباپیریان بێ کە ئیزن بە خۆیان دەدەن لە

جیاتی کورد بیربکەنەوە ولە جیاتی کورد بڕیاربدەن. ئەوان کورد بەوە تاوانبار دەکەن کە گۆیا دەیهەوێ "ئێران تەجزیە بکا" ئەوە لە حالێکدایە کە ئەوان داگیرکەرن وکوردیش وەکوو نەتەوەیەکی زێدونیشتمان داگیرکراوبەرگری لە مان وبوونی خۆی کردووە ودەیکا وهیچ کاتیش هێرشی نەبردۆتە سەر شارێکی فارس وتورک نشین وهیچ کاتیش ئیدعای خاکی هیچ کامیانی نەکردووە. ئەو شێوازە بیرکردنەوە وسیاسەت کردنە زۆرلە نێو بە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران دابەهێزە وبە راست وچەپ وئیسلامی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاوڕان. ئێستاشی لە گەڵ بێ یەک بە ناو لەو حیزبە دیموکرات وچەپ وپێشکەوتن خوازانە نوسراوەیەکیان لە مەڕ مەحکوم کردنی فەتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەرنەکرد وبۆیەک جاریش نەمان دیت و نەمان بیست کە تەنانەت کەسایەتێکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی فارس لە سەر کورد وداوا ڕەواکەی هەڵوێستی گرتبێ و وێنەی "د.ئیسماعیل بێشکچی" لە سەرکورد تووشی گیران وزیندان بووبێتەوە.

زۆر لە ئەحزابی بە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" کۆماری ئیسلامی حەز ناکەن کە کۆماری ئیسلامی بە هەر قیمەتێک برووخێ وزۆرینەیان دژی هێرشی نیزامی ئامریکان بۆ سەرپێگە ئەتۆمییەکانی ئێران ودژی ڕووخاندنی ڕێژیمن لە ڕێگای بەکار هێنانی هێزی سەربازی.

ئەو هێزە بە ناو سەراسەرییانە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک جۆرج بوش دا بە ئاشکرا دژایەتی سیاسەتەکانی ئامریکایان دەکردو لە ئاکامیش دا دیتمان کە هەوڵەکانیان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بوو. ئەو شێوازە سیاسەت کردنەش لەبەر دڵسۆزی ئەوان بۆ ئێران و گەلانی ئێران یان بە قەولی خۆیان "ملت ایران" نیە وبەڵکوو لەوەی دەترسێن کە "ئێرانی ئازیزیان" کە بە مل هوری وبە زەبرزەنگ بە یەکەوە لکاوە لە بەریەک هەڵوەشێ وئێران بە قەولی وان ببێتە "یوگوسلاوی" دووهەم. ئەوان باش دەزانن کە کورد هێزی ئەو جولان وئاڵ وگۆڕەیە وبۆیە پێیان خۆشە کوێربن بەڵام کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە وێنەی باشور نەبێتە خاوەن جێگە وپێگەی خۆی. ئاخر ئەو بە ناو "دێموکرات وپێشکەوتن خوازانە" کە ساڵانێکی زۆرە لە ئوروپا وئامریکا دەژین، هێشتاش لە باری فکریەوە هەر لە سەردەمی چەنگیزخان دا دەژین وهیچیان بە دەست نیە هەڕەشە وگوڕەشە دەکەن وتەنانەت ئامادەن لە کاتی هێرشی ئامریکا بۆ سەر ئێران بگەڕێنەوە و شان بە شانی پاسدارانی جەهل ونەزانی لە سەنگەرێکدا شەڕێ ئامریکا بکەن، تەنیا بۆئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران یان باشتر بلێم ناسیۆنالیزمی فارس کە چەندین سەدەیە بێ وچان دەسەلاتداری یەکەمی ئێرانە تێک نەشکێ ودوچاری شکست وسەرشۆری نەبێ. بە ڕای من

پێویستە ئێمە خەباتەکەمان تەنیا وتەنیا بە ڕەورووی کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕێژێمێکی سەرەڕۆ و تێرۆریست نەبێ، بەڵکوو دەبێ تەکلیفی خۆمان لە گەڵ ناسنامەی ئێرانی بوون کە بە زۆر بە سەرمان داسەپاوە وبە داخەوە تاکوو ئێستاش لە سەرمان بۆتە ماڵ یەکلا کەینەوە.

ناسنامەی ئێرانی بوون هیچ پێناسەیەکی ئێمە وەکوو نەتەوە ناکا وهیچ مافێکمان پێ ڕەوا نابینێ جگە لە کۆیلەتی. قەیرانی ئێمە قەیرانی ناسنامەمانە کە لە ژێر پەردەی ئێرانی بوون دا هەوڵی سڕینەوەیان داوە ودەیدەن. باشە ئەگەر ئێمەش هاوولاتێکی ئێرانین بۆچی هیچ مافێکمان نیە؟ ئەوە چ ئێرانی بوونێکە کە ئێمە وەکوو ڕەش پێستەکانی ئافریقا کە لەلایەن سپی پێستەکانەوە دەچەوسێنرانەوە دەچەوسێینەوە وئاپارتایدی نژادی لە بەرامبەرمان بەڕێوە دەچێ؟ بۆچی غەیری فارسێک بۆی نیە ببێتە ڕێبەر یان سەرۆک کۆمار؟ بۆچی دەبێ زمانی داگیرکەر زمانی پەروەردە بێ و منداڵی کورد بە کولتوری فارس پەروەردە بکرێ ؟ ئایا ئەوە تەنیا خەتای کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو حکومەتێکی سەرەڕۆ ودیکتاتۆرو مەزهەبییە کە ئێمە لە مافەکانمان بێ بەش کراوین ،یان نەخێرئەوە کولتوری زاڵی دەسەڵاتە کە نوێنەرایەتی فارسەکان دەکا وبە هەر ڕەنگ وشیواز ورووخسارێک بێ هەر دژایەتی کورد دەکا؟ کوردستان وڵاتێکی کۆلونیزە کراو و داگیرکراوە و بۆیە ئێمەی کوردیش دەبێ هەر بەو ڕوانگەوە سەیری زێد و نیشتمانمان بکەین و دەبێ ئامانجمان چارە سەری یەکجاری کێشە بێ نەک کەم کردنەوە ئێش و ئازارەکە بە شێوەی کاتی، تازەی ئەگەرڕێگای ئەوەندەشمان پێ بدەن!

کۆماری ئیسلامی لە دوای تێپەڕینی ٣٠ ساڵ بە سەرئەو فەتوایە دا نەک هەوڵی نەداوە لە ئێش وئازارەکانی گەلی کورد کەم بکاتەوە وداوای لێ بوردن لە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا، بەڵکوو لە وەتی مەحمودی ئەحمەدی نژاد بۆتە سەرۆک کۆمار زۆردڕندانەترلە پێشوو لە دژی گەلی کورد جوڵاونەتەوە وکوردستان هیندەی دیکە سیاسەتی ژێنۆسایدی لە سەر بە ڕێوە دەچێ. ئێمە لە دوای ٣٠ ساڵ فەتوای خومەینی بۆ سەرگەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نەمان توانیوە کە ئەو هێرشە دڕندانەیە وەکوو ژێنوسایدی گەلەکەمان لە لایەن نەتەوەی دەسەلات دار بە دونیا بناسێنن وهەر بە دەرکردنی بەیاننامەیەک وئەگەر جاروبارێش بووبێ بە ڕێک خستنی وتووێژ وسمینارێک ئەویش لە نێوخۆمان و بۆخۆمان قەناعەتمان کردووە و بۆ ناساندنی ئەو تراژیدی نەتەوەییە بە جیهان کۆتاییمان کردووە. زەق کردنەوە وبە دوادا چوون وناساندنی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە کە دەرحەق بە گەلی کورد کراوە و داوای سزادانی تاوانباران و ناساندنی بڕیاردەران وبەڕێوەبەرانی بە هەموو دونیا دەبێ بکرێ

بە ئەرکێکی نیشتمانی ،بە تایبەتی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پێویستە بۆ ئەو مەبەستە بەرنامە وپلانی رێک وپێک و هاوبەش دابنێن وچالاکانی مەدەنی وروناکبیرانیش دەوری خۆیانی تێدا بگێرن.

ئەوەیکە هەر حیزب ولایەنێکی سیاسی وکۆمەلایەتی بۆ خۆی بەیاننامەیەک دەربکا وخۆی بە ئارەزووی خۆی ناوێک بۆ ئەو رۆژە دیاری بکا هیچ خزمەتێک بە گەلی کورد ناکا ولە ئاکام دا وەکوو سیاسەتی سەرلێشێواوی حیزبەکانی لێ دێ لە مەڕ بەشداری کردن یان نەکردن لە هەڵبژاردەنی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا. ئێمەی کورد پێویستیمان بە کۆدەنگی هەیە وئەو رووداوە مێژوویە مێژووی هیچ کام لە حیزبەکان بە تایبەتی نیە وهیچ حیزبێک بۆی نیە بە تەنیا خۆی بکا بە خاوەنی وپرۆپاگەندەی حیزبی پێوە بکا. ئەوە چارەنووسی گەلی کوردە وهەموو تاکێکی کورد دەبێ خۆی لێ بە بەرپرسیاربزانێ.

لە مێژووی مرۆڤایەتی دا زۆر ڕووداو ڕووی داوە کە بۆ گەل یان گەلانێکی سەرگۆی زەوی بۆتە هۆی دروست کردنی ناسنامە، نموونەی زەق وبەرچاوی قەتلە عامی یەهودییەکان بە دەستی فاشیستەکانی ئالمانی هیتلێری بوو کە بە "هۆلۆکاست" ناسراوە، ئەوە بۆ یەهودیەکان ببوبە هۆیەت ولە ئاکامدا دا دامەزرانی دەولەتی ئیسرائیل. یەهودیەکانیش ئەو کات کە کەوتنە بە سیاسەتی ژێنۆسایدی ئالمانی نازی شاروەندی ئالمان ،فەرانسە ولەهێستان و باقی ئەو ولاتانەی دیکە بوون کە ئالمانی هیتلێری لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا داگیری کردبوون.

نمونەی دیکەی زیندووی ژێنۆسایدی نەتەوەیی گەلانی ژێردەست وچەوساوەی قەلاچۆی موسولمانانی کۆسۆڤۆ بە دەستی سێربەکانە کە لە ناو دلّی ئوروپای پێشکەوتوو ڕووی دا وبە هەزاران موسولمان کوژران وئاکامەکەشی بە هۆی خۆراگری وپێداگری ئالبانیەکانی کۆسۆڤۆ وحیزبەکانیان بە کەمتر لە سەربەخۆی رازی نەبوون وقەلاچۆی گەلەکەیان کردە ستیراتیژی دامەزرانی دەولەتی نەتەوەیی بۆ ڕزگار بوون لە دەستی سیربەکان.هەروەهاقەتلە عامی دانیشتوانی " تەیموری شەرقی" بە دەستی دەوڵەتی موسولمانی ئەندۆنێزێ دواین نمونەی زیندووی قەلاچۆی نەتەوەییە کە لە ئاکام دا بوو بە هۆی سەربەخۆیی ئەو دوورگە چکۆلەیە ورزگار بوونی لە دەستی ئەندونێزی داگیرکەر. لێرە دا جێی خۆیەتی لە خۆمان بپرسین کە ئایا فەتوای قەلاچۆ کردنی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و سیاسەتی ژێنۆسایدی ئەوە گەلە کەمترە لەو تاوانانەی کە دەرحەق بە گەلانی کۆسۆڤۆ وتەیموری شەرقی کراوە؟ ئایا حەشیمەت وپانتایی کوردستان وگەلەی بە سەدان بەرابەری ئەوان نیە؟ ئەوان توانیان یەک

دەنگ ویەک هەڵوێست قەلاچۆی نەتەویی بکەن بە ناسنامەی ڕزگاربوونیان لە دەستی داگیرکەری خوێنرێژ وبۆ هەتاهەتا کۆتایی بە رەنج وئازارەکانیان بێنن.

تۆ بلێی ئێمە ی کورد چمان لەوان کەمتربێ ئەگەرکۆک وتەبا بین وئامانجمان تەنیا وتەنیا ڕزگاری کوردستان لە دەستی داگیرکەران بێ ودەولەتی سەربەخۆئامانجی نەتەوەییمان! با لە ٣٠ ساڵی فەتوای رێبەری دەولەتی داگیرکەردا ئامانجمان وخەباتمان لە پێناو دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەییمان دابێ وهەوڵمان ئەوە بێ کە منداڵەکانمان لە کۆل ناسنامەی بە زۆر داسەپاوی "ئێرانی " بکەینەوە وفەخروشانازییان کورد بوونیان بێ.

١٢ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

---

## هەڵسەنگاندنی قسەکانی ئایەتوللا خامنەیی لە نوێژی هەینی تاران

حەفتەیەک دوای ئالۆزیەکان وخۆپێشاندانەکانی میلیۆنی خەڵکی تاران وشارە گەورەکانی دیکەی ئێران وکوژرانی ژمارەیەک خەڵکی بێ تاوان بە دەستی ئینسانە کوژەکانی کۆماری ئیسلامی وگرتنی سەدان کەسی نارازی کە لە ئاکامی فرت وفێل و کودتای دارودەستەی وەلی فەقی هاتە ئاراوە، ئایەتوڵا خامنەیی لە نوێژی هەینی تاران قسەی یەک لاکەرەوەی کرد وتۆپەکەی هاویشتەوە ناو مەیدانی کاندیداکانی نارازی ومیلیۆنان خەڵکی وەزاڵە هاتوو. ناوبراو کە قسەکانی بە سەر سێ تەوەردا دابەش کردبوو لە تەوەری یەکەم دا ڕووی لە خەڵکی ئێران کردو دوای سپاسی بەشداری ٤٠ میلیۆنی خەڵک لە هەڵبژاردن دا ئەو بەشدارییەی بە "پشتیوانی خەڵک لە نیزامی کۆماری ئیسلامی پێناسە کرد وئەو بەشدارییە بەرینەی بە" جولانەوەیەکی گشتی بۆنوێ کردنەوەی بەیعەتی خەڵک لە گەڵ ئیمام وشەهیدان وتازە کردنەوەی نەفەسێکی نوێ بۆ کۆماری ئیسلامی لێکدایەوە". لە تەوەری دووهەمی دا دەڵی " ئەگەر خەڵک لە ناو خۆی وڵات بە داهاتوو هیوادار نەبن وبڕوایان بە نیزام نەبێ، ئەگەر هەست بە ئازادی نەکەن لە هەڵبژاردن دا بەشداری ناکەن. باوەڕ بوون بە نیزامی کۆماری ئیسلامی شتێکی ئاشکرایە".

لە بەشی دووهەمی تەوەری قسەکانی عەلی خامنەیی سەرەرای ئاماژە کردن بە ڕووبە ڕوو بوونەوەی کاندیداکان لە تەلەویزیۆن دا، هەموویانی بە بەشێک لە نیزامی کۆماری ئیسلامی زانی وکوتی کە کۆماری ئیسلامی وێرای بوونی سەلیقەی جیاواز یەک پارچەیە وبۆدڵ دانەوەی "هاشمی رەفسنجانی" ناوبراوی بە دۆستی خۆی وبە خزمەت گوزاری نیزام ناوبرد و بە کەسێکی پاکی ناوزەد کرد.هەروەها کوتی کە من لە هیندێک بابەتەوە لە گەڵ " آغای هاشمی" جیاوازی بۆچوونمان هەیە، بە لام بۆچوونەکانی سەرۆک کۆمارلە هی من نزیکترە. ناوبراو "هەڵبژاردنەکەی بە هەڵبژاردنێکی پاک وبێ "تقلب" وەسف کرد و بە دوور لە فرت وفێل وساختەچێتی باس کرد وکوتی کە خەڵک دەبێ دڵنیا بێ کە کۆماری ئیسلامی خەیانەت لە دەنگی خەڵک ناکا". وەلی فەقی بە ئاشکرا پشتیوانی لە ئەحمەدی نژاد کرد وڕایگەیاند کە لە سبەی را هەر کەس خۆ پێشاندان بکا، بەرپرسایەتی وئاکامەکانی دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی کە رێکی دەخەن وخەڵک هان دەدەن بۆ خۆ پێشاندان. ئەو ڕایگەیاند کە هەرکەس گلەیی یان شکایەتێکی هەیە دەبێ لە رێگای قانونەوە ئەو کارە بکرێ ومن ئامادە نیم کە شتی ناقانونی قەبوڵ بکەم". تەوەری سێهەمی باسەکەی وەلی فەقی ڕووی لە سەرۆکانی وڵاتانی غەربی بە گشتی وئامریکا بە تایبەتی بوو. ناوبراو هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتانە و ئەوان ومیدیاکانی ئەو وڵاتانەی بە هاندانی توند وتیژی لە ئێران دا تاوانبارکرد و تەنانەت وڵاتی بریتانیای وەکوو "انگلیس خبیس" ناوەزەد کرد. عەلی خامنەیی بەو وتانەی مەسەلەکەی یەک لاکردەوە و تۆپەکەی هاویشتەوە نێو مەیدانی میلیۆنان لە خەڵکی نارازی وکاندیداکانی بەرەی بە ناو" رێفورم خواز" کە ئەمرۆ سەرۆکایەتیەکەی بە زاهیر بە دەستی "میرحسین موسوی "یە.

لە وڵامی وتەکانی خامنەیی دا وهەربۆشەوێ و وەکوو شەوانی ڕابردوو دەنگی " اللە اکبر" ومرگ بر دیکتاتور" لە شاری تاران بەرز بۆوە وئەمرۆشەممەش بە پێی هیندێک هەواڵ، خۆپێشاندان لە تاران رێک خراووولە نێوان خۆپێشاندەران وهێزە ئینسان کوژەکانی کۆماری ئیسلامی تێکهەڵچوون دروست بووە. داخوازی خۆپێشاندەران " بەتاڵ کردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردەنەکە ورێک خستنی هەڵبژاردنی نوێ بە چاوەدێری رێکخراوەکانی نێو نەتەوەییە".

لە لایەکی دیکەوە نە "موسوی ونە کروبی" لە کۆبونەوەی رۆژی شەممەی " شورای نگهبان" ئامادە نەبوون وداخوازی ئەو شورایە لە مەڕ بژاردنەوەی ١٠% لە دەنگەکانەکانیان قەبوڵ نیە وڕایان وایە کە ئەو شورایە بێ لایەنانە هەڵس وکەوت ناکا و تەنیا رێگای چارەسەری ئەو قەیرانە بە هەڵبژاردنەوەی سەرلە نوێ دەزانن. کودەتاچیەکان بە هەموو توانایان هەوڵ دەدەن بە شێوەی جۆراوجۆر خۆپێشاندانەکانی میلیۆنی خەڵک بە دەستکردی بێگانە

پێناسە بکەن ورێکخەرانی بە "نۆکەرانی بیگانە". ئەمرۆ هەوالێک بڵاو بۆوە کە گۆیا لە بەشی " کەوش کەنی بارەگای امام خمینی کەسێکی تێرۆریست خۆی تەقاندۆتەوە وچەند کەس بریندار بوون". دەکرێ بە بێ هیچ شک وگومانێک ئەوپیلانە وبەڕێوەبردنی هی دارودەستەکانی خۆدی ڕێژیم بێ بۆ ئەوەی هەستی مەزهەبی خەڵکی شیعە بجولێنن و وا نیشان بدەن کە گۆیا وا بێگانەکان خەریکن ئێران ئالۆز دەکەن ولەو دەرفەتە کە "جەماعەتیک لە ناو خۆ دروستیان کردووە بو زەبر وەشاندن لە کۆماری ئیسلامی کەڵک وەربگرن". ئەو پیلانەش بۆ سەرکوت وگرتن وزیندانی کردنی خەڵکە ودەکرێ لە رۆژانی داهاتوو دا ئەگەر خۆ پێشاندانەکان بەردەوام بن، بە قەولی خۆیان "پاراستنی ئەمنیەتی شاروەندان" حکومەتی نیزامی ڕابگەیێنن وهێزەکانی سپای پاسداران و بەسیج بە تانکەوە بکەونە شەقامەکانی تاران وشارە گەورەکانی دیکە. قسەکانی وەلی فەقی بۆنی خوێنی لێ دەهات وئەمرۆ شەممە بە ڕوونی لە شەقامەکانی تاران دا خۆی نیشان دا وجگە لە سەرکوتی بێ رەحمانەی خەڵک ژمارەیەکی دیکەش لە چالاکوانان دەست بە سەر کراون. دروست کردنی فەزای ترس وخۆف بۆ خەفە کردنی دەنگی میلیۆنان نارازی سیاسەتی ڕێژیمە وبۆ ئەو مەبەستەش ئامادەی هەموو جۆرە پیلان گێرانێکە. بە لام ئایا کۆدتاچیەکان دەتوانن لە سەرکوت کردنی ئەو جولانەوە میلیۆنیە دا سەرکەوتوو بن؟

دەکرێ ئەو مەسەلە لە چەند ڕوانگەوە چاو لێ بکرێ. یەکەم: هەوڵ دان بۆ بە توند وتیژی کێشانی خۆپێشاندانەکان ولێدانی بەر چەسپی کوژران وبریندار بوونی خەڵک لە ناو شەقامەکان وخوێندکارانی زانستگای تاران لە لایەنی نارازی. دووهەم ناساندنی ڕێبەرانی خۆپێشاندانەکان بە تایبەت کاندیدا نارازیەکان وەکوو" گوێ لە مستی بیگانە" وهەوڵ دان بۆئەوەی خۆ پێشاندەران تاوان بار بە هەوڵ دان بە ڕووخانی ڕێژیم بکەن ولێدانی تۆمەتی وەرێخستنی "انقلاب مخملی" لەو خۆپێشاندانانە راستی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ بە تایبەت کە لاینگرانی "موسوی" بە ئالای سەوزەوە واریدی کێ بەرکێ هەڵبژاردنەکان بوون.

ڕێژیم هەوڵ دەدا کە خۆپێشاندەران بە قەولی ئەحمەدی نژاد بە چوار کەس"خس و خاشاک" بشوبهێنێ و وا نیشان بدەن کە ئەوانە لە گەڵ "موسوی وکروبی وملت ایران " نین. سێهەم ڕێگە نەدان بە هەواڵ نێرە بیانیەکان بۆناردنە دەرەوەی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە خۆپێشاندەران وتوندوتیژی چوماغ بە دەستانی دەوڵەتی تێرور وکودتا. بڕینی خەتی تەلێفونی ناوخوبۆ دەرەوە، فیلتێرکردنی سایتەکانی سەرئینتێرنێت، گرتنی چالاکان ورۆژنامەوانانی چالاکی دژی کودتا وبە گشتی بڕینی هەر جۆرە سەرچاوەیەکی هەواڵی غەیری خودی ولەو بەینە دا دام ودەزگاکانی

ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت "صداوسیما" بە بڵاو کردنەوە و بەرئاوەژوو نیشاندانی ڕاستیەکان وهەوڵ دان بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی ودوژمنایەتی لە نێو گەلانی ئێران وگۆش کردنی خەڵکانی سەر بە نیزام بۆ دژایەتی کردنی لە گەڵ خۆ پێشاندەران و ناڕەوا نیشان دانی داخوازەکانیان.

خامنەیی ئیدعا دەکا کە دەبێ هەموو شکایەتێک لە ڕێگای قانونیەوە مەترەح بکرێ دەنا ئەو ناچێتە ژێرفشاری هیچ کەس ولایەنێک. بەڵام بە بوونی هەموو ئورگانە گرینگەکانی نیزام وەکوو" حکومەت، شورای نگهبان، مجلس شورای اسلامی، قوە قضاییە،مجلس خبرگان" هیچ ئورگانێکی سەربەخۆی قانونی بێ لایەن نامێنێتەوە کە نارازەییەکان بتوانن پەنای بۆ بەرن وداوای ڕاگەیشتن بە شکایەتەکانیان بکەن. جگە لەو ناوەندانە ڕێبەرخۆی فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی نیزامە وهەر ڕووداوێک کە توندوتیژی لێ بکەوێتە وخەڵک بکوژرێن، بەرپرسایەتی ڕاستەوخۆی دەکەوێتە سەرشانی ئەو. ئەوەی ئەمرۆ ڕوودەدا ئەو پرسیارە دێنێتە پێش کە ئایا "جولانەوەی ڕێفورم خوازی خەریکە بەرەو ئینقلابیێکی دیکە دەڕوا" وئایا ڕێبەرانی "ریفۆرم خواز" خەریکن وردە وردە دەبن بە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی وبەرێوە بەری ئەو "ئیقلابە".

هەتاکوو ئێستاش لە گەڵ بێ دروشم وسیاسەتەکانی "موسوی" ڕوانگەیەکی ئیسلامی پێوە وهێشتا دروشمی ئەساسی یانی گۆرانی ڕێژیم نەهاتۆتە ئاراوە وتەنیا باس لە هەڵوەشانەوەی ئاکامی دەنگەکان دەکا. بە بڕوای من "بەتاڵ کردنی" ئاکامی هەڵبژاردنەکە یانی سەرەتای ڕێگا خۆش کردن بۆ ڕووخانی ڕێژیم و کۆڵەکەکانی ئەو نیزامە دەکەوێتە بەر مەترسی.خۆپێشاندانەکانی یەک حەوتوی ڕابردوو بونەتە هۆی هەژانی ڕێژم وترسی تەواوی لێ نیشتووە، بە تایبەت کە دروشمی "مرگ بر دیکتاتور" دەدرێن وبۆیە سەرانی دەوڵەتی کودتا ئامادە بە پاشەکشە نین وهەوڵ دەدەن بە قەولی خۆیان بە بژاردنەوەی دەنگی هیندێک لە سندوقەکانی دەنگدان ئاوێک بە ئاورەکە دابکەن. بێگومان هەموو ئەوانەی کە لە شەقامەکاندان لاینگری "موسوی وکروبی" نین وبەڵکوو ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاری وکرێکاری ،مافی مرۆڤ ونەتەوەکانی ژێردەستی ئێران دەورو ڕۆلی گرینگیان هەیە لەو جولانەوە جەماوەریە.

بە باوەڕی من پاشەکشەی هەر لایەنێک بە مانای شکست وتێدا چوونی لایەنی دیکەیە. ئەگەر کۆمەڵانی میلیۆنی پاشەکشە بکەن وڕێگا بە دەوڵەتی کودتا بدەن کە پیلان وسیاسەتەکانی بەرەوپێش بەرێ گومانی تێدانیە کە خەڵکانێکی زۆر دەکەونە بە قەهری ڕێبەرودارو دەستە کودەتاچیەکەی ولە ناویان دەبن،لە پێشەوەی هەمووان "

رەفسنجانی، ناطق نوری، موسوی، کروبی، خاتمی" وهەموو ئەوانەی کە بۆ ڕێژیم و مانەوەی هەڕەشن. ئەوەی کە لێرە دا گرینگە ئەوەیە کە خۆپێشاندان لە سەر شەقامەکان نابێ تەنیا ڕێگای بەرنگاربوونەوەی ڕێژیم بێ،بەڵکوو دەبێ بە ڕێکخستنی مانگرتنی سەراسەری کرێکاران، ماموستایان، کارمەندەکان، بازاریان، پزیشکان و کارمەندەکانی هاتووچۆ، کرێکارەکانی کارخانەکان، بە تایبەتی هی شیرکەتی نەفتی ئێران، دەولەتی کودتایی خامنەیی بخەنە تەنگەژەوە وزۆر گرینگە کە بە پێ بەرنامەی هاوبەش ئەو جولانەوە هەموو شاروشارۆچکەکانی ئێران بگرێتەوە. زۆرگرینگە کە ڕووداوەکانی ئێران ڕەوانەی دەرەوە بکرێن ولە دەرەوەی وڵاتیش دەبێ چالاکی بەردەوام وبە بەرنامە دارێژراو درێژەی هەبێ وهەوڵ بدرێ کە پشتیوانی هەرچی زیاتری دەوڵەتانی دونیا بە تایبەت ئامریکا و ئوروپا بۆ پشیوانی کردن لە داخوازەکانی گەلانی ئێران ڕابکێشن ودەبێ دروشمەکانی دابین کردنی ئازادی و دێموکراسی ببنە دروشمی سەرەکی. بە باوەری من بە توندوتیژ بوونی سەرکوتی زیاتری دەوڵەتی کودتا لە ڕۆژانی داهاتوو دا پێویستە دروشمی ڕێفراندۆم بۆ مانەوە ویا نەمانەوەی کۆماری ئیسلامی وەکوو دروشمێکی دێموکراتیک بێتە گۆرێ وهەوڵ بدرێ ببێتە دروشمی ڕۆژ لە هەموو ئێران ودەرەوەی ئێران.

چۆن ئاخوندەکان لە بەهاری ١٣٥٨ی هەتاوی دروشمی "جمهوری اسلامی آری یا نا" یان بە سەر گەلانی ئێران دا سەپاند بە هەمان شێوە دەبێ ئەو دروشمە لە دژی ئاخوندەکان ودەوڵەتی کودتا دووپات بکرێتەوە وهەوڵ بۆ جێ بە جێ کردنی بدرێ لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان.

٢٠ی جوونی ٢٠٠٩

---

## حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕووداوەکانی ئێران

لە دوای کودتای سیاسی وپێشتر بەرنامە بۆدارێژراوی "ویلایەتی فەقی" وداروودەستە ئینسان کوژەکەی لە دژی میلیۆنان دەنگدەری خوازیاری ئاڵ وگۆر، شاری تاران وژومارەیەکی دیکە لە شارە گەورەکانی ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان بوونەتە مەیدانی خۆپێشاندانی میلیۆنان کەس لە خەڵکی وەزالە هاتوو کە یەک دەنگ بەرەو ڕووی دەسەڵاتی شومی ئاخوندەکان بە گشتی و شەخسی "وەلی فەقی" هاتونە مەیدان وداوای مافی زەوت کراویان دەکەن

ودروشمی "مرگ بر دیکتاتور" دەدەن. تاکوو ئێستا وبە گوێرەی هیندێک هەواڵ لە شاری تاران ٨ کەس وبە گوێرەی هیندیکی دیکە نزیک بە ١٥ کەس کوژراون وبە دەیان کەسیش بریندار بوون وبە سەدانیش گیراون. هێرشی وەحشیانەی چۆماغ بە دەستانی بەسیجی ولیباس شەخسی بۆ سەرشوێنی حاوانەوەی خوێندکارانی زانستگای تاران ولێدان و بریندارکردن وگرتن وتەنانەت کوشتنی خوێندکاران بە چەکی ساردوگەرم وئەو توندوتیژیانەی کە لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو بە رەورووی گەلانی ئێران بۆتەوە، بۆتە هەواڵی یەکەمی هەموو رۆژنامەکان وتەلەویزیۆنەکانی دونیا ولەو پەیوەندییەش دا کۆمەلێک لە سیاسەتمەداران و دەوڵەتانی ئوروپا وئامریکا "نیگەرانی خۆیان" بە گوێ دەسەلاتدارانی ئێران گەیاندووە.

بە گوێرەی هەواڵەکان لە شارە کوردیەکانی کرماشان، ورمێ وسەقزیش خۆپێشاندەران هاتونەتە سەر شەقامەکان ودەنگی نارەزایەتی خۆیان بە رامبەر بە لە ژێر پێنانی مافەکانیان بەرزکردۆتەوە و پشتیوانی خۆیان لە خۆپێشاندانەکانی تاران وشارەکانی دیکەی ئێران دەربڕیوە. ئەوەی لەو نێوە دا بەرچاو ناکەوێ یەک دەنگی ویەک هەڵوێستی و یەکگرتوویی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە و بە داخەوە هیندێک لایەن پێیان لە پێلاوێک ناوە وئامادە نین لە سیاسەتە هەڵەکانیان دوور کەونەوە وزۆر ناشیانە وناسیاسیانە هانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن کە پشتیوانی خۆپێشاندانەکانی تاران وشارەکانی ئێران نەکەن ولە رۆانگەی وانەوە وبە لێکدانەوەی زانستیانە وسیاسیانەیان بەو ئاکامە گەیشتوون ئەوەی ئەمرۆ لە ئێران ڕوو دەدا "کێشەی وان وگەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نیە". زۆر سەیرە ئەو جۆرە بە ناو حیزبانە کە دەسەڵاتیان لە ئۆردوگاکانی خۆیان تێنا پەڕێ خۆیان کردووە بە کوێخای خەڵک و واهەڵس وکەوت دەکەن کە نوێنەری گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانن وهیچ کەس ولایەنێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی وخوێندکاری بۆی نیە بە بێ ئیزنی وان هەڵویست بگرێ وئەوانەی بە بێ ئیزن ورەزایەتی وان هەڵوێست دەگرن "کۆمەلێک خەڵکی سەربە رێژیمن ویان لە رێگای گەل لایان داوە".

چ ڕۆانگەیەکی مەسخەرە، وەکوو ٢٤.٠٠٠.٠٠٠ دەنگەکەی ئەحمەدی نژاد دەچێ. باشە ئەو جۆرە حیزبانە ویان هەموو ئەوانەی دیکە کە وەکوو ئەوان بیردەکەوەنەوە وبە دروشمی بێ مانا وبێ کەڵکیان کە نە بۆیان وەدی دێ ونە لە توانایان دایە جێ بە جێی بکەن وبە دایم گوێ خەڵکیان کڕ کردووە، پێمان نالێن ئەی کۆماری ئیسلامی چۆن وبە چ ڕێگایەکەوە دەرووخێنن، بە کام هێزی سەربازی، بە کام پشتیوانی گەلی؟ باشە ئێوە کە بەردەوام لە پەیامی سیاسی ولە جێژنەکانتان دا دوعا دەکەن ودەپارێنەوە کە" ئینشائەڵلا ساڵی داهاتوو لە کوردستانێکی

ئازاد وسەربەخۆجێژنی سەرکەوتن دەگرن و فلان وفلان دەکەن" پێمان نالێن ئەی دەرفەت لەوەی باشترکە لە دوای هەڵبژاردن هاتۆتە بەردەمتان بە بێ ئەوەی خۆتان ماندوو کردبێ، ئەی ئەگەرئەوهەلە مێژووییە کە ٣٠ ساڵە چاوەڕوانی دەکەن وخەونی پێوە دەبینن نەقۆزنەوە وئەپەری کەڵکی سیاسی بۆ گەلەکەمانی لێ وەرنەگرن چۆن دەتوانن ئیدەعا بکەن کە کەسانی سیاسی وپێشرەوەی خەڵکن و چۆن دەتوانن ئیدعای ڕێبەری جوڵانەوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن؟

ئایا حیزبێکی سیاسی کە لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی ئەمرۆی ئێران دا ئاوا بە ئاشکرا تووشی هەڵەی سیاسی دەبێ و ناتوانێ لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرێ و کاری بۆتە هێرش کردن بۆ سەرئەو کەس و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و خوێندکاریی یە کە وەکوو وان هەڵویستیان نەگرتووە وتەحریمی هەڵبژاردنیان نەکردووە ، جگە لەوەی ئاو لە ئاشی داگیرکەر دەکەن، چ نێوێکی دیکەی دەتوانین لێ بنێنن؟ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە دەبێتە قوربانی شەڕێکی ناڕەوا و منداڵانەی هیندێک حیزبی بە ناوسیاسی کە ئامادە نین کەس ولایەنی دیکەی غەیری خۆیان قەبوڵ بکەن و" کوردایەتی بێ ناوەرۆک وبێ مانا بە خەڵک دەفرۆشن" وخۆیان بە " شۆڕشگێرولایەنەکانی دیکە بە ناشۆڕشگێر" پێناسە دەکەن.

بە بڕوای من پێوستە هەرچی زووتر وهەتا درەنگ نەبووە هەموو ئەو حیزب ولایەن وکۆمەڵە مەدەنییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامین وچ ئەوانەی لە ناوخۆی وڵات چالاکیان هەیە بکەونە خۆ وکۆدەنگیک دروست بکەن وبە دیاری کردنی تاکتیک وستراتیژی خۆیان بە نیسبەت ڕووداوەکانی ئێران هەوڵ بدەن بەرچاو ڕوونێک بدەن بە خەڵک وبا خەلکیش لە سەرلێ شێواوی بێتە دەر. ئەو حیزب ولایەنانەی کە نایانهەوێ بەشداری ئەو کۆ دەنگیە بن خۆیان دەبێ وڵامی گەلی کورد بدەنەوە وگەلیش قەزاوەتی خۆیان لە سەریان دەکا. پێویستە هەوڵ بدرێ ئەوەی ئەمرۆ لە ئێران روو دەدا بەرەو مەترەح کردنی دروشمی دێموکراتی ومافی مرۆڤ و نەتەوەیی هان بدرێ ولە دروشمی ئیسلامی وتەک لایەنە بێتە دەرو نابێ کێشەکە تەنیا بە سەرۆک کۆماری "موسوی واحمدی نژاد" ببسترێتەوە ودەبێ هەوڵ بدرێ کە بەرە بەرە سەرۆکایەتی جولانەوەکە بکەوێتە دەست کەس ولایەنە سیاسی ودێموکراتی خواز وداخوازەکان، داخوازی گۆڕانی بنەڕەتی ودێموکراتیک بن .

١٧ی جوونی ٢٠٠٩

# هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران و چەند سرنجێک

ڕۆژی هەینی ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨ بەرامبەر بە ١٢ی ژوئەنی ٢٠٠٩ دەیەمین دەوری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بە بەشداری میلیۆنان کەس لە گەلانی ئێران بە ڕێوە چوو. بە پێی هەوالەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش ژمارەیەکی یەکجار زۆر بەشداری هەڵبژاردن بوون وبۆ وەلانانی ئەحمەدی نژاد دەنگیان بە " کروبی وموسوی" دا. چەند ساعەت دوای تەواو بوونی دەنگدان وله کاتێکدا ڕێژەی زۆری دەنگەکان هێشتا لە سەندوقەکانیش ناهاتبونه دەر لاینگرانی ئەحمەدی نژاد سەرکەوتنی ئەویان بە گشت لایەک ڕاگەیاند. لەو لاشەوە "میر حسین موسوی" یەکێک لە ڕەکەبەرانی سەرەکی ئەحمەدی نژاد لە بەرامبەر دوربینەکانی تەلەڤیزیۆنەکاندا ئیدعای ئەوەی کرد کە گۆیا ئەو براوەی هەڵبژاردنە. ڕۆژی شەممە لە دوای ڕاگەیاندنی کۆی دەنگەکانی دەنگدەران لە لایەن ستادی هەڵبژاردنی وەزارەتی ناوخۆ، بە پێی ئاکامی دەنگەکانی ئەو وەزارەتخانه مەحمودی ئەحمەدی نژاد لە کۆی نزیک بە ٤٠،٠٠٠٠٠٠ دەنگی دەنگدەران، زیاتر لە ٢٤،٠٠٠،٠٠٠ دەنگی بۆ خۆی مسۆگەرکرد ووەکوو براوەی بێ ئەم لاوئەولای هەڵبژاردنی بە گەلانی ئێران وجیهان ناسێندرا. هەرلەو پەیوەندیەدا " میرحسین موسوی" بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ئاماژەی بە فرت وفێل وچەواشەکاری لە دەنگەکان دا کرد وکوتی کە ئاکامی دەنگەکانی قەبوڵ نیە و ئاکامی هەڵبژاردنی بە "شعبده بازی" ناو زەد کرد. هەرلەو پەیوەیەندیه دا "مهدی کروبی" ڕکەبەری دیکەی ئەحمەدی نژاد لە ڕاگەیاندراوێک دا بە توندی نارەزایەتی خۆی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەربڕی وئەویش لە دواین قسەکانی دا دەڵێ کە" ئەحمەدی نژاد بە سەرۆک کۆمار نازانێ". جێگای ئاماژە پێ کردنە کە هەردووکیان نامەیان بۆ وەلی فەقی و شەخسی یەکەمی کۆماری ئیسلامی نووسیوە وداوای لێکۆڵینەوەیان لەو بارەوە کردووە وخوازیاری چاو پێکەوتنی ناوبراوبوون کە هیچ وڵامێکیان وەرنەگرتەوە و بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خۆیان وخەڵک ،ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک ئاکامی هەڵبژاردەنەکانی قەبوڵ کرد و پیرۆزبایی لە ئەحمەدی نژاد کردو داوای کرد کە هەموو لایەک هاوکاری ئەحمەدی نژاد بکەن وبە قسەی "دوژمنانی کۆماری ئیسلامی نەکەن وله داوی بێگانەکان نەکەون".

بە دوای ڕاگەیاندنی ستادی وەزارەتی ناوخۆ بە هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران ولە گەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کە پێشتر لە ئامادە باش دا بوون تێکهەڵچوون کە تاکوو ئێستا بە دەیان کەس بریندار

بوون وژمارییەکی زۆریش لە خۆپیشاندەران وچالاکانی سیاسی و رۆژنامەوانان دەست بە سەر کراون وجەوێکی پۆلیسی ونیزامی بە سەر تاران وژمارەیەک لە شارەکانی دیکەی ئێران داحاکمە. رۆژی یەکشەممە، ئەحمەدی نژاد لە کۆبونەوەی بە قەولی خۆیان "جێژنی سەرکەتنیان" لە مەیدانی "وەلیعصر"ی تاران لە نێو لاینگرانی دا بە ئاشکرا ئیعلانی شەڕی لە دژی نەیارانی ڕاگەیاند و لە گەڵ ئەوەی خۆپیشاندەرانی بە "خاش وخاشاک" شوبهاند، خۆی وجەماعەتەکەی بە "رودخانە زلال" شوبهاند وبە هێزەکانی سەرکوتکەری رێژیمەکەی ڕاسپارد کە هەموو جۆرە نارەزایەتێک بە توندی سەرکوت بکەن.

لە ڕوانگەی منەوە ئەوهەل ومەرجەکەی کە لە دوای هەڵبژاردەنەکان لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ وبە هەزاران کەس داوای مافی خۆیان دەکەن ئیدی چیدیکە شەڕی جیناحەکانی نێوخۆی رێژێم نیە وبەڵکوو شەڕی نێوان دەسەلاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەک و خەڵکی تورەو وەزاڵە هاتوویە لە لایەکی دیکەوە کە ڕایان وایە خەیانەت بە دەنگەکانیان کراوە وئەوە بە باشی لە دروشمەکانیان هەم لە ناو خۆ وهەم لە دەرەوە ی وڵات دەبینرێ کە دەڵێن "مرگ بر دیکتاتور"، "موسوی موسوی ڕای من را پس بگیر، موسوی موسوی سکوت کنی خائنی".
لە لایەکی دیکەوە جگە لە لاینگرانی "موسوی وکروبی" هەردووک رێکخراوی سیاسی "سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی وجبهە مشارکت ایران اسلامی" و هەروەها "مجمع روحانیون مبارز" کە کۆمەڵێکی مەزهەبیە، بە ئاشکرا ولە راگەیاندراوەکانیان دا داوای "بەتاڵ " کردنی ئاکامی هەڵبژاردەنەکانیان کردووە وهەموویان لە سەر ئەو ڕایەن کە فرت وفێل وساختەکاری لە دەنگەکان دا بە قازانجی ئەحمەدی نژاد دا کراوە. بە باوەڕی من ئەگەر هەموو ئەو لایەنانە بە جیبیدی پەیگیری ئەو مەسەلە نەبن ودوای ماوەیەک لە ژێر زەختی دەسەڵاتی فەرمانرەوا پاشەکشە لە داواکانیان بکەن، هەم پشتیان لە خەڵک وداواکانیان کردووە و هەمیش رێگای توندو تیژی زیاتریان بۆ دیکتاتۆری ویلایەتی فەقی ئاواڵەتر کردووە وهەمیش ئێرانیان بەرەو گیرو گرفتی زۆر گەورەتر ومەترسیدارتربردووە وئەوەی لەو نێوە دا تووشی زیان وزەرەی ومالْ وێرانی دەبێ گەلانی ژێرستەمی ئێرانن.

ئەگەر ئەولایەنانەی کە هەڵبژاردنەوەی دووبارەی ئەحمەدی نژاد بە سەرۆک کۆمار بە "کودتایەکی پێشتر بەرنامە دارێژراو" پێناسە دەکەن بە شلی هەڵس وکەوت بکەن وسوور نەبن لە مەڕ داواکانی گەلانی ئێران، لە ماوەی چوارساڵی داهاتوو دا بە هەمان چارەنووس دوچار دەبن کە ئایەتوڵلا "منتظری" تووش بوو، ئەویش بێ دەسەلات کردنیان ولە مەیدان وەدەرنانیان دەبێ.

دەکرێ ئەوەش بلێم کە لە خراپترین حالەت ئیمکانی هەیە کە حەزف فیزیکی بکرێن .هەر ئێستا باسی هەڕەشە بۆ سەر گیانی "موسوی وکروبی" دەکرێ وهەروەکوو یەکێک لە بەرپرسانی سپای پاسداران دەلێ ئێمە بە تەواوی هێزمان دژی دژ بەرانی نیزام رادەوەستین کە دەیان هەوەێ لە ئێرانیش دا "انقلاب مخملی" بکەن. ئەوەی کە ئەمرۆ لە ئێران دەیبینین دەرفەتێکی زۆر باشە و زۆر گرینگە کە رێکخراو وسازمانەکانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان چ ئەوانە کە بایکۆتی هەڵبژاردنیان نەکرد و چ ئەوانەی کە بایکۆتیان کرد، کەڵکی سیاسی باشی لێ وەرگرن و هەموویان خۆیان کۆ کەنەوە وهێزەکانی خۆیان هاوڕا لە گەڵ رێکخراوەکانی کۆمەلایەتی وخویندکاری وژنان ولاینگرانی دێموکراسی ڕاستەقینە بخەنە گەڕ ونەهێلین ئەوخۆپیێشاندانانە خامۆش بن وبەڵکوو بە رێکخستنی خەڵک گوڕوتینی زیاتر بەخەڵک بدەن وخواستەکانی گەلەکەمان بخەنە ڕوو.

پێویستە جگە لە پشتیوانی کردنی خۆپیێشاندانەکانی ناوخۆ ورێکخستی خەڵک لە ناوخۆ،لە دەرەوەش چالاک بن وبە خۆپیێشاندان وپەیوەندی بە کۆروکۆمەڵ ورێکخراوە سیاسیەکانی بیانی ودەوڵەتەکانیان ڕووی دزێوی دیکتاتۆرانەی کۆماری ئیسلامی باشتر بخەنە ڕوو. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد وشەخسی خۆی لە ناو ولاتانی دەرەوە زۆر بێزراوە وناوبراو بە هۆی سیاسەتەکانی هەستەیی ودژی ئیسرائیلی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو ئێرانی تووشی تەریک خستنەوە کردووە وبوونی لە پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ چوار ساڵی دیکە جێگای پشتیوانی وپەسەندی ولاتانی دەرەوە بە تایبەت ئامریکا وئوروپا نیە. ئەوە دەرفەتێکی زۆر باشە کە هاتۆتە پێش با بە قازانجی دۆزی نەتەوەیی خۆمان کەڵکی باشی لێ وەرگرین وبا بەرژەوەندی حیزبی وگروپی نەکەینە رێگر لە بەردەم بەرژەوەندی نەتەوەییمان.

١٥ی جوونی ٢٠٠٩

## ڕوانگەی د. قاسملوو لە سەرنەتەوە (ملت)و ناسیۆنالیسم

زۆر لە شۆوینیستە فارسەکان بۆ ئەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد بشێوێنن، هۆوییەتی کوردی بە ئێرانی بوونیەوە وەکوو چەمکێکی سیاسی دەبەستنەوە وکورد وەکوو "قوم" پێناسە دەکەن وهەموو کات ئیدەعای ئەوە دەکەن کە کورد ناتوانێ پێناسەی نەتەوە بوون بۆ خۆی بکا، چونکە تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوەی تێدا نیە و کورد یەکێک لە "ئەقوامی ئێرانیە". ئەو ڕەگەزپەرستانە، نەک "لە بەر حوببی عەلی بەڵکوو لە بەربوغزی عومەر" پەنا دەبەن بۆ ئەو ڕستەیەی کە گۆیا د.قاسملوو پێش زیاترلە ٢٠ ساڵ لە مەوبەرکوتویەتی کە " کورد لە هەرئێرانییەک ئێرانیترە". یانی بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لەو مەسەلەیە دەیانهەوێ وانیشان بدەن کە بەڵێ د. قاسملووش کوردی وەکوو نەتەوە پێناسە نەکردوە ولە روانگەی ئەویشەوە کورد یەکێک لە "ئەقوامی" ئێرانییە. هیندێک لە ئەحزابی بە ناو چەپی کوردیش بە تایبەت هی رۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان زیاتر وەکوو حیزبی سەراسەری پێناسە دەکەن سالانێکی دوورو درێژە کاریان بۆتە هێرشی ناڕەوا بۆ سەر ناسیۆنالیزمی کوردی وبە کۆنەپەرست ودژ بە ئازادی ومافی یەکسانی ژن وپیاو تاوانباری دەکەن و، هەموو هەوڵ وفکریان ئەوەیە کە بە قەولی خۆیان پێش بە گەشە کردنی بیری " ناسیۆنالیزمی کۆنەپەرستانەی کوردی " بگرن وستراتیژی تێکۆشانی سیاسییان بۆتە دژایەتی بێ بنەما لە دژی کورد وخەباتە ڕزگاریخوازییەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ئەو بە ناو کۆمونیستانە دژایەتی تەواوی هەیە لە گەڵ بۆچوونەکانی مارکسیستەکان ولە سەرەوەی هەمووان لنین کە بڕوای بە دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ گەلانی ژێرستەمی گەلانی حاکم هەیە. لەو پێوەندییە دا، دواتر ئاوڕێک لە بیروئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو دەدەمەوە وکتێبی "کردستان وکرد" لە نووسینی ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیە دەکەم بە بنەما بۆئەو بابەتە.

بە بڕوای من دوکتور قاسملوو خاوەنی چەندین کەسایەتی بووە  کە دەکرێ بەم جۆرە دابەشیان بکەم.

**یەکەم:** دوکتور قاسملوو دێموکراتێکی چەپ بووە وبڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ ویەکسانیی ژن وپیاوهەبووەو هەردەم تێکۆشاوە بنەما دێموکراتییەکان لە نێو حیزبی دێموکرات وکۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان داجێگیربکا. دووهەم: دوکتور قاسملوو سۆسیالیست بوو، ئەو بڕوای بە دابین کردنی مافە

کۆمەڵایەتییەکان وعەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبوو. بۆ ئەو مەبەستەش ڕای وابوو کە سۆسیالیزم بە بێ دێموکراسی ناتەواوە وهەربۆیە "کورتە باس" هێنایە نێو حیزبی دێموکرات وتێ کۆشا "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" ببێ بە ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دێموکرات وتاکوو ئێستاش ئەو دروشمە بە برێک ئالوگۆر لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەیە. سێهەم: دوکتور قاسملوو باوەڕێکی قوولیشی بە نەتەوە بوونی کورد هەبوو. دەکرێ بلێم ئەو لایەنەشی بە هێزبووە وئەوەش لە رۆانگەو بۆچوونەکانی خۆیدا، بە تایبەت لە کتێبە مێژووییە بە ناوبانگەکەی " کردستان وکرد" دا بە ڕوونی خۆی دەردەخا. هەروەها بیروبۆچوونی هاوسەنگەرانی کە لە نزیکەوە لە گەڵی ژیاون وبە باشی ئاگاداری روانگەکانی بوون، ڕاستیی ئەو بۆچوونە دەردەخا. روانگەی ناسیۆنالیستیی دوکتور قاسملوو، تاریف ولێکدانەوەی ئەو بۆ نەتەوە تەوەری سەرەکیی بابەتەکەی من پێک دەهێنن و بۆ ئەومەبەستەش هەوڵم داوە بە پێێ توانا روانگەکانی ئەو رێبەرە کاریزماتیکەی گەڵی کورد بخەمە بەر لێکۆلینەوە.

ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەڵێ: " دوکتورقاسملوو لە رێگای دابین کردنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دا تێ دەکۆشا. هەوڵی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لە نێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو. بۆجێگیربوونی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزب ولە نێوکۆمەڵ دا بە هەموو توانایەوە تێ دەکۆشا وئەگەرجاروباریش لە ئاکامی برەو پێدانی دێموکراسی دا زیانێک بە حیزب گەیشتبا، دوکتور قاسملوو دەی گوت، ئەمە باجی دێموکراسییەوکەسێک دێموکراسی بوێ،

دەبێ باجەکەشی بدا. دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەڕی تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد هەبوو، سەرکەوتن وتێک شکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان بووایە بە سەرکەوتن یان تێک شکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دادەنا و لەو رێگایەش دا زۆر جار بە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان فیدای قازانجی ستراتیژیکی گەلی کورد بکا. (نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، ل. ٢٠٧ ـ ٢٠٨).

کاک حەسەن ڕەستگارلە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەڵێ " ئەوەندەی ئەمن لێێ حاڵی بم، ئەو فکری بە لای باری ناسیۆنالیستی دا زۆربە قووەت بوو. دوای ئەوەی کە دوکتوراکەی وەرگرت و، تێزی دوکتوراکەی کە کتێبی

" کوردستان وکورد" ە نووسیویەتی، ئەگەر تەماشای بکەین، دیارە لە وێ مەراعاتی زۆر شتی کردوە کە بۆ وەی کتێبەکە چاپ بێ یان ئەسلەن بۆ خۆی عەقیدەی وابوو، ئەوەی نازانم، بە لام بە باری ئەوەی دا کە میللەتی کورد میللەتێکی گەورەیە وحەقی سەربەخۆیی هەیە وحەقی ئازاد بوونی هەیە تەئسیری زۆرلە سەر شەهید دوکتور قاسملووهەبوو بۆئەوەی ببێتە کوڕی میللەتی خۆی ولەو ڕێگایە داهەوڵ بدات وڕاشی وابوو کە حیزبێکی کوردی دەبێ موستەقیل لە ئەحزابی دیکە بێت، مەسەلەن لە حیزبی تودەی ئێران کە حیزبێکی سەرتاسەری بوو. ئەو فیکرە لە وی دا تەقوییەت ببوو کە کورد بۆ خۆی لیاقەتی ئەوەی هەیە کە حیزبی خۆی هەبێ، سەربەخۆ بێ، بۆ خۆی بڕیاربدا وبە قەولی دەلێن نۆکەری هیچ حیزب و سازمانێکی دیکە نەبێ. (دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆرشگێرێکی دێموکرات، ل. ١٥٠ - ١٥١).

دوکتور کەماڵ مەزهەر ئەحمەد لە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەلێ: " عیشقی شەهید د.قاسملوو بەرانبەر کورد و کوردستان بێ ئەندازە وبێ سنوربوو، لە بن نەدەهات، کەس بەرلەو نەیتوانی بە ڕادەی ئەو تینی ئەوعیشقە پیرۆزە بگەیەنێتە ناو خاکی ئەوروپاوە، هەستی دەیان ودەیان سیاسەتمەداروکەسایەتی ورۆژنامەنووسی ئەوروپی بە ناوبانگی بە لای کێشەی نەتەوەیی کورد دا ڕاکێشا. (دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مودێرن و شۆرشگێرێکی دێموکرات، ل. ١٧٤).

بە چاوخشاندنێک بە کتێبی "کردستان و کرد"ی د.قاسملوو کە یەکەم جار بە زمانی چەکی ولە ساڵی ١٩٦٢ لە وڵاتی چێکۆسلۆواکی دا بڵاو بۆتەوە بە تەواوی چەواشە کاریی پان ئێرانیستەکانمان بۆ دەردەکەوێ. د.قاسملوو لە تاریف کردنی نەتەوە وناسیۆنالیسم و تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوە وناسیۆنالیسمی کوردی نەک هەر کورد بە "قەوم" پێناسە ناکا، بەڵکوو بە خستنە ڕووی کۆمەلێک بەڵگە نیشانی دەدا کە کورد نەتەوەیە و لە سەرئەو باوەڕەیە کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی هەبێ و ناسیۆنالیسمی کوردیش بە دێموکراتیخواز ودژی ئیمپریالیست پێناسە دەکا وبۆ ئیسپاتی هەرچی زیاتری ئەو بۆچوونەی خۆی ئاماژە بە قسەکانی لنین دەکا کە کوتویەتی "ناسیۆنالیزمی بورژوازی هەرکام لە نەتەوەکانی ژێر ستەم ناوەرۆکی دێموکراتیکی هەیە کە دژی زوڵم وستەم وچەوسانەوەیە و ئێمە بە تەواوی پشتیوانی لە ناوەرۆکی دێموکراتیکی دەکەین". (کردستان و کرد، ل. ٣١٢).

لە بەشی سێهەم، فەسلی دوازدەهەم لە چاپی فارسی کتێبی( کردستان وکرد) دا لە لێکۆلینەویەک کە لە سەرنەتەوە کراوە، لە باسێک لە ژێر ناوی " کامڵ بوونی نەتەوەیی گەلی کورد" دا د.قاسملوو بە هێنانەوەی کۆمەڵێک بەڵگە ئیسپاتی دەکا کە کورد نەتەوەیە نەک "قەوم". بەرێزی بۆ ئەومەبەستە دوو پرسیاری گرینگی هێناوەتە بەر باس.

*یەکەم " ئایا دەکرێ کوردەکان وەکوو نەتەوە پێناسە بکرێن؟ ". دووهەم" ئایا باشترنیە کە کوردەکان وەکوو کەمایەتییەکی میللی چاو لێ بکرێن ؟".* د. قاسملوو بۆئەو مەبەستە لێکدانەوەی خۆی لە مەڕ تاریف ومانا کردنی نەتەوە بە وشێوەی کە لە خوارەوە دێ دەخاتە ڕوو. (وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی لە لایەن نووسەری بابەتەوە ئەنجام دراوە، هۆیەکەشی ئەوە بووکە چاپی کوردییەکەیم دەست نەکەوت).

"زۆر جار وشەی " نەتەوە" بە دروستی مانا نەکراوەتەوە، بەلام زانستی سەردەم چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆمانای ئەو وشەیە داناوە. نەتەوە کۆمەڵێک لە ئینسانەکان دەگرێتەوە کە لە ڕەوەندی مێژوویی دا سەریان هەڵداوە وجێگیربوونە. کۆمەڵێک لە ئینسانەکان تەنیا دوای تێپەرکردنی دەورانێکی دیاریکراو لە پێشڤەچوون پێناسەی نەتەوەیان بۆ دەکرێ.

بەلام ئەوەی ڕاستی بێ بناغە وژێرخانی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە پەیوەندیی بە گەشە کردنی سەرمایەدارییەوە هەیە وئەو نەتەوانە هاوڕا لە گەڵ گەشە کردنی نیزامی سەرمایەداری جێگیر بوون. شتێکی ڕوونە کە بنچکەی گەشە سەندنی نەتەوەکان بۆ نیزامەکانی ڕابردووی کۆمەڵگا لە سەردەمی کویلەداری و دەرەبەگایەتی دەگەڕێتەوە. بە لام سەرەڕای ئەمانەش ،بۆئەوەی کە کۆمەڵێکی ئینسانی وەکوو نەتەوە پێناسە بکرێ، بوونی هیندێک شەرت و شرووت پێویستە کە گرینگترینیان بریتین لە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، ژیانی ئابووریی هاوبەش وداب ونەریتی هاوبەش کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوە دا ڕەنگ دەداتەوە. پێشتر ئاماژەمان بەوە کردبوو کە گەلی کورد کۆمەڵێکی ئینسانییە کە خاوەنی رابردووی مێژووییە ولە سەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە پێناسە کراوە ".( کردستان و کرد، ل. ٣٠٠).

" ئێستا با بزانین ئەوتایبەتمەندییانە ی کە کورد وەکوونەتەوە پێناسە دەکەن کامانەن؟ هەروەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، زمانی کوردی، زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە وبوونی جیاوازیی بچووک لە نێوان زاراوەکانی کوردی دا

ڕاستیی ئەو مەسەلە یە ناگۆڕێ. بوونی زاراوەکان و ژێرزاراوەکانی جۆراوجۆرتەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش دا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کوردەکان تاکوو ئێستاش خۆی مەسەلەیەکی گرینگە. بەڵام ئەوە بەومانایەش نیە کە زمانی کوردی تاکوو ئێستا پێشڤەچوونی بەرچاوی بە خۆیەوە نەدیوە وبەومانایەش نیە کە گۆیا یەکێک لە زاراوەکانی زمانی فارسی بێ ،بەو جۆرەی کە هیندێک بانگەشەی بۆ دەکەن. هیچکام لە رۆژهەڵاتناسە ناسراوەکان هیچ شک وگومانیان نیە لە مەرگەشە سەندنی زمانی کوردی بە ڕادەی پێویست. یەکەمین کتێبی ڕێزمانی کوردی لە ساڵی ١٧٨٧ بڵاو بۆتەوە. بۆیە نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، پێش هەموو شتێک بەو مەسەلەوە پێوەندیی هەیە کە ئێمە خەت ونووسینێکی هاوبەشمان نەبووە".

"هەروەکوولە بەشەکانی پێشتردا ڕوونمان کردەوە، زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی، لاتین و رووسی دەنووسرێ و ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵات دا دابەش کراوە ولە زۆربەی ئەو وڵاتانە دا خویندن ونووسین بە زمانی کوردە یاساخە. کەوابوو،لە روانگەی مێژووییەوە لانیکەم کات ودەرفەت پێویستە تاکوو خەت ونووسینی یەکگرتوو وزمانی ستانداری کوردی پێک بێ. ئاکام ئەوەیە کە نەتەوەی کوردیش خاوەنی زمانی هاوبەشە کە وەکوو یەکێک لە هۆکارەکانی جیاکەرەوە ی نێوان گەلان پێناسە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە هیچ کەس حاشا لە بوونی خاکی هاوبەشی کوردەکان ناکا. چونکە لە رۆژگارانی زۆر کۆنەوە کوردستان وەکوو زێد و نیشتمانی کوردان ناسراوە. خاکێک کە هەزاران ساڵە رۆلەکانی ئەو گەلە لە ناو کێو ودەشت ودۆلی دا دەژین. دابەش کردنی کوردستان بە هۆی سنووره سیاسییەکانەوە لە نێوان چەند ولاتاندا هیچ لە راستی مەسەلەکە ناگۆڕێ. لە بابەت ژیانی هاوبەشی ئابووری روانگەی زۆر جۆراوجۆر هەیە. ئەوەی راستی بێ لە نێوکوردەکاندا ژیانی ئابووریی هاوبەش بەوشێوەیەی کە لە وڵاتانی وەکوو فەرانسە وئیتالیا دەبینرێ، بەرچاو ناکەوێ. لەو پێوەندییەدا تەنانەت لە مابەینی کوردەکان وتورکەکان دا جیاوازی هەیە،چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کوردەکان لە پێشترن. هۆیەکەشی بەرەو پێش چوونی بە ئەسپایی ڕەوەندی گەشە سەندنی سەرمایەداری لە کوردستانە. هۆیەکی دیکە ی ئەومەسەلە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵات دایە وبەشەکانی بە شێوەیەکی فەرمی لێک جیا کراونەوە ولەناو هەرکام لەو بەشانەش دا کوردستان دابەش کراوەتەوە. ئەوەش شتێکی سروشتییە کە هەمووی ئەوهۆکارانە بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم دروست بوونی ژیانێکی هاوبەشی ئابووری". (کردستان و کرد، ل. ٣٠٠ - ٣٠٢).

"سەرەرای هەمووئەوانە، بەرەوپێش چوونی پێوەندیی سەرمایەداری وبوونی جیاوازی لە ژیانی گوندنشینەکاندا،

گەورەتر بوونی شارەکان وپەرەسەندنی بازرگانی وپێوەندییەکان لە بە هێزبوونی مانەوەی نەتەوەی کورد دا دەوەر دەبینن. ئەوەش بەومانایەیە کە، ئەگەر نەتوانین باس لەژیانیکی ئابووریی هاوبەشی کامڵ لە کوردستان دا بکەین، ناتوانین حاشاش لە بوونی جۆرێک ژیانی هاوبەشی ئابووری لە کوردستان دا بکەین. پێشتر باسمان کردبوو کە سەرەرای بوونی سنووره دەستکردەکان، کوردەکان خاوەنی پێوەندیی بەربلاوی ئابوورین، بۆ وێنە دەتوانین باس لە پێوەندییە ئابوورییەکانی کوردەکانی ئێران وعێراق بکەین. جگە لەمانە، ژیانی ئابووریی هاوبەش دیاردەیەکی نیسبی یە ونەتەوەکانی هاوسێی کوردەکان وەکوو فارسەکان، تورکەکان، عەرەبەکان و ئازەرییەکان لە بواری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەکوو کوردەکان وان.

ئەوانیش لە هیندێک ناوچە یەکیەتیی ئابوورییەکی بە هێزیان هەیەو لە هیندێک ناوچەش لێی بێ بەشن".
(کردستان و کرد، ل. ٣٠٢ - ٣٠٣).

"داب ونەریتی هاوبەشی کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی شتێکی ڕوون ودیارە. تەواوی خاوەرناسان وهەموو ئەوانەی کە قۆلی هیمەتیان بۆ لێکۆلینەوە لە سەرکوردان هەڵمالیوە لە سەر ئەو راستیە هاوڕان کە کوردەکان لە تەواوی نەتەوەکانی دراوسێی خۆیان جیاوازن.کوردەکان کولتوری تایبەت بە خۆیان پاراستوە وهیچ کام لە گرووپە نژادی و زمانییەکان نەیانتوانیوە بیتوێننەوە. خەباتی دووردرێژی کوردەکان لەپێناو پاراستنی هۆوییەتی میلیی خۆیان دا،بەردەوام بۆتە هۆی مانەوە وپاراستنی داب و نەریتی هاوبەش وفەرهەنگی نەتەوەییان. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان داهەستی نەتەوایەتی لە نێوکوردەکان دا زۆر بە هێز بووە". (کردستان وکرد، ل.٣٠٣ ).

*کاریگەریی نەرێنیی ئایینی هاوبەش لە سەر گەشەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورددا:*

د. قاسملوو لە سەرئەو باوەڕیە کە ئایینی هاوبەش کاریگەریی زۆرنەرێنی لە سەر گەشەسەندنی هۆوییەتی نەتەوەیی کورد داناوە وبۆ ئەو مەبەستەش دەنووسێ کە "ئایینی هاوبەش یەکێک بووە لە ئاستەنگەکانی بەردەم کە پێشی بە گەشەسەندن و کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی گەلی کورد گرتوە. دەسەڵاتداران لە ئیسلام، ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان وەکوو کەرەسەیەک بۆ داپۆشینی ستەمی نەتەوەیی خەلیفەکانی بەغدا وسولتانەکانی

عوسمانی کە ئەوانیش خۆیان وەکوو خەلیفە پێناسە کردوە کەڵک وەرگرتوە. بۆ نموونە لە سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم دا کوردەکان دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسا تاکوو بۆ دابین کردنی مافەکانی نەتەوەیی وبۆ بە دەستەوە گرتنی چارەی خۆ نووسین خەبات وبەرخۆدان بکەن، بەڵام بە بیانووی جیهاد ئەوانیان فریوداو بۆ ماوەیەک هۆش وفکری کوردەکانیان لەو زولم وستەمەی کە لە لایەن تورکەکانەوە دەرحەقیان دەکرا بە لارێدا برد".

" ئەوە ڕاستە کە دین وەکوو یەکێک لە هۆیەکانی کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی بە ئەژمار نایە، بەڵام دەکرێ کاریگەریی ئایین لە سەر دروست بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی گەلی کورد لەو هەڵسەنگاندنەی خوارەوە وەکوو نموونە بخەینە بەرچاو. هەرچەند ناوچەی کرماشان لە بواری ئابووری وکۆمەلایەتی لە پێشترە، خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە دەڤەری مەهاباد بە هێزترە. چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین، بەڵام کوردەکانی کرماشان شیعەن. ئەو جیاوازییە مەزهەبییە بۆتە هۆی ئەوە کە ستەمی نەتەوەیی لە مەهاباد ئاشکراترخۆی بنوێنێ. ئەو مەسەلەیە هەستی خۆڕاگریی کوردەکان دەباتە سەرەوە و لە ئاکام دا دەبێتە هۆی بە هێز بوونی هۆشیاریی نەتەوەیی. بێ گومان دابەش بوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتی جیاوازدا ئاستەنگێکی دیکەیە لە سەر ڕێگای کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی گەلی کورد. کەوابوو نەتەوەی کورد خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بۆ کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیەکی جیاواز پێویستن. بەو هۆیەشەوە، هەروەکوو چۆن باس لە نەتەوەکانی دیکە دەکەن، دەکرێ وەکوو نەتەوە باس لە کوردیش بکرێ. چونکە سێ شەرتی گرینگ وسەرەکیی کامڵ بوونی هۆوییەتی میللی بریتین لە زمان، زێد ونیشتمان وداب ونەریتی هاوبەش کە هەموویان بە تەواوی لە گەلی کورد داهەن وزۆرجاربوونی ئابووریی هاوبەش وەکوو هۆیەکی سەرەکی بۆ کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی حیسابی بۆ ناکرێ. بە سرنجدان بەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە باسکران دەکرێ گەلی کوردیش وەکوو یەکێک لە گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست چاولێ بکرێ کە لە حالی حازردا خەریکی کامڵ کردنی هۆوییەتی نەتەوەیی خۆیەتی ".( کردستان و کرد، ل ل. ٣٠٣ - ٣٠٥ ).

***مارکسیستەکان و مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد:***

د.قاسملوو بۆ سەلماندنی نەتەوە بوونی کورد و بۆ ئەوەی وڵامێکی باشی بە چەپەکانی ئێرانی دابێتەوە کە بە هەڵە یان بە ئانقەست بیرو بۆچوونەکانی مارکسیسم بە تایبەت هی لنین لێک دەدەنەوە ولەو ڕێگایەوە دژایەتیی

کورد ومافە نەتەوەییەکانی دەکەن ئاماژە بە ڕوانگەی مارکسیستەکان و لە سەرەوەی هەمووان لنین دەکا وبە هێنانەوەی کۆمەلێک فاکت چەواشەکارییەکانی یان ئیرانیستە چەپ و راستەکان دەخاتە ڕوو، لەو بارەوە دەنووسێ "مارکسیزم ـ لنینیزم مافی دیاری کردنی چارەی خۆ نووسینی بۆ هەموو گەلان بە رەسمی ناسیوە. لنین لە هەڵس وکەوت لە گەڵ ریفۆرمیستەکان دا دەلێ " دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان یانی سەربەخۆیی سیاسیی ئەو گەلانە ودامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی". لنین هەرلەو پەیوەندیە دا دەلێ " مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بەشێک لە بەرنامەکانی مارکسیستەکانە لە بواری مێژوویی وئابووری تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش بریتیە لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی، واتە سەربەخۆیی دەوڵەتی ودروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی میللی".

د.قاسملوو لە درێژەی باسەکەی دا دەنووسێ" لنین لێبراوانە لە دیاری کردنی مافی چارەنووس پشتیوانی دەکا وهەموو ئەوانەی کە دژایەتی ئەومافە دەکەن وبە جۆرێک مانای دەکەنەوە وشامیلی مافی سەربەخۆیی نابێ دەداتە بەر ڕەخنە. لنین لەوبارەوە دەلێ " سۆسیالیستی نەتەوەی حاکم ئەگەر لە کاتی شەڕ یان ئاشتی دا لە هەمبەر دابین کردنی مافی سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێر ستەم تێ نەکۆشێ سۆسیالیست نیە وتەنانەت ئەنترناسیۆنالیستیش نیە، تەنیا شۆوینیستە. (کردستان و کرد،ل. ٣١٨ - ٣١٩ ).

بە بڕوای من ئەو قسەیەی لنین بۆ ئەوڕۆی ئێران زۆرلە جێی خۆیدایە، چونکە ئەحزابی بە ناو سۆسیالیست وکۆمونیستی سەراسەری فارس زمان یان پاشکۆکانی ئەوان کە کوردن وبە ئاشکرا هێرش دەکەنە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی وبزاڤی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، جگە لە کۆمەلێک عەشیرەتی دواکەوتووی ڕەگەزپەرەست وفاشیست هیچ پێناسەیەکی دیکەیان بۆناکرێ، دەنا ئەگەر بەراستی سۆسیالیست وکۆمونیست بان و بڕوایان بە مافی بەرابەری و یەکسانیی مرۆڤەکان هەبوایە، شەڕی ناڕەوایان بە سەر کورد دا نەدەسەپاند. ئەو بەناو ئەحزابە کۆمونیست و سۆسیالیستانە هەردەزانن بلێن "پاراستنی تەمامیەتی ئەرزیی ئێران" وەکوو ئەوەی هەموو ئێران بە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشەوە ملکی بێ ئەم لاو ئەو لای باب وباپیریان بێ و دەبێ نەتەوەی فەرمانڕەوا هەرفارس بێ و هەر ئەوانیش لە تارانەوە لە جیاتی گەلی کورد بیربکەنەوە و بڕیار بدەن. ئایا ژیان وگیانی مرۆڤەکان نابێ لە خاک وخۆڵ بە نرختربێ؟ ئەگەر ئینسانەکان نەتوانن ئازاد بژین ولە مافی ئینسانی بێ بەش بن، "تەمامیەتی ئەرزی" بە کەڵکی چی دێ؟ کورد مافی خۆیەتی بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا ومافی بێ ئەم لاو ئەولای

نەتەوەیی خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێ. چۆن بۆ گەلانی دیکە ئەو مافە شتێکی ڕەواو بەرحەقە، بە لام بۆ کورد ناحەق؟ چ یاسایەکی سەرزەوی وئاسمانی ئەو مافە تەنیا بۆ کوردان بە ناڕەوا دەزانێ بە لام بۆ خەلکانی دیکە بە ڕەوا؟

د.قاسملوولە مەڕدیاریکردنی مافی چارەنووس دەنووسێ " کوردەکان هەر وەکوو هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی دیاریکردنی چارەنووس ودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە. لە بابەت مەسەلەی کوردەوە شتێکی تایبەتیش هەیە وئەویش ئەوەیە کە بۆ گەلی کورد تەنیا لە وەدەست هێنانی سەربەخۆیی دا خۆ نابینێتەوە، بەڵکوو لە پێش هەموو شتێکدا وەدەست هێنانەوە یەکیەتیی نەتەوەییە. بۆ نموونە دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە عێراق دا بە مانای جیا بوونەوەی کوردستانی عێراق نیە، بەڵکوو بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراق لە گەل کوردستانی ئێران وتورکیەیە. (کردستان و کرد، ل. ٣١٩ ).

هەرئەندازە یەکیەتیی کوردستان ناومکین ونادروست بێتە بەرچاو، حەق وایە کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد بە فەرمی بناسێنرێ. چونکە دان پێنان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان بە بێ جیاوازی و هەڵاواردن، بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕادەی حەشیمەتی ئەو گەلەی کە باسی لێوە دەکرێ وڕادەی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی کە نەتەوەی ناوبراو تێی دا دەژی، بە مانای قەبوڵ کردنی بیروبۆچونەکانی ئەنترناسیۆنالیستی و مافی یەکسانیی گەلانە.

ئەوەی کە هەل ومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆلە بارە یان نا، ئەوەی کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک یان مانەوەی ئەو نەتەوە لە گەڵ چەند نەتەوەی دیکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لایەنی ئەرێنی ونەرێنی هەیە، ئەوەی کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا، ئەوەی کە ئەو داوایە لە ژێرسێبەری ڕێژێمێکی سەرمایەداری دا ئیمکانی وەدیهاتنی هەیە یان تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سۆسیالیستی دا، نابێ ببنە هۆی حاشا کردن لەو راستییە کە تەواوی نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە.(کردستان و کرد، ل. ٣١٩ - ٣٢٠).

جیا بوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە هیچ شێوەیەک بە واتای جیاوازیخوازی (تجزیە گلبی) نیە و بە پێچەوانەوە دوای ئەو سەربەخۆییە هەل و مەرجی پێویست بۆ دروست بوونی یەکیەتیی

نێوان تەواوی دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەتوانێ لە شێوەی فدراسیۆن دابێ، پێک دێ.(کردستان و کرد، ل. ٣٢٥).

## مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی شۆوێنیسمی فارسەوە:

*هەرەکوو لە سەرەتادا ئاماژەم پێ کرد شۆوێنیسمی فارس بەردەوام دژایەتیی کورد ومافە نەتەوایەتییەکانی کردوە و بە هەموو توانایەوە هەوڵی بۆ سڕینەوە ناسنامەی نەتەوەی کورد داوە ودەکرێ بڵێم کە* سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان تاکوو ئەمڕۆش بە شێوازی جۆراوجۆرو سیستماتیک بەرەوپێش بردوە. ئەوان جگە لە لایەنی سیاسیی مەسەلەکە هەوڵیشیان داوە لە بواری زمانی و مێژوویی و فەرهەنگییش دا ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد کامڵ بکەن. یەکێک لەو لایەنە سیاسییانەی کە خۆی بە هێزێکی سەراسەری ناساندوە و ڕابردوویەکی کۆنی هەیە ڕێکخراوی "جبهه ملی ایران" ە کە لە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی دا لە نامیلکەیەک دا لە ژێر ناوی "ئەفسانەی گەلانی ئێران" بە قەڵەمی م . ماکان کە لە لایەن چاپخانەی "مزدک" سەربەو ڕێکخراوەیە چاپ و بڵاوکراوەتەوە فرە گەلی بوونی ئێران بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە وحاشا لە بوونی زمانەکانی دیکە لە ئێراندا دەکا و بۆ ئەو هەموویان، زاراوەن جگە لە فارسی نەبێ.

دوکتور قاسملوو بۆ بەرپەرچ دانەوەی ڕوانگە شۆوینیستیەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە بابەتێک دا لە ژێر ناوی " واقعییەتی گەلانی ئێران وئەفسانەی م . ماکان" بە باشی داکۆکی لە کورد ومافەکانی کردوە وبە هێنانەوەی زۆر بەڵگە بۆچوونە راسیستییەکانی ئەو ڕێکخراوەی بەرپەرچ داوەتەوە. نووسینەکەی دوکتور قاسملوو بۆ ئێستاش هەر تازەیە و بۆیە بە پێویستم زانی کە ئاورێکی لێ بدەمەوە. ئەو ڕوانگە یەی ڕێکخراوی "جبهه ملی ایران" نەک ئاڵوگۆری بە سەردا نەهاتوە، بەڵکوو زۆر ڕێکخراوی دیکەی چەپ و راستی سەراسەرییش پەیرەوی لێ دەکەن وکردوویانە بە ستراتیژیی خۆیان بۆ دژایەتیی نەتەوەی کورد وخواستەکانی. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکەی . ماکان وهەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوویە.

" ئاغای ماکان کە خۆی وەکوو سۆسیالیست پێناسە دەکا لە مەڕ نەبوونی گەلانی جیاواز لە ئێران دا دەنووسێ "فیکری گەلانی ئێران فیکرێکە بە هۆی نۆکەرانی ئیمپریالیزم لە دەرەوە ڕا هاتوە ونیسبەت دانی بە لنین نە تەنیا لادانێکی گەورەیە، بەڵکوو بێ حورمەتی بەو پیاوە مەزنەشە" (لاپەڕەی ٤٦). لە درێژەی ئەو باسە دا ئاغای ماکان دەنووسێ " ئێمە بێجگە لە نەتەوە (گەل)ی ئێران لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە دا گەلێکی دیکە

ناناسین". (لاپەڕەی ٤٣). دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ " ڕێژیمی حەمە رەزا شا کە بە کردەوە حاشا لە بوونی نەتەوەکانی تری ئێران وەک ئازەربایجانی، کورد و... هتد دەکا ودان بە هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتی بۆ ئەو نەتەوانە دانانێ، بیروڕای لە گەڵ بیروڕای ئاغای ماکان کە دەڵێ لە ئێران دا تەنیا نەتەوەیەک هەیە وئەویش نەتەوەی ئێرانە بە تەواوی یەکە. پان ئیرانیستەکانی نۆکەری شا لە تاقمی پزیشکپووریش ئامانجیان هەر ئەوەیە کە هەموو گەلانی ئێران بە ناوی نەتەوەی ئێران بێتە ژێر ئالای پان ئیرانیزم". " هەم لە سەردەمی رەزاشا و هەم لە سەردەمی ئێستادا ڕێژیمی کۆنەپەرەستی پاشایەتی هەموو بزووتنەوەیەکی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی خۆیان بە جیاوازیخوازی تاوانبار کردووە و ئاغای ماکانیش هەروا دەکا. ڕێژیمی کۆنەپەرستی بنەماڵەی پەهلەوی، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بە دەستکردی بێگانەکان دەزانێ وبە توندی سەرکوتی کردوون وسەرکوتیان دەکا".(تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل. ٢٤٨).

ماکان لە درێژەی باسەکەی دا دەنووسێ "هەموو ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد وهەموو تێکۆشانی سیاسی کوردەکان لە ڕاپەڕینەکانی چەکداری یەوە بگرە تا بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە هاندانی بێگانە بووە. ئەو بێگانەیە جارێک عوسمانی یە و جارێک ئینگلیزوجارێک ئەمریکایە وجارێک یەکیەتیی سۆوییتی. ماکان دیسان بەردەوام دەبێ و دەڵێ " بەم چەشنە روون دەبێتەوە کە ڕاپەڕینەکانی کوردستان لە ئێران دا بناغەیەکی نەتەوایەتی وزانستییان نەبووە و بەڵکوو بە هاندانی بێگانە ودابین کردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان هاتوونە دی". دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ " ئایا ماکان بە ڕاستی هێندە ساویلکەیە وا بیربکاتەوە کە ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبوایە گەلی کورد بۆ دابینکردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان ئەو هەموو خوێنەی دەرشت. ئایا سمایلی شەریف زادە ومەلا ئاوارە وسولەیمانی موعینی ودەیان شەهیدی تر بە هاندانی بێگانە دەستیان دایە چەک؟ ئایا زۆر بێ ئینسافی نیە مۆری نۆکەرایەتیی ئیمپریالیزم لە ناوچاوانی ئەو شەهیدانە بدرێ کە رابەری ڕاپەرینە چەکدارانەکەی ئەم دواییانەیان کرد لە دژی ڕێژیمی دژی نیشتمانی وکۆنەپەرستی شاهەنشایی، ئەویش لە لایەن کەسێکەوە کە خۆی بە ئازادیخواز ودژی ئیستعمار دەزانێ ؟ (تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل. ٢٥٥ - ٢٥٦).

ماکان، کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە دەستکردی بێگانە دەزانێ وقازی محەممەد بە کارگێری بەڕێوەبردنی سیاسەتی بێگانەکان لە کوردستان دا. ئەو ئیددیعا دەکا کە "ئەو کۆمارە هەر لەبەر ئەوەی پشتی بە کۆمەڵانی خەڵک نەبەستبوو، چونکە بزووتنەوەیەکی جیاوازیخوازانە بوو بە بێ بە گژیەکداهاتنێکی سەختی عەسکەری لە

گەڵ ئەرتەشی پەهلەوی لە بەریەک هەڵوەشا". دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ" دیارە ئاغای ماکان لە بارەی کۆماری مەهابادەوە زۆرکەم ئاگادارە. بە شاهیدیی دۆست ودوژمن (ئەوەندە بەسە کە ماکان تەماشایەکی کتێبی "نجفقلی پسیان، لە مەهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراز" بکا). قازی محەممەد و کۆماری مەهاباد بە چەشنێکی بێ وێنە جێگای خۆیان لە ناو خەڵکی کوردستان دا کردبۆوە. ئێستاش کۆماری مەهاباد دیاردەی خەباتێکی دوورودرێژی مێژوویی و لانی چاکە و خەراپەی ئەو کۆمارە میراتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد. نە ئاغای ماکان و نە شۆوێنیستەکانی تری فارس بە گشتی و نەکۆنەپەرستیی حەمەرەزاشا ناتوانن کاریگەریەتیی مەعنەویی ئەو کۆمارە لە ناو بەرن.

دوکتور قاسملوو لە درێژەی باسەکەی دا دەنووسێ "سرنج ڕاکێش ئەوەیە کە ئاغای ماکان لە (ل. ٤٠) لە حیزبی توودەی ئێران داوا دەکا کە لە دژی مافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێران خەبات بکا. ماکان دەڵێ لە نیوان دروشمی دیفاع لە تەواویەتی ئەرزیی ئێران ومافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێران دا کە هەردووکیان لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێران دا هاتوون ناتەبایی هەیە".

(تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل. ٢٥٨ - ٢٥٩).

### *مەسەلەی زمان لە ڕوانگەی م ـ ماکان:*

فارسەشۆوینیستەکان لە بواری زمانیشەوە هەمووکات هەوڵ دەدەن کە زمانی کوردی بە لقێک لە زمانی فارسی پێناسە بکەن ووا نیشان دەدەن کە بە قەولی خۆیان "چونکە کورد نەتەوە نیە وقەومە، کە وابوو ناتوانێ زمانی سەربەخۆشی هەبێ". م ـ ماکان لەو پەیوەندیە دا دەنووسێ " زمانی دەری زمانی هەموو خەڵکی ئێرانە، چونکە ئەو زمانە بە ناوی زمانی دانیشتووانی ئێران لە پرۆسەی (ڕەوت)ی مێژوویی دا پێک هاتوە وپەرەی ئەستاندوە". دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ" ئەوە کە منداڵی ئازەربایجانی بۆ یەکەم جار لە قوتابخانە دا تووشی زمانی فارسی دەبێ وتێ دەگا کە بە "سوو" دەڵێن "ئ ب" و بە "چۆرەک" دەڵێن "نان"، بۆئاغای ماکان گرینگ نیە. ئەوناتوانێ تێ بگا کە زمانی فارسی بۆ منداڵانی ئازەربایجانی وکورد زمانی زگماکی نیە. ماکان بە ئاشکرا دەری ناخا ووادیارە ئەو ئازایەتی وڕووهەڵماڵاوییە لە خۆی دا شک نابا. بەڵام بەرهەمی لێکدانەوەکەی ئەوەیە کە

هەموو گەلانی ئێران دەبێ زمانی فارسی بە زمانی خۆیان بزانن وچونکە ئەوەش لە راستی دوورە، کە وابێ دەبێ مشوورێکی بۆ بخۆرێ یان ئەوەی کە نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێران دا بە زۆر بتوێندرێنەوە. ئێستا لەوە گەرێین کە ماکان لە رۆژهەلاتناسەکانەوە دەگێرێتەوە (ئەو رۆژهەلاتناسانە کە لە جێگایەکی تردا بە "مووچە خۆری ئاشکراو نهێنیی دەزگای حکوومەتی ولاتە ئیمپریالیستی یەکانیان ناو دەبا" (لاپەڕەی ٣١)، کە گۆیا ئەو زمانەی هاتۆتە فەلاتی ئێران بە زمانی ئێرانی ناو دەبەن.

راستیی ئەوەیە کە لە فەرهەنگی زمانناسی دا لە هیچ شوێنێک ئێمە تووشی زاراوەی زمانی ئێرانی نابین وهیچ رۆژهەلات ناسێکی ناسراو ئەو زاراوەی بە کار نەهێناوە. بە پێچەوانە هەموو رۆژهەلاتناسان زاراوەی زمانەکانی ئێران بە کار دێنن کە لکێکە لە زمانەکانی هیندو ئۆرووپایی. لاڕووس (قاموسی فەرانسەوی) لە لکی هیندوئێرانی دا کە زمانەکانی هیندی وئێرانی دەگرێتەوە، زمانەکانی تازەی هیندی، سانسکریت، پارسیی کۆن، زەتر، فارسی وکوردی ناو دەبا. (لاڕووسی بچووک ١٩٦٤، لاپەڕەی ١٤٤٣). دوکتور قاسملوو درێژە بە باسەکەی دەدا ولە بواری زمانەوە دەنووسێ "زاراوەیەکی تر کە ماکان بە کاری دێنی "نیوە زمان" ە. دیارە ئەوەش زاراوەیەکی تایبەتی خۆیەتی. لە زانستی زمانناسی دا زاراوەیەکی وەها نیە وناشزانین کە مەبەستی لە نیوە زمان چیە. ئاغای ماکان ناچار بووە ئەو زاراوە داتاشێ. تا ئەگەر نەیتوانی زمانەکانی ئازەری وکوردی بکاتە بەشێک لە شێوەکانی زمانی فارسی، لانیکەم بتوانێ ناوی نیوە زمانیان بەسەر داببرێ. (تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل ٢٥١ - ٢٥٢).

لە بابەت زمانی کوردییەوە ماکان دەنووسێ "چونکە لە زمانی کوردی دا چەند شێوە هەیە ناکرێ پێی بگوترێ زمان". لە ولام دا دوکتور قاسملوو دەلێ" لە پێش دا دەبێ بلێین کە بوونی چەند شێوەی جۆربەجۆر تایبەتی زمانی کوردی نیە. زمانی ئالمانی کە یەکێکە لە زمانە مۆدێرن وپێشکەوتووەکان، ئێستاش خاوەنی چەند شێوەی جۆربەجۆرە. ناتەواویی زمانی کوردی لەوەدایە کە ئەلف وبێیەکی نیە کە بتوانێ ببێتە بناغە بۆ پێک هێنانی زمانی ستانداردی کوردی. ئێستا لە قوتابخانەکانی کوردستانی عێراق دا بە زمانی کوردی دەخوێندرێ. رۆژنامە و گۆڤارو کتێب بەو زمانە بلاو دەکرێتەوە. لە یەکیەتیی سۆڤییەتیش هەروەها.

رۆژهەلاتناسەکان لە رۆژهەلاتەوە تا رۆژئاوا هەموو سەلماندوویانە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە. لێک

نزیکیی زمانی کوردی وفارسی نابێتە بەڵگەی ئەوە کە زمانی فارسی شێوەیەکی زمانی کوردی یە یان بە پێچەوانە زمانی کوردی یەکێکە لە شێوەکانی زمانی فارسی. مەگەرزمانی رووسی وبیلورروسی یا زمانی رووسی وئۆکراینی جیاوازییان لە نێواندا پترە لە زمانی کوردی وفارسی ؟ تەنانەت دوو نەتەوەی جیاوازییش دەگونجێ بە زمانێک قسە بکەن وەک ئۆتریشی یەکان وئالمانی یەکان، فەرانسەوی یەکان وبلژیکی یەکان، ئینگلیزییەکان وئەمریکاییەکان. (تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل. ٢٥٦ - ٢٥٧).

---------

ئەو کتێبانەی وەکوو سەرچاوە بۆ ئەو بابەتە کەڵکم لێ وەرگرتوون بریتین لە:

کردستان و کرد، دکترعەبدالرحمن قاسملو. چاپی فارسی، ١٩٩٦

نیو سەدە تێکۆشان، عبدالله حسن زادە، بەرگی دووهەم، ١٩٩٦

دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات، کۆ کردنەوەی کاوە بەهرامی

تاڤگەی هەقیقەت، لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی، بەرگی یەکەم

٢ی جوونی ٢٠٠٩

ئەم بابەتە لە ژمارە ٥١٤ی "کوردستان"، تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا بڵاوکراوەتەوە

## کورد و گەمەی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا

لە ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتی خۆداسەپاوی ئیسلامی سیاسی فارس وشیعە لە ئێراندا، گەمەی هەڵبژاردن بە بۆنەی جیا جیا ویەک لە وان "هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار" هەرچوار ساڵ جارێک بە ڕێوە چووە کە تەنیا ئامانجی پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵێک ئاخوندی کۆنەپەرەست ولە سەرەوەی هەمووان ڕێبەری ئاینی وڵات وبە وتەی

خۆیان "ولایت فقیه" بووە. ئەوە شێوە بەرێوە بردنی هەڵبژاردن وبەشداری پێ کردنی خەڵک لەوبە ناوهەڵبژاردنە دا هەموو کات مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێرانی بە ئاشکرا پێ شێل کردووە ولە راستیدا خەڵک هیچ کات دەنگیان بە کاندیدایەک نەداوە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئاخوندەکاندا دابێ وهیچ کات هیچ تاکێکی سەر بەخۆ کە سەربە رێژیم نەبووبێ دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخساوە کە سەربەخۆ بێتە مەیدان وبەرنامەکانی خۆی بۆ ئاڵ وگۆر پێشکەش بکا وخەڵک لە سەر ئەساسی ناسینی شەخسەکە وبەرنامەکانی بتوانن دەنگ بەو کەسە کە شایستەی ئەو پۆستەیە بدەن.

"شورای نگهبان" کە یەکێک لە ناوەندە بە هێزەکانی دەسەڵاتە و لە ژێرفەرمانی رێبەری ئاینی وڵات دایە، دەسەڵاتی ڕەهای هەیە کە بە ئارەزووی خۆی پاڵێوراوانی سەرۆک کۆماری لە مەحەک بدا و پاش ئەوەی کە بە تەواوی لێیان دلنیا بوون کە سیاست و هەڵس وکەوتیان دژ بە بەرژەوەندییەکانی نیزام نیە و لە ئەمروفەرمان رێبەر دەرناچن، ئەوجاربە ناوی کاندیدا بە خەڵکی داماویان دەناسێن کە لە هەڵبژاردن دا دەنگ بە یەکێیان بدەن. دەبێ بلێین کە خەڵک دەنگ بە کاندیدای "شورای نگهبان" دەدەن. هەموو ئەوانەی کە تاکوو ئێستا سەرۆک کۆماربوون ویان خۆیان بۆ سەرۆک کۆماری پالاوتوە بەشێک بوون لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاخوندە شێعەکان وهەموویان بەرپرسایەتی بەرزیان هەبووە وتاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ سیستمی "ولایت فەقیە"ی وقانونی ئەساسی ئێرانیان نەبردۆتە ژێرپرسیار وبە گشتی هەموویان دەروێشی بارەگای شیخی جەماران بوون وهەن. هەرلەو ڕوانگەشەوە کێ بەرکێ هەموو ئەو لایەنانەی کە خۆیان چ وەک "اصلاح طلب یا اصولگرا" بە پشتیوانی کۆمەلێک بە ناو "حیزبی سیاسی" سەربە هەر دوولایەن پێناسە دەکەن جگە لە کۆمەلێک خەڵکی کۆنەپەرەست و دژ بە ئازادی و مافە ئینسانیەکانی گەلانی ئێران هیچ پێناسەیەکی دیکەیان بۆ ناکرێ و ئەو جەماعەتە بە عەقل و شعوری گەلانی ئێران پێ دەکەنن و لەو گەمە سیاسیە ناپاکەکانیان دا کە تەنیا بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتە، خەڵک وەکوو کەرەسەی سوتەمەنی شەڕە شومەکەیان بەکاردەهێنن و مەبەست و ئامانجیشیان لە پلەی یەکەم دا نیشاندانی "مەشروعیەت و خەڵکی بوونی نیزامەکەیانە" بە دونیای دەرەوە و دەیهانەوێ بلێن کە بەلێ لە ئێرانیشدا "هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردن وەکوو پرۆسەیەکی دێموکراتیک بە رێوە دەچێ".

ئەم شێوازە لە پالاوتن و هەڵبژێران ودەنگ دان بە تەواوی دژی هەموو ئەو مافانەی کە لە بەیاننامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتۆکاندا هاتووە و ئێرانیش ئیمزای کردووە. ئەم ساڵ بۆ جاری دەهەم وبۆهەلبژێرانی کەسێک

وەکوو"سەرۆک کۆماری ئێرانی ئیسلامی" دیسان دام ودەزگاکانی بە تەواوی کۆنترۆل کراوی کۆماری ئیسلامی خەریکی بازار گەرمی پرۆسەی بە ناو "هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارین" و تاکوو ئێستاش چەند مۆرەی ناسراوی رێژیم و یەک لەوان "محمود احمدی نژاد" سەرۆک کۆماری ئیستای ئەو رێژمە بە فەرمی خۆیان وەکوو بەربژاری سەرۆک کۆماری ناو نووس کردووە. هەروەها بەرپرسی پێشووی "سپاه پاسداران" "محسن رضایی" و دووکەسی لایەنی بە ناو " رێفۆرم خواز" "مهدی کروبی" سەرۆکی پێشووی "مجلس شورای اسلامی" و "میر حسین موسوی" سەرۆک وەزیرانی سەردەمی سەرەتای شەڕی ئێران و عێراق ناو نووسیان کردووە. "مهدی کروبی" ئەوە بۆ جاری دووهەمە کە خۆی بۆ ئەو پۆستە دەپالێوی وڵە هەلبژاردنی ٤ ساڵ لەمەو پێشدا دەنگی نەهێنایەوە و دژبەرەکانی بە گاڵتە پێی دەلێن "شیخ اصلاحات". بۆئەوەیەکە بزانین کە کەسانی بە ناو "رێفۆرم خواز" چەندە دەتوانن بەو گفتانەی کە ماوەیەکە دەیدەن بە خەڵک پابەند بن پێویستە ئاورێک لە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە وئەرک ودەسەڵاتی سەرۆک کۆمارشرۆڤە بکەین. دوای ئەوەش ئەو هەل ومەرجەی کە بە سەر فەزای سیاسی ئێران وبواری ئابوری وقەیرانی ماڵی کە جیهانی گرتۆتەوە وداشکانی نرخی نەوت وکاریگەریان بۆ سەر ئابوری ئێران دەخەینە بە رلێکدانەوە. بە پێی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی "قانون اساسی" دەسەڵات وئەرکەکان بە سەر چەندین ناوەندی جیاواز دا دابەش کراوە کە لە سەرەوەی هەمووان "رێبەری ئاینی" دەوری سەرەکی دەبینێ ولە راستیدا دەسەڵاتی سەرۆک کۆمارلە بەرامبەر رێبەر دا وەکوو دەسەڵاتی خاوەن کاروکرێکار وایە وکرێکار ناتوانێ بە بێ ئیزنی خاوەنکارسەربەخۆ بڕیاربدا.

با لە پێشدا چاوێک لە دەسەڵاتی رێبەری ئاینی بکەین. بە پێی " اصل ١١٠" ،رێبەری ئاینی وڵات ئەو دەسەڵاتانەی هەیە.

١- دیاری کردنی سیاسەتی گشتی کۆماری ئیسلامی دوای پرس وڕا بە "مجمع تشخیص مصلحت نظام".

٢- چاوەدێری بە سەربەرێوە چوونی سیاسەتی گشتی رێژیم

٣- دەرکردنی فەرمانی رێفراندۆم

٤- سەرۆکایەتی تەواوی هێزەکانی چەکدار

٥- ڕاگەیاندنی شەڕوئاشتی وبەسیجی هێزەکان

٦- دانان ولابردن وقەبوڵ کردنی داوای دەست لە کارکێشانەوە بەرزترین دەسەلاتی قەزایی وبەرپرسی دەنگ ورەنگی کۆماری ئیسلامی "صدا وسیما" ،بەرپرسی هاوبەشی هێزە چەکدارەکان، بەرپرسانی پایە بەرزی هێزەکانی

لەشکری وپۆلیس وهاتووچۆ، دانان ولابردنی ئاخونده پایه بەرزەکانی "شورای نگهبان"

٧- چارەسەرکردنی کێشه وگیروگرفتی نێوان هەرسێ هێزی سەرەکی دەسەلات

٨- چارەسەری کێشەکانی حکومەت که بە شێوەیەکی ئاسایی چارەسەرناکرێن، لە لایەن "مجمع تشخیص مصلحت نظام"

٩- ئیمزا کردنی حوکمی سەرۆک کۆماری دوای هەلبژێرانی لە لایەن خەڵکەوە وهەروەها پەسەند کردنی سەلاحیەتی پالێوراوانی سەرۆک کۆماری بۆتەتبیق کردنی لە گەڵ ئەوشەرتانەی کە لەو قانونە دا دێن، دەبێ پێش هەڵبژاردن بە پەسەندی "شورای نگهبان" ولە مەرحەلەی یەکەم بە پەسەندی رێبەربگەن".

١٠- ولانانی سەرۆک کۆماربە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی وڵات دوای دەرچونی حوکمی دیوانی بەرزی دادوەری وڵات لەمەڕ لە ژێرپێنانی ئەرکەکانی یاسایی ویان دەنگی "مجلس شورای اسلامی" بە هۆی شایستە نەبوونی بۆ ئەوپۆستە لە سەرئەساسی ئەسلی ٨٩ . ١١. بەخشین یان کەم کردنەوەی سزای تاوانباران لە چوارچێوەی ئاینی دا لە دوای پێشنیاری بەرپرسی دەزگای قەزایی وهەروەها رێبەر بۆی هەیە هیندێک لە ئەرکەکان ودەسەڵاتەکانی خۆی بە کەسێکی دیکە بسپێرێ.

بە چاوخشاندنێک بەو ئەرک ودەسەڵاتانەی کە بۆ رێبەری ئاینی وڵات دیاری کراوە، دەسەلاتێکی ئەوتۆ بۆ سەرۆک کۆمار نامێنێتەوە ولە راستیدا دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری لە ئێران دا زۆرتر شتێکی تەشریفاتیە،

هەروەکوو هی ئیسرائیل، عێراق یان هی تورکیە.

لەو وڵاتانە دا سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی سەرەکی وبڕیاردانی بە دەستەوەیە وبە لام لە ئێراندا سەرۆکی ئاینی وڵات.

لەو پەیوەندییە دا واباشە چاوێکیش لە ئەرک ودەسەڵاتی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا بخشێنین، تاکوو بۆمان دەرکەوێ کە ئەوهات و هاوارەی کە نوێنەرانی بە ناولایەنی "رێفورم خواز" بە تایبەتی "کروبی" وەرێی خستووە زۆرتر پروپاگەندەی هەڵبژاردنە و لە راستیدا دانی وادەی سەرخەرمانە. "مهدی کروبی" لە وماوەیە دا نوسراوەیەکی کە ٨ ماددەکەی لە خۆگرتوە بە قەولی خۆی بۆ چارەسەری گیروگرفتی "اقلیتهای قومی ومذهبی" بڵاو

کردۆتەوە ودەڵی ئەگەرببێتە سەرۆک کۆماری ئێران هەموویان جێ بە جێ دەکا. لەو بەرنامەیە دا ئاماژە بە کۆمەڵێک لە خاڵەکانی یاسای بنەڕەتی ئێران دەکا کە بریتین لە ئەسلەکانی " ١٢٢ ، ١٢٤ ، ١٢٦ ، ١٣٠ " . گوتەیەکی "محمد خاتمی" کە بە قەولی خۆی زۆریش " ریفۆرمیست بوو" و ٨ ساڵ سەرۆک کۆماری ئێرانی ئیسلامی بوو وەبیر دێنمەوە کە کوتبوی "رییس جمهور تداروکاتچی میباشد".

لە " ئەسلی ١٢٢ دا هاتووە کە سەرۆک کۆمارلە چوارچێوەی دەسەڵات و ئەرکەکانی کە بە هۆی یاسای بنەڕەتی و یان یاساکانی ئاسایی بۆی دیاری کراوە لە هەمبەر میللەت ورێبەر و مەجلیسی شۆرای ئیسلامی دا بەرپرسیارە". لە " ئەسلی ١٢٤ نوسراوە کە سەرۆک کۆمار دەتوانێ بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە یاساییەکانی خۆی چەند جێگری هەبێ. جێگری یەکەم لە سەر رەزامەندی خۆی سەرپەرەستی هەیئەتی وەزیران دەکا وبەرپرسی رێک وپێک کردنی کاروباری باقی جێگرەکانی لە ئەستۆیە". لە "ئەسلی ١٢٦ دا نوسراوە کە سەرۆک کۆمار بەرپرسایەتی لایەنی پەیوەندی دار بە بەرنامە وبودجە ولایەنی کاروباری ئیداری و دامەزراندنی بۆکاروباری ئیداری وڵاتی راستەوخۆ بە عۆدەیە ودەشتوانێ بە جێ گەیاندنی ئەو ئەرکانە بە کەسێکی دیکەش بسپێرێ". لە" ئەسلی ١٣٠ نوسراوە کە سەرۆک کۆمارداوای دەست لە کارکشانەوەی خۆی پێشکەش بە رێبەر دەکا".

بەچاوخشاندێک بە ئەرک ودەسەڵاتەکانی دیاری کراو لە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرۆک کۆمار، بە روونی دەردەکەوێ کە سەرۆک کۆمارلە هەمبەر رێبەردا هیچ دەسەڵاتێکی نیە وئەو تۆزە ئەرک و دەسەڵاتەی کە بۆیان دیاری کردووە هیچ گرینگی ئەتۆی نیە وهەمە کارە رێبەری ئاینی وڵاتە نەک سەرۆک کۆماری "تداروکاتچی".

بە پێی " ئەسلی ١١٥ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کەسێک دەتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆمار کە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابێ. "سەرۆک کۆمار دەبێ لە توێژی نوخبەی مە زهەبی وسیاسی و کەسێکی گونجاوبێ ودەبێ خاوەنی ئەوتایبەتمەندیانەش بێ: ئێرانی ئەسڵ بێ، دانیشتووی ئێران بێ، کەسێکی لێوەشاوە بێ، خاوەنی رابردووی خاوێن ودەست پاکی ودینداری بێ وبڕوای بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ومەزهەبی فەرمی ئەو وڵاتە بێ ". ئەو خاڵە بە مانایەیە کە هیچ کەسێکی غەیری فارس وشێعە ناتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆماری ئێران. دیارە ئەو خاڵەش لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا تەنیا شامیلی خودی رێژیم بووە کە خزمەتکاری

ڕاستەقینەی ئەو نیزامەن ودەربەست موخلیسی ڕێبەری ئاینی ولآتن.ئەو خاڵە وەکوو زۆربەی هەرە زۆری خاڵەکانی نێو یاسای بنەرەتی ئێران لە سەر بنەمای راسیسمی فارس دانراوە وئینکاری نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە هەموو بوارەکاندا سیاسەتی ستراتیژی ڕێژیم بووە.

کورد لە ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی سێ دەیەی رابردوو هیچ کات نەیتوانیوە ببێتە بەشێک لە دەسەڵات وتەنانەت وەکوو هاووڵاتی دەرەجە ٣ سەیری کراوە. کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا کوردی خستۆتە پەراوێزەوە وەدەکرێ بلێین کە بەشێکی خەتای هەڵەی سیاسی خودی کوردەکان بووە کە لە چەندین خاڵ دا باسی دەکەم.
*یەکەم:* حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی دەسەڵاتداریان کە حیزبی دێموکرات وکۆمەلە بوون گەلێک ناتەبا وناڕێک بوون لە گەڵ یەکتر وبە سیاسەتی دژایەتی یەکترکردن ولە ئاکامیش دا شەڕی خۆ خۆریان زۆرخزمەتی گەورەیان بە داگیرکەران کرد وزۆر بە سانایایی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان لە دەست دا.ئەوان ئەو هێز وچەک وتوانایەی کە هەیان بوو ئەگەرلە دژی کۆماری ئیسلامی بە کاریان هێنابا وبەرەیەکیان دروست کردبا، بێ گومان ئەمرۆ ئەوە حالیان نەدەبوو کە هەرکامیان بونەتە چەند پارچە وتووشی ژیانی ئوردوگانیشینی بوون.
*دووهەم:* ناساندنی کوردستان وەکوو سەنگەری ئازادی سەراسەری ئێران خۆی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ پەلاماری بەربڵاو بۆ سەر کوردستان ئاواڵە کردووە وکۆماری ئیسلامی بە تیرێک دوو نیشانی پێکا، هەم هەموو دژبەرانی خۆی بە کورد وغەیری کوردەوە لە کوردستان وەدەرنا وهەمیش بەرەیەکی تازەی شەڕی دژی عێراق لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە کردەوە.
*سێهەم:* هەلگرتنی دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی وبوونی بە ستراتیژی هێزە کوردیەکان ولە سەرەوەی هەمووان حیزبی دێموکرات. بە بڕوای من هەلگرتنی ئەو دروشمە بۆ کورد پێویست نەبوو، چونکە کورد داوای مافی خودموختاری دەکرد لە ئێران وئیستاش کە زۆربەی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان خەون بە "ئێرانێکی فیدرال ودیموکراتیک" دەبینن لە دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی. کورد نەدەبوا ببێ بە کەوا سووری بەر لەشکر ودروشمێک بەرزکاتەوە کە نە کاری ئەوە ونە لە تواناشی دایە جێ بە جێ بکا. تازە ئەگەر ئامانجی سیاسی چارەسەری کێشەی سیاسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانیش دابێ، ئەو سیاسەتە تاکووئێستا زۆر بە خراپ بە سەر کوردی رۆژهەڵات و ئێران دا شکاوەتەوە و ئەمرۆ بە باشی دەبینین کە چۆن خەڵک وحیزبەکان باجەکەی کە زۆر قورسیشە دەدەین. ئەو قسەیەی من بەومانایە نیە کە دژی نەمانی کۆماری ئیسلامیم، نا، بەڵکوو ڕام وایە کە کورد

دەبێ وەداوی مافە نەتەوەیەتیەکانی خۆی بکەوێ ورووخانی کۆماری ئیسلامی نەکاتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم خەبات وتێکۆشانی خۆی.

ئێمە نابێ ولاتی خۆمان کاول کەین بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە لە ئێراندا بە دێموکراسی وئازادی بگەن. لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کورد بە تەنیا بووە وبێ پشت وپەنا وگەلانی دیکەی ئێران کە زۆرجار ئێمەی کورد خۆمان بۆوان فیدا کردووە سووکە ئاورێکیان لێ نەداوینەوە. بە بڕوای من پێویستە کورد لە رۆژهەلات وەکوو سەردەمی شۆرشی ١٣٥٧ هەتاوی بکا وئەگەر هەموو گەلانی ئێران بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی راست بوونەوە، کوردیش لە لاوە شانی وەبەر بنێ، بە لام نەبێتە بە لا گێرەوە خەڵکانی تر. گیروگرفتێکی گەورەی حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ئەوەیە کە هەموو جارێ یەک لایەنە مەسەلەکان دەبینن ولە بەرخۆ بەزل زانیان ئامادە نین هاوکاری یەکتربکەن وبە کۆ دەنگی بڕیارلە سەرمەسەلە سیاسییەکان کە چارەنووسی گەلی کورد دیاری دەکا بدەن. لە ماوەی ساڵانی رابردوو، بە تایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری "محمد خاتمی" لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی و بەرەی بە ناو " ٢ خرداد " یان بە قەولی خۆیان "رێفۆرم خواز" سیاسەتێکی چەند لایەنە لە نێوان کوردەکانی رۆژهەلات بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ولات و بە کەسانی سەربە خۆ ویان "رێفۆرم خوازی کورد" لە ئارا دا بووە ولە راستیدا بوونی دوو سیاسەتی تەواو جیاواز لە یەک وناکۆک، نەک هەرلە بەرژەوەندی کورد دا نەبووە، بەڵکوو بۆتە هۆی لێکدابرانی زیاتری کوردەکان و دەوڵەتی داگیر - کەری کۆماری ئیسلامیش کەڵکی چاکی لێ وەرگرتووە.

لایەن ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کۆماری ئیسلامی تەحریمی هەڵبژاردنی کردووە بە بێ ئەوەی شتێکی نوێ بۆ خەڵک وەکوو ئالترناتیڤ پێ بێ ولایەنی ناوخۆ چ ئەوانەی کە سەربەخۆن وچ ئەوانەی کە بە ناو "ریفۆرم خوازن" ولە ناو حیزبە سیاسیەکانی سەربەکۆماری ئیسلامی ئێراندا شەرەفی ئەندامەتیان پێ دراوە بە گەرم وگوڕی بەشداری هەڵبژاردن بوونە وخەڵکیشیان هان داوە کە بەشداربن و دەنگ بە "محمد خاتمی" بدەن. ٨ ساڵ دەورانی "خاتمی" لە سەر یەک بۆ کورد چ دەسکەوتێکی تێدا نەبوو. دوای ئەو "محمود احمدی نژاد" لە ئەندامانی کۆنی "سپاه پاسداران" بە پشتیوانی رێبەربووبە سەرۆک کۆمار ولە ماوەی ٤ ساڵ سەرۆک کۆماری ئەو داسیاسەتی مستی پۆلایین بە نیسبەت رۆژهەلاتی کوردستان بە رێوە چووە. ئیستاش وا شاهیدی هات وهوریای دەورەی دەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارین لە ئێراندا. لەو نێوە دا بە پێی لێکدانەوەکان چوارکەس کە لە سەرەتا دا ئاماژەم بە

ناوەکانیان کرد شانسی گوزەران لە فیلتێری "شورای نگهبان" یان هەیە وخەڵکیش پێیان خۆش بێ یان ناخۆش دەبێ دەنگ بەو کەسانە بدەن کە لەو فیلتێرە ڕەد دەبن. ماوەیەک لە مەوبەربە پشتیوانی بەرەی "ڕێفۆرم خواز" " محمد خاتمی" هاتەوە مەیدان و باسی لە خۆکاندید کردن کردەوە کە هەر زوو لە لایەن بەرەی دەسەڵاتدارەوە پاڵیان پێوەنا.

ئەوەی لێرە دا زۆر گرینگ و بەرچاوە دیسان ڕۆلی ژومارەیەک لە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دابوو کە کەوتبونە پارانەوە و لالانەوە لە بەر "خاتمی" کە خۆی کاندید بکاتەوە . بە بڕاوی من دەکرێ ئەو جۆرە کردەوە بە کارەساتی نەتەوەیی ناودێربکرێ و زۆر جێگای داخە کە بەو شێوەیە کۆمەڵە خەڵکێک وەکوو سواڵکەربە ناوی "نوێنەری کوردەکان" دەچنە بەردەم ناوبراو ودەبنە "کاسە داغتر ازآش" و داوایەکی ئاوا دێنە بەرباس. لە بەر ئەوەی کورد خۆی نەیتوانیوە یەک بگرێ و یەک دەنگ هەوڵ بۆ وەدیهێنانی مافەکانی بدا، نەشیتوانیە بێتە وەزنە لە کۆ سیاسی ناوخۆی ئێراندا و کاندیداکانیش بۆ دەنگ هێنانەوەی خۆیان کەڵکی زۆر خراپ لە کورد وەردەگرن، دەنا ئەوەی بۆیان گرینگ نەبێ مافەکانی کوردە وزۆریش بە سووکی سەیری کورد دەکەن و قەتیش کوردیان بە بەشێک لە خۆیان نەزانیوە.

پارانەوە ودەست پانکردنەوەی ئەو کۆمەڵە کوردە کە چوبوونە لای "خاتمی" دیسان وەکوو سیاسەتی هەڵەی حیزبەکان دووپات بۆوە و ئەوجارسەریان لە بارەگای ئاخوند "مهدی کروبی" دەرهێنا وبە هەمان ئەدەبیاتی بە خۆ بەکەم زانیین وداگیرکەر بە برا گەورە زانین هیندێک داخوازیان خستۆتە بەردەم کەسێکی کە ئەگەر بێتە سەرۆک کۆمارهیچ دەسەڵاتی ئیجرایی نیە کە بتوانێ تەنانەت کۆمەلێک مافی فەرهەنگی وئیداری بە ناوچە کوردنشینەکان ڕەوا ببینێ. " کروبی" ٨ خاڵی هێناوەتە بەرباس کە هەرهەموویان ٣٠ ساڵە لە یاسای کۆماری ئیسلامی دا نوسراون وکەسیش گوێیان پێ نادا.

بۆجێ بە جێ کردنی ئەو خاڵانە دەبێ ئاڵ وگۆر لە سیستمی ئێران داپێک بێ و پێویستی بە فەزایەکی دێموکراتیک هەیە و بە بوونی پرۆژەی درێژ خایەن وبە پارەیەکی زۆرهەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بە دەستی قەیرانی ئابوری و مالیەوە دەناڵێنی وداشکانی نرخی نەفت لە بۆشکەی ١٤٠ بۆ ژێر ٤٠ دولار، قەیرانی ماڵی کە لە ئامریکا سەری هەڵداوە و هەموو دونیای گرتۆتەوە ئێرانیشی تووشی تەنگەژەی گەورە کردووە. لە خوار بوونی ئەرزیشی

پوولی ئێران، وەزعی خراپی ئابوری و بانکی ئێران و گرانی و تەوەرومی سەر سوورهێنەر هەموویان کۆمەڵێک گرفتی گەورەن کە بەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان گرتووە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە تاکوو ئێستا بە هۆی سیاسەتی درێژە دان بە پیتاندنی یۆرانیوم لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، لە لایەن شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتۆکانەوە سێ بڕیارنامە لە سەر ئێران دەرچووە و سات و سەودای بازرگانی شیرکەتە گە ورەکانی دونیا لە گەڵ ئێران تووشی بەربەستی زۆر هاتووە و زۆریان ناوێرن لە گەڵ ئێران سات و سەودای بازرگانی بکەن. هەروەها هیندێک لە بانکەکانی ئێرانیش کەوتونەتە بەر پەلاماری ئەو تەحریمە نێو نەتەوەییە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانێ لە گەڵ ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوا لە سەر کێشەی پیتاندنی یۆرانیۆم رێک بکەوێ و دەست لە پشتیوانی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی هەڵگرێ و بەردەوام دژایەتی پرۆسەی ئاشتی فەلەستین و ئیسرائیل بکا، وەزعی سیاسی و ئابوری ئێران لەوەیکە هەیە خراپتر دەبێ و گرانی و بێکاری و هەژاری زۆر زیاتر لە جاران داوێنی گەلانی ئێران دەگرێ. ئێران بۆ دەرباز بوون لەو هەموو قەیرانە پێویستی بە ئاڵ و گۆرو بە کرانەوە و بە سیستمێکی روون و شەفاف هەیە و بۆدەرباز بوون لە هەمووە تەنگە ژیە دەبێ چارەسەری کێشەکانی لە گەڵ رۆژئاوا بە گشتی و ئامریکا بە تایبەتی بکا، دەنا نەک "کروبی" ئەگەر"خاتمی" ش بێتەوە سەرکارهەمان ئاش دەبێ و هەمان کاسە. بە بڕاوی من هیچ کام لەوانەی کە بە ناو "رێفۆرم خواز" سیاسەت دەکەن ناتوانن بە مانای راستەقینە ئاڵ و گۆر لە کۆماری ئیسلامی دا پێک بهێنن، چونکە خۆیان بەشێکن لەو نیزامە. کەسانێک و خەڵکانێک دەتوانن ئاڵ و گۆر لە سیستمی سیاسی ئێران دا پێک بهێنن کە لە دەرەوی بازنەی دەسەڵات بن وهیچ کات بەشێک نەبوون لەو رێژیمە. رێکخراوەکانی دێموکراتیکی خوێندکاری، ژنانی ئازادیخوازو یەکسانی خواز، ئەو رێکخراوە سیاسیانەی کە بە ڕاستی هەوڵ بۆ ئێرانێکی دێموکراتی دەدەن، کەسانی باوەڕمەند بە دێموکراسی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوی وڵات دەتوانن ئەگەر خۆیان رێکخەن ببن بە ئالترناتیڤی گۆران لە ئێراندا.

ماوەتەوە لە کۆتایی دا بڵێم کە هیوادارم، ئەگەر حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن لە گەڵ خەڵکانی ناو خۆ کۆدەنگێک دروست بکەن لە مەڕ بەشداری یان تەحریمی هەڵبژاردن، لانیکەم خۆیان کۆ دەنگێک لە نێو خۆیان دا دروست بکەن ویەک دەنگ بڕیار بدەن. هەرچەند ڕەنگ بێ ئەو چاوەڕوانیەی من کە دڵنیام هی هەزاران کوردی دیکەشە، وەکوو زۆر چاوەڕوانی دیکە کە لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەمانە بێ وڵام بمێنێتەوە.

١٢ی مای ٢٠٠٩

# چەند سرنجێک لە سەرپەیامە نەورۆزییەکەی پرێزیدێنت ئۆباما

باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا بە بۆنەی نەو رۆژە پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی ئێران و سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد و دوای پیرۆزبایی کردنی نەورۆز "خوازیاری دەسپێکێکی نوێ لە پەیوەندیەکانی نێوان ئێران وئامریکا بوو". سەرۆک ئۆباما لە بەشێک لە قسەکانی دا دەڵێ "حەز دەکەم بە ڕوونی لە گەڵ ڕێبەرانی ئێران بدوێم. ئێمە گیروگرفتی زۆر جیدیمان هەیە کە بە تێپەربوونی زەمان لە سەر یەک کەڵەکە بوون. ئێستا حکومەتی من پابەندە بە دیپلۆماسی وهەڵسەنگاندنی بەشی هەرە زۆری ئەو مەسەلانەی کە بەرۆکی ئێمەی گرتوە وهەوڵ دەدا پەیوەندیکی گونجاو لە نێوان ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا، ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا دروست بکا. ئەو ئامانجە بە هەڕەشە وگوڕەشە پێش ناکەوێ و لە جێگای ئەوە، ئێمە خوازیاری پەیوەندیکی سادقانە لە سەرئەساسی ڕێزگرتنی دوولایەنەین". بەڵام ئێوەش دەبێ خۆتان ساغ کەنەوە. ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا خوازیاری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێگەی راستەقینەی خۆی لە نێوکۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دا بدۆزێتەوە و ئێوە مافێکی لەوچەشنەتان هەیە، بەڵام ئەو مافە گرێ دراوی کۆمەڵێک بەرپرسیارەتی راستەقینەیە و تێرۆرو خۆ پڕچەک کردن ڕێگای گەیشتن بەو مەبەستە نیە، بەڵکوو لە ڕێگای سیاسەتی ئاشتی خوازانە کە نیشاندەری گەورەیی راستەقینەی خەڵک وشارستانیەتی ئێرانە وەدی دێ. مەعیار بۆ نرخاندنی ئەو مەزنایەتیە نیشان دانی مەیل و توانا بۆ کاول کاری نیە، بەڵکوو دەرخستنی تواناییتانە بۆ بنیات نان وخوڵقاندن".

سەرۆک ئۆباما لە درێژەی پەیامەکەی دا دەڵێ "بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی ئێوە، پێم خۆشە خەڵک ورێبەرانی ئێران بزانن کە ئێمە بە دوای چ جۆر داهاتویەک دا دەگەرێین، داهاتویەک کە هیوابەخشی ئال وگۆری نوێ لە نێوان خەڵکانی ئێمە دا بێ بۆ پێکهێنانی دەرفەتی گەورەتر بۆ بەشداری وبازرگانی. ئەوە داهاتویەکە کە لەودا گیروگرفتە دێرینەکانمان چارە سەرکراون ،داهاتویەک کە ئێوە وهاوسێکانتان ودونیا وهەمووومان بە شێوەیەکی بەرینتردەتوانین لە ئاشتی وتەبایەکی باشتردا بژین".

بە بڕوای من ناردنی پەیامێکی ئەوتۆلە لایەن سەرۆک ئۆباما وەکوو سەرۆکی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ویلایەتە

یەکگرتۆکانی ئامریکا بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێ لە چەندین ڕوانگەوە شرۆڤە بکرێ ولایەنە ئەرێنی ونەرێنیەکانی ناوەرۆکی پەیامەکە هەڵسەنگێندرێ. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە سەرۆک ئۆباما بە دروشمی ئاڵ وگۆرلە سیاسەتەکانی ناو خۆی و دەرەوەی ئامریکا دا بە ڕێژەیەکی زۆرباش لە لایەن دەنگ دەرانی ئامریکایی بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا. لە سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا دا، هەموو کات، ئێران وەکوو ولاتێکی گەورە کە لە لایەن دەسەلاتێکی ئیسلامی توندرەوەی شیعە هەلدەسورێ جێگایەکی تایبەتی هەبووە ولە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا ئەو دوو وڵاتە نەیانتوانیوە کێشاکانیان چارەسەر بکەن. کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام دروشمی "مرگ برآمریکا " ی داوە ورێبەرانی ئاخوندی ئەو وڵاتە ئامریکایان وەکوو "شیطان بزرگ" ناودێرکردوە ولە پەنا ویشەوە دروشمی "مرگ بر اسرائیل" وەکوو هاوپەیمانی ستراتیژی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەردەوام لە سیاسەتەکانی ئێران دا رەنگی داوەتەوە وتەنانەت "محمود احمدی نژاد" وەکوو سەرۆک کۆماری رێژیمی ئاخوندەکان "هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەرنەخشەی جیهان دەکا".

لە ساڵی ١٩٧٩ لە دوای داگیرکردنی سەفارەتی ئامریکا لە لایەن کۆمەڵێک خەڵکی توندرەوە کە بە "دانشجویان پیروخط امام" پێناسەی خۆیان دەکرد ئەو وڵاتە پەیوەندی سیاسی وئابوری وفەرهەنگی لە گەڵ ئێران نەبووە وکۆمەلێک گەماروی ئابوریش خستۆتە سەر ئێران کە هەموو سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا بە سەرۆک ئۆباماشەوە هەموو جارێ ماوەکەیان درێژ کردۆتەوە. سیاسەتەکانی کۆماریەکان و دێموکراتەکان بە نیسبەت ئێران وەکوو یەک نەبووە و دێموکراتەکان بە تایبەتی لە سەردەمی سەرۆک کلینتۆن دا سیاسەتێکی نەرم و نیانتریان بە نیسبەت کۆماریەکان لە دژی ئێران پەیرەوەدەکرد. لە کاتی ٨ ساڵ دەسەڵاتی جۆرج دەبلیوبوشی کوڕدا گرژی زیاتر کەوتە نێو ئێران وئامریکا، بە تایبەت ئەو کاتەی کە سەرۆک بوش ئێرانی بە ناو یەکێک لە ولاتانی "میحوەری شەرارەت " وێرای کۆرەی باکور و سوریە ناودێر کرد وبەردەوام کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە پشتیوانی لە تێرۆریزمی ناونەتەوەیی وبە تێکدانی ئاشتی نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل تاوانبار دەکرد وزۆرجار لە سیاسەتەکانی دا بەکارهێنانی گورزی سەربازی لە دژی ئێران وەکوو یەکێک لە رێگاکان وەبیر بیروڕای گشتی دەهێنایەوە. بەلام لە کردەوە دا دیتمان کە ئەو گوفتەی سەرۆک بوش زۆرتر بۆ زەخت خستنە سەر ئێران بوو کە دەست لە بەرنامەی پیتاندنی یورانیۆم هەلبگرێ وچیدیکە پشتیوانی گروپە تێرۆریستیەکانی ناو عێراق و ولاتانی دیکەی عەرەبی نەکا. بەلام لە کردەوە دا ئامریکا بۆ ئەوەی بە قەولی خۆی لە "شەڕی دژی تێرۆریستان" لە عێراق دا سەرکەوێ و بۆ ئەوەی پێش بەزەرەو زیانەکانی سوپای ئامریکا لە عێراق دا بگرێ، ناچار بوو دەستەو داوێنی ئێران بێ ولەو

پەیوەندیەش دا چەندین جارچاوپیکەوتنی فەرمی لە نێوان باڵوێزەکانی هەردووک وڵات بە چاوەدێری دەوڵەتی مالکی پێکهات وئاکامەکەشی کەم بوونەوە توندوتیژی و رێژەی ئەو هەمووە تەقینەوە بوو کە دەستی کۆماری ئیسلامی لە پشت بوو.

بە هاتنە سەرکاری سەرۆک ئۆباما لە حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانیان بە نیسبەت ئێران و ئاخوندە دەسەلاتدارەکانی ئێران نەرم و نیانی زۆری پێوە دیارە و دەکرێ بکوترێ کە جۆرێک ریایی و ماستاو کردن لە بەرامبەر ئاخوندەکان دا بەرێوە دەچێ و ئەوە بە تایبەت لە پەیامە نەورۆزییەکەی سەرۆک ئۆباما دا دەردەکەوێ. بە بڕوای من ئوروپا بە گشتی و ئامریکا بە تایبەتی لە سیاسەتەکانیان دا سەبارەت بە هێوەر کردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست تووشی شکست هاتون و نایانتوانیوە لەو بەربەرەکانیە دا کە خۆیان وەکوو" شەری تێرۆریزم" پێناسەی بۆ دەکەن سەرکەوتوو بن و ئێستاشی لە گەڵ بێ نەیانتوانیوە داخوازییەکانیان بە سەرئێران دا بسەپێنین و ئەو ولاتە ناچاربکەن کە دەست لە پیتاندنی یورانیۆم و پشتیوانی لە تێرۆریزم و دژایەتی ئاشتی نێوان فەلەستیەنیەکان و ئیسرائیل هەڵبگرێ و هەروەها نەیانتوانیوە بە سەر تالەبان و قاعیدە لە ئەفغانستان و پاکستان دا سەرکەون و بەربەرەکانی چەکدارەکانی تالەبان و قاعیدە لەو دوو ولاتە دا کۆمەلێک کێشەی گرینگی بۆ رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئامریکا دروست کردووە. بەڵام بۆ چی ئامریکا پێویستی بەدارشتنی سیاسەتی نوێ بە نیسبەت ولاتانی موسلمان بە گشتی و ئێران بەتایبەتی هەیەو بۆ چی سەرۆک ئۆباما و دەولەتەکەی نایانهەوێ کە بە هەمان رێباز دا برۆن کە سەرۆک بوش رۆیی و کۆمەلێک دروشمی تازەیان بۆ گەیشتن بە دەسەلات بەرزکردبووە؟ دەکرێ چەند هۆکار بۆ ئەو سیاسەتە تازەی ئامریکا دەست نیشان بکرێ.

*یەکەم:* دژایەتی چین و روسیە لە مەڕ کێشەی ئەتۆمی ئێران. هەردووک ولات لە دوای هێرشی ئامریکا بۆ سەر عێراق و ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەددام حوسێن لە ٢٠٠٣ بەولاوە بەردەوام سیاسەتێکی گرژو ئالۆزیان لە گەڵ ئامریکا هەبووە بە تایبەت روسیە. ئێران بۆ چین و روسیە بازارێکی زۆر بە پیت و بەرەکەتە و هیچیان نایانهەوێ بە هۆی بوونی کێشەی نێوان ئامریکاو ئێران بەرژەوەندیە ئابورییەکانی خۆیان بخەنە مەترسیەوە و بۆیە دژایەتی سیاسەتەکانی ئامریکا دەکەن لە مەڕ گوسار هێنان بۆ سەر ئێران بەتایبەت لە رێگای گەمارۆ ئابورییەکانەوە. سیاسەتێکی دیکەی ئامریکا کە بۆتە هۆی وروژاندنی چینیەکان و روسەکان، ڕەخنەی ئامریکا بووە لە چین لە هەمبەر سیاسەتە توندوتیژەکانی بەرامبەر بە تەبەت و پشتیوانی ئامریکا بووە لە تایوان کە چین بە بەشێک لە

وڵاتی خۆی دەزانێ.

لە شەڕی نێوان روسیە و گورجستان دا ئامریکا لاینگری لە گورجستان کرد و بە توندی کەوتە دژایەتی روسەکان و وێرای ئوروپا زەختی زۆریان خستە سەر روسیە بۆ ئەوەی هەرچی زووتر شەڕەکە کۆتایی پێ بێنێ و هێزەکانی لە گورجستان بکشێنێتەوە. بە فەرمی ناسینی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆلە لایەن ئامریکاوبەشێکی زۆری لە وڵاتانی ئوروپایی زەربەیەکی دیکە بوو کە لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانانی وە روسیە کەوت و روسەکانی ئێستاشی لە گەڵ بە توندی دژی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆن. هەوڵ دانی ئامریکا بۆ دانانی سیستمی دژە موشکی لە کۆمارەکانی چێک و لەهەستان لە ناو دڵی ئوروپا و لە هاوسێیەتی روسیە جارێکی دیکەش پەیوەندیەکانی نێوان ئامریکا و رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکای تووشی گرژی و ئالۆزی کرد. ئامریکا "بە قەولی خۆی ئەو موشەکانەی لە دژی هەڕەشەی موشەکی ئێران لەو دوو وڵاتە جێگر دەکا". بەڵام ئەوەی راستی بێ جێگیر کردنی ئەو موشەکانە زۆرتر زەخت خستنە سەر روسیە بووە وروسەکانیش ئەوەیان بە باشی زانیوە وبۆیە بە توندی دژایەتیان کردوهەڕەشە تۆڵە کردنەوەیان کرد. دەکرێ بلێم کە ئامریکا بە جێگیر کردنی ئەو جۆرە موشەکانە هەوڵی دا چەندین ئامانج بە پێکی کە دەکرێ باس لە پاشە کردن بە روسەکان لە هەمبەر پشتیوانی کردنی ئێران وزەخت خستنە سەر ئەو وڵاتە کە دەست لەو کارە هەڵگرێ و هەروەها راگرتنی هاوسەنگی یان باشتر بلێم نیشانی دانی هێزو توانای ناتۆ بە روسەکان بوو.

روسەکان بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە "گاز" وەکوو چەکێکی کاریگەر کەڵکیان وەرگرتووە و بۆئەوەی زەخت بخەنە سەر ئوروپا بۆماوەیەک لە سەرماوسۆلی سەختی زستانێ ئەمساڵ دا ناردنی گازیان کە لە رێگای ئوکراین، وە بۆ ولاتانی دیکەی ئوروپا دەڕوات بۆ ماوەیەک ڕاگرت کە ئەوەش خۆی بوو بە هۆی دروست بوونی گرژی زۆر لە نێوان ئوکراین و روسیە وهیندێک لە وڵاتانی ئوروپایی.

چین وروسیە دژایەتی سیاسەتەکانی تەک ڕەوانە سەرۆک بوشیان دەکرد وهەموو هەولیان ئەوە بووە کە لە دیاری کردنی سیاسەتی جیهانی دا دەورو و نەخشی خۆیان بگێرن و ئامریکا بە بێ لە بەر چاوگرتنی دەورو و رۆل و بەرژەوەندیەکانیان ئەوان تەک ڕەوانە سیاسەتی جیهانی دیاری نەکا. سیاسەتی دەولەتی سەرۆک بوش زۆرتر تەک ڕەوانە بوو تاکوو گرینگی دان بە رۆلی ئەو دوو وڵاتە و هەروەها بە یەکێتی ئوروپا، بە تایبەت لە هێرش بۆ

سەرعێراق و رووخاندنی دەولەتی سەددام حوسێن گرژیی نێوانیان زۆر پەرەی ئەستاندبوو و ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەیکە کە ساردێکی زۆر لە مابەینیان دروست بێ.

*دووهەم،* شەڕی تێرۆریزم: شەڕی بە ناو "دژی تێرۆریزم" بۆ هەر وڵاتەی واتە و مانایەک دەبەخشێ وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکاو تەنانەت چین و روسیەش لەو پەیوەندیە دا زۆرهاوڕا نین و هەر بۆیەشە دەبینین کە ئیسلامی رادیکاڵ زۆر لە جاران زیاتر بوونی خۆی لە دونیا دا نیشان داوە و ئەوە بە باشی لە عیراق و ئەفغانستان و پاکستان و تورکیە و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەلەسەتینیەکان و وڵاتانی عەرەبی بە گشتی وتەنانەت لە ئەندونێزی و فیلیپینیش دەبینرێ و رادیکالیزمی ئیسلامی زەربەی قورسی لە ناودڵی ئوروپا و ئامریکا لە رۆژئاواییەکان وەشاندووە و لە راستیدا وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگا دێموکراتیەکان خۆی دەنوێنێ.

سیاسەتی نوێ دەولەتی ئامرێکا بە سەرۆکایەتی باراک ئۆباما هەوڵ دانە بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ دەسەلاتە ئیسلامیە میانەورەکان لە وڵاتانی ئیسلامی بە گشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی و بەروونی دیارە کە ئامریکا بۆ ئەهوەن کردنەوەی ئەفغانستان پەنا بۆ ئێران و تورکیە دەبا و لەو رێگایەوە دەیهەوێ کە بە دانی کۆمەلێک ئیمتیاز بە تایبەتی بە ئاخوندە دەسەلاتدارەکانی ئێران چارەسەری کێشەی تالەبان و قاعیدە لە ئەفغانستان و پاکستان بکا. بانگهێشتن کردنی ئێران لە لایەن ئامریکا بۆ ئەو کۆنفرانسەی کە لە شاری لاهەی هولەند بۆ تاوتۆێ کردنی کێشەکانی ئەفغانستان بەسترا و چاوپێکەوتن و قسەکردنی نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا و ئێران لە سالۆنی کۆنفرانسەکەدا و دواتر قسەکانی وەزیری دەرەوی ئامریکا خاتوو هیلاری کلینتۆن کە کوتبوی ئێمە چیترلە وشەی "شەڕدژی تێرۆریزم کەڵک وەرناگرین" هەمووی نیشاندەری ئەوەن کە دەوڵەتی سەرۆک ئۆباما دەیهەوێ لە گەڵ ئیسلامی میانەرەورێک بکەوێ و لە رێگای وانەوە دژایەتی ئیسلامی رادیکالی تالەبان و قاعیدە بکا کە بە هەڕەشەیەکی مەزنتریان دەزانێ بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی تاکوو هی ئاخوندەکانی ئێران. سیاسەتی نوێ دەوڵەتی ئامریکا کە بە باشی لە پەیامە نەورۆزییەکەی سەرۆک ئۆباما و لە هەڵوێستی جێگرەکەی ووەزیری دەرەوەی دەردەکەوێ، هەوڵ دانە بۆمودارا کردن لە گەڵ ئێران و پێشنیارکردنی وتووێژی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئاخوندە دەسەلاتدارەکان بە لەحنێکی ئاشتی خوازانە و نەرم و نیانانە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە پشتیوانی دەولەتانی ئوروپایشی لە پشتە کە سات و سەودای باشی بازرگانیان لە گەڵ ئێران داهەیە.

ئەگەر بە وردی سرنج بدەینە وڵامەکەی ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئێرانی ئیسلامی بە پەیامەکەی سەرۆک ئۆباما بۆمان دەردەکەوێ کە هەرچەند تا ڕادەیەک بەوئەدەبیاتەی پێشوو دەدوا، بەڵام ناڕاستەوە خۆ پێشوازی لە پەیامەکەی ئۆباما کرد.

ئێستا ئاخوندەکان لە گرەو دەرهێنانی سامانەکانی ئێرانیان کە ماوەی ٣٠ ساڵە لە لایەن دەولەتی ئامریکاوە لەو وڵاتە بلۆکە کراوە هێناوە تە بەرباس و بە قەولی خۆیان ئامریکا دەبێ هەم ئەو پارە زۆرە وەکوو یەکەم هەنگاو بداتەوە و هەمیش گەمارۆ ئابوورییەکان لە سەرئێران هەلگرێ و ئەکات ئاخوندەکان بڕوا بەو ئاڵ وگۆرانە دەکەن کە ئامریکا بە نیسبەت ئێران باسی لێوە دەکات . مەسەلەیەکی زۆرگرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئاخوندەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و دڵنیا بوون لەوەی کە لە لایەن ئامریکاوە هەڕەشەیان لێ ناکرێ هەوڵ دەدەن و ئاڵ و گۆریش لە ڕۆانگەی وانەوە مانەوەیان لە دەسەلاتدا دایە و ئامریکاش دەبێ ئەو بەلێنیەیان پێ بدا کە هێرشی سەربازیان ناکاتە سەر. ئاخوندەکان تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بی نە ئامادە بوون دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵگرن و نە سیاسەتی دژایەتی ئاشتی نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل.یان وەلا ناوە و نە دەستیان لە دەست تێوەردانی کاروباری وڵاتانی عێراق و ئەفغانستان و لوبنان و وڵاتانی کەنداو هەڵگرتوە و نە پشتیوانی و یارمەتی دانی گروپە تێرۆریستیەکانیان وەکوو سیاسەتێکی ستراتیژیک وەلا ناوە. ئەوەی بۆ ئامریکا گرینگە و سیاسەتی ستراتێژی ئەو وڵاتە پیک دەهێنێ لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا دابین کردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیەتی و بەڵام ئەم جارەیان بە سیاسەتی تەعامول کردن لە گەڵ ئیسلامی سیاسی بەشێک لەو ولاتانە و یەک لە وان ئێرانی ئاخوندی سیاسەتەکانی وا خەریکە دادەرێژێتەوە.

هێنانە بەرباسی وتووێژلە لایەن ئامریکاوە لە گەڵ ئێران بە بێ هێچ قەیدو شەرتێک وهەوڵ دانی ئەو وڵاتە بۆ خۆنزیک کردنەوە لە ئێران وخۆ گێل کردنی لە باسەکانی پەیوەندیدار بە دێموکراسی وئازادی ومافەکانی مرۆڤ کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا بەردەوام لە لایەن ئاخونده دەسەلاتدارەکانەوە پێشێل کراون، دەتوانێ ڕاستەوخۆ کاریگەری زۆر خراپی لە سەرخەباتی رێکخراوە مەدەنیەکان و بەرەی دێموکراسی خوازی لە ئێراندا داهەبێ و ئەوان تووشی بێ هیوایی و ناهومیدی بۆ ئاڵ و گۆری دەسەڵات لە ئێران دا بکا. ئەوەیکە ئامریکا تا چەند دەتوانێ لە سیاسەتی تەعامول کردن لە گەڵ ئێران دا سەرکەوێ و داخواز و چاوەروانیەکانی ئەو ولاتەو کۆمەڵگای نیو نەتەوەیی چەندە لە لایەن کۆماری ئیسلامی جێ بە جێ دەکرێن و رێزیان لێ دەگیرێ و چەندە ئامریکا لە

بەرووپێش بردنی ئەوە سیاسەتە بە نیسبەت دونیای موسلمان بە تایبەت ئێران دا سەرکەوتوو دەبێ لە داهاتوو دا دەردەکەوێ، هەرچەند لە رابردوو دا هەر بۆتە هۆی ماونەوە و بە هێزبوونی دیکتاتۆرەکان و زولم و چەوسانەوەی گەلانی بێ دەرەتان وبێ پشتیوان. مەسلەیەکەی گرینگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەوم ولەونێوە دا دەورو رۆلی دیارنیە و جێگای بەتاڵە، هەڵوێستی روون و ئاشکرای ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە مەڕ سیاسەتەکانی دەولەتی نوێ ئامریکا بە سەرۆکایەتی باراک ئۆباما. پرش و بڵاوی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری کۆماری ئیسلامیە و نەبوونی سیاسەتێکی یەک دەست بە نیسبەت ئێرانە ولەو نێوەش دا دژایەتی بەشێکی زۆریان لە گەڵ سیاسەتەکانی سەرۆک بۆش بە قازانجی ئاخوندە دەسەلات دارەکانی ئێران تەواو بوو وئێستاشی لە گەڵ بێ ئەوهێزانە بە هۆی کێشە ناوخۆییەکانیان وخۆ بە زل زانیان  نەیانتوانیوە بەرەیەک دژبە کۆماری ئیسلامی دروست بکەن وببنە هێزێک لە بەرابەر کۆماری ئیسلامی دا.

ئەگەر باس لە حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بکەین بە داخێکی زۆرگرانەوە چەند پارچە بوون وناکۆکی نێوانیان وای کردووە کە ئەوانیش نەتوانن کۆدەنگێک لە نێوخۆیان دا دروست بکەن تاکوو لە کاتی ئاوا گرینگ دا هەڵویستی یەک دەست بە نیسبەت سیاسەتەکانی دەولەتی ئامریکا دەرببڕن.

بە بڕوای من ئەو سیاسەتانەی سەرۆک ئۆباما بۆ گەلانی ئێران بە گشتی و بۆ رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی هیچ بەرژەوەندیکی تێدانیە و حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان نابێ بە بێ دەنگی چاولێکەری سیاسەتەکانی ئامریکا بە نیسبەت ئێران بن ودەبێ بەراستی بۆ بەرژەوەندی گەل و خۆشیان بوو بێ وەخۆ بێنەوە و سیاسەتی بێ دەنگی بشکێنن و نەهێلن هەروا سووک و سادە سات و سەودا بە سەر مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە بکرێ و ئامریکا و کۆماری ئیسلامی کێشە گرینگەکانی وەکوو ئازادی و دێموکراسی ومافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بکەن بە قوربانی هیندێ کێشەی لاوەکی .

٢٨ی مارچی ٢٠٠٩

# تراژیدیای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی ئوروپا و ئامریکا

لە ماوەی ١٠ ساڵان، کۆمەڵێک کوشتاری خوێناوی وبێ بەزەیانە بە دەستی ژمارەیەک قوتابی ئەنجام دراون کە لە راستیدا دەکرێ ناوییان لێ بنێن تراژیدیای کۆمەڵایەتی. تازەترینی ئەو تراژیدیایە رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ١١ی مارسی ٢٠٠٩ لە شاری "وینەدێن" ی وڵاتی ئالمان روویدا وگەنجێکی ١٧ ساڵانە بە چەکێکی ئۆتۆماتیک دەسرێژی لە قوتابیان و ماموستاکانیان کرد ولە ئاکام دا گیانی ١٥ کەسی ئەستاند و بە فیشەکێکیش کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

رۆژنامەی "هێلسینکی سانۆمات"ی فەنلاندی بەوشێوە باسی ئەو رووداوە دەکا. بەیانی رۆژی چوارشەممە،گەنجێکی ١٧ ساڵانە کە جل و بەرگی ڕەشی پۆشیبوو، چەک بە دەست دەچێتە ناو ئەومەدرەسەی کە خۆی پێشتر دەرسی لێ خویندبوو. ئەو مەدرەسە لە شارێکی باکوری ولاتی ئالمان بە ناوی "وینەدێن" هەڵکەوتووە. لە یەکەمین دەسرێژدا ٩ قوتابی و ٣ ماموستای قوتابخانەکە دەکوژێ و ٣ قوتابیش لە کاتی ڕاکردن دا دەکوژێ و دوایش بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. " کەسێک هاواری کرد، راکەنە دەرەوە، مەدرەسەکەمان پەلامار دراوە". "ئایلین تۆرمان"ی ١٥ ساڵە، قوتابی ئالبێرت ویل دەلێ " لە سەرەتادا پێم وابوو "جەفەنگە". لە کاتی پەلامارەکەدا ئەو لە خانویەکی تەنیشتی مەدرەسەکە دەبێ. بە گوێرەی ئەو هەواڵە، قوتابیە کوژراوەکان تەمەنیان لە نێوان ١٤ بۆ ١٥ ساڵان بووە. بکوژتەقەی لە و پۆلیسانەش کردووە کە هاتون بۆ شوێنی رووداوەکە و لە ئاکام دا دوو پۆلیس برینداردەبن و بکوژلاقێ خۆشی دەپێکێ. بە گوێرەی قسەکانی پۆلیس بکوژ لە کات ژمێر ١٢.٣٠ خۆی دەکوژێ. بۆ شەوێش را دانیشتووانی "وینەدێن" بە دروستی بۆیان روون نەبوو کە ئەو رۆژە چی روویداوە. هۆی ئەو کارەیان بۆ ناروون بوو. هۆکاری ئەو کردەوەی بکوژ "تیم کێن" هێشتا روون نیە، بەڵام ئەوەی روونە زۆربەی کوژراوەکان کچن. بکوژ بە چەکەوە دەچێتە نێو کلاسی دەرسی فیزیک و ماموستا ژنەکە و حەوت قوتابی دیکە دەکوژێ. دوو قوتابی دواتر لە نەخۆشخانە گیانیان لە دەست دا. دوو ماموستا کوژراوەکەی دیکەش ئافرەتن. بە گوێرەی هیندێک زانیاری، بکوژکوت و پڕ خۆی بە یەکەمین کلاس دا کردووە و هەموو ئەوانەی کە کوژراون قەڵەمیان بە دەستەوە بووە. بەهۆی ئاگادارکردنەوەی بەرپرسی قوتابخانەکە لە رێگای ئامێری رادیۆیی مەدرەسەکە، قوتابیەکانی پۆلەکانی دیکە فریای ئەوە کەوتون کە خۆیان قوتاربکەن. ئەو وشە رەمزییەی کە بەرپرسی قوتابخانەکە بۆ وریا

کردنەوەی قوتابییەکان بەکاری هێناوە وشەی "فراوکۆما کۆمت" واتە "خاتوو کۆما وەرە". وشەی "کۆما"ی ئالمانی ئەگەر بە پێچەوانەوە مانا بکرێتەوە دەبێتە "ئامۆک" وئەگەر بە شێوازێکی گشتی مانا بکرێتەوە دەبێتە "پەلامار". لە هەمان رۆژدا و لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا لە ئەیالەتی ئالاباما کەسێک ١٠ کەسی وێرای خۆی کوشت. پیاوێکی خەڵکی ئالاباما تەقە لە دایکی و نەنک و باپیری و مامی و پوری و چەندین کەسی دیکە دەکا و هەموویان دەکوژێ. لە نێو قوربانیەکاندا دوویان منداڵ بوون کە یەکیان گیانی لە دەست دەدا و ئەوەی دیکەیان تاکوو رۆژی چوارشەممەش لە گەڵ مەرگ دەست و پەنجەی نەرم دەکرد. بکوژ دوای ئەو کردەوەی خانوی دایکیشی ئاگرتێبەردەدا. لە تەقە و شەڕی نێوان بکوژو پۆلیس پۆلیس دا دوو پۆلیس بریندار بوون. بکوژ" مایکل مەکلەندۆن" ٢٧ ساڵە دوای ئەوەی لە پێنج شوێن خەڵکی کوشت کۆتایی بە ژیانی خۆشی هێنا. هۆی ئەو کارەی روون نیە، بەڵام گوێرەی قسەکانی کاربە ـ دەستانی ناوچەکە لە ماڵی بکوژ "مایکل مەکلەندۆن" دا لیستەیەک لە ناوی ئەو کەسانەیان دۆزیوەتەوە کە گۆیا "خراپەیان دەرحەقی کردووە". دەروونناسان هەوڵ دەدەن لە هۆکارەکانی ئەو جورە کردەوانە بکۆڵنەوە و رایان وایە کە " بکوژانی قوتابخانەکان هەم دەیانهەوێ تۆلە بستێنوە و هەمیش ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بێ بکەونە نێو مێدیاکانەوە".دەروونناس "ساللی سارێن" ی فەنلاندی ڕای وایە کە لە دوو ڕووداوی جیاواز کە لە دوو مەدرەسەی فەنلاند دا ڕوویدا بکوژەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بەرنامە رێژیان بۆ ئەو کارەیان کردبوو. ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیەکە هەردوو بکوژەکە واتە "پێککا ئێریک ئاووینن" ی ١٨ ساڵە قاتلی مەدرەسەی "یۆکێلا" و"ماتتی ساری" ٢٢ ساڵە قاتلی قوتابخانەی "کاوهایۆکی" کەسانێکی زۆر لە سەرەخۆ و ئارام بوون و زۆریش لە دەرسەکانیاندا سەرکەوتوو بوون.

ئێنتێرنیت دونیایەکی نوێی بە ڕووی ئەو کوڕە گەنجانە دا کردبۆوە کە دەیانتوانی چاو لە چەک و چۆڵ بکەن و هەڕەشە لە کۆمەڵگا بکەن. "ئاوینین" حەزی لە گرۆپە رادیکالەکان بووە و"ساری" ش لە سەرئێنترنێت باس لە رۆانگەی خۆی سەبارەت بە ژیان دەکا ودەلێ "میسان ترۆپیان وئازادی". "میسان ترۆپیان" بە مانای "نفرەت لە مرۆڤەکان" مانا دەکرێتەوە. بە گوێرەی قسەکانی دەروونناس "ساللی سارێن" مەدرەسە تاقە شوێنی خاڵی کردنی نفرەت وبێزاری نیە، بە لام کوشتنی لەو جۆرە لە شوێنی ناسراو وئاشنا دا زۆرساناتربەرێوە دەچێ. لە ماوەی ١٠ ساڵان دا، لە ئاکامی تەقە کردن لە قوتابییەکان لە قوتابخانەکاندا زیاتر لە ١٠٠ کەس کوژراون کە لەو لیستەی خوارەوە نیشان دەدرێ .

مانگی مای ۱۹۹۹، کۆلۆرادۆ، ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا، ۲ بکوژ و ۱۳ کەس،

مانگی فەورییەی ۲۰۰۲، فرەیزینگ ،ئالمان، بکوژو۳ کەسی تر

مانگی مای ۲۰۰۲، ئێرفورت، ئالمان، ۱۷ کەس وبکوژ

مانگی سێپتامبری ۲۰۰٤، لە کارمەنی پاراگۆنێس، ئارژانتین، ۳ کەس کوژران

مانگی مارسی ۲۰۰۵، مینەسۆتا، ئامریکا، ۹ کەس و بکوژ

مانگی ئۆکتۆبری ۲۰۰٦، پەنسیلوانیا، ئامریکا، ٥ کەس و بکوژ

مانگی مای ۲۰۰۷، ویرجینیا، ئامریکا، ۳۲ کەس و بکوژ

مانگی نوامبری ۲۰۰۷، توسولا، فەنلاند، ۸ کەس و بکوژ

مانگی فەورییەی ۲۰۰۸، لویزیانا، ئامریکا،۲ کەس و بکوژ

مانگی فەورییەی ۲۰۰۸، شیکاگۆ، ئامریکا، ٥ کەس و بکوژ

مانگی سێپتامبری ۲۰۰۸، کاوهایۆکی، فەنلاند، ۱۰ کەس و بکوژ

مانگی مارسی ۲۰۰۹، وینەدێن، ئالمان، ۱٥ کەس و بکوژ

سەرچاوە، رۆژنامەی فەنلاندی "هێلسینکی سانۆمات" ۱۲ی مارسی ۲۰۰۹ رۆژی پێنج شەممە

۱٤ی مارچی ۲۰۰۹

---

## " دینی بێ سیاسەت وەکومرۆڤی بێ خانە ولانە وایە" " مامۆستا حەسەن ئەمینی"

چەند سرنجێک لە سەر وتوێژەکەی مامۆستا حەسەن ئەمینی، ئەمیری مەکتەبی قورعان لە ماڵپەری بۆ رۆژهەڵات دا وتوێژی سەرۆکی مەکتەبی قورعانم خوێندەوە و پێم وایە جێگای خۆیەتی کە هەڵسەنگاندنی خۆم وەکوو کوردێکی باوەڕمەند بە دیموکراسیێکی سێکولار دەرببڕم وئەو هەمووە ناتەبایی و تەزاددەی کە لە قسەکانی بەرێزیان دایە شرۆڤە بکەم و بیخەمە بەردیدەی خوێنەرانی بۆ رۆژهەڵات.

لە وڵامی یەکەمین پرسیار دا کە "ئایا لە بنەڕەتدا ئامانجی سەرەکی مەکتەبی قورئان دەستە بەرکردنی مافە نەتەوەیەکانی کورد بوو یا دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی هاوشێوەو هاوتەریبی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا؟"

مامۆستا دەڵێ "ئامانجی سەرەکی مەکتەبی قورئان ودامەزرێنەرەکەی واتە کاک ئەحمەدی موفتی زادە دابین کردنی ئەو سێ بنەمایە بووە:" لابردنی ستەمی نەتەوایەتی"، لابردنی ستەمی ئایینی" و" لابردنی ستەمی چینایەتی" کە هەرلە سەرەتای دامەزراندنی مەکتەبی قورئان و چالاکیەکانی کاک ئەحمەدەوە، ئەو بنەمایانە وەک دروشم لە و تارەکان و نوسراوەکانی ئەودا دەبیندرێن". ماموستا حەسەن لە درێژەی ئەو باسە دا دەڵێ " بە بڕوای ئێمەی موسولمان بۆ بەدی هێنان و چاوەدێری کردن و پاراستنی ئەم بنەمایانە، باشترین حکومەت، حکومەتی قانون و یاساکانی ئایینی خوایی ئیسلامە، چونکە بە شاهیدی دۆست و دوژمن هیچ نەبێ دوو جار لە حکوومەتەکانی دوو خەلیفەی دووهەم و پێنجەمدا واتە: عومەری کوڕی خەتتاب و عومەری کوڕی عەبدول عەزیز. خوایان لێ رازی بێ، ئەم بنەمایانە دابین کراون و هیچکام لەم ستەمانە بە تایبەت ستەمی چینایەتی کە هەموو کات و خولێک خەڵکی دنیا بە دەستیەوە نالاندویانە و ئێستەیش لە گشت کات زۆرتر دەناڵێنن، نەبوون و نەبیندراون، کە واتە ئەو چەشنە قانون و حکومەتە تاقیکراوەتەوە و ئەزموونی خۆی داوە، کەوابێ بە جێگەیە هەوڵی بۆ بدرێت و هیواداری پێ ببیت ".

بە بڕوای من کاک ئەحمەد موفتی زادە و ماموستا حەسەن ئەمینی یان لە ماناوناوەرۆکی ئەو چەمکانە تێنەگەیشتوون و یان دەیانهەوێ بە بەرز کردنەوەی ئەو چەماکانە و بە چەواشە کردنی ماناکانیان گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە خشتە بەرن و بۆ داسەپاندنی بیرو باوەڕی کۆنەپەرەستانەی خۆیان دەسەلاتی ئاخوندە شیعەکانی کۆماری ئیسلامی بە ناشەرعی پێناسە بکەن و بە خەڵک بلێین کە ئیسلامی راستەقینە، ئەوەی سەردەمی "خەلیفەکانی ئیسلام" بەتایبەت "عومەری کوڕی خەتتاب" بووە و" ئەگەر دەسەلاتێکی لەو چەشنە لە ئێران و کوردستان دابمەزرێتەوە ئەوە دونیا دەبێتە بەهەشتی بەرین و هیچ جۆر چەوسانەوەیەکی چینایەتی وئاینی و نەتەوایەتی نامێنێ و هەموو بە یەکەوە بە ئاشتی و بەختەوەری دەژین". پێم خۆشە ئەوە بە ماموستا و هاوبیرەکانی کە بە بیروئەندێشە هێشتاش لە سەردەمی خەلیفەکانی ئیسلام دادەژین بلێم کە ئیسلامی سیاسی وەکوو دەسەلات بەچەندین شێوە لە مێژووی مرۆڤایەتی بەتایبەتی ولاتانی جیهانی سێهەم خۆی دەرخستووە و نیشانی داوە کە نەک هیچ ئازادی و خۆشی و بەختەوەری بۆ خەڵک بە دیاری نەهێناوە، بەڵکوو پەیامی کوشتن و

ماڵوێرانی و داگیرکاری و کاول کاری پێی بووە. کوشتنی هەزاران کورد بە دەستی سوپای داگیرکەری عوسمانی و قەڵاچۆ کردنی یەک میلیۆن و نیو ئەرمەنی نیشاندەری ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی و خاوەن دەسەڵات چەندە دوور بووە لە ڕێزگرتن و پارازتنی بەها ئینسانی و ئەخلاقیەکان و مافی مرۆڤ و تەنیا دەسکەوتی بۆ مرۆڤایەتی، داگیرکاری و کوشتنی ئینسانە بێ تاوانەکان بووە کە ئامادە نەبوون سەر بۆسولتانەکانی عوسمانی نەوی بکەن و نۆکەریان بکەن. ئەگەرچاو لە سەردەمی ئێستاش بکەین ئەوە نمونەی هەرە بەرچاو کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە ئێوەش لە سایەی ئەودا تەبلیغ بۆ بیروباوەڕی کۆنە پەرەستانەی خۆتان دەکەن.

ئیسلامی سیاسی تالەبان و القاعیدە نمونەیەکی دیکەی زیندووی هەڵس و کەوتی ئیسلامی سیاسین کە چۆن رۆژانە لە گۆشە و کەناری دونیا دا بە تایبەت لە وڵاتانی ئیسلامی دا بە خۆ تەقاندنەوە و دانانی بۆمب و بە تەقە کردن لە ریزی خەڵک لە بۆنە جیاجیاکاندا بە هەزاران کەسی بێ تاوانیان کوشتووە و هیچ کەس و لایەنێک وبیر و باوەڕێکیان جگە لە هی خۆیان قەبوڵ نیە و تەنیاوتەنیا خۆیان پێ حەقە و هەموو دونیا بە ناحەق و کافرسەیر دەکەن. نمونەیەکی دیکەی ئیسلامی سیاسی دەسەلاتی پاشاکانی عەرەبستانی سعودییە کە ئەوەی رێزبێ بۆ مرۆڤ و مافەکانی قایل نین و بە ناوی پاراستنی پیرۆزیەکانی ئیسلام دەست ولاقی مرۆڤەکان لە بەرچاوی خەڵک بە بیانوی دزی و فەساد دەبڕنەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە خۆیان نوقمی گەندەلی و فەسادن و سەروەت و سامانی وەدەست هاتوو لە داهاتی نەوت هەمووی دەرژێتە نێو گیرفانی خۆیان. نمونەیەکی دیکەی ئیسلامی سیاسی هی حیزبەکەی ئەردوگان، "ئاکەپەیە" کە بە سیاسەت و ستراتیژی، فاشیستێکی بە تەواو مانان و نەوەکانی ئاتاتورک لە سەدەی بیست و یەکەم حاشا لە بوونی کوردان لە تورکیە دەکەن ورۆژنیە تێک هەڵچونی خەڵک و هێزە داگیرکەرەکانی تورکیە لە باکوری کوردستان و تورکیە ڕوو نەدا و ئێستاشی لە گەڵ بێ کوردی قسە کردن و نووسین تاوانێکی مەزنە لە یاسا دژە ئینسانیەکانی ئەو وڵاتەدا.

مامۆستا حەسەن لە سەرەتای وتوێژەکەی دا ئیشارە بە سێ بنەما دەکا کە گۆیا مەکتەبی قورعان هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە کردوویەتی بە دروشمی خۆی و لە نووسینەکانیشی دا رەنگی داوەتەوە. لێرە دا بە پێویستی دەزانم کە هەڵوێستەیەک لە سەرئەو سێ چەمکە بکەم و ناتەبایی دوو چەمکی نەتەوایەتی و چینایەتی لە گەڵ چەمکی ئاینی بخەمە ڕوو. پرسی نەتەوە ی پەیوەستە بە خاک و زمان و کولتور و مێژووی هەرگەلێک و کوردیش زۆر پێش پەیدا بوونی ئیسلام لە سەر ئەو زێدونیشتمانەی کە ئەمرۆ بە کوردستان پێناسەی دەکەین ژیاوە و ئاینی تری

هەبووە. کەوابوو ئیسلام ناتوانێ بۆ کورد بکرێ بە پێناسە و لە ڕۆانگەیەکی ئیسلامیەوە ئەوکێشە گرینگە کە کێشەی گەلێکی دابەش کراو و خاک داگیرکراوە چارەسەر ناکرێ. ئەوە نیە داگیرکەرانی کوردستان کە هەمووشیان موسولمانن کورد بە بەشەریش حیساب ناکەن، چ بگا بەوەی کە ڕێزلە مافەکانی بگرن و وەکوو هاوبەش و هاودین حورمەتی بگرن. کورد بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ زەبری زۆرقورسی لە وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەت لە داگیرکەرانی کوردستان خواردووە و تەنانەت خوێنی کوردیان حەلال کردووە و بە هەزارانی لە لایەن عەرەبی سوننەی عێراق و دەسەڵاتی لە ناو چووی سەددامی فاشیست بێ سەروشوین کران ویان بە گازی شیمیای لە دەیان گوند و ناوچەی باشوری کوردستانیان دا و لە شاری هەلەبجە دا بە ڕۆژی ڕووناک بە هەزاران کەسیان قڕکرد. بۆ لە بیرتان چۆتەوە کە نزیک بە ٣٠ساڵ لە مەوپێش ئایەتوڵلا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی فەتوای جیهادی لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد وکوردی بە کافرپێناسە کرد و ئێستاشی لە گەڵ بێ ئەو فەتوایە هەڵنەوەشاوەتەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی کورد کاری پێ دەکرێ.

ئێوە لەپێشدا خۆتان بە موسولمان دەزانن ودوایەش ئەگەرهەل ومەرجەکە بە قازانج بوو وەبیرتان دێتەوە کە کوردن یان خۆتان وەکوو کوردی موسولمان پێناسە دەکەن. لە هیچ ولاتێکی دونیادا ئاین نەبۆتە پێناسەی هیچ نەتەوەیەک وهەرکەس سەر بەهەر نەتەوەیەکی سەر گۆی زەوی بێ بە پێناسە سیاسیەکەی خۆی دەناسێنی نەک پێناسە ئاینیەکەی. هیچ کەسی ئورووپی وئەمریکی وئوسترالیایی وتەنانەت ئافریقایی وئاسیاییش خۆی بە دینەکەیانەوە پێناسە ناکەن، بەڵکوو پێناسەکەیان لە ناوی وڵاتەکەیان وەردەگرن وزمان وئاڵاکەشیان سەمبولی پێناسەیان لە دونیادا. لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکاندا کە ١٩٢ ئەندامی هەیە هیچ کام لە وڵاتەکان تەنانەت وڵاتانی ئیسلامیش بە ئاینەکەیانەوە پێناسە ناکرێن، بەڵکوو ناوی ولاتەکەیانە کە ئەو پێناسە دروست دەکا. ئەوە جورە خۆ پێناسە کردن لە ناو لاینگرانی ئیسلامی سیاسی پەیدا بووە کە خۆیان بە موسولمان پێناسە دەکەن. ئەوەی لەوئێوە دا سەری بێ کڵاو ماوەتەوە هەر کوردی داماوە کە بە خۆرایی وەدوای کۆلێک دروشمی بێ ناوەرۆکی ئیسلامی سیاسی کە پێناسەی ناسیۆنالیزمی عەرەب دەکا کەوتووە وهەر کوردی داما و هەژارە کە وەکووکەو بۆ ڕازی کردنی داگیرکەرە ڕەنگاورەنگەکانی کوردستان لە دژی نەتەوەکەی خۆی دەخوێنی. بە دڵنیایەوە ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی سوننە کە خەون بە زیندوو کردنەوەی دەسەڵاتی خەلیفەکانی ئیسلامەوە دەبینێ

لە دەستی بەهاتبایە هەموو ئافریقا وئاسیا وتەنانەت ئوروپاشی دەخستەوە ژێرچەنگی خۆی ،هەروەکوو چۆن

ناسیۆنالیزمی فارسی شیعه ئێستاش هەر خەون بە ئیمپراتوری رووخاوەکەیانەوە دەبینێ .ئەورۆژانە بیستمان کە ئاخوندی شیعەی بە ناو "اطلاح طلب" کەروبی، ولاتی "بەحرێن" ی وەکوو پارێزگای چاردەهەمی ئێران ناوزەدکرد، دروست هەمان سیاسەت وعەقلیەت کە سەددامی سوننە مەزهەب بە نیسبەت "کویت" کردی.

مەسەلەیەکی گرینگ کە دەبێ لە بەرچاومان بێ ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وئێران دا لە بواری ئاین و مەزهەبەوە یەکدەست نیە و هەموو کورد موسولمان نین وتەنانەت هەمووی موسولمانی سوونیش نین و موسولمانی شیعەشمان هەیە و ئاینەکانی دیکەش لە نێو کورد دا هەن کە نابێ هیچیان بخرێنە پەراوێزەوە و بکەونە بەر ڕکێفی ئاینێکی دیاری کراو ولە داهاتووش دا هەر بچەوسێنرێنەوە. بە دڵنیایەوە دەڵێم کە هەوڵ دان بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێکی ئیسلامی لە نەوعی مەکتەبی قورعان کە دەمارگرژی زۆری پێوە دیارە ناکوکی و دووبەرەکی نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی لە ئێران ورۆژهەڵاتی کوردستان ئالۆزتر دەکا و کورد زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە پارچەپارچەتردەکا و ئەوکات ئیدی مەکتەبی قورعانی مامۆستا حەسەن ئەمینی نەک هەر "کێشەی نەتەوایەتی و چینایەتی" بۆ چارەسەرنابێ بەڵکوو کێشەیەکی گەورەتریش بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکا کە ئەویش بە دڵنیایەوە شەڕی ئاینە جیاوازەکانی نێوکۆمەڵگای کوردستان دەبێ. وا باشترە مامۆستا نوێژو تاعەتی خۆی بکا و لەو ژانە سەرە گەرێ. وابزانم خوداش ئەوەندە گەورە و بە توانایە کە پێویستی بە دەم راست نیە لە سەر گۆی زەوی و مرۆڤیش بۆی نیە دەست لە کاری خودا وەربدا و پێشینان گوتەنی "عیسا بەدینی خۆی و موساش بە دینی خۆی". لە دونیای ماددی دا کەس لە جیاتی کەس ناچێ لە قەبری کەسەوە ولە ئاخرەتیش با مامۆستا و هاوفکرانی گوناهی کەس وەئەستۆی خۆیان نەگرن. ئەوەی کە یەک موسولمان و یەک بودایی و یەک جولەکە و یەک یەزیدی ویەک عیسایی ویەک گاپەرەست ویەک بێ دینە موشکیلەی مامۆستا ومەکتەبی قورعان بە هەردووک باڵەکەیەوە نیە و دەبێ ئەوانە وهەموو ئەو گروپە توند ڕەوانەی کە وەکوو وان بیردەکەنەوە و سیاسەت دەکەن باش بزانن کە مرۆڤ بە ئازادیی لە دایک دەبێ وهیچ مرۆڤێک بۆی نیە ئەو ئازادیە کە خودا بە بەندەی خۆی ڕەوای بینیوە پێ شێل بکەن.

مامۆستا حەسەن زۆر دژی سێکۆلاریزمە ولای وایە کە سێکۆلاریزم بە مانای دژایەتی لە گەڵ ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان کە دەبێ بلێم وانیە جەنابی مامۆستا. بۆ ولاتێکی فرە نەتەوە وفرە ئاینی وەکوو ئێران دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتی لە سەر ئەساسی تەواوی جیایی دین لە دەسەلات کە بە سیستمی سێکۆلار ناسراوە نەک هەر

خراپ نیە بەڵکوو زۆریش بە قازانجە و مافی هەموو لایەکیش دەپارێزرێ و هیچ ئاین و مەزهەبێک بۆئەوەی تر وەلا نانرێ و هیچکامیان ناتوانن خۆیان بە ناوی زۆرینە بە سەر ئەوانی دیکە دا فەرز بکەن. ئێوە لە بەر بەرژەوەندی خۆتان مانای چەمکەکانیش دەگۆڕن و هەرچی لە قازانجی خۆتان دانەبوو بە دژی دینی ئیسلامی بە خەڵکی داماو هەژاری کوردستان دەناسێنن و هەوڵ دەدەن کە خەڵک بە بیروباوەڕە کۆنەپەرەستانەکەتان بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی وشترسوارەکانی بیابانەکانی عەرەبستان و دەتانهەوێ خەڵک لە ئازادی و سەربەستی و ژیانی سەردەم بێ بەش بکەن و بۆ گەیشتن بە ئامانجە و ئارەزۆکانتان خەڵک بە بەهەشت دڵخۆش دەکەن و بە دۆزەخیش دەیانترسێنن.

لە بابەت چەمکی چینایەتی کە مامۆستا ئاماژەی پێ دەکا بڕوا ناکەم مەبەستی ئەوە بێ کە مارکسیستەکان و کۆمونیستەکان باسی لێدەکەن و بۆتە دروشمی خەبات و تێکۆشانیان و دەیانهەوێ "دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای لە ناو بردنی کێشەی چینایەتی لە کۆمەڵگا دا دابمەزرێنن و کۆتایی بە کێشەی چینایەتی نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بێنن". پێناسە کردن و دابەش کردنی کۆمەڵگا بە سەر دوو چینی کرێکار و خاوەنکار بەرهەمی دەورانی مۆدێرنیتە و سەرمایەداری وپیشەسازییە و هی سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەکانی ئیسلام نیە.

ئەی دەبێ مەبەستی مامۆستا لە "لابردنی ستەمی چینایەتی" چ بێ؟ تۆ بڵێی مەبەستی مامۆستا زولم وزۆری شیعەکانی ئێران لە دژی سوننە مەزهەبەکان نەبێ کە وەکوو دوو چین پێناسەیان بۆ دەکا وخەونی ئەوە دەبینێ کە لە ئێرانی داهاتوو دا دەسەلاتی سوننە مەزهەبەکان جێگای دەسەلاتی شیعەکان بگرێتەوە. بەڵام وەدیهاتنی ئەو ئارەزووی مامۆستا و هاوبیرانیشی بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێکی سوننە مەزهەب لە ئێرانی داهاتوو زۆرتر لە خەون و خەیاڵ دەچێ تاکوو حەقیقەت. بڕوا ناکەم ناسیۆنالیزمی فارس و شیعەکانی ئێران ڕێگا بدەن ئەو ئاواتەی مامۆستا و هاوفکرانی وەدی بێ، چونکە کێشەی نێوان شیعە وسوننە کێشەیەکی مێژوویی زۆر کۆنە و لە سەرئەو باوەڕەم کە ئاخوندە شیعەکان هیچ کات ئامادە نابن دەسەلات بۆ سوننە مەزهەبەکان بە جێ بێلن و یان تەنانەت حازرنابن لە گەڵیشان بەش بکەن.

٢٠ی فێبریوێری ٢٠٠٩

# پیرۆزایەتی دەسەڵات لە کۆمەڵگا دا

لە کۆمەڵگا دوا کەوتووەکاندا کە بەشێکی زۆر لە خەڵک بە مافەکانیان ئاشنا نین ولە ژێرسێبەری دەسەڵاتێکی تۆتالیتروئازادی کوژدا دەژین، یاساکان بە پێی بەرژەوەندی وخواستی دەسەڵاتداران دادەرێژرێن وبە زۆر بە سەرخەڵک دادەسەپێن. دەسەلاتە تۆتالیتێرەکان دەکرێ لە رێگای کودتای سەربازییەوە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتبێ کە ژنێرالەکان دەبنە حاکمی بێ ئەم لاوئەولای وڵات وئامادە نین کە دەسەڵات بە شێوازێکی دێموکراتیک رادەستی کەسانی دیکە بکەن وتەحەمولی هیچ جۆرە بیروباوەرێکی جیاوازلە خۆیان ناکەن وبوونی ئۆپۆزیسیۆنی دژی دەسەڵات لەو وڵاتانە دا بوونی نیە وهەمووشتێک بە زیندان وکوشتن وڵام دەدرێتەوە.جۆرە دەسەلاتێکی دیکەی تۆتالیترلەو جۆرە ولاتانە بەدی دەکرێ کە دەسەلات لە بابەوە بۆ کوڕ ڕادەست دەکرێ، جاران لە نێو سیستمی پادشاکان و سوڵتانەکان باو بوو، ئێستا لە نێو هیندێک سیستمی بەناوکۆماریش دا بۆتە باوکە دەسەڵات لە باوکی مردووە رادەستی کۆرەکەی دەکرێ، وەکوو نموونە دەکرێ ئاماژە بە سوریە و وڵاتی ئازەربایجان بکەین. دەسەلاتی تۆتالیتێری دینی جۆرێکی سێهەمی ئەونیزامانەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە ئاین، پیرۆزایەتی بە خۆی دەبەخشێ ومل کەچ کردنی هاوولاتیان لە هەمبەر یاساکان دا بە ئەرکێکی دینی پێناسە دەکا وهەرکەس دژبەو سیاسەت و یاسایانە بوەستێتەوە، ئەوە بە پێیێ حوکم و قانونی وان دژ بە خوداوپەیامبەران و کتێبە پیرۆزەکان راوەستاوە و لەو حالەتەشدا ئەو کەسە کافرە و دەبێ وەکوو کافریش سزای توند بدرێ.

لە راستیدا لەو کۆمەڵگایانەدا تاکی کۆمەڵگا بە دایم ترسی لە خوداوپایامبەران لە دڵ دا دەچێنرێ وهەر لە منداڵیەوە وا پەروەردە دەکرێ کە بەوەی هەیەتی شوکرانە بژێرێ وناشوکری نەکا، نەوەکوو خودا ئەوەی هەیەتی لێی بستێنی. ترس ولێ پرسینەوە لە قیامەت ودۆزەخ بەردەوام لە ژیانی ئینسانەکاندا رەنگ دانەوەی هەیە و مرۆڤەکان ترسنۆک وبێ کەڵک وچاو لە دەست بار دەهێنن ووا نیشان دەدەن کە ئەوە رێبەروسەرکردەکانن کە خاس وخراپی هەموو کەس دەزانن وهەر ئەوانیشن دەبێ بڕیار لە سەرچارەنووسی تاکەکانی کۆمەڵگا بدەن. لەوجۆرە کۆمەڵگایانەدا کە خوێندەواری و رۆشنبیری زۆر گەشەی نەکردووە و زۆرتر بە شیوازی سوونەتی وخێڵەکی و دەربەگایەتی بەرێوە دەچێ و لە گەڵ مودێرنیتە وەکوو بیروئەندێشە لە پراتیک دا بێگانەیە و دێموکراسی و پاراستنن ودابین کردنی مافە سیاسی ومەدەنیەکانی مرۆڤ لە خەون و خەیاڵ دەچێ، تاکی کۆمەڵگا لە گەڵ زۆر

کێشەی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و ئابوری وسیاسی بەرەورو دەبێتەوە و دەسەلاتداران بە دەیان ئاستەنگ وبەربەستی بە ئانقەست دروست دەکەن کە تەنانەت بیرمەندانی کۆمەڵگاش نازانن هەوەڵ بۆ جێ بە جێ کردنی کامەیان بدەن.

لەو وڵاتانە دا، سەرەرای ئەوەیکە کەسانێک پەیدا دەبن کە بۆ وەدیهێنانی ئازادی و دابین کردنی مافە ئینسانیەکان هەرکام بە پێی بیرورا وبۆچوون ولێکدانەوەی خۆی لە سەر کۆمەلگا و مافەکانی تاک و کۆمەڵ حیزبی سیاسی دروست دەکەن، بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەش کۆمەلێک دروشمی جوان و زەریف دەخەنە سەر کاغەز کە زۆرجار خۆشیان زۆریان بڕوایان پێی نیە و بۆ پاراستن وبەرژەوەندی شەخسی خۆیان، مافی تاکی کۆمەڵگا بە دۆلارێک سات وسەودا دەکەن و شانازی و فەخربە سەرخەلکیش دا دەکەن کە وا خەریکن لە پێناو ڕزگاری وئازادی و مافەکانی ئەوان دا زەحمەت دەکێشن و رەنج دەدەن. کۆمەڵگای کوردیش وەکوو بەشێک لە کۆمەڵگا دواکەوتۆکانی ئەوجیهانە بێ بەری نیە لەو داب ونەریتانە ولە و ولاتانەی کە کوردستانیان داگیرودابەش کردووە وکورد هەروا خەبات دەکا لەپێناو ئازادی و ڕزگاری لە ژێر ستەمی داگیرکەر، بە حوکمی ئەوەی بیروئەندیشەی مودێرنیتە هێشتا زۆری ماوە بێتە کولتوری کۆمەڵگا و تا گەیشتن و دەرک کردن بەرێزلێنان لە مافەکانی مرۆڤ رێگایەکی یەکجار سەخت و هەڵدێرمان لە بەرە.

دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتانەش بۆ پاراستنی دەسەڵاتی شومیان پیرۆزی تەواویان داوە بە خۆیان و بە کەڵ وەرگرتن لە هەست و سۆزی ئاینی خەڵکی داماو و بێ بەش وبێ ماف، ئاینیان وەکوو کەرەسەیەک زۆر بە باشی بەکار هێناوە ورۆژانە سیاسەتی پێوە دەکەن. بە بوونی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و تێنەگەیشتن لە نوێ خوازی و خۆ نوێ کردنەوە و بڵاو کردنەوە کولتوری خێلەکی و دەربەگایەتی، تاکەکانی ڕاهاتوو و پەروەردە کراو بە کولتورو سوونەتە دێرینەکان لە زۆر حالەتدا کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە هەمان کاردانەوەیان هەیە کە ڕێبەرانی پێش خۆیان بویانە. بەو واتایە بە گۆڕین ولاچوونی تاکەکان لە دەسەڵات، بیروبۆچوون و تێروانینەکان هەروەکوو خۆیان دەمێننەوە و تەنیا مرۆڤەکانن کە جێ گۆرکێ دەکەن، دەنا خەبەرێک لە ئاڵ وگۆر وخۆ نوێ کردنەوە نیە و هەرکەس لە بیری خۆی دایە کە زوو بە کەڵک وەرگرتن لەو دەسەڵاتە کە بە ڕێگایەکی ناسالم و دوور لە ئەسلە دێموکراتیکەکان وەدەستی کەوتووە دەسەڵاتی خۆی داسەپێنێ و خەڵک بکا بە نۆکروژێر دەستی خۆی. ئەو شێوازە کولتورە کە بۆتە کولتورێکی عامی کۆمەڵگا لە ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردیش دا هەرپەیرەوە

کراوە و دەکرێ و کەسانێک هەڵدەکەون کە هەر بوون بە سەرۆک ویان ئەندامی رێبەری حیزبەکەیان، ئیتر وادەزانن خودای سەرعەرزن و ئیدی هەموو ئەو وشە جوانانەی لە بەرنامەی حیزبەکەیان دا بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافی تاکی کۆمەڵگا و یەکسانی ژن و پیاو، مافی منداڵ وچی وچی ریزیان کردوون لە یاد دەکەن و لە راستیدا دەبن بە دیکتاتۆرێکی بچوک لە نێو حیزبەکەی خۆیاندا و هەوڵ بۆ یەک دەست کردن و یەک ڕەنگ کردنی حیزبەکەیان و لە پلەی یەکەم دا رێبەری حیزبەکەیان دەدەن و هەرکەسیش لە ناو حیزبەکەی خۆیان و یان لە دەرەوەی حیزبەکەیان ڕەخنەی لێ گرتن، ئەوە ئیدی لە گەڵ دوژمن کەوتووە و خەیانەتکار و خۆفرۆش و لادەروچی و چییە و دەیان ناوو ناتۆرەی دیکە کە بۆ دژبەران هەڵدەبەسترێ.

لە راستیدا ئەو کولتورە زۆر پیس و ناسالمە سالانێکی دوورودرێژە بۆتە بەشێک لە کولتوری سیاسی حیزبەکان وەکوو خۆرکە کەوتۆتە گیانیان و تاکوو ئێستاش ئەو ئەقلیەتە دواکەوتوانە بە شێوازێکی بەرین و بە بەرنامە دارێژراو کاری پێ دەکرێ. لەو کولتورە کەسیفە دا کە بە تەواوی نەفسی لە بەشی هەرە زۆری حیزبە سیاسیەکان بڕیوە و کەسانی دژ بە سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی سەرۆک و ئەندامانی رێبەری دەکەونە بەقە هروغەزەبی جەنابی سەرۆک و ئەندامانی رێبەری و بۆ سوک کردنی ئەو کەس و لایەنانە هەموو بەها ئەخلاقیەکان دەخنە ژێر پێێ و هەر ئەو هاوخوێن و هاوسەنگەرو هاوسفرەی دوێنی یەکشەوە لە بەرچاویان دەبێتە دێوو درنج و خوێنی تاڵ دەبێ و بە یەک شەو لە شۆرشگێری رێگای ئازادی گەل و نیشتمان دەکرێ بە خائین و خۆفرۆش و لادەرلە رێبازی سەرکردەی زیندوو یان مردوو. دەسەڵاتدارەکان هەر بەو سوکایەتیانە ناوەستن و هەموو هەوڵیان دەخەنە گەڕوبە هەموو شێوازێک بۆ بەدناو کردن و ریسواکردنی نەیارانیان تێدەکۆشن و بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانیان ئەندام و لاینگری حیزبەکەیان دەکەن بە دەستە چیلەی ئەو ئاگرەی کە هەرخۆیان بە هۆی سەرەڕۆیان و نادێموکرات بوونیان دروستیان کردووە و بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان بە خەڵک بسەلمێنن کە تەنیا ئەوان درێژەدەری رێبازی راستەقینەی رێگای شەهیدان، ئامادەن خوێنی رۆڵەی کورد بە دەستی کورد برێژن و بەوکردەوە بێ مانا ونامەسئولانەیان، ڕق وقینی پەنگ خواردوو لە دڵیان دا بە سەرنەیارانیان دا خاڵی بکەن و بەوکارەیان وبە ڕژاندنی خوێنی کورد بە دەستی کورد بۆ پاراستنی دەسەڵاتی نامەشروعیان هەست بە ئاسودەیی بکەن.

حیزبەکان لە ئاکارو کردەوەکانیان دا چ لە پێش دابەش بوون و چ لە پاش لێک دابڕان پەیرەوەی لە کولتوری عەشیرەیی دەکەن و لە راستیدا زۆرجار مرۆڤ هەست بەوە ناکا کە ئەوانە حیزبی سیاسی وکەسی سیاسین، زۆرتر

هەڵس و کەوتەکانیان لە دەربەگ و سەرۆک عەشیرەت دەچێ. لە ناو حیزبەکاندا خۆ بە زل زانی و هاورێ و هاوسەنگەر بە کەم سەیرکردن و خۆ بە نوێنەرو رێبەری خەڵک زانینن بۆتە فەرهەنگێکی جێکەوتوو کە دەکرێ بلێین وەکوو نەخۆشی جەستەی حیزبەکانی تەنیوە. حیزبەکان وا خەڵک ڕادێنن کە ئەوە تەنیا حیزبە کە دەتوانێ گەڵ ڕزگار بکا وگەڵ لە سایەی تێکۆشانی خەباتی سەرۆک وڕێبەرانی ئەو حیزبانەیە کە بە ئازادی دەگا وئەگەر حیزبەکان لێک دابڕانیان تێ کەوێ، ئەوە گەل پشتی دەشکێ. سیاسەتی خۆ بە هەمووشتێک زانین ودیاری کردنی چارەنووسی گەلێک لە ڕوانگەی حیزبێکەوە خۆی لە خۆی دا کێشەیەکی یەکجارگەورەیە کە بەرۆکی تاکی کوردی گرتووە ودروست کردنی کاریزما لە سەرۆکەکان و بە پیرۆزی ناساندنیان و ئەوان بە دوور لە هەرجۆرە هەڵە و خەتایەک شوناسە کردن بۆتە هۆی ئەوەی کە خەبات و بەرخۆدانی دەیان ساڵەی کورد لە زۆرئاستاندا، لانیکەم ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە هەڵس و کەوتی خۆیەوە هەیە زۆرگەشە نەکا و حیزبی کوردی زۆرتر ببێتە جێگای مل ملانەی ناڕەوای چەندین کەس لە سەردەسەڵات و تێوەگلاندنی خەلکێکی زۆرچ وەکوو ئەندام و لاینگرو چ وەک خەڵکانی ناحیزبی لەو شەڕە بێ مانایە دا. لە لێک دابڕان و لێک جیابونەوە ئەندامانی حیزبەکانی کوردی ئەو مەسەلە زۆر بە زەقی خۆی نواندوو و تەنانەت کەسانێکی زۆر هەبوون و هەن کە فرمێسکیان ڕشتووە و زۆریش لە ئەندامانی ئەو حیزبانە ڕایان وایە کە مادام حیزبەکەیان ئینشعاب و لێک دابرانی تێکەوت، ئەوە ئیتر گەلی کورد فاتیحای خوێندراوە و بە مافەکانی ناگا و پشتی دەشکێ.

ئەوە راستە کە بۆ گەلێکی وەکوو کورد بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەخۆیی یەکێتی و یەک ریزی یەکجار گرینگە، بەڵام ئەوبە مانایەش نیە کە ڕزگاری گەلەکەمان تەنیا و تەنیا لە دەلاقەی حیزبەکانەوە ببینین و پێمان وابێ کە ئەوە تەنیا حیزبەکان کە دەتوانن موژدەی ئازادی بدەن بە گەل و لە خەبات و بەرخۆدانمان دا چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی وەبەرچاو نەگرین و حیزبەکان هەرخۆیان ببنە مەیدان داری ئەو خەباتە. بۆ ڕزگاری لە ژێرستەمی داگیرکەر دەبێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی هەست بەوە بکەن کە ئەو خەباتە لە پێناو دابین کردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەمووان دایە و ئازادی و سەربەستی تەنیا بۆ حیزب و ئەندامەکانی نیە. ئەوەی کە جێگای هیچ شک و گومانێک نیە ئەوەیە کە، بۆ هەر کەسێک ناگونجێ بێتە ریزی یەکێک لە حیزبەکانەوە و ببێ بە ئەندامی یەکێیان. ئەوە ڕوانگە یەکی زۆر هەڵەیە کە، ئەوەی لە گەڵ حیزبەکان و شۆرش نەبێ کورد نیە ویان هەست و سۆزی نیشتمان پەروەری لاوازە. هۆیەکی زۆر سادە کە نابێ وابیر بکەینەوە ئەوەیە کە حیزبەکان هەموو گەل نین و گەلیش هەموو حیزبەکان نیە. لە راستیدا ئەوەی کە حیزبەکان لە پلەی یەکەم دا دەبێ بیکەن، ولاتانی

کولتوری خێڵەکی و دەرەبەگایەتی و شەڕە جنێووسوکایەتی بە یەکتر کردنە و دەبێ خۆیان بە تەواوی لەو کولتورە دزێوە و لەو داب و نەریتە کۆنە پەرەستانەیە کە هەموویانی تووشی لێک دابران و پارچە پارچە بوون کردووە پاک بکەنەوە.

پێویستە حیزبەکان لە ڕوانگەیەکی ئەمرۆیەوە بڕوانە دەسەڵات و دونیا ومرۆڤ و مافەکانیان و پێویستە ڕێزلێنان لە کەرامەت و شەخسییەتی ئینسانەکان بە پیێ جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ هەڵسەنگێنن و ڕێزی لێ بگرن، دەنا باس کردن لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و پلۆرالیسم و کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە و یەکسانی ژن و پیاو و دابین کردنی ئازادییەکانی مەدەنی و سیاسی شتێکی زۆربێ مانا دەبێ و لە ڕاستیدا زۆرتر هەڵخەلەتاندنی خەڵک دەبێ و بەس، نەک بڕوا بوون بە دابین کردن و ڕێزلێ نانی ئەومافانە.

١٢ی جانێوێری ٢٠٠٩

---

# بابەت و نوسراوەکانی ساڵی ٢٠١٠

---

## پەیوەندیە گرژە دیپلۆماتیەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و بریتانیا

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣١ ساڵ دەسەڵاتیان داوبۆ سەرکوت کردنی هەرجۆرە دەنگێکی حەق خوازانە،هەوڵیان داوە کە هەموو دەنگە نارازیەکانی دژبە نیزامەکەیان وبە ئیسلام وخودا پێناسە بکەن وبۆ ئەوەی ڕەوایی بە کردەوە دژە ئینسانیەکانیان بۆ سەرکوتی خەڵکانی نارازی بدەن، بەردەوام تاوانی بەستراوەیی بە دەوڵەتانی بێگانە ویەک لەوان بە ئیستعماری کۆن واتە بریتانیایان ختسۆتە پاڵیان.

پەیوەندی دیپلۆماتیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بریتانیا لە ماوەی ٣١ سالی رابردوو دا هەورازونشێوی زۆری بە خۆیەوە دیوە و هیچکات بواری زۆر ئاسایی بە خۆیەوە نەدیەوە،بە تایبەت دوای رووداوەکانی ٢ ساڵی رابردووی ناوخۆی ئێران لە لایەک و کێشەی ئەتۆمی ئێران و دژایەتی بە ئاشکرای بریتانیا لە گەڵ بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە هیندەی دیکەی گرژی و ئالۆزی خستۆتە نێوان پەیوەندیە دیپلۆماتیەکانی هەردووک وڵات.

دوا بەدوای بڵاو بوونەوەی نامەیەکی ڕەخنە ئامێزی باڵوێزی بریتانیا لە ئێران "سایمۆن گێس" لە مەڕ پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، کاربەدەستان و کەسانی سەربە باڵە توندرەوەکانی مەجلیس کەوتنە خۆ و بە عادەتی هەمیشەیان و بە ئەدەبیاتی پڕ لە جنێو و دوور لە عورف و عادەتی دیپلۆماتیک باڵوێزی ناوبراو و دەوڵەتی بریتانیا دایە بە هێرش و کۆمەلێک چۆماغ بە دەست و بەکرێگیراوی بەسیجی بە ناو خوێندکاری زانکۆیان نارده بەردەم بینای باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران وبە دانی دروشمی توند بە دژی ئەو وڵاتە وسوتاندنی ئاڵای بریتانیا وئامریکا ڕق و قینی خۆیان بە قسەکانی باڵویزی بریتانیا ڕشت.

باڵوێزی بریتانیا ڕەخنەی لە زیندانی کردنی خاتوو نەسرین ستودە گرتووە وڕای وایە کە ناو براو بە بێ تاوان کەوتۆتە زیندان و تۆمەتی "جولانەوە لە دژی ئەمنیەتی میللی" بە ناڕەوا خراوەتە پاڵ ئەو پارێزەرە ئازایەی کە هەمووکات لە چوارچێوەی یاساکانی بنەرەتی کۆماری ئیسلامی هەڵس وکەوتی کردووە و تەنیا گوناهی بەرگری کردنە لە هاووڵاتیانی خۆی."

لە دوای دواین کردەوەی خۆ کوژی لە شاری چواربەهاری پارێزگای سیستان و بەلوچستان کە بووبە هۆی کوژران وبریندار زیاتر لە سەد کەس، رێکخراوی جوندولای بەلوچستان ئەو کردەوەی وەئەستۆ گرت. بەڵام هەر زوو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆیەکانی ئێران بشارنەوە و وا نیشان بدەن کە لە ئێران دا هیچ کێشەیەکی سیاسی و مەزهەبی لە ئارادا نیە، پەنجەی تاوانیان دیسان بۆلای دام و دەزگاکانی سیخوری ئامریکا وئیسرائیل وبریتانیا درێژ کردو ئیدەعای ئەویان کرد کە ئەوە کردەوە خۆکوژیە بە پشتیوانی ویارمەتی دانی ئەوان جێ بە جێ کراوە بۆ ئەوەی ئێران ئالۆز بکەن وکێشەی نیوان شیعە وسوننە دروست بکەن.

وەلی فەقی لە پەیامێک دا کە بەو بۆنەوە بڵاو کرایەوە دەڵێ" دوژمنان نایانهەوێ پێتاندنی ئۆرانیۆم لە وڵاتەکەماندا ببینن وئەوە مەسەلەیەکی مابەینی ئیسلام و دوژمنانی ئیسلامە و دوژمنان ناخوازن کە یەکێتی بەینی موسولمانان و قودرەتی جیهانی ئیسلام ببینن و بۆیە ئەوان لە یەکگرتوویی ئیسلامی ولە دەرسێک کە عاشورا بە ئێمەی دەدا دەترسێن."

وەلی فەقی بەو جۆرە هەڵوێست گرتنەی مەبەستێتی چەندین ئامانج بپێکی و کەڵکی سیاسی و مەزهەبی بۆ ڕێژیمەکەی لێ وەربگرێ و بۆئەو مەبەستەش لە لایەک کوژرانی قوربانیانی تەقینەوە خۆکوژیەکەی چواربەهارکە ڕاست لە مانگی عاشورای شیعەکان دا قەماوە بە ڕووداوی کەربەلاو ئیمام حوسێن ببەستێتەوە و هەستی مەزهەبی شیعەکانی ئێران و ناوچەکە هەڵخرێنی و وانیشان بدا کە گۆیا ڕۆژئاواییەکان لە مانگی عاشورا دا دووبارە ڕووداوی کەربەلایان دووپات کردەوە وکۆمەلێک لە ڕێرەوانی ئیمام حوسێنیان شەهید کردوە.

لە لایەکی دیکەوە بە تاوانبار کردنی ئامریکاو ئیسرائیل و بریتانیا کە گۆیا لە پشتی ئەو تەقینەوانن و پێشتریش لە کوشتنی دوو ماموستای زانکۆی تاران کە لە بەرەوپێش بردنی بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی دا دەستیان هەبوو ئیحساساسی میللی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران وەجۆش بێنن کە بەلێ "شەیتانی گەورەو ئیستعماری کۆن و ڕێژیمی سەهیۆنیستی" دەستیان داوەتە دەستی یەکتر بۆ ئەوەی ئێران نائارام بکەن و بە نانەوەی شەڕی نێوان شیعە و سوننە ئێران بەرەو پارچە پارچە بوون ببن. لایەنی دیکەی سیاسی ئەو مەسەلەیە پەیوەستە بە بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی و سەرانی ڕێژیم بە بەرێوە بردنی ئەو سیاسەتانە و تاوانبارکردنی ڕۆژئاوا کە گۆیا دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەردەدن وکردەوەی تێرۆریستی ئەنجام دەدەن وپشتیوانی لە تێرۆریزم دەکەن، دەیانهەوێ خۆیان وەکوو قوربانی تێرۆریزم نیشان بدەن و ئەوەش بکەن بە بیانوو بۆ ئەوەی خۆیان لە چارەسەری قەیرانی ئەتۆمی بدزنەوە.

لە دوای ڕاگەیاندنی بەرنامەی دەوڵەتی کودتا بە ناو "طرح هدفمند کردن یارانها" لە لایەن مەحمودی ئەحمەدی نژادوە، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بە هۆی چونە سەری نرخی پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک نارەزایەتی زۆری لێ بکەوێتەوە وبۆ ئەو مەبەستەش هەرپێش ڕاگەیاندنی ئەو تەرحە کە کاریگەری یەکجار خراپی لە سەر ژیانی خەڵک دەبێ شەقامەکانی تاران بە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی تەنرابوون تاکوو خەڵک

چاوترسین بکەن ولە ئەگەری دەربرینی نارەزایەتی و سەرهەڵدانی خەڵک دەستیان بۆ سەرکوت و کوشتار ئاواڵە بێ و هەمیسان بە شێوەی ٣١ ساڵی رابردوو بۆ رەوایی دان بە کردەوە دژی ئینسانیەکانیان رۆژئاواییەکان بە تایبەت ئامریکا و بریتانیا بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران تاوانبار بکەن و هۆکاری هەمووسیاسەتە شکست خواردۆکانیان و هەموو بەدبەختیەکانی گەلانی ئێران بخنە ئەستۆی ئەوان.

١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## بێ ئاکامی کۆبونەوەکانی ژێنێف و هەڵوێستی رۆژئاوا

دواین دانیشتنی وڵاتانی ٥ی کۆی یەک لە مەرکێشەی ئەتۆمی ئێران کە لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دوای چواردە مانگ راوەستان لە سەراوە لە شاری ژێنێڤی وڵاتی سویس رۆژی دووشەممە ٦ی سیپتامبر دەستی پێ کردەوە و دوای دوو رۆژان بە بێ هیچ دەسکەوتێک بۆ رۆژئاوا کۆتایی پێهات. ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیە کە وتەکانی لایەنی ئێرانی و گروپی پێنجی کۆی یەک لە مەڕ ناوەرۆک و ئاکام ودەسکەوتی ئەو کۆبونەوانە زۆرلێک دوورە و لە کاتێکدا رۆژئاواییەکان باسی ئەوە دەکەن کە وتووێژەکانیان لە مەڕبەرنامەی ناوەکی ئێران زۆر بەکەڵک بووە و بڕیاریش دراوە کە درێژەی ئەو باسانە لە دانیشتنی داهاتوو لە مانگی ژانوییەی ساڵی ٢٠١١ لە ئیستانبولی تورکیە بەرێوە بچێ. لایەنی ئێرانی ئیدعای ئەوە دەکا کە "باس لە راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەرنامەی ناوەکی ئێران" لە دەستوری کاری دانیشتنی ئیستانبول دا نابێ هەروەکوو چۆن لە کۆبونەوەی ژێنێڤیش دا باس لە بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی نەکراوە و بەڵکوو باسەکانی سەرەکی کۆبونەوەکە لە مەرکێشەکانی جیهان بووە".

پێش دەست پێکردنی کۆبونەوەی ژێنێڤ سەرۆک کۆماری داسەپاوی کۆماری ئیسلامی مەحمود ئەحمەدی نژاد کوتی کە " تاران ئامادە نیە وتوویژ لە مەڕراگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم کە مافی خۆیەتی بکاو راشیگەیاند کە ئێران بە مەرجێک درێژەی ئەو وتوێژانە قبوڵ دەکا کە بابەتی سەرەکی کۆبونەوەکە باس لە چارەسەری کێشە ئالۆزەکانی

دونیا بێ". هەروەها رۆژێک پێش دەست پێکردنەوەی وتووێژەکان، کۆماری ئیسلامی باسی لە وەدەست هێنانی ماددەیەک بە ناوی" کیکی زەرد" کرد کە گۆیا لە بەرهەم هێنانی ئۆرانیۆم بەکاردەبرێ.

سەرانی کۆماری ئیسلامی هەمووهەوڵیان ئەوەیە کە بە درۆ ودەلەسە و بە پرۆپاگەندەی دوور لە راستی ناوەرۆکی دانیشتنی ژنێڤ بە پێچەوانەوە نیشانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بدەن وئاکامی ئەو کۆبونەوانە بە دەسکەوتێکی گەورە بۆ رێژیمەکەیان نیشان بدەن ولەو رێگایەشەوە بیسەلمێنن کە رۆژئاوا ناتوانێ داخوازەکانی بە سەرکۆماری ئیسلامی دابسەپێنێ وبە پێچەوانەوە ئەوە کۆماری ئیسلامیە کە بە تاقی تەنیا لە هەمبەر رۆژئاوا دا راوەستاوە و ئاکامی کۆبونەوەکانی ژنێڤیشی بە لای خۆی دا شکاندۆتەوە. چەواشەکاری وپرۆپاگەندەکانی دوور لە راستی سەرانی کۆماری ئیسلامی لەناو خۆی ئێرانیش جێگای باوەر ومتمانە نین وتەنانەت رۆژنامەکانی ئێرانیش ویەک لەوان رۆژنامەی "تهران امروز" سەرەرای رەخنە گرتن لە وتەکانی دژ بەیەک و ناروونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەنووسێ کە" ئەگەر کێشەی ناوەکی مەسەلەیەکی میللی و گشتگیرە کە بێ گومان وایە، بۆ چی نابێ ئێرانیەکان لە ناوەرۆکی راستەقینەی کۆبونەوەکانی ژنێڤ ئاگاداربن".

سەرەرای پرۆپاگەندەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر پردەسکەوت بوونی کۆبونەوەکانی ژنێڤ بۆ رێژیمەکەیان و خۆ نیشاندانیان وەکوو براوەی سەرەکی ئەو کۆبونەوانە، " گێری سیمۆر" مشاویری پایە بەرزی سەرۆک ئۆباما باس لە داسەپاندنی کۆمەڵێک گەمارۆی تازە لە چەند حەوتووی داهاتوو دا دەکا بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ناچاربکەن کە دەست لە بەرهەم هێنانی زیاتری ئۆرانیۆم هەڵبگرێ. پرسیارێکی گرینگ کە لێرە دا دێتە پێش ئەوەیەکە کە بەراستی براوەی دواین کۆبونەوە کانی ژنێڤ وڵاتانی ٥ی کۆی یەکن کە دڵیان بە درێژەپێدانی کۆوبونەوەکان لە ساڵی تازەی زاینی لە ئیستانبولی تورکیە خۆشە یان کۆماری ئیسلامی کە توانی ئەو جارەش کاتی زیاتر بۆ خۆی بکرێ و دیسان ئەو دانیشتنانە درێژبکاتەوە؟

بە گوێرەی هەواڵەکان دیاری کردنی تورکیە بۆ کۆبونەوەکانی داهاتوو لە سەرپێشنیار و پێداگری کۆماری ئیسلامی ئێران بووە و ئەوەش چەند مەبەستی لە پشتە کە کاربەدەستانی ئەو رێژیمە بۆ وەدیهێنانی تێدەکۆشن.
لە دوای کۆبونەوە سێ قۆلیکەی تاران کە بە بەشداری تورکیە و برێزیل بەرێوە چوو وبوو بە هۆی رێکەوتنێک لە نێوان ئەو سێ وڵاتە لە مەڕچۆنیەتی ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم و دوایش قبوڵ نەکردنی لە لایەن ئامریکا و

هاوپەیمانانیەوە، کۆماری ئیسلامی هەولی داوە لە سیاسەتەکانی دا ڕێکەوتنی تاران بە بنەما بگرێ بۆ وتوویژ لەگەڵ وڵاتانی ٥ی کۆی یەک. کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی ئەوەیە کە تورکیە وەکوو وڵاتێکی موسولمان ودراوسێ خۆی و وەکوو وڵاتێکی موسولمانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا لە ناتۆدا لە خۆی نزیک بکاتەوە وبۆ ئەو مەبەستەش وبۆ بێ کاریگەر کردنی گەمارۆکانی شورای ئەمنیەت و ڕۆژئاوا هەوڵی داوە بە سەرمایە گوزاری لە بانکەکانی تورکیە دەستی بە بانکەکانی ئوروپایی ڕابگا وبۆ رازی کردنی تورکەکانیش گرێ بەستی دەیان میلیارد دۆلاری بۆ ئاڵ و گۆری بازرگانی لە گەڵیان واژۆکردووە.

ستراتێژێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ بێ کاریگەرکردنی ستراتیژی نوێی ناتۆیە کە ئێران وەکوو دوژمنی سەرەکی سەیردەکا وبۆ ئەو مەبەستەش بڕیاردراوە کە موشەکەکانی ناتۆ لە تورکیە جێگیربکرێن بۆئەوەی لە کاتی پێویست دا بەرگری لە هەڕەشەکانی موشەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بکا. کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە دانی نەقش ورۆلی گرینگ بە تورکیە لە سیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە مەسەلەی ناوەکی خۆی وتێوەگلاندنی زۆرتری تورکەکان لەو مەسەلەیە قەناعەتیان پێ بێنی کە ڕێگا بە دانانی ئەو موشەکانە لە سەرخاکەکەیان نەدەن.

لایەنێکی دیکەی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دانی زیاترتە بۆ ئالۆز کردنی پەیوەندی نێوان تورکیە وئیسرائیل کە ماوەیەکە تووشی گرژی وئالۆزی زۆرتر بووە وتورکیەش لە سیاسەتی دەرەوەی دا بە ئاشکرا وەرچەرخانی بەرچاوی پێکهێناوە و بە دوورکەوتنەوە لە ئیسرائیل و نزیک بونەوەی زیاتر لە وڵاتانی عەرەبی وپشتیوانی کردنی لە کێشەی فەلەستینیەکان زۆرتر لە ئامریکا وەکوو هاوپەیمانی سەرەکی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دووردەکەوێتەوە.

ئاکامی وتوێژەکانی داهاتوو کە لە ژانویەی ٢٠١١ لە تورکیە بەرێوە دەچن بۆ کەس روون نیە، بەڵام دەکرێ بوترێ کە کۆماری ئیسلامی مەبەستی چارەسەری کێشەکان نیە ولە راستیدا زۆرترمەبەستی کرینی کات و یاری کردنە بە عەقلی ڕۆژئاوایەکانە وزۆریشی مەبەست نیە کە کۆمەڵێک گەمارۆی تازە بخرێتە سەرئێران کە تەنیا کۆمەڵانی هەژارو دەست کورتی ئەو وڵاتە دەبنە ئامانج و زەرەرمەندی سەرەکی.

١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## پاکستان و مەترسی پەرەئەستاندنی فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی

لە مانگی ئۆکتۆبری رابردوودا ١٥ تەقینەوە بە شێوەی خۆکوژی ویان سەیارەی بۆمب رێژکراوشارەکانی پاکستانیان هەژاند وکۆمەڵێک خەڵکی بێ تاوان بوونە قوربانی تێرۆریزمی کوێری فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی و زەرەرو خەسارەتێکی زۆری مالێشی لێکەوتەوە. بە گوێرەی لێکۆلینەوەی ناوەندی"ماپلەکروفت" کردەوە تێرۆریستیەکان لە پاکستان بەردەوام لە هەڵکشاندایە و پاکستان لە دوای سۆمالی پلەی دووهەمی وەدەست هێناوە وئەفغانستان دەکەوێتە پلەی چوارەمەوە.

بە هۆی گرژی وئالۆزی یەکجار زۆرەوە، پاکستان لە ناوتەنگەژە دایە، هەرچەند مەترسی رووخانی حکومەت لە گۆرێ دانیە. پاکستانی خاوەن چەکی ناوەکی وبە حەشیمەتی ١٧٠ میلیۆنەوە رۆژ لە گەڵ رۆژ بەرەو قەیرانی قوڵتر دەڕوا وگروپگەلی توندئاژۆی وەکوو لەشکری تەیبە وتالیبانەکانی پاکستان پەرەپێدری ئەو توندوتیژیەن کە هەموو کۆمەڵگای ئەو وڵاتەی بە هۆی کێشەی ئاینی وئیتنیکی گرتۆتەوە.

هەرچەند بە فەرمی دەسەڵات بە دەست حکومەتەوەیە وبوونی ئینکار ناکرێ، بەڵام پاراستنی باری ئەمنیەتی لەو وڵاتە دا گەلێک ئالۆزی وگرژی پێوە دیارە و بە پێێ راپۆرتی ئەمنیەتی کاربەدەستانی پاکستانی لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ٢٥٨٦ کردەوەی تێرۆریستی روویداوە کە بونەتە هۆی کوژرانی ٣٠٢١ و برینداربوونی ٧٣٣٤ کەس.

ئانارشیسم خەریکی پەرەئەستاندنە لە پاکستان وئەوەش مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە حکومەت کونترۆلی وڵات لە دەست بدا وببێتە هۆی بە هێز بوونی گروپە رادیکالە ئیسلامیەکان ونیگەرانی سەرەکی رۆژئاواش بە سەرۆکایەتی ئامریکا لەوەدایە کە بە هۆی لاوازی حکومەت وقەیرانی سیاسی وئاینی وکۆمەلایەتی کە ئەو وڵاتەی داگرتووە، چەکی ناوەکی ئەو وڵاتە بە جۆرێک لە جۆرەکان درز بکاتە دەرەوە ،یانی، یان بە تەواوی بکەوێتە دەستی گروپە توندئاژۆکان ویانیش کەل وپەلەکانی پێویست بدزرێ و بە قاچاخ ببردرێتە دەرەوە و چەکی ناوەکی لێ دروست بکرێ. لە حالەتێکی ئاوادا چارەسەری بوحرانی سیاسی لەو وڵاتە گەلێک لەوەی کە هەیە دژوارتر دەبێ و ئەوکات سیاسەتی گروپە ئیسلامیە رادیکالەکان لە پاکستان دەستی باڵای دەبێ و گرژی و ئالۆزی سیاسی لە گەڵ

دراوسێکانی بە تایبەت لە گەڵ هیندوستانیش دەکەوێتە بوارێکی مەترسیدارترەوە.

قەیرانی سیاسی ناوخۆی پاکستان کاریگەری راستە وخۆی لە سەرچارەنووسی ئەفغانستانیش هەیە و حکومەتی ئەو وڵاتەش کە بە پشتیوانی هێزەکانی ناتۆ بە سەرۆکایەتی ئامریکا لە سەر پێ راوەستاوە تووشی لاوازی زیاتردەبێ و پاراستنی بواری ئەمنیەتی کە بە بێ بوونی هێزەکانی ناتۆ بە خودی ئەفغانیەکان دابین ناکرێ چەندین قات ئەو وڵاتە تووشی گیروگرفتی زیاتردەکا و پێکهاتنی لایەنە جۆرا و جۆرەکانی ئیتنیکی وئاینی ئەفغانستان وگەیشتنیان بە ئاشتی وئاسایش وکۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆیی کە چەندین دەهەیە ئەو وڵاتەی لە بەریەک هەڵتەکاندووە وبە تەواوی ژێرخانی ئابوری تێکداوە تووشی ناکامی دەکا.

بە پێی لێکدانەوەکانی رۆژنامەی ئامریکایی "واشنگتۆن پۆست" هەڕەشەی کودتای نیزامی لە پاکستان زۆر کزە، بەڵام تالەبانەکانی ئەو وڵاتە لە ناو شارە گەورەکاندا نفوزی زۆریان هەیە وئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە شارێکی ٢٠ میلیۆنی وەکوو کەراچی دا، مەلاعومەری رێبەری لە دەسەڵات لادراوی گروپی توندئاژۆی تالەبانی ئەفغانستان بتوانێ تاکوو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ش لەو شارەدا خۆی حەشاربدا.

تێکهەڵچونە خوێناویەکانی نێوان شیعەکان وسوننیەکانی ئەو وڵاتە کە دواین رووداوی لە مانگی نوامبر ولە مزگەوتێکی شاری پێشاوەرداخوڵقاوبووبە هۆی کوژرانی زیاتر لە حەفتا کەس، لاواز بوونی بواری ئەمنی و ئاسایش لە ناو ئەو وڵاتە دا دەخاتە روو. لە ناو کوژراوەکانی کردەوە تێرۆریستیەکانی لایەنە جۆراو جۆرەکانی پاکستان دا ،زۆرینەی قوربانیان لە منداڵانن کە مەزلومانە بە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ و ئاگایان لە کێشە سیاسی وئیتنیکی وئاینیەکانی ئەو وڵاتە هەبێ دەبنە قوربانی.

٥ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## داهاتووی ئەفغانستان و ستراتیژی نوێ ئامریكا؟

" شورای پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئامریكا " كە لە كۆمەلێك پسپۆر وكارناسی ئامریكایی پێكهاتووە لە راپۆرتێك دا كە رۆژی هەینی ١٢ی نوامبر بۆ سەرۆك ئۆباما یان ناردووە داوای پێداچونەوەی سیاسەتی ستراتیژیكی ولاتەكەیان لە هەمبەر ئەفغانستان دا كردووە لە ئەگەری سەركەوتوو نەبوونی سیاسەتەكانی ستراتیژی ئامریكا لەو ولاتە.

ئەو گروپە لە كارناسانی ئامریكایی وێرای ئاماژە بە ئەرك ورۆلی هێزەكانی دیكەی نیزامی نێو نەتەوەیی لە ئەفغانستان رایان وایە كە لە ئەگەری سەركەوتنی ستراتیژی نیزامی ئامریكا لە ئەفغانستان، دەبێ بە پێێ بەرنامەی دارێژراو تاكوو كۆتایی ژوئیەی ٢٠١١ هێزەكانی ئامریكا لە ئەفغانستان برۆنە دەرەوە وبە پێچەوانەشەوە، ئەگەربێتوو سیاسەتی ئێستای ئامریكا لە ئەفغانستان سەركەوتن بە دەست نەهێنی ئەوكات ئامرێكا دەبێ رێژەی هێزەكانی بۆ ١٠.٠٠٠ یان ٢٠.٠٠٠ كەس لە ئەفغانستان كەم بكاتەوە و مانەوەی ئەو رێژەیەش بۆ بەربەرەكانی لە گەڵ كردەوە تێرۆریستیەكان وعەمەلیاتە سەربازیە تایبەتیەكان تەرخان بكرێ.

فەرماندەرانی پایە بەرزی ئامریكا لە ئەفغانستان وناتۆدا رایان وابووە كە زیاد كردنی رێژەی هێزەكانی ئامریكا لە ئەفغانستان زۆر پێویستە بۆ دابین كردنی ئاسایش وئەمنیەت وبۆسەركەوتنی پلانەكانی ئامریكا و هاوپەیمانانی و بۆیە لە دوای كێشانەوەی ٩٠.٠٠٠ كەس لە سەربازانی ئامریكایی لە عێراق، ٣٠.٠٠٠ سەربازی دیكە بۆ ئەفغانستان ڕەوانە كرا وئێستا ١٠٠.٠٠٠ سەربازیی ئامریكایی جگە لە هێزەكانی چەندین ولاتی دیكە لە ئەفغانستانن كە سەرجەم رێژەیان بە ١٥٠.٠٠٠ سەرباز دەگا.

سەرەرای بوونی ئەو رێژە زۆرە لە هێزەكانی بیانی و ژومارەیەكی زۆریش سەرباز وپۆلیسی ئەفغانی و بەكارهێنانی چەكی هەرە پێشكەوتوو لە دژی تالەبانەكان، كێشەی دابین كردنی ئاسایش لە سەراسەری ئەفغانستان وكۆنترۆل كردنی تەواوی خاكی ئەو ولاتە هەروا بە بێ چارەسەری ماوەتەوە. بە پێێ ئامارە فەرمیەكان، لە ساڵی ٢٠٠١ كەوە كە هێزەكانی ئامریكا هێرشیان كردە سەرئەفغانستان ولە ماوەیەكی كورتدا حكومەتی توندئاژۆی تالەبانەكانیان لێك هەڵوەشاند ولەولاتە ماونەتەوە ودوایەش هێزی چەندین ولاتی دیكەی دونیاشیان پێوە زیاد

کرا لە باری تەلەفاتی ئینسانیەوە زۆر پڕهەزینە بووە تاکوو ئێستا ٢١٧٠ سەرباز گیانیان لە دەست داوە. تەنیا لە ماوەی ئەم ساڵدا ٦٠٠ سەربازی هێزەکانی بیانی لە شەڕ لە گەڵ تالەبانەکاندا کوژراون.

ئەوەیکە بۆچی هێزەکانی بیانی ناسراو بە "ئایساف" نەیانتوانیوە بە تەواوی بە سەر تالەبانەکاندا زاڵ بن ولە ئەفغانستان دەریان پەڕێنن و ئەمنیەتی تەواوی ئەفغانستان بە دەستەوە بگرن بۆ کۆمەڵێک هۆکاردەگەڕێتەوە کە کارناسانی ناو خۆ و دەرەوەی ئەفغانستان بە شێوەی جیاواز باسی لێوە دەکەن. کارناسانی نیزامی ڕایان وایە کە لە ڕێگای نیزامیەوە و بە زیاد کردنی ڕێژەی سەربازەکان وعەمەلیاتە نیزامیەکان دەتوانن چۆک بە تالەبان دابدەن. درێژ بوونەوەی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان بۆتە هۆی زەرەروو زیانی زۆر بۆ خەڵکی بێ دیفاعی ئەو وڵاتە ولە زۆرشوێن بە هۆی شەڕو بۆمبارانی فرۆکەکانی ئامریکا خەڵکی بێ تاوان بونەتە قوربانی و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە جێگە وپێگەی تالەبانەکان لە نێو خەڵکی گوندەکان بە تایبەتی بە هێزتر ببێ و نفرەت وبێزاریش لە هێزەکانی بێگانە بە سەرکردایەتی ئامریکا پەرە بستێنێ.

میخائیل گۆرباچف کە لە ساڵی ١٩٨٥وە تاکوو هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ سەرۆک کۆماری ئەو ئیمپراتوریە گەورەیە بوو رای وایە کە،" بۆئەوەی ئەفغانستان نەبێتە ویەتنامی دووهەم ،جگە لە کشانەوە هێزەکانی ناتۆ لەو وڵاتە، ڕێگایەکی دیکە نیە. گۆرباچۆف بڕیاری سەرۆک ئۆبامای بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان پێ دروستە وبەڵام پێشی وایە کە بە بێ گیروگرفتیش نابێ". ناوبراو لە سەر ئەو باوەرەیە کە "سەرکەوتن لە ئەفغانستان دا مەحالە ".

بوونی فەسادی ماڵی و ناکۆکی لە نێوان لایەنە ئیتنیکی و مەزهەبی و تایفە جۆراوجۆرەکانی ئەفغانستان لە سەر بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە کابول و لە ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیان و نەبوونی دەوڵەتێکی بە هێزی میللی و دەست تێوەردانی دەرەکی وڵاتانی دراوسێ وەکوو ئێران و پاکستان و چەندین وڵاتی دیکە ناوچەکە و بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی زڵ هێز لەو وڵاتە دا و ئاسەواری نالەباری ١٠ ساڵ داگیرکاری یەکێتی سۆڤیت و مانەوەی ئەفغانستان بە دواکەوتوویی وبوونی ژێرخانێکی داتەپیوی ئابوری وریژەی یەکجار زۆری بێسەوادی و چەوساندنەوەی بە ئاشکرای کچان و ژنان و وریز نەگرتن لە مافەکانیان وەکوو نیوەی کۆمەڵ و زاڵ بوونی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی توندئاژۆ بە سەرکۆمەڵگای ئەفغانستان دا هۆکاری سەرەکین بۆئەوەی ئەو وڵاتە نەتوانێ

بەرەو سیستمێکی دێموکراتیک هەنگاو بنێ و ساڵانێکی زۆری پێویستە بۆ خۆ دەربازکردن لە ژێرباری ئەو هەموو گیروگرفتە و بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆیی و داگیرکاری دەرەکی و بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتێکی میللی کە هەموو گروپە ئیتنیکی و مەزهەبییەکانی ئافغانستان لە خۆ بگرێ.

١٤ی نەڤەمبەری ٢٠١٠

---

## سیاسەتی شەڕانگێزانەی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و هەڵوێستی میسر

وەزیری دەرەوەی میسرلە لێداونێکدا داوای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد کە دەست لە خۆهەڵقوتاندن لە کاروباری وڵاتانی خەلیج هەڵبگرێ ودەست تێوەردانەکانی لە عێراق ولوبنانیش کۆتایی پێ بێنێ. وەزیری دەرەوەی میسر ڕای وایە کە نابێ رێگا بە کۆماری ئیسلامی بدرێ کە دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی حەوزەی خەلیج وەربدا و ڕاشیگەیاند کە ئێران نابێ بە هیچ شێوەیەک دیخالەت لە مەسەلەکانی ناو خۆیی بەحرێن دا بکا.

پێشتریش سەرۆک کۆماری میسرحوسنی موبارەک لە قسەکانی دا ئاماژەی بە مەترسی هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەرکەنداوی فارس کردبوو و نیگەرانی وڵاتەکەی لەو بارەوە دەربڕیبوو.جێگای ئاماژە پێ کردنە کە لە دوای بەستنی پەیمانی ئاشتی نیوان میسر وئیسرائیل لە ١٩٧٩ کە بە پەیمانی" کەمپ دێوید" ناسراوە ولە ژێر چاوەدێری ئامریکا بە رێوە چوو، کۆماری ئیسلامی یەک لایەنە پەیوەندیەکانی خۆی لە گەڵ میسرپساند ولەو کاتەوە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ گرژی وئالۆزی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە لە سەر دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروبارەکانی وڵاتانی عەرەبی سووننە و یارمەتی دانی شیعەکانی لوبنان وبەحرێن ویەمەن و عێراق و دژایەتی کردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل وفەلەستینیەکان بەردەوامە ووڵاتانی عەرەبی بە ئاشکرا لە پەرە گرتنی دەسەڵاتی شیعەکانی ناوچە بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی دەترسن و بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامیش هیندەی دیکە وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارسی ترساندووە.

وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە دژ کردەوەیەک دا بە وتەکانی وەزیری دەرەوی میسرراگەیاند کە "پێشنیار بە وەزیری دەرەوەی میسر دەکەین کە بە جێگای هەوڵ دان بۆ جێ بە جێ کردنی نەخشەی وڵاتانی ئیستعماری بۆ دروست کردنی ئاژاوە لە نێوان وڵاتانی موسولمان، هەوڵ لە پێناو یەکێتی دونیای ئیسلام بدا و لە بیری دابین کردنی بەرژەوەندی نەتەوەیان و ئەمنیەت ومافی وڵاتەکەیان دابێ کە بەردەوام لە لایەن رێژیمی سەهیۆنیستی پێشێل دەکرێ."

لە دوای دەست پێکردنەوەی وتووێژەکانی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان بە پشتگری میسر و ئوردن لە ئامریکا، کۆماری ئیسلامی هەوڵی لە باربردنی ئەو هەوڵانەی داوە وبۆ ئەو مەبەستەش بە دوو شێوە جوڵاوەتەوە. لە لایەک بە هاندانی حەماس بۆ کردەوەی سەربازی لە دژی ئیسرائیل ئاکامی ئەو دانیشتنانە تووشی شکست بکا و لە لایەکی دیکەشەوە بە هاویشتنی موشک لە لایەن چەکدارەکانی حەماسەوە بەرەو ئیسرائیل لە خاکی میسرەوە تێکۆشاوە کە گرژی بخاتە نێوان میسر و ئیسرائیل. لەو پەیوەندیە دا ماوەیەک لەمەوبەر رۆژنامەکانی میسری بە توندی هەڵیان کوتابوو سەرکۆماری ئیسلامی وحەماس وئەو رێکخراوەیان  هەم وەکوو داردەستی رێژیمی ئاخوندەکان ناساند بوو وکردەوەکانی ئەو رێکخراوەیان بە توندی مەحکوم کردبوو وهەمیش ئەو رێکخراوەیان بە کۆمەڵێک کەسی قاتڵ وئینسان کوژ پێناسە کردبوو کە بە پشتیوانی ئێران دژایەتی پرۆسەی ئاشتی دەکا و کۆماری ئیسلامیشیان بەوە تاوانبار کردبوو کە بە هۆی بوونی  دوژمنایەتی لە گەڵ ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوەدایە کە تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بکێشێتە ناو شەڕ.

دواین سەفەری سەرۆک کۆماری دەوڵەتی کودتا بۆ لوبنان وپشتیوانی بێ ئەم لاوئەو لای لە حیزبولای لوبنان ودووپات کردنەوەی هەڕەشەکانی لە ئیسرائیل ودژایەتی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل وفەلەستینیەکان هیندەی دیکە میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبی لە نفوزی کۆماری ئیسلامی لەوڵاتە داهەراسان کردووە و لاوازی سیاسەتی وڵاتانی عەرەبی سووننەشی لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی دا بە تەواوی دەرخست.

پەرەئەستاندنی دەسەڵاتی سیاسی کۆماری ئیسلامی وخۆ تێهەڵقوتاندنی بە ئاشکرای لە کاروباری وڵاتانی عەرەبی سوننە وناردنی پول و چەک و چۆل بۆ گروپ گەلی وەکوو حەماس و حیزبوڵلا و شیعەکانی عێراق و بەحرێن و یەمەن و مل هوری کردنی لە ناوچەکە دا بەرهەمی کێشە و ناکۆکی دەیان ساڵەی نێو خۆی وڵاتانی عەرەبی

سوونەیە وسەرەرای تێپەرینی زیاتر لە نیو سەدە، ئێستاشی لە گەڵ بێ نایانتوانیوە رۆل و کاریگەری یەک لاکەرەوە یان هەبێ لە مەڕ چارەسەری کێشەی خۆیان لە گەڵ ئیسرائیل و چارەسەری کێشەی سیاسی فەلەستینیەکان وچەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکە دا.

٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

---

## نیگەرانی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە مەڕمافەکانی مرۆڤ لە ئامریکا

وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە راپۆرتێک دا کە لە لایەن دام ودەزگای ڕاگەیاندنی سەر بە خۆیان بڵاو کراوەتەوە نیگەرانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیان لە هەمبەر بە قەولی خۆیان" پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئامریکا دەربڕیوە ورەخنەیان لە کاربەدەستانی ئامریکا گرتووە لە مەڕ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە". لەو راپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی کودتا دا هاتووە کە " سەرەرای داخوازی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئامریکا لە مەڕ داخستنی گرتوخانەکانی گوانتانامۆ و ئەبووغەریب ئێستاشی لە گەڵ بێ ئەو زیندانانە هەردانەخراون". لە درێژەی ئەو راپۆرتە دا هاتووە کە دەوڵەتی ئامریکا بە هۆی پەیوەست نەبوون و واژۆنەکردنی بە فەرمی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان گەورەترین وڵاتی دەنیایە بۆ بەرهەم هێنان وبڵاوکردنەوەی رووسپیێتی منداڵان ."

هەروەها لەو راپۆرتەدا باس لە کوژرانی ٣٣٤ کەس لە سالی ٢٠٠١ وە بە دەستی پۆلیسی ئامریکا دەکا کە بە هۆی بە کارهێنانی ئامێری شۆکی کارەبایی گیانیان لە دەست داوە. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی رامین میهمان پرست لە مەڕ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئامریکا دەڵێ" دەبێ هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی وهەموو وڵاتانی سەربەخۆی دونیا داوا لە ئامریکا بکەن کە رەفتاری خۆی بگۆرێ وریز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێ". لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ناوبراو باس لە رەفتاری ناشایستی پۆلیسی ئامریکا دەکا ولەوبارەوە دەڵێ" هەڵس وکەوتی توند وتیژی پۆلیس لە گەڵ زیندانیەکان، نەبوونی ئیمکانی چاوپێکەوتنی

زیندانیەکان لە گەڵ کەس وکار وپارێزەرەکانیان، دەستگیرکردنی نایاسایی، ئیهانەت کردن بە ئاینەکانی دیکە وریزنەگرتن لە مافی کەمینەکان بەشێکن لە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لە ئامریکا بە رێوە دەچن."

پێ شێل کردنی مافەکانی ئینسانەکان بە هەر بروبیانویەک ولە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە بێ کردەوەیەکی دژی ئینسانی ومەحکومە وئەرکێکی ئینسانی وئەخلاقی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ورێکخراوەکانی بەشەر دۆستە کە کردەوە دژێوەکانی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر مافەکانی ئینسانەکان ژێر پێ دەخەن ریسوا وشەرمەزاربکەن وبۆ باشتر بوونی ژیان وگوزەرانی ئینسانەکان زەخت بخرێتە سەر دەولەتانی پێشێل کەری مافی مرۆڤ. بەڵام وەدەنگ هاتنی دەولەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی ئیسلامی لە مەڕ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا وفرمێسکی حەرام ڕشتن بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە خۆی گاڵتە جاریە وجگە لە ئیهانەت وسوکایەتی بە هەست وئیحساس وعەقلی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەبێ هیچ ناوێکی دیکەی لێ نانرێ.

رێژیمێک کە خۆی مێژوویەکی ڕەشی سی ساڵەی لە مەڕ پێشێل کردنی بە ئاشکرای مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران وگەلانی غەیری فارسی هەیە وبە ئاشکرا وبە توندترین شێوە بچوکترین دەنگێکی ماف خوازانە بە زەبروزەنگ وزیندان وئەشکەنجە وسێدارە ولام دەداتەوە بە چ روویەکەوە باس لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئامریکا دەکا؟ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی دەولەتی کودتایی ئەحمەدی نژاد باس لە کوشتن وئەشکەنجە وپێشێل کردنی مافی زیندانیەکانی نێو گرتوخانەکانی ئامریکا دەکا وباس لە دەستگیرکردنی نایاسایی دەکا ودەلێ زیندانیەکان ئیزنیان پێ نادرێ کە چاویان بە کەس وکاریان ووەکیلەکەیان بکەوێ ولە زیندانەکان دا بەردەوام ئەشکەنجە هەیە وژومارەیەکی زۆریش لە ژێر ئەشکەنجەی پۆلیس دا کوژراون.

ئەگەر تەنیا چاوێک بە یەک ساڵ ونیوی کارنامەی دەولەتی کودتایی ئەحمەدی نژاد دا بخشێنیەوە دەبینن کە ڕادەی دڕندەیی ووەحشیگەری وبێ رەحمی قولە چۆماغ بەدەستان وچەکدارانی ئەجیرکراوی ئە ورێژیمە ئەوەندە گەورەیە کە ئاستمە لە هیچ وڵاتێکی دونیا ولە سەدەی ٢١ یەکەم دا نمونەی بەرچاو بکەوێ کە ئاوا دەولەتێک بە ناوی خودا ودینەوە جگە لە بەکارهێنانی دەیان جۆرئەشکەنجەی جەستەی وروحی لە سەر نارازیانی لە زیندانەکاندا، تەنانەت بۆ شکاندنی کەسایەتیان لە دەست درێژەی جینسیش بۆ سەرڕەگەزی نێر ومێش دەستی نە پاراستووە.

تۆ بلێێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە ئەمرۆ بونەتە لاینگری مافی مرۆڤ وراست وچەپ بۆ پاراستن وریز گرتن لە مافی ئینسانەکان لە دونیا دا ڕەخنە دەگرن وفرمێسکی حەرام دەرێژن کۆمەڵگای نێو نەتەوەیان ئەوەندە پێ گێل ونەفام بێ کە نەزانن لە ئێران دا چ دەگوزەرێ وچۆن بە بەربلاوی مافەکانی ئینسان پێشێل دەکرێن؟راستیەکی حاشا هەلنەگر کە جێگای دڵ گرانیشە ئەوەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا وبە تایبەت لە وڵاتانی دێموکراتیک دا ناوی ئێران و ئێرانی ناوێکی بێزراوە و کۆماری ئیسلامی ئێران پێناسەیەکی جگە لە تیرۆریست بوون و دژ بە ژن بوون بۆ خۆی و بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەی تۆمارنەکردووە .

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

---

## ڕوانگەی جێنشینی ئیمامی زەمان لە هەمبەرچەکی ناوەکی

سەفەری وەلی فەقی بۆ شاری قوم کە پێگەیەکی گرینگی مەزهەبی لای شیعەکانی ئێران هەیە و بەشێکی زۆرلە ئایەتوللاکان وئەوانەی کە بە "مراجع تقلید" ناسراون لەو شارە دەژین، دوای ئامادە کاری و پروپاگەندەیەکی زۆری مێدیاکانی سەر بە خۆیان ولە ژێر چاوەدێری توندی ئەمنیەتی رۆژی سێ شەممە ١٩ی ئۆکتبر دەستی پێ کرد. خامنەیی لە چەندین کۆبونەوەی جیاواز دا باسی کۆمەلێک مەسەلەی گرینگی کرد کە دەکرێ بە کورتی ئاماژەیان پێ بکرێ و لێکدانەوەیان لە سەربکرێ. ناوبراولە نێو کۆمەلێک لە خەڵکی شاری قوم کە بۆ گوێ گرتن بۆ قسەکانی کۆیان کردبونەوە کوتی " بەشداری ٤٠ میلیۆن کەس لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی رابردووی ئێران دا رێفراندۆمێکی میللی بوو بۆ دووپات کردنەوەی وەفاداری و متمانە بە نیزامی ئیسلامی و نارەزایەتیەکانی دوای هەڵبژاردنی بە فیتنەی دوژمن ناوبرد و کوتی کە فیتنەی ساڵی ٨٨ وڵاتی لە هەمبەر میکرۆبەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی واکسینە کرد."

لە لایەکی دیکەوە لە کۆبونەوەیەکی دیکە دا کە بۆ کۆمەلێک ئاخوندی حەوزەکانی قوم رێکخرابوو،خامنەیی بە ئاشکرا رەخنەی لەو فەتوایەی گرت کە یەکێک لە "مراجعی تقلید " کاتی خۆی لە مەرچەکی ناوەکی دەری کرد

بوو. لەو فەتوایە دا "هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەست هێنانی چەکی ناوەکی بە نامەشروع پێناسە کرابوو".خامنەیی لەو بارەوە کوتی " کەسێک فەتوای داوە کە گۆیا هەوڵی ئاشتی خوازانەی بەرنامەی ناوەکی ئێران مەشروع نیە چونکە لە لایەن زل هێزەکانەوە شک وگومانی خراوەتە سەر، بەڵام من دەڵێم کە ئیستکبار غەلەتی کرد کە شک و گومانی لە گەلی ئێران هەیە ."

جێگای وەبیرهێنانەوەی کە پێشتر ئایەتوللا مونتەزیری بە ئاشکرا ڕەخنەی لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەست پێ ڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی گرتبوو. ناوبراو لەو بارەوە کوتبوی" لە هەل ومەرجێک دا کە زل هێزەکان حەساسیەتیان بە بەرنامەی ناوەکی ئێران هەیە، بۆ دەرچوون لەو قەیرانە نابێ پەنا بۆدروشمی بێ ماناوهاندەرانە ببردرێ کە ببێتە هۆی کۆی دەنگی وراوەستانی ئەوان لە بەرامبەر ئێران دا". هەرلە پەیوەندی بە چەکی ناوەکیەوە روو لە موسولمانان دەڵێ" بۆدروست کردنی بەربەستی یاسایی لە مەڕ بەرهەم هێنانی چەکی ناوەکی بۆ هەر وڵاتێک دەبێ بە پشتیوانی وپشتگری ڕێکخراوەکانی جێگای متمانەی نێو نەتەوەیی هەنگاو هەڵبهێنرێتەوە ."

خامنەیی و دارودەستەکەی بۆ پاراستنی ڕێژیمەکەیان وبۆ گەرەنتی کردنی مانەوەی خۆیان و منداڵەکانیان لە سەردەسەڵات چەندین ساڵە چالاکانە کەوتونەتە هەوڵی دروست کردنی چەکی ناوەکی و بەردەوام ولە ڕێگای جۆراوجۆرەوە خەریکی پیتاندن و وەچەنگ هێنانی یورانیۆمی بە ڕێژەی ٢٠ دەرسەدین ولە هەموودانیشتەکانیان وراپۆرتەکانیان دا کە بە نوێنەرانی ئاژانسی نێو نەتەوەیی وەزی ناوەکیان داوە کۆمەلێک بەڵگەی ساختەیان تەحویلی ئەوان داوە. خامنەیی بۆهەڵخەڵەتاندنی وڵاتانی رۆژئاوایی بەردەوام باسی لە حەرام بوونی چەکی ناوەکی لە روانگەی ئیسلامەوە کردووە وهەوڵی داوە وانیشان بدا کە بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی ئاشتی خوازانەیە وڕێژیمەکەیان بە دوای دروست کردنی چەکی ناوەکیەوە نیە، ئەوە لە کاتێکدایە کە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوەکیەوە پشت راست نەکراوەتەوە وبەردەوام لە راپۆرتەکانی ئەو ڕێکخراوە دا باس لە ناروون بوونی بەرنامە ناوەکیەکانی ئەو ڕێژیمە کراوە ورەخنەیان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرتووە کە ڕێگا بە پشکێنەرانی ئاژانس نادەن کە بە بێ هیچ بەربەستێک لێکۆلینەوە و پشکنینی خۆیان لە سەر ناوەندە ئەتۆمیەکانی ئێران بکەن و ناوەرۆکی بەرنامە ناوەکیەکانی ئێران بۆ دونیا روون بکەنەوە.

ڕەخنە گرتنی بە ئاشکرای خامنەیی لە فەتواکەی ئایەتوللا مونتەزیری بە بێ ئەوەی ناوی بێنێ ودیفاع کردنی لە بەرنامەی ناوەکی ڕێژیمەکەی ئەو راستیە دەردەخا کە لە روانگەی ئەوەوە وەدەست هێنانی چەکی ناوەکی نەک حەرام نیە، بەڵکوو بۆ پاراستن و گەرەنتی کردنی نیزامەکەی لە هەمبەرمەترسی هێرشی دەرەکی واجبێکی شەرعیە وبۆیە بە مافی ڕێژیمەکەی خۆی دەزانێ کە بۆپاراستنی ئیسلام و ویلایەت درێژە بە پیتاندنی زیاتری یۆرانیۆم بدا بۆئەوەی لە مەبەستی سەرەکی کە دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیە نزیک ببێتەوە.

مەسەلەی هێنانەوە گۆری گفتوگۆ لە گەڵ وڵاتانی 5ی زێدە یەک هەرلەو راستایەدایە، بۆ ئەوەی کاتی زیاتر بکرێ و وانیشان بدا کە بەلێ ئەوە رۆژئاوا بە سەرکردەیی ئامریکایە ئامادە نیە کە چارەسەری ئەو قەیرانە بکا ودەیانهەوێ بیانوو بە کۆماری ئیسلامی بگرن بۆ ئەوەی هێرشی نیزامی بکەنە سەر، دەنا کۆماری ئیسلامی بەردەوام سیاسەتی ئاشتی ودیالۆگی گرتۆتە بەرو ئامادەی چارەسەری کێشەی ئەتۆمی خۆی لە گەڵ رۆژئاوایە .

٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

---

## تێرۆریزیمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئامانجەکانی

لە دوای دوو کردەوەی تێرۆریستی کە لە ماوەیەکی زۆر کورت لە شارەکانی مەهاباد وسنە روویدا وبوو بە هۆی کوژرانی چەندین کەس و وبریندداربوونی دەیان کەسی دیکەی سیڤیلی هەردووک شارەکە ،کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەستیان کرد بە پرۆپاگەندە وبە بێ هێچ لێکۆلینەوە و لێپرسینەوەیەکی یاسایی قامکی تاوانیان بۆ لای هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان درێژ کرد وئەوانیان بە پشتیوانی ئامریکاو ئیسرائیل بە بکەرانی ئەو جەنایەتە دەست نیشان کرد. لە پەیوەندی لە گەڵ کردەوە تیرۆریستیەکەی شاری مەهاباد کاربەدەستانی رێژیمی ئاخوندی زۆر شتی دژبە یەکیان دەکوت ولە سەرتاوە کوتیان کە دوو کەسیان دەستگیرکردووە کە ئەو کردەوەیان ئەنجام داوە وپاشان ئیدەعایان کرد کە گۆیا گروپێکی سی کەسی کە بە قەولی ئەوان خەریک بوون لە سنوری ئێران بچنە ناوخاکی عێراق و لەو کردەوە دا دەستیان هەبووە بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون.

ئێستاشی له گەڵ بێ هیچ کەس و لایەنێکی کوردی و غەیری کوردی و تەنانەت کاربەدەستانی هەرێمی کوردستانیش نەیانزانی که ئەو سی کەسه کێن و سەربه چ لایەنێکی سیاسی بوون و چۆن وله کوێ کوژراون؟

دوا به دوای مەحکوم و شەرمەزار کردنی ئەو کردەوه تێرۆریستیه له لایەن هەموو هێزەکانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان پەتی کۆماری سێدارەی ئیسلامی کەوته سەرئاو و بۆ هەموو لایەک و به تایبەت بۆ بنەماڵەی کوژراو و برینداره‌کانیش که زۆربەیان له عەشیرەتی مەنگور بوون روون بۆوه که ئەو کردەوه تێرۆریستیه کاری ناوەنده ئەمنی و نیزامیەکانی خودی رێژیمه وئەوان خۆیان ئەو پیلانه دژه ئینسانی و دژه ئەخلاقیەیان دارشتووه بۆ ئەوەی شەڕی کورد به دەستی کورد بکەن.

دوای سەرنەکەوتنی پیلانی دوژمنانی ئازادی له مەهاباد، ئەوجار شوێنی پیلان گوێزرایەوه بۆ شاری سنه و له سیناریۆیەکی تەواو گوماناویدا و له پێش دا ئاماده کراودا دوو کەسی دم وچاو پێچراو به چەکی کلاشنیکۆف وبه رۆژی روناک له مەیدانی ئیقباڵ هەڵیان کوتاوەته سەردوو ماشێنی هێزەکانی ئینتزامی وچەند کەس له سەرنشینانی ئەو دوو ماشێنانەیان کوشتوو و بریندار کردوو وگۆیا به تەقەی ئەو دووکەسەش چەند کەسیش له خەڵکی بێ تاوانی شار کوژران وبریندار بوون ودوای تەقەکەش به دروشم دان بۆی دەرباز بوون. ئەوحیکایەتانەی که له زمانی کاربەدەستانی رێژیم لەو شاره وله مێدیاکانی سەربەخۆیان و تەنانەت له زاری وەزیرانی ناو خۆ و ئیتلاعات بڵاو بونەتەوه ئەوەنده دوور له راستین وله خەیاڵ دەچن که تەنیا مەگەم هەرخۆیان بڕوای پێ بکەن ودەنا ئەو جارەش هیچ کەس ولایەنێک بڕوایان بەو بوختان و درۆ و دەلەسانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەکرد.

به چاولێ کردن له و کورته فیلمەی که له رووداوەکه هەڵگیراوه به باشی دەردەکەوێ که ئەو دوونەفەره به بێ ترس ودڵه ڕاوکێ ئەو دوو ماشێنەیان داوەته بەردەستریژ وهیچ پەلەشیان نیه بۆ ئەوەی به گورجی خۆیان له شوێنی رووداوەکه دەرباز بکەن. کاربەدەستانی رێژیم بۆ ئەو کردەوه تێرۆریستیەش دیسان قامکی تاوانیان به قەولی خۆیان بۆلای " زیددی ئینقلاب" ڕاکێشا وتاوانی ئەو جەنایەتەشیان دیسان خسته ئەستۆی هێزه سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. درۆ و دەلەسه وبوختانەکانی دارێژەرانی ئەو کردەوه تێرۆریستیانه که هەرخودی کار بەدەستانی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی رێژیمن نەیتوانی ئەم جارەش خەڵکی شاری سنه

وبیروڕای گشتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەناعەت پێ بێنێ کە ئەو کردەوە تیرۆریستیانە کاری دژبەرانی کوردی نیزام بێ و تەنانەت نوێنەرانی کوردی مەجلیسی شورای ئیسلامیش بڕوایان بە تۆهمەت لێدانەکانی دەوڵەتی کودتا نیە.

عەبدولجەبارکەرەمی یەکێک لە نوێنەرانی شارەکانی سنە وکامیاران ودیواندەرە وێڕای ڕەخنە گرتن لە داسەپاندنی دۆخی ئەمنیەتی بە سەرناوچەکەدا، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەل ومەرجەکە تاوانبار کردووە ولە وتەکانی دا دەلێ کە "کاربەدەستانی ڕێژیم لەو دۆخەی ئەمنیەتیەی کە هەرخۆیان بە سەر ناوچەکە دا دایان سەپاندووە بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن".

ناوبراو ئاشکرای کرد کە " بە هۆی ئەوەی ئامادە نەبووە بێ دەنگی لە ئاست مافەکانی خەڵک ڕەچاو بکا ولە گەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم سات وسەودا بە مافی خەڵکەوە بکا، سەرەرای بوونی مەسونیەتی پارلمانی هەتاکوو ئێستا پێنج جاران لە لایەن دام ودەزگای قەزایی ڕێژیمەوە بۆ بەردەم دادگا ڕاکێش کراوە وحوکمی زیندانی لە ۲ مانگ هەتا ۲ ساڵی بە سەر داسەپاوە.

هەرلەو پەیوەندیە دا یەکێکی دیکە لە نوێنەرانی شارەکانی سنە وکامیاران ودیواندەرە بە ناوی ئەمین شەعبانی داوای لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کرد کە ڕەوتی دۆزینەوەی بکەرانی ئەو ڕووداوە بە شاراوەیی نەهێلنەوە وئاکامەکانی لە ڕاگەیەنە گشتیەکانەوە بە ئاگاداری خەڵک بگەیێنن. سەید عیماد حوسێنی نوێنەری شاری قوروەش ڕای وایە کە "ئەو کارە تێرۆریستیە بە مەبەستی ژیاندنەوە وەبیرخستنەوەی سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵاتدارانە بە رامبەر بەو ناوچەیە. ناوبراو پێی وایە کە بە ئامانجی گرینگی نەدان و پشت گوێ خستنی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان کردەوەیەکی لەوجۆرە ئەنجام دراوە."

ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە دارشتنی پلان وجێ بە جێ کردنی تاوانی تێرۆریستی لە پارێزگاکانی رۆژهەلاتی کوردستان چیە و بۆچی رۆژهەلاتی کوردستان بۆتە مەیدان تاقی کردنەوەی سیاسەتە چەپەلەکانی دەسەلاتدارانی تاران و بۆچی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی رۆژهەلاتی کوردستان و نەتەوەی کوردی کردۆتە ئامانج خۆی جێگای بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخەکەیە.

*بۆ روونکردنەوەی سیاسەتە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئاماژە بە چەند مەسەلەی گرینگ بکرێ ولایەنە جۆراوجۆرەکانی شرۆڤە بکرێ.*

*یەکەم:* دوای کودتای سپای پاسداران وبە زۆرداسەپاندنەوەی ئەحمەدی نژاد بە سەرۆک کۆمار و گرتن وکوشتن وزیندانی کردنی بە سەدان کەس مەشروعیەتی دەسەڵاتی وەلی فەقیە وسیستمی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و کۆمەڵانی میلیۆنی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران ئیدی بڕوایان بەو سیستمە نەماوە وخوازیاری هاتنە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتیکن. کۆماری ئیسلامیش بە باشی ئەوراستیە دەزانێ وبۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا زۆر زیاترلە جاران پەنای بردۆتە بەر زەبروزەنگ وزیندان و ئێعدام و تۆقاندن وهەوڵ دەدا لەورێگایەوە پاشەکشە بە دژبەرانی نیزامەکەی بکا وکوردستانیش مەیدانێکی باشە بۆ ئەوەی بە کوشتن وئێعدامی لاوانی کورد خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانی پێ بترسێنێ و ڕشتنی خوێنی تاکی کورد لە لایەن خومەینەوە هەرلە دوای فەتواکەی لە دژی نەتەوەی کورد لە ٣٠ ساڵ لە مەوبەرەوە بە حەلال زانراوە.

*دووهەم:* کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی ٣١ ساڵەی خۆیدا بەردەوام رێژێمێکی بوحران خولقێن بووە و بەدایم هەوڵی داوە دوژمنی دەرەکی نەبوو بۆخۆی و بۆ گەلانی ئێران دروست بکا و لەو رێگایەوە هەرجۆرە داواکارێکی یاسایی وئینسانی و دێموکراتیکی گەلانی ئێران بە تایبەت گەلی کوردی بە ئاگروئاسن وزیندان ولە سێدارە دان وڵام داوەتەوە و بەردەوام بۆ پاساو هێنانەوەی سیاسەتی تێرۆریزمی دەولەتێکەی لە کوردستان و مەحروم کردنی رۆژهەلاتی کوردستان لە مافە سیاسی و مەدەنیەکانی،هەموو ناوچە کوردنشینیەکانی لە بواری ئابوری وئاوەدان کردنەوە بە دواکەوتووی هێشتۆتەوە و ئامادە نەبووە ئەو ڕادە پارە زۆرەی بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران خەرجی کردووە بۆ پارێزگا کوردیەکانیش بەکاری بهێنێ وبەهانەشی ئەوە بووە کە کوردستان نائارامە وئەمنیەت لە کوردستان نیە و کوردەکان دژ بە ئیسلام وبە ئێران وبە خەڵکی ئێرانن و دەیانهەوێ بە پشتیوانی ئامریکا و ئیسرائیل و بریتانیا کۆماری ئیسلامی لاواز بکەن ووڵات تەجزیە بکەن و بەو جۆرە خەباتی ئینسانی وحەق خوازانەی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەمنیەتی میللی ئێران پێناسە دەکا.

*سێهەم:* بۆ سەرکوت کردنی میلیۆنان لە خەڵکی نارازی ونیشان دانی ئەوەیەکە ئەوە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی چالاکانە خەریکن بە دانی پوڵ ویارمەتی سیاسی ومەعنەوی یارمەتی دژبەرانی ئیسلام وقورعان دەکەن وتەنانەت

لە سنورەکانەوە گروپی تێرۆریستی دەنێرنە نێو خۆی ئێران بۆ ئەوەی بە تەقاندنەوەی بۆمب وکوشتنی خەڵکی بێ تاوان ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی بشوێنن و هەربۆیە دەوڵەت ناچارە وبە ئەرکی خۆی دەزانێ بە توندی لە دژی ناوچە سنوریەکانی کوردستان و سیستان وبەلوچستان بجولێتەوە. کۆماری ئیسلامی بەوەرێ خستنی ئەو سیناریۆیە تێرۆریستیانەی کە خۆی بەرنامە ڕێژی بۆ کردوون وخوێنی ئینسانی کورد بە بێ هیچ تاوانێک دڕێژێ، هەوڵ دەدا خەتاکەی بخاتە ئەستۆی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی لە لایەک سیمایەکی تێرۆریستیانە لەو هێزانە تەرسیم بکا ولە لای خەڵکی کوردستان وئێران بەدناویان بکا و لە لایەکی دیکەوە کوردستان وەکوو ناوەندی تێرۆریستان بە دونیا نیشان بدا و ئیسرائیل و ئامریکا و بریتانیاش تاوانبار بکا کە بۆ ئامانجەکانی خۆیان و بۆ زەربە وەشاندن لە خەڵکی ئێران پشتیوانی لە تێرۆریزم دەکەن.

کۆماری ئیسلامی بۆ بەڕێوە بردنی ئەو سیاسەتە فریودەرانەی لە هەوڵی هەڵخراندنی ئیحساساتی میللی خەڵکانی غەیرە کوردی ئێرانە و دەیهەوێ بە تیرێک دوو نیشان لێبدا،هەم لە هاودەردی ویەکگرتوویی ناوچەکانی دیکەی ئێران لە گەڵ کوردستان و بەلوچستان بۆ خەبات لە دژی ڕێژیمەکەیان پێشگیری بکا و هەمیش فەزای سیاسی ئێران هەروا لە ژێر سێبەری سیاسەتی تێرۆریزمی دەوڵەتی خۆی دا بهێلێتەوە و هەموو دژ کردەوەیەکی خەڵک لە دژی خۆی بە تێرۆریزم ودەستی بێگانە پێناسە بکا.

١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

---

## نامە بێ وڵامەکانی ئەحمەدی نژاد بۆ ڕێبەرانی دونیا

سەرۆک کۆماری دەوڵەتی کودتا مەحمودی ئەحمەدی نژاد لە گەڵ دەست پێ کردنی یەکەمین دەوری سەرۆک کۆماریەکەی کەوتە بیری نامە نووسین بۆ ڕێبەرانی چەندین وڵاتی بە هێزی دونیا ولە هەرکام لە نامە بێ وڵامەکانی دا باسی چارەسەری کێشەکانی جیهان بە دەست پێشخەری و بەشێوازی کۆماری ئیسلامی دەکا. لەئاخرین نامەشی دا کە بۆ جاری دووهەم بۆپاپ بنەدیکتی شانزدەهەم، سەرۆکی کاتۆلیکەکانی جیهانی ناردووە هەمان بەیت

و باڵۆری نامەکانی پێشووی دووپات کردۆتەوە. دەبێ ئامانجی پرێزیدنت مەحمودی ئەحمەدی نژاد لە ناردنی نامە بۆ رێبەرانی سیاسی وئاینی رۆژئاوا چ بێ وبۆچی ناوبراو سەرەرای بێ وڵام مانەوەی نامەکانی پێشووی ،ئاوا رووهەڵماڵاوانە درێژە بە ناردنی نامەکانی دەدا؟ ناوەرۆکی نامەکانی ئەحمەدی نژاد بە سەر دوو تەوەری سیاسی وئاینی دابەش دەکرێن و بە ورد بونەوە لە ناوەرۆکی نامەکان مەبەست و ئامانجی سەرۆک کۆماری دەوڵەتی کودتامان بە باشی بۆ روون دەبێتەوە.

تەوەری سیاسی: لە یەکەم نامە ١٥ لاپەرەیەکەی کە بۆ سەرۆک جۆرج دەبلیوو بوشی ناردبوو، باس لە " شکانی نیزامی دێموکراسی ولیبرالیزمی رۆژئاوایی دەکا ودەڵێ کە ئەو سیستمە نەیتوانیوە داواکاریەکانی مرۆڤایەتی وەدی بێنێ". ئەحمەدی نژاد بۆچارەسەری کێشە بنەرەتیەکانی جیهان پێوایە کە" لە رێگای دینەوە ئەو دەرفەتە رەخساوە وئەگەرهەموو لایەک روو لە ئاین ودادپەروەری بکەن کە پەیامی هەموو پەیامبەرانە، ئیدی ئەوکات هیچ کێشەیەک لە دونیا دا بە چارەسەرنەکراوی نامێنێتەوە". ئەحمەدی نژاد نەسیحەتی سەرۆک بوش دەکا وداوا لە ناوبراو دەکا کە" هەتا درەنگ نەبووە، بروا بە باوەرەکانی دینی وئینسانیەت بێنێ و وڵامی ئەرێنی بە نامەکەی بداتەوە". لە تەئیدی قسەکانی ئەحمەدی نژاد، ئایەتوڵلا ئەحمەدی جەننەتی سەرۆکی شورای نیگابان و ئیمام جومعەی کاتی تاران دەڵێ" نامەی ئەحمەدی نژاد بۆ بوش ئەمری خوداوەند بووە و ئەمە لە مێژوودا شتێکی بێ وێنەیە و بە باوەری ناوبراو دەبێ ناوەرۆکی نامەکە وەکوو وانە لە مەدرەسە و زانکۆکان بوترێتەوە. جەننەتی لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ کە خودا لوتفی بە کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە و ئەوە دەستی غەیبە کە فریای سەرۆک کۆماری ئێران کەوتووە."

دوابەدوای بێ وڵام مانەوەی نامەکەی لە لایەن سەرۆک بوش، ئەو جارئەحمەدی نژاد رووی نامەی دووهەمی بە قەولی خۆی لە خەڵکی ئامریکا کرد و لە و نامەیە دا وێرای رەخنە لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئامریکا بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست وپشتیوانی لە ئیسرائیل،باس لە "کارەساتە دڵ تەزێنەکەی گرتوخانەی ئەبوغەریب و گوانتامۆ دەکا ورای وایە کە ئەو کردەوانەی ئامریکا دەبێتە هۆی پەرەئەستاندنی تیرۆریزم". لە کۆتایی نامەکەی دا بانگەواز لە خەڵکی ئامریکا دەکا کە "روو لە دین و ئیمان وخوداپەرەستی بکەن و بە ئاماژە کردن بە برگەیەکی قورعان باس لەوە دەکا کە ئەگەرکەسێک تۆبە بکا وئیمان بێنێ ئۆمێد هەیە کە بکەوێتە ریزی رزگار بووەکان ."

دوای سەرکەوتنی دێموکراتەکانی ئامریکا و هەڵبژاردنی باراک ئۆباما بە سەرۆک کۆماری ئامریکا، هەمیسان ئەحمەدی نژاد تاوی دایەوە قەڵەم و ئەو جارنامەیەکی ئاراستەی سەرۆک ئۆباما کرد ووێرای پیرۆزبایی کردن لە ناوبراو بە بۆنەی هەڵبژێرانی بە سەرۆک کۆماری ئامریکا هیوای خواست بوو کە "باراک ئۆباما ئاڵ و گۆری بەرچاو و شەفاف لە مەڕ سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتەکەی بکاتە سەردێری بەرنامە و پرۆژەکانی دەوڵەتەکەی". ئەحمەدی نژاد لە درێژەی نامەکەی دا دەنووسێ" خەڵکی ئامریکا کە هەڵگری بیروباوەری مەعنەوین چاوەڕوانن کە هەموو توانا وهێزی دەوڵەت لە ڕێگای خزمەت بە خەڵک، چاکسازی وەزعی خراپی ئابوری، وەدەست هێنانەوەی ئابرو، چارەسەری تەواوی هەژاری و نەهێشتنی هەلاواردن، ڕێزگرتنی تەواو لە کەرامەتی ئینسانەکان، پاراستنی ئەمنیەت و مافی ئینسانەکان و بە هێز کردنی ژێرخانەکانی بنەماڵە لە سەر بنەمای ئاینی لە ئامریکادا. شایانی باسە کە لەم شێوە نامانە پێشتریش بۆ سەرانی فەرانسە و ئالمان وئیتالیاش ڕەوانە کرابوو کە لە لایەن ئەوانیشەوە بێ وڵام مایەوە.

تەوەری ئاینی: دواین نامەی ئەحمەدی نژاد کە بۆ واتیکان ڕەوانە کراوە و رووی قسەی لە پاپ بنەدیکتی شانزدەهەمە باس لە" تەعامولی ئەدیانی ئاسمانی لە گەڵ یەکتر دەکا بۆ بەرگری کردن لە بە لارێ دا چوونی کۆمەڵگای ئینسانی". ئەحمەدی نژاد لافی ئەوە لێ دەدا کە" ئێران خاوەنی نیزامێکی دینی و دێموکراتیکە و خوازیاری هاوکاری زۆرترە لە گەڵ واتیکان وئامادەیی کۆماری ئیسلامی بۆهاوکاری هاوبەش لە مەڕ گۆڕینی پێکهاتەی زاڵمانەی حاکم بە سەر جیهاندا دەربڕیەوە". ناوبراو بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باس لە " گرینگی نەدانی مرۆڤەکان بە ئاینەکان دەکا وڕای وایە کە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری سێکۆلاریزم وهومانیزمی سەرەڕۆیانەی ڕۆژئاوایی وبۆیە خوازیاری دژایەتی ئاینەکانە لە گەڵ ئەو دیاردانە".

لە ناوەرۆکی کۆی ئەو نامانە کە بۆ سەرۆک کۆمارەکانی ئامریکا وخەڵکی ئەو وڵاتە وپاپ بنەدیکتی شانزدەهەم نێردراوە دەردەکەوێ کە ئەحمەدی نژاد هەوڵی داوە کۆماری ئیسلامی وەکوو نیزامێکی خەڵکی و دادپەروەر کە ڕێز لە ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران دەگرێ نیشانی دونیای دەرەوە بدا و بە درۆ و دەلەسە وساختە کاری هەوڵی داوە کە کێشە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وپێ شێل کردنی بە ئاشکرای مافەکانی نەتەوەکانی غەیری فارس و ژنان بشارێتەوە و هەموو کردەوە تیرۆریستیەکانی ڕێژیمەکەی خۆی بداتە پاڵ ڕۆژئاوا ورووخسارێکی دیکتاتۆرانە و دژی ئینسانیانە لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و لە سیستمی دێموکراسی و

سێکولاری ئەوان بە سەرکردایەتی ئامریکا بخاتە روو.                                   .

لە لایەکی دیکەشەوە بە فرمێسکی حەرام ڕشتن بۆ خەڵکانی عێراق و فەلەستین و ئەفغانستان و بەردی ماف خوازی ئەوان لە سینگ دان دەیهەوێ هۆکاری هەموو نەهامەتیەکانی ناوچەکە بخاتە ئەستۆی لەشکرکێشی ئامریکا و هاوپەیمانانی کە بوو بە هۆی رووخاندنی دوو رێژیمی تێرۆریست وئینسان کوژی تالەبان و بەعسی عێراق. کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا هەستی موسولمانانی جیهان بە تایبەت هی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە هۆی بوونی کێشەی زیاتر لە نێو سەدەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان لە لایەک و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی عەرەبی ناوچە کە لە لایەکی دیکەوە بوروژێنێ و وبوونی ژمارەیەکی زۆرلە هێزەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا وئەو ئاڵ وگۆرە پۆزیتیڤانەی کە لە ناوچەکەدا روویداوە لە دژی ئیسلام و قورعان و موسولمانان پێناسە بکا و بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە موسولمانان دەکا کە بۆ وەدەرنانی هێزەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا خۆیان رێک بخەن و بێنە ژێرسێبەری کۆماری ئیسلامی کە رێبەرایەتی جیهانی ئیسلام دەکا.

ئەمرۆکە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی مەشروعیەتی خۆی لە ناوخۆی وڵات و لای گەلانی ئێران لە دەست داوە و لە سیاسەتی دەرەوەشی دا و لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیشدا بە هۆی بوحرانی ئەتۆمی بە تەواوی تەریک کەوتۆتەوە. گەمارۆ ئابوریەکانیش کاریگەری خۆیان لە سەرسیستمی ئابوری و ماڵی کۆماری ئیسلامی داناوە و دمراستەکانی ئەو رێژیمە بۆئەوەی بە قەولی خۆیان بێ کاریگەری بوونی گەمارۆکان و نارەزایەتی میلیۆنی گەلانی ئێران لە سیاسەتەکانیان بە نەبوو لە قەڵەم بدەن و ئەفکاری گشتی خەڵکی جیهان و ئێران لە سەرنەکەوتنی سیاسەتەکانیان بە لاڕێ دا بەرن، پێویستیان بەو جۆرە مانۆردانانە هەیە کە زوو زوو نامە بۆ رێبەرانی سیاسی و ئاینی دونیا بنووسن و رووخسارێکی ئینسانی و ماف خوازانە ودێموکراتانە لە خۆیان نیشان بدەن کە بە خۆشیەوە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچ دەسکەوتێکی بۆیان نەبووە.

١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## دەسەڵات و سەڵاحیەتی وەلی فەقی و ئەرکەکانی مەجلیسی خوبرەگان؟

مەجلیسی خوبرەگان یەکێک لەو ئورگانانەیە کە هەرلە دوای داسەپانی کۆماری ئیسلامی بە سەرگەلانی ئێران دا لە سەردەستی ئایەتوڵڵا خومەینی دەمەزرا. ئەو کەسانەی کە دەخوازن ببن بە ئەندامی ئەو مەجلیسە دەبێ لە لایەن شورای نیگەهبان پلە و پایەی ئاینی و زانستیان تەئید بکرێ و لە فلتێری ئەو شورایە بگوزەرێن وپاشان بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردرێن. بە پێێ ئەسلی ١٠٧ی قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی" هەڵبژاردنی رێبەرلە ئەستۆی مەجلیسی خوبرەگانە و ئەو مەجلیسە بە پێێ قانونی بنەڕەتی ئەرکی چاوەدێری بە سەرکردەوەکانی رێبەری لە چوارچێوەی قانون دا هەیە ولە کاتی پێویست دا بڕیارلە سەرجێنشنی رێبەردەدا".

لە ئەسلی پێنجەمی قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لە بابەت سەڵاحیەت وجێگە ودەسەڵاتی بەرزی رێبەر لە ساختاری سیاسی کۆماری ئیسلامی دا هاتووە کە " لە کاتی غایب بوونی حەزرەتی وەلی عەسر، لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا، ویلایەتی ئەمرو ئیمامەتی ئۆمەتی ئیسلام بە ئەستۆی فەقیهی دادپەروەرو بە ئیمان، زانا بە سەردەمی خۆی وئازاو مودیردەبێ".

***بە پێێ ئەسلی ١٠٩ی قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی کەسێک کە بۆ رێبەری هەڵدەبژێردرێ دەبێ ئەو چەند تایبەتمەندیەی هەبێ:***

***یەکەم:*** سەڵاحیەتی زانستی تەواوی لە بواری جۆراوجۆری ئاینی وفقهی هەبێ
***دووهەم:*** دادپەوەری و ئیمانی تەواوی هەبێ بۆ رێبەری کردنی ئوممەتی ئیسلام
***سێهەم:*** لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دروستی هەبێ لە مەڕمەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و کەسێکی بە تەدبیر و نەترس و مودیربێ و توانایی باشی هەبێ بۆ رێبەری.

پلەی رێبەری لە کۆماری ئیسلامی دا بەرزترین دەسەڵاتی سیاسیە و بە پێێ ئەسڵی پەنجاو حەوتی قانونی بنەڕەتی، هەرسێ دەسەڵاتی یاسا دانان و قەزایی و ئیجرایی لە ژێر ئەمرو فەرمان و چاوەدێری وەلی فەقی دا

ئەرکەکانیان بەرێوە دەبن. دەسەڵاتی بێ سنوری وەلی فەقی کە لە سەرەوەی هەموو یاساو رێسای وڵاتە ولە بەرامبەر کەس دا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ. لە دوای نۆهەمین دەوری هەڵبژاردەنی سەرۆک کۆماری کە بە کودتای سپای پاسداران ناسراوە و پشتیوانی بێ ئەم لاوئەولای خامنەیی لەو کودتایەی لێ کەوتەوە، رۆل و هەڵویستی ناوبراو لە لایەن دژبەرانی نیزامەکەیەوە کەوتۆتە ژێرپرسیارو لاینگری بێ ئەم لاوئەولای خامنەیی لە کودتاچیان جێگە و پێگەی ئەوی بە تەواوی خستە ڕوو. لەو پەیوەندیەدا کەسێکی وەکوو عیسا سەحەرخیز بە ئاشکراو لە نامەیەکی سەرئاوەڵەدا داوای لێ پرسینەوە و مەحاکەمە و سزادانی وەلی فەقی دەکا وپێوایە کە خامنەیی دەبێ بە تاوانی کردەوە دژی ئینسانیەکانی کە لە گرتوخانەکانی ئێران و یەک لە وان لە کەهریزەک دا دژ بە خەڵکی ئێران ئەنجام دراوە بکێشرێتە دادگا.

هەروەها مەهدی کەروبی وەکوو یەکێک لە پاڵیوراوانی فێڵ لێ کراوی دەوری دەهەمی سەرۆک کۆماری و یەکێک لە رێبەرانی ئێستای جوڵانەوەی سەوز بە نۆرەی خۆی کەوتوتە ڕەخنە گرتن لە دەسەڵات و سەڵاحیەتی وەلی فەقی و ئەرکەکانی مەجلیسی خوبرەگان بۆ لێپرسینەوە لە کاروکردەوەکانی رێبەر. کەروبی لە دواین نامەی دا کە پێش پێکهاتنی هەشتەمین کۆبونەوەی مەجلیسی خوبرەگان بۆ هاشمی رەفسنجانی وەکوو سەرۆکی ئەو مەجلیسە ناردوویەتی داوا دەکا کە" مەجلیسی خوبرەگان چاوەدێری بە سەرکردەوەکانی رێبەر و ئۆرگانەکانی ژێر دەستی ئەودابکا و بە باوەڕی کەروبی، رێبەری لە رێگای راست لای داوە و بۆ ئەو مەبەستە دەلێ" ئایەتوڵلا خومەینی باوەری وابووە کە گەورەترین لادان، لادانی رێبەریە".

کەروبی لە بەشێکی دیکە ی نامەکەی دا دە نووسێ " لە قانون دا ڕاشکاوانە باس لەوە کراوە کە مەجلیسی خوبرەگان لە کاتی پێویست دا دەتوانێ رێبەرلە سەر دەسەڵات لاببا.

ڕەخنەگرێکی دیکەی وەلی فەقی ومەجلیسی خوبرەگان، ئایەتوڵلا عەلی مەحەممەدی دەستغەیبە وناوبراو لەو بارەوە دەلێ " کەسێک کە بە پێێ قانونی ئەساسی وەکوو رێبەرلە لایەن مەجلیسی خوبرەگانەوە هەڵدە بژێردرێ، تەنیا ئەرکی رێک خستنی پەیوەندیەکانی نێوان هەر سێ دەسەڵاتی وڵاتە ودەبێ بەرگری لەمافی هاووڵاتیان بکا لە ئەگەری پێشێل کردنی مافەکانی هاوولاتیان لەلایەن ئەو سێ دەسەڵاتەوە ". ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا دەلێ" وەلی فەقی دەبێ وڵات ئیدارە بکا ومافی نیە لە کاروباری پەیوەندیدار بە خەڵک، چ لە بواری زانستگایی و چ لە بواری زانستی وفەرهەنگی دا دەست تێوەردان بکا".

خامنەیی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا هەوڵی داوە دیکتاتۆری فەردی خۆی بە تەواوی بچەسپێنێ و بۆ ئەو مەبەستەش ئۆرگانە گرینگەکانی چاوەدێری و یاسا دانانی وەکوو مەجلیسی شورای ئیسلامی، شورای نیگەهبان ومەجلیسی خوبرەگانی رێبەری بە تەواوی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە وبە پیێ بەرژەوەندیەکانی خۆی چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئۆرگانە گرینگانەی دیاری کردووە و هەموو ئەو کەسانەی کە بە تایبەت بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی ومەجلیسی خوبرەگانی رێبەری هەڵبژێردراون لە فیلتێری شورای نیگەهبان کە سەرۆکەکەی لە لایەن خۆیەوە دیاری کراوە گوزەراندون. خامنەیی بە کەڵک وەرگرتن لە ئۆرگانەکانی چاوەدێری و یاسادانان هەوڵی داوە رووخسارێکی یاسایی بە کردەوە نایاسایەکانی خۆی بدا بۆ لاواز کردن و لە نێو بردنی دژبەرانی نیزامەکەی.

راستیەکی حاشا هەڵنەگر لە پەیوەندی بە دەسەڵاتی رێبەر و قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دا کە دەبێ قامکی لە سەر دابنرێ ئەوەیە کە هەرلە بناغەوە قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دژە دێموکراتیک ودژە ئینسانیە ودانی دەسەڵاتیکی بێ سنور بە شەخسێک بە ناوی وەلی فەقی بە بێ لێپرسینەوە لە کاروکردەوەکانی بۆتە هۆی ئەوەیکە لە ماوەی ٣١ ساڵی رابردوو دا جگە لە دیکتاتۆری مەزهەبی وسەرکوت وزیندان و کوشتاروسوکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤەکان هیچی دیکەی بە نەسیبی گەلانی بێ بەشی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد نەبێ. تەنیا رێگای ڕزگار بوون لە دەستی دیکتاتۆری وەلی فەقی و دارودەستەکەی هاتنە سەر کاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و عەدالەت خوازو سێکۆلارە کەرێز لە مافەکانی گەلانی ئێران و تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران بگرێ.

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

---

## هەڵوێستی تورکیە بە رامبەربە گەمارۆکانی سەرئێران

رەجەب تەییب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیە سەرەرای داسەپانی گەمارۆکانی شورای ئەمنیەت بە سەرئێراندا خوازیاری پەیوەندی ئابوری پتەوترە لە گەڵ ئەو وڵاتە دا و ناوبراو لە وپەیوەندیە دا دەڵێ "من خۆم هیچ هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەیکە ئێمە نەتوانین لە گەڵ ئێران پەیوەندی بازرگانی سەربەخۆمان نەبێ، هەر

وەکووئەوەی لە گەڵ ئوروپاش هەمانە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژە بە هەوڵ دان بۆ رێکەوتن لە گەڵ ئێران لە مەڕ ئاڵ و گۆری شتومەک وبازرگانی دەکا کە قەرارە لە ١٠ میلیارد دۆلارەوە بگاتە ٣٠ میلیارد دۆلارلە ماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا وسووریشە لە سەرئەوەی کە وڵاتەکەی بەوئامانجە بگا ".

هەرلەوپەیوەندیە دا عەبدوڵا گول سەرۆک کۆماری تورکیە رۆژی هەینی رابردوو لە کۆبونەوەیەک دا کە شورای پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئامریکا لە شاری نیۆیۆرک رێکی خستبوو کوتی" پەیوەندی ڕاستەوخۆی تورکیە لە گەڵ ئێران باشترین رێگایە بۆ گەیشتن بە رێگا چارەیەکی دیپلۆماتیک کە رێگربێ لە دەست پێ ڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکی". ناوبراو لە درێژە قسەکانی دا دەڵێ" ئەگەرچاو لە هاوپەیمانانی ئێمە بکەن کامە لە رێبەرانی ئەو وڵاتانە دەتوانن دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لە گەڵ رێبەرانی ئێران ورێبەری ئاینی ئەو وڵاتە بکەن؟ عەبدوڵا گوڵ پێداگری لە سەرهاوپەیمانێتی وڵاتەکەی لە گەڵ ئامریکا کردەوە ودەڵێ " وەکوو ڕابردوو، تورکیە هاوپەیمانێکی بە تەواوی وەفاداروجێێ متمانەی ئامریکایە وهەرواش دەمێنێتەوە."

بۆچی تورکیە لە لایەک بە بەهانەی هاوسنوری لە گەڵ ئێران ولە لایەکی دیکەوە بە بۆنەی دانوستاندن و دیالۆگ بۆچارەسەری بەرنامەی ناوەکی لە گەڵ ئیران کەوتۆتە سات وسەودای بە رێژەی ١٠ میلیارد دۆلاری لە گەڵ ئەو وڵاتە وهەوڵیش دەدا کە ئەو رێژەیە هەتا ٥ ساڵی داهاتوو بگاتە ٣٠ میلیارد دۆلارخۆی جێگای پرسیارە؟

پرسیارێکی گرینگ کە لێرە دا دروست دەبێ ئەوەیە کە ئایا ئەوسیاسەتەی تورکیە پێ شێل کردنی ئاشکرای بڕیارنامەکانی شورای ئەمنیەت لە مەڕتەحریمی ئێران نیە؟ هەرچەند وەزیری دەولەتی تورکیە ئاماژە بەوە دەکا کە "هیچکام لە بانک وشێرکەتە تیجاریەکانی تورکیە دژی بڕیارەکانی شورای ئەمنیەت ناجولێنەوە". بەپێێ راپۆرتێکی ئەمنیەتی کە لە لایەن دیپلۆماتە رۆژئاوایەکانەوە درابووبە هەواڵنێری رۆیتێرز، باس لەوە کراوە کە پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی ومالی تورکیە وئێران رێگایەکی باشە کە ئێران بتوانێ لە گەڵ ئوروپا تەماسی هەبێ. بانکەکان ودامەزراوەکانی ئێرانی لە رێگای بانکەکانی تورکیەوە ئەرزدەگۆڕنەوە و بەم شێوەیە دەستیان بە تۆری ماڵی وبانکی ئوروپا ڕادەگا.

بەڵام بۆچی تورکیە کەوتۆتە دژایەتی جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی شورای ئەمنیەت لە مەڕ تەحریم کردنی ئێران

وجۆرێک دم خوارکردنەوە لە ورێکخراوەیە ولە ئامریکا وئەوهۆکارانە ی کە لەو پەیوەندیەدا دەور دەگێرن دەبێ چن بن؟ بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو باسە، دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵ بکرێ.

*یەکەم:* دوای ئەوەی تورکیە وبرێزیل وەکوو دووئەندامی غەیری فەرمی شورای ئەمنیەت کەوتنە دانوستان و دیالۆگ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی وبە قەولی خۆیان قەناعەتیان بە رێژیمی ئاخوندەکان هێنابوو کە گۆرینەوەی ئۆرانیۆم بە رێژەی ٢٠ دەرسەد لە دەرەوەی سنورەکانی قبوڵ بکا وگۆیا ئێرانیش ئەو داوایەی قبوڵ کردبوو،ئەوهەوڵە لە لایەن ئامریکا وهاوپەیمانانی بە هند وەرنەگیراو وڕەد کرایەوە وئاکامەکەشی بوو بە هۆی جۆرێک تورەیی تورکەکان لە ئامریکا کە تورکەکانی لەو هەوڵە دیپلۆماتیکە دا ناهومێد کرد بوو، ئەوەش بووبە هۆی ئەوەی کە تورکەکان بۆ نیشاندانی توورەیی ونارەزایەتی خۆیان وێرای برێزیل دەنگی نەرێنیان لە دژی چوارەمین بڕیارنامەی شورای ئەمنیەت کە دژ بە ئێران پەسەند کرا بەکارهێنا.

*دووهەم:* ئەو داهاتە زۆرەی کە لە پەیوەندی بازرگانی وئابوری لە گەڵ ئێران بە نەسیب تورکیە دەبێ، بۆ وێنە ئێستا باس لە ١٠ میلیارد دۆلاردەکرێ ولە ساڵێ ٢٠٠٨ دا ئەو رێژەیە ١٥ میلیارد بووە کە ئەوە خۆی بۆ بە هێزکردنی ئابوری تورکیە یەکجارگرینگ وحەیاتیە.

*سێهەم:* ناهومێد بوونی تورکیە بە وەرنەگیران بە ئەندامی یەکێتی ئوروپا دوای چەندین ساڵ دانوستاندن و دیالۆگ ودژایەتی بەردەوامی ولاتانی فەرانسە وئالمان وەکوو دووئەندامی بە هێزی سیاسی وئابوری یەکێتی ئوروپا.

*چوارەم:* لێک هەڵبەزینەوەی ئەردوگان وشیمۆن پرێزسەرۆک کۆماری ئیسرائیل لە بەرچاوی کامێراکان لە کۆبونەوەیەکی ئابوری جیهانی کە لە سویس بەستراو وجێهێشتنی کۆبونەوەکە لە لایەن ئەردۆگانەوە. کوشتنی ٩ شارومەندی تورکیە بە دەستی سەربازانی ئیسرائیل کە بە تەمای بردنی پاپۆرێکی خواردەمەنی بوون بۆ نەواری غەززە. ڕەد کردنەوە داوای تورکیە بۆ لێکۆلینەوەیەکی نێونەتەوەیی لە سەرئەو ڕووداوە ودژایەتی کردنی بە ئاشکاری ئەو داوایە لە لایەن ئامریکا وئیسرائیلەوە ،هیندەی دیکە دەوڵەتی تورکیە ی توورەتر کرد وبەوەش پەیوەندی گەرمی سیاسی ودیپلۆماتیکی نێوان تورکیە وئیسرائیلی تووشی ساردێکی زۆرکردووە.

*پێنجەم:* هەوڵ دانی تورکیە بۆ بوون بە زل هێزێکی ناوچە وخۆهەڵقوتاندنی لە کێشەی ئەتۆمی ئێران و کێشەی ئیسرائیل وفەلەستین،بۆ ئەومەبەستەش تورکیە دەیهەوێ دڵی دونیای موسولمان بە تایبەت عەرەبەکان کە بە هۆی پەیوەندیە سیاسی وسەربازیەکەی لە گەڵ ئیسرائیل لێی عاجز ببوون ودەست بهێنێتەوە وخۆی وەکوو ولاتێکی موسولمانی سوننی لە ناوچە دا بە پێناسەیەکی بە قەولی خۆیان ئیسلامی ـ دێموکراتیک بخاتە ڕوو.

*شەشەم:* کێشەی سیاسی کورد لە باکوری کوردستانە کە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ دەوڵەتی ئەردوگانیش جگە لە کۆمەڵێک قسەی بێ مانا وبێ کردەوە بە فەرمی هەنگاوێکی بۆ چارەسەری هەڵنەهێناوەتەوەوتەنانەت لە دواین ڕێفراندۆم کە لە تورکیە لە سەرقانونی ئەساسی ئەو وڵاتە وەرێ خرا،نەک هیچی بۆ کوردەکان تیدا نەبوو،بەڵکوو دوای ئاشکرابوونی ئاکامی دەنگ دانەکەش ئەردوگان دەستی بە هەڕەشە وگوڕەشە لە کوردەکانی باکورکردەوە. تورکیە بۆسەرکوت هەرچی زیاتری کوردەکانی باکور پەیمانی نیزامی لە گەڵ ئێران بەستووە وهەردووک لا تاکووئێستا بە دەیان کەس لە چالاکوانانی سیاسی باکوروڕۆژهەلاتی کوردستانیان تەحویل بە یەکترداوەتەوە. ڕاکێش کردنی ئێران بۆهاوکاری ئەنجامدانی عەمەلیاتی سەربازی هەم لە دژی گریلاکانی PKK وهەمیش لە دژی گوندە سەرسنوریەکانی باشوری کوردستان وئاژاوە نانەوە و بەربەست دروست کردنی تورکەکان لە مەڕجێ بە جێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ سیاسەتێکی دیکەی تورکیەیە کە بەردەوام هاوڕا لە گەڵ ئێران بۆ نائارام کردنی عێراق وهەرێمی کوردستان بەڕێوەیان بردووە.

لە کۆتایی دا دەکرێ بکوترێ کە دوای کشانەوەی ٩٠ هەزارکەس لە سەربازە شەڕکەرەکانی ئامریکا لە عێراق وناسەقامگیری سیاسی ئەو وڵاتە ورێک نەکەوتنی لایەنە سیاسیەکانی عێراقی بە عەرەب وکوردەوە لە سەرپێکهاتەی داهاتووی دەولەتی عێراق، دەرفەتێکی باشی سیاسی بۆتورکیە ڕەخساوە تاکوو بتوانێ بە ئامانجە سیاسی وئابوریەکانی خۆی بگا .

لە لایەک بە داواکردن لە ئامریکا بۆ ئەوەی ماددەی ١٤٠ پشت گوێ بخا وکوردەکان تووشی ناهومیدی بکا و لە لایەکی دیکەشەوە بە سات وسەودای بازرگانی وئابوری زۆرکەلان لە گەل ئێران ئەو پەیامە بە ئامریکا و هاوپەیمانانی بدا کە ئەوان ناتوانن بەرژەوەندیەکانی ناوچەیی و جیهانی تورکیە لە بەرچاو نەگرن وتورکیەش دەتوانێ بە سات وسەوادی بازرگانی چەند میلیارد دۆلاری لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دژایەتی کاریگەربوونی تەحریمەکانی داسەپاو لە لایەن شورای ئەمنیەت وئامریکا و یەکێتی ئوروپاوە بکا.

٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

## کۆماری ئیسلامی ئێران و مافی گەلی فەلەستین؟

ئەم سالیش دەوڵەتی کودتایی بە رێبەری عەلی خامنەیی و بە سەرۆک کۆماری مەحمودی ئەحمەدی نژاد وەکوو سالانی پێشوو خۆپێشاندانی بە قەولی خۆیان میلیۆنیان لە تاران وشارەکانی دیکەی ئێران وەرێ خست وئامانجی ئەم خۆپێشاندانەش بە قەولی خۆیان بۆ "پشتیوانی لە گەلی مەزلومی فەلەستین و مەحکوم کردنی حکومەتی داگیرکەری سەهیۆنیستی ئیسرائیل" بووە. کۆماری ئیسلامی ماوەی سێ دەهەیە لە ئاخرین حەوتوی مانگی رەمەزان دا کە بە ناوی حەوتووی " قدس" دیاری کردووە کۆمەلێک بەرنامەی جیاواز بەرێوە دەبن و لە ماوەی ئەو حەوتوویە دا هەموو دام و دەزگاکانی راگەیاندنی رێژیم کاریان دەبێتە پرۆپاگەندە لە دژی ئیسرائیل وفرمێسکی حەرام ڕشتن بۆ گەلی بێ بەشی فەلەستین. پرسیارێکی گرینگ لەوپەیوەندەیە دا ئەوەیە کە دەوڵەتی شیعەی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە توندی دژایەتی مافەکانی موسولمانە سوننیەکانی ئێران دەکا و بە ئاشکرا مافەکانیان پێشێل دەکا،چۆن دەتوانێ لاینگری لە مافی فەلەستینیە سوننیەکان بکا؟

ئەگەر ئاخوندە شیعە دەسەلاتدارەکانی ئێران موسولمانانی سوننی یان بە موسولمان زانیبا وریزیان لە مەزهەبی ئەوان گرتبا، دەبا لەپلەی یەکەم دا ئاوریان لە موسولمانە سوننی مەزهەبیەکانی ئێران کە بەشێکی بەرچاو لە کورد، لۆر، بەلوچ، عەرەب و تورکەمەن پێک دەهێنن دابایەوە و رێزیان لە مافەکانی ئەوان گرتبا، نەک ئەوەیکە دەستیان کردبا بە تێکدانی مەزگەوت و ناوەندە مەزهەبیەکانی سوننیەکان و گرتن و ڕاودونان وزیندانی کردن و تیرۆری کەسایەتی و جەستەیی رێبەرەکانیان.

لە راستیدا کۆماری ئیسلامی دڵسۆز و غەم خۆری فەلەستینیە سوننیەکان نیە وبە پێچەوانەوە هەرلە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە کاری بۆتە بەرێوە بردنی سیاسەتی ئاژاوەنانەوە لە نێوان دوو لایەنی سەرەکی فەلەستینی کە یەکیان،رێکخراوی ئازادی خوازی فەلەستین بە سەرۆکایەتی مەحمود عەباس سەرۆکی حکومەتی خودگەردانی فەلەستینە کە بە فەرمی دانی بە بوونی ئیسرائیل ناوە وسیاسەتی دیالۆگ و دانوستاندنی گرتۆتە پێش بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی فەلەستین وئەویتریان رێکخراوی توند ئاژۆی حەماسە کە خوازیاری لە ناو چوونی دەوڵەتی جولەکەیە.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دا، چ ئەو کاتەی کە دانوستاندنەکانی فەلەستینیەکان بە سەرۆکایەتی کۆچ کردوو یاسرعەرەفات دەستی پێکردبوو، چ دوای ئەویش کە بە سەرۆکایەتی مەحمود عەباس درێژەی هەبووە، کۆماری ئیسلامی بە هەموو تواناوە لە ڕێگای حەماس وحیزبوڵای لوبنان وجیهادی ئیسلامی فەلەستین هەوڵی تێکدان ولەبار بردنی دانوستاندەنەکانی داوە وبە داخەوە تارادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە وئەوەی لەو نێوە دا زەرەرمەندو ماڵ وێران بووە گەلی بێ تاوان و بێ مافی فەلەستین بووە وهەرچەند لە لایەنی ئیسرائیلیش بە سەدان کەس کوژراون و ئەو شەڕە ماڵ ویران کەرە بۆتە هۆی ئەوە کە ڕێکەوتن و گەیشتن بە ئاشتی و چارەسەری یەکجاری کێشەی فەلەستین هەروا بە هەڵاوەسراوەیی بمێنێتەوە.

لە ڕۆژی هەینی ڕابردوو ولە نەمایشی بە ناو "ڕێپێوانی ڕۆژی قدس" کە لە ژێر تەوژمی زەبروزەنگ و داپلۆسینی زیاتری نەیارانی کۆماری ئیسلامی بەرێوە چوو، دووبارە سەرۆکۆماری داسەپاوی دەوڵەتی کودتا مەحمودی ئەحمەدی نژاد هاتە قسە وزۆر بێشەرمانە هەڵی کوتایە سەرلایەنی حوکومەتی فەلەستین کە ماوەی چەند ڕۆژە لە ژێر چاوەدیری وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دانوستاندنی بۆ گەیشتن بە ئاشتیان لە واشنگتۆن دەست پێ کردۆتەوە ولە قسەکانی دا دەڵێ " ئێوە حەقتان نیە لە مەڕ چارەنووسی گەلی فەلەستین کە چارەنووسی ئیسلام و گەلانی ناوچە و بە واتایەکی دیکە چارەنووسی هەموو بەشەریەتە لە گەڵ دوژمنان بکەونە دیالۆگ ودانوساندن".

هەر لەوپەیوەندیە دا عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ڕێژیم بە ڕەخنە گرتن لە وتوێژەکانی ئاشتی نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل دا دەڵێ" ئەو جۆرە دانوستاندنانە قێزەونترین جۆری دانوستاندنە و وەکوو نەمایشێک دەچوو کە چەند کەسێک بچنە پشتی میکرۆفۆن و بۆ وێنە بۆ موسولمانەکان کارێک بکەن". ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا هێرشی کردە سەر سەرۆک باراک ئۆباما وکوتی کە" ئاغای ئۆباما بە جێگای ئەو شانۆگەریە دەبێ وڵام بداتەوە کە هێزەکانی ئامریکایی کە زیاتر لە حەوت ساڵە لە عێراقن لەوماوەی دا چیان کردووە؟ ئەو دەبێ وڵام بداتەوە کە لە ئەفغانستان چیان بە سەرخەڵکی ئەو وڵاتە هێناوە، ئایا ئاسایشیان هێناوە یان ماددە سڕکەرەکانیان کۆ کردۆتەوە؟".

ئەوەی ڕوون وئاشکرایە کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک ناخوازێ کە فەلەستینیەکان و ئیسرائیلییەکان لە ڕێگای دانوستاندن بگەن بە ئاشتی و ئاسایش وکێشەی زیاتر لە نیو سەدەی فەلەستینیەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتی

سەربەخۆی فەلەستینی لە پەنا دەوڵەتی ئیسرائیل کۆتایی پێ بێ و بۆیە بۆ ئەو مەبەستە بە هەموو توانایەوە و هەر لە یەکەم رۆژی دەست پێکردنەوەی دانوستاندنەکانەوە و لە ڕێگای حەماسەوە و بە هێرش کردن بۆ سەر شارومەندانی ئیسرائیلی هەوڵی لە باربردنی کۆبونەوەکانی ئاشتی واشنگتۆن کە بە چاوەدێری ئامریکا و میسر و ئوردۆن بەرێوە دەچن داوە. کۆماری ئیسلامی ئێران کە بە هۆی بوحرانەکانی ناوخۆی وڵات و نارەزایەتی میلیۆنی گەلانی ئێران لەو رێژیمە لە لایەک وبوحرانی کێشەی ئەتۆمی لە لایەکی دیکەوە لە گەڵ دونیای دەرەوە تووشی قەیرانی زۆر گەورە ی ئابوری وسیاسی بووتەوە وتا رادەیەکی یەکجار زۆر لە دونیا دا تەریک کەوتۆتەوە ،هەوڵ دەدا بە کەڵک وەرگرتن لە کێشەی سیاسی نێوان فەلەستینیەکان وئیسرائیلیەکان و بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان لایەنەکانی فەلەستینی، خۆی وەکوو نوێنەری دونیای موسولمان نیشان بدا و ئیدعای ئەوە بکا کە گۆیا ئەو دانوستاندنانە لە دژی بەرژەوەندی جیهانی ئیسلامن و ئەوە تەنیا کۆماری ئیسلامیە کە پارێزەری بەرژەوەندی خەڵکانی موسولمان و یەک لەوان فەلەستینیەکانە وتەنیا بە لە ناو چونی دەوڵەتی یەهودە کە هەموو دونیا ڕزگاردەبێ.

راستیەکی حاشا هەڵنەگر کە دەوڵەتانی رۆژئاوایی بە سەرۆکایەتی ئامریکا پێویستە لە بەرچاوی بگرن و وەکوو ئەسلێک قبوڵی بکەن ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئاستەنگی سەرەکیە لە مەڕ ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و هەڕەشەیەکی گەورەشە بۆ سەرئاشتی جیهانی و ئەگەر دەستی بە چەکی ناوەکیش ڕابگا ئەوە ئیدی دەبێ بۆ هەمیشە فاتیحای ئاشتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بخوێندرێ و بۆیە هەوڵ دان بۆ نەمان و لە ناوچونی ئەو رێژیمە دژی ئاسایش و ئاشتیە، هەم لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچە و یەک لەوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان دایە و هەمیش لە بەرژەوەندی ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی دا.

٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

# کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەتی نژاد پەرەستی

یەکێک لە کۆمیتەکانی سەربەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان بە ناوی "کۆمیتەی نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی" کە پێکهاتوو لە ١٨ کارناسە، لە راپۆرتێک دا کە رۆژی هەینی رابردوو بڵاوی کردەوە نیگەرانی خۆی لە مەڕهەڵاواردنی ڕەگەزی "قەومی ومەزهەبیەکان" لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەربڕیەوە و داوای لە دەسەڵاتدارانی ئەورێژیمە کردووە کە هەوڵی زیاتربدەن بۆ پاراستنی مافی کەمایەتیەکانی نیشتەجێ لە ئێران. لە بەشێک لەو راپۆرتەدا هاتووە کە " سەرەرای سەرژمێری سەراسەری لە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، رێژەی حەشیمەتی کەمایەتیە قەومیەکان لە دەست دا نیە وئەوە لە کاتێکدایە کە ئامادە بوون و بەشداری ئەو کەمایەتیانە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا زۆر کەمترە لەوەی کە چاوەروان دەکرێ."

لە بەشێکی دیکە ئەو راپۆرتە هاتووە کە "ئەو کۆمیتەیە هەروەها نیگەرانی خۆی لە مەڕبوونی مافی کەمتری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی عەرەبەکان، ئازەریەکان و کوردەکان و گروپگەلێکی دیکەی کە شارومەندی ئێران نین دەربڕیوە."

لە درێژەی ئەو راپۆرتە دا هەروەها ئاماژە بە بێ بەشی" کە مایەتیەکانی قەومی ئێرانی وەکووعەرب، ئازەری، بەلوچ و کورد و کەمایەتیە مەزهەبیەکان لە ئیمکاناتی شوغڵی،سەرپەنا، پەروەردە وتەندروستی کراوە". ئەو کۆمیتەیە داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکا کە وێرای دژایەتی لیبڕاوانە لە گەڵ هەڵاواردنی قەومی و نژادی و هەڵاواردنی بەردەوامی ژنان و کەمەیاتیەکان، پێشگیریش لە هەڵس و کەوت و قسەی کاربەدەستانی فەرمی ئێران بگرێ کە دەبێتە هۆی تەحریک کردن لە کۆمەڵگادا". ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە لە مەڕمافی ژنان لە کۆماری ئیسلامی دا دەڵێن، هەرچەند ئێمە لە هەوڵ دانی کاربەدەستانی رێژیم بۆ رەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداری پێ کردنی ژنان پێشوازی دەکەین، بەڵام لە هەمانکاتدا نیگەرانی خۆمان لە مەڕ پێشێڵ کردنی مافی ژنانی سەربە کەمایەتیە جیاوازەکان دەردەبڕین". ئەوکۆمیتەیە لە کۆتایی راپۆرتەکەی دا داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکا کە بە ڕەچاوکردنی هەنگاوی پێویست بۆ چاک کردنی وەزعەکە هەوڵ بدا و راپۆرتی خۆی تاکوو ساڵی ٢٠١٣ بداتەوە بەو کۆمیتەیە.

دەرچوونی بڕیارنامەیەکی لەو چەشنە لە دوای ٣١ ساڵ دەسەڵاتی ڕەگەزپەرەستی سیاسی و ئاینی ئاخوندە شیعەکانی حاکم بە سەرئێراندا لە لایەن کۆمیتەی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان گەلێک واتاو گرینگی خۆی هەیە کە بۆ کورد ونەتەوەکانی بێ بەشی ئێران دەکرێ جێگای هۆمێد و هیوا بێ کە بتوانن سەرانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەو هەمووە تاوانانەی کە دەرحەق بە گەلانی بن دەستی ئێران کردوویانە بکێشنە دادگایەکی عەلەنی وعادڵانە، تاکووبە سزای تاوانەکانیان بگەن وخوێنی هەزاران کەسی بێ تاوان بە فیرۆنەچێ.

لە پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ودەسەڵاتی ڕەگەز پەرەستانەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣١ ساڵی رابردوودا کۆمەڵێک بەڵگەی حاشا هەڵنەگرهەن کە کورد دەتوانێ لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ مەحکوم کردنی ئەورێژیمە بەرەوڕوو کۆمیتەی هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕێکخراویی نەتەوە یەکگرتۆکانی بکاتەوە کە دەکرێ لە خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەم.

دەرچونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، داسەپاندنی شەڕێ خوێناوی بە سەرکوردستان وئێعدام وقەتلەعامی زیندانیانی کورد و کوشتاری بە کۆمەلی سەدان کەس لە خەڵکی شارو گۆندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی پاسدارانی جەهل و نەزانیەوە. بە پادگانی کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانانی هەزاران پێگەی سەربازی بۆ سەرکوت و قەتەلە عامی ئەو گەلە بێ بەشە کە تاکوو ئێستا بە پێێ راپۆرتەکان زیاترلە ٥٠ هەزارکەس لە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی چەکدارانی کۆماری ئیسلامی شەهید کراون.

وەرێ خستنی شەڕی ناسراو بە ژێنۆسایدی سپی وموعتاد کردنی بەسەدان گەنجی کورد بە پێێ سیاسەتە ڕەگەزپەرەستانەکەی کۆماری ئیسلامی لە ناو زیندانەکان ودەرەوەی زیندان، بەتایبەت لە ناو چینی لاواندا. ڕێگە نەدان بە خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و داخستنی دەیان گۆڤارو بڵاو کراوەی کوردی و زیندان کردنی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی و ڕۆژنامەوانی و دەرچوونی حوکمی درێژخایەنی زیندان بۆ ئەو چالاکوانانە و ئیعدام کردنی بەرچاوی کۆمەلێک لە لاوانی کورد تەنیا بە تاوانی کورد بوون و لە چاوەڕۆانی راگرتنی ٢٠ کەسی دیکە لە بەندیە کوردیەکان لە زیندانەکانی ڕێژیم بۆ جێ بە جێ کردنی حوکمی ئێعدام. بێ بەش کردنی کوردستان لە پرۆژە ئابوری و سەنعەتیەکان و چونە سەری ڕێژەی زۆری بێکاری لە پارێزگاکانی کوردستان و هەوڵ نەدانی ڕێژیم بۆ چارەسەری کێشەی بێکاری لاوان و پەرەپێدانی سیاسەتی دژی ژن و هەڵاواردنی ڕەگەزی لە کوردستان لە لایەن

دام و دەزگا و سیخورەکانی سەر بەرێژێم و هەوڵ دان بۆبە چەکدارکردنی گەنجانی کورد و هاندانیان بۆچوونە نێو ریزەکانی بەسیج. بەرێوە بردنی سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن و تیرۆر کردنی رێبەرانی کورد لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران و کەسایەتیە ئاینیەکان کورد لە ناو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان و کوشتنی رۆژانەی کاسبکارانی کورد لە نێوان سنورەکانی باشور و رۆژهەلاتی کوردستان بە دەستی چەکدارەکانی رێژیم و لەو دوایانەش دا دەست بە سوتاندنی جەنگەڵ و دارستان و لێرەوارەکانی کوردستان بە دەستی ئانقەست و بە فیتی سپای پاسدارانی رێژیمی ئاخوندەکانی حاکم بە سەر ئێراندا .

ڕیژەی ئەوهەمووە تاوانانەی کە رێژیمی ڕەگەز پەرەستی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٣١ ساڵە دا کردویەتی ئەوندە زۆرو گەورەن کە دەتوانرێ بۆ هەرکام لە دەسەلاتداران و کاربەدەستانی داسەپاوی رێژیم لە کوردستان پەروەندەیەکی پڕ لە تاوان پێک بهێنرێ تاکوو دوای نەمانی کۆماری ئیسلامی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی بە هەزاران کورد هەروا بە فیرۆنەڕوا و تاوانباران و ئینسان کوژەکان بە سزای کردەوەکانیان بگەن.

٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٠

## هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئامریکا و ئیسرائیل

لە دوای سپاندنی دەوری چوارەمی گەمارۆکان لە لایەن شۆرای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکانەوە بۆ سەر ئێران وداسەپاندنی گەمارۆکانی یەک لایەنەی ئامریکا ویەکێتی ئوروپا و چەند وڵاتی دیکە وسوور بوونی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ درێژە دان بە بەرنامە ناوەکیەکەی وپیتاندنی ئۆرانیۆمی بە رێژەی ٢٠ دەرسەد، ئەگەری وەشاندنی گورزی سەربازی لە بنکە ناوەکیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆتە بابەتی رۆژنامەکانی جیهان و کارناسان وچاوەدێرانی سیاسی لێکدانەوەی جیاوازیان لەو بارەوە هەیە وهیندێک ڕایان وایە کە ئیسرائیل دەبێ دەست پێشخەری بکا و هێرش بکاتە سەر بنکە ناوەکیەکانی ئێران وپێشی دەست پێ راگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوەکی بگرن.

هەرلەوپەیوەندیە دا نوێنەری پێشووی ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان جان بولتۆن دەڵێ کە" ئیسرائیل تەنیا هەشت ڕۆژ دەرفەتی لە بەرماوە تاکوو وەکار کەوتنی یەکەمین بنکە ناوەکی ئێران لە بوشێر ودەبێ پێش دەستی بکا و هێرش بکاتە سەربنکە ناوەکیەکانی ئێران". پێشتریش دەریادارمایک مالن، سەرۆکی ستادی هێزەکانی ئامریکا وەکوو یەکێک لە پایەبەرزترین کاربەدستانی ئەو وڵاتە باسی لە بوونی پلانێکی نیزامی هێزەکانی ئامریکا کردبوو کە لە کاتی پێویست دا لە دژی ئێران جێ بە جێی دەکرێ.

کۆماری ئیسلامی دوای بڵاو بونەوەی وتەکانی ژێنێرالی ئامریکایی تووشی ترس بووە وبۆیەو مەبەستە لە ڕێگای نوێنەری خۆیەوە لە نیۆیۆرک نامەیەکی سکاڵای لە دژی ئامریکا ئاراستەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان، سەرۆکی شورای ئەمنیەت و کۆری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان کردوە و تێدا باسی ئەوەی کردووە کە "گۆیا ئیدعای کاربەدەستانی ئامریکایی لە مەڕ تاوانبار کردنی کۆماری ئیسلامی بە دروست کردنی چەکی ناوەکی درۆیە وئەوان بەو بەهانەوە دەیانهەوێ هێرش بۆ سەر ئێران بکەن". دوا بە دوای سکاڵانامەکەی کۆماری ئیسلامی لە ئامریکا، خامنەیش لە دژکردەوەیەک دا باسی لەوەی کرد کە "لە کاتی هەرجۆرە هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران، دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی بە دوادا دەبێ وئەو هێرشانە لە سنورەکانی ئێران تێپەر دەبن". سەرۆک کۆماری دەولەتی کودتاش هوشداری ئەوەی بە ئامریکا وئیسرائیل دا کە " ئەگەربێتوو ئێران بکەوێتە بەر هێرشی ئیسرائیل یان ئامریکا، ئەو دەم دژکردەوەی تاران هەموو جیهان دەگرێتەوە". دیارە پێشتریش سپای پاسدارانی ڕێژیمی مەلاکان لە ڕاگەیەندراوێک دا باسی ئەوەی کردبوو کە" ئەگەر ئێران پەلاماربدرێ، ئەوان لە تەواوی هێزوتوانای خۆیان کە لە جیهانی ئیسلام دا هەیانە کەلک وەردەگرن و بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا لە هەرشوێنێکی دونیا کە مەیلیان بێ دەکەنە ئامانج و لە شەرێکی چارەنووس سازدا دوژمنەکانیان تووشی شکست دەکەن".

ئەو هەڕەشەی سپای پاسداران بە مانای کردەوەی تێرۆریستی لە لایەن گروپە تێرۆریستەکانی سەر بەکۆماری ئیسلامی دەگەینێ کە تاکوو ئێستا لە وڵاتانی جیاوازی دونیا دا خەڵکی بێ تاوانیان کردۆتە ئامانجی کردەوە تێرۆریستەکانی خۆیان و لە ماوەش دا دیومانە کە حیزبوڵڵای لوبنان چۆن هەڕەشەی کردەوەی تێرۆریستی و تۆڵە ئەستاندنەوە دەکا لە ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئاغاکانیان لە ئێران.
کۆماری ئیسلامی لە تازەترین دژکردەوەی خۆی لە مەڕ ئەگەری هێرشی نیزامی لە لایەن ئامریکاو ئیسرائیل ڕۆژی هەینی ڕابردوو دەستی دایە تاقی کردنەوەی موشەکێکی نوێ و وەزیری بەرگری ڕێژیم باسی لە تاقی کردنەوەی

سەرکەوتوانەی موشەکێکی زەوی بە زەوی بە ناوی "قیام ١" کە لە لایەن سپای پاسدارانەوە ئەنجام دراوە کرد. دژکردەوەیەکی دیکەی کۆماری ئیسلامی خستنە بواری جێ بە جێ کردنی راکتۆری ئەتۆمی بوشێر بوو کە دوای ٣٥ ساڵ لە لایەن کارناسانی روسیەوە شەممەی رابردوو کەوتە کار. ئەو کردەوەی رێژیم کاردانەوەی گەورە هەبووە لە ناو رۆژنامەکانی ناوخۆی ئێران و جیهان دا و کۆماری ئیسلامی وەکوو سەرکەوتنێکی زانستی و دەسکەوتێکی گەورە بۆ گەلی ئێرانی دەزانێ. لەو پەیوەندیە دا هەلوێستی ئامریکا و هاوپەیمانانی خاڵی لە نیگەرانی نەبووە و هەرچەند سیاسەتوانان و کارناسانی روسی هەوڵیان داوە کە نیگەرانیەکانی رۆژئاوا بە تایبەت ئامریکا کەم بکەنەوە ولەو پەیوەندیەدا دەڵێن کە ئەو راکتۆرە تەنیا بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بەکاردەبرێ و سوتەمەنیەکەشی لە لایەن روسیەوە دابین دەکرێ و پاشماوەکانیشی هەر دەگوازرێتەوە بۆ روسیە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ لە بەرنامە ئەتۆمیەکانی دا کەڵکی لێ وەربگرێ.

ئایا بەراستی وەکار کەوتنی راکتۆری ئەتۆمی بوشێرو دابین کردنی سوتەمەنی ئەو راکتۆرە لە لایەن روسیەوە و بەرهەم هێنانی وزەی سێ هەزرا کیلۆواتی کارەبا لەو ناوەندە ئەتۆمیەدا، کۆماری ئیسلامی لە بەرنامە ئەتۆمیەکانی کە بەردەوام ئیدعای ئاشتی خوازانە بوونیان بۆ دەکا پاشگەز دەکاتەوە وئایا ئاخوندە دەغەڵ کارەکان ئامادە دەبن بە بێ فرت و فێل بۆ چارەسەی و ڕەواندنەوەی گومانی ئامریکا و هاوپەیمانانی بکەونە وتوێژی جیدیەوە و کۆتایی بە وکێشە گەورەیە بێنن؟ ئەگەر بێتوو کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێ لە سەر بەرنامە ئەتۆمیەکانی، تۆ بلێێ بکەوێتە بەر هێرشی نیزامی ئیسرائیل و ئامریکا؟ ئایا بەراستی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی لە لایەن کۆماری ئیسلامی هەر تەنیا هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسرائیل لە پلەی یەکەم دا وەکوو وڵاتێکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و هاوپەیمانی سەرەکی ئامریکا؟

ئایا دەست پێ راگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوەکی نابێتە هۆی هەڕەشەش بۆ سەرجەم بەرژەوەندیەکانی ولاتانی ئوروپایش و ئایا ئەوان هەست بەو مەترسیە ناکەن کە ئیسرائیل و ئامریکا دەیکەن؟ ئایا لە ئەگەری دەست پێ ڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوەکی هەڵوێستی روسیە وچین دەبێ چ بێ، یانی ئەوکات کۆماری ئیسلامی بەرژەوندیەکانی ئەوان ناخاتە مەترسیەوە و ئەو سێ وڵاتە دەتوانن بەرووی ئامریکا و رۆژئاوا ببنەوە؟ ئەمرۆ ئێران گەورەترین بازاری کالاکانی چینیە کە واخەرێکە دەبێتە دووهەم ئابوری دونیا لە دوای ئامریکا و خەریکە جێ بە ژاپۆن لەق دەکا وئایا لە ئەگەری هێرشی سەربازی ئیسرائیل و ئامریکا بۆ سەر ئێران چین و

روسیەش بێ دەنگ دەبن و بە بێ هیچ دەسکەوتێک ئامادە دەبن ئەو بازارە چەورەی ئێران لە کیس خۆیان بدەن؟ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەت بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی بۆ ئامریکاش بێ دەسکەوت نەبووە و ئەوەتا دەبینین کە عەرەبستانی سعودی گرێ بەستێکی ٦٠ ملیارد دۆلاری بۆ کرینی چەک لە گەڵ ئامریکا ئیمزا کردووە ولە راستیدا بە کرینی چەک و چۆلێ تازە دەیهەوێ خۆی لە بەرامبەر هەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی شێعەوە بپارێزێ و هەروەکوو چۆن ئیسرائیلیش کەوتۆتە کرینی ژمارەیەکی زۆر فرۆکەی جەنگی نوێ لە ئامریکا بۆ بەرگری لە هەڕەشەکانی ئێران و تەنانەت وڵاتانی عەرەبی و گروپە توندرەوە ئیسلامیەکان. بوونی بەرژەوەندی زۆر گەورەی ئابوری و سیاسی و سەربازیش بۆ کۆنترۆلی رۆژهەلاتی ناوەراست لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکە دا لە لایەک و بەرگری کردن و دژکردەوەی روسیە و چینیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکان لە هەمبەر ئامریکا و هاوپەیمانانی لە لایەکی دیکەوە گرژی وئالۆزی زیاتری خستۆتە ناوچەکەوە و لە ئەگەری تێوە گلانی ئامریکا و ئیسرائیل لە شەرێک لە دژی ئێران ناوچەکە بەرەو گرژی زیاتری نێوان زل هێزەکان دەبا ولەو نێوەش دا گروپە توندرەوە ئیسلامیەکان لە جیهانی موسولماندا، ئەگەر تاکتیکیش بووبێ راشکاوانە دەکەونە بەرەی ئێرانەوە، بە تایبەت گروپ گەلی وەکوو حیزبوڵلای لوبنان و حەماس و تالەبان کە بەرژەوەندیەکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە دابین دەکرێ .

٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٠

---

## راهێنانی گەنجانی موسولمان بۆدژایەتی کردنی فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی

بە پێێ هەواڵی رۆژنامەی فەرانسەوی زمانی "Le Figaro " لە وڵاتی بریتانیا کەمپێکی هاوینی لە شوێنی حاوانەوی زانکۆی "وارویک" بۆگەنجانی موسولمان کراوەتەوە کە ئامانجی راهێنان و فێرکردنی ئەو گەنجانەیە بۆ دژایەتی کردنی ئیسلامی رادیکاڵ.

بۆ ماوەی سێ رۆژان نزیک بە ١٣٠٠ گەنجی موسولمان، کچ و کوڕ لە بریتانیا، لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا

و کانادا لە نزیک شاری"بیرمینگهام" لە ناو یەکێک لە لۆکاڵەکانی زانکۆی "وارویک" لە دەوری یەکتر کۆبونەتەوە لە مەڕ باس کردن و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ زاڵ بوون بە سەر ئیسلامی رادیکاڵ، بە تایبەت لە ناو مەدرەسەکان و زانستگاکاندا. میدیاکانی بریتانیا بە ناوزەد کردنی ئەو کەمپە بە ناو" کەمپی هاوینی دژی تێرۆریسم" باس لە بەرێوە چوونی کۆنفرانس و دیالۆگی زیندوو دەکەن کە لە دەوری بابەتێکی سەرەکی دەخولێتەوە، ئەویش، "چۆن لە گەڵ دیاردەی ئیسلامی رادیکاڵ بەرەو رووببنەوە؟ "

لە نێوان بابەتە پێشنیارکراوەکان بۆ باس و دیالۆگ، بڕگەیەک لە قورعان وکۆکراوەیەک لە تێکستە ئاینیەکان دیاری کرابوون. داود قادری، کورێکی فرۆشیاری دانیشتووی مانچێستێردەڵێ: بەوشتانەی کە فێری بووین، هاتۆمە سەرئەو باوەرەی کە دەتوانین قەناعەت بە دۆستەکانمان و بە دراوسێکانمان وبە هاوکارەکانمان بێنین کە نەکەونە داوای تێرۆریستەکانەوە. من دەمهەوێ زیاترلە سەرئاینەکەم شارەزا بم تاکوو بزانم تێرۆریست بۆچی خراپە؟ مێدیاکان پێیان خۆشە کە تاوانی تێرۆریست بوون بخەنە پاڵ موسولمانەکان.

هەرلەوپەیوەندیە دا کچە گەنجێکی نۆزدە ساڵانە کە لە "ئۆلدهام" لە نزیک شاری "مانچێستێر" دەژی لەوبارەوە دەڵێ، زۆرخۆشحالم کە بەشداری ئەوکۆبونەوەم کرد بۆ دیفاع کردن لەو بیرورایە. دوکتور"محمد طاهرالقادری" زانایەکی ناسراوی موسولمان بە رەگەز پاکستانی دەست پێشخەری ئەو بیرۆکەیە کە هیچ پێشینەیەکی نیە لە ناوئەو وڵاتەدا. ناوبراولە مانگی مارس لە شاری لەندەن، لە فەتوایەکی ٦٠٠ لاپەڕی دا کە بڵاوی کردەوە تێرۆریستەکانی مەحکوم کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە کردەوە تێرۆریستەکان بە هیچ جۆرناتوانرێ پاساوی ئیسلامیان بۆ بهێنرێتەوە. دوکتورالقادری ڕای وایە کە بە "رێنوینی کردن ورێگای راست نیشان دان " لە ساڵی ٢٠١٠ دا، هەوڵ دەدا کە بە هەوڵەکانی بەربەست لە بەرەو پێش وەچوونی هێواشی "ئیدەئۆلۆژی واگیری ئیسلامی رادیکاڵ" دروست بکا .

ناوبراو دەڵێ کە " شەرێکی عەقلانی وروحی لە دژی رادیکالیزم وتێرۆریزم ڕادەگەیێنم. کاتی ئەوە هاتووە کە نوخبەکانی جیهانی موسولمان کە بڕوایان بە ئاشتی هەیە هەڵوێستی خۆیان بخەنە روو. دوکتورالقادری لە دەست پێکی کردنەوەی کۆبونەوەکە دا کوتی " لە سەرئەو باوەرەم کە ئەرکی پێ ئەسپێردراوی من ڕزگار کردنی چینی گەنجە بۆئەوەی لە داوای رادیکالیزم وهوروژمی کردەوە تێرۆریستیەکان لە رۆژئاوا نەکەون. القادری لە درێژەی

قسەکانی دا دەڵێ" ماشێنە بارهەڵگرەکانی دژی تیرۆریزم" ئاخندراو لە کتێب ودی وی دی بە هۆی کەسانی خۆبەختکەرەوە بەو زووانە هەموو بریتانیا دەتەنێتەوە ودەرگای ماڵ بە ماڵ دەکوتین بۆ روونکردنەوەی خەڵک وبۆ دژایەتی کردنی پیاوانی القاعیدە. شایانی باسە کە رێژەی خەڵکانی موسولمان لە بریتانیا دەگاتە نزیک بە میلیۆنێک وحەوسەدهەزارکەس، کە زۆربەیان پاکستانین.

لە دوای تەقینەوەکانی ساڵی ٢٠٠٥ لە لەندەن کە بووبە هۆی کوژرانی ٥٢ کەس ،حکومەتی بریتانیا کە بە حکومەتێکی ددان بە خۆداگرو سەبوورناسراوە هەوڵی داوە لە چەندین دەرفەتی جیاوازدا چەندین کەس لە توندرەوانی موسولمان لە پایەتەختی ئەووڵاتە دەربکا، ئەوە لە کاتێکدایە کە حکومەتی بریتانیا نەیتوانیوە ئیسباتی ئەوە بکا کە پەیوەندیکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەوموسولمانە توندرەوانە لە گەڵ گروپە تێرۆریستەکان دا هەیە.

سەرچاوەی وتار، رۆژنامەی فەرانسەوی **Le Figaro** ئامادە کردن ووەرگێرانی لە فەرانسەوی بۆ کوردی

٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٠

---

## چارەنووسی نادیاری سێ بارمتەی ئامریکایی لە ئێران

زیاتر لە ساڵێک لە مەوبەر سێ لاوی گەڕیدەی ئامریکایی دوو کوڕ و کچێک کە بۆ خۆشی و گوزەران و شاخەوانی هاتبونە باشوری کوردستان لە لایەن چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرسنوری رۆژهەڵات و باشوری کوردستان ڕفێندران و یەکسەر تاکوو تاران گیریان نەکردن و لە ماوەیە دا وەکوو بارمەتە لە زیندان دا ڕاگیراون. دەزگای بە ناو قەزایی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی قانونی لە دەست دابێ هەرسێ کەسیانی وەکوو سیخوری ئامریکا پێناسە کرد و تاوانی سیخوری و چالاکی لە دژی ئەمنیەتی میللی ئێرانی دایە پاڵیان. بە دوای وەدرۆخستنەوەی تاوانی سیخوری لە لایەن ئامریکاوە وزەختی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی

وەکوو ڕێکخراوی چاوەدێری ماف مرۆڤ و ئەمنیستی ئینترناسیۆناڵ و داوای ئازاد کردنی ئەو سێ کەسە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە، کۆماری ئیسلامی لەو تاوانەی پاشگەز بۆوە و ئەوجار بە بیانوی ئەوەی کە گۆیا ئەو سێ گەنجە بە شێوەی نایاسایی هاتونەتە ناو خاکی ئێران وبۆیە دەبێ لەو پەیوەندیە دا دادگایی بکرێن.

چۆنیەتی گیرانی ئەو سێ گەنجە ئامریکایە بە پێ رۆژنامەیەکی ئینگلیسی زمان بە ناوی " نەتەوە" ئیدعای کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە کە گۆیا ئەو سێ کەسە بە ئانقەست سنوریان بەزاندووە وبە پێی هەواڵی ئەو رۆژنامەیە کە لە زمانی چەند کەس شاهیدی ڕووداوەکە گێراویانەتەوە، باسیان لەوە کردووە کە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان داوە کە ئەو سێ گەنجە بە زۆرناچار بکەن کە لە خاکی باشوری کوردستانەوە بچنە ناو خاکی ئێرانەوە، کاتێک ئەو سێ کەسە دژکردەوەیان لە خۆیان نیشان داوە و بە هەڕەشە و گوڕەشە و تەنانەت بە تەقەی هەوایی بە سەریان دا ناچاریان کردوون پێ بنێنە ناو خاکی ئێران.

هەواڵی ئەو رۆژنامە ئەوە دەردەخا کە ئەو سێ گەنجە زانیویانە کە کوێ سنوری ئێران و عێراقە و بۆیەش خۆیان ئامادە نەبوون بەخواستی خۆیان بچنە ناو خاکی ئێڕان و بە مل هوڕی بردوویانن. بە بێ هیچ شک وگومانێک دەتوانم بلێم کە ئەوسێ گەنجە بێ تاوانە بە بارمتە گیراون وکۆماری ئیسلامیش وەکوو ڕێژیمێکی بارمەتەگر وتێرۆریست رابردوویەکی زۆر ڕەشی لەو بارەوە هەیە کە دەکرێ ئاماژە بە بارمەتە گرتنی ٥٢ کەس لە دیپلۆمات وکارمەندەکانی سەفارەتی ئامریکا لە تاران بکەین کە هەر لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتەوە لە لایەن ئاخوندەکانەوە روویدا و ئەو ٥٢ کەسە دوای بێ حورمەتی وسوکایەتی زۆر پاش ٤٤٤ رۆژ ئازاد کران.

هەروەها دەکرێ ئاماژە بە بارمەتە گرتنی پۆلێک لە سەربازانی بریتانیایی بکەین کە لە ئاوەکانی عێراق دا لە لایەن چەکدارەکانی سپای پاسدارانەوە رفێندران وپاش ماوەیک ڕاگرتنی ئەو سەربازانە لە ژێر زەخت وفشاری نێو نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ناچار بوو پاشەکشە بکا وتاوانی سنوربەزاندنی ئەو سەربازانەش درۆیەک بوو کە ڕێژیم خۆی هەڵی بەستبوو ودیتمان کە کۆماری ئیسلامی لەنەمایشێکی زۆر مەسخەرە دا بە ئامادە بوونی سەرۆک کۆمارە داسەپاوەکەی ئازاد کردنی ئەوسەربازانەیان ڕاگەیاندن و گەڕاندیانەوە بۆ عێراق.

لەوکاتەوە کە ئەو سێ کەسە بە بارمەتە گیراون چەندین جار وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا داوای ئازاد کردنیانی

کردووە و ئێدعاکانی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ سیخۆر بوونی ئەو سێ کەسەی ڕەد کردۆتەوە و بە پێ قسەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ئەوسێ کەسە نەک هیچ پەیوەندیان بە دام ودەزگا سیاسی و ئەمنیەتیەکانی ئامریکاوە نیە، بەڵکوو زۆریش ئێران وخەڵکی ئێرانیان خۆش دەوێ. لە دواین داواکاری بۆ ئازاد کردنی ئەو سێ کەسە سەرۆک ئۆباما داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە کێشەی سیاسی ئامریکا و ئێران تێکەڵ بەومەسەلەیە نەکا وئەو سێ کەس هەرچی زووتر ئازاد بکا.لە وڵامدا، سەرۆک کۆماری دەوڵەتی کودتا مەحمود ئەحمەدی نژاد سەرەرای دووپات کردنەوەی تاوانەکانی دەزگای قەزایی ڕێژمەکەی لە مەڕجاسوس بوونی ئەو سێ کەسە زۆر رووهەڵماڵاوانە پێشنیاری مەعاملە کردنی بە دەولەتی ئامریکا دا و بۆ ئەومەبەستەش داوای گۆرینەوەی ئەو سێ کەسەی بە ژمارەیەک ئێرانی کە بە قەولی خۆی زیندانی سیاسین وگۆیا لە زیندانەکانی ئامریکا دان کرد کە ئەو داوایە لە لایەن دەوڵەتی ئامریکاوە ڕەد کرایەوە.

ئەوسێ گەنجە بە بارمتە گیراوە لە ماوەی زیاتر لە ساڵێک دا تەنیا جارێک توانیویانە چاویان بە دایکیان بکەوێ کە لە ژێر چاوەێری توندی مەعمورانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە یەکێک لە هۆتێلەکانی تاران بەرێوە چوو. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە لە مێدیاکانی خۆی دا هات و هاوارێکی زۆری سازکرد بۆ ئەوەی خۆی وەکوو ڕێژیمێکی لایەنگری مافی مرۆڤ ودێموکراسی خوازنیشان بدا.

لە دواین نامەی سەرئاواڵەی کە دایکانی ئەو سێ بارمتە بۆ خامنەیی نوسیویانە سەرەرای ڕەخنە گرتن لە ناوبرا داوایان کردووە کە منداڵەکانیان بە بۆنەی رەمەزانەوە ئازاد بکرێن. لە بەشێک لەو نامەیە دا هاتووە کە "هیوای ئێمە ئەوەیە کە ڕێبەرانی هەموو وڵاتانی جیهان لەو راستیە تێ گەیشتبن ورێگا بەم ناعەدالەتیە نەدەن کە بە هۆی کێشەی سیاسی ماف وئازادی خەڵک پێشێل بکەن".

کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕێژیمێکی تێرۆریست وتێرۆریست پەروەر دەیهەوێ کە بە درێژکردنەوە ماوەی بارمتە گرتنی ئەو سێ گەنجە بێ تاوانە تۆڵەی سیاسەتی تەحریم کە بە پێشەنگی ئامریکا لە سەر ئێران بە ڕێوە دەچێ بکاتەوە و بە نیازە لە سات وسەوداکانی لە مەڕ کێشەی ئەتۆمی وڵاتەکەی پەروەندی ئەو سێ کەسە وەکوو کارتی فشار بۆ سەر ئامریکا بەکار بهێنێ، هەروەکوو چۆن دیتمان بۆ ئازاد کردنی تیرۆریستێکی خۆی لە یەکێک لە زیندانەکانی فەرانسە کە لە تێرۆر کردنی د. شاپور بەختیار دا بەشدار ببوو و ماوەی ١٥ ساڵ بوو کە لە زیندان

دا بوو، کچە مامۆستایەکی فەرانسەویکی کە لە ئێران دەژیا و دەرسی زمانی فەرانسەوەی دەکوتەوە بە بێ هیچ سوچ وتاوانێک بە ئیتهامی سیخوری بۆ فەرانسە تاوانبار کرد و وڵاتی فەرانسەی ناچار کرد هەم ۳۰۰ هەزار دۆلار خەسارەت بدا و هەمیش ئەو تێرۆریستەیان بۆ ئازاد بکا و لە کاتی گەڕانەوە ئەو ئینسانە کوژە بۆ تاران دەوڵەتی بارمتەگری کۆماری ئیسلامی وەکوو قارەمانێکی نەتەوەیی پێشوازی لێکرد.

١٤ی ئاگۆستی ۲۰۱۰

## کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق و چەند سرنجێک

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲ی ئووتی ۲۰۱۰ پرێزیدێنت باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا لە کۆبونەوەی سەربازانی خانەنشینی ئامریکا لە ئاتلانتا کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ڕەزمی وڵاتەکەی ڕاگەیاند و قەراروایە تاکۆتایی مانگی ئۆگوستی ئەم ساڵ ۹۰ هەزار لە هێزەکانی ئامریکایی بگەڕێنەوە ئامریکا و۵۰ هەزار سەربازیش بۆ فێرکردن و بارهێنانی هێزەکانیانی عێراقی و عەمەلیاتی دژی تێرۆریستی لەو وڵاتە دە مێنیێوە. بە پێی ئەو ڕێککەوتنامەی کە لە ساڵی ۲۰۰۸ دا لە نێوان ئامریکا و عێراق دا واژۆکرابوو هێزەکانی ئامریکا دەبێ تاکۆتایی ساڵی ۲۰۱۱ بە تەواوی عێراق چۆل بکەن وبگەڕێنەوە ئامریکا. سەرۆک ئۆباما لە کاتی پروپاگەندەی بۆ گەیشتن بە کۆشکی سپی قەولی ئەوەی دابوو کە ئەگەر ببێ بە سەرۆک کۆمار هێزەکانی ئامریکا لە عێراق دەکشێنێتەوە. سەرۆک ئۆباما لە مابەینی قسەکانی دا کوتی " ئەو بەلێنێ ی کە دا بووی جێ بە جێی کرد ."

لێرەدا پرسیارئەوەیە کە ئایا جێ بە جێ کردنی ئەو بەلێنیە زۆرتربازی ئەخلاقی هەیە بۆ سەرۆک ئۆباما و بۆ حیزبی دێموکرات و سەرۆکایەتی ئامریکا، یان هەنگاوێکی سیاسیە کە ئامریکای ناچارکرد کە بە نابەدڵی بڕیارێکی لەو چەشنە بدا؟ لێرە دا دوو پرسیاری گرینگ دێتە پێش. یەکەم، ئایا بەڕاستی ئامریکا دوای ۷ ساڵ بە سەرتێپەر بوونی شەڕی عێراق و ڕووخاندنی ڕێژیمی سەددام حوسێن توانیێوێتی بە ئامانجەکانی بگا و عێراق بەرەو

سیستمێکی دیمۆکراسی بەرێ ولە تەفروتونا کردنی گروپە تێرۆریستیەکان و لە پێشەوەی هەمووان گروپی " القاعده" دا سەرکەوتوو بووە؟

دووهەم، یان بە پێچەوانەوە، ئامریکا نەیتوانی دوای ٧ ساڵ داگیرکردنی عێراق وبە کوشتدانی چەند هەزارکەس لە سەربازەکانی، نەیتوانی ئەو وڵاتە لە " تێرۆریستان" پاک بکاتەوە وپرۆژەکەی لە عێراق شکستی هێنا وبە ناچاروازی لە بە دیمۆکراسی کردنی عێراق هێنا وهەمووهەوڵی ئەوەیە کە بە هەرجۆرێک بێ حکومەتێک لە عێراق لە سەرکاربێ وبۆ ئەوەی خۆی لە ژێرباری قورسی زەرەرو زیانەکانی ئینسانی و ئابوری و سەربازی ئەو شەڕە ڕزگار بکا و عێراق بە کۆلێک کێشەی ئابوری و سیاسی و ئاینی و نەتەوەیی بۆ عێراقیەکان بە جێ بهێلێ؟

لە دوای رووخانی ڕێژیمی سەددام و بە دەسەڵات گەیشتنی شیعەکان و کورت بوونەوەی دەستی عەرەبە سوونیەکان لە دەسەڵات، کێشەی مەزهەبی ئەو وڵاتەی کردۆتە مەیدانی شەڕێکی نەخوازراو وبە هەزاران کەس بونەتە قوربانی شەڕی مەزهەبی نێوان عەرەبی شیعە و سوننی و لە هەر دووک لایەن خوێنێکی زۆر ڕژاوە ولە راستیدا کێشەی مەزهەبی نیوان عەرەبە شیعە و سوننەکان زۆرلە جاران زیاتر قولتربۆتەوە و تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ ڕۆژ نیە کوشتن و ڕفاندن وخۆ تەقاندنەوە لە ناوچەکانی هەردووک لایەن روو نەدا. وڵاتانی دراوسێی عێراق و یەک لە وان کۆماری ئیسلامی لە دوای رووخانی دەسەڵاتی بەعس بەردەوام هەوڵی داوە جێگاپێێ خۆی لە عێراق لە رێگای گروپ و کەسەیەتیە جیاوازەکانی شیعەی سەربەخۆی قایم بکا و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە بەرنامە و پلانەکانی ئامریکا تووشی شکست بکا وتا رادەیەکی باشیش سەرکەوتوو بووە. کۆماری ئیسلامی شەڕێ خۆی لە دژی ئامریکا لە عێراق دا دەکا و بە دانی چەک وچۆڵ وپارە بە گروپ گەلی جیاجیای عێراقی ئەو وڵاتەی زۆرنائارام کردووە وتەنانەت لە هەڵبژاردن و دیاری کردنی کاندیداکانی لیستە جیاجیاکانی عیراقی دا دەورو رۆلی خۆی گێراوە.
دوای تێپەر بوونی چەندین مانگ بە سەر دواین هەڵبژاردنی پارلمانی عیراق، ئەو وڵاتە هێشتا هەربێ حکومەتە و حیزبە سیاسیەکانی ئەو وڵاتە دوای چەندین مانگ هێشتا نەیانتوانیوە دەسەڵاتی سیاسی یەک لا کەنەوە و لە نێوان دوو گروپی مالکی و عەللاوی دا ناتەبایی زۆر لە مەڕ بەدەستەوە گرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران کە گرینگترین و بە دەسەڵاتترین دەسەڵاتی سیاسی عێراقە لە ئارادایە.

جگە و لەو مەسەلانە، کێشەی سەرەکی کورد لە سەر یەکلاکردنەوە ماددەی ١٤٠ و جێ بە جێ نەکردنی لە لایەن

دەوڵەتی عێراقیەوە هەروا بە هەڵاوەسراوی ماوەتەوە وتاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچ کام لە لایەنەکانی شیعە و سوننە ئامادە نین کە دان بە کوردستانی بوونی کەرکوک دابنێن و مل بدەن بۆ جێ بە جێ کردنی ماددەی ١٤٠ کە بەشێکی زۆرلە خۆشیان وەکوو ماددەیەکی دەستوری لە پارلمانی عێراق دا دەنگیان لە سەر داوە. کەڵەکە بوونی کۆمەلێک کێشەی سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبی لە نێوان عەرەبە شیعە و سوننەکان لە لایەک و کێشەی نێوان کورد و عەربەکان لە لایەکی دیکەوە وبوونی دەوڵەتێکی ناسەقامگیر ڕێگا خۆشکەرن بۆ ئەوەی کە دوای کشانەوەی بە تەواوی هێزەکانی ئامریکا لە عیراق ئەو وڵاتە تووشی کارەساتی شەڕێکی ئاینی ونەتەوەیی زۆرلە یوگوسلاوی خراپتر بکا. تۆ بڵێی دوای تەواو بوونی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق سەرۆکایەتی ئامریکا هەروا سوک و سادە عێراق جێ بهێلی و دوو دەستەکی ئەو وڵاتە تەحویلی کۆماری ئیسلامی وتێرۆریستانی "القاعده" بدا؟ ئەگەر بێتوو ئامریکا هەڵەیەکی سیاسی ئاوا گەورە بکا و عێراق جێ بهێلێ، ئایا ئەووڵاتە هەم سیاسیەن و هەم ئەخلاقن دۆڕاوی سەرەکی شەڕەکە نابێ و دەسکەوتی لەو هەمووە لەشکرکێشی و بە کوشتدانی ٥٠٠٠ سەرباز و بریندار بوونی چەند هەزاری تروخەرجکردنی میلیاردها دۆلار لە عێراقدا، لە پێناوچیدا بووە؟

٥ی ئاگۆستی ٢٠١٠

---

## بە بۆنەی ساڵرۆژی کودتای سپای پاسداران

ئەمرۆ ڕۆژی شەممە ١٤ی ژوئەنی ٢٠١٠ بەرامبەر بە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٩ی هەتاوی سالێک بە سەر هەڵبژاردنی دەوری دەهەمی سەرۆک کۆماری کە بە کودتای سپای پاسداران ناسراوە تێپەربوو. لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا کە ئەحمەدی نژاد بە زۆرە ملی کرایەوە بە سەرۆک کۆماری سێدارەی ئیسلامی، توند و تیژی دەوڵەتی کودتا هەموو سنورەکانی ئینسانی و ئەخلاقی بەزاند و بە دەیان کەس کوژران و بە سەدان کەوتنە ناو زیندان و ژێر ئەشکەنجە و ئازار و تەنانەت بەشێک لە زیندانیەکان لە زیندانی بە ناو "کهریزک" دا دەستدرێژی سیکسیان کرایە سەر وبە سەدان چالاک وانی مەدەنی و سیاسی و ڕۆژنامەوان لە دادگا فەرمایشەکانی ڕێژیم دا حوکمی قورسی زیندانیان بە سەرداسە پاوە.

کوردستان لەویەک ساڵە دا زۆر زیاتر لە ساڵانی پێشوو سیاسەتی تێرۆر و تۆقاندنی لە سەر پەیرەو کراوە ودواین تراژیدی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارەی درانی چوارتێکۆشەری ئازادیخوازی کورد لە لایەن دەوڵەتی کودتا بوو کە دژکردەوی یەکپارچەی گەلەکەمانی لێکەوتەوە و مانگرتنی یەک ڕۆژە زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکانی هەر چوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە وکورد بەو هەڵوێستە مەدەنیە و دێموکراتیکە یەکگرتوانەی سەرانی دەوڵەتی کودتای تاساند.

لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا کۆمەلێک ڕووداوی دیکە لە پەیوەندی لە گەڵ بەرنامەی ناوەکی ئێران هاتۆتە پێش و کۆماری ئیسلامی وەکوو ساڵانی پێشوو هەوڵی داوە بە سیاسەتی دوو ڕوویانە وفێڵ بازانەی کڵاو لە سەر ئامریکا و هاوپەیمانانی بنێ و بۆ ئەو مەبەستە لە لایەک بە درێژە دان بە سیاسەتی بەناو وتووێژ وای نیشان داوە کە گۆیا خوازیاری چارەسەری کێشەکە یە لە ڕێگای دیپلۆماسیەوە و لە لایەکی دیکەوە بە دانانی ژمارەیەکی زیاتر سانتریفیوژ بەردەوام بووە لە پیتاندنی زیاتری یورانیۆم و ئامادە نەبووە بۆساتێکیش دەست لەو سیاسەتەی هەڵبگرێ. شایانی باسە کە ناکۆکی نێوان ئەندامانی دایمی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەڕ چۆنیەتی مامله کردن و ڕووبەروو بونەوە لە گەڵ ئێران و دژایەتی بەردەوامی چین و ڕوسیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە مەڕ پەسەند نەکردنی چوارەمین بریارنامە بۆ داسەپاندنی کۆمەلێکی دیکەی گەمارۆی ئابوری بۆسەر ئێران بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی مل هورانە درێژە بە سیاسەتە پاوانخوازەکانی بدا.

ئاکامی سات و سەودای وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە گەڵ چین و ڕوسیە ورەزامەندی ئەو دووولاتە بۆ پەسەند کرانی چوارەمین بڕیارنامە لە دژی ئێران بەو شەرتەی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی ئەوان نەخاتە مەترسیەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو بڕیارنامەیە لە دایک بێ و ئێران لە گەڵ کۆمەلێک گەمارۆی تازەی بەرەو ڕوو بێتەوە کە یەکێک لەوانە نەفرۆشتنی چەک و چۆڵی قورسە بە ئێران. کۆماری ئیسلامی پێش پەسەند کرانی ئەو بڕیارنامە و کاتێک بە تەواوی دڵنیا بوو کە چین و ڕوسیەش دژایەتی ئەو بڕیارنامەیە ناکەن کەوتە خۆ و شانۆگەرێکی مەسخەرەی لە تاران ڕێک خست و بە هاوکاری وڵاتانی تورکیە و برازیل کەوتنە دانوستاندن و بە قەولی خۆیان پەیماننامەیەکی سێ قۆڵیان پەسەند کرد کە لەودا ئێران دەبا ڕادەی ١٢٠٠ کیلۆ یورانیۆمی ٣ دەرسەد پیتێندراوی بۆ تورکیە ڕەوانە کردبا ولە جیاتیشی ١٢٠ کیلۆ یورانیۆمی پیتێندراوی ٢٠ دەرسەد وەدەست هێنابا.

هەر دوا بە دوای ئەو هات و هاوارەی کە کۆماری ئیسلامی و تورکیە وبرازیل وەرێیان خست، ئامریکا و هاوپەیمانانی دەستی ڕەدیان بەو ڕێکەوتنامەیە نا وئاوێکی سادریان بە سەر دەستی کۆماری ئیسلامی دا کرد و ئاکامەکەشی دیتمان کە چوارەمین بڕیارنامە لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی جۆزەردان چەند ڕۆژ پێش یەکەمین سالڕۆژی کودتای دەوڵەتی کودتا بە زۆربەی دەنگی هەرە زۆری ئەندامانی دایمی وکاتی شورای ئەمنیەت لە دژی ئێران دەرچوو. کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی وەکوو جارانی پێشوو بوو، گرینگی نەدان بەو بڕیارنامەیە و هێرش کردنی ئەحمەدی نژاد بۆ سەر ئامریکا و بە تایبەت بۆ سەر پرێزدێنت ئۆباما و تەوسیف کردنی ئەو بڕیارنامە یە بۆ جارێکی دیکە لە لایەن ناوبراوەوە بە " کوتە کاغەزێکی دڕاو وبێ بایەخ."

دەرچوونی ئەو بڕیارنامەیە چەند ڕۆژ پێش ساڵوەگەری کودتای سپای پاسداران بە هەڵکەوت نەبوو و دەکرێ بەو مانایە لێک بدرێتەوە کە ئامریکا و هاوپەیمانانی بەو هەڵوێستەیان هەویستیان کۆماری ئیسلامی هەم لە دەرەوە بخنە ژێر زەختەوە و هەمیش لە ناوخۆ کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە خۆپێشاندانی بەرین لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بیتە ئاراوە و بۆ ئەو مەبەستەش ماوەیەک پێشترسەرانی ناسراوی جولآنەوەی سەوز وەکوو موسەوی وکەروبی وژومارەیەک حیزب ورێکخراوی دیکەی بە ناو"ریفورم خواز" بە فەرمی داوایان لە وەزارەتی ناوخۆی ڕێژیم کردبوو کە ئیزنی خۆپێشاندانیان پێ بدا.

ئەوەی جێگای سرنج و هەڵوێستە کردنە لە سەری، دەرچونی بەیاننامەی دوو قۆلی موسەوی و کەروبی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠ی جۆزەردان ڕۆژێک دوای دەرچونی چوارەمین بڕیارنامەی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان بوو کە بە خەڵکیان کوتبوو کە "ئەو خۆپێشاندانە کە پێشتر قەرار بوو لە ٢٢ی جۆزەردان ساڵوەگەری کودتای سپای پاسداران دا بەڕێوە بچێ بەڕێوە ناچێ". دیارە بەهانەی موسەوی و کەروبی لە بەڕێوە نەچوونی ئەو خۆپێشاندانە ئەوە بۆ کە گۆیا لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئیزنیان پێ نەدراوە وبۆ ئەوەی "ماڵ و گیانی خەڵک پارێزراوبێ ئەو هەڵوێستەیان گرتووە".

پاشگەز بوونەوەیە موسەوی و کەروبی لە بەڕێوە نەچوونی خۆپێشاندان لە دژی ڕێژیم لە ساڵرۆژی کودتای سپای پاسداران زەربەیەکی سیاسی گەورەیە لە جولآنەوەی سەوز کەوت و ئەوان بەو کارەیان دەستی کۆماری ئیسلامیان لە سەرکوت و کوشتن و زیندانی کردنی کۆمەلآنی خەڵکی وەزاڵە هاتوو ئاواڵەتر کردەوە و بەو هەڵوێستە هەڵەیان

مەشروعیەتی زۆرتریان بە دەوڵەتی کودتایی ئەحمەدی نژاد بەخشی و دەکرێ بکوترێ کە لە باری سایکۆلۆژیەوەش زەربەیەکی رەوانی بوو لە خەباتی دێموکراسی خوازی گەلانی ئێران درا.

موسەوی و کەروبی کە وەکوو رێبەرانی جوڵانەوەی سەوز دەرکەوتوون و زوو زوو بە ناوی خەڵکی ئێران بەیاننامە دەردەن، دەبا بۆ پاشە کشەکردن بە کۆماری ئیسلامی و نیشاندانی هێزوتوانای جوڵانەوەی سەوز بە دونیای دەرەوەش بایە لە بەرێوە چوونی ئەو خۆپیێشاندانە پاشگەز نەبانەوە و مادام کە خەڵکیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردبوو، دەبا بە بێ دوو دڵی ئەو کارەیان کردبا. ئەوەی کە بۆ من بۆتە پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەراستی ئەوان هەربە نیازی بەرێوە چوونی خۆپێشاندان بوون یان تەنیا بۆئەوەی نەکەونە بەر رەخنە و لۆمەی خەڵکی وەزاڵە هاتوو داوای ئیجازەی فەرمیان لە وەزارەتی ناوخۆی رێژیم کرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە باش دەیان نازانی کە وەکوو جارانی پێشوو وڵامی ڕەد وەردەگرنەوە. پارێزگاری تاران لە وڵامی داخوازی خۆپێشاندانی ئەوان دا دەڵێ " ئەو داوایە زۆر داوایەکی بێ جێ یە و بۆپێکەنین دەبێ".

پرسیارێکی گرینگی دیکە کە بە مێشکی من و ڕەنگ بێ بە مێشکی زۆر کەسی دیکەش دا بێ ئەوەیە کە بەراستی موسەوی و کەروبی کە خۆیان بە قوتابی خومەینی دەزانن و لە گەڵ گۆرانی سیستمی کۆماری ئیسلامی نین تاکەی دەیانهەوێ ئاوا بە ئێحساساتی گەلانی وەزاڵە هاتووی ئێران کایە بکەن و تاکەی دڵیان بە ئاڵ وگۆر لە ناو سیستمی کۆماری ئیسلامی خۆشە؟ باشە بەراستی سەرانی جوڵانەوەی سەوز بۆچی مانگرتنی خەڵکی کوردستانیان کە زۆر سەرکەوتوانە بەرێوە چوو نەکردە سەرمەشقی سیاسەتیان و داوایان لە خەڵکی ئێران نەکرد کە بۆ دژایەتی لە گەڵ دەوڵەتی کودتا رۆژێک یان دوو رۆژ مانگرتنی سەراسەری بەرێوە ببن؟

ئایا پاشگەز بوونەوە لە خۆپێشاندان و بە فەرمی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی بەرێوە نەچوونی ئەو خۆپێشاندانە رۆژێک دوای دەرچوونی چوارەمین بڕیارنامەی شورای ئەمنیەتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان لە دژی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران جۆرێک دژایەتی دونیای دەرەوە لە لایەک و هاودڵی وهاوخەمی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە نیە؟ مەسەلەیکی زۆر گرینگ کە جێگای هەڵوێستە کردنە لە سەری ئەوەیە کە ئەگەر جوڵانەوەی ئازادی خوازی ودێموکراسی خوازی گەلانی ئێران کە ئەمرۆ خۆی بە جوڵانەوەی سەوزپێناسە دەکا بیهەوێ پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکا دەبێ بە تەواوی خاوەنی پلان و سیاسەتی شەفاف و روونی دێموکراتیک بێ و ئامانج و

داخوازەکانیشی دەبێ هەڵگری قەبوڵی کردنی جیاوازیەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران بێ وپێویستە کە تێکەڵاوی دەوڵەت وسیاسەت بۆ هەمیشە بە گۆڕبسپێرێ. ڕەنگ بێ چاوەڕوانی ئەوەی کە موسەوی و کەروبی بیانهەوێ بە چاوێکی دیکە سەیری داهاتووی ئێران بکەن و خۆیان لە گەڵ ئەفکاری ئیسلامیان و خەتی ئیمامیان دوور بکەنەوە چاوەڕوانێکی بێ جێ بێ و ئەوان ئەو مرۆڤانەش نین کە پێمان وابێ دەتوانن موژدە دەری ئازادی و دێموکراسی بن بۆ گەلانی ئێران.

لەو پەیوەندیە دا ئەرکی هەموو ڕێکخراوەکانی خوێندکاری و ژنان ورێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی ناوخۆ ودەرەوە کە بڕوایان وایە کە کۆماری ئیسلامی ئاڵ و گۆڕ هەڵناگرێ و تەنیا لە ڕێگای ڕووخانی ڕێژیمەوە و بە هێنانە سەرکاری دەسەلاتێکی سێکولارو دێموکراتیکە کە کۆتایی بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دێنێ، گەلێک قورسترو گرینگترە و پێویستە کە ئەفکارو دروشمی دێموکراسی خوازانە ببێتە سیاسەتی ڕۆژیان و بۆ ئەو مەبەستەش پێکهاتنی بەرەیەک لە هەموو ئەو ڕێکخراوانە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی کۆبکاتەوە، پێداویستێکی گەلێک گرینگە.

ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێگومان لە هەنگاوی یەکەم دا هاوهەڵوێستی و هاوخەباتی و بوونی سیاسەتی شەفاف و ڕوون بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە و بەڕیوە بردنی سیاسەتێکە کە هاوڕا بێ لە گەڵ جولانەوەی دێموکراسی خوازی لە ئێراندا. پەرەپێدانی سیاسەتی نەتەوەیی بۆ کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان سیاسەتێکی گەلێک گرینگ و بنەڕەتیە و مانگرتنی یەکگرتوانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە هێز و توانا و دەنگی کوردی خستەوە نێو گۆرەپانی سیاسی ئێران و نەک کۆماری ئیسلامی بەڵکوو ئەحزابی سەراسەریش لەو هەڵویستە یەکگرتوانەی کورد ترسیان لێ نیشت و بە باوەری من ئەوەیان بەزەنگی خەتەرێکی گەورە بۆ سەر داهاتووی ئێران لە قەڵەم دا. ئەو مانگرتنە پەیامێکی گەورەشی بۆ حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات پێ بوو کە کۆک و تەبا بن و دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن ورووی خەباتیان لە دوژمنی سەرەکی کە کۆماری ئیسلامیە بێ.

١٢ی جوونی ٢٠١٠

## بە بۆنەی مەرگی بە ناحەقی چوار رۆڵەی ئازادیخوازی کورد

دیسان داگیرکەرانی خوێن رێژ چوار رۆڵەی تێکۆشەری گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان لە کردەوەیەکی درندانە ودژی ئینسانی دا لە زیندانە پڕ لە تاوانەکانیان بە تاوانی "محارب" ئیعدام کرد و بە دەیان بنەماڵەی کوردیان رەش پۆش وداخدارکرد وبەو کردەوە چەپەڵەیان کوردستانیان هەژاند. بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممە ٩ مانگی مای ٢٠١٠ چوار رۆڵەی بە جەرگ ودڵ پڕ لە ئەوینی خۆشەویستی کوردستان ،خاتوو شیرین عەلەم هولی،ماموستا فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی دڵی گەورەیان لە لێدان کەوت وتێکەڵ بوون بە کاروانی بێ پسانەوەی شەهیدانی کوردستان وکورد. هاورێ لە گەڵ ئەوپۆلە شەهید کەسێکی ئازادیخوازی ئێرانی بە ناوی مەهدی ئیسلامیان گیانی لێ ئەستیندرا وبنەماڵەی ئەویشیان رەش پۆش کرد. کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو دەسەڵاتێکی داگیروخوێن رێژ بۆ ئەوەی روحی خۆراگری و بەرەنگاری لە نێو روح وجەستەی گەلانی ئازادی خوازانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی تێک بشکێنی دەستی دایە ئەو تاوانە درندەانەیە و دیسان رۆلەکانی گەلی کوردی کرد بە قۆچی قوربانی ولەورێگایەوە دەیهەوێ بە چەند مەبەست وئامانج بگا کە دەکرێ بەوشێوە ئاماژەیان پێ بکەم.

*یەکەم.* وەبیرهێنانەوەی ئەو مەسەلە گرینگە بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دا کە بۆی نیە بە هیچ شێوازێک باس لە ماف و ئامانج و ئازادی خۆی بکا و دەبێ بەردەوام مل کەچی ئەمروفەرمانی جەنایتکارانی تاران بێ و ئەگەر ئەو گەلە سوورتربێ لە سەر داواکانی، دەبێ زیاتر شاهیدی رژانی خوێنی زیاتری رۆڵەکانی بێ.

*دووهەم.* نیشان دانەوەی دوژمنایەتی دێرینی دەسەڵاتدارانی شیعە مەزهەبی تاران لە گەڵ کوردە سوونیەکان ووەبیر هێنانەوەی فەرمانی جیهادی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی واتە خۆمەینی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی دا وئەوەیکە بەو فەرمانەی کوردی بە کافر پێناسە کرد و سەرو گیان و ماڵی کوردی بە حەڵاڵ زانی. دەوڵەتی کودتاش بە شەهید کردنی ئەو رۆڵە کوردانە پابەند بوون ووەفادار خۆی بە فەرمانی خومەینی دووپات کردەوە.

*سێهەم.* نیشان دانەوەی دووبارەی هێژێمونی ناسیۆنالیسمی دەسەڵاتدار ودووپات کردنەوەی ئەو پەیامە بۆ کوردان کە بۆیان نیە داوای ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن و لە ئێران دا" تەنیا یەک گەل و یەک زمان و یەک ئاڵا و

یەک مەزهەب هەیە کە ئەویش فارس وشیعەیە".

**چوارەم.** کۆماری ئیسلامی بۆ نیشاندانی هێزوتوانای خۆی بە گەلانی ئازادی خوازی ئێران بە گشتی وکورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، دەیهەوێ ئەو پەیامە بە خەڵک بگەێنێ کە نەکا بوێرن لە ساڵرۆژی کودتای سپای پاسداران کە بە زۆرە ملی ئەحمەدی نژادیان وەکوو سەرۆک کۆمار بە سەرگەلانی ئێران دا سەپاندەوە برژێنە سەرشەقامەکان و دروشمی مەرگ بۆ خامنەیی وئەحمەدی نژاد وکۆماری ئیسلامی بلێنەوە. دەوڵەتی کودتا بۆ هەزارپاتە کردنەوەی تاوانەکانی دیسان دەستیان کردووە بە ئاوادن کردنەوە "کهریزک" و بە رێگای جۆراوجۆر هەڕەشە لە خەڵک دەکەن. ئێعدام کردنی ئەو پێنج کەسە دەکرێ وەکوو دەست پێشخەری دەوڵەتی کودتا سەیر بکرێ.

لە دوای ئیعدام ئەو پێنج کەسە بەشی هەرە زۆری پارتە سیاسیەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەیاننامەی مەحکوم و ریسوا کردنی ئەو تاوانانەیان دەکردو کوردان لە چەندین شاری وڵاتانی ئوروپا و تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا و لە باکور و باشوری کوردستانیش لە بەردەم لانەی جاسوسی ئێران کە "بە سەفارەتخانە" پێناسەی بۆ دەکەن کۆبونەوە و نارەزایەتی توندی خۆیان لە دژی کوردکوژەکان دەربڕی.

لە مەڕ هەڵویست گرتن و مەحکوم کردنی تاوانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی جێگای تێرامانە بەیاننامەی "میرحسین موسوی" یە کە لە راستیدا نەک هەر ناکرێ ناوی مەحکوم کردنی لێ بنرێ بەڵکوو بە باوەڕی من ناوەرۆکی ئەو بەیاننامەی سێ فلس ناهێنێ. ناوبراو نەک ئەو تاوانە دڕندانەیەی مەحکوم و شەرمەزرا نەکردووە، تەنانەت هاودەدری لە گەڵ بنەماڵەی ئەو شەهیدانەش نەکردووە. ئەو چەند دێرەی کە نووسیوێتی هیچ پەیوەندی بە ئیعدامی ئەو رۆلە کوردانەوە نیە و ئەوەش خۆی جێگای رەخنەی کوردانە کە دەبێ لە ناوبراو وەکوو قسەکەری جولانەوەی سەوز بگیرێ و پێویستە کوردان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامە رەخنەی توندی خۆیان لە هەڵوێستی ناوبراو دەرببڕن.

بەیاننامەیەکی دیکە کە جێگای تێرامانە، بەیاننامەی "کانون مدافعان حقوق بشر"ی ئێرانە کە سەردێری بەیاننامەکە بەو جۆرە دەست پێ دەکا، "آیا این اعدام ها وحدت ملت ایران را خدشەدار نمی کنند؟". هەروەها لە

بەشێک لەو بەیاننامە دا هاتوە کە " با توجه به اینکه اکثراعدام شدگان از خطه کردستان می باشند آیا در شرایط کنونی کشور چنین اقدامی نمی تواند به وحدت ملت ایران خدشه وارد کند؟ این در حالی است که مردم غیور خطه کردستان به عنوان جزیی از ملت سرافراز ایران حافظ مرزهای کشور بوده‌اند و به ایرانی بودن خود بالیده‌اند".

له راستیدا لەو بەیاننامەش دا هیچ ئاماژەیەک به مەحکوم کردن و هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەی ئەو چوار رۆڵە کوردە و خەڵکی کوردستان نەکراوە. نیگەرانی نوسەرانی ئەو بەیاننامە زۆرترلە" پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێرانە" کە بە دایم وەکوو مۆتەکە سەروشانی کوردانی گرتوە. لێرە دا پرسیارێکی گرینگ دێتەپێش ئەوەیە کە ئایا بەراستی شتێک بە ناوی" یەکێتی گەلی ئێران" بوونی هەیە و ئایا دەوڵەتانی حاکم بە سەر ئێران و کوردستان دا کوردیان هیچ کات بە بەشێک لە ئێران زانیوە و ئایا بچوکترین مافی کوردان جێ بە جێ کراوە؟ وڵامەکەی نەخێرە. مەسەلەیەکی دیکە کە بە مێشکی من دادێت ئەوەیە کە بەراستی ئەوبە ناو "داکۆکارانی مافی مرۆڤ" تاکوو ئێستا چەندە لە سەر مافەکانی کوردان وەجواب هاتون و وەکوو یاسازان مافی ئەوە بۆ کوردان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن کە خۆیان بریار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن؟

ئەو کارەساتە کە کوردانی لە هەموو پارچەکانی داگیرکراوی کوردستان داخدار ورەش پۆش کردووە نیشاندەری هەستەیی نەتەوەیی کوردانە کە هاوخەمی وهاودەردی لە گەڵ بنەماڵەی ئەو پۆلە شەهیدە دەردەبڕن و ئەو رۆڵە شەهیدانە بە هی خۆیان دەزانن. ئەمرۆ پارتە سیاسیەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە ریزی یەکگرتوودا بەرەوو رووی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و نەهێلین چیدیکە کۆماری ئیسلامی سوکایەتی بە نەتەوەی کورد بکا و بە بێ ترس گیانی رۆڵەکانی کورد بستێنێ. پێشنیاری مانگرتنی گشتی لە رۆژی پێنج شەممە ۱۳ی مانگی مای کە لە لایەن زۆربەی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی لێ دەکرێ هەنگاوێکی نەتەوەیی و گەلێک گرینگە کە هەموو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە و کوردان بە یەکگرتویی دژایەتی خۆیان لە گەڵ رێژیمی تاوانباری ئێران دەرببڕن و نەهێلن چیدیکە رۆڵەکانی کورد ببن بە قۆچی قوربانی سیاسەتی داگیرکارانەی کۆماری ئیسلامی.

۱۲ی مای ۲۰۱۰

## به بۆنەی ٣١ کەمین ساڵی شۆرشی گەلانی ئێران

٢٢ی رێبەندانی ئەمساڵ، شۆرشی گەلانی ئێران بۆ رزگاری لە دەست ئیستبداد وسەرەرۆیی بنەماڵەی پەهلەوی وگەیشتن بە ئازادی ودێموکراسی پێ دەنێتە نێو ٣١ کەمین ساڵی خۆی وپاش تێپەر بوونی ٣٠ ساڵ بە سەرخۆداسەپاندنی دەسەڵاتی ڕەشی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، گەلانی ئێران هێشتاش بۆگەیشتن بە دێموکراسی وسەربەستی وژیانێکی بەختەوەروئازاد کە ڕاپەرینیان بۆ کرد وخوێنیان بۆ دا هەروا لە مەیدان دان. کوردستان لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵە دا خوێناویترین ورەشترین رۆژانی پرلە کارەساتی لە ژێرسێبەری دەسەڵاتی شومی ئاخوندەکان بە رێبەری خومەینی تێپەراندووە وئاکامی فەرمانی جیهادی وەلی فەقی ،جگە لە کوشتن وسوتاندن ووێران کردنی شارو گوندەکانی کوردستان و تێک دانی ژێرخانی ئابوری کوردستان چیدیکەی بە دواوە نەبووە.

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران جگە لە پەیرەوە کردن و درێژەدان بە سیاسەتی ئینکارو داگیرکاری هیچ شتێکی دیکەیان تەجروبە نەکردووە و دایم وڵامی داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان بە ئاسن و ئاورداوەتەوە. کوردستان هەموو کات لە خانەی سیاسەتی ئەمنیەتی سەرانی کۆماری ئیسلامی دابووە و ستراتیژی دەوڵەتانی حاکم بە سە ئێراندا سەرکوت کردن و بێ دەنگ کردنی کوردان بووە بە هەرنرخێک.

*دوو هۆکاری سەرەکی بۆ بەرێوە بردنی ئەو سیاسەتە و بێ بەش کردنی کورد لە مافەکانی دەوریان گێراوە.*

*یەکەم،* ڕوانینی ناسینۆنالیزمی پاوان خوازی فارس کە بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی خۆی پێناسە دەکا وبوونی ئێرانی فرەنەتەوە وفرە زمان حاشا لێ دەکا وئێران و مێژووی ئێران لە زمان و مێژووی گەلی حاکم واتە فارسەکاندا رەنگی داوەتەوە و "پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران" بۆتە تابۆیەکی نەشکاو و هێلی سوور بۆ دژایەتی و بەربەرەکانی کردنی هەرجۆرە داخوازێکی ڕەواو ئینسانی گەلانی دیکەی ئێران بە تایبەت کوردەکان کە هەردەم لە سەنگەری پێشەوەی خەبات دا بوون بۆ بە دێموکراسی کردنی ئێران.

*دووهەم،* هەوڵ دانی ئاخوندە شێعەکانی حاکم بە سەرئێراندا بۆ پەرەپێدانی مەزهەبی شێعە لە ئێران دا ولاواز کردنی پێگەی سوننی مەزهەبەکان بە شێوازی جۆراوجۆر، چ لە رێگای پەروەردەوە بووبێ وچ لە رێگای راگەیاندن و چ لە زەخت کردن بۆ سەرماموستایانی ئەهلی سوننەت ورووخاندنی مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی سوونیە

مەزهەبەکان. ئەو زەختە مەزهەبییە کوردەکانیشی کە ڕێژەیەکی بەرچاویان سوننە مەزهەبن گرتۆتەوە و چەوسانەوەی مەزهەبیش بە چەوسانەوەی نەتەوەیی زیاد بووە.

لاواز کردنی پێگەی سوننی مەزهەبەکان تەنیا بە ئێران نەبەستراوەتەوە و بەڵکوو لە سنورەکانی ئێرانیش تێپەریەوە و گەیوەتە وڵاتانی عەرەبی سوننە مەزهەب و نانەوەی کێشە بۆ فەلەستینیەکان و یارمەتی دان گروپگەلی وەکوو حەماس و جیهادی ئیسلامی وەکوو دوو گروپی سوننی مەزهەب لە دژی دەسەڵاتی فەلەستینیەکان بە سەرۆکایەتی مەحمود عەباس خۆی حیکایەت لە سیاسەتی ئاخوندە شیعەکان دەکا بۆ کێشە دروست کردن لە نێو موسولمانە سوننیە کاندا. یارمەتی دانی گروپی تالەبانی سوننە مەزهەب بۆ دژایەتی دەوڵەتی ئەفغانستان وهاوپەیمانیان ودانی جێگە وپێگە بە نزیکان وسەرانی ڕێکخراوی "القاعدە" لە ئێران دا خۆی دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە کۆماری ئیسلامی بەدوای چ ئامانجێک دا دەگەرێ.

دەست تێوەردان لە کاروباری سیاسی وڵاتی یەمەنی ودژایەتی کردنی دەسەلاتی سوننە مەزهەبی ئەو وڵاتە بە هۆی بوونی حەشیمەتێکی شیعە لەو وڵاتە ودانی پارەو چەک و چۆل بە گروپە شیعەکانی ئەو وڵاتە بۆ شەڕو بەربەرەکانی حکومەتی سوننیەکان بەشێکی دیکەی پلانی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی پێک دەهێنێ بۆ لاواز کردنی وڵاتانی عەرەبی سوننە مەزهەب.

ئەگەربگەرێنەوە سەرلایەنی مەزهەبی کوردی ڕۆژهەڵات دەکرێ بلێم کە سەرانی کۆماری ئیسلامیش هەر بەوڕوانگەوە سەیری کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەن کە ڕێژەیەکی بەرچاویان سوننە مەزهەبن و لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی شیعەوە ئەوانیش کافرن و سزاواری مردنن.

لەو پەیوەندیە دا ئەوە جێگای تێرامان و لێکۆلینەوەی ئەوەیەکە کوردی ڕۆژهەڵات چۆن توانیوتی چ وەک لایەنی سیاسی و چ وەک لایەنی ئاینی بەربەرەکانی کۆماری ئیسلامی بکا و دەسکەوتی کوردی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندە شیعەکانی حاکم بە سەر ئێراندا چ بووە و ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی توانیویتی خۆی پێناسە بکا و فرە نەتەوەبوونی ئێران بخاتە ڕوو وبیکا بە کێشەی ڕۆژ بۆ ناسیۆنالیزمی حاکم؟

یەکێک لە قەیرانەکانی کوردی ڕۆژهەلات شەفاف نەبوونی سیاسەتی خۆ پێناسە کردن وەکوو کوردن بوون بووە وبە دایم سیاسەتی منەمن و شەرمن لە لایەن ڕێبەرانی حیزبە سیاسیەکان بەرێوە چووە و نە لە ڕابردوو دا و نە ئێستاشی لە گەڵ بێ نەیانتوانیوە تابۆی عەقلیەت و بیری نژادپەرەستانەی "پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران " کە لە لایەن ناسیۆنالیزمی فارس هاتۆتە گۆرێ بشکێنن وپێناسەیەکی نوێ بخەنە ڕوو.

زۆرتر هەوڵ دراوە وا نیشان بدرێ کە گۆیا کورد "تجزیه طلب" نیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە کوردستان داگیر کراوە و سیاسەتی داگیرکارانەشی لە دژی بەرێوە دەچێ. پەیرەوە کردنی ئەو سیاسەتە و نەبوونی شەفافیەت لە باس کردنی داواکانی کورد وەکوو ئەوەی کە کورد خۆی دەیهەوێ نەک وەکوو ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی حاکم مەبەست و ئارەزوویەتی هەموو کات بۆتە هۆی ئەوەی کە لە سیاسەتی ئەحزابی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان یەک بان و دووهەوایی دروست بێ کە ئەویش جگە لە زەرەوزیانی گەورە هیچ دەسکەوتی بۆ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا نەبووە.

لە گەڵ ئەوەی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو دا وبە تایبەت دوای مەرگی خومەینی و بەدەسەلات گەیشتنی خامنەیی بە فرت و فێل و ساختە کاری بەردەوام کێشە وململانە لە نێوان باڵەکانی جۆراوجۆری دەسەلات لە ئێران دا هەبووە، بەڵام ئەو مەلملانەیە هیچ کات بە قەدەرئەم جارە کە لە ئاکامی کودتای بێ تەقەی سپای پاسداران لە دوای دەوری دەهەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری هاتۆتە ئاراوە کۆماری ئیسلامی تووشی تەنگەژە و قەیران ولێک هەڵوەشان لە ناوخۆیەوە نەکردووە و ئەوەتا لە دوای چەندین مانگ تێپەر بوون بە سەرهەڵبژاردن دا، شەقامەکانی تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران بوونەتە مەیدانی نارەزایەتی و بەربەرەکانی بە میلیۆنی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی.

ئەو جوڵانەوەی کە لە ئاکامی کودتای هەڵبژاردن هاتۆتە ئاراوە وخۆی بە "جوڵانەوەی سەوز" پێناسە دەکا بۆتە هۆی خولقاندنی کێشەی زۆرگرینگ بۆ کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمیش بەهەموو ڕێگایەوەکەوە هەوڵی لاوازکردن ولە ناوبردنی دەدا. مادام بە میلیۆنان لە خەڵک لە سەر شەقامەکانن ئەو جوڵانەوەیە بە کۆماری ئیسلامی سەهلە بە ئامریکاش کە گەورەترین زل هێزی جیهانە لە ناو ناچێ!

باشه ئەو جولانەوەیە كه تەفسیری جۆراجۆری لێ دەكرێ وسەرانی ناسراوی وەكوو "موسوی ، كروبی، خاتمی" داوای نەمانی كۆماری ئیسلامی ناكەن و دژایەتیان له گەڵ سیستمی "ویلایتی فقی" نیە وتەنیا بە قەولی خۆیان داوای هیندێك گۆران له ناو سیستم دا دەكەن و پێیان وایە كه قانونی ئەساسی كۆماری ئیسلامی زەرفیەتی ئاڵ و گۆری هەیە بە بێ ئەوەی لە ئەسلەكانی "انقلاب" و له ئامانجەكانی "امام خمینی" لابدەن و دووربكەوێتەوە، دەبێ بەرەو كام لا بڕوا و كام خەت وڕێبازی سیاسی بگرێ كه بگاتە سەركەوتن و كۆماری ئیسلامی لە مەیدان وەدەربنێ؟ ئایا هەربەوشێوازە كە موسەوی و كەروبی و خاتەمی باسی لێ دەكەن دەبێ بڕواتە پێش یان نەخێر دەبێ زۆر لەوەی كه هەیە رادیكاڵتر بكرێ بۆئەوەی ببێتە هۆی گۆرانی سەرەكی لە ئێراندا؟ ئایا چەندی دیكە خەڵك دەبێ شاهیدی مەرگی رۆڵەكانیان بن له سەرشەقامەكان و له ناو زیندانەكان دا؟

ئایا ئەو رێگا چارەی كه لە دواین بڵاوكراوەی موسەوی وكەروبی دا بۆ بە قەولی خۆیان چارەسەری كێشەی نێوان دەسەڵات و خەڵك پێشنیاركراون بەسن بۆئەوەی هەل و مەرجەكە ئارام بێتەوە ولە رێگای لێك تێگەیشتن و دانیشتن رێگا حەللی پێویست بدۆزرێتەوە؟ بە بڕوای من ئەوەی موسەوی و كەروبی دەیكەن زۆرتر بۆ ئەو هەڕەشە دەگەرێتەوە كە لێیان كراوە و ئەوانیش لە ترسی گیانی خۆیان و نزیكانیشیان و لە بەر بەرژەوەندی شەخسی خۆشیان بێ هەوڵی ئارام كردنەوەی وەزعەكە دەدەن، هەرچەند تاكوو ئێستا لە لایەن وەلی فەقی و داروەستە ی دەوڵەتی كودتا قسەكانیان بە هەند وەرنەگیراوە و تەنیا هەڕەشە و گوڕەشەی زیاتریان لێ كراوە. بە باوەری من ئەو پێشنیارانەی كە لە لایەن بە تایبەت موسەوی هاتۆتە گۆرێ هیچ شتێكی ئەوتۆی بۆگەلانی ئێران تێدا نیە.

لە پەیوەندیە دا، زۆرباس لەوە دەكرێ كە ئێمە ی كوردی رۆژهەڵات چۆن هەڵس وكەوت لە گەڵ جولانەوەی سەوزبكەین و لەوبارەشەوە بیروبۆچوون و ڕوانگەی جیاوازهەیە و بە داخەوە كوردی رۆژهەڵات بە گشتی دوچاری سەرلێشێواوی بووە و خۆی بۆ ساخ نابێتەوە كه ئایا له گەڵ جولانەوە سەوزبكەوێ، له تەنیشتی بڕوا ویان هەر له دوورەوە سەیری ڕووداوەكان بكا؟ بە بڕاوی من ئەگەرخۆمان هەرچاوەڕوان بین و وەكوو پیرێژنان لە بەرخۆمانەوە هەربۆڵە بۆڵمان بێ و نەزانین چمان دەوێ و بلێین بۆ جولانەوەی سەوزئێمەی كورد ناخوێنێتەوە، بۆچی مافەكانی ئێمەش لە بڵاو كراوەكانی موسەوی و كەروبی دا ڕەنگ ناداتەوە، ئەوە چاوەڕوانێكی بێ جێ یە.

هۆیەكەشی ئەوەیە كه بە عام ئەحزابی سەراسەری فارس زبان بە چەپ وبە راستەوە و چ ئەوانەی كە ئەمرۆ خۆیان وەكوو دم راستی جولانەوەی سەوزلە ناو خۆی ئێران و تەنانەت لە دەرەوەی ئێرانیش پێناسە دەكەن پێیان

خۆش نیە مەسەلەی کورد ببێتە مەسەلەی رۆژ و ئەوەندەی بۆشیان بکرێ بە سەری دا بازدەدەن، هەروەک دەبینین و بینیومانە کە لە میدیاکانی ناو خۆ وبە تایبەت دەرەوەی وڵات دا زۆرکەم باس لە رەنج و ئازاری کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و تەنانەت بە خشپە باس لە ئێعدامی رۆلەکانی کورد دەکەن، بەلام بۆهی خۆیان هەموو دونیا تێدەگەینن.

بۆئەوە مەبەستە دەکرێ ئاماژە بە رۆلی دوو میدیای فارس زمان بکەم کە بینەری یەکجار زۆریان لە ناوخۆ و دەرەوی ئێران هەیە کە ئەوانیش تەلەڤیزیۆنی بەشی فارسی ئامریکا و بی بی سی فارسین کە ئامانجدار ئەو سیاسەتە دەبەنە پێشەوە و هەوڵ دەدەن لە باسەکانی پەیوەندیدار بە ئێران کەمتر کێشەی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و یەک لەوان کورد بێتە بەرباس و هەولێشیان ئەوەیە کە لە ناو جوڵانەوەی سەوزیش دا ئەو نەخش و رۆلە بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران قایل نەبن و بە نیشاندانی ئەوەی کە گۆیا هەموو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ لە گەڵ جوڵانەوەی سەوزن و لە هێنانە بەرباسی فرە رەنگی یان بە فرە رەنگ کردنی ئەو جوڵانەوەی ترسیان هەیە.

بە بڕوای من کورد نابێ هەمان سیاسەتی هەڵەی کە لە سەد ساڵی رابردوو بەرێوە بردووە دیسان دووپات بکاتەوە. نابێ کورد چاوەڕوانی ئەوە بێ کە لە تاران وەکوو ناوەندی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی فارس و شێعە چ بڕیارێکی لە سەر چارەنووسی دەدەن. کورد دەبێ خۆی بە بەرنامە و دروشم وتاکتیک و ستراتیژی روونی خۆیەوە و بە ئاڵا و سەمبولی خۆیەوە بێتە مەیدان و لەو دەرفەتە کە هەر ۱۰۰ ساڵ جارێک دێتە پێش کەڵک وەربگرێ. ئەمرۆ باشترین و لەبارترین دەرفەتە بۆ کورد کە کێشەی خۆی بێنێتە بەرباس و هەوڵ بدا لە کێشەی نێوان باڵەکانی رێژیم لە لایەک و کێشەی خەڵک و دەسەڵات لە لایەکی دیکە ئەوپەری کەڵکی سیاسی خۆی وەرگرێ. ئێمەی کورد نابێ هەرچاوەڕوانی قەزا و قەدەربین و هەربە کوتنی "ئینشاڵلا بە وزوانە رێژیم دەروخێ "دڵی خۆمان خۆش بکەین و دەبێ خۆمان پێش دەستی بکەین و بوونی خۆمان و مافەکانمان بسەلمێنین.

ئێستا کە رۆژی ۲۲ی رێبەندان ۳۱ کەمین ساڵرۆژی شۆرشی گەلانی ئێران لە پێشە، با لەو دەرفەتە زێرینە ئەو پەرێ کەڵکی خۆمان وەرگرین و بەخۆ رێکخستن لە دەرەوە وناوەوی وڵات و بە هاودەنگی هاواری مافەکانی خۆمان بکەین. با چیدیکە سیاسەتی بێ دەنگی ڕەچاو نەکەین و هەر رۆژێک چاوڕەوانی تەرمی رۆلەیەکی ئێعدام کراوی

بنەماڵەیەکی کورد نەبین. ئەگەر هەموو هاودەنگ لە گەڵ باقی شارەکانی دیکەی ئێران لە مەیدان دابین، ڕێژیمی ئاخوندەکان ناتوانێ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ئاوا بێ ترس بکا بە قوربانی و پۆل پۆل ئێعدامیان بکا. کۆماری ئیسلامی زۆری پێ خۆشە کە کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران بکەونە پەراوێزەوە و خۆپێشاندان و نارەزایەتی هەموو شاروگوندەکانی ئێران نەگرێتەوە.

سکوتی بێ مانای ئێمەی کورد کە ٣٠ ساڵە بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیمان خەبات دەکەین هیچ دەسکەوتێکی بۆ ئێمەی کورد بە دواوە نابێ. جێگای خۆیەتی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو دەرفەتە لەبارە کە هاتۆتە پێش کەڵک وەرگرن و کێشە بێ ماناکانیان کە لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان دانیە وەلا بنێن و خۆیان ڕێکخەن و هەموویان یەک دەنگ لە گەڵ چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەشداری بەرینی میلیۆنی خەڵک لە ناو خۆ ودەرەوەی ئێران هەوڵ بدەن و بە دروشم و ڕەنگ و سەمبولی نەتەوەیی خۆمانەوە بە دونیا نیشان بدەن کە دەوڵەتی کودتا نوێنەرایەتی گەلانی ئێران و یەک لەوان کورد ناکا و هەموو گەلانی ئێران خوازیاری ئاڵ و گۆری بنەرەتی و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی سیکولار لە سەرئەساسی ڕێز لێنان لە مافی ئینسانەکانن بۆ داهاتووی ئێران.

٤ی ئەپریلی ٢٠١٠

---

## دەست لە کارکشانەوەی دیپلۆماتێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی و چەند وتەیەک

لە دوای کودتای سپای پاسداران و داسەپاندنەوەی مەحمودی ئەحمەدی نژاد بە سەرۆک کۆماری ڕێژیمی ئاخوندەکان بۆجاری دووهەم و هاتنە ئاراری جوڵانەوەیەکی سیاسی پان و بەرینی خەڵکی بە ناوی جوڵانەوەی سەوزو کوشتنی دەیان کەس و گرتن و زیندانی و ئەشکەنجە کردنی بە سەدانی تر، شەرعیەتی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی تاک ڕەوانەی وەلی فەقی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر چۆتە ژێر پرسیارو تەنانەت دیپلۆماتەکانی هەتا دوێنێ وەفادار بە ڕێژیم یەک لە دوای یەک خەریکن واز لە پۆستە دیپلۆماتیکەکانیان لە سەفارەتخانەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی

جۆراوجۆری دونیا دا دێنن و بە قەولی خۆیان "ئامادە نین چیدیکە خزمەتی ڕێژیمێک بکەن کە دژی خەڵکی ئێرانە."

بابەتێکی گرینگ و سرنج ڕاکێش کە لە قسەو وتووێژەکانی هەموو ئەو دیپلۆماتانای کە هەرکامیان زیاتر لە ٢٠ ساڵ خزمەتی کۆماری ئیسلامیان کردووە و ئێستا بڕیاریان داوە لە کۆماری ئیسلامی دابڕێن و هەمووشیان لە سەری هاودەنگن ئەوەیە کە "زۆربەی دیپلۆماتەکانی ئێرانی دژی ڕێژیمی ئێرانن". هەمووشیان هۆکاری ئەو دژایەتیە دەگەڕێننەوە بۆ" سەرکوتی بێ ڕەحمانەی خەڵکی ئێران بە دەستی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد". لە بەرامبەردا وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی هۆی دەست لە کار کشانەوەی ئەو دیپلۆماتانە دەگەڕێنێتەوە بۆ "ماوەی تەواو بوونی کاری ئەو دیپلۆماتانە."

دواین دیپلۆماتی کۆماری ئیسلامی کە دەست لە کار کشانەوەی خۆی ڕاگەیاند "حسین علی زادە" ٤٥ ساڵە وخاوەنی ژن و سێ منداڵە و نەفەری دووهەمی سەفارەتی ڕێژیم لە فەنلاندە کە ڕۆژی هەینی رابردوو وازهێنانی خۆی لە پۆستەکەی ڕاگەیاند و هۆیەکەشی بۆ "سەرکوتی شارومەندان لە ئێران گەڕاندەوە" و ڕاشیگەیاند کە" خۆی بە بەشێک لە جوڵانەوەی سەوزدەزانێ و چیدیکە خۆی بە دیپلۆماتی ڕێژیمێکی بێ ڕەحم نازانێ". ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ کە "ئەو بڕیارەی ئەو پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ناعادلانەی ساڵی ٢٠٠٩ وە هەیە کە داسەپاندنی ئەحمەدی نژادی بە سەرئێرانیەکاندا لێکەوتەوە.

ناوبراو ڕای وایە کە ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە ڕەفتاری موغولان دەچێ" وبە باوەری ناوبراو" ئەحمەدی نژاد نەتەنیا بۆ دونیا وناوچەکە بەڵکوو بۆ ئێرانیەکانیش کەسێکی مەترسی دارە ". ئەودیپلۆماتە لە وتووێژلە گەڵ "رادیوفردا" دا دەڵێ کە دوای ڕاگەیاندنی دەست لە کارکێشانەوەی چەندین ئیمایلی پڕلە هەڕەشەیان بۆ ناردووە کە تووشی ترس ودڵە ڕاوکەی زۆری کردووە". ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ "من دواین کەس نابم کە لە ڕێژیم دادەبڕێ و ٩٠ دەرسەد لە دیپلۆماتەکانی وەزارەتی دەرەوە نارازین و متمانەیان بە ئەحمەدی نژاد نیە."

پێشتریش کۆنسولی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە نورویژ بە ناوی "محمد رضا حیدری" بە نارەزایەتی بە سەرکوتی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ، دەست لە کار کشانەوەی خۆی ڕاگەیاند بوو وناوبراویش بە هەمان

شێوە لە لایەن ڕێژیمەوە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەڕەشەی لێ کرابوو. ناوبراو لە وتووێژێک دا دەڵێ "زۆر لە هاوڕێیانی من کە لە دەرەوەن و لە گەڵم لە پەیوەندی دابوون بە تەمای وازهێنان لە ڕێژیمن و بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە سایتەکان دا خوێندومەتەوە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، بەڵام ناو و پێناسەیان بڵاو نەکراوەتەوە و من لە راگەیەندراوەکەم دا باسی ئەوەم کردووە کە ئێمە وەکوو کۆنسولی ئێران پارێزەری بەرژەوەندی خەڵکین و کوتومە کە ئەگەر، ئامانجی ئێمە خزمەت بە خەڵک وئێرانیەکانە، دەبێ لەو هەل و مەرجە دا لە تەنیشت خەڵک راوەستین، بۆ ئەوەی بتوانین پێش بە دیکتاتۆری و ئیستبداد لە دژی خەڵک بگرین.

دیپلۆماتی سێهەمی کۆماری ئیسلامی دا کە لە ماوەی یەک ساڵ ونیوی رابردوو دەستی لە کار کێشاوەتەوە " ابولفضل اسلامی" ڕاوێژکاری پێشووی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە تۆکیۆیۆی ژاپۆنە و ناوبراویش هۆی وازهێنان لە کۆماری ئیسلامی دەگەڕێنێتەوە بۆ" توندوتیژیەکانی دەوڵەت لە دژی خەڵکی ئێران". ناوبراو لە نامەیەک دا کە بڵاوی کردۆتەوە مەسەلەیەکی زۆرگرینگ ئاشکرا دەکا ودەنووسێ " لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو دا و لە پەیوەندی لە گەڵ قەتڵی پەروەندەی "زهراکاظمی" ئاگاداری زۆرمەسەلەی گرینگ بووم کە لە دانیشتن وچاوپێکەوتنەکانم لە گەڵ کارگێرانی دەزگا ئەمنیەتیەکانی ڕێژیم ڕاشکاوانە باسی لێکراوە و ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە حەزەراتی ئایات لە شاری قۆم لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەرکەس لە بەرامبەر ئیسلام دا ڕاوەستێ، موستەحەقی مەرگە ودەبێ ئێعدام بکرێ،ئەگەریش ئەو ئێعدام کردنانە لە بەرژەوەندی ڕێژیمش دانەبن. مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە، کەسانێک کە لە زیندان ئازاد دەکرێن، دەبێ لە زیندان دا ئەوەندە عەزابیان کێشابێ کە لە کاتی ئازاد بوونیان دا تەنیا جەستەیەکی بێ رووحیان لێ مابێتەوە، بۆئەوەی ببنە دەرسی عیبرەت بۆ ناسیاووخزم وقەومیان."

کۆی ئەو ڕووداوانە و هۆی وازهێنان و دوورکەوتنەوەی دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆرا و جۆری جیهان دا خۆی نیشانەی ئەو پەڕی قەیرانی سیاسی لە ناو وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم دەگەیێنێ کە زۆربەی هەرە زۆری دیپلۆماتەکانی ڕێژیم بە وتەی ئەو سێ دیپلۆماتە لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەتەکانی سەرکوتی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێرانن و بۆیە چیدیکە ویژدانیان قبوڵ ناکا کە خۆیان لە بەرەی دەوڵەتی کودتایی سەرکوت کەری ئەحمەدی نژاد دا ببینەوە. دوور کەوتنەوەی ئەو دیپلۆماتانە لە کۆماری ئیسلامی و پێناسە کردنی ئەو ڕێژیمە لە لایەن ئەوانەوە وەکوو ڕێژیمێکی دژی گەلی ئەو راستیەش بە رۆژئاواییەکان دەسەلمێنێ کە سەفارەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی گەلانی ئێران ناکەن، بەڵکوو

تەنیا و تەنیا مل کەچی ئەمروفەرمان و بەرێوەبەری سیاسەتەکانی دەوڵەتی کودتایی وەلی فەقی و سەرۆک کۆمارە داسەپاوەکەی ئەون.

٤ی مارچی ٢٠١٠

# بابەت و نوسراوەکانی  ساڵی ٢٠١١

## دونیا ١٠ ساڵ دوای کارەساتی ١١ی سیپتامبر

١١ی سیپتامبری ئەم ساڵ ١٠ ساڵ بە سەرکردەوە تێرۆریستیەکانی سەر خاکی ئامریکا کە شاری نیویۆرک و دەڤەری واشنگتۆنی گرتەوە وبوو بە هۆی کوژرانی چەند هەزار کەسی بێتاوان تێدەپەرێ.

رێکخراوی تێرۆریستی "القاعده" بە سەرۆکایەتی "ئوسامه بن لادن" بە شانازیەوە بەرپرسیارێتی ئەو کردەوە درندانەیەی گرتە ئەستۆو وکوشتنی خەڵکی بێ تاوانی ئەو وڵاتەی وەکوو سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئیسلام پێناسە دەکا ورای وایە کە بەوکردەوە تێرۆریستیەی شەرِی دژی کافران دەکا ورژاندنی خوێنی ئامریکاییەکان وەکوو جیهاد لە دژی کوفر وشەیتان پێناسە دەکا. لە بەرامبەر ئەو تاوانە و کردەوەی تێرۆریستی تاوانبارانە دا بە میلیۆنان لە خەڵکانی وڵاتانی جیهان هاودەردی خۆیان لە گەڵ حکومەت وخەڵکی ئامریکا دەربرِی و ئەو کردەوە تێرۆریستیەیان بە توندی مەحکوم و شەرمەزار کرد.

چەند مانگ دوای ئەو تاوانە دژە مرۆڤایەتیە کە دونیای هەژاند و هاودەردەی بە میلیۆنان کەس لە میللەتانی دونیای بۆلای خەڵک وحکومەتی ئامریکای راکێشا، سوپای ئامریکا بە فەرمانی سەرۆک کۆماری ئەو کات، جۆرج

دەبلیوبوشی کوڕ لە دژکردەوەیەکی توندی نیزامی دا پەلاماری سەربازی بۆ سەر وڵاتی ئەفغانستان دەست پێکرد ولە ماوەیەکی کورت دا دەسەڵاتی شوم و ڕەشی تالەبانی تێکەوە پێچاو وحکومەتی سەدەکانی ناوەراستی کۆمەلێک ئاخوند وبەچکە ئاخوندی کۆنەپەرەستی رووخاندو سەرانی تالیبان و قاعیدەش لە ژێرگوشاری سەربازی ئامریکا لە ئەفغانستان ڕایانکرد و بن لادێن و مەلا عومەر لە ترسی گیانیان ژیانی نەهێنیان هەڵبژارد.

کارەساتی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ بوو بە هۆی نوختە وەرچەرخانێکی گرینگ لە پەیوەندی سیاسی ،ئابوری، کۆمەلایەتی و کولتوری نێوان رۆژئاوا ورۆژهەلات، بە تایبەت لە نێوان دونیای ئیسلام و مەسیحیەت و لە راستیدا روانگەی نژادپەرە ستانە لە رۆژئاوا بە گشتی دژ بە ئیسلام و ولاتانی ئیسلامی زۆر بە هێزتر بووە و هەڵس و کەوت و دروست بوون و بە هێز بوونی پێگەی سیاسی ئەحزابی راسیستی توندڕە و پەلاماری دژ بە موسولمانان و نفرەت لە ئیسلام و موسولمانان رۆژ لە گەڵ رۆژ لە پەرە ئەستاندن دایە. کردەوەی تێرۆریستی هاوینی ئەم ساڵ کە لاوێکی نوروێژی بە فەخر و شانازیەوە تاوانەکەی وەئەستۆگرت و بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی نزیک بە یەک سەدکەس نیشانەی نفرەتێکی زۆرە کە ئەو شەخسە بە نیسبەت موسولمانان هەیەتی و بە قەولی خۆی بە ئەنجام دانی ئەو کردەوە تێرۆریستی یە دەیهەوێ بیروڕای نوروێژ ویەکێتی ئوروپا لە مەترسی زۆربوونی موسولمانان وهەڕەشەی کولتوری ولاتانی ئیسلامی ئاگادار بکاتەوە وهانی ئوروپیەکان دەدا کە موسولمانەکان لە وڵاتەکانیان دەربکەن.

لەوپەری دونیا لەئامریکا، قەشەیەک بە ئاشکرا بانگەشە بۆ سووتاندنی قورعان دەکا و لە بەرچاوی کامێراکان قورعان دەسوتێنێ و راستەوخۆ سوکایەتی بە موسولمانان دەکا وئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەلە پاکستان وئەفغانستان و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی دژ کردەوەی توندی بە دوادا بێ و ئەو دژکردەوانەش نیشانەی قەیرانێکی گەورەیە کە لە نێوان ئیسلام ومەسیحیەت دا لە ئارادایە و لە راستیدا گروپە توند رەوەکان لە هەردوولا و سیاسەتوانان و حکومەتەکانی رۆژئاواش و رۆژهەڵاتیش خەتابار وبەرپرسیارن لە دروست بوونی ئەو قەیرانە.

سیاسەتەکانی حکومەتی بوش لە دوای ١١ی سیپتامبر زۆرترهەوڵ دان بوو بۆ تۆلە ئەستاندەوە لەو کەس وگروپ و حکومەتانەی کە بە باوەری ئامریکاییەکان لە پشتی کارەساتی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ بوون وببوونە هۆی ئەوەی کە زەبرێکی کاریگەرو قەرەبوو نەکراوە وەغرور و هێژمونی سیاسی و کولتوری و ئابوری و ئاینی ئامریکا و خەڵکەی

بکەوێ. پەلاماری نیزامی ئامریکا بە ئەفغانستان کۆتایی نەهات و ئەو جاربە هۆی گوێ ڕایەل نەبوونی سەدام بە داواکانی رۆژئاوا وياخی بوونی ناوبراو لە دوای شکستی نیزامی لەشکرەکانی لە کویت لە ١٩٩١ دا لە بەرامبەر ئامریکا وهاوپەیمانانی دا، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا هێزەکانی ئامریکا بە پشتیوانی بریتانیا و چەند وڵاتی دیکە وبە بێ رەزامەندی باقی ئەندامانی دایمی و کاتی شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان پەلاماری سەبازی بۆ سەر رێژیمی سەدام حوسین دەست پێکردولە ماوەی مانگێکدا دەسەڵاتی بەعسی لە عێراق تێکەوە پێچا. رووداوەکانی دوای رووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسین و تەنانەت لە سێدارە دانی سەدام حوسین و کوشتنی کوڕەکانیشی بە پێچەوانەی چاوەڕوانی کاربەدەستانی سیاسی و نیزامی ئامریکا بوونە هۆی دروست بوونی خۆرێکخستنەوەی هێزەکانی بەعس و حزوری چەکدارەکانی گروپی ئەلقاعیدە لە عێراقدا و بەرە بەرە سوپای ئامریکای تووشی شەرێکی زۆرخوێناوی و نەخوازرا و پڕلە زەرەرو زیان کرد کە لە ئاکام دا نزیک بە ٥ هەزار سەربازی ئامریکا بە شێوەی جۆراوجۆر لە ناوچە جیاوازە عەرەب نشینەکانی عێراق کوژران و بە سەدانیش بریندار بوون. لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی سەرۆک ئۆباما لە حیزبی دێموکراتی ئامریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ سیاسەتی ئامریکا لە دروشمی شەڕ لە دژی تێرۆریزم ئاڵ و گۆری بە سەر داهاتووە و بەردەوام سەرۆک ئۆباما لە وتارەکانی دا هەوڵی داوە وانیشان بدا کە ئامریکا لە دژی ئیسلام و موسولمانان نیە و ئامانجی تۆلەکردنەوەی تەنیا و تەنیا گروپە تێرۆریستیەکان و لە سەرەوەی هەمووان گروپی "القاعدە" دەگرێتەوە.

تاکوو پێش دەست پێکردنی سەرهەڵدانەکانی گەلانی وەزاڵە هاتوو لە دژی گەندەڵی و دیکتاتۆری لە وڵاتانی عەرەبی دا کە بە "بەهاری عەرەبی" ناسراوە، سیاسەتی ئامریکا و هاوپەیمانانی تەعامول و پشتیوانی لەو دیکتاتۆرانە بوو کەحاکمی موتلەقی وڵاتەکانی خۆیان بوون و رۆژئاواش پێی وابوو بە پشتیوانی کردنی لەو دیکتاتۆرانە دەتوانێ شەڕی دژی تێرۆریزم بباتەوە. راپەرین و شۆرشی گەلانی وڵاتانی عەرەبی ئەو سیاسەتەی رۆژئاوای تووشی هەرەس هێنان کرد وبۆ هەموو لایک بە باشی دەرکەوت کە سیاسەتی چەواشە کارانە وپڕلە هەڵەی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا جگە لە کارەسات و دواکەوتوویی و بێ مافی وبێ بەشی چیدیکەی لێ شین نەبووە. سیاسەتێک کە نەک هەرتێرۆریزم ئیسلامی لاواز نەکردووە، بەڵکوو بە هۆی پشتگری وڵاتانی تێرۆریست و تێرۆریست پەروەری وەکوو سوریە، لیبی و ئێران کە هەم پشتگری لە تێرۆریزمی نێو دەوڵەتی دەکەن و هەمیش خۆیان سیاسەتی تێرۆریزمی دەولەتی لە ناو خۆی ولاتەکانیان دژ بە گەلانی بێ بەش و یەک لەوان گەلی کورد بەرێوە دەبەن هەر بەردەوامە.

راپەرینی خەڵکانی وەزاڵە هاتوو لە دەسەڵاتی دەیان ساڵەی دیکتاتۆری لە تونس، میسر، لیبی، بەحرەین، سوریە و ئێرانیش ئەو راستیەی بۆ رۆژئاوا دەرخست کە خەڵکانی ئەو وڵاتانە چیدی ئەو دیکتاتۆرانەیان ناوێ کە بە پشتیوانی ماڵی و نیزامی رۆژئاوا خەڵکانی وڵاتانی خۆیان دەکوژن و دەچەوسێنەوە. رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا بە ناچار ولە ژێر زەختی خەباتی ئازادیخوازی خەڵکانی ئەو وڵاتانە ناچار و بە پەلە پشتیان لە سەرۆک کۆماری میسر و تونس و لیبی و ئێستاش سوریە کردووە و بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانیان هەروا بپارێزن کەوتونەتە پشتیوانی ئەو راپەرینانە و تەنانەت لە کەیسی لیبی دەبینین کە هێزەکانی ناتۆ بۆ ماوەی مانگێک سوپاو هێزەکانی وەفادار بە "معمرقزافی" بۆمباران دەکەن و چەک و پارە دەنێرن بۆ دژبەرانی چەکداری سەرۆکی لیبی کە چەندین مانگە تووشی شەرێکی خوێناوی و ماڵ وێرانکەر بوونە. ئاکامی ئەو شەڕە تاکوو ئیستا بۆتە هۆی رووخانی دەسەڵاتی قەزافی و ناوبراو بە وێنەی سەدامی دیکتاتۆر وێرای کوڕەکانی کونە مشکیان لێ بۆتە قەیسەری.

ئایا گروپەکانی وەفادار بە قەزافی هەروا بە سادەیی کۆڵ دەدەن وچەکەکانیان دادەنێن و ئایا قەزافی و کوڕەکانی سووردەبن لە سەر بەردەوامی شەڕ یان خۆیان تەسلیم دەکەن و یان دەبنە پەنابەری ولاتێک جارێ نادیارە، بەڵام ئەوەی کە روونە ئەوەیە کە ئیدی هیچ کات قەزافی و کوڕەکانی دەستیان بە دەسەڵاتی سیاسی لە لیبی ناگاتەوە و ئەوانیش دەبنە بەشێک لە مێژوو.

لە وڵاتێکی دیکەی عەرەبی، واتە لە سوریە، دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەشارئەسەدیش کەوتۆتە قەیرانێکی گەورەوە وسەرەرای کوشتن وبریندارکردنی چەند هەزارکەس لە خەڵکی سوریە، هێشتاش بە تەمایە بە پشتیوانی دۆلار و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی دەنگی میلیۆنان کەس لە خەڵکی نارازی بێ دەنگ بکا وهەمیسان وەکوو پێشوو خۆیان بە سەرخەڵک دا بسەپێنەوە. دەرەنجامی هەموو رووداوەکان باس لەوەی دەکەن کە دەسەلاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەد وحیزبی بەعسی سوریەش کە چوار دەهەیە خۆیان بە سەرخەڵکی ئەو وڵاتە دا داسەپاندووە ناتوانێ ماوەیەکی زۆر خۆی لە بەردەم دەنگی نارەزایەتی میلیۆنان کەس لە عەرەب و کورد ڕابگرێ وئەوانیش جێگایان نێو زبڵدانی مێژوویە.

لە گەڵ دەست پێکردنی راپەرینەکانی وڵاتانی عەرەبی کە بە "بەهاری عەرەبی" پێناسەی بۆ دەکرێ و داخوازی گەلان بۆ ڕزگار بوون لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان، ترس ودڵە ڕاوکە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش

گرتۆتەوە و هەم کۆماری شیعەی ئیسلامی وهەم کۆماری تورکیە کەوتونەتە خۆبۆئەوەی بە هەرجۆرێک و لە هەر ڕێگایەکەوە کە بۆیان دەکرێ پێش بە هاتنی ئەو شەپۆلە بۆ ناو وڵاتەکەیان بگرن و هەرکامەیان بە سیاسەت و ڕوانگەی خۆیەوە لە کێ بەرکێ دان بۆ ئەوەی لە سیاسەتەکانی ناوچەکەدا جێ پەنجەیان دیار بێ. سەرەرای بەرژەوەندی جۆراوجۆریان لە سەر پرسە جیاوازەکان و گرژی مابەینیان، لە سەرکێشەی کورد هەر دووکیان هاوبەشن. کۆماری ئیسلامی ماوەی چەند ساڵە و هەر بە مابەینی چەند مانگان بەشێکی بەرچاو لە ناوچە سنوریەکانی نێوان باشور ورۆژهەلاتی کوردستانی بە بیانوی بوونی هێزەکانی دژبەری خۆی تۆپباران کردووە و هەموو جارێ زەرەرو زیانێکی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە چ لە باری مالی و چ لە باری گیانیەوە گەیاندووە. هێرشی ئەو جارەی هێزەکانی سپای پاسداران بۆ سەر ناوچەکانی سەر بە قەندیل بە بیانوی شەڕ لە دژی پژاک و تۆپباران کردنی ناوچەکە ماوەی زیاتر لە مانگێکە بەردەوامە و تاکوو ئێستا بە هۆی ئەو تۆپباران و شەڕانە خەڵکێکی زۆری ناوچەکە ئاوارە بوون و ژمارەیەکیش کوژراون و بریندار بوون. هاوکات لە گەڵ ئەو هێرشانەی کۆماری ئیسلامی، سوپای داگیرکەری تورکیەش دەستی کردووە بە هێرشی هەوایی و لە ئاکامی ئەو هێرشانە دا بنەماڵەیەکی حەوت کەسی بوونە قوربانی سیاسەتی داگیرکارانەی کەمالیستە ڕەگەزپەرەستەکان و زەرەرو زیانێکی زۆر و ماڵ و ملک و ژینگەی ناوچەکە کەوتووە.

ئەو دوو وڵاتەی داگیرکەری کوردستان باس لە هێرش بۆ سەر بە قەولی خۆیان "تێرۆریستەکان" دەکەن وئەوە لە حالێکدایە کە ئەو دوو دەوڵەتە خۆیان سیاسەتی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە کوردستان بەرێوە دەبەن و خۆیان بەشێکن لە تێرۆریزمی نێونەتەوەیی. ئەو دوو دەوڵەتە نەک لە ناوچوارچێوەی وڵاتەکانیان دا بەڵکوو لە دەرەوەی سنورەکانیشیان دا پشتگری لە تێرۆریزم و تێرۆریستان دەکەن و بەردەوام بە دەست تێوەردانی کاروباری عێراق و باشوری کوردستان بوونەتە بەربەست لە مەرچارەسەری کێشەی ناوچە داگیرکراوەکانی باشوری کوردستان و جێ بە جێ کردنی مادەی ١٤٠ی دەستور و گەڕاندنەوەی ئەو ناوچە داگیرکراوانە بۆ سەرهەرێمی کوردستان.

ئێستا کە هێزەکانی ئامریکا وا خەریکن تاکوو کۆتایی ئەم ساڵ بە تەواوی لە عێراق بچنە دەر، هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان دەیانهەوێ جێگەوپێگەی خۆیان لە عێراق دا بە هێزتر بکەن و بە فشار خستەنە سەرحکومەتی هەرێم سیاسەتە گڵاوەکانیان جێ بە جێ بکەن و دیسان کورد بە دەستی کورد بە کوشت بدەن و یەکێک لە ئامانجەکانی تۆپ و بۆمبارانی ناوچە سنوریەکان و هەڕەشەی هێرشی سەربازی بۆ سەر باشور بۆ بێ

دەنگ کردنی دەنگی ماف خوازانە و حەق خوازانەی کورد لە رۆژهەلات و باکوری کوردستانە و دوور ڕاگرتنی کوردی باشور لە مەڕ بیرکردنەوە لە هێنانە بەر باسی داوای سەربەخۆیی.

مەسەلەیەکی دیکەی کە هەر دوو دەولەت هەولی بۆ دەدەن لاواز کردنی دەسەلاتی سیاسی و ئابوری باشوری کوردستانە و بۆ ئەومەبەستە داوا دەکەن کە هێزەکانی سوپای عێراق بگەرێنەوە بۆ سەر سنورەکان و لە نێوان سنورەکانی دەستکردی ئێران و تورکیە جێگیر بن. لە ئەگەری جێ بەجێ بوونی ئەو داوایە مەرگی دەسەلاتی سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان حەتمی یە.

لە دوای ١٠ساڵ بە سەر کارەساتی ١١ی سیپتامبر، شەڕی ئامریکا و هاوپەیمانانی لە دژی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی هەروا بەردەوامە و هەر چەند ئامریکا دوای چەند ساڵ گەڕان بە دوای "ئوسامە بن لادن" توانی لە پاکستان جێگەی ژیانی بدۆزێتەوە و لە عەمەلیاتێکی سەربازی دا لە ناوی بەرێ و هەرچەند ژمارەیەکی بەر چاوی دیکە لە مۆرە گرینگەکانی "القاعدە" تاکوو ئێستا یان کوژراون و یان دەست بە سەر کراون، بەلام بە بوونی دەولەتانی تیرۆریست و تێرۆریست پەروەر و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی، گروپە تێرۆریستیەکانی ناوچەکە وا بە سانایی لاواز نابن.

بۆ ئەوەی دەستی تێرۆریزمی ئیسلامی لە سیاسەتی ناوچە ونێونەتەوەیی کورت بکرێتەوە پێویستە رۆژئاوا پشتی داخوازی گەلانی بێ بەش و چەوساوە بگرێ و سیاسەتی پەرەپێدانی دیموکراسی و کۆمەلگایەکی ئازاد و سەردەمیانە بکەنە سیاسەتی رۆژیان و گەلانی ناوچەکەش و بە تایبەت کوردەکانیش یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی بە مافە نەتەوەییەکانیان بگەن و کوردیش بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەبێ لەو دەرفەتە زێرینەی کە لە ناوچەکە دا پێش هاتووە ئەو پەڕی کەلکی خۆی وەربگرێ و ئەو هەلە بە باشی بقۆزێتەوە و سیاسەتێکی تۆکمەی نەتەوەیی بگرێتە بەر .بۆ ئەو مەبەستە پێویستە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەرە لە نێوان هێزەکانی کوردی پێک بێ و لە هەمان کاتیشدا بەرەیەکی بەرین لە حیزبە سیاسیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان پێویستێکی گەلێک گرینک و حەیاتی یە بۆ ئەوەی هاوکاری وهاوپشتی کوردلە هەموو بەشەکانی کوردستان لە یەکترپتەوتر بێ و سیاسەتی چارەسەری کێشەی کوردی وەکوو چارەنووسی یەک نەتەوە لە کۆمەلگای نێو نەتەوەییدا بێتە بەر باس و ئامانجیش هەوڵ دان بێ لە پێناو دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئەوەش تەنیا زامنی کۆتایی هێنان بە دەست درێژی

داگیرکەران و تەحقیری نەتەوەیی کورد دەبێ کە چەندین سەدەیە لە دژی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەرێوە دەچێ.

١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١١

---

## بۆ شاعیری نەتەوەیی گەل و نیشتمان، مامۆستا هێمن موکریانی

لێرەوە، لە وڵاتی سەهۆڵبەندان و بەفرو سەرماوە، لە وڵاتی بێ هەتاو، لە وڵاتێ کە زۆربەی وەرزەکانی ساڵی تاریکن، لە وڵاتی بێ بەهارو گەزیزە و نێرگزو سوێسن و بەیبون و هەڵالەوە، لە وڵاتی بێ چیا و کانیاو، بێ بەش لە خورەی قەڵبەزەی ئاوهەلدێر، بێ بەش لە قاسپەی کەوی کۆساران و شمشالی قالە مەڕە و شەنگە بێری ڕەشماڵان و لاوک و حەیران و بەیتان، بێ بەش لە چریکەی بولبولان ودەنگی بە سۆزی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و زیرەک و ماملێ، بە نوکی خامەی کۆڵم، بە دڵێکی ماتەم گرتوو بە تۆزی غوربەتەوە، بە چاوانی کزبوولە سوێی ڕزگاری نیشتمانی داگیرکراو ودابەش کراوم ئەو چەند دێرە لە بیرەوەریی کۆچت دا دەنووسم.

هۆ بیرمەندە مەزنەکەی نیشتمانی دابەش کراوی کوردان، منیش ساڵانێکی دوورودرێژە لە تاراوگە دەژیم وبە درێژایی ئەو ساڵانە ئێرە بۆ من نامۆ بووە و خووم پێرە نەگرتووە.

دوورکەوتنەوە لە زێدونیشتمان بۆم دژوار بوو، هەر چەند لە نێو کەس و کاروخزم و ناسیاوانم دا دەژیام، بەڵام هەستم بە نامۆیی دەکرد. نامۆ لەوەیکە دەوروبەرم لێم تێنەدەگەیشتن، بیرو هۆش و ئەندێشەم لە زیندانێکی تەنراو بە بیری تاریکی و شەوپەرەستی گەمارۆ درابوو، ڕێگام پێ نەدەدرا وەکوو ئینسان بیربکەمەوەو حەقیقەتی بوونی ژیان بزانم. ڕێگام نەبوو دەنگ هەڵبڕم و ڕەخنە لە شتە ناشیرنەکانی داسەپاو و نەخوازراو بە سەر کۆمەڵگادا بگرم. هەستم بە خەفە بوون دەکردو نەمدەتوانی ئازادانەپڕ بە سییەکانم هەوای ساف و بێگەرد هەڵمژم و بە بێ ترس و دڵە ڕاوکە تێربە چاوانم لە جوانی سروشتی نیشتمانی داگیرکراوم بڕوانم.

بۆیە، پێویستیم بە هەڵمژینی هەوایەکی نوێ بوو، بەدیتنی ئاسمانێکی شین وبێ گەرد، هەوڵم ڕزگاربوون بوو لەو گۆمە کەسیفە بۆگە نیوەپەنگ خواردوە، دەم هەویست بە دەریا بگەم و شەپۆلەکانی ببینم.

دەم هەویست بڕۆم تاکوو چیدی چاوم لە خونچە ژاکاوەکانی باغانی وڵاتم نەبێ، چیدی سوتانی گوندەکان و کوژرانی مرۆڤە هەژارە بێ بەشەکان نەبینم، چیدی گریانی منداڵانی هەتیو نەبیسم، چیدی گوێم لە ئاهو و ناڵەی دایکانی رۆڵە شەهید کراو نەبێ، چیدی باوکانی پشت چەماو وخۆشکانی ڕەش پۆش نەبێنم و چیدی بۆنی شیمیایی و خەردەل و باروت و مەرگ روح و مێشکم ئازارنەدا و چیدیکە کەم ئەندام بوونی مرۆڤە چارەڕەشەکان بە هۆی تەقینەوەی مین نەبینم و لە جیاتی گرمەی بۆمبا حەزم بە قاسپەی کەوی کۆساران و بولبولی نێودارستانان دەکرد. هەوڵم دا کەلە دەست بیرو هزرەکانی چەوتی دژبە مرۆڤایەتی کە تەعبیرلە سەدەکانی ناوەراست دەکەن و بەردەوام هەڕەشەن بۆ سەربیرمەندانی نوێ خوازی لە چەشنی تۆی شاعیری ناسک هەست و ناسک خەیاڵ کە بە درێژایی ژیانیان عاشقی چیاو بەندەن و دۆل و کانیاو و ئاوهەڵدێر و رووبارو سروشت و ئازادی کوردستانی خۆشەویستن ڕابکەم و خۆم لە ژێرسێبەری شومی کۆنەپەرەستی ڕزگار بکەم.

ئاخرلە تاراوگەی وڵاتی خۆماندا، زۆرلە مێژە بیروئەندێشەی ئینسانی و یەکسانی خوازانەی کەڵە پیاوانی وەکوو تۆی هێژا بە گوناح و حەرام و کەفر و دژ بە خودا و پەیامبەران و کتێبە پیرۆزەکان پێناسەی بۆ دەکرێ و دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی کە نوێنەرایەتی کۆنەپەرەستی دەکا، بەردەوام لە هەناوی ڕەشی پڕلە قین ونفرەتی خۆیداو بە تێکلاوبوون لە گەڵ ئەهریمەن پەیتاپەیتا ئاوس دەبێ وئاکامی ئەولێک ئاڵانە ناپیرۆزەش چاندن و دەردانی تۆۆی دووبەرەکی و دژبەیەکتر بوون، تۆۆی دژ بەخۆشەویستی و عاشق بوون ودژ بە هەموو شتە جوان و ناسکەکانە کە کۆمەڵگای پێ ژەهراوی کردووە و وەکوو پەتایەکی کوشەندە هەموو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەراستی لە ژێرچنگی خۆی گرتووە. ئەو بیروهزرە قێزەونە کە سەرچاوە لە کۆنەپەرەستی ڕەشی سەدەکانی ناوەراستەوە دەگرێ، بۆ پاراستن ومانەوەی خۆی ئامادەیە کە هەموو کۆمەڵگای ئینسانی بکاتە قوربانی وئەوەی لای گرینگ نەبێ قەبول کردن و رێزلێنان لە مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانی و مافەکانێتی.

لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی دا زمانی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن و مەنتیق و ئاشتی برەوی نیە و تەنیا چەک و شەڕ و خوێن و کاول کاری قسەی هەوڵ و ئاخردەکا. دواکەوتویی و جەهالەت ریشەی زۆرقوڵی داکوتاوە و گەڕان بە دوای

ڕاستیەکان دا بە مانای لادانە لە ڕێبازی خوداوەندی و کافربوونە و دژایەتی کۆنەپەرەستی و خورافات بە مانای خستنە ژێرپرسیاری خالەقی زەوی و زەمانە و ئەوەش وەکوو خەیانەتێکی نەبەخشراو سەیردەکرێ و سزاکەشی چوونە ژێرپەتی سێدارە و کوشتن و سەربرینە.

لەوێ، لە غوربەتی ولاتی خۆمان دالەجیاتی خزمەتی باغ و گوڵ و دارستان، لە جیاتی چاندنی نەمامەکان، لە جیاتی ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤیەکان و ڕێزلێنان لە بیروئەندێشەی نوێ و سەردەمیانەی بیرمەندانی ماندوویی نەناس و خەمخۆری کۆمەڵگا و لە جیاتی بڵاو کردنەوەی تۆوی ئەوین و خۆشەویستی، گەردەلوولی نەزانی و جەهالەت و دواکەوتویی زۆر بێ رەحمانە هەمووجوانیەکان ڕادەماڵێ و چەقۆی خوێناوی دەستی چاوچنۆکان و تاریک پەرەستان ملی ناسکی خونچە و گوڵان دەپەڕێنێ و حوکمی زاڵمانەی جەلادەکان کۆت و بەند دەخنە ئەستۆی وشە ناسک وجوانەکان ولە نێو بەندیخانە تەنگ و تاریک ونماویەکاندا حەسرەتی دیتنی خۆر وروناکی بۆ هەتا هەتایە لە ناو دڵی پڕلە ئەوینی جوان پەرەستان وئەویندارانی جێژوانی خۆشەویستی ومرۆڤ بوون دا دەکوژن.

من تاراوگەی ولاتی خۆم بەرەو تاراوگەیەکی دووردەست جێ هێشت، بە وهیوایە ڕووناکی ببینم، تاکوو خەونە وەدی نەهاتۆکانم و ەدی بێنم. ڕۆیشتم تاکوو بە ئاوێکی ڕوون و بێ گەرد وگەش جەستەی شەکەتم بشۆم و خۆم لە گوناهەکانی تاراوگەی ولاتی خۆم پاک بکەمەوە.

ڕۆیشتم تاکوو بە دوای بوونی خۆم دا بگەڕێم، چونکە بە فەرمودەی تۆی مەزن "خۆم گومانم لە بوونی خۆم هەیە و هێشتاش پێناسەی ڕاستەقینەی خۆم نازانم وبەردەوام بە دوای بوونی خۆم داوێڵ وسەرگەردانم ولە خۆناساندنم لای بێگانەکاندا هەست بەبچووکی و شەرمەزاری دەکەم و بە دایم لە ناخی خۆمدا هەست بە کەماسی ڕاستەقینەی کەسایەتی خۆم دەکەم.

کەسایەتیەک کە بە ساڵانە لێم دزراوە ولەخۆشم نامۆکراوە، کەسایەتێک کە زمانی زگماکی لێ یاساخ کراوە وبۆی نیە باس لەهەست وسۆزی ئینسانی خۆی و جوانیەکانی سروشتی زێدونێشتمانەکەی بەو زمانە بکا کە یەکەم جار وشەی دایەو بابەی پێێ هێنایە سەرزار.

کەسایەتیەک کە لە کاتی پێهەڵگوتن و فەخرکردن بە کولتوروزمانێکی کە داگیرکەر بە سەری داسەپاندووە بە زمانێکی لوس و چەور وەکوو رووناکبیر و تێگەیشتووە و پێگەیشتوو و مرۆڤێکی سەردەمیانە و بەفەرهەنگ و مودێرن تاریفی لێ دەکرێ.

من لە تاراوگەی وڵاتی خۆم رۆیشتم تاکوو پێناسەی بوون بۆ خۆم دروست بکەم وچیدی وەکوو هەتیوان لە قون دەرکان نەکەوم و حیسابی مرۆڤم بۆ بکەن.

رۆیشتم تاکوو کەرامەتی دزراوم وەچەنگ بێنمەوە و بە دونیا بلێم کە بەلێ منیش بوونم هەیە و خاوەنی زمان و کولتور و مێژووی سەدان ساڵەم، خاوەنی نیشتمانی مادەکانم.

بەڵام گەورەم، من لە هەر دووک دین و دونیا بووم، لە تاراوگەی وڵاتی خۆم بێ بەش، ئینسان کوژ، دزێو و جەردە، کافری دژبە خوداو دین پێناسەمە و لێرەش وەکوو مرۆڤێکی سەر ڕەشی پێ پەتی بێ پەناوپەسیو، برسی و ڕاکردوو سەیرم دەکەن.

ئەی شاعیرە مەزنەکەی هەردەم ئاوارە ولە تاراوگە داژیاو، من هەم عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵم و هەمیش عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردی کوردستانم.

لێرە بە دڵێکی پڕلە حەسرەتەوە چاوەڕێی گەڕانەوە بۆ تاراوگەی وڵاتی خۆم دەکەم تاکوو بێمەوە گلکۆی پیرۆزت زیارەت بکەم ودەستە گوڵی ڕێزوئەمەگ ناسی لە سەرمەزارت دابنێم.

تۆش ئەی شاعیری دڵ پڕلە حەسرە تی ڕزگاری نیشتمان، روناکبیرە مەزنەکەی نیشتمانی بێ پێناسەی کوردان ئارام بنوو، دڵنیا بە رۆژێک خەونەکانی تۆ ومن ومیلیۆنان کوردی بێ بەش وماف خواز ونوێ خواز وەدی دێن.

١٤ی ئەپریلی ٢٠١١

## چەند بابەتێک بۆ کۆنگرەی ۱٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### هەڵسەنگاندنی دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەسەند کراوی کۆنگرەی 14

### "دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک وفیدراڵ دا"

لە فەسلی یەکەم و ماددەی یەکەم دالە شی کردنەوەی ئامانجی ستراتیژیکی حیزب دا هاتووە کە" ئامانجی ستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ و لە شێوەی کۆماری کوردستان دایە و یەکێتی داخوازانە و دادپەروەرانە، بەردی بناغەی پێوەندی کۆماری کوردستان لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە".

بە باوەری من لەو دروشمە دا چەندین لایەنی ناکۆک بەیەکتر دەبیندرێن کە لە کردەوە داجێ بە جێ کردنی ئەگەر نەلێم مەحاڵە، دەبێ بلێم گەلێک دژوارە ولە هەمان کاتیشدا لە پراکتیکدا کۆمەلێکی بەرچاو بەرهەڵستکاری هەیە کە لە پلەی یەکەم دا نەتەوەی دەسەڵاتدار یان باشترە بلێم ناسیۆنالیزمی فارسە کە خۆی بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی پێناسە دەکا و زمانی فارسی و مێژووی ئێرانی بە چەندین هەزارساڵەوە بە بەرهەم و دەسکەوتی هەوڵ وتێکۆشانی مرۆڤی فارس زمان پێناسە دەکا. ناسیۆنالیزمێک کە بەردەوام بۆ ڕەوایی دان بە مێژووی کۆنی سیاسی خۆی پشت بە شاهنامەی فردەوسی دەبەستێ و بۆ ناساندنی زمان و ئەدەبیاتی دێرینی ئێرانی نەک هی خۆی "حافز وسەعدی" دەکا بە بنەما و بۆ پێناسەی دینی خۆی ئیسلامی شیعەی ۱۲ ئیمامی کە لە سەردەمی پاشاکانی سەفەوی دا و بۆ خۆ دەرباز کردنی لە هوروژمی ئیسلامی سوونەی عەرەبی بە ئاینی فەرمی ئێران ناساندراوە و لە قانونی بنەرەتی کۆماری ئیسلامیش دا وەکوو ئەسلێکی هەرگیز نەگۆرپەسەند کراوە دەکاتە بنەما.

لە ماوەی یەک سەدەی رابردوو و تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ ئەو دوو خەتە فیکریە شان بە شان یەکتر لە سیاست و دیانەتی فارسە زمانەکان دا ڕەنگیان داوەتەوە و لە راستیدا دانانی بناغەی نوێ بیری ناسیۆنالیزمی فارسی یان پان ئیرانیزم وەکوو لایەنی سیاسی لە لایەک و پەرەپێدانی مەزهەبی شیعە لە ئێران و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بیری مەزن خوازی پان شیعیسم لە لایەکی دیکەوە دوو خەتی فکری سیاسی و مەزهەبی هاوتەریب

بوونە کە بە کردەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە بە پلان و بەرنامە بەرێوە چووە وبۆ چەسپاندنی ئەو دوو خەتە فیکریە لە ئێران و ناوچەکەدا، گەلانی دیکەی ئێران و ناوچەکە باجەکەیان داوە و زەرەمەندی سەرکیش لەو نێوە دا کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوونە.

لە پێشەکی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٤ بە روونی ئاماژە بەو مەسەلە کراوە و لە بە بەشێکی دا هاتووە کە "مەسەلەی کورد لە ئێران دا بەردەوام نەک لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی یەوە بەڵکوو لە لایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەڵاتی رەسمی و تەنانەت لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری و رووناکبیرانی ئێرانیشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێ کراوە".

لە درێژەی ئەو لێکدانەوە دا هاتووە "گرفتی ئەو ڕوانگەیە لەوەدایە کە لە بری ئەوەی نێوەرۆکی مەسەلەی کورد و مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لە سەرچارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە ڕێی چاونووقاندن و خۆ گێلکردن لەو راستی یە هەوڵ بۆ پاراستنی هێژێمونی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا، وەک تابۆ راگرتن و بە بنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، هیچ نیە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادێموکراتیک و شۆڤینیستی یە دا".

لێرە داپرسیارێکی گرینگ کەپێویستەلە حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەو حیزبانەی دیکەی کە وەکوو ئەوحیزبە خۆیان بە حیزبی نەتەوەیی پێناسە دەکەن و هەمووشیان خۆیان بە حیزبی پێشڕەوی خەباتی نەتەوایەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان یان بە پێێ ئەدەبیاتی ئەو حیزبانە "کوردستانی ئێران" پێناسە دەکەن ئەوەیە کەلە گەڵ دان پێدانان بەو راستیە کە ناسیۆنالیزمی فارس کە لەقالبی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دا دەسەڵاتداری ئێرانە و بەئاشکرا حاشا لەبوونی گەلانی دیکەی ئێران و لە زمان وفەرهەنگیان دەکا و بە هیچ جۆر فرەنەتەوە بوون و فرە زمانی ئێران ناسەلمێنێ و بەردەوام و بە شێوەیەکی تەواو دژە دێموکراتیک دژکردەوە لە دژی خودموختاری و بە فیدارالی کردنی ئێران لە خۆی نیشان دەدا و هەموو جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازانە وئاشتی خوازانە بە "تجزیە طلبی" پێناسە دەکا وئامادەیە کە بە چەک وڵامی خوازیارانی خودموختاری وفێدارالی بداتەوە، چۆن دەکرێ چاوەروانی ئەوەی لێ بکرێ کە مل بۆ مافە رەواکانی گەلانی دیکەی غەیری فارس ئیران دابنێ ولە رێگای دیالۆگەوە بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە و دێموکراتیکانە ئامادەی دابەش کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە

ئێراندا بێ؟

بە باوەری من قەیرانی فکری کە بەرۆکی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان وبەشێک لە نوخبەکانی ئەو پارچە لە نیشتمانی داگیرکراوی کوردانی گرتۆتەوە و سالانێکە وەکوو دۆلپا سواری شانیان بووە، ئەوەیە کە تاکوو ئێستاشی لەگەلْ بێ نەیانتوانیوە پێناسەی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان بکەن و بەردەوام لە قەیرانی خۆپێناسە کردن لەنێوان کورد بوون و ئێرانی بوون دابوونە!!! ئەو شێوازە فکری یە و بەردەوام بوون لە سەر یەک جۆر سیاسەت کردن بە تایبەت لە دوای نەمانی کۆماری کوردستان بۆتە هۆی ئەوەیکە بەردەوام حیزبی سیاسی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان چارەسەری کێشەی نەتەوەیی خۆی بە "بە دێموکراتیک کردنی ئێران" ببەستێتەوە و دروشمی" دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەهە ودوایش گۆرینی ئەو دروشمە بە فیدرالی و هەلگرتن و پەسەندکرانی لە لایەن بەشی زۆری ئەو هێزانە نەیتوانیوە ڕاشکاوانەو بە بێ ترس پێناسەی ڕاستەقینەی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان دا بکا !!!

خوێندنەوەی حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە کۆمەلگای ئێران لە بواری سیاسی وکۆمەلایەتی و جوغرافیەوە بەگشتی خوێندنەوەیەکی رووکەشانەیە و گۆرینی دروشمەکانیش لە خودموختاری بۆ فیدرالیزم زۆرتر بەرهەم و کاریگەری دەسەلاتی باشوری کوردستان بووە. ئەوەی کەلە باشوری کوردستان دروست بووە بەرهەمی کۆمەلێک هەل و مەرجی ناوخۆیی و دەرەکی عێراق بووە و شەرت نیە حەتمەن بە هەمان شێوە لە ئێرانیش دا دووپات ببێتەوە. سەرەرای تێپەربوونی ٢٠ سالْ بە سەر دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستاشی لە گەلْ بێ عەرەبەکانی عێراق بە باشوری کوردستان دەلێن :شیمالی عێراق ".

کێشەی فکری حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەوەی دایە کە پێیان خستۆتە نێو یەک کەوشەوە ولە سەر ئەوبۆچونەی خۆیان سوورن کە "چارەسەری کێشەی سیاسی کورد لە ئێران بەستراوەتەوە بە دێموکراتیک کردنی ئێران وئەوەش خۆی دەبێ بە گارانتی بۆ دابین کردن وپاراستنی مافەکانی کورد لە ئێراندا".
ئەو ڕوانگە لە سیاسەت کردنە نەک واقعبینانە نیە و بەلکوو بۆتە هۆی ئەوەی کە لە دوای نەمانی کۆماری کوردستان ناسیونالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان پاشەکشەی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ وتاکی کورد هەست بە بوون و پیناسە کردنی خۆی وەکوو کورد نەکا و لەوبارەوە کوردی رۆژهەلات زۆرلاوازە و ئەو لاوازیەش بۆتە هۆی

ئەوەی کە ئێستاشی لە گەڵ بێ حیزبی سیاسی کوردی لە رۆژهەڵات بە حیزبی دێموکراتی کوردستانیشەوە نەتوانێ پێناسەیەکی روون لە بەرنامەکەی دا لەچوارچێوەی جوغرافیایی رۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە ڕوو و بەردەوام سیاسەتێکی "موحافزکارانە ی" گرتۆتە پێش.

لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ناو "یەکگرتوو" دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران وخودموختاری بۆ کوردستان" جێگای خۆی دا بە "ئێرانێکی دێموکراتیک وفیدراڵ: ولە دوای لێک دابڕان وبوونی حیزب بە دووبەش، ئەو دروشمە لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە رەنگ ورووبەکی دیکەوە هاتەوە مەیدان و بەڵام ئەو جاربە ناوی "دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ دا". لە راستیدا هەمان فکر و عەقلیەت لەو دروشمەش دا رەنگی داوەتەوە، یانی چارەسەری کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیسان بەستراوەتەوە بە "ئێرانێکی دێموکراتیک "

بە نەزەری من سیاسەتێک کە ساڵانێکی دوورودرێژە تەجروبە کراوە و هیچ دەسکەوتێکی نەبووە دەبێ ئال وگۆری بەسەر دابێ و نابێ بەردەوام هەمان هەڵە بکرێتەوە و بیانوی ئەوەش بهێنرێتەوە کە گۆیا ئەوە "سیاسەتی واقعبینانەیە".

بە باوەری من دەبێ لە پلەی یەکەم دا بۆهەمیشە خۆمان لە کۆڵ ئەو فکرە بکەینەوە کە چارەسەری کێشەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵات بە "دێموکراتیک بوونی ئێران" بەستراوەتەوە و دەبێ لە گەڵ هەر ئاڵ وگۆرێک کە لە دونیا ولە جیهانی سیاسەتدا دێتە ئاراوە بتوانین رێکاری عەمەلیتر وکاریگەرتر بگرینە بەر کە لە ئامانجەکانمان نزیکمان بکاتەوە.

لە دوای هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤیەت ودروستی بوونی کۆمەڵێک دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ لە سەر نەخشەی دونیا و دوایش وڵاتی یوگوسلاوی بە هۆی سیاسەتی نژاد پەرەستانەی سێربەکان و لە ئاکامی دروست بوونی شەڕی ناوخۆ لێک هەڵوەشا و چەندین وڵاتی دیکەی لێ دروست بوو. لە دوای ئەوان خەباتی نەتەوە خوازای لە سەر ئەساسی دروست بوونی پێناسەی نەتەوەیی بوو بەهۆی ئەوەی کە "تەیموری شەرقی" دوای ساڵانێک خەبات و بەرخودان ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بچەسپێنی و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکا و دوای ئەویش نۆرە گەیشە

ئالبانی زمانەکانی کۆسۆڤۆ کە کەوتبونە بەر هروژمی ناسیۆنالیزمی سیربی و لە ئاکامی خۆراگری و خەبات لە پێناو چەسپاندنی ئیرادەی نەتەوەیان، ئالبانیەکانی کۆسۆڤۆش ئیرادەی نەتەوەیی خۆیان چەسپاند و دەوڵەتی نوێ کۆسۆڤۆ دروست بوو.

دواین نموونەی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیی گەلی باشوری سودان بوو کە دوای نێو سەدە خەبات و بەرگری توانیان ئیرادەی نەتەوەیی خۆیان بچەسپێنن و لە رێفراندۆمیکی مێژوویی دا زیاتر لە ٩٥ دەرسەد دەنگی بە سەربەخۆیی دا وبەوجۆرە ئەوانیش خۆیان لە ژێر دەسەلاتی موسولمانانی سودانی ڕزگار کرد. دروست بوونی پێناسەی نەتەوەیی ئەونەتەوانەو ڕزگار بوونیان لە ژێر دەستی داگیرکەری زێدو نیشتمانیان هیچ پەیوەندی بە دێموکراسیەوە نەبووە و ئەو وڵاتە داگیرکەرانە بە ساڵانێکی زۆریان پێویستە تاکوو بتوانن بکەونە سەر رێگای دێموکراسی.

لە سیاسەتی جیهانی دا کۆمەڵێک ئاڵ و گۆری بەرچاو و خێرا هاتۆتە گۆرێ کە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتانە پێویستی بە ئیرادەی بە هێزی سیاسی و نەتەوەیی هەیە و ئەو دەرفەتە زێرینەی کە ماوەی چەند مانگە جیهانی ئیسلامی عەرەبی شێواندووە و دەسەلاتی دیکتاتورانی خستۆتە لەرزینەوە و تاکوو ئێستاش دەسەلاتی دیکتاتۆری حوسنی موبارەک لە میسر و بن عەلی لە تونس رووخاون و چەندین دیکتاتۆری دیکەش لە نۆرەدان و سونامی ئاڵ وگۆر کە ئەوجار گەلانی ئەو وڵاتانە وەرێیان خستۆتە وا خەریکە رۆژهەڵاتی ناوەراستێکی نوێ دروست بکاتەوە، بەڵام ئەوجار لە سەرئیرادەی گەلانی ئەو وڵاتانە کە تینوی ئازادی ودێموکراسین، نەک سیاسەت و ئیرادەی ئیستعماری ئینگلیس و فەرانسە و ئیسپانیا و پرتەقاڵ و غەیرە کە بە ساڵان پشتی دیکتاتۆری ئەو وڵاتانەیەن گرتبوو وچاویان لە حاست پێشێل کردنی مافی مروڤ نووقاندبوو.

لە ئێرانی ژێر دەستی ئاخوندەکان و لە دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد وەکوو سەرۆک کۆمار و لە دوای کودتای سپای پاسداران لە هەڵبژاردنی دەوری دەهەمی سەرۆک کۆماری و داسەپاندنەوەی ناوبراو بە سەرۆک کۆمار جگە لە بێ بەشی و بێ مافی زیاتروبە میلیتاریزە کردنی زیاتری رۆژهەڵاتی کوردستان و زیندانی کردن وئێعدامی لاوانی کورد چیدیکەی بۆ کورد بە دواوە نەبووە وهیچ جۆر ئاڵ و گۆریک لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی فارس بەرچاو ناکەوێ کە رێزلە کورد و مافەکانی بگرێ وتەنانەت بەشێکی بەرچاولە بەناو ئەحزابی سەراسەری لە زۆر حالەت

دا سیاسەتی بێ دەنگیان بە نیسبەت ئەو سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستان بەڕێوە دەچێ هەڵبژاردووە و بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە ئێراندا نەبێ بە پرسی رۆژ ونەبێتە هۆی لاواز بوونی جیگەو پێگەی ناسیۆنالیزمی فارس.

لە دوای کودتای سپای پاسداران کە بە ئاشکرا لە دەنگی میلیۆنان لە دەنگدەرانی ئیرانی کرا و بە مل هوڕی مەحمودی ئەحمەدی نژادیان کردەوە بە سەرۆک کۆمار، جولانەوەیەک بە ناوی "جولانەوەی سەوز" کە پێش هەڵبژاردنەکان هاتبوو مەیدانی سیاسەت و بە ئالای سەوزی ئیمام حوسینی پێناسەی خۆی کرد کەوتە دژایەتی کردنی ئاکامی دەنگەکان و لە سەرەوەی ئەو جولانەوەیە میر حوسێن موسەوی و مەهدی کەروبی وەکوو دوو لە پالێوراوانی پۆستی سەرۆک کۆماری و رەقیبانی سەرەکی ئەحمەدی نژاد جێیان گرت و لە دواوەش کەسانی وەکوو خاتەمی و کۆمەلێک لە بە ناو "رێفۆرم خوازە میللی ـ مەزهەبیەکان" پشتی ئەو جولانەوەیان گرت و لە ماوەیەکی کەم داو بە گوێرەی هەوالەکان بە چەندین میلیۆن لە خەڵکی تارانیان هێنایە سەر شەقامەکان و دروشمی خۆپێشاندەران "دەنگی من کوانێ" بوو کە دژ کردەوەی توندی دەوڵەتی کودتایی وەلی فەقی بەدواوە و بوو و بە دەیان کەس کوژران و بە سەدانیش گیران و ڕەوانە ی گرتوخانەکان کران و سکاندالی گرتوخانەی "کهریزک" نموونەیەکی زۆر بچوک بوو کە لە راگەیاندنی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ ودەرەوە دا دەنگ دانەوەی زۆر گەورەی هەبوو و روخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو گەلانی ئێران و دونیا ئاشکراکرد.

لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵی رابردوو دا جولانەوەی سەوز کە ئامانجی سەرەکی گۆرینی رێژیمی ئاخوندە شیعەکان نیە و بە قەولی خۆیان تەنیا خوازیاری "رێفورمن" لەو رێژیمە دیکتاتۆرە دا، بەرە بەرە پاشەکشەی کردووە ولە راستیدا سەرانی ئەو جولانەوە کە بەشێکیان لە ناوخۆن وبەشێکیان لە دەرەوەن بە هۆی سیاسەتی دوورووییان وبێ بەرنامەییان نەک نەیان توانیوە پاشەکشە بە دەوڵەتی کودتا بکەن، بەڵکوو بوونە هۆی بێ هیوایی و نائۆمیدی زۆری لاینگرانی ئازادی و دێموکراسی خوازی و بە هۆی سیاسەتی بەردەوام لەپاشەکشەیان دا، بەشێکی زۆرلە نزیکانی خۆشیان کەوتونەتە زیندان وئێستاش وا کەروبی وموسەوی خۆیان دەست بەسەرن و لە ژێر چاوەدێری دان. جولانەوەی سەوز لەو ماوەیە دا دوو بڵاو کراوەی بە ناو "مەنشوری سەوز" بڵاو کردۆتەوە کە ئەوەی دووهەمیان بە قەولی خۆیان تەکمیل کردنی ئەوەی یەکەمیانە.

بە چاوخشاندنێک بە ناوەرۆکی ئەو مەنشورە دا بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی خۆیان لێ نەداوە و بە ئانقەست خۆیان لێ بواردووە، پێناسە کردنی ئێرانی فرە نەتەوەو فرە زمانە وهەمان بەیت وبالۆری پێشوو و حاشا کردن لە بوونی گەلانی دیکەی غەیری فارس دووپات کراوەتەوە ولە راستیدا ناوەرۆکی ئەو "مەنشورە" جیاوازێکی بەرچاوی لە گەڵ قانونی بنەرەتی کۆماری ئیسلامی نیە.

لە هەڵس و کەوت کردن و تەعامول لە گەڵ جولانەوەی سەوز دا ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز لە نێو کوردەکانی رۆژهەلات دروست بووە و بەشێک پێیان وایە کە دەبێ لە گەڵ جولانەوەی سەوز هاوکاری بکرێ و نابێ کورد خۆی تەریک بخاتەوە و لایەنی دیکەش هەن دەلێن کە ئێمە دەبێ بە دەنگ و دروشم و ئالای خۆمانەوە بەشدار بین و نابێ خۆمان پەراوێز بخەین و ڕوانگەیەکی دیکەش هەیە کە دەلێ موسەوی و کەروبی کە سالانیک خۆیان دەسەلاتدار بوون لەو نیزامە داو تەئیدی هەموو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیان کردووە، بۆئەوە نابن کە وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پشتیان پێ ببەستین و هیچ جیاوازێکیان لە گەڵ دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیە.

پرسیاری گرینگ کە لێرە دادێتە پێش ئەوەیە کە ڕوانگەی جولانەوەی سەوز بە نیسبەت کورد و مافەکانی لە رۆژهەلاتی کوردستان دا چۆنە وئایا ئەوان بە ئاشکرا دان بە کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز و بە مافەکانی دادەنێن و ئایا هەولیان داوە لە سیاسەتەکانیان دا لاپەرێکی نوێ لە مەڕ قەبوڵ کردنی ئێرانی فرە نەتەوە وفرە زمان هەڵدەنەوە؟

هەروەکوو لە سەرەوە باسم کرد سونامی ئاڵ و گۆری سیاسی ماوەی چەند مانگە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست وبەشی ئافریقای عەرەبی گرتۆتەوە و ئەو جار ئیرادەی گەلانی وەزالە هاتوو لە دیکتاتۆری و گەندەلی ئەو ولاتانەیە کە دوارۆژی سیاسی ولاتەکانیان دیاری دەکاو ئەگەر تاکوو چەند مانگ لەمەوبەر ئامریکاو ئورووپا پشتی دیکتاتۆرەکانی ئەو ولاتانەیان دەگرت کە هەرکامیان چەندین دەهەیە دەسەلاتداری یەکەمی ولاتەکەیانن، ئەو جار رۆژئاواش ناچارە خۆی لە گەڵ سونامی ئاڵ و گۆر بخا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیشیان بێ، چیدیکە پشتی دیکتاتۆرەکان نەگرن.

کورد دەبێ لە هەموو بەشەکانی کوردستان لەو دەرفەتە زێرینەی کە هاتۆتە پێش ئەو پەڕێ کەڵکی سیاسی خۆی وەرگرێ و بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی بێتە سەرشەقامەکان و داوای ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکا. ئێمەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیمان بە بە جەماوەری کردنی خەبات لە شێوەی باکوری کوردستانە و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو ئەو حیزبانەی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان بە حیزبی نەتەوەیی دەزانن ئازایانە خۆیان لەو سیاسەتانەی رابردوو کە پێیان وایە "کێشەی سیاسی کوردی رۆژهەڵات لە تاران جێ بە جێ دەکرێ" دوور بکەنەوە وسیاسەتی داوا کردنی پێناسەی کوردی بکەنە دروشمی ستراتیژی خۆیان. ئەو سیاسەتە پێویستی بەوە هەیە کە هەموو ئەو حیزبانە هەوڵ بدەن کە گەلەکەمان لە رۆژهەڵات رێک بخەن وبە رووحێکی نەتەوەیی خەڵک بهێنە سەر شەقامەکان ودروشمی سەرەکیش داوای پێناسەی کوردی بۆ کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

لە ڕوانگەی منەوە هیچ پێویست ناکا خەڵک لە شەقامەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا داوای رووخانی کۆماری ئیسلامی بکەن و دروشمی نەمان بۆ خامنەیی و بۆ کۆماری ئیسلامی بدەن و با ئەو دروشمە کە پەیوەندی بە هەموو گەلانی ئێرانەوە هەیە بهێڵنەوە بۆ باقی گەلانی ئێران و چیدیکە خۆمان نەکەین بە کەواسووری بەرلەشکر وزێدی و نیشتمانی خۆمان بۆ بە دێموکراسی کردنی ئێران کاول بکەین.

پێویستە بە تەواوی لەو فکرە خۆمان دوور خەینەوە کە "ئێرانی دێموکراتیکی داهاتوو" کە ئەویش ئەگەر بەو زووانە بێتە دێ لە سەر حیسابی کوردی رۆژهەڵات بێ و با چیدیکە رۆژهەڵاتی کوردستان باجی قورسی بە دێموکراسی کردنی ئێران بە خوێن و کاول کاری نەدا.

ئەگەر حیزبە نەتەوەیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرەوەی هەموومان حیزبی دێموکراتی کوردستان خوازیاری پەیرەوکردنی سیاسەتی نەتەوەیین، پێویستە تەکانێک لە خۆیان بدا وخۆیان لە چنگی ئەو فکرە ڕزگار بکەن کە ساڵانێکە دەستی لە بیناقاقەی ناوەن و با چارەسەری کێشەی سیاسی کورد و دروست کردنی پێناسەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شەقامەکانی پارێزگاکانی کوردستان دا ببینن نەک لە شەقامەکانی تاران دا و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیمان بە سیاسەتی کوردایەتی هەیە و هەموو شتێک لە پێناو دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەییمان دا.

حیزبە سیاسیەکانی رۆهەلاتی کوردستان نابێ راستەوخۆ سەرمایەگوزاری خۆیان لە سەر جولانەوەی سەوز بکەن و چونکە بە داخەوە جلەوێ ئەو جولانەوەیە بە دەستی کەسانی دێموکراسی خواز نیە و لە ناو خۆموسەوی وکەروبی وکۆمەلێک بە ناو "ریفۆرم خوازانی" دەورانی "ریفۆرم خوازی" خاتەمی نوێنەرایەتی دەکەن و لە دەرەوەش هەر کۆمەلێک لەو کەسانن کە باوەریان بە بوونی کۆماری ئیسلامی و بە خەتی فکری خومەینی هەیە کە دەکرێ ئاماژە بە "ژووری فکری" جولانەوەیە سەوز لە دەرەوە بکەم کە باوەریان بە ئێرانی فرە نەتەوە و فرە زمان نیە. بە باوەر من ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت ئەو حیزبانەی دیکەش کە خۆیان بە حیزبی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان پێناسە دەکەن هەوڵ بۆ گرتنە بەری سیاسەتی داواکردنی پێناسەی کوردی لە گۆرەپانی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان دا بگرن و لەو لاشەوە هەوڵ بدەن کە کاریگەریان لە سەرلایەنی رادیکالی جولانەوەی سەوزهەبێ دەتوانن لەو دەرفەتە مێژوویەی کە بۆ کورد رەخساوە ئەوپەری کەلکی سیاسی وەرگرن.

داواکردنی ڕاستەوخۆی پێناسەی کوردی رۆژهەلات دەتوانن ببێتە زەختێکی گەورە هەم بۆ سەر جولانەوەی سەوز کە بە سیاسەتەکانی دا بچێتەوە و هەمیش بۆ ئەحزابی سەراسەری کە دەست لە سیاسەتی ئینکاری ئێرانی فرە نەتەوە و فرە زمان هەلبگرن و ئەوسا ئەوانیش ناچار دەبن مل کەچی داخوازەکانی کورد و گەلانی دیکەی غەیری فارسی ئێران بن و ئەوەش دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە هێژێمونی سیاسی ناسیۆنالیزمی فارس یان ناسیۆنالیزمی ئێرانی پاشەکشەی پێ بکرێ ولاوازبکرێ.

ئەگەر بێتوو سیاسەتی داوا کردنی پێناسەی کوردی رۆژهەلات بکرێ بە سیاسەتی ڕاستەوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە نەتەوەیەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان، کورد لەو بەشە لە کوردستان بە پەیرەوە کردنی ئەو سیاسەتە هیچی نیە تاکوو لە دەستی بدا و ڕەنگ بێ هەروەکوو جاران لە لایەن ناسیۆنالیزمی فارسەوە مەسەلەی "تەجزیە کردنی" ئێرانی وەکوو دژکردەوە بەرەوروو بکرێتەوە کە ئەوەش شتێکی تازە بۆ کوردی رۆژهەلات نیە و سالانێکی گوێمان پڕ بووە لەو تۆهمەتە چەوتانەی کە ناسیۆنالیزمی حاکم بۆ پاراستنی دەسەلاتی تەک رەوانەی خۆی وەکوو چەکی بەرگری خۆی کەلکی لێ وەرگرتووە.

گرتنە پێشی سیاسەتی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان و داوا کردنی راستەوخۆی پێناسەی کوردی دەتوانێ هەم دەنگی کورد لە ئێران و لە دونیاش دا بەرزبکاتەوە و سرنجی کۆمەلگای نێو نەتەوەیی بۆ لای مافە بەرحەقەکانی

ڕابکێشێ و هەمیش یەکگرتوویەکی زیاترو بەکردەوە لە نێو هەموو بەشەکانی کوردستان دروست بکا. هەروەک دەبینین کوردەکان لە باکوری کوردستان چەندین ساڵە خەباتەکەیان بۆتە خەباتێکی جەماوەری و شەقامەکانی شارو شارۆچکەکانی باکوری کوردستان و تەنانەت هیندێک لە شارەکانی تورکیە لە دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی کەمالیزم هەژاندووە و ئاکامی ئەو سیاسەتەش بۆتە هۆی ناساندنی کێشەی سیاسی کورد بە هەموو دونیا.

بومەلەرزەی ئاڵ وگۆری سیاسی وڵاتی سوریەشی کە بەشێک لە کوردستانی داگیرکردووە گرتۆتەوە و وا دەبینین کە دەسەڵاتی ٤٠ ساڵەی بەعس کەوتۆتە مەترسیەوە و داخوازی ئاڵ و گۆر و نەمانی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەدی تووشی ترس وخۆف کردووە و ئەوەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان بتوانن دەنگیان لە سەر شەقامەکان هەڵبڕن و داوای پێناسەی نەتەوەیی خۆیان بکەن.

٤ی ئەپریلی ٢٠١١

## سیاسی بەحرەین و سیاسەتی ئاژاوەگێرانەی کۆماری ئیسلامی

شەپۆلی سەرهەڵدان و نارەزایەتی کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی خەڵک لە دژی دیکتاتۆری و بێ مافی لە وڵاتانی عەرەبی دا کە لە سەرەتاوە لە تونس دەست پێکرد و دوایەش وڵاتانی میسر و ئەلجەزایر و یەمەن و لیبی و سوریەشی گرتەوە گەیشتە مێرنشینی بەحرەین و ئەو وڵاتەی تووشی ئاڵۆزێکی سیاسی گەورە کردووە. قەیرانی سیاسی بەحرەین لە بنەرەتەوە لە گەڵ هی زۆربەی وڵاتانی دیکەی عەرەبی جیاوازی بەرچاوی هەیە و لە راستیدا کێشەکە لە پلەی یەکەم دا مەزهەبیە تاکوو سیاسی.

لەو ولاتە دوو مەزهەبی دژ بە یەک راوەستاون، لە لایەک سوننی مەزهەبیەکانن کە میرنشینەکە و دەسەڵاتی سیاسیان بە دەستەوەیە وگۆیا رێژەی حەشیمەتەکەیان لە لایەنی بەرامبەریان کە شیعەکانن کەمترە. لە

بەرامبەریش دا لایەنی زۆرینەی شیعەی ئەو وڵاتەیە کە لە هەڵسوورانی کاروباری سیاسی ئەو وڵاتە دادەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە.

لە پەراوێز خستنی شیعەکانی بەحرەین لە لایەن دەسەڵاتی میرنشینی سوونەوە و کەڵەکە بوونی دەیان ساڵەی کێشەی نێوان سوونە و شیعە لە وڵاتە دا و ئەو شەپۆلە سەرهەڵدانەی کە ماوەی چەند مانگە چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبیشی گرتۆتە، بوو بە هۆی ئەوەی کە نارازیانی شیعەی بەحرەینیش بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان هەلەکە بەلەبار بزانن و برژێنە سەر شەقامەکان و لە ئاکامی تێکهەڵچوونی خۆپێشاندەران و پۆلیس و هێزە ئەمنیەتیەکانی ئەو وڵاتە چەندین کەس کوژراون و بە دەیانیش بریندار بوون.

دروشمەکانی خۆپێشاندەرانی شیعەی بەحرەینی لە سەرەتاوە چاکسازی و ریفۆرم بوو کە بەرەورووی دەسەڵاتیان دەکردەوە، بەڵام دوای ئالۆز بوون و هاتنە ئارای گرژی نێوان حکومەت و خۆپێشاندەران و ڕژانی خوێنی چەند کەس لە نارازیان، ئەوجار دروشمەکان لە داواکاری چاکسازیەوە بۆ رووخانی دەسەڵاتی میری سوونی ئەو وڵاتە گۆڕدرا و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە کە ٦ وڵاتی عەرەبی ئەندامی شۆرای هاوکاری کەنداوی فارس کە هەستیان بە مەترسی رووخانی ئەو میرنشینە سوونیە ودەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی دەکرد لە هەڵوێستێکی هاودەنگ دا بڕیاریان دا کەهێزی سەربازی بۆ یارمەتی میری بەحرەین بنێرن و بۆ ئەو مەبەستەش عەرەبستانی سعودی ١٠٠٠ سەربازی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کرد.

سەرانی بەحرەین چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامی بەپشتیوانی لە شیعەکان و دەست تێوەردان لە کاروباری ناو خۆی ئەو وڵاتە تاوانبار‌دەکەن و ئالۆزیەکانی ئەو دوایانەی بەحرەین بۆتە هۆی گرژی زیاتری دیپلۆماتیک لە نێوان کۆماری ئیسلامی و بەحرەین داو بڕیاری ناردنی ١٠٠٠ سەربازی عەرەبستانی سعودی بۆ بە قەولی خۆیان یارمەتی میرنشینی بەحرەین هەڵوێستی توندی کۆماری ئیسلامی بە دواوە بووە و سەرانی ڕێژیمی ئاخوندی داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان کردووە کە راستەوخۆلە بەرامبەر رووداوەکانی بەحرەین هەڵوێست بگرێ ودیخالەت بکا.

دمراستەکانی کۆماری ئیسلامی هەربەوەندە ڕانەوەستاون و هەرکام لە بەر خۆیانەوە دژ کردەوە و سیاسەتی ڕێژیمەکەیان دەربریوە و لە قسەکانیان دا هێرشیان کردۆتە سەر سەرانی بەحرەین و عەرەبستانی سعودی. سەرۆکی

مەجلیسی کۆماری ئیسلامی عەلی لاریجانی دەڵێ "لە بەحرەین دروشمی خەڵک دروست کردنی حکومەتی شیعە نیە، بەڵکوو ئەوان تەنیا بە دوای دێموکراسی وئازادیەوەن". بیستنی چەمکی دێموکراسی و ئازادی لە دمی کەسێکی وەک عەلی لاریجانی کە نە ڕێز بۆدەنگی خەڵکی ئێران دادەنێ و نە باوەریشی بە ئازادی ودێموکراسی هەیە جگە لە چەواشکاری و گاڵتەجاری هیچ ناوێکی دیکەی لێ نانرێ.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتەوە، بەئاشکرا هەوڵی داوە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ "شۆڕشی ئیسلامی" بۆ دەرەوەی سنورەکانی ڕەوانە بکا و لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوو بە کردەوە دەرکەتووە کە لە هەر وڵاتێکدا کە حەشیمەتی شیعەی تێدادەژی بشێوی وئالۆزی بخاتە نێو ئەو وڵاتانە و ڕاستەوخۆ دەست لە کاروباری ئەو وڵاتانە وەربدا و بە سیاسەتە ئاژاوەگێرانەکەی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە تێک بدا. وڵاتانی لوبنان، عێراق، یەمەن، قەتەرو بەحرەین نموونەی بەرچاوی ئەو وڵاتانن کە کۆماری ئیسلامی چەندین ساڵە خەریکی ئاژاوە نانەوەیە تێاندا و بە دانی پارەوچەک و چۆل بە گروپە توندرەوە شیعەکانی ئەو وڵاتانە و بە پروپاگەندە و بڵاو کردنەوەی بەرنامەی جۆراوجۆرلە مێدیاکانی سەربەخۆیان بە عەرەبی و ئینگلیسی وپشتیوانی ڕاستە وخۆ لە شیعەکانی ئەو وڵاتانە لە هەوڵی پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی سیاسەتی پان شیعیسمی خۆی بووە.

کۆماری ئیسلامی بە دوو شێوە سیاسەتی پان شیعیسمی خۆی لە ناوچەکەدا دەباتە پێشەوە. لە لایەک پشتیوانی ڕاستەوخۆ لە سەرهەڵداوە شیعەکانی یەمەن و بەحرەین دەکا وبۆسەرکەوتنی شیعەکانی ئەو وڵاتانە و هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی شێعەی نزیک لە خۆی تێدەکۆشی، هەروەکوو ئەوەی لە لوبنان دروستی کردووە و حیزبوڵلا نوێنەرایەتی دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دژایەتی کردنی ئامریکا و هاوپەیمانانی لاینگری لە دیکتاتۆرانی لە شێوەی قەزافی و بەشار ئەسەدی سوریە کە دۆستی نزیکی ئەحمەدی نژادە دەکا و ئامریکا و هاوپەیمانانی بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانە تاوانبار دەکا و بە پرۆپاگەندە وچەواشەکاری دەیهەوێ بیروڕای شەقامی عەرەبی لە دژی ڕۆژئاوا بوروژێنێ و وانیشان بدا کە گۆیا ئامریکا و ئوروپا لە دژی ئیسلام و گەلانی موسولمانی ناوچەکەن و دەیانهەوێ سەرهەڵدانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە قازانجی خۆیان بەکار بهێنن نەک لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە.

٢٠ی مارچی ٢٠١١

## چاوخشاندنێک بە مەنشوری جوڵانەوەی سەوز

بە چاو خشاندنێک بە ناوەرۆکی ئەو نوسراوەی جوڵانەوەی سەوز کە بە ناوی "منشورجنبش سبز" بڵاو کراوەتەوە و کۆمەڵێک دەستە واژەی وەکوو "ئازادی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و حاکمییەتی میللی" تێدا گونجێندراوە، بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە بەکارهێنانی ئەو چەمکانە چ لە ناوەرۆکداو چ لە پراکتیکدالە گەڵ ڕوانگەی مەزهەبی سەرانی جوڵانەوەی سەوز کە خوازیاری جێ بە جێ کردنی بەندەکانی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی و مانەوەی ئەو ڕێژیمە و دەسەڵاتی رەهای شەخسی وەلی فەقین یەک ناگرنەوە و بە پێچەوانەوە زۆریش لە گەڵ یەکتر ناتەبا و دژبەیکەن.

لە پێشەکی ئەو مەنشورە داخەبات و بەربەرەکانی گەلانی ئێران یان بە قەولی وان "ملت ایران" بۆ وەدەست هێنانی مافە سیاسی و مەدەنیەکانیان لە ماوەی تەمەنی ٣٢ ساڵەی کۆماری ئیسلامی هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە و لە راستیدا ئەو هەمووە کوشتار و تێرۆر و زیندان و بێ حورمەتیە کە بە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران لە لایەک و ئەو هەمووە بێ بەشی و چەوساندنەوەی کە بەرەو رووی گەلانی غەیری فارس بۆتەوە لە لایەکی دیکەوە بە ئاشکرا پشت گوێ خراون و تەنیا و تەنیا ئەو نارەزایەتیانەی کە بە دوای کودتای هەڵبژاردنی دەورەی دەهەمی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی دا لە دەنگی خەڵک کراو بوو بە هۆی هاتنە ئارای جولانەوەی سەوز، بە جوڵانەوەی خەڵک پێناسە دەکەن.

ئەو پێناسە کردنەش پێناسەیەکی زۆر سەقەتە و تەنیا ڕەنگدانەوەی رۆانگەی مەزهەبی سەرانی جوڵانەوەی سەوز و ریفۆرم خوازە میللی ـ مەزهەبیەکانی شیعە لە ئێراندایە. لەو پێناسە کردنە دا بە هیچ جۆرباس لە خواستی بە هەزاران خۆپێشاندەرەی سەر شەقامەکان کە دروشمی دژ بە نیزام و دژ بە شەخسی وەلی فەقی ونەمانی کۆماری ئیسلامی دەدەن و خوازیاری هاتنە سەرکاری سیتمێکی دێموکرات و سێکولارن کە دین لە دەوڵەت جودا بێ نەکراوە.
سەرانی جوڵانەوەی سەوز نەبوونی ئازادی یە سیاسی و مەدەنیەکان، دارمانی ئابوری وڵات وقەیران ئابوری و گرانی و بێکاری و هەژاری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ئاکامی کێشە و دووبەرەکی نێو باڵەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی و نەبوونی بەرپرسانی خزمەتگوزار دەزانن و پێیان وایە کە هیندێک لە بەرپرسانی حکومەت هەموو هەوڵی خۆیان

لە پێناو پاوان کردنی دەسەڵات داوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان سەروەت و سامانی وڵاتیان لە دەستی خۆیان گرتووە و بە درۆ و دەلەسە و ساختەکاری و زۆرە ملی دژبەرانیان لە گۆڕەپانەکە وەدەرناوە.

لە شیکردنەوەی ئامانجەکانی جوڵانەوەی سەوز لە ناوئەو مەنشورەدا هاتووە کە "باوەرمەند بوون بە ئەرزیشە کانی ئەخلاقی، ئینسانی، ئێرانی و دینی و بوونی ڕوانگەیەکی رەخنەگرانە لە چوارچێوەی قانونی بنەرەتی کۆماری ئیسلامی دا و ڕیز گرتن لە نەزەرات و دەنگەکانی خەڵک ڕوانگەکانی ئەو جوڵانەوەیە پێکدێنن. "لە درێژەی شیکردنەوەی ئامانجەکانی ئەو جوڵانەوە دا هاتووە کە" جوڵانەوەی سەوز هەڵقوڵاوی جوڵانەوەی خەڵکە کە بەردەوام هەوڵیان بۆ دابین کردنی ئازادی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و وەدیهاتنی حاکمیەتی میللی داوە و ئەو ئامانجانەش لە شۆرشی مەشروتە، جوڵانەوەی میللی کردنی نەفت وئینقلابی ئیسلامی دا ڕەنگیان داوەتەوە".

باس کردنی لە دابین کردنی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لەناو ئەومنشورە دا کە ڕوانگەکانی جوڵانەوەی سەوز دەردەخا لە گەڵ ئێرانێکی فرە نەتەوە و فرەزمان و فرەئاین یەک ناگرێتەوە و لە راستیدا خۆ دزینەوەی بە ئاشکرای رێبەرانی جوڵانەوەی سەوزە لە پێناسە کردنی فرە چەشنی ئێران و عاجز بوونی ئەوان لە دەرکی ئەوەی کە دەبێ ئێرانی ئێستا وەکوو خۆی پێناسە بکرێ نەک وەکوو ئەوەی ئەوان لە خەیاڵی خۆیان دا پێناسەی بۆ دەکەن.

قانونی بنەرەتی کۆماری ئیسلامی خۆی سەرچاوەی هەموو کێشەکانە وهەڵاواردنی جینسی نێوان ژن و پیاو و ژێرپێ خستنی مافەکانی نەتەوەیی وئاینی و مەزهەبی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێران دا و دانی هەموو دەسەڵاتەکە بە فارسەکان و بەشیعەکان خۆی دژایەتی تەواوی هەیە لە گەڵ ئەو ئازادی و عەداڵەخوازییەی کە سەرانی جوڵانەوەی سەوز لە مەنشورەکەیان دا باسیان لێ کردووە و لە راستیدا دابین کردنی ئەو ئازادی و عەداڵەتەی کە ئەوان باسی لێ دەکەن لە چوارچێوەی قانونی بنەرەتی کۆماری ئیسلامی دا کە بە ئاشکرا حاشا لە فرە بوونی ئێران و مافی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دا دەکا بە هیچ جۆروشکلێک ئیمکانی وەدیهاتنیان نیە.

لەو مەنشورە دا جگە لە ناو هێنانی ئازادی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی کە ئەوانیش زۆرتەم و مژاوین و لە گەڵ خواستەکانی خەڵک ناگونجێن، بەشێکی زۆری رۆانگەکانی سەرانی سەوز بەلای ئیسلامی دا دەشکێتەوە و زۆر

لە سەردین و ئیمان و ئەخلاقی ئیسلامی و کەرامەتی ئینسانی پێ دادەگرن و بە هیچ شێوەیەک خۆلە بەندەکانی جارنامەی مافی مرۆڤ و لە دێموکراسی نادەن و هەموو گەلانی ئێران بە یەک چاو سەیر دەکەن و بە قەولی خۆیان ئێران هی هەموو ئێرانیەکانە و هەرهەمان بەیت و باڵۆرەی کە خاتەمی لە سەردەمی ٨ ساڵ سەرۆک کۆماری خۆی دا بۆ فریودانی گەلانی غەیری فارسی ئێران بەردەوام بەکاری دەهێنا دووپات دەکەنەوە.

ئاماژە نەکردنی راستەوخۆ بە مافەکانی سیاسی ومەدەنی گەلانی غەیری فارس وهەوڵ دان بۆ هێشتنەوەی کۆماری ئیسلامی بە رەنگ و رووپەکی دیکەوە بە هیچ جۆرێک نە لە خزمەتی فارسەکاندایە و نە لە خزمەت بە قەولی ئەوان "ئاشتی میللی" دایە کە بەردەوام باسی لێ دەکەن. جێگای خۆیەتی کە هەم حیزب وریکخراوە سیاسی و مەدەنیەکانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و هەم رێکخراوە سیاسی ومەدەنیەکانی گەلانی دیکەی غەیری فارس لە بەرامبەر ئەو مەنشورە دا کە هیچ مافێک بە وان ڕەوا نابینێ بێ دەنگ نەبن ورۆانگەکانی خۆیان لە مەڕ ئێرانی فرە نەتەوە و داهاتووی ئەو وڵاتە بخەنە ڕوو.

لەو پەیوەندیە دا رۆانگەکانی رێکخراوەکانی داکۆکاری مافی ژنانیش زۆر گرینگە، چونکە لە مەنشوری جوڵانەوەی سەوزدا بە هیچ شێوەیەک باس لە مافەکانی یەکسانی ژنان و پیاوان نەکراوە و باوەرمەند بوونی سەرانی جوڵانەوەی سەوز بە نەمانی هەڵاواردنی جینسی نێوان ژن و پیاو ئاماژەی پێ نەکراوە و هیچ رێگا و بەرنامەیەک بۆ لەناو بردنی هەڵاواردنی جینسی و یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا دەست نیشان نەکراوە.

٢٦ی فێبریوێری ٢٠١١

## گەردەلوولی دێموکراسی خوازی ودارِمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان

خۆپیشاندانی هێمانانەی بە دەیان هەزارکەسی لە تاران و چەندین شاری گەورەی دیکەی ئێران لە رۆژی ٢٥ی رێبەندان بە بیانوی پشتیوانی لە خەباتی دژی دیکتاتۆری خەلکی میسرو تونس و دژکردەوەی توندو تیژی هێزە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەتی کودتا و کوژرانی دوو خوێندکاری کوردی زانکۆ و بریندار بوونی چەندین کەسی دیکە و دەست بە سەرکردنی سەدانی دیکە دەرخەری ئەو راستیە بوون کە فرمێسکی تیمساح رِشتنی وەلی فەقی و دارودەستەکەی و پشتیوانی بە درۆیان لە خەباتی خەلکی میسرو تونس تەنیا بە مەبەستی بە لارێ دا بردنی رەوتی دێموکراسی خوازی لەو ولاتانە دایە و هەموو هەولیان ئەوەیە وانیشان بدەن کە سەرهەڵدانی جەماوەری لە ولاتانی عەرەبی نەک لە دژی دیکتاتۆری و بۆ ئازدی ودێموکراسی و دابین بوونی مافەکانی ئینسانی نیە بەڵکوو تەنیا وتەنیا بۆ هێنانە سەر دەسەلاتی حوکومەتێکی ئیسلامی یە کە دژ بە ئیسرائیل و ئامریکا بێ.

خۆراگری وبەربەرەکانی یەکگرتوانەی خەڵکی میسر وئەو حیماسەی کە لە ماوەی ٣ حەفتەدا لە گۆرەپانی تەحریری قاهیرە دا روویدا و بوو بە هۆی رووخانی دیکتاتۆری ٣٠ ساڵەی حوسنی موبارەک، هاندەرێک بوو بۆئەوەی خەڵکانی دیکەی ولاتانی عەرەبی وەکوو ئەلجەزایر،بەحرەین،یەمەن ولیبی برژێنە سەر شەقامەکان وداوای گۆرینی دەسەلات بکەن و خوازیاری ژیانێکی ئینسانی وشیاوی سەردەم بن.

لە بەرامبەر داخوازی ئاشتی خوازانەی خەڵکانی وەزاڵە هاتوو لە دیکتاتۆری وگەندەڵی، رێبەرانی ئەو ولاتانە لە ترسی هەرەس هێنانی رژێمەکانیان و بە قەولی خۆیان بۆ خۆ رِزگار کردن لە رووخانی حکومەتەکەیان بە هێنانە مەیدانی هێزە چەکدارەکانیان و ئەجیرکردنی لیباس شەخسیەکانی وشتر سواری لە شێوەی ماتۆر سوارەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر درِندانە و بێ رەحمانە کەوتوونە گیانی خەڵک و تاکوو ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران لەو چەند ولاتەی ئاماژەیان پێکرا کوژراوبریندار بوون کە رێژەی کوژراوەکانی خەڵکی لیبی ژێر دەسەلاتی ٤٠ ساڵەی دیکتاتۆری کۆلۆنێل "مەعەمەر قەزافی" لە هەمووان زیاترە.

دیکتاتۆرانی ولاتانی عەرەبی بە رژاندنی خوێنی خەڵکی بێ تاوان و بێ چەک هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بە شێوەی کۆماری ئیسلامی بەرچەسپی بەستراوەیی بە ئیسرائیل و ئامریکا و بریتانیا بدەنە پاڵ جەماوەری

سەرهەڵداو و تاوانباریان بکەن کە گۆیا بە فیتی رۆژئاوایەکانە کە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان وداوای رووخانی حکومەتی وڵاتەکانیان دەکەن. سەرانی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە عەرەبیانە لە کاتێکدا تۆهمەتێکی وا دەخەنە پاڵ خەڵکانی وەزاڵە هاتووی وڵاتەکانیان کە بە درێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ لە پشتیوانی بێ ئەم لاوئەولای ئامریکا و بریتانیا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوایی بەرخورداربوون و بە دەیان میلیارد دۆلار چەک و چۆلیان لە لایەن رۆژئاواوە پێ فرۆشراوە و سالانێکی زۆرە کە رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا چاوی لە حاست پێ شێل کردنی مافەکانی مروڤ لەو وڵاتانە دا بەستووە.

سەرکەوتنی خەباتی دێموکراسی خوازانەی خەڵکی میسر بە سەر دیکتاتۆری ٣٠ ساڵەی موبارەک لە ماوەی ٢٠ رۆژدا ببوو بەهۆی وە بەرنانەوەی هێزوگوڕێکی تازە لە ناو گەلانی وەزالەی هاتووی ئێران لە دژی دیکتاتۆری ئیستبدادی دینی ئاخوندەکان و رێپێوانەکانی رۆژی ٢٥ی رێبەندان لە تاران و چەندین شاری گەورەی دیکە ئێران نیشاندەری ئەو راستیەن کە گەلانی ئێران سوورتر و بە ورەتر لە جاران خوازیاری گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران و هێنانە سەر کاری دەسەلاتێکی دێموکراتیک و عەدالەتخوازن.

بانگەواز بۆ کۆبونەوەی ١ی رەشەممە بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەتی کودتا لە مەڕ کوژرانی دوو خوێندکاری کوردی یەکێک لە زانکۆکانی تاران و پشتیوانی و هاوپەیوەندی دەیان رێکخراوی مەدەنی و سیاسی کوردی و ئێرانی خۆی نیشاندەری بەرەو پێش چوونی هەنگاوێکی نوێ یە لە هاوکاری و هاوخەباتی گەلانی ئێران بۆچۆک دادان بە دیکتاتۆری عەلی خامنەیی ولابردنی بە تەواوی لە سەر دەسەڵات.

خالێکی گرینگ و ستراتیژیک کە نابێ لە هیچ کات وزەمانێک دا لە سیاسەتی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە یاد بکرێ، باس کردنی بەردەوام لە مافەکانی نەتەوەیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و نابێ رێگا بدرێ کە خەباتی ٣٢ ساڵەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەوێتە ژێر سێبەری جولانەوەی سەوز و کورد دەبێ بە دروشم و ئاڵای نەتەوەیی خۆی بەشداری بکا و بۆخێرا کردنی رووخانی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی و هاودەردی لە خۆپێشاندانەکانی کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە دژی دەوڵەتی کودتا بەرێوە دەچێ بکەن و دەبێ هەموو هەولیش ئەوە بێ کە ئەو خۆپێشاندانانە بەردەوام بن و دەکرێ مانگرتنی گشتیش بەو سیاسەتە زیاد بکرێ.

سەرکوت و کوشتنی خەڵک بە دەستی ئینسان کوژەکانی دەوڵەتی کودتا ناشی لە بە هێزی ئەوان نیە و بەڵکوو لە ترس و دڵەڕاوکە لە رووخان و نەمانیان سەرچاوە دەگرێ و گەردەلوولی ئازادی و دێموکراسی خوازی کە وڵاتانی ناوچەکە و عەرەبیشی گرتۆتەوە دەگاتە ئێرانیش و ئیستبدادی دینی عەلی خامنەیش ڕادەماڵێ.

٢٠ی فێبریوێری ٢٠١١

---

## بومەلەرزەی سیاسی وڵاتانی عەرەبی وهەڵوێستی کۆماری ئیسلامی

لە دوای ڕاپەرینی خەڵکی تونس لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری وڵاتەکەیان وڕاونانی بن عەلی، شەپۆلی نارەزایەتی چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبی وەکوو ئەلجەزایر، یەمەن، ئوردۆن و لە هەمووشیان گرینگتر میسری گرتۆتەوە و بومەلەرزەیەکی سیاسی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانی لەو وڵاتانە خستۆتە لەرزینەوە و بە هەزاران لە خەڵکانی نارازی لە شەقامەکاندان و خوازیاری لاچوونی دیکتاتۆرەکانن.

لە ماوەی دە رۆژی رابردوو دا وڵاتی میسر وەکوو یەکێک لە ولاتانی گەورەی عەرەبی و بە بوونی پێگەیەکی بە هێزی سیاسی لە ناو وڵاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی دا تووشی ئالۆزێکی ناوخۆی زۆر گەورە بووە کە لە ماوەی نیو سەدەی رابردوو دا بێ وێنە بووە. بە هەزاران کەس لە مەیدانی تەحریری قاهیرە کۆبونەتەوە و یەکدەنگ هاوار دەکەن کە "حوسنی موبارەک" دەبێ بڕوا و داوای رووخانی حکومەتەکەی دەکەن کە ٣٠ ساڵە خۆی بە سەرمیسریەکان داسەپاندوە.

لە لایەکی دیکەوە حکومەتی موبارەک بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بەرەنگاری خەڵک بۆتەوە و هەوڵی داوە کە بۆ پارستنی دەسەڵاتی خۆی شەڕی دژ بەرانی بە لاینگران ودەست و پەیوەندیەکانی حکومەتەکەی بکا و لە ئاکامی تێکهەڵچوونی دژبەران و لاینگرانی حکومەت زیاتر لە سەد کەس بونەتە قوربانی و بە سەدانیش برینداربوون. سەرەرای زەخت و فشاری دەسەڵاتی دیکتاتۆری بە هەزاران لە نارازیانی حکومەت هەروا لە مەیدانی تەحریردان و

ئامادە نین لە داوا ڕەواکەیان کە لاچونی موبارەک لە دەسەڵاتە پاشگەز ببنەوە.

وڵاتانی رۆژئاوایی بە سەرۆکایەتی ئامریکا کە ساڵانیکی دوورودرێژە پشتی دیکتاتۆری میسریان گرتووە لە پەرە ئەساندنی نارەزایەتیەکان ودروست بوونی شەرێ ناوخۆیی لە میسر نیگەرانن و هەربۆیە سەرەرای حەزو مەیلی خۆیان بە سەرئەمرێکی چاوەرۆان نەکراو دا کەوتوون و بۆ ئەوەی زیاتر لە جیهانی عەرەبی دا بێزراو نەبن ئامادەن حوسنی موبارەک بکەن بە قۆچی قوربانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و لە سەرۆک ئۆباماوە بگرە تاکوو چەندین رێبەری وڵاتانی یەکێتی ئوروپا داوای کشانەوەی حوسنی موبارەک لە دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیخوازانە دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە کە دیار نیە کە کێ و چ لایەنێکی سیاسی جێگەی دیکتاتۆری میسردەگرێتەوە؟

رۆژئاوایەکان بە باشی لە جێگە و پێگەی حیزبی "اخوان الموسلمین" کە رێکخراوێکی ئیسلامی یە و بە گەورەترین ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی حکومەت ناودەبردرێ ئاگادارن ودەشزانن کە لە دەوڵەتی ئینتقالی دا ناتوانن گروپە ئیسلامیەکان و لە سەرەوەی هەمووان رێکخراوی "برایانی موسولمان" وەلا بنێن.

لێرەدایە کە رۆل ودەسەڵاتی سوپای میسر دێتە گۆرێ کە ئایا ئەو سوپایە رێگا دەدا کە ئیسلامیەکان حکومەتێکی ئیسلامی لە میسردابمەزرێنن یا نا؟ ئایا لاینگرانی دیموکراسی لە میسر ئەوەندە هێزو توانایان هەیە کە بەرگری لە دروست بوونی حکومەتێکی ئیسلامی لە وڵاتەکەیان بکەن؟ ئایا رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا کە هاوپەیمانی ستراتیژیکی میسرە لە ناوچەکە دا دەتوانێ تەحەمولی هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی ئیسلامی بکا و ناچار دەبێ بۆ هێوەر بوونەوەی وەزعەکە و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی چرای سەوز بۆ دروست بوونی حکومەتێکی ئیسلامی میانەرەو بە قەولی خۆیان لە شێوەی تورکیە بدا کە هەم سوپا دەسەڵاتی هەبێ و هەمیش ئیسلامیەکان وغەیرە ئیسلامیەکان بتوانن لە رێگای هەڵبژاردنەوە بە دەسەڵات بگەن.

سیاسەتێکی کە رۆژئاوا بە دوای دا وێڵە، سازانە لە گەڵ ئیسلامی سیاسی میانەرەو و بۆیە بەردەوام باس لە تورکیە وەکوو وڵاتێکی دێموکراتیک بە پێناسەیەکی ئیسلامی و دۆستی رۆژئاوا دەکەن. هەڵس و کەوتی حکومەتەکەی ئەردۆگان و ئالۆزیەکانی لە گەڵ ئیسرائیل و زۆرتر ڕاکشان بەرەو وڵاتانی عەرەبی دیکتاتۆر لێدراو

و دوورکەوتنەوە لە رۆژئاوا، پێچەوانەوەی بیرکردنەوەی رۆژئاوای لێکەوتۆتەوە.

ڕاپەرینی جەماوەری چەندین وڵاتی عەرەبی و لە سەرەوەی هەمووان میسر بۆ زۆربەی سەرۆکانی وڵاتانی دیکەی عەرەبی و بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی زەنگی مەترسی رووخانی دەسەڵاتەکەیانە و هەمووشیان هەست بەو مەترسیە گەورە دەکەن و بۆیە هەرکام لە لای خۆیەوە هەوڵ دەدا بە قازانجی رێژیمەکەی کەڵکی لێ وەرگرێ. ئەوە ی لەو نێوە زۆرجێگای سرنجە هەڵویستی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بە ئانقەست پێناسەیەکی ئیسلامی بۆ سەرهەڵدانە جەماوەریەکانی وڵاتانی تونس و میسر دەکەن و ئیدعای ئەوە دەکەن کە خەڵکی تونس ومیسر خوازیاری هاتنە سەر دەسەڵاتی حکومەتێکی ئیسلامی لە شێوەی کۆماری ئیسلامی ئێرانن.

سەرانی دەوڵەتی کودتا بە بەرئاوەژوو نیشاندانی راستیەکان دەیانهەوێ بە قەولی خۆیان گەلانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی لە خشتە بەرن و بۆ مەشروعیەت دان بە خۆیان و بەرحەق بوونی حکومەتەکەیان پێناسەیەکی ئیسلامی بەو راپەرینە جەماوەریانە بدەن و دژ بە رۆژئاوا و بە دێموکراسی و سیکولاریزم پێناسەی بکەن.

کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی قولی سیاسی ناوخۆیی و دەرەوەیی دایە و بۆ ئەوەی بیروڕای خەڵک بە لاریێ دابەرێ و خۆی لەو قەیرانانە دەرباز بکا دەیهەوێ لە ئاوی لێل ماسی بگرێ و هەربۆیە کەوتۆتە خۆ و فرمێسکی حەرام ڕشتن بۆ دژبەرانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە وڵاتانی عەرەبی وپێناسە کردنی سەرانی وڵاتانی عەرەبی بە دیکتاتۆر و نۆکەری رۆژئاواڵە هەوڵی ئەوە دایە کە جێگای پێی خۆی لە ناو جەماوەری وە زاڵە هاتووی وڵاتانی عەرەبی دا بکاتەوە و تەنانەت پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە بریندارەکانی دژبەرانی دیکتاتۆری میسر لە ئێران دەرمان بکرێن.

ئێستا دەرفەتێکی زێرینە بۆ ئەوەی لە "دەهەی بە ناو فەجر" دا گەلانی ئێران بڕژێنەوە سەر شەقامەکان و بە شێوەی میسریەکان مەیدانی ئازادی تاران ببێتە شوێنی نارەزایەتی لە دیکتاتۆری ویلایەتی فەقی و سەرانی دەولەتی کودتا. سیاسەتی پاشەکشەی سەرانی سەوز و خۆ لە حالەتی دیفاعی دا راگرتن چارەسەری هیچ کام لە کێشەکانی گەلانی ئێران لە گەڵ دەسەڵاتی سەرەرۆی ئاخوندەکان ناکا و پێویستە سەرانی جولانەوەی سەوز ولە سەرەوەی هەمووان موسەوی و خاتەمی وکەرووبی خۆیان یەک لاکەنەوە کە چیان دەوێ؟ ئایا تا چەند ساڵی دیکە

دەیانهەوێ هەربەوشێوە سیاسەت بکەن و دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی لە ئێران دا بپارێزن و بە بیرۆکە چەوتەکانیان ببنە بەربەست لە بەردەم گەلانی وەزاڵە هاتووی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی؟

داواکاری سەرانی جولانەوەی سەوز لە دەوڵەتی کودتا بۆ ئیزن دان بۆ خۆپێشاندان لە رۆژی ٢٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی سەرکەوتنی گەلانی ئێران بە سەر دیکتاتۆری مەحەممەد رەزا شا دا داوایەکی بێ مانا و لە جێگەی خۆی دانیە و خۆشیان باش دەزانن کە سەرانی دەوڵەتی کودتا ئامادە نابن کە ئیزن بە جولانەوەی سەوز یان هەرلایەنێکی دیکەی سیاسی و مەدەنی دژ بەنیزامەکەیان بدەن کە بڕژێنە سەر شەقامەکان و لە دژی دەوڵەتی کودتا دروشم بدەن. کەوابوو ئەرکی حیزبە سیاسیەکانی ئێران بە گشتی و بە تایبەت لاینگرانی دێموکراسی و دادپەروەری ئەوەیە کە بە بێ دوو دڵی هەوڵ بدەن کە بۆ رۆژی ٢٢ی ڕێبەندان خەڵک بێنە سەر شەقامەکان و دەنگی گەلانی وەزاڵە هاتووی ئێران لە دیکتاتۆری ئاخوندەکان تێکەڵ بە دەنگی گەلانی وڵاتانی عەرەبی بکەن کە لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری وڵاتەکەیان ڕاپەریون و داوای لاچوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەکەن. گرێ دانی خەباتی دیموکراسی خوازانەی گەلانی ئێران و وڵاتانی عەرەبی لە یەکتر دەبێتە هۆی ئەوەیکە لە لایەک، پێش بە فروفیشال و ئاژاوەگێری کۆماری ئیسلامی لەو هەل و مەرجە دابگرێ و ئیدعای کاربەدەستانی ڕێژیم لە مەڕپێناسە کردنی ئەو ڕاپەرینە جەماوەرییانە بۆ هێنانە سەر کاری دەسەڵاتێکی ئیسلامی لە شێوەی ئێران پوچەڵ بکاتەوە و بیرۆکەی هێنانە سەر کاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ناوچە کە دا بە هێزترو جێگە و پێگەی ئیسلامی سیاسی لاوازتر بکا و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو پەیامە بە رۆژئاواییەکان بدا کە لە جیاتی پشتیوانی و سات و سەودا لە گەڵ دیکتاتۆرانی ناوچەکە پشتی خەباتی دێموکراسی خوازی گەلانی ناوچەکە بگرن کە لە بەرژەوەندی ئەوانیش دایە، ئەگەربەراستی دەیانهەوێ هەڕەشەی تیرۆریزمی ئیسلامی توندئاژۆ لە سەرناوچەکە و جیهان کەم بکەنەوە.

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی "دەهەی بە ناو فەجر" ڕاگەیاندنێکی بلاو کردووتە وداوای ئەوەی کردووە کە ئەو دە رۆژ بکرێ بە دە رۆژی بەربەرەکانی لە دژی ئێعدامی رۆلەکانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و بۆ ئەوە مەبەستەش داوای لە هەموو لایەنێک کردووە کە بە پیر ئەو بانگەوازەوە بێن و پشتیوانی بکەن. راستیەکی تاڵ و حاشا هەڵنەگەر کە دەبێ ئاماژەی پێ کرێ ئەوەیە کە لە حالی حازر دا و بۆ چاوترسێن کردنی گەڵانی ئێران لە سەرهەڵدان لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقی ئێعدام کردنی دژبەرانی نیزام بە تایبەت لە نێوان کوردەکان و بەلوچەکاندا بۆ کۆماری ئیسلامی بۆتە سیاسەتێکی ستراتیژیک و کۆماری ئیسلامی

مادام ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێز لە بەرامبەر خۆیدا نابینێ زەحمەتە وا بە ئاسانی پاشەکشە بکا و دەست لە سێدارەدانی لاوانی کورد و بەلوچ هەڵبگرێ.

راپەرینی جەماوەری لە چەندین وڵاتی عەرەبی دا سەرانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرەوە هەمووان عەلی خامنەیی زۆر نیگەران کردووە و هەربۆیەش زۆر سروشتی یە کە سەرانی دەوڵەتی کودتا بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات دا هارتر لە جاران سەرکوتی خەڵک بکەن و دەست بۆ هەموو کردەوەیەکی دژی ئینسانی بەرن. تەنیا رێگا چارە لە بەردەم گەلانی ئێران بۆ دەرباز بوون لەو وەزعە وپاشەکشە بە دەوڵەتی کودتا و وەلانانیان بە یەکجاری لە دەسەڵات، وەرێ خستنی حەرەکەتی بەرینی جەماوەریی لە سەراسەری ئێران دایە و پێویستە ئەوحەرەکەتە جەماوەرییە تاکوو سەرکەوتنی و چۆک دادان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاخوندەکان بەردەوام بێ.
درێژە دان بە سیاسەتی چاوەڕوانی و لە حالەتی دیفاعی دا مانەوە و پارانەوە وخۆ بە مەزلوم نیشان دان هیچی لێ شین نابێ و تەنیا بە حەرەکەتی میلیۆنی گەلانی وەزاڵە هاتووی ئێرانە کە دەکرێ کۆتایی بەو هەمووە نەهامەتیە بێ و چیتر زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام هەڕەشە لە گیانی رۆلەکانی گەلانی ئێران بە گشتی وگەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی نەکا.

٥ی فێبریوێری ٢٠١١

## خەباتی یەکگرتووی خەڵکی تونس وڕاونانی دیکتاتۆر

وڵاتی تونس وەکوو یەکێک لە وڵاتانی عەرەبی هەڵکەوتوو لە شیمالی قاڕڕەی ئافریقا و بە حەشیمەتی ١٠ میلیۆنی کەسی وبە بوونی سیستمێکی بە ناو کۆماری بۆماوەی ٢٤ ساڵان لە ژێر دیکتاتۆری فەردی "زین العابدین بن علی" دا بە رێوە دەچوو، بەڵام لە ئاکامی کەڵەکە بوونی کێشە سیاسی وئابوریەکانی ئەو وڵاتە و رێژەی بێکاری وهەژاری ونەبوونی دێموکراسی و ئازادیە سیاسیەکان وای لە خەڵکی ئەو وڵاتە کرد کە بە دوای خۆکوشتنی لاوێکی زانستگا دیتووی بێکاربرژێنە سەر شەقامەکان ولە ماوەی نزیک بە مانگێک دا بە دانی دەیان کوژراو

وبریندارویە سوور بوون لە سەر داخوازیەکانیان دیکتاتۆریان بە چۆک داهێنا وناوبراو زۆر سەر شۆرانە وبە زەبوونی وبە ناچار وێرای بنەماڵەی پەنابەری عەرەبستان سعودی بوون.

لە ماوەی خۆپێشاندانەکانی بە دەیان هەزارکەسی لەشارەکانی تونس دا، دیکتاتۆری ئەو وڵاتە فەرمانی بە هێزە چەکدارەکانی دا کە تەقە لە " تێرۆریستان وئاژاوەگێران" بکەن وهەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە زۆربێ بەزەیانە ودڕندانە بکەونە گیانی خەڵکی وەزاڵە هاتوو. دیمەنەکانی سەرکوتی کۆمەلانی خەڵک نیشاندەری ئەو پەری بێ ئەخلاقی وسەرەرۆیی هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتەیە کە لە ئاکامی توند و تیژی لە ڕادە بەدەریان و بە گوێرەی هەواڵەکان زیاتر لە ٦٠ کەس کوژران وبە دەیانیش بریندار بوون وخەڵکێکی زۆریش کەوتنە زیندانەوە.

خۆڕاگری خەڵکی تونس وسوور بوونیان لە مەڕ لابردنی دیکتاتۆری وڵات لە دەسەڵات، بوو بە هۆی ئەوەی کە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە وردە وردە دەست بە پاشەکشە بکا وبە دانی قەول ووادەی جۆراوجۆرهەوڵ بۆ ئارام کردنەوە خەڵکەکە بدا وبۆ ڕزگار کردنی دەسەلاتی خۆی وبنەمالەکەی ،لەوپەری بێ هیوایی دا ڕوو بە خەڵک بە ئاشکرا کوتی " گەلی تونس من دەنگی ئێوەم بیست ". هیچکام لەو هەوڵانە فریای دیکتاتۆر نەکەوتن وناوبراو نەیتوانی لە بەرامبەر هێزی خرۆشاوی جەماوەر دا خۆڕابگرێ وسەرشۆرانە ڕایکرد. لە دوای ڕاکردنی دیکتاتۆری تونس ،پارلمانی ئەو وڵاتە سەرۆکی پارلمانیان بە شێوەیەکی کاتی وەکوو سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان دیاری کرد. سەرکەوتنی خەباتی یەکگرتوانەی خەڵکی تونس بۆ زۆر لە دیکتاتۆرانی وڵاتانی عەرەبی هەواڵێکی گەلێک ناخۆشە وهۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچکام لە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبی بە هەڵبژاردنێکی ئازاد وبەدەنگی جەماوەری خۆیان دەسەڵاتیان بە دەستەوە نەگرتووە ویان بە کودتا بە دەسەڵات گەیشتوون ویان لە باوکیانەوە ئەو دەسەلاتەیان بۆ بەجێ ماوە. وەکوو نموونە دەکرێ ئاماژە بە ناوی چەندین دیکتاتۆری دیکە بکرێ کە ساڵانێکی زۆرە لە سەر دەسەڵاتن. سەرۆک کۆماری لیبی کۆلونێل " معمرال قزافی" کە بە کودتا هاتە سەر کارونزیک بە نیو سەدەیە تاکە سواری وڵاتەکەیەتی وریگای بە هیچ کەس ولایەنێکی دیکەی لیبیایی نەداوە کە ببێ بە شەریکی دەسەڵاتەکەی.

دیکتاتۆرێکی دیکەی ناوچەکە، سەرۆک کۆماری میسرە کە لە دوای تیرۆری ئەنوەر سادات لە ١٩٧٩ بە دەستی توندرەوێکی ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە ولەو کاتەوە تاکوو ئێستا دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی بە سەر

گەورەترین وڵاتی عەرەبی دا سەپاندووە ولە بەرنامەی دایە کە دوای کشانەوەی لە دەسەڵات ویان لە دوای نەمانی خۆی کوڕەکەی لە جێگای خۆی دابنێ.

سەرۆک کۆماری ولاتی یەمەن " محمد عبداللە بن سالح" دیکتاتۆرێکی دیکەی وڵاتانی عەرەبیە کە دوو دەهە لەوەی پێش بە هێرش کردنی سوپای وڵاتەکەی بۆ سەریەمەنی شیمالی دەسەڵاتی لە دەستی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە هێنایە دەرەوە وهەردووک یەمەنی جنوبی وشیمالی خستەوە سەریەک ولەوکاتەوە تاکوو ئێستا خۆی هەمەکارەی ئەو وڵاتەیە کە ماوەیەکە تووشی شەڕی ناوخۆییش بووە لە گەڵ شیعەکانی وڵاتەکەی .دیکتاتۆرێکی دیکەی وڵاتانی عەرەبی،سەرۆک کۆماری جەوانی سوریە "بشارالاسعد" ە کە ئەو دەسەڵاتەی لە باوکی دیکتاتۆری واتە "حافظ الاسعد" کە بە کودتا هاتە سەردەسەڵات بۆ بە میرات بە جێ ماوە و لە ماوەی دەسەڵاتداری دیکاتۆری گەنج دا، دام ودەزگای داپلۆسێنەری سوریە وسوپای ئەو وڵاتە لە کوشتن و قەتڵە عامی کوردانی رۆژئاوای کوردستان کۆتایان نەکردووە ودیکتاتۆری دەمێشق درێژەدری رێبازی پڕ لە تاوانی باوکی بووە وئێستاشی لە گەڵ بێ بە هەزاران لە کوردانی رۆژئاوای کوردستان لە هەبوونی ناسنامەی سووری بێ بەشن و هیچ حیسابی هاووڵاتی سوریان بۆناکرێ وئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو بە هەزاران کەسە لە سەر زێد ونیشتمانی داگیرکراوی خۆیان هیچ مافێکیان نەبێ.

رووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری تونس بە هێزی جەماوەری خەڵک رووداوێکی تالیشە بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی شۆمیان لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانی کۆتاییان نەکردووە ورۆژ نیە کە نارازیانی دژ بە نیزامەکەیان بە تاوانی جۆراوجۆر نەگرن و نەخەنە زیندان وژێر ئەشکەنجە وئازار و ئیعدامەوە بەوهیوایەی کە خەڵک چاوترسێن بکەن کە لە دژی دیکتاتۆری عەلی خامنەیی و دارودەستە ئینسان کوژەکەی بێ دەنگ بن و لە ژێر ئەمروفەرمانی دەوڵەتی کودتا دەرنەچن، بەڵام رەوتی رووداوەکانی ناوچە و داخوازی گەلانی وەزاڵە هاتووی ئێران و تامەزرۆیان بۆ ئازادی و دێموکراسی وهەوڵ وخەباتی لە مێژینەنەیان دەرخەری ئەو راستیەن کە چارەنووسی سەرانی کۆماری ئیسلامیش هەرهەمان چارەنووسە کە تووشی دیکتاتۆری تونس بوو.

پێویستە لە کۆتایش دا ئەوە زیاد بکرێ کە رووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە تونس رووداوێکی گرینگی سیاسیەیە کە لە جیهانی دیکتاتۆری لێ دراوی عەرەبی دا و لە سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی سێهەم دا روویداوە و دەکرێ

وەکووسەرەتایەکی باش بێ بۆ خەڵکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی کە بوێرانەتر رووبەرووی دیکتاتۆری وڵاتەکانیان ببنەوە ولە ریزی یەکگرتوو دا بە مافە سیاسی ومەدەنیەکانیان بگەن.

١٥ی جانێوێری ٢٠١١

# بابەت و نوسراوەکانی سالی ٢٠١٢

## کۆبونەوەی بەغدا وچەند سرنجێک

رۆژی چوارشەممە ٢٣ی مەی ٢٠١٢ گروپی ٥ی زێدە ١ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە بەغدا کۆبونەوە تاکوو بە پێێ قەراری پێشوویان درێژە بە دانوستاندن لە مەڕ قەیرانی پرۆگرامی ناوەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەن. لە دواین کۆبونەوە کە لە ئیستانبول بەرێوە چوو، ئاکامی کۆبونەوەکە لە لایەن هەردووک لایەنی بەشدار بە ئەرێنی وەسف کرابوو، هەرچەند ناوەرۆکی بابەتەکانی کۆبونەوەکە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەکرابوو.

ئاکامی کۆبونەوەی بەغداش بە دروستی ڕوون نیە و لە دوای سێ دەور دانوستاندن لە دوو رۆژان دا، وتەبێژی گروپی ٥ی زێدە ١، خاتوو کاترین ئەشتۆن بۆ هەوالنێرەکانی ئاشکرا کرد لە کۆبونەوەکەدا " داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە کە لە هەمبەر ڕەواندنەوەی نیگەرانیەکان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەنگاوی بە کردەوە هەڵێنەوە".
دوو لایەنی بەشدار بڕیاریان داوە کە درێژەی کۆبونەوەکان لە کۆتایی مانگی ژۆئێن لە مۆسکۆ درێژە پێ بدەن.
گروپی ٥ی زێدە ١ بەستەیەکی پێشنیاری داوە بە کۆماری ئیسلامی کە گۆیا هیندێک ئیمتیازی بۆ کۆماری ئیسلامی تێدا بووە و لەودا ئاماژە بە دانی قەتەعاتی فرۆکەی نەرفەرهەڵگرو دابین کردنی سوتەمەنی راکتۆری ناوەکی "

امیرآباد" ی تاران ورازی بوونی رۆژئاوا بە پیتاندنی یۆرانیۆم بە ریژەی کەمترلە ٢٠ دەرسەد لە ناوخۆی ئێراندا. بە هەمان شێوەش کۆماری ئیسلامی بەستەی پێشنیاری خۆی داوە بە وان وگۆیا لەو بەستەیە دا پێشنیار کراوە کە مافی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناو خۆی ئێران بە کۆماری ئیسلامی بدرێ و لە بابەت مەسەلە گرینگەکانی دونیا ویەکێک لەوان قەیرانی سیاسی سوریە باس ووتوێژ بکرێ. لە دوای ٣ دەور دانوستان لە ماوەی دوو ڕۆژان دا، ئاکامی دانوستاندنەکە بە شێوەی کۆبونەوەکەی ئیستانبول لێل ونارِوونە و تەنیا ئەوە نەبێ کە دوولایەنی بەشدار باس لە درێژەی دانوستاندن لە ئاخری مانگی ژۆئەن لە مۆسکۆدەکەن.

دیسان هەمان یاری کات کرین بۆ کۆماری ئیسلامی چەند پات بۆوە و لە دوای ٢ رۆژ دانوستاندن دا هیچ ئاکامێکی بەرچاو کە باس لە چونە پێشی وتوویژەکان بکا وپاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی لە مەڕ دەست هەڵگرتن لە پیتاندنی یۆرانیۆمی بە رێژەی ٢٠ دەرسەد بکا بەرچاو ناکەوێ وئەوە لە کاتێکدایە کە هەر رۆژێک دوای کۆبونەوەی بەغدا، راپۆرتی ئاژانسی ئەتۆمی ناونەتەوەیی باس لە دۆزینەوەی نیشانەکانی پیتاندنی یۆرانیۆمی بە رێژەی ٢٧ دەرسەد لە پێگەی ناوەکی "فۆردۆ" دا دەکا. پرسیارێکی گرینگ کە دێتە پێش ئەوەیە کە بۆچی راپۆرتی ئاژانس پێش کۆبونەوەی بەغدا بڵاو نەبۆتەوە ورۆژێک دوای کۆتایی کۆبونەوەی بەغدا بڵاو دەبێتەوە؟ ئایا ئەوە بەومانایە نیە کە رۆژئاوا نەیدەویست بە بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە پێش کۆبونەوەی بەغدا،کۆماری ئیسلامی لە بەشداری کۆبونەوەکە پاشگەزنەکاتەوە؟ بڵاو کردنەوەی ئەو راپۆرتە رۆژێک دوای کۆبونەوەکە وخستنە سەر ئاوی پەتی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ درۆزن بوونی وئاشکرا بوونی پیتاندنی بەورێژە زۆرە لە ناوەندی ناوەکی 'فۆردۆ" دەتوانێ کارتێکی فشاری بە هێز بێ لە دەستی نوێنەرانی گروپی ٥ی زێدە ١ لە کۆبونەوەی مۆسکۆدا بۆ ئەوەی پترداخوازیەکانی خۆیان بە سەر رێژیمی ئاخوندەکان دا داسەپێنن.

دوابەدوای بڵاوبونەوەی ئەو راپۆرتە، دمراستەکانی کۆماری ئیسلامی بە عادەتی هەمیشەیان کە هەڵخەڵەتاندن وچەواشەکردنی بیرورِای گشتی یە، کەوتنە درۆکردن ودەلێن، ئەوە هەڵەیەکی "فەننی سانتریفوژەکان بووە کە لە سەرەتاوە دروست تەنزیم نەکراون ویۆرانیۆمی بە رێژەی زیاتریان بەرهەم هێناوە".

ئەوبازییە سیاسیەی کە لە نێوان کۆماری ئیسلامی وگروپی ٥ی زێدە ١ لە مەڕقەیرانی ناوەکی کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە، وەکوو تۆپی فوتبالی لێهاتوە کە هەر جارە وبە نۆرە لە لایەن یەکیان بۆ ئەوەی تریان پاس دەدرێ و

هەرجارە تۆپەکە دەکەوێتە ناو زەوی یەکیان. بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە لە نێوان کۆماری ئیسلامی ونوێنەرانی گروپی ٥ی زێدە ١، جگە لە دووڕوویی و چەواشەکاری هەردووک لایەن بەرامبەر بە ژیان و گوزەران وپێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا وپشت گوێ خستن وخۆگێل کردنی رۆژئاواییەکان لە هەمبەر تاوانەکانی رێژیمی دیکتاتۆری وەلی فەقی بەرامبەربە چارەنووس و ژیان و گوزەران وداهاتووی گەلانی ئێران هیچ ناوێکی دیکەی لێ نانرێ.

لەوبەینە دا روسەکانیش بۆ ئەوەی لەو بازییە سیاسیە دا وەدوا نەکەون وبەرژەوەندیەکانی خۆیان لە هەمبەر رۆژئاوا بپارێزن، لە چەند لاوە سیاسەتەکانی دەرەوەیان دەبنە پێشەوە. لە لایەک بۆ دژایەتی کردنی رۆژئاوا کارتی کۆماری ئیسلامی بەکاردەهێنن و لە قەیرانی ناوەکی ئەو رێژیمە دا لایەنی رێژیمی مەلاکان دەگرن وبە بایکۆت کردنی زۆربەی بڕیارنامەکانی شورای ئەمنیەت لە دژی کۆماری ئیسلامی کەوتونەتە پشتگری ئەو رێژیمە. لە لایەکی دیکەوە بە پشتگری کردنی سیاسی ودیپلۆماتیک لە دیکتاتۆری سوریە ورێژیمە ئینسان کوژەکەی بوونەتە هۆی دروست بوونی شەڕی ناوخۆیی ودوای کوژرانی زیاتر لە ١٠ هەزار کەس وتێپەرینی ١٥ مانگ بە سەر ئەو قەیرانە دا، بەربەستی سەرەکین لە هەمبەرلابردنی بەشارئەسەد لە دەسەلات. دیاری کردنی مۆسکۆ بۆکۆبونەوەی داهاتووی نوێنەرانی گروپی ٥ی زێدە ١ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندی روسەکان ورێژیمی ئاخوندەکاندەکان دایە وئەوەش دەتوانێ دەرفەتێکی دیکە بێ بۆ ئەوەی دەرفەت وکاتی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی بکرێ وهەمیسان دوای مۆسکۆش کۆبونەوەکە لە شوێنێکی دیکە درێژەی هەبێ. ڕەنگ بێ وڵاتی چینیش بێ مەیل نەبێ کە میوانداری یەکێک لەوکۆبونەوانە بکا، چونکە ئە وڵاتەش هاوڕا لە گەڵ روسیە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی یە وبەرژەوەندی بە دەیان میلیارد دۆلاری لە ئێرانداهەیە و ئەمرۆ بازارەکانی ئێران بە شتومەکی چینی ئاخندراون وئەووڵاتە هێشتاش یەکێک لە کڕیارانی نەفتی ئێرانە.

٢٦ی مای ٢٠١٢

## بە بۆنەی ١٠هەمین ساڵیادی دامەزرانی ماڵپەری گیارەنگ

سەرەتا بە بۆنەی ٩ ساڵ کاروتێکۆشانی بەکەڵک وبێ وچان گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە کاک حەمە رەسول کەریمی وەکوو دامەزرێنەروبەرێوەبەری ماڵپەری گیارەنگ دەکەم ودەست خۆشی وماندوو نەبوونی لێدەکەم کە بە هەوڵ وزەحمەتی بەردەوامی توانێویێتی ماڵپەری گیارەنگ بگەیێنێتە تەمەنی ١٠ ساڵی.

بۆئەوەی ماڵپەرێک، رۆژنامەیەک، گۆڤارێک بتوانێ جێگەوپێگەی خۆی لە ناوکۆمەڵگەدا بکاتەوە وببێتە جێگای متمانەی خوێنەرانی، دەبێ لە ناوەرۆکی بابەتەکانی دا سەلیقە جیاجیاکانی کۆمەڵگای تێدا بگونجێندرێ. ڕاستگۆیی، شەفافیەت، بێ لایەنی، بڵاوکردنەوەی بیرورای جیاواز و دژبەیەک، بە بێ زیان گەیاندن بە ئەرزیشەکانی کۆمەڵگا و بە بێ برینداركردنی کەسایەتی هیچ کەسێک، سانسۆر نەکردنی هەواڵ و بابەتە گرینگەکان و دانی زانیاری راست و دروست دەبیتە هۆی چونە سەری ئاستی تێگەیشن و هۆشیاری خەڵک و ناسینی باشتری مافەکانیان و لە ئاکام دا رێگا خۆشکەردەبێ بۆ دروست کردنی فەرهەنگی پێکەوە حاوانەوە و تۆلێرانس و نەهادینە کردنی دێموکراسی لە کۆمەڵگادا.

ماڵپەری گیارەنگیش لە ماوەی ٩ ساڵی رابردوودا بە بڵاوکردنەوەی بابەت وهەواڵی جۆراوجۆر هەوڵی داوە بە دانی زانیاری بە دوو زمانی کوردی و فارسی پێگەیەک بێ بۆ ئەوەی خوێنەرانی لە ڕووداوەکانی دونیا ئاگادار بکاتەوە و دەتوانم بلێم کە بە پێێ توانا و ئیمکانی خۆی توانیویێتی پێگەیەکی باش بێ بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتگەلی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی.

لە دەستپێکی داگیرسانی مۆمی ١٠ ساڵەی تەمەنی ماڵپەری گیارەنگ دا، هیواخوازم کە ئەو ماڵپەرە خنجیلانەیە هەروەکوو پێشوو بە بڵاوکردنەوەی بیروڕا جیاجیاکان و بابەتی هەمەرەنگ بتوانێ پێگەیەک بێ بۆخزمەت کردن بە و شەوبە رۆژنامەوانی کوردی و هەوڵ بدا بە پێێ توانا دەور و رۆلی خۆی لە دروست کردنی فەرهەنگی دیالۆگ و تۆلێرانس لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا بگێرێ، بەتایبەت لە ناو کوردەکانی تاراوگەنشین دا.

١٩ی ئەپریلی ٢٠١٢

## کۆبونەوەی ئیستانبول وئاکام ودەسکەوتەکانی بۆ هەردوولاینی بەشدار

رۆژی شەممە ١٤ی ئاپریل کۆبونەوەی نوێنەرانی گروپی ٥ی زێدەی ١ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دوای ١٥ مانگ راوەستان لە سەراوە ولە ژێر گوشاری رۆژئاوا لە ئیستانبول دەستی پێکردەوە. ئەو کۆبونەوە لە کاتێکدا دەستی پێکردەوە کە کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لە جاران لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا تەریک کەوتۆتەوە وگەمارۆکان لە دژی سیستمی مالی وسەنعەتی نەفتی ئێران ئابوری ئەو وڵاتەی خستۆتە ژێرگوشارەوە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کەپارەی فەرمی ئێران دابەزینێکی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێ وبازاری تووشی ئالۆزێکی گەورە کردووە ولە ئاکامدایش دا بە دەیان قات نرخی کەل وپەل و پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک چۆتە سەر.

دمراستەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند رۆژ پێش کۆبونەوەی ئیستانبول وبۆئەوەی دژایەتی کۆبونەوەی بە ناو "دۆستانی سوریە" کە لە ئیستانبولی تورکیە بەرێوە چووبکەن لە هەڵوێستیکی سەیروسەمەرە دا ڕایانگەیاند کە دەبێ شوێنی کۆبونەوەکە یان بۆ دەمیشق ویان بۆ بەغدا راگوێزرێ وئەوەش بوو بە هۆی هاروژاندنی سەرۆک وەزیرانی تورکیە وپاش ماوەیەکی کورت کۆماری ئیسلامی کە وادیار بوو نایهەوێ تورکیەش بە تەواوی لە خۆی بکا بە دوژمن وجارێ بۆ دەورلێدانی گەمارۆکان وبۆ ئەوەی گرێ بەستی بە دەیان ملیارد دۆلاری بازرگانی لە گەڵ تورکەکان گرفتی تێنەکەوێ، ڕووهەڵمالانە بای دایەوە و دمراستەکانی رێژیم بەشداری نوێنەرانی خۆیان لە کۆبونەوەی ئیستانبول پشت راست کردەوە وبانگەشەی ئەوەشیان کرد کە ئەوجار کۆماری ئیسلامی هیندێک پێشنیاری نوێ بۆ ئەوکۆبونەوە پێ یە.

دوای ١١ ساعەت کۆبونەوە لە پشت دەرگا داخراوەکان ناوەرۆکی سەرەکی وئەو بڕیارە گرینگانەی کە بڕیاریان لە سەردراوە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەکراوە وتەنیا مەسەلەیەک کە باسی لە سەر کراوە درێژە دانی دانیشتنەکەیە لە کۆتایی مانگی مای ئەم ساڵ کە قەرارە لە بەغدا بەرێوە بچێ وهەردووک لایەنی بەشداری کۆبونەوەکەش رەزامەندی خۆیان لە سەر دانیشتن وئاکامەکەی دەربڕیوە.

ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو جارانی پێشوو پێش وەخت وەزعیەتی سیاسی رێژمەکەیان بۆ ئەودانیشتنانە

بە هێز وەسف دەکەن. بۆ وێنە سایتی "خبرگزاری جمهوری اسلامی" بە دروشمی "مذاکرات در چهارچوب دیپلماسی هستەای با قاعده برد ـ برد" دەست بە وتارەکەی دەکا وبە پشت بەستن بە "بردنە سەری ڕێژەی پیتاندنی ۳ ونیو دەرسەد بۆ ۲۰ دەرسەد، بەرهەم هێنانی سەفحەی سوتەمەنی و وەگەڕ خستنی راکتۆری هەستەیی بوشێر"بە دەسکەوتی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامی دەزانێ و ڕای وایە کە بەپشت بەستن بەودەسکەوتانە جێگەوپێگەی ڕێژیم لەو کۆبونەوەدا بەهێزتردەبێ".

"کاترین ئەشتۆن" وتەبێژی سیاسەتەکانی دەروەی یەکێتی ئوروپا ئەو دانیشتنەی بە ئەرێنی وەسف کردو ڕایگەیاند کە" مەبەست لەودانیشتنە ئەوە بووە کە بزانین، چلۆن ئەو ڕێگایە درێژە پێبدەین وئاکامیش ئەوەیە کە دەتوانم زەمان وشوێنی کۆبونەوەی داهاتووی دانیشتنەکان ڕابگەێنم وشوێنی کۆبونەوەی داهاتووش بەغدایە".

ئەوەیکە لە نێوان کۆماری ئیسلامی لە لایەک ونوێنەرانی گروپی ناسراو بە ٥ی زێدە ١ چ ڕێکەوتنێک ڕوویداوە وچ بۆتە هۆی ئەوەی کە بڕیاربدەن کە لە کۆتایی مانگی مای ئەم ساڵ ئەو کۆبونەوە لە بەغدا درێژە پێبدەن ناروونە و ئایا کۆماری ئیسلامی چ بەڵێن و وادەیەکی داوە بە ڕۆژئاوا کە بۆتە هۆی دڵ خۆش کردن ورازی بوونی ئەوان لە ئاکامی کۆبونەوەکەش هەر ناروونە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا نیشان داوە کە ئەو دانیشتنانە وەکوو تاکتیک بۆ کرینی کات وبەرەوپێش بردنی بەرنامە ناوەکیەکەی بەکارهێناوە وهیچکات لە وادە وبەڵێنیەکانی دا ڕووراست نەبووە وبە دایم هەوڵی داوە کە ناوەرۆکی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی لە ئاژانسی ئەتۆمی نێونەتەوەیی بشارێتەوە و ئاشکرا بوونی پیتاندنی یۆرانیۆم لە پێگەی "پارچین و دواتریش ئاشکرا بوونی پێگەی ناوەکی" فۆردۆ" دەریان خست کە کۆماری ئیسلامی چەندە لە وادە وبەڵێنیەکانی ڕووراستە. دەسکەوتی سەرەکی بۆکۆماری ئیسلامی لەو کۆبونەوە درێژەدانی هەمان بازی پێشوویە، واتە کرینی کات ونیشان دانی ژێستی ئاشتی خوازانە کە گۆیا ئامادەیە کە لە ڕێگای دانوستان و وتووێژ چارەسەری کێشەی ئەتۆمیەکەی بکاوئامادە بوونی لە کۆبونەوەی ئیستانبول و درێژە پێدانی ئەو کۆبونەوە لە بەغدا دەری خەری ئەو راستیەیە. دیاری کردنی بەغدا لە لایەن کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی کۆبونەوەکان و قەبوڵ کردنی ئەو داوایەش لە لایەن ڕۆژئاواوە خاڵێکی دیکەیە کە ڕێژیمی ئاخوندەکان دەتوانێ وەکوو سەرکەوتنێک پروپاگەندەی پێوە بکاوئەوەش بەو مانایەیە کە کۆماری ئیسلامی هێزوتوانا وجێگە وپێگە

ونفوزی خۆی لە سەرعێراق وریبەرانی شیعەی ئەو وڵاتە بە رۆژئاوا بە تایبەت بە ئامریکا نیشان بدا وخۆی بە براوەی سەرەکی لە کێشەی عێراق دانیشان بداوئامریکاش بەدۆراو. شایانی باسە کە عێراق لە کەیسی سوریە داپشتگری کۆماری ئیسلامی دەکا ویارمەتی رێژیمی سوریە دەکا بۆ ئەوەی هەرەس نەهێنێ.

ئەوەیکە لە کۆبونەوەی داهاتوو دا کە قەرارە لە سەربانگهێشتنی دەسەڵاتدارانی بەغدا وشەخسی نوری مالکی بە هاندانی کۆماری ئیسلامی بەرێوە بچێ چ ڕوودەدا ناروونە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە لە کۆبونەوەی بەغدا دا کۆماری ئیسلامی چ شتێک بە نوێنەرانی گروپی ٥ ی زێدە ١ دەدا وچۆنیان رازی دەکا کە هەمیسان دەرفەتێکی دیکە وەدەست بخا بۆ ئەوەی دوای کۆبونەوە بەغداش کۆبونەوەکان لە شوێنێکی دیکە هەر بەردەوام بن وهەڕەشەی شەڕ لە سەرخۆی کەم بکاتەوە؟ ئاکامی کۆبونەوەی ئیستانبول ودرێژەدانی لە بەغدا لە مانگی مای ئەم سالدا بۆ گروپی ٥ی زێدە یەک بە تایبەت بۆ ئامریکا و حکومەتی سەرۆک ئۆباما گەلێک گرینگە کە بتوانن جۆرێک ئەو بازییە سیاسیە بەرنە پێش کە هەم لە ناو خۆی ئامریکا بە قازانجیان تەواوبێ و لە هەلبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری مانگی نوامبر دا لە بەرامبەر کۆماری خوازەکان نەیدۆڕێنن و هەمیش بە بردنە پێشی سیاسەتی تەحریم ودیالۆگ لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی وڵاتانی زل هێزی دونیا لە چەشنی چین وروسیە کە دژی سیاسەتەکانی ئامریکا لە ناوچەکە دان رازی رابگرێ وهەمیش هاوپەیمانی وەکوو ئیسرائیل کە بەردەوام هەڕەشەی هێرشی نیزامی بۆ سەر پێگە ناوەکیەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا ئارام ڕابگرێ بۆ ئەوەی باراک ئۆباما بۆ جاری دووهەم وەکوو سەرۆک کۆماری ئامریکا هەڵبژێردرێتەوە.

رازی کردنی ئیسرائیل بە دان بە خۆداگرتن هەروا بێ بۆ دەولەتی "تەل ئاویو" بێ دەسکەوت نەبووە وئامریکا بەلێنی داوە کە بە دەیان میلیارد چەک وچۆڵ بەو وڵاتە بفرۆشی و دانانی سپەری بەرگری مووشەکی ناتۆ لە تورکیە و بەلێنی دان بە ٦ وڵاتی عەرەبی کەنداوی فارس لە مەڕ دانانی سیستمێکی لە هەمان شێوەش لە یەکێک لەو وڵاتانە بۆ بەرگری کردنیان لە ئەگەری هەڕەشەری نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەمنیەتی ئیسرائیل مسۆگەرتر دەکا. لە کۆتایی دا ماوە بگوترێ کە ئەوەی دۆراوی سەرەکی ئەو بازییە سیاسیەی نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ٥ی زێدە یەکە، گەلانی ئێرانن کە کراونەتە قوربانی ئەو سات و سەوادیە و تەحریمە ئابوریەکان لە پلەی یەکەم دا خەڵکی هەژارو دەستکورتی ئێرانیان نیشانە گرتووە وئەوەی لەو بەناو دانوستاندنانە هیچ لایکیان خۆی لێنادەن و غایبە، باس کردن و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و مەدەنیەکانی گەلانی ئێرانە کە زۆر بە سووک و

سادەیی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە پێشڵ دەکرێ وبێ دەنگی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا وبێ هەڵوێستی و بێ بەرنامەیی و بێ سەروبەرەیی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی رێژیمی ئاخوندەکانیان بۆ سەرکوتی وەحشیانەی خەلک ئاوالە کردووە.

ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت ئەوانەی کە خۆیان بە ئەحزابی سەراسەری دەزانن بە راست و چەپ و لیبرالەوە، بە سیاسەت و هەڵویستەکانیان نەک هیچ خزمەتێکیان بە گەلانی ئێران نەکردووە، بەڵکوو بە زەق کردنەوە مەترسیەکانی هێرشی نیزامی بۆ سەرکۆماری ئیسلامی و بەچاندی تۆوی ترس لە ناو دڵی خەڵکی ئێران، بەتایبەت فارس زمانەکان لە مەرِ پارچەپارچە بوونی ئێران خزمەتێکی گەورە بە بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی سەرکوت و داپلۆسینی سەرانی دەوڵەتی کودتا لەناوخۆی ئێران دادەکەن و لە راستیدا بەوعەقلیەتەیان و بە درێژەپێدانی ئەو سیاسەتە نژادپەرەستانەیە لە هەوڵی ئەوەدان کە هەموو جۆرە سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە و داپلۆسێنەرانە لە دژی داخوازە ڕەواو بەرحەقەکانی گەلی کوردو گەلانی دیکەی چەوساوەی غەیری فارس زمان بە دەستی کۆماری ئیسلامی بە بەهانەی "پاراستنی تەواویەتی عەرزی "بە ڕەوا و بە رحەق لە قەڵەم بدەن.

بێدەنگی ئۆپۆزیسیۆنی بە ناو سەراسەری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی رابردوو لە هەمبەر سەرکوت و کوشتارو قەتل و عامی گەلی کورد و کوشتن وئێعدام کردنی رۆلەکانی بەلوچ و سیاسەتی دژبە ولاتانی عەرەبی، بەتایبەت دژ بە ولاتانی عەرەبی کەناری کەنداوی فارس کە زۆرینەی حەشیمەتیان سوننین لە سەرکوت کردنی بێ رەحمانەی عەرەبەکانی پارێزگای ئەهوازکە ئەوانیش سوننی مەزهەبن بە توندی ڕەنگی داوەتەوە. ئەو سیاسەتە تەواو نژاد پەرەستانەیە کە ناسیۆنالیزمی فارس لە قالبی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دژ بە گەلانی دیکەی چەوساوەی غەیری فارس لە ئێراندا بە بیانوی "پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران" بەرنامە بۆ دارێژراو بەرێوەی دەبا جگەلە نانەوەی دووبەرەکی زیاتر لە نێوان گەلانی ئێران و قوڵتر کردنەوەی ناکۆکیەکان هیچ دەسکەوتێکی نیە و تەنیا لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامی قازانج دەکاوتەمەنی درێژتر دەبێتەوە.

١٥ی ئەپریلی ٢٠١٢

## کۆنفرانسی دۆستانی سوریە و قەیرانی پەروەندەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی

یەکشەممەی رابردوو ١ی ئاپریل کۆبونەوەیەکی بەرین لە ئیستانبولی تورکیە بۆ باس لە سەرهەڵ ومەرجی ئالۆزی سوریە لە ژێر ناوی کۆبونەوەی "دۆستانی سوریە" بە بەشداری نوێنەرانی ٧١ وڵاتی دونیا و نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی سوری پێکهات و لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەکەدا جگە لە ئاماژە کردن بە هەوڵەکانی "کۆفی عەنان" ودووپات کردنەوەی پشتیوانی یەکێتی وڵاتانی عەرەبی لەو هەوڵانە خاڵێکی گرینگ گونجێندراوە کە ئەویش بە فەرمی ناسینی ئۆپۆزیسینونی سوری وئامادەیی دەبرینی وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس بۆ یارمەتی دانی ماڵی بە حەرەکەتی ئۆپۆزیسیونی سوری بۆ دژایەتی لە گەڵ دەسەڵاتی بەشارئەسەدە. لەو بەیاننامە دا بە ئاشکرا باس لەوە کراوە کە ئۆپۆزیسیۆنی سوری دەبێ پارەی مانگانە بدا بەو نیزامیانەی کە لە سوپای سوری جیا دەبنەوە ولە دژی ئەو سوپایە شەڕی چەکداری دەکەن.

سەرۆک وەزیرانی تورکیە کە خۆی ودەولەتەکەی چالاکانە لە کێشەی سوریە لە گەڵ سیاسەتی ئامریکا و ئوروپا دەچێتە پێشەوە وبە دایم فرمێسکی حەرام بۆ خەڵکی سوریە هەڵدەرێژێ رایگەیاند کە ئەگەر "شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان بڕیاری پێویست نەدا،کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هیچ رێگایەکی دیکەی جگە لە یارمەتی دانی خەڵکی سوریە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان بۆ نامێنێتەوە".

ئاماژەی سەرۆک وەزیرانی تورکیە بۆ یارمەتی دانی خەڵکی سوریە بە واتای دانی چەک وپارەی پێویست بە دژبەرانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سورییە بۆئەوەی لە رێگای نیزامیەوە وبە هاوکاری ناتۆ رێژیمی بەشار ئەسەد بروخێنن. بە دوای بڵاو بونەوەی ئەو بەیاننامە وبە فەرمی ناسینی ئۆپۆزیسیۆنی سوری لە لایەن بەشدارانی کۆنفرانسەکە، روسیە وکۆماری ئیسلامی دژ کردەوەیان لە خۆیان نیشان دا وهەردووک لا لە دژی ئەو بەیاننامە وسیاسەتەکانی بەشدارانی کۆنفرانس هەڵوێستیان گرت.

کۆماری ئیسلامی وتورکیە لە سەرکۆمەڵێک سیاسەتی پەیوەندیدار بە ناوچەکە دژایەتی یەکتردەکەن و هەرکامەیان هەوڵ دەدا کە جێگە وپێگەی سیاسی وئابوری خۆی لە ناوچەکە دا بە هێزبکا وئەوەش دەکرێ وەکوو دەرفەتێکی

باش بۆ کورد سەیربکرێ کە لە دژایەتی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی داگیرکەری کوردستان ئەو پەڕی کەڵکی سیاسی و ئابوری خۆی وەرگرێ.

کۆماری ئیسلامی بە هۆی سووربوون لە سەرپەرەپێدان بە پرۆگرامە ناوەکیەکەی وپیتاندنی یۆرانیۆمی بە ڕێژەی ٢٠ دەرسەد وزیاد کردنی ڕێژەی سانترفیوژ بۆدەست ڕاگەیشتن بە ئامانجە ئەتۆمیەکانی کە لە ئەنجام دا دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی یە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە گەڵ هەڵوێستی توندی وڵاتانی کەنداوی فارس وئیسرائیل وئامریکا وهاوپەیمانانی بەرەورووو بۆتەوە ولە ئاکامی زەختی ئامریکا بۆ سەرئێران لە لایەک و بۆسەردەوڵەتان وشیرکەتە گەورە نێونەتەوەییەکانی دیکە لە لایەکی دیکەوە ،هەردێ ولە ڕێژەی کریارانی نەفەتی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کەم دەبێتەوە وئەو سیاسەتەی ئامریکا وایکردووە کە وڵاتانی جیهان بە تایبەت شیرکەتە ئابوریە گەورە نێو نەتەوەیەکان لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئامریکا یەکیان هەڵبژێرن و بە ئاشکراش دیارە کە هەموویان پشتیان لە کۆماری ئیسلامی کردووە وئامادە نین بە خاتری ڕێژمێکی یاخ وتێرۆریستی وەکوو کۆماری ئیسلامی بەرژەوەندیەکانیان لە ئامریکا ولە ئاستی نێونەتەوەیی دا بخەنە مەترسیەوە.

لەو نێوە دا سیاسەتی لە ناڵ ولە بزمار بدەی تورکیە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ولە ئاستی ناوچەکە و نێونەتەوەیی دا جێگەی تێڕامان و وردبونەوەی و تورکەکان لە چەند بوارەوە لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانیان و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانن بۆ ئەوەی جێگە و پێگەی سیاسی و ئابوری خۆیان بە هێزتربکەن. لە لایەک بە ئاشکرا سات و سەودای چەند میلیارد دۆلاری لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دەکەن و لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی نەکەونە بەر ڕەخنەی ئامریکا و هاوپەیمانانی لە مەڕ سات وسەودای بازرگانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، ڕێگا بە ناتۆ دەدەن کە سیستمی بەرگری دژە موشەکی لە سەرخاکی وڵاتەکەیان لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشەی نیزامی ڕێژیمی مەلاکان و تەنانەت روسیەش دابمەزرێنێ. تورکیە لە قەیرانی سیاسی سوریە دا رۆلی دەلالێکی باشی نێونەتەوەیی دەگێرێ و دەورێکی چالاکانە بۆ کاریگەری دانان لە سەرکێشەی سیاسی وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت سوریەی گرتۆتە ئەستۆ و بە یارمەتی دانی ئۆپۆزیسیۆنی سوری دژبەری دەسەلاتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد بە ئاشکرا دژایەتی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

دوای گرتنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ناوەکی لە کۆڕەی باکورو سەفەری ئەردوگان بۆ تاران بۆ گەیاندنی پەیامی

ئامریکاو هاوپەیمانانی بە دمراستەکانی دەوڵەتی کودتا، بڕیار وابوو کە دەوری نوێی بە ناو وتوێژەکانی پەروەندەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی لە ١٤ی ئاپریل لە ئیستانبولی تورکیە بەرێوە بچێ و وەزیری دەرەوەی ئامریکاش ئەوەی پشت راست کردبۆوە، بەڵام لە هەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراودا کۆماری ئیسلامی رایگەیاند کە دەبێ شوینی ئەو کۆبونەوە یان لە بەغدا یان لە دمێشق بێ و ئەوەش سەرۆک وەزیرانی تورکیە زۆر تورە کرد ولە کاردانەوەیەکی توند دا ئەردۆگان ڕایگەیاند کە "ئێران بە دەست نیشان کردنی بەغدا یان دەمیشق کات بە فیرۆ دەدا و ئەوەش ناوی لێنانرێ دیپلۆماسی و دەکرێ ناوێکی دیکەی لە سەر دابنرێ. ئەردۆگان لە درێژەی وتەکانی دا کوتی" ئێرانیەکان سەداقەتیان نیە و ئەو کردەوەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئێران متمانەی نێونەتەوەیی خۆی لە دەست بدا ولایەنی دیکەی بەشدار لەو وتووێژانە دا ئەوەی قەبوڵ ناکەن کە لە بەغدا یان دەمیشق وتووێژ بکەن".

چەند فاکتۆر لە گۆرینی هەڵوێستی کوت و پڕی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ گۆرینی شوینی کۆبونەوەکە دا دەوریان هەبووە کە دەکرێ ئاماژە بە چەندانەیان بکرێ.

***یەکەمیان،*** بەستنی کۆنفرانسی بە ناو "دۆستانی سوریە" لە ئیستانبول بوو کە بەئاشکرا دژایەتی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا وبە فەرمی ناسینی ئۆپۆزیسیۆنی سوری و بەلێنی یارمەتی دانی ماڵی بۆ شەڕی دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و حیزبی بەعس وەکوو تەنیا هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دا. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەوپەری کەڵکی سیاسی لە قەیرانی سوریە وەرگرێ و بۆیەش ئامانجی دانیشتنی لە گەڵ گرووپی ٥ی زێدە یەک لە مەڕ قەیرانی ناوەکیەکەی دەبەستێتەوە بە کەیسی سوریە و بۆ ئەو مەبەستەش بەغدا یان دەمیشق بۆ وتوێژەکان دەست نیشان دەکا.

دیاری کردنی دەمیشق بۆ وتوێژەکان بە خۆرایی نیە وشەرعیەت ورەوایی دان بە دەسەڵاتی بەشارئەسەدە لە حاستی نێو نەتەوەیی دایە ودژایەتی ڕاستە و خۆ و بە فەرمی نەناساندنی ئۆپۆزیسیۆنی بەشار ئەسەدە.

سەفەری "کۆفی عەنان" بۆ تاران لە حەفتەی داهاتوودا بۆ رازی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بۆدەست هەڵگرتن لە پشتگری ماڵی و سیاسی لە رێژیمی بەشار ئەسەد.

***دووهەم فاکتۆر،*** هەوڵ دانی ئامریکا و ٦ وڵاتی عەرەبی کەنداوی فارسە بۆ دانانی سیستمێکی بەرگری موشەکی هاوبەشە لە یەکێک لەو وڵاتانە دا کە ئامانجی ڕاستەوخۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانە و ئەوەش هەم لە گەڵ دژکردەوەی توندی کۆماری ئیسلامی بەرەورووبۆتەوە وهەمیش دژکردەوەی روسیەی بەدواوە بوو. روسەکان پێیان وایە کە "جێگیرکردنی سیستمی بەرگری موشەکی هاوبەش لە یەکێک لە وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس نیشانەی هێرش کردن بۆسەرئێرانە، بۆئەوەی لە کاتی دژکردەوەی موشەکی ئێران ئەو وڵاتانە بپارێزرێن". هەروەها چینیەکان کە پەیوەندیەکی ئابوری بەربڵاویان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە و تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ یەکێک لە کریارانی سەرەکی نەوتی ئێرانن دژایەتی خۆیان بە نیسبەت هێرشی نیزامی بۆ سەرئێران راگەیاندووە وڕایان وایە کە "لە ئەگەری هێرشی نیزامی بۆسەرکۆماری ئیسلامی دژکردەوەی ئەو ڕێژیمەی لە ناوچەکە دا بە دوادا دەبێ وکاریگەری لە سەرڕەوتی بەرەوباش بوونی ئابوری نێو نەتەوەیی دادەبێ".

***فاکتۆری سێهەم،*** بواری خراپی ئابوری وماڵی ئێران بە هۆی کەم بوونەوەی رۆژ لە گەڵ رۆژی کریارانی نەفتی ئەو وڵاتەیە وتەحریم کردنی کرینی نەفتەکەی لە لایەن یەکێتی ئوروپاوە کە قەرارە لە سەرەتای مانگی ژۆئەنی ئەمساڵدا دەست پێدەکا وبۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی نەوتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بازاردا،بڕیارە کە بە کرینی نەوت لە لیبی ئەو ڕێژە قەرەبوو بکرێتەوە.کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ تەنیا کارتی کە بە دەستیەوە ماوە بۆ ئەوەی رووبەرووی رۆژئاواو تەحریمەکانی بێتەوە پشتگری لە ڕێژیمی بەشارئەسەد لە لایەک ولە لایەکی دیکەش هەوڵ دانە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی وتووێژەکانی لە مەڕبەرنامە ناوەکیەکەی لە گەڵ رۆژئاوایە وهەرجارەش بە بەهانەیەک خۆی لە جێ بە جێ کردنی داواکانی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا لە مەڕ ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم دەدزێتەوە وئەوخۆ دزینەوەش بۆ خۆی کات کرینێکی زیاتری بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ دەست ڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتۆمی بە دواوەیە وقسەکانی خامنەیی ش لە مەڕ بە حەرام زانینی بۆمبی ئەتۆمی لە ئیسلام دا، هەوڵ دانێکە لە پێناو کڵاونان لە سەر ئامریکا وهاوپەیمانانی.

کۆماری ئیسلامی باش دەزانی کە ئەگەر بتوانێ یەکەم بۆمبی ناوەکی خۆی لە ماوەی یەک یان دوو ساڵی داهاتوو دا دروست بکا، ئەو کات ئیدی پشت ئەستورتربە بۆمبی ناوەکی، سیاسەتی ئاژاوەگێرانەی دەرەوەی هەروا بەرەوپێشەوە دەبا ورۆژئاواش ناتوانێ بەوجۆرەی کە پێێ خۆشە هەڵس وکەوتی لە گەڵ بکا.

خالێکی گرینگ کە نابێ لە بیربکرێ ئەوەیەکە ،بۆئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننەی کەنداوی فارس وبۆتورکیەی سوننی دراوسێ کۆماری ئیسلامی وبۆ رۆژئاواش بوونی ئێرانێکی خاوەن بۆمبی ئەتۆمی بە بوونی دەسەڵاتێکی مەزهەبی توندئاژۆی شیعەی سەرەڕوو و یاخی لە بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان هەڕەشەیەکی گەورە دێتە ئەژماروهەموو نیشانەکان و سیاسەتەکانی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بۆلە پەل وپۆ خستنی کۆماری ئیسلامی دەبێ هەموو ڕێگاکان تاقی بکرێنەوە وفەلەج کردنی ئابوری ئێران سەرەتای ئەو ڕێگایەی کە رۆژئاوا گرتویە بەرولە ئەگەری مل نەدانی کۆماری ئیسلامی بە داخوازیەکانی رۆژئاوا وکۆمەڵگای نێونەتەوەیی، ڕەنگ بێ گورزی سەربازی لە دژی ناوەندە ناوەکیەکان و سەربازیەکانی کۆماری ئیسلامی یەکلاکەرەوەی ئەو قەیرانە بێ، هەڵبەت بە قورستر کردنی زیاتری تەحریمە ئابوریەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی کە زەرەرمەندی سەرەکی گەلانی ئێران بە تایبەت چینی هەژارو دەستکورتی کۆمەڵگا دەبن.

٦ی ئەپریلی ٢٠١٢

---

## هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەمی شۆرای ئیسلامی ئێران و رۆانگە وهەڵویستی کوردەکان

لە دوای هاتنە سەردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ولە ماوەی تەمەنی زیاتر لە ٣٠ ساڵەی ئەو ڕێژیمە دا نۆ جار هەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کە هەر چوار ساڵ جارێک پێک دێ بەرێوە چووە و ڕێژیمی ئاخوندە شیعەکان لەو هەڵبژاردنانە ئەوپەری کەڵکی میدیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. ڕێژیمی ئاخوندەکان دوو مەبەستی سەرەکیان لەو بەناو هەڵبژاردنانە هەبووە:

*یەکەم.* نیشاندان دانی جێگەوپێگەی کۆمەڵایەتی وسیاسی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و گەیاندنی ئەوپەیامە بە دژبەرانی لە ناوخۆ ودەرەوەی وڵات کە کۆماری ئیسلامی "ڕێژیمێکی بە هێزو خۆشەویست وخەڵکی و ریشە داکوتاوە وئەوەش بە مانای مەشروع بوونی ڕێژیم پێناسە کراوە بۆ ئەوەی بە دەست ئاوالەیی هەموو سیاسەتە چەوتەکانیان چ لە ناوخۆی ئێران وچ لە ئاستی نێونەتەوەیدا بەڕیوەبەرن و هەموو دژبەرانی ڕێژیمیش

بە پشت بەستن بەو بەناو" خەڵکی بوونی ڕێژیم" سەرکوت وبێ دەنگ بکەن و وڵامی ئازادی خوازی گەلانی ئێران بە تایبەت هی کوردەکان بە زیندان وکوشتن وبێ بەش کردن لە هەموو پرۆژە ئابوریەکانی وڵات بدەنەوە.

لە پەیوەندی بە سیاسەتی شەرانگێزانە وتێرۆریستیانەی دەرەوەش دا بەردەوام کاربەدەستانی ڕێژیم ولە سەرەوەی هەمووان وەلی فەقی وسەرۆک کۆمارەکانی بە ناوی "ملت ایران" قسەیان کردووە و هەمووکات وایان نیشان داوە کە سیاسەتەکانیان چ بۆناوخۆ وچ بۆ دەرەوە جێگای "پەسەند ورەزامەندی خەڵکی ئێرانن".

***دووهەم.*** گرتنی ژێستی دێموکراسی خوازانە بۆ ئەوەی بە خەڵکی دونیا نیشان بدرێ کە لە ئێرانی ژێردەستی کۆماری ئیسلامی دا بە شێوازی تەواو دێموکراتیک هەڵبژاردەنەکانی شارەوانیەکان، مەجلیسی شورای ئیسلامی، مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری وهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەرێوە دەچن وئەوە خەڵکی ئێرانن کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا بە شێوازی دێموکراتیک ولە ڕێگای دەنگ دان و سەندوقی دەنگدانەوە هەڵدەبژێرن وکاربەدەستانی ڕێژیم هەڵبژاردەی پرۆسەیەکی دێموکراتیکن وبە دەنگی نەهێنی وراستەوخۆی خەڵکی ئێران هەلبژێردراون.

ئەوەی راستی بێ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی هیچ کات نەیتوانیوە دەنگی ڕاستەقینەی گەلانی ئێران بێ و زۆرتر ئەو کەس ولایەنانەی کە باوەڕیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی و وەفاداری خۆیان بە ویلایەتی فەقی دەربڕیوە توانیویانە بگەنە مەجلیس.

بۆ گەیشتن بە مەجلیس، چ ئەوکەسانەی کە چ لە لایەن حیزبەکانی نێو چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و چ ئەو کەسانەی کە وەک تاک پاڵیوراون ویان خۆیان پاڵاوتوە دەبێ لە پلەی یەکەم دا لە ژێرفیلتێری "شورای نگهبان" بگوزەرێن ووەفاداربوونی ئەو پالێوراوانە بە وەلی فەقی وبە کۆماری ئیسلامی تەئید بکرێ ودوای تێپەرکردنی هەموو ئاستەنگەکان، ئەوجار ڕێگایان پێ دراوە بە قەولی خۆیان " بکەونە کێ بەرکێی ئازاد و دێموکراتیک" بۆ ئەوەی وەکوو نوێنەری خەڵکی ناوچە وشارەکانی خۆیان بەدەنگی خەڵک هەلبژێردرین وببنە نوێنەری خەڵک لە " خانە ملت" دا.

لە پەیوەندی بە خۆپالاَتن وهەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران دا چۆنیەتی وچەندایەتی شێوازی هەڵبژاردن ودیاری کردنی کاندیداکان بە تەواوی دژی دێموکراتیکن، واتە ئەوە خەڵک نین کە کاندیداکان هەڵدەبژێرێن، بەڵکوو ئەوە دەزگاکانی سەربە نیزامن کە کاندیداکان بۆ خەڵک هەڵدەبژێرن و ئەگەر سەلاحیەتی هەرکام لە کاندیداکان لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ و"شورای نگهبان" تەئید نەکرێن هیچ کاندیدایەک ناتوانێ بگاتە مەجلیس.

بەو شێوازە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک و هاندان وبردنی خەڵک بۆسەر سندوقەکانی دەنگ دان زۆرترلە نەمایشێکی گاڵتەجارانە دەچێ ولە راستیدا بێ حورمەتی وسووکایەتی کردن بە عەقڵی خەڵک وبە مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگایە.

پرسیارێکی زۆرگرینگ کە پێویستە هەرکوردێک لە رۆژهەلاتی کوردستان لە خۆی بپرسێ ئەوەیە کە دەسکەوتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە بەشداری ویان بایکۆتی لەوبەناوهەڵبژاردەنانە دا چی بووە وئایا کورد بەراستی بۆبەشداری لەو بەناوهەڵبژاردنانە دا ویانی بایکۆت کردنیان خاوەنی پلان وبەرنامە و ستراتیژی روونی سیاسی ویەک دەنگ بووە ؟ ئایا بە وردی هەموو لایەنەکانی کێشەکان هەلسەنگێندراون وبە ڕادەی پیویست لە سەریان موناقیشە کراوە؟

ئایا لە دوای هەرهەڵبژاردنێک دا نوخبەکانی کوردوهێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان تاووتوێ ئاکامەکانی وبەشداری یان بەشداری نەکردنی رێژەی خەڵکیان کردووە ودەرسیان لە شکست وهەڵەکانیان وەرگرتووە وسەرکەوتنەکان لە خۆبایی نەکردوون؟

پلانی کودتای سپای پاسداران کە لە دوای ئاکامی بە ناوهەڵبژاردنی دەوری نۆهەمی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا ئاشکرابوو وبە زۆرە ملی ئەحمەدی نژاد کرایەوە بە سەرۆک کۆمار سەحنەی دەسەلاتی سیاسی ئێرانی هیندەی دیکە گۆریوە ولە دوای ئەوکودتایە ئیتر سپای پاسداران بە ئاشکرا بۆتە هەمەکارەی وڵات ولە هەموو بوارەکاندا ئەوە ئەوانن کە لە پشتی وەلی فەقی راوەستاون و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری وڵات بە تەواوی لە دەستی پاسدارانی ئینقلاب دایە. داپلۆسین و گرتن و زیندانی کردن و کوشتنی جودابیران و دژبەرانی نیزام

وتەنانەت کەس ولایەنی بە ناو "ریفۆرم خواز" کە خوازیاری مانەوەی ڕێژیمن بە باشی دەرخەری ئەو راستیەن کە هەڵبژاردن وخۆپاڵاوتن ونوێنەری خەڵک بوون لە ناومەجلیسی شۆرای ئیسلامی دا شتێکی بێ ماناوگاڵتەجارانەیە وکودتای بە ئاشکرای سپای پاسدارانی رێژیم ودزینی دەنگەکانی خەڵک بە رۆژی رووناک جارێکی دیکە ئەو راستییەی خستەوە ڕوو کە لە کۆماری ئیسلامی دا دەنگ دانی خەڵک هیچ مانایەکی نیە و ئەوە ڕوانگە وبۆچوون ودەسەڵاتی بێ سنوری وەلی فەقی یە کە بە سەرویست وئیرادەی میلیۆنان دەنگ دەردا زاڵە ودەنگدانی خەڵک تەنیا شتێکی ڕواڵەتییە وهیچ کاریگەری لە سەرئاڵ وگۆری بنەرەتی لە سیستمی بەرێوەبەری کۆماری ئیسلامی دا نەبووە ونیە.

ئەوانەی ئیدەعا و پرۆپاگەندە دەکەن کە خەڵک نابێ خۆیان دوورەپەرێز ڕابگرن ودەبێ بەشداری چالاکانە لە هەڵبژاردنی دەوری نۆهەمی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی دا بکەن بۆئەوەی "نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان: بنێرە مەجلیس، جگە لە خۆفریودان و خەڵک هەڵخەلەتاندن، هیچ ناوێکی دیکەی ناکرێ لێ بنرێ و لە راستیدا ئەوانەی کە دەیانهەوەی خەڵک هان بدەن و بە فرت وفێل خەڵک بەرنە سەرسندوقەکانی دەنگ دان راستەوخۆ کودتای سپای پاسداران و مەشروع بوونی رێژیمی ئاخوندەکان تەئید دەکەن و بەوکردەوەیان دەکەونە دژایەتی لە گەڵ میلیۆنان کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی تینووی ئازادی لە ئێران دا کە بە دەستی رێژیمی ئاخوندەکان دەچەوسێندرێنەوە و ئێرانیان لێ کراوە بە زیندانێکی گەورە و لە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی ئینسانی بێ بەش کراون.

بۆ بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتەکانی رێژیمی مەلاکان و پوچەڵ کردنەوەیان گرتنە بەری سیاسەتێکی تۆکمە و کاریگەر گەلێک گرینگە بۆ ئەوەی نەک هەر رێژیم نەتوانی لەوبە ناوهەڵبژاردەنە بۆ مەشروعیەت دان بە خۆی کەڵکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەربگرێ، بەڵکوو کۆمەڵانی خەڵک بە ئامادە بوونیان لە سەرشەقامەکان و بە دانی دروشمی رێفراندۆم لە مەڕ چارەنووسی کۆماری ئیسلامی تەکلیفی خۆیان لە گەڵ ئەو رێژێمە یەکلا بکەنەوە و دەبێ ئەوە بکرێ بە دروشمی رۆژ و داواش لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان بکرێ کە بۆ رێکخستنی ریفراندۆم یارمەتی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێراندا بدا.

ئیتربۆ هەموو لایەک روون بۆتەوە کە بەشداری لە هەڵبژاردنی رێکخراو لە لایەن رێژیمەوە ناتوانێ پاشەکشە بەورێژیمە بکا وداخوازە دێموکراتیکەکانی گەلانی ئێران بەرێگای هەڵبژاردن لە هەڵبژاردەنە فەرمایشیەکانی رێژیم

وەدی نایەن و ڕێژیم لە ماوەی زیاتر لە ٣ دەهەی ڕابردوو دا نیشانی داوە کە کێی پێ خۆش بێ لە سندوقەکانی دەنگدان دەری دینێ و بە سەرکۆمەڵانی خەڵکی دادەسەپێنێ.

کۆماری ئیسلامی لە قەیران دایە وبۆ دەربازبوون لەو قەیرانە دەیهەوێ خەڵک بکا بە قوربانی خۆی بکا و بە ڕێکخستنی نمایشی گاڵتەجارانە و بێ ماناو ناوەڕۆکی بە ناوهەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیش تەنیا و تەنیا لە بیری گەڕاندنەوەی مەشروعیەت بۆ خۆیەتی کە زۆرپێویستی پێیەتی.

لە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی جیهان وناوچە وبەهاری عەرەبی و ئێران دا کوردەکانی ڕۆژهەڵات چ وەک ئەحزابی سیاسی و چ وەک کەسایەتیەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەرەوە و ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکجار زۆر لاواز جوڵاونەتەوە و بە داخەوە بەهۆی دووبەرەکی و جیاوازی فکری وسەلیقە شەخسیەکان نەیانتوانیوە هەلەکە بە باشی بقۆزنەوە و پلان وسیاسەتێکی نەتەوەیی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دابرێژن وئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیری نەتەوایەتی و هەوڵ دان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵات دا زۆرلاوازە و سالانێکی زۆری ماوە بۆئەوەی کوردی ڕۆژهەلات کێشەی سیاسی خۆی وەکوو کێشەی نەتەوەیەک بخاتە ڕوو نەک وەک کێشەیەکی ناوچەیی ناوخۆیی ئێران.

بە ئاوڕدانەوە بۆ ڕابردوو بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە بەشداریکردن و نەکردنی کوردی ڕۆژهەلات لە هەڵبژاردنەکاندا و یەک لەوان لە هەڵبژاردەنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و ناردنی بە قەول "نوێنەر" بۆ ئەو مەجلیسە هیچ کارێگەری ئەرێنی و موسبەتی لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک لە پارێزگا کوردیەکان دانەناوە و تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ کۆماری ئیسلامی هیچ حیسابێک بۆ کوردی ڕۆژهەڵات ناکا و مرۆڤی کورد بە هاووڵاتی دەرجە چەندەم سەیر دەکرێ. لە ڕاستیدا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وەکوو سیاسەتی ڕێژمێکی داگیرکەر وایە کە خەڵکی ئەوناوچانە بە بەشێک لە پێکهاتەی ئێران نازانێ. دوای کودتای سپای پاسداران لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی و دزینی بە ئاشکرای دەنگەکانی خەڵک و داسەپاندنەوەی ئەحمەدی نژاد بە زۆرە ملی وەکوو سەرۆک کۆمارو دژکردەوەی خەڵکی نارازی لە هەمبەر کودتاچیان ناوەڕۆک و ماهیەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی بۆ هەموو گەلانی ئێران و دونیا ئاشکرابوو. سیاسەتەکانی سەرانی دەوڵەتی کودتا و گرتن وسەرکوت و توندوتیژی لە ڕادەبەدەری دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە هەمبەر خەڵک و هەڕەشە و گوڕەشەکانیان ئەوەمان

بە روونی بۆ دەردەخا کە لە ئەگەری بەشداری ئەوجارەی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی هیچ دەسکەوتی بۆیان نابێ و ڕێژیم تەنیا بە مەبەستی سیاسی و پرۆپاگەندەی میدیای و بۆئەوەی خۆی وەکوو نوێنەری گەلانی ئێران نیشان بدا و مەشروعیەت بە خۆی و بە سیاسەتەکانی بدا دەیهەوێ ئەوپەری کەڵکی خۆی لەوبەناوهەڵبژاردنانە وەرگرێ.

بەشداری کردنی گەلانی ئێران لەوهەڵبژاردنە دا جگە لە درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و تەئید کردنی سیاسەتەکانی دەوڵەتی کودتا هیچ ناوێکی دیکەی لێ نانرێ و مەجلیسی کارتۆنی شورای ئیسلامی ڕێژیمی ئاخوندەکان کە بە نیازن ئەم جارە بە تەواوی یەک دەستی بکەن جگە لە گوێ ڕایەڵ بوون بە ئەمرو فەرمانەکانی وەلی فەقی و دارودەستەکەی هیچ چاوەڕوانیێکی دیکەی لێ ناکرێ و هەرچەند تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ نوێنەرانی ئێستا و دەورەکانی پێشووی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی هەوڵیان نەداوە ببنە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک و لە هەمبەر زۆرە ملی وەلی فەقی و حکومەتی دەست نیشاندەی داکۆکی لە مافی هاو وڵاتیانیان بکەن و نوێنەری ڕاستەقینەی دەنگ ورەنگی خەڵکی خۆیان بن.

٥ی جانێویری ٢٠١٢

---

## ئێران ٣٣ ساڵ دوای شۆرشی ١٩٧٩

٢٢ی ڕێبەندانی ئەم ساڵ ٣٣ ساڵ بە سەرشۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری حەمەرەزاشای پەهلەوی تێدەپەرێ. شۆرشێک کە لە سەدەی بیستەم دا کۆمەڵگای ئێرانی بە هەموو پێکهاتە ئاینی و مەزهەبی و سیاسی و کۆمەڵاتیەکانیەوە لە زۆربارەوە بە تەواوی گۆڕی. ئەو شۆڕشە کە لە سەردەستی چینی هەژار و مام ناوەندی کۆمەڵگا بەرێوەچوو و خوێن ڕژان و ماڵ و ێرانیەکەشی هەربۆئەوان بوو، نەک هەر نەبوو بە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک و سەردەمیانە و پێشکەوتوو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بوو بەهۆی گەڕانەوەی زیاتر بۆ سوننەتە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەراست و ورۆچوونی پتری کۆمەڵگای ئێران بۆ ناو کۆنەپەرەستی و

خورافەپەرەستی و دروست بوونی دیکتاتۆرێکی خوێنرێژی دینی کە بە ناوی ئاین و بە خۆ پێناسە کردن وەکوو نوێنەری خودا لە سەرعەرز بۆتە دەسەلاتێکی دیکتاتۆری موتلەق و تەنانەت ئیزن بە خۆی دەدا دیخالەت لە ژیانی شەخسی تاکەکانی کۆمەلگا دابکا و دەبێ خەلک بەئارەزووی ئەوو رێژیمەکەی جل وبەرگ بپۆشن و زۆربەی رۆژەکانی سالّ بۆخەلکی ئێران بۆتە رۆژی ماتەمباری ورەش پۆشی.

لە بواری کۆمەلایەتی کۆمەلگای ئێران تووشی چەندین کێشەی گەورە بۆتەوە و فەسادی ئەخلاقی، دزی، رشوەخۆری، بلاوبونەوەی رێژەیەکی زۆر نەخۆشی ئایدزلە ناو چینی گەنجاندا، گیرۆدە بوونی بە هەزاران کەس لە ژنان و پیاوانی ئێرانی بە مادە سرکەرەکان، چونە سەری رێژەی بێکاری بەتایبەت لە نێو چینی گەنج و خوێندەواری کۆمەلگادا، پڕبوونی زیندانەکان لە کەسانی تاوانبار،هەژاری ،بەرزبونەوەی رۆژلە گەلّ رۆژی رێژەی تەلاق و زیاترلێکترازانی شیرازەی بنەمالە، خۆکوشتنی تاکەکان، بە تایبەت ژنان بە هۆی کێشەی کۆمەلایەتی و ئابوری و مەزهەبی، دابەزینی ئاستی خوێندن لە خوێندنگاکانی ئێران وکەم بوونی قوتابخانە بە ڕادەی پێویست، بە پادگانی کردنی خوێندگاکان لە رێگای ڕاکێشانی لاوانی بۆ ناوهێزی بەسیج و سیخوری پێکردنیان لە سەریەکتر.

لە بواری پەروەردەیی و زانستیەوەش ئاخوندە شیعە دەسەلاتدارەکان لە هیچ سیاسەتێکی کۆنەپەرەستانە و دژی سەردەمیانە خۆیان نەپاراستووە ولە ماوەی زیاتر لە ٣ دەهەی رابردوودا هەوڵیان داوە سیستمی پەروەردەیی ئێران لە سەرەتایی تاکوو زانکۆ بەتەواوی ئیسلامی بکەن و بە قەولی خۆیان لە ئاسەوارەکانی رۆژئاوایی پاکی بکەنەوە و بۆ ئەو مەبەستەش لە چەندین قۆناخی جیاوازدا بە بەرنامە و پلانی ئامانجدار پەنایان بۆ بە قەولی خۆیان " شۆرشی فەرهەنگی" بردووە، تاکووسیستمی خوێندن لە ئێران بە ئارەزووی خۆیان بگۆرن، تەنیا بۆ ئەوەی وانیشان بدەن کەکۆماری ئیسلامی دژی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکایە. ئەو هەوڵەشیان ناو ناوە" غرب زدایی" لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی ئێران دا.

لە بواری ئابوریەوە کەرتی خسوسی بۆتە ئامرازی دەستی دەسەلاتدارانی حکومەتی و هەموو پرۆژە گرینگەکانی نەوتی، بازرگانی، سەدد و رێگاوبان سازکردن و سیستمی پەیوەندی و ڕاگەیاندن لە ژێردەستی باندە مافیاییەکانی رێژیم، بە تایبەت سپای پاسداران دایە. سپای پاسداران کاری بۆتە قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان و لە چەندین بەندەری ژێر چاوەدێری خۆیان لە پارێزگای خوزستان بە بێ هیچ بەربەستێک هەرجۆرە کەرەسەیەکی حەزیان لێ

بێ واریدی ئێرانی دەکەن و یان هەناردەی دەرەوەی دەکەن و لەو ڕێگایەوە لە بواری مالیەوە پارەیەکی یەکجار زۆر دەخەنە گیرفانیان و لە راستیدا ئەم هێزە چەکدارە پارێزەری ڕێژیمی مەلاکان دەستی بە سەر زۆربەی سەرووەت و سامانی گەلانی ئێران داگرتووە و بە قازانجی خۆی و بۆ ڕاگرتنی دەسەلاتی ئیستبدای وەلی فەقی کەلکی لێ وەردەگرن.

لە بواری سیاسیەوە، ئازادیە سیاسیەکان و ئازادی ئەحزابی سیاسی، ئازادی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن بوونی نیە و تەنیا رۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی سەربەدەسەلاتن کە مافی چاپ و بلاوبونەوەیان هەیە. زیندان کردنی کەسانی سیاسی و جودابیران، رۆژنامەوانانی سەربەست و ڕەخنەگری سیاسەتەکانی حکومەت و سەرکوتی توند و بێ رەحمانەی خوێندکارانی زانکۆکان و داختنی گۆڤارو رۆژنامە ناحکومیەکان، تەپەسەرکردنی دەنگی حەق خوازانەی ژنان وەکوو نیوەی کۆمەلگا و بە ئاشکرا پێشێل کردنی مافەکانیان و بێ ڕێزی پێکردنیان، سەرکوت و کوشتارو تیرۆری ئازادیخوازی ئێرانی ودەنگ دانی لەشکری جەهل ونەزانی بۆ کوشت و بڕی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە فەرمانی جیهادی ئیمامی رێبەریان ئاکامی ۳۳ ساڵ دەسەلاتی نیگریسی ئاخوندە شیعەکانی حاکم بە سەر ئێراندایە.

هەوڵ دانی رێژیم بۆ دەست پێڕاگەیشتن و پیتاندنی یۆرانیۆمی ۲۰ دەرسەدی بە رێژەی پێویست بۆ دروست کردنی چەکی ناوەکی و بە ئاشکرا پشتیوانی لە تێرۆریزمی ناوچەیی و جیهانی ودەست تێوەردانی بە ئاشکرا لە کاروباری ناوخۆی ولاتانی دراوسێی ئێران و پشتگری گروپە تێرۆریستیە شێعە و سوننی مەزهەبیەکانی لە چەشنی حیزبولای لوبنان، حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستین و گروپی تالەبانی ئەفغانستان و گروپە تەکفیریەکانی دیکە لە عێراق و ولاتانی دیکەی عەرەبی ئاکامی سیاسەتی زێدەخوازی و سەرەرۆیی سەرانی رێژیم بووە بۆئەوەی "شۆڕشەکەیان" لە ڕێگای تێرۆرو تۆقاندن بۆ هەموو دونیا سادر بکەن.

بەرێوەبردنی ئەو سیاسەتە هەلانە، بە تایبەت لە پەیوەندی بە سوور بوون لە سەر پەرەپێدانی بەرنامەی ناوەکی و شاردنەوەی ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەو بەرنامانە لە رۆژئاوا و لە ئاژانسی وزەی ناوەکی وبەرەو پێش بردنی سیاسەتی دانوستاندنی لە گەڵ رۆژئاوا بۆهەلخەلەتاندنی رۆژئاواییەکان و کرینی کاتی زیاتر بۆ دروست کردن و دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی، ئێرانی رۆژ لەگەڵ رۆژ لە ناو کۆمەلگای نێونەتەوەیی دا تەریک کردۆتەوە و

ئاکامەکەشی دەرچوونی چەند بڕیانامە و سپاندنی گەمارۆ ئابوریەکان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان، سپاندنی کۆمەلێکی زۆرگەمارۆی مالی و بازرگانی وئابوری لە لایەن ئامریکا و ئورووپا کە ئاخرین نمونەی گەمارۆ خستەنە سەرکرینی نەوتی ئێران و سات و سەودا لە گەڵ بانکی ناوەندی کۆماری ئیسلامیە.

راستیەکی حاشاهەڵنەگرکە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیەکە، زەرەمەندی سەرەکی لەوملانە نابەجێیانە دا چینی هەژاروکەم داهات ودەست کورتی ئێرانن کە رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر تووشی ماڵ وێرانی و نەداری دەبن و چینی چەوساوە ناچارە ئەو بارە گرانەی سەر شانی تەحەممول بکا. رێژیمی کودتاچیەکان لە حاست ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی گەلانی ئێران خۆی بە بەرپرس نازانی و لە جیاتی هەوڵ دان بۆ سووکتر کردنی باری گرانی ژیانی خەڵک، رۆژ لە گەڵ رۆژ ئەو بارە لە خەڵکی هەژارو داماوو کەم داهاتی ئێران قورستر دەکا و شاهیدیش بۆ ئەوە گرانی زۆر و چوونە سەری نرخی پێداویستیەکانی سەرەکی ژیانی خەڵک لە بازارەکانداو دابەزینی بە رێژەیەکی زۆری نرخی دراوی ئێرانی لە هەمبەر دۆلارو یۆرۆ و پارەکانی دیکە دایە.

لە دوای راپەرینی خەڵکانی ولاتانی عەرەبی لە چەندین ولاتدا و ڕاکردن و رووخانی دەسەلاتی دیکتاتۆری لە تونس و میسرو لیبی و ڕاپەرینی خەڵکی یەمەن و سوریە لە دژی دیکتاتۆری، کۆماری ئیسلامی لە ترسی ڕووخانی خۆی بێکار دانەنیشتووە و هەوڵی داوە لە هەموو ئەو رێگایانەی کە بۆی دەکرێ کاریگەری نەرێنی لە سەر ڕەوتی جولانەوە کۆمەلایەتیەکان دابنێ و بە پێناسە کردنی ئەو ڕاپەرینانە، بە "بیداری ئیسلامی" دەیهەوێ وانیشان بدا کە گۆیا خەڵکی ئەو ولاتانە بۆهێنانە سەردەسەلاتی حکومەتێکی ئیسلامی لە چەشنی کۆماری ئیسلامی ڕاپەریون و دەنا بنەمای ئەو ڕاپەرینانە هیچ پەیوەندی بە چەمکە رۆژئاواییەکانی وەکوو دابین کردنی دێموکراسی لە کۆمەڵگا دا نیە. لەپەیوەندی بە دیکتاتۆری سوریەوە کە هاوپەیمانی ئیستراتیژی کۆماری ئیسلامیە، ئاخوندەکان لە بواری مالی و ناردنی پسپۆرانی نیزامی و چەکدارە ئینسان کوژەکانی سپای پاسداران و ڕاگەیاندن و چەواشەکاری بۆ رزگارکردنی بەشار ئەسەد لە ڕووخان دریغیان نەکردووە و رۆژ هەتا ئێوارێ ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی پرۆپاگەندەی پڕلە درۆ لە دژی خەڵکی ڕاپەریوی سوریە بڵاو دەکاتەوە و خۆپێشاندەرانی سووری بە ئاژاوەگێر پێناسە دەکا و ئەوڕاپەرینەی خەڵکی بە دەستکردو دەسیسەی ئامریکا ناوزەد دەکا.

لە ناوخۆی ئێرانیش جیناحەکانی دەسەلاتداری کۆماری ئیسلامی وەکوو گورگ کەوتونەتە گیانی یەکتر و هەر لایەی

لە هەوڵی ئەوەدایە کە لایەکەی دیکە لە مەیدان وەدەربنێ وخۆی هەموودەسەڵاتەکە بە دەستەوە بگرێ. ئێستا ئیدی بە ئاشکرا دارودەستەی وەلی فەقی بە پشتیوانی سپای پاسداران دەیانهەوێ ئەحمەدی نژاد و تاقمەکەی بە تەواوی لە مەیدان بەدەربکەن و ڕێبەر بە نیازە مەجلیسی نۆهەمی شۆرای ئیسلامی کە قەرارە لە ڕەشەمەی ئەم ساڵی هەتاوی دا هەلبژاردنەکەی بەڕێوەبچی بە تەواوی بخاتە ژێردەستی خۆی و بۆ ئەوەی دوای تەواو بوونی دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماری ئەحمەدی نژاد، ئیتر شتێک بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی دا نەهێلێ و ئەو جار بە ئارەزووی خۆی لە ناو مەجلیسی دەست پەروەردەی شۆرای ئیسلامی دا سەرۆک کۆمارێکی نۆکەروگوێ لە مست دیاری بکا و ناویشی لێ بنێ هەڵبژێردراوی نوێنەرانی "خانە ملت".

کۆماری ئیسلامی لە دوای ٣٣ ساڵ تەمەنی خۆی بە تەواوی لە قەیران دایە، هەم قەیرانی مەشروعیەت وخەڵکی بوونی لەناوخۆی ئێراندا و هەمیش تەریک کەوتنەوەی ڕۆژلە گەڵ ڕۆژ و هەرچی زیاتری لە ناو کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا بە هۆی سووربوونی لە سەرپەرەپێدانی بەرنامە ناوەکیەکەی و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە هەڕەشەی پەلاماری نیزامی و هەلایسانی شەڕ باڵ بە سەرئێران دابکێشێ. ڕێژیمی ئاخوندەکان لە چارەسەری ئەو قەیرانانە بە تەواوی داماوە و ئاکامەکەشی تێداچوونی خودی ڕێژیم دەبێ، بەلام ڕەنگ بێ هەزینەی ئەو تێداچوونەش بۆ ئێران و گەلانی ئەو وڵاتە زۆر قورس بێ.

٧ی فێبریوێری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣

## چەند وتەیەک لە مەرِ مەرگی سەرۆک نێلسۆن ماندەلا.

سەرۆک نێلسۆن ماندەلا خەباتکاری رێگای سەختی ئازادی و دادپەروەری و سەرۆک کۆماری پێشووی ئافریقای باشور لە تەمەنی ٩٥ سالی دا کۆچی دوایی کرد. ژیان و خەبات و رەنج و ئازارەکانی ئەو رێبەرە بلیمەتە لە پێناو ئازادی و یەکسانی ڕەشپێستەکانی ئافریقای باشور کە سالانێکی

دوور و درێژ سیاسەتی نژادپەرەستانەیان لە سەرجێ بە جێ دەکرا مایەی رێز لێگرتن ولێ فێر بوونن. رێبەرێکی خۆنەویست و خۆڕاگر، فیداکار، نیشتمانپەروەر، ئاشتی خواز ویەکسانی خواز کە بێ وچان لە رێگای سەخت وپڕلە کەندوکۆسپی ئازادی دا ٢٧ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی رێژیمی سپی پێستی ئافریقای باشور تێپەرکرد ولە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی کە هەمان ئازادی ویەکسانی ولە گۆڕنانی سیاسەتی نژادپەرەستانەی کەمینەی سپی پێستی وڵاتەکەی بوو بۆ ساتێکیش کۆلی نەدا. مەرگی ماندەلا، وەرگری خەلاتی ئاشتی نۆبێل خەسارێکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ ئاشتی جیهانی  و بۆ کولتوری لێبوردیی ویەکتر تەحەموول کردن وبە یەکەوە ژیان.

ماندەلا یان بە قەولی ڕەشپێستەکانی ئافریقای باشور " مادیبا " ئەو کەسە بوو کە سەرەرای تەحەممول کردنی ٢٧ ساڵ ئەشکەنجە وسووکایەتی و زیندان، دوای سەرکەوتنی خەباتەکەیان ودوای ئازاد بوونی ودوای ئەوەی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا بە دەنگی زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەی بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری ڕەشی پێستی وڵاتەکەی، ئامادە نەبوو کە تۆڵەی ٢٧ ساڵ زیندانی بوونی خۆی وکوژران وبێ سەروشوین کردنی بە هەزاران ڕەش پێستی هاوڕەگەزی خۆی بە کوشتن وئێعدام و سێدارە بکاتەوە. بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕایگەیاند کە دەبێ رابردوو لە یاد بکەین وبیر لە داهاتوو وپێکەوە ژیان بە یەکەوە بکەینەوە. ماندەلا تەنانەت زیندانبان

وئەشکەنجەگەرەکەی خۆشی بەخشی. ماندەلا داوای لە هەموو ڕەشپێستەکانی وڵاتەکەی کرد کە لە جیاتی تۆڵە ئەستاندنەوە وڕشتنی خوین جەلاد وئەشکەنجەگەرو قاتڵانی رۆلەکانیان سەبروتەحەممول ولێبوردوویی بگرنە بەر.

بۆ دەرکەوتنی راستییەکان و بۆ ئەوەی وەلامێکی شیاوی بە بنەماڵەی قوربانیەکانی دەستی تاوانی سیاسەتی نژادپەرەستە سپی پێستەکان دابێتەوە داوای دامەزرانی چەندین کۆمیتەی بە دواداچوونی راستیەکانی کرد وبە پێکهێنانی دادگا بۆ تاوانباران و قوربانیەکان وبنەمالەکانیان هەوڵ درا لە جیاتی تۆڵە ئەستاندنەوە، هەم تاوانباران شەرمەزار و ریسوا بکرێن و دان بە تاوانەکانیان دابنین و هەمیش راستیەکان بۆ بنەمالەی قوربانیەکان ئاشکرا بکرێن و ئەوانیش لە جیاتی تۆلە ئەستاندنەوە لە تاوانباران خۆش بن ولێیان ببورن.

ماندەلا رێگای بەوە نەدا کە ڕەش پێستەکان دەست بکەن بە تۆلە ئەستاندەوە و رێگر بوو لەوەی لە وڵاتەکەی گۆمی خوین وەرێ خرێ وتۆڵەی خوینی بە خوین نەکردەوە و بەڵکوو بە وەپێش گرتنی سیاسەتی لێبوردویی و لێخۆشبوون هەوڵی دا کە کولتورێکی نوی لە کۆمەڵگاکەی دا لە سەر بناغەی خۆشەویستی و رێز لە یەکتر گرتن و یەکسان و بەرابەر لە نێوان ڕەش پێست وسپی پێستەکان دروست بکا و بەو شێوە کولتوری دیالۆگ و لێبوردویی و بەیەکەوە ژیانی کرد بە چرای رێگای سیاسەتەکانی. ئەو بە لێبوردن لەو کەسانەی کە خراپەیان لە گەڵ کردبوو، فێری کۆمەڵگای کرد کە ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و بەرابەری لە رێگای تولە ئەستاندنەوە و توندوتیژی نواندنەوە بە نیسبەت سپی پێستەکان پێک نایە و لێبوردویی و یەکتر قەبول کردن دەبێتە هۆی سەقامگیر بوونی ئاشتی و ئەمنیەت و ئارامی بۆ هەموو لایەک بە بێ جیاوازی.

سیاسەتی ناسراو بە "ئاپارتاید" یان هەمان نژادپەرەستی کوێرکویرانە کە لە لایەن دەولەتی سپی پێستەکانەوە بە رامبەر بە ڕەش پێستەکان لە ئافریقای باشور بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە بەردەوام بوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕەش پێستەکانی ئەو وڵاتە بە ئیلهام وەرگرتن لە خەباتی مەدەنی گاندی لە هیندوستان و خەباتی مەدەنی ڕەش پێستەکانی ئامریکا بە رێبەری د. مارتین لوترکینگ رێگای خەباتی مەدەنی هەڵبژێرن و لە ماوەی دەیان ساڵ خەبات وبەرخۆدان، خەباتەکەیان کرد بە خەباتێکی گەورەی جەماوەری کە بە میلیۆنان ڕەش پێستی ئافریقای باشور بە بیروباوەری سیاسی جیاواز وبە حیزبی جیاوازەوە لە ژێر چەتەری " کۆنگرەی میللی ئافریقا دا " خۆیانی تێدا ببینەوە. لە دەرەوەی سنورەکانی ئەو ولاتەش چالاکانی مافەکانی مرۆڤ و کەسانی ئاشتیخواز وئازادیخواز و

ڕۆژنامەوانانی بوێر و چاونەترس پشتگری خەباتە ڕەواکەیان بوون و ئاکامی ئەو خەباتە سەخت وخویناوییەش بە ڕێبەری " کۆنگرەی میللی ئافریقا" و بە سەرۆکی نیلسۆن ماندەلا بوو بە هۆی سەرکەوتنی ڕەشەکان و بۆهەمیشە دەسەلاتی نژادپەرەستانەی کەمینەی سپی پێستی ئەو وڵاتەیان لە گۆڕ نا.

بەڕێز ماندەلا دوای بە دەسەڵات گەیشتن وبوون بە سەرۆک کۆمار بە دەنگی زۆرینەی خەلکی وڵاتەکەی، خۆی لێ نەگۆرا و ئامادە نەبوو بۆ جاری دووهەم خۆی بپالێوی و بەو پەڕی تەوازوعەوە دەسەڵاتی ڕادەستی جێگرەکەی کرد و خۆی کشاندەوە وتا کاتی مردنی وەکوو ڕێبەرێکی کاریزما و روحی ومەعنەوی وڵاتەکەی مایەوە وبە حەق لەقەبی "باوکی خەلکی ئافریقای باشوری" بۆ خۆی بە ئەبەدی کرد. ناوبراو نەک هەر لە نێو خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو لە هەموو جیهان دا ڕێزو حورمەتی تایبەتی هەیە و وەکوو کەسایەتێکی ئینسان دۆست، ئاشتیخواز، لیبوردو و دێموکرات بە مانای واقعی تەواوی وشەکە سەیر دەکرێ.

سەرۆک ماندەلا باوەری بە مافی مرۆڤەکان هەبوو، دەردی خەلکانی بێ ماف وچەوساوەی بە گۆشت وئێسقان هەست پێ دەکرد ودەیزانی ژێر دەستی وکۆیلەتی یانی چی و بۆیەش ئامادە نەبوو لە سالی ١٩٩٢ خەڵاتی ئاتاتورک لە دەولەتی تورکیە قەبوڵ بکا و لەو بارەوە کوتبووی: من ئەو خەڵاتە وەرناگرم، مادام کوردەکان بە دەستی دەولەتی تورکیاوە دەچەوسێندرێنەوە. ئەوەش بوو بە هۆی تورەیی تورکە نژادپەرەستەکان و کەوتنە بێحورمەتی کردن بە ماندەلا و پێیان دەکوت "ڕەش پێستە تێرۆریستەکە".

خەباتی ڕەش پێستەکانی ئافریقای باشور بە ڕێبەری "کۆنگرەی میللی ئافریقا" و بە سەرۆکایەتی نێلسۆن ماندەلا لە دژی سیاسەتی نژادپەرەستانەی سپی پێستەکانی ئەو وڵاتە هەڵگری کۆمەلێک مەسەلەی گرینگرن کە دەکرێ بۆ ئەمرۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کەڵکیان لێوەربگیرێ. ئەویش خەباتێکە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان خۆیانی تێدا ببینەوە وهەرکەس بە پێ لێهاتوویی و توانایی و دەرفەت و هەل و مەرج تێدا رۆلی خۆی بگێری و کاریگەری خۆی بۆ سەرکەوتنی خەباتەکە دابنێ.

ئەوەی لە ئێرانیش بەرامبەر کورد و نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارس وشیعە بەرێوە دەچێ، چ نیە، جگە لە سیاسەتی هەڵاواردن و پەراوێز خستن و حیسابی مرۆڤ بۆ نەکردنیانە کە هەمان ئاپارتایدی نژادی و ئاینی و

زمانیه کە کۆماری سێدارە بە بەرنامەوە لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردووە بەڕێوەی بردووە. بیروعەقلیەتێک کە لە پشت ئەو سیاسەتەیە، تەنیا ناسیۆنالیزمی ئیرانی بە خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانێ وئەوان بە لێوەشاوە دەزانێ بۆ رێبەری کردنی ئەو وڵاتە وتەنیا مەزهەبی شیعەش بە پاک وبێگەرد وله سەر حەق دەزانێ بۆ بوون بە تاقە دینی ئەو وڵاتە. هەر ئەو بیروفکرەی کە مەلاکانی بە ناو " مراجعی شیعە" لە قوم بە باوەڕەوە پروپاگەندەی بۆ دەکەن کە نابێ مەیدان و دەرفەت بە سوننیە مەزهەبەکان بدرێ کە لە ئێران دا لە باری حەشیمەتەوە ببنە زۆرینە و یان لە دەسەڵات دا بەشدار بن و نابێ بە هیچ جۆر رێگایان پێ بدرێ کە ببنە ساحەب دەسەلات لە ئێراندا، چونکە دەسەڵاتی شیعەکان دەکەوێتە مەترسیەوە.

هەڵاواردن و بێ بەش کردنی گەلانی غەیری فارس و غەیری شیعەش لە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی شیعەی ١٢ ئیمامی دا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە و غەیری شیعەکانی لە مافەکانیان بێ بەش کردووە و سیاسەتی دەسەڵاتی تەک نژادی و تەک مەزهەبی و تەک زمانی بە ئاشکرا لە ئێران دا وەکوو سیاسەتی فەرمی دەولەت بەڕێوە دەچێ.

لە ئێرانی ژێر دەستی ئیسلامی شیعەی ١٢ ئیمامی سیاسەتی نژادپەرەستانە بە پلان و بەرنامە بەڕێوە دەچێ و بۆیەش یەکێک لە ئامانجەکانی خەباتی بەرحەقخوازانە و ماف خوازانە و شوناس خوازانەی گەلانی غەیری فارس و شیعە دەبێ دژایەتی کردن سیاسەتی نژاد پەرەستانەی دەسەلاتدارانی تاران و هەموو ئەوانەی کە پشتیوانی لەو سیاسەتە دەکەن بێ. نژادپەرەستەکانی سیاسی و مەزهەبی پاکانەیان بۆ ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە بەڕێوە بردنی سیاسەتی مشتی پۆلاین بۆ پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران و بەرگری کردن لە دابەش دابەش بوونی زۆر پێویست و گرینگە.

بۆ گەیشتن بە مافی یەکسان وبەرابەر لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی دانیشتووی ئێران بە هەر جۆرە زمان و فەرهەنگ و ئاین و مەزهەبەوە و بۆ ئەوەی کۆمەلگایەکی بە دوور لە توندوتیژی و بێ هەڵاواردن دروست بێ، دەبێ یەکێک لە ئامانجەکانی خەبات بەرەنگار بوونەوە لە دژی سیاسەتی ئاپارتایدی نژادی و مەزهەبی وزمانی بێ کە لە ئێراند بە نیسبەت گەلانی غەیری فارس و غەیری شیعە مەزهەب بەڕێوە دەچێ. کەواوبوو پێویستە هەموومان بلێێن نا بۆ کۆمەلگایەکی نژادپەرەستانەی تەک نژادی و تەک مەزهەبی و تەک زمانی. بەلێ بۆ کۆمەلگایەکی

یەکسان و دادپەووەرانە و فرە ڕەگەزوفرە زمان وفرە کولتور وفرە ئاین.

٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## چاوخشاندنێک بە ڕێکەوتننامەی کۆماری ئیسلامی وگروپی ٥+١

دوای ٤ رۆژ دانوستاندن لە شاری ژنێڤی سویس لە نێوان نوینەرانی رێژیمی تاران وگروپی ٥+١ بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک لە لە مەڕ قەیرانی دۆسییەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی، بەرەبەیانی یەک شەممە ٢٤ - ١١ - ٢٠١٣ ناوەرۆکی رێکەتننامەیەک کە هەتا ئەو دەم لە خەلکی دونیا

شاردرابۆوە بۆ رای گشتی ئاشکرا کرا. لە کۆنفرانسی رۆژنامەوانی دا جەوادی زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری سێدارە وڵاتەکەی بە براوەی ئەو گەمە سیاسیەی دانا. لە راستیدا ناوەرۆکی رێکەوتننامەکە وئەو خاڵانەی کە لە سەری رێکەوتوون کە لە ماوەی ٦ مانگ دا هەردووک لایەن دەبێ جێ بە جێێ بکەن بە روونی دەرخەری پاشەکشە ومل کەچ بوونی سەرشۆرانەی رێژیمی مەلایانە لە هەمبەر داواکانی ولاتانی رۆژئاوایی بە رێبەری ئامریکا.

بۆ ئەوەی راستی مەسەلەکان ئاشکرا بن، باشترە ئاورێک لە ناوەرۆکی رێکەوتننامە وئەو خاڵانەی کە لە سەری رێکەوتوون بدەینەوە وئەوسا دەردەکەوێ کە هەم سەرۆک کۆماری رێژیمی مەلایان حەسەن روحانی وهەمیش وەزیری دەرەوەی دەوڵەتەکەی جەوادی زەریف چۆن کەوتونەتە درۆ و دەلەسە کردن وچەواشە کردنی گەلانی ئێران لە هەمبەر ئەو شکستە سیاسیەی گەورەی کە بە نەسیبیان بووە.

پرێزیدنت باراک ئۆباما لە بابەت ئەو رێکەوتننامەیە لە وتووێژیکی تەلەڤیزیۆنی دا کوتی" رێکەوتنی ئەتۆمی لە گەڵ ئێران، یەکەم هەنگاوی گرینگە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانیەکانی دونیا لە مەڕ بەرنامەی ناوەکی ئێران". باراک ئۆباما لە درێژەی وتەکانی دا کوتی " ئەو رێکەوتنە هەڵگری کۆمەڵێک بەربەستی بەرچاون ورێگاکانی رۆیشتنی

ئیران بەرەو بۆمبی ئەتۆمی دەبەستن". سەرۆک کۆماری ئامریکا ئەو رێکەوتنەی بە هەنگاوی یەکەم زانی وکوتی کە ئەو هەنگاوە دەسکەوتی زۆری هەیە. بۆ یەکەم جار لە ماوەی ١٠ سالی رابردووە توانیمان پێش بە بەرەوپێش چوونی بەرنامەی ناوەکی ئێران بگرین وبەشێکی گرینگ لەو بەرنامە بۆ دواوە بگێرینەوە.

***ئەو خالانەی کە دوو لایەن لە سەری رێکەوتوون وبەلێنیان داوە کە لە ماوەی ٦ مانگی داهاتوو دا جێ بە جێی بکەن بەشێوەی خوارەوەیە:***

* کۆماری ئیسلامی بەرعودەیە کە : هەرجۆرە پیتاندنی یۆرانیۆم لە سەرەوەی ٥% ڕابگرێ وکۆکردنەوەی هەموو ئەو دام و دەزگایانەی کە یورانیۆم دەپیتێنن لە سەروی ئەو دەرسەدە.

* ئێران بەرعۆدەیە کە پاشەکەوتی یۆرانیۆمی ٢٠ دەرسەدی خۆی پووچەل بکاتەوە: ئێران دەبێ لە فازی یەکەم دا پاشەکەوتی یۆرانیۆمی ٢٠ دەرسەدی خۆی تا ئاستی ٥% پووچەل بکاتەوە ویا وای لێبکا کە بە کەڵکی پیتاندنی زیاتر نەیە.

* ئێران بەرعۆدیە کە پێشگیری بکا لە بەرەوپێش چوونی چۆنیەتی پیتاندن: ئێران بۆی نیە هیچ جۆر سانتریفوژێکی نوێ لە هیچ نەوعێکی دابمەزرێنێ.

* ئێران ناتوانێ هیچ جۆر سانتریفوژی نوێ لە هیچ نەوعێک دابمەزرێنێ. ئێران ناتوانی هیچ نەوعیک لە سانتریفوژەکانی نەسلی نوێ بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم دابمەزرێنی یان بەکاری بێنێ

* ئێران دەبێ نزیک بە نیوەی سانتریفوژەکانی دامەزرێندراو لە نەتەنز وسێ لە سەر چواری سانتریفوژەکانی دامەزراو لە فۆردۆ بێ کەڵک بکا، تا بەو شێوە ئەو سانتریفوژانە نەتوانن لە پیتاندنی یۆرانیۆم بەکار بهێنرێن. بەرهەم هێنانی سانتریفوژ دەبێ پەیوەست بێ بە جێگرتنەوەی ئەو دەزگایانەی لە کار کەوتون، بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێ لە ماوەی ٦ مانگی داهاتوو دا بۆ دروست کردن وپاشەکەوت کردنی دام ودەزگای سانتریفوژ هەوڵ بدا. ئێران نابێ ناوەند ودام ودەزگای نوێ بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم وەرێبخا ودایبمەزرێنێ.

بەرعۆدە بوونی ئێران لە مەڕ پێشگرتن لە پێشوەچوون لە بواری زیاد کردنی پاشەکەوتی یۆرانیۆمی ٣،٥ %

* ئێران بەلێن دەدا کە پاشەکەوتی یۆرانیۆمی ٣،٥% خۆی نەباتە سەر. بەو شێوە لە کۆتایی ئەو ٦ مانگە دا

پاشەکەوتی ٣،٥% بە نیسبەت پێشوو زیاد ناکا وهەر جۆرە یۆرانیۆمی پیتاند دراوی تازە بە ڕێژەی ٣،٥% دەبێ بکرێ بە ئۆکسید.

بەرعۆدە بوونی ئێران بۆ راوەستاندنی چالاکیەکان لە ئەراک لە بەشی پلۆتۆنیۆم دا

*** ئێران بەرعۆدەیە کە:**

***راکتۆری ئەراک لە کارکردن بوەستێنێ.***

***هیچ سووتەمەنێک نەگەینێتە ئەو راکتۆرە.***

***بەرهەم هێنانی سووتەمەنی بۆ راکتۆری ئەراک رابگرێ.***

هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی زیادەی سووتەمەنی بۆ راکتۆری ئەراک ئەنجام نەدا.هیچ جۆرە پارچەی زیادەی دام ودەزگا لە ئەراک دانەمەزرێنێ. هیچ جۆرە سووتەمەنی وئاوی قورس بۆ دەوروبەری راکتۆرە نەگوازێتەوە. هیچ جۆرە دام ودەزگایەک کە توانای بەرهەم هێنانی سەر لە نوێی هەبێ دانەمەزرێندرێ. بە بێ دووبارە بەرهەم هێنان، ئێران ناتوانێ پلۆتۆنیۆم لە سووتەمەنی بەکارهێنراو جیابکاتەوە.

***شەفافەییەتی تەواو وسەردانی کوت وپڕی لە پرۆگرامی ناوەکی ئێران بەرعۆدە دەبێ:***

ڕێگا بە پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزی ناوەکی بدا تاکوو ڕۆژانە بتوانن ناوەندە ناوەکیەکانی نەتەنز و فردۆ بپشکنن. ئەو دەست پێراگەیشتنەی ڕۆژانە ڕێگا بە پشکنێران دەدا بۆ ئەوەی هەموو وێنەکانی خزن کراو بە هۆی کامێرەکانەوە سەیربکەن بۆ ئەوەی کاری چاوەدێری کامڵ وهەمە لایەنە بێ. ڕێگا پێدانێکی لەوچەشنە ئیمکانی شەفافییەتی زیاتر لە کاری پیتاندنی یۆرانیۆم لەو ناوەندانە دا دەدا وئیمکانی سەرپێچی ئێران بۆ بە جێ نەگەیاندنی بەڵێنیەکانی کەم دەکاتەوە.

*** ئێران ئیمکانی دەست پێراگەیشتنی ئاژانس بە دام و دەزگای مونتاژی سانتریفیوژ پێک بهێنێ.**

* ئێران ئیمکانی دەست پێراگەیشتنی ئاژانس بە شوێنی بەرهەم هێنانی پارچەکانی دەورانی ودام ودەزگای خزن کراوی سانتریفیوژ پێک بهێنێ.

* ئێران ئیمکانی دەست پێراگەیشتنی ئاژانس بە کانزاکان ودەرهێنانی یۆرانیۆم مسۆگەربکا.

* ئێران زانیاری لە بابەت چۆنیەتی دروست بوونی راکتۆری ئەراک بدا بە دەستەوە. ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە روانگەی ڕەخنەگرانە کە پێشتر لە بابەت ئەراک هەبوو بخرێتە روو.

* ئێران ئیمکانی پشکنینی بەردەوامی راکتۆری ئەراک پێک بهێنێ.

* ئێران زانیاری وبەڵگەنامە گرینگەکانی پەیوەندیدار بە پرۆتۆکلی پەیوەست بوونی رێکەوتنامەی ئاژانس وکۆدی چاککراوی ٣،١ دەبێ بخاتە ڕوو.

## مکانیزمی چاوەدێری بۆ بەرەوپێش بردنی بە دروستی ئەو تاقیکارییە

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوەکی بۆ ئەو مەبەستە بەشداری پێ دەدرێ بۆ ئەوەیکە بەردەوام چاوەدێری بەرەوپێش چوونی ئەو پرۆسەیە بکا وهاوکات ولاتانی ئەندامی گروپی ٥+١ و ئێران بەرعۆدە دەبن کە کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ کار لە گەڵ ئاژانس پێک بهێنن بۆ جێ بە جێ کردن وچاوەدێری ئەو مەسەلانەی کە ڕەنگ بێ بێتە پێش. ئەو کۆمیسیۆنە هاوبەشە لە گەڵ ئاژانس کاردەکا بۆ ئەوەی تفاهوم نامەیەک لە بابەت نیگەرانیەکانی پێشوو و ئێستا کە پەیوەستن بە بەرنامەی ناوەکی ئێران بە تایبەت لە بابەت بواری نیزامی ئەو بەرنامەیە ئامادە بکا و هەروەها چالاکیەکانی ئێران لە پارچین لێکۆلینەوەی لە سەر بکرێ.

## ئیمتیازاتی کەم، کاتی وئیمکانی قابیلی لێ ئەستاندەوە بۆ ئێران

لە بەرابەر جێ بە جێ کردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە لە لایەن ئێران، گروپی ٥+١ ئیمتیازاتی کەم، کاتی و غەیری قابیلی گەرانەوە دەدرێ بە ئێران وهاوکات بەشی زۆری گەمارۆکان، بۆ وێنە گەمارۆکانی سەر نەفت، سات وسەودای ماڵی، گەمارۆ بانکیەکان وەکوو پێشوو دەمێننەوە و ئاڵ وگۆریان بە سەر دانایە. ئەگەر ئێران ئەو خالانەی لە سەری رێکەوتن کراوە جێ بە جێ نەکا، ئەو ئیمتیازاتەی لێ وەردەگیرێتەوە.

**گروپی ٥+١ بەرعۆدە دەبێ تاکوو:**

* ئەگەر ئێران لە ژێر رووناکایی ئەو رێکەوتنە و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسی خۆیدا بەلێنیەکانی جێ بە جێ بکا، بۆ ماوەی ٦ مانگان گەمارۆی نوێ پەیوەست بە بەرنامە ناوەکییەی ناخرێتە سەر.
* هیندێک لە گەمارۆ داسەپێندراوەکانی سەر زێر و ئاسنی بە نرخ، بەشی سەنعەتی ماشێنی ئێران، هەروەها هەناردەی پیترۆشیمی ئێران هەلدەسەپێدرێن. بەو جۆرە لە راستیدا نزیکی ١ ونیو میلیارد دۆلار داهات نەسیبی ئێران دەبێ.
* ئیجازەی پشکنین و تەعمیراتی پەیوەست بە بواری ئەمنی لە ناو خۆی ئێران بۆ هێلی هەوایی تایبەتی ئەو ولاتە دابین بکرێ. - کرینی نەفتی ئێران لەو ئاستەی ئێستا دا دەمێنێتەوە کە لە راستیدا ٪ ٦٠ کەمترە لە دوو ساڵ لەمەوبەر. ٤،٢ میلیارد دۆلاری وەدەست هاتوو لە فرۆشتنی ئەو نەوتە بە شێوەی قیستی ڕەوانەی ئێران دەکرێ بەو شەرتەی ئێران بەلێنیەکانی جێ بە جێ بکا. - ٤٠٠ میلیۆن دۆلار لە سەرمایەکانی دەولەتی ئێران راستەوخۆ بۆ ناوەندە ناسراوەکانی فێرکاری لە ولاتانی دیکە دەنێردرێ بۆ ئەوەی پارەی خوێندنی قوتابیانی زانکۆی ئێرانی دابین بکرێ.

## تەعامولی مرۆڤ دۆستانە

تەعامولی مرۆڤ دۆستانەی کە یاسای ئامریکا رێگای پێ داوە جیاوازە لە گەمارۆکانی کە کۆنگرەی ئامریکا پەسەندی کردوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە لەو کانالەوە ئیمکانی دەست پێ راگەیشتن بە سەرچاوەی نوێ بۆ دابین کردنی پارە هەیە. هەلس وکەوتی مرۆڤ دۆستانە رێگا خۆشکەرە بۆ کرینی مەوادی خواردەمەنی، کشت وکالی ودەرمانی وپزیشکی.

ئێمە هەروەها کارئاسانی دەکەین بۆ ناردنی پارە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری لە بواری دەرمانیەوە. ئێمە ئەو کانالەمان بۆ بەرژەوەندی خەلکی ئێران لە بەرچاو گرتووە.

## لە بەرچاو گرتنی لابردنی کەمی گەمارۆکان

بەشی هەرە زۆری ١٠٠ میلیارد دۆلاری ئێران لە بانکەکانی خاریجی دا بە هۆی گەمارۆکان لە دەسترەسی ئێران دوورن و ناتوانێ دەستیان پێیان ڕابگا. لە ٦ مانگی داهاتوو دا ڕێژەی فرۆشتنی نەفتی خاوی ئێران نابێ بچێتە سەر. گەمارۆ نەفتیەکان بە تەنیا ٣٠ میلیارد دۆلار زیان بە ئابوری ئێران دەگەینن، یانی هەر مانگەی ٥ میلیارد دۆلار. یانی هەر ئەو ڕێژە پارە دەست ئێران دەکەوێ کە لە ٦ مانگی سالی ٢٠١١ بە دەستی هێنابوو، یانی پێش داسەپاندنی گەمارۆکان. هەرچەند ئێران دەتوانێ لە ڕێگای فرۆشتنی نەفتەکەی دەستی بە ٢،٤ میلیارد دۆلار بگا، بەلام نزیک بە ١٥ دۆلار لە فرۆشتنی ئەو نەفتە لە ماوەی ئەو ٦ مانگە دا دەرێژێتە نێو حیسابە داخراوەکانی ئێران لە بانکە خاریجیەکاندا. بە کورتی لە ژێر ڕووناکایی ئەو ڕێکەوتننامە دا دەمانهەوێ کە پارە دەست بە سەر داگیراوەکانی ئێران لە حیسابەکانی ولاتانی دەرەوە دا زیاتر ببێ وکەمتر نەبێ.

بەردەوام بوونی زەختی ئابوری بۆ سەر ئێران و پاراستنی چوارچێوەی گەمارۆکان لە فازی یەکەمی ئەو ڕێکەوتننە دا، ئێمە بەردەوام دەبین لە درێژە پێدانی ئەو گەمارۆیانە. هاوکات دژکردەوەمان دەبێ لە دژی ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن بە ڕێگای جۆراوجۆرەوە گەمارۆکان دەور لێبدەن. مانەوەی گەمارۆ بۆ پێش گرتن لە فرۆشتنی نەفتی هەروا زەخت دەخاتە سەر ئێران. ئێمە بە هاوکاری شەریکە نێونەتەوەییەکانمان فرۆشتنی نەفتی ئێرانمان لە ٢ و نیو میلیۆن بەرمیل نەفت لە ڕۆژدا لە سەرەتای ٢٠١٢ دا هێنایە سەر ئاستی ١ میلیۆن بەرمیل نەفت و توانایی فرۆشتنی ١ و نیو میلیۆن بەرمیل نەفتمان لە ئێران ئەستاند. ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە ئێران ٨٠ میلیارد دۆلاری لە دەستپێکی سالی ٢٠١٢ وە لە دەست داوە و ئێران هیچکات ناتوانێ قەرەبووی ئەو زەرە و زیانە بکاتەوە. لە فازی یەکەمی ئەو ریکەوتننامە دا، ئەو گەمارۆیەی کە یەکێتی ئورپا خستویەتیە سەر فرۆشتنی نەفتی خاوی ئێران لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە وئیمکانی فرۆشتنی نەفت لە لایەن ئێرانەوە هەر نزیک بە ١ میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژدا دەبێ وئەوەش بەو مانایەیە کە ئێڕان لە مانگ دا ٤ میلیارد دۆلار زەرەر دەکا.

※ گەمارۆی هەناردەی کالاکانی نەفتی بۆ ئێران کە میلیاردها دۆلار زەرەر لە ئێران دەدا درێژەی دەبێ ولا ناچێ.
※ بەشی هەرە زۆری دارایی ئێران کە ١٠٠ میلیارد دۆلارە ولە ولاتانی دەرەوەیە هەروا دەست بە سەر داگیراو دەمێنێتەوە و ئیران ئیمکانی دەست پێ ڕاگەیشتنی نیە.

**گەمارۆکانی دیکەی ئێمە دەستیان لێ نادرێ و وەکوو خۆیان دەمێننەوە. بۆ نموونە:**

* گەمارۆی سەر بانکی ناوەندی ئێران و ٢٤ بانک وناوەندی مالی دیکەی ئەو وڵاتە لە جێ خۆی دەمێنێتەوە وهەڵناگیرێ. بەردەوام بوونی گەمارۆکانی مانگی ژانویە کە بە پێێ یاسای ئامریکا بە سەر ئەو بانک وکەسانە وناوەندانە داسپاوە کە پەیوەندیان بە سات وسەودا وبە گەمارۆکانی ئێرانەوە هەیە.

* گەمارۆی سەر خەڵکانی تر کە هاوکاری مالی پێشکێش بە ئێران دەکەن. بۆ نموونە: شیرکەتە جیاجیاکانی بیمە وەکوو خۆی دەمێنێتەوە.

* تەواوی ئەو گەمارۆیانەی کە بە سەر ٦٠٠ کەس وناوەندی جیاجیاوە داسەپاوە بە هۆی پشتگریان لە بەرنامەی هەستەیی و موشەکی بالستیکی ئێران وەکوو خۆیان دەمێنەوە.

* گەمارۆی سەر بەشە جیاجیاکانی ئابوری ئێران و یەک لەوان هێلی کەشتی لێخورین وکەشتی سازی وەکوو خۆی دەمێنێتەوە و لاناچێ.

* گەمارۆی سەر سەرمایەگوزاری درێژخایەن لە پەیوەندی بە دابین کردنی خەدەماتی فەننی بۆ بەشی وزەی ئێران وەکوو خۆی دەمێنێەوە ولاناچێ.

* گەمارۆی سەر بەرنامەی سەربازی ئێران لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە ولاناچێ.

* بەربەستە بەربڵاوەکانی ئامریکا لە پەیوەندی بە تەجارەت کردن لە گەڵ ئێران لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە وئیمکانی دەست پێ راگەیشتنی ئێران بۆ سات وسەودا لە گەڵ بەرینترین ئابورییەکانی دونیا دەگیرێ.

* تەواوی گەمارۆکانی شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان وەکوو خۆیان دەمێنێنەوە ولاناچن.

* تەواوی گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە یارمەتی وپشتگری مالی دەولەتی ئێران لە تێرۆریزم، نەخشی تێکدەرانەی ئێران لە پەیوەندی بە کێشەی سوریە و کارنامەی ڕەشی ئێران بە نیسبەت مافی مرۆڤەوە ونیگەرانیەکانی دیکەش وەکوو خۆیان دەمێنێنەوە ولاناچن.

## ڕێگا چارەی کامڵ

لە فازی یەکەم دا کە ٦ مانگ دەخایەنێ، گروپی ٥+١ لە وتوێژ ودانوستاندن بەردەوام دەبێ. بۆ گەیشتن بە

ڕێکەوتنێکی کۆتایی وکامڵ، ئێران دەبێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دڵنیا بکاتەوە کە بەرنامەکانی هەستەیی ولاتەکەی ئاشتی خوازانن. لە ژێر ڕووناکایی ئەو ڕێگا چارەیە، هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی لەو بوارەوە ئەنجام نادرێ، مەگەم ئەوەی لە هەموو بوارێکەوە بە ئەنجام بگەین. لە ٦ مانگی داهاتوو دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئایا ڕێگا چارەیەک هەیە کە ئاشتی خوازانە بوونی بەرنامەی ناوەکی ئێرانمان بۆ ئاشکرا بکا. ئەگەر ئێران وڵامی نیگەرانیەکانی ئێمە نەداتەوە، ئێمە ئامادەی زیاتر کردنی گەمارۆکان وزەخت و فشاری زیاترین.

## ئەنجام

بە کورتی، ئەو هەنگاوە بە نۆرەی خۆی گرینگێکی یەکجار زۆری هەیە. بە بێ ئەو ڕێکەتننە کاتیە، ئێران دەیتوانی هەزاران سانتریفوژی دیکە بخاتە کارەوە. دەیتوانی سانتریفوژەکانی نەسلی داهاتوو کە شێوەکارییان لە بواری کاتەوە خێراترە دابمەزرێنێ و وەکاریان بخا. دەیتوانی سوتەمەنی بگەینێتە راکتۆری ئاوی قورسی ئەراک و وەکاری بخا. دەیتوانی توانایی ئۆرانیۆمی پاشەکوت کراوی بە ڕێژەی ٢٠ دەرسەد بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم بەرێتە سەر. ئێران لە ژێر ڕووناکایی ئەو ڕێکەوتننەی ئێستا کراوە، توانای ئەنجام دانی هیچکام لەوانەی نیە. سەرەرای ئەوانەش وبە بێ ئەو ڕێکەوتننە کاتیە، ئیمکانی هەبوو کە گەمارۆ نێو نەتەوەیەکان وردە وردە کارایی خۆیان لە دەست بدەن وڕێگا خۆش بکرێ بۆ لاچوونیان. ئێران دەیتوانی بە دونیا نیشان بدا کە سیاسەت وهەڵوێستی بۆ چارەسەری دیپلۆماتیکی ئەو کێشەیە جیدی بووە وئێمە جیدی نەبووین. ئێمە نەمان دەتوانی قەناعەت بە هەموو شەریکەکانمان بینین بۆ یەکگرتوو بوون لە هەمبەر کاریگەری دانانی بەرچاوی گەمارۆکان. بەو هەنگاوەی ئێستا، ئێمە بەرنامەی ئێران ڕادەگرین وپاشەکشەی پێ دەکەین وبەو کارەمان هەڵبژاردنێکی شەفاف دەخەینە بەردەم ئێران. بە جێگەیاندنی بەڵێنیەکانی ودانوستاندنی سادقانە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی کۆتایی. لە غەیری ئەوەدا، وڵامی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زیاتر پەراوێز خستنی ئێران وزەخت وفشاری زیاتر دەبێ.

خەڵکی ئامریکا  ڕێگا چارەی ئاشتی خوازانە وسەقامگیریان لاباشترە کە پێشگیری بکا لە دەست پێراگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی وئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نیزامی جیهانی پێشگیری لە بڵاوبونەوەی چەکی ناوەکی بە هێزتر بکا. ڕێکەوتنی ئەو دوایەی ئێمە هێزوتوانای گەیشتن بەو ئامانجەی تێدایە. وبلایەتە یەکگرتۆکانی ئامریکا لە ڕێگای دیپلۆماسی بە هێزوکاریگەر و ڕێک وپێک بۆ ئاشتی زیاتر وئەمنیەت وهاوکاری مابەینی وڵاتان

بە نۆرەی خۆی هەوڵ دەدا.

ئەوەی لە سەرەوە خرایە ڕوو وەرگێردراوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە کە کۆشی سپی بلاوی کردۆتەوە وسەرانی کۆماری سێدارە حاشای لێدەکەن وبە ئارەزوی خۆیان تەفسیری ئەو ڕێکەوتننامە دەکەن ودەلێن ئامریکا راستگۆ نیە وناوەرۆکی ڕێکەوتننامەکە لە بەرژەوەندی خۆی مانا دەکاتەوە.

کۆماری سێدارە لە رۆژی یەکەمی ئەو دانوستاندنانەی ژنێڤ کە بە دوو جار بەرێوە چوون وتا ڕۆژی کۆتایی ومل کەج بوون وتەسلیم بوونی، ناوەرۆکی بابەتی کۆبونەوەکان وداخوازەکانی خۆی ولایەنی بەرامبەری دەشاردەوە وبە بیانوی ئەوەی کە مەبادا توندئاژۆکانی ناوخۆی ولات ولایەنی ئیسرائیلی وعەرەبی گرفتێک لە دانوستاندنەکان وئەنجامەکانی دروست بکەن، هیچ جۆرە زانیارێکی بە خەلکی ئێران و ڕاگەیەنە گشتیەکان نەدەدا وهەموو راستیەکانی پەردە پۆش کردبوو.

لە دوای بلاو بوونەوەی ئەنجامەکانی دواین کۆبونەوەی ژنێڤ کە ٤ رۆژی خایاند و دەرکەوتنی راستیەکان، سەرانی کۆماری سێدارە بە سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوەی دەولەتەکەشیەوە کەوتنە درۆ ودەلەسە وچەواشە کردنی گەلانی ئێران کە گۆیا سەرکەوتنی بەرچاویان بە دەست هێناوە و ئەوە رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکایە کە مل کەجی داخوازی پیتاندنی یۆرانیۆمی بە ڕێژەی زۆر بووە ولە ڕێکەوتننامەکەش دا هاتووە و نوسراوە.

ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیە بە روونی دەردەکەوێ ئەوەیە کە کۆماری سێدارە لە ژێر زەخت وگوشاری گەمارۆکان کە مانەوەی خۆشی خستۆتە مەترسیەوە بە ناچاری مل کەچی داوا وداخوازەکانی رۆژئاوا بووە و ئامانجی سەرەکیشی ڕزگار کردنی خۆی لە رووخان ونەمان بووە ودەنا هیچ لە بیری ژیان وگوزەرانی بە میلیۆنان لە خەلکی بێ بەش و بێ مافی ئێران نەبووە ونیە. ڕێژیمێک کە بۆ دەست راگەیشتن بە بۆمبی ئەتۆم خۆی خولقینەری ئەو قەیرانەیە و بە هۆی بێ بایەخ دان بە خەلک ودەنگ ومافەکانیان خەڵکی ئێرانی خستۆتە ژێر سەخترین گەمارۆکانەوە، دەیهەوێ بەو تەسلیم بوونە خۆی وەکوو فریشتەی نەجات نیشان بدا ومنەت بە سەر خەلکەوە بکا کە بەلێ بە خاتری خەلکە کە ئەو سازانەی کردووە وزەرەریشی نەکردووە.

ئەو ڕێکەوتنە کاتیە ودەرفەتی ٦ مانگی پێدراوە بۆ ئەوەی بزانن کۆماری ئیسلامی چەندە لە سیاسەتەکانی دا سەداقەتی هەیە و چەندە ئامادەیە ئاشتی خوازانە بوونی بەرنامە ناوەکییەکەی بۆ کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بسەلمێنێ. ڕووبەڕوو بوونەوە و دانیشتنی وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە گەڵ وەزیری دەرەوەی " شەیتانی گەورە" ئەو بەربەستەی لە بەر دەم ڕێژیمی تاران لابرد کە چیدیکە دانوستاندن و وتووێژ ودیدار لە گەڵ نوینەرانی ئامریکا نەکاتە تابۆ بۆ سەر خۆیی و بۆ سازان ومانەوەی خۆی لە داهاتووش دا ڕێگای بۆ کراوەتەوە کە سات وسەودا بە سەر خەڵکی ئێرانەوە بکا.

لەو دانوستاندنانە دا ئەوەی باسی لێوە نەکراوە ولە ناوەرۆکی ڕێکەوتننامەکەش دا هیچ ئاماژەی پێ نەکراوە باس کردن لە پێشێلکارییەکانی ماف وئازادییەکانی گەلانی ئێران لە لایەنی ڕێژیمی پەت وسێدارەوەیە. ئەوەش بەو مانایە دێ کە لە داهاتووش دا  ودوای ئەو ٦ مانگەش کە کۆبونەوەکان بەردەوام دەبن، دانوستاندنەکان دەتوانن هەر لە چوارچێوەی چارەسەری کێشەی ئەتۆمی ڕێژیم بێ وهیچ باسێک لە مافەکانی مرۆڤ وڕێز لێگرتنیان لە لایەن ڕێژیمەوە نەیەتە بەرباس. ئەوەی بۆ ڕۆژئاوا وبە تایبەت بۆ ئامریکا لەو نێوە دا گرینگە بەرگریکردن لە دەست پێ ڕاگەیشتنی ڕێژیمی مەلایان بە چەکی ناوەکیە کە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا وئیسرائیل وئوروپا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەخاتە مەترسیەوە.

خاڵی گرینگ وجێگای تێرامان دیار نەبوونی هەڵوێست وحزوری چالاکانەی ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینەی ڕێژیمی مەلایان لە ماوەی ئەو دانوستاندنانە دابوو، بەتایبەت حیزەکانی ڕۆژهەلات کە سیاسەتی چاوەڕوانیان هەڵبژاردبوو، بۆ ئەوەی بزانن ئاکامی دانوستاندنەکان چی لێ شین دەبێ ودیتمان کە نوینەرانی کۆماری سێدارە بە چرا سەوزی عەلی خامنەیی چلۆن بۆ ڕزگار کردنی خۆیان لە هەرەس هێنان پاشەکشەی سەر شۆرانەیان کرد وملکەجی داواکانی ئوروپا وئامریکا بوون. دانوستاندن و ڕێکەوتنی زیاتری کۆماری سێدارە لە گەڵ ئامریکا بە مانای کرانەوەی فەزای ترس و تۆقێنەری ناو خۆی ئێران نیە و ئێعدام ولە سێدارە دانی ئازادیخوازانی کورد وبەلوچ وعەرەب وزیندانی کردنی ڕۆژنامەوانانی کورد وبڕانەوەی زیندانی دووردرێژ وتەبیعد کردنیان دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ڕێژیمی مەلایان ئامادە نیە پاشەکشە لە سیاسەتەکانی بکا و ڕێگا بە خەلک بدا کە نەفەسێکی ئازادانە بکێشن.

رێژیمی مەلایان لە ئەگەری جێ بە جێ کردنی ئەو خاڵانەی نێو رێکەوتننامەکە گەرانتی هێرش وپەلامار نەدانی دەرەکی بۆ سەر ناوەندە سەربازیی وئەتۆمییەکانی لە رۆژئاوا وئامریکا ئەستاندووە و ئازاد کرانی ١٠٠ میلیارد دۆلاری پارەی ئێران و دەست پێراگەیشتنی سەرانی رێژیم بەو پارە زۆرەیە هیندەی دیکە دەست وباڵی رێژیم ئاوەلەتر دەکا کە هەروا ملهورانە حاکمی موتلەقی ئێران بێ ودژبەرانی بە زیندان وکوشتن وتیرۆر لە سەحنەی سیاسی ئێران پاک بکاتەوە. نابێ بهێلین ئەو ٦ مانگە بە چاوەروانی خۆرایی تێپەر بێ وئەرکی هەموو ئازادیخواز ودێموکراسی خوازانی ئێران ورۆژهەلاتی کوردستانە کە بە دانانی پلانی تۆکمە و بە تاکتیک و ستراتیژی روون دەورونەخشی خۆیان لەو نێوە دا بگێرێن و بە دەستی خۆیان خۆیان نەخەنە پەراوێزەوە وهەروا چاولێکەری رووداوەکان نەبن.

١ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---

## رووداوە مێژوویی و سیاسیەکان و کاریگەرییان بۆ سەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی.

لە دوای پەیدا بوونی بیرۆکەی دەولەت . نەتەوە لە نێو قشری خویندەواری ئەو سەردەمی ئێران و هەوڵ دان بۆ دروست کردنی دەسەڵاتێکی سیاسی بە هێزو یەک دەست لە دوای کۆتایی پێهاتنی دەسەڵاتی ئیمپراتوری قاجاری و بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی بە رێگای کودتاوە لە لایەن رەزاشاوە بە پشتیوانی بریتانیا،

هەوڵ دان بۆ داسەپاندن وچەسپاندنی سیاسەتی یەک زمان ویەک نەتەوە ویەک ئاڵا بە پێی پلان وبەرنامە لە لایەن رەزاشا ودوای خۆشی لە لایەن کورەکەی ودوای وانیش لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بێ پسانەوە بەرەو پێش چووە.

تواندنەوەی زمان وکولتوری نەتەوە غەیرە فارسەکان وبێبەش کردنی ئەوان لە مافەکانیان وبەشداری پێ نەکردنیان لە دەسەڵات دا بە شێوەی یەکسان وهاوبەش لە سەرحیسابی بە هێزکردنی دەسەلاتی ناسیۆنالیزمی

فارسی ومەزهەبی شیعە، ئێرانی بەردەوام تووشی ئالۆزی وناسەقامگیری سیاسی کردووە. دابەشبوونی ناوچەکانی ئێران لە سەر ئەساسی پێکهاتەی نەتەوەیی جیاواز و بوونی خەبات وتێکۆشان و بەرگری کردن لە هەمبەر سیاسەتی داگیرکاری وئینکارکردنی دەولەتی ناوەندی دەرخەری ئەو راستیەن کە سیاسەتی دەولەت . نەتەوە هەر لە سەرەتاوە هەڵە بووە وبە تەواوی شکستی هێناوە.

ناسیۆنالیزمی فارسی بۆ ئەوەی بە قەولی خۆی ئێران بە یەکپارچەیی ڕابگرێ ولە دابەش بوون بپارێزی وبۆ ئەوەی شکستی سەرشۆرانەی پادشاکانی قاجار لە هەمبەر روسیەی تزاری کە بوو بە هۆی هاتنە ئارایەی رێکەوتنی " گلستان " دووپات نەبێتەوە بەردەوام سیاسەتی مشتی پۆلایینی لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارس زمان وشیعە مەزهەب بە کار هێناوە و ولامی هەرجۆرە داوایەکی مەدەنی و سیاسی بەستۆتەوە بە مەترسی داربوونی ئەو داوایانە بۆ دابەش کردنی ئێران.

رووداوە سیاسی ومێژووییەکان بە تایبەت لە دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتوری قاجار وشکستی پەیتاپەیتای ئەو دەولەتە فاسید وگەندەلە لە هەمبەر روسییەی تزاری وڕادەست کردنی کۆمەلێک ناوچەی گرینگی ئەو سای ژێر دەستیان بە روسەکان، ناسیۆنالیزمی تەک نژادی دروست کراوی لە سەر ئەساسی یەک دەولەت ویەک نەتەوە لە سەردەمی رەزاشاوە بەولاوە بە نیسبەت هەموو داوایەکی ماف خوازانەی ڕەوا وئینسانی نەتەوەکانی غەیری فارسی حساس کردوە ولە راستیدا بیروهزری نژادپەرەستیکی ئاوسار پساو ودژە دێموکراتیک فەزای سیاسی وکولتوری وکۆمەلایەتی ئێرانی داگیرکردووە. دەولەتی تەک نژاد، وێرای سەرکوتکردن ولەشکرکێشی وگرتن وزیندان وئێعدام، کۆمەلیک تۆمەتی نارەواشی داوەتە پاڵ ئازادیخوازن، بە تایبەت پاڵ کوردەکان کە گۆیا دەیانهەوێ " ئێران دابەش دابەش بکەن " وبە دایم حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەلاتیان بە نۆکەر ودەستکردی بێگانە پێناسە کردووە.

دژکردەوەی توندوتیژودڕندانەی ناسیۆنالیزمی فارسی یان ئێرانی بە پێشرەوی رێژیمی حەمەرەزاشا بە نیسبەت دامەزرانی کۆماری کوردستان وداواکانی وپێناسە کردنی کۆماری کوردستان بە پاشکۆی کۆمونیستەکان و بە دروستکراوی یەکێتی سۆڤییەت وبەستراوەیی سەرۆکانی کۆمار بە تایبەت پێشەوا قازی مەحەممەد بە داگیرکەرانی ئێرانەوە، دەرخەری ئەو راستییەن کە ناسیۆنالیزمی نژادپەرەستانەی فارسی ئامادە نەبووە هیچ هاوبەشێکی دیکە لە ئێران دا قەبول بکا ودان بە پێکهاتەی فرەنەتەوەیی وفرەزمانی وفرە کولتوری ئێران دابنێ.

دەولەتی حەمە رەزاشا کە ساڵانیکی زۆر دەست پەروەردەی بریتانیا وئامریکا بوو، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابوو کە ببێتە یەکەم هێزی سیاسی و سەربازی ناوچەکە وتەیارکردنی ئێران بە چەکی ناوەکی. هەربۆیەش داهێنانی بیرۆکەی بەرنامەی ناوەکی بۆ یەکەم جار لە سەردمی شەڕی ساردی نێوان ئامریکا ویەکێتی سۆڤیەت دا دەستی پێکرد وئێران لە بەرەی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئامریکا وبە نزیکایەتی لە ئیسرائیل وەکوو تەنیا دەولەتی جولەکەی دژی عەرەبەکان لە ناوچەکە دا هەوڵی جێ بە جێ کردنی پرۆگرامی ناوەکی خستە گەڕ، بەڵام بە هۆی شۆرشی گەلانی ئێران هەوڵەکە راوەستا. ناسیۆنالیزمی ئێرانی یەکیتی سۆڤیەت وبە گشتی روسەکانیان وەکوو دوژمنی یەکەمی خۆیان وولاتەکەیان دەزانێ وبۆیەش خۆ تەیارکردن بە چەکی ناوەکی بە زامن وگارانتی پاراستنی خاکی ئێران وسنورەکانی دەزانێ.

رێکەوتنی "گلستان" لە نێوان دەولەتی قاجار و روسیەی تزاری ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە رێکەوتی ٢٠ی رەزبەری ١١٩٢ی هەتاوی دەسەڵاتی پاشایەتی قاجارەکان دوای ٩ ساڵ شەڕ و پێکدادانی خویناوی لە گەڵ ئیپراتوری روسییەی تزاری ناچار بوو مل بدا بۆ ئیمزا کردنی رێکەوتنێک کە بە رێکەوتنی " گلستان " ناسراوە. ئەو رێکەوتنە کە بە نێوبژی سەفیری بریتانیا لە تاران ئامادە کرابوو شکستێکی گەورەی سیاسی بوو بۆ دەسەلاتی قاجار. بە پێی ئەو رێکەوتننامە کە لە ١١ خاڵ پێکهاتبوو، دەولەتی قاجار ناچارکرابووکە چاو لە کۆمەلێک ناوچەی گرینگ بپۆشێ وبیاندا بە روسیەی تزاری. ئەو ناوچانەی کە بە پێی ئەو رێکەوتننامە دران بە روسییەی تزار بریتین بوو لە : قرەباغ، گەنجە، خاناتی موشکی، شیروان، قبە، دربند، باکوو وتەواوی ناوچەکانی داغستان وگرجستان.

### ناسیۆنالیزمی ئێرانی وشیعەی ١٢ ئیمامی

ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی وروخانی رێژیمی پاشایەتی کەوتە بوارێکی تازەوە وئەو جار بە تێکەڵ بوون بە ئیسلامی سیاسی شیعە هەولی داوە لە رێگای بە قەولی خۆیان پەرپێدانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە دا دەسەڵاتی سیاسی ومەزهەبی خۆیان پەرەپێبدا. ناسیۆنالیزمی ئێرانی بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی پان ئیرانیستی ومەزهەبی شیعە دوو سیاسەتی هاوتەریبی گرتۆتە بەر. یەکیان بۆ ناو خۆی ئێران بووە کە بەردەوام ئینکار ودژایەتی نەتەوەکانی غەیری فارس و ئاین ومەزهەبەکانی دیکەی کردووە و هەر

جۆرە خەباتێکی ماف خوازانە وشوناس خوازانەی بە دژی خۆی وناسیۆنالیزمی ئێرانی ویەکپارچەیی ئێران پیناسە کردووە وبێ دوو دلی و بە هەموو شێوازێکی دژی ئینسانی سەرکوتی کردووە. لەو ناوە دا ئۆپۆزیسیۆنی بە ناو سەراسەری رێژیم لە دەرەوەی ولات لاینگری لەو سیاسەتەی کردووە کە بە قەولی خۆیان ئێران لە "پارچە پارچە بوون دەپارێزێ".

دووهەم مەبەستی ئیسلامی سیاسی شیعە وناسیۆنالیزمی ئێرانی دژایەتی دەولـەتانی سوننی مەزهەب بە رێبەری عەرەبستان سعودی و پاشەکشە بە جێگەوپێگە و هێژمونی سووننی مەزهەبەکان و وەهابیەکان بووە لە ناوچەکە دا و بە دەستێوەردان لە کاروباری ولاتانی بەحرین، قەتەر، عێراق، لوبنان، سوریە و ئەفغانستان وخۆتێهەڵقوتاندن لە کێشەی نێوان فەلەستین وئیسرائیل هەولی داوە ناوچەکە لە بەرژەوەندیەکانی خۆی ئالۆز بکا ولەو رێگایەوە ئامانجە سیاسی ومەزهەبیەکانی خۆی وەدی بینێ.

## کۆماری ئیسلامی و چەکی ناوەکی

کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی پان شیعیسم لە هەوڵی پەرەپێدانی پرۆگرامی ناوەکی دابووە ولە ماوەی ٢ دەهەی رابردووە بەردەوام هەوڵی داوە کە دەولەتانی دونیا بە فرت وفێلی سیاسی هەڵخەلەتێنێ و بە سیاسەتی بە ناو دانوستاندن ژێر بە ژێر پەرە بە پرۆگرامە ناوەکیەکەی بدا کە بۆ مەبەستی سەربازی بەکاردێ. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین پێگەی سەربازی و ناوەکی لە شوینە جیاجیاکانی ئێران دامەزراندوە و بە هەزاران دەزگای سانتریفوژی بۆ پیتاندنی زیاتری یۆرانیۆم بە رێژەی ٢٠ دەرسەد وەکارخستووە و بەپێێ لێکۆڵینەوەی کارناسانی بواری سەربازی، لە ئەگەری پیتاندنی رێژەی ٢٠ دەرسەدی یۆرانیۆم بە رێژەی پێویست، رێژیمی مەلایان دەتوانێ بۆمبی ئەتۆم دروست بکا. ناسیۆنالیزمی ئێرانی یان باشترە بکوترێ پان ئیرانیسیم پشتیوانی ئەو بیرۆکەی دەکا و بۆ وانیش ئێرانێکی تەیار بە چەکی ناوەکی گەلێک گرینگە ودەبێتە هۆی ئەوەی کە پاشەکشە بە عەرەبەکان وسیاسەتەکانیان لە ناوچەکە دا لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە هیچ دەولەتێکی خاریجی بە تایبەت روسەکان و تورکەکان ئیترنەتوانن هێرش بکەنە سەر ئێران و سنورەکانی دابەش دابەش بکەنەوە. تەیار بوونی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوەکی هەم ئەو رێژیمە لە هەمبەر روسیە و تورکیا و عەرەبستان و میسر و ئیسرائیل وەکوو دەولەتانی بە هێزی ناوچەکە دەپارێزێ و هەمیش ئامریکا و هاوپەیمانانیشی ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان لە

ناوچەکە دا سیاسەتەکانیان بە بێ لە بەرچاو گرتنی نەخشی رێژیمی مەلایان جێ بە جێ بکەن. بە بوونی چەکی ناوەکی لە دەستی رێژیمی مەلایان دا ئامریکا وهاوپەیمانانی ناتوانن هەوڵ بۆ گۆرینی ئەو رێژیمە بدەن، هەر وکوو چۆن تاکوو ئێستاش نەیانتوانیوە رێژیمی دیکتاتۆری کۆرە شیمالی بگۆڕن یان ناچاری بکەن تەسلیمی سیاسەتەکانی ئەوان بێ.

### پان ئیرانیسمی ئێرانی وئیسلامی سیاسی شیعە ومافی گەلانی غەیری فارس

هەروەکوو لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا، مافی گەلانی غەیری فارس وئینکاری هۆوییەتی نەتەوەیی و زمانی وکولتوری وئاینی و مەزهەبیان لە لایەن پان ئیرانیسم و پان شیعیسمی ئێرانی کێشەیەکی گەورەیە کە بە ئاشکرا بەرۆکی ئەو وڵاتەی گرتووە و لە راستیش دا سیاسەتی دەولەتی داگیرکەر بە نیسبەت ئەو ناوچانەی کە پێکهاتەی ئیتنیکی وزمانی وکولتوری ومەزهەبی وئاینی جیاوازیان هەیە سیاسەتی دەولەتێکی داگیرکەرە کە بە نیسبەت ولاتێکی دیکە ولە سەر خەڵکانی دیکە بەرێوە دەچێ. ئەوەی لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردووە تاکوو ئەمرۆ بە نیسبەت رۆژهەلاتی کوردستان وبەلوچستان وعەرەبەکانی پارێزگای خوزستان بەرێوە دەچێ، هیچ نێو وپاساوێکی دیکە هەڵناگرێ جگە لە سیاسەتی داگیرکاری وئینکار ئەو نەتەوانە لە لایەن کۆماری سێدارەوە. کۆماری ئیسلامی هەم لە قانونی ئەساسی خۆیدا حاشای لە بوونی ئەوان و مافەکانیان کردووە وهەمیش بە کردەوە هەوڵی بۆ سرینەوەی ناسنامە وزمان ئەو نەتەوانە داوە. یەکیک لەو رێگایانە قەدەغە کردنی خویندن بە زمانی زگماکی کوردەکان وبەلوچەکان و تەنانەت ئازەرییەکانیش بووە. بە هۆی زولم و زۆری لە ڕادەبەدەری کۆماری سێدارە بۆ سەرئەو نەتەوانە، بەردەوام خەباتی خۆراگری وماف خوازانە بە تایبەت لە رۆژهەلاتی کوردستان لە گۆڕێ دابووە ولە پارێزگای خوزستان و پارێزگاکانی سیستان وبەلوچستانیش بە شێوازی جۆراوجۆر ویەک لەوان چەکداری بەرخۆدان وخۆڕاگری لە ئارادابووە کە بۆتە هۆی کوژران وبریندار‌بوونی سەدان کەس لە هەردووک لایەن.

لە دوای هاتنە سەرکاری حەسەن روحانی وبوون بە سەرۆک کۆمار، زەخت وزۆری دەولەتی ناوەندی بۆ سەر ئەو ناوچانە هیچ فەرقی نەکردووە وسیاسەتی بێبەش کردن وئینکارکردن وتۆلە ئەستاندەوە لە دژبەرانی رێژیمی مەلایان هەر بەردەوام بووە. لە رۆژهەلاتی کوردستان بە لە سێدارە دان وئێعدامی رۆلەکانی کورد ئەو سیاسەتە درێژەی هەبووە وبە دروست کردن وپەرەپێدانی سیستمی جاشێتی وبەسیج هەوڵیان داوە بەرگری لە هەر جۆرە جم و

جۆلێکی پێشمەرگانە بکەن، تەنانەت ئەگەر بە مەبەستی جەولە و گەڕانی پێشمەرگەکانی کوردستان بە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش دابووبێ. لە دواین پێکدادانی نێوان بەلوچەکان و سەربازو پاسدارەکانی ڕێژیمی مەلایان بە پێێ هەواڵی ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیم ١٤ کەس کوژران و بە تۆڵەی خوینی ئەو کوژراوانەش ١٦ بەلوچ لە زیندانەکانی زاهیدان ئێعدام کران ولە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە پێێ هەواڵەکان ٦ بۆ ٨ کەس لەو ماوەیەدا ئێعدام کراون و ژمارەیەکی زۆری دیکەش چاوەڕێیی جێ بە جێ کردنی حوکمی ئێعدامیان دەکەن.

کۆماری ئیسلامی وناسیۆنالیزمی پاوان خواز ودژە دێموکراتیکی ئێرانی نیشانی داوە کە ئامادە نیە لە ڕێگای دیالۆگ ودانوساندن چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا بکا وتەنیا زمانی زۆر و مل هوری وشەڕ دەزانێ و ئەوەش بەو مانایە دێ کە هیچکام لەو گەلانە ناتوانن بە تەنیا بەرگری لە خۆیان وشوناسی نەتەوەییان بکەن. بۆ ئەوەی پاشەکشە بە ڕێژیمی مەلایان بکرێ و ئێران بەرەو دێموکراسی هەنگاو بنێ، هاوکاری و هاوهەڵوێستی ودروست کردنی بەرەیەکی ٣ قۆلی لە نێوان کوردەکانی ڕۆژهەلات و عەرەبەکان پارێزگای ئەهواز و بەلوچەکان گەلێک گرینگە. بۆچی بە تایبەت لە نێو ئەو ٣ نەتەوەیە دا؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو ٣ ناوچە بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی مەلایان و بێ هێزکردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و پان شیعیسم پێناسە دەکرێن و زۆر بە ئاسانی دەتوانن دژایەتی سیاسەتەکانی تاران بکەن و لە ماوەی زیاتر لە ٣ دەهەی رابردوو دا نیشانیان داوە کە کۆماری ئیسلامی بە هی خۆیان نازانن و بە پێچەوانەکەشی هەروا بووە و هیچکات کۆماری ئیسلامی ئەو ناوچانەی بە هی خۆی نەزانیوە و بەردەوام وەکوو خەڵکانی غەیرە خودی وبێگانە سیاسەتی لە گەڵ کردوون. دروست کردنی بەرەیەکی ٣ قۆلی یارمەتی دەری ئەوە دەبێ کە کوردی ڕۆژهەلات بە تەنیا نەمێنێتەوە و خوێنێکی نوێ بە بەرخەبات و بەرخۆدانی خەباتەکەی کە شوناس خوازانەیە دا بکرێتەوە و بە پشتگری ئەو دوو ناوچەیە باشتر و دەست ئاوالاتر دیفاع لە مافەکانی بکا و بەرەورووی ڕێژیمی مەلایان بێتەوە. لە ماوەی ٣ دەهەی رابردووە حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە نزیک بونەوە و دروست کردنی بەرە لە گەڵ دژبەرانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە گەل حیزبە فارس زمانە بە ناو سەراسەرییەکان دا هیچ سەرکەوتنێکیان بە دەست نەهێناوە و تەنیا کاتیان لە کیس چووە. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە ئۆپۆزیسیۆنی بە ناو سەراسەری ڕێژیمی تاران لە تاراوگەش هەمان ڕوانگە و بۆچوونی بە نیسبەت شوناس و هۆوییەت و مافی ئەو گەلانە هەبووە و هەیە و لەو بوارەوە هیچ جیاوازێکی لە گەڵ ڕێژیمی مەلایان نەبووە.

لە کاتی دوایین نەمایشی بەناو هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری رێژیمی مەلایان، ئەو راستییە بە باشی خۆی دەرخست کە بەشیکی زۆر بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی خاریج نشینی رێژیمی مەلایان بە بیانوی پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران وبەرگری لە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران کەوتنە پشتی رێژیمی تاران و زۆر ڕووهەڵمالاوانە لەو ماوەیە دا بێدەنگیان لە بەرابەر ئێعدام و لە سێدارەدانی رۆلەکانی کورد و عەرەب و بەلوچ بە بیانوی پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران هەڵبژاردوە و تەنانەت هی وایان هەیە کە راستەوخۆ پشتگری سیاسەتی ئینکارو داپلۆسینی رێژیمی مەلایان دەکا و پێیان وایە کە ئەگەر سیاسەتی پۆلایین نەبێ، ئێران دەبێتە "ایرانستان" واتە دابەش دابەش دەبێ

٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

## چاوخشاندنێک بە شێوازی شێعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس وخستنە ڕووی ڕوانگەکانی شاعیر.

*خۆم .. ئەو وەختەی باڵندەم!*
*ئەو شمشاڵەی بە لێوی " با" وە ئەیبینن*
*ئەوە ئەندێشەی لوول خواردووی عەشقی منە*
*ژانێک کون کونی کردووە و*
*لە جیاتی من*
*" چونکە بۆخۆم نازانم شمشاڵ لێبدەم "*
*" با " ئەیزانێ وئەو ئەیژەنێ*
*ئەو باڵندە نارنجیەش کە ئێواران دەرئەکەوێ و*
*لە خۆرنشیندا ئەیبینن، تاق وتەنیا دێت وئەچێ و*
*بە باڵەکانی ئەنووسێ*

ئەوە باڵندەی تر نی یە

" چونکە باڵندە ئەخوێنێ وهیچ نانووسێ "

ئەوە منم .. ئەوە خۆمم، لە وەختێکدا

یان " چیرۆک " ئەکەم بە باران

یان " پەخشان " ئەکەم بە زەردە

یاخود " شێعر" بە ئەستێرە و

کە شەو داهات

لە سەرتاندا دابگیرسێ!

شێرکۆ

لە دیوانە شێعری " خۆم .. ئەو وەختەی باڵندەم! ".

سلێمانی ٢ - ٢- ٢٠٠٢

## پیناسە کردنی تایبەتمەندیەکانی شێعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس

١- پاراوی لە زمانی کوردی دا و خۆ بواردن لە بەکار هێنانی وشەی بێگانە.

٢- زمانی شێعری شاعیر زمانی کوردی دەولەمەند کردووە و دەکرێ دیوانەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس وەکوو فەرهەنگی زمانی کوردی سەیر بکەین بۆ فێر بوونی وشەی کوردی.

٣- توانایی لە وەسف کردن وپان وبەرینی دونیای خەیالاتی شاعیر یەکجار گەورەیە و روانگە وجیهانبینی شاعیر وای کردووە کە لە کوردستان و دەرەوەی سنورەکانی کوردستان وەکوو شاسواری شێعری هاوچەرخی کوردی بناسرێ.

٤- مامۆستا شێرکۆ بێکەس، شاعیری نەتەوەیی کوردە.

### بەرێزان

بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی شێعرەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس دەبێ بە ناخی دونیای بێ کۆتایی خەیالاتی شاعیر

دابچینە خوارێ و دەبێ لە گەڵ ئەو جوانیەکانی سروشت وژینگەی کوردستان بناسین و لە گەڵ ئەو بچینە سەیری کەژوچیا ودۆل ودەشت ودارستان وکانیاو وتاڤگە وکویستان و هەوارگەی کوێستانچیان وژیانی گوندنشیان وناسینی هەموو بونەوەران و زیندەوەران ولە گەڵیان بکەوینە قسە کردن وهەر کامەیان بە زمانی خۆیان بدوینین. دەبێ لە گەڵ شاعیر هەست بە قولایی سیاسەتی ژینۆسایدی نەتەوەی کورد وکاول کردنی کوردستان بکەین وکاریگەری لە سەر ژیانی خەڵکەکەی و لە سەر ژینگەکەی. دەبێ لە گەڵ ئەو فرمێسکی بە هەزاران بێوەژنی پاشماوەی ئەنفال ببینین کە بە کۆشێک منداڵ وبێ دەرتان ولەو پەڕی نەداری دا ژیان تێپەر دەکەن وشەو و ڕۆژ چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانیان دەکەن وبە دایم چاو لە دەرگای دەرەوە دەکەن بە هومیدی دیتنی تروسکەیەکی رووناکی لە ژیانیاندا. دەبێ لە گەڵ ئەو پێشمەرگە وخۆراگری و فیداکاری وئازایەتی ولە خۆبردوویی ئەو رۆلە کوردە بناسین کە بۆ بەرگری لە مانەوەی نەتەوەکەی لەحاست داگیرکەر دا چۆن هەموو شتێکی فیدادەکا. دەبێ لە گەڵ شاعیر لە سنورەکانی دەستکری داگیرکەر ڕەدبین و زولم و زۆری وبێ بەشی کورد لە بەشەکانی دیکەی داگیرکراوی کوردستان بە چاو ببیین و هەست بە دەرد وئازاری قوڵی گەلێکی دەیان میلیۆنی بکەین کە لە سەرەتایترین مافەکانی بێ بەش کراوە.

**بەریزان**

بۆ ناسینی شیوازی شێعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس واباشە لە زمان خۆیەوە ئەو پێناسەیە بزانین.شاعیر لە پێشەکی دیوانە شێعری" خۆم .. ئەو وەختەی باڵندەم " شیوازی شێعری خۆی بە سێ جۆر دابەش کردووە ولەو بارەوە دەنووسێ.

*لە ڕێزبەندی ناوەرۆکی ئەم کتێبەشدا، وام بە چاک زانی دەقەکان بکەم بە سێ بەشەوە یان بیانخەمە سێ تەلانی جیاجیاوە وبەڵام بە هەموویان هەریەک باخ وهەواریان هەبێت:*

*یەکەم:* کەژی شێعر: تایبەت بە شێعرە درێژەکان.

*دووەم:* باڵندە بچکۆلەکان: تایبەت بە کورتە شێعرەکان.

*سێهەم:* پێدەشتی پەخشان: تایبەت بە پەخشان وپەخشانە شێعر وپەیڤە شێعریەکان کە من بۆ خۆم بۆ هەر یەکێک لەم ژانرانە لێکدانەوەی تایبەتم هەیە وبە شێوەیەکی گشتیش ئەوەی شێعر لە پەخشانە شێعر جیائەکاتەوە، ئەو مۆسیقا وئاهەنگەیە کە لە زمانی ئەوەیاندا هەیە و لەمیاندا کەمتریان نی یە. دڵنیاشم کە خوێنەر ئەگەر بە سەلیقەی خۆیشی بێت لە وەختی خوێندنەوە دا هەست بەم جیاوازیانە ئەکات. ئەمە لە کاتێکدا، مانای ئەوە نی یە لە نرخی ئەفراندنی پەخشان وپەخشانە شێعر کەم بکەینەوە. چونکە هەرگیز ئیبداع وداهێنان تاقە مالێکیان نەبووە.

شێرکۆ بێکەس

سلێمانی ٢٧ - ٢ - ٢٠٠٢

**بەرێزان**

ناوەرۆکی شێعرەکانی مامۆستا شێرکۆبێکەس سیاسی، مێژوویی. نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیی، عاشقانە ویەکسانی خوازی وئازادی دەگرنە خۆ. بۆ ئەو کۆریادە چەند دانە لەو شێعرانەم هەڵبژاردووە وبۆ ئەوەی لە ناخی بیروبۆچوون وروانگەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس حالی بین.

*یەکەم پارچە شێعر، شێعرێکی کورتی سیاسی یە بە ناوی " داوا".*

**داوا**

*ژوورێک داوای چرایەک و ...*
*چراکە داوای مێزێک و ...*
*مێزەکە داوای دەفتەرێ و ...*
*دەفتەر داوای قەڵەمێک و ...*

*قەلەم داوای دەست وپەنجە و*

*پەنجەیش داوای*

*ئازادی کرد.*

٢٢ - ٢ - ٢٠٠٢

لەو شێعرە سیاسی یە دا بە روونی باس لە ئازادی نووسین وڕادەبرێنی روناکبیران وخاوەن بیروفکری جیاواز لە دەسەلاتداران دەکا کە ناتوانن ئازادانە بیروبۆچوونی خۆیان بخەنە بەرەوڕووی کۆمەلگا و لە لایەن دەسەلاتدارانەوە تووشی گیروگرفت و بە دواداچوون وگرتن وزیندان دەبن.

دوو پارچە شێعری دیکە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە سیاسەتی ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد بە دەستی بەعسیە نژادپەرەستەکانەوە هەیە و تابلۆیەکی روونە لە سیاسەتی ئەنفال و کاول کاری کوردستان.

*شێعری " تاشەبەردێ"*

**تاشەبەردێ**

*لە گوندێکی بێوەژندا*

*یەکەمجاربوو لە ژیانیا*

*وەک ئەو ڕۆژە بە کوڵ بگری*

*وەختێ ئەغیار بە زۆری زۆر*

*هەڵیانکەند وهەڵیانگرت و*

*بردیان سەری*

*کانییەکیان*

*پێ داپۆشی!*

٢٢ - ٢ - ٢٠٠٢

لەو پارچە شێعرە دا شاعیر باسی سیاسەتی ئەنفال دەکا وباس لە گوندێک دەکا کە پیاوەکانی ئەنفال کراون وتەنیا بێوەژنەکان بە کۆشێک منداڵەوە لەو گوندە دا بە جێ ماون وسەرەرای ئەوەش رێژیمی داگیرکەر کانیاوی گوندەکەیان بە تاشەبەرێ دادەپۆشی بۆ ئەوەی لە تینیوتیان قڕ بن ویان ناچاربن گوندەکەیان چۆل بکەن.

*شێعری " هەڵکەندن" ئەو شێعرەش هەر تابلۆیەکە لە سیاسەتی ئەنفال وداگیرکاری رێژیمی بەعسی نژادپەرەست لە کوردستان دا.*

**هەڵکەندن**

*لێرەولەوێ خاکمان هەڵکەند*
*بۆ ئاو گەڕاین ..*
*لەو دەشتانە لە بناری شاخەکاندا*
*بۆ نەختینە وئاسەواری*
*کۆنمان گەڕاین ..*
*لە قەراغ شار خاکمان هەڵکەند*
*بۆ بناغەی ماڵێکی نوێ ..*
*لە ناو شاردا ئەرزمان هەڵکەند*
*بۆ کێبڵ وبۆ خەتەکانی تەلەفۆن ..*
*بەرلە ئاو و*
*بەر لە ئاسەواری کۆن و*
*بەر لە ماڵ وپێش تەلەفۆن ..*
*لە ژێرخاکدا*

کاسە سەرو

ئێسک وپروسکی تێکەڵ و

جلی بێ ڕەنگ وڕزیوی

ئازیزەکانمان دۆزیەوە!

٢٢ - ٢ - ٢٠٠٢

بەریزان

مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە وەسفی جوانی ژنی دا لەو دیوانەی دا پارچە شێعرێکی زۆر نایابی نووسیوە. شێعری " کچ".

کچ

لەو دەشتە دا

من کچێکی کراس سپیم

لەبەر مانگەشەودا بینی

بینیم خەریکە بە دەستێک

گوڵە مێلاقە ئەچنێ و

بە دەستێکیش .. لەو دەشتەدا

چەتری ئەستێران هەڵئەدا!

ئاوم بینی

لە دۆڵێکدا تاق وتەنیا ڕاوەستاوە و

لە بەردەمی تریفەدا حەپەساوە!

دارم بینی سەرکوتۆتە سەرگردێک و

*لەوێوە را*

*لە دوورە ئاگرێ راماوە!*

*ئاسکم بینی*

*سڵ لە سێبەری هەورەکان ئەکاتەوە و*

*بەفرم بینی*

*لە تاو عەشقەکەی هەڵەکۆک*

*تنۆک تنۆک تواوەتەوە*

*مانگ جوان ودەشت جوان وگوڵە مێلاقە وئەستێران*

*ئاو وئاسک، درەخت جوان و*

*بەڵام لە هەموویان جوانتر*

*کچەکە بوو!*

١٠ - ٢ - ٢٠٠٢

لەو شێعرە دا جوانی و ناسکی و پاکی و ئەوین و خۆشەویستی ژن بە سەر هەموو جوانیەکانی دیکەی گەردون و زەوی دا زاڵە. کچ لەو شێعرەدا لە مانگ، لە ئاو، لە ئەستێرە، لە بەفر، لە دار، لە ئاسک، لە مانگە شەو، لە گۆڵ و لە دەشت جوانترە.

**بەرێزان**

مامۆستا شێرکۆ بێکەس شاعیری نەتەوەیی کوردە وملکی هەر چوارپارچەی کوردستانە. ئەو لە شێعرەکانی دا بە ئاشکرا هەڵوێست و روانگەی خۆی لە هەمبەر بەشەکانی دیکەی کوردستان وسیاسەتی تێرۆر و کوشتاری کورد بە دەستی داگیرکەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەربڕیوە و بۆ ئەو مەبەستە کۆمەلێک شێعری داناوە. بەبۆنەی تیرۆری شەهید. د. قاسملو. د.شەرەفکەندی. بە بۆنەی ڕفاندنی بەرێز ئۆجالان. دژ بە تێرۆر و تۆقاندنی دەسەڵاتداران و نەهامەتیەکانی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان. هەڵوێستی گرتووە لە هەبەر لە سێدارە دانی

ڕۆلەکانی کورد بە دەستی ڕێژیمی شەڕ وخوین وسێدارەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

هەروەکوو لە پێناسەی شێوازی شێعری مامۆستا شێرکۆ بێکەس دا هاتووە وخۆی ئەو پێناسە شێعرییانەی دیاری کردووە، پەخشان و پەخشانە شێعر لە داهێنانی ئەو شاعیرە بلیمەتن و کۆمەڵێک پەخشان و پەخشانە شێعری جوان و بەتام و چێژی نوسیوە و بۆ کۆتایی باسەکەم و بەهۆی نەبوونی کاتی زیاتر یەکێک لەو پەخشانە شێعرانەم هەڵبژاردووە کە چەند برگەتان پێشکەش دەکەم. مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەو پەخشانە شێعرە دا باسی لە سێدارە دانی ڕۆلەکانی کورد بە دەستی ڕێژیمی سێدارەی ئیسلامی ئێران دەکا. شەهیدان مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان، فەرهادی وەکیلی و مەهدی ئیسلامیان کە کەسێکی فارس زمانە.

ناوی پەخشانە شێعرەکە:

" ئێمە و مردن"

لە ڕاستیدا
ئێمە ژیانین وگەنجەکانمان ئایندەن ونابڕێنەوە
ئێمە چیاین ناگوێزرینەوە
ئێمە شعرین وشک نابین
باهۆزین نانوشتێینەوە
زاوزێ ی ئازادی گەلین وکۆتایمان هەربۆنیە
ئێمە ژیان هەرخۆین ناتوینەوە
دەپێم بلێن لەم ڕۆژهەلاتەوە تا ڕۆژئاوا
لە سەرەوە بۆ خوارەوەی ئەو وڵاتانە
لە کۆنەوە تا ئێستا سێدارەکان چییان لە ئێمە داکوشت
توانیان چی لە هاواری شۆرش وئازایمان کەم بکەنەوە
سێدارەکان توانیان شاهۆ بترسێنن

توانیان دەریاچەی وان و ورمێ بێدەنگ بکەن

توانیان چۆک بە پیرەمەگرون دابدەن

ئەوەی تائێستا سێدارەکان کردویانە، پێچەوانەکەی هاتۆتە دی

کاروانمان درێژتر بۆتەوە، دەنگمان زوڵاتر وئاپۆرەمان چڕوپڕتر وگەورەتر

سێدارەکان ترساون، لە کورد ترساون

سێدارەکان بەزیون وئێمە هەرماوین

کۆماری سێدارەی ئیسلامی پیرپیر بووە وبەڵام ئێمە هەرگەنج

کۆماری سێدارەی ئیسلامی خوارخوار بۆتەوە وبەڵام ئێمە

تازە وا خەریکین لە ملە بەرزەوە دەست بۆ خۆر بەرین ودایگرینە سەر عەرز

لەم بەیانییەوە شەقامی هەرە گەورەی سنە بوو بە فەرزادی کەمانگەری

لەم بەیانییەوە گەورەترین باخچەی مەهاباد بوو بە شیرینی عەلەم هولی

لە کازیوەی ئەمرۆوە، هەموو ئەو منداڵانەی لە دایک بوون

ناوی فەرهادی وەکیلیان لێ نرا

لەمرۆوە، لە یەکەم گزینگی دەمەوبەیانییەوە، مەهدی ئیسلامیان بوو بە گۆمی وان

لە شەفەقی ئەمرۆوە، عەلی حەیدەریان بوو بە تاق بوستانی کرماشان

دەفەرموون سنە لە سێدارە بدەن

مەهاباد سەر بڕن

دەفەرموون مەهێلن منداڵانی ئێمە لە دایک ببن

دەفەرموون مەهێلن باران بباری ومەهێلن گیا سەوز بێ ومەهێلن زەوی بژی

من ئیتر لە مرۆوە عاشقی چاوەکانی شیرینی عەلەم هولیم

لەمرۆوە هەرچی شعرم هەیە ئەیانکەم بە گوڵی گۆرانی بۆ باڵای شیرینی عەلەم هولی

لە ئێستەوە من تاڵێ لە قژی ئەوم

لە ئێستەوە من نینۆکی پەنجەی ئەوم

لە ئێستەوە من ئیتر دەبمە ئەو جووتە پێڵاوەی کە دواجار لە پێی کرد و پێی چوو سەر سێدارە

لە ئێستەوە من بازنەی بە جێ ماوی دەستی شیرینی عەلەم هولیم

*کۆماری سێدارەی ئیسلامی چی لە سێدارە نەدا*

*لە خەونەوە بۆ شعرو لە شعرەوە بۆ ژن ولە ژنەوە بۆ نان وبۆ ئاو و بۆ کانی*

*کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئەوەی هەرگیزاوهەرگیز ناتوانێ لە سێدارەی بدا*

*ئایندەیە و ئازادی*

سپاس بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو کۆڕیادە کە ئەو دەرفەتەیان بۆم من ڕەخساند وسپاسیش بۆ گوێ گرتنی ئێوە بەڕێزانی بەشدار.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---

## بەبۆنەی ٣٣ هەمین ساڵی فەتوای خومەینی.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ هەتاوی بەرابەر بە ١٩٨٠ی زایینی ئایەتوڵلا خومەینی رێبەری ئاینی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بە فەرمانێک کە لە ڕاگەیەنە رەسمیەکانی وڵات دا بڵاوکرایەوە بە فەرمی حوکمی جیهادی بۆسەرگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند وڕشتنی خوێنی

مرۆڤی کورد وکاوڵ کردنی زێدونیشتمانی بە حەلاڵ زانی. دوا بە دوای دەرکردنی ئەو فەتوایە بە هەزاران پاسدار و بەسیجی بەکرێگیراوی چڵکاوخۆربۆبە جێ گەیاندنی فەرمانی ئیمامی مەزنیان ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد وبە ئەوپەڕی دڕندەییەوە پەلاماری شاروگوندەکانیان داوبە وێنەی مۆغۆلەکان بە سەدان کەسیان لە ناوشاری سنە قەڵاچۆکردونەوڕۆژی خوێناویان لەو شارە خوڵقاند. دوای ئەویش شەڕی نێوان کوردوئازەرییان لە نێوشاری نەغەدە دا دروست کرد وزۆر دڕندانە بە سەدان ژن ومنداڵ و گەورەوپیری کوردیان لە نێوئەوشارە دا قەڵاچۆکرد.

لەشکری داگیرکەری تاران هەربەوەندە نەوەستاووەکوو گورگی هارپەلاماری گوندەکانی کوردستانیان داولە

گوندەکانی قارنێ، قەلاتان، قەرەگۆڵ، سەوزی، سەرچنار، ئیندرقاش،حەسەن لۆلان ودەیان شوێنی دیکەی کوردستان سەدان گوندنشینی بێ دەسەلات ومەزلومیان قوتلەعام کرد وبە سەدانی دیکەیان ڕەوانەی گرتوخانەکان کردولە وێشەوە جەنازەی ئەشکەنجە کراوئاژن ئاژن کراوی سەدان کەسیان تەحویلی بنەمالەکانیان دایەوە. بە فەرمانی خومەینی، ئاخوند خالخالی جەللاد کرا بە حاکمی خاون دەسەلاتی کوردستان ولە ژێرئەمرو فەرمانی ئەودا بە دەیان لاوی کورد تیرەباران کران. سیاسەتی تیرۆروتۆقاندن لە لایەن تارانەوە بە سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان داسەپێندراو ئەوسیاسەتە چەپەڵە دوای ٣٤ ساڵ دەسەلاتی ڕەشی ئاخوندە شیعەکان هەروا بە بەرنامە وپلانەوە بەرێوەدەچێ وئێستاشی لە گەڵ بێ زۆرترین ڕێژەی زیندانیە سیاسیەکانی نێوزیندانەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی لە کوردان پێک دێ و ڕێژەی ئەو رۆلە کوردانە کە حوکمی ئێعدامیان بە سەرداسەپاوە بە نیسبەت شاروناوچەکانی دیکەی ئێران بە چەند قات پترە.

ناکرێ هەروا بە سادەیی لەومەسەلە بگوزەرێن وپێمان وابێ کە ئەوە هەڵەیەکی ڕێبەری ئاینی وڵات یان حکومەتی کاتی ئەو سەردەم بووە. لە راستیدا ئەوسیاسەتەی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران درێژەی هەمان سیاسەتی ڕەزاخان ومەحەممەد رەزاشای پەهلەوی بوو کە ئامانجیان دروست کردنی یەک میللەت ویەک دەولەت ویەک ئالا بوولە سەرحیسابی تواندنەوە ولە ناوبردنی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا. دەتوانین بە ڕاشکاوی بلێین کە کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران وەکوو رێژیمێکی ئیسلامی لە دووبوارەوە نوینەرایەتی قەومی حاکم و بالادەستی کردەوە. هەرلە هەوڵ ڕۆژی دامەزرانیەوە تاکووبە ئەمرۆ نوێنەرایەتی شیعەکانی کردووە بۆ دژایەتی سوننە مەزهەبەکان وئاین ومەزهەبەکانی دیکەی غەیری شیعەی ئێران وپێناسەیەکی تەواونژادپەرەستانەی دینی لە مەزهەبی شیعە لە قالبی "ئوممەتی ئیسلامی" خستۆتە ڕوو.

بە ناوی ئەوەی کە "هەموومان موسولمانین " ئامانجدارهەوڵی داوە کە سوننە مەزهەبەکان بخاتە پەراوێزەوە وهیچ مافێکی ئاینیان بۆ قایل نەبووە. ئەوە هەم لە کوردستان وهەم لە بەلوچستان وهەمیش لە پارێزگای ئەهوازکە بەشێکیان عەرەب زمان وسوونە مەزهەبن بە خەستی بەرێوەچووە. لە ڕوانگەی مەلا شیعەکانی دەسەلاتداری تاران، تەنیا شیعەکان موسولمانن. ئاینەکانی دیکەش، وەکوو ئاینی یارسان و بەهایی و جولەکە و ئەرمەنی و ئاسۆری بێ ماف و بێ بەش کراون و هەر ڕۆژەی بە بەهانەیەک پەیرەوانی ئەو ئاینانە دادەپلۆسن و سووکایەتیان پێ دەکەن. نموونەی ئاخری سوکایەتی کردن بە پەیرەوانی ئاینی یارسانە.

لە بواری سیاسیەوە، کۆماری سێدارە نوینەرایەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کردووە کە لە راستیدا چ شتێک نیە جگە لە دەسەڵاتی سیاسی ناسیۆنالیزمی فارسی کە هەمووئێران بە هی خۆی دەزانێ و ئەومافە بە هیچ گروپ وئیتنیک و قەوم و نەتەوەی دیکە نادا کە لە ئێراندا شەریکە دەسەڵات بێ. بە ئاشکرا دژی هەرجۆرە حەرەکەت وخەباتێکی سیاسی و مەدەنی ماف خوازانە راوەستاون و بە دڕندانەترین شێوە لە دژی وەستاونەوە و بە بیانوی "پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران" و بەرگری لە دابەش بوونی ئێران خوینی بە هەزارانیان ڕشتووە. ئەو سیاسەتە بە ئاشکراو بەخەستی لە لایەن ئەحزابی سەراسەری بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی خاریج نشین پشتگری لێکراوە و ئەوانیش هاوڕا لە گەڵ رێژیمی تاران خوازیاری لە ناوبردن و داپلۆسینی بە قەولی خۆیان "تجزیه طلبان" بوون کە شامیلی کوردو بەلوچ و عەرەبی ئەهواز بووە. قانونی ئەساسی رێژیمی مەلایان بە ئاشکرا لە سەربنەمای هەڵاواردن و پشت گوێ خستن و بی بەش کردنی نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارسی ئێران نوسراوە و قانونێکی تەواو دژە ئینسانی و دژە دێموکراتیکە.

لە یەک کەلام دا ناسیۆنالیزمی فارسی یانی بە قەولی خۆیان ئێرانی زۆر دژە دێموکراتیک و پاوانخواز و داگیرکەرە و بەئاشکرا حاشا لە فرە نەتەوەیی و فرە کولتوری و فرە زمانی ئێران دەکا. خۆیان بە میللەت پێناسە دەکەن و باقی بە قەوم و زمانەکانی دیکەش بە زاراوە یان بن زاراوەی زمانی فارسی پێناسە دەکەن.

دەسەڵاتدارانی حاکم لە تاران لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردووە هیچ کات کوردیان بە بەشێک لە خۆیان وتەنانەت لە ئێران حیساب نەکردووە وبۆئەومەبەستەش لە هەموو شێوازەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد کەڵیکیان وەرگرتووە. یەکێک لە رێگاکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ناوبردنی زمانەکەی بووە و بە هەموو هێزیان هەوڵیان داوە زمانی کوردی فارسیزەبکەن و بە بیانوی پروپوچ و بێ بنەما و بێ مانا رێگربوون لە بەردەم خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی لە خویندگاکان دا. ئەوە لە کاتیکدایە کە لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا بە ئاشکرا باس لە خوێندن و پەروەردە بە زمانی زگماکی کراوە و دەولەتان ئەرکدارکراون کە ئیمکاناتی خویندن و پەروەردە بۆ هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەیان بە بێ جیاوازی دابین بکەن.

راستیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە گەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرەف نیە، بەڵکوو لە گەڵ کولتورێکی خۆداسەپاو و داگیرکەرو پاوانخواز و زۆر نژادپەرەست بەرەو

ڕوویە کە لە قالبی ئێران و ئێرانی دا پێناسە بۆ ئەو وڵاتە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنورەکانی دەکا. ئێستاشی لە گەڵ بێ ئێرانی یانی فارس و کە باسی ئێرانیش دەکرێ یان دەسەڵاتی فارس. بە وتەی پان ئێرانیستەکان " وڵاتی پارس". ئەو ڕوانگەیە تەنیا لە نێو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا بەدی ناکرێ، بەڵکوولە نێو خەڵکی ئاسایی سەرکوچە و شەقامیش دا هەر دەبینرێ و هەرکە باس لە کورد و مافەکانی دەکرێ، دەستەو بەجێ وشەی "تجزیە طلبی" لە زاریان دێتە دەر. دەولەتی داگیرکەری تاران و ئۆپۆزیسیۆنی خاریجی نشینی ئەو ڕێژیمە جۆرێک باسی ئێران و کورد دەکەن، وەک ئەوەی هەموو ئێران بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ملکی بێ ئەم لاوئەولای باب و باپیریان بێ. جۆرێک نژادپەرەستانە لە هەمبەر کورد سیاسەت دەکەن کە ئیزن بە خۆیان دەدەن لە جیاتی کورد بیربکەنەوە ولە جیاتی کورد بڕیاربدەن. ئەوان کورد بەوە تاوانباردەکەن کە گۆیا دەیهەوێ "ئێران تجزیە بکا" و ئەوە لە حالێکدایە کە ئەوان داگیرکەرن و کوردیش وەکوو نەتەوەیەکی زێدو نیشتمان داگیرکراو بەرگری لە مان و بوونی خۆی کردووە و دەیکا و هیچ کاتیش هێرشی نەبردۆتە سەر شارێکی فارس و تورک نشین و هیچ کاتیش ئیدعای خاکی هیچ کامیانی نەکردووە.

ئەو شێوازە بیرکردنەوە و سیاسەت کردنە زۆر لە نێوبە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" دژبە کۆماری ئیسلامی ئێران دابەهێزە و بە راست و چەپ و ئیسلامی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاوڕان. ئێستاشی لە گەڵ بێ یەک بە ناو لەو حیزبە دیموکرات و چەپ و پێشکەوتن خوازانە نوسراوەیەکیان لە مەڕ مەحکوم کردنی فەتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرنەکرد و بۆیەک جاریش نەمان دیت و نەمان بیست کە تەنانەت کەسایەتێکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی فارس لە سەر کورد و داوا ڕەواکەی هەڵوێستی گرتبێ و بە وێنەی " د.ئیسماعیل بێشکچی" لە سەر کورد تووشی گیران و زیندان بووبێتەوە. زۆر لە ئەحزابی بە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" کۆماری ئیسلامی حەز ناکەن کە کۆماری ئیسلامی بە هەر قیمەتێک برووخێ و زۆرینەیان دژی هێرشی نیزامی ئامریکان بۆ سەرپێگە ئەتۆمییەکانی ئێران و یان ڕووخاندنی ڕێژیم بە هێزی سەربازی. ئەو هێزە بە ناو سەراسەرییانە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆک جۆرج بوش دا بە ئاشکرا دژایەتی سیاسەتەکانی ئامریکایان دەکرد و لە ئاکامیش دا دیتمان کە هەوڵەکانیان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بوو.

لە دواین نەمایشی گاڵتە جاڕانەی بە ناو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا کە هەرهی شێعەکان و فارس زمانەکانە پشتگری هەمەلایەنەی بەشێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی خاریج نشینمان بینی کە چلۆن کەوتبونە

پروپاگەندە کردن بۆ جەنایەتکارێکی وەکوو هاشمی رەفسنجانی و دوای ئەوەی لە تەئید کردنی ناوبراو لە لایەن دەزگای داسەپاوی بە ناو "شورای نیگابان" ناهومید بوون، ئەو جار هەموویان کەوتنە پشتگری کردن و پروپاگەندە کردن بۆ ئاخوند حەسەن روحانی کە یەکێک لە مریدانی بارەگای ولایەتی فەقیی یە. لە رێگای تیڤی ورادیۆ و رۆژنامەکانیانەوە خەڵکیان هان دەدا کە برۆن و بەشداری نەمایشی گاڵتە جاڕانەی بە ناو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بکەن و دەنگ بدەن بە ئاخوند روحانی بۆ ئەوەی ئێران تووشی "پارچەپارچە بوون" نەبێ.

لە راستیدا هەڵوێستی ئەوبە ناو ئۆپۆزیسیۆنەی کۆماری سێدارە کە لە هیچ کوێ دونیا شتی واعەنتیکە نەبینراوە، پشتگری کردن بوولە مانەوەی دیکتاتۆری وەلی فەقی ولە درێژەی کردنەوە سیستمی ئاخوندسالاری لە ئێراندا. لەو بە ناونەمایشە مەسخەرەی بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێرانی ئاخوند لێدراودا، رۆژهەلاتی کوردستانیش لە نێوان ئەحزابی سیاسی ئۆپۆزیسێۆنی رێژیمی مەلایان لە لایەک و کوردە بە ناورێفۆرم خوازەکان لە لایەکی دیکەوە گیری کردبوو. نەبوونی سیاسەتی یەک دەنگ و یەکگروتوو، وای کرد کە رێژیمی ئاخوندەکان بۆ ڕاگرتنی خەڵک لە هەمبەر حیزبەکاندا پروپاگەندەی زۆربکا وبە هێنانە مەیدانی کۆمەلێک بەکرێگیراوی خۆی خەڵک لە کوردستان بە رێفورم و ئاڵ و گۆر دڵ خۆش بکاو هانی خەڵک بدا کە جوابی بایکۆتی حیزبەکان نەدەنەوە و بچن دەنگ بدەن.

لەو نێوەش دا کوردە ریفۆرم خوازەکان و ژمارەیەکی دیکەش کە پێشتربە ناو نوینەری خەڵک لە مەجلیسی رێژیم دا بوون جۆرێک باسی حەسەن روحانیان دەکرد، وەکوو ئەوەی ناوبراو بە تایبەتی لە ئاسمانەوە بۆخەڵکی ئێران بەربوبێتەوە و ناجی ڕزگاری خەڵکی چەوساوە و ماف خوراوی کوردستان بێ.

حەسەن روحانیش بە هاوکاری وپشتگری دوو شەیتانی دیکەی گۆرەپانی سیاسەت، واتە مەحەممەد خاتەمی و هاشمی رەفسنجانی هەلەکەی قوزتەوە و کەوتە وادەو بەلێنی دان بە خەڵک ئێران و بە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان و بە کوردە رێفۆرم خوازەکان کە لە ئەگەری بوونی بە سەرۆک کۆماری لە کوردەکانیش بۆ پۆستی وەزارەت کەڵک وەردەگرێ. بەڵام دیتمان دوای بوونی بە سەرۆک کۆمار، لە ژێر وادەو بەلێنیەکانی خۆی دا و نە تەنیا یەک کوردیشی لە کابینەکەی دا نەکرد بە وەزیر، بەڵکوو هەمان بیروفکری نژادپەرەستانەی نێوسیستمی کۆماری سێدارەی

ئیسلامی وەبیر هەمووان هێنایەوە کە ئێران "یەک نەتەوە و یەک زمانە و لە ئێراندا وردە فەرهەنگ هەن". بە ئاشکرا سووکایەتی بە نەتەوەکانی دیکە و بە زمان و فەرهەنگ و مافەکانیان کرد.

دوای ٣٣ ساڵ لە دەرچوونی فەرمانی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەولەتی داگیرکەری فارس، کورد هەروا ژێردەست وبێ بەشە وهەروا حاشا لە ناسنامە و لە بوون ولە خاک ولە زمانی دەکرێ. کوردی ڕۆژهەڵات لە قەیرانی خۆپێناسەکردن دا دەژی. لە لایەن دەسەلاتدارانی تارانەوە هیچ حیسابی هاووڵاتێکی ئێرانی بۆ ناکرێ و لە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی بێ بەش کراوە و ئێرانی بوونیش شامیلی کورد نابێ، لە قسە دانەبێ، ئەویش ئەوکاتەیە کە کورد وەکوو " مرزدارغیور" پێناسە دەکرێ. کوردی ڕۆژهەڵات کورد بوونەکەشی بە چاوی تاوانەوە سەیردەکرێ و بە تێکدەرو ئاژاوە گێرو دوژمنی "تەواوییەتی عەرزی ئێران " دەناسێندرێ.

ماویەکە ئامادە کاری بۆبەستنی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر دەکرێ وئەوەش داگیرکەرانی نیگەران کردووە و لەوبەینەش دا هەم داگیرکەری تاران وهەمیش ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەرییەکەی نیگەران کردووە و لە ئێستاوە کێچیان کەوتۆتە کەوڵی کە کورد باسی ناسنامە و کیانی سەربەخۆی کوردی بکا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کۆمەڵێک حیزبی سیاسی و کەسایەتی فەرهەنگی و ڕۆژنامەوان و نوسەرو نوینەری ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان بەشدار دەبن. ئەوە دەرفەتێکی زێرینە بۆ نوینەرانی ئەحزاب و کەسایەتیەکانی سیاسی و فەرهەنگی کوردی بەشدار لە کۆنگرەی نەتەوەیی دا کە بە داڕشتنی ستراتیژیکی نەتەوەیی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد وەسەر بەرژەوەندی حیزبی خۆیان بخەن و ئامانجی سیاسی و ستراتیژی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پشتگری لە دروست کردنی ناسنامەی کوردی بێ لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## بە یادی ٥٩ خونچە بە ناحەق هەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان، مەهاباد.

لە یادی ٣٠ ساڵەی ئەوکۆمەڵ کوژییە دا. لە نیوە شەوتێپەڕ بووە وخەولە چاوانم زڕاوە. زۆرحەول دەدەم خەوم لێ بکەوێ، بەڵام بێ سودە. لە سەرتەختە خەوەکەم دێمە خواروەدەچم بڕێک ئاودەخۆمەوە وسەرێک بە ژووری کچەکانم کانیاووکازیوە دا دەکەم کە وێنەی دوو پەپولە لە باوەشی خەودا خەوتوون،

*بۆئەوەی بزانم مەلافەکەیان لە خۆیان نەکردۆتەوە.*

دیوەکەیان زۆرفێنکە وبۆئەوەی بەری بەیانی سەرمایان نەبێ پەنجەرەی ژوورەکەیان دادەخەمەوە وبە بێ دەنگی دەرکەی دیوەکەیان پێوەدەدەمەوە. دەرکەی بالکۆنەکە دەکەمەوە و دەچمە سەربالکۆنەکە وپڕبە سییەکانم هەوای ساف وبێ گەرد هەڵدەمژم.

لە راستیدا رووناکی هەوای دەرەوە هیندەی دیکە خەوم لە چاوان دەتارێنێ. پاش ماوەیەک ڕامان لە سەرشەقام دەگەرێمەوە بۆ ژووری دانیشتن ویەکسەردەچم بۆئاشپەخانە وهەوڵ دەدەم قاوەیەک ساز بکەم. لە پەنجەرە را چاوێکی دیکە لە دەرەوە دەکەم و وڕەی ماتۆرێک بێ دەنگی شەودەشکێنێ. دەچم بۆ ژوورەکەی دیکە ولە پشت کامپیوتێرەکەم دادەنیشم وبۆ بەرچاوروونی چرایەکی نە زۆر رووناک هەڵدەکەم.

لەوەتی لە تاراوگە دەژیم وهەمووساڵێک لە گەڵ هاتنی مانگی جۆزەردان ونزیک بونەوە لە ساڵرۆژی شەهید کرانی ٥٩ لاوی مەهابادی دا، غەم وماتەم جەستە وروحم دادەگرێ. نەک لە بەرئەوەی کە ئەوانە هاوشاری خۆم بوون، بەڵکوو لە بەرئەوەی کە ژمارەیەک لەوئازیزە لە دەست چوانە هاوڕێ ورەفیقی دەورانی منداڵی گەڕەک ومەدرەسەم بوون. بە دەیان بیرەوەری خۆشم لە گەڵیان هەبووە وبە دەیان جارشەڕە شەقمان کردووە.

لە بیرم هیندێک جاربۆشەڕە گەرەک ڕوومان لە مەجبورئاوا دەکرد وجارێکیان سەری یەکیان شکا وبە سەری خوێناوییە بردمانەوە ماڵی وبۆ ئەوە مەسەلەکەمان ئاشکرا نەبێ بە درۆکوتمان بەربۆتەوە. ئێستێ کە خەریکی

نووسینی ئەو چەند دێرەم بۆ یادکردنەوەی ئەوخونچە پەرپەڕ بووانە، بیرەوەرەیەکانی ئەو سەردەمم وەکوو فیلمی سینەما بە بەرچاوان دا تێپەڕدەبن. زۆر باش لە بیرمە کاتێک هەواڵی دڵ تەزێن وسامناکی شەهید کرانی ئەو ئازیزە لە دەست چوانم لە رادیودەنگی کوردستانی ئێران بیست، لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب لە بناری کێوی تالش لە نزیک گوندی مەزناوێی ئالانی سەردەشت بووم. لە هاورێیانم دوورکەوتمەوە و دوورلە چاوی ئەوان فرمێسکی غەم وپەژارەم ڕشت وبە دڵ وبە کوڵ بۆیان گریام.

ئەو شەهیدە بێ گۆرانە، هەرگیزدوای شەهید کرانیان تەرمەکانیان ڕادەستی ئازیزانیان نەکرایەوە بۆئەوەی لە شارەکەی خۆیان ئەسپەردە بە خاک بکرێن ولانیکەم سوکنایەک بێ بۆ دلێ دایکی جەرگ سوتاویان وبۆ باوکی پشت چەماو و خوشکی ڕەش پۆشیان.

بە ڕادەست نەکردنەوە تەرمی ئەو ٥٩ لاوە بە بنەماڵەکانیان داغ وغەمیان سەد بەرابەرکردن و دایک و بابی ئەوشەهیدانە بە دایم لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانی لە دەست چوویانن کە ئای بەشکەم ڕۆژێک یەک بە یەک لە دەرگای ماڵی خۆیان بدەن وخۆیان لە ئامێزی دایک وباوکیان بهاوێنەوە. چاوەڕوانێک پڕلە دەرد وفرمێسک وئازاری بێ کۆتایی کە هیچ دوکتورودەرمانێک ناتوانێ چارەسەری بکا ئەو دەردە پڕلە ئێش وئازارە.

بەداخەوە ئاخوند "خالخالی" جەلادی گۆڕبە گۆڕنەماوە بۆئەوەی لە شاری ئەو ٥٩ لاوە جوانە مەرگە دا لە کات وساتی خۆیدا دادگایی بکرێ وبە سزای هەمووئەو تاوان وجەنایەتانە بگا کە لە ماوەی چەند ساڵ دا دەرحەق بە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان کردی. بە هەمان شێوە ئاخوندی جەنایتکارودژی کورد حەسەنیش ئیمام جومعەی شاری ورمێ ونوێنەری وەلی فەقی نەماوە کە ئەویش بە سزای تاوانەکانی بگا، چ لە پەیوەندی بە ئێعدامی ئەو ٥٩ لاوە وچ بە تاوانی دەست هەبوونی لە قەتل وعامی بەشێکی زۆرلە کوردەکانی شاری نەغەدە لە شەڕی ناوخۆیی ئەو شارەدا.

ئەگەرئاخوند خالخالی و حەسەنی گۆڕبەگۆڕنەماون کە لە شاری ٥٩ شەهیدەکە، لە شاری پێشەوا قازی و شەرفکەندی و موعینیەکان بە وێنەی جەنایتکارێک ملیان بە پەتی سیدارە دابکرێ، کۆنە پاسدار" حمید رضا جلایی پور" کە ئەوکات فەرمانداری مەهاباد بوو لە گەڵ کۆمەلێکی دیکەی جەنایتکارو کورد کوژی دیکە کە لە

مەهاباد و ورمێ کار بە دەست بوون هەرماون و زیندوون و تاکوو ئێستا لێپێچینەوەیان لە گەڵ نەکراوە و بە پێچەوانەوە پلە ومەقامیان لە سایەی کۆماری سێدارە چۆتە سەرێ وماوەی چەند ساڵەش لێمان بوون بە "ریفۆرم خواز" و دێموکراسی خوازو لە یارانی نزیکی مەحەممەدی خاتەمین.

خوێنی بە ناحەق رژاوی ئەو ٥٩ شەهیدە ئەرکێکی ئەخلاقی گرینگ دەخاتە سەرشانی هەموو ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک دۆستایەتی و خزمایەتی و نزیکایەتیان لە گەڵیان هەبووە کە بە پێی ئیمکان هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەکانیان بکەن و هەوڵ بدرێ کە بەڵگەی تەواو و پێویست کۆبکرێتەوە ولە کات و ساتی گونجاودا قاتلانی ئەو ٥٩ رۆڵە کوردەی کە بە بێ هیچ تاوانێک و تەنیا لە بەرکورد بوونیان گیانیان لێ ئەستێندرا بدرێنە دادگا و بە سزای تاوانەکانیان بگەن.

ئێستاش بزە شیرنەکەی لاوی باڵا بەرز، جوانە مەرگ خدررەنگینم لە بەرچاوانە کە چەندە شیرین بوو. ئەوعاشقی ژیلا بوو، کچە کوردێکی مەهابادی کە ماڵەکەیان لە گەڕەکی ئەرمەنیان بوو. یادی عەلی غەوارە و کەمال چاوشینی، فەریدون شەنگە و مەسعود شێخ مەحەممەدی کە ئەویش دواتر لە گەڵ چەند کەسی دیکە ئێعدام کرا دەکەمەوە کە وێرای چەند هاورێی دیکە لە قاوەخانەی کانیاولە چوارریێی ئازادی لە دەوری یەکترکۆدەبوینەوە وتەختەمان دەکرد و قسەی خۆشمان بۆ یەکتر دەگێرایەوە. یادی ئەو کاتانە بەخێر کە لە گەڕەکی خرێ چاوم بە مەحەممەدی عەلیالی و شینەی بازیار دەکەوت.

هیوای ئەوکاتانە دەخوازم کە دەچومە دوکانی دڵ و جگەر فرۆشیەکەی کاک مەحەممەدی سەقزی لە نزیک مەیدانی ئاردی و سیامەکی شەهیدم دەدیت. دونیایەک بیرەوەری خۆشم لەو ئازیزانەی کە ناوم بردن لە دەفتەری بیرەوەریەکانی سینگ و مێشکم دا تۆمارکردووە و هیوام وایە رۆژێک بتوانم بۆجارێکیش کە بووە چاوم بە دایک و بابی ئەو ئازیزیان بکەوێتەوە، ئەگەرمابەن یان بمێنن. لە یادی ٣٠ ساڵەی کۆمەڵ کوژییەکەی ٥٩ لاوی مەهابادی دا سەری رێزو ئەمەگناسی لە حاست گۆڕی بێ ناوونیشانیان دادەنوێنم و هاوخەمی و هاودەردی خۆم لە گەڵ بنەماڵەی هەر ٥٩ شەهیدەکە دەردەبڕم.

*بای ئەجەل هاتوولە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم*

تاکوودوێنی خونچە بووم ئەمڕۆبە ناحەق هەڵوەریم

٢ی جوونی ٢٠١٣

## چەند وتەیەک لە مەڕ خۆکاندید کردنی هاشمی رەفسنجانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری.

هاتنی هاشمی رەفسنجانی بۆ مەیدانی کێ بەرکێێ سەرۆک کۆماری لە دەقیقەی ٩٠ دا کۆمەلێک باس و لێکدانەوەی لە سەر کراوە ودەکرێ وبیروبۆچوونی جیاواز لەو بارەوە باس کراوە. کۆماری ئیسلامی وشەخسی عەلی خامنەیی بەرێوەچوونی نەمایشی مەسخەرەی بە ناوهەلبژاردنی

سەرۆک کۆماریان لە کات و ساتی دیاری کراودا بۆ گرینگە و دەیانهەوێ بە هەرجۆرێک بێ و بە هەرفرت و فێلێک بێ کۆمەلانی خەڵک بکێشێتە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگیان پێ بدەن. بۆ ئەوەی خەڵک ناچار بکەن بێنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، هەر دووک هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری وشوراکانی شارودێیان خستۆتە یەک رۆژ و یەک کات و خەلک بۆ هەر دوولایان دەبێ دەنگ بدا.

ئەوەی بۆ رێژیمی مەلایان بە پلەی یەکەم زۆر گرینگە هێنانی خەڵکە بۆ سەرسندوقی دەنگدانە نەک ئاکامی دەنگدانەکان. بەئاشکرا دیتراوە و روویداوە کە رێژیم چۆن بە میلیۆن دەنگی خەڵکی لە هەلبژاردنی سالێ ١٣٨٨ هەتاوی دزی وخستیانە حیسابی ئەحمەدی نژادەوە و ناوبراو بە زۆرملی کرایەوە سەرۆک کۆمار. ئەو جارە هێنانی رەفسنجانی لە دەقیقەی ٩٠ دا بۆ نێوئەو گەمە سیاسیەی دەکرێ چەند هۆکاری لە پشت بێ کە لە بەرژەوەندی عەلی خامنەیی و داروودەستەکەی دایە.

*یەکەم:* رەفسنجانی بەو پێشینەی کە هەیەتی چ وەکوو سەرۆکی مەجلیس بۆ ماوەی ٨ سال و چ وەکوو سەرۆک کۆمار بۆ ماوەی ٨ سالان، وەکوو کەسێکی ئەهلی سازان و دانوستاندن ناسراوە و بۆ دانوستاندن لە گەڵ ئامریکا و ئوروپا

لە سەر مەسەلەی هەستەیی دەتوانێ زۆر دەوری باشتر لە ئەحمەدی نژاد بگێڕی.

*دووهەم.* رەفسنجانی هیچکات رێفۆرم خواز نەبووە و هەمووکات یەکێک بووە لە کۆلەکەکانی رێژیمی ئیسلامی و هیچکات ریسکی ئەوە ناکات کە رێژیم بەرەو نەمان ببا. جونکە بەرژەوەندی خۆی و بنەمالە و نزیکانی زۆر لە بەرژەوەندی ئێرانی لای گرینگترە و باش دەزانێ بە نەمانی کۆماری ئیسلامی خۆشی و کوڕەکانیشی تێدادەچن.

*سێهەم.* رەفسنجانی مەترسی نیە بۆ سەر دەسەلاتی عەلی خامنەیی وخەریکە تەمەنی نزیک دەبێتەوە لە ٨٠ و ئیدی ئەو کەسە نیە کە بتوانێ جێگای عەلی خامنەیی بگرێتەوە و ببێ بە وەلی فەقیە. ئەو کەسێکی زۆر بەرژەوەندی خوازو خۆویست و موحافیزەکارە.

*چوارەم.* هێنانی رەفسنجانی لە بەرامبەر دارودەستەی ئەحمەدی نژادو مەشایی بۆ عەلی خامنەیی گەلێک گرینگە و رەفسنجانی وەکوو ئەحمەدی نژاد و مەشایی نیە کە لە ئەگەری بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سەرۆک کۆماری ببێ بە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر جێگە وپێگەی خامنەیی. هێنانی رەفسنجانی و پشتگری جەماعەتی بە ناو " ریفۆرم خواز " بە سەرۆکایەتی خاتەمی لە بەرژەوەندی عەلی خامنەیی دایە. عەلی خامنەیی بە هێنانی رەفسنجانی بۆ ناو گۆرەپانەکە دەیهەوێ بەوکارەی بە تیرێک چەند نیشان دەپێکێ. نیشانی یەکەم ئەوەیە کە بە خەڵک دەڵێ هەلبژاردن ئازادە و هەموو لایەنەکان بە ریفۆرم خوازەکانیشەوە دەتوانن کاندیدای خۆیان هەبێ و بەشداری ئەو رقابەتە ببن. نیشانی دووهەم، ڕاگرتنی رەفسنجانی و ریفۆرم خوازەکان لە بەرامبەر دارو دەستەی ئەحمەدی نژادومەشایی. نیشانی سێهەم. دانی پەیامێکی ئەوتۆ بە ئامریکا و ئوروپا کە هەلبژاردن لە ئێراندا دا ئازادە و تەنانەت دژبەرانی نیزامیش دەتوانن بەشداربن و هیچ بەربەستێک نیە. نیشانی چوارەم. ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی سەرلێشیواوی بە ناو سەراسەری. هیندێکیان بە ئاشکرا پشتگری لە هاتنی رەفسنجانی دەکەن و پێیان وایە کە لە ئەگەری بوون بە سەرۆک کۆماری ناوبراو، ئیدی کێشەکانی ئێران هەموو لە گەڵ رۆژئاوا چارەسەر دەکرێ و رەفسنجانی دەتوانێ ئێران لە شەڕ ڕزگار بکا وولات تووشی پارچەپارچە بوون نەبێ. ئەو فکرە لە نێو لایەنە نژادپەرەستەکانی ئێرانی دا زۆر بە هێزە و بۆ وان مانەوە کۆماری ئیسلامی زۆر گرینگترە، تاکوو گۆرینی ئەو رێژیمە لە رێگای شەڕەوە.

ئەو هات وهاوارەی کە هیندێک لە بە ناو نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی وەلی فەقی وەرێیان خستووە لە مەڕ ڕەدی سەلاحییەتی رەفسنجانیش دەکری هەربەشێک لەو سناریۆیەی بێ کە داوا دەکەن کە شورای نیگابان پێش بە هاتنی ناوبراوبگرێ. دەنا ئەگەر رەزایەتی عەلی خامنەیی لە سەرنەبا، رەفسنجانی نەیدەوێرا خۆی کاندید بکا. لەغاوی رەفسنجانی لە دەستی وەلی فەقی دایە.

کەلامی ئاخر. لە ئەگەری بوون بە سەرۆک کۆماری رەفسنجانی، لایەنی ئەحمەدی نژاد پاشەکشیان پێدەکرێ و رەفسنجانیش لە ئەمروفەرمانی عەلی خامنەیی دەرناچێ. ئاکام مانەوەی ڕێژیمی مەلاکان ودۆڕاوی سەرەکی ئەو گەمە سیاسیەیەش گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و گەلانی دیکەی غەیری فارس وشکستی دیموکراسی خوازان وهەموو ئەوانەی کە خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامین.

٢٠ی مای ٢٠١٣

---

## شەڕی گروپە مافیاییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی وهەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.

لە ئێرانی بەڵا لێدراوی ژێر دەستی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان، دیسان بازاری بە ناوهەڵبژاردنی دەوری یازدەهەمین سەرۆک کۆماری ڕێژیمەکەیان گەرمە و ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیم خەریکی بڵاوکردنەوەی درۆو دەلەسە و پروپاگەندە بۆ ڕێژیمەکەیانن بۆ ئەوەی بە هەرجۆرێک بێ خەڵکی داماو و بێ بەش لە ماف وئازادی بە هەموو چین وتوێژەکانەوە بەرنە سەرسندوقەکانی دەنگ دان ودەنگیان پێ بدەن بۆ ئەوەی لە مێدیکانی ڕێژیمەوە مەشروع بوونی نیزامەکەیان بە دۆست ودوژمن بسەلمێنن و بە قەولی خۆیان یەکگرتوویی خەلکی ئێران لە گەڵ ڕێژیمەکەیان نیشان بدەن و" مستێکی توند لە دمی ئیستکباری جیهانی و ئیسرائیل بدەن ".

عەلی خامنەیی زۆری بۆگرینگە کە هەڵبژاردن لە کات وساتی دیاری کراودا بەرێوەبچێ و بۆئەو مەبەستەش کەتۆتە خۆ و راست و چەپ فەرمایشتان دەفەرمێ و سالی ١٣٩٢ی هەتاوی ناو ناوە "حەماسەی سیاسی" و لە

قسەکانی دا دەڵێ " چونکە گەلی ئێران خۆبەدەستەوە ناداو تەسلیم نابێ، سەرۆک کۆماری داهاتوو دەبێ لە بەرامبەر زەخت و فشارەکانی بێگانەکان رابوەستێ و دەبێ کەسێکی نەترس و ئازاو خۆڕاگر بێ و مەیدان چۆڵ نەکا". ئەو قسانەی خامنەیی بە مانای ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە دیاری کردووە کە کێ دەبێ ببێ بە سەرۆک کۆمار و ئەو کەسە پێش نەمایشی هەڵبژاردن دیاری کراوە و خەلک پێیان خۆش بێ و پێیان ناخۆش بێ ئەو شەخسەی کە نۆکەر وگوێ لە مستی عەلی خامنەیی بێ لە سندوقی دەنگدان سەر دێنێتە دەر. وەکوو ئەوەی سالی ١٣٨٨ی هەتاوی کە ئەحمەدی نژادیان بە زۆرە ملی بە سەر کۆمەلانی خەلکی ئێران داسەپاندەوە و بە توندترین شێوە وڵامی خەڵکی نارازیان دایەوە و چی خراپ و نائینسانی نەما نەیکەن. نمونەیەکی بچوک زیندانی کەهریزەک بوو کە سەربازانی رێبەرو ئیمامی زەمان، تەنانەت دەست درێژی سیکسیان کردبووە سەر کوڕەکانیش.

لە بەرامبەر گروپی سەر بە وەلی فەقی، داروودەستەی دزو گەندەڵی ئەحمەدی نژادن کە لە ماوەی نزیک بە هەشت ساڵ دەسەلاتداری ناوبراودا بە دەیان میلیارد دۆلاریان لە سەروەت و سامانی خەلکی ئێران دزیوە و بە فیرۆداوە و بە چەندین دزی گەورەی بە دەیان میلیاردیان لێ ئاشکرابووە، دەیانهەوێ کاندیدای خۆیان بە سەرخەڵکی ئێران دا بسەپێنن و مل کەچی ئەمرو فەرمانی عەلی خامنەیی و شورای نیگابان نەبن و هەروا سووک و سادە لە دەسەلات وەلانەنرێن. ئەحمەدی نژاد کە بە پشتیوانی عەلی خامنەیی و بە زۆر دوو دەورە بە سەرکۆمەلانی خەڵکی ئێران داسەپێندرا، بە پارەی زۆروزەبەندی خەڵکی هەژارو داماوی ئێران سەفەری پارێزگاکانی ئێران دەکا و پروپاگەندە بۆکاندیدای خۆیان و داروودەستەکەی دەکا و لە خۆیەوە وادەو بەڵێنی سەرخەرمان دەدا بە خەڵک.

ئەحمەدی نژاد بۆئەوەی هێرشەکانی لایەنی عەلی خامنەیی کەم بکاتەوە و بەرپەرچیان بداتەوە کەوتۆتە لەقاودانی دزی و فزییەکانیان و هەڕەشەیان لێدەکا کە ئەگەر حەدو حدودی خۆیان نەزانن ناوەکانیان ئاشکرا دەکا و ئابروویان دەبا.

کوردەواری خۆمان گوتەنی، خەریکی هەڵدانەوەی لێفە لە سەرهەتیوانە و سەرەرای گەندەلی و دزبوونی خۆی و حکومەتەکەی هێرش دەکاتە سەر دژبەرانی و پێیان دەڵێ دزو گەندەڵ و هەڕەشەیان لێدەکا کە دزی و گەندەلیەکانیان بۆ" ملت بزرگ ایران" ئاشکرابکا. جەماعەتی بە ناو ریفۆرم خوازیش کە چەندین ساڵە لە دەسەڵات دوور خراونەوە و دۆڕاوی سەرەکی ئەو گەمە سیاسیەی دەسەڵاتن، کەتونەتە پروپاگەندە کردن کە دەبێ

چالاکانە بەشداری هەڵبژاردن بن و خەڵک هان دەدەن کە بەشداری هەڵبژاردن بن و داوایان لە مەحەممەد خاتمی کردۆ کە هەمیسان تەشریفی بێنیتەوە و خۆی کاندید بکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران دەنگی پێ بدەنەوە وببێتەوە سەرۆک کۆمار وئێرانی ئیسلامی لەو قەیرانە گەورەی تێی کەوتووە ڕزگاربکا.

جۆرێک باسی خاتەمی دەکەن، وەکوو ئەوەی ناجی ڕزگاری خەڵکی ئێران بێ و هەموو گرێ کوێرەکانی ڕێژیمی مەلاکان بە دەستی ئەو بکرێتەوە. هەشت ساڵ سەرۆک کۆماری خاتمی و داروودەستەکەی کە خۆیان بە "ریفۆرمخواز" پێناسە دەکەن دەری خست کە تەنیا مەبەستیان مانەوە لە دەسەڵات دایە ودەنا ئەوەی بۆیان گرینگ نەبێ مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێرانە. ئامانجی ریفۆرم خوازەکان چ لە کاتی دەسەلاتداریان و چ ئێستا کە بێ دەسەلاتن، بەشداری و بوونیان لە دەسەلاتدایە و ئامانجی سەرەکیان پاراستنی ڕێژیمی مەلاکانە و هیچی تر.

ئەگەر هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک بچوکترین کاریگەری هەبا، ڕێژیمی ئیسلامی دەبا چەندین ساڵ لەمەوبەر یان ئال و گۆری بەسەرداهاتباو یان رووخابا و نیزامێکی دێموکراتیک جێگای گرتباوە. دەنگ لە کۆماری ئیسلامی دا تەنیا بۆ پاراستنی ئەو ڕێژیمە بووە و ڕێژیمی مەلاکان بە وەرێ خستنی شانۆی هەڵبژاردن پروپاگەندەی زۆری پێوە دەکا، چ بۆ ناوخۆ و چ بۆ دەرەوە بۆئەوەی نیشان بدا کە ڕێژیمەکەیان لە ئێستاش دا و سەرەرای گەمارۆکانی ئابوری و ماڵی نێونەتەوەی و سەرەرای ئەو قەیرانە گەورەی کە ئێرانی تێکەتووە و ژیانی خەڵکی هەژارودامای بە هۆی گرانی و بێکاری تووشی کارەسات کردووە، هەروا خۆشەویستی خەلکی ئێرانە و خەلک وەکوو پێشوو لە پشت نیزام و سیاسەتەکانی راوەستاون.

دەیانهەوێ وانیشانی بدەن کە گەمارۆ ئابوریی و مالییەکانی رۆژئاوا هیچ کاریگەریان لە سەر ژیان و گوزەران و رووحیەی خەلک دانەناوە و ئەوان قورس و قایم لە دژی ئامریکا و ئیسرائیل راوەستاون و ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی نیزام و ئیسلامن. هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریش لە سەر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ڕێژیمی مەلاکان لە بەر نەبوونی کۆدەنگی و سیاسەتێکی شەفاف و روون و ستراتیژی رووخانی ڕێژیم یارمەتیدەری ئەوە بووە کە هەموو جارێ دەسەلاتدارانی تاران بە سەر قەیرانەکان دا زال ببن و ئەوەی ئامانجیانە لە هەڵبژاردن و بردنی خەڵک بۆ سەر سندوقی دەنگدان بە سەرکوتوویی جێ بە جێ بکەن. هەموو جارێش ئەوەی لەو نێوە سەری بێ کلاو ماوەتەوە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ڕێژیم بووە کە خۆشیان نازانن چیان

دەوێ. ماوەیەکە دروشمی "هەلبژاردنی ئازاد" کەوتۆتە سەر زاران و بەشێک لە دمراستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری پروپاگەندەی پێوەدەکەن و گۆیا دەیانهەوێ ئاخوندە دەسەلاتدارەکانی تاران ناچار بکەن کە مل بۆ هەڵبژاردنی ئازاد ڕابکێشن و ڕێژیم لەو ڕێگایەوە بەرەبەرە بەرەو ڕێفورم هەنگاوباوێ.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو دروشمە، واتە هەڵبژاردنی ئازاد کە لە لایەن ژمارەیەک لە کەسانی سەر بە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات پروپاگەندەی بۆ دەکرێ، هێشتنەوەی دەسەلات لە دەستی قەومی حاکم، واتە فارسەکاندا دایە و ئەوان لەور ێگایەوە دەیانهەوێ کە بیرۆکەی رووخانی ڕێژیم لە هەل و مەرجی ئێستا دا کە کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی ئامریکا و ڕۆژئاوا بۆتەوە جێ بە جێ نەکرێ. هۆیەکی دیکەی هێنانە بەرباسی ئەو دروشمە وەپشت گوێ خستن و کەم ڕەنگ کردنەوەی کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندایە، چونکە بەشی هەرە زۆری ڕێکخراو و کەسانی سەر بە قەومی حاکم باوەڕیان بە ئێرانی فرە نەتەوە و فرەزمان نیە و هەموویان دژی سیستمی فیدرالی بۆ ئێرانی دوای کۆماری مەلاکانن و بە ئاشکرا دژایەتی دەکەن و دەلێن فێدرالی ئێران بەرەو دابەش کردن دەبا و بۆ ئێران ناگونجێ.

لە یەک کەلام دا هێنانە بەرباسی دروشمی هەڵبژاردنی ئازاد لە ناوەرۆک دا شتێکی بێ مانایە و هیچ کاریگەری لە سەر ڕێژیم و وەزعیەتی سیاسی کۆماری ئیسلامی نیە و دەکرێ بکوترێ ئاستەنگێکە لە بەردەم ئەو ڕێکخراوانەی کە باوەڕیان بە رووخانی ڕێژیمی مەلاکان هەیە ونەک بە ڕیفۆرمی ئەو ڕێژیمە. مەسەلەیەکی گرینگ کە پێویستە کوردی ڕۆژهەلات لە خۆی بپرسێ ئەوەیە کە بەراستی بەشداری کردن و نەکردنی کوردی ڕۆژهەلات چ کاریگەری لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ڕێژیمی مەلاکان هەیە؟ سەرۆک کۆماری داهاتووی ڕێژیمی مەلاکان چ لە لایەنی عەلی خامنەیی بێ وچ لە دارودەستەی ئەحمەدی نژاد و چ تەنانەت ئەگەر لە لایەنی بەناو ڕیفۆرم خوازەکان بێ، دەتوانێ چ خێروبێری بۆ کوردی ڕۆژهەلات هەبێ؟

کوردی ڕۆژهەڵات پترلە ٣٠ ساڵە بە دڵخوازی خۆی یان بە زۆر بووبێ بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بووە و بەراستی دەسکەوتی لەو بەشداربوون و دەنگدانە چ بووە و چەندە ئەو سەرۆک کۆمارانەی کۆماری سێدارە کوردستانیان لە پرۆژە ئابوریەکانی حکومەتەکانیان دا بەشدار کردووە و چەندە بودجەیان بۆ ئاوەدان کردنەوە و گەشاندنەوە و بەرەوپێش بردنی ئابوری کوردستان دیاری کردوە و چەندە هەولیان داوە لە جیاتی بەڕێوەبردنی

سیاسەتی ئەمنیەتی و نیزامی لە سەر رۆژهەلاتی کوردستان ژیانی خەلکەی بگۆرن و کارێک بکەن کە خەڵک ئەو رێژیمە بە هی خۆیان بزانن؟ سەرۆک کۆمارەکانی کۆماری سێدارە تاکوو ئێستا چ گولێکیان لە سەری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان داوە بە خاتەمیشەوە؟

ئەگەر چونە سەرسندوقی دەنگدان و دەنگ دان هیچ ئاکام و دەسکەوتی ئەرێنی لە سەر ژیانی خەڵک وتاکەکانی کۆمەلگا نەبێ، ئەی دەنگ و بەشداری کردن لە دەنگدان دا لە پێناوچی دایە؟ ئایا کۆمەلانی خەڵکی ئێران بە گشتی و گەلی کورد لە رۆژهەلات بە تایبەتی هەتاکەی دەیانهەوێ بە چونە سەر سندوقەکانی دەنگدان خۆیان هەڵخەلەتێن و تەمەنی رێژیمی مەلاکان درێژتر بکەنەوە؟

٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

## به بۆنەی ١٠ ساڵ کاری پڕ بایەخی ماڵپەری گیارەنگ.

١٠ ساڵ بە سەرکارو تێکۆشانی ماڵپەری گیارەنگ تێپەری و لەو ماوەیەدا دامەزرێنەری ئەو ماڵپەرە کاک حەمەرەسول کەریمی رەنج و زەحمەت و ماندوو بوونی زۆری بۆ مانەوەی ئەو ماڵپەرە دیوە و مایەی زۆری لە خۆی داناوە بۆ ئەوەی کاری ماڵپەرەکە نەوەستێ. بە بۆنەی تێپەرینی ١٠ سال بە سەر دامەزرانی ئەو ماڵپەرە رەنگینەدا،

پیرۆزبایی و دەست خۆشانەی خۆم پێشکەش بە بەرێوەبەر و دامەزرێنەری ئەو ماڵپەرە، واتە کاک حەمەرەسول کەریمی دەکەم و هیوام وایە کە لە داهاتووش هەروا بۆ خزمەت بە وشەی کوردی و رێزلێنان لە بیروڕای ئازاد درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا.

ماڵپەری گیارەنگ لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا بابەتی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو کردۆتەوە و ئەوەندەی من بینیومە و ئاگاداربم، بە بێ سانسۆر کردن بابەتەکانی

نوسەرانی بڵاو کردۆتەوە و قەزاوەتی لە سەر بابەتەکانیش بە خوێنەرانی ئەسپاردووە. ١٠ ساڵ کارو تێکۆشانی ماڵپەری گیارەنگ جێگای رێزو پێزانینە و ئەو ماڵپەرە یەکێک لە ماڵپەرە باش و پڕ خوێنەرەکانی ئینتێرنێتی بووە. من وەکوو نوسەرو خوێنەری ماڵپەری گیارەنگ هیوام وایە کە لە داهاتووش دا بە بێ هیچ جۆرە سانسۆرێک بابەتەکانی نوسەران بڵاو بکرێتەوە و هەروا بۆ خزمەت بە مێدیای کوردی و دروست کردنی فەزایەکی پر لە دیالۆگ بۆ لە یەکتر تێگەیشتنی زیاتر لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بە تایبەت لە تاراوگە دا هەوڵ بدا و کار و تێکۆشانی خۆی چالاکتر لە پێشوو درێژە پێ بدا.

٥ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

## جوانێ ماڵاوا. ئامادە کردن و وەرگێرانی بۆ کوردی.

ئەو پارچە شێعرە کە لە بنەرەتدا بە زمانی ئیتالیایی نوسراوە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی دا بۆ پارتیزان دانراوە. بە زمانی فەرانسەویش تەرجومە کراوەتەوە ومنیش لە فەرانسەوی کردوومە بە کوردی وپێشکەشی دەکەم بە هەموو ئەو پێشمەرگە وگریلا ئازایانەی کەلە پێناو رزگاری وئازادی کوردستانی داگیرکراو دا گیانیان بەخت کرد.

### جوانێ ماڵاوا

*بەیانییەک لە خەو هەستام*
*هۆجوانێ، هۆ شۆخێ، ماڵاوا، ماڵاوا، ماڵاوا*
*بەیانییەک لە خەو هەستام*
*چاوم بە داگیرکەرکەوت*
*هۆپارتیزانەکە بمبە لە گەڵ خۆت*

هۆجوانێ، هۆ شۆخێ ماڵاوا، ماڵاوا، ماڵاوا

هۆپارتیزانەکە بمبە لە گەڵ خۆت

چونکە هەست دەکەم دەمرم

ئەگەر وەکوو پارتیزانێک مردم

تۆ دەبێ بە خاکم بسپێری

لەو بەرزاییە، لە سەرئەو شاخە بمنێژە

لە ژێرسێبەری گوڵێکی جوان

ئەوخەڵکانەی کە بە وێدا تێدەپەڕن

هۆجوانێ، هۆ شۆخێ، ماڵاوا، ماڵاوا، ماڵاوا

ئەو کەسانەی کە بە وێدا ڕادەبرن

پێم دەڵێن،ئای لەو گوڵە چەند جوانە

ئەوە گوڵی پارتیزانە

هۆجوانێ، هۆ شۆخێ، ماڵاوا، ماڵاوا، ماڵاوا

ئەوە گوڵی پارتیزانە

کە لە پێناوی ئازادی دا سەری دانا

هێلسینکی

١٧ی ئەپریلی ٢٠١٣

## ئەو سێدارەی پێشەوا قازی بۆ ئەبەد بە زیندوویی هێشتەوە.

### بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ٦٦مین ساڵرۆژی شەهیدانی کوردستان

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ - ٣ - ١٩٤٧ ی زایینی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆماری کۆماری دێموکراتێکی کوردستان وێرای حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆمار و ئامۆزای پێشەوا و ئەبولقاسمی سەدری قازی برای پێشەوا

و نوینەری مەهاباد لە مەجلیسی شورای میللی لە تاران لە چوارچرای مەهاباد راست لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستانیان لێ راگەیاندبوو بە فەرمانی رێژیمی داگیرکەروکوردکوژی حەمەرەزاشا لە سێدارە دران. ئامانجی سەرەکی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و هەڤالانی لە گۆرنانی بیری نەتەوەیی و شوناس خوازی کورد و کوردستانی بوو کە کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی پێناسەی دەکرد. کۆماری دێموکراتێکی کوردستان ڕەد کردنەوەی سیاسەتی مل هورانەی قەومی حاکم بوو کە هەموو ئێرانی بۆخۆی دەویست و هیچ کەس وگروپ ونەتەوەیەکی دیکەی غەیری خۆی قەبول نەبوو. کۆماری کوردستان دژایەتی کردنی راستەوخۆی سیاسەتی بە یەک نەتەوەکردنی ئێرانی فرە نەتەوە بوو. سیاسەتێک کە رێژیمی حەمەرەزاشا بە پشتیوانی ئیستعماری کۆن واتە بریتانیا و ئامریکای تازە زل هێزی دونیا بەرێوەیان دەبرد. تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێران دا بە هەر نرخێک بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان " نەتەوەی ئێران دروست بکەن". هەرئەوەی ئەمرۆ لە ناو قەومی بالا دەست ونژادپەرەستەکانی دا بە " ملت ایران" باوە وبۆ ڕاگرتن وپاراستنی ئەو بە ناو" ملت ایران" پێویستیان بە پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران بە زەبری لەشکەرکێشی و شەڕوکوشتار وزیندان وئێعدام وقەلاچۆکردن هەیە.

کۆماری کوردستان ئەو پەیامەی بە دەولەتی داگیرکەری پەهلەوی دا کە کورد خاوەنی زمان وفەرهەنگ ومێژوو و نیشتمانی خۆیەتی و ئامادە نابێ مل کەچی دەولەتێک بێ کە حاشا لە شوناسی نەتەوەیی ئەودەکا ودەیهەوێ سیاسەتی " یەک نەتەوە ویەک ئالا ویەک زمان " لە سەرحیسابی توانەوەی کورد ونەتەوەکانی دیکەی ئێران جێ بەجێ بکا. لە راستیدا دامەزرانی کۆماری کوردستان نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەمبەر

ناسیۆنالیزمی فارسی بوو کە ئامانجی سرینەوەی شوناس وهۆوییەتی کوردی بوو. کۆمارێک کە لە دڵی کوردستان هەڵقوڵابوو وبە دەستی رۆلەکانی ئەوگەلە دامەزرابوو، نەک هەر خواست وئیرادەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە پشت بوو، بەڵکوو پێناسەی راستەقینەی کوردی بوو لە هەمبەر داگیرکەری نیشتمانەکەی کە لە هەموو بارێکەوە لە گەڵ کورد جیاوازە.

لە یەک کەلام دا کۆماری کوردستان لە ئاکاروکردەوە دا بە تەواوی دەولەتێکی سەربەخۆو جیاواز بووە وبە هیچ جۆرێک لە ژێر کاریگەری دەولەتی ناوەندی دانەبووە وخۆی سەربەخۆ جۆری پەیوەندییەکانی بە وڵاتانی دەوروبەر ویەک لەوان یەکێتی سۆڤیەت دیاری کردووە. ناوەند یان پایەتەختی کۆمار مەهاباد بووە . بوونی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیروکابینەی وەزیران وئالای جیاواز، سوپای میللی کە لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتبوو بە تەواوی لە لەشکری داگیرکەروکوردکوژی پەهلەوی جیاواز بووە. بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ژێردەستی کۆمار، خویندن وپەروەردە بە زمانی کوردی ودەرکردنی رۆژنامەی کوردستان وچەندین گۆڤاری دیکە سەربەخۆیی ئەو کۆمارە لە دەولەتی ناوەندی کە شایەتی بووە بە تەواوی دەردەخا.

بەڵگە فەرمییەکانی کۆمار ورۆژنامەی کوردستان کە زمانحالی کۆماربووە سەربەخۆبوونی کۆمار لە دەولەتی تاران بە تەواوی دەسەلمێنن وئەوەش مەسەلەیەک بووە کە هیچکات بۆ رێژیمی حەمەرەزاشا قابیلی قبوڵ نەبووە. کورد لە ماوەی ١١مانگ دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا هەستی بە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی وەکوو کورد کردووە و ئازادی وسەربەستی لە سەر زێدونیشتمانی خۆی لە نەبوونی دەسەڵاتی داگیرکەری تاران بە گۆشت وخوێن بە تەواوی هەست پێکردووە. دامەزرانی کۆماری کوردستان هەروا بە هەڵکەوت وکوت وپڕ نەبووە وبەڵکوو بەرهەمی زولم وزۆری وبێ مافی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وئاکامی سیاسەتی تواندنەوەی کورد بە دەستی رەزاخان وکوڕەکەی بووە کە بەلاسایی کردنەوە لە ئاتاتورک دەیانویست بە قەولی خۆیان ئێران لە دەست قەوم وهۆزوعەشیرەتان ڕزگار بکەن ومۆدێرنیتە لە جێگای سووننەت و دواکەوتوویی دابمەزرێنن.

پێشەوا قازی محەممەد هەروەک چۆن لە کاتی بوون بە سەرۆک کۆمار ولە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ لە چوارچرای شاری مەهاباد سوێندی خوارد بە نیشتمان ونەتەوەکەی خزمەت بکا وتاکوو سەروەفادار بێ بە رێبازی کوردایەتی، لە کاتی دادگای نیزامی ودواتریش

چوونە ژێر پەتی سێدارە بە سوێند وپەیمانەکەی کە بە گەل و نیشتمانەکەی دابووی هەروا وەفادارمایەوە وئامادە نەبوو بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆی نەتەوە ونیشتمانەکەی بە داگیرکەر بفرۆشێ. بەرەنگار بوونەوەی پێشەوا قازی لە کاتی دادگای فەرمایشی ڕێژیمی داگیرکەر و هەڵوێستی ئازایانەی وبۆبە گژداچوونەوەی بەرێوەبەرانی دادگا ئەو راستییە دەردەخەن کە پێشەوا قازی نەک لە کارو کردەوەکانی ودامەزرانی کۆماری کوردستان ورێبەری کردنی ئەو کۆمارە پەشیمان وپاشگەز نەبۆتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان ودروست کردنی قەوارەیەکی سیاسی کوردی بۆکوردانی رۆژهەلات بە مافی خۆیان زانیوە.

لە بارەی ئازایەتی ونیشتمانپەروەری پێشەوا قازی لە دادگا دا چەندین کەس راوبۆچوونی خۆیان لەوبارەوە نووسیوە وهەموویان ستایشی ئازایەتی و نەترسی پێشەوا قازی دەکەن کە چۆن بەرێوەبەرانی دادگای فەرمایشی رێژیم داگیرکەری تووشی تورەیی و زەبوونی کردووە وئەوان لە ئاست بەرگری نامەی پێشەوا قازی داهیچ ولامیکیان نەبووە وبە ناچار سووکایەتی وبێ حورمەتیان بە پێشەوا وبە کۆماری کوردستان وبە نەتەوەی کورد کردووە.

"نەجەفقولی پەسیان " لە چەند ڕستە دا باس لە هەڵویستی ئازایانەی پێشەوا قازی لە دادگای فەرمایشی ڕێژیمی داگیرکەری پەهلەوی دادەکا ودەلێ " لە کاتی دادگا دا قازی محەممەد بەرپەرچی سیاسەت وئاکاروکردەوەی دەولەتی تارانی دەدایەوە و پێی دەکوتن" من لە قوژبنی گرتووخانە دا دەنگی خۆم لە دژی دەولەتی تاران وسەرۆکەکانی بەرزدەکەمەوە ودەلێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە ولاتتان لێ داگیرکردووین". کاتێک سەرۆکی دادگا پێشەوا بە خەیانەت تاوانباردەکا، لە وەلام دا پێشەوا قازی دەڵێ: "ئێرە ماڵی منە, خاکی کوردستان خاکی باب و باپیرو ئەجدادی منە، چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."

پێشەوا قازی لە وەسییەت نامەکەی دا گەلێک مەسەلەی گرینگ وهەستیاری باس کردووە وکە ئێستاش وبۆ سەردەمی ئێمەش هەرتازەن وکورد وسەرانی ئەحزابی کوردی دەبێ بیکەنە چرای ڕێگای خەبات وتێکۆشانیان بۆ ڕزگاربوون لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان. وتەکانی پێشەوا قازی هەم ڕووی لە نەتەوەکەیەتی وهەمیش ڕووی لەوانەیە کە خۆیان بە داگیرکەر فرۆشتووە. پێشەوا قازی دەفەرمێ " بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن، یەکگرتوو بن و پشتیوانی یەکتربن. لە بەرامبەر دوژمن دا رابوەستن وخۆتان بۆ ماڵی دونیا بە دوژمنان مەفرۆشن. دوژمن تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ئێوە بەکاردێنێ ودوای ئەو ئێوە وەکوو زبڵ وپاشماوە وان.

دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆرن، زالم ونامەردوبێ ویژدانن. ڕەمزی سەربەرزی هەر نەتەوەیەک یەکێتی وبەیەکەوە بوونە. ئێوە نەتەوەی کورد چتان لە نەتەوەکانی دیکە کەمترنیە. ئازایەتی وپیاوەتی ولە خۆبردوویی ئێوە زۆر زیاترە. ئەوگەلانەی کە ڕزگار بوون، تەنیا یەکگرتوو بوون وبەس. دوژمنانی نەتەوەی کورد لە هەردەستەو گروپ ورەنگ ونژادێک بن، هەر دوژمنن. بێ ڕەحم وبێ ویژدانن وئێوە بە گژ یەکتردادەکەن بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابین بکەن. بە وادەوبەلێنی درۆزانە ئێوە هەڵدەخەڵەتێنن.

لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە تاکوو جەوەرئاغای برای وهەمزەئاغای مەنگور وچەندین قارەمانی دیکە فریوی ئەو زاڵم و مەلعونانەیان خوارد وناجوامێرانە شەهیدیان کردن. هەمووی ئەوانەیان بە سوێند وقورعان فریودا. ئاخر ئەمانە کەی دەزانن سوێندوقورعان چیە. دڵنیابن، ئەگەر دوژمن هەنگوینتان پێ بدا، تێکەڵ بە ژەهرە. ئەگەر دوژمن هەزارجاریش سوێند بە قورعان بخوا، مەبەستی هەرلە ناو بردنی ئێوەیە. کورد بوون لای ئەوان تاوانە وهەربۆیەشە سەروگیان وماڵتان بە حەلال دەزانن. خەیانەت بە یەکتر مەکەن، نە خەیانەتی سیاسی، نە ماڵی ونە ناموسی. دەست لە خەبات هەڵمەگرن، تاکوولە ژێر دەستی ڕزگارتان دەبێ. ماڵی دونیا هیچ نیە.

ئەگەرولاتێکتان هەبێ وسەربەخۆیتان هەبێ، ماڵ وخاک ونیشتمان هەمووی هی خۆتانە. ئەو کات هەموو شتێکتان دەبێ. هەم ماڵ وهەم سەروەت، هەم دەولەت وهەم ئابروو وهەم نیشتمان".

پێشەوا قازی لە وەسییەت نامەکەی دا ئاماژە بە دووخاڵی یەکجار گرینگ دەکا کە بۆتە هۆی ڕووخانی کۆماری کوردستان ولەو بارەوە دەفەرمێ. " ئەوان چون نەتوانن لە مەیدانی شەڕ ڕووبەرووی ئێوە ببنەوە، بۆیە پەنایان بۆ درۆ و فریودان برد. شا ودارودەستەکەی بە دەیان جار پەیامیان نارد کە ئامادەی وتووێژ ودانوستانن وناخوازن کە شەڕ ببیتە ئاراوە وخوێن برژێ. من دەمزانی کە درۆدەکەن. ئەگەرخەیانەت و فریوخواردن و خۆفرۆشی کۆمەلێک لە سەرانی عەشیرەتەکان نەبا، کۆمار هەرگیز شکستی نەدەهێنا".

بە داخەوە ودوای ٦٦ ساڵ لە شەهید کرانی پێشەوا وقازی وهە ڤالان وشەهید بوونی بە هەزارانی دیکە، کورد هەرلەو بازنەیە دا دەخولێتەوە کە پێش ٦٦ ساڵ لەمەبەر پێشەوای نەمرلە وەسییەت نامەکەی دا ئاماژەی پێ کردووە. نەبوونی یەکگرتووی لە نێو ئەحزابی کوردستانی، دووبەرەکی، یەکتر قەبول نەکردن، خۆفرۆشتن

وجاشێتی، سیاسەت کردنی هیندێک لە ئەحزاب بۆ مالی دونیا بە سەربەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ولە خزمەت داگیرکەرداببوون. پاش ٦٦ ساڵ لە دوای لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی، کورد لە سێ پارچەی کوردستانی داگیرکراو دا هێشتا لە کەمترین مافی ئینسانی وسروشتی خۆی بێ بەشە. هێشتاش هەر کوردستان لە ژێر دەستی داگیرکەران دایە وهەر ئەوانن کە باڵادەستن وکوردیش لە جیاتی یەکگرتوویی ویەک ریزی، خەریکی خۆخۆری ودوژمنایەتی یەکترکردنەوە.

٢٩ی مارچی ٢٠١٣

## سەنگسار.

عەلی رەزا وەکوو رۆژانی ڕابردوو لە دوای تەواوبوونی مەدرەسە رۆیی بۆ قاوەخانەی خالۆ گوڵمراد تاکوو نێو قاوەخانەکە و دەوروبەری خاوێن کاتەوە

و کاسە و کەوچک و زەرفە پیسەکان بشوا و سەری هەموو مێزەکانیش بە دەسرەی تەڕخاوێن کاتەوە.

سەری مانگ پولێکی زۆرکەمی لە قەدەرکارە زۆرەکەی وەردەگرت وبۆخەرجی ماڵی لە دەستی دایکی دەکرد.

تەمەنی سێزدە ساڵ بوو. لە بەرخراپی ونالەباری گوزەرانی ژیانیان ناچاربوو وێرای خوێندن کاریش بکا بۆئەوەی یارمەتی دایکی بدا بۆدابین کردنی خەرجی ژیانیان .

عەلی رەزابراوخوشکێکی لە خۆی چوکتری هەبوو. براکەی تەمەنی نۆساڵ وخوشکەکەی حەوت ساڵ بوو.بابیان کە شۆفیری ئوتوبوس ببوو، دووساڵ پێشترلە ڕووداوێکی جادەدا گیانی لە دەست دابوو.

نازپەری دایکیان دوای مردنی مێردەکەی بە جل شوردن وکارەکەری مالان بژێوی خۆی ومنداڵەکانیدابیندەکرد. ئەوناچاربوو هەموو ڕۆژێ دوای ناردنی منداڵەکانی بۆمەدرەسە، سەرەرای نەخۆشی لەومال بۆئەومال بڕواوبە تەحەمولی دەیان قسەی سووک وناخۆش، کارەکەری مالان بکا. سەرباقی ئەووەش‌هەمووکات وەکوونۆکەرچاویان لێدەکرد وبە چاوێکی سووک سەیریان دەکرد.

نازپەری ژنێکی بالا بەرزی شوخ وشەنگ بوو. بەژن وبالایەکی جوان ورێک وپێکی هەبوو کە وێنەی چنارهەڵچوو بوو. تەمەنی سی سال بوو. سەرەرای جوانی زۆریش ژنێکی حەیا بە خۆبوو. زۆرلە زمانی خەڵکی دەترسا. بە دایم ئاگای لە هەڵس وکەوتی خۆی بووکە نەکا هەڵەیەک بکا ودەوروبەروخزم وجیرانان بۆی بکەن بە شانامە ولە گەڕەک دا ئابرووی بەرن.

ژیانی تەنیایی وبەخێوکردنی سێ منداڵ کارێکی یەکجارسەخت ودژواربوو. ئەو زۆرهەستی بە تەنیایی دەکرد. کوێرەوەری ژیانیش وا خەریک بوو تەمەنی جوانی بە بای خەزانی بێ وادە سیس وژاکاو دەکرد.

لە ماوەی دووسالی رابردوودا دەرگای دڵی بە ڕووی هیچ پیاوێک دا نەکردبۆوە ونەیویستبوو منداڵەکانی تووشی زڕباب بکا. هەرچەند ژیان وگوزەران بەوشێوە زۆر بۆی سەخت وگران بوو. هەم خۆی وهەم منداڵەکان پێویستیان بە کەسێک بووکە هاودەم وچاوەدێری وسەرپەرەستیان بکا وبژێوی ژیانیان بۆدابین بکا.

منداڵەکان، زۆرجاربە حەسرەتەوە دەیانکوت کە بۆچی لە خۆشەویستی باب بێ بەرین وبۆچی نابێ وەکوو منداڵەکانی دەرو جیرانیان ئێواران کە بابیان دێتەوە خۆی لە باوەشی هاوێن وماچی بکەن وبە خێرهاتنەوەی پێ بلێن وئەویش ماچیان بکا ولە باوەشیان بگرێ؟

ئەوقسانەی منداڵەکان، نازپەری زۆرئازاردەدا ولە خەڵوەتی تەنیایی خۆیدا بۆسووک بوونی غەم وپەژارەی پەنگ خواردووی ناودەرونی بە کوڵ دەگریا.

بۆ ژنێکی جوان وجحێڵ کە بێوەژنیش بێ، شتێکی زۆرسادە نیە کە بە کەیفی خۆی هەڵسووکەوت بکات وبە ئارەزووی

خۆی هاتووچۆی ئەم لاوئەولابکا ویان لە گەڵ ئەم وئەوقسە بکا.

داب ونەریتەکەش وا دارێژراوە کە ژنی بێ مێرد هەمیشە بە چاوێکی سووک و گوماناوی سەیری دەکەن وزۆرجارقسەی ناحەزیشی وەدوا دەخەن وزۆرتۆمەتی ناڕەواشی دەدەنە پاڵ.

عەلی رەزا لە یەکێک لە مەدرەسەکانی ناوەندی شاری کرماشان دەرسی دەخوێند ولە دوای مەدرەسە وەک هەموو ڕۆژانی ڕابردوو رۆیی بۆقاوەخانەی" خاڵۆگوڵمراد" ودوای تەواوکردنی کارەکانی بەرەوماڵ کە لە یەکێک لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارهەڵکەوتبووکەوتە ڕێ. لە شوێنی کارەکەی ڕا هەتاکوو ماڵەکەیان نیوساعەت دووربوو. بۆیە وەکوو ڕۆژانی ڕابردوو بە پێیان ملی رێگای گرتە بەر.

عەلی رەزا کاتێک گەیشتە سەری کوچەکەیان دیتی خەڵکێکی زۆرکۆبونەتەوە وسەروسەدایەکی زۆریان ساز کردووە و هەموویان جنێوی سووک دەدەن ودەڵێن ئەو" قاحبەی" دەبێ بکوژن، ئابڕووی گەرەکەمانی بردووە. هەوڵی دا زۆرتربچێتە پێش تاکوو لە نزیکەوە باشتر ڕووداوەکە ببینێ . بە خۆراکێشان بە نێوئاپۆرای خەڵکەکە دا گەیشتە نزیک ماڵەکەی خۆیان.

لە پێش دەرگای ماڵەکەیان ماشێنێکی" کومیتە " ڕاوەستا بوو. چەند پاسداری چەک بە دەستیش لە پێش دەرکە ولە حەساری ماڵەکەیان دابوون.

خەڵکەکە بە دیتنی عەلی رەزا بە دەنگێکی زۆر ناخۆش وترسناک کوتیان، ئەوەش کوڕی ئەو" فاحیشەیە، ئەوە بیژوویە ".

"خودا دەزانێ ئەوەی لە کێ بووە وئەوانی دیکەشی لە کێ فڕێ داون. رێگای بدەن با بڕوا کەڵەگای دایکە قاحبەکەی" ببینێ.

عەلی رەزا کەوتە بەرجنێو وقسەی سووکی خەڵکەکە. بە بیستنی ئەوهەمووسووکایەتیە وبە دیتنی پاسدارەکان

زۆر عەبەسا. هەمووگیانی وەکوو مێژۆکە دەلەرزی وزمانی گیرابوو، نەیدەزانی چی بکا.

لە پڕدایکی بە دەستی کەلەپچە لێدراولە گەڵ پیاوێکی نەناسراوکە ئەویش دەزبەندی لە دەستی درابوولە ماڵ هێنایانە دەر.

هەردووکیان لە شەرمان سەریان داخستبوو.

خەڵکەکە نازپەری وکابرایان جنێوباران کردوهاواریان دەکرد کە " ئەوێ دینانە هەردەبێ لێرە بەردەباران بکرێن. دەبێ ئەو پەڵە ڕەشە وبێ ناموسییە لە داوێنی گەڕەکەکەمان بشۆردرێتەوە ودەبێ منداڵی ئەوفاسیدەش لەوگەڕەکە وەدەرنرێن ".

پاسدارەکان بە پچڕپچڕوبە پاڵ پێوەنانی خەڵکەکە نازپەری وکابرایان سواری ماشێنەکە کرد وزۆربە زەحمەت خۆیان لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکە دەربازکرد.

عەلی رەزا دەگریا ودەلەرزی ولە ترسی خەڵکەکە خۆی لە ژوورێ هاویشت ودەرکەی داخست. سێ منداڵی بێبەخت ودڵ شکاو دەس لە ملان دەگریان وداوای دایکیان دەکرد. بێ کەس وبێ نازلە ژوورێ دامابونەوە. وردە وردە سەروسەدای خەڵکەکە کەم بۆوە و حەشیمەتەکە بڵاوەیان لێکرد.

وڵات تاریک ببوو. سەروسەدا وهەڵلا هەڵلای خەڵکەکە بە دەوری ماڵەکەیان نەمابوو. عەلی رەزا دڵخۆشی خوشک وبراکەی دەدایەوە کە نەگرین ونارەحەت نەبن وسبەینێ دایکیان دەگەڕێتەوە.

بۆسبەینێ را دانیشتووانی گەڕەکەکە چەند نەفەریان وەکوونوێنەرچوون بۆ" کومیتە" ودوای شکایەت کردن لە نازپەری و کابرای لەگەڵی ببوو ڕۆیشتن بۆدادگای بە ناو" ئینقلاب" تاکووشکایەتنامەی گەڕەکەکە بدەن بە دادگا.

جەواد ئاغا لە نێو بازار دوکانێکی گەورەی هەبووکە هەمووجۆرە ئازوقەی وشکی تێدا دەفرۆشت وکەسێکی زۆرناسراو

بوو. کەسێکی زۆرسەرو ڕووخۆش بوو. زۆرکەس شتی لێ دەکری وزۆرکەسیش بە قەرز پێداویستی ماڵەکەی لە دوکانەکەی وی دابین دەکرد. ئەوکات کە مێردی نازپەریش زیندوو بووجاروبارە قیست شتوومەکی لە جەواد ئاغا دەکری وسەری مانگ پارەکەی پێ دەدا. نازپەریش هەرلەو ڕێگایەوە لە گەڵی ئاشنا ببوو.

جەواد ئاغا ساڵێک بوو ژنەکەی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردبوو. دوو منداڵی پاردە ویازدە ساڵانە ی لە دوای خۆی بە جێ هێشتبوو. نازپەری بە هۆی خراپی گوزەرانی ژیانیان ودەست کورتی زۆرجارناچاربوو بە قەرز پێداویستی ژیانیان لە لای جەواد ئاغا بهێنێتەوە وسەری مانگ پارەی قەرزەکەی دەدا بە جەواد ئاغا.

جەواد ئاغا چەند جاربە گوێ نازپەری هەڵێنابووکە مێردی پێ بکا، بەڵام نازپەری قەت بیری لە پێشنیارەکەی ناوبراونەکردبۆوە وهیچ کاتیش بێ حورمەتی پێ نەکردبوو.

چەندکەسێکی دیکەش لە گەڕەکی خۆیان لە نازپەریان ڕاسپاردبوو کە شوویان پێ بکا، بەڵام ئەو وڵامی ڕەدی بە هەموویان دابۆوە. ئەوەش ببووهۆی ئەوەیکە قسەی سووک وچروک وەدوای نازپەری بخەن و ئیدەعای ئەوە بکەن کە گۆیا نازپەری لە گەڵ جەواد ئاغا کەین وبەینی هەیە وبۆیە زوو زووش دەچێتە دوکانەکەی. شایەعەیان بڵاو کردبۆوە کە جەواد ئاغا زۆرجاربە تایبەتی کەڵ وپەلەکانی بە نەفەری تایبەت دا بۆدەنێرێتەوە ماڵی.

جەواد ئاغا زۆری پێ خۆش بوو کە نازپەری مێردی پێ بکا وخۆشیشی دەویست، بەڵام لە ترسی زمانی خەڵکی نەیدەوێرا زۆر لە نازی پەری نزیک بێتەوە. زۆرجارخۆی بە نازپەری دەکوت کە ئەگەرشتێکت پێویستە یان عەلی ڕەزا بنێرە ویان ڕاسپێرە کە کەڵ وپەلەکانت بە شاگردەکەم دا بۆبنێرمەوە ماڵێ.

ئەو ڕۆژەی کە ئەو ڕووداوە قەوما شاگردی جەواد ئاغا بە هۆی نەخۆشی لە دوکانێ نەبوو. جەواد ئاغاش زووترلە جاران دوکانەکەی داخست وبڕیاری دا لە گەڵ دەستی خۆی یەکجاری ئەوشتوومەکانەش کە نازپەری داوای کردبوو بۆی بەرێتەوە ماڵێ.

کاتێک لە دەرکەی ماڵە نازپەری دا، نازپەری خۆی دەرکەی لێ کردەوە وبە خێرهاتنی کرد وکوتی زۆرشەرمەندەم

کە جەنابت زەحمەتت کێشاوە وئەوکەل وپەلانەت بۆهێناومەتەوە. جەواد ئاغاش لە ولام دا کوتی، شاگردەکەم نەخۆشە وبۆیە خۆم بۆم هێناوییەوە.

لەو کاتە دا کە قسەیان دەکرد چەند کەس لە ژنانی جیرانیان چاویان لێ بوو. ناز پەری زۆرسپاسی جەواد ئاغای کرد وپێ کوت کە تازە چایم دێم کردوە فەرموونە ژوورێ چایەک بخۆنەوە ودوای تەشریفتان بەرن.

جەواد ئاغا کوتی نامهەوێ زەحمەتتان بدەم. نازپەریش کوتی زەحمەتی چی . ماڵە خۆتانە. ئێمە نازانین بە چ شێوەیەک ولامی چاکەکانی ئێوە بدەینەوە.

دوای چەند جار تەعارووف کردن، جەواد ئاغا چوو ژوورێ. بەدوای چونە ژوورەوەی جەوادئاغا لە نێو ژنانی دراوسێ دا بوو بە سرت وخورت.

ماوەیەکی زۆرلە بوونی جەواد ئاغا لە ماڵە نازی پەری تێنەپەری بوو کە سەروسەدایەکی زۆرلە دەرەوە دروست بوو.

هات وهاوارەکە هەردەهاتوو زۆرتردەبوو. تاکوو وای لێهات کە دەرکەی ماڵە نازپەری درایە بەرشەق وداروبەرد.

نازپەری زۆرترسا. پێی سەیربووکە ئەوخەڵکە بۆجنێوی پێدەدەن وسووکایەتی پێ دەکەن. جەواد ئاغا بە دیتنی ئەو وەزعە ترس هەمووگیانی داگرت ولە ئاکامی ئەومەسەلە دەترسا کە ئابرووی بچێ. دەرفەتی خۆ ڕزگارکردنیشی نەمابوو.

"کومیتە چیەکان" بە زەحمەت توانیبویان بە نێوحەشیمەتەکە دا خۆیان بگەینە بە دەرکی ماڵە نازپەری. بە سەردیواری ماڵەکە دا خۆیان هاویشتبوو حەسارێ ونازپەری وجەواد ئاغایان بە دەست بەستراوەیی هێنابوو دەرێ.

زۆرکەسی دیکە کە هەرنەیان دەزانی نازپەری کێیە هاتبوونە بەردەرگای ماڵەکەی وجنێویان دەداوسووکایەتیان بە

نازپەری دەکرد.

ئەوشەوە عەلی رەزا خەوی بە چاواندا نەهات. یەکجارغەمی دایکی بوو. زۆربۆدایکی نیگەران وبە پەرۆش بوو. لەگەڵ خۆی دەیکوت بڵێی دایکم چی لی بکەن وچی پێ بلێن، بڵێێ سبەینێ بگەرێتەوە بۆلامان؟ ئەوتەنیا کەسی مەیە، هەم بابمانە وهەم دایکمانە.

بە خۆی دەیکوت، بڕواناکەم دایکم ژنێکی خراپە بێ. دایکم لەوجۆرە ژنانە نیە. ئەو زۆر پاک وبێ گەردە. ئەوهەمووە قسانەی بە دایکمیان کوت وئەوهەمووە بوختانەی بۆیان هەڵبەست بووهەمووی درۆیە. دایکم ژنێکی بە ناموس وبە شەرەفە وئەو جۆرە کارانەی لێ ناوەشێتەوە. ئەو شەوە تاکوو ڕۆژ بۆوە خەوی لێنەکەوت ولە بیری گەڕانەوەی دایکی دابوو. بەیانی زوو دەستی خوشک وبراکەی گرت وبە هەزارترس ولەرز رۆیی بۆماڵە خاڵی.

ئەوە خەبەرە وەکوو بۆمب لە شاردا دەنگی دایە کە گۆیا ژنێک لە فلان گەڕەک زەنای لە گەڵ پیاویکی کردووە وخەڵکی گەڕەکەکەش داوای سەنگساری ژنەکە دەکەن.

ئەوهەواڵە بۆخوشک وبرای نازپەری زۆرسەخت وناخۆش بوو. ئەوان شەرمیان لە خۆیان دەکرد کە چۆن نازپەری ئیزنی بە خۆی داوە کە ئاوا بەوشێوە بێشەرمانە ئابرووی کەس وکاری بەرێ. ئەوان بە چ ڕوویەکەوە چاولە چاوی دەروجیرانان بکەن. چۆن لە ڕوویان هەڵبێ هەرسڵاویان لێ بکەن. چۆن ئەو پەڵە شەرمە لە داوێنی خۆیان پاک بکەنەوە.

رۆژێ دوای ڕووداوەکە، " کۆمیتە" ڕاپۆرتی خۆی لە سەرنەزەراتی دانیشتوانی گەڕەک وهەمووئەو کەسانەی کە نازپەری و جەواد ئاغایان دەناسی ڕەوانەی دادگای" ئینقلاب" کرد.

خەڵکی گەڕەکەکەش جگە لە شکایەت کردن لە نازپەری وجەواد ئاغا تۆمارێکی دوورودرێژیان لە سەرنووسیبون. ئەوانەی کە سەوادیان هەبووئیمزایان کردبوو، ئەوانی دیکەش بە قامکیان مۆریان کردبوو.

دادگای "شۆرش" دوای خوێندنەوەی راپۆرتی" کۆمیتە" دەستوری دەست بە سەرکردنی نازپەری وجەواد ئاغای دەرکرد.

دوای دووحەوتوان جەلەسەی دادگا دەستی پێ کرد وئاخوندێک تاوانەکانی نازپەری وجەواد ئاغا خوێندەوە کە زۆرتر رووی تاوانەکان لە نازپەری بوو. تاوانەکان بریتی بوون لە :"زەناکردن، فەسادی ئەخلاقی، بێ حورمەتی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام" و هتد.

زۆرترینی تاوانەکان لە لایەن خەڵکەوە درابوونە پاڵ نازپەری و وەکووسزاش، داوای سەنگسارکردنی کرابوو. بۆ جەواد ئاغاش ٨٠ زەربە قامچی داواکرابوو لە گەڵ زیندان یان جەریمەی نەغدی.

پارێزەری نازپەری وجەواد ئاغا زۆربە باشی دیفاعی لێکردن وداوای ئازاد کردنی کردن.

جەواد ئاغا کوتی ئامادەیە نازپەری لە خۆی مارە بکا. کەس وکاری نازپەریش ئەو پێشنیارەی جەواد ئاغایان زۆرپێ باش بوو و هیوایان خواست کە دادگا ئازادیان بکا.

دانیشتووانی گەڕەکەکە بە توندی دژایەتی ئازاد کردنی نازپەریان کرد وداوای سەنگسارکردنیان دەکرد.

چەند کەسێک کە پێشترداوایان لە نازپەری کردبووکە شوویان پێ بکا وولامی ڕەدیان وەرگرتبۆوە لە نازپەری زۆرداخدار ودڵ بە قین بوون ونەیاندەویست کە نازپەری بێتە هاوسەری جەواد ئاغا.

دادگا دوای گوێ گرتن لە شاهیدەکان کە زۆربەی قسەکانیان درۆ وبوختان بوو، بڕیاری ئاخری دا. حووکمی سەنگسارلە سەر نازپەری درا وبڕیاردرا کە دەبێ تا یەک حەفتەی دیکە جێ بە جێ بکرێ. جەواد ئاغاش بە پەنجا زەربە شێلاق و سێ مانگ زیندان وجەریمەی نەغدی حووکم درا.

نازپەری بە بیستنی ئەوحووکمە زاڵمانە کە بە سەریاندا سەپاند دەستی بە گریان وپاڕانەوە کرد وکوتی کە بێ تاوانە وداوای ئازاد بوونی خۆی کرد.

بە چاوی پڕلە فرمێسکەوە ڕووی لە ئاخوندی قازی دادگا کرد وکوتی کە بێ تاوانە وئەو قسانە هەمووی درۆ وبوختانن کە خراونەتە پاڵی. ئەودایکی سێ مندالانە. ئەگەرباوەربە قسەکانی ئەوناکەن، لانیکەم رووحم بە منداڵەکانی بکەن ومەیکوژن.

ئەوجار ڕووی لە ئامادەبووانی دادگاکە کردوکوتی بەڕاستی بێ ویژدان ودرۆزنن. ئاخرمن خراپەم بۆنگۆ چی بووە کە ئاوا داوای مردنی من دەکەن؟ یانی من" داوێن پیسم وئەنگۆ فریشتەی پاکی وڕاستین "؟! خودا تۆڵەی من وئەومندالانەتان لێ بکاتەوە کە دوای مردنم ئاوارە وهەتیو دەبن. هیوادارم بە ئاوری دۆزەخ بسووتێن، ئەی" موسولمانی بێ دینی نا ".

براوخوشکەکانی نازپەری زۆرداوایان لە قازی کرد کە حووکمەکە بگۆرێ بەلام سوودی نەبوو. هەموویان بۆنازپەری و چارەنووسی منداڵەکانی دەگریان.

دادگا کۆتایی پێ هات ونازپەری وجەواد ئاغایان بۆ زیندان بردەوە وخەڵکەکەش وەک ئەوەیکە سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست هێنابێ ولە شەڕی بە قەولی خۆیان کافرانی بێ دین گە ڕابنەوە، بە کەیف خۆشی بلاوەیان لێ کرد وگەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.

لە دوای بردنەوەی نازپەری بۆزیندان، برا وخوشکەکانی وەخۆکەوتن، بەشکەم بتوانن کارێک بکەن کە حووکمەکە بگۆڕدرێ. هەمووهەوڵیان ئەوەبوو کە حووکمەکە لە سەنگساربکرێتە زیندانی کێشان. نامەیان بۆ زۆرشوێن نارد و زۆرکەسیان دیت وسەردانی زۆر ئیدارەی دەولەتیان لە کرماشان کرد وتەنانەت رۆیشتن بۆ تارانیش، بەلام هەوڵەکانیان بێ ئاکام بوو.

منداڵەکانی نازپەریش رێگای چوون بۆمەدرەسەیان نەبوو. ئەوان وەکوومنداڵی" ژنێکی خراپە " ناسرابوون. ژیانی وانیش یەکجارناخۆش وتاڵ ببوو. بە تایبەت هی عەلی رەزا کە چاکە وخراپەی لێک دەکردەوە. خوشک وبراکەی کە کەم تەمەنتربوون لەوجۆرە مەسەلانە تێنەدەگەیشتن.

هەرکات هەواڵی دایکیان دەپرسی، خاڵ وپوورەکانیان لە وڵام دا دەیانکوت، دایکتان چەند رۆژێک چووە بۆسەفەر، ماوەیەکی دیکە دەگەرێتەوە. ئەو دوو منداڵە چارەڕەشەش بێ خەبەرلەوەیکە ئەو سەفەرەی داکیان سەفەری بێ گە ڕانەوەیە ویەکجارییە.

نازپەری هەرساتێکی بە ڕۆژێک وهەرساعەتەی بە مانگێک لێ دەگوزەراو لە تاوی منداڵەکانی نە خەوی هەبوونە خۆراک. بۆساتێکیش ئۆقرە وئارامی نەبوو. وێنەی شێتانی لێ هاتبوو. کاری گریان وفرمێسک هەڵڕشتن بوو. ئارەزووی دیتنی منداڵەکانی دەکرد. پێی خۆش بوو بیان بینێ، بەڵام غیرەتی بڕوای نەدەدا کە داوایان بکا بۆئەوەی چاوی پێیان بکەوێ. بە تایبەت بۆ کچ وکوڕە چکۆلەکەی. بۆیە لە کاتی سەردانی براوخۆشکەکانی داوای وێنەی منداڵەکانی کردبووکە بۆیان هێنابوو.

هەربۆنی بە وێنەکانیانەوە دەکرد وماچی دەکردن ولە سەردڵی دادەنان.

هۆش و زکری لای منداڵەکانی بوو. باش دەیزانی کە هیچ کەس وەکوو خۆی نازیان ناکێشی ودەکەونە ژێرچەپۆکی خاڵ و خالۆژن و پورەکانیان. ئەوبە باشی دەیزانی کە جگەرگۆشەکانی ژیانیان بە تەواوی دەشێوێ ودەکەونە قوون دەرکان.

گومانی نەبوو کە هەرماوەیەک لە لای خاڵ و پوریان خۆشەویستن ودوایەش کەس وەخۆیان ناگرێ.

نازپەری بۆدوایین جارچاوی بە خوشک وبراکانی کەوت وزۆریان لە بەر پاڕایەوە کە ئاگاداری منداڵەکان بکەن ولێیان غافڵ نەبن.

ئەوجگە لە پاڕانەوە لە بەرخوشک وبراکانی هیچی دیکەی لە دەست نەدەهات وبە هیچ جۆرێک دڵی بڕوای نەدەدا کە چاوی بە منداڵەکانی بکەوێ وبۆ دواجار خوداحافیزییان لێبکا. داوای کرد کە هیچ کات ڕاستی بە منداڵەکانی نەڵێن وبە عەلی رەزاش بلێن کە دایکت چەند ساڵ حووکمی زیندانی بۆبڕاوەتەوە و ڕەوانەی یەکێک لە شارە دوورەکانی ئێران کراوە.

گەردن ئازایی لە خوشک وبراکانی و لە رێگای وانیشەوە لە خزم وکەس وکاری کرد. بۆدواین جارپێی کوتن کە ئەوبێ تاوانە و دەستی بۆبە قورعان دادان کە بـی گوناهـە وهەمووی ئەو قسە وقسەلۆکانە وئە بوختانانەی کە بۆیان هەڵبەستووە درۆن.

دوای رۆیشتنی خوشک وبراکەی مەلایەکیان بۆهێنا زیندانێ بۆ ئەوەی دواین وەسیەتی خۆی بکا.

نازپەری کوتی. بێ گومان منیش وەکوو زۆرخەڵکی دیکە هەڵە وخەتام لە ژیانم دا کردووە، بەڵام هیچ کـات داوێـن پیس نەبووم و هەمووکات ژنێکی حەیا بەخۆ بووم. لە دوای مردنی مێردەکەم دەستم وە دەستی هیچ نامەحرەمێک نەکەوتووە، تەنانەت هی جەواد ئاغاش.

نازپەری رووی لە ئاسمان کردوکوتی خودایە، وا من بە بێ تاوانی دەمرم، بەڵام تۆ حەقی من ومنداڵەکانم بستێنە. خۆت بە گەورەیی وعەزەمەتی خۆت ئاگات لەومنداڵە نازلێ شێواوانە بێ با منیش رووحم لە گۆڕدا ئارام بگرێ.

لە یەکێک لە مەیدانەکانی شاردەنگە دەنگ وهەرا وهوریا ئاسمانی داگرتبوو. لە چواردەوری مەیدانەکە حەشیمەتێکی زۆرکۆ ببوونەوە، لە لایەک ژنان ولە لایەکەی دیکە پیاوان. لە وەسەتی مەیدانەکەش کۆگایەکی گەورە خڕکە بەردی گەورە گەورە بۆ سەنگسارکردنی نازپەری هەڵدرابۆوە.

لە پڕسەروسەداکە زیاتربوو. خەڵکەکە بە دیتنی نازپەری کە لە پشتی تویوتایەکی سەرئاوەڵە دا بووکردیان بە جنێودان.

لە گەڵ هێنانە خواری لە ماشێنەکە، جەماوەرەکە نازپەریان تف باران کرد. نازپەری سەری داخستبوو، فرمێسکی لە چاوانی دەهاتە خوار.

پاسداری بەرپرسی بەرێوە چوونی حووکمەکە چووسەرکورسێک وتاوانەکانی نازپەری بۆحەشیمەتەکە خوێندەوە

و کوتی کە ئەو ژنە " زەنای کردوە فاسیدە" وحووکمی سەنگساری لە سەردراوە.

بە خەڵکەکەی کوت، ئێوە ئەرکی شەرعی خۆتان بە جێ دەگەێنن. لە بەردە باران کردن دەست نەکێشنەوە تاکوو رووحی دەردەچێ .

لە گەڵ دەستوردانی پاسدارەکە، بارانی بەرد بە سەرنازپەری دا باری. خەڵکەکە لە بەرد هاویشتن کێ بەرکێیان بوو. بۆ کوشتنی نازپەری زۆربە پەلە بوون. دەتکوت بۆ وەدەست هێنانی پلەی یەکەم کەوتونەتە کێ بەرکێی یەکتر.

لە کورتە ساتێک دا هەموو ئازاولەشی نازپەری خوێنی لێ دەچۆڕا. هاوارونالەی نازپەری ئاسمانی پڕکردبوو. ئەوخەڵکە بێ ویژدان وبێ هەست وئیحساس وبێ دینە لە گەڵ هەربەردێک کە دەیان هاویشت پڕبە گەروویان هاواریان دەکرد "بمرە فاسید، بمرە فاحیشە ، بمرە کافری بێ دین وئیمان" .

خەڵکەکە ئەوەندەیان بەردهاویشت وئەوەندەیان جنێو وقسەی سووک دا کە بە تەواوی هیلاک ببوون.

بەژن وبالای جوان وشۆخ وشەنگی ناز پەری وێنەی گۆشتی دەمی ساتورئەنجن ئەنجن کرا وسەری بە تەواوی پان کرایەوە.

پاش بە جێ هێنانی ئەرکی" ئاینیان" خەڵکەکە هەریەکەی بە لایەک دا بڵاوەیان لێکرد وجەستەی لە خوێن دا شەلاڵ وئەنجن ئەنجن کراوی نازپەری بە کەوچکی لۆدێرێک خرایە نێو پشتی ماشێنێکی بارهەڵگروبردیان لە دەرەوەی شار، دوورلە قەبرستانی موسولمانان لە قووڵکەیەک دا بیشارنەوە.

بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان

ئەم چیرۆکە بۆ ئیدانە وشەرمەزار کردنی حووکمی نائینسانی ودڕندانەی سنگسارکردنی ژنانە کە لە ماوەی زیاتر

لە ٣ دەهەی رابردوو لە کۆماری سێدارەی ئیسلامی وچەندین وڵاتی دیکەی ئیسلامی بەرێوەچووە ودەچێ. بۆ یادوبیرەوەری هەمووئەو ژنانەیە کە تاوانبار یان بێ تاوان حووکمی دژی ئینسانی ودژی ئەخلاقی سەنگساریان لە سەرئیجراکراوە وبە شێوەیەکی زۆر وەحشیانە گیانیان لێ ئەستێندراوە. بەرێوە چوونی حووکمی سەنگسار لە دژی ژنان شەرمەزارییە بۆهەموو ئەوکۆمەڵگایانەی کە ئەو حووکمەیان تێدا بەرێوەدەچێ و هەڵاواردنی رەگەزی وجنسیان تێدایە.

٣ی مارچی ٢٠١٣

---

## چەند سرنجێک لە سەردانوستاندنی بەرێزئۆجالان و دەوڵەتی تورک.

ماوەیەکە لە میدیاکانی تورکیە وکوردی باکوردا باس لە دیداروچاوپێکەوتنی نێوان بەرێز ئۆجالان لە لایەک ونوینەرانی دەزگای ئەمنیەتی تورکیە ناسراو بە " میت"

لە لایەکی دیکەوە لە ئارادایە. لە بابەت ئەو چاوپێکەوتن و وتووێژانە دا بۆچوون و لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەکرێ وروانگەکان لەو بارەوە جیاوازن. لە لایەنی کوردیەوە خەڵکانێک هەن کە زۆر دڵ خۆشن بەو دیدارانە وتەنانەت نامەی پشتگریان بۆ بڵاوکردۆتەوە. لایەنی دەسەلاتداری باشوری کوردستانیش لە میدیاکانی سەربەخۆیان دڵ خۆش بوونی خۆیان لەو بە ناو وتووێژانە ناشارنەوە وپێیان وایە سەرۆک وەزیرانی تورک وحیزبەکەی لە " فکری چارەسەری کێشەی کوردن لە تورکیە دا".

لە پەیوەندی بەو وتووێژانەوە کۆمەڵێک مەسەلەی سیاسی گرینگ دەور دەبینین کە دەکرێ لە پێش هەمووان کێشەی سیاسی نەتەوەی کورد ورۆل وکاریگەری کورد وکوردستان لە سەرئاستی سیاسەتی ناوچەکە وتەنانەت جیهانیش هەبێ. پرسیارێکی گرینگ کە دێتە گۆرِ ئەوەیە کە، بەراستی دەوڵەتی تورک بە سەرۆکایەتی رەجەب تەییب ئەردۆگان وحیزبەکەی کە زۆرینەی کورسیەکانی پارلمانی تورکیەیان بە دەستەوەیە نیەت وئامانج ومەبەستی لە

وتووێژ لە گەڵ ڕێزدار ئۆجالان چیە وئایا بەراستی حیزبی دادوگەشەی ئەردوگان باوەری بە چارەسەری کێشەی کورد هەیە؟ ئایا ئەوان بڕیاریان داوە کە کێشەی سیاسی کورد لەو وڵاتە چارەسەر بکەن وکۆتایی بەوهەمووە خوێن ڕێژی ومال وێرانیە بگرن کە بەرۆکی کورد وتەنانەت تورکیشی گرتوە؟ ئایا ئەردوگان وحیزبەکەی ونوێنەرەکانیان لە پارلمانی تورکیە ئەو خواست وتوانا وهێز ودەسەڵاتەیان هەیە کە قەناعەت بە لایەنە سیاسیەکانی دیکەی تورکیە، بە نوخبەی تورکی وبە خەڵکی تورک بێنن کە کوردەکان وپ. کا.کا تێرۆریست نین؟

ئایا کۆمەڵگای تورکی کە بوونی کورد وناسنامە وزمانی کوردی بە خەون وخەیان دەزانێ وبوونی کورد لەو وڵاتە ناسەلمێنێ ئامادەیە پشتگری ئەردوگان وحیزبەکەی بکا؟ کورد لە فەرهەنگی تورک دا پێناسەی ئینسان کوژوتێرۆریستی پێ بەخشراوە ومیدیای تورکیش بەردەوام بە پروپاگەندەی ژاراوی ئەو فکری لە ناو کۆمەڵگای تورکی دا بەهێزتر کردووە کە کوردەکان تێرۆریست وتورک کوژن ومەترسیان بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی تورکیە هەیە وئەگەر پێشیان پێ نەگیری تورکیە پارچەپارچە دەکەن.

ئەوەی تاکوو ئێستا بینراوە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە دەردەخا کە پێیان وایە ئەردوگان وحیزبەکەی بە نیازن چارەسەری کێشەی سیاسی کوردبکەن. ئەوەی تاکوو ئێستا بینراوە زۆرتر پرۆپاگەندەی سیاسی بووە کە ئەردوگان وحیزبەکەی لە ناو خۆی تورکیە دا وبەرو ڕووی دونیای دەرەوە کردوویانە. سیاسەتی حیزبە ئیسلامیەکەی ئەردوگان لە هەمبەر کورد لە ناو خۆی تورکیە زۆرتر بۆ دەنگ هێنانەوە لە کاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمان وشارەوانیەکان بووە ولەو کاتانە دا ئەردوگان بە دووروویی وبە قسەی خۆش وهەڵخەڵەتێنانە هەوڵی داوە کوردەکانی باکور لە خشتە بەرێ و وانیشان بدا کە لە فکری چارەسەری کێشەی کورد دایە. کردنەوەی کانالیکی تیڤی بە زمانی کوردی پێکانی ئەو ئامانجەیە، ئەوە لە کاتێکدایە کە هێشتا خوێندن وپەروەردە بە زمانی کوردی وناولێنانی کوردی لە سەر شاروگوند وشەقامەکانی باکوری کوردستان تاوان ویاساغە. دەست بەسەر کردن ورەوانە کردنی بە سەدان کەس لە ئەندامانی" ب. د. پ " کە حیزبێکی کوردی قانونیە ولە چوارچێوەی یاسای تورکیە دا تێکۆشانی هەیە بۆ زیندانەکانی ئەو وڵاتە نیشاندەری ئەوەیە کە عەقلیەتی تورکی بە نیسبەت کورد نەگۆڕاوە.

مانگرتنی سەدان زیندانی کورد لە زیندانەکانی تورکیە وباکوری کوردستان بە هۆی بێ مافیان وپێشیل کردنی مافەکانی ناو زیندان وڕێز لێنەگیرانیان وەکوو مرۆڤ لە ناو زیندانەکاندا وبێ تەفاوەتی دەوڵەتی تورکی لە

هەمبەر چارەنووسی زیندانیە مانگرتۆکان رووخساری نژادپەرەستانەی دەوڵەتی تورکی جارێکی دیکە بۆڕای گشتی خستە ڕوو. ئەگەر داوای بەرێز ئۆجالان نەبا، بێگومان بە سەدان زیندانی مانگرتوو گیانیان لە دەست دەدا.

هێرش وپەلامارەکانی بەردەوامی سوپای تورکیە بۆ سەرگریلاکانی پ. کا. کا. لە باکوری کوردستان وپەلامارەکانی فرۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە بۆ سەر قەندیل وگوندە سنورییەکانی باشوری کوردستان، نیشاندەری شەڕفرۆشی سوپای داگیرکەری تورک دەردەخەن و بالا دەست بوونی سوپا لە سیاسەتی نژادپەرەستاانەی دەوڵەتی تورک لە هەمبەرکورد باشتر دەخاتە ڕوو. ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە ئەردوگان وحیزبەکەی ناتوانن بە بێ رازی کردنی ژنرالەکانی تورک هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەڵگرن.

پێش شەرتی هەر دانوستاندن ودیالۆگێکی راستەقینە دروست کردنی متمانەیە لە نێوان دوولایەنی کێشەکە ولە پێش هەموو شتێکیشدا راوەستاندنی شەڕە. ئەوەی ئەمرۆ لە گۆرەپانی سیاسی تورکیە دادەبینرێ نەک هەوڵ دانی دەوڵەتی تورک بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد نیە، بەڵکوو زۆرتر درێژەدان بە سیاسەتی ئینکاری کورد وکیشەی سیاسی ئەو گەلەیە هەم لە ناو خۆی تورکیەیە وهەمیش لە دەرەوەی سنورەکانی ئەو وڵاتە. ئەگەر دەوڵەتی تورک بەراستی نیازی چارەسەری کێشەی سیاسی کوردی لەو ولاتە داهەیە، بۆچی نوێنەری سازمانی ئەمنیەتی ئەو وڵاتە واتە " میت" ی کردووە بە راسپاردە بۆ دانوستاندن لە گەڵ بەرێز ئۆجالان. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەردوگان یەکێک لە وەزیرەکانی خۆی یان شاندێک لە نوێنەرانی پارلمانی تورکیە یان شاندێک لە حیزبەکانی تورکی ڕەوانەی ئەو دانوستاندنانە نەکردووە وبۆچی پێش هەموو شتێک ئاگربەس راناگەیندرێ؟ ئەگەر قەرارە ئەو دانوستاندنانە بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد بێ، بۆچی دەبێ لە ژێر چاوەدێری دەزگای ئەمنیەتی " میت" بەرێوە بچی وچ حاجەت بە شاردنەوەی ناوەرۆکی بابەتی دانوستاندنەکان لە جەماوەری کورد وتورک دەکا؟ فەزای سیاسی تورکیە لەهەمبەر کوردەکان، فەزایەکی زۆر نژادپەرەستانیە ودەستگیرکردنی پارلمانتارانی سەر بە ب.د.پ و هێرش کردن بۆ سەریان لە ناوشارەکانی باکوری کوردستان وتورکیە دەرخەری ئەو راستیەن.

دەوڵەتی تورکیە لە دوای بەهاری عەرەبی و دروست بوونی قەیرانی سیاسی سوریە وهەلایسانی شەڕی ناوخۆیی لەووڵاتە، هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە بەهەر جۆرێک بۆی دەکرێ دژایەتی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان ومافەکانیان بکا وبە دەست تێوەردان لە کاروباری سوریە وپشتگری لە گروپە ئیسلامیە سەلەفیەکان شەڕی بە سەر

کورد لە رۆژئاوا داسەپاند و کوشتاری بە دەیان کورد بە دەستی ئیسلامەیە ئیرهابییەکان لە شاری سەروکانی دەرخەری ئەو راستیەن. پشتگری بە ئاشکرای تورکەمەنەکان و سوننیەکانی عیراقیش ودەست تێوەردان لە کاروباری عێراق وباشوری کوردستان سیاسەتێکی دیکەی دەوڵەتی ئیسلام گەرای تورکیەن. قەیرانی سیاسی عێراق لە دوای هەلاتنی جێگری سوونی مەزهەبی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ باشوری کوردستان ودواتریش بۆ تورکیە کێشەی سوونە وشیعەکانی عێراقی زیاتر کردووە وتورکیەش بۆ کاریگەری دانان لە سەر کێشەی کورد لە باکور ورۆژئاوای کوردستان بۆتە لایەنێکی کێشەی نێوان پێکهاتە سیاسیەکانی عێراق.

مەسەلەیەکی گرینگ کە نابێ لە یاد بکرێ نەبوونی یەک هەڵویستی پارتە دەسەلاتدارەکانی باشوری کوردستان لە هەمبەر کێشەی سیاسی کورد لە باکور ورۆژئاوای کوردستانە ولە راستیدا ئەوەی لە کردەوە دا دەبینرێ دابەش بوونی حیزبەکانی باشور بە سەر تورکیە وکۆماری ئیسلامی دایە وهەرئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بۆ دیاری کردنی کەسێک وەکوو جێگری مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق شاندی یەکێتی نیشتمانی دەبێ لە هەوڵی رازی کردنی سەرانی کۆماری ئیسلامی وتورکیە دابن. سەفەری شاندی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ تاران وئانکارا هەر لەوراستایە دایە بۆ ئەوەی پشتگری کۆماری ئیسلامی وتورکیە لە کاندیدای یەکێتی نیشتمانی وەدەست بهێنن.

هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی حیزبە شیعەکانی عێراق لە ژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی دان وتورکەمەنەکان وسوننەکانی عێراقیش لە ژێر کارتێکەری تورکیە دان وبە بێ پشتگری حیزبە عێراقیەکان بە شیعە وسوونیەوە کاندیدای یەکێتی نیشتمانی ناتوانێ ببێ بە سەرۆک کۆماری عێراق.

مەسەلەیەکی دیکەش کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ کێشەی نێوان عەبدوللا گوڵ سەرۆک کۆماری تورکیە لە گەڵ ئەردوگانی سەرۆک وەزیرانە لە سەر پۆستی سەرۆک کۆماری یە کە لە داهاتوو دا هەڵبژاردنی بۆدەکرێ وهەردووکیان پێویستیان بە دەنگ وپشتگری کوردەکانی باکورهەیە ودەکرێ دانیشتنەکانی ئیمرالی دوو ئامانجی سەرەکی بە دواوە بێ کە ئەردۆگان وعەبدوللا گول بە دوایەوە وێڵن.

یەکەم. هێوەر کردنەوەی خەباتی ڕزگاری خوازی کوردی لە باکور ولە ڕێگای ویشەوە کاریگەری دانان لە

سەرچارەنووسی کوردەکانی رۆژئاوا وداهاتوویان لە سورییەی دوای بەشار ئەسەد. بەکارهێنانی تاکتیکی دانوستاندن لە گەڵ بەریز ئۆجالان وپروپاگەندەی میدیایی کە گۆیا ئەوەی خەریکن چارەسەری کێشەی کورد دەکەن، رێگا خۆشکەری ئەوە دەبێ کە ئەردوگان وحیزبەکەی پرۆپاگەندە بەو دانوستاندنانەوە بکەن وبەو جۆرە دەنگی جەماوەری باکوری کوردستان بۆ ئەردۆگان مسۆگەر بکەن.

دووهەم. میوانداری کردنی شاندی یەکێتی نیشتمانی لە لایەن عەبدولا گولی سەرۆک کۆماری تورکیەش هەربەومەبەستەیە وبەو جیاوازیەوە کە عەبدوللا گول بۆ ئەوەی خۆی بێتەوە سەرۆک کۆمارپێویستی بەوجۆرە مانۆردانە هەیە.

٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## داوی مەرگ.

ئەو شەوە لە گەڵ شەوانی دیکە زۆر جیاواز بوو. دونیا یەکجار تاریک بوو. کاروانچیەکان بە دژواری بەرپێی خۆیان دەدی. بەو هۆیەوە هەموویان

وڵاخەکانیان لە یەکتربەست بوو، تاکووهیچیان لە ڕێگاکە نەترازێن ولە یەکتردانەبرێن.

شەوێکی بێ هەست وبێ دەنگێکی سامناک باڵی بە سەرناوچەکە دا کشاندبوو. تەنیا دەنگی سمی وڵاخەکان وپرمە پر میان ودەنگی خیزو بەردە وردی ژێرپێیان وهی کاروانچیەکان بوو کە بێدەنگی شەوەزەنگی دەشکاند.

کات لە نیوەشەوتێپەڕیبوو. کاروان بە لارێ دا وبە نێوداروبەرد ودڕک وداڵ ودەوەنی چیای سەخت وهەڵدێردا بە ڕێچکە ڕێیەکیزۆر باریک دا بە ئەسپایی بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا بۆئەوەی وەکووشەوانی رابردوو پێش تاریک

و روونی بەیانی بگاتە گوندێکی سەر سنووری دەستکردی ئێران وعێراق.

عەولآو خدربە هۆی شارەزایی ڕێگاکە وبۆئەوەیکە لە کاتی هەست کردن بە مەترسی هاورێیانیان زووتر ئاگادار بکەنەوە لە پێشەوەی کاروان وبە مەودایەکی نە زۆر دوورهەنگاویان هەڵدەهێنا.

خدرلە خەیاڵی ئەوەدابوو کە ئەوجارەش بە سلامەتی بتوانێ لە سنووری دەستکردی داگیرکەر ڕەدبێ وبۆ ڕۆژی دوایی بگاتەوە نێوماڵ ومنداڵی. ئەوساحەبیژن وچوارمنداڵ بوو. خدر، ئامینی خێزانی زۆرخۆش دەویست. ماوەی پازدە ساڵ بووکە بە یەکەوە ژیانی هاوبەشیان پێکهێنابوو.

ئەوان پورزای یەکتربوون ویەکتریشیان زۆرخۆش دەویست. پێش ئەوەیکە ژیانی هاوبەش پێکبهێنن حەزیان لە یەکتر کرد بوو. کاتێک بڕیاریان دابوو بۆیەکتربن، کەس وکاریان زۆریان پێ خۆش ببوو.

ئامین هەمووجارێ کە خدردەرۆیی بۆکاروان، تاکووگەڕانەوەی هە ردڵە خورپەی بوو. زۆریش نیگەران وچاوەڕوان بوو. تەنیا کاری، دوعا کردن ولە بەرخودای پاڕانەوە بوو کە خدربپارێزێ وبە سلامەتی بگەرێتەوە ماڵێ.

خدرمنداڵەکانیشی یەکجار زۆرخۆش دەویست وهەمووجارێ کە سەفەری کاروانی بۆدیوی گەرمێنی کوردستان دەکرد، لە وێرا دیاری بۆدەهێنان. منداڵەکانیشی وا ڕاهاتبوون کە هەرکات بابیان سەفەری کاروانی بۆئەودیودەکرد، بە تاسەوە چاوەڕێ هاتنەوەی بابیان دەکرد بۆئەوەی دیاریان پێبدا.

خدر پێش ئەوەی دەست بە کاری کاروان بکا کرێکار بوو. ڕۆژانە لە بەیانی راهەتاکووئێوارێ بە گەرمای هاوین و سەرمای سەختی پایزوشەختە و سەهۆڵ بەندانی زستان بۆ وەدەست هێنانی پارۆنانێک وتێرکردنی زگی ژن و منداڵەکانی کاری دەکرد.

چەند سالێکیش لە گەڵ خێزانی لە بە هارێ را تاکووساردی پایزلە بەربێدەرامە تی وبێ کاری ڕوویان کرد بوو کورەخانەی خشت بڕین وبە پوولێکی زۆرکەم وبە تەحمووڵ کردنی دەرد وئازارێکی لەڕادە بەدەر ژیانی پڕلە

چەرمەسەریان تێپەرکردبوو.

لەو کاتەوە کە خدردەستی بە کاری" قاچاخ " کردبوو، شێوازی ژیانی تا ڕادەیەک ئاڵ وگۆری بە سەرداهاتبوو. ئەوله گەڵ هاورێیانی بۆ وەدەست خستنی بژێوی ژیانیان دەبوایە مەترسیەکانی سەر رێگا، بە تایبەت سەرسنوری دەستکردی داگیرکەر بە روح وگیان بکرن. ئەوان ناچاربوون لە سەفەری هات ونەهات دا رێگەی سەخت وپڕلە هەورازو نشێوی کەژو دۆڵ و هەڵدێرەکان ببڕن وتەحەممولی برسێتی وسارد وسۆڵی زستان وهەڕەشەی هێرشی گورگی دڕندە بکەن. ئەوان ناچار بوون هەمووجارێ بە کۆڵێک بارلە کۆڵ وبە سەرپشتی وڵاغەکانیانەوە وبە هیوای نەکەوتنە نێوداو وکەمینی دوژمن وبە ئاواتی دیتنەوەی دووبارەی ژن ومنداڵەکانیان خۆیان بە دەستی قەدەری نادیاربسپێرن. قەدەرێک کە بۆ هیندێکان جگە لە ڕۆژ ڕەشی چیدیکەی بە دیاری بۆنەهێنابوون وبە دەیان ژنی بێوەژن وبە سەدان منداڵی چاوگەشیشی لە خۆشەویستی وئەوینی باوکانە بێ بەش کردبوو.

سەرەڕای سەختی و دژواری کارەکە ومە ترسی ڕووت کران وکوشتن وبریندرابوون، گوزەرانی ژیانیان تا ڕادەیەک بەنیسبەت جارانباشتر ببوو.

عەوڵاش کە بە خزمایەتی دە گەیشتە خدرو زۆریش یەکتریان خۆش دەویست چەند مانگێک بوو ژنی مارە کردبوو.

بە نیازی ژن گوازتنەوە بوو، بەڵام بە هۆی خەرجی گرانی ژیان ناچاربوو بۆدابین کردنی خەرجی زەماوەند وکرینی جل وبەرگ و زێر بۆ بووکێ زوو زووسە فەری کاروان بۆدیوی گەرمێنی کوردستان بکا. بۆئەوەی بتوانێ برە پارەیەک پاشەکەوت بکا.

ئەودەبۆایە دایک و بابی پیریشی کە لە گەڵ ئەودەژیان بەخێوبکا. خدرلە رێگای عەوڵاوە تووشی کاروانچێتی ببوو، هەر بۆیەش هەمووکات بە یەکەوە هاتووچۆی ئەودیوی سنووریان دەکرد.

جاش و پاسدارە چەتەکان فێرببوون دەچوونە سەر رێگای کاروانچیەکان وکەمینیان بۆدادەنانەوە. پێشترلەچەندین شوێن کاروانچیەکان کەوتبوونە داوی چەتەکانەوە و ڕووتیان کردبوون ودوای لێدان وبێ حورمەتی زۆر ڕەوانەی

زیندان کرابوون. دواتریش " دادگای ئینقلابی " کۆماری ئیسلامی حووکمی زیندان وجه ریمەی نەغدی قورسی بە سەریان دا سەپاندبوو.

خدر سەر لە ئێوارە، کاتێک بارەکانیان باردەکرد خورپەیەکی کەوتە دڵ و ترسێکی قوڵ هەموو جەستەی داگرتبوو. نەیدەزانی چ بکا وچۆن بە سەر ترسەکەی دا زاڵ بێ. پێش نان خواردن بە تەما بوو هۆی دڵ نیگەرانیەکەی کە بە هۆی خەونی ناخۆشی شەوی رابردووە تووشی ببوو بۆعەولا بگێرێتەوە. دواترپەشیمان بۆوە. بیری لەوە کردوە کە واباشە عەولاش تووشی نیگەرانی نەکا و ئەوەی دیتبووی تەنیا خەون بووە و مەرجیش نیە کە حەتمەن وەراست بگەرێ. هەوڵی دەدا خۆی لە بیرو فکری خراپ بە دوور ڕابگرێ وزۆرتر بیر لە ژن و منداڵەکانی و ئەو ساتانە بکاتەوە کە دەگاتەوە ماڵی و هەموویان بە پیریەوە دێن وئەویش ئامێزی گەرمی باوکانەیان بۆ دەکاتەوە و بە گەرمی لە باوەشیان دەگرێ و ماچیان دەکا ودیاریان بە سەردا دابەش دەکا.

خدر دوای نان وچایی بەیانی حەولی دا ترس ودڵە ڕاوکەکەی بشارێتەوە و وا نیشان نەدا کە لە شتێک دەترسێ. عەولا هەستی بەوەی کردبووکە شتێک دەبێ بیروهزری خدرئازار بدا. خدرئەو کەسە نەبوو کە بۆساتێکیش بێ دەنگ بێ. ئەگەر قسەشی نەکردبا بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی بۆ دۆستانی دەکوت وغەم وپەژارەی لە کۆڕی یارانی دەڕەواند.

خدر هەموو کات زۆربە لەزەتەوە نانی بەیانی دەخوارد وقسەی خۆشی بۆهاورێیانی دەکرد وجەفەنگی لە گەڵیان لێ دەدا، بەلام ئەو بەیانیە نەک نانی نەخوارد بوو، تەنانەت قسەی لە گەڵ هیچیانیش نەکردبوو. وەکوو بەیانیانی ڕابردوو گۆرانیشی بۆ نەکوتبون. خۆی لە گۆشەیەک کزلە بەرهەتاوەکە هە ڵتووتەکا بوو.

عەولا پێ وابووکە خدرنەخۆشە وبۆیە نانی بەیانیشی نەخوارد بوو. هۆی ئەوەیکە خدرلە گەڵ کەس قسەی نەدەکرد وگۆرانی بۆ نەدەکوتن بۆی ببووبە پرسیار. زۆرهەوڵی داهۆیەکە ی بزانێ، بەلام خدرکوتی هیچ نیە و هەرخۆی بێ تاقەتە.

خدرشەوێ ڕابردووخەونێکی زۆرناخۆشی دیتبوو. لە خەونی دا لە دەشتێکی پان وبەرین ووشکارۆی بێ ئاودا وبە

تاقی تەنێ سەرگەردان خولابۆوە. بۆهەرلایەک ڕوانیبووی هیچ زیندەوەرێکی بەدی نەکردبوو. تاکووچاوبڕی کردبوو هەرگڵە سووروچۆلگە ببوو.

لەشی لە بەرتیشکی خۆرە تاو ئارەقی لێ چۆرابوو.لە تینوێتیان بڕستی لێ بڕابوو. هێزی ئەژنۆی شکابوو. ئەوەندە ڕێگای بێ پسانەوەی بڕیبوولە لاقان کەوتبوو. نە سێبەرێک، نە پەنایەک بۆئەوەی خۆی لێ حەشار بداولەشی لە بەرتیشکی بەتینی خۆربپارێزێ.

ئەو ڕۆژە تاکوو تاریک بوونی هەوا لە بەربێ ئاوی زمانی شکابوو. هەستی کردبوو کە هەمووئاوی جەستەی وشک بووە.

بە دەستە بێ هێزەکانی هەوڵی دابوو نێو گڵەکە بکۆڵێ ئای بەشکەم تەڕایەک لە گڵەکەی وەدەست بخاو وبیخاتە سەر لێوەکانی، بەڵام هەوڵەکەی بێ ئاکام ببوو.

پێش تاریک بوونی هەوا بە چاوە بێ هەست وکزەکانی کاتێک بە تەواوی هەستی کردبوو بڕستی لێ بڕاوە وئیدی هیچ ئۆمێدی بە ژیان نەمابوو، دەیتبووی کە چۆن باڵندە لاشە خۆرەکان بە سەری دا سووڕابونەوە وچاوەڕێی مردنی ئەویان کردبوو. چاوەڕێی ببوون بۆ ئەوەی دوای دەرچوونی گیانی بکەونە سەری وبیخۆن.

لە گەڵ تاریک بوونی هەوا ئەوجارسەرما دەستی پێ کردبوو. وەردە وردە تاریکی شەوەزەنگ و تینوێتی وبرسێتی وبێ هیوایی و تەنیایی زیاتر زەختیان خستەبوو سەر. لە سەرمان هەموو لەشی تەزی بوو. دەست ولاقەکانی بە تەواوی سڕببوون. وردە وردە لورە لوری گورگانی برسی بەرگوێی کەوتبوو. هیندەی دیکە ترس ودڵە خورپە دای گرتبوو. دەنگەکان هەر نزیکترو نزیکتربوبونەوە. تینوێتی و برسێتی بڕستیان لێ بڕیبوو. تەنانەت نەیتوانیبوو خۆی بسوورینێ. لە پڕهەرئەوەندە هەستی کردبوو کە جەستەی کەوتبوو بەر پەلاماری گورگە دڕندەکان ولە چاو تروکاندنێک دا لە بەریەکێان هەڵدڕیبوو.

خدر لە پڕا لە خەو ڕاپەریبوو. هەموو ئازای لەشی وەسەر ئاو گەڕا بوو. لە سەرمان ولە ترسان وەکوو مێژووکە

هەڵلە رزیبوو. خۆی وەکوو پشیلە هەتاکووماوەیەکی لە نێوپەتۆکەی داخڕکردبۆوە ولە ترسان نەیوێرابوو سەری هەڵبرێ.

ئەوەندە ترسا بووکە تەنانەت هەر شتێک ئەگەربە ئەسپایی لە دەوروبەری جوڵابایەوە ویان خشپەیەکی لە دەرەوە را بەر گوێی کەوتبا دڵی داخورپاند. لە راستیدا هەمووبنچکە دارودەوەن وبەردێکی ئەو کوێستانەی لێ ببوو بە گورگ.

هاورێیانی لە خەوێکی قوڵ دابروون وپرخە پرخیان ژووری خەوەکەیان پڕکردبوو. چاوێکی لە عەوڵای کردبوو. ئەویش لە بەرشەکەتی وماندوویی پرخە پرخی ژوورەکەی داگرتبوو.

خدر دڵی نەهاتبوو هیچیان راست کاتەوە. بۆئەوەی دیسان ئەوخەونە ترسناکە نەبینێتەوە تاکوو خۆرهەڵات لە سەرجێگاکەی پاڵی وەدیوارەکە دابوو. کەوتبوو بیرکردنەوە. بە خۆی کوتبوو، تۆبڵێێ ئەوخەونە وەراست گەرێ؟

کە ئاورێ لە دەوروبەری دابۆوە وخۆی لە نێوهەڤاڵە خەوتۆکانی دا ولە ژوورێکی دەرگا داخراو دا بینیبۆوە، هیندێک سوکنایی کەوتبوو دڵی و شوکرانە بژێربوو کە ئەوەی دیویتی تەنیا خەون بووە وبەس.

سەرەرای ئەوەش بۆ بەیانی را هەرنیگەران ببوو. ترسی ئەوەی لە دڵی دابوو کە ئەوجارە بە سڵامەتی نەگەرێتەوە بۆ نێو خاوخێزانی. لە گەڵ خۆی نزری کردبوو کە ئەگەربە ساغ و سڵامەتی گەیشتەوە ماڵی خێرێکی باش بکا.

خدر و عەوڵا بۆ ئەوەیکە نەکەونە داوی چەتەکان ماوەیەک بوو ئەو رێگایەی کە ئێستێ پێدا دەرۆیشتن و چەند جاری دیکەش پێدا تێپەرببوون دۆزیبۆوە وپێیان وابوو کە جاش وپاسدارە جەردەکان بەو رێگایە نازانن. بێ خەبەر لەوەیکە ئەو مرۆڤ کوژانە وا لە بۆسەیان دان وچاوەرێ هاتنیان دەکەن.

کاروانچیەکان شەکەت وماندوو رێگایەکی زۆریان بڕیبوو. دڵ خۆش لەوەیکە لە سنوورنزیک بوونەوە و تاکوو چەند ساتێکی دیکە خۆیان بە گوندێکی سەرسنوری دەستکردی دیوی رۆژهەڵات دادەکەنەوە وهەربۆیەش هەنگاوەکانیان

توندترکرد.

لە گەڵ بومەلێلی بەیانی ولە کاتێکدا تازە لە سنوری دەستکرد تێپەریبوون وکەوتبونە دیوی رۆژهەلات و هیندەیان نەما بوو بگەنە ناو گوندێکی سەرسنور ولە مەترسی ڕزگاریان بێ، لە پڕا لە هەمووڵایەکەوە دەنگ دران وکەوتنە بەردەسرێژی جاش وپاسداره کوردکوژەکان.

سەفی کاروان لە گەڵ شریخەی دەنگی چەکی کوردکوژەکان ووزە وزی فیشەکەکان لێک ترازا ودەنگی ئای بابەڕۆی کاروانچیەکان وحیلەی وڵاخەکانیان تێکەڵ بە یەکتر بوون.

عەول او خدرکە لە پێشەوەی کاروان دەرۆیشتن لە گەڵ یەکەم دەست رێژدا پێکران وجەستەیان لە سەرئەسپەکانیان کەوتە سەرخاک.

خدربێ ئەوەی وشەیەکی لە زاری بێدەتە دەرولە گەڵ پێکانی یەکەم فیشک کە وەسەری کەوتبوو گیانی دەرچوو بوو.

عەولاش بریندارو پەشۆکاو چەند فیشیک جەستەی پێکابوو. نەیدەتوانی خۆی تەکان بدا وچاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێراو بۆ ئەوەی بەشکەم داوای یارمەتی لە هاورێیانی بکا کە یارمەتی بدەن ولەوشوێنە دووری خەنەوە. لە پڕتەرمی بێ گیانی خدری لە چەند میتری خۆی کە شەڵاڵی خوێن ببوودیت. ئیترهەموو دونیای لەبەرچاوی ڕەش بوو.

نزیکترین و خۆشەویسترین هاورێی لە نزیکی گیانی ئەسپارد وتەرمی بێ گیانی خوێنی لەبەر دەڕۆیی. دیتنی ئەو دیمەنە فرمێسکی غەم وپەژارەی بێ کۆتایی لە چاوانی عەولای چژاند ورووی لە ئاسمان کردو کوتی خودایە ئەو زوڵمە قەبوڵ نەکەی. خودایە ئێستا وەختی ئەوە نەبوو کە خدرلە من وژن ومنداڵەکانی بستێنێ وجارێ بۆکۆچی ئەو زۆر زوو بوو.

عەولاش بە هۆی خوێن رێژی زۆرەوە وردە وردە لە هۆش خۆی چوو. ئیدی ئاگای لە خۆی نەما ودوای شەو و ڕۆژێک

لە سەرتەختی نەخۆشخانەی شاری سەردەشت وبە لەشێکی زامداروپڕێش وئازاروەهۆش خۆی هاتبۆوە.

ئەو چیرۆکە بۆ یادوبیرەوەری هەموو ئەو ڕۆلە کوردانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووە تاکوو ئێستا بە ناحەق و بێ تاوان لە سەر سنوری دەستکردی رۆژهەلات وباشوری کوردستان بە دەستی جاش وپاسدارە کوردکوژەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندراوە . ئەو ڕۆلە کوردانەی کە بۆ پەیداکردنی پارۆنانێک بۆ ژن ومنداڵەکانیان کاری تاقەت پروکێنی کۆلبەری وکاروانچێتیان کردۆتە پیشە وبە داخەوە بێ تاوان خوێنیان ڕژاوە و لە ئاکامیشدا بە دەیان ژن بێوەژن بوونە و بەسەدان منداڵیش بێ باوک.

١٠ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤

---

## " رۆژهەڵات میحوەری " و چەند سرنجێک

ماوەیەکە لە سەر تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وهیندێک سایت باس لە چەمکێک بە ناوی "رۆژهەڵات میحوەری یان ڕۆژهەلات تەوەری" دەکرێ کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاتۆتە بەرباس و ئەندامانی ئەو حیزبە و خەڵکانی غەیری حیزبی لە ڕوانگەی جیاجیاوە لێکدانەوەی بۆ دەکەن و لایان وایە کە "حدک" لە فکری هەڵگیرساندنەوە خەباتی چەکداری دایە. هەرچەند هیچ نوسراوە و نامیلکەیەکی تایبەت بەو باسە لە لایەن حدک بە فەرمی بڵاو نەبۆتەوە، بەلام ئەندامانی دەفتەری سیاسی حدک بۆ شیکردنەوەی ئەو چەمکە نوێیە لە سەر ئەو باوەرن کە دەبێ هێز وتوانای کوردانی رۆژهەلات تەرخان بکرێ بۆ خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە رۆژهەلاتی

کوردستان و چیدیکە وزە وتوانای ڕۆژهەلاتییەکان بۆ بەشەکانی دیکە تەرخان نەکرێ و کورد گوتەنی "چرایەک کە بۆ ماڵ ڕەوایە لە مزگەوت حەرامە".

لە ماوەی یەک مانگی رابردوو دا لە چەندین شاری ڕۆژهەلاتی کوردستان شەڕ و پێکدادانی چەکداری لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وپارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وچەکدارەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی مەلایانی حاکم بە سەر ئێراندا روویداوە و لەو نێوە دا ژمارەیەک پاسدار کوژرا وبریندار بوون وپێشمەرگەیەکی حدک بە ناوی هەژار قاسمی شەهید بووە.

جم وجۆلی پێشمەرگانەی حدک وهێزەکانی پارێزەری ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەو پرسیارەی وروژاندوە کە گەڵۆ حدک بە نیازە شەڕی چەکداری دەست پێبکاتەوە یان نەخێر ئەو جم و جۆلانە کاتی و تاکتیکین و زیاتر بۆ خۆ دەرخستن و خۆنیشاندان لە گۆڕەپانەکە دایە؟

"ڕۆژهەلات میحوەری" یان بە واتایەکی دیکە وەگەرخستنەوە وبوژاندنەوە وگیان وەبەرنانەوەی خەباتی ڕزگاری خوازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ناکرێ تەنیا وتەنیا لە ڕوانگەی شەڕی چەکداری لێکبدرێتەوە و لایەنە گرینگەکانی دیکەی پەیوەست بەو خەباتە لەبەرچاو نەگیرێ. ئەگەر قەرار بێ شەڕی چەکداری هەڵگیرسێتەوە و تەنیا وەکوو تاکتیک وبۆ ماوەیەکی زەمەنی کورت خایەن وبۆ هیندێک ئامانجی تایبەتی بەرێوە بچێ و هیچ پلان وبەرنامە وستراتیژی روون وئاشکرای لە پشت نەبێ، زۆر سەیر نابێ کە لە ژێر زەخت وگوشاری کۆماری سێدارە بۆ سەر حیزبەکانی باشوری کوردستان حدک یان حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتیش بە بیانوی "پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێم، تۆ بلێ حیزبەکان" ناچار بکرێن کە شەڕی چەکداری ڕابگرن و لە ئەنجام دا هەمان مێژوو وهەمان سیناریۆی وهەمان بێ هێوایی ولە پەراوێز خرانی دەیان سالی رابردوو چەند پاتە ببێتەوە.

چەندین بابەتی گرینگ لە پەیوەندی بە "ڕۆژهەلات میحوەری" و دەستپێکردنەوە خەباتی چەکداری دەور دەبین وئامانج و ستراتیژی ئەو سیاسەتە دەبێ بە جەماوەری کردنی خەباتی لێبکەوێتە کە هەموو چین وتوویژەکانی کۆمەلگای کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان خۆیانی تێدا ببینەوە و تاکەکان بە پێی لێهاتوویی وتوانایی ولە دەرفەت وکات وشوێنی جیاواز دا بەشدار بن و دەور و رۆلی خۆیان بۆ سەر خستنی ئامانجەکانی خەباتی

ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بگێرن. لەو راستایە دا گەلێک گرینگە کە هەڵەکانی ساڵانی پێشوو چەند پاتە نەبنەوە و نابێ ڕزگاری لە ژێر دەستی داگیرکەر تەنیا لە لوولەی تەفەنگەوە ببینرێ و لە فکر وزکرمان دا ببێتە تەنیا رێگا وئالترناتیڤ لە رۆژهەلاتی کوردستان. بە پێچەوانەوە خەباتی چەکداری دەبێ وەکوو باسیکی "رۆژهەلات میحوەری" دەرکەوێ نەک وەکوو مێشکی.

بۆ بەرچاو روونی زیاتر "رۆژهەلات میحوەری یان وەک هیندێک دەلێن" رۆژهەلات تەوەری" دەکرێ لە چەندین ڕەهەندەوە شرۆڤە ولێکدانەوەی بۆ بکرێ ولایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بخرێتە بەر چاو.

### یەکەم، هەل ومەرجی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان

حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە هۆی لێکدابڕان ولێک جیابونەوەیان هێز و وزە وتواناکانیان دابەش بووە و لە دەرئەنجامی ئەو دابەش بوونەش دا بچوکتر بونەتەوە وخەلکیان لێ دوورکەوتۆتەوە و رێژەیەکی زۆر لە ئەندامانی خۆیان بە هۆی جۆراو جۆر لە گەڵیان نەماون. ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیانەی کە لە نێویان دا هەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە راستەوخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلات و لە سەر چەقبەستوویی خەباتی ڕزگاری خوازی دابنێ. هەر بۆیە ئاشت بونەوە ویەکتر قەبولکردن و رێز لێنان لە یەکتر و درێژکردنی دەستی هاوکاری وپشتگری یەکتر کردنی حیزبەکانی رۆژهەلات خاڵێکی گرینگە لە وەگەڕخستنەوە وبە جەماوەری کردنی خەبات کە بتوانێ وەرچەرخانێکی نوێ بە دوای خۆیدا بێنێ.

### دووهەم، هەبوونی پلان وبەرنامەیەکی روون بە تاکتیک وستراتیژی دارێژراوە

هەبوونی پلانێکی لەو چەشنە کە بتوانێ کۆدەنگێک لە مەڕ بەرەو پێش چوونی خەباتەکە دروست بکا و بۆ ئەو مەبەستەش بەشداری هەموو لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەلات، ماموستایانی زانکۆ، هونەرمەندان، رۆژنامەنوسان، نوسەران، چالاکوانانی مەدەنی و چالاکانی بواری ژنان و ژینگە و بازاریان و غەیرە لە دەرەوە و ناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ بە جەماوری کردنی خەباتەکە گەلێگ گرینگە و دەکرێ بۆ ئەو مەبەستەش و بۆ ئال وگۆری بیرو ڕای جیاواز ولێک تێگەیشتن وشرۆڤە کردنی هەموو مەسەلەکانی پەیوەندیدار بەو باسە کۆنفرانسێک

کە ڕێزدار کاک هێمن سەیدیش لە پرۆژکەی دا ئاماژەی پێکردووە، بە ناوی "کۆنفرانسی ڕۆژهەلاتی کوردستان" لە یەکێک لە وڵاتانی ئوروپایی ببستریَ.

### سێهەم، گوتاری " ڕۆژهەلات میحوەری "

کوردی ڕۆژهەلات ماوەی ٣٥ ساڵە لە ژێر ستمی ئیسلامی سیاسی شیعەی ١٢ ئیمامی دا بە ئاشکرا دەچەوسێندرێتەوە و مافەکانی پێشل کراوە و دەکرێ وبە کردەوە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی وزمانی وکولتوری وئاینی ومەزهەبی لە سەر جێ بە جێ دەکرێ ودەولەتی تاران سیاسەتی تێرور وتۆقاندن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرێوە دەبا و تێرۆریزمی دەولەتی ونێو دەولەتی کۆماری سێدارە زەبری گورچ وبڕی لە کورد ولە خەباتەکەی داوە. کۆماری ئیسلامی خۆی یەکێک لە جەمسەرەکانی تێرۆریزمە لە ناوچەکە ولە جیهاندا. بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی خەباتی چەکداری وهێزی پێشمەرگە وپارێزەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە هێزگەلی تێرۆریست و بە گرێ دراو بە داعش ناوزەد نەکا ومۆرکی تێرۆریست بوون لە کورد وخەباتە ڕەواکەی نەدا، پێویستە یەکێک لە ئامانجەکانی " ڕۆژهەلات میحوەری " ناساندن و ریسواکردنی ڕێژیمی مەلایان وەکوو ڕێژێمکی تێروریست وتێرۆریست پەروەر بێ، بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئەو ناو وناتۆرە ولەقەبەی کە پڕ بە پێستی خۆیەتی بە شۆرشگێران وماف خوازان وئازادیخوازنی کوردی ڕۆژهەلاتەوەی نەچەسپێنێ.

"ڕۆژهەلات میحوەری" دەبێ لە گەڵ ئەوەی ماف خواز وشوناس خوازە یەکسانی خوازیش بێ وئەوەش بەو مانایەی کە، دژی گوتاری رادیکالیزمی ئیسلامی لە ناوچەکە بوەستێتەوە وخۆی لە بەرەی دژبەرانی تێرۆر وتێرۆریستان بنیتەوە و خەباتەکە بە دوور بێ لە هەر جۆرە مۆرکی ئاینی وئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا و بەشداری پێدان وهێنانە مەیدانی بە ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان بۆ نێو خەباتەکە گەلێک گرینگە و دەبێ کچان و ژنانی ڕۆژهەلاتیش بە هەزارانیان لە مەیدانەنە دابن وشان بە شانی پیاوان خەباتی شوناسخوازی وماف خوازی ویەکسانی خوازی بکەن ولە ڕێگایەشەوە ببنە بەربەست لە هەمبەر رادیکالیزمی ئیسلامی وئەحزابی توندرەوی ئیسلامی بە هەموو شێوەکانیەوە.

"ڕۆژهەلات میحوەری" پێویستە لە کوردستانەوە سەرچاوە بگرێ و پەیامەکەی بۆ ناوەند وباقی شوینەکانی دیکەی

ئێران پەیامێکی گۆرانیخواز ودیموکراسی خواز وسیکولاریخواز بێ وتەئکید لە سەر جیاکردنەوە دەسەلاتی سیاسی وئاینی بکا ولە هەمانکاتدا لە هەولێ دروست کردنی هاوپەیمانێکد دابێ لە گەڵ هەموو ئەوانەی کە باوەریان بە دیموکراسی وبە مافی مرۆڤ وبە ئال وگۆری سیستم هەیە ، بە تایبەت لە گەڵ نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا.

"رۆژهەلات میحوەری" لە گەڵ ئەوەی بە پلەی یەکەم دەبێ لە هەوڵی خۆ رزگار کردن لە ژێر چنگی داگیرکەر وگەیشتن بە مافەکانی خۆی بێ لە رۆژهەلاتی کوردستان، دەبێ کوردستانیش بێ و پشتگری و یارمەتی پارچەکانی دیکەی کوردستان بکا لە دروست کردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی و لە لێک نزیک کردنەوە هێزە سیاسیەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دا دەور و رۆلی خۆی بگێری وسەنگی خۆی هەبێ لە ئەگەری دروست بوونی کۆنگرەی نەتەوەیدا. کەواتە روانگەی "رۆژهەلات میحوەری" نابێ ببێتە هۆی دژایەتی کردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان ونابێ ببێتە پاشکۆی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. بۆیە پەیامی "رۆژهەلات میحوەری" بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێ روون وئاشکرا بێ کە لە مافەکانی خۆی ناگوزەرێ و ئامادەش نابێ ببێتە پاشکۆ و یان بخرێتە پەراوێزەوە بۆ هەرکام لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.

بێگومان حیزبەکانی پارچەکانی کوردستانیش، بە تایبەت حیزبەکان ودەسەلاتی باشوری کوردستان دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانن وئەوە بە باشی دەرک بکەن کە رۆژهەلاتی کوردستان وەکوو دوهەمین پارچەی کوردستان چ لە باری خاک وچ لە باری حەشیمەتەوە ناکرێ پشت گوێ بخرێ بە "بیانوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم" و پاراستنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی. بە پێچەوانەوە هاوکاری و پشتگری حیزبەکان ودەسەلاتی باشور بۆ ئەوەی کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیش بە مافەکانیان بگەن گەلێک لە قازانجی ئەوان دایە وئەو کات باشوری کوردستانیش لە مەترسی وهەرەشەی دەست درێژی ودەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی دەپارێزرێن و بە پشتگری وهاوپشتی کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان زۆر زیاتر لە سەربەخۆیی نزیکتر دەبنەوە.

جم وجۆلی پێشمەرگانە و دروستکردنی هاوپەیمانێکی نیزامی لە نێو حیزبەکانی رۆژهەلات بۆ پشتگری وبە فریای یەکترکەوتن لە هەمبەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دا گەلێک گرینگە و بۆیە ئەو جم وجۆلانە وبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پارێزەرانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ناو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان نەک هەر شتێکی

پیرۆز وڕەوایە، بەڵکوو لە داهاتوو دا بە پێێ پلان وبەرنامە و ستراتیژی روونی دەبێ پەرەی پێ بدرێ وهەموو هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان خۆیان تێدا ببینەوە بۆ ئەوەی بوونیان وحوزوریان لە نیو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان ورە وهێز وتوانا بە خەلک دەبەخەشێ وخەلکی گوند وشارەکانی رۆژهەلات هەست بەوە دەکەن کە لە بەرامبەر جاش وپاسدارە جەردە وئینسان کوژەکانی کۆماری سێدارە بە تەنیا و بێ پشت وپەنا نین وهەر ئەوە پشت گەرمیە وبوونە لە ناو خەلک دەبێ هۆی ئەوەی کە حیزبەکان بتوانن جەماوەر لە رۆژهەلات رێکبخەن و هەموو یەدەنگ بۆ وەدیهێنانی ماف وئازادیەکانیان دژ بە کۆماری سێدارە خەبات بکەن.

بە هۆی ئەو هەل ومەرجەی کە لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا هاتۆتە پێش و تێوەگلانی کورد راستەوخۆ لەو شەڕە کە تێرۆریستان و دەولەتانی داگیرکەری کوردستان کە بە سەر کوردیان داسەپاندووە ،کورد کەوتۆتە بەر پەلامارو قەلاچۆ و ژێنۆساید کردن و هەر بەوهۆیەوە بوژانەوە و هەستانەوە وبە جەماوریکردنی خەباتی رزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان گەلێک گرینگە وزەرورەتی رۆژە، بۆ ئەوەی ئەو پارچە لە کوردستان فەرامۆش نەکرێ و نەخرێتە پەراوێزەوە ومافەکان چیتر لە لایەنی دەولەتی ئیسلامی شیعەوە پێشێل نەکرێ.

هینری کیسەنجەر وەزیری دەرەوەی پێشووی ئامریکا کە لە دارێژەرانی رێکەوتننامە شوومەکەی ۱۹۷۵ی ئەلجەزایرە و کەسێکی ناسراوە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا دەلێ "لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین دا وا خەریکە پەیمانی" سایکس ـ پیکۆیەکی تازە پێک بێتەوە". ئەوەش بەومانایە دێ کە چەندین دەولەتی ناوچەکە لە سەراوە دابەش دەبنەوە وئەوەش راستەو خۆ پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسی کورد و بە خاکەکەی وبە دەولەتانی داگیرکەری کوردستانەوە هەیە وهەر بۆیەش رۆژهەلاتی کوردستان بە وێنەی ۳ پارچەکەی دیکە کوردستان دەبێ لە گۆرەپانەکە دابێ بۆ ئەوەی حیسابی هەبوونی بۆ بکەن ونەخرێتە پەراوێزەوە و مافەکان وچارەنووسی سیاسی نەکرێتە مامڵەی نێوان کۆماری ئیسلامی و رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئامریکا.

۲ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱٤

## هەڕەشەی تێرۆریزمی فونداMێنتالیزمی ئیسلامی و ژێنۆسایدی نەتەوەی كورد

لە ماوەی یەک مانگی رابردوو و لە دوای هێرشی چەكدارانی گروپی ئیسلامگەرای تێرۆریستی "داعش" وگرتنی شاری موسل و چەند شاری دیكە عێراق، ئەو وڵاتەی تووشی شێواوی و ئالۆزێكی یەكجار سەخت كردووە.

دوای دەست بە سەر داگرتنی شاری موسل لە لایەن گروپی "داعش" دوو رێگا زیاتر لە بەردەم مەسیحییەكانی ئەو شارە نەمایەوە یان هاتنە سەر دینی ئیسلام و موسولمان بوون و یان كویلەتی ومردن قەبول كردن. لە ئاكامی ئەو سیاسەتە نائینسانی وبێ ئەخلاقانەی "داعش" دا بە هەزاران مەسیحی بۆ رزگار كردنی گیانیان پەنایان بۆ باشوری كوردستان هێنا. گەردەلوولی ڕەش و مەرگ هێنەری "داعش" ئەو جار ڕووی لە ناوچەكانی شنگال وشێخان و زەممار و رەبیعە كرد وبە هەزاران كوردی ئیزیدی لە ژێر زەخت و گوشاری شەڕی داسەپاو بە سەریياندا ناچار كران پەنا بۆ چیای شنگال بەرن و لە ئاكامی ئەو كۆڕەوە بە دەیان منداڵ وژن و پیر وپەكەوتوو لە برسان ولە تینوێتیان گیانیان لە دەست دا. هەروەها بە سەدان كەس لە ژن وپیاوی ئیزیدی بە بارمتە گیراون و ژمارەیەكی زۆریشیان لێ كوژراوە و بە دەیان كچی ئێزیدی دەست درێژی بۆ سەر ناموسیان كراوە و بە دەیانیان وەكوو كویلەی شەڕ لە بازاری موسل فرۆشراون. كارەسەتێكی مرۆیی یەكجار دڵتەزین وخەمهێنەر كە درێژ كەرەوەی سیاسەتی ئەنفال وهەڵەبجەن كە بەعسیەكان لە دژی نەتەوەی كورد كردیان. ژێنۆسایدی بە ئاشكرای نەتەوەیەک بە تاوانی كورد بوون و ئیزیدی بوون.

چەكدارانی گروپی تێرۆریستی "داعش" كە ڕەش پوشن وئاڵای ڕەشیان پێیە بە نێوی خودا و پێغەمبەر وئیسلام و قورعان سەری ئینسانە بێدیفاعەكان وەكوو مریشک دەبڕن و بە شانازییەوە كردەوە چەپەڵەكانی خۆیان كە مۆركی ئاینی وئاسمانی پێوەیە وبە ئیسلامی راستەقینە پێناسەی بۆ دەكەن لە سەر تۆرە كۆمەڵایەتیەكانی وەكوو " تویتێر و فەیس بووک" و ماڵپەرەكانی سەر بە خۆیان بە شێوەیەكی بەربڵاو بڵاو كردۆتەوە وبەو جۆرە دڕەندەیی و وەحشیگەری خۆیان نیشانی خەڵكانی دونیا دەدەن و ترس و دڵەڕاوكەی زۆریان خستۆتە نێو دڵی خەڵكی عێراق و ناوچەكەوە.

بە دوای پەلاماری دڕندەکانی "داعش" بۆ سەر شنگال وئاوارە بوونی بە دەیان هەزار کوردی ئیزیدی وپەنا بردیان بۆچیای شنگال و عاسێ بونیان ونەبوونی ڕێگای دەربازبوونیان بۆ ماوەی پتر لە یەک حەفتە، لافاوی هاوخەمی وهاودەردی هەموو کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە و کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەش بە هەموو ڕێگاکەوە لە هەولی ئەوە دابوون کە هاوکاری لێقەوماوەکان بکەن کە بە هاوخوین وهاوڕەگەز وخوشک و برای خۆیان دەزانن وبەو بۆنەوە کەمپەینی کۆکردنەوە خۆراک وجل وبەرگ وپێداویستیەکانی ئاوارەکان لە دەیان شارو شارۆچکەی باشور و باکور و رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان وەرێخراون. هێزە سیاسیەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئامادەیی خۆیان بۆ ناردنی پێشمەرگە و گریلاکانیان دەربڕیەوە وهیندێکیان بە کردوە بەشدارن وهیندیکیشیان دوای ماوەیەکی کورت رێگایان پێنەدان کە پێشمەرگەکانیان بەشداری شەڕەکە بن و لە ژێر گوشار و هەڕەشەی کۆماری سێدارە هێزەکانیان ڕەوانەی بنکەکانیان کردونەتەوە.

پەلاماری چەکدارانی "داعش" بۆ سەر شارو ناوچەکانی کوردنشینی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە سەر بە پارێزگای نەینەوان و شاری موسل ناوەندی ئەو پارێزگایەیە و مەترسی پێشوەچوونی چەکدارانی " داعش " بەرەو باشوری کوردستان و نەمان ودارمانی سپای عێراق و نەبوونی حکومەتێکی بە هێز لە بەغدا بۆ دژایەتی "داعش" و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستان بوو بە هۆی بە دەنگ هاتنەوەی ئامریکا و فەرانسە وئیتالیا وئالمان وبریتانیا وچەندین ولاتی دیکەی ئوروپا وئوسترالیا وکانادا. قازانج و بەرژەوەندی ئەو ولاتانە لە پاراستنی هەرێمی کوردستانە کە تەنیا شوینی ئارامی عێراقە و تەنیا قەلای لە شکان نەهاتووی عێراقە کە لە هەمبەر پەلاماری "داعش" دا راوەستاوە و لە هەمانکاتدا بۆتە جێگای حاوانەوە و پەنادانی بە هەزاران کوردی ئیزیدی و مەسیحی وعەرەبی سوننە وشیعەش. لە تازەترین هەولی نێونەتەوەیی دا، ولاتانی ئەندامی شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان بە کۆی دەنگ لە سەر ئەوە رێککەوتن کە "داعش" دەبێ چەک بکرێ و هەڵبوەشێتەوە و نەمێنێ وتەنەتات ٦ کەس لە بەرپرسانی بالای "داعش" و "بەرەی نوسرە" کەوتونەتە نێو لیستی ڕەش.

چەندین هۆکاری سەرەکی هەن کە ئامریکا وچەندین ولاتی زل هێزی دیکەی ئوروپایی وئوسترالیا و کانادای لە دەوری یەکتر کۆکردۆتەوە و ئامادە بوون کە چەک وچۆل بدەن بە باشوری کوردستان و پشتگری سیاسی وسەربازی و ئینسانی بکەن. پێویستە لە چەند رەهەندەوەش شەڕ فرۆشی "داعش" و پەلاماردانی باشوری کوردستان وناوچەکانی

دەرەوەی ژێر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەر قازانج وبەرژەوەندی وزەرەری وڵاتانی ناوچەکەش بە تایبەت بۆ ئێران وتورکیە وعەرەبستانی سعودی وسوریە کە جیرانی عێراقن شرۆڤە بکرێ.

بەرژەوەندییەکانی ئامریکا وهاوپەیمانانی بۆ پاراستنی باشوری کوردستان لە دژی پەلاماری "داعش" وپشتگیری سیاسی وسەربازییان دەکرێ لە چەند خاڵ دا باس بکرێ.

*یەکەم،* پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و ڕێگر بوون لەوەی کورد بیهەوێ لەو وڵاتە جیابێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش کوردیان هان داوە کە لە بەغدا دوورنەکەوێتەوە و وێرای شیعە وسووننە هەوڵ بدەن حکومەتێکی بە قەولی خۆیان " نیشتمانی " دروست بکەن کە هەموو پێکهاتەکان عێراق لە خۆ بگرێ. بەرگریکردن وپشتگری نەکردن لە پرسی راپرسی هەرێمی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوە چارەنووسی خۆی، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەولاتانی داگیرکەری کوردستان و وڵاتانی عەرەبی سووننەی ناوچەکەی تێدایە کە دژی دروست بوونی دەولەتی کوردین.

*دووهەم،* پاراستنی یەکپارچەیی عێراق بە هۆی دەولەمەند بوونی بە نەوت وگاز ولە ئەگەری بەردەوامی شەڕی ناوخۆیی وبە هێزتر بوونی پتری "داعش " هەناردەکردنی نەوت وگازی عێراق رابوەستێ وئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نرخی نەوت و گاز بە هۆی راوەستان وهەناردەنەکردنی بۆ بازارەکانی دونیا بچێتە سەر و شیرکەتە گەورە نەوتیەکان وکارتێلەکانی فرۆشیاری نەوت وگاز تووشی زەرە وخەسارەتی گەورە بن وئەوەش راستەوخۆ کاریگەری دەبێ لە سەر نرخی گاز وبێنزین لە ئوروپا و ئامریکا وهاوولاتیانی ئەو وڵاتانە دەکەونە ژێر زەخت ودەکرێ ببێتە هۆی نارازی بونیشیان.

*سێهەم،* بە هێزبوونی گروپە ئیسلامیە رادیکالەکان لە عێراق و سوریە وناوچەکە دا وهەوڵدانیان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە وڵاتانی ناوچەکەدا لە ڕێگای شەڕ وتوندتیژییەوە وئەوەش زەنگی خەتەرێکی گەورەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و ئیسرائیل وهاوپەیمانیان. دەسەڵاتی ڕەشی تالیبان وئەلقاعیدە لە ئەفغانستان کە لە ڕێگای شەڕەوە بە دەسەڵات گەیشتن، بیرەوەرێکی زۆر تاڵی بۆ رۆژئاوا بە گشتی وبۆ ئامریکا بە تایبەتی هەیە کە کارەساتی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ی لێکەوتەوە.

*چوارەم،* پەرەگرتن وتەشەنەکردنی هەرچی زیاتری شەڕی ئاینی لە ناوچەکە دا. لە لایەک لە نێوان سووننە وشیعە دا و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان گروپە ئیسلامیە رادیکالەکان ومەسیحیەکانی ناوچەکەدا. ئامریکا بۆ کۆنترۆل کردنی ناوچەکە هەموو کات هەوڵی داوە بالانسێک لە نێوان شیعە وسووننە ڕابگرێ وکارێکی وانەکا کە لایەک لە لایەکی دیکە بەهێزتر بێ و لایەک بە سەر لایەکی دیکەدا سەرکەوێ. ئەوەی لە سوریە وعێراق لە پەیوەندی بە سیاسەتەکانی ئامریکا روویدا دەرخەری ئەو راستیەن و ئامریکا ماوەی ٨ ساڵ پشتی حکومەتی مالکی گرت و لە ٢٠١١ بە کشاندنەوەی تەواوی هێزەکانی بە کردوە عێراقی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆل کرد و دوو دەستی ئەو وڵاتەی تەحویلی مەلاکانی ئێران دا. سیاسەتەکانی نوری مالکی لە دوای چونەدەرەوەی هێزەکانی ئامریکا بە پشتیوانی رێژیمی ئیسلامی ئیران بە ئاشکرا لە دژی کوردەکانی باشور وعەرەبە سووننەکان و باقی ئاین وگروپە ئتینیکیەکانی ئەو ولاتە بووە وهەر ئەوەش بوو بە بەهانەیەک کە سەرهەڵدانی سووننەکانی لێبکەوێتەوە.

لە راستیدا سیاسەکانی ئامریکا لە عێراق شکستی هێنا و سەرەرای بە کوشت دانی چەند هەزار سەرباز وبریندار بوونی بە سەدانی دیکە وخەرجکردنی بە دەیان میلیارد دۆلار، ئەو وڵاتە بۆ ئامریکا خێری نەدایەوە وبراوەی سەرەکی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران بوو کە رۆلی سەرەکی لە دروست کردنی شەڕی ناوخۆیی نێوان سووننە وشیعەکان وکێشە سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا داهەبووە.

لە سوریەش بە هەمان شێوە، سیاسەتەکانی ئامریکا لە هەمبەر روسیە و کۆماری سێدارە شکستی هێنا و دوای 3 ساڵ بە سەر قەیرانی سوریە دا دەبینین کە رێژیمی بەشار ئەسەد هەر لە سەر دەسەلاتە وئاکامی ئەو سیاسەتە هەڵانەش بوو بە هۆی ئەوەی کە گروپێکی ئینسانکوژ و تێرۆریستی وەکوو "داعش" لە سوریە سەرهەڵبدا و دواتریش پەلبهاوێ بۆ عێراق.

#### بە هێز بوونی "داعش" و قازانج و زەرەرەکانی بۆ کوردی باشور و وڵاتانی دراوسێ

وڵاتانی ئێران و سوریە و تورکیە وعەرەبستانی سعودی لە گەڵ عێراق سنوری هاوبەش و دوورودرێژیان هەیە، بە هۆی سیاسەتەکانی "داعش"وە هەم قازانج دەکەن وهەمیش زەرەرمەند دەبن. لە چەند رەهەندەوە دەکرێ ئەو مەسەلە شرۆڤە بکرێ.

## یەکەم. ڕەهەندی ئاینی

لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی، ١٩٧٩ی زایینی لە ئێران وهاتنە سەر دەسەلاتی حکومەتیکی شیعە لە بناگویَ عەرەبستانی سعودی کە خۆی بە ڕێبەری جیهانی ئیسلامی دەزانیَ، کێشەی سوونە وشیعە زۆر زیاتر لە پێشوو پەرەی ئەستاندووە و هەر دوک ولآت هەولیان داوە کە جێگە وپێگەی خۆیان لە ناوچەکە ولە جیهانی ئیسلامی دا پتەو و بەهێز بکەن. کۆماری شیعەی ئیسلامی ئێران لە سەرەتاوە لە بیری پەرەپێدانی بیروکەی توندرەوانەی شیعە لە ناوچەکەدا بووە و دروشمیان " ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێپەڕ دەبیَ " بووە وماوەی 35 سالە بەردەوام لە هەوڵی پەرەپێدانی شیعیسمن لە ناوچەکە دا وبە چەندین گروپی شیعە وسوونەی ناوچەکەیان بە پارە وچەک وچۆل پشتگری کردووە وحیزبولای لوبنان وحەماس وجیهادی ئیسلامی فەلەستین ویارمەتی دانی شیعەکانی بەحرەین وئیمارات ودروست کردنی سپای بەدر وپشتگری لە گروپە شیعەکانی عێراق و پاراستنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد نموونەی ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. لایەنی سعودیش بێکار دانیشتووە وهەوڵی داوە لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی پشتی ولاتانی عەرەبی ناوچەکە بگریَ کە سوونەکان دەسەلاتدارن و بە پشتگری گروپ گەلی وەکوو تالیبانی ئەفغانستان وگروپە جیهادییەکانی سوونە مەزهەب لە ناوچەکە و یەک لەوان لە سوریە دا پاشەکشە بە شیعە بکا. کەوابوو "داعش" کە گروپێکی سوونە مەزهەبە ودژی شیعەکانە، دەتوانیَ پتر خزمەت بە سیاسەتەکانی عەرەبستان بکا لە دژایەتی کردنی شیعەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست دا.

بە پێچەوانەشی دەتوانیَ ڕووبدا وسیاسەتەکانی "داعش" لە دژی بەرژەوەندییەکانی عەرەبستان وسوونە مەزهەبەکان بیَ وبە قازانجی کۆماری ئیسلامی وشیعەکانی ناوچەکە بشکێتەوە. "داعش" بە کردەوە تێرۆریستیەکانی وبەو سیاسەتە وەحشیانەی کە گرتویەتە بەر لە کوشتن وسەربرین وپەلاماری گروپە ئاینییەکانی کە موسولمان نین وەکوو ئیزیدییەکان ومەسیحیەکانی عێراق وسورییە، ڕاستەوخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا وئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئامریکا و ڕۆژئاوا بۆ بەرگری لە پەلهاوێشتن وبە هێزبوونی "داعش" وگروپگەلی لە چەشنی ئەو لایەنی کۆماری ئیسلامی وشیعەکان بگرن و هاوکاریان بکەن وئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەکانی عێراق وسوریە وناوچەکە لە بەرژەوەندی شیعەکان و کۆماری ئیسلامی تەواو بیَ وسوونە مەزهەبەکان دۆڕاوی سەرەکی بن لەو شەڕە دا.

## دووهەم، کوردستان و شەڕفرۆشی داعش و قازانج و زەرەری وڵاتانی دراوسێ عێراق

پەلامارداني ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی باشوری کوردستان ومەترسی پەلامارداني هەولێر وناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم راستەوخۆ لە قازانجی داگیرکەرانی کوردستان دایە و ئەوەیکە بۆچی " داعش" لە درێژەدانی شەڕ لە دژی شیعەکان و دەسەڵاتی مالکی وەستا وپلانی گرتنی بەغدای وەلانا و کوت وپڕ جبهەی شەڕی گۆری و وەکوو گورگی درِندە پەلاماری ناوچە کوردییەکانی دا وحکومەتی هەرێم وهێزی پێشمەرگەی تووشی شەرێکی نەخوازراو کرد خۆی جێگای پرسیارە؟ ڕاکردن و ئاوارە بوونی بە هەزاران کوردی ئێزیدی ومەسیحی وتەنانەت عەرەبیش بۆ هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی کوردی باشور دانیە و لە ئەگەری درێژی بوونەوەی ئەو شەڕە، دەکرێ کۆمەلێک گیروگرفتی یەکجار گەورە بۆ حکومەتی هەرێم دروست بکا. حاواندنەوە و پەنادانی بە هەزاران پەنابەر پێویستی بە جێگا ورێگا وئیمکانات و پارەی زۆرەوە هەیە و ئەوەش لە بواری ئابوورییەوە زەختێکی زۆر هەم دەکاتە سەر حکەمەتی هەرێم وهەمیش سەر دانیشتووانی باشوری کوردستان. بڵاوبونەوەی پەنابەرەکان بە پارێزگاکانی باشوری کوردستان گرفت گەلی وەکوو، زۆر بوونی حەشیمەت، بێکاری، گران بوون و چوونە سەری نرخی کرێ ماڵ وکەمی ماڵ و کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر بازار دەبێ ونرخی کەل وپەل وخواردەمەنی دەباتە سەر. ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی دروست بوونی نارەزایەتی دانیشتووانی هەرێم لەو وەزعە لە کورت خایەن و درێژ خایەن دا و دەتوانێ ئاکامی زۆر چاوەروانەنەکراوی بۆ باشوری کوردستان وبۆ حکومەتی هەرێم بە دواوە بێ.

دروست بوونی وەزعێکی ئاوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوردانی باشور دەرفەتیان نەبێ کە چارەنووسی خۆیان یەکلا کەنەوە و ناچار بن بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێ بەرن ومل کەچی سیاسەت وخواستەکانی داگیرکەرانی کوردستان بن. ئەنجام ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەی "داعش" گرتویەتی بەر و بە هەزارانی بەرەو باشور ناچار بە کۆچکردن کردووە لە قازانجی کوردی باشور نیە و زیاتر لە قازانجی سووننەکان وبە تایبەت شیعەکان و دەوەلەتی ناوەندی لە بەغدا دەشکێتەوە کە ماوەیەکی زۆرە بودجەی ساڵانەی هەرێمی بڕیوە وجۆرێک لە گەمارۆی ئابوری خستۆتە سەر دانیشتووانی باشوری کوردستان. حکومەتی بەغدا لە داهاتووش دا بۆ داسەپاندنی سیاسەتەکانی بە سەر حکومەتی هەرێم دا دەتوانێ بودجەی کورد یان نەدا ویان گرفتی زۆری بۆ دروست بکا وهەروا

بە سانایی بەشە بودجەی هەرێم بە بیانوی فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت نەدا. ئەمرۆ بە کردەوە عێراق بۆتە سێ پارچە وشیعەکان و سوونەکانیش بۆ ئەوەی دەسەلات وهێژمونی خۆیان بە سەر هەموو عێراق دا بپارێزین و بۆ ئەوەی نەهێلین ئەو وڵاتە دابەش ببێ پێویستیان بە کورد هەیە کە شەڕیان بۆ بکا وخۆشیان پالی لێبدنەوە. ئەمرۆ تەنیا هێزی بەرگریکار لە هەمبەر "داعش" دا هێزی پێشمەرگەی کوردستانە وهەموو زەختی شەڕەکەش لە سەر پێشمەرگە وهەرێم کوردستان وناوچە کوردییە داگیرکراوەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمن کە بەشێک لە ناوچەکانی موسل وەکوو شنگال، شێخان، زممار و رەبیعە و هەروەها شاری کەرکوک وناوچەکانی دیکەی کوردنشینی داگیرکراو.

بۆ کۆماری ئیسلامی و تورکیە  تێوەگلانی باشوری کوردستان لە شەڕی "داعش" قازانجی هەیە وهەروەک لە سەرەوە باسکرا دەرفەتی دەستێوەردان بە بیانوی "داعش" و کێشە دروستکردن بۆ حکومەتی هەرێم و رێگە نەدان بە ناردنی نەوتی هەرێم و بەستنی سنورەکانیان بە بیانوی لافاوی پەنابەران وقاچاقچیان و چی وچی و لە هەمووشی گرینگتر بەرگری لە یارمەتی دانی کوردەکانی باکور و رۆژهەلاتی کوردستان بە خوشک وبرا لێقەماوەکانیان لە باشوری کوردستان. پەلاماری "داعش"  هەستی هاوسۆزی وهاوخەمی نێوان کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان ودیاسپۆرای زۆر بە هێز کردووە و ئەوەش لە بەرژەوەندی دەولەتانی داگیرکەری کوردستان واتە تورکیە وئێران وتەنانەت سورییەش نیە وئەوان پێیان ناخۆشە کە کورد ئیتر چیدی پابەندی ئەو سنورە دەستکردانە نابێ کە دوژمنان دروستیان کردووە وکوردستان وکوردیان پارچەپارچە کردووە. بەشداری هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەلاتی کوردستان وئامادەیی بۆ بەشداری ئەو هێزانە لە شەڕی دژی "داعش" بە ئاشکرا ترس ودڵەڕاوکەی خستۆتە نێو جەستەی رێژیمی ئیسلامی شیعەی ئێران وئەوان بە ئاشکرا و بە زەخت خستنە سەر حیزبەکانی باشوری کوردستان وحکومەتی هەرێم رێگر بوون لەوەی کە هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەلاتی کوردستانیش شان بە شانی پێشمەرگەکانی باشور و لە یەک سەنگەر دا شەڕی "داعش" بکەن.

پەلاماری درندانەی هێزەکانی "داعش" بۆ سەر کوردانی ئێزیدی ومەسیحیەکان ومەترسی ئەو هێرشانە بۆ سەر باشوری کوردستان ئامریکا وهاوپەیمانانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە عێراق ناچار بە هەلوێست گرتن کرد و ناردنی چەک وچۆلی سەربازی وپشتگری مەعنەوی ومالی وسیاسی لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی چاوەروانی داگیرکەرانی کوردستان بوون وبۆیەش هیچیان رازی بەوە نین کە ئامریکا وهاوپەیمانانی راستەوخۆ

چەک وچۆڵ بدەن بە هێزی پێشمەرگەی باشوری کوردستان ولە بە هێزکردن وتەیارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە چەکی نیوە قورس وقورس دەترسێن وترسی ئەوەشیان لێیە کە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی "داعش" ئەو چەک وچۆلانە لە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە دا بمێنەوە و ڕادەستی هێزەکانی عێراقی نەکرێنەوە.

قازانجێکی کە لە پەلاماری "داعش" بۆ سەر ناوچەکانی موسل وهەڕەشەی داگیرکردنی کەرکوک بۆ کوردی باشور هەیبوو، ئەوە بوو کە ئەو ناوچانە وبە تایبەت هەموو ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە بەر ماددەی ١٤٠ وکێشە لەسەر بوون بە کردەوە کەوتونەتەوە سەرهەرێمی کوردستان وئەوەش بۆ شیعە وسوونەکانی عێراق وبۆ تورکیە وکۆماری ئیسلامی هەوالێکی خۆش نیە ولە زەرەری خۆیانی دەبینن. بوونی کەرکوک دڵ پڕ لە نەوت لە دەستی کوردانی باشور وپاراستن و ڕادەست نەکردنەوەی بە حکومەتی بەغدا، جێگە وپێگەی کورد لە نێو خۆ وناوچە و جیهان دا زۆر بەهێز دەکا.

کۆماری ئیسلامی کە خۆی ڕیژێمکی شیعەیە و لە هەوڵی دروست کردنی ئیمپراتورێکی شیعە دایە هەول دەدا بە سیاسەتی یەک بان و دوو هەوا هەڕەشەی "داعش" بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێ وناوچە کوردییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە بیانوی بوونی لاینگرانی "داعش" زیاتر کۆنترۆل بکا و بەو بیانویە هەرجۆرە هەلس وکەوت وچالاکی ئازادیخوانەی حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان وچالاکانی مەدەنی وسیاسی ناوخۆی رۆژهەلات بەرتەسک بکاتەوە وبۆ سەرکوت کردنی بە گروپە جیهادیە سەلەفیەکانی لاینگری "داعش" یان ببستێتەوە. بە پێێ هەوالەکان ژومارەیەک لە سەلەفیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە ئاشکرا پشتگری لە "داعش" دەکەن و لە هیندێک لە شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان جم وجۆلیان هەیە و هەڕەشەیان لە خەلک ولە هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کردووە و کۆماری ئیسلامیش هیچ بەربەستێکی بۆیان دروست نەکردووە.

تورکیەش کە لە بیری دروست کردنەوەی ئیمپراتوری رووخاوی عوسمانی دایە وئێستاش ولایەتی موسل وکەرکوک بە هی خۆی دەزانێ و بەردەوام دژی کورد ومافەکانی بووە هیچکات ڕێگا نادا کە کوردەکانی باشور ئەوەندە بە هێز بن کە ببنە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو ولاتە و هەردەم کارتی تورکەمەنەکانی موسل وکەرکوکی لە دژی دەسەڵاتی کوردی بەکارهێناوە وبێگومان لە ئەگەری راپرسی و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی باشوری کوردستان و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی هاوشانی ڕێژیمی تاران دژایەتی کوردی باشور دەکا وهەرچی لە دەستی بێ دەیکا.

هۆیەکەشی زۆر روونە. بوونی پتر لە ٢٠ میلیۆن کورد لە باکوری کوردستان و وەبەرچاونەگرتنی ویست وداخوازییەکانی کوردانی باکور بۆ ئازادی و ڕزگاری ومافی چارەی خۆنووسین. ئەوەی ئەمرۆ کورد پێویستێتی پتەوکردنی سیاسەتی نەتەوەیی وکوردایەتی کردن و پشتگری وهاوخەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی ودیاریکردنی ستراتیژی سیاسی بۆ چارەسەری سیاسی کێشەی کورد ودروست کردنی ناسنامەی کوردییە. ئەمرۆ دەرفەتێکی گەلێک باش ولەبارە  کە مەسەلەی کورد بە گشتی بکەوێتە بەرباس وکورد وەکوو نەتەوەیەکی خاک دابەشکرا وپارچە پارچە کراو باسی ماف وئازادی و مافی چارەی خۆنووسین بکا لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

ئەم ساڵ هاوکاتە لە گەڵ ٥٠٠ مین ساڵی دابەشکردنی کوردستان کە بۆ یەکەمین جار ولە ئاکامی شەڕی چالدران لە مابەینی ئیمپراتوری عوسمانی سوونە وسەفەوی شیعە دا لە ٢٣ - ٨ - ١٥١٤ دابەشکرا وئەو دابەش بوونە وپارچە پارچە کردنە بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد لە سەدەی ٢١ مدا و دوای ٥٠٠ ساڵ داگیرکاری هەروا نەتەوەیەکی بێ دەولەت وبێ ناسنامە بمێنێتەوە و ئێستاش هەر بە کوردی ئێران وعێراق وسوری وتورکی بناسرێ وئێستاس کوردستان هەر بە کوردستانی ئێران وعێراق و سوریە و تورکیە پێناسەی بۆ بکرێ.

١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---

## بە بۆنەی ٢٥ مین ساڵی تێرۆری ڕێبەری هەڵکەوتوی کورد د.عەبدولرەحمان قاسملوو.

لەو بابەتە دا هەوڵ دەدەم لە چەند رەهەندەوە لێکدانەوە وهەڵسەنگاندن لە بابەت هۆکار وئاکامەکانی تێرۆری ڕێبەری لێوەشاوەی گەلی کورد د.قاسملوو بکرێ.

*رەهەندی یەکەم،* ئامانجی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆرکردنی د.قاسملوو و ئاکام و کاریگەرییەکانی بۆ سەر حیزبی دێموکرات و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان.

*رەهەندی دووهەم،* کاریگەری تیرۆری د.قاسملوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات وئاکامەکانی و حیزبی دێموکرات ٢٥ دوای تیرۆری د.قاسملوو. رەهەندی سێهەمی، ئاوڕدانەوەیکە لە مەڕ روانگە و بۆچوونەکانی د.قاسملوو بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان.

## رەهەندی یەکەم، ئامانجی ئەو تیرۆرە سیاسی بوو

لە سەر ئاستی کوردستان،هەوڵ دان بۆ لاوازکردنی حیزبی پێشەنگی جولانەوە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. دوژمنان بە باشی لە جێگەو پێگە وخۆشەویستی ئەو حیزبە و رێبەرانی لە ناو خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان ئاگادار بوون و بۆیە هەمان سیاسەتیان دووپات کردەوە کە دەرحەق بە کۆماری کوردستان وبە شەخسی پێشەوا قازی مەحەممەد وهاورێیانی لە لایەن رێژیم حەمە رەزاشاوە کرا. مەحاکمە کردن و لە سێدارە دانی پێشەوا قازی مەحەممەد و برا و ئامۆزاکەی بۆ گەلی کورد و بۆحیزبی دێموکرات زەبرێکی یەکجار زۆر قورس وکاریگەر بوو کە ئاکامی زۆر کارەساتاوی بۆ خەباتی رزگاری خوازانە و بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی بە دواوە بوو. چەندین ساڵ دوای ئەو کردەوە جەنایەتکارانەیەش، حیزبی دێموکرات تووشی لاوازی و پرش وبلاوی تەشکیلاتی ببوو. کۆماری ئیسلامیش بۆ تێکشکاندنی روحیەی بەرگری و خۆراگری ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات وخەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان هەمان سیاسەتی گرتە بەر و بۆئەو مەبەستەش لە ناوبردن وحەزفی فیزیکی سەرانی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانجی سەرەکی خۆی و تیرۆریزمی دەولەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان پلان دارێژراو وبە بەرنامە ئەو ئامانجەی بەرێوە برد.

تیرۆری رێبەرانی جوولانەوە چ لە سەر ئاستی کوردستان و چ لە سەر ئاستی ئێران، کاریگەری نەرێنیی خۆیان دانا. لە سەر ئاستی کوردستان جوولانەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان بەرەبەرە دەستی بە پاشەکشە کرد و لە ئاکامی ڕاوەستانی بە تەواویی خەباتی بەرگریی چەکدارانە، هێز و دەسەڵاتی بەربلاوی حیزب بە کردەوە تووشی لاوازی بوو، تا ئاستێک کە بە هۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی پێشهاتوو لە ناوچەکە، حیزبی دێموکرات بە ناچاری دەستی لە خەباتی بەرگریی چەکدارانە هەڵگرت و دەکرێ ئەوەش بە سەرکەوتنێک بۆ کۆماری ئیسلامی حیساب بکەین کە بە قەولی خۆیان "غائلەی کوردستانیان لە کۆڵ بۆوە".

لە سەر ئاستی ئێران، ئەگەرچی تێرۆرکردنی د.قاسملوو زەبرێکی سامناک بوو کە لە حیزبی دێموکرات و لە کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کەوت، بەڵام خەسارێکی یەکجار گەورەش بوو کە وەجوڵانەوەی دێموکراسیخوازانە لە سەر ئاستی سەراسەری ئێران کەوت. بە نەمانی د. قاسملوو گەلانی ئێران کەسایەتێیەکی هەڵکەوتوو ولێزانیان کە بۆ پرۆسەی بە دێموکراتیزە کردنی ئێران دەور و کاریگەریی زۆر بەرچاوی هەبوو لە دەست دا و ئەوەش بۆ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقی دەسکەوت و سەرکەوتنێکی گەورە بوو. د.قاسملوو تەنیا خاوەنی جێگە وپێگەیەکی کوردستانی وئێرانی نەبوو، بەڵکوو کەسایەتێکی سیاسی وئاکادەمی جیهانیش بوو.

## ـ ئامانجی ئەو تێرۆرە تێکشکاندنی کەسایەتیی وهۆوییەتی کوردی تاکەکانی کوردە

ئامانجێکی دیکەی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری د. قاسملوو تێکشکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد بووە وبۆ ئەوەی هەستی متمانە بە خۆکردن لە ناخی دابکوژێ. خۆ بەکەم زانین و تەحقیربوون لە لایەن دەسەلاتدارەوە. هەم لە کەیسی تیرۆری د.قاسملوو دا و هەمیش لە کەیسی تێرۆری د. شەرفکەندی دا کۆماری ئیسلامی هەوڵی تەحقیرکردنی هۆوییەتی نەتەوەیی تاکی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی داوە و لە ناوخۆی وڵات لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە ئەو پەیامە بە گوێی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بگەیەنێ کە " خودموختاریمان دا بە ڕێبەرەکانتان". لە سەر ئاستی دەرەوەش بە سات و سەودای سیاسی و بازرگانی هەوڵیان داوە کە تێرۆری سەرانی کورد وەکوو شتێکی بێ نرخ و بێ بایەخ بە دونیا نیشان بدەن و خۆیانی لێ بێ بەری بکەن و دیتیشمان کە چۆن دوای تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە وییەن، بە سات وسەودای سیاسی و بازرگانی دمی دەسەلاتدارانی ئەو سەردەمی حکوومەتی ئۆتریشیان بەست و تێرۆریستە نێردراوەکانیان بە بێ هیچ گیرو گرفتێک بە فرۆکە بردەوە تاران.

## ـ ئەو تێرۆرە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر سایکۆلۆژی تاکی کورد هەبوو

کرداره تێرۆریستییەکان وحەزفی جەستەیی ڕێبەرانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان جگە لە کاریگەری دانان لە سەر بواری جەستەیی ولەناو بردن، لە بواری سایکۆلۆژیشەوە کاریگەریی خۆیان لە سەر تاکی کورد داناوە. تێرۆری ڕێبەری هەڵکەتووی کورد د. قاسملوو بە ڕوونی ئەو مەسەلەی دەرخست و کاریگەریی نەرێنی

ڕاستەوخۆی لە سەر روحیەی ئەندامانی حیزب بە پلەی یەکەم و بە پلەی دووهەمیش لە سەر روحیە و مۆرالی تاکەکانی کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان داناوە و زۆر کەسی تووشی ناهۆمیدی و بێ هیوایی کرد. ریژیم بەو کارە هەوڵی دا کە بە تەواوی ورەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بروخێنێ و تۆوی ناهومیدی و شکست لە ناو ئەندامانی حیزبی دا بچێنێ و لە خەبات وشۆرش ساردیان بکاتەوە و لە هەمان کاتدا خەڵک لە پشتگری وپشتیوانی ئەو حیزبە وهێزی پێشمەرگە دووربخاتەوە و نیشانیان بدا کە دژایەتی کردنی دەولەت ودەسەڵاتەکەی جگە لە زیندان و کوشتن و مەرگ هیچ ئاکامێکی بۆیان نابێ.

رەهەندی دووهەم، کاریگەری تێرۆری د.قاسملوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات و ئاکامەکانی دوای ٢٥ ساڵ

تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوللای قادری ئازەر سەرەتای دەستدرێژیی تیرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە دەرەوەی سنورەکانی کوردستانە. کۆماری ئیسلامی بە بیانووی چارەسەری کێشەی کورد زۆر لە مێژبوو کە پیلانی لە داوخستنی ڕێبەری بلیمەت و لێوەشاوی گەلی کورد د.قاسملووی داڕشت بوو، تەنیا لە دەرفەت دەگەڕا تاکوو جێبەجێی بکا و بە داخەوە ئەوجارەش ڕێبەری خەباتی ڕزگاری خوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە فرت وفێل وسوێند وقورعان خواردن و بەلێنی درۆ " کەوتە داوی عەجەمان" و زۆر دڕندانە وجەنایەتکارانە وبێ ئەخلاقانە لە سەر مێزی بە ناو وتووێژ بە دەستی تێرۆریستەکانی نێردراوی ڕێژیمی تێرۆریستی تاران کە خۆیان بە دیپلۆمات ناساندبوو شەهید کرا.

ئاکامی ئەو تێرۆرە بۆ سەرحیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کارەساتاوی بووە. لە راستیدا بە تێرۆری د.قاسملوو حیزبی دێموکرات تووشی شۆکێکی ئەوەندە گەورەی سیاسی وتەشکیلاتی و ڕێکخراویی وسایکۆلۆژی بووە کە دوای ٢٥ ساڵ نەیتوانیوە قەرەبووی ئەو زەبرە قورسە بکاتەوە و قورسایی سێبەری مەرگی د.قاسملوو بە سەر هەر دووک حیزبی دێموکرات بە تەواوی هەست پێدەکرێ. تەنانەت تێکەڵ بونەوە و وەرسەریەککەوتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبی دێموکراتی کوردستان . ڕێبەرایەتی شۆرشگێر لە کۆنگرەی ١٠ی حیزب دا هیچکات نەبوو هۆی ئەوەی کە بۆشایی نەبوونی د.قاسملوو پڕ بکرێتەوە وحیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو و بە هێز دروست ببێتەوە.

کێشە ناوخۆییەکانی دوای ئەو تێکەڵبونەوەش ئەوەی بە روونی دەرخست کە یەکگرتنەوەکە زۆرتر رووکەش و رواڵەتی بووە نەک لە سەر ئەساسی باوەر وئیمان و متمانە بە یەکترکردن. چەند دەستەیی وناوچەگەرایی لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا بە تایبەت لە نێو رێبەری ئەو حیزبە بوو بە هۆی ئەوەی کە رێبوارانی د.قاسملوو بۆ جارێکی دیکە لە سەر ناو ومیراتی سیاسی د.قاسملوو نەسازێن و لە ئاکامی کۆمەلێک کێشەی دەرون حیزبی و بەرژەوەندی شەخسی کۆمەلێک کەس لە رێبەری ئەو حیزبە دا، دیسان ریزەکانیان لێک جیابکەنەوە و هەمیسان شەڕی ئەوەیان درێژە پێبدەنەوە کە کامەیان رێبوار و درێژەدەری راستەقینەی رێگای د.قاسملوویە. لە ئاکامی ئەو کێشە دەرون حیزبیانە و دابەش کردنی حیزب بە سەر دوو حیزبدا، د.قاسملووش دابەش بووە و هەر دووک لا کێ بەرکێی ئەوەیانە کە خۆیان و حیزبەکەیان بە درێژەدەری راستەقینەی د،قاسملوو بزانن و بەداخەوە کەسایەتی بەرزی د.قاسملوو لە کەسایەتێکی نەتەوەیی ونیشتمانی وتەنانەت جیهانیشەوە دابەزیوە بۆ کەسایتێکی سرف حیزبی.

هیندێک لە کەسانی نێو ریزەکانی رێبەری دێموکراتەکان د.قاسملوویان کردووە بە ئەبزاری بازارگەرمی خۆیان وخۆیان هیچی نوێ و سەردەمیانەیان پێ نیە و توانایی ئەوەشیان تێدانیە کە خۆیان داهێنەر وداڕێژەری بیروفکرێکی نوێ سیاسی وسەردەمیانە بن. ئەو شەخسانە توانای ئەوەیان نیە کە خەباتی چەق بەستووی کورد لە رۆژهەلات لەو وەزعە تراژیکەی کە تێدایە ڕزگار بکەن وخوینێکی نوێ وەبەر خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دابکەنەوە وهەر بۆیەشە هەر لە سەر سفرەی د.قاسملوو دەخۆن و لە ڕابردوو دا دەژین و نەیارانی خۆشیان بە خەیانەت ولادان لە رێبازی د.قاسملوو تاوانبار دەکەن و بەو جۆرە ڕەوایەت بە دابەش بوون و دووبەرەکی و دوو دێموکرات بوون دەدەن. د.قاسملوو دەیفەرموو " باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی رێگایانە". ئایا رێبوارانی د.قاسملوو ئەو وتە بە نرخەی دوکتوری شەهیدیان لە بەرچاو گرتووە وئامادە بوونە یەکگرتوو و یەکریز حیزبێکی نوێ وسەردەمیانە وبە هێزی دێموکرات دروست بکەنەوە وکۆتایی بە دوو دێموکراتی و دووبەرەکی بێنن؟ ئێستا ئیدی بۆتە مۆد، کە هەموو ساڵی ولە یادکردنەوەی 22ی پوشپەری، سالرۆژی تیرۆری د.قاسملوو و هاورێیانی، رێبوارانی د.قاسملوو هەرکامیان بە جودا دەچنە سەر گۆڕی دوکتوری شەهید وبە جودا سیمیناری لە دەرەوە ولە باشوری کوردستان بۆ دەگرن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە گەلۆ، د.قاسملوو بۆ دابەشکردن دەبێ کە ئەو دوو دێموکراتە دابەشیان کردووە وماوەی چەند ساڵە ولە دوای دابەش بوونی حیزبی دێموکرات بۆ سەر دوو حیزبی دێموکرات، قاسملووی ئێمە و قاسملووی ئەوان دروست بووە؟

باشترین پاداش بۆ رێزگرتن لە د.قاسملوو وهەموو شەهیدانی ئەو دوو حیزبە لە رۆژهەلاتی کوردستان وەسەریەکخستنەوەی هەردووک حیزب دێموکراتە لە سەر ئەساسی دروست کردنەوەی حیزبێکی نوێ وسەردەمیانە بە باوەر ولێبوردن لە یەکتر و وەلانانی دووبەرەکی و یەکتر بوغزاندن ویەکتر سرینەوە و وازهێنان لە دەستەبەندی و ناوچەگەرایی ودابەشکردنی کردنی حیزب بە سەر بەرژەوەندی کۆمەلێک کەس لە رێبەری ئەو دووحیزبە دا. حیزبی دێموکرات مولکی تایبەتی هیچ کەسێک نیە وهیچ کەس وگرووپێک لە ناو هەر دووک حیزبی دێموکرات کە خۆیان بە رێبوار ودرێژەدەری رێگای د.قاسملوو دەزانن بۆیان نیە حیزب وەکوو کلوب وملک ومالی خۆیان سەیربکەن وبۆ ئامانج و قازانجی شەخسی وبنەمالەیی خۆیان بەکاری بێنن.

## رەهەندی سێهەم، روانگەکانی د.قاسملوو بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان

د.قاسملوو لە کۆوبونەوە و دانیشتن و وێژەکانی دا روانگە وبۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات لە مەڕ کێشەی سیاسی کورد لە ئێران و رۆژهەلات و رێگای چارەسەری دەخاتە روو. لە بۆچونەکانی د.قاسملوو دا چەندین خالی گرینگ وسرنجی ڕاکێش هەن کە هەتاکوو ئێستاش هەر تازەن و بە چارەسەرنەکراوی ماونەوەتەوە وئەوەش هۆکاری مانەوەی رێژیمی ئیسلامی و دەسەلاتی دیکتاتۆری کۆمەلێک ئاخوندی شیعەیە بە سەر ئێراندا.

د.قاسملوو بە نیسبەت کوردستان دەلێ "بە تەجروبە بۆمان دەرکەوتووە کە ئێمە بە تاقی تەنیا لە کوردستان دەتوانین وتوانیومانە کوردستان بکەین بە سەنگەری ئازادی ودێموکراسی ئێران، بەلام ئێمە بە تەنیا لە ئێراندا ناتوانین حوکمێکی دێموکراتیک بێنینە سەرکار وبەرێوەشی بەرین وبۆ ئەوە دۆست وهاوپەیمانمان پێویستە. بێگومان لە پێشدا دۆست وهاوپەیمانی ئێمە گەلانی دیکەی زولم لێکراوی ئێران وەک ئازەربایجانی،بەلوچ،تورکەمەن وعەرەبن وبۆیە لە پێشدا پەیاممان بۆ ئەوانە کە ئەوانیش وەک ئێمە دژی ئەو رێژیمە خوین رێژە ڕاپەرەن. لە گەلْ رێژیمی خومەینی هیچ رێگای دیکە، جگە لە چەک هەلگرتن و خەباتکردن تاسەر نیە".

خالی گرینگی ئەو بۆچونەی د.قاسملوو گرینگی پێدان بە هاوپەیمانی کورد لە گەلْ نەتەوەکانی دیکەی زولم لێکراوی غەیری فارسی ئێرانە و لە سەر ئەو باوەرەیە کە بە بێ دروست بوونی هاوپەیمانێکی لەو چەشنە خەبات بۆ ئازادی ودێموکراسی و چارەسەری کیشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا وەدی نایە. ئەو بۆچوونەی د.قاسملوو دوای ۲۵

ساڵ هەر تازەیە و بە هۆی نەبوونی بەرە یان هاوپەیمانێک لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارسی ئێران دا، کورد نەیتوانیوە داواکانی خۆی بە سەر ڕێژیمی تاران داسەپێنێ وئەوەی ئەورۆ دەبیندرێ پاشەکشە وچەق بەستوویی خەباتی ڕزگاری خوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە وحکومەتی مەلایانیش هیچ حیسابێک بۆ کورد وحیزبەکانی و مافی ئەو نەتەوەیە ناکا. گرفتی سەرەکی روانگەی دوو دێموکراتە لەوەی دایە کە خۆیان زیاتر بە نزیک کردنەوە لە کەسایەتی وگروپ گەلێک کە زیاتر سەر بە قەومی دەسەلاتدارە خەریک کردووە و بە قەولی خۆیان هەول دەدەن روانگەی ئەوان بە نیسبەت کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بگۆڕن و پشتگری ئەوان بۆ لای چارەسەری کێشەی کورد رابکێشن.

ئەو سیاسەتە تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچ دەسکەوتی بۆ حیزبی دێموکرات وگەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نەبووە و بە پێچەوانە زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتی و ئەحزابی بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەرەوەی وڵات کە سەر بە قەومی دەسەلاتدارن خۆیان لە کێشەی کورد نەداوە و روانگەکانیان زیاتر لە ڕێژمی ئیسلامی نزیکترە. ئەوان پیانوایە کە مەسەلەی کورد وباس لە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا ئەو وڵاتە بەرەو دابەشکردن دەبا وبۆیەش کورد بە جیاوازیخواز دەزانن. بەوهۆکارەشە کە بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوون کە لە گەڵ کورد وگەلانی دیکەی غەیری فارس بەرەیەکی دێموکراتیک پێک بێنن کە ببێ بە ئلترناتیڤی ڕێژیمی خومەینی وئێران وەکوو وڵاتێکی فرە نەتەوە وفرە زمان وکولتور وئاین قەبوڵ بکەن. هەر ئەو روانگەی ئەوان وایکردووە کە ڕێژیمی مەلایان بە کردەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێز ویەکگرتووی نەبێ کە ببێ بە هۆی مەترسی بۆ سەر ڕێژیمەکەیان.

د.قاسملوو لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی دا لە مەڕ بوونی کێشەی نەتەوەکان لە ئێران دا دەڵێ " بە بێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیکی راستەقینە مافەکانی گەلی کورد دابین ناکرێ وبە بێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردیش، ڕێژیم بە مانای تەواوی وشە دێموکراتیک نابێ. ئەگەر دوژمنانی شۆرشی کورد پیانوایە بە سازکردنی بەیت وباوی جیاوازیخوازی گەلی کورد ناچار بکەن حالەتی دیفاعی بە خۆوە بگرێ وداوای مافەکانی نەکا زۆر بە هەڵە چوون. ئێمە داوای دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆمان دەکەین ولە ڕێگای وەدەست هێنانی ئەو مافەش دا بە هەموو تواناوە تێدەکۆشین. ئێمە دڵنیاین هیچ ڕێژیمێک لە ئێراندا، ڕێژیمێکی بە راستی گەلی، دادپەروەر ودێموکراتیک نابێ، ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتیەکانی وڵاتی ئێمەیە

چارەسەر بکا.راستیەکەی ئەوەیە کە لە ئێراندا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ولأت پێک دێنن، خویندن بە زمانی زگماکی، پاراستن وپەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازی دانانی ئابوری وسیاسی ولە هەمووی گرینگتر دیارکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بەشێک لە مافە ڕەواکانی ئەو گەلەن.

د.قاسملوو لە سەر ئەو باوەرەیە کە " ئێرانێکی دێموکراتیک زامنی دابینکردن وپاراستنی مافەکانی گەلی کوردە وبە نەبوونی دێموکراسی ئەو مافانە دابین ناکرێ وبۆیەش دەلێ لە گەڵ رێژیمی خومەینی هیچ رێگایەک نیە، تەنیا چەک هەلگرتن وخەباتکردن هەتا سەر نیە ".

ئەو روانگەی د.قاسملوو دوای ٢٥ ساڵ بە سەر شەهید کرانی دا هەر تازەیە و رێژیمی ئیسلامی ئێران نەک بەرەو دێموکراسی وکرانەوە ودابینکردنی مافە سیاسی وکۆمەلایەتیەکانی گەلانی ئێران نەرۆیشتووە، بەلکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆری عەلی خامنەیی بە هێز وگوڕتر لە جاران سەرکوتی هەموو جۆرە داواکاری ومافەوئازادییەکانی کردووە وئەوەی راستی بێ کوردی رۆژهەلات هیچیشی لە لایەنی بە ناو " ریفۆرم خوازی " حکومەتی ودەرەوەی حکومەتی کە لە سەردەمی مەحەممەد خاتەمی وبە هاتنە سەر کاری ناوبراو وەکوو سەرۆک کۆمار دەستی پێکرد دەست نەکەوت وئێستاشی لە گەڵ بێ وبە هاتنە سەرکاری مەلا حەسەن روحانیش وەزعە هەروەکوو خۆیەتی. هەرچەند کوردی رۆژهەلات بە رێژەیەکی زۆر دەنگیان بە مەلا روحانی دا، بەڵام ناوبراو سالێک دوای بوون بە سەرۆک کۆماریش هەر خەریکی درۆ کردن وهەڵخەتاندنی کوردەکانی رۆژهەڵاتە و هەر رۆژەی درۆیەکیان تەحویل دەدا.

خەباتی چەکداری لە رۆژهەلاتی کوردستان زیاتر لە ٢٠ ساڵە کۆتایی پێهاتووە و خەباتی بە ناو مەدەنیش کە دێموکراتەکان وهیندێک لایەنی سیاسی باسی لێدەکەن و بە قەولی خۆیان سەردەمی ئێستا سەردەمی خەباتی مەدەنی وئاشتیخوازانەیە و هیچ شتێکی ئەوتۆ نابیندرێ کە خەباتی مەدەنی شاروشارۆچکەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی گرتبێتەوە وکوردانی رۆژهەلاتی بە خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە مەیدان دابن وداوای مافەکانیان بکەن. دوو دێموکرات ولایەنەکانی دیکەی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان نەیانتوانیوە خەباتەکەیان بکەن بە خەباتی جەماوەری و خەڵک لە دەوەری ئامانج وسیاسەتەکانیان کۆبکەنەوە و لە بەر کێشەی ناوخۆیی ودەرونی حیزبیان وکێشەی بەرژەوەندە شەخسییەکانیان، کێشەی سەرەکی ودوژمنی سەرەکیان کە کۆماری ئیسلامیە لە یادکردووە.

ڕێژیمی ئیسلامی ڕێژیمێکی فاناتیکی ئیسلامی شیعەیە وئامانجی بڵاوکردنەوەی بیروڕای کۆنە پەرەستانەی خۆمەینی و پەرەپێدانی بیرۆکەی پان شیعیسمە لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەوەی ئەورۆ لە لوبنانەوە هەتاکوو عێراق ڕوودەدا دەرخەری ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی لە فکری دروست کردنی ئیمپراتۆرێکی شیعەیە لە ناوچەکە دا لە دژی سوننە مەزهەبەکان وئاینەکانی دیکەی ناوچەکە. بۆیە چاوەڕوانی لەو ڕێژیمە کە دژی دێموکراسی وئازادی ومافەکانی ژنان ومافەکانی گەلانی غەیری فارس وشیعەیە کە بەرەو کرانەوە وگۆڕان ودێموکراسی هەنگاو بنێ و دان بە مافەکانی کورد وباقی گەلانی غەیری فارس وشیعە دابنێ ولە ئێراندا دێموکراسی ودادپەوەری ویەکسانی پێک بێنێ چاوەڕوانێکی زۆر ساویلکانەیە وجگە لەخۆفریودان و خۆ دزینەوە لە ڕاستیەکان هیچ نێویکی دیکەی لێ نانرێ..

حیزبەکانی ڕۆژهەلات، بە تایبەت دوو حیزبی دێموکرات پێویستە بە خۆیان و بە سیاسەتەکانیان دابچنەوە و لە پەیوەندی بە سیاسەت وهەڵویستیان بە نیسبەت دابینکردنی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەلات کێشەکانیان وەلا بنێنن و بە ڕوحی لێبوردویی و تەبایی و یەکریزی ویەکتر قەبول کردن، حیزبی دێموکراتێکی نوێ و یەکگرتوو و بەهێز دروست بکەنەوە. حیزبێک کە ببێتە جێگای هیواوهومید ومتمانەی هەموو خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان ولە ورمێ وە تاکوو ئیلام وئەولاتریش خۆیانی تێدا ببینەوە. ئەو کات خوینی د.قاسملووی شەهید وهەموو شەهیدانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە فیرۆنەچووە و ڕوحی هەموویان شاد دەبێ.

١١٣ی جوولای ٢٠١٤

---

## چەند وتەیەک لە سەر کۆمەڵە چیرۆکەکەم

ئەو کتێبە کە ١٦ چیرۆکی کورت ودرێژ دەگرێتە خۆ و لە کات و زەمان و شوینی جیاجیا دا نوسراون پێشکەش دەکەم بە دایکی زۆر ئازیز وخۆشەویستم "مریەم" کە لە تەمەنی گەنجی دا جوانە مەرگ بوو.

ئەو کۆمەڵە چیرۆکە، یەکەم ئەزموونی منە لە چیرۆک نووسین و بە هۆی نەبوونی دەرەتانی ماڵی بۆ چاپ کردن هەم بە شێوەی کتێبی ئەلکترۆنی و هەمیش بە شێوەی پدف بڵاوی دەکەمەوە. رێزو سپاس وپێزانینی بێ کۆتایی خۆم پێشکەش بە زۆر بەرێز کاک رەحمان نەقشی دەکەم کە زەحمەتێکی زۆری بەو کتێبەوە کێشاوە و ئامادەی کردووە.

ناوەرۆکی چیرۆکەکان هەڵقوڵاوی رووداوەکانی نێو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییین. هیچکامیان خەیاڵ وفانتازیا نین و بە پێچەوانەوە باس لە واقعی کۆمەڵگا و تاکەکانی نێو کۆمەڵگا دەکەن کە چلۆن بێرەحمانە هەم دەکەونە ژێر پێی حکومەتە سەرەرۆ و دیکتاتۆرەکانی رۆژهەلاتی ناوین و مافەکانیان پێشێل دەکرێ و هەمیش چلۆن لە لایەن هاو رەگەزەکانی خۆیان لە نێو کۆمەڵگا جیاوازەکان دا بە راحەتی پەراوێز دەخرێن و سووکایەتیان پێ دەکرێ. هەوڵم داوە هەم ئاوڕ لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بدەمەوە و هەمیش هی رۆژئاوایی کە خۆم ماوەی ٢ دەیەیە لە نێویان دا دەژیم.

چەند چیرۆکەم راستەوخۆ پەیوەندییان بە کولتور و داب ونەریت و سیستمی سیاسی وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگای فینلاندیەوە هەیە و باس لە کۆمەلێک کێشەی بەرچاوی کۆمەڵگای فینلاند دەکا. چەند دانە چیرۆکی دیکەشم پەیوەندی راستەوخۆیان بە پەنابەری وبە ژیان وگوزەران وبە گیروگرفتەکانی ژیانی کەمپ نشینی وئیقامەت وجێگیربوون وکۆمەلێک گیروگرفتی دیکەوە هەیە.

٥ی مای ٢٠١٤

---

## چەند وتەیەک لە سەر رۆمانەکەم " شارەکەم، بلێ رۆژێک بتبینمەوە ؟ "

ئەوە یەکەمین تەجروبەی منە لە رۆمان نووسین و ماوەی پتر لە دوو ساڵە کە لە نووسینی ئەو رۆمانە بوومەتەوە و هەر رامگرتبوو کە بەشکەم بواری مالی رێگا بدا و بتوانم لە سەر کاغەز چاپی بکەم،

بەڵام بە هۆی کۆمەڵێک گیروگرفت و بەربەستی دیکەی ژیان نەمتوانی چاپی بکەم. بۆیە بڕیارم کە چیدیکە لە ئارشیوی کامپیوتێرەکەم دا ڕاینەگرم و بە شێوەی ئەلەکترۆنی، واتە رۆمانی ئەلکترۆنی بڵاوی بکەمەوە. رێزدار کاک رەحمان نەقشی ئەرکی دیزاین و رێک و پێک کردنی رۆمانەکەی وەئەستۆ گرت و زەحمەتی زۆری پێوە کێشا و ئامادەی بلاوکردنەوەی کرد. گەلێک سپاسی بەرێزیان دەکەم بۆ ئەو کارە بە نرخەی کە کردی و هاوکاری باشی کردم.

دەست پێکی رۆمانەکە وەهەموو ڕووداوەکان و کات و شوین و درێژ بونەوەی لە یەکێک لە شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستانە. لە مەهابادە. کەسایەتییەکانی بە زۆرینە شارین و شوین و کات و ساتی ڕووداوەکانیش بەشی سەرەکی و زۆریان هەر لە شار ڕوو دەدن و لە درێژە دا ڕووداوەکان و پێشهاتەکان کەسایەتیە سەرەکیەکانی رۆمانەکە پەلکێشی ولاتێکی دیکە دەکەن و درێژەی رۆمانەکە لە سنورەکان تێدەپەرێ و دەڕوا بۆ ولاتێکی تر.

بە پێچەوانەی هیندێک رۆمانی دیکەی کوردی کە کەسایەتی و کات و سات و شوینی ڕووداوەکان زۆرتر لە لادێ روو دەدەن و زۆرتر فەزای ژیانی لادێ بە سەر بیروهزر وهەڵس وکەوتی نوسەر و کەساییەتیەکانی نێو رۆمانەکە دا زاڵە و ڕووداوەکانیش هەر لە چوارچیوەی لادێ دا ڕوودەدا، من هەولم دا کە فەزای ژیانی شاری بە سەر رۆمانەکە دا زاڵ بێ و کەساییەتیەکان لە خویندکار و بازاری و کرێکار و ماموستا و کارمەند و هتد لە ڕەگەزی پیاو و ژن پێکدێن. هەوڵم داوە کە ڕوانگە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا بە نیسبەت بابەتە کۆمەڵاتی و سیاسی و مێژووییەکان بخەمە ڕوو. هەولم داوە لە جیاتی کۆتایەکی تاڵ و کارەساتاوی، هیوا و ئومید بە داهاتوو ببخشم و لە جیاتی بەزین و پاشە کشە، خۆراگری و هەولدان بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان بخمە ڕوو. هەوڵ دراوە رێگا چارەی کێشەکان بخرێتە ڕوو.

هەوڵم داوە کە دیالۆگی نێوان تاکەکان و کەسایەتیەکانی نێو رۆمانەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرجەستە کەمەوە و ئەوە کەسایەتییەکانن کە دیالۆگ لە گەل یەکتر دەکەن لە کات و شوین و سەردەمی جیاجیا دا و ئەوە ئەوانن کە خۆیان لە نێو جەرگەی ڕووداوەکان دا دەبینەوە. بەو پێیە رۆلی نوسەر کەمتر هەست پێ بکرێ و زۆرترین مەسەلەکان لە زمانی کەسایتیە جیاجیاکانی رۆمانەکە چ وەکوو کەسایەتی یەکەم و دووهەم و سێهەم و چوارەم و چ وەک کەسایەتییەکانی دیکە کە هەر کام بە نۆرەی خۆیان دەور و رۆلی خۆیان دەگێرن دەبیسرێ.

تێبینی: نوسخەی پێشووی رۆمانەکە کە چەند رۆژ پێشتر بڵاوم کردەوە بە هۆی ئیشکالێکی بچوکی کە هەی بوو، لاپەرەکانی لە چەپەوە بۆ راستەوە دەگۆردران و کاک رەحمان نەقشی زەحمەتی کێشا و ئەو گرفتەشی چارەسەر کرد و ئەو نوسخەی ئێستا لاپەرەکانی لە راستەوە بۆ چەپ دەگۆردرێن.

هیوام وایە، هەموو ئەوانەی کە ئەو رۆمانە دەخوێننەوە چێژی لێوەربگرن.

٣٠ی ئەپریلی ٢٠١٤

---

## رێکەوتننامە شوومەکەی ١٩٧٥ ی ئەلجەزایر وئاکامە کارەساتاوییەکانی بۆ سەر کورد

ئەم ساڵ ٣٩ هەمین ساڵی ئیمزاکردنی رێکەوتننامە شوومەکەی ١٩٧٥ ە کە بە پەیماننامەی ئەلجەزایر ناسراوە. لەو رێکەوتننامە شوومە دا کە لە نێوان دەولەتی ئێرانی ژێر دەسەلاتی مەحەممەد رەزا شای پەهلەوی وعێراقی ژێر دەستی حیزبی بەعس دا کە سەدام حوسێن نوینەرایەتی دەکرد، نەتەوەی کورد کرا بە قۆچی قوربانی سیاسەتە چەپەڵەکانی ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان و دەولەتە زل هێزەکانی کە بەرژەوەندییان لەو رێکەوتننامە داهەبوو.

لە رۆژی ٦ی مارسی ١٩٧٥ بە نێوبژیوانی دەولەتی ئەلجەزایر بە سەرۆک کۆماری "هۆواری بومەدین" ئەو رێکەوتننامە لە ئەلجەزایر ئیمزا کرا وئاکامەکانی بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی وبۆ کوردی باشور و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی کارەساتاویی بوون وکوردیان تووشی قەتلەعام و ماڵ وێرانی و دەربەدەری وبێ مافی هەرچی زیاتر کرد ولە راستیدا سیاسەتی ژێنۆسایدی کورد بەرهەمی سەرەکی ئەو رێکەوتننامەیە شوومە بوو.

ئەو رێکەوتتنامە بە رواڵەت لە بابەت کێشەی سنوری عەرزی وئاوی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بوو کە سالانێکی زۆر وپێشتریش چەند جار تووشی شەڕ وپێکهەڵپرژانی کردبوون وگرژی وئالۆزێکی زۆری سیاسیان لە مابەین دابوو.

ڕووداوەکان وئەو کارەساتانەی کە دوای ئەو ڕێکەوتننامە نەسیبی نەتەوەی کورد بوو، دەری خست کە ئامانجی سەرەکی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەری کوردستان تێکشاندن ولە ناوبردنی شۆرشی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەو سەردەم دا بە پلەی یەکەم لە باشور وبە پلەی دووهەمیش لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو.

ئەو خاڵانەی کە لەو ڕێکەوتننامە دا هەر دووک دەولەت لە سەری ڕێکەوتن بە شێوەی خوارەوەیە:

١- نیشانە کردن و دیاری کردنی سنورەکانی عەرزی لە سەر بنەمای پرۆتۆکۆلی ئیمزاکراوی ئیستانبول لە ١٩١٣ کە لە نێوان دەولەتی ئەو کاتی ئێران ودەولەتی عوسمانی ئیمزا کرابوو و دەبا سالی ١٩١٤ جێ بەجێ کرابا.
٢- سنورەکانی ئاوی لە سەر بنەمای هێلی تالۆگ (خط القمر) دیاری بکرێن.
٣- ئاسایشی دوو دەولەت بە درێژایی سنورەکانی هەر دووک لایەن دابین بکرێ وچاوەدێری ورد وکاریگەر بە سەر سنورەکانی هاوبەش دابکرێ، بۆ ئەوەی لە دزەکردنی ئاژاوەگێران وتێکدەران بەرگری بکرێ.
٤- هەردووک لایەن بەرعۆدە بوون کە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامەکە بە تەواوی جێ بە جێ بکەن و هەرجۆرە پاشەکشەیەک لە جێ بەجێ کردنی تەنانەت یەکێک لەو خاڵانە دەبوو بە هۆی سەر نەکەوتنی ئەو ڕێکەوتننامەیە.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بە سەر دەسەلاتی بنەماڵەی پەهلەوی لە ١٩٧٩، سەدام حوسین لە بەرامبەر دوربینەکانی تەلەڤیزیۆن دا ئەو ڕێکەوتننامەی دڕاند وبە ناقانونی و داسەپاو وەسفی کرد و ڕایگەیاند کە حکومەتەکەی ڕێزی لێ ناگرێ. دوای هەڵایسانی شەڕی نێوان عێراق وئێران لە ١٩٨٠ وتەواو بوونی لە ١٩٨٨، جێ بە جێ کردنی تەواوی خاڵەکانی نێو ئەو ڕێکەوتننامە شوومە هەروا بە نیوە چلی ماوەتەوە وهێشتا بە تەواوی جێ بە جێ نەکراون. لەو ڕۆژانە دا وەزیرانی دەرەوەی کۆماری سێدارە وعێراق لە بەغدا کۆبونەوە وبۆ جێ بە جێکردنی هەموو خالەکانی ناو ئەو ڕێکەوتننامە، بە تایبەت دیاری کردنی هێلی سنوری ئاوی وعەرزی نێوان هەردووک لا کۆمەلێک باس وخواسیان کرد وقەرار وایە بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی کۆتایی، وەزیری دەرەوەی عێراق سەردانی تاران بکا وبە قەولی خۆیان ئەو کێشەیە ببڕنەوە.

بە ئاوڕدانەوەیەک بە خالەکانی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر و ڕووداوەکانی دوای ئەو، بە تەواوی ناوەرۆکی چەپەلی ئەو ڕێکەوتننامە شوومە دەردەکەون وئاکامە تراژیدییەکانی لە چەندین بوارەوە شرۆڤە دەکەین.

*یەکەم:* پشت گوێ خستنی ڕێکەوتنی نێوانی پارتی دیموکراتی کوردستان ودەولەتی عێراق بە سەرۆک وەزیری سەدام حوسێن کە بە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ناسراوە. لەو ڕێکەوتننامە دا دان بە کورد وبە زمانی کوردی وبە بەشێک لە مافەکانی کورد دانرابوو. ئەوەی جێگای سرنجە، ناوەرۆکی ئەو ڕێکەوتننامە هیچکات لە کردەوە دا جێ بە جی نەکران ودەولەتی عێراق تا ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر دەستی لە شەڕفرۆشی وداگیرکاری لە هەمبەر کوردی باشور هەڵنەگرت وبە کردەوە ناوەرۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەتاڵ کرابۆوە. لە دوای ڕێکەوتننامەی ١٩٧٥ ڕێژیمی پاشایەتی ئێران دەستی لە پشتگری سیاسی ومالی شۆڕشی کورد لە باشور هەڵگرت و دوو ڕێگای لە بەردەمیان دانا. یان چەک دانان وتەسلیم بوون وچوون بۆ ئێران و دوورکەوتنە لە سنورەکان وهەلبژاردنی ژیانی ئوردوگانشینی وئاوارەیی یان بەستنی سنور بە ڕوویاندا و پاڵ پێوەنانیان بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێک لە سنورەکانی ئێران نزیک نەکەونەوە وبگەڕێنەوە بۆ عێراق.

*دووهەم:* ئاش بەتاڵ وهەرەس هێنانی خەباتی ڕزگاری خوازی کورد لە باشور وتەسلیم بوون وهەڵبژاردنی ژیانی ئوردوگانشینی وئاوارە بوون وپەنابردنی بە هەزاران کوردی باشور بۆ ئێران ولە ئوردوگاکان ودوایەش لە شارەکانی ئێران نیشتەجێ بوونیان بوو بە هۆی ئەوە کە تەلاری کۆشکی هیواوئارەزووەکانی کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان تێک بروخێ و کورد وکوردستان بە گشتی تووشی کارەساتی سیاسی وفەرهەنگی وئابوری وکۆمەلایەتی قەرەبوو نەکراوە هات کە تاکوو ئەمرۆش ئاسەوارەکانی بە تەواوی هەر دەبینرێ. دەولەتی عێراق لە ڕێگای کردەوەی سەربازییەوە بە گورجی دەستی بە سەر هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگەی کوردستان داگرتەوە ودەستی کرد بە سوتاندن وروخاندنی گۆندەکانی سەر سنور بە درێژایی سنورەکانی باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان وتا قولایی دەیان کیلۆمیترهەموو ئەو ناوچانەی بە ناوچەی قەدەغە کراو ناودێر کرد وهیچ کوردێک بۆی نەبوو بەو ناوچانە دا تێپەڕ بێ وبە تەواوی میلیاریزە کرابوون وبە هەزاران سەربازی عێراقی ئەو ناوچانەیان داگیرکردبوو.

*سێهەم:* سیاسەتی ڕاگوازتن وتەعریب وپاکتاوی نژادی وزمانی لە دژی کورد لە کەرکوک وشاروگوندەکانی سەر بەو پارێزگایە کە پێشتر لە شێستەکانەوە دەستی پێکردبوو، لە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش گروتینێکی تازەی بە خۆوە گرت و لە سەرەتای هەشتاکانەوە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کە بە سیاسەتی ژێنۆسایدی کوردی باشور ناسراوە بە هەزاران کوردی لە سەرماڵ وحال وزێدونیشتمانی خۆی ئاوارە وڕەوانەی ئوردوگا زۆرە ملیانیان کرد و ١٨٢.٠٠٠

کەس کەوتنە بەرشلاوی کوشتن وبێ سەرو شوینکردن. بەکارهێنانی بە دەیان جار لە چەکە قەدەغە کراوەکانی لە چەشنی ناپالم وشیمیایی لە دژی خەلکی گوندەکان وهێزی پێشمەرگە و لوتکەی ئەو تاوانە دژە ئینسانیە هەلەبجەیە کە رێژیمی روخاوی بەعسی کارەساتێکی وای تووشی خەلکی ئەو شارە کرد کە تاکوو دەیان سالٚی دیکە ئاسەوارەکانی کومەلایەتی وتەندروستی وژینگەی وسایکۆلۆژی لە سەر تاکی کورد هەر دەمێنێ.

سیاسەتی لە ناوبردنی زمان وناسنامەی کوردی لە خویندگا ومەدرەسەکان وئیدارەکان وناوشارەکان بە خەستی دەستی پێکرد و خەلکیان بە زۆرە ملی دەکرد بە ئەندامی حیزبی بەعس ویان دەبا جاسوسیان کردبا. سیستمی جاشێتی بە هۆی ئاوارەیی هەزاران گوندی بۆ ئوردوگا زۆرە ملییەکان و نەبوونی کاروکاسبی ونەبوونی هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی داهات بۆ بژێوی بنەماڵەکان، وای کردبوو کە ژومارەی چەکدارە کوردەکان کە بە "جاش وفرسان وجەیشی شەعبی" پێناسە دەکرا لە هەزاران کەس تێپەرێ.

*چوارەم:* بواری سایکۆلۆژی مرۆڤی کورد بە تەواوی وێران کرابوو. بنەماڵە نەبوو کە شەهید وبریندار ونوقسان وئەنفال کراوی نەبێ و خەلک ناهومێد وهیوابڕاو بوون. لە لایەن عەرەبەکان وبەعسیەکان وەکوو ئاژەل لە گەلٚ تاکی کورد هەلٚس و کەوت دەکرا وکەمترین مافیان پێ ڕەوا نەدەیتن ودەبا هەموویان مل شۆری حیزبی بەعس و شەخسی سەدام حوسێن بان وبە بەژن وبالاّی ئەوییان هەلٚکوتبا ودوعایان بۆ ژیان وگوزەرانی ئەو دیکتاتۆرە کردبا.

*پێنجەم:* بواری ئابوری کوردستان، ژێرخانی ئابوری کوردستان بەهۆی وێران کردنی چەند هەزار گوند وئاوارە کردنی بە هەزاران گوندی و ڕاگواستنیان بە زۆر ملی بۆ ناو ئوردوگا زۆرە ملییەکان وبۆ ناو شارەکان بە تەواوی لێکهەڵتەکابوو. مرۆڤی کوردی گوندی بە تایبەت لە بەرهەم هێنەرەوە بوو بە بەکارهێنەرێکی بێ کەلٚک وکوردستان هیچ جۆرە پێشوەچوونێکی ئابوری وکشت وکالی تێدا نەدەکرا وهیچ جۆرە کارگە وکارخانەیەک نەبوو کە ئەو هەموو خەلٚکە بێکارە بحاوێنێتەوە وکاریان بۆ دابین بکا. حکومەتی بە پەرەپێدانی سیستمی جاسوسی وجاشایەتی وبە پشتگری کۆمەلێک لە ئاغا وعەشیرەتەکان شەڕی هیزی پێشمەرگەی کوردستانی هەم پێش ئاش بەتالٚ وهەمیش بە تایبەتی دوای ئاش بەتالٚ بە جاشەکان دەکرد وکوردی بە دەستی کورد بە کوشت دەدا وبەو جۆرە دوژمنایەتی زیاتری دەخستە نێو ریزی ئەندامانی کۆمەلٚگای کوردی.

*شەشەم:* هەرەس هێنانی شۆرشی باشوری کوردستان بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کاریگەری رەوانی وفەرهەنگی و سیاسی وئابوری بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر هەبوو ولەو نێوە دا خەباتی ڕزگاری خوازی لە رۆژهەلات کەوتبوو ژێر تەوژم وهێژمونی دەسەلاتی باشور وپەیوەندییەکانی سەرکردایەتی شۆرش لە گەڵ رێژیمی ئێران ولە گەڵ ساواک وئەرتەشی ئێران وایکردبوو کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەتوانن بە ئاشکرا خەباتی سیاسی وچەکداری لە دژی رێژیمی حەمە رەزاشا بکەن ولە نێوان بەرداشی شۆرشی باشوری کوردستان ورێژیمی حەمەرەزاشا گیریان کردبوو. رێژیمی حەمەرەزاشا بۆ کۆنترۆلی خەباتی سیاسی وتەشکیلاتی وتەنانەت چەکداری حیزبی دێموکرات زەختی دەخستە سەر سەرکردایەتی شۆرشی باشوری کوردستان وئەوانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان زەخت و گوشاریان دەخستە سەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات کە جموجۆلی تەشکیلاتی وسیاسی وبە تایبەت چەکداری لە دژی رێژیمی شای ئێران نەکەن.

لە راستیدا بەرێوەچوونی سیاسەتێکی لەوچەشنە لە لایەن رێژیمی حەمەرەزاشاوە وزەخت خستنە سەرپارتی دێموکراتی کوردستان بۆ بەرگری کردن لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نانەوەی ئاژاوە ودووبەرەکی لە نێوان کوردەکانی باشور و رۆژهەلاتی کوردستان بوو کە هەردووک لایەن لە خەبات وبەرخۆدان دابوون بۆ ڕزگار بوون لە دەستی داگیرکەر.

ئەنجامی ئەو باسە ئەوە دەردەخا کە قوربانی سەرەکی رێکەوتننامە شوومەکەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر نەتەوەی کورد بۆوە بە گشتی وهەموو ئەو کارەسات وتراژیدییانەی بە سەر کورد بە تایبەتی لە باشور هاتووە دەرئەنجامی ئەو رێکەوتننامە شوومەیە.

ئێستا ئیدی کوردی باشور خاوەن جێگە وپێگەیەکی گرینگە لە عیراق وناوچەکە ونابێ هەروا سووک وهاسان چاولێکەری ئەوە بن کە دەولەتی عێراق وکۆماری سێدارە باس لە جێ بە جێکردنی بە تەواوی خالەکانی نێو ئەو رێکەوتننامە شوومە بکەن.

بە پێچەوانەوە نەتەوەی کورد بە گشتی وحیزبە سیاسیەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی وبەتایبەتی تر دەسەلاتی هەرێمی کوردستان وحیزبە سیاسیەکانی ورێکخراوە مەدەنیەکانی دەبێ لە دژی ئەو رێکەوتننامە و

زیندووکردنەوە ڕابوەستن و ڕەسواوشەرمەزاری بکەن وداوا بکەن کە دەولەتانی عیراق وئێران داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکەن وخەسارەت و قەرەبووی مالی هەموو ئەو زیانانە بکەنەوە کە بە خەلکی شاروشارۆچکە وبە تایبەت بە گوندەکانی کوردستانیان گەیاندووە. دەبێ رێکەوتننامەی شوومی ئەلجەزایر وەکوو بەڵگەیەکی تاوان وجەنایەت وژێنۆساید سەیربکرێ ولە کۆروکۆمەلە نێو نەتەوەییەکان ولە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکانیش داوا بکرێ کە لەو بارەوە بە قازانجی کورد هەڵویست بگرن وپشتی داواکانی نەتەوەی کورد بگرن بۆ سەربەخۆیی ورزگار بوون لە چنگی داگیرکەرانی کوردستان.

٨ی مارچی ٢٠١٤

## ئێران ٣٥ ساڵ دوای شۆرشی ١٣٥٧ی هەتاوی

٢٢ی ڕێبەندانی ئەم سال ٣٥ ساڵ بە سەر شۆرشی گەلانی ئیران دا تێدەپەرێ کە بۆ ئازادی و ژیانێکی باشتر و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی ٥٠ ساڵەی بنەماڵەی پەهلەوییان تێکەوە پێچاو وبۆهەمیشە بە زبلدانی مێژوویان ئەسپارد. لە ماوەی ئەو ٣ دەهە و نیوە دا کە ئاخوندە شیعەکان بوونەتە دەسەڵاتداری ئێران وکۆماری ئیسلامیان بە ڕێفراندۆمێکی پرلە ریا وچەواشەکاری بە سەر خەڵکی ئێراندا سەپاند. لێرەدا جێگای خۆیەتی پرسیار بکرێ، کە خەڵکی ئێران بە گشتی وکورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی چ دەسکەوتێکیان لە دوای ٣٥ ساڵ دەسەلاتی ئاخوندە شیعەکان بووە و ئایا ئاکامی ئەو شۆرشە خویناوییە کە کوردی رۆژهەلاتیش چالاکانە تێیدا بەشدار بوو، هیچ خێروبێری بۆ بە دیاری هێنان؟ بۆ وڵام دانەوە بەو پرسە سەرەکییە، پێویستە لە چەند رەهەندەوە ئەو بابەتە گرینگە شرۆڤە بکرێ و لایەنەکانی جۆراجۆری بخرێتە بەرباس.

*یەکەم،* هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕاپەرینی خەڵک لە دژی دەسەڵاتی حەمە رەزاشای پەهلەوی لە ئێران بە گشتی ولە کوردستان بە تایبەتی چ بوون؟ ئایا داواکارییەکان وئامانج وهیواکان لە کۆی ئێراندا وەک یەک بوون؟ ئایا هەموو ئەوانەی لە سەراسەری ئێراندا لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدار بوون دەیانزانی بۆچی ولە پێناو چیدایە کە

دەبێ شا بڕوا وبە راستی دەیانزانی چیان دەوێ دوای رۆیشتنی شا و روخانی حکومەتەکەی؟ ئەو کەسانەی کە دەڵێن ' ئاخوندەکان شۆرشی خەلکی ئێرانیان دزی و بە تالانیان برد' چەندە بۆچوونەکەیان نزیکە لە راستی وئایا بە راستی مەلاکان کوت وپڕ هاتنە نێو گۆڕەپانەکە و بە بێ بەرنامە و پلانی پێشوتر سواری شەپۆلی ئێحساساتی کۆمەڵانی خەلک بوون وبە سیاسەتی پۆپۆلیستی' بە ئامانجەکەیان کە دامەزراندنی دەسەلاتێکی دینی بوو گەیشتن وخەلکیان وەکوو ئامرازی ئەو ئامانجەیان بەکار هێنا ودوایەش وڵامی چاکەی خەڵکیان بە گرتن وزیندان وکوشتن دایەوە؟

***دووهەم،*** ئایا بە راستی هەموو خەڵکی ئێران دژی دەسەلاتی پەهلەوی بوون و زۆرینەی ئەو کەسانەی کە بەشداری شۆرش و خۆپیێشاندانەکان بوون بۆ ئەوەی بوو کە باوەریان بە دامەزرانی حکومەتێکی دینی وئیسلامی بوو؟ ئایا ئەو خەڵکە لایان وابوو کە رێژیمی پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی دژی دین و باوەرە دینیەکانیانە؟ ئایا خەلکی ئێران بە گشتی تا پێش سەرکەوتنی شۆرشی ١٣٥٧ی هەتاوی نەیاندەزانی دینی ئیسلام چیە وهیچ ئاگادارییەکیان لەو دینە نەبوو، یان نەخێر بە پێچەوانەوە کە لایەنی راستی مەسەلەکەیە، زۆرینەی خەلکی ئێران موسولمان بوون و رۆژانە چ لە ماڵ وچ لە مزگەوت ئەرکە ئاینیەکانی خۆیان بە جێ دەگەیاند وئیسلامیان وەکوو دەینی خۆیان قەبول کردبوو؟

***سێهەم،*** جێگە وپێگەی ئەحزابی چەپ و سێکولار ودێموکراسی خواز لەو شۆرشە و لە روونکردنەوەی خەڵک کە لە داوی ئاخوندەکان نەکەون چ بوو؟ ئایا چەپەکان وئەحزابی چەپ وبیروباوەری چەپی کە بەشێکی زۆری ئەحزابی ئێرانیان بە کوردیشەوە بە خۆیان خەریک کردبوو، چەندە لە نێو جەماوەر دا جێگەوپێگەیان هەبوو وچەندە خەڵک دەیزانی کە نیزامی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی چیە؟ خەڵک چەندە بە باوەر وئیدەکانی وان ئاشنا بوون وچەندە سیاسەتەکانیان خەڵک پەسەند بوو؟ ئایا ئەحزابی چەپ بە گشتی دەیانزانی کێشە و گرفتی خەڵکی ئێران چیە و توانیبویان دەرکێکی واقعی لە کۆمەڵگای ئێران بکەن وبەوجۆرەی کە هەیە بیانناسن؟ ئایا ئەحزابی چەپ هیچ بەرنامەیەکی روون وشەفاف وئاشکرایان بۆ دوای نەمانی رێژیمی پاشایەتی هەبووە وبە راستی ئەو ئەحزابە سەر بەخۆ بوون یان سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی ئەو سەردەم بوون؟

بیجگە لەو کۆمەڵە هۆکارەی لە سەرەوە باس کرا، مەسەلەیەکی گرینگ کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ و دەبێ

بە وردی هۆکارەکانی شرۆڤە بکرێ، ئەو جێگە وپێگەیە بوو کە ئاخوندەکان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا هەیان بوو، بە تایبەت لە نێو خەلکی گوندەکان وچینی هەژار ومام ناوەندی شارەکاندا. ئەو چینانە لە لایەن دەسەلاتی پاشایەتی بە تەواوی پشت گوێ خرابوون وئاستی خراپی ژیانیان ونەبوونی خزمەتگوزاری پێویست و نەخویندەواری و دوورکەوتنەوەی رۆژ لە گەڵ رۆژی حکومەتیش لە هەژار وچەوساوەکان رێگای بۆ ئاخوندەکان خۆش کردبوو کە لەو دەرفەتانە کەڵکی باش وەرگرن و ناکۆکیکەکانی نێوان خەڵک وحکومەت بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و بیکەنە ئامرازی دەستیان بۆ بەرەنگاربونەوەی رێژیمی حەمە رەزاشا بۆهێنانە بەرباسی خواستەکانیان.

پێویستە ئەوەش بکوترێ کە بە هۆی مەزهەبی بوونی کۆمەلگای ئێران و مانەوەی لە چوارچێوەی سوننەتی دا و بێگانە بوون و دوور بوونی بە دونیای مودێرنی ئەو سەردەم ، مزگەوتەکان هەم جێگای عیبادەت بۆوە و هەمیش جێگای کۆبۆنەوە بۆ باس لە سەر کێشە سیاسی وکۆمەلاتییەکان و ئاخوندەکان بەردەوام خاوەنی جێگە وپێگەیەکی بە هێزی کۆمەلایەتی بوون وخەلک هەردەم متمانەیان پێیان بوون وبە قسەیان کردوون.

نەبوونی ئازادی سیاسی و نەبوونی ئازادی ڕادەبرین وقەدەغە بوونی ئەحزابی سیاسی دژبەری بنەمالەی پەهلەوی ونەبوونی رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی بە هەموو تەیف و قشرەکانیەوە ونەبوونی رۆژنامەی ئازاد وسەربەخۆ و دیکتاتۆری بنەماڵەی پەهلەویش لە سەروی هەمووانەوە چێنی روناکبیری کۆمەڵگای خستبوو تەنگەژەوە و ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی سیاسی و رۆژنامەوانان ونوسەران وشاعیران و تەنانەت ئاخوندەکانیشی کەوتبونە زیندانەوە.

لە حەشیمەتی ٣٠ میلیۆنی ئەو سەردەمی ئێران رێژەیەکی یەکجار زۆر لە خەلک نەخویندەوار بوون و ئاستی خویندەواری خویندەوارەکانیش لە شارەکان دا زۆر نزم بوو. لە دێهات ئەو رێژەیە زیاتر لە 90 دەرسەد بوو ولە شارەکانیش رێژەی نەخویندەواری لە نێو پیاوەکان دا زۆر لە سەرێ بووە. رێژەی خویندکارانی زانکۆش لە ئاستێکی بەرچاو نەبووە، چونکە هەموو بنەماڵەیەک ئەو ئیمکان ودەرفەتەیان بە تایبەتی لە بواری مالیەوە نەبووە کە رۆلەکانیان بۆ خویندنی بالا بنێرن بۆ زانکۆ.

لە نێو ژنانیش ئەوە هەر باسی ناکرێ کە خویندن و مەدرەسە چوونیان نەک هەر ئیمکانی نەبوو، بەڵکوو لە زۆر

شوین بە گوناح و حەرام سەیر دەکرا. باقتی کۆمەڵگاش لە کۆی خۆیدا تایفەیی وعەشیرەیی بوو. دەرەبەگ وسەرۆک عەشیرەت و ئاغاکان هەمەکارەی دێهات بوون ولە شاریش نفوزی زۆریان هەبوو وهەمووشیان پشتیان بە حکومەت قایم بوو.

دیکتاتۆری رژێمی پەهلەوی ونەبوونی ئازادی سیاسی ونەبوونی هێزێکی قانونی بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن وکۆبونەوەی هەموو دەسەلاتەکە لە دەستی شەخسی شا دا و بەستراوەیی رژێمەکەی بە ئینگلیس وئامریکا وهەژاری ونەداری ولە پەراوێز خرانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کۆمەڵگای ئێران و نەخویندنەوەیەکی دروست و واقعبینانەی ئەحزابی چەپی و لاواز بوونی جێگەو پێگەیان لە ناو خەڵکدا، هەمووی بوونە هۆی ئەوەی کە ئاخوندەکان لە نفوز وجێگە وپێگەیەکی بە هێز کە لە ناو خەڵک داهەیان بوو ئەو پەرێ کەڵک وەرگرن و ببنە مەیدان داری گۆرەپانەکە و وجلەوی شۆرشەکە بگرنە دەست خۆیان و لە دوای سەرکەوتنی شۆرشەکەش یەکسەر ببنە خاوەن دەسەڵات وهەمەکارەی وڵات ودوای قایم کردنی جێگەوپێگەی خۆیان کەوتنە گرتن وڕاوەدوونان وکوشتنی نەیارانی رژێمی ئیسلامی بە رێبەری خومەینی.

خومەینی لە رێگای پروپاگەندەی ئاخوندەکانەوە و بە هۆی دژایەتی کردنی رژێمی پاشایەتی و تەبعید کرانی بۆ عێراق و دوایەش وەدەرنانی لەو وڵاتە ونێردرانی بۆ فەرانسە جێگە و پێگەیەکی تایبەتی وای بۆ خۆی دروست کردبوو کە لە گۆرەپانی سیاسی ئێراندا ولە سەردەمی شۆرشەکە دا هیچ رەقیبێکی نەبوو کە بتوانێ مل ملانەی لە گەڵ بکا و لە دژی بوەستێتەوە. تەنانەت ئەحزابی چەپ وکۆمونیستی ئێرانیش کەوتنە پشتگری ولاینگری لە خومەینی و پێیان وابوو کە دەبێ پشتگری خۆمەینی بکەن بۆ رووخاندنی رژێمی پاشایەتی. غافل لەوەی کە خومەینی نە دیموکراسی خوازە، نە سۆسیالیستە ونە کۆمۆنیستە.

گەورەترین حیزبی چەپی ئێرانی حیزبی تودە بوو کە سەربەخۆیی سیاسی نەبوو. هەرچی لە مسکۆ پێیان کوترابا بێ سێ ودوو جێ بەجێیان دەکرد ولە راستیدا ئەو حیزبە زۆرتر لە خزمەت سیاسەت وئەهدافی یەکێتی سۆفیەت دا دەجولایەوە. هەروەکوو دیتراش لە هەڵسەنگاندن وسیاسەتەکانی بە نیسبەت خومەینی ودارودەستەکەی بە هەڵە چوو. پێیان وابوو، چونکە خومەینی دروشمی دژی ئامریکا دەدا، ئەوە دۆستی سۆفیەتە و نابێ دژایەتی بکرێ ودەبێ پشتگری نیزامی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بکەن. ئاکامی خەیانەتی حیزبی تودەش بە کۆمەڵانی خەلک

وخۆش خزمەتیان بە کۆماری سێدارە بوو بە هۆی ئەوەیکە سەرانی ئەو حیزبە یەک لە دوای یەک بکەونە زیندان وناچار بکرێن کە تۆبە بکەن وبە قەولی ئاخوندەکان ببن بە موسولمان.

لە رۆژهەلاتی کوردستانیش هەل ومەرجەکە بە نیسبەت باقی ناوچەکانی ئێران بە تایبەت لە بەراوەرد بە شارە گەورەکانی دیکە گەلێک خراپ بوو. کوردستان ناوچەیی نیزامی وئەمنیەتی بوو. لە بواری ئابورییەوە زۆر دواکەتوو بوو. نە کارگە ونە کارخانەیەک ونە زانکۆیەکی لێ نەبوو. لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان ودوای تێکشانی راپەرینی چەکدارانەی ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٦ بە هەزاران سەرباز و ژاندارم وجاش تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیبوو. خەلک نەدار وبێکار بوون و ئاستی خویندەواریش تەنانەت لە شارەکانیش لەو ئاستە دا نەبوون کە دەبا ببا وژیان وگوزەرانی خەلکێش بە هۆی پشت گوی خستنیان لە لایەن حکومەتەوە هەر زۆر خراپ بوو. خەلک بە هۆی دەزگای ساواکی رێژیم زۆر لە ژێر فشار دابوون و بە سەدان رۆلەی ئازادیخوازی کورد لە زیندانەکانی رێژیمی حەمە رەزاشا دابوون. بە گشتی کوردستان وەکوو وڵاتێکی داگیرکراوی لێهاتبوو.

خەبات وتێکۆشانی چالاکانی سیاسی بە تایبەتی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتبوو دەرەوەی سنورەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و زۆربەی ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە هەل ومەرجێکی زۆر دژوار ولە ژێر گوشار و هەڕەشەی دەزگای ساواکی رێژیمی پەهلەوی لە باشوری کوردستان دەژیان و ژمارەیەکی کەمیشیان بە وڵاتانی ئوروپایی دا بلاوببونەوە.

هاوکات لە گەڵ دەست پێکردنی خۆپێشاندانەکانی سەراسەری لە ئێران دا، لە رۆژهەلاتی کوردستانیش جەماوەری چەوساوە و ماف پێشێڵ کراوی کورد هاتنە سەر شەقامەکان وهاوڕا لە گەڵ خەلکی باقی ئێران تاکوو رووخانی رێژیمی حەمە رەزاشا لە مەیدان دامانەوە وگەڵێک فیداکارییان کرد وکۆمەلێک کەس بوونە قوربانی. سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران نەک نەبوو بە هۆی ئەوەی کە ئێش وئازارەکان ونەهامەتی و بێ مافیەکانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کەم بێتەوە، بەلکوو بە پێچەوانەوە دەولەتی ئیسلامی شیعەی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بە رێبەری خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی گەلی کورد دەکرد وئاکامی ئەو سیاسەتە چەپل وشومەی خومەینی و سیاسەتی پاوان خوازانە ودژە دێموکراتی ودژە ئینسانی حکومەتەکەی کە لە ماوەی ٣٥ سالی رابردووە درێژەی هەبووە، هیچ خێروبێری بۆ رۆژهەلاتی کوردستان نەبووە وبە پێچەوانە بەشی کوردی رۆژهەلات لە پەراوێز خستن و

سوکایەتی وگرتن و زیندان وئەشکەنجە وئێعدام وپەتی سێدارە ولەشکرکێشی وداگیرکاری بووە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەردەسەلاَت کۆمەلێک سیاسەتی گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی شۆرشی ئیسلامی بە هەموو ناوچەکە ودونیا دابلاَو بکاتەوە وئاکامی ئەو سیاسەتە دوای ٣٥ سالْ ئێرانی تووشی کارەسات و قەیرانی سیاسی وئابوری و کۆمەلایەتی زۆر گەورە کردووە وئێرانی ئەمرۆ لە دونیا دا ولاَتێکی پەراوێزخراو وبێزراوە. بۆ بەرچاو روونی زیاتر ئاماژە بە چەندین خالّی گرینگ لەو بارەوە پێویستە.

١- پەلامار دانی سەفارەتی ئامریکا لە لایەن کۆمەلێک گەنجی توندئاژۆی ئیسلامی کە خۆیان بە ' قوتابیانی رێبازی ئێمام خومەینی ' دەناساند. لەو کردوە تێرۆریستیە دا ٦٦ دیپلۆمات وکارمەندی سەفارەتی ئامریکا بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژ بە بارمتە گیران وئەو کردەوە کە بە ئەمروفەرمانی خومەینی جێ بە جێ کرا، هەر لە سەرەتاوە خەبات وشۆرشی گەلانی ئێرانی وەکوو حەرەکەتێکی تێرۆریستی دەرخست. خومەینی لەو پەیوەندیە دا دەلێ ' ئەو شۆرشی دووهەمی ئێرانە '.

٢- شەرِی ٨ سالەی نێوان کۆماری ئیسلامی ورێژیمی روخاوی سەدام حوسێن. ئاخوندەکان بە پێ داگرتن لە سەر ئەوەی لە ' رێگای کەربەلاوە دەگەنە قودس' درێژەیان بەو شەرە مالْویرانکەرە دا وبە میلیۆن لە خەلکی ئێرانیان بۆ ئامانجە شومەکانیان بە کوشت دا وبە هەزاران بریندار وبە سەدان کەس بە دەستی سپای عێراق بە دیل گیران وبە دەیان شاری ئێرانی زیانی قورسی گیانی وئابوری بەرکەوت وئاخرێکەشی خومەینی ناچار بوو جامی ژەهر بخواتەوە و راوەستانی شەرِ قەبول بکا ولە ' رێگای کەربەلاوە نەگەیشتە قودسیش'. ئێستاشی لە گەل بێ قەرەبووی ئەو هەموو زیان وزەرەرەی کە لە ئاکامی شەرِی 8 سالە بەرخەلکی شاروگوندەکانی ئێران کەوت نەکراوەتەوە وکۆماری ئیسلامی بۆ مەبەستە سیاسیەکانی خۆی وبۆ ئەوەی حکومەتی شیعەی عێراق لە ژێر ئەمروفەرمانی خۆیدا رابگرێ ودەستی بالاَی هەبێ لەو ولاَتە دا بێدەنگی لێکردووە وباسی وەرگرتنەوەی خەسارەت لە دەولەتی شیعەی عێراق ناکا.

٣- هەولْدانی رێژیمی مەلایان بۆ پەرەپێدان وتەکمیل کردنی پرۆژەی ناوەکی بۆ دەست پێراگەیشتن بە بۆمبی ئەتۆمی کە لە سەردەمی رێژیمی پەهلەوی دەستی پێکردبوو، دواجار وای لێهات کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی مل

هوری و دژایەتی کردنی بڕیارنامە نێو نەتەوەییەکان وشورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان وشاردنەوەی ناوەرۆکی بەرنامە ناوەکییەکانی لە ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ناوەکی ودرێژ پێدان بە پیتاندنی یۆرانیۆم ودانان و بە کارگرتنی بە هەزاران سانتریفوژی نوێ، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە دژی خەلکی ئێران بەسیج کرد و قورسترین گەمارۆکانی ئابوری ومالی وبازرگانی خرایە سەر ئێران وگەلانی ئێرانی بەرەو قەیرانی یەکجار گەورە بردووە و هەژاری وبێکاری و نەداری بەرۆکی خەڵکی گرتووە.

٤- پشتیوانی ویارمەتی دانی گروپە ئیسلامیە توندرەوەکان وگروپە تێرۆریستیەکانی شیعە وسوننە لە وڵاتانی جۆراوجۆر و لە ڕێگای دابین کردنی چەک وچۆل ودانی پارە ودەستێوەردانی لە کاروباری ئەو وڵاتانە کە نموونەی هەرە زەقی ئەو دەستێوەردانە لە ناوچەی ژێردەسەلاتی فەلەستینیەکان ولە وڵاتانی لوبنان، یەمەن، بەحرەین، عێراق، ئەفغانستان وسوریە یە. پشتگری ویارمەتی دانی مالی وسەربازی ڕێژیمی مەلایان لە ڕێژیمی جەنایتکارو ئینساکوژی بەشار ئەسەد بۆتە هۆی ئەوەیکە زیاتر لە ١٠٠.٠٠٠ ئینسانی بێ تاوان بکوژرێن وبە هەزاران برینداروچەند میلیۆنیش ئاوارە و دەربەدەربن. ڕێژیمی مەلایان بۆ مانەوەی خۆی خەلکی سورییەی کردۆتە قەڵغانی بەلا گێرەوە وچ باکی لەوەی نیە ئەگەر هەموو ئەو وڵاتە لە گەل عەرز تەخت بکرێ وتاقە کەسێکی تێدا نەمێنێ. گرینگ ئەوەیە کە سیاسەتە شومەکانی خۆی لە ناوچەکە بەرێوە ببا.

٥- ڕێژیمی مەلایان بە هۆی ئەو گوشارانەی کە لە سەریتی و بۆ ئەوەی خۆی لە رووخان وهەرەس هێنان ڕزگار بکا و بە هۆی ئەوەی پێویستی بە پارە هەیە وتووشی قەیرانی کەمی پارە هاتووە بە ناچار مل کەچی داواکانی گروپی ٥+١ بووە و لە ئاخرین کۆبونەوەی ناسراو بە ژنێڤی ٢ تایبەت بە قەیرانی ئەتۆمی ئێران ملی بۆ هەموو داواکانی ڕۆژئاوا شۆڕ کرد و ئامادە بووە کە لە ماوەی ٦ مانگدا هەموو ئەو خاڵانەی کە لە سەری ڕێککەوتوون جێ بە جێ بکا ولە بەرابەر دا برێک پارەی گل دراوی خۆی پێ دەدەنەوە.

٦- پەرەپێدانی فەساد ومادە سڕکەرەکان و فەحشا لە کۆمەڵگای ئێراندا وڕێژەی خۆکوشتن وتەڵاق هەڕەشەی زۆر گەورەن بۆ سەر پێکهاتەی بنەماڵە وکۆمەڵگای ئێران. گرتن وکوشتن وسێدارە وتیرۆری دەولەتی کە لە لایەن دەزگای ئیتلاعات ودەزگا ئەمنی ونیزامیەکانی ڕێژیمی مەلایان ودارودەستەی وەلی فەقی بەرێوە دەچێ، ئێرانیان کردۆتەوە زیندانێکی مەخۆف بۆ ئازادیخوازان وجودابیران. پەرەپێدانی سیاسەتی تێرۆریزمی دەولەتی وتێرۆرکردنی

نەیارانی سیاسی رێژیم لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران و پێشێل کردنی ئازادی تاک وکۆیەکانی مەدەنی وسیاسی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا ولە پەراوێز خستنیان و بەشداری پێ نەکردنیان لە دەسەڵات و رێگە لێ گرتنیان لە بەرێوەبەری کاروباری ناوچەکانی خۆیان.

لە رۆژهەلاتی کوردستان دەسکەوتی خەلک لە ماوەی ٣٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا زۆر روونە و ڕەنگ بێ پێویست نەکا کە خاڵ بە خاڵ باس بکرێ. هەمووما‌ن بە باشی کۆماری سێدارەمان ناسیوە وباش دەزانین کە دوژمنی کوردە وهیچی بۆ کوردی رۆژهەڵات بە دیاری نەهێناوە جگە لە تەحقیر وسوکایەتی وجێ بەجێ کردنی سیاسەتی تێرۆری دەولەتی وتیرۆری رێبەرانی کورد و سەدان کادروپێشمەرگەی سەر بە حیزبەکانی رۆژهەلات و بێبەش کردنی کورد لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسیەکانی. مەسەلەیەکی گەلێگ گرینگ کە دەبێ ئاورێ لێبدرێتەوە وهەڵوێستەی لە سەر بکرێ، دابڕدابڕبوونی حیزبەکان وبە یەکەوە هەڵنەکردنیان و لێک جیابونەوە ولێکدابڕانی ناوخۆی حیزبەکانە کە کۆمەلێک خەساری قەرەبوو نەکراوەی لە جەستەی زامداری خەباتی ڕزگاری خوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان داوە وئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە خەباتی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە ئاقارێکی نادیار دا بڕوا و کۆماری ئیسلامی بتوانێ بێ هیچ ترس وبەربەستێک لە سەر عەرزی واقع هەمە جۆرە سیاسەتێک لە دژی خەلک لە رۆژهەلاتی کوردستان جێ بە جێ بکا. لە راستیدا حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە مەیدانەکە وەدەرنراون و بە تەواوی بێدەسەڵات کراون.

هۆکارەکانی پاشەکشە ولاواز بوونی خەباتی ڕزگاری خوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وقەتیس مانەوە و دەربازنە بوونی لەو قەیرانەی تووشی بووە، بێ مافی وسوکایەتی وتەحقیرکرانمان لە لایەن دەسەلاتدارانی کۆماری سێدارە دەبێ هەمووما‌ن بە تاک وکۆ بجولێنێ ولە خۆمان بپرسین کە چلۆن وبە چ شێوازێک لەو قەیرانە ڕزگارمان دەبێ و چۆن وبە چ رێگا و شیوازێک دەتوانین خەباتی ڕزگاری خوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان ببوژێنینەوە وبە هەوڵ وهیمەت وتێکۆشانی هەمووما‌ن کارێک بکەین کە کوردی رۆژهەلاتیش دەنگی لە نێو دەنگان بێ وسەری لە نێو سەران بێ.

١١ی فێبریوێری ٢٠١٤

## ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ڕوانگەی لە مەڕخویندنی بە زمانی زگماکی.

یەکێک لە ڕێگاکانی سڕینەوەی ناسنامە ومێژووی گەلێک لە سەر گۆی زەوی لە ناوبردنی زمانەکەیەتی ونەتەوەی بێ زمانیش یانی مردوو ولە گۆڕنراو. ئەوەی لە مێژووی هاوچەرخ لە ماوەی سەدەکانی ١٩ و ٢٠ لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان بە نیسبەت کورد کراوە، جگە لە پارچەپارچە کردنی خاکەکەی و لە ناوبردنی فیزیکی خۆشی وکاول کردنی زێد ونیشتمانی، هەوڵدانی بە پلان وبەرنامەی نژادپەرەستانەی تورک وعەرەب وفارس بووە بۆ سرینەوەی زمانەکەشی. تورک وفارس وعەرەب لە ڕێگای کولتور و زمانی داسەپاوی خۆیان هەموو هەوڵیان ئەوە بووە بە سرینەوەی زمانی کوردی، شوناس وناسنامەی ئەو نەتەوەیەش بسڕنەوە وبە تورک وفارس وعەرەبی بکەن.

لە ئێرانی ژێر دەستی بنەماڵەی پەهلەوی و دوای وانیش ژێر دەستی ئاخوندە شیعەکانی دەسەلاتداری تاران، سیاسەتی سرینەوەی زمانەکانی غەیری فارسی بۆ بەهێز کردنی جێگە وپێگەی زمانی فارسی وناسیۆنالیزمی فارسی بە پلان وبەرنامەوە لە لایەن قەومی بالادەست بێ پسانەوە درێژەی بووە. زمانی سەقەتی فارسی کە هەم لە نووسین وهەمیش لە " فۆنەتێک" واتە دەنگدا کەم وکۆری یەکجار زۆری تیدایە و ٦٠ دەرسەدی ئەلف وبێ و ڕێزمان و وشەکانی لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە بە زۆرە ملی و زەبروزەنگ و لە سەر حیسابی لە ناو چوون وسرینەوەی زمانەکانی دیکەی غەیری فارسی بە زمانی خویندن وپەروەردە و زمانی فەرمی ئێران ناسراوە.

کۆماری ئیسلامی بۆ هەلخەڵەتاندن وبە لارێدابردنی گەلانی غەیری فارس وتەنانەت خەڵکانی بێگانە و وڵاتانی دیکە چەند ماددەی بێ ناوەرۆک وبێ کەڵکی لە ناو قانون بنەرەتی ڕێژیمەکەی کە بە "قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران" ناسراوە گونجاندووە ولە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردوو دا هیچکام لە دمراست ودەسەلاتدارانی سەرەکی ڕێژیمی مەلایان ئامادە نەبوون ئەو چەند ماددە بخنە بواری جێ بە جێ کردنەوە.

لە پەیوەندی بە زمان وخویندن وپەروەردە ومافی بەرابەر بۆهەموو تاکەکانی نێو چوارچێوەی جوغرافیای ئێران لە مەڕ بەکارهێنان و پەروەردە بە زمانی زگماکیان ٣ خال گونجێندراوە کە جێگای لێوردبونەوە وشرۆڤە کردنن. لەو ٣ خالە یان بە قەولی دانەرانی ئەو " اصل" دا کۆمەلێک ناتەباتی دەبینرێ ولە راستیدا ناوەرۆکی ئەو خالانە بۆ

لاواز کردن وسرینەوەی زمانەکانی غەیری فارسیە کە زۆر نژاپەرەستانە کاری بۆ کراوە ودەکرێ.

لە خالی ١٥ یا بە فارسیەکەی "اصل ١٥" ی قانونی ئەساسی دا نوسراوە "زبان وخط رسمی ومشترک مردم ایران فارسی است. اسناد ومکاتبات ومتون رسمی وکتب درسی باید با این زبان وخط باشد، ولی استفاده از زبانهای محلی وقومی در مطبوعات و رسانەهای گروهی وتدریس ادبیات آنها در مدارس در کنار زبان فارسی آزاد است".

لە ناوەرۆکی خالی ١٥ دا بە شێوەیەکی زۆر نژادپەرەستانە وئامانجدار بە ئاشکرا زمانی نەتەوەکانی غەیری فارسی حاشای لێکراوە و بە زۆرە ملی  زمانی فارسی کراوە بە زمانی نووسین وخوێندن وپەروەردەی هەموو دانیشتووانی ئێران بە فارس وغەیرە فارسەوە. زمانی فارسی وەکوو زمانی ئێران وئێرانیان پێناسە دەکرێ ولە راستیدا ئەو مافە بە فارسەکان دەدا کە وەکوو نەتەوەی حاکم یان خاوەنی ئیران خۆیان بناسێن وئەو حەقەیان هەیە کە چۆنیان پێ خۆش بێ حوکمی وڵات بکەن. لێرە دا فارسەکان وەکوو نەتەوە دەناسێنێ، چونکە زمانەکەشیان زمانی رەسمی خویندن ونووسینی ئێرانە. زمانەکانی غەیری فارسی بە زمانەکانی " ناوچەیی وقەومی " پێناسە دەکا. ئەوەش بەو واتایە دێ کە ئەو نەتەوانە لە شوناس وناسنامەیەکی جیاواز بێبەش دەکا ولە قالبی ئێرانی بوون دا مافی خۆ پێناسە کردنیان لێ دەستێنێتەوە وبۆیان نیە ئیدەعا بکەن کە نەتەوەی جیاوازن و زمانی جیاوازیان هەیە. لە راستیدا شتێکی زۆر بێ ناوەرۆک وبێ مانایە کە زمانی نەتەوەیەک بە زمانی " کوچە وگەرەک وعەشیرەت " پێناسە بکرێ.

ئەو جورە پێناسە کردنە وەکوو ئەوە وایە کە، ئەو خەڵکانەی  لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران دا دەژین و زمانی دایکیان فارسی نیە هیچ هۆوییەت وپێناسەیەک نایانگرێتەوە وجەماعەتێکی کۆچەری و میوانن. دەنا زمانی "محلی " یانی چی؟ مادام ئێران بێ دوو دلێ وشک وگومانەوە پێکهاتەیەک لە نەتەوە وزمان وکولتور وئاین ومەزهەبی جیاوازە، فارسەکان ناتوانن بە تەنیا پێناسەی نەتەوە بۆ خۆیان بکەن و ماباقی کە غەیرەن بە عەشیرە وقەبیلە وقەوم پێناسە بکەن. هەروەکوو چۆن ناتوانن ئەو پێناسەیە بۆ زمانی فارسی بکەن کە زمانی فارسی زمانێکی سەربەخۆ وکامڵ وبێ عەیبە و بەڵام زمانەکانی دیکەی غەیری فارسی نێو چوارچێوەی جوغرافیای ئێران زمان نین وئەو پێناسە نایانگرێتەوە وبەڵکوو زاراوەیەکن لە زمانی فارسی.

هەرلەو خالە دا مەسەلەیەکی دیکەش کە دەبێ وردبونەوەی لە سەر بکرێ، ئەوەیە کە بۆچی دان بە بوونی ئەو زمانانە دانەنراوە وهیچ باسێکیان لێوەنەکراوە، بەڵام نوسراوە کە "کەلک وەرگرتن لە زمانە ناوچەیی وقەومیەکان لە میدیا و ڕاگەیاندنە گشتیەکان وفێرکردنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانەکاندا لە پەنا زمانی فارسی ئازادە".

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە، کاتیک کەسێک لە مندالیەوە ڕێگای خویندن و فێربوون بە زمانی دایکی لێ بەربەست کرابێ ونەزانێ بە زمانی زگماکی بنووسێ وبخوێنیتەوە، چۆن دەتوانی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی بە زمانی دایکی خۆی بکا کە هیچی شارەزاییەکی لێی نیە؟ پاشان کوتنەوەی ئەدەبیاتی خەڵکانی غەیرە فارس بۆچی ولە پێناو چیدایە وکێن ئەوانەی کە دەبێ ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرن وبە قەولی فارسەکان " تەدریسی ئەدەبیاتی قەومی لە ناو مەدرەسەکاندا بکەن" ؟

کاتێک قەومی باڵا دەست وحاکم دان بە بوون وناسنامەی گەلانی غەیری فارس دانانێ، زمانەکەیان وەکوو نەبوو حیساب دەکا وهیچ ڕێز وحورمەتێکیان بۆ دانانێ، چۆن باوەر بەوە دێنێ کە ئەو گەلانە خاوەنی مێژوو وزمان وئەدەبیاتن؟ مەگەم ئەدەبیاتی هەر گەلێک بە زمانی ئەو نەتەوە نەنوسراوە و نانوسرێ؟ ئایا ئەدەبیاتی کوردی بە کوردی نوسراوە یان بە فارسی؟ ئەگەر بە فارسی نوسراوە، ئەی چۆن پێێ دەلێن ئەدەبیاتی کوردی؟

لە خالی ١٦ یا "اصل ١٦"ی بە ناو قانونی بنەرەتی کۆماری ئیسلامی دا نوسراوە "از آنجا کە زبان قرآن وعلوم ومعارف اسلامی عربی است و ادبیات فارسی کاملا با آن آمیختە است، این زبان باید پس از دورە ابتدائی تا دورە متوسطە در همە کلاسها و در همە رشتەها تدریس شود".

لەو خاڵدا بۆ ئەوەی زمانی فارسی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ پێناسە بکەن ونەلێن کە بەشی هەرە زۆری لە عەرەبی وەرگیراوە نالێن زمانی فارسی بە شێوەی کامل تێکەلە بە عەرەبی، بەڵکوو دەلێن "ئەدەبیاتی فارسی بە تەواوی تێکەڵاوی عەرەبیە". ئەوەش بۆ ئەوەیە کە جێگە وپێگەی زمانێکی سەربەخۆ بە زمانی فارسی بدەن وشوناس وهۆوییەتی بە تەواوی لە زمانی عەرەبی جیابکەنەوە. بە پێێ لێکۆلینەوە وشرۆڤە کردنی کارناسانی فارسی زمان کە خۆیان فارسی زمان وئێرانین، زمانی فارسی پتر لە ٦٠ دەرسەدی لە عەرەبی وەرگیراوە کە شامیلی ڕێزمان ووشە و زۆر شتی تر دەبێ. با لە وشە فەرانسەوی وئینگلیسی و روسیەکانی نێو زمانی فارسیش گەرێێن کە

ئەوانیش جێگەیان بۆ خۆیان کردۆتەوە بە هۆی بوون وهاتنی تاکەکان ولەشکر وشەریکەکانی ئەو نەتەوانە بۆ ئێران بە هۆکاری سیاسی وفەرهەنگی وئابوری.

لە خالی ١٩ یا "اصل ١٩" دا هاتووە کە "مردم ایران از هر قوم وقبیله کە باشند از حقوق مساوی برخوردارند و رنگ، نژاد وزبان ومانند اینها سبب امتیاز نخواهد شد".

ناوەرۆکی ئەو ماددەیە بە تەواوی درۆیە و هەمووی بۆ چاوبەستن وخۆڵ لە چاوکردنی خەڵکانی غەیری فارس وشیعەیە. ئەوەی لە ماوەی ئەو ٣٤ ساڵەدا لە ئێرانی ژێر دەستی ئاخوندە دەسەلاتدارە شیعەکان بینراوە، جگە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نژادپەرەستانەی نەتەوەیی و زمانی وفەرهەنگی وئاینی لە دژی نەتەوەکانی غەیری فارس نەبێ، هیچ دیکە بە نەسیبی گەلانی غەیری فارس وغەیرە شیعە نەبووە. کام حەق ومافی بەرابەر ویەکسان ڕەچاو کراوە؟ دوای ٣٤ ساڵ هێشتاش بە چاوی دوژمن وغەیری خودی سەیری غەیرە فارس وغەیرە شیعەکان دەکەن. کام مافی زمانی وفەرهەنگی دابین کراوە و ئێستاش دوای ٣٤ ساڵ ناهێڵن مندالی کوردی بە زمانی دایکی خۆی فێری خویندن ونووسین بێ وبە کولتورو زمانی خۆی پەروەردە بکرێ.

لە دوای هاتنە سەر کاری مەلا حەسەن روحانی و بوون بە سەرۆک کۆمار، مەسەلەی خویندن بە زمانی زگماکی لە ئارادابووە وناوبراو لە پروپاگەندەی پێش هەلبژاردن دا بەلێنی بە قەولی خۆی "بە اقوام ایران" دابوو کە ماددەی ١٥ی قانون ئەساسی لە مەڕ خوێندن بە زمانی دایک جێ بە جێ بکا. لەو ڕۆژانەدا ئەو مەسەلەیە لە نێوان وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیمی مەلایان وناوەندێکی زمانەوانی ژێر دەسەلاتی ئەو ڕێژیمە بە ناوی "فرهنگستان زبان وادب فارسی " هاتۆتە بەرباس کە ئەندامان وسەرۆکی ئەو ناوەندە کە خزمی عەلی خامنەیی یە بە توندی دژایەتی ئەو بیرۆکەیان کردووە وهەرکامیان بە عەقلی سەقت ونوقسانی خۆیان  خویندن بە زمانی زگماکیان ڕەد کردۆتەوە ولایان وایە کە ئەوە" دەسیسەی بێگانەکانە بۆ لاواز کردنی جێگە وپێگەی زمانی فارسی وبۆ دابەش کردنی ئێران".

ئەو کەسانە لە لێدوانە نازانستیەکانیاندا کە زۆرتر لە قسەی کۆمەلێک کەسی نەخویندەوارو کلکۆل لە بواری زانستی زمانەوانی و کولتوریەوە دەچێ، زۆر نژادپەرەستانە "خویندن وپەروەردە بە زمانی زگماکی بە مندالە

غەیرە فارس زمانەکان بە ڕەوا نابین وئەوە بە مەترسی بۆ سەر زمانی فارسی و بۆ سەر ئەمنیەتی میللی وچوارچێوەی عەرزی ئێران دەزانن وبە تەواوی دژی ئەو بیرۆکەیەن". بیرکرندوەیەکی ئاوا چ پاساوێک هەڵناگرێ وچ خوێندنەوەیەکی بۆناکرێ، جگە لەوەی بکوترێ کە تەواو نژادپەرەستانە ودژە ئینسانی وغەیری ئەخلاقیە و تەواو بڕیارێکی سیاسیە بۆ ئەوەی جێگە وپێگەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی یان باشترە بلێین فارسی پتەو ڕابگرن ومافی سروشتی خویندن بە زمانی زگماکی مندالانی غەیری فارس ویەک لەوان کوردەکان بە قوربانی بیر وئەندێشەی نژادپەرەستانەی قەومی بالادەست بکەن.

لێرەدایە کە کوردەکانی رۆژهەڵات بە حیزبی وغەیری حیزبیەوە، بە مەزهەبی وغەیری مەزهەبیەوە، بە بێ جیاوازی ناوچەیی وزاراوەیی بە نوسەروباسەواد وبێ سەوادەوە لە دژی ئەو هەڵوێستە نژادپەرەستانەی " فرهنگستان زبان وادب فارسی" وسیاسەتی ئاپارتایدی زمانی کۆماری ئیسلامی بە توندی دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن ونەهلێن کۆمەلێک کەسی نەفس نەزم وقین لە دڵ ونەخوێندەوار ونەفام سووکایەتی بە زمان وکەرامەت وهۆوییەتی کوردی رۆژهەڵاتەوە بکەن. جێگەی خۆیەتی کە خویندن بە زمانی کوردی ببێتە یەکێک لە باسەکانی ڕۆژانەمان وبەردەوام باسی لێوە بکەین وبە شێوازی جۆراوجۆر بۆ دابین کردنی ئەو مافە کە حەقی بێ ئەم لاوئەولای تاکە تاکی کوردی رۆژهەلاتە هەوڵ بدەین. با چیدیکە رێگا نەدەین کە بە ناوی " یەک میللەت ویەک ئالا ویەک زمان" مافەکانمان بخۆن و مندالەکانمان لە خوێندن بە زمانی کوردی بێ بەش بکەن. پێویستە وەکوو کوردەکانی باکوو پەروەردە وفێرکردن وخوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان بکەوێتە رۆژڤەوە وبە کۆبونەوە وکەمپەین ونووسین ولە رێگای ڕاگەیاندن ولە رێگای تۆرە کۆمەلاتیەکانەوە هەموو کوردەکانی رۆژهەڵات چ لە ناوخۆ وچ لە دەرەوە یەک دەنگ ویەک ریزبۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە کە گرێدراوی شوناس و هۆییەتی کورد وکوردستانی بونمانە تێبکۆشین.

٢٩ی جانێوێری ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥

## سووکایەتی کردنی پان تورکیستەکانی ورمێ بە کورد و ناسنامەی کوردی وچەند وتەیەک.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ڕێکەوتی ٢١ - ١٠ - ٢٠١٥ لە کاتی یاریکردنی دوو تیمی والیبالی " شارەوانی ورمێ و بانکی سەرمایەی تاران " لە یاریگای " الغدیر" ی شاری ورمێ کۆمەلێک تورکی نژادپەرەست

سووکایەتیان بە بنەماڵەی فەرهاد پیرۆت پور کە خۆی یەکێک لە یاریزانە بە ناوبانگەکانی تیمی میللی و تیمی شارەوانی ورمێ " یە کرد. ناوبراو خەلکی مەهابادە.

نژادپەرەستە تورکەکان بە دەنگی بەرز جنێویان بە بنەماڵەی فەرهاد پیرۆت پور دەدا کە جل وبەرگی کوردیان لەبەردابوو. نژادپەرەستەکان لەو گرتە ویدئۆیەی کە بلاوبۆتەوە بەو بنەماڵە کوردە دەلێن " بێ شەرەف، قرومساغ" و دەیانهەوێ پەلاماری ئەو بنەماڵە کوردە بدەن. هەر ماویەک پێش ئەو ڕووداوە لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لە کاتی بەرێوەچوونی ڕێوورەسمێک بۆ ڕێز لێنان لە بەساڵداچۆکان کە کورد بوون، کۆمەلێک نژادپەرەستی تورک بە نانەوەی ئاژاوە ڕێو و ڕەسمەکەیان تێکدا و ڕێگربوون لە بەرێوەچوونی. کاربەدەستانی دام ودەزگا حکومەتیەکانیش هیچ هەڵویستێکیان لە خۆیان نیشان نەدا و بە ئاشکرا دەریان خست کە پشتگری لە ئاژاوەگێر و گێرەشێوێنە تورکە نژادپەرەستەکان دەکەن.

شایانی وەبیرهێنانەوەی کە ماوەی چەند مانگێک پێش ئەو ڕووداوانە، هەمیسان لە شاری ورمێ کۆمەلێک نژادپەرەستی تورک لە سەر باندرۆلێک بە خەتێکی گەورە نووسیبویان وهەڕەشەیان لە کوردەکانی شاری ورمێ

کردبوو کە "دەبێ بڕۆن و ئەو شارە چۆڵ بکەن دەنا خراپیان بە سەر دینن". بە پێی هیندێک سەرچاوە، ڕێکخراوێکی پان تورکیستی بە ناوی "بزوتنەوەی نەتەوەیی ئازربایجانی جنوبی" بە ڕێبەری محمد علی چهرگانی کە گۆیا تورکێکی زۆر نژادپەرەست و دژە کوردە لە پشتی ئەو جۆرە ڕووداو و حەرەکەت نژادپەرەستانەیەیە.

بە ئاوڕدانەوەیەک بە مێژووی ئەو پارێزگایە و بە هەڵکەوتی جوغرافی و حەشیمەتی پارێزگای ورمێ کە لە لایەن دەسەڵاتی پەهلەوی بە مەبەستی سیاسی و مەزهەبی و لە ڕاستیدا بە ناحەق ناوی " آزربایجانغربی" بە سەردا بڕاوە، بەردەوام کۆمەڵێک کێشەی زەق و بەرچاو لە مابەینی کوردەکان و ئازەرییەکان لە ئارادا بووە. بە حوکمی بوونی دەسەڵاتی ئیداری و ئابوری شاری ورمێ و بەشێکی دیکە لە شارەکانی سەر بەوپارێزگایە لە دەستی ئازەرییەکان دا کە شیعە مەزهەبیشن، کوردەکان کە زۆرینەی دانیشتووانی شار و شارۆچکەکانی پارێزگای ورمێ پێک دەهێنن و سوننە مەزهەبیشن بە ئانقەست ومەبەست دار پەراوێز خراون و لە بەڕێوەبردن و بڕیاردانی کاروباری ئیداری شاری ورمێ وەکوو ناوەندی پارێزگا و شار و شارۆچکەکانی دیکەی ئەو پارێزگایە بێ بەش کراون.

بە درێژایی چەندین سەدەی ڕابردوو و ئێستاشی لە گەڵ بێ، کوردەکان هەوڵیان داوە کە بە ڕێگای دۆستانە و ئاشتیخوازانە لە گەڵ تورکەکان هەڵس وکەوت بکەن و کارێک نەکەن کە گرژی وئالۆزی لێ پەیدا ببێ. هەلبەت هەم حکومەتەکانی حاکم لە تاران و هەمیش دەسەڵاتدارە تورکەکانی پارێزگای ورمێ و پان تورکیستەکانیش بە بەردەوامی هەولی پەراوێز خستنی کوردەکانیان داوە و مافی بەرابەر و یەکسان بۆ کوردەکانیان وەکوو هاوولاتی ئەو ولاتە قایل نەبوون و بە ئاشکرا کەوتوونەتە بەرەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دژایەتی کورد وکوردستان.

لە دوای ئاخرین ڕووداوی قێزەونەی شاری ورمێ و سووکایەتی کردنی پان تورکیستەکان بە کورد وجل وبەرگ وناسنامەی کوردی، کۆمەڵێک کورد وتورک لە نامەیەیەکی هاوبەشدا ئەو کردەوەیان مەحکوم کردوە وهیوا دەخوازن کە ئاشتی وتەبایی و بەیەکەوە ژیانی کورد وتورک لەو پارێزگایە وەکوو ڕابردوو بەردەوام بێ و کێشەی تێنەکەوێ. بەڵام ئایا تەنیا بڵاوکردنەوەی نامەیەکی سۆزدارانە و بە بێ ئاماژە کردن بە هەبوونی کێشەیەکی چەند سەد ساڵە وخۆبواردن لە درکاندنی ڕاستییەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو کردەوە نژادپەرەستانەیە چەند پات نەبنەوە؟ ئایا بڵاوکردنەوەی نامەگەلی سۆزدارانەی لەو چەشنە کە لە جێێ خۆیدا شتێکی باشە، بەڵام دەتوانێ مافی بەرابەر یەکسان بۆ کورد دابین بکا؟

پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە کە، بۆچی کوردەکانی پارێزگای ورمێ تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ جگە لە پرتە وبۆلە وگلەیی و گازەندە وخۆخواردنەوە بەدەر نەیانتوانیەوە باس لە راستی مەسەلەکە بکەن و بۆچی بە بیانوی " برایەتی کورد و تورک" هەمووکات کێشەکەیان پەردەپۆش کردووە و نەیانویستوە یان نەیانوێراوە بە ئاشکرا باسی ئەو زولم و زۆری و هەڵاواردن و تەحقیر و مەحروم کردنی خۆیان بکەن کە لە لایەن کاربەدەستە تورکەکانی شاری ورمێ و شارەکانی دیکەی سەر بەو پارێزگایە دەرحەق بە کوردەکان کراوە و دەکرێ؟

ئایا برایەتی و ئاشتی و تەبایی راستەقینە لە ناو کوردەکان و تورکەکانی پارێزگای ورمێ بە تایبەت شاری ورمێ وەکوو ناوەندی پارێزگا و شارەکانی دیکەی سەر بەو پاریزگایە کە وەکوو سەلماس وخۆی و ماکو ونەغەدە و میاندواو تیکاب وساین قەلا کە پێکهاتەی کورد و تورکیان هەیە بوونی هەیە و دەکرێ بلێێن هەموویان لە ئەرک وماف وبەرێوەبردن دا بەشدار و یەکسانن؟ ئایا بە بوونی هەموو پۆستە گرینگەکان لە دەستی تورکەکان لەو شارانەدا و پەراوێزخران و بێ بەش کردنی کوردەکان بە هۆی کورد بوون و سوننی بوونیانەوە دەکرێ باس لە مافی بەرابەر و یەکسان و برایەتی وئاشتی وتەبایی بکرێ؟ ئایا ئەوە خۆفریودان وخۆهەڵخەلەتاندنی کوردەکان نیە وخۆدزینەوەیان لە راستی مەسەلەکە نیە و تۆ بلێێ کوردەکان ئەوەیان وەکوو چارەنووسی خۆیان قبوڵ کردووە؟

بە باوەری من خۆبواردن و پەردەپۆش کردن و باس نەکردنی ئەسلی کێشەکە بە ئاشکرا بە بیانوی "تێکچوونی برایەتی کورد و تورک" قەزییەکە رۆژ لە گەڵ رۆژ ئالۆزتر دەکا و کوردیش پتر دەخرێتە پەراوێزە. بەداخەوە بە هۆی نەبوونی هیچ پرۆژەیەکی چارەسەری لە لایەن چالاکانی سیاسی ومەدەنی ونوخبەکانی کورد لە ناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەک وبێ خەمی وخەم ساردی وخۆ بە خاوەن نەکردنی ئەو کێشە سیاسی یە لە لایەن حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە ئاسۆی پەیوەندییەکانی کورد و تورک لەو پارێزگایە بە هۆی کێشەی خاک و ناسنامە و خۆبەرێوەبردن و دابەشکردنی دەسەڵات بەرەو داهاتوویەکی لێل و ناروون و مەترسیدار دەڕوا و زۆر سەیر نیە کە لە داهاتوو دا شارە تەواو کوردییەکانی سەر بە پارێزگای ورمێ و تەنانەت پایەتەختی کۆماری کوردستانیش بکرێنە ئامانجی تورکیزە کردن؟

بێگومان پەیوەندی و دیالۆگ و دانیشتن و گرتنی سمیناری هاوبەشی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردەکانی ناو خۆی رۆژهەلاتی کوردستان لە گەل تورکەکانی پارێزگای ورمێ لە سەر ئاستی جۆراوجۆر گەلێک گرینگە و ئەو

کێشە سیاسی یە دەبێ لە رێگای ئاشتیخوازانە رێگا چارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە کە هەردووک لایەنی کورد و تورک رازی بکا وهیچ لایەک هەست بە غەدرلێکراوی و بە دۆڕاوی نەکەن.

پەنابردن بۆ توندوتیژی و دەمارگرژی و نژادپەرەستی کوێرکوێرانە دەتوانێ بێتە هۆکاری هەڵایسانی شەڕیکی ماڵ وێران کەر کە بە سەد قات لە شەڕەکەی نەغەدە کە بەینی کورد وتورک روویدا و کۆمەڵێکی زۆر خەلکی بێتاوان کوژران مالوێرانکەرتر ببێ. بۆیە رێگای دیالۆگی مەدەنیانە و ئاشتیخوازانە تەنیا رێگای چارەسەری ئەو کێشەیەیە کە کوردەکان و تورکەکانی پارێزگای ورمێ دەبێ بیگرنە بەر و هەردووک لا مەحکومن بە سازان و بە یەکەوە ژیان. بەڵام بە ماف و ئەرک و دەسەڵاتی یەکسان و بەرابەر و بە دوور لە هەڵاواردن و تەحقیرکردنی یەکتر. بە پلەی یەکەمیش دان پێدانانی کورد وتورک بە بوونی ئەو گرژی و ئالۆزییە وهەوڵدانی هەر دووک لا بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەی گۆنجاو.

چەند خاڵی بنەڕەتی هەن کە کێشەی سەرەکی پارێزگای ورمێ لە خۆ دەگرن و بە چارەسەر کردنی ئەو خالانە ئاو بە ئاورەکە دادەکرێ و مەترسی هەڵایسانی شەڕی نێوان کورد و تورک دوور دەخەنەوە.

ناوی پارێزگاکە واتە "آزربایجانغربی" یە کە بە بێ لەبەر چاوگرتنی رێژەی زۆری کوردەکان و بە بێ لە بەرچاوگرتنی هۆکارە سیاسی و مێژووییەکان و بە بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە دێرزەمانەوە کوردەکان لەسەر ئەو خاکە ژیاون و زۆر دواتر تورکەکان بۆ ئەو ناوچانە بە هۆی سیاسەتی دەسەلاتدارانی تاران کۆچێندراون ویان هاندراون کە بەرەو ئەو ناوچانە کۆچ بکەن. بۆیە ناولێنانی ئەو پارێزگایە بە ناوی " آزربایجانغربی " بە ئاشکرا حاشا لە شوناس و مێژووی کوردەکان وئینکار کردنیانە. ئەو ئینکارکردنە تەنانەت پێکهاتەکانی دیکەی دینی و ئیتنیکی وەکوو ئاسۆری وئەرمەنیەکانیش دەگرێتەوە و ئەوەش خۆی یەکەم هۆکار و سەبەبی دروست بوونی ئەو غەدرەیە کە کوردەکانی ئەو پارێزگایە بە تایبەت هی شارەکانی ورمێ، سەلماس، ماکۆ، خۆی، میاندوا ،نەغەدە، تیکاب وساینقەلا بە گۆشت وئێسقان هەستی پێ دەکەن.

***هەنگاوی یەکەم*** بۆ چارەسەری ئەو گرفتە، دان پێنانی بە فەرمی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئاستی ئێران و پارێزگاکەیە بە پێکهاتەی چەند نەتەوەیی و چەند زمانی وچەند ئاینی ئەو شارانە و ئەوەش دەبێتە کلیلی

چارەسەری ئەو کێشە ئالۆزە.

*دووهەم.* سەرژمێری کردنێکی سالم و بە دوور لە چەواشەکاری و ساختەگەری لە ناو هەموو ئەو شارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن بۆ دیاری کردنی ڕێژەی حەشیمەتی کورد وتورک و ئەرمەنی و ئاسۆری وغەیرە.

*سێهەم.* هەڵبژاردنی شارەوانی لە ناو ئەو شارانە دا بکرێ و هەموو پێکهاتەکانی ئەو شارانە بە مافی بەرابەر وهاوبەش بە مافی دەنگدان وخۆ پالاوتن بەشداری بکەن و ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانیەکان بە بەشداری هەموو ئەو پێکهاتانە پێک بێ و هەموویان هەست بە بوون و بە ماف و ئەرک و بەرپرسایەتی بەرابەر و یەکسان بکەن.
چوارەم. گۆرینی ناوی پارێزگا لە سەر ڕێکەوتنی هەموو پێکهاتەکان بۆ ئەوەی هەموولایەک خۆیان بە خاوەنی پارێزگا و ئەرک و بەرێوەبردنی بزانن و ناوی پارێزگاکە سەر بە لایەنێکی تایبەت نەبێ وەکوو ئەوەی ئێستا هەیە.

*پێنجەم.* بە فەرمی ناسینی فەرهەنگ و زمان و مێژوو و گۆرانی وموسیقا وجل وبەرگی نەتەوەیی پێکهاتەکانی پارێزگا و هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و پاراستنیان.

ڕێگا چارەسەری دووهەم و هەر لە درێژەی ئەو پرۆژەیە دا ماوەی چەند سالێکە باس لە دروست کردنی پارێزگایەک بە ناوی "موکریان" بە ناوەندێتی مەهاباد دەکرێ، بەڵام تاکوو ئێستا ئەو داوایە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە پشت گوێ خراوە وجێ بە جێ نەکراوە.

شارەکانی سەردەشت، ڕەبەت، بانە، مەهاباد، بۆکان، پیرانشار،شنۆ بە تەواوی کوردن و تورک زمانیان تێدا نیە و بۆیە جیاکردنەوەی ئەو شارانە لە پارێزگای ورمێ و دروست کردنی پارێزگای موکریان بە ناوەندێتی مەهاباد چارەسەری بەشێکی دیکەی ئەو کێشە و گرفتە پڕ ئالۆزەیە کە بە سالآنە بەرۆکی خەڵکی ئەو شارانەشی گرتووە و ئەو شارانەش بە ناحەق بە " آازربایجانغربی" پێناسە دەکرێن.

دروست بوونی پارێزگایەکی نوێ بە ناوی پارێزگای "موکریان" بە ناوندێتی مەهاباد گەلێک گرینگە و لە

بەرژەوەندی هەموو خەلکی ئەو شاروشارۆچکە و گوندانە دایە کە بە هەڵکەوتی جوغرافی لە دێرزەمانەوە بە موکریان ناسراوە. هەربۆیە پشتگری خەڵکی ئەو ناوچانە لە دروست بوونی پارێزگای " موکریان " و جیابونەوەیان و سەر بەخۆبوونیان لە پارێزگای ورمێ کۆمەڵێک کێشە وگرفتی گرینگ کە بە پلەی یەکەم بەرگری کردن لە پێشل کردنی مافە مەدەنیەکانی دانیشتوانی موکریانە چارەسەر دەکا و مافی هاوولاتی بوون بە تاکەکانی ئەو شارو ناوچانە دەبەخشێ. پشتگری خەلکی موکریان بە گشتی وهەوڵ و تێکۆشانی نوینەرانی شاروشارۆچکە و گوندەکان و نوینەرانیان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی و یەکدەنگیان بۆ دروست کردنی پارێزگای " موکریان" زامنی سەرکەوتنی ئەو بیرۆکەیە دەبێ.

دروست بوونی پارێزگای "موکریان" گرژی و ئالۆزی لە نێوان کورد و ئازەرییەکان تا ئاستێکی زۆر کەم دەکاتەوە و مافی خۆ بەرێوەبردن وەکوو مافێکی مەدەنی بۆ دانیشووانی پارێزگای "موکریان" دەگەڕێنێتەوە. قازانجی دروست بوونی پارێزگای "موکریان" لە چەندین بوارە دەکرێ لێک بدرێتەوە و کۆمەلێک بەرژەوەندی بۆ دانیشتووانی ئەو پارێزگایە نوێ یە دەبێ.

***بە کورتی ئاماژە کردن بە چەند خاڵێ گرینگ لەوپەیوەندییە دا گرینگە.***

*یەکەم:* بواری ئابوری. لە باری ئابورییەوە، دەولەت ناچار دەبێ کە بودجەی ئەو پارێزگایە بە پێی حەشیمەت و پێداویستییەکانی دابین بکا وهەوڵ بدا کە بە پرۆژەی جۆراجۆر کار بۆ دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دابین بکرێ. خەڵکی ئەو پارێزگایە لە جیاتی کۆچکردن و چوون بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران و وێڵ بوون بە دوای کار دا، لە شاروشارۆچکەکانی خۆیان کە سەر بەو پارێزگایە دەبن دەمێنەوە و هێزی کاری پارێزگاش بە پلەی یەکەم لە دانیشتوانی خودی پارێزگاکە دروست دەبێ و خەڵکی ئەو پارێزگایە دەتوانن لە پرۆژە جیاجیاکان دا کاربکەن و رێژەی بێکاری تا ڕادەیەکی زۆر لەو پارێزگایە چارەسەر بکرێ.

*دووهەم:* داهاتی بەروبومی ئەو پارێزگایە سەرفی کاروباری و خزمەتگوزاری خودی پارێزگاکە دەکرێ و ئیدی پێویست ناکا بۆ وێنە بۆ نشتەرگەرییێک خەڵک لە سەردەشت وبانە و بۆکان ومەهابادەوە بچن بۆ ورمێ یان بۆ تەورێز وتاران. ئەو بودجەی کە لە لایەن ناوەندەوە بۆ پارێزگا دیاری دەکرێ و ئەو داهاتەی کە خودی پارێزگاکە

هەیەتی دەکرێ سەرفی دروست کردنی نەخۆشخانەی جۆراجۆر و قوتابخانە و داینگە و باخچەی منداڵان، رێگاوبان و پارک و زۆر خزمەتگوزاری دیکە بکرێ کە دانیشتووانی پارێزگاکە پێویستیان پێیەتی.

*سێهەم:* هەستی متمانە بە خۆبەرێوەبردن و کەلک وەرگرتن لە هێزە بە تواناکانی ناوچەکە کە لە جیاتی ئەوەی غەیرە کوردێک ببێتە شارەدار و پارێزگار، کوردێک ئەو ئەرکە وەئەستۆگرێ و متمانەی خەڵکی شاروگوندەکانیش زۆر زیاتر دەبێ بە بەرپرسانی خۆماڵی و دڵسۆز.

*چوارەم:* بواری فەرهەنگی و گەشەی زمانی کوردی لەو پارێزگایە دا گەلێک گرینگە و بە دروست کردنی کتێبخانە و ناوەندە کولتوری وهونەرییەکان و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و نوسراوە بە کوردی و یارمەتی دانی خاوەن بەهرەکان لە بوارەکانی هونەری و فەرهەنگی و رۆژنامەوانی و زمانەوانی یارمەتی دەری ئەوە دەبێ کە فەرهەنگ و زمانی کوردی لە ژێر مەترسی هەڕەشەی فەرهەنگی بێگانە رزگاری بێ.

دروست بوونی پارێزگای "موکریان" و جیابونەوەی لە پارێزگای ورمێ گرژی و ئالۆزی دەیان ساڵەی نێوان کوردەکان و ئازەرییەکان تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر دەکا. پارێزگای ورمێش بە ناوەندێتی شاری ورمێ کە خودی شارەکە وچەندین شار و شارۆچکە و دەیان گوندی دەوروبەر کە تێکەلاوی کورد و ئازەرین دەگرێتەوە دەتوانن بە ئاشتی و بە مافی بەرابەر و یەکسان و بە رێزگرتن لە یەکتر کاروباری ئەو پارێزگایە هاوبەش بەرێوەبەرن. بوونی دیالۆگی بەردەوام لە نێوان کوردەکان و ئازەرییەکانی ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی رێگا لە گرژی و ئالۆزی بگیرێ گەلێک گرینگە و لە جیاتی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی و دوژمنایەتی یەکتر کردن، دەکرێ ئەو کێشانە بە دیالۆگی دۆستانە و لە یەکتر تێگەیشتن و رێز بۆ مافی یەکتردانان جێ بەجێ بکرێ.

٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

# مەرگی تراژیکی فەریناز خوسرەوانو هەڵوێستی جەماوەریو نەتەوەیی خەڵکی مەهاباد

دوای ئەوەی رۆژی سێ شەممە ٥ - ٥ - ٢٠١٥ هەواڵی دڵتەزێنو تراژیکی خۆکوژی کچە کوردێکی مەهابادی کە بۆ بەرگری لە شەرەفو ناموسی خۆیو بۆ ئەوەی دەستی پیسو چەپەڵی عەجەمێکی چڵکاو خۆری سەر بە دەزگای ئینسان کوژی "ئیتلاعات"ی رێژیمی پەتو سێدارە نەیگاتێ لە مێدیاکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاو بۆوە.

خەڵکی مەهاباد لە رۆژی پێنج شەمم ٧ - ٥ - ٢٠١٥ بۆ نیشانی دانی نارەزایەتی بەو کردەوە چەپەڵەیەو بۆ ئەوەی داوای سزادانی قاتڵانی فەریناز واتە هەم ئەو عەجەمە بێ ئەخلاق و داوێن پیسەو هەمیش خاوەنی هۆتێلەکە کە کوردێکی خۆفرۆش وهاودەستی عەجەمە تاوانبارەکەیە بکەن لە بەردەم هوتێلەکە کۆبونەوە. بە هۆی شەڕفرۆشی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری پەت و سێدارە تێکهەڵچوون دروست دەبێ و خەڵکی تورەو وەزاڵەهاتوو لە زولم و زۆری عەجەمان و داگیرکەران هەڵدەکوتنە سەر هوتێلەکە و دەیسوتێنن.

لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی داگیرکەری کۆماری پەت وسێدارە لاوێک دەبێتە قوربانی و بە دەیان لاوی دیکەش بریندار دەبن و بە دەیانی دیکەش دەسبەسەر دەکرێن و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکان و زیندانە مەخوفەکان دەکرێن و شاریش لە دوای ئەو ڕووداوانە بە بوون وتێخزاندنی هێزێکی زۆر لە پاسدار و بەسیج و جاشە خۆفرۆشەکان میلیتاریزە کراوە و خەڵک کەوتونەتە ژێر چاوەدێری توندی سیخوران وچەکدارە کوردکوژەکان کە لە شارەکانی دەوروبەریش راهێناویانن.

دژکردوە و ڕاسانی خەڵکی مەهاباد و قەبول نەکردنی ئەو تەحقیر وسووکایەتیە جێگای تێڕوانین و لێوردبونەوە و لێ فێربوونە و بە ئاشکرا دیارە کە ئەو ڕاپەرینە ئاکامی هەڵچوون و سۆز وعاتیفەیەکی کاتی نیە و بە پێچەوانەوە سەرچاوە لە زولم و زۆرێکی لە ڕادەبەدەر دەگرێ کە لە ماوەی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتی ڕەش وچەپەڵی کۆماری پەت و سێدارە بە پێی پلان و بەرنامە و بە شێوەیەکی بەردەوام وسیستماتیک لە دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر تاکوو ئەورۆشی لە گەڵ بێ بەرێوە چووە و بەرێوە دەچێ. سیاسەتێکی

نژاد پەرەستانە دەولەتی داگیرکەری فارس کە هیچ مافێکی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابوری بە کوردی ڕۆژهەلات ڕەوا نابینی و کوردی ڕۆژهەلات لە ژێر سیاسەتی ئاپارتایدی نژادی ودینی و زمانی وئابوری دەسەڵاتدارانی شیعەی حاکم بە سەر ئێراندا تەحقیر دەکرێ.

لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی ئەو ڕاپەرینەی رۆلە بە ئەمەگەکانی شاری پێشەوای هەرگیز نەمر قازی مەحەممەد، جگە لە کاربەدەستانی ورد ودرەشتی ڕێژیمی مەلایان کەسانێکیش هەن کە کوردن و بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان و بۆ خۆشیرین کردن لە بەردەم دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕێژیمی داگیرکەر کەوتونەتە سەرکۆنە کردنی ئەو ڕاپەرینە و بە قەولی خۆیان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە لە ڕێگای یاساییەوە بە ئاشکرا ئاو لە ئاشی ڕێژیم دەکەن و بە ماستاوکردن وچاپلوسی خەریکن کردەوە دژە ئینسانی ودژە ژن و جەنایەتکارانەکەی قاتلانی جوانە مەرگ فەریناز پەردەپۆش بکەن وهەمان بەیت و باڵۆر کاوێژ دەکەنەوە کە کاربەدەستە دز و بێ ئەخلاقەکانی ڕێژیم لە کوردستان نۆتەکانیان نوسیوە وموسیقای مەرگی پێ دەژەنن.

ئەو هاتنە سەرشەقامەی خەلکی مەهاباد ترس وخۆفی خستۆتە نێو دڵ ودەرونی کاربەدەستانی ڕێژیمی داگیرکەر وهەژاندنێکی نوێیە لە خەبات و بەرخۆدانی جەماوەری یان بە جەماوەری بوونی خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هەمبەر سیاسەتی ئینکار وهەڵاواردنی ڕێژیمی داگیرکەری تاران وئەو پەیامە ئاشکرایەشی بۆ هەموو ڕۆژهەلاتی کوردستان وبۆ حیزبە سیاسیەکانییش پێیە کە ئەگەر یەک ریز ویەکگرتوو نەبین و بە یەکگرتوویی داوای مافە خوراوەکانمان نەکەین دەرەقەتی سیاسەتی فرتو فێل وسیاسەتی چەواشەکاری وپڕ لە درۆ و دەلەسەی پان ئیرانیست وپان شیعیستەکان نایەنن ولە ژێر پێێ ئەواندا هیندەی دیکە سووک وتەحقیر دەبین و دەپلیشێنەوە.

ئەوە پەیامێکی گرینگە بۆ حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات کە دەست لە سیاسەتی منداڵانەی دژایەتی کردنی یەکتر و یەکترسڕینەوە هەڵبگرن و لە جیاتی شەڕە دندوکە و شەڕە جنێو و شەڕە کورسی، هەموویان لە دەوری یەکتر کۆببنەوە وهەوڵ بۆ لێک نزیک بونەوە و تێکەڵ بونەوە و ئاشتەوایی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و یەک دەنگ و یەک ئامانج ڕێبەری خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەئەستۆ بگرن و کوردایەتی بکەن بە سیاسەتی سەرەکیان لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی دژە دێموکراتیک ودژە ئینسانی ودژە کوردی داگیرکەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەگەر لە تونس مەرگی گەنجێکی کرێکار کە لە داخی زولم و زۆری دەسەڵاتی "بن علی" خۆی سوتاند و مەرگی تراژیکی ئەو جەوانە بوو بە هۆی ڕاپەرین و سەرهەڵدانی میلیۆنان کەس لە خەڵکی وڵاتانی عەرەبی و بەهاری عەرەبی لێکەوتەوە و ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە میسر و لیبی و تونسی بە دوای خۆیدا هێنا و و تەخت و بەختی دیکتاتۆرەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی و یەک لەوان دەسەڵاتی ڕەشی بەشار ئەسەد و حیزبی بەعسی سورییەی وەلەرزین خست، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مەرگی فەریناز خوسرەوانی کە لەوپەری مەزلومییەت دا و بۆ پاراستنی شەرافەت وکەرامەت و ناموسی خۆی و بۆ دیفاع لە ژن بوونی خۆی لە نوهومی چوارەمی هوتێل " تارا " را خۆی هەڵدایە خوارەوە و بووبە قوربانی، دەتوانێ سەرەتایەک بێ کە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرەو یەکریزی وهاودەنگی وهاوخەباتی زیاتر و چڕۆپڕتر ببا بۆ ئەوەی داوای جێ بە جێ کردن و وەدەست هێنانی مافە سیاسیە وئینسانیەکانیان بکەن.

ئەو ڕاپەرین و بەرخودان و خۆپیشاندانانە نابێ تەنیا لە داخوازی سزادانی قاتلانی فەرینازی جوانەمەرگ دا کۆبکرێنەوە، بەڵکوو دەبێ ببێتە هەوێنی هێنانە بەرباسی داخوازە سیاسی ونەتەوەیی و زمانی و ئابورییەکانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. ڕێژیمی مەلایان بۆ ئەوەی ئەو سەرهەڵدان و خۆپێشاندانانە پەرەنەستێنێ زۆر سەیر نیە کە بێتوو بە جۆرێک قاتلانی فەریناز بگرێ و زیندانیان بکا و بە خەلکیش بلێ ئەوە داخوازەکەم جێ بەجێ کردن و تاوانباران بە سزای خۆیان گەیشتن. هەربۆیە لە ئەگەری ڕوودانی شتێکی لەو چەشنە و لێکۆلینەوە وهەڵسەنگاندنی مەسەلەکە لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە و بەستنەوەی بە شتێکی شەخسی وبنەماڵەیی ، ئەو کات خەڵک ناچار بە بێدەنگ بوون دەکەن ومنەتیش لە سەر خەڵک دەکەن کە بە قسەیان کردوون و دەزگای دادوەری بە ئەرکی خۆی هەستاوە و تاوانبارانی سزاداوە.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تەنیا بە یەکێتی و یەکگرتوویی و بە ڕێکخستن وپلان وبەرنامەی تۆکمەیە کە دەکرێ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچی زیاتر و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ پتر بەرەوە بە جەماوەریترکردن ببردرێ و لە ئاکامدا وای لێبێ کە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بە ژن و پیاوەوە، بە گەورە و بچوکەوە ، بە گەنج و پیرەوە بە هی خۆیانی بزانن و خۆیانی تێدا ببیننەوە، بۆئەوەی بە خەباتێکی یەکگرتوانە بە مافە سیاسی ونەتەوەییەکانی خۆیان بگەن وکۆتایی بە سووکایەتی و تەحقیر بوون وبێبەشی دەیان ساڵە بێنن.

ئەوەی ئەورۆ گەلێک گرینگە و دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، خۆپاراستن لە تەک ڕەوی، لە خەباتی تەک حیزبی و خۆ بە دوورگرتن لە بە تەک حیزبی کردنی ئەو ڕاپەرینە و خۆپێشاندانانەییە و لێدانی مۆرکی تەک حیزبی لەو ڕاپەرین و سەرهەڵدانانە دەتوانێ هەڵەیەکی سیاسی گەورە و کوشندە بە دوای خۆیدا بێنێ و خزمەتێکی گەورەش بە کۆماری سێدارە دەکا بۆئەوەی بە دەستی کراوە سەرکوتی خۆپێشاندەران بکا و تۆمەتی " محارب و دژە شۆڕش و تەجزیە تەلەب و بەستراوەیی بە ئامریکا وئیسرائیل" لە خۆپێشاندەران بدا.

بە پێچەوانەوە، بە نەتەوەیکردن و بە جەماوریکردنی هەرچی زیاتری ئەو ڕاپەرین و بەرخۆدانانە دەتوانێ کۆماری سێدارە بە چۆک دابێنێ و پاشەکشەی پێبکا و پشتیوانی خەڵکانی دیکەی ئێران و دونیای دەرەوەش بۆلای خۆی و داخوازە ڕەوا وئینسانی وبەرحەقەکانی کوردی ڕۆژهەڵات ڕابکێشی. هەروەکوو چۆن ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی واتە ئەمنێستی ئینترناشنال هاتە جواب وهەڵوێستی لە دژی سیاسەتی سەرکوت و توند وتیژی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری سێدارە بە نیسبەت خۆپێشاندەرانی مەهاباد گرت.

٨ی مای ٢٠١٥

---

## بیروراو گەڵاڵەی پێشنیاریی لوقمان زەهرایی بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!

### گەڵاڵەی پێشنیاری بۆ لێک نزیک بونەوە و یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات (حدک و حدکا)

**سەرەتا**

مەبەست لە خستنە ڕووی ئەو گەڵاڵەیە تەنیا بیرۆکەیەکی شەخسی خۆمە بۆ ئەوەی بە نۆرەی خۆم توانیبێتم بەردێک بخەمە سەر بەردێک و لەو ڕێگایەوە تێروانین و ڕوانگەکانی خۆم بە نیسبەت کێشەی دوو حیزبی دێموکرات بخەمە ڕوو.

ئامانج لەو کارەش هیچ بەرژەوەندی شەخسی خۆمی تێدا نیە وهیچکەس ولایەنێکیش هاندەرم نەبوون بۆ ئەو کارە وتەنیا وتەنیا بیرۆکەی خۆمە و هیوام یەکریزی ویەکدەنگی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆ ئەو مەبەستەش لێک نزیک بونەوە وئاشت بونەوە و یەکگرتنەوەی ئەو حیزبانەی کە ماوەی چەند سالێکە لێکدابڕاون گەلێک گرینگ وچارەنووس سازە وکاریگەری راستە وخۆی لە سەر ئاشتی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەیە. بەداخەوە ئەو لێکترازانانە بۆنەتە هۆی دروست بوونی کۆمەلێک گرژی و ئالۆزی لە سەر ئاستی گۆرەپانی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان کە ڕاستە وخۆ کاریگەری زۆر خراپیان لە سەر هەل و مەرجی سیاسی و مافەکانی کورد وچارەنووسی ئەو پارچە لە نیشتمانی داگیرکراوی کوردان داناوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو کۆنترین حیزبی کوردی یەکێک لەو حیزبانەیە کە بە داخەوە بە هۆی کۆمەلێک ڕووداوی ناوخۆیی و دەرەکی خوازراو ونەخوازراو لە ماوەی ٦٩ سال تەمەنیدا دا چەندین جار تووشی لێکدابڕان ولێکترازانی ریزەکانی بووە وئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە زۆر بوارەوە خەباتی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان تووشی خەساری قەرەبوو نەکراوە بێ ولە ئاکامیشدا زەرەرمەندی سەرەکی کوردی رۆژهەلات بووە و قازانجیشی چۆتە گیرفانی دەولەتانی حاکم بە سەر ئێران دا بە شا و مەلاوە.

هۆکاری لێکدابران وجیابونەوەی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە دوای کۆنگرەی ١٣ بە قەولی بەشێک لە ئەندامانی رێبەری لایەنێکی دێموکرات لە سەر چۆنیەتی ئیدارە کردن وبەرێوە بردنی حیزب بووە و نەک لە سەر رێبازی سیاسی حیزب و بە قەولی لایەنەکەی دیکەش "لە سەر کورسی بووە". ئێستاش دوای ٨ ساڵ لێکدابڕان و تەجروبە کردنی کۆمەلێک رووداوی ناخۆش وقێزەون کە تەنیا هەر دووک لایەن لێێ زەرەمەند بوون وکۆمەلانی خەلکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانیان تووشی بێ هیوایی وبێ بڕوایی کردوە، ئەو گرێ پووچەکەیە هەر نەکراوەتەوە و ئەو دوو حیزبە نایانتوانیوە سەرەرای داوای زۆری خەڵکانی دۆست و دڵسۆز و کۆمەلێک لە کادروپێشمەرگە کۆنەکانی حیزب کە بە شێوازی کەمپەین خوازیاری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانن کێشەکانیان لە رێگای دانوستاندن ودیالۆگەوە چارەسەر بکەن.

هەڵبەت پێداگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەڕ بە فەرمی نەناسینی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو حێزبێکی سەربەخۆ وناو هێنانی ئەندامانی ئەو حیزبە بە "هاورێیانی پێشوو" و بایکۆت کردنی حیزبی

دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەی چەند ساڵان وبە گرتنە بەری سیاسەتێکی ناشیاو و بە لەجبازی نەیتوانیوە ئەو راستییە قەبول بکا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە سەر ئاستی کوردستان بە گشتی وچ لە سەر ئاستی دەرەوە وەکوو حیزبێکی سیاسی بە فەرمی قەبوڵ کراوە ومامڵەی لە گەڵ کراوە ودەکرێ. کەوابێ ئینکار وبایکۆت کردنی "حدک" لە لایەن "حدکا" وە نەک نەیتوانیوە ئەو حیزبە لە مەیدانی سیاسی وەلا بنێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سیاسەتی بایکۆت کردن لە زۆر حالەت دا بە قازانجی "حدک" شکاوەتەوە و "حدکا" زیانی لێ دیوە.

ماوەی ٢ ساڵێکە نێوانی ئەندامانی ئەو دوو حیزبە چ لە کوردستان وچ لە دەرەوە تا ڕادەیەک ئاسایی بۆتەوە وهاتوو چۆکردن و بەشداری لە شایی وشینی یەکتر وچاوپێکەوتن وبە یەکەوە کۆبونەوە لە کۆمەڵێک کۆبونەوە ودانیشتن دا فەزای گرژ وتەماوی تا ڕادەیەک ڕەواندۆتەوە، دیارە ئەویش بە زۆری لە نێو بەدەنەی هەردووک حیزب دایە نەک لە سەر ئاستی رێبەری دا. دڕدونگی وبێ متمانەیی و بێ بڕوایی لە نێو رێبەری هەردووک حیزب دا بەردەوامە و ئەو چەند دانیشتنەی کە رێبەری هەر دووک لا چ لە سەر ئاستی سکرتێر وچ لە سەر ئاستی شاندی کۆمیتەی ناوەندی هەیانبووە چ دەسکەوتێکی ئەتۆی بەدواوە نەبووە وکێشەکان بە بێ چارەسەری وەکوو خۆیان ماونەتەوە. بۆ تاوتوێ کردنی ئەو کێشە وگرفتانە ئاماژە کردن بە چەند خاڵی بنەرەتی کە بوونەتە بەربەست لە بە ئەنجام نەگەیشتنی ئەو دانیشتنانە وبێ ئاکام بوونیان پێویستە.

گرفتی سەرەکی لە کۆبونەوەکان ودانیشتنی نێوان رێبەری ئەو دوو حیزبە دا لەوەدایە کە لایەنێکی سێهەم وەکوو نێوبژیوان چ وەک تاکە کەس وچ وەک رێکخراوێکی مەدەنی یان سیاسی کە جێگای بڕوا ومتمانەی هەردووک لایەن بێ وبە تەواوی بێ لایەنیش بن بەرچاو ناکەوێ و دەرئەنجامی دانیشتنەکان بە راستی روون نیە کە باسی چییان کردووە وچەندە چوونەتە پێش. هەرچەند حیزبی دێموکراتی کوردستان "حدک" گەڵاڵەیەکی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "حدکا" کردوە کە ببێتە بنەمای دانوستاندن و یەکگرتنەوەی حیزب، بەڵام لایەنی حدکا چ نوسراوەیکی بە فەرمی نەخستۆتە بەردەم بیروڕای گشتی وئەوەی بلاوبۆتەوە زۆرتر زارەکی بووە و بەس. دەکوترێ گۆیا داواکارن بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٣ی حیزب بکرێنە بە بنەما بۆ دانوستاندنەکان و بۆ وەسەریەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات. لە پرسێکی ئاوا گرینگ دا و بۆ ئەوەی دانیشتن و گفتوگۆکان بەرەپێشەوە بچن و دەرئەنجامی ئەرێنییان لێبکەوێتەوە پێویستە چەند خاڵی گرینگ و سەرەکی لەبەرچاو بگیرێن کە وەکوو پێشنیاری خۆم دەیانخەمە ڕوو.

**یەکەم.** دەست نیشانکردن و ڕێگەدان بە لایەنی سێهەم کە بەشداری کۆبونەوەکانی نێوان دیموکراتەکان بێ. ئەو لایەنە دەتوانێ کەسێک یان چەند کەسێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر بن کە هەم بە تەواوی بێ لایەن بن وهەمیش جێگای بڕوا ومتمانەی هەر دووک دیموکرات بن. ئامادەبوون وحوزوری نێوبژیوانێک دەتوانێ یارمەتیدەری بەرەوپێش چوونی کۆبونەوەکان بێ و ڕەوتی گەیشتن بە ڕێکەوتنێک خێراتر بکا. لە پەیوەندی بە ئەرک و ڕۆلی نێوبژیوان بۆ چارەسەری کێشەی نێوان لایەنەکانی کێشەکە وبۆ گەیشتن بە ئاشتی وچارەسەری کێشەکان " پەککا هاویستۆ " کە دیپلۆماتێکی فەنلاندییە و لە وڵاتانی ئەفغانستان، سۆمالی و لە دارفوری سودان ولە فەلەستین وئیسرائیل ڕۆلی نێوبژیوانی گێراوە ولەو بارەوە کۆمەلێک ئەزمونی بە نرخی وەدەست هێناوە لە کتێبی " ڕێککەوتن " دا دەنووسێ: ئایا بە بێ بەشداری نێوبژیوان ئیمکانی ڕێککەوتنی نێوان دوو لایەنی شەڕەکە مسۆگەرە؟ لە زۆربەی کێشە و شەڕەکاندان کە بە خۆرایی درێژدەکرێنەوە، دەلێن، لێگەڕێین با لایەنەکانی شەڕەکە هەتا لە توانایان دایە وزە و هێزیان تاقی بکەنەوە و تاکوو وەڕەز دەبن با شەڕ بکەن.هیندێک جار دوو لایەنی کێشەکان خۆیان دەست بە دانوستاندن دەکەن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان بۆ بەرەوپێش بردنی باسەکان وخێراترکردنیان بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک پێویستیان بە نێوبژیوانێک هەیە.

لە گرژی وکێشەی نێوان لایەنەکاندا، نێوبژیوان دەبێ خۆی لە نیشاندانی هەڵوێستی ئیحساسی و عاتفی بپارێزی وئەرکی ئەوەیە کە لاسەنگی نێوان لایەنەکانی شەڕەکە لە دانوستاندنەکاندا ڕابگرێ ونابێ بەرەو هیچ لایەک دابشکێ. ناوبراو وەکوو نێوبژیوانێک ڕای وایە کە، ئاشتی وەکوو ماسێکی گەورە وایە کە بۆ گرتنی دەبێ چەندین جار قولاپەکەت بخەیە نێو ئاوەکە و نابێ لە گرتنی دەست هەلبگرێ، ئەگەر یەکەم جاریش بە قولاپەکەتەوە نەبێ. کەوابوو هەر دوو دیموکرات دەبێ ڕێگا بدەن کە کەسێک، کەسانێک، ڕێکخراوێکی مەدەنی یان سیاسی کە دۆستی هەردووک لایەنە وجێگای بڕوا ومتمانەی هەردووکیانە بەشداری دانوستاندنەکان بکەن. دانوستاندنەکان دەبێ کاتی پێویست وتەواویان بۆ تەرخان بکرێ وبەردەوام بن ونابێ نێوانی دوو کۆبونەوە ئەوەندە زۆر بێ کە گەیشتن بە ئەنجامێک زەحمەتر بکا. مادام هەر دووک لایەن دەخوازن بەراستی کێشەکانیان چارەسەر بکەن و دوو دیموکرات یەکبگرنەوە، دەبێ متمانە و باوەریان بە یەکتر هەبێ ولە بیری فرت وفێل کردن لە یەکتر دا نەبن و دەبێ فەلسەفەی" براوە براوە " ئەساس وبنەمای دانوستاندنەکان بێ بۆ ئەوەی لە کۆتایی دا هیچکەس هەست بە دۆڕاویی و بە مەغدور بوون نەکا و هەموو لایەک لە ئەنجامی دانوستانەکان رازی بن. ئەو کات هەموویان خۆیان بە خاوەنی حیزب دەزانن وحیزبیش دەبێ بێتە ماڵی هەمووان. بە باوەری من دان پێنان بە هەڵەکانی رابردوو کە

هەردووک لا کەم و زۆر تێیدای بەشدار بوون وهەست بە بەرپرسیارێتی کردن لە هەمبەر حیزب و خەلک دا ئەرکێکی ئەخلاقییە کە لە دانوستاندنەکاندا دەبێ لە بەرچاو بگیرێ.

لە سەر ئەو باوەڕەم کە بە دڵ لە یەکتر خۆشبوون بۆ هەڵدانەوەی لاپەرێکی نوێ لە هاوکاری وهاوخەباتی و هاوسەنگەری هەر دووک لایەن زۆر گرینگە وهەر دووک لا دەبێ لە شتی بێ بنەما ولە بەهانە هێنانەوە ویەکتر تاوانبارکردن دەست هەڵگرن و وێرای دان پێنان بە هەڵەکانی ڕابردوو لە سەر شتی نوێ وکۆنکرێت وسەردەمیانە قسە بکەن و ئامانجی سەرەکیش بۆ گەیشتن بە رێکەوتنێک لە بەرچاو گرتنی قازانج وبەرژەوەندی گەلەکەمان لە رۆژهەلاتی کوردستان بێ نەک پاراستنی قازانج وبەرژەوەندی تاکە کەسی وبنەماڵەیی. دەبێ هەموو خالەکانی کە لە سەری رێکدەکەون بە دۆکۆمێنت بکرێ وبە فەرمی بۆ ڕای گشتی لە رێگای ڕاگەیەنەرەکانەوە بڵاو بکرێنەوە.

*دووهەم.* پێکهێنانی ئاڵ وگۆڕی بنەرەتی لە ئەندامانی شاندی دانوستاندنی هەر دووک دێموکرات. ئەوەی ئێستا دەیبینین لە شاندی هەر دووک لایەن دا تەنیا ٣ یان ٤ کەس لە هەر لایەک بەشدارن و هەمووشیان ئەندامی رێبەرین. باشە بۆچی نابێ لەو کێشە گرینگ و چارەنووسازەدا کەسانی دیکەی ئەندامی ئەو دوو حیزبە بەشدار بن؟ بۆ نابێ لە شاندی هەردووک لایەن دا نوێنەری رێکخراوەکانی ژنان، لاوان، خویندکاران، روناکبیرانی حیزبی ومێدیاکاران وئەو کادرو پێشمەرگانەی کە زیاتر لە ٣٠ تا ٣٥ ساڵە لە هیچ فیداکارێک بۆ سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات دریغیان نەکردووە وهەموو ژیانی خۆیان وماڵ ومنداڵیان لە سەر داناوە بەشداری دانوستاندنەکان نەکرێن؟ کێشەی دێموکراتەکان لە رێبەری ئەو حیزبانەوە سەری هەڵداوە و مانەوەی ئەو وەزعەش هەر بەرهەمی سیاست بازی هیندێک ئەندامی رێبەری هەردووک لایە کە بەردەوام بیر لە قازانج وبەرژەوەندی و کورسی خۆیان دەکەنەوە ودەیان بیانووی بێ بنەما وخۆدەسکرد دەهێنەوە بۆ ئەوەی وەزعەکە هەر بەو شێوە بەردەوام بێ، چونکە لە قازانجی ئەوانە.

هەربۆیە پێشنیاری من بە جیدیی ئەوەیە کە رێبەری هەردووک لا ئاڵ وگۆڕ لە شاندی دانوستاندنەکانیان پێک بهێنن وبا ئەندامان و کادر و پێشمەرگە دڵسۆزەکان و مرۆڤە خۆشناوەکانی بەدەنەی هەردووک لا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێ لەو دانوستاندنەکاندا ودەبێ ئەندامانی هەر دووک دێموکرات تەنیا تەماشاکەری وەزعەکە نەبن، بەڵکوو پێویستە خۆیان تێکەڵ بە پرۆسەی دانوستاندنەکاندا بکەن بۆ ئەوەی چیدیکە وزە وتوانای ئەو دوو حیزبە بە شتی پروپوچ وخۆڕایی بە فیرۆ نەچێ.

*سێهەم.* ساختاری تەشکیلاتی دێموکراتەکان ڕێگا بە بەشداری ئەندامان لە دەسەڵات و پرسە گرینگەکان دا نادا وئەوەی بە نێوی "سانترالیزمی دێموکراتێک" لەو حیزبانە دا بەڕێوەی دەچێ، بۆتەهۆی دروست بوونی کێشە و گرفتی زۆر گەورە و تێگەیشتنی غەلەت و سەقەت لە دەسەڵات و لە بوون بە ئەندامی ڕێبەری حیزب. ئۆرگانێک نیە کە بتوانێ کۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت دەفتەری سیاسی کۆنترۆل بکا وچاوەدێری بە سەر کاروکردەوەکانیان دابکا و ڕێگر بێ لە باندبازی ودەستە بەندی و ناوچەگەرایی لە حیزبدا. ڕێگر بێ لەوەی کە ئەندام مافی پێشێل نەکرێ وحەقی ڕادەربرینی هەبێ وبە خاتری ڕەخنە گرتن نەکەوێتە بەر غەزەبی ئەندام یان ئەندامانی ڕێبەری و لە ئەنجام دا لە حیزب دەرنەکرێ. لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئۆرگانێک بە نێوی " کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پەیرەوی نێوخۆی حیزب" دروست کرا کە کاری چاوەدێری بە سەر جێ بە جێکردنی ئەساسنامەی حیزبیەوە هەیە و ئەگەر ئەندامێک مافی پێشل بکرێ ئەو ئورگانە بۆی هەیە لێپێچینەوە لێبکا وبە دواداچوونی تەواوی بۆ بکا بۆ دەرکەوتنی ئەسلی قەزییەکە. بەڵام دەسەلات وسەڵاحییەتی ئەو کۆمیسیۆنە لە کردەوە دا لاوازە و نەیتوانیوە یان ڕێگا نەدراوە کاریگەرێکی ئەوتۆی هەبێ وهەربۆیە دروستکردنی ئۆرگانێکی دیکەی بە دەسەڵاتدارتر وخاوەن سەڵاحییەتی زیاتر گەلێک گرینگ وپێویستە.

بە باوەری من بۆ ئەوەی هەم کۆتایی بە سانترالیزمی بە ناو دێموکراتیک بێ و لە دەسەڵاتی ڕەهای کۆمیتەی ناوەندی وبە تایبەت دەفتەر سیاسی کەم بکرێتەوە ودەسەڵات و بەشداری پێکردن بە سەر هەموو ئۆرگانەکانی حیزب دا دابەش بکرێ و حیزب زیاتر بەرەو دێموکراسی دەرون حیزبی بڕوا و ئەندامانیش هەست بەوەبکەن کە هەم گوێیان لێ ڕادەگیرێ وهەمیش لە دەسەلات وبڕیاراتی حیزب دا بەشدارن وحیزب هی ئەوانیشە ، پێویستی بە دروست کردنی شورایەک یان شتێک لە جۆری مەجلیسی حیزب جیا لە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی هەیە. ئەو مەجلیسە دەتوانێ دەوری پارلمانێک بگێرێ لە ڤیو حیزبدا و دەکرێ هەر لە ئیستەوە کار بۆ دروستکردنی بکرێ و نوینەرانی ناوەندەکان، کۆمیتە شارستانەکانی حیزب، کۆمیتەکانی دەرەوەی حیزب، ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان، خویندکاران و رۆژنامەوانان و روناکبیرانی حیزبی لە کوردستان ودەرەوەی کوردستان و هەروەها نوینەرانی ئەندامانی حیزب لەناوخۆی وڵاتی تێدای بەشدارین و بە فەرمیش لە کۆنگرەی هاوبەشی داهاتوو دا وەکوو ئۆرگانێکی رەسمی حیزب بناسرێ وئەرک وسەڵاحیەت و ڕادەی دەسەڵاتی دیاری بکرێ. دەکرێ ناوی ئەو ئۆرگانە تازەیە مەجلیسی حیزب یان پارلمانی حیزب بێ. گرینگ هەبوون وکارایی وکاریگەری دانانی ئەو ئۆرگانەیە بە سەر هەموو حیزبەوە ، نەک تەنیا ناوەکەی.

*ئەرکەکان و بەرپرسایەتی وسەڵاحییەت و ڕادەی ئەندامانی ئەو مەجلیسە لە چەند خاڵ دا پێشنیار دەکەم.*

## ڕێژەی ئەندامانی ئەو مەجلیسە

ئەو مەجلیسە پێویستە هەر لە ئێستاوە و بە ڕەزامەندی هەر دووک دێموکرات لەو ئۆرگان و ڕێکخراو و کەسانەی لە خالی سەرەوە دا ئاماژەم پێکرد پێک بهێنرێ و بە پێی ژمارەی ئەندامانی حیزب کە چلۆن بۆ کۆنگرە دیاری دەکرێن ڕێژەی ئەندامانی ئەو مەجلیسەش دیاری بکرێ ودەستەیەکی سەرۆکایەتی لە ٧ بۆ ٩ کەسی هەبێ. ئەگەر سەرۆکەکەی لە کوردستان بوو، دەکرێ جێگری یەکەمی یەکێک لە ئەندامان یان نوینەرانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بێ. دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ بە شێوەیەکی فەرمی وبە بەرنامە کۆبونەوەکانی خۆی مانگانە بگرێ و دەبێ لە ساڵدا دوو کۆبونەوەی گشتی بۆ ئەندامانی مەجلیس هەبێ. کۆبونەوەی بەهارە وکۆبونەوەی پاییزە و لەو کۆبونەوانە دا ڕاپۆرتی کاروچالاکی خۆی بداتەوە بە کۆبونەوەی گشتی مەجلیس.

## کارو ئەرکەکانی مەجلیسی حیزب

ئەرکی گرینگی ئەو مەجلیسە لە حالی حازردا پێکهێنانی سمینار وکۆبونەوەی هاوبەش بۆ ئەندامانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان و ڕەواندنەوەی فەزای دڕدونگی وبێ متمانەیی نێوان هەر دووک دێموکرات دەبێ. ئەرکێکی دیکەی پەیوەندی گرتن بە هەموو ئەو کادروپێشمەرگانەی کە بە هۆی جۆراوجۆر یان لە گەڵ دێموکراتەکان نەماون ویان بە ناحەق دەرکراون وهاندان وهێناوەی ئەوانە بۆ نێو ریزەکانی دێموکراتە. پێکهێنانی گروپێک بە هاوفکری لە گەڵ ڕێبەری هەرووک دێموکرات بۆ پێداچوونەوە بە بەرنامە وپەیرەوی نێو خۆی حیزب وداوای هاوکاریکردن لە کەسانی شارەزا ودڵسۆز بۆ بەشداری کردن لە نووسینەوەی بەرنامە وپەیرەوی نێوخۆ. پێکهێنانی "ژووریکی فکر" بۆ هەلسەنگاندن وتاوتوێ کردن ڕێبازی سیاسی داهاتووی حیزب لە کەسانی شارەزای سیاسی وئاکادمی ونوسەران وئامادە کردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی لە لایەن ئەو گروپەوە وڕادەستکردنی بە ڕێبەری هەردووک دێموکرات وبە مەجلیسی حیزب بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی هاوبەشی داهاتوو دا بکەوێتە بەر باس ولێکۆلینەوە و ڕێبازی نەتەوەیی حیزبی یەکگرتوو زۆر روونتر و کوردانەتر بێ. دروست کردنی گروپێک بە هاوفکری لە گەڵ

ڕێبەری هەردووک دێموکرات بۆ چۆنیەتی بەڕێوە بردن وئامادەکاری بۆ کۆنگرەی هاوبەش و ڕادەی بەشداری ئەندامان وچلۆنایەتی دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە چ وەک ئەندام وچ وەک میوان دیاری دەکرێن و چاوەدێری تەواو بە سەر گرتنی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە و دان و وەرگرتنی راپۆرت لە ڕێبەری هەردووک لایەن لە سەر سالم وبێ فرت و فێڵ بوونی کۆنفرانسەکان وتەئیدی سەلاحیەتی کەسانی هەلبژێراو بۆ بەشداری لە کۆنگرەی هاوبەشی داهاتوو دا.

## ڕادەی دەسەڵات وسەلاحییەتی مەجلیس

لە کۆنگرەی هاوبەش دا چاوەدێری وهاوفکری وهاوکاری دەستەی سەرۆکایەتی ئەو مەجلیسە لە گەڵ بەشدارانی کۆنگرە گەلێک گرینگە ودەبێ لە کۆمیتەکانی کە کاروباری کۆنگرە بەڕێوە دەبن بەشداری چالاکانەیان هەبێ وچاوەدێری تەواو بە سەر پرۆسەی هەلبژاردنی ئەندامانی داهاتووی ڕێبەری حیزبەوە بکەن و ڕێگە بە هیچ جۆر فرت وفێل وساختەکارییەک نەدەن و سالم بوونی کۆنگرە دەبێ بە ئەئیدی ئەو مەجلیسە بگا. ئەرکەکانی داهاتووی ئەو مەجلیسە چاوەدێری بە سەر چۆنیەتی جێ بە جێ کردن وبەڕێوەچوونی خاڵەکانی پەیرەوەی نێوخۆی حیزب، کاروباری ئۆرگانەکانی حیزب، بەشی مالی و ڕاگەیاندن و لە هەمووشی گرینگتر کۆمیتەی ناوەندی ودەفتەر سیاسی دەبێ وئەگەر کەسێک لە ڕێبەری حیزب تووشی هەڵەیەکی بە ئانقەست بوو یان کەسانێک هەوڵی باندبازی وناوچەگەرایی بدەن، ئەو مەجلیسە دەبێ لێپێچینەوە ولێکۆلینەوە بکا. کارێکی گرینگی ئەو مەجلیسە چاوەدێری بە سەر چۆنیەتی خەرج ودەرکەوت وداهاتی حیزبەوە دەبێ ونابێ سەرمایە ودارایی حیزب لە دەستی چەند کەسی دیاری کراو دابێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی شەفاف دەبێ هەموو دەرکەوت وداهاتەکان دیاربن و لە کاتی دەرکەوتنی گەندەلی مالی و دزیکردن لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران ودزەکان بکرێ و ئاکامەکەشی بە کۆی ئەندامانی حیزب ڕابگەینرێ.

٣١ی جانێوێری ٢٠١٥

# هەڵسەنگاندنی دوو چەمکی لێبوردن و ئاشتەوایی نەتەوەیی وکاریگەری ئەرێنی ونەرێنیان بۆ سەر کۆمەڵگا

لە پەیوەندی بە خۆپێناسە کردن لە لایەک و تەحقیرکران بە دەستی داگیرکەر لە لایەکی دیکەوە رێزدار نەلسۆن ماندێلا دەلێ: ئافریقایی بوون لە ئافریقای باشوربەو مانایە دێ کە تاک لە گەڵ لە دایک بوونی چالاکێکی سیاسییە. جا چ ئەو ڕاستییە قەبوڵ بکا وچ خۆی لێ لابدا.

ئافریقاییەکان ئەرک و وەزیفەی خۆیانە کە بوون وهۆوییەتی خۆیان بسەلمێنن و ئەو شتەی کە بە حەق هی ئەوانە وەریبگرنەوە. ئازادی ئافریقاییەکان تەنیا بە دەستی خۆیان وەدی دێ وڕەشە پێستەکان پێش ئەوەی خەباتێکی جەماوەری سەرکەوتوو بکەن دەبێ لە پێشدا ئەو ڕوانگە هەڵەی کە لە سە خۆیانە بگۆڕن وهەموو ناکۆکییەکانی ناوخۆیان چارەسەر بکەن.

ماندێلا لە درێژەی ئەو باسە دا ولە پەیوەندی بە خۆپێناسە کردن دا دەنووسێ: منیش سەردەمانێک یەکێک لەو کەسانە بووم کە حەزم دەکرد لە لایەن سپی پێستەکانەوە لەقەبی کەسێکی بە فەرهەنگ، لیبرال، پێشکەتوو، خاوەنی بیری کراوە وتیژبینم پێ بدرێ ولە لایەن ئەوانەوە بە شان وباڵم هەڵبکوترێ. بەڵام دواتر بۆچوونەکانی ئانتۆن لەمبەد منییان وریاکردەوە ومنیش بەو ئەنجامە گەیشتم کە لای سپی پێستەکان هیچ نرخ وبایەخێکم نیە وئافریقایی بوون پێناسەی منە ودەتوانێ لە ژێردەستی ڕزگارم بکا. { نەلسۆن ماندێلا، کتێبی ڕێگای سەختی ئازادی}.

بەرێزان ئەوەی ئەمرۆ لە مەیدانی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان وئێراندا دەبینرێ ناتەبایی وناکۆکی لە مەڕ خۆپێناسە کردنمانە. قەیرانی خۆپێناسە کردن لە نێوان کوردبوون وئێرانی بوون دا؟ کوردی رۆژهەلات لە لایەک وەکوو ئێرانیەک وفارس زمانێک هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ وهیچ مافێکی پێ رەوا نابینرێ وبەردەوام تەحقیر دەکرێ ومافەکانی پێشێل دەکرێ ولە لایەکی دیکەشەوە کوردبوونەکەشی لێ قەبوڵ ناکرێ ووەکوو گوناح وتاوانێکی گەورە سەیر دەکرێ وهەربەوهۆیەشەوە چەندین سەدەیە بڕیاریان داوە لە دژی بوەستنەوە و سەرکوت وقەلاچۆی

بکەن ولە هەموو مافێکی سیاسی وئینسانی بێبەشی بکەن.

شەهید مامۆستا فەرزاد کەمانگەر لە سەرەتای نامەکانی دا کە لە زیندان دا نووسیویێتی ودواتر لە دەرەوەی زیندان بڵاو بۆتەوە دەنووسێ: لە مانگی گەلاوێژی ١٣٨٥ لە کاتێک دا بۆ مەسەلەی بەدوا داچوونی دەوا ودەرمان بۆ براکەم کە یەکێک لە چالاکڤانانی سیاسی کوردە لە تاران بووم گیرام وبۆ ژێر زەمینێکی تەنگ وتاریک ڕاگوێزرام.سلوولەکان بەتاڵ بوون، نە پەتوو ونە رایەخەک وشتێکی دیکەی لێ نەبوو.کاتێک ناو ونیشان وتایبەتمەندییەکانی منیان دەنووسێ وپرسیان خەڵکی کوێ؟ هەر کە کوتم کوردم بە قامچییەک کە لە شیلانگ دروست کرابوو کەوتنە گیانم. بە هۆی مەزهەبەکەشمەوە جنێویان پێدام ولێیان دام. بە هۆی ئەوەی موسیقای کوردی لە سەر زەنگی مۆبایلەکەم بوو هەتا لە توانایاندا بوو لێیان دام. {کتێبی نامەکانی فەرزاد کەمانگەر لە زیندانەوە. لە کۆکردنەوە و وەرگێرانی لە فارسی بۆ کوردی سیاوەش گودەرزی}.

بەڕێزان، لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان دا ئەوەی بە داخەوە لە کردەوە دا دەیبینن یەکتر قەبول نەکردن، بە یەکەوە نەحاوانەوە، یەکتر بوغزاندن، لێکدابڕان وپارچە پارچە بوونی حیزبەکان وتەنانەت روناکبیران و چالاکانی بواری رۆژنامەگەری وفەرهەنگی و رێکخراوەکانی مەدەنی ژنان ولاوان و خویندکاران وغەیرەیە. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە کێ یان چ کەسانێک راستە وخۆ وناراستەوخۆ لەو دابەشکردنە دا بەرپرسیارن و رێگاکانی دەرباز بوون لەو وەزعە وچارەسەری کێشەکان چن؟

دەروونناس "ناتانیەل براندن" بۆ چارەسەری کێشەکان وبۆ ئەوەی تاکەکان لە هەمبەر خۆیان وکۆمەڵگاکەیاندا هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن ئاماژە بە "بوونی عیزەتی نەفس" دەکا و ئاوا باسی عیزەتی نەفس دەکا. عیزەتی نەفس یانی متمانە کردن بە تواناکانی مێشک، بە توانایی بیرکردنەوە ، بە توانایی فێر بوون، هەڵبژاردنی دروست، بڕیاراتی دروست و هەڵس وکەوتی دروست لە گەڵ ئاڵ وگۆڕەکان. ناوبراو لەوبارە زیاتر دەچێتە پێش ودەنووسێ: بە هەمان ڕادە کە خۆمان لە ژێر باری بەرپرسایەتی بدزینەوە، بە هەمان ڕادەش عیزەتی نەفسمان خەوشدار دەبێ وبە پێچەوانەشەوە، بە دان پێدانان بەوەیکە لە بەرامبەر کردەوەکانمان دا بەرپرسین عیزەتی نەفسمان دەچێتە سەر. ناوبراو ڕای وایە کە مەرجی سەرەکی لەو پرسە دا ئوسولی ئەخلاقیە و لەوبارەشەوە دەلێ:

دەبێ ئەوە بزانین کە خەڵکانی دیکە عەبد وخزمەتگوزاری ئێمە نین و بۆ ئەوەی ناژین تاکوو خواستەکانی ئێمە جێ بە جێ بکەن.

ئێمە لە بواری ئەخلاقییەوە ئەو حەقەمان نیە لە کەسانی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان وەکوو ئەبزارکەڵک وەرگرین. هەر بەو شێوەی کە خەڵکانی دیکەش بۆیان نیە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان خۆیان بە سەر ئێمە داسەپێنن. هیچکات داوا وچاوەڕوانیتان لە کەسێک نەبێ کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی و خواستەکانی خۆی بجولێتەوە. پێویست بەوە ناکا هەرشتێکی کە دەیبینین خۆشمان بوێ. ترس وئینکارکردن وخواست ویستەکانی ئێمە راستییەکان ناگۆرن. ئەگەر وتەیەک حەقیقەتی هەبێ، ئینکارکردنی هیچ لە راستییەکە ناگۆرێ وبێ نرخ وبێ ئەعتباری ناکا. {لە کتێبی دەروونناسی عیزەتی نەفس.نووسینی ناتانیەل براندن}.

*" ناتانیەل براندن" هەرلەو پەیوەندییەدا ئیشارە بە چەند خاڵی گرینگی دیکە دەکا ودەنووسێ:*

**- توانایی رووبەروو بوون لە گەڵ ئاڵ وگۆڕ پەیوەندی بە عیزەتی نەفسەوە هەیە**

بوونی عیزەتی نەفس لە تاکەکان دا وادەکا کە ترسیان لە ئاڵ وگۆڕ نەبێ، چونکە عێزەتی نەفس لە گەڵ راستییەکان سەروکاری هەیە. بەڵام گومان و دوو دڵی دژی عیزەتی نەفسە. عیزەتی نەفس هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکان دەدا و ڕەوتەکە خێراتر دەکا وبە پێچەوانەشەوە گومان ودوو دڵی ڕەوتی بەرەوپێش چوونی چارەسەری کێشەکان هێواش دەکاتەوە.

**- ئامادە بوون بە دانپێنان بە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی عیزەتی نەفسی سالم، ئاوڕدانەوە لە راستییەکانە. راستییەکان لە پەیوەندی بە بیروباوەرەکانەوە بە پلەی یەکەم دێن وگرینگی زیاتریان هەیە. ئەگەر متمانە بە خۆ هاوڕابێ لە گەڵ ڕێزدانان بۆ راستییەکان، لەو حالەتەدایە کە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک بە سەر ئینکارکردنی دا سەردەکەوێ. { لە کتێبی دەروونناسی عیزەتی نەفس. نووسینی ناتانیەل براندن}.

کۆمەڵناس " ستیفان کۆوی دەلێ، لە چارەسەری کێشەی نێوان دوو لایەن دا هەر دووک لا دەخوازن براوە بن. براوە براوە بەومانایە دێ کە تەواوی رێکەوتنەکان و رێگا چارەکان بۆ هەر دووک لا قازانجی وەکوو یەکی هەبێ وهەردووک لا ڕازی بکا. گرتنە بەری رێگا چارەی براوە براوە نەک هەردووک لا ڕازی دەکا، بەڵکوو هەر دووک لاش هەست بە تەعەهود دەکەن. براوە براوە ژیان وەکوو هاوکاری لایەنەکان دەنرخێنێ نەک گۆڕەپانی کێ بەرکێ. کەسێک کە لە ئەسلی دۆڕاو براوە پەیرەوی دەکا لە هەمبەر بۆچوونەکانی خەڵکانی تر سەری تەسلیم دادەنوێنێ. کاتێک لە رێبەری گروپێک یان رێکخراوەیەک جێدەگرێ زۆر نەرم و خۆبەدەستەوەدەر دەبێ. هەر کاتێک دوو کەسی براوە . دۆڕاو واتە کەسانی لەجباز وخۆ بە زل زان لە گەڵ یەکتری لە دژایەتی دابن کاریان بەروئاقاری دۆڕاو دۆڕاو دەڕوا.

دۆڕانی بەردەوام دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە ڕق وکینە لە یەکتر بە دڵ بگرن وهەوڵ دەدەن هێزوتوانای یەکتر لەباربەرن. هیندێک جار وەدوا دەکەون وهیندێک جاریش یەکسانن. ئەو کەسانەی کە لە ناخەوە کوێرن هیچکات هەست بەو ڕاستییە ناکەن کە ئەو گورزە کوشندەی کە لە دژی لایەنی تر بەکاری دێنن، درەنگ یان زوو خۆشیان دەکاتە ئامانج. لە راستیدا دوژمنایەتی و ڕق وکینە ونفرەت وەکوو شەمشیرێکی دوو سەر وایە کە جەمسەرێکی ئەو شەمشیرە سەرکەوتنی خۆشیان دەکاتە ئامانج. دۆڕاو دۆڕاو فەلسەفەیەکی دوژمنکارانەیە. فەلسەفەی ناکۆکی ودووبەرەکی وشەڕە. { لە کتێبی ٧ عادەتی خەڵکانی کارامە وشویندانەر لە نووسینی ستێفان کۆوی}.

بەرێزان، ئەگەر باسەکەم بە چەند ڕستە کۆبکەمەوە دەرئەنجامەکەی ئەوەمان پێدەلێ کە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان ئەحزابی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ولایەنەکانی دیکەی شویندانەر لە سەر بەرەوپێش بردنی خەباتی ڕزگاری خوازی لەو بەشە لە نیشتمانی داگیرکراوی کوردان دا وبۆ گەیشتن بە ئاشتەوایی نەتەوەیی، دەبێ هەم عیزەتی نەفسی سالم لە نێو کۆمەڵگا دا حاکم بێ بۆئەوەی بە دلێکی کراوە وبە دان پێدانان بە هەڵەکانیان هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدەن وخۆیان لە رووبەرووبونەوە لە گەڵ راستیەکان وئاڵ و گۆڕەکانی سەردەم بە دوورنەگرن وهەمیش بیری براوە براوە لە نێوان هەموولایەنەکان کە هەم کێشەی رێکخراوەیی وهەمیش کێشەی دەسەڵاتیان هەیە ببێتە بنەما وخاڵی گرینگ وسەرەکی لە دانوستاندنەکاندا بۆ چارەسەری کێشەکانیان و بۆئەوەی ڕق وکینە و دووبەرەکی ودوژمنایەتی بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بێ و براوەی سەرەکی لەو گەمە سیاسیە دا گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ و دۆڕاویش کۆماری سێدارە.

تێبینی. ئەو وتارە لە کۆنفرانسی ئاشتی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ - ٢٠١٥ لە شاری ستۆکهۆلم بەڕێوە چوو لە پانێلی ڕۆژی دووهەم دا پێشکەش بە بەشداربوان کرا.

١٥ی جانیوێری ٢٠١٥

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٠ ساڵ دوای کۆماری کوردستان.

ئەم ساڵ ٧٠ هەمین ساڵیادی دروست بوونی دەولەتی جمهوری کوردستان بە سەرۆک کۆماری جەنابی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. کۆمارێکی کوردی

کە لە سەر بنەمای کورد بوون و کوردستانی بوون دامەزرا. کۆماری کوردستان ڕەدکردنەوەی سیاسەتی مل هورانەی قەومی حاکم بوو کە هەموو ئێرانی بۆخۆی دەویست وهیچ کەس و گروپ و نەتەوەیەکی دیکەی غەیری خۆی قەبول نەبوو. کۆماری کوردستان دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی سیاسەتی بە یەک نەتەوەکردنی ئێرانی فرە نەتەوە بوو. سیاسەتێک کە ڕێژیمی حەمەرەزاشا بە پشتیوانی ئیستعماری کۆن واتە بریتانیا و ئامریکای تازە زل هێزی دونیا بەڕێوەیان دەبرد. تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێران دا بە هەر نرخێک بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان " ملت ایران" دروست بکەن.

کۆماری کوردستان ئەو پەیامەی بە دەولەتی داگیرکەری پەهلەوی دا کە کورد خاوەنی زمان و فەرهەنگ و مێژوو و نیشتمانی خۆیەتی و ئامادە نابێ مل کەچی دەولەتێک بێ کە حاشا لە شوناسی نەتەوەیی دەکا و دەیهەوێ سیاسەتی "یەک نەتەوە و یەک ئالا و یەک زمان" لە سەر حیسابی توانەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران جێ بەجێ بکا. لە ڕاستیدا دامەزرانی کۆماری کوردستان نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی فارسی بوو کە ئامانجی سڕینەوەی شوناس و هۆوییەتی کوردی بوو. کۆمارێک کە لە دڵی کوردستان هەڵقولابوو و بە دەستی ڕۆلەکانی ئەو گەلە دامەزرابوو، نەک هەر خواست و ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە پشت بوو، بەڵکوو پێناسەی ڕاستەقینەی کوردی بوو لە هەمبەر داگیرکەری نیشتمانەکەی کە لە هەموو

بارێکەوە لە گەڵ کورد جیاوازە.

لە یەک کەلام دا کۆماری کوردستان لە ئاکار و کردەوە دا بە تەواوی دەولەتێکی سەربەخۆ و جیاواز بووە و بە هیچ جۆرێک دەستکردی روسەکان نەبووە و تەنانەت وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ جۆری پەیوەندییەکانی لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر و یەک لەوان یەکێتی سۆڤیەت دیاری کردووە. ناوەند یان پایەتەختی کۆمار مەهاباد بووە. بوونی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر و کابینەی وەزیران و ئاڵای کوردستان، سوپای میللی کە لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتبوو بە تەواوی لە لەشکری داگیرکەر و کوردکوژی پەهلەوی جیاواز بووە. بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ژێر دەستی کۆمار، خویندن و پەروەردە بە زمانی کوردی و دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان وچەندین گۆڤاری دیکە وداببینکردنی ئازادی سیاسی ومەدەنی، سەربەخۆ بوون وجیاوازی ئەو کۆمارە لە دەولەتی ناوەندی کە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی بووە بە تەواوی دەردەخا.

بەڵگە فەرمییەکانی کۆمار و رۆژنامەی کوردستان کە زمانحالی کۆماربووە سەربەخۆبوونی کۆمار بە تەواوی دەسەلمێنن و ئەوەش مەسەلەیەک بووە کە هیچکات بۆ رێژیمی پاشایەتی حەمەرەزاشا کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بووە قابیلی قبوڵ نەبووە. کورد لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا هەستی بە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی کردووە و ئازادی و سەربەستی لە سەر زێد ونیشتمانی خۆی لە نەبوونی دەسەڵاتی داگیرکەری تاران بە گۆشت وخوێن بە تەواوی هەست پێکردووە وچێژی لێ وەرگرتووە. دامەزرانی کۆماری کوردستان هەروا بە هەڵکەوت وکوت و پڕ نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی زولم و زۆری و بێ مافی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئاکامی سیاسەتی تواندنەوەی کورد بە دەستی رەزاخان و کوڕەکەی بووە کە بەلاسایی کردنەوە لە ئاتاتورک و هیتلێر دەیانویست بە قەولی خۆیان ئێران لە دەست قەوم وهۆز وعەشیرەتان ڕزگار بکەن و مۆدێرنیتە لە جێگای سوونەت و دواکەوتوویی دابمەزرێنن و دەوڵەت ـ نەتەوە دروست بکەن.

کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد چ وەک سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان وچ وەک سەرۆک کۆماری کوردستان و سیاسەت و ڕوانگە وهەڵس وکەوتی بە نیسبەت خەڵک و مافەکانیان و وەفادار بوون بەو سوێندەی کە لە کاتی بوون بە سەرۆک کۆمار دا خواردی و بە تەنیا نەهێشتنەوەی گەلەکەی لە کاتی تەنگانە وهەرەس هێنانی کۆمار و خۆی بە قوربانی نەتەوەکەی کردن جێگای تێڕامان و لێ فێربوون و رێزگرتنە. بە باوەری من کەسایەتی پێشەوا

قازی محەممەد هاوتایە لە گەڵ چەندین کەسایەتی نێونەتەوەیی کە هەموو ژیان وکات وساتیان بۆ بەختەوەری و ڕزگاری نەتەوە بندەستەکەیان لە ژێر زنجیری کۆیلەتی وبێ مافی تەرخان کردووە و لە ئاکامی خەبات و خۆراگری بەردەوامیان ئازادی و سەربەرزییان بۆ نەتەوەکەیان و تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان وەدەست هێناوە و تەنانەت لە پێناو ئەو ئامانجە بەرز و پیرۆزە ئینسانییە دا گیانیشیان بەخت کردووە.

جەنابی پێشەوا قازی محەممەد هیچی لە بەرێزان "ماهاتما گاندی، یەکەم سەرۆکی هیندوستان دوای سەربەخۆیی لە بریتانیا و لە "نێسلۆن ماندێلا" یەکەم سەرۆک کۆماری ڕەش پێستی پێشووی ئافریقای باشور و لە" د. مارتین لوترکینگ جونیۆر" ڕێبەری خەباتی مەدەنی ڕەشەکانی ئامریکا کەمتر نیە کە هەموویان کەسایەتێکی جیهانیان هەیە و وەکوو سەرمایەی مرۆڤایەتی چاویان لێ دەکرێ. "گاندی" بە تەحەممول کردنی دەیان سەختی، بە زیندان، بە سوکایەتی و تەحقیرکران و دوورخرانەوە کۆلی نەدا و لە بەرامبەر ئیستعماری بریتانیا کە هیندوستانی داگیر کردبوو ڕاوەستا و تاکوو وڵاتەکەی بە سەربەخۆیی نەگەیاند وازی لە خەبات و تێکۆشان نەهێنا.

"گاندی" ژیانێکی سادە وساکاری هەبوو.چ ئەو کاتەی کە لە خەبات و تێکوشان دابوو و ڕێبەری جوڵانەوەی خەڵکی هیندوستانی لە دژی داگیرکەری بریتانی دەکرد وچ ئەو کاتەش کە بوو بە سەرۆکی هیندوستان لە دوای سەربەخۆیی. هیچکات بە دوای مالی دونیاوە نەبوو. پشتی لە خەلک نەکرد. خەلکی نەفرۆشت وخەلکی نەکرد بە قەڵغان و بەلاگێرەوەی خۆی. هەموو کات لە گەڵ خەلک و لە پەنا خەلک بوو. جل وبەرگێکی سادە وساکاری لە بەردابوو.گۆچانێک بە دەست وبە جووتێک دەمپاییەوە بە بێ پارێزگار دەگەڕا. ئەو لە خەڵکی خۆی نەدەترسا وخۆی یەکێک لەوان دەزانی و بە باشی هەستی بە دەرد و ئازار وهەژاری خەڵکەکەی دەرکرد. هەرچەند بە داخەوە لە کۆتاییەکانی تەمەنی دا بە دەستی کەسێکی مێشک بۆگەنیو تێرۆر کرا.

"نێلسۆن ماندێلا" کەسێک کە لە پێناو ئازادی ڕەش پێستەکانی ئافریقای باشور وبۆ کۆتایی هێنان بە سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی و پێستی و زمانی و کۆمەلایەتی سپی پێستەکان ٢٧ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندان دا گوزەراند وتەحقیر بوون و سووکایەتی و زیندان و ئەشکەنجە چۆکی پێ دانەدا و لە ئاکام دا سەرکەوت. دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەلات و لە پۆستی سەرۆک کۆماریش دا ئامادە نەبوو تۆڵە لە سپی پێستەکان بکاتەوە کە ٢٧ ساڵ لە زیندان دا تەحقیریان کردبوو، مافەکانیان پێشێل کردبوو. تەنانەت لە زیندان بانی بەندەی خۆشی خۆش

بوو. دوای ٤ ساڵ سەرۆک کۆماری وازی لە پۆستەکەی هێنا و ڕێگەی دا کە کەسێکی دیکە جێگای بگرێتەوە. دوای کۆچکردنەکەشی هەر کەسایەتێکی کاریزماتیکی نێونەتەوەییە و هەموو کەس بە چاوی ڕێزەوە یادی دەکەنەوە.

" د. مارتین لوترکینگ جونیۆر" سەرۆکی ڕەش پێستی خەباتی مەدەنی ڕەش پێستەکانی ئامریکا لە دژی سیاسەتی ئاپارتایدی نژادی وەهەڵاواردنی سپی پێستەکانی ئامریکا کە باوەری بە خەباتی مەدەنی بە دوور لە توندوتیژی هەبوو. ناوبراو لە پێناو دابینکردنی مافی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ ڕەش پێستەکانی ئامریکا لە تەمەنی ٣٩ ساڵی دا لە ١٩٦٨ بە دەستی سپی پێستێکی نژادپەرەست تێرۆر کرا. لە ئاکامی خەباتی د. لوترکینگ و دوای ئەویش ڕەشەکانی ئامریکا توانیان یاسا نائینسانیەکانی سپی پێستەکان بگۆڕن و مافە ئینسانیەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. هەڵبژاردنی " باراک ئۆباما " بە سەرۆک کۆماری ئامریکا وەکوو یەکەمین ڕەش پێست، یەکێک لە خەونە گەورەکانی د.مارتین لوترگینگی وەدی هێنا کە ئارەزووی دەکرد ڕۆژێک لەو وڵاتە دا هەڵاواردنی نژادی و ڕەگەزی نەمێنێ و سپی و ڕەش هەموو وەکوو یەک بە ماف وئەرکی بەرابەر و یەکسان هاووڵاتی ئامریکایی بن.

ئامانجی هەموو ئەو ڕێبەرانە خەبات لە دژی کویلایەتی،هەڵاواردنی زمانی، نژادی، پێستی،ڕەگەزی بووە و لە پێناو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک کە مافەکانی هەموو تاکەکان بە بێ جیاوازی زمانی و دینی و ڕەگەزی ونژادی تێدا دەستەبەر بکرێ و تەنانەت لە پیناو وەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزە ئینسانیانە کە ئامانجگەلی جیهانین سەریشیان داناوە.

پێشەوا قازیش وەکوو ئەو ٣ ڕێبەرەی ئاماژەم پێ کردوون کەسایەتێکی کاریزمای هەیە. کەسێکی بە ئەخلاق لە سیاسەت کردن دا. کەسێک کە لە کاتی تەنگانە دا خەڵکی نەکردە قەڵغانی خۆی و ڕای نەکرد. سەرۆک کۆمارێک کە بە دوای کۆ کردنەوەی مالی دونیاوە نەبووە. کەسێکی دز و گەندەڵ نەبووە. کەسێکی ڕاستگۆ و خاوەن کەسایەتێکی بەرز بووە و ئامادە نەبووە لە دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان خەڵکەکەی خۆی بە تەنیا بێلێتەوە و وەکوو سەرانی حکومەتی ئازربایجان بۆ ئازربایجانی سۆڤییەت ڕابکا. ئەگەر ئیرادەی کردبا دەیتوانی خۆی و ژن و مندال و براو ئامۆزا و زۆر کەسی دیکەی نزیک لە خۆی لە سۆڤییەت یان لە ئامریکا و بریتانیا داوای پەنابەری بکەن و برۆن ئاوڕ لە دوایەشیان نەدەنەوە و گیانیان ڕزگار بکەن. پێشەوای مەزن سەربەرزانە پەتی سێدارەی هەڵبژارد، بەڵام ئامادە نەبوو لە هەمبەر داگیرکەر دا چۆک دابدا و بۆ گیانی بپارێتەوە. ئەو مەرگی

هەڵبژارد، بەڵام خەیانەتی لە نیشتمان ولە نەتەوەکەی نەکرد.

ئێستا دوای ٧٠ ساڵ کە ئاورڕ لە دواوە دەدینەوە و چاوێک بە ئاکار و کردەوەکانی پێشەوا قازی دادەخشێنین، گەورەیی ئەو ڕێبەرە مەزنە زیاتر دەردەکەوێ. پێشەوا هەم ژیان وهەمیش شەهید بوونی پڕن لە دەسکەوتی بە نرخ بۆ کوردی بە گشتی وبۆ کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی. ئەوەی کە زۆر جێگای داخ وکەسەرە، ڕێبوارانی حیزبەکەی پێشەوا قازی مەحەممەد، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیانتوانیوە وەسییەتی پێشەواکەیان لە گوێ بگرن و یەکگرتوو بن و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هێز و یەکگرتوو ڕابگرن. کێشەی شەڕە کورسی هیندێک لە ئەندامانی ڕێبەری لە هەردولایەنی دێموکرات، حیزبەکەی پێشەوای تووشی لێکدابڕان کرد و ئەو حیزبە لە ئاکامی دابەشبوونی دا یەکجار زۆر لاواز بووە و بە داخەوە ئەو جێگە و پێگە و ڕێز وحورمەت و توانایەی نەماوە کە سالانی پێشوو هەیبوو. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی داگیرکەر ڕۆژگارێکی تاڵ و ڕەش تێپەڕ دەکا وخەڵک بە تەواوی ناهومێد وبێ هیوان. بێ هیوایی بە داهاتوو، بێ هیوایی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە بە داخەوە نەیانتوانیەوە داخواز و ئاواتەکانیان وەدی بێن و لە جیاتی کۆدەنگی وتەبایی و یەکریزی دابڕدابڕ بوونە وهیچکامیان چارەی ئەوەی دیکەی ناوێ. داگیرکەریش ئەوەی حەزوئارەزوی لێ بێ جێ بە جێی دەکا. خەلکیش لەو نێوە دا باجەکەی بە گیان وبە ماڵ دەدا.

بۆ ئەوەی بەراستی دەرکەوێ کە دێموکراتەکان ڕێبواری ڕێگای پێشەوای شەهیدن، دەبێ هەر دووک لا هەوڵ بدەن چارەسەری کێشەکانیان بکەن و دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن و لە شەڕە جنێوی نێو ڕاگەیاندن و فەیس بووک خۆ بپارێزن و بە دڵ و بە گیان و بە باوەر و متمانە بە یەکترکردن ئاشت ببنەوە و بە عەقلییەتی نوی و سەردەمیانە حیزبێکی نوێ و بە توانا دروست بکەنەوە. لە هەمان کاتدا بۆ ڕێزگرتن لە پێشەوای مەزن هەم وەکوو سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەمیش وەکوو یەکەم سەرۆک کۆماری شەهید، پێویستە هەم لە سالیادی لە دایک بوونی دا وهەمیش لە سالیادی لە سێدارە درانی دا خەلاتێک بە ناوی پێشەوا قازی دیاری بکەن کە بە سەر کەساییەتیە ئەدەبی، هونەری، سیاسی، ڕۆژنامەوانی، ژینگە پارێزی، ژنان، لاوان و غەیرە دابەش بکرێ و بەو شێوە ڕێز لە پێشەوای شەهیدمان بگرن. ڕەنگ بێ ئەوە کەمترین خزمەت بێ کە بتوانن بە پێشەوای شەهیدمانی بکەن.

٢٥ی جانێوێری ٢٠١٦



جەنابی پێشەوا قازی محەممەد هیچی لە بەرێزان "ماهاتما گاندی، یەکەم سەرۆکی هیندوستان دوای سەربەخۆیی لە بریتانیا و لە "نێلسۆن ماندێلا" یەکەم سەرۆک کۆماری ڕەش پێستی پێشووی ئافریقای باشور و لە" د. مارتین لوترکینگ جونیۆر" ڕێبەری خەباتی مەدەنی ڕەشەکانی ئامریکا کەمتر نیە کە هەموویان کەسایەتێکی جیهانیان هەیە و وەکوو سەرمایەی مرۆڤایەتی چاویان لێ دەکرێ....

پێشەوا قازیش وەکوو ئەو ٣ ڕێبەرەی ئاماژەم پێ کردوون کەسایەتێکی کاریزمای هەیە. کەسێکی بە ئەخلاق لە سیاسەت کردن دا. کەسێک کە لە کاتی تەنگانە دا خەڵکی نەکردە قەڵغانی خۆی و ڕای نەکرد. سەرۆک کۆمارێک کە بە دوای کۆ کردنەوەی مالی دونیاوە نەبووە. کەسێکی دز و گەندەڵ نەبووە. کەسێکی ڕاستگۆ و خاوەن کەسایەتێکی بەرز بووە و ئامادە نەبووە لە دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان خەڵکەکەی خۆی بە تەنیا بێلێتەوە و وەکوو سەرانی حکومەتی ئازربایجان بۆ ئازربایجانی سۆڤییەت ڕابکا. ئەگەر ئیرادەی کردبا دەیتوانی خۆی و ژن و منداڵ و براو ئامۆزا و زۆر کەسی دیکەی نزیک لە خۆی لە سۆڤییەت یان لە ئامریکا و بریتانیا داوای پەنابەری بکەن و برۆن ئاوڕ لە دوایەشیان نەدەنەوە و گیانیان ڕزگار بکەن. پێشەوای مەزن سەربەرزانە پەتی سێدارەی هەڵبژارد، بەڵام ئامادە نەبوو لە هەمبەر داگیرکەر دا چۆک دابدا و بۆ گیانی بپارێتەوە. ئەو مەرگی هەڵبژارد، بەڵام خەیانەتی لە نیشتمان و لە نەتەوەکەی نەکرد.

لوقمان زەهرایی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧١٨ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠١٨ی زایینی